
گابریل گارسیا مارکیز
خۆشەویستیی لە زەمانی کۆلێرا دا
وەرگێڕانی
محەمەد کەریم


کتێبخانەی (PDF)

# خۆشەویستیی لەزەمانی کۆلێرا دا

گابریل گارسیا مارکیز

و / محەمەد کەریم

٢٠٠٨

ناوی کتێب/ خۆشەویستیی لەزەمانی کۆلێرا دا
ناوی نووسەر/ گابریل گارسیا مارکیز
ناوی وەرگێڕ/ محەمەد کەریم
ژمارەی سپاردن/ ١١٣٢ ساڵی ٢٠٠٧
ساڵ/ ٢٠٠٨
چاپ/ دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی / سلێمانی

# پێشەکی

بێگومان گابریل گارسیا مارکیز لای ئێمە بەتایبەتی لای ئەوانەی زمانی عەرەبی و فارسی دەزانن ناوێکی نامۆ نییەو دەمێکە پێی ئاشنایین. ئەوخوێنەرانەش کەتەنیا زمانی کوردی دەزانن لەدوای راپەرینەوە پاش وەرگێرانی هەندێ لەبەرهەمەکانی پێی ئاشنابوون بەتایبەتی دوای وەرگێرانی شاکارەکەی واتە رۆمانی " سەد ساڵ تەنیایی". ئاشکرایە مارکیزیش لەسەرەتاوە نووسەرێکی ناودار نەبووەو سەرەتا بەرۆژنامەنووسیی دەستیپێکردووە، ساڵی ١٩٥٥ لەتەمەنی ٢٨ ساڵیدا یەکەم بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە کەچیرۆکێك بووە بەناوی "غەوارەکانی مۆز" ئەوکاتە تیراژی ئەم چیرۆکەی لەهەزاردانە تێپەری نەکردووە، بەڵام لەدوای بڵاوکردنەوەی رۆمانی "سەد ساڵ تەنیایی" لەساڵی ١٩٦٧دا ناوی دەرکردووەو ئەم رۆمانە بەزمانی کوردییەوە بۆ ٣٣ زمان وەگێردراوە، هەر لەسەر ئەم رۆمانەش ساڵی ١٩٨٢ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرتووە.

ساڵی ١٩٨٥ دوای ٣٠ ساڵ لەبڵاوکردنەوەی یەکەم بەرهەمی لەتەمەنی٥٨ ساڵیدا رۆمانی "خۆشەویستیی لەزەمانی کۆلێرا دا"ی بڵاوکردۆتەوە، واتە مارکیز دوای ئەزموونێکی زۆر لەبواری نووسیندا ئەم شاکارەی نووسیووە کە دەکرێ لەدنیادا وەکو رۆمانێکی بێوێنە سەبارەت بەخۆشەویستیی لەقەڵەمبدرێ. ئەوەی لەرۆمانی "خۆشەویستیی لەزەمانی کۆلێرا دا" زیاتر لەهەموو شتێ مایەی سەرنجە ئەوەیە کە لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی سەراسیمەمان دەکات و بەدوای رووداوەکانیدا بەکێشمان دەکات.

ئەگەر فەنتازیا لەکورتترین پێناسەیدا بریتیبێت لەکردنی واقیع بەخەیاڵ و بەپێچەوانەشەوە ئەوا مارکیز لەم رۆمانەدا بەچڕی فەنتازیای بەکارهێناوە چونکە کاتێ ئەم رۆمانە دەخوێنینەوە واقیعمان لێدەبێت

بەخەیاڵ و خەیاڵیشمان لێدەبێت بەواقیع، هەموو شتێك لەم ڕۆمانەدا کاری کردەیەو کاتێ لەڕووداوەکانی رادەمێنین هەستدەکەین نەدەبوو بەشێوەیەکیتر روویانبدایە، بەڵام مارکیز نەهاتووە بەسەرهاتی ئەم ڕۆمانەمان بەشێوەی گێڕانەوەی ئاسایی بۆ بگێڕێتەوە واتە لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی بەڵکو وەکو فیلمێکی سینەمایی مونتاجی لەکات و شوێندا بەکارهێناوە، لەمەشدا زیرەکی و بیرتیژیی ئەم ڕۆماننووسە سەرسامان دەکات چونکە کاتێ بەسەرهاتێ دەبڕێت و دوای چەندان لاپەڕە دێتەوە سەرهەمان رووداوو تەواوی دەکات ئەوەی لەیاد ناچێت پێشان باسی چییکردووەو لەچییدواوە نەك هەر ئەمە بۆئەوەی رووداوەکەمان بەیاد بهێنێتەوە هەندێ شتیش دووبارە دەکاتەوە. بەهەرحاڵ، خۆشەویستیی لەزەمانی کۆلێرا دا حیکایەتی عیشقی دوو عاشقی نامرادە، یەکەمیان سەرسەخت و کۆڵنەدەرەو هەموو شتێك لەپێناوی خۆشەویستییەکەیدا دەکات و تەنیا بۆ خۆشەویستیی دەژی، دووەمیشیان بێباکەو بەدەگمەن خۆشەویستییەکەی بیردەکەوێتەوە.

ساڵی ١٩٩٤ کاتێ "الحب في زمن الكوليرا"م خوێندەوە کە "کامل عويد العامري" کردبووی بەعەرەبی بەخەونیش ئەوەم بەخەیاڵدا نەدەهات کە ڕۆژێ لەڕۆژان ئەم ڕۆمانە بکەم بەکوردی بەڵام ساڵی ٢٠٠١ بەنیازی وەرگێڕانی دەقە فارسییەکەیم کڕی. ساڵی ٢٠٠٢ دەستمکرد بەوەرگێڕانی و چەند لاپەڕەیەکیشم لێوەرگێڕا بەڵام کۆمەڵێ کاری پێویستتر ئەمەیان دواخست بۆیە لە ٢٠٠٦/٨/١ دا چوومەوە سەر ڕۆمانەکەو دەستمکردەوە بەوەرگێڕانی، بۆ ئەم مەبەستەش دەقە فارسییەکەم کرد بەسەرچاوەی یەکەم واتە "عشق سالهای وبا" وەرگێڕانی بۆ فارسی "مهناز سيف طلوعی"، چاپی پێنجەم ١٩٩٩، بەپێی پێشەکی ئەم چاپە مهناز ساڵی ١٩٩٥ کۆچی دواییکردووە. هەر لەسەرەتاوە کەبیرم لەوەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە کردەوە بەپێی شارەزاییم لەو کتێبانەی دەکرێن بەفارسی ترسی ئەوەم هەبوو

وەرگێڕی فارسی دیمەنە سێکسییەکانی ئەم ڕۆمانەی لابردبێت، بۆیە هەم بەو مەبەستەی کارەکەم بێکەم وکووڕیی بێت و هەم بەسەر ئەوترسەدا زاڵبم کەهـەمبوو و بتـوانم بـەجوانی دەقـی ڕۆمانەکـە بگوێزمـەوە بـۆ کـوردی لەدەسپێکی کارەکـەوە دەقێکـی بـاوەڕپێکراوی عەرەبیشم پەیدا کـرد واتـە "الحب في زمن الكوليرا" وەرگێڕانـی "صـالح علمـانی" چاپی یەکـەم ١٩٩٨ "مكتبة نوبل".

سەرەتا بەنیازبووم لەماوەی شەش مانگدا ڕۆمانەکە بکەم بەکوردی و چاپی بکەم بەڵام دوای ئەوەی چوومە قوڵایی کارەکەوە هەستمکرد دەستم داوەتە چ ئەرکێکی قورس، بۆیە شەش مانگی تریشم خستە سەرو لەماوەی یەك ساڵدا واتـە مـانگی ٨ی ٢٠٠٧ لـەوەرگێڕانی ڕۆمانەکـە بوومـەوە بـەڵام بەدرێـژایی ئـەو سـاڵە لاپـەڕە بەلاپـەڕە سـەیری فارسـییەکەو عەرەبییەکەشـم کـردووە. لەئەنجامـدا ئـەوەم بـۆ دەرکـەوت ترسـەکەم سـەبارەت بەدەقـە فارسـییەکە لـەجێگای خۆیـدا بـووە، وەرگێـڕی فارسـی کۆمـەڵێ دیمـەنی سێکسی لابردبـوو کۆمـەڵێ دیمـەنی تریـشی پڕکردبـوو لەتەمومـژ، بۆیـە ئەودیمەنانـەی لابرابـوون لەدەقـە عەرەبییەکـەوە هێنامنـەوەو ئەوانەشـی تەمومژاوی بوون تەمومژەکەم لێلابردن، بەڵام لەهەمان کاتدا هەستم بەوەکرد وەرگێڕی فارسی زۆر هەوڵیداوە شێوازی نووسینی مارکیز بپارێزێ. ئەمەشم کاتێ بۆ دەرکەوت کە هـاوڕێم مـەریوان هەڵەبجەیی دەقێکـی تـری فارسـی بـۆ پەیـداکردم کـە "کیـومرث پارسـای" لەئیسپانییەوە کـردویەتی بەفارسـی ئـەم وەرگێڕە نەك هەر دیمەنە سێکسییەکانی لابردووە بەڵکو شێوازی نووسینی مارکیزیشی تێکداوە.

ئـەوەی لەئـەنجامی کارەکـەدا پێـی گەیـشتم ئەوەیـە دەقـە عەرەبییەکەش بێکەم وکووڕیی نـەبوو، وەرگێـڕی عـەرەبی لەهەنـدێ جێگـەدا ناوی تەرجومە کردووە، بۆنموونە وشەی "میسریکۆردیا Misericordia " کەناوی ئەو نەخۆشخانەیەیە کەدکتۆر خۆڤینـاڵ ئۆربینۆ کـاری تێدا دەکات

لەعەرەبییەکـەدا بـووە بـە "الرحـــة"، کەچـی لەفارسـییەکەدا وەکـو خـۆی دانراوەتـەوە دیـارە ئـەوەی فارسییەکە راستترە چونکە وشـەکە ئیسپانییەو راستە بەمانای "بەزەیی" دێت بەڵام ناوی نەخۆشخانەیەکەو ناکریٚ تەرجومە بکرێت لەبەرئەوەی ناو تەرجومە ناکرێت.

بەهـەرحالْ وەکـو ئامـاژەم بـۆکرد بەدرێـژایی مـاوەی وەرگێڕانـی ئـەم رۆمانە لاپەڕە بەلاپـەڕە تەماشای فارسییەکەو عەرەبییەکـەم کـردووەو بەپێی تێگەیشتنی خۆم لەڕۆمانەکەو رەوتـی رووداوەکانی رۆمانەکە کام رستەیەو کام دەسـتەواژەیەم بەڕاسـت زانیبێـت دامنـاوەو ئەمـەش دەقە کوردییەکـەی لێبەرهـەمهاتووە. دیـارە ئەمـەش قورسـترین کـارە کەدەسـتمداوەتیٚ چـونکە سـەرەڕای ئـەوەی جیـاوازیی زمـانی فارسـی و عـەرەبی هێنـدەی ئاسمـان و رێسمانە هەوڵمـداوە لەکوردییەکـەدا ریتمـی رۆمانەکـە تێکنەچێت، واتـە هەوڵمداوە خوێنـەر هەسـت نـەکات کـام دێـڕو دەسـتەواژەیە لەعەرەبییەکـەوە وەرگێـڕدراوە، چـونکە وێـڕای دیمەنــە سێکـسییەکان چـەندان دێــڕو دەســـتەواژەی تـــرم لەعەرەبییەکـــەوە هێنـــاوەو لەبـــەر زۆریـــی دێـــڕو دەسـتەواژەکانیش نـاتوانم ئامـاژە بـۆ ئەوەبکـەم کـام دێـڕو دەسـتەواژەیەم لەعەرەبییەکـەوە وەرگێڕاوە. ماوەتـەوە بڵـێم دوای تـەواوبوونی وەرگێڕانەکـە سـێ جـار پێیداچـوومەتەوەو هـەر هەڵـەو کەموکووڕییـەکم بەرچـاوکەوتبێ چاکمکردووە، هیـوادارم تـوانیبێتم تاڕادەیـەکی زۆر ئـەم شـاکارەی مـارکیز کەشاکاری خۆشەویستییە بگوێزمەوە بۆ زمانی کوردی.

محەمەد کەریم

٢٠٠٧/١٢/٢٥

# بەشی یەکەم

هەرگیز نەیدەتوانی خۆی لەوە لابدات: بۆنی دارچوالەی تاڵ هەمیشە چارەنووسی خۆشەویستییە نامرادەکانی بەیاددەهێنایەوە. دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ هەر کە بەخێرایی خۆیکرد بەو ماڵە تاریك و خامۆشەدا "هەستی بەمەکرد"، کە بۆ بەدەنگەوەچوونی حاڵەتێکی زۆر بە پەلە بانگکرابوو، بەلایەوە ئەوحاڵەتە خێرایی ساڵانی پێشووی لەدەست دابوو. جێرمیادی سانت ئامور، سەربازی دێرینی کەمئەندامی جەنگ، وێنەگری منالاَن و سەرسەختترین ڕکابەری لە شەترەنجدا بە هەڵمژینی هەڵمی هەژێنەری سیانۆری ئاڵتوون لە ئەشکەنجەی دەروونیی قوتار ببوو.

لاشەی جێرمیای لەسەر ئەو قەرەوێلە باریکە دۆزییەوە کە هەمیشە لەسەری دەخەوت کە بەچەرچەفێك داپۆشرابوو. لە تەنیشتییەوە لەسەر کورسیەك تەشتێکی بچووك بەدیدەکرا کە بۆ دلۆپاندنی زەهرەکە

بەکارهێنرابوو. کەلاکی سەگێکی دانیمارکی رەشی زلیش بە سنگی سپی وەك بەفرەوە لەسەر زەوییەکە بەیەکێك لە پێچکەکانی قەرەوێلەکەوە بەسترابۆوە و دارشەقەکان لە تەنیشتییەوە دانرابوون. لەپەنجەرەکەوە گزنگی بەرەبەیان کە لەسەرەتادابوو هێدی هێدی ژووره خەفەو قەرەباڵغەکەی رووناکدەکردەوە کە هەم تاقیگە بوو هەم ژووری نووستن. بەڵام بۆ دکتۆر ئەو رووناکییە کەمەش بەسبوو بۆ ئەوەی ئامادەگیی زاڵ و باڵادەستی مەرگ دەستنیشان بکات. باقی پەنجەرەکان وەك هەر دەلاقەیەکی دیکەی ژوورەکە، بەمقەبای رەش یان بەجلە کۆنە گیرابوون کە ئەمەش قورسیی زاڵمانەی فەزاکەی زیاد دەکرد. سەرمێزێکی گەورە پڕ بوو لە بوتڵ و کەمۆڵەی بێ مارکەو دوو تەشتی مسی بچووکی دڵۆپاندن لەژێر سەرە چرایەکی ئاساییدا کە کاغەزی سووری تێوە پێچرابوو بەدیدەکرا. تەشتی سێیەم کە بۆ دەرمانی چەسپاو بەکار هاتبوو، لەتەنیشت لاشەکەوە بوو. لە هەموو جێگایەکدا گۆڤارو رۆژنامەی کۆن و کەلوپەلی کۆن وکۆمەڵێ فیلمی کامێرا بەدیدەکران کە لەناو قەباغی شووشەدابوون. بەڵام دەستێکی چوست وچالاك تۆزو خۆڵی لە هەموو شتەکان تەکاندبوو. ئەگەرچی ئەو شەماڵەی کە لەپەنجەرەکانەوە دەهاتە ژووریٚ هەواکەی پاڵاوتبوو، بەڵام بۆ ئەو کەسەی کە توانای دەستنیشانکردنی هەبوو، خۆڵەمێشی گەرم و روو لەمەرگی خۆشەویستییەکی نامراد هێشتا لە دارچوالە تاڵەکاندا مابۆوە. دکتۆر خۆڤێنال ئۆربینۆ زۆرجار بەبێ هیچ هەستێکی بەر لەرووداوێك وابیری کردبۆوە کە ئەو شوێنە ناشێ جێگایەکی لەبار بێت بۆ مەرگێکی رزگارکەر. بەڵام لەم حاڵەتەدا وای بەخەیاڵدا هات کە رەنگە ئەم بێسەروبەرییە بەحوکمی ئیرادەی پەنهانی خودا بووبێت.

موفەوەزێکی پۆلیس بەیاوەری خوێندکارێکی پزیشکی گەنج هاتەپێشەوە کە ماوەی راهێنانی پزیشکی یاسایی لە بنکەیەکی تەندروستی شار بەسەر دەبرد. ئەمان ئەو کەسانە بوون کە هەوای ژوورەکەیان گۆڕیبوو،

تاگەیـشتنی دکتـۆر لاشـەکەیان داپۆشـیبوو. وەهـا بەقورسـی ویقـارەوە رەفتاریان لەگەڵ دکتۆر کرد کە لەحاڵەتێکی وادا زیاتر دەربڕینی هاودەردی بوو تا ڕێز وحورمەت، چونکە رادەی دۆستایەتی دکتۆر لەگەڵ جێرمیا دی سانت ئاموردا لای هیچ کەسێ شاراوە نەبوو. مامۆستای پایەبەرز تەوقەی لەگەڵ هـەردووکیان کـرد، بەهـەمان شـێوە کـە بەر لـە دەستپێکردنی وانـەی رۆژانە لە کلینیکی پزیشکیی گشتیی تەوقەی لەگەڵ خوێندکارەکانی دەکرد. پاشان وەك ئەوەی دەست بۆ گوڵێك بەرێت بەپەنجە گەورەو دۆشاو مژەی قـەراغی چەرچـەفەکەی گـرت، بـە ئـارامی و بـە وریـایی تـەواوەوە لایـبرد و لاشەکەی ئاشکراکرد. جێرمیا دی سانت ئامور، رووت وقووت، سفت و چرچ و لۆچاوی، بەجووتێ چاوی زەق و لەشێکی شینەوەبووەوە کەوتبوو، پەنجا ساڵ پیرتـر لەشەوی رابردوو دیاربوو. پێڵووی چاوی روون و ریش و قژی مەیلـەو زەرد بـوو، جێزامێکـی کـۆن کـە بـەرز ببـۆوەو خـراپ چـاکببۆوە بەسەرانسەری سکییەوە دیاربوو. بەکارهێنانی دارشەق بازۆڵەو سنگی وەك هی کۆیلەی کەشتی دیلەکان پان وتوندوتۆڵ کردبوو، بەڵام لاقە سستەکانی وەك هـی هـەتیوان بـوون. دکتـۆر خوڤینـاڵ ئۆربینـۆ چـەند سـاتێ تەماشـای لاشەکەی کرد. هەستێکی ئازاراوی دڵی گوشی. بەهەمان شێوە کە لەماوەی سـاڵانی دوورو درێـژی هـەوڵی بێهـوودەی لەبەرامبـەر مەرگـدا. بەدەگمـەن هەستی پێکردبوو.

دکتـۆر وتـی: " بـەخێر نەیەیتـەوە گەمـژە، ناخۆشـترین رۆژگـارت بەڕێکردبوو " چەرچەفەکەی پێدا دایەوەو دووبارە ویقاری مامۆستایانەی خۆی بەدەستهێنایەوە.

ساڵی رابردوو هەشتاهەمین ساڵرۆژی لە دایکبوونی دکتۆر بەسێ رۆژ ئاهەنگی رەسمی بەڕێوە چووبوو، لە وتاری سوپاس و پێزانینیدا جارێکیتر لە بەرامبەر دڵەڕاوکێی خانەنشینیدا بەربەرەکانێی کردبوو، وتبووی:

-که مردم کاتی تەواوم دەبێت بۆ پشوودان. بەڵام حاڵی حازر نیازی مردنم نییە.

ئەگەرچی هەمیشە بەگوێی راستی کەمتر شتی دەبیست و بە کۆمەکی داردەستە مشتوو زیوینە لووسەکەی لەنگیی هەنگاوەکانی دەشاردەوە، بەڵام هێشتا وەکو ساڵانی گەنجیی درێژەی بە لەبەرکردنی چاکەت وپانتۆڵی کەتان و سەدرییەو لەدەستکردنی سەعاتی زنجیر ئاڵتوون دەدا. ریشی لویس پاستور ئاسای رەنگ مرواری، قژی بەهەمان رەنگ و بە وردی بۆ دواوە داهێنراوی وخەتی دیاری ناوەڕاستەکەی، گوزارشتێکی تەواوی لەکەسایەتی دەکرد. دکتۆر بەنووسینی چەند یاداشتێکی بەپەلە لەسەر ئەو پارچە کاغەزانەی کە بەبێ هیچ رێکخستنێك لەگیرفانەکانییەوە دەریدەهێنان و رێك وەکو شووشەی دەرمان و شتەکانی تری جانتا پزیشکییە قەرەباڵغەکەی تێکەڵوپێکەڵ بوون، هەتا ئەو شوێنەی لەتوانایدا بوو بەری لە داخورانی پڕ ئازار و زۆری یادەوەریی خۆی دەگرت. تەنها پیرترین و دیارترین پزیشکی شار نەبوو بەڵکو وردبینترین پیاوی شاریش بوو. دەرخستنی چاکەی زۆروزەوەندو روون و ئاشکرای و رەفتاری ساختەکارانەی کە بۆ ناوو شۆرەتی بەکاری دەهێنان، کەمتر لەوەی کە شایانی بوو خۆشەویستییان بۆ دابین دەکرد.

فەرمانەکانی بۆ موفەوەزو خوێندکارەکە خێراو راشکاوانە بوو. تەرمەکە پێویستی بەتوێکاریی نەبوو. ئەو بۆنەی بەماڵەکەدا بڵاو ببۆوە وەك بەڵگە بەتەنیا بەسبوو بۆ ئەوەی ئەوە دەست نیشان بکرێ کە هۆی مردنەکەی لە هەڵمی ئەو سیانۆرەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە سینی تەنیشتی جۆرێك لە ئەسیدی وێنە گرتنەوە بەرز بۆتەوە. جێرمیا دی سانت ئامور لەوە زیاتر لەم مەسەلانەدا ئەزموونی هەبوو کە چۆن بتوانی بابەتەکە وەکو رووداوێك لێکبدەیتەوە. کاتێ موفەوەزی لێکۆڵینەوە کەمێك دوودڵی

نیشاندا، دکتۆر بە ریتمی تایبەتی خۆی کە سەرمەشقی رەفتاری هەمیشەیی بوو قسەکەی پێبڕی و وتی:

-ئەوەت لەیاد نەچێت کەمن وەفاتنامەکەی ئیمزا دەکەم.

پزیشکە گەنجەکە نائومێد ببوو: چونکە بەر لەوە هەرگیز هەلی لێکۆڵینەوەی کاریگەرییەکانی سیانۆری ئاڵتوونی لەسەر تەرمێك بۆ نەڕەخسابوو. دکتۆر خۆڤێنال ئۆربینۆ تەواو لەوە سەرسام بوو کە خوێندکارەکەی لەکۆلیژی پزیشکی نەدیبوو. بەڵام یەکسەر بە شەرمکردن و لەهجە (ئەندیزی)یەکەیدا تێگەیشت کە رەنگە تازە هاتبێتە شارەکە، پێیوت:

-بێگومان لەم رۆژانەدا عاشقێکی شێت و وێت ئەو هەلەت بۆ دەڕەخسێنێ.

رێك لەدوای وتنی ئەم وشانە بوو کە هەستیکرد لەناو ئەو خۆکوشتنە بێشومارانەی کە لە یادی بوو، ئەمە یەکەمین حاڵەتی ژەهراویبوونە بە سیانۆر کە لە ئەنجامی خۆشەویستییدا نەبوو. ئەوسا ریتمی دەنگی گۆڕاو بەخوێندکارەکەی وت:

-کاتێ رووبەرووی یەکێ لەوانە بوویتەوە، بەوردی فەحسی بکە، چونکە تەقریبەن هەمیشە بەرد لەدڵیاندایە.

پاشان بەشێوەیەك قسەی لەگەڵ موفەوەزەکە کرد وەك ئەوەی لەگەڵ بەردەستێکی خۆیدا قسە بکات. فەرمانی پێدا کە هەموو رێوشوێنە یاساییەکان بە چاپووکی و وریایی تەواوەوە ئەنجامبدات، بەجۆرێك کە پاشنیوەڕۆی هەمان رۆژ تەرمەکە بنێژرێت. پاشان وتی:

-پاشان خۆم لەگەڵ پارێزگار قسە دەکەم.

دەیزانی کە جێرمیا دی سانت ئامور زۆر بەسك هەڵگوشینەوە ژیاوەو لەرێی هونەرەکەیەوە لەپێویستی ژیانی زیاتر دەرامەتی کۆکردۆتەوە، لەبەرئەوە بێگومان دەبێ لەیەکێ لەکون و کەلەبەرەکانی ماڵەکەیدا پوول وپارەیەکی وا هەبێت کە لەخەرجی ناشتن زیاتر بێت.

دکتۆر وتی:" بەڵام ئەگەر ئەتدۆزییەوە، کێشەیەك نییە، خۆم خەرجی هەموو شتێ لە ئەستۆ دەگرم."

فەرمانی بەموفەوەزەکەدا بەرۆژنامەکان رابگەیەنێ کە وێنەگرەکە بەمردنی ئاسایی مردووە، هەرچەندە وای بەخەیاڵدا نەدەهات رۆژنامەکان هەرگیز بایەخ بەم جۆرە هەواڵانە بدەن.

وتی:" ئەگەر پێویست بێت قسە لەگەڵ پارێزگار دەکەم"

موفەوەزەکە، کە کارمەندێکی جدی و خاکیی وڵات بوو چاك دەیزانی هەستی بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتیی دکتۆر تەنانەت نزیکترین دۆستانیشی توورە دەکات، کە دەیبینی دکتۆر لەپێناوی بەخێرایی ناشتنی تەرمەکەدا، سووك و ئاسان رێوشوێنە یاساییەکان لەبەرچاو ناگرێ؛ سەرسام ببوو. تەنها کارێ کە دکتۆر بەنیاز نەبوو ئەنجامی بدات، قسەکردن بوو لەگەڵ ئەسقەف لەو بارەیەوە کە جێرمیا دی سانت ئامور لەجێگایەکی پیرۆزدا بەخاك بسپێردرێت. موفەوەزەکە سەرسام لە رووقایمی خۆی، هەوڵیدا عوزرخوایی بۆ دکتۆر بهێنێتەوە. وتی:

-هەڵبەتە تێدەگەم کە ئەم پیاوە قەشە بوو.

دکتۆر ئۆربینۆ وتی:" تەنانەت لەوەش سەیرتر، قەشەیەکی بێباوەڕبوو. بەڵام دەربارەی ئەم جۆرە شتانە دەبێت خودا بڕیار بدات!"

لەدوورەوە، لەوسەری ئەم شارە کۆلۆنییەوە، دەنگی زەنگەکانی کڵێسای گشتیی بۆ رێورەسمی عەشای رەببانی دەنگیدایەوە. دکتۆر چاویلکە کەوانەییە چوارچێوە ئاڵتوونییەکەی لەچاوکرد و تەماشایەکی سەعاتە زنجیر جوان و ناسکەکەی کرد کە قەباغە شووشەکەی بەدەست لێدانێ هەڵدەدرایەوە.هێندەی نەمابوو بۆ رێورەسمی عەشای رەببانی جەژنی پەنجاهەمین.

لەژووری دانیشتنەکەدا، کامێرایەکی فۆتۆی زۆر گەورە بەدیدەکرا کە قاچەکانی تایەی لەژێردا بوو لە بابەتی ئەوانەی لەپارکە گشتییەکاندا بەدی

دەكرێن لەگەڵ پەردەیەك كە نەخشی دیمەنی ئاسۆیەكی كاڵی دەریایی تێدابوو، كە بەشێوەیەكی شارەزایانە رەسمكرابوو. دیوارەكان پڕ بوون لەوێنەی منالان كە مێژووی یادگاریی چەند ساتێكی لەیاد نەچوویان لەسەربوو وەكو بەشداریكردن لەیەكەمین عەشای رەببانیدا یان بەجل وبەرگی كەرونشكەوە یان بەهی جەژنی لەدایك بوونەوە. دكتۆر ئۆربینۆ ساڵ بە ساڵ لەكاتی شەترەنجی ئێواراندا كاتێ لەخانەكان رامابوو، بیریكردبۆوە پڕ بوونی بەرەبەرەی دیوارەكانی بینی بوو، زۆر جار بە لەرزینێكی غەمبارانەوە بیری كردبۆوە كە تۆوی شاری ئاینده بەم تەلارەو وێنەو پەیكەرە بێ سەرو بەرەكانییەوە بەندە، ئەو شارەی لەسەردەستی ئەو منالە نەناسراوانەدا گەندەڵ بووەو بۆتە جێگایەك كە تەنانەت شكۆی خۆڵەمیشیشی لێبەجێ نامێنێت.

لەتەنیشت گۆزەیەكەوە كە چەند نێرگەلەیەكی تێدابوو، لەسەر مێزێك تەختەیەكی شەترەنج بەدیدەكرا كە یارییەكەی بەناتەواوی بەجێ هێڵرابوو. دكتۆر ئۆربینۆ وێڕای ئەوەی تووشی دڵەڕاوكێ ببوو، پەلەی بوو، نەیتوانی لەبەرامبەر كەڵكەڵەی لێكۆڵینەوەیدا بەربەرەكانێ بكات. دەیزانی كە یارییەكە هی شەوی رابردووە. چونكە جێرمیا دی سانت ئامور هەموو رۆژێكی هەفتە لەدوای تاریك داهاتن بەلای كەمەوە لەگەڵ سێ كەسی جیاوازدا یاری دەكرد. بەڵام هەمیشە یارییەكەی تەواو دەكردو داشماڵەكەی دادەخست، داشەكانی دەكردە سندوقەكەیەوەو دەیخستە چاوی مێزەكەیەوە. دكتۆر دەیزانی كە ئامور هەمیشە بەداشە سپییەكان یاری دەكردو ئەمجارە ئاشكرا بوو كە سپی بە چوار جووڵە یارییەكەی دەبردەوە. دكتۆر ئۆربینۆ لەدڵی خۆیدا وتی: ئەگەر تاوانێك لەئارادا بووایە، ئەمە دەیتوانی سەرە داوێكی باش بێت، من تەنها یەك كەس دەناسم توانای بۆسەنانەوەیەكی وا وەستایانەی هەبێت.

بە هەر نرخێك بووایە دەبوو پاشان دکتۆر لەوە حاڵی بێت کە ئەم سەربازە سەرکەشەی کە تا دوا دڵۆپی خوێنی باوەڕی بە بەربەرەکانێ هەبوو، چۆن لەدوا هەناسەیدا بەناتەواوی شەڕەکەی بەجێهێشتبوو.

سەعات شەشی بەیانی ئەو رۆژە، پاسەوانی شەو لەکاتی دوا گەشتیدا، لافیتەیەکی لەسەر دەرگای چوونە دەرەوە بەم ناوەڕۆکە دیبوو: (بەبێ لەدەرگا دان خۆت بکە بەژووردا و پۆلیس ئاگادار بکەرەوە.) کەمێك پاش ئەوە موفەوەزو خوێندکارەکە گەیشتبوون هەردووکیان بەدوای بەڵگەیەکدا کە دەکرا لەگەڵ بۆنی بێ ئەملاو لای دارچوالەی تاڵدا ناکۆك بێت، ماڵەکەیان پشکنیبوو. لەچەند ساتێکی کورتدا کە دکتۆر دەیەویست لەیارییە تەواو نەکراوەکە بکۆڵێتەوە، موفەوەزەکە لەناو کاغەزەکانی سەرمێزەکەدا زەرفێکی نامەی دۆزییەوە کە بۆ دکتۆر ئۆربینۆ نووسرابوو، هێندە مۆمی سوور لەداخستنیدا بەکارهێنرابوو بۆ دەرهێنانی نامەکە، دەبوو زەرفەکە بدڕێنرێت. دکتۆر ئۆربینۆ پەردە رەشەکەی پەنجەرەکەی لادا بۆ ئەوەی رووناکی زیاتر بێتە ژوورێ، بەخێرایی چاوێکی بەو یانزە لاپەڕەیەدا خشاند کە بەخەتێکی روون وئاشکرا لەهەردوو دیوی کاغەزەکە نووسرابوو، کاتێ یەکەم پەرەگرافی خوێندەوە، هەستیکرد کە رێوڕەسمی عەشای رەببانی پەنجاهەمینی لەکیس چووە. بەهەژاوی و هەناسە بڕکێوە نامەکەی دەخوێندەوە و کاتێ سەرەداوی مەسەلەکەی لەیاد دەچۆوە دەگەڕایەوە بۆ لاپەڕەکانی پێشەوە. وەختێ لەخوێندنەوەی نامەکە بۆوە وا دەهاتە بەرچاو کە لەسەفەرێکی دوورو درێژ گەڕابێتەوە. پەرێشانیی دکتۆر وێڕای ئەو هەوڵەی بۆ شاردنەوەی بەخەرجی دەدا تەواو ئاشکرابوو. لێوی وەك هی مردووەکە شین ببۆوە و لەکاتێکدا کە دووبارە زەرفی نامەکەی دەپێچایەوە و دەیخستە گیرفانی سەدرییەکەیەوە، نەیدەتوانی بەر بەلەرزینی پەنجەکانی بگرێت. پاشان موفەوەز و دکتۆرە گەنجەکەی بیر کەوتەوەو لەنێو تەمومژی غەم وخەفەتدا بەرەو روویان بزەی هاتێ و وتی:

-شتێکی تایبەت نییە، دوا وەستێتی.

قسەکەی نیوەی راست بوو بەڵام ئەوان وەکو راستی تەواو وێنایان کرد. فەرمانی پێدان کە یەکێ لە کاشییە لەقەکانی ناو ژوورەکە هەڵبدەنەوە. لەوێدا دەفتەرێکی حساباتی شڕۆڵەیان دۆزییەوە کە رەمزی قاسەکەی تێدابوو. وەك چاوەڕوانیان دەکرد پارەیەکی زۆری تێدا نەبوو بەڵام لە خەرجی پێویستی ناشتن و باقی شتە پێویستە لاوەکییەکانی تر زیاتر بوو. دکتۆر ئۆربینۆ هەستیکرد کە ناتوانێ بەر لەخوێندنەوەی ئینجیل، بە رێوڕەسمی کڵێسای گشتیی رابگات. وتی:

-لەو کاتەوەی کە خۆم ناسیووە، ئەمە سێیەمجارە کە رێوڕەسمی عەشای رەببانی (القداس) یەکشەموانم لەکیس بچێت. بەڵام خوا خۆی دەزانێت.

ئەگەرچی بەگران دەیتوانی لە بەرامبەر ئارەزووی زۆری بەشداریپێکردنی ژنەکەی لە نهێنییەکانی نامەکەدا خۆی رابگرێت بەڵام وای بەچاك زانی کە چەند ساتێکی زیاتر بۆ بایەخدان بە وردەکارییەکان تەرخان بکات. بەڵێنی بەخۆیدا بە پەنابەرە بێشومارە کاریبییەکان کە لە شارەکەدا دەژیان رابگەیەنێ کە ئەگەر ویستیان دەتوانن دوا سڵاوو رێزی خۆیان ئاراستەی ئەو پیاوە بکەن کە تەنانەت دوای ئەوەی بەتەواوی روونبۆوە کە لە ژێرباری قورسی نائومێدیدا لەپێ کەوتووە بەجۆری رەفتاری دەکرد گوایە بەرێزترین و چالاکترین و رادیکاڵترین کەسە لەناویاندا. هەروەها دکتۆر دەبوو رکابەرانی جێرمیا ئاگادار بکاتەوە کە کۆمەڵێ کەسی جۆراو جۆری لەخۆی دەگرت لەپیاوانی خاوەن پیشەی بەناوبانگەوە تا رەنجبەرانی بێناسنامەو بێ ئەسڵ و فەسڵ، بەهەمان شێوە دەبوو باقی ئاشنایانی دوور ئاگادار بکاتەوە کە رەنگە حەز بکەن لە رێوڕەسمی ناشتنەکەدا بەشداریی بکەن. دکتۆر بەر لە خوێندنەوەی نامەکەش دوای زانینی مردنی هاوڕێکەی بڕیاری دابوو یەکەم کەس بێت کە لە رێوڕەسمەکەدا بەشداریی بکات. بەڵام

دوای خوێندنــەوەی نامەکــە، ئیــدی هــیچ شــتێکی بــەلاوە یــەقین نــەبوو. بەهەرحاڵ، بەنیازبوو لەحاڵەتێکدا کە جێرمیا دی سانت ئامور لە دواساتدا تۆبەی کردبێت، چەپکێ گوڵی یاسەمین لەسەر گۆڕەکەی دابنێت. بەخاك سپاردنەکە لەسـەعات پێنجـدا بـەڕێوە دەچـوو کـە لەمانگـە گەرمەکانـدا لـەبارترین کـات بـوو. ئەگـەر کەسـێك پێویـستی بـە دکتـۆر بووایـە، لـە نیوەڕۆبـەدواوە لـەماڵی هاوینـەی دکتـۆر لاسـیدیس ئۆلیڤیـای خوێنـدکاری خۆشەویستیی دەبێـت کـە بەبۆنـەی یـوبیلی زیـوینی دەستبەکاربوونییەوە ئاهەنگی نیوەڕۆخوانێکی رەسمی رێکدەخست.

دکتـۆر ئۆربینـۆ هەرکەسالانی پڕ ئاشووبی کۆششەکانی سـەرەتای بەجێهێشت لەرێگای پەیڕەویکردنی شێوازێکی دیاریکراوەوە بوو بەخاوەنی پلـەو پایـەو ناوبانگێکی باش کـە لەناوچەکەدا بێوێنـە بـوو. لەوکاتـەوە کـە بـەکارهێنانی دەرمانـە نهێنییـەکانی دەسـت پێکردبـوو بـەیانیان لەگـەڵ خوێنــدنی کەڵەشـێردا لەخــەو هەڵدەسـتا: برومێـر پۆتاسـیۆمی بـۆ تازەکردنەوەی چالاکی و سالیسیلاتی بۆ ئازاری ئێسقان لە کاتی باراناو قـەترەی ئۆرگوسـترۆلی بـۆ سـەرەگێژە و بلادنـی بـۆ خـەوی خـۆش وقـووڵ بـەکاردەهێنا. دکتـۆر هـەموو سـەعاتێ بـەنهێنی دەرمـانێکی بـەکاردەهێنا، چونکە لـە تەمـەنی دوورو درێژیدا وەکو دکتۆر و مامۆستاش هەمیشە دژی بەکارهێنانی دەرمانبوو بۆ کەسانی بەتەمەن. بەلای دکتۆرەوە بەرگەگرتنی ئـازاری کەسـانی دی لـە بەرگـەگرتنی ئـازاری خـۆی ئاسـانتربوو. هەمیـشە پارچـەیەك شاشـی کـافوراوی لەگیرفانـدابوو، کـە کـەس ئاگـای لێنەبووایـە، بـەقووڵی بـۆنی دەکـرد بۆئـەوەی ترسـی لـەو هـەموو دەرمانـە نـەمێنێت کـە تێکەڵی یەکتری دەبوون.

بـە مەبەسـتی خۆئامـادەکردن بـۆ محـازەرەی پزیـشکیی گـشتیی رۆژی یـەك سـەعاتی تەرخانـدەکرد کـە لـە سـەعات هەشـتی بـەیانی هـەموو رۆژێکدا دەستی پێدەکرد لە دووشەممەوە بۆ شەممە، هـەتا رۆژێـك بـەر لـە

مردنــی لەکۆلیــژی پزیــشکیی لەوکلاســەدا وانــەی دەوتــەوە. هــەروەها خوێنەرێکی جدی ئەو کتێبە ئەدەبییە تازانە بوو کە یان کتێب فرۆشە ناسیاوەکەی لەپاریسەوە بۆی دەنارد یان کتێبفرۆشیی خۆماڵی بۆی داوا دەردکردو لەبەرشەلۆنەوە بۆیان دەنارد، هەرچەندە ئەدەبی ئیسپانی وەکو ئەدەبی فەرەنسی بەوردی نەدەخوێندەوە. بەهەرحاڵ هەرگیز بەیانیان ئەو کتێبانەی نەدەخوێندەوە کەپێی دەگەیشتن، بەڵکو تەنها سەعاتێکی دوای سەرخەوشکاندنی نیوەڕۆو شەوانە پێش خەوتن کاتی بۆ خوێندنەوەی ئەوکتێبانــە تەرخانــدەکرد. لــەدوای خوێندەنــەوە پــانزە دەقــە لەبــەردەم پەنجەرەی کراوەی گەرماوەکەیاندا وەرزشی هەناسەدانی دەکرد و هەمیشە رووەو ئەو شوێنەی کە لێیەوە کەڵەشێرەکان دەیانخوێند واتە ئەو شوێنەی کــە هەواکــەی تــازەبوو، هەناســەی دەدا. پاشــان خــۆی دەشــۆرد، ریــشی رێکدەخست و قۆڵۆنیای ئەسڵی فاریناى گیجنوبیری بە رێکی لــەسمێڵی دەدا. قاتــە کەتانییــە ســپییەکەی لەبــەر دەکــرد و ســەدرییەکەی بەســەریدا، کلاوێکی نەرمی دەکردە سەری و جووتێ پووتی لەپێدەکرد کە چەرمەکەی هی پێستی بزن بوو. لە تەمەنی هەشتا ساڵیشدا هەمان رەفتاری سادەو گیانی چالاکانەی پاراستبوو کە لەکاتی گەڕانەوەی لەپاریس و کەمێك پاش بلاوبوونەوەی پەتای کۆلێرای گەورە هەیبوو. جگە لە رەنگی زیویی، قژە رێك داهێنراوەکەی و خەتەکەی ناوەڕاستی کتومت هی رۆژگاری لاویی بوون. ئاسایی نانی بەیانی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا دەخوارد بەڵام پارێزێکی تایبەتی لەخواردن دەکرد: شروبی ئەفسنتینی بۆ ئیسراحەتی گەدەو سەلکێ سیری بۆ بەرگرتن لە زوعفی دڵ دەخوارد کە دانە دانە پاکی دەکرد و بەنانەوە دەیخوارد و بەوردی دەیجوو. لە دوای دەرس وتنەوەی رۆژانەی بەدەگمەن رێدەکەوت کە سەبارەت بە دەستپێشخەری کۆمەڵایەتیی یان خزمەتگوارییی مەزهەبی یان داهێنانە هونەری و کۆمەڵایەتییەکانی دیدارو چاوپێکەوتنی نەبێت.

تەقریبەن هەمیشە نانی نیوەڕۆی لەماڵەوە دەخوارد و سەرخەوێکی دە دەقەیی لە سەر سەکۆی حەوشەکە دەشکاند. لە سەرخەوەکەشیدا دەنگی کچە خزمەتکارەکانی دەبیست کە لەبن درەختی مانغادا گۆرانییان دەچڕی، هاواری فرۆشیارە گەڕۆکەکانیشی لەشەقامەکانەوە دەهاتە گوێ و هات وهاواری ماتۆرە هەڵمییەکانی بەندەریش گوێی ئاودەدا، کە دوکەڵ و بۆنی دوکەڵ کێشەکانیان لەپاش نیوەڕۆ گەرمەکاندا وەکو فریشتەی مەحکوم بەمەرگ لەناو ماڵەکەدا بەملاو بەولادا باڵە تەپێی بوو. پاشان بۆ ماوەی یەك سەعات کتێبە تازەکانی دەخوێندەوەو بەرلە هەمووشتێکیش ڕۆمان وکتێبی مێژوویی دەخوێندەوە و زمان شیرینی و زمانی فەڕەنسی فێری ئەو تووتییە ماڵییە دەکرد کە ساڵانێك بوو جێگەی بایەخی ئەندامانی خێزانەکە بوو. سەعات چوار، لەدوای خواردنەوەی پەرداخێکی گەورەی لیمۆنادی کەللە تەزێن، بە مەبەستی سەردانی نەخۆشەکانی ماڵەوەی بەجێدەهێشت. سەرەڕای ئەوەی چووبووە تەمەنەوە، لەعیادەکەی نەخۆشی نەدەبینی، لەو کاتەوە کە شار روخسارێکی ئارامی بەخۆیەوە دیبوو، دەکرا بەپێ و بەسەلامەتی بچیت بۆ هەموو شوێنێك، لەماڵەکانی خۆیاندا نەخۆشەکانی دەبینی.

کاتێ یەکەمجار لە ئەوروپا گەڕایەوە، عەرەبانە جووت ئەسپییەکەی ماڵەوەی بۆ سەردانی نەخۆش بەکاردەهێنا کە دوو ئەسپی زەردی ئاڵتوونیی رایاندەکێشا، بەڵام کاتێ ئەم مەسەلەیە بووە کاری نەکردە، گۆڕی بەعەرەبانەیەکی ڤیکتۆریایی تاك ئەسپی و کاتێکیش هاتوچۆ بە عەرەبانە لە دنیادا مۆدی نەماو عەرەبانەکانی شار تەنها بۆ گەشتی سواریی گەشتیاران و هەڵگرتنی چەپکەگوڵی ڕێوڕەسمی ناشتن بەکاردەهاتن، بە گاڵتەکردنێکی ئاشکراوە بەمۆدەی رۆژگار هەروا عەرەبانەکەی بەکاردەهێنا. ئەگەرچی خۆی لەخانەنشینیی دەدزییەوە بەڵام دەیزانی تەنها بۆ ئەو حاڵەتانە بانگیدەکەن کەلێی نائومێد بوون. کەچی ئەمەشی وەك جۆرێك لەتایبەتمەندیی

لێکدەدایەوە. دەیتوانی تەنها بەتەماشاکردنی نەخۆش پەی بە نەخۆشییەکەی ببات. بەرە بەرە سەبارەت بە دەرمانی مۆڵەت پێدراو زیاتر بێمتمانە دەبوو، بەترس و وریاییەوە لە بە بازاڕیبوونی نەشتەرگەریی دەڕوانی. دەیوت:" کەتەری بچووکی نەشتەرگەریی گەورەترین بەڵگەی شکستی پزیشکییە" بەمانایەکی وردتر دکتۆر وابیری دەکردەوە کە سەراپای دەرمانەکان ژەهرن و لە سەدا حەفتای خواردنە ئاساییەکان مەرگ خێرا دەکەن. لەکلاسدا دەیوت:" بەهەرحاڵ، ئەو پزیشکیی و دەرمانە کەمەی کە ئێمە دەیزانین تەنها لەلایەن چەند پزیشکێکەوە، ناسراون." لە کەفوکوڵی گەنجییەوە گۆڕابوو بۆ هەڵوێستێکی فیکری کەخۆی بە هەڵوێستێکی مرۆیی دۆگمایی پێناسەی دەکرد:" مردنی هەرکەسێك بەدەست خۆیەتی و کاتێ کە وەختی مردنی دێت هەموو ئەوەی کە ئێمە دەتوانین بۆی بکەین ئەوەیە کە هەوڵبدەین بەبێ ترس و ئازار بمرێت." بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم بیرو بۆچوونە توندڕەوانە کەپێشان بەشێك بوون لە رۆشنبیریی فۆلکلۆری پزیشکیی خۆماڵیی، خوێندکارانی پێشووی تەنانەت دوای ئەوەی لەپیشەکەیاندا وەك دکتۆر جێگیریش بوون لەبەرئەوەی کە لەو رۆژانەدا بە دەستنیشانکردنی پزیشکیی لەقەڵەم دەدران و لەودا دەیانبینی، بەردەوام پرس و رایان پێدەکرد. بەهەرحاڵ پزیشکێکی سەنگین و بێوێنە بوو کە نەخۆشەکانی لەخانووی راقی باوباپیرانیانداو لە گەڕەکی مەسئولەکاندا لەیەك جێگادا بوون. بەرنامەی رۆژانەی ئەوەندە رێکوپێك بوو کە ئەگەر لەپاش نیوەڕۆیەکدا شتێکی کتوپڕ روویبدایە ژنەکەی دەیزانی بۆکوێ جوابی بۆ بنێرێت.

سەروەختێ کە گەنج بوو، بەرلەوەی بێتەوە بۆ ماڵەوە لە چایخانەی باروکێ لایدەدا، ئەمە ئەو جێگایە بوو کەتیایدا لەگەڵ هاوڕێیانی خەزووری و هەندێ لەپەنابەرانی کاریبی یاری شەترەنجی تیا فێربوو. بەڵام لە سەرەتای سەدەی نوێوە پێی نەخستبووە چایخانەی باروکێوە و لەخەیاڵی

سازدانی پێشبرکێیەکی نیشتمانیی شەترەنجدا بوو بەسەرپەرشتی یانەی کۆمەڵایەتیی. لەو کاتانەدا بوو کە جێرمیا دی سانت ئامور بە دوو ئەژنۆی ئیفلیجەوە پەیدابوو، کە هێشتا نەببوو بەوێنەگری منداڵان. لەگەڵ ئەوەشدا لەماوەی کەمتر لەسێ مانگدا هەرکەسێ کەبیزانیایە لەسەر داشماڵی شەترەنج چۆن فیل بجوڵێنێ، دەیزانی کێیە. چونکە کەس لە شەترەنجدا دەرەقەتی نەدەهات. بەلای دکتۆر خۆڤێناڵ ئۆربینۆوە ئاشنایەتی لەگەڵ جێرمیادا رێك لە سەروەختێکدا کە یاری شەترەنج بەلایەوە وەك حەزو ئارەزوویەکی بێسنووری لێهاتبوو، رکابەری زۆری نەبوو کەبتوانن لە شەترەنجدا حەزو ئارەزووی تێر بکەن، موعجیزە ئاسابوو. لە سایەی ئەودا، جێرمیا دی سانت ئامور لەناو ئێمەدا بوو بە وەی، کە دەبوو ببێت. دکتۆر ئۆربینۆ خۆی کرد بەپشتیوانی بێچەندوچوونی و لەهەموو کاروبارێکیدا بوو بە کەفیلی، بەبێ ئەوەی تەنانەت زەحمەتی تێگەیشتن لەوەش بداتە بەرخۆی کە ئەم کابرایە کێ بووە، چکارەبووە، یان لەچ شەڕێکی نەنگیندا بەو شێوەیە کەمئەندام بووە و بەئیفلیجی گەڕاوەتەوە، سەرەنجام پارەی کردنەوەی دووکانی وێنەگری بە قەرزدایە و جێرمیا دی سانت ئامووریش لەوکاتەوە کە یەکەم وێنەی منداڵێکی گرت و منداڵەکە لە ترسی تیشکی فلاشەکە زارەترەك ببوو، بەپێی رێسای مەزهەبی دەستیکرد بەدانەوەی قەرزەکەو هەتا دوا فلسی دایەوە بەدکتۆر. ئەمەش هەمووی بەهۆی شەترەنجەوە بوو. سەرەتای سەعات حەوت و دوای نانخواردنی ئێوارە، وێڕای ئەوەی رێگرییەکی ماقوڵ بۆ جێرمیا دی سانت ئامور هەبوو کە باڵادەستیی لەیارییەکەدا دیارو ئاشکرا بوو یارییان دەکرد. بەڵام بەرە بەرە رێگرییەکە کەمبۆوە تا ئەوەی سەرەنجام وەکو دووکەس یارییان دەکرد کە توانایان یەکسان بوو. پاشان، کاتێ دۆن گالیلۆ داکونتێ یەکەم سینەمای سەربەتاڵی کردەوە. جێرمیا دی سانت ئامور بوو بە یەکێك لە مشتەرییە بەردەوامەکانی و یاری شەترەنج تەنها ئەو شەوانە دەکرا کە فیلمی تازە نمایش نەدەکرا. ئەوکاتە جێرمیا دی

سانت ئامور و دکتۆر هێندە دوو هاوڕێی نزیکی یەکدی بوون کەپێکەوە دەچوون بۆ سینەما. بەڵام هەرگیز ژنەکەی دکتۆر لەگەڵیان نەدەچوو. نەچوونیشی ئارادەیەك لەبەرئەوە بوو کە تاقەتی بەدواداچوونی سەرەداوی ئاڵۆزی چیرۆکی فیلمەکانی نەبوو، لەلایەکی تریشەوە هەستێکی راستگۆیانە پێیدەوت کە جێرمیا دی سانت ئامور ناشێ هاودەمێکی باشبێ بۆ کەس.

یەکشەموانی جیاواز بوو. لە رێوڕەسمی مەزنی عەشای رەببانیدا لە کڵێسا بەشداری دەکردو پاشان بۆ پشوودان و خوێندنەوە لەسەر سەکۆی حەوشەکە دەگەڕایەوە بۆماڵەوە. لەرۆژە پیرۆزەکاندا بەدەگمەن خۆی بەسەردانی نەخۆشەوە پەیوەست دەکرد مەگەر حاڵەتێکی زۆر زۆر پێویست بووایە. لەماوەی ساڵانێکی دوورودرێژدا بەناچاری نەبێ هیچ ئیلتیزامێکی کۆمەڵایەتیی قبوڵ نەکرد. لەم جەژنی پەنجاهەمینەدا (العنصرە) هاوزەمان دوو رووداوی چاوەڕوان نەکراو بەشێوەیەکی سەیر روویاندابوو، مردنی هاوڕێیەکی و یۆبیلی زیوینی دەستبەکاربوونی خوێندکارێکی دیاری. لەگەڵ ئەوەشدا لەجیاتی ئەوەی یەکڕاست بڕواتەوە بۆ ماڵەوە، ئەوکارەی کە بەنیاز بوو لەدوای دەرکردنی وەفاتنامەی جێرمیادی سانت ئامور بیکات. لێگەڕا بۆ ئەوەی هەستی تاقیبکردنی مەسەلەکە بەدوای خۆیدا بەکێشی بکات.

هەر کە سواری عەرەبانەکەی بوو دووبارە نامەکەی جێرمیای خوێندنەوەو بەعەرەبانچییەکەی وت بیبات بۆ جێگایەکی گومناو لەگەڕەکی کۆنی کۆیلەکان. ئەم بڕیارەی هێندە لەگەڵ رەفتاری هەمیشەییدا جیاواز بوو کە عەرەبانچییەکە دەیەویست تەئکید بکاتەوە کە هەڵەیەك لە ئارادا نییە. نەخێر هەڵەیەك لەئارادا نییە: ناونیشانەکە ئاشکرا بوو، ئەو پیاوەی کە نوسیبووی، باش شارەزای شوێنەکە بوو. دکتۆر ئۆربینۆ گەڕایەوە بۆ لاپەڕەی یەکەمی نامەکەو جارێکیتر لەدەریای چەند دانپیانانێکی ناخۆشدا نقومبوو کە ئەگەر نەیتوانیایە باوەڕ بەخۆی بێنێ کە ئەمانە لە ورێنەی

کابرایەکی کاتی سەرەمەرگ زیاتر نین، تەنانەت لەو تەمەنەشدا ڕەنگ بوو ڕەوتی ژیانی بگۆڕێت. ئاسمان هەر لەبەیانی زووەوە بارێکی هەڕەشەئامێزی بەخۆیەوە گرتبوو. دنیا هەورو سارد بوو، بەڵام ئەگەری باران بارین هەتا پێشنیوەڕۆ لەئارادا نەبوو. کابرای عەرەبانچی لەهەوڵیدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی کورتتر چەندین جار بەردی ئەو شارە کۆڵۆنییەی هاتەڕێ و بۆ بەرگرتن لە سڵکردنەوەی ئەسپەکە لە دەنگە دەنگی گروپە مەزهەبییەکان و ئەنجومەنەکانی برایەتی کە لەکاتی گەڕانەوەدا بوون لەجەژنی پەنجاهەمین، ناچاربوو بوەستێ. شەقامەکان پڕبوو لەچەپکەگوڵی سروشتی و کاغەزیی، ئەو مۆسیقارو کچانەی که بەچەتری ڕەنگاو ڕەنگ و جلوبەرگی موشەبەکی خوری سپییەوە لەباڵکۆنی ماڵەکانیانەوە تەماشای ئاهەنگەکەیان دەکرد. لەمەیدانی کڵێسای گشتییدا، پەیکەری پاڵەوانی ئازادیی لەنێو دارخورمای ئەفریقایی و ستوونی ڕووناکی چرا تازەکانی شەقامدا تەقریبەن لەچاو ون ببوو. بەهۆی تەواوبوونی عەشای ڕەبانییەوە قەرەباڵغی و هاتوچۆی ئۆتومبیل دروست ببوو، تەنانەت یەك جێگای بەتاڵ لەچاپخانەی باروکێی سەنگین و پڕهات و هاواردا نەبوو. تەنها ئامێری هاتوچۆ کە ئەسپ رایدەکێشا عەرەبانەکەی دکتۆر ئۆربینۆ بوو کە لەناو ئەو چەند عەرەبانەیەی لەشاردا مابوونەوە دیاربوو، جیادەکرایەوە، لەبەرئەوەی سەقفە چەرمییەکەی هەمیشە بریسکەی دەداو چەند پارچەیەکی هەبوو لەبرۆنز کە خوێی باروت کاری تێنەدەکرد، تایەو دەعامیە تەختەکانی بەرەنگی سوور و خەتی ئاڵتوونیی بۆیەکرابوون چەشنی عەرەبانەی شەوانی ئاهەنگ لەئۆپێرای ڤیەننا. وێڕای ئەمانە، مادام ئەو خێزانانەی تا ئەوپەڕی حەزیان لەشتی ڕووکەش بوو تەنها بەوە رازیبوون کە عەرەبانچییەکەیان کراسی پاك لەبەر بکات، دکتۆر هێشتا داوای لەعەرەبانچییەکەی دەکرد کەجلوبەرگی عەرەبانچی قەیفەی کاڵەوەبوو لەبەر بکات و کڵاوێکی درێژی وەکو ڕاهێنەرەکانی سێرك بکاتە سەری. کە ئەم جۆرە جل لەبەر کردنە سەرەڕای

ئـەوەی کـۆن وپـەراوێز خراوبـوو، لەچـلەی هـاوینی کاریبیـدا وەکـو بێرەحمییەکیش لێکدەدرایەوە.

دکتۆر ئۆربینۆ وێرای ئەوەی خۆشەویستیی شێتانەی بۆ ئەم شارەو شارەزایی لێی کە لە هەموو کەسێ زیاتر بوو، زۆرجار بیانوویەکی وەکو ئەو رۆژی یەکشەممەیەی بەدەستەوە نەبوو کە ئاوا بێباکانە خۆی بکات بەناو قەرەباڵغیی و پاشا گەردانیی گەڕەکی کۆنی کۆیلەکاندا. عەرەبانچییەکە بۆ دۆزینەوەی ماڵەکە ناچاربوو چەندانجار بخولێتەوە یان بۆ پرسیارکردن لە ناونیـشانەکە بوەسـتێت. هـەروا کەبـەلای زەلکاوەکانـدا رەتـدەبوون، دکتـۆر ئۆربینـۆ قورسیی زاڵمانەو بێدەنگیی شوومی گازە خنکێنـەرەکان و هـەوای کلکـداری ناسـییەوە کـە زۆر کـازیوە لـەکاتی بێخەویـدا تێکـەڵ بـە بـۆنی یاسـەمینی حەوشـەکە دەبـوون و لـەژووری نووسـتنەکەیدا بەئاسمانـدا دەچـوون. ئـەو هـەوا کلکدارەی کەهەسـتی دەکـرد وەکـو شـەماڵێك کـە لـە دوێنێوە پەیوەندی بەژیانی ئەوەوە نییە بەتەنیشتیدا تێدەپەڕێت. بەڵام ئەو نەخۆشییە سەرتاپاگیرەی کەغەمی غوربەت چەندانجار حاڵەتێکی خەیاڵیی پێبەخشیبوو، کاتێ بوو بە واقیعێك کە قابیلی تەحەمولکردن نەبوو کە عەرەبانەکـە بـەناو رەشـاوی شـەقامەکاندا بـەخوارو خێـچی کەوتـەڕێ، ئـەو جێگایـەی کـە سیسارکەکەچەڵەکان وەها لەسـەر پاشمـاوەی قەسابخانەکان شـەڕیان دەکـرد کـە دەتـوت نێـچیرێکی تازەیـەو یەکـەم خێـزاوی دەریـا خـستوویەتیە کـەنارەوە. بەپێـچەوانەی شـاری مەسـتولەکانەوە کـە خانووەکانیـان لەبـەرد دروسـتکرابوون، خانووەکـانی ئێـرە لەپارچـە تەختـە دروستکرابوون و سەربانەکانیان لەوح و زۆربەی خانووەکان لەسەر کۆڵەکەی تەختە دروستکرابوون لە هەڵچوونی گواوی زێرابە سەربەتاڵەکان دەیپاراستن کەمیراتی ئیسپانییەکان بوو. هەموو شتێ بۆنی نەگبەتیی لێدەهات و هـەموو شوێنێ وەك کاولـە دەهاتـە بەرچـاو. بـەڵام لەمەیخانـە پیـسەکانەوە نـەڕەی مۆسـیقایەکی ئاسـت نـزم دەهاتـە گـوێ کـە گـەواهی بـەرپاکردنی ئاهـەنگی

مەستانە وخودانەناسانەی جەژنی پەنجاهەمین بوو لەلایەن هەژارانەوە. تا ئەمان ماڵەکەیان دۆزییەوە، رەوەیەك منالی شرۆلە کە بەدوای عەرەبانەکەوەبوون و عەرەبانچییەکە ناچاربوو بەقامچی دووریان بخاتەوە، گاڵتەیان بەجلوبەرگی عەرەبانچییەکە دەکرد کەلەوە دەچوو بۆ شانۆگەریی لەبەری کردبێت. بەڵام دکتۆر ئۆربینۆ کە ئامادەبوو بۆ دیدارێکی نهێنی، زۆر درەنگ هەستی بەوە کرد کە هیچ ساویلکەییەك لە ساویلکەیی تەمەنی ئێستای ئەم ترسناکتر نییە.

دیمەنی دەرەوەی خانووە بێژمارەکە، جگە لە پەنجەرەکانی کە پەردەی موشەبەکیان پێوەبوو لەگەڵ دەرگای بەشکۆی پێشەوەی کە لە کەنیسەیەکی کۆنەوە هێنرابوو، هیچ خاڵێکی جیاواز لەخانووەکانی تەنیشتی جیای نەدەکردەوە. عەرەبانچییەکە بەئەڵقە رێزەکە لەدەرگاکەیداو کاتێ لەراستی ناونیشانەکە دڵنیابوو، یارمەتی دکتۆریدا بۆئەوەی لەعەرەبانەکە دابەزێت. دەرگاکە بێدەنگ کرایەوە لەناو دروازە تاریکەکەیدا ژنێکی کامڵی رەشپێست وەستابوو کەگوڵێکی سووری دابوو لەپەنا گوێی. وێرای تەمەنی کە لەچل ساڵ کەمتر نەبوو، هێشتا دوورەگێکی سەرکەش بوو بە دووچاوی درەوشاوەی ئاڵتوونیی زاڵمانەوە، قژی لە بنا تاشی بوو وەکو کڵاوخودەیەکی پۆڵاین بەسەریەوە لکابوو. دکتۆر ئۆربینۆ نەیناسییەوە، ئەگەرچی چەندان جار بەرووناکیی و لە سایەی رووناکیی یاری شەترەنجدا لە وێنەگرەکە دیبووی و جارێکیش لەبۆنەیەکدا بۆ تای سێینە وەرەقەی دەرمانی بۆ نووسیبوو. دکتۆر دەستی تەوقەی بۆ درێژ کرد ژنەش زیاتر بۆ ئەوەی یارمەتی بدات بۆ چوونە ژوورەوە دەستی دکتۆری خستە ناو دەستییەوە تا بۆ خۆشی و چلۆنی و بەخێرهاتن. ژووری دانیشتن، کەشوهەواو ورتە ورتی نهێنی ئامێزی بێشەو جەنگەڵێکی هەبوو، پڕبوو لەشتی بەنرخ و مێژو کورسییەك، هەموو شتێ بەرێکوپێکی و لەشوێنی خۆی دانرابوو. دکتۆر ئۆربینۆ یەکسەر دووکانی ئەنتیکە فرۆشی ژمارە

بیست وشەشی شەقامی مۆنتمارتی پاریسی لەدووشەممەیەکی پایزی سەدەی رابردوودا بەیاد هاتەوە. ژنەکە لە بەردەمیدا دانیشت و بەئیسپانییەکی شەق و شڕ وتی:

-ماڵی خۆتانە دکتۆر، چاوەڕوانم نەدەکرد بەمزووانە بێیت!

دکتۆر ئۆربینۆ هەستیکرد رازەکەی ئاشکرابووە. بەئاشکرا لە ژنەو، لەماتەمی گران و غەمباری قورسی راماو تێگەیشت کە ئەم سەردانەی، هەڵسوکەوتێکی بێسوودە. چونکە ژنە دەربارەی هەمووشتێك و هەموو مەسەلەیەك کە لە نامەکەی جێرمیا دی سانت ئاموردا هاتبوو، زیاتر لەو ئاگاداربوو. راستی مەسەلەکە ئەوەبوو کە ژنەکە تا چەند سەعاتی بەرلەمردنی جێرمیا لەگەڵیدا ببوو، هەروەکو چۆن نیوەی تەمەنی بە لەخۆبردوویی و میهرەبانییەکی کۆیلانەوە لەگەڵ بەسەر بردبوو کە زیاتر لەخۆشەویستیی دەچوو، بێئەوەی لەم پایتەختە بەرچاوتەنگە هەرێمدا کە تەنانەت نهێنییەکانی دەوڵەتیش هەموو کەسێك دەیزانی، کەس شتێك لەم بارەیەوە بزانێت. ئەم دوانە لەخەستەخانەیەکی حەوانەوە لە (پۆرت ئۆ پرینس) کەشوێنی لەدایکبوونی ژنەکەبوو، جێرمیادی سانت ئامور ساڵانی سەرەتای هەڵاتنی لەوێ بەسەر بردبوو یەکتریان ناسبوو. ژنەکە ساڵێك دوای هاتنی جێرمیا بەنیازی سەردانێکی کورت بە دوایدا هاتبووە ئێرە. ئەگەرچی هەردووکیان بەبێ بڕیارێکی لەپێشدادراو دەیانزانی کەهاتووە بۆ ئەوە بەشێوەیەکی هەمیشەیی بمێنێتەوە. ژنەکە هەفتەی جارێك ژووری فیلم شتنەوەکەی پاك دەکردەوەو رێکیدەخست و تەنانەت ئەو دراوسێیانەشی کە بەخراپترین شێوە بیریان دەکردەوە ئەوەی بە رووکەش دەیانبینی وەکو راستی لێکیاندەدایەوە. چونکە ئەوانیش وەك هەر کەسێکی تر بۆ چوونیان وابوو کە بێتوانایی جێرمیا دی سانت ئامور تەنها پەیوەندی بەرێکردن و هاتوچۆوە نییە. خودی دکتۆر ئۆربینۆش بە کۆمەڵێ بەڵگەی پتەوی پزیشکی هەروا مەزەندەی دەکردو ئەگەر خودی جێرمیا دی سانت ئامور

لەنامەکەیدا بابەتەکەی ئاشکرا نەکردایە، هەرگیز نەیدەتوانی باوەڕبکات کەژنێك لەژیانی هاوڕێکەیدا هەیە. بە هەرحاڵ، تێگەیشتنی ئەو مەسەلەیە بەلایەوە قورس بوو کە دوو کەسی کامڵ بەبێ هیچ رابردوویەك و لەناو ژیانی پڕ رەگوڕیشەی دەمارگیریی کۆمەڵگایەکی داخراودا، مەترسییەکانی خۆشەویستییەکی قەدەغەکراو و ناشەرعییان هەڵبژاردبێت. ژنەکە وا باسی لە مەسەلەکە کرد: " ئەوە داخوازی ئەو بوو." لەمەش بترازێت، ژیانێکی نهێنی بەهاوبەشی لەگەڵ پیاوێکدا کە هەرگیز بە تەواوی موڵکی ئەو نەبوو، ئەمان لەرێگەی ئەو ژیانەوە تەقینەوە لەناکاوەکانی خۆشبەختییان دەناسی، بەلای ژنەکەوە پڕ سووکایەتی نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە: ژیان ئەوەی نیشاندابوو رەنگە ئەم جۆرە ژیانە بتوانێت ببێتە سەرمەشق.

شەوی رابردوو جێرمیاو ژنەکە هەریەکە بەجیاچووبوون بۆ سینەما، و لەسەر دووکورسی لە دووری یەکەوە دانیشتبوون، هەروەکو لەوکاتەوەی کۆچەری ئیتالیایی دۆن گالیلۆ داکونتێ، هۆڵی سینەمای سەربەتاڵی لەوێرانەکانی دێرێکی سەدەی حەڤدەدا کردبۆوە، مانگی دووجار ئەم کارەیان دەکرد. ئەم جووتە فیلمی " بەرەی خۆرئاوا ئارامە" یان بینی، ئەو فیلمەی لەسەر ئەو رۆمانە بەرهەم هێنرابوو کە ساڵی رابردوو بەناوبانگ بوو، و دکتۆر ئۆربینۆ خوێندبوویەوە و دڕندەیی جەنگ دڵی بریندارکردبوو. پاشان لە وێنەگرەکە یەکتریان بینی، ژنە جێرمیای لە قووڵایی بیرکردنەوەو غەمی غوربەتدا بینی، هەستیکرد بەهۆی کاریگەریی دیمەنە دڵ پڕوێنەکانی مردنی پیاوە بریندارەکانەوەیە لەناو قوڕو چڵپاودا. بەمەبەستی دوورخستنەوەی لەو خەیاڵاتە داوای لێکرد پێکەوە شەترەنج بکەن و جێرمیاش بە مەبەستی رازیکردنی دڵی ژنە قبوڵی کرد، هەڵبەتە بەگوێ پێنەدانەوە بەداشە سپییەکان یاری کرد و پێش ئەوەی ژنەکە هەستی پێبکات بەوەی زانی کە بەچوار جووڵەی تر یارییەکە دەدۆڕێنێت، بۆیە بەسنگ فراوانییەوە تەسلیمبوو. کاتێ دکتۆر تێگەیشت کە رکابەری

دوایاری وەك گومانی دەکرد، جەنەراڵ "خێرو نیمۆ ئەرگوتیٚ" نەبووە، بەڵکو ئەم ژنەبووە، بە سەرسامییەوە بە ورتە ورت وتی:

–یارییەکی وەستایانەبوو!

ژنە سووربوو لەسەر ئەوەی شتێکی وای نەکردووە کە شایانی ئافەرین بێت، بەڵکو جێرمیا دی سانت ئامور، وەکو وێڵێك لەناو تەمومژی مەرگدا، بەبێ خۆشەویستیی داشەکانی جووڵاندبوو. لەسەعات یانزەو چارەکدا لەکاتێکدا کە مۆسیقای سەمای گشتی وەستابوو، یارییەکەی راگرت، داوای لە ژنە کرد بەتەنیا بەجێی بهێڵێت. دەیەویست نامە بۆ دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ بنووسێت کە بەلایەوە بە ویقارترین پیاو بوو کەتا ئێستا لە ژیانیدا ناسیبێتی، حەزی دەکرد پێی بڵێت هاوڕێی گیانی بەگیانی، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە تەنها پەیوەندی نێوان ئەم دووانە ئالوودەییان بوو بەیاری شەترەنجەوە کە بە دیالۆگێکی عەقڵییان دەزانی نەك بەزانستێك. ئەوسا ژنە زانی کەجێرمیا دی سانت ئامور گەیشتۆتە کۆتایی ئەشکەنجەو ئازارەکانی و تەنها هێندەی لەژیاندا بۆ ماوەتەوە کە نامەیەکی تێدا بنووسێت. دکتۆر نەیدەتوانی باوەڕی پێبکات، هاواری کرد:

–کەواتە تۆ دەتزانی!

ژنە جەختی لەوە کردەوە کە نەك هەر دەیزانی، بەڵکو بەهەمان ڕادە کە لە دۆزینەوەی لەزەت و خۆشی عاشقانەدا یارمەتی دابوو لە تەحەمولکردنی ئەشکەنجەکانیشدا پشت وپەنای بوو چونکە ئەوەی کە ئەم یانزە مانگەی دوایی ئەوی پێکدەهێنا بریتی بوو لە ئەشکەنجەیەکی زاڵمانە.

دکتۆر وتی" ئەرکی سەرشانت بوو کە مەسەلەکە ئاشکرا بکەیت!"

ژنە بە تۆقیوییەوە وتی:" نەمدەتوانی ئەوکارە بکەم، لەبەرئەوەی زۆرم خۆشدەویست!"

دکتۆر ئۆربینۆ کە وابیری دەکردەوە گەلێ شتی جۆراو جۆری بیستووە، هەرگیز شتێکی لەم بابەتەی بە دەربڕینێکی وا سادە نەبیستبوو.

دکتۆر ئۆربینۆ بەوردی تەماشای ژنەکەی کردو بە هەموو هەستەکانییەوە هەوڵیدا بە هەمان شێوە لەوساتەدا وەك خۆی لە یادەوەری خۆیدا بەرجەستەی بکات: بێپەروا، رەشپۆش، بە دووچاوی وەك هی مار کاریگەرو گوڵە سوورەکەی پەنا گوێیەوە، وەکو بتی دەریایەك دەهاتە بەرچاو. ماوەیەکی زۆر پێش ئەوە، لە کەنارێکی لاچەپ لەهاییتی، لەوشوێنەی ئەم دوانە دوای یەکتر لەئامێزگرتن بەڕووتی لەتەنیشت یەکەوە راکشابوون، جێرمیا دی سانت ئامور ئاخێکی هەڵکێشابوو وتبووی" من هەرگیز پیرنابم" ژنە ئەم قسەیەی وەکو عەزمێکی دلێرانە لە بەربەرکانێیەکی بێئاماندا لە دژی ستەم لێکدایەوە. بەڵام جێرمیا لەوە ڕاشکاو تربوو: بڕیاری بێچەندو چونی دابوو کە تەمەنی گەیشتە حەفتا ساڵی، بەویستی خۆی کۆتایی بەژیانی بهێنێت.

لە راستیدا جێرمیا لە بیست وسێی کانوونی دووەمی ئەم ساڵدا گەیشتبووە تەمەنی حەفتا ساڵی و شەوی پێش جەژنی پەنجاهەمین واتە گرنگترین جەژن لە شارەکەدا تایبەت بەرێورەسمی (روح القدس) مێژووەکەی دیاری کردبوو. تەنانەت یەك خاڵ سەبارەت بەشەوی رابردوو نەبوو کە پێشوەخت نەیزانیبێت. ئەم جووتە زۆر جار لەبارەی ئەو شەوەوە قسەیان دەکردو پێکەوە بەدەست هێرشی رۆژەکانەوە کە باربوو نەدەکرانەوە، ئازاریان دەچێشت کە هیچیان توانای وەستاندیان نەبوو. جێرمیا دی سانت ئامور بە شەوق و زەوقێکی گێلانەوە حەزی لەژیانبوو، عاشقی دەریاو خۆشەویستیی، عاشقی سەگەکەی و عاشقی دڵدارەکەی بوو، هەر کە لە رۆژی دیاریکراو نزیك دەبۆوە، بەرە بەرە تەسلیمی نائومێدی دەبوو، دەتوت ئەو مەرگە بەبڕیاری خۆی نییە بەڵکو چارەنووسێکی بێڕەحمە.

ژنە وتی:

-شەوێ کاتێ بەتەنیا بەجێم هێشت، تەنها هەر بە سەر زیندوو بوو.

ژنە ویستبووی سەگەکە لەگەڵ خۆیدا ببات، بەڵام جێرمیا لەسەگەکە رامابوو کە لە تەنیشت دارشەقەکانییەوە خەوە نوتکێی ببوو، سەری پەنجەکانی بەسەری سەگەکەدا هێنابوو وتبووی" بەداخەوە، مستەر وودرۆ ویلسن لەگەڵ من دێت" پاشان داوای لێکرد لەو کاتەدا کە نامەکە دەنووسێت سەگەکە بەیەکێك لە قاچەکانی قەرەوێڵەکەوە ببەستێتەوە، ژنە قوڵفی لە حەبلەکە دابوو بۆ ئەوەی سەگەکە بتوانێت خۆی رزگاربکات. ئەمەش تاکە کاری ناڕاستگۆیانەی بوو کە حەزێك ناراستەی دەکرد بۆ ئەوەی بەمانەوەی سەگەکە لەچاوانی زستانەیدا بەبەردەوامیی یادی خاوەنەکەی بکاتەوە. بەڵام دکتۆر ئۆربینۆ قسەکەی پێبڕی تا پێی بڵێت سەگەکە خۆی رزگار نەکردبوو. ژنە وتی: " کەواتە لەم حاڵەتەدا نەیویستووە خۆی رزگار بکات" خۆشحاڵبوو چونکە پێی خۆشبوو دڵدارە مردووەکەی بە هەمان شێوە کە شەوی رابردوو داوای لێکردبوو بەیاد بهێنێتەوە. جێرمیا دی سانت ئامور بەرلەوەی نووسینی نامەکە تەواو بکات وەستابوو بۆ دواجار تەماشای کردبوو، وتبووی:

-بەگوڵێکی سوور یادم بکەرەوە!

ژنە کەمێك دوای نیوە شەو گەڕابۆوە بۆ ماڵەوە و بێئەوەی جلەکانی دابکەنێت لەسەر قەرەوێڵەکەی راکشابوو، یەك لە دوای یەك جگەرەی کێشابوو، دەرفەتی بەکابرا دابوو بۆ ئەوەی ئەو نامەیە تەواو بکات کە دەیزانی قورس و دووردرێژە. کەمێك دوای سەعات سێ کاتێ سەگەل دەستیان کرد بە قروسکەو وەڕین کرد، بۆ لێنانی قاوە ئاوی خستە سەر زۆپاکەو سەراپا بەرگی رەشی پرسەی لەبەرکردو یەکەم گوڵی سووری بەرەبەیانی لەحەوشەکە چنی. دکتۆر ئۆربینۆ تازە هەستیکرد کە چۆن یەکسەر دەستبەرداری یادەوەریی ئەو ژنە بووە کە قابیلی دەستبەرداربوون نییە.وای بەخەیاڵدا هات کەدەزانێت بۆچی، تەنها کەسێکی بێڕێباز دەتوانێت لە بەرامبەر غەم وخەفەتدا ئەوەندە دان بەخۆیدا بگرێت. ژنە هەتا

کۆتـایی سـەردانەکە بەڵگـەی باشـتری نیـشانی دکتـۆردا. نەدەچـوو بـۆ ڕێـورەسمی ناشتنەکە. چونکە ئەمە بەڵێنێك بوو کە بە دڵدارەکەی دابوو. گەرچی دکتۆر ئۆربینۆ پێیوابوو لەیەکێك لە بڕگەکانی نامەکەدا پێچەوانەی ئەوەی خوێندۆتەوە. ژنە یەك دڵۆپ فرمێسکی بۆ ناڕێـژێت وباقی ساڵانی تەمەنی بە دڵەڕاوکێی نقومبوون لەناو مەنجەڵی لەکوڵی یادەوەرییدا بەفیڕۆ نادات وەکو لە بێوەژنەکانی وڵات چاوەڕوان دەکرا لەناو چوار دیواری ماڵدا بەدەم کفن دوورینەوە، خۆی زیندە بەچاڵ ناکات. بەنیازبوو خانوو، شمەکی ناو ماڵەکەی جێرمیا دی سانت ئامور کە بەپێی نامەکە دەبوون بەهی ئەو بفرۆشێت و وەکو هەمیشە بەبێ گلەیی لەژیان لەناو تەڵەی مەرگی هەژاراندا، واتە لەوشوێنەی تیایدا خۆشحاڵبووە درێژە بەژیان بدات. ئەم وشانە بەدوای دکتۆر ئۆربینۆوە بوون لە کاتێکدا بەرەو ماڵەوە بەڕێوەبوو: تەڵـەی مەرگی هـەژاران وەسـفێکی بێهـوودە نـەبوو. چـونکە شـارەکەی ئـەو بـەبێ گـۆڕان لـەرەوتی زەمانـدا وەسـتابوو: هـەمان شـاری وشـك و برینگ و گڕگرتـوو، پڕ مەترسی شەوان و ئەو لەزەتانەی لەتەمەنی باڵغبوونیدا لێیان مەحروم بووە، ئەو شوێنەی کە گوڵـەکان تیایدا ژەنگیـان هەڵدەهێناو خویٚ بۆگـەن دەبوو، ئـەو شـوێنەی لـەماوەی چـوار سـەدەدا هـیچ تیایـدا ڕوویـنـەدابوو، جگـە لـە پیربـوونی بـەرە بـەرەی دارە پـەژموردەکانی (غـار)و زەلکـاوە بۆگەنـەکان. لەزسـتاندا بـارانی لـەناکاوی وێرانکـەر دەبـووە هـۆی لافـاو هەسـتانی ئاودەستخانە گشتییەکان و شەقامەکانی دەکرد بەڕەشاوی هێڵنجهێنەر. لە هاویندا تـەپوتۆزو گـەردی نادیـارو زبـر وەکـو دەباشـیری سـوور بەسـەرکۆڵی بـای کێوییـەوە تەنانـەت خـۆی دەکـرد بـە مەحکـەمترین گۆشـەی خەیاڵـدا، سـەربانی خانووەکـانی هەڵدەکەنـدو منـاڵانی دەبـرد بەئاسمانـدا. شـەموان، دوورەگـە هـەژارەکان بـە ئـاژەڵی مـاڵی و کەلوپـەلی ناومـاڵ و خـواردن و خواردنەوەی هەرزان بەهایانەوە، خانووە قەرەباڵغ و پڕ دەنگە دەنگەکانیان بەجێدەهێشت کە لەتەنەکە و کارتۆن دروسکرابوون و کەوتبوونـە کـەناری

زەلکاوەکانەوە، ئەوسا بە هێرشێکی پڕ چوست وچالاکییەوە بەرەو کەنارە لماوییەکانی سنووری کۆلۆنییەکان ملیان دەنا. هەتا چەند ساڵ بەر لە ئێستا چەند کەسێ لە بە تەمەنەکانیان هێشتا نیشانەی کۆیلایەتی پاشایەتییان پێوەبوو کە بە ئاسنی سوورەوە کراو لەسەر سنگیان کوترابوو. بەدرێژایی پشووەکانی کۆتایی هەفتە بێئامان سەمایان دەکرد، خۆیان بە عەرەقی فەل سەرخۆش دەکرد، لەناو لق و پۆپە چرەکانی درەختی (ئیکاکۆ)دا بەشێوەی تەگەو بەرانیی سێکسیان دەکردو لەنیوەشەوی یەکشەممەدا بەشەڕو پێکادانی خوێناوی سوورروساتەکەیان تێکدەدا. لەماوەی باقی رۆژەکانی هەفتەدا هەر ئەم کەسانە زۆر بێپەروا بەو عەرەبانانەوە کە هەموو شتێکیان لەسەر دەکڕرا و دەفرۆشرا، لەمەیدان و کۆڵانەکانی قەراغی شاردا قەرەباڵغییان دەکردو بەشێتیی بازاڕێکی پڕ قۆڵبرینی مرۆڤەوە، قرقێنەیان لێدەدا کە بۆنی ماسی برژاوی لێدەهات، ژیانێکی تازەیان دەکرد بەجەستەی شارە مردووەکەدا.

سەربەخۆیی و رزگاربوون لە دەسەڵاتی ئیسپانیاو پاشان نەمانی کۆیلایەتی، هەلومەرجی لەناوچوون وئاوابوونێکی پڕشانازیی هێنایە پێشەوە، کە تیایدا دکتۆر خۆڤیناڵ ئۆربینۆ هاتبووە دنیاوەو پەروەردە ببوو. خێزانە گرنگ و کۆنەکان خۆیان لەناو بێدەنگیی و کۆشکە وێرانەکانیاندا ونکرد. بە درێژایی شەقامە بەردڕێژ کراوەکان کە پڕ بوون لە بەرزی ونزمی هەرێز و گژوگیای خشۆك لەباڵکۆن و درزی دیوارە سپییەکانی ئەو خانووە گەورانەوە کە مابوونەوە شۆڕببوونەوە، کە بەوشکی و لەکاتی هێرشی لەناکاوی دزانی دەریادا زۆر باش بەکاردەهاتن. تاکە نیشانەی ژیان لە سەعات دووی پاش نیوەڕۆدا، راهێنانی بێگیانی پیانۆ بوو کە لەبەر رووناکی کزی ناوماڵەکان دەژەنرا. لەناو ماڵەکان و لە ژووری نووستنی ساردو پڕ لەبۆنی بخوردی بۆنخۆشدا، ژنان وەها خۆیان لە تیشکی خۆر دەپاراست وەك ئەوەی تیشکی خۆر نەخۆشییەکی سەرتاپاگیری نەنگین

بێت. تەنانەت لە سەرەتای ڕێوڕەسمی عەشای ڕەببانیدا دەموچاوییان لەژێر لەچکدا دەشاردەوە. مەسەلەی خۆشەویستییشیان سەخت و بێگیان بوو، زۆر جاریش چەند خەیاڵیکی شووم ئەم خۆشەویستییەی دەشێواندو ژیان بیکۆتایی دەهاتە بەرچاو. شەوان، لە ساتەوەختی ئاپۆرەی هاتوچۆدا، گەردەلوولێك لە مێشوولەی خوێنمژ لەزەلکاوەکانەوە هەڵیدەکرد و شەپۆلێکی سووکی بۆن گوی گەرم و نائومێدکەر، ڕاستی مەرگی لەقووڵایی گیانی مرۆڤدا دەبزواند.

... بەمشێوەیە ژیانی ڕاستەقینەی شارێکی کۆلۆنی کە دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆی گەنج حەزی دەکرد لەغوربەتی پاریسیدا وێنەیەکی نموونەیی پێببەخشێت، جگە لەوەهمێکی یادەوەریی شتێکی دیکە نەبوو. لە سەدەی هەژدەدا بازرگانیی ئەم شارە لە دەریای کاریبیدا لە هەموو شارەکان گەشاوەتر بوو، ئەمەش لە بنەڕەتدا لە ئیمتیازێکی بێبەهاوە سەرچاوەی دەگرت کە لەقارەی ئەمریکادا بەگەورەترین بازاڕی کۆیلەی ئەفریقایی لەقەڵەم دەدرا. هەروەها ئەم شوێنە شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی فەرمانڕەوایانی تازەی گرانادا بوو کە پێیان باشبوو لەجیاتی پایتەختە دوور وساردەکەیان لێرەوە فەرمانڕەوایی کەنارەکانی ئۆقیانووسی گەورەی جیهان بکەن کە لەبەر وردە بارانی کۆن وسەد ساڵەدا کە هەستی واقیعی بوونیانی دەشێواند. ساڵی چەند جارێ، ئەو گەلە کەشتییەی کە گەنجینەکانی (پۆتۆسی) و (کۆیتۆ) و (ڤیرا کروز) یان هەڵدەگرت، لەکەنداوەکەیدا کۆدەبوونەوە و شارەکە لەساڵانی درەوشانەوەو ناوبانگیدا بوو. ڕۆژی هەینی، هەشتی حوزەیرانی ١٧٠٨، سەعات چواری پاش نیوەڕۆ، کەشتی (سان خوسێ) چارۆکەکەی کردەوە و بەبارێکی بەردو کانزای گرانبەهاوە بەرێکەوت کە بەپێی پارەی باوی ئەو ڕۆژگارە بایی نیو ملیۆن پیزۆ دەبوو. ئەم کەشتییە لە دەروازەی بەندەرەکەدا لەرێگەی کەشتی گەلێکی ئینگلیزییەوە نقوم کرا کەتا دوو سەدەی تەواو دوای ئەوە هێشتا

دەرنەهێنرابۆوە. ئەو گەنجینە کەوتووەی کەناری مەرجانی لەگەڵ لاشەی بە دەما کـەوتووی نقوومبـووی کەشـتیوانەکە لەشـوێنی فەرمانـدەیی کەشتییەکەدا، چەند شتێك بوون کە لەلایەن مێژوونووسەکانەوە وەکو چەند نیشانەیەکی شارێکی نقوومبوو لەیادەوەرییدا مابوونەوە.

لەرۆژگارێکی دیکەدا، ماڵی دکتۆر خۆڤینالْ نۆربینۆ لەکەرەکی لامانگا بوو کە کەوتبووە لایەکی تری کەنداوەکەوە. خانوویەکی یەك نهۆمی گەورەو فێنك بوو کە هەیوانێکی هەبوو لەسەر سەکۆکەی دەرەوە کەکۆڵەکەی یۆنانی رایـانگرتبوو، بەسـەر زەلکـاوی هـەڵمی بۆگـەن و پارچـەی کەشـتییە نقوومبووەکـانی کەنـداودا دەیڕوانـی. لـەدەروازەی ماڵەکـەوە هـەتا موبـەق، زەوی ژوورەکـان بەکاشـی تـەخت رەش و سـپی وەك داشمـاڵی شـەترەنج داپۆشـرابوو ئەمـەش زیـاتر شـەوق و زەوقـی باڵادەسـتخوازیی دکتـۆری لەشەترەنجدا وەدی دەهێنا کە بەسەریدا زاڵبوو، بەبێ ئەوەی ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە ئەم لاوازییە لای پیشەوەرە کەتەلۆنییەکان کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا گەرەکەکـەیان بۆ تـازە پیاکـەوتووەکان دروست کردبـوو شـتێکی بـاوبووە. هـۆڵی پێـشوازیی فراوانبـوو، سـەقفەکەی وەکـو سـەقفی بـاقی خانووەکـە زۆر بـەرز بـوو، شـەش پەنجـەرەی ئاوداماـنی تێـدابوو کەبەسـەر شـەقامەکەدا دەیـانڕوانی، ئـەم هۆڵـە بـەهۆی دەرگایـەکی گـەورەوە لـەژووری نانخواردن جیادەکرایەوە کەپڕبوو لە نەخش و نیگاری چەند تاکێکی ئاڵۆز و پڕ لق و پۆپی هێشووی ترێ و وینەی کچی شۆخ کە نای خودایی کێڵگەیان بەدەستەوەبوو لـەناو دارستانی برۆنـزدا. کەلوپـەلی ژووری میـوان جگـە لـە سەعاتێکی باندۆلی کە وەکو قەرەوڵێکی زینـدوو لەهۆڵی پێشوازییدا بوو، هـەموویان نموونـەی ئەسڵی ئینگلیـزی کۆتـایی سـەدەی نۆزدە بـوون. چرا هەڵواسراوەکان هەموویان کریستاڵی مەڕ مەڕ بوون و گوڵدان و قاپ و جامی چینی سیڤرس پەیکـەری بچووکی مەڕمـەڕی بـتی بت پەرسـتان لەهـەموو جێگایـەکی ماڵەکـەدا بەرچـاو دەکـەوتن. بـەڵام ئـەم گونجاندنـە ئەورووپاییە

لەباقی بەشەکانی ماڵەکدا بەدی نەدەکرا. واتە لەوێدا کە کورسی دەسکاری دار بی و کورسی بزۆزی ڤیەننایی و مێزی چەرمی دەسکاری وەستای خۆماڵیی تێکەڵ دەبوون. پەردە کوڵلەی ناسکی فاسینتۆ کە قەراغەکانی رەنگاو رەنگ بوو، ناوی خاوەنی پەردە کوڵلەکە بەپیتی گۆتیک بەداوی ئاوریشم بەچنین نووسرابوو لە ژووری نووستندا بەدرێژایی سیسەمەکان هەڵواسرابوون. تەنیشت ژووری نانخواردن ئەو فەزایەی کە لە بنەڕەتدا بۆ نانخواردنی ئێوارە تەرخان کرابوو وەك ژوورێکی مۆسیقای بچووك بۆ کۆنسێرتی خۆمانە بەکار دەهات لەو کاتانەدا کە چەند مۆسیقاژەنێکی بەناوبانگ دەهاتنە شارەوە. بەمەستی زیادکردنی هێمنی و بێدەنگی ماڵەکە، کاشییەکان بە قاڵی تورکی داپۆشرابوون کەلە پیشانگەیەکی جیهانی کاڵادا لەپاریس کڕرابوون. گرامافۆنێکی مۆدیلی تازەی ڤیکترولا لەتەنیشت ئەو رەفەیەوەبووکە کۆمەڵێ کاسێتی بەجوانی ریزکراوی لەسەر بوو. ئەو پیانۆیەی کە ساڵانێکی زۆر بوو دکتۆر ئۆربینۆ نەیژەندبوو، لەگۆشەیەکدا بوو چەرچەفێکی مانیلای پێدا درابوو. لە سەراپای ماڵەکەدا دەکرا وردیی و سەلیقەو زیرەکیی ژنێکی سەنگین وسەلار بەدی بکرێت.

بەڵام هیچ ژوورێکی تر بەقەد کتێبخانەی ماڵەکە کە تا کاتی گیرۆدەبوونی دکتۆر بەدەست چنگاڵی پیرییەوە، خەڵوەتگای بوو ئەو وردیی و سەلیقەو شارەزاییەی نیشان نەدەدا. کتێبخانەکە، بەچواردەوری میزێکی دارگوێزی نووسنیدا کەهی باوکی بوو لەگەڵ چەند کورسییەکی فەرەحی چەرمیدا دانرابوو. سەراپای دیوارەکانی ژوورەکە تەنانەت پەنجەرەکانیشی رەفەی کتێب بوو کەدەرگای شووشەیان هەبوو، بەشێوەیەکی تەقریبەن شێتانە جێگای سێ هەزار کتێبی تێدا کرابۆوە و کتێبەکانی بەشێوەیەکی بێوێنە رێکخستبوو، ناونیشانی کتێبەکان جوان دیاربوو کە بە خەتی ئاڵتوونی نووسرابوون. بەپێچەوانەی باقی ژوورەکانی ترەوە کە لەبەر رەحمەتی هات و هاوارو بای بۆن ناخۆشی بەندەرەکەدا بوون، کتێبخانەکە

هەمیشە ئارامی و بۆنی خۆشی دێرێکی هەبوو. دکتۆر ئۆربینۆ ژنەکەی که لەناو خورافە پەرستی کاریبی دا لەدایك ببوون و گەورە ببوون کە بەپێی یەکێ لەخورافەکانی دەرگاو پەنجەرەکان بۆ ئەوە دەکرانەوە کە سەرمایەك بێتە ژوورەوە که لە بنەڕەتدا وجودی نەبوو، لە سەرەتادا هەستیان دەکرد دڵیـــان لـــەناو فـــشاری ئابڵوقـــەدا دەگـــیرێ بـــەڵام لەکوتاییـــدا بـــۆ رووبەڕووبوونەوەی گەرما تەگبیری رۆمەکانیان پەسەندکرد کە بریتی بوو لە گرتنی پەنجەرەو وکەلەبەری تری ماڵەکە لە گەرمای مانگی ئابدا بۆئەوەی هـەوای سووتێنەری شـەقامەکان نەیەتـە ژوورەوە و بەتـەواوی کردەنـەوەیان بەشەو بە رووی شەماڵی شەوانەدا، لەوکاتە بەدواوە ماڵەکەی ئەمان بوو بە فێنکترین مـاڵ لەبـەر هـەتاوی سـووتێنەری لامانگـادا و سەرخەوشـکاندنی نیوەڕۆیـان بەلەزەتـەوە لـەژووری نووسـتنی تاریکـدا دەگوزەرانـد، پـاش نیـوەڕوان لەبەرهەیوانەکـە دادەنیـشتن و تەماشـای تێپـەڕینی کەشـتییە بارهەڵگرە دوکەڵاوییە کۆنەکانی نیوئۆرلیانز یان دەکرد، لەتاریکیدا کەشتی تەختـەیان دەبینی کەپاشکۆیان تایەی پێوە بوو، رووناکی بەوناوەدا بڵاو دەکـردەوە، بـە ئـاوازی تێپـەڕبوونیان سـەرەنوێلکی بۆگـەنی کەنـداویان لەسەرئاوەکە شەق دەکرد. هەروەها ئەم ماڵە لەماوەی مانگی کانوونی یەکەم تا مارت پەناباترین شوێن بوو، واتە لەوکاتەدا کە بای باکوور سەربانەکانی هەڵدەکەندو شەوان وەکو دێڵە گورگی برسی بەدوای کونێکدا دەگەڕا تا خۆی تێبخزێنێ. کەس ئەوەی بەخەیاڵدا نەدەهات کە ژن و مێردایەتییەکی سـەقامگیر لەسـەر پایـەو بناغەیـەکی ئـاوا لەبـەر هـەر هۆیـەك بێـت ئاوێتـەی خۆشبەختیی نەبێت.

به هەرحاڵ، دکتۆر ئۆربینۆ ئەو رۆژە پێش سەعات دە کاتێ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بەختیار نەبوو. چونکە شڵەژاوی دوو سەردان بوو کە نەك تەنها ناچاریان کردبوو عەشای رەببانی جەژنی پەنجاهەمینی لەکیس بچێت بەڵکو لەبەردەمی ئەو هەڕەشەیەشدا بوو لەتەمەنی کامڵبوونی تەواویشدا دەبێت

بگۆڕێت کەپێی وابوو هیچی لێ نەماوەتەوە.دەیەویست بەرلەوەی بچێت بۆناهەنگەکەی دکتۆر لاسیدیس ئۆلیڤیا کە نیوەڕۆخوانێ بوو، سەرخەوێکی کورت بشکێنێ. بەلام خزمەتکارەکانی بینی بەیەکادێن بۆ هێنانە خوارەوەی تووتییەکە کە کاتێ لەقەفەزەکەی دەریان هێنابوو، ویستبوویان باڵی بکەن لەدەستیا بەر ببوو، پەڕیبووە سەر بەرزترین لقی دار مانگاکە. تووتییەکە باڵندەیەکی تووڕەی شێت بوو کاتێ بیانویستایە قسە بکات نقەی لێوە نەدەهات و ئەگەر نەشیان ویستایە قسەبکات هێندە بە شیرین زمانی قسەی دەکرد کە قسەکردنی ئاوا لەنێو ئینسانشدا کەموێنەبوو. خودی دکتۆر ئۆربینۆ ببووە مامۆستای ماڵەوەی، ئەم سیفەتەش لە هیچ کەسێکی تری خێزانەکەدا نەبوو، تەنانەت لەکوڕوکچەکەشیدا کاتێ گەنج بوون.

تووتییەکە زیاتر لە بیست ساڵبوو لەماڵەکەدا دەژیاو کەسیش نەیدەزانی بەرلەوەش چەند ساڵ ژیاوە. دکتۆر ئۆربینۆ هەموو پاش نیوەڕۆیەک، پاش سەرخەوشکاندن، لەسەر سەکۆی حەوشەکە کەفێنکترین شوێنی ماڵەکەبوو، لەگەڵ تووتییەکەدا دادەنیشت و قورسترین شێوازی پەروەردەی بەکاردەهێنا بۆئەوەی فێری زمانی بکات. تا وای لەتووتییەکە کرد بەزمانی فەرەنسی وەکو کەسێکی ئەکادیمی قسەبکات. پاش ئەوە، تەنها بەهۆی خۆشەویستیی بۆ کارەکەی و بۆ ئەوەی تووتییەکە لەدوعای عەشای رەببانی و خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەک لەئینجیلی مەتتا دا هاوڕێی بێت، دەرسی لاتینی پێ دەوتەوەو بێهوودە هەوڵی دەدا چوار کردارە سەرەکییەکەی ماتماتیک بخاتە مێشکییەوە. لە یەکێك لە دوا سەفەرەکانیدا بۆ ئەورووپا گرامافۆنێکی کەڕەنایی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە تازەترین کاسێتە ناودارەکانی لەگەڵ خۆی هێنا، وێڕای کاسێتی ئەو مۆسیقارە کلاسیکییانەی حەزی لێیان بوو. ماوەی چەند مانگێ هەموو رۆژێ گۆرانییەکانی ئیڤێت گولبێرت و ئەریستید براونی لێدا کە لەماوەی سەدەی رابردوودا فەرەنسایان شێت وشەیدا کردبوو، تا تووتییەکە بەباشی

گۆرانییەکانی لەبەرکرد. ئەگەر گۆرانییەکان بەدەنگی ژن بوونایە بەدەنگی ژن دەیوتنەوەو ئەگەر بەدەنگی پیاویش بوونایە بەدەنگی پیاو دەیچڕین، دواجار هونەر نواندنەکە بەپێکەنینێکی بەرزو بێشەرمانە کۆتایی پێدەهات کە بریتی بوو لە لاساییکردنەوەی ئەو کچە خزمەتکارانەی لەکاتی گۆرانی وتندا بەزمانی فەرەنسی گوێیان لێدەگرت. دەنگوباسی هونەر نواندنی تووتییەکە گەیشتە ئاستێك کە ئەو کەسە دیارانەی لەناوچەکانی تری وڵاتەوە بەکەشتی بچووك دەهاتنە شارەکە داوای مۆڵەتیان دەکرد بۆ ئەوەی چاویان بەتووتییەکە بکەوێت. جارێکیان ژمارەیەکی زۆر لەگەشتیارانی ئینگلیز بە کەشتییەکانی (نیو ئۆرلیانز) هاتبوون کە مۆزیان بارکردبوو، ئامادەبوون بەهەرنرخێك بێت تووتییەکە بکڕن، بەڵام گەورەترین شانازیی رۆژێ بەنسیبی تووتییەکە بوو کە دۆن مارکو فیدل سواریزی سەرکۆماری وڵات بەیاوەریی هەموو ئەندامانی کابینەکەی بۆ تەئکیدکردنەوە لەناوبانگی تووتییەکە سەردانی ماڵی دکتۆریان کرد. دەوروبەری سەعات سێی پاش نیوەڕۆ بوو کەگەیشتنەجێ. کڵاوی درێژو جلی رەسمییان لەبەرکردبوو لەماوەی سەردانەکەیاندا کەسێ رۆژی خایاند دایاننەکەند، کە لەژێر ئاسمانی سووتێنەری ئابدا دەیتاساندن، ناچاربوون بەهەمان حەزی تاقیبکردنەوە کە هاتبوون بگەڕێنەوە، چونکە تووتییەکە لەماوەی ئەو دوو سەعاتەدا کە زۆر کوشندەبوو، گوێی بە داواو هەڕەشەو سووکایەتیکردنی ئاشکرای دکتۆر ئۆربینۆ نەدا کە وێڕای ئاگاداریی دووربینانەی ژنەکەی پێی لەسەر ئەو داوەتە ئازایانەیە داگرتبوو، تووتییەکە تەنانەت یەك وشەشی لەدەم نەهاتە دەرێ.

ئەوەی کەپاش ئەو کارەو بەربەرەکانێ مێژووییەکەی تووتییەکە هێشتا دەیتوانی ئیمتیازەکانی بپارێزێت، بەهۆی سەقامگیریی مافە سەرەتاییە پیرۆزەکانییەوە نەبوو. هیچ گیاندارێکی تر نەدەکرا لەماڵەکەدا بێت، جگە لەو کیسەڵە دێمییەی کە دوای سێ چوارساڵ هەمووان وایان

بەخەیاڵدا دەهات بۆ هەمیشە دیار نەماوە و سەرلە نوێ لەموبەقەکەدا قوتببۆوە. بەهەرحاڵ، وەکو بوونەوەرێکی زیندوو تەماشای کیسەڵەی نەدەکرا. بەڵکو زیاتر وەکو جادوویەکی بێگیانی بەختەوەریی لە قەڵەم دەدرا کە هەرگیز کەس بەدڵنیاییەوە شوێنەکەی نەدەزانی. دکتۆر ئۆربینۆ سووربوو لەسەر دەربڕینی رقی خۆی لە ئاژەڵ و ئەمەشی بەجۆرەها حیکایەتی دەسکردی زانستی و بەڵگەی فەلسەفی بەیاندەکرد کە جگە لەژنەکەی زۆر کەسی قایل دەکرد. دەیوت ئەو کەسانەی لەرادەبەدەر ئاژەڵیان خۆشدەوێت، دەتوانن خراپترین دڵرەقیی بەرامبەر بە مرۆڤ پەیڕەو بکەن. دەیوت سەگ بەئەمەك نییە بەڵکو ماستاوچییە، پشیلە هەلپەرست و خائینە، تاوس پەیکی مەرگە، تووتییە کلك درێژەکانی ئەمریکای باشوور ئازاربەخشن و تەنیا رووکەشن. کەروێشك پڕە لە چاوچنۆکی، مەیمون تای شەهوەتبازیی هەیە، کەڵەشێر بە نەفرەت کراوە، چونکە سێ جار بۆ بەدرۆ خستنەوەی مەسیح بەکارهێنراوە.

لە لایەکی ترەوە، فێرمینا دازای ژنی کە لەو کاتەدا تەمەنی حەفتاو دوو ساڵبوو، ئیتر لەنجەولاری ئاسکانەی ساڵانی گەنجی لەدەستدابوو، بەشێوەیەکی ناماقووڵ ستایشی گوڵی ناوچەکانی هێڵی یەکسانیی و ئاژەڵی ماڵیی دەکرد و لەسەرەتای شووکردنیدا سیفەتە تازەکانی خۆشەویستیی بۆ هێشتنەوەی ژمارەیەکی زۆر لەو سیفەتانە بەکار هێنابوو، واتە زیاتر لەوەی کە عەقڵی ساغڵەم مۆڵەتی پێدەدا. یەکەم دەستە لە کۆمەڵە ئاژەڵەکەی فێرمینا سێ سەگی دەڵماسی بوو کە بەناوی ئیمپراتۆرە رۆمانییەکانەوە ناونرابوون کە بەلایەنگیریی لە دەڵێك بوو بەشەڕیان و یەکێکیان شانازیی چاکەی ناوی میسالینای بەدەست هێنا. چونکە ترەکی و یەکەمجار نۆ تووتەڵەی خستەوە بۆ جاری دووەمیش کە ترەکی دە تووتەڵەی خستەوە. پاش سەگ پشیلەی حەبەشی هەبوو کە روخساریان وەك روخساری هەڵۆو رەفتاریان وەك رەفتاری فیرعەونەکان بوو، هەروەها پشیلەی خێڵی فارسی

چاو پرتەقاڵی کە بەویقارو چوست و چالاکی کۆشك نشینی ئێرانییەوە چەشنی خەیاڵێکی خێرا بەناو ژوورەکاندا دەهاتن ودەچوون و بەمیاو میاوی شەیتانی جادوگەرانەی خۆشەویستیی شەوگاریان شەق دەکرد. ماوەی چەند ساڵێك مەیموونێکی ئەمازۆنی کە بە کەمەری بە دارمانغای حەوشەکەوە بەسترابۆوە سۆزێکی تایبەتی دەبزواند، لەبەرئەوەی روخساری غەمباری لەروخساری ئەسقەف مەزن (ئۆبدولیۆ. ی. ری) و چاوانی لەچاوانی ساویلکەی و دەستەکانیشی لە دەستی ئەو دەچوون کە لەکاتی قسەکردندا دەیجولاندن. بەهەرحاڵ کە فێرمینا دازا لە ناویدا لەبەر ئەمە نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەو خووە خراپەی بوو کە دەسپەڕی بەژنانەوە دەکرد.

جۆرەها چۆلەکەی گواتیمالایی لەو قەفەزانەدا بوون کە بەدرێژایی ڕاڕەوەکان بەدیدەکران. هەروەها تیتراوسکی ئاگادار کەرەوەو ماسیگرەی قاچ درێژو زەردی زەلکاوەکان لەماڵەکەدا بوون، وێڕای کارئاسکێك کە بۆ خواردنی گوڵی ئەنتۆریومی گوڵدانە گۆزەییەکان لەپەنجەرەوە دەهاتەژوورەوە. کەمێك پێش دواشەڕی ناوخۆ، کاتی بۆیەکەمین جار قسە لەبارەی ئەگەری سەردانی پاپاوە بۆ ناوچەکە لە ئارادا بوو، مەلێکی بەهەشتییان لە (گواتیمالا)وە هێنابوو. بەڵام کاتێ تێگەیشتن کە هەواڵی سەردانی پاپا جگە لە درۆیەك هیچی تر نییەو حکومەت بۆ ترساندنی لیبراڵە پیلانگێڕەکان بڵاوی کردۆتەوە، ئەو باڵندەیەیان گێڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی کە هێشتا نەگەیشتبووە ماڵی دکتۆر ئۆربینۆ. جارێکی تر قەفەزێکی تووڵ کانزاییان بە شەش قەلەڕەشی بۆنخۆشەوە لە کەشتی قاچاغچییەکانی کوراساو کڕی، کە رێك لەوانە دەچوون کە فێرمینا دازا بەکچی لەماڵی باوکی هەیبوو، وەکو ژنێکی مێرددداریش دەیەویست هەیبێت. بەڵام کەس تەحەمولی باڵە تەپێی هەمیشەییانی نەبوو کەماڵەکەیان پڕدەکرد لە بۆنی ناخۆشی تاجە گوڵینەی ڕێوڕەسمی ناشتن. هەروەها مارێکی ئەژدەری ئەمریکای باشووریان کڕی درێژییەکەی چوار مەتربوو کەفیشکەی

راوچـیانەی لەگـەڵ بێخەویـدا تـاریکی ژووری نووسـتنەکانی دەشێواند، هەرچەندە ئەو کارەی دەکرد کە ئەوان لێیاندەویست کە ئەویش بریتی بوو لەترسـاندنی شەمشەمەکوێرەو مارمێلکـەو جۆرەهـا مێـرووی زیانبەخـشی لـەژمارە نـەهاتوو بەفیـشکەی مەرگهێنـەری، کـە ئـەو جانەوەرانـە لەمانگە بارانییەکاندا هێرشیان بۆ ماڵەکە دەهێنا. دکتۆر ئۆربینۆ لەو کاتەدا هێندە سەرقاڵی ئەرکە پیشەییەکانی بـوو، هێنـدە لـەناو دامـەزراوە کۆمەڵایـەتیی و رۆشنبیرییەکانیدا نقووم ببووکە ئەوەندەی بەسبوو ژنەکەی لەناو ئەو هەموو بوونـەوەرە رەزاگرانـەدا نـەک تـەنها جـوانترین ژنـی کاریبییـە بـەڵکو لـە هەمووشیان بەختـەوەر تـرە. بـەڵام لـەپاش نیوەڕۆیـەکی بـاران لـە کۆتـایی رۆژێکی تاقەت پڕوکێندا لەماڵەوە رووبەڕووی رووداوێکی نـاخۆش بۆوە کە هێنایەوە سـەرخۆی. لـە دەرەوەی هـۆڵی پێشوازییدا هـەتا چاوبڕی دەکرد رەتڵـی ئـاژەڵی مـردوو لـە زەلکـاوێکی خوێنـدا مەلـەیان دەکـرد.کـچە خزمەتکارەکان کە هێشتا لە ترس ولەرزی ئەو قەسابخانەیە نەهاتبوونەوە سەر خۆیان، بێئەوەی بزانن دەبێ چیبکەن چووبوونە سەر کورسییەکان.

مەسـەلەکە ئـەوە بـوو کـە سـەگێکی پۆلیسیی ئـەڵمانی لـەپڕ تووشی هاری ببوو، هەر ئاژەڵێکی هاتبووەڕێ لەت و پـەتی کردبوو، باخـەوانی ماڵی دراوسێکەیان غیرەتـی دابـووە بـەرخۆی و رووبـەڕووی سـەگەکە ببـۆوە و بەداسەکەی سکی دڕی بوو، تۆپانـدبووی. کـەس نەیـدەزانی سـەگە هارەکە قەپی لەچەند گیانەوەر داوە یان لیکە سەوزەکەی چەندی ئالوودە کردووە، لـەم رووەوە دکتـۆر ئۆربینـۆ فەرمانیـدا بـاقی ئاژەڵـەکانی تـر بکـوژن و کەلاکـەکانیان لەشـوێنێکی دوور بـسووتێنن، داواشـی لەخزمـەتگوزاری نەخۆشخانەی (میسرپیکۆردیا) کرد ماڵەکە بەتەواوی بەدەرمان پاکژ بکەنەوە. تەنها ئاژەڵ کە کەس لەبیری نەبوو توانی خۆی قوتار بکات کیسەڵە نێرە دێمییە زلەکە بوو کە بەختـەوەر و جادوویی بوو. فێرمینا دازا بۆ یەکەمجار هەستیکرد مێردەکەی لە کاروباری ناوماڵدا لەسەر حەقە و هەتا ماوەیەکی

زۆر دوای ئەوە ئاگای لەدەمی بوو کە ئەبا شتێك لەبارەی ئاژەڵەوە بڵێت. بەوێنەی رەنگاو رەنگی مێژووی سروشتیی لینیو دڵخۆشیی خۆی دەدایەوە. لەچوار چێوەی دەگرتن و بەدیواری هۆڵی پێشوازییدا هەڵیدەواسین، سەرەنجام ئەگەر لەبەر ئەو دزانە نەبووایە کە بەیانییەکی زۆر زوو بەزۆر پەنجەرەی گەرماوەکەیان شکاندو ئاودەستە زیوییەنەکەیان دزی و رایانکرد کەمیراتیی پێنج پشت بوو، رەنگبوو تەواوی هیوای بۆ بینینی ئاژەڵێك لەدەست بدایە. دکتۆر ئۆربینۆ سەرو دوو قفڵی لە پەنجەرەکاندا، دەرگاکانیشی لەدیوی ناوەوە بەشیشی راست و چەپ قایمکرد. شتە بەنرخەکانیشی خستە قاسە گەورەکەوەو سەرلەنوێ خووی زەمانی شەڕی گرتەوە کەدەخەوت دەمانچەکەی دەخستە ژێر سەرینەکەی. بەڵام دژی کڕینی سەگێکی دڕندەبوو ئایا دژی نەخۆشی کوترابێت یان نا، زنجیرکرابێ یان بەرەڵڵا بێت، تەنانەت ئەگەر دزەکان گسکیشیان لەماڵەکە بدایە. دەیوت:

" شتێك کە توانای قسەکردنی نەبێت پێ ناخاتە ئەم ماڵەوە " دکتۆر ئەمەی دەوت وبۆ ئەوەی کۆتایی بەبەڵگە هێنانەوە بەرووکەش لۆجیکییەکانی ژنەکەی بهێنێت کە جارێکی تر بڕیاری دابوو سەگێك بکڕێت، هەرگیز باوەڕی نەدەکرد کە ئەو بڕیارە بەپەلەیە بەنرخی ژیانی تەواو بێت. فێرمینا دازا کە سروشتی وشك وئاشکرای لەگەڵ ساڵانی تەمەنیدا گەشەی کردبوو، قسە فڕێدانی مێردەکەی قۆستەوەو چەند مانگێ دوای ئەو دزییەی کەلێیان کرا، چووەوە بۆ لای کەشتییەکانی (کوراساو) و تووتییەکی پاشایی پاراماریبوی کڕی کە تەنها جوێنی مەلەوانانی دەزانی بەڵام وەها بەدەنگێکی وەك مرۆڤ جوێنی دەدا کە بایی نرخە گرانەکەی بوو کەدوانزە سەنتاڤوبوو.

تووتییەکی چاك بوو. لەوە سووکتر بوو کە دەهاتە بەرچاو، سەری زەردو زمانی رەش کە تەنها رێگەی جیاکردنەوەی بوو لەتووتییەکانی مانگلیر کە تەنانەت ئەگەر باشترین راهێنەریشیان بۆ بگیرایە

فێری قسەکردن نەدەبوون. دکتۆر ئۆربینۆ وەکو دۆڕاوێکی تەواو لەبەرامبەر زیرەکیی و کارامەیی ژنەکەیدا سەری دانەواندو تەنانەت سەرسامبوو لەوەی کەچەند بەپێشکەوتنی تووتییەکە خۆشحاڵە کاتێ کچە خزمەتکارەکان تووڕەیان دەکرد. لەپاش نیوەڕوانی بارانـدا، بەزمانێکی خاو لەخۆشی تەڕبوونی پەڕەکانی، هەندێ وشەی سەردەمانی تری دەوت. ئەو وشانە لەم ماڵە فێر نەبووبوو بەڵگەی ئەوە بوون کە دەبێ تووتییەکە لەوە پیرتر بێت کە دیارە.دوا دوودڵیی دکتۆر ئۆربینۆ لەشەوێکدا نەما کە دزەکان دووبارە هەوڵیاندا لەکلاورۆژنەی سەربانەکەوە بچنە خوارەوە، تووتییەکە بەحەپە حەپی یەك سەگی پۆلیسیی کە ئەگەر سەگی راستەقینەش بوایە لەوە ئاسایی تر دەرنەدەچوو، بەهاواری هۆدزە نەڕۆی، هۆ دزە نەڕۆی، هۆدزە بوەستە، دزەکانی راونا. ئەم دووسیفەتە دوو لێهاتوویی تووتییەکە بوون کە لەو ماڵەدا فێریان نەبووبوو. پاش ئەمە دکتۆر ئۆربینۆ لێپرسراوێتی تووتییەکەی لەئەستۆ گرت و فەرمانیدا جێگایەکی بەرزو ئەمینی لەبن دار مانغاکەدا بۆ دروستبکەن، جامێکی بۆ ئاوو یەکێکی تری بۆ مۆزی بچووکی گەیبو بۆ دابنێن، شتێکی لەبابەتی جۆلانەشی بۆ دابنێن بۆ ئەوەی هەڵبەزو دابەزی بەسەردا بکات و بازدی بەسەردا بدات. لەنێوان مانگی کانوونی یەکەم تا مارت، ئەوکاتانەی شەو سارد بوو، بای باکوور لەدەرەوە ژیانی دەکرد بەدۆزەخ، تووتییەکە دەبرایە ژوورەوە بۆ ئەوەی لەناو قەفەزێکدا هەڵنیشێت کە لەژووری نووستنەکەدا بەتانییەکی پێدا دەدرا. ئەگەرچی دکتۆر ئۆربینۆ پێیوابوو غودە ئاوساوەکانی تووتییەکە کە هەمیشەیی بوو بۆ هەناسەی پاکژی مرۆڤ جێگای مەترسییە. ساڵانێکی زۆر باڵیان دەکرد و لێدەگەڕان بەهەنگاوی سستی سوارێکی پیر لەهەر جێگایەکدا کە بۆ پیاسە کردن پێی خۆشبوو بگەڕێت. بەلام رۆژێك لەسەر شیشی پەنجەرەی موبەقەکە دەستی بەهونەری تەنافبازیی کردو بەهاواری مەلەوانێکەوە، دەیوت هەرکەسێ دەیەوێت خۆی رزگار بکات باخۆی رزگار بکات کەوتەناو

مەنجەڵی شلەکەوەو زۆر بەختی هەبووکە چیشتلێنەرەکە توانی بە کەوچکی شلە، بەگیانی تلۆقاوی و بەئاوەڕووتی بەڵام بەزیندوویی دەریبهێنێتەوە. لەوە بەدواوە بەپێچەوانەی بیروباوەڕی باوەوە کە ئەو تووتییانەی لە قەفەزدا دەمێننەوە هەرچییان فێر بکرێت لەبیریان دەچێتەوە، بەرۆژیش لەقەفەز دەریاننەدەهێناو تەنها لە فێنکی سەعات چواری عەسردا بۆ دەرسەکانی دکتۆر ئۆربینۆ لەسەکۆی حەوشەکەدا، لەقەفەز دەریان دەهێنا. کەس لەکاتی خۆیدا هەستی نەکرد کە پەڕی باڵی زۆر درێژ بووەو ئەو رۆژە سەر لەبەیانییەکەی کاتێ ویستییان بەمقەست باڵی بکەن هەڵفڕییە سەردار مانغاکەو سێ سەعاتی تەواو پێوەی خەریکبوون نەیانتوانی بیگرنەوە. کچە خزمەتکارەکان بەیارمەتی کچانی دراوسێ، گەلێ فرت و فێڵیان بەکار هێنابووبۆ فریودانی و هێنانەخوارەوەی بەڵام تووتییەکە هەر سووربوو لەسەر ئەوەی لەو شوێنە بمێنێتەوەو لەهەمان کاتدا شێتانە پێدەکەنی و هاواری دەکرد، بژی حزبی ئازادیخواز، بژی حزبی ئازادیخواز، ئەمەش نەفرەتێکەو هاوارێکی دلێرانەیە گەلێجار نرخی ژیانی مەستێکە کە بە سەرخۆشی دەڵێ بژی و کۆتایی بەژیانی دێت. دکتۆر ئۆربینۆ بەزەحمەت دەیتوانی لەناو گەڵای دارەکەدا تووتییەکە ببینێ و هەوڵیدا بەئیسپانی و بە فەرەنسی و تەنانەت بەلاتینیش فریوی بدات، تووتییەکە بەهەمان زمان و بەهەمان ریتم وەڵامی دایەوە. بەڵام لە شوێنی خۆی نەجولا. دکتۆر ئۆربینۆ گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کەس ناتوانێت بەخۆشی ناچاری بکات لەشوێنی خۆی بجولێت، جوابی بۆ تیمی ئاگرکوژێنەوە نارد کە تازەترین سەرقاڵیی کۆمەڵایەتیی خۆی بوو.

لە راستیدا تاماوەیەك بەر لەوە، ئاگرکەوتنەوە لەلایەن کەسانی خۆبەخشەوە کۆنترۆڵ دەکرا کە قادرمەی ماڵەکان و ئەو سەتڵە ئاوانەیان بەکاردەهێنا کە لێرەو لەوێ بۆیان دەهێنان، کارەکەیان رێکوپێکی تێدا نەبوو، جاریوابوو زیانی خۆیان لەهی ئاگرەکە زیاتر بوو. بەڵام لەساڵی

رابردووەوە بەهۆی ئەو پارەیەوە کە لە لایەن ئەنجومەنی چاکسازیی گشتییەوە کە دکتۆر ئۆربینۆ سەرۆکی بوو کۆکرایەوە گروپێکی ئاگرکوژێنەوە ی پرۆفیشناڵ بە تەنکەرێکی ئاوی ئاژێرو زەنگدارو دوو سۆندەی ئاو فرندەری بەهێزەوە ئامادەکران. ئەم گروپە هێندە ناوبانگیان پەیدا کردبوو کاتێ کلێساکان زەنگی ئاگادارکردنەوەیان لێدەدا دەوامی قوتابخانە رادەگیرا بۆ ئەوەی منالان بتوانن جەنگی تیمی ئاگرکوژێنەوە لەگەڵ ئاگردا ببینن. سەرەتا کۆنترۆڵکردنی ئاگرکەوتنەوە تەنها کارێك بوو کە تیمەکە دەیکرد. بەڵام دکتۆر ئۆربینۆ بەکاربەدەستانی شارەوانی وت لە (هامبۆرگ) ئەوەی دیووە کە تیمی ئاگرکوژێنەوە کوڕێکی منالی کەسیرە کەوتوویان زیندوو کردەوە کەدوای سێ رۆژ بەفر بارین لەژێرزەمینێکدا دۆزرابۆوە. هەروەها تیمی ئاگرکوژێنەوە ی دیبوو لەیەکێك لە گەڕەکەکانی (ناپۆلی)دا تەرمێکیان لەناو دارەمەیتدا لەباڵکۆنی نهۆمی دەیەمەوە دەهێنایە خوارەوە، لەبەرئەوەی قادرمەی ئاپارتمانەکە هێندە پێچاو پیچ بوو خێزانی خاوەن مردووەکە نەیاندەتوانی بەقادرمەکاندا تەرمەکە بێننە خوارەوە.

بەمشێوەیە ئاگرکوژێنەوە ی شارەکە فێری گەلێ خزمەتی بەپەلە بوون، لەبابەتی شکاندنی قفڵ یان کوشتنی ماری ژەهراوی و کۆلیژی پزیشکی خولێکی تایبەتی سەبارەت بە فریاگوزاری سەرەتایی بۆ ڕووداوە بچوکەکان بۆکردنەوە. بەمپێیە بەهیچ شێوەیەك سەیر نەبوو کە داوایان لێ بکرێ زەحمەت بکێشن و تووتییەکی تایبەتی کە گەلێ لێوەشاوەیی هەیەو هی پیاوێکی بەڕێزە لەسەر درەختەکە بهێننە خوارەوە. دکتۆر ئۆربینۆ وتی: "پێیان بڵێن ئەمە لەسەر داوای من و لەبەرخاتری منە" چوو بۆ ژووری نوستنەکەی بۆ ئەوەی بۆ ئاهەنگی نیوەڕۆخوانەکە خۆی بگۆڕێت. ڕاستی مەسەلەکە ئەوە بوو کە لەوکاتەدا نامەکەی جێرمیادی سانت ئامۆر وەها تەنگەتاوی کردبوو لەبنەڕەتدا گوێی بەچارەنووسی توتییەکە نەدەدا.

فێرمینا دازا عەزیەکی ئاوریشمی فەرەحی لەبەردابوو، پشتوێنەکەی هاتبووە سەرکەفەلی، ملوانکەیەکی مرواری ئەسڵی لە ملدا بوو کە بەڕێز شەش ئەڵقەی درێژی پێوەبوو، جووتێ پێڵاوی بریقەداری پاژنەبەرزی لەپێدابوو کە تەنها لە بۆنەی زۆر رەسمیدا لەپێی دەکردن، لەبەرئەوەی ئێستا ئیدی زۆر لەوە پیر تر بوو کە ئەو جۆرە پێڵاوە لەپێ بکات. جلوبەرگی ئەمڕۆی بۆ ئەنکێکی بەڕێز زۆر گونجاو نەدەهاتەوە بەڵام شایستەی لەش‌ولاری ئەم بوو، لێیدەوەشایەوە. ئێسقانی گەورە بوو، هێشتا کەمەری بارێک و باڵای بەرز بوو، دەستە بریسکەدارەکانی یەک لۆچی پیرییشیان پێوەدیار نەبوو، رەنگی قژی زیوین و بەشێوەیەکی جوان هاتبووە سەر گۆنای. چاوانی گەشی بادەمی و نەفس بەرزیی تایبەتی ئەو سیفاتانە بوون کە لەکاتی شووکردنییەوە بۆی مابوونەوە. بەڵام ئەوەی کە ساڵانی تەمەن لێی بێبەش کردبوو بەکەسێتی پتەوی پاساوی دەدایەوە. هەستێکی زۆر جوانی هەبوو: سەروەختی سینەبەندی کانزایی و کەمەربەندی تەنگ و ئەو جوانییەی سمت و کەفەلی سەرنجراکێشی دەینواند بەسەر چووبوو و نەدەما. لەشولاری ئازاد بەئاسانی هەناسەی دەدا، تەنانەت لەتەمەنی حەفتاودووساڵیشدا خۆی چۆن بوو ئاوا خۆی نیشان دەدا.

دکتۆر ئۆربینۆ لەکاتێکدا ژنەکەی بینی لەبەرامبەر مێزی ئارایشەکەی لەژێر ئەو پانکەیەدا دانیشتبوو کە پەڕەکانی بەهێواشی دەخولانەوە، کڵاوە زەنگوڵەییە رازاوەکەی بەگوڵی وەنەوشەیی کە لە لباد دروست کرابوون لەسەردا بوو. ژووری نوستنەکە گەورەو ڕووناک بوو. سیسەمێکی ئینگلیزی پەردەکوللەیەکی بەسەرەوە بوو کە بەنەخش و نیگاری ڕەنگ گۆشتی رازێنرابۆوە، دوو پەنجەرەی هەبوو کە بەسەر درەختەکانی حەوشەدا دەیانڕوانی، لەوێوە دەتتوانی گوێت لە زڕەی زنجیرە ترسناکەکانی ئاگادارکردنەوەی باران بارین بێت. لەکاتی گەڕانەوەیانەوە لەمانگی هەنگوینیی هەتا ئێستا، فێرمینا دازا جلوبەرگی مێردەکەی بەپێی ئاووهەوا

بۆنەکان هەڵدەبژاردو شەوی پێش لەبەرکردنی لەسەر کورسییەک دایدەنان بۆ ئەوەی کاتێ لە گەرماو دێتەدەرێ، ئامادەبن. لەیادی نەبوو لەکەیەوە لەجل لەبەرکردنیشدا یارمەتی مێردەکەی دەدا کار گەیشتە ئەوەی کە سەرەنجام جلەکانیشی لەبەردەکرد. بەڵام چاک دەیزانی لەم پێنج ساڵەی دواییدا یان لەو دەوروبەرەدا لەبەرهۆیەکی تایبەتی ئەمەی دەکرد کە ئەویش ئەوە بوو دکتۆر بەتەنیا نەیدەتوانی جلەکانی لەبەر بکات ناچار ئەم لەبەری دەکرد. تازە ئاهەنگی یوبێلی ئاڵتوونیی هاوسەرێتیان گێڕابوو، نەیاندەتوانی بۆ ساتێکیش بەبێ یەکتری یان بەبێ بیرکردنەوە لەیەکتری بژین و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیاندا ئەم توانایەیان کەمدەبۆوە. کەسیان نەیاندەتوانی بڵێن ئایا ئەم پەیوەندییە هاوتایە لەسەر بنەمای خۆشەویستیی بوو یان بەرژەوەندیی، بەڵام هەرگیز بەجدی ئەمەیان لەیەکتری نەپرسیبوو چونکە هەمیشە وایان پێباش بوو وەڵامی نەدەنەوە. فێرمینا دازا بەرە بەرە دەرکی بە هەڵنوتانی قاچی و تێکچوونی میزاجی و لەکارکەوتنی یادەوەریی و خووی ئەم دواییەی مێردەکەی کردبوو واتە ئەوەی لە خەودا دەگریا. بەڵام ئەمانەی بەچەند نیشانەیەکی پیریی و ئاوابوون نەدەزانی بەڵکو زیاتر وەکو گەڕانەوەیەکی شادومانانە بۆ منداڵیی لێکیدەدایەوە، هەربۆیە وەکو پیرەمێردێکی قیرسچمە رەفتاری لەگەڵ نەدەکرد بەڵکو وەکو منداڵێك نازی دەکێشا، ئەمەش بۆ ئەم جووتە فێڵێك بوو ئیلهامی لە چاودێریی خوداییەوە وەرگرتبوو بۆ هەردووکیان چونکە لەهەستی بەزەیی پێداهاتنەوە بەدووری دەگرتن.

ئەگەر هەردووکیان لەکاتی گونجادا لەوە حاڵی ببوونایە کە دوورکەوتنەوە لە ئەنجامە خراپەکانی ژن و مێردایەتی زۆر ئاسانترە لە بەدبەختیی لاوەکی رۆژانە، ژیان بەلای هەردووکیانەوە بەتەواوی بەشێوەیەکیتر دەبوو. بەڵام ئەو شتەی هەردووکیان لێی تێگەیشتبوون ئەوە بوو کە عەقڵ کاتێ دەبێتە میوانی مرۆڤ کە چیتر هیچی پێناکرێ. فێرمینا

دازا ساڵەهای ساڵ بەدڵی پڕخوێنەوە، بەرگەی بەرەبەیانە پڕ چالاکییەکانی مێردەکەی گرتبوو. فێرمینا دازا بەدواداوی خەوەوە دەلکا بۆ ئەوەی لەوکاتەدا کە مێردەکەی بە بێگوناهی مناڵێکەوە لە خەو ڕادەبوو، لەبەڵای بەرەبەیانێکی دیکە بەدووربێ کە پڕ بوو لە ئاگادارکردنەوەی شووم: هەر ڕۆژێکی تازە بەلای فێرميناوە سەرکەوتنێکی تر بوو. گوێی لێبوو کە مێردەکەی لەگەڵ خوێندنی کەڵەشێردا لەخەو هەڵدەستێ و یەکەم نیشانەی ژیانی بریتییە لە کۆکەیەکی بێ قافیەو بێهۆ کەوا دیار بوو تەنها لەبەرئەوەبێ کە ژنەکەشی خەبەر بکاتەوە. گوێی لێبوو کە چۆن بەدوای پێڵاوەکانی کاتی ئیسراحەتیدا دەگەڕێت کە دەبێت لای سیسەمەکەوە بێ و تەنها بۆ ئازاردانی ژنەکەی، ورتەورت دەکات. گوێی لێبوو کە بە کوێرە کوێرە لەتاریکیدا ڕێگای گەرماوەکە دەدۆزێتەوەو دوای بەسەربردنی یەك سەعات لەژووری خوێندنەوە، کاتێ فێرمینا دووبارە خەوی لێکەوتۆتەوە دیسان بەبێ ئەوەی چرا هەڵبکات بۆ جل لەبەرکردن دەگەڕێتەوە، جارێکیان لەپێشبڕکێیەکدا لەمیوانداریيەك داوایان لێکردبوو کە خۆی پێناسە بکات، وتبووی:

-من پیاوێکم کە لەتاریکیدا جل لەبەردەکات.

فێرمینا دەنگو تەقەو ڕەقەکانی دەبیستو زۆرچاك دەیزانی پێویست نین، دەیزانی کە بە ئەنقەست مێردەکەی وادەکات ئەگەرچی وای نیشان نەدەدا، هەروەکو چۆن خۆی لەکاتی بێداریدا خۆی دەکرد بەخەوتوو. پاڵنەرەکانی دکتۆر ئۆربینۆ ئاشکرا بوون: هەرگیز بەقەد ئەو ساتانەی بە کوێرە کوێرە دەڕۆیشت پێویستی بەبێداریی ژنەکەی نەبوو. هیچ کەسێك بەقەد فێرمینا جوان نەدەخەوت. بەلەشولارێکی مەیلانەوە وەك ئەوەی سەما بکات، دەستێکی دەخستە سەرناوچەوانی و دەخەوت. بەڵام کاتێ یەکێك ئەم لەزەتە بەدەنییەی لێتێکبدایە کە لەبێداریدا خۆی دەکرد بەخەوتوو، لە توڕەبوون و هەڵچووندا کەس بەتۆزی پێی نەدەگەیشت. دکتۆر ئۆربینۆ دەیزانی کە ژنەکەی چاوەڕێی بچووکترین ورتەیە لەلایەن ئەوەوەو

سوپاسیشی دەکات، تەنها بۆ ئەوەی بتوانێ سەرزەنشتی ئەو کەسە بکات که له سەعات پێنجی بەیانیدا خەبەری دەکاتەوە. لەبەرئەوە چەند جارێ کە نەیدەتوانی پێڵاوەکانی کاتی پشووی لەجێگەی هەمیشەیی خۆیان بدۆزێتەوەو ناچاربوو لە تاریکیدا بەدەوری خۆیدا بخولێتەوە. فێرمینا دازا لە ناکاو بەدەنگێکی خەواڵووەوە دەیوت:"دوێنێ شەو لە گەرماوەکە بەجێت هێشتوون." رێك دوای وتنی ئەم وشانە بەدەنگێکی تەواو بێدارانەوە، لە تورەییدا جوێنی دەدا "خراپترین بەدبەختی لەمماڵەدا ئەوەیە کە نایەڵن مرۆڤ بخەوێ." دوای ئەوە لەسەر سیسەمەکە تلی دەداو بەبێ ئەوەی کەمترین رەحم بەخۆی بکات، بەخۆشحاڵی یەکەم سەرکەوتنی ئەو رۆژەیەوە، چرای دادەگیرساند. لەراستیدا هەردووکیان بەشێوەیەکی ئەفسانەییو شەرانگێزانە گەمەیەکیان دەکرد، بەڵام سەرەڕای هەموو ئاسانییەکەی، ئەم گەمەیە یەکێك بوو لە لەزەتە ترسناکەکانی خۆشەویستیی ناومالّ، یەکێك لەم گەمە هیچانە تەقریبەن کۆتایی بە یەکەم سی ساڵی ژیانی هاوبەشیان هێنا، چونکە رۆژێك گەرماوەکە سابوونی لێنەبوو.

مەسەلەکە بە رۆتینێکی ئاسایی دەستی پێکرد. دکتۆر خۆڤیناڵ ئۆربینۆ لە یەکێ لەو رۆژانەدا کە هێشتا بەبێ یارمەتی خۆی دەشۆرد، گەڕایەوە بۆ ژووری نوستنو بەبێ ئەوەی چرا داگیرسێنێ دەستیکرد بە لەبەرکردنی جلەکانی، فێرمینا ئاسایی، وەکو کۆرپەلە، لە ئاسوودەترین حاڵەتیدا بوو: چاوانی لێکنابوو، هەناسەی هێواشو دەستی سەمای پیرۆزی لەسەر سەری بوو. بەڵام وەکو هەمیشە نیوەخەوتوو، نیوە بێدار، مێردەکەی ئەمەی دەزانی. لەپاش خشەیەکی درێژو بێزارکەری قاتەکەتانەکەی لەتاریکیدا لەبەرخۆیەوە وتی" یەك هەفتەیە بەبێ سابوون خۆم دەشۆم"

ئەوسا، فێرمینا دازا کە تەواو بەخەبەر بوو بیری هاتەوە. لە تووڕەییدا رقی لە هەموو دنیا بوو چونکە لە راستیدا ئەوەی لە بیر چووبوو کە لە گەرماوەکەدا لەشوێنی خۆی سابوون دابنێت. سێ رۆژ بەرلەوە کاتێ

ناوێکی کردبوو بەخۆیدا هەستیکردبوو کە گەرماوەکە سابوونی تێدا نییە و بە نیاز بوو سابوون دابنێت بەڵام هەتا ڕۆژی دوای ئەوەش لەبیری کرد و ڕۆژی سێیەمیش مەسەلەکە بەهەمان شێوە دووبارە بۆوە. لەڕاستیدا بەو شێوەیە نەبوو کە مێردەکەی بۆ زیاتر تاوانبارکردنی دەیوت، هێشتا نەببوو بە هەفتەیەك. بەڵام سێ ڕۆژ قابیلی بەخشین نەبوو، تووڕەیی ئاشکرابوونی هەڵەکەی شێتی دەکرد. وەکو خووی هەمیشەیی، بەهێرش داکۆکی لەخۆی کرد. هاواری کرد:

-لەڕاستیدا من هەموو ڕۆژێك خۆم شۆردووە!

بەتووڕەییەکی شێتانەوە درێژەی دایە:

-هەمیشەش سابوونەکە لەشوێنی خۆی بووە!

ئەگەرچی دکتۆر ئۆربینۆ بەباشی شێوازە جەنگییەکانی ژنەکەی دەزانی، بەڵام ئەمجارە نەیتوانی تەحەمولیان بکات. بەبیانووی ئیشەوە چوو بۆ ئەوەی لە بەشی ناوخۆیی خەستەخانەکە بژی و تەنها پێش سەردانی نەخۆشەکانی عەسران بۆ خۆگۆڕین دەهاتەوە بۆ ماڵەوە. ژنەکەی کە گوێی لە تەپەی پێی دەبوو دەچووە موبەقەکە، بەشتێکەوە خۆی مژۆڵدەکرد، لەوێ دەمایەوە هەتا لەشەقامەکەوە گوێی لە تەقەی سمی ئەسپی عەرەبانەکەی دەبوو. لەماوەی سێ مانگی دوای ئەوەدا، هەرجارێ کە هەوڵیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا، تەنها ئاگری ڕقی خۆیان خۆشکرد. دکتۆر هەتا فێرمینا ئەوەی نەسەلماندایە کە سابوون لە گەرماوەکەدا نەبووە ئامادە نەبوو بگەڕێتەوە و فێرمیناش تا دکتۆر دانی بەوەدا نەنایە کە بەهۆشیارییەوە بۆ ئازاردانی ژنەکەی درۆی کردووە، بە گەڕانەوەی مێردەکەی قایل نەبوو. هەڵبەتە ئەم ڕوداوە بواری ئەوەی دانێ کەهەندێ لەوردە شەڕەکانی تاریك ولێڵی بەرەبەیانیش بهێننەوە ئارا کە پڕبوون لە ئاشووب. ئازارو ئەشکەنجەکانی یەکتریان وروژاندەوە و زامە کۆنەکان سەریان هەڵدایەوەو بوون بەزامی نوێ، هەردووکیان لە بەرامبەر ئەو ڕاستییە

ویرانکەرەدا ترسابوون کە لەماوەی ئەو هەموو ساڵەی ململانێی ژن و مێردایەتییاندا جگە لە پەروەردەکردنی رق و کینەیان شتێکی دیکەیان نەکردووە. دواجار دکتۆر ئۆربینۆ پیشنیازی کرد هەردووکیان بە ئاشکرا دان بەشتەکاندا بنێن و ئەگەر پێویستیشی کرد لای خودی ئەسقەفی مەزن ئەمە بکەن، بەجۆرێ کە خودا بۆخۆی دوا دادوەر بێت و بەیەکجاری بۆ هەمیشە بڕیار بدات کە ئایا شوێنی سابوونەکە سابوونی تێدا بووە یان نا. ئەوسا فێرمینا دازا سەرەڕای دانبەخۆداگرتنی تەنانەت لەوکاتەشدا بەقیژەیەکی مێژوویی تەقییەوەو وتی: " گوو بە ڕیشی ئەسقەفی مەزن." ئەم قسە ناخۆشە، بناغەی شاری لەرانەوەو بوو بەهۆی کۆمەڵێ قسەی خراپ کە بەدرۆ خستنەوەیان ئاسان نەبوو، بەجۆرێ لە قسە گێڕانەوەی خەڵکدا مایەوە وەك ئەوەی دێڕی ئۆپەرێتێ بێت: " گوو بەڕیشی ئەسقەفی مەزن." دەوترایەوە.

فێرمینا دازا بە هەستکردن بەوەی زۆر لەسنووری خۆی دەرچووە، بەری بە وەڵامی پێشبینی کراوی مێردەکەی گرت، هەڕەشەی کرد کە دەگەڕێتەوە بۆ خانووە کۆنەکەی باوکی و بەتەنیا لەوێ دەژی کە ئەگەرچی وەکو نووسینگەی گشتیی حکومەت دراوە بەکرێ، بەڵام هێشتا موڵکی خۆیەتی. ئەم هەڕەشەیە بێ بنەما نەبوو: بەڕاستی فێرمینا دەیەویست ماڵەکە بەجێ بهێڵێت و گوێی بەو رسواییە نەدەدا، مێردەکەشی لەکاتی خۆیدا لەوە تێگەیشت. بەڵام لەبەرئەوەی جورئەتی رووبەڕووبوونەوەی سەرکەشی ژنەکەی نەبوو، ملی کەچکرد. نەك بەومانایەی دانی بەوەدا نابێت کەسابوون لەگەرماوەکەدا هەبووە، چونکە ئەمە سووکایەتیکردنە بە ڕاستی، بەڵکو بەوەی کەقایل بوو پێکەوە لەماڵەدا درێژە بەژیان بدەن. ئیدی بەیەك وشەش یەکترییان نەدەدواند. لەژووری نووستنی جیا دەخەوتن، بەبێدەنگیی نانیان دەخواردو هێندە شارەزایانە بۆکسێنیان دەکردو

لەمسەرو ئەو سەری مێزەکەوە لەرێگەی دوو منداڵەکەیانەوە پەیامیان بۆ یەکتری دەنارد کە منداڵەکانیان هەرگیز هەستییان نەکرد قسەیان نییە.

لەبەرئەوەی ژووری نووسینگەکەی دکتۆر گەرماوی تێدا نەبوو، ئەم بڕیارە، کێشەی دەنگ و تەقەو رەقەی بەرەبەیانی چارەسەر دەکرد، لەبەرئەوەی لەدوای ئامادەکردنی محازەرەکەی دەچوو خۆی دەشۆرد بەوپەڕی دڵسۆزییەوە هەوڵیدەدا بۆ ئەوەی ژنەکەی خەبەری نەبێتەوە. لەدوای چوار مانگ، شەوێك دکتۆر هەتا هاتنە دەرەوەی ژنەکەی لە گەرماوەکە لەسەر سیسەمە دووکەسییەکەیان راکشاو دەستی کرد بەکتێب خوێندنەوە، وەکو جارانیش گەلێ جار وایدەکرد، خەوی لێکەوت. فێرمینا بە بێپەرواییەوە بەشێوەیەك لە تەنیشتییەوە خۆیدا بەسەر سیسەمەکەدا کەخەبەری بێتەوەو بڕوات. لە راستیدا دکتۆر جوڵایەوە بەڵام لەجیاتی ئەوەی هەستێت و بڕوات چراکەی کوژاندەوەو سەری کردەوە سەر سەرینەکە. فێرمینا شانی راتەکاند تا بیری بخاتەوە کە دەبێت بچێتەوە ژووری نووسینگەکەی، بەڵام گەڕانەوە بۆ سەر پێخەفە پەڕەکە کە لەباوو باپیرییەوە بۆی مابۆوە ئەوەندە خۆش و دڵفڕێن بوو کەپێی باشبوو ئاڵای سپی بەرز بکاتەوە. وتی:" لێمگەڕێ با لێرەدا بم، گەرماوەکە سابوونی تێدا بوو."

کاتێ بەشێوەیەکی شاراوە ئەم رووداوەیان بەیاد دەهێنایەوە ئیدی پێیان خستبووە قۆناغەکانی پیرییەوە و هیچ یەکێکیان نەیاندەتوانی باوەڕ بەو ڕاستییە سەرسوڕهێنەرە بهێنن کە بەدرێژایی پەنجا ساڵی ژیانی هاوبەشیان ئەوە جدیترین مشتومڕو تاکە شەڕێك بووە کە ناچاری کردن دەست لە لێپرساوێتییەکانیان بکێشنەوەو ژیانێکی نوێ دەستپێبکەن. تەنانەت کاتێ پیرترو بەحەوسەڵە تر ببوون، لەخستنەرووی ئەم مەسەلەیە دەترسان، چونکە رەنگبوو ببێتە هۆی ئەوەی ئەو زامانەی بە زەحمەت

سارێژ ببوون دووباره خوێنێکی وایان لێ بچۆڕێتەوە وەک ئەوەی زامی دوێنێ بن.

دکتۆر یەکەم پیاو بوو کە فێرمینا گوێی لەخوڕەی میزەکەی بوو. شەوی زەماوەندیان کە لە تاو سەرە گێژەی دەریا لەناو کابینەی ئەو کەشتییەدا راکشابوو کە بۆ فەڕەنسای دەبردن، گوێی لەو دەنگە بوو. خوڕەی ئەسپ ئاسای هێندە بەهێزو پڕتوانا بوو کە ترسی فێرمینای زیاتر دەکرد لەو هێرشەی لەبەردەمیدابوو. ئەو یادەوەرییە لەکاتێکدا دەهاتەوە یادی کە تێپەڕبوونی کات رەوتەکەی خاوتر دەکردەوە، چونکە هەرگیز نەیدەتوانی بەرگەی ئەوەبگرێت کە دکتۆر هەرکاتی دەچێتە سەر ئاو دەوری ئاودەستەکە پیس دەکات. دکتۆر ئۆربینۆ هەوڵیدا بەو بەڵگانەی کە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ تێبگەن بەئاسانی قابیلی تێگەیشتن بوو، قەناعەتی پێبکات کە بەپێچەوانەی سووربوونی ئەوەوە، ئەم رووداوە ناخۆشە هەموو رۆژێ لە ئەنجامی گوێ پێ نەدانییەوە دووبارە نەدەبۆوە، بەڵکو رێک لەبەر هۆی فیزیکی ئەو حاڵەتە دێتە ئاراوە کە بەهەرحاڵ بەرە بەرە بە هۆی ماکەکانی زیادبوونی تەمەنەوە نەک تەنها نوقسان دەردەکەوت حاڵەتی گەنجیی لەدەست دەدا بەڵکو بەرە بەرە وێڕای هەوڵ و تەقەلای زۆر بۆ کۆنترۆڵکردنی لای دکتۆر ئۆربینۆ دەبووە کاری نەکردە. بەڵام قەناعەت پێکردنی فێرمینا دازا بەم مەسەلەیە کە ئەو لەم ناوەدا هیچ رۆڵێکی نییە کارێکی ئاسان نەبوو، دکتۆر چاک ئەمەی دەزانی و دەیوت" دەبێ ئاودەستی غەربی لەلایەن کەسێکەوە داهێنرابێت کە هیچی لەبارەی پیاوەوە نەزانیوە" دکتۆر ئامرازی ئاشتی ناوماڵی بەو کارەی رۆژانە دەیکرد فەراهەم کرد، کە زیاتر پڕ بوو لەزەلیلی و سووکایەتی تا بێفیزیی و خاکێتی: هەرکاتێ بەمەی دەزانی، کەچی هەتا بۆن و هەڵمی ئامۆنیاک لەناو دەستەکەدا زۆر و تیژ نەبووایە هیچی نەدەوت، بەڵام کاتێ هەستی بەوە دەکرد، بەشێوەیەک

وەکو ئەوەی پەردە لەسەر تاوانێك لابدات دەیقیژاند:" بۆنی ئێرە دەڵێی بۆگەنی کولانەی کەروێشکە" لە کەناری پیریی و لەش قورسیدا دکتۆر ئۆربینۆ ئیلهامی چارەسەرێکی بنەڕەتیی بۆ ئەم کێشە بۆهات: ئەویش وەکو ژنەکەی بەدانیشتنانەوە میزی دەکرد، بەمشێوەیە هەم کاسەی ئاودەستەکە بەخاوێنی دەمایەوەو هەم بارێکی پەسەندی دەبوو.

لەو کاتانەدا کەمتر دەیتوانی بەتەنیا کارو باری خۆی رایبکات و خزانێك لە گەرماوەکەدا وەختەبوو کۆتایی بەژیانی بهێنێت ئەمەش ناچاری کرد لە دوش دوور بکەوێتەوە، هەرچەندە خانووەکە تازەو راقی بوو بەڵام بانیۆی مسی تێدا نەبوو کە نەخشی وەك پەنجەی شێر بەلاکانییەوە بوو، لە خانووە گەورەکانی ئەم شارە کۆلۆنییەدا بڵاوبوو. دکتۆر لەبەر هۆی تەندروستی داوایکردبوو بانیۆکە هەڵکەنن ولایبەن: بانیۆ یەکێکی تر بوو لەنموونەی پیس و پۆخڵی ئەوروپاییەکان کە ڕقی لەبەکارهێنانی بوو. ئەوروپاییەکان تەنیا لە دوا هەینی هەموو مانگێکدا، لەهەمان ئاوی پیسدا خۆیان دەشۆرد کەپڕ بوو لەوپیسییەی دەیانەویست لە لەشیانی بکەنەوە. لەبەرئەوە دکتۆر داوایکرد تەشتێکی لەوحی گەورەی خۆشتنی بۆ دروست بکەن کەدەورەکەی تەختەی تۆکمەی سەروو بوو، تیایدا فێرمینا دازا راست وەکو منداڵێکی ساوا مێردەکەی دەشۆرد. بەئاوێك دەیشۆرد کە گەڵای بۆندارو تویکڵی پرتەقاڵی تێدا کوڵێنرابوو شۆردنەکە کە سەعاتێك زیاتری دەخایاند هێندە کاریگەریی ئارامبەخشی لای دکتۆر هەبوو کە جاریوابوو لەناو ئەو ئاوە کوڵاوە بۆنخۆشەدا خەوی لێدەکەوت. لەدوای شۆردنی فێرمینا بۆ جل لەبەرکردنیش یارمەتی دەدا: بۆدرەی تالیکی لەنێو رانەکانی دەدا، بەڕۆنی گوێزی هندی زیپکەکانی لەشی بۆ لادەبردو هێندە بەشەوق و زەوقەوە دەرپێ کورتەکەی لەپێ دەکرد وەك ئەوەی دایبی منداڵێکی ساوا بگۆڕێت. یەکبەیەك جلەکانی لەبەردەکرد لەگۆرەوییەکانییەوە هەتا بۆینباخەکەی کە بەدەرزییەکی یاقووتی زەرد رازێنرابۆوە. بەرە بەیانەکانی

ژن ومێردایەتییان زیاتر روو لەئارامی بوو، لەبەرئەوەی دکتۆر ئەو منالّییەی بۆ گەڕابۆوە کە منالّەکانی لێیان زەوتکردبوو. فێرمیناش سەرەنجام سیستمی ناو مالّەکەی قبولّکرد، چونکە بەلای ئەویشەوە سالّەها تێدەپەڕین: کەمتر دەخەوت و کاتێ گەیشتە تەمەنی حەفتا سالّی، بەیانیان لەپێش مێردەکەیدا لەخەو هەلّدەسا.

لە جەژنی پەنجاهەمیندا، کاتی دکتۆر ئۆربینۆ بۆ بینینی لاشەی چەرچەفەکەی لەسەر جێرمیا دی سانت ئامور لادا، شتێکی کەشف کرد کەتا ئەو کاتە لەدرەخشانترین گەڕانەکانیدا وەکو دکتۆرێك و کەسێکی باوەڕدار لەبەر چاوی بەشاراوەیی مابۆوە. دوای ئەو هەموو سالّەی ئاشنایی لەگەلّ مەرگدا پاش ئەو هەموو قوولّبوونەوەو سەروساخت و ئەمدیوو ئەودیو کردنەی. ئەم حالّەتە بەشێوەیەك بوو وەك ئەوەی بۆ یەکەمجار جورئەتی کردبێت تەماشای رووخساری مەرگ بکات و مەرگیش لەو بڕوانێ. ئەم ترسەی لەمەرگ نەبوو، نەخێر: ترس لە مەرگ سالّەهابوو لەناخیدا لانەی کردبوو، لەگەلّیدا ژیابوو. ئەم ترسە، لەو شەوەوە سێبەری کەوتە سەر سێبەرەکەی کە بە پەرێشانی لەخەوێکی ناخۆش خەبەری بۆوە و هەستی بەوەکرد وەك ئەوەی هەمیشە باوەڕی وابوو مەرگ تەنیا ئەگەرێکی هەمیشەیی نییە، بەلّکو راستییەکی لەوەستان نەهاتووە. بە هەرحالّ ئەو شتەی ئەوڕۆژە دیبووی، ئامادەگیی بەرجەستەی شتێك بوو کەتا ئەوساتەوەختە تەنها راستییەکی خەیالّی بوو، نەببوو بەیەقین. خۆشحالّی نۆری لەوەوە بوو کەخودا ئیرادەی لەسەر ئەوە بووە جێرمیادی سانت ئامور بیێتە ئامرازێکی ئەو ئیلهامە تاقەت پڕوکێنە. بەلام کاتێ نامەکە پەردەی لەسەر ناسنامەی راستەقینەی لادا، کەبریتییە لە رابردوویەکی گەندەلّ و کەقابیلی پاشەکشە نییە لەژیانیدا، هەستیکرد شتێکی بێچەندوچون لە راپەدەبەدەری لە فرت وفێلّدا، هەستیکرد شتێکی بێچەندوچون لەژیانیدا روویداوە.

لەگەڵ ئەمەشدا، فێرمینا دازا بواری بەدکتۆر نەدا کەبەحاڵی پەرێشانی مێشکی ئەویش تێکبدات. هەڵبەتە، لەکاتێکدا کەفێرمینا یارمەتی دەدا پانتۆڵەکەی لەپێ بکات و قۆپچە دوورودرێژەکانی کراسەکەی بۆ دادەخست دکتۆر هەوڵی خۆیدا، بەڵام شکستی هێنا، لەبەرئەوەی فێرمینا دازا لەو کەسانە نەبوو کەبەئاسانی بتوانی کاری تێبکەیت، بەتایبەتی بەمردنی پیاوێك کە بەلایەوە بایەخی نەبوو. تەواوی ئەوەی کەدەربارەی جێرمینا دی سانت ئامور دەیزانی ئەوە بوو کەکابرایەکی کەم ئەندام بوو بەدارشەق دەڕۆیشت کەهرگیز چاوی بەچارەی نەکەوتبوو، ئەوەش کە لەیەکێ لەساڵانی یاخیبوونە زۆرەکاندا لەدورگە لەژمارە نەهاتووەکانی (ئانتیل) لەفەسیلی ئیعدام هەڵاتبوو، پێویستیی کردبووی بەوێنەگری منداڵان و بەناوبانگترین وێنەگریش لەهەرێمەکەدا، ئەوەش کەدەستێ شەترەنجی لەکەسێك بردبۆوە کەبەناوی تۆریمۆ لینۆس دەهاتەوە یادی لەراستیشدا ناوی کاپا بلانکابوو.

دکتۆر ئۆربینۆ وتی: "بەڵام هیچ نەبووجگە لە هەڵاتوویەك لەکاینێ-وە لەسەر تاوانێکی بێڕەحمانە بەزیندانی هەتا هەتایی حوکم درابوو، تەسەوری ئەوەش بکە تەنانەت گۆشتی مرۆڤیشی خواردبوو."

دکتۆر نامەکەی دایە دەست فێرمینا واتە نهێنی ئەو کەسەی کەداوای لێکرد لەگەڵ خۆی بیباتە گۆڕەوە، بەڵام فێرمینا بەبێ ئەوەی بیانخوێنێتەوە لاپەڕە قەمچ کراوەکانی خستە چاوی مێزتەوالێتەکەیەوە و دایخست. لەگەڵ توانای لەڕادە بەدەری مێردەکەی لەبەرامبەر سەرسوڕماندا راهاتبوو، هەروەها بیروبۆچوونە زیادەڕەوەکانی دەزانی کە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئاڵۆزتر دەبوون و بیر تەسکیشی کە لەگەڵ وێنەی کۆمەڵایەتییدا نەدەهاتەوە. بەڵام ئەمجارە دکتۆر سنووری ئاسایی خۆی بەزاندبوو. فێرمینا پێیوابوو مێردەکەی، نەك لەبەرئەوەی کاتی خۆی جێرمیا دی سانت ئامور چیبووە پێی سەرسامبووە بەڵکو لەبەرئەوەی لەدوای گەیشتنی بەم شارە بەتاقە

جانتایەکی کۆچبەرییەوە چیی لێدەرچوو پێی سەرسامبووە و نەیدەتوانی لەوە تێبگات کەبۆچی بەم ئاخری عومرەوە ئەوەندە بەئاشکرابوونی ناسنامەی راستەقینەی پەرێشانە. لەوە تێنەدەگەیشت کە بۆچی مێردەکەی ئەوە بەکارێکی دزێودەزانێت کەجێرمیا دی سانت ئامور بەنهێنی پەیوەندی لەگەڵ ژنێکدا هەبووە، لەکاتێکدا ئەم مەسەلەیە بەلای ژمارەیەک لەپیاوانەوە لەوانیش خودی ئەو بەڵێ خودی ئەو لەساوەختێکی نەمەک بەحەرامیدا، بەدیهێنانی نەریتێکی کۆن بووەو لەمەش بترازێ وایدەهاتە بەرچاو کاری ئەو ژنە کە لەجێبەجێکردنی بڕیاری جێرمیا دی سانت ئاموردا بۆ مەرگ یارمەتی دابوو، جۆرێك بووە لەسەلماندنی کاریگەریی خۆشەویستیی.

فێرمینا وتی:

-ئەگەر تۆش لەبەر چەند هۆیەکی بەهێزی وەك هۆیەکانی ئەو بڕیاری ئەو کارە بدەیت، ئەرکی من ئەوەدەبێت ئەوە بکەم کە ئەو ژنە کردویتی.

جارێکی تر دکتۆر ئۆربینۆ خۆی لەبەردەم تێنەگەیشتن لەمەسەلەیەکی ئاساندا بینیەوە کەبەدرێژایی نیو سەدە کاری لەمێشکی کردبوو وتی:

-تۆ لەهیچ تێناگەیت، ئەوەی من شێت دەکات ئەوەنییە کەئەو کابرایە کێبوو،چیدەکرد، بەڵکو ئەو فرت و فێڵەیە کە لەماوەی ئەو هەموو ساڵەدا دەخواردی ئێمەیدا.

چاوانی فرمێسکێکی کەمیان تێزا، بەڵام فێرمینا واخۆی نیشاندا کەنایانبینێ لەوەڵامدا وتی:

-کارێکی چاکی کرد، ئەگەر راستی بوتایە، نە تۆ و نەئەو ژنە بەدبەختەو نە هیچ کەسێکی تر لەم شارەدا ئەوەندە خۆشیان نەدەویست کە خۆشیانویست.

پاشان زنجیری سەعاتەکەی کرد بەکونی قۆپچەی هێلەکەکەیەوە، گرێی بۆینباخەکەی بۆ توند کردو دەرزی بۆینباخە یاقوتییە زەردەکەی لێدا.

دواتر چاوو ریشی فرمێسکاوی بەو دەسرەی کەبۆنی فلۆریدای لێدابوو، سڕی و دەسرەکەی قەد کردو خستییە گیرفانی سەرسنگی چاکەتەکەیەوە قەراغی دەسرەکەی وەك مانۆلیا بلاو کردەوە. چەکوشی سەعاتە باندۆلییەکە یانزە جار لەقولایی خانووەکەدا دەنگی دایەوە. فێرمینا دازا کەقۆلی مێردەکەی گرتبوو، وتی:

-خێراکە، دەکەوینە درەنگ!

ئەمینتا دیچامپس، ژنی دکتۆر لاسیدیس ئۆلیڤیاو حەوت کچە خوێن گەرمەکەی بەشێوەیەك هەموو شتێکیان ڕێکخستبوو بۆ ئەوەی نیوەڕۆ خوانی یوبیلی زیوین، ببێتە ڕووداوی ساڵ لەڕووی کۆمەلایەتییەوە. مالی ئەم خێزانە کەوتبووە ناوەندی ئەمشارە مێژووییەوە کەپێشان خانووی (بەیتول مال) بوو، لەلایەن ئەندازیارێکی فلۆرەنسییەوە گۆڕانکای تێدا کرابوو. ئەم ئەندازیارە وەکو بایەکی شەڕانگێز کەگۆڕانکاریی دەیجولاند، خۆی گەیاندبووە ئێرەو زۆر یادگاریی سەدەی حەڤدەی گۆڕیبوو بەکۆشکی پاشایەتی ڤینسیایی. مالەکە شەش ژووری نووستن و دوو ژووری نانخواردنی گەورەو فراوان و هۆلێکی پێشوازیی گەورەی تێدابوو، بەلام ژووری نانخواردنەکان بۆ ئەو میوانانەی لەشارەوە دەهاتن، بەچاوپۆشی لەومیوانە هەلبژاردانەی لە دەرەوەی شارەوە هاتبوون، بەس نەبوو. حەوشەکە بەو فوارە بەردینەوە کە لە ناوەڕاستدا ئاوی هەلدەداو بەوگولدانی گولە بەرۆژەیەوە کە لە تاریکیدا مالەکەی بۆنخۆش دەکرد لەدێر دەچوو.بەلام فەزای نێوان ڕاڕەوە تاقدارەکان بۆ ئەو هەموو نازناوە گەورەیە لەبار نەبوو. هەربۆیە بڕیاریاندا نیوەڕۆخوانەکە لەخانووە هاوینەکەیان بەڕێوەبەرن. کە بە ئۆتومبیل لەشارێی شا-وە تا ئەوێ دە دەقە دوور بوو، گۆڕەپانێکی گەورەو درەختی غاری هندی زەبەلاح و گولی یاسەمینی خۆمالی تێدابوو لەدەوری چەمێکی ڕەوان وجوان. کرێکارەکانی چێشتخانەی (دۆن سانچۆ) بەسەرپەرشتی خاتوو ئۆلیڤیا چەتری ڕەنگاو ڕەنگی لۆکەییان لەوشوێنانەدا

هەندا کە هەتاو دەیگرتنەوەو لەژێر درەختی غاردا لاکێشەیەکیان بەمێز دروست کرد کەجێگەی سەدو بیست و دوو میوانی تێدا دەبۆوە. هەرمێزەی سەرمێزیکی کەتانی سپییان پیاداو یەك چەپکە گوڵی سووریشیان لەسەر مێزی پێشوازیی دانا. هەروەها سەکۆیەکیشیان لەتەختە دروست کردو تەرخانیان کرد بۆ تیپی مۆسیقای ئامێری هەوایی کەبەرنامەکەیان تایبەت بوو بە مۆسیقای سەماو ڤالسی نیشتمانی و تیپێکی چوار کەسی ئامێری ژێداری پەیمانگای هونەرە جوانەکان. ئەمەش دیارییەکی کتوپڕ بوو لەلایەن خاتوو ئۆلیڤیاوە بۆ مێردەکەی کەمامۆستایەکی سەنگین و سەرۆکی نیوەڕۆخوانەکە بوو. ئەگەرچی مێژووی میوانداریيەکە لەگەڵ ساڵرۆژی دەرچوونی دکتۆردا هاوڕێك نەبوو، بەڵام یەکشەممەی جەژنی پەنجاهەمینیان لەبەر زیاتر شکۆدارکردنی ئاهەنگەکە هەڵبژارد.

لەترسی ئەوەی نەبادا لەبەر کەمی کات کاری پێویست ئەنجام نەدرێ. ئامادەکاریی سێ مانگ زووتر لەکاتی خۆی دەستی پێکردبوو. مریشکی زیندوویان لەسیناگا دی ئۆرۆ-ەوە هێنا نەك تەنیا لەبەر ناوبانگی ئەم جۆرە مریشکە لە سەراپای ناوچەی کەناری کاریبیدا، کە ئەم ناوبانگەی تەنها لەبەر قەڵەوی و تام و بۆی نەبوو بەڵکو لەبەرئەوەی لەسەردەمی کۆلۆنیالیزمدا بۆ دۆزینەوەی خواردن بەپەنجە لمیان ئەمدیو ئەودیو کردبوو پارچەی بچووکی زێری بێغەش لەچیکڵدانی ئەم مریشکانەدا دۆزرابۆوە. خودی خاتوو ئۆلیڤیا لەگەڵ هەندێ لەخزمەتکارانی ناوماڵ و کچەکانیدا سوار کەشتی گەورەی ئۆقیانووس بڕ بوون و باشترین شتی ئۆلیڤیا پێشبینی هەمووشتێکی کردبوو، جگە لەوەی ئاهەنگەکە لە رۆژێکی هەمان رۆژ کە چووبۆ ڕێوڕەسمی گەورەی عەشای ڕەببانی هەستی بەشێداری هەوا کرد، تەماشای ئاسمانی قورس وشێواوی کرد و هەستیکرد

نـاتوانیٚ هیٚڵـی ئۆقیـانووس بـەدی بکـات، هەسـتی بەمەترسـییەکە کـرد. سـەرەڕای ئـەم هـەموو نیـشانە شـوومە، بەڕێوەبـەری کەشناسـیی کـە لـە ڕێوڕەسمی عەشای ڕەببانیـدا تووشـی بـوو، ئـەوەی پێـوت کـە لـە سـەراپای مێـژووی پـڕ دەردەسـەریی شـارەکەدا، تەنانـەت لەزسـتانە ئەوپـەڕی سەختەکانیـشدا، هـەرگیز لـە جـەژنی پەنجاهەمینـدا باران نـەباریووە. لەگـەڵ ئەوەشدا، کاتیٚ سەعاتەکە زەنگی سەعات دوانزەی لیٚداو زۆربەی میوانـەکان لەهەوای کراوەدا سەرگەرمی خواردنەوە بوون، دەنگی لەناکاوی هەورە گرمـە زەوییەکـەی لەرانـدەوەو بایـەکی قـورس لـەلای دەریـاوە هـەڵیکرد، مێزەکـانی بەیـەکاداو چـەترەکانی دابەزەویـدا، هـەنگینیٚ شەسـتە بـارانیٚکی کارەسـاتبار لەئاسمانەوە دایکرد.

لـە نـاو پاشـاگەردانیی زریانەکـەدا، دکتـۆر ئۆربینـۆ لەگـەڵ چـەند میـوانیٚکی تـردا کـە دواکـەوتبوون و لەرێگـە تووشـیان ببـوو، بـۆ گەیـشتن بەماڵەکـە رووبـەڕووی کیٚـشەیەکی گـەورە ببـۆوە، ئـەویش وەکـو ئـەوان دەیەویـست مـاوەی نیٚـوان عەرەبانەکـەو ماڵەکە بە بـازدان بەسـەر بـەردا لـەم بەردەوە بۆ ئەو بەرد بەناو حەوشە قوڕاوییەکـەدا تـەی بکـات، بـەڵام دواجـار ناچـاربوو ئـەوە قبـوڵ بکـات کـە کریٚکارەکـانی چیٚـشتخانەی (دۆن سـانچۆ) دەست بدەنـە بن باڵی و لـەژیٚر چـەتریٚکی خـوری زەردا هـەڵیبگرن، کـەپڕبوو لەسووکایەتی. ئەوپەڕی هەوڵ و کۆششی خۆیان بۆ دووباره ریزکردنـەوەی مێزە تایبەتییەکان لەناو ماڵەکەدا تەنانەت لەژووری نووستنیشدا خستەگەر. میوانەکان رووگرژی و دەموچاوی مۆنی خۆیان نە دەشاردەوە. بۆ رێگرتن لـەباو بـاران نـەدەبوو پەنجـەرەکان بکرێنـەوەو هـەوای نـاو ژوورەکـان وەکـو ژووری مەنجـەڵی هـەڵمی کەشـتی گـەرم ببـوو. لەحەوشـەکەدا، جیٚگـای هەرکەسیٚك لەسەر مێزەکان بەو کارتانەی ناوی میوانەکـەی لەسـەربوو دیاری کرابوو، وەکو بـاوبوو لایـەك تایبـەتبوو بەپیاوان و لاکـەی تـریش تایبـەتبوو بەژنان. بەڵام لەناو ماڵەکەدا کارتەکان تێکەڵ ببوون و خەڵکەکە بە بێسەرەو

بەرەیی ناچاریی لە هەرجێگایەکدا بیانتوانیایە دادەنشتن، کە بەلای کەمەوە لەم حاڵەتدا لە دژی خورافەپەرستیی کۆمەڵایەتی ئێمە بوو. لەناو ئەم زریانەدا، ئەمینتا دی ئۆلیڤیا کەوا دەهاتە بەرلەچاو لەیەک کاتدا لە هەموو شوێنێ بێت بەقژی تەڕو عەزیە جوان و قوڕاوییەکەیەوە بەزەردەخەنەیەکی لەتێکشکان نەهاتووەوە کە بواری خۆبەدەستەوسانی نەدەدا و ئەمە لەمێردەکەیەوە فێر ببوو، ئەو بەدبەختییەی دەخستە ئەستۆی خۆی. بەیارمەتی کچەکانی کەجلەکانیان لەهەمان قوماشی دایکیان بوو، هەموو وزەو توانایەکی بۆ پاراستنی سیستمی مێزی پێشوازیی بەکار دەهێنا. دکتۆر خۆڤینالۆ ئۆربینۆ لە ناوەڕاستی مێزەکەداو ئەسقەف مەزن (ئۆبدۆلیۆ ئەی ری) لەلای راستییەوە دانیشتبوو. فێرمینا دازا لەتەنیشت مێردەکەیەوە دانیشت. لەترسی ئەوەی نەبادا لە کاتی نانخواردندا خەوبیباتەوە یان سوپ برێژێت بەیەخەی چاکەتەکەیدا، هەمیشە لەتەنیشت مێردەکەیەوە دادەنیشت. دکتۆر لاسیدیس ئۆلیڤیا بەرامبەر دکتۆر ئۆربینۆ دانیشت، پیاوێکی تەمەن دەوروبەری پەنجا ساڵ، باش مابۆوەو دەنگێکی ژنانەی بەلاوە بوو کەگیانی شادو ئاهەنگ ئامێزی لەگەڵ دەستنیشانکردنە وردەکانیدا وەك دکتۆرێ نەدەهاتەوە. باقی کورسییەکانی مێزەکە نوێنەرانی شارەوانی و هەرێمەکەو شاجوانی ساڵی رابردوو داگیریان کردبوو کە پارێزگار دەستی گرت تا کورسییەکەی تەنیشتی خۆی. ئەگەرچی نەببوو بەعادەت کە لە داوەتنامەکاندا داوای لەبەرکردنی جل وبەرگێکی تایبەت بکرێ، بەتایبەتی لەمیوانداریییەکی نانخواردندا لەلادێ، لەگەڵ ئەوەشدا ژنەکان جل وبەرگی ئاودامانی شەویان لەبەردابوو کەبە خشڵی بەردی بەنرخ رازێنرابوونەوە و پیاوەکان زیاتر جل و بەرگی میوانداریيان لەبەر کردبوو بەبۆینباخی رەشەوە هەندێکیان تەنانەت چاکەتی سپی رەسمیشیان لەبەر کردبوو. تەنها میوانە زۆر ناسراوەکان کەدکتۆر ئۆربینۆش یەکێك بوو لەوان جل و بەرگی ئاساییان لەبەر کردبوو. لیستی نانخواردنەکان کەبەفەڕەنسی

نووسرابوون و هەندێ وێنەیان بەخەتی ئاڵتوونی لەسەر دروست کرابوو لەهەموو جێگایەکدا بەدیدەکران.

خاتوو ئۆلیڤیا، کە لە گەرمای پڕوکێنەر تۆقیبوو، لەکاتێکدا کە بە سەراپای خانووەکەدا دەگەڕا، داوای لەپیاوەکان دەکرد لە کاتی نانخواردندا چاکەتەکانیان داکەنن، بەڵام کەس جورئەتی ئەوەی نەبوو یەکەم کەس چاکەتەکەی داکەنێ. ئەسقەفی مەزن ئەوەی بۆ دکتۆر ئۆربینۆ روون دەکردەوە کە ئەم نانخواردنە تاڕادەیەك نانخواردنێکی مێژووییە: چونکە کەسانێك هەن بۆ یەکەمجار پێکەوە لەسەر یەك مێز دادەنیشن، لەپاش سارێژکردنەوەی زامەکان و لەناوبرنی رق و کینەی دوولایەنی دژبەیەك، لەشەڕی ناوخۆدا کە لە دوای سەربەخۆییەوە وڵاتی لەخوێندا گەوزاند. ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ خوێنگەرمیی لیبراڵەکاندا دەهاتەوە، بەتایبەتی گەنجەکانیان، کە لەدوای چل وپێنج ساڵ لە دەسەلاتی محافیزەکاران، توانیبوویان سەرۆك کۆماریێ لەحزبەکەی خۆیان هەڵبژێرن. دکتۆر ئۆربینۆ رای لەسەر ئەمە نەبوو: بەرای ئەو سەرکۆمارێکی لیبراڵیش رێك وەکو سەرکۆمارێکی محافیزەکار وایە، تەنها وەك ئەو پۆشتەو پەرداخ نییە- بەڵام دکتۆر نەیدەویست لەبەرامبەر ئەسقەفی مەزندا رای پێچەوانە دەربڕێت، هەرچەندە بەلایەوە خراپ نەبوو بە ئامارە ئەوەی پێ بڵێت کە ئەم میوانانە لەبەر شێوازی بیرکردنەوەیان لەم میوانداریەدا ئامادە نەبوون، بەڵکو لەپێناوی شەرەف و ویقاری باووباپیراندا بوو، ئەمەش شتێکە کەهەمیشە لەمەترسی و نەگبەتییەکانی سیاسەت و درندایەتییەکانی جەنگ بەدوور دەبێت و بەپاکژی دەمێنێتەوە. لەراستیدا لەم روانگەیەوە هیچ کەسێك نەبوو نەهاتبێ.

شەستە بارانەکە هەروەکو چۆن لەناکاو دایکردبوو، لەناکاویش خۆشی کردەوەو هەتاو لەئاسمانی ساف و سامالەوە دەستی کرد بەدرەوشانەوە، بەڵام زریانەکە ئەوەندە توندبوو کەچەندان درەختی لە رەگ و ریشەوە هەڵکەندبوو، لافاو حەوشەکەی کردبوو بە زەلکاو. گەورەترین

کارەسات لە موبەقەکەدا روویدابوو. ئاگردانەکان لەسەر خشت و لەبەشی دواوەی ماڵەکەدا لەهەوای ئازاددا دانرابوون، چێشتلێنەرەکان هەر ئەوەندە فریا کەوتبوون مەنجەڵەکان لە دەست باران قوتار بکەن. کاتێکی زۆریان لە دەرکردنی ئاوەکەی و رێکخستنەوەی چێشتخانە لافاو لێدراوەکەو بەپەلە دانانی ئاگردانی نوێ لەرارەوی دواوە بەفیڕۆدا. بەهەرحاڵ دەوری سەعات یەك قەیرانەکە تێپەڕێنرابوو، تەنها شیرینی نەگەیەشتبوو: راهیبەکانی (سانت کلارا) ئەرکی دروستکردنی شیرینییەکەیان لەئەستۆ گرتبوو، بەڵێنیان دابوو بەر لەسەعات یانزە بینێرن، ترسی ئەوەیان هەبوو نەبا لافاوی چەمی شاڕێی شا هەستابێ، کە تەنانەت لەزستانی ئاساییشدا لافاوی هەڵدەسا کە لەم حاڵەتەدا بەلای کەمەوە تا دوو سەعاتی تر شیرینی نەدەگەیشت. هەرکە هەواخۆش بوو پەنجەرەکانیان کردەوەو ماڵەکە هەوایەك فێنکی کردەوە کەزریانی گۆگرد پاڵاوتبووی. دوای هەوا گۆڕکێی ماڵەکە داوا لەگروپی سەما کرا کە بەرنامەی ڤالس لە هەیوانەکە نمایش بکات. ئەم بەرنامەیە تەنها دەنگە دەنگی زیاد کرد، چونکە هەرکەسێ بۆ گەیاندنی دەنگی بەناو تەقەو رەقەی مەنجەڵەکاندا ناچاربوو هاوار بکات. ئەمینتا ئۆلیڤیا ماندووی چاوەڕوانیی و بزە لەسەر لێوان تەنانەت لەکەناری گریاندا فەرمانیدا خواردن دابنرێت.

تیپی ژێداری پەیمانگای هونەرە جوانەکان لەبێدەنگییەکی رەسمیدا دەستیان بەکۆنسێرتەکەیان کرد کە هەتا دەستپێکی عەزفی پارچەمۆسیقای لاشاسێ-ی مۆزارت بەردەوامبوو. وێڕای بەرز بوونەوەو زیاتر بوونی دەنگە دەنگ و هاتنە ناوەوەی لەناکاوی خزمەتکارانی دۆن سانچۆ بەقاپەکانی دەستیانەوە کە هەڵمی لێهەڵدەسا بەزەحمەت دەیانتوانی رێگایەك لەکەناری مێزەکاندا بکەنەوە. دکتۆر ئۆربینۆ توانی هەتا کۆتایی بەرنامەکە رایەڵی پەیوەندی لەگەڵ مۆسیقاکەدا بهێڵێتەوە، لەگەڵ تێپەڕبوونی ساڵەکاندا هێندە هێزی تەرکیزی کەمبۆوە کە ناچاربوو لە کاتی یاری شەترەنجدا، بۆ ئەوەی

ئەو نەخشەیەی بەکاری هێنابوو لە بیری نەچێتەوە، یەك بە یەکی جوڵەکانی بنووسێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دەیتوانی لەکاتێکدا گوێی بۆ کۆنسێرتێ شل کردووە، گفتوگۆیەکی جدیش بکات، هەرچەندە ئەم توانایەی دکتۆر هەرگیز نەدەگەیشتە ئاستی توانای رابەری ئۆرکسترای ئەڵمانی و هاوڕێی خۆشەویستیی لەو ماوەیەدا کە لە ئەمسابوو، کە لەکاتی گوێگرتنیدا لە تانهاوەرز نۆتەیەکی مۆسیقی دۆن جیۆڤانی دەخوێندەوە.
دکتۆر پێیوابوو پارچەی دووەمی بەرنامەکە کە کیژۆڵەوەمەرگی شوبێرت بوو لەڕووی نمایشەوە ئاسانبوو. لەکاتێکدا لەناو تەقە تەقی قاپدا زۆری لەخۆی دەکرد بۆگوێگرتن، لە گەنجێکی شەرمن راما کە بەسەر جوڵاندن سەلامی لێکرد. ئەم کوڕە گەنجەی لەجێگایەك دیبوو گومانی لەوە نەبوو، بەڵام نەیدەتوانی ئەوە بەبیری خۆی بهێنێتەوە کە لەکوێ دیویەتی. زۆر جار ئەمەی لێڕوودەدا. لە هەمووی زیاتر سەبارەت بەناوی خەڵك، تەنانەت سەبارەت بەناوی ئەو کەسانەش کەچاکی دەناسین، هەروەها بۆ مۆسیقای سەردەمانی تریش وابوو، کاتی ئەمەی لێڕودەدا دەبووە هۆی دوودڵی و بێتاقەتییەکی واقورس بۆی کە شەوێکیان مەرگی خۆی بە ئاوات دەخواست وەك لەوەی تابەیانی دان بەخۆیدا بگرێت. ئێستا دکتۆر وەختەبوو بگاتە ئەو حاڵەتە کە لە ناکاو تیشکێکی رزگاری یادەوەریی رووناك کردەوە: ئەو کوڕەساڵی رابردوو خوێندکاری بوو، بەبینینی لێرە واتە لەناو قەڵەمرەوی دەستە بژێرەکاندا، زۆر سەرسام ببوو. بەڵام دکتۆر ئۆلیڤیا ئەوەی پێوت کە کوڕی وەزیری تەندروستییەو حاڵی حازر سەرقاڵی ئامادەکردنی دوانامەی پزیشکیی یاساییە. دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ بەدڵخۆشییەوە دەستی بۆ راوەشاندو سەلامی لێکرد، دکتۆری لاویش هەستایە سەرپێ و بەڕێزەوە سەری بۆ دانەواندو وەڵامی سەلامەکەی دایەوە. بەڵام نە ئەوکاتەو نەهیچ کاتێکی تر، نەیزانی کە ئەوە هەمان ئەو پزیشکە راهێنراوە بووە کە ئەو رۆژە سەر لە بەیانی لەماڵی جێرمیا دی سانت ئامور بووە.

لەگەڵ هەستکردنیدا بەناسوودەیی سەرکەوتنێکی نوێ بەسەر پیرییدا، خۆیدایە دەست لیریکی نەرم و ڕەوانی دوا پارچەی بەرنامەیەك کەنەیدەتوانی بیناسێتەوە. پاشان کەمانچە ژەنێکی لاو کەتازە لە فەرەنسا گەڕابۆوە پێیوت کە ئەوە پارچەیەکی چوارقۆڵی ئامێری ژێداری (گابرێل فاوری)یە و دکتۆر ئۆربینۆ وێرای ئەوەی هەمیشە گوێی بۆ شێوازی نوێی ئەوروپا شل کردبوو تەنانەت ناویشی نەبیستبوو. فێرمینا دازا کە وەکو هەمیشە چاوێکی لە سەری بوو واتە بە زۆر لەوکاتانەدا کە دەیبینی لەجێگایەکی گشتییدا خۆی دەخواتەوە، دەستی لەخواردن هەڵگرت و دەستی خستە سەردەستی کە تەنها شتێکی مادی بوو، پەیوەندی بەمەعنەوییەتەوە نەبوو، وتی:" زۆر بیری لێمەکەرەوە" دکتۆر ئۆربینۆ لە کەنارێکی دوور لە خۆیەوە بە بێئاگاییەوە بزەی خستە سەرلێوی و ئەمەش، لەکاتێکدا بوو کە دووبارە کەوتەوە بیرکردنەوە لە شتێ کە فێرمینا دازا لێی ترسابوو، واتە جێرمیا دی سانت ئاموری بەیاد هاتەوە، دیمەنی ئەو کاتەی هاتەوە بەرچاو کە لەناو دارەمەیتەکەدا بوو، بە بەرگی سەربازیی و میدالی ئازایەتی ساختەوە، لە ژێر نیگای چاوانی تۆمەتبارکەری ئەو منداڵانەدا کە لە وێنەکاندابوون. لای کرد بەلای ئەسقەفەوە بۆ ئەوەی لەبارەی ئەوخۆکوشتنەوە قسە بکات، بەڵام ئەسقەف پێشان هەواڵەکەی بیستبوو. لە دوای ڕێوڕەسمی مەزنی عەشای ڕەببانی قسەو باسی زۆر کرابوون و ئەسقەف تەنانەت لە پەنابەرە کارییبیەکانەوە لەڕێگەی کۆلۆنێل جیرۆ نیمۆنەرگوتیێ-وە داوایەکی پێگەیشتبوو بۆ ئەوەی جێرمیا دی سانت ئامور لەجێگایەکی پیرۆزدا بەخاك بسپێردرێت. ئەسقەف وتی:

-خودی ئەم داوایە نیشانەی جۆرێك لە بێرێزییە.

پاشان بەڕیتمێکی مرۆڤانەتر پرسی ئایا کەس هۆی خۆکوشتنەکە دەزانێت. دکتۆر ئۆربینۆ وەڵامی دایەوە:" Gerontophia ترس لەپیریی" ئەم وشەیەی بەدروستی وت لەکاتێکدا کە وایدەزانی، لەو ساتەوەختەدا

خۆی دایهێناوه. ئۆلیڤیا کە بەوردی ئاگای لەو میوانانە بوو کە لە نزیکییەوە دانیشتبوون، وازی لە گەڕەلاوژەی ئەوان هێنا بۆ ئەوەی لەگفتوگۆی مامۆستاکەیدا بەشداری بکات. وتی:" جێگەی داخە کە هێشتا رووبەڕووی خۆکوژیێ دەبینەوە کە پاڵنەرەکەی خۆشەویستیی نییە"

دکتۆر ئۆربینۆ کە لە ناسینەوەی بیروڕاکانی خۆی لە ناو بیروڕای خوێندکارە خۆشەویستەکەیدا سەرسام نەبوو وتی:

-لەوەش خراپتر، خۆکوشتنەکە بە سیانۆری ئاڵتوون بووە.

کاتێ ئەمەی وت، جارێکی تر هەستیکرد بەزەیی هاتەوەئارا بۆ ئەوەی بەسەر تاڵیی نامەکەدا زاڵ بێت، ئەم چاکەیەش بۆ ژنەکەی نەدەگەڕایەوە بەڵکو بۆ موعجیزەیەك لەموعجیزەکانی مۆسیقا دەگەڕایەوە. پاشان لەگەڵ ئەسقەفدا دەربارەی ئەو قەشە بێدینە قسەی کرد کە لەئێوارانی شەترەنجی دوورو درێژدا ناسیبووی، هەروەها دەربارەی تەرخانکردنی هونەرەکەی لەپێناوی خۆشحاڵی منداڵان و زانیاری زۆر و زەوەندی سەرسورهێنەرانەی سەبارەت بە هەموو کاروبارەکانی دنیا و خوونەریتە سپارتییەکانی قسەی کرد، لەو کاتەدا خۆشی سەری لەو پاکی و بێگەردییە رۆحییە سورمابوو کە ئەو توانایەی دابوویە بەخێرایی و بەیەکجاری و بۆ هەمیشە لەرابردووی داببڕێت. پاشان لەگەڵ پارێزگاردا سەبارەت بە چاکیی کڕینی ئەرشیفی وێنەو جامی وێنەو فیلمەکانی قسەی کرد لەپێناوی بەزیندوویی هێشتنەوەی وێنەی نەوەیەك کە ئایندەی شاریان دەکەوێتە دەست و رەنگە هەرگیز لەناو وێنەکانیاندا نەبێت جارێکی تر شاد نەبن. ئەسقەفی مەزن لەوە بێزار بوو کە کاسۆلیکێکی خوێندەوار و تێکۆشەر ئەو جورئەتەی بەخۆی دەدا وا بیر بکاتەوە کە جێرمیا خۆکوژێکی پیرۆز بووە، بەلام لەگەڵ دروستکردنی ئەرشیفێکدابوو بۆ وێنەو جام و فیلمەکانی. پارێزگار دەیویست بزانێت دەبێ وێنەو جام و فیلمەکان لەکێ بکڕدرێن. زمانی دکتۆر ئۆربینۆ بە ئاگری تازەی ئەم رازە سووتا، بەلام توانی میراتگری

ئەرشیفە نهێنییەکە ئاشکرا نەکات و وتی " من ئەم مەسەلەیە لە ئەستۆ دەگرم" و هەستیکرد لە هاوڕێیەتیدا بۆ ژنێك بەوەفا بووە کە تا پێنج سەعات بەر لە ئێستا نکۆڵی لێکردبوو. فێرمینا دازا هەستی بەمە کردو بە دەنگێکی هێواش وەعدی لێوەرگرت کە لە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەدا بەشداری بکات. بەئاسودەییەوە وتی هەڵبەتە بەشداری دەکات و ئەمە بەبێ قسە کردن جێبەجێبوو. وتەی کورت و سادە پێشکەش کران. تیپی مۆسیقای ئامێرە هەواییەکان پارچە مۆسیقایەکی باویان پێشکەش کرد کە لە بەرنامەکەدا نەبوو، میوانەکان چوون بۆ باڵکۆنەکانو چاوەڕێی کرێکارەکانی دۆن سانچۆ بوون بۆ ئەوەی حەوشەکە بۆ ئەو کەسانە ئامادە بکەن کە حەزیان لە سەما بوو. ئەو میوانانەی لەهۆڵی پێشوازیی مانەوە، ئەوانە بوون کە مێزی پێشوازیی بۆ ئەوان ڕازێنرابۆوە. ئەوان کەیفیان بەوەوە دەکرد کە دکتۆر ئۆربینۆ لە کۆتایی خواردنەوەیدا نیوگلاس براندی بەیەك پێك هەڵدابوو کە دەبێ لەگەڵ خواردنێکی زۆر تایبەتدا بخورێتەوە. بەڵام ئەو ڕۆژە پێشنیوەڕۆ دڵی بۆ ئەوە لێدابوو بەتەواوی تەمەڵیشی نەمابوو: جارێکیتر، دوای ئەو هەموو ساڵە، حەزی دەکرد گۆرانی بڵێتو ئەگەر لەناکاو یەکێك لە ئۆتۆمبێلە تازەکان قوڕوچڵپاوی نەکردایە بەسەر مۆسیقاژەنەکانداو بەهۆڕینە زلەکەی کە لەقیرەی مراوی دەچوو، مراوییەکانی حەوشەی تار نەکردایە بۆ ناو گۆلاوی حەوشە پڕ قوڕولیتاوەکە، بێگومان دکتۆر بەهاندانی کەمانچەژەنە لاوەکە کە دەیویست لەگەڵیدا بیڵێتەوە گۆرانی دەوت. ئۆتۆمبێلەکە لەبەردەم هەیوانی ماڵەکەدا وەستاو دکتۆر ماركۆ ئۆریلۆ ئۆربینۆ دازاو ژنەکەی دەرکەوتن کە بەکامی دڵ پێدەکەنینو هەریەکەیان سینییەکی بەدەستەوە بوو کە بەپارچەیەکی موشەبەك داپۆشرابوو. سینییەکانیتری لەوەی دەستیان، لەکورسی دواوەی ئۆتۆمبێلەکەو لای سایەقەکەوە داندرابوون. ئەمە شیرینییەکە بوو کە دواکەوتبوو. کاتێ چەپڵەو ئافەرینو گاڵتەی پڕهاوار قیژە کۆتایی هات، دکتۆر ئۆربینۆ دازا بەڕێتمێکی زۆر جدیی ئەوەی ڕوون

کردەوە کە بەرلە دەستپێکردنی زریانەکە، راهیبەکانی(سانت کلارا) داوایان لێکردبوو شیرینییەکە بهێنن، بەڵام لەبەرئەوەی کەسێك پێی وتوون ماڵی باوکت ئاگری تێبەربووە، لەشەقامی سەرەکی گەڕابۆوە. دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ بەرلەوەی کوڕەکەی قسەکەی تەواو بکات، ڕەنگی تێکچوو، بەڵام ژنەکەی یەکسەر ئەوەی بیرهاتەوە کە بۆ گرتنی توتییەکە خۆی جوابی بۆ تیمی ئاگرکوژێنەوە ناردبوو. ئەمینتا ئۆلیڤیا کاتێ بڕیاریدا لە باڵکۆنەکان شیرینی پێشکەش بکات، ڕووی گەش بوو، ئەگەرچی میوانەکان قاوەکانیان خواردبۆوە. بەڵام دکتۆر ئۆربینۆ و ژنەکەی بەبێ ئەوەی دەم لەشیرینی بدەن، ڕۆیشتن، چونکە دکتۆر ئۆبینۆ ئەوەندەی کات مابوو کە بەرلە ڕێوڕەسمی ناشتنەکە، سەرخەوی نیوەڕۆی بشکێنێت کە وەك شتێکی پیرۆز وابوو بەلایەوە، هەرچەندە خەوەکەی کورت و نائارام بوو. چونکە کاتێ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، ئەوەی بینی کە ئاگرکوژێنەرەوەکان بەقەد ئاگرکەوتنەوەیەك زیانیان لەماڵەکە داوە. لەهەوڵیاندا بۆ ترساندنی توتییەکە، بەسۆندەی ئاوی بەهێز گەڵایان بەدرەختەکەوە نەهێشتبوو، بەهەڵە پەڕینی ئاو لە پەنجەرەی ژووری نوستنی سەرەکییەوە زیانی وایان بەکەلوپەلی ناوماڵەکەو وێنەی باوباپیرانی گومناو گەیاندبوو کە بەدیوارەکانەوە هەڵواسرابوون و قابیلی چاککردنەوە نەبوون. دراوسێکان کە وایانزانی بوو بەڕاستی ئاگر کەوتۆتەوە، کاتێ گوێیان لەزەنگی ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە کە بوو بەپەلە خۆیان گەیاندبووە ماڵی دکتۆر کە هەراوفەرتەنەکە لەمە خراپتر نەبوو، تەنها لەبەرئەوە بوو کە ڕۆژانی یەکشەممە قوتابخانە نییە. ئاگرکوژێنەرەوەکان کاتێ بینیان بە پەیژە درێژەکانیشیان دەستیان بە توتییەکە ناگات، بەداس کەوتنە گیانی لق وپۆپی درەختەکەو ئەوە بوو دکتۆر ئۆبینۆ دازا لەکاتی خۆیدا گەیشتەجێ، دەنا هەموو لقەکانی درەختەکەیان بەداس دادەهێنا. تیمەکە دوای ئەوەی وتیان ئەگەر مۆڵەتی بڕینی لقەکانی دارەکەیان پێبدرێت، دوای سەعات پێنج دەگەڕێنەوە. ماڵەکەیان بەجێهێشت و لەسەر ڕێی خۆیاندا،

هەیوان و هۆڵەکەیان قوڕاوی کردو قاڵییە تورکییە خۆشەویستەکەی فێرمینا دازاشیان دڕاند، هەموو ئەمانە کۆمەڵێ ڕووداوی بێهودە بوون، چونکە بەگشتی ڕۆڵەکەیان ئەوە بوو کە توتییەکە سودی لەقەرەباڵغییەکە وەرگرت و ماڵ بەماڵ بەحەوشەی ماڵەکاندا هەڵات. دکتۆر ئۆربینۆ لەنێو لق و گەڵاکاندا بەوردی بەدوایدا دەگەڕا، بەڵام بەهیچ زمانێک هیچ وەڵامێک نەدەهاتەوە. تەنانەت بە فیکەو گۆرانیش. لەبەرئەوە وای حساب کرد کە توتییەکە ون بووەو دەوری سەعات سێ دەستی لەگەڕان هەڵگرت و چوو سەرخەوەکەی بشکێنێ. بەڵام سەرەتا بەخێرایی و بەشێوەیەکی نهێنی لەزەتی لەبۆنی میزەکەی بینی کە بە هلیۆنی گەرم پاڵێورابوو.

بەغەمەوە لەخەو هەستا: نەک غەمی ئەوەی بەیانی کاتێ لەبەرامبەر لاشەی هاوڕێکەیدا وەستا، هەستی پێکردبوو بەڵکو غەمی هەمان تاریکی نادیار کە لەدوای سەرخەوشکاندنی نیوەڕۆوە ڕۆحی پڕ دەکرد، دکتۆر وەکو ئاگادارکردنەوەیەکی خودایی گوزارشتی لێکرد، ئاگادارکردنەوەیەک بوو بەومانایەی کە لەکاتی تێپەڕاندنی دواپاشنیوەڕۆکانی تەمەنیدایە. هەتا تەمەنی پەنجا ساڵی ئاگای لە قەبارەو کێشی حاڵەتی ئەندامانی لەشی نەبوو. بەڵام لە دوای ئەوەوە بوو کە وردە وردە لە دوای سەرخەوشکاندنی نیوەڕۆ بەهەمان شێوە کە درێژ ببوو، چاوانی لێکنابوو یەک بە یەک لەناو لەشیدا دەستی کردبوو بەدەست لێدانیان. بەرە بەرە پەی بەشێوەی دڵە بێخەوەکەی و جگەرە پڕ لەڕازەکەی وپەنکریاسە جادوو ئامێزەکەی بردبوو، ئەوەشی کەشف کردبوو کە هەموو کەسێ تەنانەت ئەوانەش کە بەتەمەن لەویش گەورەترن، لەو گەنجترن و ئەو تاکە یادگاریی وێنەی شێوە ئەفسانەیی نەوەکەیەتی. کاتێ بەیەکەمین حاڵەتەکانی لەبیرچوونەوەی خۆی زانی، پەنای بۆ شێوازی یەکێ لەمامۆستایانی کۆلیژی پزیشکیی خۆی برد کەلەو بارەیەوە بیستبووی. "مرۆڤی بێ یادەوەریی بەنووسین دەتوانێت یادەوەرییەک بۆخۆی دروست بکات" بەڵام ئەمە خەیاڵێکی تیژ تێپەڕ بوو،

لەبەرئەوەی ماوەیەك دوای ئەوە گەیشتە قۆناغێك كە مەبەستی شتە نووسراوەكانی ناو گیرفانی لەبیر دەچۆوە، كون و كەلەبەری ماڵەكە دەگرا بۆ چاویلكەكەی لەكاتێكدا لەچاویدا بوو، دوای داخستنی دەرگاكان دووبارە كلیلەكەی لەناو كێلوندا دەسووڕاند، لەكاتی خوێندنەوەدا تەركیزی نەدەماو هیچی دەسگیر نەدەبوو، پێشەكی باسەكان و پەیوەندی نێوان كارەكتەرەكانی لەبیر دەچۆوە. بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێ زیاتر پەرێشانی دەكرد متمانەنەكردنی بوو بەهێزی عەقڵی خۆی: بەرەبەرە وەك ماڵكاولییەكی حەتمی، هەستی دەكرد هێزی جیاكردنەوەی راستیی لەدەست دەدات.

دكتۆر خۆڤینالْ ئۆربینۆ تەنها بەپشت بەستن بە ئەزموونە تایبەتییەكانی خۆی و بەبێ هیچ بەڵگەیەكی زانستیی دەیزانی كە زۆربەی نەخۆشییە كوشندەكان بۆنی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام هیچكامیان بۆنی تایبەتی پیریيان نییە. ئەمەشی لەو لاشانەدا بەدی دەكرد كە لەسەر مێزی توێكاریی بەیەكاڵاكراوی لەسەرەوە تا نووكە پێ دانرابوون، ئەمەی تەنانەت لەو نەخۆشانەشدا دەستنشان دەكرد كە زۆر سەركەوتووانە دەیانتوانی تەمەنیان بشارنەوە و لەعەرەقی جلەكانی خۆی و هەناسەدانی نارێك وپێكی ژنەكەیدا كاتی خەوتنی هەستی پێدەكرد. ئەگەر دكتۆر لەناخدا مەسیحییەك نەبووایە بەشێوازە كۆنەكەی رەنگبوو لەگەڵ جێرمیا دی سانت ئاموردا هاوڕابوایە كەپیریی حاڵەتێكی ناپەسەندە كە بەر لەوەی درەنگ بێت، دەبێ كۆتایی بێت. تاكە شتێ كەمایەی دڵدانەوەی بوو، ئەوەبوو لەسەر جێگە عەیب و عاری نەبوو، واتە لەرووی سێكسییەوە ساغ و سەلامەت بوو. لە تەمەنی هەشتایەك ساڵیدا هێندە واقیعبین بوو لەوە تێبگات كە بەچەند داوێكی باریكەوە بەم دنیایەوە گرێدراوە كەدەكرا لە ئەنجامی جێگۆڕكێیەكی سادەی كاتی خەودا بەبێ ئازار بپچڕێن. دكتۆر كەتەواوی وزەو توانای بۆ

هێشتنەوەی داوەکان دەخستە گەڕ، تەنها لەبەر ئەو ترسە بوو نەبا لەناوتاریکییەکانی مەرگدا خودا نەدۆزێتەوە.

فێرمینا دازا سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی ئەو ژووی نووستنە بوو کەپیاوانی ئاگرکوژێنەوە تێکیاندابوو، کەمێ پێش سەعات چوار پەرداخی لیمۆنادی ڕۆژانەی بە وردە سەهۆڵەوە نارد بۆ مێردەکەی و پێیراگەیاند کەدەبێ بۆ ڕێوڕەسمی ناشتنەکە خۆی بگۆڕێت. پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە دکتۆر ئوربینۆ دوو کتێبی لەبەر دەستدا بوو: (مرۆڤ، ئەو گومناوە)ی (ئەلیکسیس کارێل) و (مێژووی سان میچیل) ی (ئەکسیل مۆنتێ). لاپەڕەکانی کتێبی دووەم هێشتا نەکرابوونەوە و داوای لە دیگناپاردوی چیشتلێنەر کرد چەقۆ دەسک مەڕ مەڕی کاغەز بڕینەکەی بۆ بهێنێت کە لەژووری نووستن لەبیری چووبوو. بەڵام کاتێ چەقۆ کاغەز بڕەکەیان بۆ هێنا سەرقاڵی خوێندنەوەی جێگایەك بوو لە"مرۆڤ، ئەو گومناوە" کە بەزەرفی نامە دەستنیشان کرابوو چەند لاپەڕەیەکی مابوو بۆ کۆتایی کتێبەکە. بەهێواشی دەیخوێندەوەو لەهەمان کاتدا هەوڵیدەدا بەپێچاو پێچەکانی ئەو ژانە سەرە هێواشەدا تێپەڕێت کە دەیزانی لەنێو گلاس براندییەکەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەکۆتاییدا خواردییەوە، ناوە ناوە لەخوێندنەوە دەوەستا قومێکی لەلیمۆنادەکە دەدا یان وردە سەهۆڵی دادەکرماند. بە گۆرەوییەکانی و کراسەکەیەوە بەبێ ئەوەی یەخەکەی بەسەردا لەمل کردبێت، هەردوو شایەلە خەت خەت و سەوزی پانتۆڵەکەی بەلای کەمەریدا شۆڕ ببوونەوە. تەنها بیرکردنەوە لەوەی پێویستە بەناچاری خۆی بگۆڕێت بۆ ڕێوڕەسمی ناشتنەکە تووڕەی کرد. هێندەی پێنەچوو لەخوێندنەوە وەستا، کتێبەکانی خستە سەریەك و لەسەر کورسییە حەیزەرانە جۆلانەییەکە زۆر بە هێواشی دەستی بەجوولە کرد، لەوحاڵەتەدا بەغەمگینییەوە چاوێکی بە نەمامی دارمۆزەکانی ناو قوڕی حەوشەکە و دار مانغا هەڵپاچراوەکەو ئەو مێروولە باڵدارانەی لە دوای باران پەیدا دەبوون و تیشکی تیژ تێپەڕی

پاشنیوەڕۆیەکی دیکەدا گیرا، کەهەرگیز نەدەگەڕایەوە. لە بنەڕەتدا ئەوەی لەبیر چووبۆوە کە تووتییەکی پاراماریبۆیی هەبوو، وەکو مرۆڤێك بەلایەوە خۆشەویست بوو، لەناکاو گوێی لەدەنگی بوو کەدەیوت" تووتی پاشایی" دەنگەکە زۆر لەنزیکەوە دەهاتەگوێ: تەقریبەن لە تەنیشتییەوە بوو پاشان لەسەر نزمترین لقی دارمانگاکە تووتییەکەی بینی.

-هاواری کرد:" ئای هیچ وپووچ"

تووتییەکە بە هەمان ریتم وەڵامی دایەوە:

-تۆ لە هچ و پووچیش کەمتری، دکتۆر!

دکتۆر لە هەمان کاتدا کەچاوی لە تووتییەکە نەدەخلافاند بە قسە دایگرتەوە و زۆر بەوریاییەوە بەجۆری کەنەیترسێنێت، پێڵاوەکانی لەپێکرد و شایەلەکانی پانتۆڵەکەی خستەوە سەرشانی و نووکی داردەستەکەی خستە سەر زەوییەکە بۆ ئەوەی بەسەر سێ قادرمەی هەیوانەکەدا هەڵنەخلیسکێت، بەرەو حەوشەکە کشا کەهێشتا پڕبوولە قوڕاو. تووتییەکە جووڵەی نەکرد. لەسەر لقێکی هێندە نزم هەڵنیشتبوو کە دکتۆر ئۆربینۆ داردەستەکەی بۆ درێژکرد بۆ ئەوە ی وەکو جاران لەسەر دەسکە زیوینەکەی هەڵنیشێت. بەلام تووتییەکە ملینەدا وچووە سەر لقێکی تر، کە تۆزێ بەرزتر بوو، بەلام ئاسانتر بوو بۆ دەست پێگەیشتنی لەبەرئەوەی پەیژەی ماڵەکە بەر لەهاتنی تیمی ئاگرکوژێنەوە ش نرابوو بەوێوە. دکتۆر ئۆربینۆ بەچاو بەرزاییەکەی حساب کردو بینی کە ئەگەر دووپلە سەردەکەوێت، دەتوانێت بیگرێت. لەکاتێکدا بۆ لادانی سەرنجی باڵندە بێشەرمەکە گۆرانی دۆستانەو ئاشتیخوازانەی دەوت پێی خستەسەر یەکەم پلە، تووتییەکەش بەبێ ئاواز وشەکانی دووبارە کردەوەو لەسەر لقەکە بەملاو بەولادا جوولا. دکتۆر کە هەردوودەستی گرتبوو بە پەیژەکەوە، بە ئاسانی چووە سەر پلەی دووەم و تووتییەکە بێئەوەی لەوشوێنە بجوولێ، هەموو گۆرانییەکەی وتەوە. لەبەرئەوەی لەحسابکردنی بەرزییەکەدا بەهەڵەدا

چووبوو سەرکەوتە سەر پلەی سێیەم و چوارەم و لەوێوە توند دەستی چەپی بە پەیژەکەوە گرت و ویستی بەدەستی ڕاست بیگرێ. دیگناپاردو، ژنە خزمەتکارە کۆنەکەیان کەدەهات بۆ ئەوەی پێی بڵێت ڕەنگە لەڕێوڕەسمی ناشتنەکە دوابکەوێت، پیاوێکی بەسەر پەیژەکەوە بینی و ئەگەر خەتی سەوزی شایەلەکانی نەبووایە، باوەڕی نەدەکرد کە ئەوە دکتۆر بێت و قیژاندی:

-خۆت بەکوشت دەدەی!

دکتۆر ئۆربینۆ ملی تووتییەکەی گرت و بە هەناسەیەکەوە کە سەرکەوتووانە لەسینەیەوە هەڵیکێشا وتی:" تەواو" بەڵام یەکسەر بەرەڵای کرد لەبەرئەوەی پەیژەکە لەژێر پێی دەرچوو، بۆ ساتێ بە ئاسمانەوە ماوەیەوە، پاشان زانرا کە بەبێ ئەوەی بەشداری لەڕێوڕەسمی عەشای ڕەببانیدا بکات و بێئەوەی دەرفەتی تۆبەکردن لە شتێ یانماڵئاواییکردن لە کەسێکی هەبێت لەسەعات و چوارو حەوت دەقەی یەکشەممەی جەژنی پەنجاهەمیندا مردووە. فێرمینا دازا لەموبەق سەرقاڵی خوێ چێشتی شۆربای ئێوارە بوو کە قیژەی ترسناکی دیگناپاردو و هاواری خزمەتکارەکانی خۆیان وتەواوی ماڵە دراوسێکانی هاتە گوێ، کەوچکەکەی فڕێداو سەرەڕای سەنگینی لەشکان نەهاتووی تەمەنی، هەتا هێزی تێدابوو ڕایکردو بێئەوەی بزانێ لە بن دار مانگاکەدا چی ڕوویداوە، بەهاوار هاوار وەك ژنێکی شێت ڕایکرد، کاتێ مێردەکەی لە ناو قوڕو چڵپاودا بینی کە لەسەر پشت کەوتبوو، وەختە بوودڵی بوەستێ، دکتۆر ژیانی تێدا نەمابوو بەڵام هێشتا ململانێی لەگەڵ دوا گورزەکانی مەرگدا دەکرد تا فێرمینا مەرگی بێئەوەوە کە قابیلی دووبارە بوونەوە نەبوون، ژنەکەی ناسییەوەو بەچاوانی گەشترو غەمبارترو سوپاسگوزارترەوە لەهەر کاتێك کە فێرمینا

بەدرێژایی نیو سەدەی ژیانی هاوبەشیان دیبووی، بۆ دواجار تەماشای فێرمینای کردو توانی بەدوا هەناسەی پێی بڵێت :

-خودا خۆی دەزانێت چەندم خۆشدەویستی.

مەرگێك بوو کە لەیاد نەدەچۆوە، بەلام لە بۆشاییشەوە نەهاتبوو.

دکتۆر ئۆربینۆ دوای تەواوکردنی خوێندنی پسپۆڕیی لە فەڕەنسا، زۆر زوو بەهۆی ئەو میتۆدە تازەو کاریگەرانەی لە کۆنترۆڵکردنی پەتای کۆلێرادا لە سەرانسەری هەرێمەکەدا بەکاریهێنابوو، لەوڵاتدا ناسرا. لەو کاتانەدا کە هێشتا ئەم لە ئەورووپا بوو، پەتای پێشوو لەماوەی کەمتر لە سێ مانگدا ببووە هۆی گیان لەدەستدانی چواریەکی دانیشتوانی شارەکەو باوکیشی کەپزیشکێکی دیاربوو یەکێك بوو لەقوربانییەکانی کۆلێرا. بەسوود وەرگرتن لە نفوزی باوکی و ئەو بەشە میراتییە زۆرەی بۆی مابۆوە، یەکەمین ئەنجومەنی پزیشکیی دامەزراند کە تا ساڵانێکی زۆریش تاکە ئەنجومەنی پزیشکیی هەرێمی کاریبی بوو، هەتا مرد سەرۆکی ئەنجومەنەکە بوو. یەکەم بینای تۆڕی ئاو، یەکەم سستمی بانکی، یەکەم سستمی زێراب و بازاڕی گشتیی سەرداپۆشراو کە کەنداوی (لاس ئیمنیاس)ی لەپیسی دوور خستەوە، بیرۆکەو سەرپەرشتی ئەم بوون. هەروەها سەرۆکی ئەکادیمی زمان و ئەکادیمی مێژووش بوو. لەبەرئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی کلێسای کردبوو مەترانی لاتینی قودس میدالی سوارچاکی گۆڕستانی مەقدەسی پێبەخشی و حکومەتی فەڕەنساش پلەی فەرماندە و میدالی شانازیی دایە. بەشێوەیەکی کاریگەر ورەی دەدایە بەر کۆڕ وکۆمەڵەکان و مەیلێکی زۆری بەلای نیشتمان پەروەراندا هەبوو کە لەو هاوولاتییانە پێکدەهات کە نفوزی سیاسییان هەبوو، لە دەزگاکانی حکومەت و کۆمپانیا خۆماڵییەکاندا جەختێکی زۆری لە سەر بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە دەکردەوە کە بۆ ئەو ماوەیە زۆر ئازایانە بوو. لە یادنەچووترین چالاکییان تاقیکردنەوەی باڵۆنێکی هەوایی بوو کە لە یەکەم فڕیندا نامەیەکی دەبرد بۆ شارۆچکەی

(سان خوان دی لاسیناگا) و ئەمەش زۆر پێش ئەوەبوو کە کەس بیری لەپۆستی هەوایی وەك هۆکارێکی گونجاو کردبێتەوە. ناوەندی هونەریشی بەناوی قوتابخانەی هونەرە جوانەکان-ەوە لەهەمان ناوچەدا دامەزراند کە بیرۆکەی خۆی بوو، هێشتا لەشوێنی خۆیەتی، سالانێکی زۆر هاندەرو پشتیوانی فێستیڤالی گوڵ و شیعر بوو کەلە مانگی نیساندا ساز دەکرا.

دکتۆر بەتەنیا توانی شتی وا ئەنجام بدات کە بەلای کەمەوە بە سەدەیەك نەدەکران: چاکردن ونوێکردنەوەنەی شانۆی کۆمیدی کە لە سالانی کۆلۆنیالیدا ببوو بەکێلگەی مریشك و شوێنی بەخێوکردنی کەڵەشێری شەڕکەر. ئەم کارە لووتکەی زنجیرەیەك هەنگاوی شارستانی نمایشی بوو کە هەمووناوچەکانی شارەکە بەشدارییان تێدا کرد بەبێ جیاوازیی و هەموو ناوچەکانی گرتەوە. بە هەرحاڵ شانۆی نوێ کاتێ کرایەوە بەدەست نەبوونی کورسی و رووناکییەوە دەینالاند، بۆیە بینەران ناچاربوون لەماوەی نێوان پەردەکانی شانۆییەکەدا، کورسی و چرای خۆیان بێنن. هەمان ئەو ئەتەکێتانەی کە لە نمایشە گەورەو گرنگەکانی ئەورووپادا باوبوون لێرەش هەبوون، ژنان وەك ئەوەی بۆ خۆنمایشکردن بچن ئەم دەرفەتەیان بۆ خستنەڕووی عەزیە درێژەکانیان و پالتۆ چەرم و فەروەکانیان لەگەرمای پڕوکێنەری چلەی هاوینی کاریبیدا دەقۆستەوە. چوونە ژوورەوەی خزمەتکارە داماوەکانیش بۆ هەڵگرتنی کورسی و چراو خۆراکی پێویست تا کۆتایی شانۆگەرییەکان رێگەی پێدرابوو، چونکە یەکێ لە شانۆگەرییەکان هەتا بانگی بەیانی درێژەی کێشابوو. وەرزی نمایشەکە لەلایەن تیپی ئۆپێرای فەرەنسییەوە کرایەوە، ئەو تازەگەرییەی تیایدا بوو بەکارهێنانی قیسارە بوو لە ئۆرکسترادا، دیمەنی لەیادنەچووی ئەم نمایشە بوو کە بەپێی پەتی و بەقامکی پڕ لەخشڵی بەنرخەوە گۆرانی دەچڕی. لە دوای پەردەی یەکەم بە زەحمەت شانۆکە دەبینرا چونکە دەنگی توانای نوندن و دەنگی زولالی گۆرانیبێژێکی سۆپرانۆی شۆخێکی تورك

گۆرانیبێـژەکان بـەهۆی هەڵمـژینی دوکـەڵی ئـەو چـرا نەوتیانـەوە کـە لـە شانۆکەدا بوون گیرابوو، بەڵام ئەوانەی ڕووداوەکانی شاریان دەنووسییەوە زۆر خۆیان لەم دەردەسەرییە بچووکانە بەدوور دەگرت و هـەوڵیان دەدا شاخ وگـویێ لـە ڕووداوە گرنگـەکان بـڕوێنن. بێگومـان ئەمـە بڵاوتـرین وزەی دەسپیــشخەریی دکتــۆر ئۆربینــۆ بــوو، چــونکە تــای ئــۆپێرا لــەناو سەرسوڕهێنەرترین ناوچەکانی شارەکەدا تەنییەوەو بووە هۆی هاتنە ئارای نەوەیەکی تەواوی وەك (ئیسۆڵدێ، ئۆتیلۆ، ئاییدا، سیگفرید). بەڵام هەرگیز بەو پلەیە نەگەیشت کە دکتۆر ئۆربینۆ چاوی تێبڕیبوو، لە بەر ئەوەی دکتۆر حەزی دەکرد بەو شێوەیە بیانبینێ کە وەك مۆسیقارە ئیتالیەکانیان لیبێت وخوی ڤاگنـەر ئاساکان بگـرن کە لەپشووی نێوان پەردەکانـدا بەداردەست شــەڕ دەکــەن. دکتــۆر ئۆربینــۆ هــەرگیز هــیچ پۆســتێکی پێــشنیازکراوی حکومەتی قبوڵ نەکرد و بێڕەحمانە ڕەخنەی لەو کۆمەڵە پزیشکە دەگرت کە بۆ بە دەستهێنانی پلەو پایەی سیاسی متمانەو ناوناوبانگی پیشەیی خۆیان بەکاردەهێنا. ئەگەرچی بە چاوی لیبراڵێك لێیان دەڕوانـی خۆشـی خووی بـەوەوە گرتبـوو کـەدەنگ بـۆ کاندیـدەکانی حزبـی لیـبراڵ بـدات بـەڵام ئـەم مەسەلەیە زیاتر لایەنی ترادسیۆنی تێدا بەدیدەکرا تا بیروباوەڕ و ڕەنگە ئەم دوا ئەنـدامی خانـەدانێکی گـەورە بووبێـت کە هێشتا لـە کـاتی تێپـەڕبوونی گالیسکەکەی ئەسقەفی مەزن بە شـەقامەکاندا، بەچۆکا دەهـاتن. دکتۆر خۆی وەکـو پـشتیوانێکی سروشـتیی ئاشـتی و لایـەنگری ڕاشـکاوانەی پێکهـاتنی لیبراڵ و محافیزەکاران لەپێناوی بەرژەوەندیی نیشتماندا لە قەڵەمدەدا. بەڵام ڕەفتـاری کۆمـەڵاتیی هێنـدە سـەربەخۆ بـوو کـەهیچ گروپێـك لەسـەر خـۆی حسابی نەدەکرد: لیبراڵەکان وەکو ئەشکەوت نشین و کێوییەك حسابیان بۆ دەکـرد. محافیزەکارەکـانیش دەیـانوت تـەنها ئـەوەی کەمـە ماسـۆنی بێـت. ماسـۆنییەکانیش خۆیـان لـێ بـەدوور دەگـرت و بـە کـاهینێکی نهـێنی لەقەڵـەمیان دەدا کـە لەخزمـەتی کورسـی پاپادایـە. ئـەو ڕەخنەگرانـەی

شارستانی تر بوون، پێیانوابوو دکتۆر تەنها لایەنگرێکی چینی ئەرستۆکراتەکانە کە لە ماوەی جەنگێکی ناوخۆی بێکۆتاییدا کە میللەن خوێنی لێدەچۆڕێ و لەخوێندا گەوزاوە، لە شەوقوزەوقی فێستیڤاڵەکانی شیعرو گوڵدا دەکەوێتە هەلەکەسەما. هەڵبەتە وادەهاتەبەرچاو کە تەنها دوو ئیشی لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا بێتەوە: کاری یەکەمی بریتی بوولە بەجیهێشتنی کۆشکی پێشووی (مارکیز دی کاسالدویرۆ) کە زیاتر لەسەدەیەك بەبارەگای خێزانەکەی لەقەڵەم دەدرا و گوێزانەوەی بۆ خانوویەکی تازە کە کردی بە دراوسێی تازە پیاکەوتووەکان، کاری دووەمیشی بریتی بوولە هێنانی کچێکی شۆخی چینی خوارترو گومناوو هەژار کە ژنانی وەجاخزادە کە ناوبانگێکی پانوپۆڕیان هەبوو بە دزییەوە گاڵتەیان پێدەکرد، ئەگەرچی دواجار ناچاربوون دان بەوەدابنێن کە لەڕووی کەسایەتییەوە لە هەموویان لە سەروو ترە. دکتۆر ئۆربینۆ هەرگیز لەم مەسەلانەو لاف گەزاف زۆر تر کە بەڕوخساری گشتییەوە پەیوەست بوو خافڵ نەبوو، زیاتر لە هەمووان ئاگای لەوە بووکە دوا ئەندامی خزانێکە کە هەڵگری ناوو ناوبانگێك بووە ئێستا ڕووەو لەناوچوون ملدەنێ. هەردوو مناڵەکەی دوو کۆتایی نادیاری خەتێك بوون. دوای پەنجا ساڵ، مارکۆ ئۆریلیۆی کوڕی کە وەکو خۆی و هەموو کوڕە دیارەکانی نەوەکەی ببوو بە دکتۆر، هیچ کارێکی بەرچاوو مایەی سەرنجی نەکردبوو تەمەنی ببووە پەنجا ساڵ، تەنانەت مناڵێکیشی نەخستبۆوە. ئۆفیلیای تاقە کچی شووی کردبوو بە کارمەندێکی دیاری بانك لە (نیو ئۆرلیانز) و دوای ئەوەی سێ کچی ببوو، چاوی بەکوڕ نەکەوتبوو گەیشتبووە تەمەنی بێهوودەیی. ئەگەرچی دکتۆر سەبارەت بەبڕینی دەماری خوێنی ئەسڵ وفەسڵی لەڕەوڕەوەی مێژوودا ئازاری دەچێشت، بەڵام ئەوەی کە زیاتر لە هەمووشتێ سەبارەت بە بەمردنی نیگەرانی دەکرد ئەو ژیانە پڕ لە تەنیاییەبوو کە لە دوای ئەو چاوەڕوانی فێرمینا دازای دەکرد.

بە هەرحاڵ، ئەم کارەساتە نەك تەنها لەنێو ئەندامانی خێزانەکەی خۆیدا هەرای نایەوە، بەڵکو بەهەمان ڕادە لەناو خەڵکدا بەگشتییش بڵاوبۆوە. خەڵکەکە بەئومێدی بینینی شتێك لەسەر شەقامەکان قەرەباڵغیان کرد هەرچەندە ئەوشتە تەنها درەوشانەوەی ئەفسانەیەکیش بێت. سێ ڕۆژ پرسەی گشتی ڕاگەیەنرا. ئاڵا نیوە هەڵکراوەکان بەسەر بینا گشتییەکانەوە شەکانەوەو زەنگی کڵێساکان ئارام و بێوەستان دەنگیان لێبەرز بۆوە تا ئەو کاتەی ڕێوڕەسمی ناشتن لە گۆڕستانی بنەماڵە کۆتاییهات. گروپێك لە قوتابخانەی هونەرە جوانەکان دەموچاوی تەرمەکەیان وەك تەبع دەرچاند کە بڕیاربوو وەك قاڵبێ بۆ دروستکردنی پەیکەرێ کە لەپشتوێنە بەرەو ژووربێ بە قەبارەی سروشتی بەکار بهێنرێت. بەڵام ئەم پرۆژەیە هەڵوەشێنرایەوە، چونکە هیچ کەسێ پێیوانەبوو کە هیچ دەربڕینێکی ڕاستگۆیانە سەبارەت بە دواساتی ترس و تۆقینی دکتۆر، شایستەی ئەم پیاوە بێت. هونەرمەندێکی بەناوبانگ کەلەکاتی سەفەری ئەوروپایدا بەرێکەوت بەشارەکەدا تێپەڕیبوو بەواقیعیەتێکی کاریگەرەوە تابلۆیەکی گەورەی زەیتی دکتۆری لەسەر قوماش دروست کرد، لەوکاتە مەرگ هێنەردا کە بەسەر پەیژەکەوە بوو، دەستی بۆ تووتییەکە درێژ کردبوو. تاکە شتێ کە لەگەڵ ڕاستی چیرۆکەکەدا نەدەهاتەوە ئەوە بوولە تابلۆکەدا، دکتۆر کراسەکەی لەبەردا نییە و یەخەکەشی بەسەردا نەکردۆتەملی و شایەلە خەت خەتەکەش بەپانتۆلەکەیەوە نییە کەخەتەکانی سەوز بوون، شەپقەیەکی خڕو چاکەتێکی ڕەشی فەرووی لەبەردایە لەقوماشێك بەدووریینی داوە کە لە ساڵانی کۆلێرادا باوبووە. بۆ ئەوەی هەمووان چانسی بینینی تابلۆکەیان هەبێت، هەتا چەند مانگێ دوای کارەساتەکە لە گەلەری گەورەی (گۆڵدن وایەر) نمایشکرا، کە دووکانێك بوو کالای هاوردەی دەفرۆشت و تەواوی خەڵکی شار لەتەنیشتییەوە ڕیزیان دەگرت. پاشان لەسەر دیواری هەموودەزگا حکومی و مەدەنییەکان کەهەستیان دەکرد پێویستیان بەستایش و بەزیندوویی

هێشتنەوەی یادی وەجاخزادەی شارەکەیە هەڵیانواسی. دواجار بۆ دووەم جار لە ڕێورەسمێکی ناشتندا بردیان و لە قوتابخانەی هونەرە جوانەکان هەڵیانواسی، ساڵانێکی زۆر لەوێدا مایەوە تا لەلایەن خوێندکارانی وێنە کێشانەوە وەکو ڕەمزێکی ستاتیکای ڕۆژگارێکی قێزەون هەڵکەندراو لەگۆڕەپانی زانکۆدا سووتێنرا.

لەساتەکانی سەرەتای بێوەژن کەوتنیەوە تەواو ئاشکرابوو کەفێرمینا دازا ئەوەندەش بێکەس نییە کەمێردەکەی ترسی لێی هەبوو. بۆ ئەوەی بواری بەکارهێنانی تەرمەکە بۆ هیچ مەبەست ومەرامێك نەدات هەڵوێستێکی بەهێزی هەبوو، تەنانەت دوای بروسکەی ڕێزلێنانی سەرۆك کۆماریش کەتیایدا فەرمانی دەدا بۆ ئەوەی خەڵك بەئاشکرا بچن سەردانی تەرمەکە بکەن پێویستە لەکۆشکی ئاهەنگ گێرانی دەسەڵاتدارانی ناوچەی دابنرێت، هەرسووربوو لەسەر هەڵوێستی خۆی. هەروەها بەهەمان ئارامی ویقارەوە دژی دوعای شەوانە لەکڵێسای گشتیش وەستایەوە کەخودی ئەسقەف مەزن داوای کردبوو، تەنها بەوە ڕازی بوو کە تەرمەکە لەماوەی ڕێوڕەسمی عەشای ڕەببانیدا لەوێ بێت. تەنانەت دوای ئەوەی کوڕەکەشی تێکەوت کە بەو هەمووداخوازییە جیاجیایانە گێژ ببوو، فێرمینا دازا دەستی لەو بیرە لادنیە هەڵنەگرت کەمردوو تەنها پەیوەندی بەخێزانەکەیەوە هەیە لەگەڵ سازدانی کۆڕی دوعای شەودا لەماڵەوە بەقاوەی تاڵ و کولیچەوە، هەرکەسێ ئازادە بەوشێوەی پێی خۆشە پرسە بۆ مردووەکە بگرێ و شەوی پرسەی کۆن نابێت کەحەوت شەودرێژە دەکێشێت: لەدوای ڕێوڕەسمی ناشتن دەرگاکان داخران جگە لە خزم و دۆستانی نزیك بۆ سەردانی هیچ کەسێ دەرگاکان نەکرانەوە.

ماڵەکە لەژێر ڕکێفی مەرگدا بوو. هەرشتێکی بەبەها بەمەبەستی پاراستنی، بەوریایی شاردرابۆوەو قەدی دیوارەکان ڕووت وپەتی بووناا تەنها شوێنی ئەو وێنانە دیاربوو کە لێکرابوونەوە. کورسییەکانی ماڵەوە

ئەو کورسییانەی لەماڵە دراوسێکانەوە بۆ پرسەکە هێنرابوون، لە ژووری میوانەوە هەتا لای ژوورەکانی نووستن پشتیان بە دیوارەکانەوە درابوو، دەستە دەستە دانرابوون، بۆشایی لەناو ماڵەکەدا زۆر گەورە دەهاتە بەرچاو و دەنگدانەوەی رۆحناسای دەنگ لەبەرئەوە بوو کە کەلوپەلە گەورەکانی ناو ماڵەکەیان پارچە پارچە خستبووە لاوە، تەنها پیانۆکە لەگۆشەی هەمیشەیی خۆیدا مابۆوە کە بە چەرچەفێکی سپی داپۆشرابوو. لە ناوەڕاستی ژووری خوێندنەوەدا خۆڤینال ئۆربینۆ دی لاکایی لەناو دارەمەیتێکدا لەسەر مێزی نووسینەکەی باوکی کە سەروەختێ هی ئەو ڕاکێشابوو، دوا ساتی تۆقینی بەرووخسارییەوە دیاربوو، بەعەبای ڕەش و شمشێری سەربازیی سوارچاکانی (سانتۆ سیبولکرو)وە ئامادەی ناشتن بوو. فێرمینا دازا بە سەراپا جلوبەرگی پرسەوە، لەتەنیشتییەوە وەستابوو مچوڕکە بەلەشیدا دەهات بەڵام بێجووڵە بوو، تەواو بەسەر خۆیدا زاڵبوو. هەتا سەعات یانزەی پێش نیوەڕۆی ئەو رۆژە کە لە هەیوانی ماڵەکەوە وەکو نیشانەی خوداحافیزی لەمێردەکەی دەسری راوەشاندو تەسلیمی ماڵئاوایی لەمێردەکەی بوو بەبێ دەربڕینی هەستێکی قووڵ وەڵامی دەربڕینی هاوخەمی و سەرەخۆشییەکانی دەدایەوە.

بەلای فێرمینا دازاوە ئاسان نەبوو کە لەدوای بیستنی قیژەی دیگناپاردو لەحەوشەکەداو بینینی پیرەمێردەکەی ژیانی لەکاتی گیانەڵادا لەناو قوڕو چڵپاودا، دووبارە بەسەر خۆیدا زاڵبێت. یەکەم کاردانەوەی ئومێد بەخشین بوو بەخۆی، لەبەرئەوەی چاوانی دکتۆر زەق ببوونەوە بەبریسکەیەکی شادییەوە کە هەرگیز وێنەی نەدیبوو دەدرەوشانەوە. بەپاڕانەوەوە لەخودا داوایکرد کەبەلای کەمەوە یەك دەقەی تر بوار بە مێردەکەی بدات تا بێنەوەی تێبگات سەرەڕای هەموو کێشەکانیان چەندی خۆشویستووە لە دنیا دەرنەچێت. هەستی دەکرد ئارەزوویەکی لەجڵەوکردن نەهاتووی هەیە بۆ دەستپێکردنەوەی ژیان لەگەڵیدا بۆ ئەوەی بتوانن ئەو

شـتانەی تائێستا نـەیانوتووە بیڵـێن و ڕەفتـاری خراپـی ڕابردوویـان ڕاستبکەنەوە. بەڵام لە بەرامبەر نەگەڕانەوەی مەرگدا، بە ناچاری تەسلیم بوو. غەمەکەی بوو بە ڕقێکی کوێرانە لە دژی هەموو دنیا، تەنانەت لە دژی خۆشی، ئەمەش هەمان ئەو شتە بوو کە توانای ئازایەتی پێدەبەخشی کە بەتـەنیا ڕووبەڕووی تـەنیایی خـۆی بێتـەوە. لـەوە بـەدواوە چارەی ئارامیی نـەدەبینی بـەڵام وریـای هـەر جوڵەیـەك بـوو کـە ڕەنگبـوو ببێتـەهۆی ئاشکرابوونی غەمی. تاکە ساتێ کە کاری تێکرد -ئەگەرچی بەدەست خۆی نـەبوو- سـەعات یـانزەی شـەوی یەکشەممە کاتـێ ڕوویـدا کـە دارەمـەیتێ ئەسقەفییان هێنا کە دەسکەکانی مسین و ناوەکـەی ئاوریشمی تێگیرابوو هێشتا بۆنی کەشتی لێدەهات. دکتۆر ئۆربینـۆ دازا فـەرمانی دا بـەخێرایی تابوتەکە دابخەن لەبەرئـەوەی هـەوای ناوماڵەکـە پێشان بـەبۆنی تیـژی ئەو هـەموو گوڵـە لەگـەرمای پڕوکێنـەردا قـانگ درا بـوو. هەسـتی دەکـرد یەکەم سێبەری بەملی باوکییەوە دیووە کە بەلای ئەرخەوانیدا دەیڕوانی. لەناو بێدەنگییەکەدا دەنگێکی پەرێشان هاتەگوێ کە دەیـوت: "لـەم تەمەنەشدا کە نیوەت بۆگـەنی کردووە هێشتا زینـدووی". بەرلـەوەی دارەمەیتەکە دابخەن فێرمینـا دازا ئەڵقـەی شـوکردنەکەی داکەنـدو کردییـە دەسـتی مێـردە مردووەکەی پاشان دەستەکانی خستەسەر دەستی. هـەمان ئـەو کـارەی کە ئاسایی کاتێ لە جێگایەکی گشتییدا بەگیری دەهێناو تێگەدەیشت ئاگای لە مەسەلە نییە دەیکردو پێیدەوت: "بەم زووانە یەکتری دەبینین".

فلۆرنتینۆ ئەریزا کە لـە قـەرەباڵغی بەرچاوی کـەسە دیارەکانـدا بـەدی نـەدەکرا، هەسـتی بـەدەمی شمشێرێ کـرد کـە خەریکـە کەمـەری دەبڕێ. فێرمینـا دازا لــەناوهات و هــاواری سەرەخۆشــییەکانی یەکــەمجاردا نەیناسیبۆوە، ئەگەرچی هیچ کەسێ لـەو بەخزمـەتترو کارامـەتر نـەبوو لە ڕێکخستن و ڕایی کردنی کارە پێویستەکانی ئەو شەوەدا. فلۆرنتینۆ ئەریزا بـوو کـە لـە موبەقـە قەرەباڵغەکـەدا داواکارییـەکانی ڕێکدەخست بۆ ئـەوەی

هەموویان قاوەیان پێبگات، کاتێ زانرا ئەو کورسییانەی لە ماڵە دراوسێکانەوە بەئەمانەت هێنرابوون بەشناکەن، کورسی زیاتری هێناو کاتێ کە ئیدی هیچ ژوورێ لەماڵەکەدا بەبەتاڵی نەمابۆوە، فەرمانیدا چەپکەگوڵە زیادەکان ببەن لەحەوشە دایان بنێن، ئاگای لەمیوانەکانی دکتۆر لاسیدیس ئۆلیڤیا بوو کە لەگەرمەی ئاهەنگی یۆبیلی زیوینیدا لەپڕ هەواڵی مردنی دکتۆریان بیستبوو بۆ درێژەدان بەمیواندارییەکەیان بەشێوەیەکی بازنەیی لەبن درەختی مانغاکەدا دانیشتبوون، براندی تەواوی بۆ داین کردبوون. ئەو تەنها کەسێ بوو کە دەیزانی لە چ حاڵەتێکدا چ کاردانەوەیەك نیشان بدات، کاتێ دەوروبەری نیوەشەو توتییەکە کە سەری بەرز کردبۆوە و باڵەکانی شۆڕ کردبۆوە لەژووری نانخواردن دەردەکەوت کەوا دەهاتە بەرچاو ئەو دیمەنەی نیشانەی پەشیمانی بێت و وەختەبوو هەرایەك بنێتەوە، فلۆرنتینۆ قورتمی گرت و بەرلەوەی بواری قیژەو وتنی ئەو وشە بێمانایەی بدات کە فێرکرابوو تورێ دایە قەفەزەوەو بردی بۆ تەویلە. هەموو کارەکانی بەوشێوەیە ئەنجام دەداو بەشارەزایی و کارامەییەکی واوە دەستی بۆ ئیش دەبرد کە نەك هەربەخەیاڵی کەسدا نەدەهات کە هەنگاوەکەی ڕەنگە خۆهەڵقورتاندن بێت لەئیشی کەسانیتر، بەڵکو بەپێچەوانەوە، لەو کاتانەدا کە ماڵەکە تووشی بەلا ببوو زۆر پڕبایەخ دەهاتە بەرچاو.

فلۆرنتینۆ هەر ئەوە بوو کە دیار بوو: پیرەمێردێکی جددی و کارامە، بالایەکی ڕەق و ڕاستی هەبوو، پێستی قاوەیی و ریشی پاك تاشراو، چاوانی پڕئومێدی لەودیو چاویلکەیەکی خڕی چوارچێوە زیوینەوە بەدیدەکران و سمێڵە قەیتانییەکەی بەچەورکراوی لەهەردوولاوە سەریان بەرزکردبۆوە. قژی لای هەردوو لاجانگی بەرەوسەرەوە دادەهێناو وەکو نکوڵیکردن لەسەر ڕووتانەوەی بەڕۆن مێو دەینوساند بەناوەڕاستی سەرە بریقەدارەکەیەوە. زمانی شیرینی و ڕەفتارو ئوسوڵی هێمنی ئەگەرچی فریودەر بوون بەلام وەك چاکەی پیاوێك لێکدەدرانەوە کە خووی بەسەڵتییەوە گرتبوو، سەڵتییەکەی

درێـژەی کێـشابوو. زیرەکانـه، بـەئیرادەو بـەوپارە زۆرەی خـەرجی کردبوو، تەمـەنی خۆی دەشاردەوە کە لـەمانگی مارتدا حـەفتاو شـەش ساڵی تەواو کردبـوو، بەتـەنها لەگـەڵ رۆحـی خۆیـدا گەیـشتبووە ئـەو بـاوەڕەی زیاتر درێژخایـەنتر لەهەرکەسێکیتر لـەم دنیایـەدا عاشـق بـووە. لەشـەوی مردنی دکتـۆر ئۆربینـۆدا بەهـەمان جلوبەرگـەوە پەیـدابوو کـە لـەکاتی بیستنی هەواڵەکەدا لەبەریدا بوو، ئەوەش شێوەی هەمیشەیی جل لەبەرکردنی بوو، تەنانـەت لەگـەرمای دۆزەخیـی حوزەیرانـدا چـاکەت و پـانتۆڵێکی ڕەش و هێلـەکی لەبـەردەکردو ملپێـچێکی ئاوریـشمی لەسـەر یەخەیـەکی ڕەقەوە دەکردە مل. کڵاوێکی لبادی لەسەر دەکردو چەترێکی ڕەشی بریسکەداری پێبوو کە بۆ رۆیشتنیش وەك داردەست بەکاریدەهێنا . کاتێ دنیا بەرەو ڕووناکبوونەوە چوو، دوعای شەوی بەجێهێشت و دوای دووسەعات بەڕێشی پـاك تاشـراوەوە کـە بـۆنی خۆشـی لێـدابوو لەگـەڵ خۆرهەڵاتنـدا هاتـەوە. جلوبەرگەکەی گۆڕی بوو، چاکەتێکی ڕەشی لەبەردابوو لەوانەی کە تەنها لەرێوڕەسمی ئاشتی و عەشای ڕەببانی پێش جەژنی هەستانەوەی مەسیحدا لەبەردەکرێن. یەخەیەکی پان و ملپێچێکی هونەرمەندانەی لەجیاتی بۆینباخ و شەپقە لە مل کردبوو، وەکو یەدەك چەترەکەشی بەدەستەوە بوو، هەڵبەتە نەك تەنها وەك خۆپێوەگرتن بەڵکو لەبەرئەوەی دڵنیابوو پێش نیوەڕۆ باران دەبارێت، ئەمەی بە دکتۆر ئۆربینۆ دازاش ڕاگەیاند بۆ ئەوەی ئەگەر دەشێ ڕێوڕەسمی ئاشتنەکە لـەکاتی دیـاریکراوی خـۆی زووتـر بەڕێوەبچێت کە لەڕاسـتیدا هـەوڵی تـەواویش درا، لەبەرئـەوەی فلۆرینتینـۆ ئـەریزا سەربەخێزانێك بوو کە ئیشیان کەشتیوانی بوو، خۆشی سەرۆکی کۆمپانیای کاریبی بوو بۆ کەشتیوانی ڕووبار بوو، ئەمەش بواری ئەوەی دەدا کە مرۆڤ بڕوا بکات کە فلۆرنتینۆ چەند شتێك لەبارەی پێشبینییەکانی کەشوهەواوە دەزانێت بەڵام خاوەن پرسەکە نەیانتوانی کاتی دیاریکراوی کاربەدەستانی مەدەنی و سەربازی، سەندیکا حکومی و تایبەتییەکان، گرووپی مۆسیقای

سـەربازی، ئۆرکـستراى قوتابخانــەى هونەرەجوانــەکان، یەکێتییــە مەزهەبییـەکان‌و قوتابخانــەکان، بگـۆڕن کـە خۆیـان بـۆ سـەعات یـانزدە ئامادەکردبوو. هەربۆیە مەراسیمی ناشتنەکە کە پێشبینی دەکرا ڕووداوێکی مێژوویی بێت، بەهۆی شەستەبارانێکی کارلکەرەوە بوو بە پاشاگەردانییەکی ناخۆش. ژمارەیەکی کەم لە خەڵکەکە، خۆیان کرد بەناو باراناوەکەداو بەناو قوڕوچڵپاودا خۆیـان گەیانـدە گۆڕسـتانی بنەماڵـە کـە لەپەنای درەختێکی سیبادا بوو، درەختەکە لەسەردەمی کۆلۆنیالییەوە مابۆوەو لقەکانی بەسەر دیوارەکـانی گۆڕسـتانەکەدا بڵاوکردبـۆوە. پاشـنیوەڕۆی ڕۆژی پێـشوو، پەنابـەرە کاریبییـەکان لـەبن هـەمان درەختـدا لای ئـەو لقانــەی ئـەولای دیوارەکەوە کە تایبەت بوو بەو کەسانەی خۆیان دەکوژن، لەسەر داوای خۆی جێرمیا دی سانت ئاموریان لەتەنیشت سەگەکەیەوە بەخاك سپاردبوو.

فلۆرینتینۆ ئەریزا یەکێك بوو لـەو چەند کەسـەی کـە هەوڵیـدا هـەتا کۆتـایی ڕێـوڕەسمی ناشـتنەکە بمێنێتـەوە، بـەڵام هـەموو گیـانی تـەڕ ببـوو لەترسـی ئـەوەی نـەبادا دوای ئـەو هـەموو سـاڵە لـەئاگاداری وردی خـۆی‌و یەدەککاری پڕلە دڵەڕاوکێ، تووشی هەوکردنی سی بێت، گەڕایەوە بۆ ماڵەوە دوای خواردنـەوەی پـەرداخێ لیمۆنـادی گـەرم‌و گڵاسـێ برانـدی‌و دوو حـەبی ئەسپرین خۆی کرد بەناو جێداو وەها خۆی کرد بەژێر بەتانییەوە کە سەتڵێ عارەقی کرد تا دووبارە هاوسەنگیی گەڕایەوە بۆ لەشی. کاتێ لەخەو هەستا، هەستیکرد بەتەواوی وەکو پێشوو هێزی ژیانی بۆ گەڕاوەتەوە. فێرمینا دازا جارێکیتر ئـەرکی بـەڕێوەبردنی ماڵەکـەی لەئەسـتۆ گـرت کـە پـاك کرابـۆوەو ئامادەی پێشوازیی بوو لەوانـەی سـەردانی ماڵـەوەیان دەکرد. ئەو وێنەیەی مێردەکەی کە بەقەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ کێشرابوو، چوارچێوەکەی قوماشێکی ڕەشی تێوەپێچرابوو لەسەر میحرابی کتێبخانەکە دانا. سەعات هەشتی شەو قـەرەباڵغی هێنـدە زۆر بـوو کـە گـەرما وەك شـەوی ڕابردوو، گاڵـەی کردبـوو. بەڵام لەپاش ئەو دوعـاو وێردانـەی خوێندرانـەوە، یـەکێك لـەناو خەڵکەکـەدا

داوای کرد کە هەموویان زووتر ماڵەکە چۆڵ بکەن تا ژنەکەی ئۆربینۆی ڕەحمەتی بتوانێ بۆیەکەمجار لەپاشنیوەڕۆی یەکشەممەوە پشوو بدات.

فێرمینا دازا لەخوار میحرابەکەوە ماڵئاوایی لە زۆربەیان کرد، بەڵام بۆئەوەی خۆی دەرگاکە دابخات، ئەو کارەی کە هەمیشە دەیکردو ئامادەبوو هەتا دواسەعاتی ژیانی لەسەری بەردەوام بێت. کاتێ لەگەڵ دوادەستەی خزمان‌و دۆستاندا، بەرەو دەرگاکە دەچوون بەبینینی فلۆرینتینۆ ئەریزا خۆشحاڵ بوو کە بەبەرگی پرسەوە لەناوەڕاستی هۆڵە چۆڵەکەدا وەستابوو. چونکە دوای ساڵانێکی زۆر کە لەژیانی خۆیدا سڕیبوویەوە، ئەمە یەکەمجاربوو کە بە ئاشکراو هەڵتۆقیو لەنێو ڕووباری فەرامۆشیدا بەدی دەکرد. بەڵام بەرلەوەی بتوانێ سەبارەت بەهاتنی سوپاسی بکات، دەستی لەرزۆکی فلۆرینتینۆ ئەریزا بەویقارەوە کڵاوەکەی خستەسەردڵی‌و دواجار ئەو دومەڵەی کە تەمەنێك بوو تەحەمولی کردبوو تەقی و بەدەنگێکی لەرزۆك‌و پڕ ویقارەوە وتی:

-فێرمینا، من زیاتر لەنیو سەدەیە بۆ ئەم دەرفەتە دانم بەخۆمدا گرتووە. بۆئەوەی جارێکیتر عەهدو وەفام بۆ پەیمانی ئەبەدی‌و خۆشەویستیی بێکۆتاییم ڕابگەیەنم.

فێرمینا دازا ئەگەر چەند بەڵگەیەکی بەدینەکردایە کە باوەڕ بکات لەو ساتەدا فلۆرینتینۆ ئەریزا ئیلهامی لەبەزەیی (روح القدس) وەرگرتووە، وای بەخەیاڵدا دەهات کە ڕووبەڕووی کابرایەکی شێت بۆتەوەو یەکەم کاردانەوەی کتوپڕ ناچاریدەکرد بیداتە بەر جوێن و قسەی ناشیرین لەبەرئەوەی لەناو ماڵەکەی خۆیدا بێڕێزی بەرامبەر نواندووە، ئەمەش لەکاتێکدا کە هێشتا لاشەی مێردەکەی لەگۆڕدا سارد نەببۆوە، بەڵام باری قورسی ئەو توڕەبوونەی کە داگیری کردبوو، ڕێی لەوە گرت‌و وتی:

-لێرە بڕۆ دەرەوەو هەوڵبدە لەو ساڵانەی لەژیاندا ماوتە، هەرگیز خۆتم نیشان نەدەیت!

ئەوسا دەرگای دەرەوەی کردەوە کە هێندەی نەمابوو بۆ داخستن و بەمشێوەیە قسەکەی تەواو کرد: "هیوادارم شتێکی زۆر لەوسالانە نەمابێتەوە!"

فێرمینا کاتێ گوێی لەدەنگی پێی فلۆرینتینۆ ئەریزا بوو کە لەسەر شەقامە چۆڵەکە دووردەکەوتەوە، بەهێواشی دەرگاکەی پێوەداو ئەلقەی پشت دەرگاکەی هێنایە پێشەوەو قفڵەکەی کرد بەکونەکەیداو دایخست و بەتەنها ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆی بۆوە. هەتا ئەو ساتەوەختە هەرگیز پەی بەگەورەیی و سەنگینیی ئەو چیرۆکە نەبردبوو کە هێشتا هەژدە ساڵی تەواو نەکردبوو، خوڵقاندبووی و ئەم چیرۆکە هەتامردن بەشوێنییەوە بوو. بۆ یەکەمجار لەدوای ئەم ئێوارە کارەساتبارە بەبێ ئەوەی کەس ئاگای لێبێت دەستی کرد بەگریان. ئەمە تەنها شێوازی گریانی بوو. بۆ مەرگی مێردەکەی گریاو فرمێسکی بۆ تەنیایی و تووڕەیی خۆی ڕشت و کاتێ پێی خستە ژووری چۆڵ و هۆڵی نوستنەوە بۆخۆی گریا کە لەدوای دڕینی پەردەی کچێنییەوە بەدەگمەن بەتەنیا لەسەر ئەو سیسەمە خەوتبوو. هەرشتێ کە پەیوەندی بەمێردەکەیەوە هەبوو، دووبارە دەیخستەوە گریان:

پێڵاوە فەرەحە گوڵنگدارەکانی، بیجامەکانی کە لەژێر سەرینەکەدا بوون، قەبارەی دیارنەمانی لەبەرامبەر ئاوێنەی خۆگۆڕیندا بۆ نەخۆشە تایبەتەکەی لەشی، خەیاڵێکی تەمومژاوی بەیادەوەرییدا گوزەری کردو گیانی هێنایە لەرزین. ئەو کەسانەی خۆشمان دەوێن کاتێ دەمرن هەقی وایە کە شتەکانیشیان لەگەڵ خۆیان ببەن. بۆئەوەی بخەوێ پێویستی بەیارمەتی کەس نەبوو. بەرلەخەوتن حەزی لەخواردنی هیچ شتێ نەبوو، کۆڵەوار لەژێر باری غەمدا لەخوا پاڕایەوە کە ئەمشەو لەکاتی خەودا پەیکی مەرگی بۆ بنێرێ، بەو ئومێدەوە بەپێی پەتی بەڵام بەجلوبەرگەکانییەوە ڕاکشاو یەکسەر خەوی لێکەوت. نەیزانی چۆن بوو کە خەو بردییەوە، بەڵام لەخەودا هەستیکرد هێشتا زیندووە. دەیزانی نیوەی سیسەمەکەی لێزیادە، دەیزانی

که وەك هەمیشە لەسەر لای چەپی تەخت ڕاکشاوەو ئەوەشی دەزانی کە جگەلە بەدەنی خۆی هەست بەقورسایی بەدەنێکیتر لەولای سیسەمەکەوە دەکات کە ئێستا بەتاڵە. لەهەمانکاتدا کە لەخەودا بیری دەکردەوە هەستی دەکرد چیتر هەرگیز ناتوانێ بەوشێوەیە بخەوێ‌و لەخەودا دەستی بەهەنسك هەڵدان کرد. بەهەنسکەوە بێنەوەی لەشوێنی خۆی بجوڵێ، خەوی لێکەوت. زۆر لەدوای خوێندنی کەڵەشێر لەگەڵ خۆری بەیانیدا بەبێ دکتۆر خەبەری بۆوە. تازە هەستیکرد کە ماوەیەکی زۆر بەهەنسك‌و گریانەوە خەوتووە، بێنەوەی بمرێ‌و لەتەواوی ئەو ماوەیەدا کە لەخەودا هەنسکی دەدا، زیاتر بیری لە فلۆرینتینۆ ئەریزا کردبۆوە تا مێردە ڕەحمەتییەکەی.

# بەشی دووەم

لەلایـەکی تـرەوە، فلۆرنتینـۆ ئەریزا لەزەمانێکـەوە کـەفێرمینا دازا لـەدوای بەســەرهاتی خۆشەویــستییەکی دووروودرێــژ و پڕدەردەســەریی کەپەیوەنـدیی بەپـەنجاو یـەك ســاڵ و نـۆ مـانگ و چـوار رۆژەوە هـەبوو، بەئاسانی دەستی بەڕوویـەوە نـابوو، تەنانـەت بۆ یـەك ساتیش ئەوی لەبیرو خەیاڵی خۆی دەرنەکردبوو. زۆرو ناچارکردنێك بۆ لێپێچینەوە لەئارادا نەبوو کەهـەر رۆژەی، خـەتێك لەسـەر دیـواری زیندانـە تاکەکەسیەکەی بکێـشێت. چونکە رۆژێـك تێپـەڕ نـەدەبوو کەتیایـدا شـتێ روونـەدات کـەفێرمینا دازای بەیاد نەهێنێتـەوە. لـەکاتی دابڕانـدا کەئەوکاتـە تەمـەنی بیست و دوو ساڵ بوو لەگەڵ ترانسیتۆ ئەریزای دایکی لـەنیوەی خانوویـەکی کرێـدا لەشـەقامی (لاس فینتاناس) دەژیا. دایکی لەوکاتەوە کەژنێکی جوان وجەهێڵ بوو لەوێ دووکانێکی وردەواڵەی هەبوو، کراسە شڕو کۆنیشی وەکو لەفافی برین پێچان بەوپیاوانە دەفرۆشت، کە لەجەنگدا برینداردەبوون. فلۆرنتینۆ تاقە منالی

دایکی بوو کە لەئەنجامی پەیوەندییەکی سەرپێی لەگەڵ خاوەن کەشتی بە ناوبانگ دۆن پیو-ی پێنجەم لوایزا، هاتەدنیاوە. لوایزا لەوسێ برایەی کەکۆمپانیای کەشتیوانی رووباریان دامەزراندبوو برا گەورەبوو، کارەکەیان لەکەشتیوانی هەڵمیدا بەدرێژایی رووباری (مەجدەلینا) ببووە هۆی تەکانێکی نوێ.

دۆن پیو-ی پێنجەم لوایزا، کاتێ کورەکەی تەمەنی پێنج ساڵبوو، مرد. ئەگەرچی هەمیشە بەنهێنی مەسرەفی کورەکەی دەکرد، بەڵام هەرگیز لەبەرامبەر یاسادا نەبەرەسمی دانی بەبوونیدا نا وەك کوری خۆی نەمیچیشی بۆ بەجێهێشت بۆ دابینکردنی پاشەرۆژی. بەجۆرێ کەفلۆرنتینۆ وێرای ئاشکرابوونی ئەسڵوفەسڵی راستەقینەی، تەنها ناوی دایکی بەکاردەهێنا. لەدوای مردنی باوکی بەناچاریی وازی لە قوتابخانە هێنار وەکو بەردەست لەفەرمانگەی پۆستە دەستی بەئیشکرد. لەوێ کیسەکانی دەکردەوەو ئەرکی رێکخستن و ریزکردنی نامەکان و ئاگادارکردنەوەی هەواڵی گەیشتنی پۆستە بەراوەشاندنی ئاڵای وڵاتی نێرەر کەلەسەرسەربانی فەرمانگەکەبوو، لەئەستۆی ئەمبوو. زرنگیی فلۆرنتینۆ، سەرنجی لۆتاریۆ توگوتی کۆچەری ئەڵمانی و کارمەندی تەلەگرافی راکێشا کە لەکڵێسای گشتیی ئۆکۆردیۆنی لەرێورەسمە گرنگەکان لێدەداو لەماڵیشەوە وانەی مۆسیقای دەوتەوە. لۆتاریۆ توگوت ئەلفوبای خەت و بەرنامەی رەمزی مۆرس و شێوازی سیستمی تەلەگرافی فێرکردو فلۆرنتینۆ ئەریزا تەنها دوای چەند وانەیەکی فێربوونی کەمانچە، دەیتوانی وەکو مۆسیقاژەنێکی پرۆفیشناڵ ئەو پارچە مۆسیقایانە بژەنێ کەلەرێی گوێگرتنەوە فێریان ببوو؛ لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا کاتێ فێرمینا دازای ناسی لەناو کۆرو کۆمەڵدا یەکێکبوو لەگەنجە هەرە ناسراوەکان. زۆر چاك دەیزانی لەگەڵ ریتمی مۆسیقای میللیدا چۆن تازەترین سەما بکات و شیعری دڵداریی لەبەر بڵێتەوەو هەمیشە ئامادەی ژەنینی (سیرناد) بوو لەبەرامبەر باڵکۆنی ماڵی

دەزگیرانی هاوڕێکانیدا. لەوکاتەوە لەڕولاوازبوو، قژی وەکو هندییەکان وابوو دەبوو بەڕۆنی بۆنخۆش بیچەسپێنی بەسەریەوە و چاویلکە پزیشکییەکەی کە بۆ نزیکبینیی لەچاوی دەکرد نەگبەتی روخساری زیاتر دەکرد. وێڕای ئەوەی چاوی تەواونەبوو، بەدەست قەبزییەکی هەمیشەییەوە دەینالاند کەناچاری دەکرد لەسەراپای ژیانیدا شاف رەوانیی بەکاربهێنێت. تەنها قاتێ جلی رەشی ئاهەنگی هەبوو کە لەباوکییەوە بەمیرات بۆی مابۆوەو ترانسیتۆ ئەریزای دایکی وەها بەچاکی بۆی هەڵدەگرت و ئاگادارییدەکرد کەوادەهاتەبەرچاو هەموو یەکشەممەیەك نوێ دەبێتەوە. سەرەڕای ئەوەی لاواز و شەرمنبوو، جلوبەرگەکەی دڵی مرۆڤیان تەنگ دەکرد، کچانی دەوروبەری بۆئەوەی لەگەڵیدا بن بەدزییەوە تیروپشکیان دەکردو ئەویش بۆئەوەی لەگەڵیاندا بێت مەرجی بۆ دادەنان. ئەمبارە بەمشێوەیەبوو هەتا ئەو رۆژەی فێرمینا دازای بینی و کۆتایی بەبێگوناهی هات.

یەکەمجار لەپاشنیوەڕۆیەکدا فێرمینا دازای دیبوو کەلۆتاریۆ توگوت پێی وتبوو بروسکەیەك بۆ لۆرینزۆ دازا ناوێك ببات، کەشوێنی دانیشتنی دیارنییە. فلۆرنتینۆ ئەریزا لۆرینزۆ دازای لەیەکێ لەخانووە کۆنەکانی کەناری پارکی (ئیڤانجیلس) دۆزییەوە. نیوەی خانووەکە روخابوو، ناو حەوشەکەشی بەگیای بێکەڵکی ناو گوڵدانی گۆزەیی و فوارەی بەردینی بێناوەوە، لەگۆشەی دێرێك دەچوو. لەکاتێکدا کەفلۆرنتینۆ ئەریزا بەدرێژایی راڕەوە تاقدارەکان بەدوای خزمەتکارێکی پێ پەتییەوەبوو، دەنگی هیچ مرۆڤێکی نەهاتەگوێ. لەراڕەوەکاندا کارتۆنی پڕ کەلوپەلی ناوماڵ کە هێشتا نەکرابوونەوە لەگەڵ کەرەسەی خانوو دروستکردن کە بۆ نۆژەنکردنەوەی خانووەکە هێنرابوونە ئەوێ لەگەڵ کیسەی بەتاڵی چیمەنتۆدا تێکەڵببوو. حەوشەکە ئۆفیسێکی کاتیی تێدابوو کەپیاوێکی زۆر قەڵەو بەڕیشێکی تێکچرژاوەوە کەلەگەڵ سمێڵیدا تێکەڵببوو، لەوێدا لەپشت مێزێکەوە دانیشتبوو، خەوەنوتکێی بوو. لەڕاستیدا ئەم پیاوە لۆرینزۆ دازا

بوو، لەبەرئەوەی هێشتا دوو ساڵ نەدەبوو کەهاتبووە ئەوێ و دۆست و ناسیاوی زۆری نەبوو لەشارەکەدا کەمتر دەیانناسی.

بەشێوەیەك بروسکەکەی وەرگرت وەك ئەوەی درێژەی خەوێکی ناخۆش بێت. فلۆرنتینۆ ئەریزا بەجۆرێك بەزەیی بە ئەدەبانەوە، تەماشای چاوە شینەکانی و قامکە پڕ دوودڵییەکانی دەکرد کەخەریکی کردنەوەی چەسپی زەرفەکەبوون و ترسێکی قووڵی لەرووخساریدا بەدیکرد کەزۆرجار لەچارەی ئەو کەسانەدا بەدیکردبوو کەبروسکەیان پێدەگات و لەسەر بیرکردنەوە لە گەیشتنی بروسکە رانەهاتوون بەبێئەوەی بیبەستنەوە بەمردنەوە. لەدوای خوێندنەوەی بروسکەکە ئارامبۆوە، هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی:

-هەواڵێکی خۆشە!

پێنج ریاڵیدا بەفلۆرنتینۆ ئەریزا و بەمحاڵەوە بەزەردەخەنەیەکی دڵنیاوە تێیگەیاند کە ئەگەر هەواڵی ناخۆشی بهێنایە چاوی بەپارە نەدەکەوت. پاشان تەوقەی لەگەڵ کردو خواحافیزی لێکرد، ئەمەش لای پەیکێکی ئاسایی رەفتارێکی باونەبوو. کچە خزمەتکارەکە هەتا دەرگای دەرەوەو هەتا پێی خستە سەرشەقامەکە لەگەڵی چوو کەزیاتر بەمەبەستی چاودێریکردنی بوو تا رێنیشاندانی. هەردووکیان بەهەمان رێگادا گەڕانەوە کەبەدرێژایی راڕەوە تاقدارەکان بڕیبوویان. فلۆرنتینۆ لەوکاتەدا کەبەلای ژووری دروومانی تێدەپەڕی لەپەنجەرەکەوە ژنێکی پیرو کچێکی منداڵکاری بینی کەزۆر لەنزیکی یەکترییەوە، لەسەر دووکورسی دانیشتبوون کتێبێکیان دەخوێندەوە کە لەسەرکۆشی ژنەکەبوو. دیمەنێکی سەیربوو: کچەکە دایکی فێری خوێندەواری دەکرد. بەشێکی بۆچوونەکەی هەڵەبوو، لەبەرئەوەی ژنەکە پووری کچەکەبوو نەك دایکی، ئەگەرچی وەکو کچی خۆی گەورەی کردبوو. وانەکە تەواو نەببوو، بەڵام کچەکە سەری هەڵبڕی بۆئەوەی بزانێت کێیە بەلای پەنجەرەکەدا تێپەڕ دەبێت، ئەو روانینە رێکەوتە، سەرەتای

زریانێك بوو لە خۆشەویستیی کەسەرەڕای تێپەڕبوونی نیو سەدە هێشتا ئارام نەببۆوە.

هەموو ئەوشتەی کەفلۆرنتینۆ ئەریزا توانی دەربارەی لۆرینزۆ دازا بیزانێت ئەوەبوو کە لەگەڵ تاقە کچەکەی و خوشکەکەیدا کەشووی نەکردووە ماوەیەك دوای بڵاوبوونەوەی کۆلێرا لە (سان خوان دی لاسییناگا) وە هاتبوونە شارەکەو ئەوانەی لەکاتی دابەزین لە کەشتییەکەدا دیبوویان، گومانییان لەوە نەبوو کەهاتبوو بۆئەوەی بۆ هەمیشە لێرە بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی کەلوپەلی تەواوی بۆ ماڵیکی گەورە لەگەڵ خۆی هێنابوو. ژنەکەی کاتێ کچەکەی هێشتا بچووکبوو، مرد. خوشکەکەی کەناوی ئیسکۆلاستیکا بوو تەمەنی چل ساڵبوو، بەرامبەر ئەو نەزرەی کردبووی بەوەفابوو کەدەبوو کاتێ دەچێتە سەرشەقام جلوبەرگی راهیبەکانی قەشە (سان فرانشیسکۆ) لەبەربکات و کاتێ لەماڵەوە بێت پشتوێنی تۆبەکاران بکاتە پشت. کچەکە سیانزە ساڵانبوو بەناوی دایکە رەحمەتییەکەیەوە ناونرابوو کەناوی (فێرمینا) بوو.

لەوە دەچوو لۆرینزۆ دازا پیاوێکی دەوڵەمەند بێت کەبێئەوەی ئیشی هەبێت باش دەژیاو بۆ چاکردنەوەو نوێکردنەوەی (ئیڤانجیلس) بیگومان بەلای کەمەوە دوو ئەوەندەی نرخی کڕینەکەی، واتە دووسەد پیزۆی ئاڵتوون، پارەی کاشی دابوو. کچەکەی لە قوتابخانەی (ئامادەکردنی پاکیزەی پیرۆز) دەیخوێند، ئەو شوێنەی دووسەدەبوو کچانی کۆمەڵگای پێشکەوتوو هونەری بوون بەهاوسەری کارامەو گوێڕایەڵیان تێدادەخوێند. سەردەمی کۆلۆنیالی و ساڵانی سەرەتای دروستبوونی کۆماریی، ئەم قوتابخانەیە تەنها ئەوانەی وەردەگرت کەناوو ناوبانگێکی خێزانیی گرنگیان هەبوو. بەڵام خێزانە کۆنەکان کەسەربەخۆیی ببووە هۆی رووخانیان، ناچاربوون مل بۆ هەلومەرجی نوێ کەچبکەن و قوتابخانەکە بەچاوپۆشیی لە رەنگ و خوێنیان، دەرگاکانی بۆ هەرکەسێ کردەوە کەدەیتوانی مانگانەکەی

بدات، تەنها لەسەر ئەو مەرجە سەرەکییە پێیداگرت کەدەبێ کچەکان زۆڵ نەبن و منالّی ژن ومێردایەتی کاسۆلیك بن. بەهەرحاڵ، ئەمە قوتابخانەیەکی گرانبوو، ئەوەی کەفێرمینا دازا لەوێ دەیخوێند، ئەگەر بەڵگەی پلەوپایەی بالآی کۆمەلآیەتیی خێزانەکەی نەبووبێ، بەلای کەمەوە بەڵگەی ئەوەبوو کەخێزانەکەی باری ئابووری باشە. ئەم دەنگوباسانە کەئەوەی نیشاندەدا کچە جوانە منالّکارە چاوبادەمییەکە لەسنووری خەونەکانی فلۆرنتینۆ ئەریزادا بێت، دڵگەرمی دەکرد. بەلآم هەر زوو یاسا توندوتیژەکەی باوکی کۆسپێکی وای دروستکرد کەقابیلی بەزاندن نەبوو. بەپێچەوانەی باقی قوتابییەکانی ترەوە کەبەکۆمەڵ یان لەگەڵ خزمەتکارێکی پیردا بەپێ دەچوون بۆ قوتابخانە، فێرمینا دازا هەمیشە لەگەڵ پوورە قەیرەکەیدا بەپێ دەچوو بۆ قوتابخانە، هەڵسوکەوتیشی ئەوەی نیشاندەدا کەبواری هیچ گالّتەو گەمەیەکی پێنادرێ.

بەمشێوازە بێگوناهانەیەبوو کەفلۆرنتینۆ ئەریزا ژیانی نهێنی ئامێزی وەکو راوچییەکی ئاسایی دەستپێکرد. لەسەعات حەوتی بەیانییەوە لەکاتێکدا واخۆی نیشاندەدا لەسێبەری دار چواله تاڵەکاندا سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبێکی شیعرە، لەسەر نەدیوترین کورسی پارکەکە دادەنیشت بۆئەوەی ئەو کچۆڵەیە ببینێ کەبینینیشی ئاسان نەبوو، فێرمینا بەرووپۆشێکی خەتخەتی شین و جووتێ گۆرەوییەوە کەتا ئەژنۆی هەڵیدەکێشا، بەجووتێ پێڵاوی قەیتانداری پیاوانەو پرچێکی ئەستوورەوە کەسەرە بەستراوەکەی تا کەمەری شۆڕببۆوە. بەنەفس بەرزییەکی چاپووکانە هەنگاویدەنا. وادیاربوو بەو لووتە قەڵەمییەوە کەسەرەکەی بەرز بۆوە و بەکتێبەکانییەوە کەبەدەست دەینووساند بەسنگییەوە و بەلەنجەولاری ئاسکانەیەوە گوێ بەهیچ نەدات. پووری بەبەرگی قاوەیی راهیبەو پشتوێنی گروپی (سان فرانشیسکۆ)وە، لەکاتێدا هەولیدەدا شان

بەشانی برازاکەی بڕوات، کەمترین دەرفەتی بۆ نزیکبوونەوەی فلۆرنتینۆ نەدەهێشتەوە. فلۆرنتینۆ ئەریزا ڕۆژی چوارجار هاتووچۆیانی دەبینی و جارێکیش لەڕۆژی یەکشەممەدا کاتێ لەعەشانی ڕەببانی دەهاتنەدەرەوە دەیبینین و ئەوەندەش بینین بۆ ئەم بەسبوو. وردە وردە لەهەستی خۆیدا وێنەیەکی خەیاڵیی بۆ کچەکە دەکێشاو لەماوەی دوو هەفتەدا لەو زیاتر بیری لەهیچ شتێکی دیکە نەدەکردەوە، لەو بارەدابوو کەبڕیاریدا نامەیەک بە فێرمینا دازا بگەیەنێ کە لەسەر کاغەزێك بەخەتێکی جوانی خۆشنووسانە نووسیبووی، چەند ڕۆژێ نامەکەی لەگیرفاندابوو بیری لەڕێگایەك دەکردەوە کەبەهۆیەوە بەکچەکەی بگەیەنێ. لەو ماوەیەدا کەبیری لەو مەسەلەیە دەکردەوە، شەوانە بەرلەخەوتن چەند لاپەڕەیەکی تری دەنووسی، کاربەجێگایەك گەیشت کەنامە سەرەکییەکە بوو بەفەرهەنگی وشەی یەکترناسین کە لەچەند کتێبێکەوە ئیلهامی وەرگرتبوو، لەکاتەکانی چاوەڕوانیدا لەپارکەکە هێندەی خوێندبۆوە دێڕ بەدێڕی نامەکەی لەبەربوو.

لەکاتی گەڕانیدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ گەیاندنی نامەکە، هەوڵیدا لەگەڵ چەند خوێندکارێکی قوتابخانەکەدا ئاشنایەتی پەیدا بکات، بەڵام ئەوان لەدنیای ئەمەوە زۆر دووربوون. جگە لەوەش، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کەکارێکی ژیرانە نییە کەسێکیتر لەنیازی خۆی ئاگادار بکاتەوە. وێڕای ئەمانە ئەوەشیزانی کەچەند ڕۆژێ پاش ئەوەی هاتبوونە ئەم شارە فێرمینا دازا لەڕۆژێکی شەممەدا بۆ ئاهەنگێکی سەما داوەتکرابوو، بەڵام باوکی بەو وەڵامە بێچەندو چوونەی کەوتبووی "هەرشتێ بۆ کاتی خۆی" مۆڵەتی نەدابوو بچێت. کاتێك نامەکە هەردوو دیوی شەست لاپەڕەی پڕکردبۆوە، فلۆرنتینۆ ئەریزا ئیدی نەیتوانی بەرگەی قورسایی نهێنییەکەی بگرێ و لای دایکی کەتەنیا کەسێ بوو دەرفەتی بەخۆیەدا متمانەی پێبکات، باری شانی خۆی سووککرد. پاکی و بێگوناهی فلۆرنتینۆ لەخۆشەویستییەکەیدا فرمێسکی بەترانسیتۆ ئەریزا ڕشت و هەوڵیدا

بەسوودوەرگرتن لەئەزموونەکانی خۆی ڕێنمایی بکات و فلۆرنتینۆی قایل کرد کەئەو گورزە کاغەزە پڕ شیعری دڵدارییە نەدات بەکچەکە، چونکە پێیوابوو کچەکەش لەمەسەلەی خۆشەویستییدا وەکو کوڕەکەی ئەم کەمئەزموون بێت و ئەو نامەیە ببێتە هۆی ترسانی لەخەونەکانی فلۆرنتینۆ. دایك بەکوڕەکەی وت هەنگاوی یەکەم دەبێت کچەکە لەوە ئاگادار بکات کەئەم بایەخی پێدەدات، بۆئەوەی دەربڕینی خۆشەویستیی نەبێتە هۆی سەرسوڕمان بۆ کچەکە و بواری بیرکردنەوەی لێنەگرێت. پاشان پێیوت:

- یەکەم کەس کەدەبێ پێش هەموو شتێ سەرنجی رابکێشی، کچەکە نییە، بەڵکو پوورێتی.

بێگومان هەردوو ئامۆژگارییەکەی دایکی عاقڵانەبوو بەڵام بۆ کارپێکردنیان زۆر درەنگ بوو. چونکە لەڕاستیدا لەو ڕۆژەوە کەفێرمینا دازا بۆ ساتێ لەدەرس وتن بەپووری وەستابوو، چاوی هەڵبڕیبوو بۆئەوەی بزانێت ئەوە کێیە بەڕاڕەوەکەدا تێپەڕدەبێت، فلۆرنتینۆ ئەریزا بەسیمای کاریگەری کاری تێکردبوو. ئەوشەوە، لەسەر مێزی نانخواردنی ئێوارە کاتی باوکی فێرمینا باسی بروسکەکەی کرد، تێگەیشت فلۆرنتینۆ ئەریزا چۆن ژیانی بەڕێوە دەبات و بۆچی هاتبووبۆ ماڵیان. ئەم زانیارییانە بایەخدانی فێرمینای بەفلۆرنتینۆ زیاد کرد، چونکە لەڕوانگەی ئەوو زۆر کەسی ئەو سەردەمەوە، داهێنانی تەلەگراف مەسەلەیەك بوو پەیوەندی بەجادووەوە هەبوو. پاش ئەوە کاتێ بۆ یەکەمجار فلۆرنتینۆ ئەریزای لەبن درەختەکانی پارکە بچووکەکەدا بینی لەکاتی خوێندنەوەدا ناسییەوە بەڵام لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا هیچ نیگەرانییەکی نیشان نەدەدا تا ئەوەی پووری وتی چەندین هەفتەیە ئەو کوڕە لەوێدا دادەنیشێت. یەکشەموانیش لەدوای عەشای ڕەببانی (القداس) دیویانە، دواجار پووری فێرمینا گەیشتە ئەو باوەڕەی کەئەو هەموو یەکتربینینە بەڕێکەوت نییەو وتی:

-ئەو کوڕە لەبەر من ئەو هەموو زەحمەتە ناداتە بەرخۆی!

ئیسکۆلاستیکای پووری فێرمینا سەرەڕای ڕەفتاری توندو نەریتی تۆبەکردنی، خولیای پێویستی بۆ ژیان و هەستی بەشداریی ژیانی تێدابوو، ئەمانە لەسیفەتە هەرە چاکەکانی بوون، تەنها وێناکردنی ئەوەی کەیەکێك پەیوەندی لەگەڵ برازاکەیدا هەیە، هەڵچوونێکی وای لەناخیدا بێدار دەکردەوە کەنەیدەتوانی خۆی بۆ ڕابگرێت. بەهەرحاڵ، فێرمینا دازا هێشتا لەمەیلێکی سادەش دەربارەی خۆشەویستیی پارێزراوبوو، تەنها هەستێ کەفلۆرنتینۆ لەودا دەیبزواند، جۆرێك هەستی بەزەیی پێداهاتنەوەبوو. چونکە وایدەهاتە بەرچاو کەنەخۆشە. بەڵام پووری پێیوت مرۆڤ دەبێت زۆر بژی بۆئەوەی لەسروشت و ماهیەتی ڕاستەقینەی پیاوان شارەزا بێت. باوەڕی وابوو ئەو کوڕەی کە لەپارکەکە دادەنیشێت بۆئەوەی لەکاتی تێپەڕینیاندا تەماشایان بکات، تەنها دەشێ نەخۆشی خۆشەویستیی بێت.

لای ئیسکۆلاستیکای پووری پەناگەی تێگەیشتن و سۆز بۆ تاقە کچەکەی برازای شووکردنێکی بێخۆشەویستیی بوو، لەزەمانی مردنی دایکی فێرمیناوە، بەخێوی کردبوو، سەبارەت بەپەیوەندی لەگەڵ فلۆرنتینۆدا زیاتر وەکو هاوبەشێك ڕەفتاری دەکرد تاوەکو پوورێك، کار بەوە گەیشت کەدەرکەوتنی فلۆرنتینۆ ئەریزا بۆ ئەم دوانە بووبە یەکێکی تر لەو ڕابواردنە نهێنیانەی کەبۆ کات بەسەر بردن دایاندەهێنان. ئەم جووتە هەرچوار جارەکە بەپارکی (ئیڤانجیلس)دا تێپەڕدەبوون، بەنیگایەکی خێرا بۆ پاسەوانیی کوشندەی ئەو کوڕە لەڕە شەرمنە کەمبایەخە دەگەڕان کەسەرەڕای گەرما هەمیشە جلی ڕەشی لەبەردەکردو لەبن دارەکاندا واخۆی نیشاندەدا کەخەریکی خوێندنەوەیە، " ئەها، ئەوەتا" ئەم قسەیە لەزاری ئەوەیانەوە دەهاتە دەرێ کەیەکەمجار دەیبینی. ئەوەی کەیەکەمجار دیبووی بەرلەوەی ئەو سەر بەرز بکاتەوەو دوو ژن ببینێ کە بەبێ ئەوەی بایەخی پێبدەن وحسابی بۆ بکەن بەناوپارکەکەدا بەلایدا تێپەڕدەبن، پێکەنینەکەی قووتدەدایەوە.

ئیسكۆلاستیكای پووری دوای ئەوەی وتبووی: " ئەو كوڕێژگەیە لەبەرئەوەی منت لەگەڵم ناوێرێ لێت نزیك بكەوێتەوە بەڵام ئەگەر بەڕاستی بێت رۆژێ ئەوە دەكات و نامەیەكت دەداتێ." بەپێشبینی كردنی جۆرەها كارەسات، كچەكەی فێركرد كەبەزمانی ئاماژە پەیوەندییەكە دروستبكات، كەفێڵێكی پێویستبوو لەخۆشەویستییەكی قەدەغەدا. ئەم گاڵتەجاڕییە چاوەڕواننەكراوو تاڕادەیەك منالآنەیە هەستێكی خۆتێهەڵقورتاندنی نائاسایی لای فێرمینا دازا بزواند. بەڵام هەتا چەند مانگێ ئەوەی بەخەیاڵدا نەهات كەڕەنگە لەوە زیاتر بچێتە پێشەوە. قەت لەوە حاڵی نەبوو كەی ئەو گاڵتەیە گۆڕا بە شەیدایی و پێویستیی بۆ بینینی فلۆرنتینۆ خوێنی هێنایە جۆش. شەوێك بەو خەیاڵەوە بەترسەوە لەخەو راپەڕی كەدەیبینی لەلای سیسەمەكەیەوە دانیشتووەو لەتاریكیدا تەماشای دەكات. لەوە بەدواوە بەسەراپای بوونییەوە حەزی دەكرد پێشبینییەكەی پوورە ئیسكۆلاستیكای ڕاست دەرچێت و لەخودا دەپاڕایەوە كەئازایەتی بەكوڕەكە ببەخشێ بۆئەوەی نامەكەی بداتێو بتوانێت تێبگات كەدەیەوێ چی تێدا بڵێت. بەڵام نزاكەی بێ وەڵام مایەوەو كارەكە پێچەوانە بۆوە، چونكە ئەوە سەروەختێ بوو كەفلۆرنتینۆ ئەریزا لای دایكی مەسەلەكەی باس كردبوو، دایكی لەدانی نامەكە بەفێرمینا دازا پەشیمانی كردبۆوە كەحەفتا لاپەڕە ستایش بوو، لەئەنجامدا دەبوو كچە هەتا كۆتایی ساڵ هەروا لەچاوەڕوانیدا بمایەتەوە. هەرچەندە پشووەكانی كانوونی یەكەم نزیكتر دەبوونەوە، شەیدایی فێرمینا دازا زیاتر پڕ دەبوو لەنائومێدیی و چەندانجار لەخۆی دەپرسی چۆن دەتوانێت ببینێت یان وابكات لەماوەی ئەو سێ مانگەدا كەناچێ بۆ قوتابخانە كوڕەكە ئەو ببینێ. لەشەوی جەژنی لەدایكبوونی مەسیحدا هەمیشتا نیگەرانییەكانی مابوو بەو دڵەڕاوكێیەوە كەفلۆرنتینۆ لەعەشای ڕەببانی نیوەشەودایەو لەناو خەڵكەكەوە تەماشای دەكات، گیانی كەوتە لەرزین. بەو نائارامییەوە كەهەستی دەكرد دڵی گوشی. نەیدەوێرا

ئاوڕیداتەوە لەبەرئەوەی لەنێوان پووری و باوکیدا دانیشتبوو، ناچاربوو خۆی کۆنترۆڵ بکات بۆئەوەی ئەوان تێنەگەن کەشڵەژاوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەناو ئەو خەڵکەدا کە لەکڵێسا دەچوونە دەرەوەو هێندە نزیک و ڕوون هەستی پێکرد کە لەکاتی تێپەڕبوون بەپەرستگای سەرەکیدا لەژێر کاریگەرییەکدا کەنەیدەتوانی خۆی لەبەردا ڕابگرێت. ناچاربوو لەسەر شانییەوە تەماشای خەڵکەکە بکات و لەوکاتەدا لەدووری دوو بستەوە لەبەرامبەر چاوانیدا، لەچاوە ساردوسڕەکانی و روخساری شینەوەبووی و لێوە وشکبووەکانیدا ترسی خۆشەویستیی بەدیکرد. لەئازایەتی خۆی شڵەژاو خۆی بە قۆڵی پوورییەوە گرت بۆئەوەی نەکەوێ. ئیسکۆلاستیکا لەسەر دەستی برازاکەی کە لەناو دەستکێشی موشەبەکدا بوو هەستی بەعارەقێکی سارد کردو بەئاماژەیەکی هێواش کەجەختی لەقایلبوونی بێ مەرج دەکردەوە دڵخۆشیدایەوە. لەناو قەرەباڵغی دەستەی تەقاندنی فیشەکە شێتەو تەپڵ بەدەستەکان و ڕووناکی ڕەنگاوڕەنگی بەردەرگاکان و قیژەو هاواری ئەو خەڵکەی تینووی ئاشتی بوون، فلۆرنتینۆ ئەریزا لەکاتێکدا بەئەسرینەوە لەجەژنی ڕۆژی پیرۆزی دەڕوانی، هەتا بەرەبەیان وەکو ئەوانەی بەدەم خەوەوە دەڕۆن بەشەقامەکاندا گەڕاو لەو وەهمەدا خولایەوە کە لەو شەوەدا ئەو لەدایکبووە، نەك کوڕی خودا!

لەهەفتەی دواییدا کاتێ وڕێنەکانی زیادیکرد کە لەکاتی سەرخەوشکاندنی نیوەڕۆدا بە نائومێدییەوە بەلای ماڵی فێرمینادا تێپەڕی و بینی کە لەگەڵ پووریدا لەبن دارچوالەی تاڵدا دانیشتوون. ئەم دیمەنە دووبارەبوونەوەی ئەوەبوو کەیەکەمجار لەژووری دروومانیدا دیبووی، واتە فێرمینا سەرقاڵی ئەوە بوو کەپووری فێری خوێندنەوە بکات، بەڵام ئەمجارە لەهەوای ئازادا. فێرمینا دازا بەبێ ڕووپۆشی قوتابخانە بەشێوەیەکیتر دەهاتە بەرچاو، عەزیەکی پڕلۆچی لەبەردابوو کەوەك هی یۆنانییەکان سەرشانەکانی هاتبووە خوارەوە. نیوەتاجێ گوڵی یاسەمینی سروشتی

کردبوو بەسەرییەوە کەدیمەنی خواوەندێکی تاج لەسەری پێدەبەخشی. فلۆرنتیۆ لەپارکەکەدا لەسەر کورسییەکی درێژ دانیشت کەدڵنیابوو لەوێدا دەبینرێ بەڵام ئەمجارە پەنای بۆ خوێندنەوەی درۆینە نەبرد، چاوانی کەوەکو کتێبەکەی کرابوونەوە لەو کچۆڵە شۆخەبڕی کەتەنانەت بەنیگایەکی بەزەیی ئامێزیش کاردانەوەی نیشان نەدەدا.

سەرەتا وای هەستدەکرد کەدەرس خوێندنی ئیسکۆلاستیکا لەبن دارچوالەی تاڵدا ڕەنگە گۆڕانێکی کتوپڕ بێت کەپەیوەندی بەنۆژەنکردنەوەی لەکۆتایی نەهاتووی خانووەکەوە هەبێت. بەڵام لەدوای ئەو ڕۆژانەی کە بەدوای یەکدا هاتن و چوون وردە وردە تێگەیشت کەفێرمینا دازا بەدرێژایی پشووی سێ مانگەکە، هەموو ڕۆژێ ئێوارە لەهەمانکاتدا لەبەرچاوی دەبێت و ئەم دڵنیاییە ئومێدێکی تازەی پێبەخشی: تاکاتێ کەهەستی نەدەکرد بینرابێ، نەیدەتوانی هیچ نیشانەیەکی بایەخپێدان یان فەرامۆشکردن لەڕەفتاری فێرمینادا بەدیبکات. بەڵام لەخوێنساردی فێرمینادا بەڕوونی تیشکێ بەدیدەکرا کەفلۆرنتینۆی بۆ بەربەرەکانێ هاندەدا. لەپاشنیوەڕۆی یەکێ لەڕۆژەکانی کۆتایی کانوونی دووەمدا، پووری فێرمینا چنینەکەی لەسەر کورسییەکە داناو برازاکەی لەژێر بارانی گەڵای زەردی دارچوالەی تاڵدا لەناو دەرگای پارکەکەدا بەتەنیا بەجێهێشت. فلۆرنتینۆ ئەریزا دڵگەرم بەو خەیاڵەی کەدەبێ ئەم دەرفەتە بەدەستی ئەنقەست ڕەخسێنرابێ، بەجادەکەدا پەڕییەوەو لەبەرامبەر فێرمینادا وەستا، ئەوەندە نزیکبوو کەدەیتوانی دەنگی هەناسەدانی ببیستێ کەبۆنی گوڵی لێوەدەهات و دەیتوانی هەتا مردن بەهۆی ئەو بۆنەوە بیناسێتەوە. بەسەرێکی بڵند و بێت و بۆ هەمان مەبەستیش بوو کەقسەی کردو وتی:

–تەنها داواکاریم ئەوەیە کەنامەیەکم لێوەربگری!

ئەمە ئەو دەنگە نەبوو کەفێرمینا دازا چاوەڕێی دەکرد: ڕاشکاو و زاڵو باوەڕبەخۆ کە لەگەڵ هەڵسوکەوتی سستو بێگیانیدا نەدەهاتەوە. فێرمینا بێئەوەی چاو لەو وێنەیە هەڵبڕێ کەدەیچنییەوە، وەڵامیدایەوە:

- بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لەباوکم ناتوانم وەریبگرم!

فلۆرنتینۆ ئەریزا لەگەرمی دەنگی فێرمینا دازا مچوڕکە بەلەشیدا هات کەڕیتمە خۆشەکەی هەتا مردن لەبیر نەدەچۆوە. گیانی لەرزی، بەڵام لەسەر سەقامگیریی خۆی بەردەوام بوو یەکسەر وتی:

-باشە مۆڵەتی لێوەربگرە.

پاشان وەکو بیانوویەك فەرمانەکەی شیرین کرد.

- مەسەلەی مردنو ژیانە!

فێرمینا دازا نەتەماشای کردو نەدەستیشی لەئەتەمینەکە هەڵگرت، بەڵام بەبڕیارەکەی دەرگایەکی بۆخستە سەرپشت کەهەموو جیهان دەیتوانی پیایدا تێپەڕبێو وتی:

-هەموو ئێوارەیەك وەرەوەو چاوەڕێبە هەتا من جێگاکەم دەگۆڕم!

فلۆرنتینۆ ئەریزا لەمەبەستی تێنەگەیشت. تا ئەوەی ڕۆژی دوای ئەوە، دووشەممە، لەکورسی ناو پارکە بچوکەکەوە هەمان دیمەنی بە گۆڕانکاریەکەوە بینی. کاتێ پوورە ئیسکۆلاستیکا چووە ژوورەوە، فێرمینا دازا هەستاو دوای کەمێك وەستان لەسەر کورسیەکیتر دانیشت. فلۆرنتینۆ ئەریزا کەگوڵە کامیلیایەکی سپی دابوو لەگیرفانی سنگی چاکەتەکەی شەقامەکەی بڕیو لەبەرامبەر فێرمینادا وەستاو وتی:

- ئەمە گرنگترین ساتە لەژیانی مندا!

فێرمینا سەری هەڵنەبڕی تا تەماشای بکات، بەڵام تەماشایەکی ئەملاولای کردو شەقامە چۆڵەکانی لەگەرمای وەرزی وشك و خولانەوەی گەڵا زەردەکانی بە دەمباوە بینی وتی:

-نامەکەم بدەرێ!

فلۆرنتینۆ ئەریزا سەرەتا بەنیاز بوو هەرحەفتا لاپەڕەکەی بداتێ کەهێندەی خوێندبۆوە لەبەری کردبوو، بەڵام پاشان بەنیو لاپەڕەی چڕوپڕ و ڕاشکاوانە قایلبوو کەتیایدا تەنها بەڵێنی بەوشتانە دەدا کەسەرەکی بوون، وەفاداریی تەواو و خۆشەویستیی هەمیشەیی. نامەکەی لەگیرفانی چاکەتەکەی دەرهێناو لەبەرامبەر ئەو چاوە پەرێشانانەدا ڕایگرت کەهێشتا جورئەتی تەماشاکردنی ئەمی نەبوو. فێرمینا زەرق نامەیەکی شینی بەلەرزیوی لەناو دەستێکدا بینی کەترس وشکی کردبوو، لەبەرئەوەی نەیدەویست ئەوە نیشان بدات کە لەرزینی پەنجەکانی ئەوی دیووە، چوارچێوەی ئەتەمینەکەی بەرزکردەوە بۆئەوەی نامەکەی بخاتەسەر کە لەوکاتەدا چۆلەکەیەك لەناو گەڵاکانی دارچوالە تاڵەکانەوە جولەیەکی بۆ کردو ڕیقنەکەی کردە سەر تەختی چینینەکە. فێرمینا تەختی چنینەکەی کێشایە دواوەو بۆئەوەی فلۆرنتینۆ نەزانێ چی ڕوویداوە لەدوای کورسیەکەوە حەشاریداو بۆ یەکەمجار بەڕوخسارێکی داگیرساوەوە تەماشای روخساری کرد. فلۆرنتینۆ ئەریزا کەنامەکەی بەدەستەوەبوو بەئارامی وتی: "ئەمە نیشانەی خۆشبەختییە".

فێرمینا دازا بەیەکەم زەردەخەنەوە کەخستییە سەرلێوی سوپاسی کرد، تەقریبەن نامەکەی لەدەستی هەڵپڕوچڕاندو قەدیکردو لەناو سەدریەکەیدا شاردییەوە. فلۆرنتینۆ ئەریزا ئەو گوڵە کامیلیایەی پێشکەش کرد کە لەگیرفانی سەرسینگی چاکەتەکەیدابوو بەڵام فێرمینا گوڵەکەی وەرنەگرت و وتی: "ئەمە گوڵی پەیمان و بەڵێنە".

فێرمینا دازا بەئاگاداری لەوەی کەتەقریبەن دەرفەتەکەیان تەواوبووە جارێکیتریش بەکۆمەکی سەنگینی خۆی وتی:

-ئێستا بڕۆو مەیەرەوە هەتا ئاگادارت دەکەمەوە!

دوای یەکەم دیدار بەرلەوەی فلۆرنتینۆ ئەریزا هیچ بڵێ، دایکی ئاگای لەمەسەلەکە بوو، هەموو شتێکی دەزانی. چونکە دەنگی فلۆرنتینۆ گیرابوو

نقەی نەدەکرد، هیچی پێ نەدەخوراو شەو تا بەیانی لەناو جێگاکەیدا تلیدابوو. بەڵام کاتێ چاوەڕوانیی بۆ وەرگرتنی وەڵامی یەکەم نامە هاتە ئاراوە، دژواریی پڕ دڵەڕاوکێ دەستی پێکرد، دایکی کەدەیبینی حاڵەتی کوڕەکەی زیاتر لەتووشبوونی کۆلێرا دەچێ تا پەرێشانیی خۆشەویستیی، تــــــــــــەواو تۆقیبـــــــــــــوو.

بـاوکی رۆحیـی فلۆرنتینـۆش، کـەدکتۆرێکی ئەزموونگـەری پیربـوو، لەرۆژەکانی سەرەتای خۆشەویستیی نهێنی ترانسیتۆ ئەریزاوە لەگەڵ باوکی فلۆرنتینۆدا، هەمیشە جێگەی متمانەی دایکی فلۆرنتینۆ بوو و رازەکانی خۆی پێوتبوو، لەسەرەتاوە زۆر نیگەرانی باری نەخۆشییەکەی فلۆرتینۆ بوو. لەبەرئەوەی لێدانی هێواشی دڵی و هەناسەدانی بەقورسی و ئەو عارەقە ساردەی دەیکردەوە گوزارشتی لەحاڵەتی کەسێك دەدا کە لەسەرەمەرگدا بێت. بەڵام لەپشکنینەکانییەوە دەرکەوت کەفلۆرنتینۆ نەتای هەبوو نەهیچ جێگایەکی بەدەنیشی ئازاری هەبوو. تەنهای هەستی راستەقینەی ئارەزووی مردن بوو. بۆئەوەی جارێکیتر ئەنجام بەدەست بێتەوەو لێکچوونی نێوان خۆشەویستیی و کۆلێرا پەسەندبکرێ تەنها ئەوەندە بەسبوو، نەخۆشەکە لـەدووری دایکـی بکەوێتـە ژێـر پـشکنینێکی زیرەکانـەوە. دکتـۆر بـۆ ئارامکردنـەوەی مێشکی نەخۆشـەکە رێگـەی پێدا گـوڵی کـوڵاوی زیزفـۆن بخـوات و بۆئـەوەی دووریـی ببێتـە هـۆی لـەبیرکردن پیـشنیازی گـۆڕینی کەشوهەوای کرد. بەڵام فلۆرنتینۆ رێك پێچەوانەی ئەوەی دەویست لەزەتی لە ئازار چەشتن لەپێناوی خۆشەویستییدا دەبینی.

ترانسیتۆ ئەریزای سپی پێست کەتەمەنی چل ساڵبوو، کۆیلەیەکی ئـازادکراوی دووڕەگ بـوو، ئـاواتی بـۆ بەختـەوەریی بـەهۆی هەژارییـەوە بەناکامی مابۆوە، هێندە لەزەتی لەئازارو ئەشکەنجەی کوڕەکەی بەدەست دەردی خۆشەویستییەوە دەبینی دەتوت ئازارو ئەشکەنجەی خۆیەتی. کاتێ کوڕەکەی وڕێنەی دەکرد گوڵە کوڵاوەکانی دەرخوارد دەداو بەبەتانی خوری

دایدەپۆشی بۆنەوەی سەرما لەگیانی دەرکات لەهەمان کاتدا هانیدەدا کە لەزەت لە تێکشکان و بێتوانایی خۆی ببینێ.

پێیدەوت" هەتا گەنجی زیاتر ئازار بچێژەو مەهێڵە لەکیست بچێت، چونکە ئەم شتانە هەتا کۆتایی تەمەن بەردەوام نابن"

بەڵام بێگومان لەپۆستە بەمشێوەیە بیریان نەدەکردەوە. چونکە فلۆرنتینۆ ئەریزا کارەکەی خۆی فەرامۆش دەکردو ئەوەندە گێژ بوو کەناڵەکانی ئاگادارکردنەوەی گەیشتنی پۆستەی بەهەڵە رادەوەشاند. لەچوار شەممەیەکدا کە کەشتی کۆمپانیای (لیلاند)، پۆستەی لیڤەرپولی پێبوو، فلۆرنتینۆ ئاڵای ئەڵمانیای بەرزکردەوەو رۆژێکیتر بۆ کەشتی کۆمپانیای جەنەراڵ ترانس ئەتلانتیک کەپۆستەی (سانت نازایر)ی پێبوو، ئاڵای ئەمریکای راوەشاند. سەرەنجام پەرێشانییەکانی خۆشەویستیی بوو بەهۆی پاشا گەردانییەکی وا لەدابەشکردنی پۆستەدا کەنارەزاییەکی زۆری لێکەوتەوەو کەفلۆرنتینۆ ئەریزا لەکارەکەی دەرنەکرا تەنها لەبەر ئەوەبوو کەلۆتاریۆ توگوت لەنووسینگەی تەلەگراف دەیهێشتەوەو بۆ کەمانچەژەنین دەیبرد بۆ لای گروپی سروودخوێنان لەکڵێسای گشتیی. دەرککردنی دۆستایەتی نێوانیان بەهۆی جیاوازیی تەمەنیانەوە کارێکی قورسبوو، چونکە بەئاسانی دەتوانرا وەکو باپیرو کوڕەزاکەی تەماشا بکرێن، بەڵام ئەم جووتە لەئیش وکاردا وەها پێکەوە دەگونجان دەتوت لەمەیخانەکانی دەوروبەری بەندەر پێکدێن. ئەم مەیخانانە شوێنی هاتوچۆی هەموو ئەو کەسانە بوو کە بەبێنەوەی گوێ بەچینە کۆمەڵایەتییەکەیان بدەن عەسریان لەدەرەوە بەسەردەبرد. لەگەدایانی سەرخۆشەوە بیگرە هەتا ئەو وەجاخزادانەی جلوبەرگی پرۆتۆکۆلییان لەبەردابوو کە لەئاهەنگی یانەی کۆمەڵایەتیی هەڵدەهاتن بۆنەوەی بابۆڵەی بریانی ماسی سپی بخۆن لەگەڵ برنجی لێنراو بەگوێزی هندی. لۆتاریۆ توگوت وا ڕاهاتبوو لەدوای دوا سەرەی کارەکەی لەنووسینگەی تەلەگراف بچێتە ئەوێ و بەدەم خواردنەوەی

(پونج)ی جامایکایی و ئۆرکۆدیۆن لێدانەوە لەگەڵ کەشتیوانە گەمژەکانی کەشتییە بچووکەکانی دورگەی (ئەنتیل)دا هەتا بەیانی دەمایەوە. کابرایەکی تێکسمڕاوی مل ئەستووربوو هەرلەکیسەڵ دەچوو، بەرپیشی ئاڵتوونیی و کلاوێکەوە کەشەوانە دەچووە دەرێ لەسەری دەکرد، تەنها شتێ کەلێی کەمبوو بۆنەوەی بەتەواوی لەقەشە نیکۆلا بچێت، ریزێ زەنگوڵە بوو. بەلای کەمەوە هەفتەی جارێك، لەگەڵ چۆلەکەیەکدا رایدەبوارد، واتە لەگەڵ یەکێ لەو ژنە بێشومارانەی کەشەوانە لەئوتێلی راگوزەرەکاندا بەشێوەیەکی سەرپێی لەشی خۆیان بەکەشتیوانان دەفرۆشت، چۆلەکەش نازناوێ بوو خۆی پێی بەخشیبوون. لەکاتی ئاشنابوونیدا لەگەڵ فلۆرنتینۆ ئەریزا یەکەم ئیشی ئەوە بوو کە بەجۆرێك لە لەزەتی شارەزایانەوە بەرازەکانی بەهەشتەکەی ئاشنای بکات. لەناو چۆلەکەکانیدا ئەوانەی بۆ فلۆرنتینۆ هەڵدەبژارد کەپێیوابوو لەهەموویان باشترن. سەبارەت بەنرخ و شێوازی هەڵسوکەوت کردنیان لەگەڵ فلۆرنتینۆ ئەریزا قسەی لەگەڵ دەکردن و ئامادەیی خۆی بۆ دەردەبڕی کە لەپێشدا لەگیرفانی خۆی پارەی رابواردنەکە بدات. بەڵام فلۆرنتینۆ قایل نەدەبوو. چونکە لەو لایەنەوە پاکیزە بوو، بڕیاریدابوو هەروا بەپاکیزەیی بمێنێتەوەو لەرێگای خۆشەویستییەوە نەبێت ئەو شتانە نەکات.

ئەو ئوتێلە پێشان کۆشکی کۆلۆنیالی بوو کەرۆژانێکی باشتری بەسەر بردبوو، ژوورو هۆڵە گەورە مەرمەڕییەکانی بەدیواری تیغەی گەچ کەچەند کونێکیان تێدابوو، کرابوون بەچەند ژوورێکی نووستنی سەربەخۆوە. ئەم ژوورانە بۆ سێکس کردن بەکرێ دەدران و تەماشاکردنیش لەکونەکانەوە بەهەمان نرخی جووتبوون بوو. سەبارەت بەتەماشاکەران لەکونەکانەوە قسە لەبارەی کەسانی خۆتێهەڵقورتێنەوە لەناوابوو کەتەلی چنینیان کردووە بەچاویاندا و قسە لەبارەی ئەو پیاوەوە دەکرا کە لەکاتی تەماشاکردنی ژنێکدا بەوەیزانی ئەوە ژنەکەی خۆیەتی، هەروەها لەبارەی

وەجاخزادە پەروەردەکراوەکانەوە قسە دەکرا کەخۆیان وەك ژنانی سەرزە فرۆش دەگۆڕی بۆنەوەی پلەوپایەی خۆیان فەرامۆشبکەن و لەگەڵ ئەو کەشتیوانانەدا رابوێرن کەبەمۆڵەت دەهاتن بۆ کەنارەکە، رووداوی ناخۆشیش لەبارەی تەماشاکەران و تەماشا کراوانەوە باسدەکرا کەدەبووە هۆی ئەوەی تەنها بیرکردنەوەش لەوەی کەبچێت تەماشای ژووری بەرامبەر بکات بەلای فلۆرنتینۆوە ترسناك بوو، بەمپێیە لۆتاریۆ توگوت هەرگیز نەیتوانی قەناعەتی پێبکات کەتەماشاکردن و مۆڵەتدان بەتەماشاکرنی سێکس نەریتی پاشاکانی ئەوروپایە.

بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەوە کەڕەنگبوو قەڵەوییەکەی بیورژێنێ، زەکەری لۆتاریۆ توگوت ئەوەندە کورت بوو وەکو مزراحی (شارۆبیم) وابوو کەوەکو خونچەی گوڵ دەردەکەوت، ئەم خەوشەشی بۆ ببوو بە خۆشبەختیی، چونکە ئەو چۆلەکانەی زۆر لەگەڵ پیاودا خەوتبوون شەڕیان بوو لەسەر ئەوەی لەگەڵیدا بخەون، قیژەو هاوارە لەپڕ کپکراوەکانیان سەراپای کۆشکەکەی دەلەرانەوەو تارماییەکانی تووشی مچوڕکەی سامناك دەکرد. دەیانوت توگوت مەرهەمێکی ئامادەکراو لە ژەهری مار بەکاردەهێنێت مناڵدانی ژنانی پێدەسووتێنێتەوە، بەڵام توگوت سوێندی دەخوارد هیچ ئامرازێکی دیکەی پێ نییە جگەلەوەی خودا پێی بەخشیووە. بە دەم قاقای پێکەنینەوە دەیوت (ئەوە تەنیا خۆشەویستییەو هیچیتر). دەبوایە ساڵانێکی زۆر تێپەڕ بن تاوەکو فلۆرینتینۆ ئەریزا لەوە تێبگات کە لەوانەیە ئەم کابرایە راستی وتبێت. دواتر لەکاتێکی درەنگتردا لەڕێگەی پەروەردەی سۆزداریی خۆیەوە گەیشتە قەناعەت، کاتێك پیاوێکی گەوادی ناسی وەك پاشا دەژی بەوەی لەیەك کاتدا سێ ژنی بەدەستبوو، ئەو سێ ژنە لە بەرەبەیاندا حسابەکەیان بۆ دەهێنا، بەزەلیلی لەبەر پێیدا دەکەوتن تاوەکو لەوە بیانبەخشێت کەبڕێك پارەی کەمیان بۆ خۆیان گلداوەتەوە، تاکە پاداشتیش کەحەزیان لێبوو ئەوە بوو رازی بێت لەگەڵ ئەوەیاندا جووت

بێت كە زۆرترین بڕەپارەی بۆ دەهێنا. فلۆرنتینۆ ئەریزا پێیوابوو تەنها ترس دەتوانێت ئەو ژنانە بگەیەنێتە ئەو زەلیلییە. بەڵام یەكێك لەو سێ ژنە بەشێوەیەكی چاوەڕوان نەكراو ڕاستییە پێچەوانەكەی بۆ دركاند، كاتێك پێی وت:

– ئەو مەسەلانە تەنها بە خۆشەویستیی دەكرێن.

لۆتاریۆ توگوت زیاتر لەبەر ڕەزاسووكی بوو كەببووە یەكێك لەمشتەرییە بەڕێزەكانی ئوتێلەكە و ئەمە هێندە پەیوەندیی بەتواناییەوە نەبوو لەبواری پراكتیكیدا وەكو كەسێكی مێبازو زۆر پەڕ. فلۆرنتینۆ ئەریزاش ئەوەندە سەنگین و گۆشەگیربوو كەرێزی خاوەن ئوتێلەكەی بەدەست هێنابوو، لەماوەی دژوارترین ڕۆژانی غەم و خەفەتیدا خۆی لەژوورێكی بچووك و گەرمدا بەند دەكردو شیعرو چیرۆكی خۆشەویستیی دوورودرێژو گریاناویی دەخوێندەوە، لەئارامیی نیوەڕۆی هێلانەی پەڕەسێلكە ڕەشەكانی بنمیچی هۆڵەكان و دەنگی ماچ و شەقەی باڵدا جلەوی بۆ خەیاڵە خاوەكانی شلدەكرد. لەئێوارانیشدا كەدنیا فێنكتربوو، محاڵبوو بتوانێ گوێ لەقسەو باسی ئەو پیاوانە نەگرێ كەبەحەزێكی بەپەلەوە دەهاتن بۆئەوەی لەكۆتایی ڕۆژەكەدا ئارەزووی خۆیان بەتاڵ بكەنەوە. بەجۆرێ كە فلۆرنتینۆ ئەریزا دەربارەی گەلێ خیانەتی ژن ومێردایەتیی و تەنانەت هەندێ نهێنیی دەوڵەتیش شتی دەبیست كە مشتەرییە دەسەڵاتدارەكان وتەنانەت كاربەدەستانی خۆماڵیش بەبێ حسابكردن بۆئەوەی كەڕەنگە بەڕێكەوت یەكێك لەژوورەكانی تەنیشتیانەوە گوێی لەدەنگیان بێت، متمانەیان بەو ژنانە دەكرد و ڕازی دڵی خۆیان بۆ دەردەبڕین كەبەشێوەیەكی سەرپێی لەگەڵیان دەخەوتن. لەهەلومەرجێكی ئاوادا بوو كەفلۆرنتینۆ ئەریزا بەو مەسەلەیەشی زانی كە لەدووری چوار فرسەخی دەریایی باكووری دورگەكانی (سۆتاڤینتۆ)وە كەشتییەكی نقومبووی ئیسپانی بەبارێكی ئاڵتوونی تەواو و بەردی بەنرخەوە كە

بەهاکەی لەپێنج سەد پێزۆ زیاترە، لەسەدەی هەژدەوە تا ئێستا لەژێر ئاودا ماوەتەوە. ئەم چیرۆکە سەراسیمەی کرد، بەڵام زۆر بیری لێنەکردەوە تاچەند مانگێ دوای ئەوە کەخۆشەویستییەکەی ئەو حەزە لەبەربەرەکانێ نەهاتووەی تێدا وروژاندو ئەو خەیاڵە لەکەللەیدا کەئەو کەشتی و سامانە نقوومبووەکە دەربێنێ بۆئەوەی فێرمینا دازا بتوانێت لەچەند حەوزێکی ئاڵتووندا خۆی بشوات.

ساڵانێ دوای ئەوە، کاتێ دەیەویست ئەو کچۆڵەیە بەیادبهێنێتەوە کە بەکیمیاگەریی شاعیرانە وێنەیەکی نموونەیی لەمێشکیدا بۆ کێشابوو، نەیدەتوانی سیمای لەناو ئێوارانی ئەو رۆژگارە کاریگەرانەدا بناسێتەوە. تەنانەت ئەو کاتەش دەهاتەبەرچاوی بێئەوەی بیبینێ کەرۆژانی پڕ لەتاسەی لە چاوەڕوانیی وەڵامی یەکەم نامەیدا بەسەردەبرد. ئەوسا لەبەر تروسکەی سەعات دووی پاش نیوەڕۆدا، لەبەربارانی گوڵی دارچوالەی تاڵدا، لەوێ کەبەبێ حسابکردن بۆ ساڵ و مانگ هەمیشە نیسان بوو، بەسیمایەکی ترەوە دەیبینی. تاکە هۆیەك کەوای لێکرد بەکەمانچەکەیەوە لەگەڵ لۆتاریۆ توگوتدا بڕوات ئەوەبوو کە لەناو کوڕانی سروودخوێندا بکەوێتە جێگایەکی گونجاوو زاڵەوە ئەوە ببینێ کەبلوزەکەی فێرمینا لەبەر شەماڵی سروودە رۆحانییەکاندا چۆن دەشەکێتەوە. بەڵام سەرەنجام بەتایبەتی بەهۆی وڕێنەکانییەوە ئەم لەزەتەشی لەکیس چوو، لەبەرئەوەی ئەو مۆسیقا رەمزییە لەبەرامبەر باری رۆحی ئەودا هێندە بێجووڵە دەهاتەبەرچاو کەبۆ وروژاندنی، پەنای بۆ لێدانی ڤالسی خۆشەویستیی بردو لۆتاریۆ توگوت ناچاربوو لە کۆڕاڵی سروودخوێنان دەریبکات. ئەم مەسەلەیەش کاتێ روویدا کەفلۆرنتینۆ ئەریزا بۆ ناسینەوەی تامی فێرمینا دەستی بەخواردنی ئەو گوڵە یاسەمینانە کرد کەترانسیتۆ ئەریزای دایکی لەگوڵدانەکانی حەوشەکەدا دەیڕواندن. هەروەها لەو سەروەختەدابوو کەبەڕێکەوت لەیەکێ لەسندوقەکانی جلی دایکیدا بتڵێ ڤۆلۆنیای یەك لیتری دۆزییەوە کە

کەشتیوانانی خەتی هامبۆرگ – ئەمریکا بەقاچاغ دەیانفرۆشت، نەیتوانی لەبەرامبەر کەڵکەڵەی تاقیکردنەوەیدا بۆ زانینی هەموو تامەکانی خۆشەویستەکەی خۆی رابگرێ، هەتا بەیانی بتڵەکەی خواردەوە. سەرەتا لەمەیخانە پەراگەندەکانی بەندەرەکەو پاشان لەکاتێکدا لەکەنارەوە لەدەریا رامابوو، دەیخواردەوە. لەو شوێنەدا کەعاشقان زەویان رادەخست و ئاسمانیان دەدا بەخۆیانداو بەماچ ومووچ و جووتبوون خۆیان دادەمرکاندەوە، بەدەم پێکهەڵدانی گەروسووتێنەوە بەفێرمینا داژاوە گرتی و دواجار لەهۆش خۆی چوو. ترانسیتۆ ئەریزا کەتاسەعات شەشی بەیانی چاوەڕوانیکردبوو، زۆر ترسابوو، لەدوورترین شوێنی خۆحەشاردانداا بەشوێنیدا گەڕاو کەمێك دوای نیوەڕۆ لەحاڵەتی تەپاوتل و رشانەوەیەکی بۆن خۆشدا لەپەنایەکی کەناری کەنداوەکەدا، لەو شوێنەدا کە دەریا خنکاوەکان فڕێ دەداتە کەنارەوە، دۆزییەوە.

ترانسیتۆ ئەریزا سوودی لەوماوە کورتەی پاکبوونەوە وەرگرت بۆئەوەی لەسەر بێئیرادەیی و بێورەیی لەو ماوەیەدا کەچاوەڕێی وەڵامی نامەکەی بوو، سەرزەنشتی بکات. ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە کەسانی لاواز هەرگیز ناگەنە مەلەکوتی خۆشەویستیی کەمەملەکەتێکی سەخت و بێڕەحمە، وتی ژنان تەنها بۆ ئەو پیاوانە خۆیان بەدەستەوە دەدەن کەبەورەو تۆکمەو سەقامگیرن. ئەو پیاوانەی کەبتوانن هۆکارەکانی ئاسایش و دڵنیایی فەراهەم بکەن کەژنان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ژیان پێویستیانە. ڕەنگە فلۆرنتینۆ ئەریزا زیاد لەپێویست ئەم وانەیەی وەرگرتبێ. ترانسیتۆ ئەریزا کاتێ کوڕەکەی بەجلوبەرگی ڕەش و کڵاوی رەق و بۆینباخی کورتی شاعیرانەوە کە لەسەر یەخە رەقەکەی بەستبووی بینی کاتێ لەدووکانی وردەواڵەکە دێتە دەرەوە، نەیتوانی هەست بە شانازیی نەکات زیاتر وەك گەوادەیەك نەك وەك دایکێك، بەگاڵتەوە لێی پرسی ئایا دەچێت بۆ ڕێوڕەسمی ناشتن. فلۆرنتینۆ کەتابناگوێی سوور هەڵگەڕابوو، وەڵامیدایەوە (جیاوازییەکی ئەوتۆشی نییە)

ترانسیتۆ ئەریزا هەستیکرد کوڕەکەی لەترسا بەقورسی هەناسە دەدات.
بەڵام ورەی لە شکان نەهاتوو بوو. دوائامۆژگاری کردو بەدوعای خێرەوە
ماڵئاوایی لێکردو بەدەم پێکەنینەوە بەڵێنی پێدا بتڵێکیتر قولۆنیای بداتێ
بۆنەوەی پێکەوە ئاهەنگی سەرکەوتنی بگێڕن.

مانگێ بەرلەوە، نامەکەی دابوو بەفێرمینا دازاو لەوکاتە بەدواوە
چەندانجار پەیمانی نەچوونی بۆ پارکە بچوکەکەی شکاندبوو. بەڵام زۆر
وریای خۆی ببوو بۆنەوەی نەبینرێ. هیچ شتێ نەگۆڕابوو. دەرس خوێندن
لە بن دارەکاندا نزیکەی سەعات دوو کۆتاییهات کەشارەکە خەریکبوو لەسەر
خەوشکاندنی نیوەڕۆ هەڵدەسا، فێرمینا دازا لەگەڵ پووریدا هەتا فێنکبوونی
دنیا خەریکی چنینی ئەتەمێن بوون. فلۆرنتینۆ ئەریزا بێئەوەی چاوەڕێی
ئەوەبکات پووری فێرمینا بچێتە ژوورەوە، بەهەنگاوی زلی سەربازیانە
کەیارمەتی دەدا بەسەر لەرزینی ئەژنۆیدا زاڵبێ شەقامەکەی بڕی و ئەمجارە
لەجیاتی قسەکردن لەگەڵ فێرمینا دازادا لەگەڵ پووریدا قسەی کردو وتی:

– بەیارمەتی خۆت، بفەرموو دەقەیەك لەگەڵ ئەم خانمەدا بەتەنیا
بەجێمان بهێڵە، شتێکی گرنگم هەیە دەمەوێ پێی بڵێم!

پووری فێرمینا پێیوت:

– چەند بێشەرمی! شتێك نییە کەپەیوەندی بەوەوە هەبێ و من نەتوانم
گوێی لێبگرم؟

– کەواتە هیچی پێناڵێم، بەڵام ئاگادارت دەکەمەوە کەتۆ بەرپرس
دەبیت لەئەنجامی ئەمە!

ئەگەرچی ئەم شێوازە، ئەوە نەبوو کەئیسکولاستیکا لەدەزگیرانی
نموونە چاوەڕوانی دەکرد بەڵام بەهەراسانییەوە هەستایە سەرپێ،
لەبەرئەوەی بۆ یەکەمجار هەستێکی لەبەربەرەکانی نەهاتووی هەبوو
کەفلۆرنتینۆ ئەریزا لەژێر ئیلهامی (روح القدس)دا قسەدەکات. هەربۆیە بۆ

گۆڕینی دەرزییەکان چووە ژوورەوەو ئەو دوو گەنجەی لەبەردەمی دالانەکەدا لەبن دارچوالەی تالدا بەتەنیا بەجێهێشت.

لەڕاستیدا، فێرمینا دازا دەربارەی ئەم عاشقە کەمدووە کەوەکو پەرەسێلکەیەکی زستانە لەژیانیدا دەرکەوتبوو شتێکی ئەوتۆی نەدەزانی، ئەگەر ئیمزای کۆتایی نامەکەی نەبوایە، تەنانەت ناویشی نەدەزانی. فێرمینا ئەوەی زانیبوو کەفلۆرنتینۆ هەتیوی ژنێکی شوونەکردووە، ژنێکی جدی و زەحمەتکێشە کەهەمیشە شوێنی داخی تاکە هەڵەی گەنجی پێوەبوو، وەك ئەوەی وێنای کردبوو. فلۆرنتینۆ پەیکێك نەبوو، بەڵکو یاریدەدەرێکی بەتوانابوو، ئایندەشی رۆشنبوو، پێیوابوو ئەو بروسکەیەی بۆ باوکی هێنابوو بیانوویەك بووە بۆ بینینی ئەو. ئەم وێناکردنە فێرمینای هەژاند. هەروەها دەیزانی کەفلۆرنتینۆ یەکێکە لەمۆسیقاژەنەکانی کۆڕالی سروودخوێنان، ئەگەرچی هەرگیز لەکاتی عەشای ڕەببانیدا نەیدەوێرا سەربەرز بکاتەوەو تەماشای فلۆرنتینۆ بکات، بەلام لەیەکێ لەیەکشەممەکاندا ئەم هەستە شێوە ئیلهامەی هەبوو، کە لەکاتێکدا هەموو ئامێرە مۆسیقییەکان بۆ هەمووان لێدەدران، کەمانچەکە بەتەنیا بۆ ئەم دەژەندرا. فلۆرنتینۆ لەو پیاوانە نەبوو کەئەو هەڵیبژێرێ. بەلام چاویلکەکەی کە لەهی کوڕوکاڵی سەرەڕێ دەچوو، شێوازی جل لەبەرکرتنی کاهینیو داهێنانە رەمزییەکانی ئارەزووی بەدواداچوونی فێرمینای بەشێوەیەك دەبزواند کەتاقەتو توانای بەربەرەکانیکردنی قورسبوو، بەلام هەرگیز وێنای ئەوەی نەکردبوو کە ئەو حەزی بەدواداچوونە بتوانێ یەکێك بێت لە تۆڕە بێشومارەکانی خۆشەویستیی، بۆخۆشی نەیدەزانی چۆن نامەکەی پەسەندکردووە. لەبەرئەو رەفتارەی سەرزەنشتی خۆی نەدەکرد، بەلام ئەو فشارە ئاشکرایانەی دەیخستە سەرخۆی، بۆ وەلامدانەوەی نامەکەش ژیانی سەخت کردبوو. هەر وشەیەکی باوکی، نیگاڕێکەوتەکانی، ئاماژەو جوڵەکانی وەك چەند داوێك دەهاتنەبەرچاوی کەبۆ ئاشکراکردنی رازەکانی

ئامادەکرابوون. وریاییەکەی فێرمینا تا ئەو ڕادەیەبوو کە لەترسی ئەوەی نەبادا شتێکی لەدەمدەرچێت، خۆی لە قسەکردن لەسەر مێزی نانخواردن بەدوور دەگرت و تەنانەت ڕازی دڵی لای پووریشی دەشاردەوە کەجاران بەتەواوی بوونییەوە وەها لەتاسە کپکراوەکانیدا بەشداریی دەکرد کەدەتوت هی خۆیەتی. لەچەند سەعاتێکی جیاوازدا تەنیا بۆ خوێندنەوەو خوێندنەوەی ڕازی نامەکە لەگەرماوەکەدا خۆی بەند دەکردو هەوڵیدەدا ڕەمزی نهێنی یان فۆرمۆلی جادووئامێزی حەشاردراو لەیەکێ لەو سێسەدو چواردە پیتەی ئەو پەنجاوهەشت وشەیەی نامەکەدا بدۆزێتەوە، بەو ئومێدەی ئەو وشانە شتێکی زیاد لەماناى دیاریانی پێبڵێن. بەڵام تەنیا شتێك کەدەسگیری دەبوو، هەرئەوە بوو کە لەیەکەم خوێندنەوەدا لێی تێگەیشتبوو، واتە هەمان کار کەبەدڵێکی شێتەوە ڕایکردبووە گەرماوەکەو لەوێدا خۆی بەندکردبوو، بەئومێدی نامەیەکی دووروودرێژ بەبێئارامییەوە زەرفی نامەکەی دڕاندبوو، تەنها کاغەزێکی بچووکی بۆنداری دیبوو کەبێچەندوچونیی نووسینەکەی ترساندبووی.

سەرەتا تەنانەت بیری لەوەش نەدەکردەوە کەبەڕاستی ناچاربێت وەڵامیبداتەوە، بەڵام نامەکە ئەوەندە ڕاشکاوانە نووسرابوو کەهیچ ڕێگایەکی بۆ خۆدزینەوە نەدەهێشتەوە. لەوکاتەدا، لەناو دوودڵیی و لەوەی کەدەیبینی زیاد لەپێویست بیر لەفلۆرنتینۆ ئەریزا دەکاتەوە، تەواو سەرسامبوو. تەنانەت بەپەرێشانییەوە، لەخۆی دەپرسی بۆچی لەکاتی دیاریکراودا نایەت بۆ پارکە بچووکەکەو ئەوەی لەیاد دەکرد کەخۆی داوای لێکردبوو هەتا ئامادەبوونی وەڵامی نامەکە نەیەتەوە بۆ ئەوێ، بەمپێیە فێرمینا لەژێر کاریگەریی تێگەیشتنێکی ناوەکیدا ئەوی لەو جێگایانەدا دەدۆزییەوە کەلێی لەخەوڕاپەڕین ئەو هەستە بەسەریدا زاڵدەبوو کە لەتاریکیدا وەستاوە و بە تەماشای دەکات. فێرمینا وەها بیری لەفلۆرنتینۆ دەکردەوە کەبەرلەوە

هەرگیز نەیدەتوانی وێنای ئەوەش بکات کەناوا بیر لەکەسێ بکاتەوە. کار بەوە گەیشت کەپاشنیوەڕۆیەک کاتێ دەنگی هەنگاوە قورسەکانی لەسەر گەڵا زەردەکانی پارکە بچووکەکە هاتەگوێی، بەلایەوە قورسبوو وابیربکاتەوە کەئەمەش یەکێکی تر نییە لەفریودانەکانی خەیاڵاتی. کاتی بەهێزێکی واوە کە لەگەڵ بێدەسەڵاتی و دەست و پێی قرچۆکیدا جیاوازبوو، داوای وەڵامی نامەکەی لێکرد، فێرمینا توانی بەسەر ترسەکەیدا زاڵبێت و بەوەی کە هەوڵیدەدا بەوتنی راستیی خۆی لەقسەو باس دەرباز بکات، کەنازانێ چ وەڵامێکی بداتەوە. بەڵام فلۆرنتینۆش کە لەم شەڕەدا گیرۆدە ببوو، لەبارێکی وادا نەبوو کە بەبڕوبیانووی لەمجۆرە دەست بەرداری بێت، هەربۆیە وتی:

– ئێستا کەنامەکەت وەرگرتووە، نیشانەی بێزەوقییە ئەگەر وەڵامی نەدەیتەوە.

ئەمە کۆتایی سەرگەردانی و پەرێشانیی بوو، فێرمینا دازا بەسەر خۆیدا زاڵبۆوەو سەبارەت بەدواکەوتنی وەڵامەکەی داوای لێبوردنی لێکردو بەرەسمی بەڵێنی پێدا کەپێشکۆتایی پشووی قوتابخانە وەڵامەکەی وەردەگرێ، فلۆرنتینۆ وەڵامەکەی وەرگرت. لەدوا هەینی شوبات و سێ رۆژ بەر لەکردنەوەی قوتابخانە، ئیسکۆلاستیکا چوو بۆ پۆستە بۆئەوەی بپرسێت داخۆ ناردنی بروسکەیەک بۆ گوندی (پیدراس دی مۆلێر) ئەو گوندەی کەتەنانەت ناویشی لەلیستی ئەو شوێنانەدا نەبوو کەتەلەگرافیان هەیە، چەندی پێدەچێت و وایکرد کەفلۆرنتینۆ بەجۆرێک مامەڵەی لەگەڵ بکات کەقەت یەکتریان نەدیووە. بەڵام کاتێ کەدەچووە دەرێ بە ئەنقەست کتێبی دوعاکەی لەسەر مێزە گەورەکە بەجێهێشت کەبەپێستی مارمێلکە بەرگی تێگیرابوو. نامەیەک لەناو کتێبەکەدا بوو کەزەرفەکەی کەتانێک بوو بەخەت و گوڵی رۆزی ئاڵتوونیی نەخشێنرا بوو. فلۆرنتینۆ کەسەرمەستی شادیبوو، باقی پاش نیوەڕۆکەی بەخواردنی گوڵی رۆزو خوێندنەوەی پیت بەپیتی وەڵامەکەو دووبارەو چەندبارە خوێندنەوەیەوە بەسەربرد. هەتا زیاتر

وەڵامەکەی بخوێندایەتەوە زیاتر گوڵی ڕۆژی دەخوارد. فلۆرنتینۆ تانیوە شەو ئەوەندەی گوڵ خواردبوو، ئەوەندە نامەکەی خوێندبۆوە کەدایکی ناچاربوو وەکو گوێرەکە گوێی بگرێت و بەزۆر کەوچکێ ڕۆن گەرچەك بکات بە قوڕگیدا.

ئەمە ئەو ساڵەبوو کە ئەم جووتە گیرۆدەی خۆشەویستییەکی وێرانکەربوون. کەسیان نەیانـدەتوانی جگە لەبیرکردنەوە لەیەکتری و خەوبەکترییەوە بینین و چاوەڕوانیکردنی نامە بەو تاسەیەوە کە لەکاتی نووسینی وەڵامەکەدا هەستییان پێدەکرد، هیچیتر بکەن. بەڵام نە لەوبەهارە پڕ ورێنەیەو نە لەباقی ساڵەکەدا هەگیز بۆ قسەکردن لەگەڵ یەکتریدا هەلێکیان بۆ نەڕەخسا. جگە لەوەش، پاش ئەو ساتەی کەبۆ یەکەمجار یەکترییان بینی تانیو سەدەی دوای ئەوە کەفلۆرنتینۆ جارێکیتر بەڵێنەکەی دووپاتکردەوە، هەرگیز هەلێکیان بۆ پێکەوەبوون یان قسەکردن لەبارەی خۆشەویستییەکەیانەوە بۆ نەڕەخسا. بەڵام لەسێ مانگی یەکەمدا، ڕۆژ نەبوو نامە بۆ یەکتری نەنووسن و تەنانەت ڕۆژی وابوو چوار نامە لەنێوانیادا ئاڵوگۆڕ دەکرا، تا ئەوکاتەی گڕی ئەو مەشخەڵە فێرمینای تۆقاند کەئیسکۆلاستیکا ڕۆڵی هەبوو لەهەڵگیرسانیدا.

دوای یەکەم نامە کەئیسکۆلاستیکا بەپشکۆی گەرمی تۆڵەکردنەوەوە لەدژی چارەنووسی خۆی بردی بۆ پۆستە، تەقریبەن هەموو ڕۆژێك مۆڵەتی ئاڵوگۆڕی نامەیدا کەبەشێوەی یەکتربینینی ڕێکەوت لەسەر شەقام ئەنجامدەدرا. بەڵام نەیدەوێرا بواری گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆ بەفێرمینا بدات ئەگەرچی خێراو ئاساییش بێت، وێڕای ئەمە دوای سێ مانگ هەستیکرد کەوەك لەسەرەتادا دەهاتەبەرچاو برازاکەی بۆ دڵداری لەگەڵ لاوێکدا نەك هەر لەبار نییە بەڵکو ئاگری خۆشەویستییەکەی هەڕەشە لە ژیانی پووریشی دەکات. ڕاستی مەسەلەکە ئەوەبوو کەئیسکۆلاستیکا جگەلە چاکەی براکەی مەبەستێکی تری نەبوو لەپشتیوانیکردنی فێرمیناو دەیزانی کەسروشتی

ملهورانەی براکەی هەرگیز لەم خیانەتکردنە لەمتمانەی خۆشنابێت. بەڵام کاتێ گەیشتە بڕیاری کۆتایی، دڵی نەهات ببێتە سەبەبکاری هەمان ئازاری بێکۆتایی بۆ برازاکەی کەخۆی لەسەرەتای لاویدا بەناچاری شانی دابووەبەر. ڕێگای بەفێرمینا دا بە شێوەیەکیتر کارەکەی ڕێکبخات کە بەڕووکەش ئیسکۆلاستیکا بێتاوان دەربخات. شێوازی کارەکە ئاسانبوو: فێرمینا دازا لەڕێگای ڕۆژانەیدا لەماڵەوە بۆ قوتابخانە نامەکەی لەجێگایەکدا دەشاردەوەو لەو نامەیەدا ئەو شوێنەی بۆ فلۆرنتینۆ ئەریزا دیاریدەکرد کەپێویستە وەڵامەکەی لەوێ دابنێت. فلۆرنتینۆ ئەریزاش هەمان کاریدەکرد، بەم ڕێگەیە تا باقی ساڵەکە، ئازارە ویژدانییەکەی ئیسکۆلاستیکا هەستی پێدەکرد گوێزرایەوە بۆ گۆشەوکەناری کڵێساو کونوکەلەبەری درەختو درزی دیواری قەڵا سەربازییە وێرانکراوەکانی سەردەمی کۆلۆنیالی. هەندێجار نامەکانیان باران تەڕی دەکردو قوڕاوی دەبوو یان دەدڕا، لەبەر هۆی جیاوازیش هەندێ نامەیان وندەبوو، بەڵام ئەم جووتە هەمیشە بۆ دووبارە پەیوەندیکردنەوە بەیەکترییەوە ڕێگایەکیان دەدۆزییەوە.

فلۆرنتینۆ ئەریزا هەموو شەوێ نامەی دەنووسی، نامە بە دوای نامەدا. ئاسوودەیی لەگیانیدا باریکردبوو، بەردەوام لەژووری دواوەی وردەواڵە فرۆشییەکەوە بەدوکەڵی چرافتیلە خۆی ژەهراوی دەکرد. هەرچەندە زیاتر هەوڵیدەدا لاسایی ئەو شاعیرانە بکاتەوە کەخۆشی دەویستنو لەکتێبخانەی میللی ئەو زەمانەدا نزیکەی هەشتا دیوانیان هەبوو، نامەکانی یەك لەدوای یەك بێسەروبەرترو شێتانەتر دەبوون. دایکی کەبەو هەموو شەوقو زەوقەوە هانیدابوو لەزەت لەئازارەکانی ببینێت، نیگەرانی تەندروستی کوڕەکەی بوو کاتێ گوێی لەیەکەم خوێندنی کەڵەشێر دەبوو، لەشوێنی نووستنەکەوە بانگی لێدەکرد: (زۆر مێشکت ماندوو دەکەیت، هیچ ژنێ ئەوە ناهێنێت.)

ترانسیتۆ ئەریزا لەیادی نەبوو کەسێکی دی بێت بەوشێوەیە فەوتابێت. بەڵام فلۆرنتینۆ گوێی بەدایکی نەدەداو جاری وابوو بێنەرەی شەو خەو چووبێتە چاوی، بەقژی ئاڵۆسکاوی خۆشەویستییەوە دەچوو بۆ دەوام پاش ئەوەی نامەکەی لەو شوێنە دەشاردەوە کەپێشان دیاریکرابوو تا فێرمینا بتوانێ کەدەچێت بۆ قوتابخانە هەڵیبگرێتەوە. لەولاشەوە فێرمینا دازا لەبەر رەحمەتی چاوە چاودێر ئاساکانی باوکی و پشکنینی خراپی راهیبەکاندا هەر ئەوەندە فریا دەکەوت لەنیو لاپەڕەی دەفتەری قوتابخانەیدا نامە بنووسێت ئەویش لەوکاتانەدا لەگەرماوەکەدا دەرگای لەسەرخۆی دادەخست یان لەپۆلدا کەوا خۆی نیشاندەدا تێبینی دەنووسێتەوە. بەڵام کەم نووسینی فێرمینا تەنیا لەکەم کاتی و ترسی ئاشکرابوونییەوە سەرچاوەی نەگرتبوو، بەڵکو لەسروشتیشییەوە بوو کەدەبووە هۆی ئەوەی نامەکانی لەداوی سۆزو شتی وروژێنەر بپارێزێ و تەنها باسی ژیانی رۆژانەی خۆی بکات بەچەشنی یاداشتی رۆژانەی گەشتی خێرای دەریایی. لەڕاستیدا نامەکانی فێرمینا چەند نووسراوێکی گێژکەر بوون کەنووسەرەکەیان دەیویست بەبینەوەی دەستبکات بەکوانووی ئاگرەکەدا پشکۆکانی بەگەشاوەیی بهێڵێتەوە، لەکاتێکدا فلۆرنتینۆ ئەریزا لەناو هەموو دێڕێکدا دەسووتاو دەبوو بەپشکۆ. فلۆرنتینۆ بۆئەوەی فێرمیناش وەکو خۆی شێت وشەیدا بکات گیانی هاتبووە کونەلووتی، دێڕە شیعری لەسەر پەڕەی گوڵی کامیلیا بەنەخش ونیگار دەنووسی و بۆی دەنارد، ئەمە بوو کەئەو ئازایەتییەی پێبەخشی چەند تاڵێك لە قژی خۆی بېڕێ و بۆی بنێرێت، بەڵام هەرگیز ئەو وەڵامەی چنگ نەکەوت کەئارەزووی دەکرد واتە فێرميناش چەند هەودایەك لە قژی خۆی بۆ بنێرێت. دواجار فلۆرنتینۆ هەنگاوێك فێرمینای هێنایە پێشەوەو لەوە بەدواوە فێرمینا دەستیکرد بەناردنی باڵی پەپوولەو پەڕی باڵندەی سیحراوی و ئەو پەڕەی گوڵانەی لەدووتوێی فەرهەنگەکانیدا وشکی کردبوونەوە، بەبۆنەی جەژنی لەدایکبوونیشییەوە

یەك سانتیمەتر چوارگۆشەی لەقوماشی قەشە پیدرۆ کلاڤێر بەدیاری بۆ نارد کە لەو رۆژگارەدا بەدزییەوە و بەنرخێکی وادەفرۆشرا کەخوێندکارێکی کچ لەو تەمەنەدا نەیدەتوانی بیکڕێت. شەوێکیان بەبێ هیچ ئاگادار کردنەوەیەك، فێرمینـا دازا لــەدەنگی کەمانــچەیەك کــە(سـیرناد)ی بــۆ لێـدەدا لەخــەو راپــەڕی.(پارچە مۆسیقایەکبوو لەبەر پەنجەی یار لێدەدرا ) کەمانـچەژەنێ بەتــەنیا ڤالـسێکی دەژەنــدو تێهەڵدەچۆوە. فێرمینـا لەخۆشـیدا مـچوڕکە بەلشیدا هات کاتێ هەستیکرد هەرئاوازێکی کەمانچەکە، دەربڕینی سوپاسە بۆ پەڕە گوڵە وشککراوەکان و نووسینی نامە بەدزییەوە لەوانەی ماتماتیك و دەربــڕینی ترســە لەتاقیکردنــەوەکان و زیــاتر لــەوەی بــیر لــە زانــستە سروشتییەکان بکاتەوە بیر لەودەکاتەوە، بەڵام نەیدەتوانی باوەڕ بەوەبکات کە فلۆرنتینۆ کاری وا سەرەڕۆیانەی لێدەوەشێتەوە.

بەیانی رۆژی دوای ئەوە لەکاتی بەرچاییدا لۆرینزۆ دازا نەیتوانی بەر بەحەزی تاقیبکردنی خۆی بگرێ، یەکەم لەبەرئەوەی نەیدەزانی لەزمانی (سیرناد)دا، مۆسـیقالێدانی تاکە کەسـێ مانـای چییەو دووەم لەبەرئـەوەی سـەرەڕای ئـەو وردییــەی لەگوێگرتنـدا بــەکاریهێنابوو، نــەیتوانیبوو لــەوە حاڵیبێـــت کــە بـــۆ کــام ماڵـــە مۆســـیقاکە لێـــدەدرا. ئیـسکۆلاستیکا بەخوێنساردییەکەوە کەهەناسەی برازاکەی کردەوە، باسی ئەوەیکرد لەپشت پەردەی پەنجەرەی ژووری نووستنەکەیەوە کەمانچەژەنە تەنیاکەی لەوسەری پارکەکـەوە دیـووە و وتـی بەهـەرحاڵ، پارچـە مۆسـیقایەکی تـاك گوزارشـت لەڕاگەیاندنی دابڕان دەکات. لەنامەی ئەو رۆژەیدا، فلۆرنتینۆ ئەریزا جەختی لەوە کردەوە ئەو (سیرناد)ە هـی خۆیـەتی و هـەمان ناوی لێناوە کە لەدڵی خۆیدا لەفێرمینا دازای ناوە، واتە (خواوەندی تاج لەسەر) ئیدی لەپارکەکەدا ئــەم ئــاوازەی لێنــەدا، بــەڵام لەشــەوانی مانگــە شــەودا لەوشــوێنانەی هەڵدەبـژێردران مۆسـیقاکەی لێـدەدا، بۆئـەوەی فێرمینـا بتوانێـت لـەژووری نووستنەکەیەوە بەبێ ترس گوێی لێبگرێت. یەکێ لەشوێنە هەڵبژێردراوەکان

گۆڕستانی بینەوایان بوو، لەسەر گردۆڵکەیەکی رووتەن و لەبەر هەتاو و باراندا، ئەو شوێنەی جێگەی هەڵنیشتنی سیسارکەکەچەڵەکان بوو، مۆسیقا لەوێدا زۆر بەباشی دەنگیدەدایەوە. پاشان ئەوە فێربوو کەئاراستەی با دیاریبکات و بەم شێوازە دڵنیابوو کەدەنگی مۆسیقاکەی تا ئەو شوێنە دەگات کەدەیەوێ.

لە ئابی ئەوساڵەدا شەڕێکی ناوخۆی تازە دەستپێکرد، کەیەکێک بوو لەو شەڕە ناوخۆییە زۆرو زەوەندانەی نیو سەدە زیاتربوو وڵاتیان وێراندەکرد، شەڕەکە بۆنی ئەوەی لێدەهات کەسەراپای وڵات بگرێتەوە، حکومەت لە ویلایەتەکانی کەناری دەریای کاریبی حوکمی سەربازیی راگەیاندو لەسەعات شەشی ئێوارەوە هاتوچۆی قەدەغەکرد. ئەگەرچی چەند جارێ ئاژاوە کەوتبووەو سەربازەکان هەموو جۆرە بەدڕەفتاریی و زمان پیسی و زەبرو زەنگێکیان لێوەشابۆوە، بەڵام فلۆرنتینۆ ئەریزا ئەوەندە گێژو سەرمەستبوو ئاگای لەدنیا نەمابوو. بەرەبەیانی رۆژێک لەکاتێکدا کەخەریکبوو بەورووژاندنە عاشقانەکانی دەبووە مایەی زەحمەت بۆ مردووەکان، دەوریەیەکی سەربازیی لەناکاو دایان بەسەریدا. پاش ئەوەی وەك خەفیە گرتیان و بەوە تاوانباریان کرد کەبەئاماژەی تیشك پەیامی بۆ کەشتی لیبراڵە تاڵانچییەکان ناردووە، بەشێوەیەکی سەیروسەمەرە گیانی لەپەتی سێدارە دەربازکرد. کاتێ داکۆکی لەخۆی کردبوو وتبووی:

- مەبەستتان لەم قسە قۆڕانە چییە، خەفیەی چی و تەڕەماشی چی؟ من تەنیا عاشقێکی نەگبەتم.

سێ شەو بەکۆت و پێوەندەوە لەزیندانی تاکەکەسیی سەربازگەی ناوچەکەدا مایەوە. بەڵام کاتێ ئازاد بوو هەستیکرد کەسەبارەت بەکەمی جەنگی تر لەمێشکیدا کاڵبوونەوە، هێشتا وابیری دەکردەوە کە تاکە پیاوی

شارەکەو رەنگە تاکە پیاوی وڵاتەکەش بێت کە لەپێناوی خۆشەویستییدا پێوەندێکی بە قاچەوە بووە نزیکەی دوو کیلۆونیو قورسبووە.

دووساڵ بەسەر نامەنووسینی ئاگراوییدا تێپەڕ دەبوو کەفلۆرنتینۆ ئەریزا لەنامەیەکی کورت وپوختدا، بەرەسمی داوای لەفێرمینا دازا کرد شووی پێبکات. فلۆرنتینۆ لەشەش مانگ لەوە بەرەوە بەبۆنەی جیاجیاوە گوڵی کامیلیای سپی بۆ دەنارد بەڵام فێرمینا لەنامەی دوای ئەوەدا بۆی دەناردەوە بۆنەوەی فلۆرنتینۆ گومان لەوە نەکات، کەبەبەردەوامی حەزی لەنامە نووسینە بۆی. بەڵام ئەمە بەبێ مەترسییەکانی پابەندبوونی دەزگیرانی بوو. لەڕاستیدا فێرمینا هەمیشە هاتوچۆی کامیلیای بەجۆرێ لەگەمەی نێوان عاشقان دەزانی و هەرگیز ئەوەی بەخەیاڵدا نەدەهات کەوەکو خاڵێکی وەرچەرخان لەچارەنووسیدا لێکیبداتەوە. بەڵام کاتێ بەڕەسمی داوای لێکرد شووی پێبکات، بۆ یەکەمجار هەستیکرد چنگی مەرگ بریندارى دەکا. بەخێرایی مەسەلەکەی بۆ ئیسکۆلاستیکای پووری باسکردو ئەویش بەهەمان بەرچاوڕوونی و ئازایەتییەوە کەخۆی لێی بێبەشبوو کاتێ تەمەنی بیست ساڵبوو تا سەبارەت بەچارەنووسی خۆی بڕیاربدات، ئامۆژگاری کردو پێیوت:

—بە بەڵێ وەڵامی بدەرەوە، ئەگەر خەریکە لەترسیشدا گیانت دەدەرچێت، تەنانەت ئەگەر دوایی پەشیمانیش ببیتەوە، چونکە بەهەرحاڵ، ئەگەر بڵێیت نەخێر، هەرچیەك بکەی، بەدرێژایی ژیانت پەنجەی پەشیمانی دەگەزیت.

بەڵام سەرەڕای ئەو ئامۆژگارییە، فێرمینا دازا ئەوەندە شڵەژابوو کەبۆ بیرکردنەوە داوای ماوەیەکی کرد. یەکەمجار مانگێك و پاشان دوومانگ و سێ مانگ و کاتێ مانگی چوارەمیش تەواو بوو هێشتا وەڵامی نەدابۆوە، دووبارە کامیلیایەکی سپی وەرگرت. بەڵام نەك وەکو جارەکانیتر کە زەرفەکە تەنها گوڵەکەی تێدابوو، ئەمجارە ئاگادارکردنەوەیەکی بێچەندو چوونیش

لەگەڵ گوڵەکەدابوو کەئەمە دواجارە: یان ئێستا بڵێ بەڵێ یان هەرگیز مەیڵێ. لەهەمان پاش نیوەڕۆدابوو کەفلۆرنتینۆ لەگەڵ وەرگرتنی زەرفێکی نامەدا رووخساری مەرگی بینی کەکاغەزێکی باریکی دڕێنراوی دامێنی دەفتەرێکی قوتابخانەی تێدابوو. لەسەرکاغەزەکە بەقەڵەمی رەش ئەم وەڵامە یەك دێڕییە نووسرابوو: " زۆر باشە، ئەگەر بەڵێن بدەی کەناچارم نەکەی باینجان بخۆم، شووت پێدەکەم. "

فلۆرنتینۆ ئەریزا خۆی بۆ ئەم وەڵامە ئامادە نەکردبوو، بەڵام دایکی خۆی بۆ ئامادەکردبوو. چونکە شەش مانگ بەرلەوە لەگەڵ دایکیدا دەربارەی ئەو بڕیارەی بۆ ژنهێنان دابووی قسەی کردبوو، ترانسیتۆ ئەریزا بەقسەکردن دەربارەی بەکرێگرتنی خانووەکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەستی بەقسان کردبوو لەبەرئەوەی تا ئەوکاتە لەگەڵ دووماڵی تردا لەو خانووەدا بوون. ئەم خانووە دوو قاتێکی سەدەی حەڤدەبوو کەبارەگای بەڕێوەبردنی تووتن بوو لەکاتی دەسەڵاتی ئیسپانییەکاندا، خاوەنەکانی خانووەکە کەمایەپووچ ببوون و پارەیان نەبوو ئاگاداری خانووەکە بکەن ناچاربوون بیکەن بەچەند بەشێکەوەو بیدەن بەکرێ. ئەو بەشەی کەڕووی لەشەقامەکەبوو دووکانێکی وردەواڵە فرۆشی تێدابوو. لەبەشەکەی تریدا کە لەدوای حەوشە کۆنکرێتەکەوە بوو کارگەیەك و تەویلەیەکی زۆر گەورە هەبوون کەکرێچییەکان بەشێوەیەکی گشتی بۆ جلشتن و هەڵخستنی جلوبەرگەکانیان بەکاریاندەهێنا. ترانسیتۆ ئەریزا لەبەشی یەکەمدا بوو کەبچووکتربوو، لەهەمان کاتدا ئاسانتریش بوو لەباقی بیناکە باشتر وریایی کرابوو. لەودووکانەدا کەپێشان هی تووتن بوو، ترانسیتۆ ئەریزا دووکانی وردەواڵەی دانابوو کەدەرگایەکی گەورەی هەبوو رووەو شەقامەکە، لەلایەکی دووکانەکەوە کۆگایەکی کۆن هەبوو کەتەنیا کلاورۆژنەیەکی تێدابوو بۆ هەوا بوو کەترانسیتۆ ئەریزا لەوێدا دەخەوت. پشت دووکانەکە بەشەکەی تری کۆگاکە بوو کەبەتیغەیەکی تەختە جیاکرابۆوە، مێزێك و چوار کورسی تێدابوو کەبۆ

نووسین و نانخواردنیش بەکاردەهاتن و لەوێدا فلۆرنتینۆ ئەریزا کاتێ بەرەبەیان دەستی لەنامەنووسین هەڵدەگرت، جۆلانەی نووستنەکەی هەڵدەخست. ئەم شوێنە بۆ هەردووکیان جێگایەکی لەباربوو بەلام بۆکەسی سێیەم زۆر بچووکبوو، بەلای کەمەوە بۆ خاتوونێکی گەنج کەیەکێک بێت لەکچەکانی قوتابخانەی (ئامادەکردنی پاکیزەی پیرۆز) کەباوکی خانوویەکی کاولی بەشێوەیەك تازەکردەوە وەك خانوویەکی تازەی لێهات، ئەمەش لەحاڵێکدابوو کەئەو خێزانانەی کەحەوت ناوو ناوبانگیان بەدواوە بوو بەترس و لەرزەوە دەچوونە سەرجێگای خەوتن، نەبادا سەقفی خانووەکانیان بەسەریاندا بڕوخێت. ترانسیتۆ ئەریزا بەڵێنی لەخاوەنخانووەکە وەرگرت کەپارەوی حەوشەکە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەکاربێنێ لەبەرامبەر ئەوەدا زۆر بەچاکی ئاگاداریی خانووەکە بکات.

ترانسیتۆ ئەریزا توانای دارایی ئەم کارەی هەبوو. وێڕای داهاتی دووکانی وردەواڵەکەی و پینەوپەڕۆکردنی جلوبەرگی کۆنە کەبەشی ژیانی مەمرەو مەژی دەکرد، پاشەکەوتەکانی کردبوو بەدوو ئەوەندە ئەویش بەقەرزدان بەو کڕیارە شەرمنانەی تازە مایەپووچ ببوون و هەژار کەوتبوون کە لەبەرئەوە نرخی سوودی لەڕادەبەدەری ئەمیان قبوڵدەکرد چونکە نهێنیانی دەپاراست. قەرزارەکان ئەوخانمانە بوون کە بەدیمەنی شاژنەوە لەگالیسکەکانیان دادەبەزین، بەبێئەوەی کارەکەر یان خزمەتکاری هەراسانکەریان لەگەڵ بێت، لەکاتێکدا واخۆیان نیشاندەدا کەقەیتانی ئاوریشمی هۆڵەندی و دامێنی ئاوریشمی چنراو دەکڕن، لەگەڵ گریانێکی بێدەنگدا، دوا خشڵی بەهەشتی لەدەستچووی خۆیان لەجیاتی ئەو پارەیەی بەقەرز وەریان دەگرت بەبارمتە دادەنا. ترانسیتۆ ئەریزا لەچارەسەرکردنی کێشەکانیاندا ئەوەندە رەچاوی ئەسڵ وفەسڵیانی دەکرد کەزۆرجار لەبەر ئەو رێزو حورمەتەی لێیدەگرتن زیاتر سوپاسیان دەکرد تائەوەی پارەی بەقەرز دەدانێ. لەماوەی کەمتر لەدە ساڵدا ئەوەندە خشڵ بە بارمتە دانرابوو،

لەبارمتە دەرهێنرابوو، دیسان لەگەڵ فرمێسک ڕشتندا خرابووە بارمتەوە کەترانسیتۆ ئەو خشڵانەی وەها دەناسی، وەك ئەوەی هی خۆی بن. ترانسیتۆ ئەریزا کە کوڕەکەی بڕیاری ژنهێنانیدا ئەو سوودانەی ببوون بەئاڵتوون و لەگۆزەیەکی گڵیندا لەژێر جێگاکەیدا حەشاریدابوون. کاتێ حسابی خۆیکرد دەرکەوت نەك تەنیا دەتوانێت خەرجی کرێ و چاودێریکردنی خانووەکە تا پێنج ساڵ دابینبکات، بەڵکو بەزیرەکی و کەمێ شانسەوە رەنگە بتوانێ بەرلەمردن خانووەکە بۆ ئەو دوانزدە کوڕەزایەی بکڕێت کەحەزیدەکرد کوڕەکەی بیانخاتەوە. فلۆرنتینۆ ئەریزاش بەشێوەیەکی کاتیی کرابوو بەیاریدەدەری یەکەمی فەرمانگەی پۆستە، لۆتاریۆ توگوت داوای لێکردبوو لەوکاتانەدا کەدەچێت بۆ بەڕێوەبردنی قوتابخانەی تەلەگراف و موگناتیس کەپێیوابوو ئەوکارە تا ساڵی داهاتوو درێژە دەکێشێت، سەرپەرشتی فەرمانگەکە بکات.

بەپێیە کێشەی دارایی ژنهێنانەکە چارەسەرکراو وادیار بوو کاری کردەبێت. بەڵام وێڕای ئەمە، ترانسیتۆ ئەریزا پێیوابوو حسابکردن بۆ دوو مەرجی کۆتایی ژیرانە بێت. یەکەم ئەوەیە، کەدەبوو ئاشکرا بێت لۆرینزو گومانێکی لەسەر ئەسڵ وفەسڵی دروستنەدەکرد بەڵام کەس زانیاری وردی سەبارەت بەناسنامەو شێوەی دابینکردنی بژێوی نەبوو. دووەم ئەوەیە کەدەبوو ماوەی دەزگیرانییەکە درێژ بێت بۆئەوەی کوڕەکەی و دەزگیرانەکەی بتوانن خۆیان یەکتری بناسن و هەتاکاتێ هەردووکیان بەتەواوی لە سۆزو خۆشەویستییان دڵنیانەبن، مەسەلەکە بەتەواوی بەنهێنی بمێنێتەوە. هەربۆیە پێشنیازی کرد کەهەتا کۆتاییهاتنی شەڕ دانبەخۆیاندا بگرن. فلۆرنتینۆ ئەریزا کەنەك تەنها لەبەر بەڵگەکانی دایکی، بەڵکو لەبەر کەسێتی گۆشەگیری، لەگەڵ نهێنی تەواودابوو، لەگەڵ درێژەکێشانی دەزگیرانییەکەشدابوو بەڵام ماوەکەی بەلایەوە ناواقیعی بوو. چونکە

سەرەڕای تێپەڕبوونی نیو سەدە بەسەرژیانی سەربەخۆییدا، وڵات هێشتا یەک ڕۆژ ئاشتی ڕاستەقینەی بەخۆیەوە نەدیبوو، وتی:

-ئێمە لە چاوەڕوانیدا پیردەبین!

باوکی ڕۆحیی فلۆرنتینۆ، ئەو دکتۆرەی باوەڕی بەپزیشکیی ئەزموونگەریی هەبوو کەبەرێکەوت لەم گفتوگۆیەدا بەشداربوو، پێیوانەبوو شەڕ بەکۆسپێکی بنەڕەتیی لەقەڵەمبدرێ و باوەڕیوابوو شەڕەکان جگە لەکێشمەکێشی بێنەوایان شتێکی دیکە نین کە لەلایەکەوە لەلایەن خاوەن موڵکەکانەوە وەکو گاگەل لێدەخوڕرێن و لەبەرامبەریشیاندا سەربازی پێ پەتیی هەن کەئەوانیش لەلایەن حکومەتەوە لێدەخوڕرێن، وتی:

-شەڕ لە شاخەکانە، چونکە تا ئەوەی کەمن لەیادمە ئەوان لەشاردا ئێمەیان بەفەرمان و بڕیارەکانیان کوشتووە نەک بەگوللە!

بەهەرحاڵ، هەموو وردەکارییەکانی دەزگیرانی لەونامانەدا کەهەفتەی داهاتوو لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕ کرا، باسکرا. فێرمینا دازا بەپێی ئامۆژگاریی پووری هەم بەدرێژەکێشانی ماوەی دەزگیرانییەکە تا دوو ساڵ و هەم بەنهێنی هێشتنەوەی مەسەلەکە قایلبوو، پێشنیازی کرد لەدوای تەواوکردنی قۆناغی سانەوی لەجەژنەکانی کریسمسدا فلۆرنتینۆ داوای بکات. تا ئەو کاتەش سەبارەت بە بەڕەسمی ڕاگەیاندنی دەزگیرانییەکە، بڕیار دەدەن کەپەیوەندی بەڕادەی قایلبوونی باوکییەوە هەبوو، دەبوو ئەو قایلبوونە بەدەست بێنێت. ئەم ماوەیەش بەهەمان گەرموگوڕیی و هەمان ڕادەی جارانەوە بەڵام بەبێ ئەو دڵەڕاوکێیەی جاران هەستییان پێدەکرد نامەیان بۆ یەکتری نووسی نامەکانیان زیاتر بەرەو کەشوهەوای خێزانیی دەچوو کەتایبەتبوو بەژن و مێرد، هیچ شتێک لەئارادا نەبوو کەخەونەکانیان شلوێ بکات.

ژیانی فلۆرنتینۆ ئەریزا گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، خۆشەویستیی هەردووسەر جورئەت و توانایەکی وای پێبەخشیبوو کەهەرگیز بەرلەوە

بەخۆیەوە نەدیبوو، لەکارەکەیدا هێندە لێوەشاوەیی نیشاندەدا کەلۆتاریۆ توگوت بەئاسانی کردی بەیاریدەدەری خۆی. ئەم کابرا ئەڵمانییە کاتێ پرۆژەکەی بۆ قوتابخانەی تەلەگراف و موگناتیس شکستی هێنا، کاتی دەست بەتالیی بۆ ئەو شتە تەرخاندەکرد کەبەراستی لەزەتی لێدەبینی واتە چوون بۆ بەندەر بۆ لێدانی ئۆرکۆدیۆن و خواردنەوەی بیرە لەگەڵ دەریاوانەکاندا، پاشان کۆتایی بەهەموونەمانە دەهێناو شەوی لەئوتێلی راگوزەرەکاندا بەسەردەبرد. ئەمەش پەیوەندی بەماوەیەکی زۆر بەرلەوەوە هەبوو کەفلۆرنتینۆ ئەریزا بزانێت دەسەڵاتی لۆتاریۆ توگوت لەکۆشکی لەزەتدا لەبەرئەوەبوو کە هەم ببوو بەخاوەنی ئوتێلەکەو هەم ببوو بەلێپرسراوی چۆلەکەکانی بەندەرەکە. بەرە بەرە بەپاشەکەوتەکانی لەماوەی ساڵانێکی دوورودرێژدا ئەو شوێنەی کڕیبوو. بەڵام ئەوکەسەی کەئوتێلەکەی بۆ بەڕێوەدەبرد، پیاوێکی بچکۆلەی لەڕولاوازو یەک چاوبوو، بەقژێکی بریقەداری وەک فلچەو دڵێکی وەها میهرەبانەوە کەنەتدەتوانی لەوە حاڵی بیت ئەم کابرایە چۆن دەتوانێت بەو چاکییە ئوتێلەکە بەڕێوە ببات. بەڵام ئەمە ڕاستی بوو. بەلای کەمەوە بەلای فلۆرنتینۆوە ئاوابوو، کاتی ئەم پیاوە بینەوەی فلۆرنتینۆ داوای کردبێت وتی لەئوتێلەکە ژوورێکی تایبەتی بۆ تەرخانکردووە دەتوانێت هەرکاتێ بیەوێت نەک تەنیا بۆچارەسەری کێشەی ناوگەڵ، کاتێ بڕیاری شتی وادەدا، بەڵکو بۆئەوەی جێگایەکی ئارامی هەبێت بۆ خوێندنەوەو نووسینی نامە دڵدارییەکانی. ئیدی فلۆرنتینۆ لەو مانگە دوورودرێژانەدا کە لەچاوەڕوانیی بەرەسمی راگەیاندنی دەزگیرانییەکەدا دەگوزەران، زیاتر کاتی خۆی لەوێ بەسەر دەبردو کەمتر لەماڵەوە یان لەدایرە دەمایەوە، زۆرجار ترانسیتۆ ئەریزا تەنها ئەوکاتانە چاوی پێیدەکەوت کە بۆ خۆگۆڕین دەهاتەوە بۆماڵەوە.

خوێندنەوە، ببوو بەخوویەکی خراپ کەقەت لێی تێر نەدەبوو. لەو کاتەوەکە دایکی فێری خوێندنەوەی کردبوو، چەند کتێبێکی وێنەداری بۆ

کڕیبوو کەزیاتر هی نووسەرانی باکووری ئەورووپا بوون بەناوی چیرۆکی منداڵانەوە دەفرۆشران، بەڵام لەڕاستیدا توندترین و خراپترین کتێب بوون کەدەکرا لەهەموو تەمەنێکدا بخوێنرێنەوە. فلۆرنتینۆ کاتێ تەمەنی پێنج ساڵ بوو، هەم لەقوتابخانەو هەم لە کۆڕە ئەدەبیەکاندا کەعەسران لەقوتابخانە دەگێران لەبەر ئەوکتێبانەی دەخوێندەوە، بەڵام ئاشنایی لەگەڵ ئەم کتێبانەدا ئەو تۆقینەی دانەمرکاندەوە کە لەدڵی ئەمدا هەبوو، بەپێچەوانەوە تۆقینەکەی زیاتر دەکرد. بەجۆرێ کاتێ دەستی بەخوێندەنەوەی شیعر کرد، وەکو ئەوە وابوو لەزەوییەکی وشك وبێئاودا لەپڕ بەسەرمێرگێکی سەوزدا کەوتبێت. تەنانەت کاتێ تەمەنی بوو بەهەژدە ساڵ ترانسیتۆ ئەریزا جۆرەها کتێبی کتێبخانەی گشتیی لەو کتێب فرۆشانە بۆ دەکڕی کە هەرلەبەردەرگای کتێبخانەی گشتییدا کتێبیان دەفرۆشت و لە داستانەکانی هۆمیرۆسەوە هەتا دیوانی کەچە شاعیرەکانی ناوخۆیان لادەست دەکەوت. زیاتر بەڕووکەشی کتێبەکان فریوی خواردبوو، هەرچییەکی هاتبووەڕێ خوێندبوویەوەو بەلایەوە جیاواز نەبوون. وەك ئەوەی قەدەری بێت بیانخوێنێتەوە و سەرەڕای ساڵانێکی زۆری خوێندنەوە، هێشتا نەیدەتوانی بڕیار بدات لەو کتێبانەی خوێندویەتییەوە کامیان باشن وکامیان خراپ. تەنها شتێ کەبەلایەوە روونبوو ئەوەبوو کەشیعری لەپەخشان پێخۆشترەو لە شیعریشدا، حەزی لە شیعری دڵدارییە چونکە لەخۆیەوە دوای دووجار خوێندنەوە شیعرەکەی لەبەردەکردو هەرچەندە وەزن و قافیەیان زیاتر بووایەو غەمینتر بوونایە ئاسانتر لەبەریدەکردن.

ئەم کتێبانە سەرچاوەی سەرەکی نامەکانی سەرەتای بوون بۆ فێرمینا دازا، چەند کۆپلەیەکی شیعری پیاهەڵدانیان تێدابوو کە بەتەواوی لەشیعرە رۆمانسییە ئیسپانییەکانەوە وەردەگیران. نامەکان بەمشێوەیە بەردەوامبوون تا ئەوکاتەی واقیعی ژیان ناچاریکرد لەجیاتی بایەخدان بەمەسەلەی غەمەکانی دڵ خۆی لە قەرەی مەسەلە دنیاییەکان بدات.

فلۆرنتینۆ لەو سەروەختەدا تاخوێندنەوەی هەندێ چیرۆکی درێژو زنجیرەیی غەمبارانەو گریاناوی و تەنانەت هەندێ نووسینی کفرئامێزی رۆژگاریشی بەڕێکردبوو، ئەوەش فێر بوو کە لەکاتی خوێندنەوەی دیوانی شیعری شاعیرانی خۆماڵیدا کە لەگەڵ دایکیدا پێکەوە دەیانخوێندنەوە هۆن هۆن بگری، هەریەکە لەم دیوانانە لەمەیدان و چەرداخەکاندا بەدوو سەنتاۆ دەفرۆشران. بەلام لەهەمان کاتدا دەیتوانی ناسکترین شیعری چاخی ئالتوونیی ئیسپانی لەبەربخوێنێتەوە. بەشێوەیەکی گشتیی بەهەر شێوەیەك هەرچییەکی بهاتایەتە بەردەست دەیخوێندەوە. بەجۆرێك کە لەدوای سالانی سەرەتای ئەم خۆشەویستییە سەختەی سەروەختێ کەئیدی گەنج نەبوو، کتێبی چەند بەرگی ( گەنجینەی لاوانی بیست)ی لەیەکەم لاپەڕەوە تاکۆتایی خوێندەوەو کۆمەڵەی تەواوی کلاسیکییە وەرگێڕدراوەکانی بەپێی چاپی (گارنێر هنس) و کارە ئاسانەکانی تریشی خوێندەوە کە (دۆن ڤیسنتێ بلاسکۆ ئیبانیز) لەزنجیرەی (پرۆمتێ) دا بڵاویدەکردنەوە.

بەهەرحاڵ، بەسەرهاتەکانی سەردەمی گەنجیی لەئوتێلی راگوزەرەکاندا بەتەنها بریتی نەبوون لەخوێندنەوە ونووسینی نامەی پرسۆزو ئەوین، بەڵکو چوونە ناو دنیای ئەو راموسان و جووتبوونانەشی لەخۆدەگرت کەخاڵیبوون لەخۆشەویستیی، ژیان لەو ئوتێلەدا پاش نیوەڕۆان دەستی پێدەکرد کاتێ هاوڕێیانی واتە چۆلەکە ئاوارەکان، بەڕووت و قووتی وەك ساتی لەدایك بوونیان لەخەو رادەبوون و ئەودەمەی فلۆرنتینۆ ئەریزا دوای دەوام دەهات، خۆی لەناو کۆشکێکدا دەبینییەوە کەپڕبوو لەفریشتەی روت، کە بەقیژە قیژ باسی نهێنییەکانی شاریان دەکرد، ئەو نهێنییانەی لەئەنجامی پەیمان شکێنیی دنیا دیدەکانیانەوە دەیانزانی. لەکاتی رووتبوونەوەیاندا، زۆر شوێنەواری رابردوویان دەردەکەوت وئاشکرا دەبوو: شوێنی زامی چەقۆ بەسکیانەوە، شوێنی هەڵتەکاندنی گوللە کە لەئەستێرە دەچوو. چاڵ وچۆڵی شوێنە هەستیارەکانیان لەئەنجامی زۆر جووتبووندا.

شوێنی دوورینەوەی نەشتەرگەریی قەیسەری لەلایەن قەسابەکانەوە. هەندێ لە چۆڵەکەکان منداڵەکانیشیان، واتە بەرهەمە نەگبەتەکانی بەرەڵایی و کوێرەوەریی گەنجییان لەگەڵ خۆیاندا دەهێناو لەگەڵ گەیشتنیادا ئەوانشیان رووت و قووت دەکردەوە بۆئەوەی منداڵەکان لەبەهەشتی رووتیدا هەست نەکەن لەگەڵ کەسانی تردا جیاوازن. هەریەکە لەمانە چێشتی خۆی لێدەناو کاتێ فلۆرنتینۆ ئەریزایان بۆ نانخواردن بانگدەکرد، کەس لەم باشتر نانی نەدەخوارد. چونکە باشترینی هەر خواردنێکی هەڵدەبژارد. بەزم و رەزمەکە هەتا کاتی خۆرئاوابوون درێژەی دەکێشا، واتە تاکاتێ کەژنە رووتەکان سابوون وفلچەی دان و مقەستیان لەیەکتری دەخواست، قژیان بۆ یەکتری چاکدەکرد و بەدوای یەکدا بەرەو گەرماوەکان دەکەوتنەڕێ، جلوبەرگی نیوەڕووت و خۆشداکەنەیان لەبەردەکردو وەکو لێبووکی گریاو دەموچاویان بەسوراوو سپیاو سواغدەدا پاشان دەچوون بۆئەوەی یەکەم چەشەی شەو راوبکەن. لەم کاتانەدا ژیان لەم بینایەدا کەسێتی و سیفەتە مرۆییەکانی لەدەستدەدا و بەشداریکردن تیایدا بەبێ پارەدان کاری کردە نەبوو.

لەوکاتەوە کەفلۆرنتینۆ فێرمینای ناسیبوو لەهیچ جێگایەکیتر بەقەد ئەو شوێنە هەستی بەحەسانەوە نەدەکرد، چونکە ئەم شوێنە تاقە شوێنێ بوو کەتیایدا هەستیدەکرد لەگەڵ ئەودایە. دەشێ لەبەر هۆی لەم بابەتەش بووبێ، کەژنێکی بە ویقارو بە تەمەن بەقژی زیوینی جوانییەوە کە لەوێ دەژیا بەڵام لەژیانی بێسەرو بەرو بێمانای ژنە رووتەکاندا بەشداری نەدەکرد کەچی رێزێکی تایبەتییان لێدەگرت و وەها بوو کەبەپیرۆزیان دەزانی. ئەم ژنە لەتاف لاویدا دڵدارەکەی هێنابوویە ئێرەو پاش ئەوەی ماوەیەك پێیرابواردبوو بۆ چارەنووسی خۆی بەرەڵای کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای لەکەی ناوبانگ خراپی، شوویەکی باشی کردبوو کاتێ بەتەواوی پیرو تەنیابوو، دووکوڕو سێ کچی لەسەر ئەوە مشتومڕیان دەکرد

بژی.
کەداخۆ کامیان ئەو بەختەوەرییەیان پێدەبڕێ کەدایکیان لەگەڵیاندا بژی.
بەڵام نەیدەتوانی جگە لەنوتێلەکە کەشوێنی خۆشترین رابواردنەکانی گەنجیی بوو بیر لەهیچ جێگایەکیتر بکاتەوە کەشایانی ئەوەبێ تیایدا بژی.
زۆورە هەمیشەییەکەی تاکە ماڵی دڵخوازیبوو، ئەمەش یارمەتیدەری بووبۆنەوەی پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ فلۆرنتینۆ ئەریزا دا دروستبکات.
چونکە دەیوت فلۆرنتینۆ لەبەرئەوەی دەتوانێت لە بەهەشتی شەهوەت پەرستیدا، رۆحی بەخوێندنەوە دەوڵەمەندو گەورە بکات، لەسەراپای جیهاندا وەکو پیاوێکی زانا ناودەردەکات. فلۆرنتینۆش سۆزو خۆشەویستیی تەواوی بەرامبەری نیشاندەداو لەشت کرینی بازاردا یارمەتی دەدا، هەندێ پاشنیوەڕوانی بەقسەو گفتوگۆ لەگەڵ ئەودا بەسەردەبرد.
لەرێبازی خۆشەویستییدا بەژنێکی زانای دەزانی. چونکە بێئەوەی ناچاربێت رازی دڵی خۆی بۆ باسبکات سوودی لەئەزموون و بۆچوونەکانی وەردەگرت سەبارەت بەخۆشەویستیی لەگەڵ فێرمینادا.

فلۆرنتینۆ کەپێش ئەزموونی خۆشەویستیی لەگەڵ فێرمینادا زەوق و ئارەزووەکانی بەسەریدا زاڵ نەببوو لەکاتێکدا بەئاسانی هەمووشتێکی لەبەر دەستدابوو بێگومان ئیدی تەسلیمی ئەو مەسەلەیە نەدەبوو کەببوو بەدەزگیرانی. بەپێیە فلۆرنتینۆ لەگەڵ کچاندا دەژیا و لەخۆشی و ناخۆشییاندا بەشدارییدەکرد، هەرگیز نەبەخەیاڵی ئەم و نەبەخەیاڵی کچەکاندا نەدەهات ئەو سنوورە ببەزێنن تەنانەت رووداوێکی پێشبینی نەکراو جەختی لەتۆکمەیی بڕیارەکەی کردەوە. سەعات شەشی ئێوارەی رۆژێک، لەکاتێکدا کچەکان خۆیان دەگۆڕی بۆئەوەی پێشوازیی لەمشتەرییەکانی شەو بکەن، ئەو ژنەی کەژوورەکانی ئەونهۆمەی پاك دەکردەوە کەژوورەکەی فلۆرنتینۆی لێبوو هاتە شوێنی نووستنەکەی. ژنێکی گەنج بوو کەزوو پیر ببوو وەکو تۆبەکارەکان لەناو جیهانێکی رووت وقووتدا سەراپای دادەپۆشی و دەهات ودەچوو. فلۆرنتینۆ ئەو ژنەی دەبینی

بەبینەوەی هەست بکات ئەویش بەوردی سەرنجی دەدات. ئەم ژنە بەچەند گسکێکی جۆراو جۆرو سەتڵێکی گەورەی خۆڵ و گسکێکی تایبەتیەوە بۆ هەڵگرتنەوەی حەبی مەنع لەزەویەکە بەهەموو ژوورەکاندا دەگەڕا. کاتێ هاتە ژوورەوە فلۆرنتینۆ راکشابوو، سەرقاڵی خوێندنەوەبوو. ژنە وەکو خووی هەمیشەیی بەوریایی تەواوە کەئەوەی نیشاندەدا نایەوێ هەراسانی بکات دەستیکرد بەپاککردنەوە. پاشان لەکاتێکدا کەچاوی لەفلۆرنتینۆ بڕیبوو هێواش هێواش خۆی لەسیسەمەکەی نزیککردەوە. فلۆرنتینۆ کەتائەو کاتە هەستی نەکردبوو ژنەکە هاتۆتە لای سیسەمەکەیەوە، لەپڕ هەستی بە نەرمی و گەرمی دەستی کرد لەسەر خوارەوەی سکی لەسەر پانتۆڵەکەیەوە، هەستیکرد بۆ زەکەری دەگەڕێ، هەستیکرد دۆزییەوە، هەستیکرد خەریکە زنجیری پانتۆڵەکەی دەکاتەوە لەکاتێکدا هەناسەبڕکێی ژوورەکەی پڕ کردبوو. واخۆی نیشاندا کەخەریکی خوێندنەوەیە هەتا لەتوانایدا نەما، قیژاندی و لەژنەکە دوور کەوتەوە، ژنەکە ترسا، چونکە کاتێ کاری پاکردنەوەیان دەدایە یەکەم شت کەپێویست بوولەیادی نەکات ئەوەبوو کەبۆی نییە لەگەڵ مشتەرییەکاندا جووت بێت. ئەوانیش ماف ئەوەیان نییە داوای جووتبوونی لێبکەن، چونکە لەو ژنانەبوو کەباوەڕیان وابوو سۆزانێتی ئەوە نییە لەگەڵ پیاودا جووت بیت بۆئەوەی پارەی لێوەربگریت، بەڵکو خۆشییەکەی لەوەدایە کە لەگەڵ پیاوی غەوارەدا سێکس بکەی. دوومناڵی هەبوو هەریەکەیان لە باوکێ بوون ئەمەش بەڕێکەوت نەبوو چونکە ئەم هەرگیز نەیدەتوانی پیاوێکی خۆش بوێت کەدوای سێیەم جار دەهاتەوە بۆ لای، تائەو کاتە ژنێ بووکەهیچ پەلەی نەبوو، ژنێ بوو کەبەسروشت ئامادەیی چاوەڕوانی تێدابوو بێئەوەی نائومێد بێت. بەڵام دەرکەوت ژیان لەوشوێنەدا لەخۆپاراستنی ئەو بەهێزتربوو. سەعات شەشی ئێوارە دەهات بۆ ئیش و سەراپای شەوی بەگەڕان بەژوورەکانداو گسکدان و کۆکردنەوەی حەبی مەنع و گۆڕینی سەرچەفەکانەوە بەسەر دەبرد. وێناکردنی ئەوەی

پیاوان دوای ماچ و مووچ و جووتبوون چییان لێ بەجێدەما سەختبوو، رشانەوەو فرمێسکیان بەجێدەهێشت، هەندێ لەو شتانەی بەجێیان دەهێشتن بەئاسانی قابیلی تێگەیشتن بوون، بەلام لەتەنیشت پەڵەی خوێن، پریشکە گو، چاویلکەی شووشەیی، سەعاتی ئالتوون، تاقمی ددان، قوتوو کەقژی ئالتوونیی تێدابوو، لەگەڵ نامەی دڵداری و بازرگانی و سەرەخۆشی و هەموو نامەکانی تر گەلێ مەتەڵی سێکسی بەجێدەمان کەقابیلی تێگەیشتن نەبوون. هەندێکیان بۆ ئەو شتانە دەگەڕانەوە کەونیان کردبوون، بەلام زۆرجار شتە بەجێماوەکان بێخاوەن دەمانەوە، لۆتاریۆ توگوت هەڵیدەگرتن، قفڵی لێدەدان و بۆچوونی وابوو درەنگ یان زوو، ئەم کۆشکەی کەرۆژانێکی خۆشتری بەخۆیەوە دیبوو، بەوهەموو شتومەکە لەبیرکراوانەیەوە دەبێتە بەمۆزەخانەی خۆشەویستیی.

ژنەکە کارەکەی قورس و مانگانەکەی کەمبوو، کەچی باش کاری دەکرد. بەلام ئەو شتەی نەیدەتوانی بەرگەی بگرێ، هەنسک هەڵدان و قیژەو گریانی بەکوڵ و ئەو قیژەو هاوارانە بوو کەوەها خوێنیان دەهێنایە جۆش وەها پڕیاندەکرد لەغەمی تەنیایی کەرۆژ دەبۆوە و دەچووە دەرەوە نەیدتوانی بەر بەزەوق و ئارەزووی زۆری خۆی بگرێت، کەسوالکەرێکی لەسەر جادە دەبینی یان مەستێکی بەربادی دەبینی سواری خۆی دەکرد، ئەم خزمەتەشی پێشکەش دەکرد بەبێئەوەی داوای هیچ شتێ لەو کەسە بکات یان پرسیاری لێبکات. دەرکەوتنی گەنجێکی وەکو فلۆرنتینۆ ئەریزا خاوێن و بێ ژن بەلای ئەوەوە دیاری خودا بوو: چونکە لەیەکەم دەقەوە تێگەیشت ئەویش رێک وەک خۆی وایە: کەسێکە پێویستی بەسۆزو پاکیزەیی خۆی بۆ فێرمینا دازا هێشتبۆوەو هیچ هێزو لۆجیکێک نەبوو بتوانێ لەم ئامانجەی دووری بخاتەوە. ئەمە ژیانی ئەو بوو. چوار مانگ بەر لەو ماوەیەی کە بۆ راگەیاندنی دەزگیرانییەکە دیاریکرابوو بەیانییەک سەعات

شەش لۆرینزۆ دازا لەفەرمانگەی پۆستەو تەلەگراف پەیدابوو، پرسیاری فلۆرنتینۆی کردو لەبەرئەوەی هێشتا نەهاتبوو، لەسەر کورسیەکی درێژ دانیشت و مستیلە ئاڵتوونە قورسەکەی کەنقیمەکەی سەری یاقووتێکی بێغەل وغەش بوو لەم پەنجەیەوە دەکردە پەنجەیەکی ترو هەتا سەعات هەشت و دە دەقە چاوەڕێیکرد، هەرکەفلۆرنتینۆ سەروسەکوتی دەرکەوت، یەکسەر ناسییەوەو زانی ئەو کەسەیە کەبروسەکەکەی بۆ هێنابوو، پەلی گرت و وتی:

-وەرە کوڕی لاو، دەبێ من وتۆ وەکو دوو پیاو بۆ ماوەی پێنج دەقە هەندێ قسەبکەین.

فلۆرنتینۆ ئەرێزا وەك مردوو رەنگی سەوز بوو... هیچ ئامادەی ئەم دیدارەنەبوو لەبەرئەوەی فێرمینا دازا هیچ رێگەو هۆکارێکی دەست نەکەوتبوو تائاگاداری بکاتەوە. راستی مەسەلەکە ئەوەبوو کەشەممەی رابردوو، خوشکە فرانکا دی لا لوز بەڕێوەبەری راهیبەکانی قوتابخانەی (ئامادەکردنی پاکیزەی پیرۆز)، کاتێ مارئاسا بێخشپە خۆی کردبوو بە وانەی زانینی گەردوونداو لەدواوە لەسەر شانیانەوە تەماشای خوێندکارەکانی کردبوو هەستیکردبوو فێرمینا دازا دەفتەرەکەی کردۆتەوەو واخۆی نیشاندەدات کەسەرنج وتێبینی دەنووسێتەوە کە لەراستیدا خەریکە نامەیەکی دڵداری دەنووسێت. بەپێی یاساکانی قوتابخانەکە ئەم هەڵەیە هۆکارێکی تەواوبوو بۆ دەرکردن. لۆرینزۆ دازا بەخێرایی بانگکرا بۆ ئیدارەی قوتابخانەکە و توانی ئەو درزە بدۆزێتەوە کە لەشێوازی پەروەردە ئاسنینەکەیدا دروستببوو و ئاوی لێدەچوو. فێرمینا دازا بەپێی سروشتی بێدەسەڵاتی، دانی بەهەڵەی نامەنووسینەکەیدا نا بەڵام نەچووە ژێرباری ئەوەی ناوی دڵدارە نهێنییەکەی ئاشکرابکات و لەبەرامبەر دادگای دیسپلینیشدا هەرناوی دڵدارەکەی ئاشکرا نەکرد لەبەرئەوە دادگاکە بڕیاری دەرکردنی پەسەندکرد. سەرەڕای ئەمەش، باوکی فێرمینا، ژوورەکەی

کچە عارەبی بوو [illegible]بوو حورمەتی

پشکنی کەتا ئەوکاتە شوێنی پیرۆزی کچە عارەبی بوو پێشێل بکرێ، لەناو سندوقە دوولاییەکەی فێرمینادا نامەی سێ سالی دۆزییەوە کەبەرهەمی سێ سالْ نامە نووسینی نهێنی بوون و گوزارشتییان لەهەمان رادە خۆشەویستیی دەکرد، ئیمزاکەی شاراوەنەبوو، بەلام لۆرینزۆ دازا نەئەوکاتەو نەهیچ کاتێ توانی باوەڕ بەوەبکات کەکچەکەی دەربارەی دلْدارە نادیارەکەی هیچ ئازانێ جگەلەوەی کە لەسەر تەلەگرافەو حەزی لەکەمانچەیە.

لۆرینزۆدازا لەبەرئەوەی دلْنیابوو کەپەیوەندییەکی ئاوا قورس بەبێ هاوکاریی ئیسکۆلاستیکای خوشکی قابیلی تێگەیشتن نییە، نەبواری ئەوەیدا داوای لێبووردن بکات و نەهێشتیشی بپارێتەوە، بەزۆر سواری کەشتییەکی کردو رەوانەی (سان خوان دی لاسییناگا)ی کرد. ئازاری دوا یادەوەریی فێرمینا لەبارەی پوورییەوە هەرگیز نەیهێشت ئاسوودە بێت. ئەو یادەوەرییە هی ئەو ئێوارەیەوە بوو کەپووری تایەکی سووتێنەرێ لێهاتبوو، بەرەنگی زەردو بەدەنی رەقەڵەیەوە لەناو جلوبەرگە قاوەییەکەیدا لەراڕەوەکەدا مالْئاوایی کردو لەبەر وردە بارانی پارکەکەدا لەچاو ونبوو. هەموو ئەوشتانەی کە لەژیانیدا بۆی مابۆوە کردبوویە جانتای قەیرەییەوە و بەدەستییەوە گرتبوو لەگەلْ هەندێ پارەدا کە لەناو پارچە پەڕۆیەکدابوو، توند بەدەستیەوە گرتبوو کەبەشی یەك مانگ گوزەرانی نەدەکرد. فێرمینا هەرکە لەدەسەلاتی زۆردارانەی باوکی قوتاربوو، بەپرسیارکردن لەو کەسانەی کە لەوانە بوو پووری بناسن لەویلایەتەکانی کاریبیدا کەوتە سۆراغکردنی بەلام هیچ شوێنەوارێکی چنگ نەکەوت. سی سالْ دوای ئەم مەسەلەیە نامەیەکی پێگەیشت کەماوەیەکی ئێجگار زۆر بەگەلێ ناوچەدا دەستاودەستی پێکرابوو. ئەونامەیە باسی لەوە دەکرد کەئیسکۆلاستیکا لۆرینزۆ دازا پێشبینی کاردانەوەی دڕندەئاسای کچەکەی نەکردبوو،

لەبەرامبەر ئەو سزا زاڵمانەیەی پووری تیایدابوو بەقوربانی، کەوەکو دایکی تەماشای دەکرد ئەودایکەی بەزەحمەت دەیتوانی بەیادی بهێنێتەوە. فێرمینا دەرگـای ژووری نووسـتنەکەی لەسـەرخۆی داخـست و مـانی لـەخواردن و خواردنـەوە گـرت، سـەرەنجام کـاتێ بـاوکی سـەرەتا بەهەڕەشـەو پاشـان بەپاڕانەوەی زۆڵانـە، توانی قایلی بکات دەرگاکە بکاتـەوە، خـۆی لەبەردەم بەورێکی بریندار‌دا بینیەوە کەئیدی کچە پانزە ساڵەکە نەبوو.

بـاوکی هەوڵیـدا بـەجۆرەها زمانلووسـیی فێرمینـا فریوبـدات و تێبگەیـەنێ کەخۆشەویـستیی لەتەمـەنی ئـەودا هیچ نییـە جگـە لەسـەراب. هەموو وزەو توانای خۆی خستەگەڕ بۆئەوەی فێرمینا قایلبکات کەنامەکان بنێرێتەوە بۆ فلۆرنتینۆ و بگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەو داوای لێبووردن بکات، کاتێ بەڵێنی شەرەفی دایە کەیەکەم پشتیوانی بێت ئەوکاتـەی داواکارێکی شایـستە داوایـدەکات، دەتگـوت مردوویەکـەو لەگـەڵ مردوویـەکی تـردا قسەدەکات. لۆرینزۆ دازا کەهەستی بە شکست دەکرد، رۆژی دووشـەممە لەکاتی نانخواردندا ئاخری لەپێسەتەکەی خۆی هاتەدەرێ و لەگەڵ ئەوەشـدا کەهەوڵیـدەدا جـوێن و قـسەی ناشـیرین لەگەروویـدا بهێڵێتـەوە، وەختـەبوو لەتووڕەییـدا دەتەقییـەوە کـەفێرمینا دازا لـەناکاو بەدەسـتێکی تۆکمـەو چاوانێکی واتۆقێنەرەوە تەورزینەکەی لەقورتمی گیرکرد کەباوکی نـەیوێرا بەری پێبگرێ. دوای ئەم رووداوە بوو کەلۆرینزۆ دازا مەترسی گفتوگۆیەکی پیاوانەی پێنج دەقەیی دایەبەرخۆی لەگەڵ کەسێکی شوومدا کەهاتبووە ناو ژیانییـەوە و لـەکاتێکی شـوومدا ببـووە هـۆی غـەمێکی زۆر بـۆی، بـاوەڕی نەدەکرد هەرگیز چاوی بەچارەی کەوتبێت. لەبەرئەوەی خووی پێوەگرتبوو ەرلەوەی بچێتە دەرەوە دەمانچە سمسەکەی هـەڵگرت، بەڵام هەوڵیدا لـەژێر راسەکەیدا بیشارێتەوە.

هێشتا فلۆرنتینـۆ ئـەریزا نـەهاتبۆوە سـەرخۆی کـەلۆرینزۆ دازا ناوەڕاسـتی گۆڕەپـانی کڵێـسای گـشتییدا بـردی و بـەرەو تـەلاری

سەرداپۆشراوی قاوەخانەی باروکیێ پەلکێشیکرد، داوایلێکرد لەسەرسەکۆی دەرەوە دانیشێ. لەم کاتانەدا هیچ مشتەرییەکی تری لێنەبوو. ژنێکی ڕەشپێست خەریکی شۆردنی کاشییەکانی تەلارە گەورەکەبوو کەلێواری پەنجەرەکانی کەمێك دەرپەڕیبوون و تەپوتۆزاوی بوون، هێشتا کورسییەکان لنگەو قووچ لەسەرمێزە مەڕمەڕییەکان دانرابوون. فلۆرنتینۆ ئەریزا زۆرجار لۆرێنزۆ دازای دیبوو کە لەوێ لەگەڵ (ئەستووری)یەکانی بازاڕی گشتیدا قوماردەکات و شەراب دەخواتەوە، لەکاتێکدا بەدەنگی بەرز مشتومڕیان دەربارەی ئەوشەڕە درێژخایەنانە دەکرد کەپەیوەندییان بەشەڕەکانی ئەم ناوچەیەوەنەبوو. فلۆرنتینۆ کەخۆی دابووە دەست قەدەری خۆشەویستیی، چەندینجار بیری لەوە کردبۆوە کەدرەنگ یان زوو ناچاردەبێ لۆرێنزۆ دازا ببینێ و هیچ هێزێکی مرۆیی ناتوانێت ڕێگە لەمە بگرێت، لەبەرئەوەی ئەم ڕووبەڕووبونەوەیە لەچارەی هەردووکیان نووسراوە. بەڵام سەبارەت بەچۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوەکە وابنای دەکرد کەشەڕێکی نابەرامبەر دەبێت، نەك تەنیا لەبەرئەوەی فێرمینا دازا لەنامەکانیدا سەبارەت بە سروشتی تووڕەوتڕۆی باوکی ئاگاداریکردبۆوە، بەڵکو خۆشی بەچاوی خۆی دیبووی کەچاوانی لۆرێنزۆ دازا تەنانەت کاتێ لەسەر مێزی قوماریش پێدەکەنێت، تووڕە دێنەبەرچاو، پێش خواردنەوەی بێشەرمانەی، قسەکردنی دڵنیایانەی، خەتی ڕیشە ڕەشەکەی کەوەکو گوێ وابوو، جووڵەی دەستی و ئەو مستیلە زلەی لەدەستیدابوو نقێمێکی یاقووتی لەسەربوو، هەموو ئەمانە گەواهییان لەتووڕەوتڕۆیی ئەم پیاوە دەدا. تەنیا سیفەتی دیاری کەفلۆرنتینۆ ئەریزا لەیەکەم جارەوە کەچاوی بەڕۆیشتنەکەی کەوت هەستی پێکرد، ئەوەبوو کەوەکو کچەکەی ئاسك ئاسا ڕێدەکات. بەهەرحاڵ، کاتێ لۆرێنزۆ دازا ئاماژەی بۆ کورسییەك کرد کە لەسەری دانیشێت، ئەوەندەش کەڕوخساری نیشانیدەدا توندوتیژ نەهاتە بەرچاو و کاتێ داوای پێکێ عەرەقی بۆ کرد کەتامی ڕازیانەی دەدا هاتەوە سەرخۆی و جورئەتی

پەیداکرد. فلۆرنتینۆ ئەریزا کەهەرگیز سەعات هەشتی بەیانی مەشروبی نەخواردبۆوە، لەبەرئەوەی زۆر پێویستی بەپێکێ بوو، بەرێزەوە داوەتەکەی پەسەندکرد.

لەراستیدا لۆرینزۆ دازا بۆ وتنی شتەکانی لەپێنج دەقە زیاتر کاتی فلۆرنتینۆی نەگرت و بەراشکاوییەکی واوە قسەیکرد کەمەسەلەکەی لەفلۆرنتینۆ تیکەڵکرد. لەوکاتەوە کەلۆرینزۆ دازا ژنەکەی مردبوو، خۆی تەنها بۆ یەك ئامانج تەرخانکردبوو: ئەویش ئەوەبوو کەکچەکەی بکاتە خانمێکی مەزن، گەیشتن بەم ئامانجە بەلای بازرگانێکی هێسترەوە کەبەکەمی دەیتوانی بنووسێت و بخوێنێتەوە وەکو دزێکی ولاخەبەرزە هێندەی لەهەرێمی (سان خوان دی لاسییناگا) بەناوبانگبوو لەشوێنانیتر نەناسرابوو، رێگایەکی دوورو درێژبوو. لۆرینزۆ دازا لەسەرەتای قسەکانیدا سیغارێکی لەوانە داگیرساند کەقاترچییەکان دەیکێشن و بەحەسرەتەوە وتی" تەنها شتێك کەپێموایە لەناساغی خراپتربێ، بەدناوییە"، لەسەر قسەکانی بەردەوامبوو کەرازی راستەقینەی سامانەکەی لەوەدایە کەتەنانەت لەتاڵترین رۆژگارەکانی شەردا کەگوندەکان دەبوون بەخۆڵەمێش و کێڵگەکان دادەوەشان. سوورترو سەختتر لەهێسترەکانی ئیشیکردبوو. ئەگەرچی کچەکەی هەرگیز پێشان ئاگای لەچارەنووسی نەبوو بەلام وارەفتاری دەکرد کەهاوبەشێکی دڵگەرمە، ئەم کچە زیرەك و رێکوپێکە هەرئەوەندەی خۆی فێری خوێندەواریبوو، باوکیشی فێرکرد، لەتەمەنی دوانزەساڵیدا بوویەکەیبانوویەکی واشارەزا کەدەیتوانی بەبێ یارمەتی پووریماڵەکە بەرێوە بەرێت. لۆرینزۆ دازا هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی:

-کچەکەم کچێکی کەللەرەقە کەبەقەد کێشی خۆی ئاڵتوون دێنێ.

کاتێ کچەکەی بەباشترین نمرە و لەهەمووو وانەکانیدا سەرەتایی تەواوکردو لەکاتی کارت وەرگرتندا خەڵاتی رێزلێنانی وەرگرت. لۆرینزۆ دازا هەستیکرد (سان خوان دی لاسییناگا) بۆ خەونەکانی زۆر بچووکە، پاش

ئەمە هەرچی چوار پێ و موڵك و ماڵی هەبوو فرۆشتی و كردی بەپارەو بەحەفتا هەزار پیزۆی ئاڵتوون و بیرێكی نوێوە هاتە ئەمشارە كاولە، ئەو شارەی كەسەروەرییەكانی مۆرانە لێیداوە، ئەو شارەی تێیدا لەرێگای هێنانی ژنێكی گەنجی رێك و پێكەوە كەتاڕادەیەك پەروەردەی كۆن بێت هێشتا بواری ئەوەی تێدابوو لەدایكبێتەوە. بەڵام دەركەوتنی لەناكاوی فلۆرنتینۆ ئەریزا كۆسپێكی چاوەڕوان نەكراوبوو لەو بەرنامە سەختەدا. لۆرینزۆ دازا لەكاتێكدا كەدەیوت" هەربۆیە هاتووم داوایەك لەتۆ بكەم" ئاغزە جگەرەی سیغارەكەی كرد بەناو عەرەقی رازیانەكەدا كاتێ دەرهێنایەوە ئیدی دووكەڵی نەمابوو پاشان بەدەنگێكی غەمناكەوە وتی"

– رێگەمان بەردە!

فلۆرنتینۆ ئەریزا كە لەعەرەقەكەی دەچەشت گوێی بۆ شلكردبوو، ئاشكرابوونی رابردووی فێرمینا دازا هێندە سەرنجی راكێشابوو تاسەرەی قسەكردنی دێت تەنانەت لەخۆی نەپرسیبوو كەدەبێ چی بڵێت. بەڵام كاتێ ئەوساتە هاتەپێشەوە، تێگەیشت هەرچییەك بڵێت چارەنووسی دەخاتە مەترسییەوە، بەهەرحاڵ پرسی:

– ئایا قسەت لەگەڵ خۆی كردووە؟

لۆرینزۆ دازا وتی:

– ئەوە پەیوەندی بەتۆوە نییە!

فلۆرنتینۆ ئەریزا وتی:

– بۆیە دەپرسم چونكە ئەو تەنها كەسە كەدەبێ لەمبارەیەوە بڕیاربدات.

لۆرینزۆ دازا وتی:

– قەت وانییە! ئەمە كێشەی پیاوانەو دەبێ پیاوانیش چارەسەریبكەن.

ریتمی قسەکردنی لۆرینزۆ دازا شێوەیەکی هەرەشەئامێزی بەخۆیەوە گرتبوو، مشتەریەك کەتازە گەیشتبووەجێ لەنزیکیانەوە لای مێزێکەوە دانیشتبوو ئاوڕیدایەوە و تەماشایکرد. فلۆرنتینۆ ئەریزا بەنەرمترین شێوەو لەهەمانکاتدا بەوپەڕی عەزمەوە کە لەمێشکیدابوو، قسەیکرد:

– گرنگ نییە چی ڕوودەدات، بەڵام بەبێئەوەی رای ئەو بزانم ناتوانم وەڵامت بدەمەوە، چونکە ئەوەخیانەتە.

لۆرینزۆ دازا پاڵیدایەوە بەکورسییەکەیەوە پێڵووی چاوە سوورهەڵگەڕاوەکانی تەڕبوون، چاوی چەپی لەناو پێڵووەکەیدا بەرەو دەرەوە سووڕاو دەنگی نزمکردەوە:

– ناچارم مەکە تەقەت لێبکەم و بتکوژم!

فلۆرنتینۆ ئەریزا هەستیکرد کەفێکی سارد ریخۆڵەکانی پردەکات. بەڵام دەنگی نەلەرزی چونکە هەستیدەکرد ئیلهامی لە(روح القدس)ەوە وەرگرتووە، لەکاتێدا دەستی خستبووە سەر سنگی وتی "کێ دەستی گرتووی!" پاشان وتی:

– چ شانازییەك لەوە گەورەترە مرۆڤ لەپێناوی خۆشەویستییدا بمرێت.

لۆرینزۆ دازا کەناچاربوو وەکو تووتی بەلاری تەماشای بکات بۆئەوەی بتوانێت بەچاوە چەپ وچێرەکانی ببینێ، قسەینەکرد، بەڵکو وشەکانی کرد بەتفێك و دای بەڕوخساریدا:

– قە... حبە... دا... یك.

لۆرینزۆ دازا هەمان هەفتە کچەکەی برد بۆ سەفەر تاناچاریبکات ئەو مەسەلەیە لەبیری خۆی بباتەوە. سەبارەت بەسەفەرەکەی هیچی پێنەوت، بەپەلە خۆیکرد بەژووری نووستنەکەیدا و لەکاتێکدا لەتووڕەییدا جگەرەکەی

دەجاوی پێیوت جانتاکەی حازربکات. کاتێ فێرمینا دازا پرسی بۆ کوێ دەچن، وەڵامی دایەوە:

- بەرەو مەرگمان.

فێرمینا بەتۆقیوییەوە لەو وەڵامەی کەوادیاربوو زۆر لەڕاستییەوە نزیک بێت، هەوڵیدا بەگیانی ئازایەتی چەندڕۆژی رابردووەوە رووبەڕووی ببێتەوە، بەڵام باوکی قایشی پانتۆڵەکەی دەرکرد کەئاوزوونە مسەکەی وەکو چەکوش وابوو، ئاڵاندی لەدەستییەوەو یەك دانەی کێشا بەمێزەکەداو تەقەکەی وەکو گوللە لەماڵەکەدا دەنگیدایەوە، فێرمینا دازا کەزۆر باش دەیزانی وزەو توانای خۆی چەندە، بەدڵنیاییەوە لەوەی کەسەفەرێکی بێگەڕانەوە دەبێت، جۆلانەیەکی سەفەریی لەناو دوو حەسیردا لوولکردو لەگەڵ هەموو جلوبەرگەکانیدا هەموویانی کردە ناو دوو باوەڵی گەورەوە، بەرلەوەی خۆی بگۆڕێت چووە گەرماوەکەو دەرگای لەسەرخۆی داخست، لەسەر پارچەیەك دەسڕی کاغەزی ئاودەستەکە نامەی ماڵئاوایی بۆ فلۆرنتینۆ ئەریزا نووسی. پاشان بەمقەست تاقە پرچەکەی لەپشت ملیدا بڕی و خستییە ناو پاکەتێکەوە کەبەرگەکەی قەیفەبوو، بەدەزووی ئاڵتوونیی نەخشی تێداکرابوو، لەگەڵ نامەکەدا بۆی نارد.

سەفەرێکی شێتانەبوو. قۆناغی یەکەمی بەدرێژایی چیاکانی (سیرا نیڤادا) لەگەڵ کاروانێکی وڵاغدارەکانی (ئەندین)دا سواری هێستربوون یانزە رۆژی خایاند، بەدرێژایی ئەم ماوەیە یان لەبەر تیشکی سووتێنەری هەتاودا لەهۆش خۆیان دەچوون یان بارانی ئاسۆیی تشرینی یەکەم دەیشۆردنەوە و تەقریبەن هەمیشە بەو هەڵمە گێژکەرەی کە لەهەڵدێرەکان بەرزدەبۆوە گێژبوون. لەرۆژی سێیەمدا هێسترێك کەبەدەست مێشەکەرانەوە بەلەسەببوو ئەو ریزەی بەدوای خۆیدا بەکێشدەکرد کەپێوەی بەسترابۆوە هەڵدێراو تەنگەوە هاوارونالەی کابرای وڵاغدارو هەرحەوت هێسترەکەی چەندین خاوەنەکەی و هێسترەکانی تریشی لەگەڵ خۆیدابرد، کەوتنە دۆڵێکی

سەعات دوای رووداوەکە لەهەڵدێروشیو و دۆڵەکاندا دەنگیدایەوە، ساڵەهای ساڵیش لەمێشکی فێرمینا دازا دا دەنگیدەدایەوە. باوەڵەکانی فێرمیناش لەگەڵ هێسترەکاندا کەوتنە ناو دۆڵەکەوە بەڵام لەساتی هەڵدێرانەکەوە تابێدەنگبوونی قیژەو هاواری ترسناک لەقوڵایی دۆڵەکەدا کەبەدرێژایی یەک سەدە تێپەڕی فێرمینا نەبیری لەوڵاغدارە مردووەکەو نە لەهێسترە لەتوپەت بووەکانی دەکردەوە، بەڵکو بیری لەو بەدبەختییە دەکردەوە کەبۆچی هێسترەکەی بەهێسترە هەڵدێراوەکانەوە نەبەسترابۆوە. ئەمە یەکەمجاربوو لەژیانیدا سواری وڵاغ بێت، بەڵام ئەگەر لەبەر ئەو راستییە نەبوایە کەئیدی هەرگیز جارێکیتر فلۆرنتینۆ ئەریزا نابینێتەوە یان بەنامەکانی تەسکینی دڵی نادات، ترس و ناڕەحەتییە بێسنوورەکانی سەفەرەکەی بەلاوە ئەوەندە ناخۆش نەبوو. لەسەرەتای سەفەرەکەوە تەنانەت یەک وشەش قسەی لەگەڵ باوکی نەکردبوو، باوکی بەمە هێندە شەرمەزاربیوو کەتەنانەت کاتێ پێویستییەکی زۆر وایدەکرد لەگەڵ کچەکەیدا قسەبکات، ئەم زۆر بەقورسی ملیدەداو لەحاڵەتیکدا ئەگەر بکرایە لەڕێی یەکێك لەوڵاغدارەکانەوە جوابی بۆ دەنارد. کەبەخت یاوەریان بوایە میوانخانەیەکیان لەڕێگا دەدۆزییەوە خواردنی لادێی بۆ ئامادەدەکردن فێرمینا دازا خواردنەکەی نەدەخوارد، نوێنی سەفەریان بەکرێ دەدانی کەبۆنی میزو عارەقی لێدەهات. بەڵام زۆر کات، شەویان لەکوخی خەڵکی ناوچەکەدا بەسەردەبرد کە لەکەناری رێگاکە لەدار دروستکرابوون و سەریان بەچڵوچێوی دارخورما گیرابوو کەبەشوێنی نووستنی گشتیی لەقەڵەمدەدران لەو چۆڵەوانییەدا و هەموو رێبوارێك بۆی هەبوو شەویان تێدا رۆژبکاتەوە. فێرمینا دازا لەکاتێکدا لەترسدا عارەقی دەردەدا و لەتارکیدا گوێی بۆ هاتوچۆی ئەو رێبوارە بێدەنگانە شلدەکرد کەوڵاغەکانیان بەکۆڵەکەکانەوە دەبەستەوەو بەهەر جێگایەکدا کەبیانتوانیایە جۆلانەکانیان هەڵدەخست. تەنانەت شەویش نەیتوانی بەتەواوی بخەوێت.

کاتی خۆرئاوابوون، کەیەکەم دەستەی ڕێبوارەکان دەگەیشتن، ئەو شوێنە ئاسایی و بێدەنگبوو، بەڵام بەیانی دەبووە گۆڕەپانی فێستیڤاڵ بەجۆڵانەکانەوە کە لەگەڵی جێگادا هەڵخرابوون و هەندییە شاخاوییەکان کەچوارمشقی خەوتبوون لەگەڵ مرقە مرقی بزنە شێتە بەستراوەکان و غەڵبەغەڵبی ئەو کەڵەشێرانەی لەناو سەوەتەی فیرعەونیدابوون و بێدەنگیی سەگە شاخاوییە ڕاهێنراوەکان کە لەبەر مەترسییەکانی شەڕ فێرکرابوون نەوەڕن. ئەم ئاڕەحەتیانە بەلای لۆرینزۆ دازاوە کەنیوەی تەمەنی بەبازرگانی و هاتوچۆوە لەم ناوچەیەدا بەسەربردبوو، تەقریبەن هەمیشە هەموو بەرەبەیانێك هاوڕێ دێرینەکانی دەبینی، نامۆ نەبوو. بەڵام بەلای کچەکەیەوە جۆرێکبوو لەئەشکەنجەی نەبڕاوە. بۆنی ناخۆشی باری ماسی خوێکراو نەمانی ئیشتیهای زیاد دەکرد کە لەخەفەتەوە سەرچاوەی گرتبوو، سەرەنجام بووبەهۆی نەمانی عادەتی نانخواردن لەلای و کە لەنائومێدیدا شێت نەبوو لەبەرئەوەبوو هەمیشە بەیادی فلۆرنتینۆ ئەریزاوە تەسکینی دەهات. فێرمینا گومانی لەوە نەبوو کە ئەم شوێنە خاکی فەرامۆشکردنە.

ترسێکی هەمیشەیی تر، ترسی شەڕبوو. لەکاتی دەستپێکردنی سەفەرەکەوە قسە لەمەترسی تووشبوون لەگەڵ دەورییە پەڕاگەندەکان لەناوچەیەدا دەکرا و وڵاغدارەکان فێری شێوازی جۆراو جۆریان کردبوون بۆ ناساندنی ئەو لایەنەی سەر بەو بوون بۆئەوەی بتوانن بەشێوەی گونجاو ڕەفتار بکەن. زۆرجار تووشی تیپەکانی سەربازی سوارە دەبوون کە هەر تیپەی لەژێر فەرمانی ئەفسەرێکدابوو، ئەم ئەفسەرانە کەسەربازی نوێیان دەبرد بۆ سەربازیی بەشێوەیەك بەحەبل دەیان بەستنەوە دەتگوت گوێرەکەی چەمووش دەبەستنەوەو ڕایدەکێشن. فێرمینا دازا کە لەناو ئەم هەموو ترسەدا تێکشکابوو، ئەو ترسەی لەبیرکردبوو کەزیاتر لەئەفسانەیەك دەچوو تاشتێك کەبەزوویی بشێ ڕووبدات. تائەوەی شەوێك دەستەیەك لە دەورییەکان کە ئاشکرا نەبوو سەربەکام لایەنن دووکەسیان لەڕێبوارەکانی

کاروانەکە گرت و لەدووری نیو فرسەخێك لەشوێنی نووستنەکەوە بەدارێکی (کۆمپانۆ)دا هەڵیانواسین و لەسێدارەیان دان، لۆرینزۆ دازا لەگەڵ ئەوەشدا کەنەیدەناسین، لاشەکانیانی لەدرەختەکە کردەوەو وەکو سوپاسگوزارییەك کەهەمان چارەنووسی ئەوانی نەبووە، بەپێی ئاینی مەسیحی تەرمەکانیانی ناشت. باوکی فێرمینا بۆیە بەسەلامەتی دەرچووبوو کاتی هێرشبەرەکان بەقۆناغە تفەنگ کێشابوویان بەسکیداو خەبەریان کردبۆوە فەرماندە شرپۆشەکەیان کەبەخەڵوز دەموچاوی نەخشاندبوو بەسەرسەرییەوە شقارتەیەکی لێدابوو، لێیپرسی بوو لیبراڵە یان محافیزەکار، لۆرینزۆ دازا وتبووی:

–نە ئەمیانم و نە ئەویان، من هاووڵاتییەکی ئیسپانیم.

فەرماندەی دەورییەکە وتبووی:

–چەند بەختت هەیە! پاشان لەکاتێکدا دەستی بۆ سڵاوی سەربازیی بەرز کردبۆوە وتبووی"بژی پاشا"و لەوێ دوور کەوتبۆوە.

دوو رۆژ دوای ئەوە بەرەو دەشتێکی سەوز داگەڕان کەشارۆچکەی (ڤاییدوپار)ی بەختەوەر لەوێدابوو. ئێرە شاری شەڕە کەڵەشێرەکان بوو کە لەحەوشەکاندا دەکران، مۆسیقای ئۆرکۆدیۆن لەکونجی شەقامەکاندا هەبوو وێڕای سوار و ئەسپە رەسەنەکان لێرەو لەوێش زەنگی کڵێساو فیشەکە شێتە بەدیدەکران. قەڵایەکیان بۆ فیشەکە شێتە دروستکردبوو. فێرمینا دازا گوێی بەئاهەنگ وشادی نەدەدا. لیسیماکۆ سانچیزی خاڵی فێرمینا میواندارێکردن و لەرێگای سەرەکییەوە لەگەڵ کۆمەڵێ سواری گەنجی خزم و کەسوکار کەڕەسەنترین ئەسپی هەرێمەکەیان لەژێردابوو هاتن بەپیریانەوە. خاڵی فێرمینا بۆنیشاندانی بەربڵاویی فیشەکە شێتە بەدرێژایی تەواوی شەقامەکانی شارۆچکەکە لەگەڵیانبوو.ماڵی خاڵی لەگۆڕەپانی گەورەبوو لەتەنیشت کڵێسایەکی سەردەمی کۆڵۆنیالییەوەبوو کەچەندانجار نۆژنکرابۆوە و ژوورە گەورەو تاریکەکانی و ئەو ڕاڕەوەی کەڕووی

لەدارستانی دارە بەردارەکانبوو بۆنی شیلەی قامیشی شەکری لێدەهات زیاتر لەکۆگایەکی گەورەی میوە و بەروبووم دەچوو.

تا لەئەسپەکان دابەزین و ئەسپەکانیان برد بۆ تەویلە، ژوورەکانی میوان پڕبوون لەو خزم وکەسوکارە نەناسراوانەی بەردەوام دەهاتن و سۆزو خۆشەویستییان بۆ فێرمینا دەردەبڕی کەپێی بێتاقەتبوو، وەك ئەوە وابوو قامچی لێبدەن. فێرمینا ئیدی توانای خۆشویستنی هیچ کەسێکی نەبوو لەم دنیایەدا. بەدەست سووتانەوەی سمت و کەفەڵییەوە کە لەئەنجامی بەرکەوتنی لەگەڵ زینی ئەسپەکەدا تووشی ببوو دەینالاندو وەختەبوو لەتاو سکچوون وکوتراوی لەشی دەمرد، تەنها ئاواتی ئەوەبوو جێگایەکی چۆڵی بێدەنگی دەستبکەوێت و تیایدا بگری. هیلدیبراندا سانچیزی کچی خاڵی کەدووساڵ لەفێرمینا گەورە تربوو، هەمان غروری شایانەی فێرمینای هەبوو، تەنیا کەسێ بوو کە لەگەڵ بینینیدا هەستی بەمەسەلەکەی کرد، لەبەرئەوەی خۆشی لەناو کڵپەی ئاگری خۆشەویستییەکی بێپەروادا دەسووتا. کاتێ دنیا تاریکبوو خاڵۆزاکەی بردی بۆ ژووری نووستنەکەی کەپێشان ئامادەکرابوو، داوای لێکرد پێکەوە تیایدا بخەون. هیلدیبراندا بەبینینی رووشان و سووتانەوەی هەردوو کەفەڵی فێرمینا، سەری لەوە سوڕما کەچۆن نەمردووە. بەیارمەتی دایکی کەژنیکی زۆر شیرین بوو، هێندە لە مێردەکەی دەچوو دەتگوت دوانەن، گەرماوی بۆ فێرمینا ئامادەکردو سووتانەوەکانی بە قوماشێك بۆ تیمارکرد کە ئاوی گوڵێکی کێوی پێوە بوو، ئەمەش لەکاتێکدا کەگرمەی بارووتی قەڵاکە خانووەکەی دەلەراندەوە.

نیوەشەو ئاهەنگی گشتی لەناو پریشکە کوژاوەکان و خۆڵەمێشە گەرمەکاندا کۆتاییهات و میوانەکان بڵاوەیان لێکرد، هیلدیبراندا بێئەوەی هەراسانیی، جلوبەرگی خەویدا بەفێرمیناو یارمەتیدا بۆئەوەی لەناو جێگایەکدا کەبەچەرچەفی نەرم و سەرینی پەڕ رێکخرابوو رابکشێت. دواجار

کاتێ بەتەنیا مانەوە، کچە خاڵەکەی دەرگاکەی بەسوورگی داخست و لەژێر حەسیری ژێر پێخەفەکەیدا زەرفێکی دەرهێنا کەکاغەزەکەی زبربوو مۆری لێدرابوو، ئارمی تەلەگراف نیشتمانیی پێوەبوو. بەلای فێرمیناوە بینینی شێوەی روخسارو نیگای پڕ مەکرونازی کچە خاڵەکەی بەسبوو تابۆنی یاسەمینە سپییەکان لەدڵیدا دووبارە بێتەوە. فێرمینا مۆری سووری بروسکەکانی بەددان دڕاندو هەتا بەیانی هەریانزە بروسکە قەدەغەکەی لەناو بارانی فرمێسکدا تەڕکرد، کەواتە هیلدیبراندا بەمەسەلەکە دەزانێت.

لۆرینزۆ دازا بەرلەوەی دەست بەو سەفەرە بکات بەو بروسکەیەی کەهەواڵی بەرێکەوتنی بەلیسیماکۆ سانچیزی ژنبرای دابوو، کەوتبووە هەڵەوە. ژنبراکەشی هەواڵەکەی بۆ تۆڕی ئالۆزو گەورەی خزم و خوێشەکانی نارد کەبەسەراپای گوندو شارۆچکە جیاجیاکانی هەرێمەکەدا بڵاوببوونەوە، ئەمەش بووبەهۆی ئەوەی فلۆرنتینۆ ئەریزا نەک تەنها لەرێگای سەفەرەکە بەگشتیی ئاگادار بێت بەڵکو توانی برادەرایەتییەکی بەرفراوانیش لەگەڵ کارمەندانی تەلەگرافدا دروستبکات کەرێگای فێرمینایان هەتا دواگوند لە(کابۆدی لاڤیلا)وە هەڵگرت. ئەم مەسەلەیە یارمەتیدا لەگەیشتنی فێرمیناوە بەشارۆچکەی (ڤاییدوپار) کەسێ مانگ لەوێ مایەوە تاکۆتایی نیشتەجێبوونی لە (ریۆ هاچا) کەتا ساڵ و نیوێك دوای ئەوە درێژەی کێشا، پەیوەندییەکی بەردەوامی لەگەڵ دروستبکات، واتە تا ئەوکاتەی کەلۆرینزۆ دازا لای بوو بەڕاست کەکچەکەی دواجار هەموو شتێکی لەبیرکردووەو بڕیاری گەڕانەوەیدا. رەنگە لۆرینزۆ دازا لەژێر کاریگەریی قسە پڕ لەڕیاییەکانی خزمەکانی ژنەکەیدا کەسیاسی بوون و لەدوای ئەو هەمووساڵە، دەمارگیریی خێڵەکییان خستبووە لاوە و بەباوەشی کراوەوە وەکو یەکێ لەخۆیان پێشوازییان لێکردبوو، گێژ بووبێت کەتەنانەت ئاگای لەوەش نەمابوو تاچەند چاودێرییەکانی کەمکردۆتەوە. ئەم سەردانەی لۆرینزۆ دازا، ئاشتبوونەوەیەکی درەنگ وەختبوو، ئەگەرچی بەونیازە

ئەنجام نەدەدرا. راستی مەسەلەکە ئەوەبوو کەبنەماڵەی فێرمینا سانچیز لەهەموو لایەنێکەوە دژی شووکردنی بوون بەکابرایەکی کۆچەری بێ ئەسڵوفەسڵی لادێی دڕندەی زۆربڵێ کەهەمیشە سەرقاڵی سەفەرو مامەڵەی هێستری چەمووش بوو، لەوە کەمتر دەهاتەبەرچاو کەبتوانی تەسەوری ئەوەی لێبکەی لەڕێگەی حەڵاڵەوە سوودێکی دەبێ و کاسپییەکی یاساییە. لۆرێنزۆ دازا گەمەیەکی گەورەی دەکرد، لەبەرئەوەی دڵدارەکەی باشترین کچی خێزانێکی نموونەیی بوو لەناو خێزانەکانی ناوچەکەدا: کەعەشیرەتێکی تێکچرژاو بوون و لەژنانی ئازاو پیاوانی دەست و دڵساف و نیشان شکێن پێکهاتبوون کەنەفس بەرزییەکی شێتانە مێشکیانی داگیرکردبوو بەو شێتییەوە باوەڕیان بەمەسەلەی شەرەفپارێزی هەبوو. بەهەرحاڵ، فێرمینا سانچیز سەرەڕای ناڕازیبوونی خێزانەکەی بەفەرمانی کوێرانەی خۆشەویستیی، ملی بۆ ئارەزووی خۆی کەچکردو شووی پێکرد. بەخێرایی و نهێنییەکی واوە شووی پێکرد کەوا نەدەهاتەبەرچاو خۆشەویستیی تاکە هۆی زەماوەندەکە بێت و رەنگبوو بۆ داپۆشینی هەڵخلیسکانێکی پێشوەخت بەشێوەی کڵاوێکی شەرعی زەماوەندەکە کرابێت. بیست و پێنج ساڵ دوای ئەوە، لۆرێنزۆ دازا هەستی بەوە نەکرد کەئەو کەللەڕەقییە لەمەسەلەی خۆشەویستیی کچەکەیدا، بریتییە لەدووبارە بوونەوەی مێژووی شوومی خۆی و سەبارەت بەو بەدبەختییەی لای ماڵە خەزورانی گلەیی دەکرد کەپێشان دژی ئەو بوون و ئەوانیش لەکاتی خۆیدا گلەییان کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کاتانەی کە بەڕازو گلەییەوە بەسەردەبران، بەلای فێرمینا دازاوە دەرفەتێ بوون بۆئەوەی بەقازانجی خۆشەویستییەکەی سوودیان لێوەربگرێت. بەجۆرێ کاتێ بۆ خەساندنی کەڵ و رامکردنی هێسترەکان دەچوو بۆ سەرخاکە بەپیتەکانی خزمی ژنەکەی، فێرمینا ئازادبوو کاتی خۆی لەگەڵ دەستەیەك لەکچە خاڵەکانی بەسەرکردایەتی هیلدیبراندا سانچیز بەسەر بەرێ کە لەهەموویان جوانتر

میهرەبانتربوو، بەناچاری حەزوئارەزووی بەوەندە تێر دەبوو کە بەدزییەوە تەماشای دڵدارەکەی بکات کەبیست ساڵ لەخۆی گەورەتربوو، خاوەنی ژن ومناڵ بوو.
پاش ئەوەی مانەوەیان لە(ڤاییدوپار) تەواو درێژەی کێشابوو، دواجار تەواوبوو، بەناو چەمەنزارو داری بەردارو بەرزاییەکانی بەرامبەر شاخەکاندا تێپەڕین و بەناو گردۆڵکەو قەدپاڵەکاندا درێژەیان بەسەفەرەکەیاندا، لەهەموو دێهاتەکاندا وەکو گوندی یەکەم بەمۆسیقاو فیشەکە شێتەی خاڵۆزاو پوورزا سەربەگۆبەندە تازەکان و بروسکە وردەکانی دایرەی تەلەگراف پێشوازییان لێکرا. پاش ئەوە فێرمینا تێگەیشت کە ئەو ئێوارەیەی گەیشتبوونە (ڤاییدوپار) حاڵەتی نائاسایی لەئارادا نەبووە، بەڵکو لەوناوچە پڕپیت وبەرەکەتەدا هەموو رۆژێکی هەفتە وەکو رۆژانی جەژن و پشوو بەسەر دەبەن. میوانەکان شەو بگەیشتنایەتە هەرشوێنێ، لەوێ دەخەوتن و لەهەرشوێنێ برسییان بوایە لەوێ نانیان دەخوارد. دەرگای هەمووماڵەکان بەڕوویاندا کرابۆوە و هەمیشە جۆلانە هەڵخرابوو، خواردنێك کەهەندی گۆشتی تێدا بوو لەسەر ئاگربوو، بۆئەوەی ئەگەر میوانەکان بەر لەوکاتەی کە لەبروسکەی ئاگادارکردنەوەی چوونیاندا دیاریکرابوو گەیشتن، ئامادەبن و تەقریبەن هەمیشە هەروابووە. هیلدیبراندا سانچیز کەبەگیانێکی چالاکانەوە فێرمینای بەئالۆزییە تیکەڵ وپێکەڵە خوێنییەکان هەتا سەرچاوەی ئەسڵوفەسڵی ئاشنادەکرد، لەباقی سەفەرەکەیدا هاوڕێی بوو. فێرمینا زۆرشت سەبارەت بەخۆی تێگەیشت. بۆ یەکەمجار هەستی بەئازادی ر پشتگیریی و یارمەتی کردو سییەکانی پڕبوون لەهەوایەکی تازە کەدڵنیایی و ئارەزووی ژیانیان بۆ دەگەڕاندەوە. لەساڵانی کۆتایی تەمەنیدا هێشتا ئەم سەفەرەی بەیاد دەهاتەوە کەهەرجارە روونترو تیکەڵ بەغەمی غوربەت لەیادەوەرییدا تازە دەبۆوە. شەوێك کەبەگێژوویژی لەگەشتی رۆژانە گەڕابۆوە ئەوەی بۆ ئاشکرابوو کەنەك هەر دەتوانێت بەهۆی

خۆشەویستییەوە خۆشحاڵبیت بەڵکو بەبێ خۆشەویستییش دەتوانێت خۆشحاڵ بێت. ئەم دۆزینەوەیە هەراسانیدەکرد، چونکە یەکێ لەخاڵۆزاکانی بەرێکەوت گوێی لەگفتوگۆی لۆرینزۆ دازا ببوو لەگەڵ دایک و باوکیدا کەپێشنیازی بیرۆکەی زەماوەندکردنی فێرمینای لەگەڵ تاقە میراتگری سامانی ئەفسانەیی (کلیۆ فاس مۆسکۆتێ) دا کردبوو.

فێرمینا دازا دەیزانی ئەو کەسە کێیە. لەمەیدانەکاندا دیبووی کە لەسەر پاشوو یاری بەئەسپە رەسەنەکانی دەکرد کەبەزین و بەرگی گرانبەهایانەوە لەپەیکەری رازاوەی رێورەسمی عەشای رەببانی دەچوون. قۆزو سەرنجراکێشبوو، برژانگەکانی خوماراوی بوون کەدەیانتوانی دڵی وەك بەرد بکەن بەئاو. بەڵام فێرمینا کە لەمێشکی خۆیدا لەگەڵ فلۆرنتینۆ ئەریزای لەپولاوازدا، کە لەبن دارچوالەی تاڵدا لەپارکە بچووکەکەدا دانیشتبوو، کتێبێکی شیعری لەسەر ئەژنۆی دانابوو، بەراوردیکرد، تەنانەت سێبەرێکی گومانیشی لەناودڵیدا نەدۆزییەوە.

هیلدیبراندا سانچیز لەو رۆژانەدا دوای ئەوەی چووبووە لای فاڵچییەك سەبارەت بەنهێنیزانی ژنەکە سەراسیمە ببوو لەئومێدەوارییەوە ورێنەی دەکرد. فێرميناش لەترسی نیازەکانی باوکی، بۆ راوێژکردن چوو بۆ لای فاڵچییەکە. کاغەزەکانی بەختگرتنەوە پێیانوت کە لەداهاتوودا کۆسپێك لەبەردەمی شووکردنێکی دووروودرێژ و بەختەوەردا نابێ، ئەم پێشبینییە هەناسەی بەبەردا هێنایەوە چونکە نەیدەتوانی ئەو چارەنووسە باشە لەگەڵ هیچ پیاوێکدا وێنا بکات جگە لەوکەسەی خۆشیدەویست. فێرمینا دازا بەسەرفرازییەوە لەم یەقینە، حوکمی چارەنووسی قبوڵکردو بەمپێیە ئاڵوگۆڕی بروسکەکانی لەگەڵ فلۆرنتینۆ ئەریزادا لەشێوەی (کۆنشێرتۆ)ی پێکترو جدیتربوو. ئەم جووتە کاتیان دیاریکردو وزەو توانای خۆیان هەڵسەنگاند، بەبڕیاری هەردووکیان گرەویان لەسەر ژیانی خۆیان کرد

کەبەیکەرانەوە بۆلای هیچ کەسێ هەرکاتێ و لەهەر شوێنێ بەیەک گەیشتنەوە بەهەر شێوەیەک بێت زەماوەندبکەن. فێرمینا دازا هێندە خۆی بەپابەندی ئەم پەیمانە دەزانی کەشەوێکیان کاتێ باوکی ڕێگەی پێدا لەیەکەمین ئاهەنگی سەمای گەنجانی شاری (فۆنسیکا) دا بەشداریبکات، وابیریکردەوە کەقبوڵکردنی ئەمە بەبێ ڕەزامەندی دەزگیرانەکەی شتێکی باش نابێت. فلۆرنتینۆ ئەریزا ئەوشەوە لەگەڵ لۆتاریۆ توگوتدا لەئوتێلی ڕاگوزەران یاری کاغەزی دەکرد، کاتێ پێیانوت بۆ پەیوەندییەکی بەپەلە لەرێی تەلەگرافەوە داواکراوە.

کارمەندی تەلەگراف (فۆنسیکا) لەسەرخەتبوو کەبۆئەوەی فێرمینا دازا بتوانێت مۆڵەتی بەشداری لەئاهەنگی سەمادا وەربگرێت ناچاربیوو حەوت خەتی پەیوەندی دابخات. بەهەرحاڵ، کاتێ مۆڵەتی لێوەرگرت تەنها بەو وەڵامە ئەرێیە رازی نەبوو هەربۆیە داوای بەڵگەیەکی کرد بۆئەوەی دڵنیابێت کەئەوە خودی فلۆرنتینۆ ئەریزایە لەسەرخەتەو وەڵامدەداتەوە. فلۆرنتینۆ ئەریزا کەزیاتر لەوەی دڵخۆش بێت سەری سوڕمابوو، وەکو بەڵگە "پێی بڵێ من بەخوداوەندی تاج لەسەر سوێند دەخۆم" ی دروستکردو ناردی، فێرمینا دازا بەڵگەکەی ناسییەوەو هەتا سەعات حەوتی بەیانی لەئاهەنگی سەماکە مایەوە، کەناچاربوو بۆ فریاکەوتنی ڕێوڕەسمی عەشای ڕەببانی بەپەلە خۆی بگۆڕێت. تا ئەوکاتە، زیاتر لەوکاتەی باوکی نامەکانی گرت، نامەو بروسکەی لەباوەڵەکەیدا حەشاردابوو، فێری ئەوە ببوو کەچۆن وەکو ژنێکی مێردار ڕەفتاربکات. لۆرێنزۆ دازا ئەم گۆڕانی ڕەفتارەی وەکو سەلماندنی ئەو تیۆرە لێکدەدایەوە کەدووری و کات بەسەر ئارەزووی گەنجانەی کچەکەیدا زاڵبوون. بەڵام هەرگیز دەربارەی ئەو پرۆژەی شووکردنەی کەبڕیاریان لێدابوو قسەی لەگەڵ نەدەکرد. پەیوەندیان لەگەڵ باوکیدا گەیشتبووە رادەی هەڵکردنی ڕووکەش ئەمەش ئەنجامی ئەو شێوازە بوو کەفێرمینا لە دوای دەرکردنی ئیسکۆلاستیکای پووری گرتبوویەبەر،

ئەم شێوازە بواری ئەوەی دەدا کەپێکەوە هەڵکردنی کاتیی ئەم کچ و باری هێندە ئاسان بێت کەکەس گومانی لەوە نەدەکرد هەموو کارەکە لەسەر رووکەش بنیاتنراوە.

لەم ماوەیەدابوو فلۆرنتینۆ ئەریزا بڕیاریدا لەنامەکانیدا ئەوە ب فێرمینا بڵێت کەبەنیازە لەپێناوی ئەودا گەنجینەی کەشتییە نقومبووەکە دەربهێنێتەوە ئەمەش راستی بوو. ئێوارەیەکی هەتاو لەکاتێکدا ئەم بیرۆکەیە وەکو بروسکە بەمێشکیدا هات کەماسییەکی بێشومار لەئەنجامی بەکاهێنانی بەنگی سپی لەلایەن ماسیگرەکانەوە سەرئاو کەوتبوون و رووی دەریاکەیان سپی کردبوو وادەهاتە بەرچاو کەبەئەلەمنیۆم داپۆشرابێت. باڵندەکان بەئاسمانەوە بۆ ئەم قەسابخانەیە هەرایەکیان نابۆوە ماسیگرەکان ناچاربوون بەسەوڵ دووریان بخەنەوە بۆئەوەی نەیەڵن لەبەرهەمی ئەم موعجیزە قەدەغەیەدا لەگەڵیاندا ببنە برابەش. حکومەت لەسەردەمی کۆلۆنیالییەوە بەکارهێنانی بەنگی سپی قەدەغەکردبوو کەماسی دەبووژانەوە، بەڵام ئەم کارە لەناو ماسیگرانی کاریبیدا وەکو شێوازێکی باو بەردەوامبوو تا ئەوکاتەی بەکارهێنانی دینامیت جێگای گرتەوە. لەوماوەیەدا کەفێرمینا لەسەفەر بوو، یەکێك لەکات بەسەربردنەکانی فلۆرنتینۆ ئەریزا ئەوەبوو لەبەندەرەکە دابنیشێت و تەماشای ئەو ماسیگرانە بکات کەبەسەر شەپۆلەکانەوە بوون و ئەو تۆڕانەیان دەکردە ناو بەلەمەکانیانەوە کەپڕ بوون لەماسی لەهۆش خۆچوو. لەهەمان کاتدا کۆمەڵی کوڕوکاڵ کەوەکو ماسی قرش مەلەیان دەکرد داوایان لەو تەماشاکەرە لاپلەرسەنگانە (فزولانە) دەکرد پارەی وردە فرێ بدەنە ئاوەکەوە بۆئەوەی ئەمان لەقووڵایی ئاوەکەدا بەمەلە دەریبهێننەوە. ئەمانە هەمان ئەو ئۆقیانووسبڕەکان مەلەیان دەکردو شارەزاییان لەهونەری چوونە ژێر ئاودا ببوو بەبابەتی زۆربەی ئەو وتارو ریپۆرتاژانەی لەلایەن گەڕیدەکانی

ئەورووپاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دەنووسران. فلۆرنتینۆ بەرلەوەش لەبارەی ئەم کوڕوکاڵە مەلەوانانەوە کۆمەڵێ شتی دەزانی، بەڵام هەرگیز ئەوەی بەخەیاڵدا نەهاتبوو کەرەنگە ئەمانە بشتوانن سامانی ناو کەشتییە نقوومبووەکە دەربهێننەوە. لەو ئێوارەیەدا ئەم خەیاڵەی بەمێشکدا هات و لەیەکشەممەی دوای ئەوەوە هەتا گەڕانەوەی فێرمینا، واتە تەقریبەن ساڵێ دوای ئەوە، هۆیەکی دیکەی بەدەستەوە بوو بۆ وڕێنەکانی.

ئۆکلیدیس، کەیەکێك بوو لەکوڕوکاڵە مەلەوانەکان، تەنها دوای ده دەقە قسەکردن لەگەڵ فلۆرنتینۆ ئەریزادا بەقەد خودی ئەو سەبارەت بەبیرۆکەی گەڕان لەژێر ئاوەکەدا تووشی هەژانبوو، بەڵام فلۆرنتینۆ بەتەواوی پەردەی لەسەرڕاستی پرۆژەکەی لانەدا، کەچی ئۆکلیدیس تواناکانی خۆی وەکو دەریاوانێك و وەکو کەسێك کەدەتوانێت بچێتە ژێر ئاوەوە بەدرێژی بۆ فلۆرنتینۆ باسکرد. فلۆرنتینۆ ئەوەی لێپرسی کەدەتوانێت بەبێ هەوا بیست مەتر بچێتە قووڵایی دەریاوەو ئەویش پێیوت بەڵێ. لێپرسی ئایا توانای ئەوەی هەیە کە لەناو زریان و لەناوەڕاستی دەریادا بەلەمێکی ماسیگرتن بەپشت بەستن تەنها بەوزەوتوانای خۆی لێبخوڕێت، ئۆکلیدیس وتی بەڵێ. لێپرسی دەتوانێت خاڵێکی دیاریکراوی دەریایی لەدووری شانزە میلی دەریاییەوە بەرەو باکووری خۆرهەڵاتی گەورەترین دوورگەی کۆمەڵە دوورگەی (ئەرخەبیل سوتافیینتۆ) بدۆزێتەوە، وتی بەڵێ. لێپرسی ئامادەیە بەهەمان ئەو کرێیەی کەماسیگرەکان دەیدەنێ لەبەرامبەر یارمەتیدانیاندا بۆ ماسیگرتن کاری لەگەڵدا بکات بەپێنج ریاڵی زیادەشەوە بۆ رۆژانی یەکشەممە، ئۆکلیدیس وتی بەڵێ. لێپرسی دەزانێت لەبەرامبەر هێرشی ماسی قرشدا داکۆکی لەخۆی بکات، ئۆکلیدس وتی بەڵێ چونکە فرت وفێڵی سیحراوی دەزانێت بۆ ترساندنیان. دواجار لێپرسی ئایا دەتوانێت نهێنی نەدرکێنێت، تەنانەت ئەگەر لە کۆشکی دادگای پشکنیندا بیخەنە ژێر ئامرازەکانی ئەشکەنجەدانیشەوە، ئۆکلیدیس وتی بەڵێ.

لەڕاستیدا ئۆكلیدیس لەوەڵامی هیچ پرسیارێكدا نەیدەوت نەخێرو باش دەیزانی چۆن بە وورەیەكی سەقامگیرەوە بڵێ بەڵێ كەجێگای هیچ گومانێك لەوەڵامەكەیدا نەمێنێتەوە. پاش ئەم پرسیارانە ئۆكلیدیس خەرجییەكانی خەملاند: كرێی بەلەم، كرێی سەوڵەكانی بەلەمەكە، كرێی كەلوپەلی ماسیگرتن بۆئەوەی لەڕێگەی جرت وفرتیانەوە كەس هەست بەمەستی ڕاستەقینەی شاراوەیان نەكات. هەروەها پێویستبوو خواردن، قەرابەیەك ئاوی شیرین، فانۆسێك، دەستەیەك مۆمی چەورو كەرەنایەكی ماسگرتن لەگەڵ خۆیدا ببات كە لەكاتی پێویستدا بۆ فریاكەوتن فوی پێدابكات.

ئۆكلیدیس تەمەنی نزیكەی دوانزە ساڵێ دەبوو، بەدەنی پتەوو چوست وچالاك بوو بەدەنی لەمارماسیەك دەچوو كەدەیتوانی بەپەنجەرەی كەشتییەكدا بێت و بچێت بێئەوەی كەس پێی بزانێت. هەتاو وەها پێستی سووتاندبوو كەوێناكردنی ڕەنگە بنەڕەتییەكەی كاری كردە نەبوو، ئەم هەتاو سووتاندنەی چاوە كارەباییەكانی درەوشاوەتر نیشاندەدا. لەهەمان دانیشتندا فلۆرنتینۆ ئەوەی بۆ ئاشكرابوو كەئۆكلیدیس هاوبەشێكی زۆر چاكە بۆ ئەم كارە مەزنە سەرچڵانەیە، بەبێئەوەی خۆیان بخافڵێنن، لەیەكشەممەی دوای ئەوەوە دەستبەكاربوون.

كازیوەبوو كەتەییارو بەكەلوپەلی تەواوە لەبەندەری ماسیگرانەوە بەڕێكەوتن. ئۆكلیدیس تەقریبەن رووت و تەنها بەتوێی پارچە قوماشێك كەهەمیشە دەیئاڵان لەناوقەدیەوە ئامادەبوو، فلۆرنتینۆ ئەریزا، بە چاكەتێكی فەروو، كڵاوێكی ڕەش و جووتێ پێڵاوی چەرمی بریقەدارەوە، دەسرە شێوە پەپوولەییە شاعیرانەكەی كردبووە ملی و كتێبێكیشی بۆ كات بەسەربردن لەكاتی گەشتەكەیاندا بەناو دوورگەكاندا هێنابوو. هەر لەو یەكشەممەیەوە فلۆرنتینۆ تێگەیشت كەئۆكلیدیس هەم دەریاوان و مەلەوانێكی ژێرئاوی چاكەو هەم توانایەكی سەرسوڕهێنەری هەیە بۆ قسەكردن لەسەرسروشتی دەریاو وردە ئاسنەكانی كەناری دەریا. دەیتوانی

چاوەڕوان نەکراوترین وردەکاریی مێژووی هەریەکە لەبۆدییە ژەنگ لێدراوەکانی کەشتییەکان باسبکات. تەمەنی هەر بۆدییەکی سەرناوکەوتوو، ئەسڵی هەرپاچەیەکی شکاوو فڕێدراوی دەزانی، ژمارەی ئەڵقەکانی ئەو زنجیرانەشی دەزانی کەئیسپانییەکان دروازەی کەنداوەکەیان پێداخستبوو، فلۆرنتینۆ ئەریزا لەترسی ئەوەی نەبادا لەمەبەستی سەفەرەکەی ئەمیش تێگەیشتبێت، هەندێ پرسیاری زۆڵانەی لێکردو لەم ڕێگەیەوە لەوە تێگەیشت کەبچووکترین گومانی سەبارەت بەکەشتییە نقومبووە نییە کە لەژێرئاودایە.

لەوکاتەوە کەفلۆرنتینۆ ئەریزا بۆ یەکەمجار لەئوتێلی ڕاگوزەراندا چیرۆکی ئەو گەنجینەیەی بیست، تا لەتوانایدابوو دەربارەی ڕێڕەوی ئەو جۆرە کەشتییانە زانیاری کۆکردەوە: لەوە تێگەیشت کە (سان خوسێ) تەنها کەشتی نییە لەقووڵاییە مەرجانییەکاندا. بەڵکو کەشتی سەرکردایەتی بوو لە گەلە کەشتی (تیرا فیرمێ) دا کە لەفێستیڤاڵی (پورتوبیلو)ی خورافییەوە لەپەنەماوە بەڕێکەوتبوو. لەوێ هەندێ لەسامانەکەی بارکردبوو: سێسەد سندوق زیوی پیرۆ ڤیراکروز و سێسەدو دە سندوق مرواری کە لەدوورگەی کۆنتادورا کۆکرابۆوەو ژمێردرابوو. (سان خوسێ) دوای ئایاری ١٧٠٨ گەیشتبووە ئێرەو مانگێکی تەواو مابۆوەو ڕۆژو شەوی بۆ فێستیڤاڵی میللی تەرخانکردبوو، باقی گەنجینەکەیان بارکردبوو کە بۆ ڕزگارکردنی پاشانشینی ئیسپانیا لەگرفتی دارایی لەبەرچاوگیرابوو: سەدو شانزە سندوق زمڕوتی مۆزو وسوموندوکۆ و سێ ملیۆن سکەی ئاڵتوون بوو.

کەشتیگەلی (تیرا فیرمێ) کە لەدوانزە کەشتی قەبارە جیاواز پێکهاتبوو لەم بەندەرەوە کەوتبووەڕێ لەگەڵ ژمارەیەك کەشتی فەڕەنسیدا کەپارێزگارییان لێدەکردن و زۆرباش چەکدار کرابوون. سەرەڕای ئەوەش کەشتییە حیمایەکان نەیانتوانی لەبەرامبەر تۆپی نیشانشکێنی گەلەکەشتی ئینگلیزدا کەبەفەرماندەیی قۆماندان کارلۆس واگیر بوو خۆیان ڕابگرن، کە لە

دوورگەکانی (سوتا فینتۆ) و دەروازەی کەنداودا چاوەڕێی گەلەکەشتییەکەی کردبوو هەربۆیە (سان خوسێ) تەنها کەشتی نقومبوو نەبوو. ئەگەرچی هیچ بەڵگەنامەیەکی وردی تۆمارکراو لەبەردەستدا نەبوو کەباس لەوەبکات چەند کەشتی نقومبوون و چەندیش توانیوویانە لەدەستی تۆپەکانی ئینگلیز خۆیان قوتاربکەن. بەڵام ئەوەی گومانی تێدانەبوو ئەوەبوو کەیەکەم کەشتی سەرکردایەتی بەسەراپای کەشتیوانان و فەماندەکەشیانەوە کە لەشوێنی سەرکردایەتی جووڵەی ئەکرد یەکەم کەشتی بوو کەنقومبوو، دووەم کەشتییەکە زۆرترین باری بارکردبێ. فلۆرنتینۆ ئەریزا ڕێگای کەشتییە کۆنەکانی لەڕێگەی نامەی هەندێ لەکاپیتانی کەشتی ئەو زەمانەوە دۆزیبووەوە پێیوابوو کەشوێنی نقوومبوونی کەشتییەکەی دەستنیشانکردووە. ئۆکلیدیس وفلۆرنتینۆ دورگەی بچووکی نێوان هەردوو قەڵای (بۆکاچیکا)یان بەجێهێشت و دوای چوار سەعات سەوڵ لێدان گەیشتنە ئاوێکی ئارام کە لەکەناری دورگەکانی (ئەرخەبیل)ەوە دووربوو واتە گەیشتنە قووڵاییە مەرجانییەکان ئەو جێگایەی کەدەیانتوانی قرژاڵی ناو ئاوەکە بەدەستبگرن. کەشوهەوا هێندە ساف و دەریا هێندە ئارامبوو کە فلۆرنتینۆ خۆی لەناوئاوەکەدا بەهەڵگەڕاوەیی بینی. لەکۆتایی زەلکاوەکەوە، واتە لەدووری دووسەعات لەگەورەترین دورگەوە، گەیشتنە شوێنی کەشتییە نقومبووەکە.

فلۆرنتینۆ ئەریزا کە بەجلوبەرگی ڕەسمی و لەبەرهەتاوی دۆزەخیدا وەختەبوو گیانی دەردەچوو بەئۆکلیدیسی وت کەدەبێت بیست مەتر بچێتە قووڵاییەوەو لەبن ئاوەکەدا هەرچییەکی بەردەست کەوت بیهێنێتە سەرەوە. ئاوەکە ئەوەندە روونبوو ئۆکلیدیسی دەبینی کەوەکو ماسییەکی قرشی ڕەش بەناو ماسییە قرشە شینەکانی دیکەدا کەبەبێئەوەی بەریبکەون بەلایدا تێدەپەڕین، بەرەو قووڵایی دادەگەڕێت. پاشان بینی کە لەناو بێشەیەکی مەرجانیدا لەچاو ونبوو ڕێک لەوکاتەدا کەوای بەخەیاڵدا دەهات کەهەوا

لەسپییەکانیدا نەماوە، لەدوای خۆیەوە گوێی لەدەنگیبوو. ئۆکلیدیس لە کاتێکدا دەستی بەرز کردبۆوە و ناو تاکەمەری هاتبوو لەناو ئاوەکەدا وەستابوو. بەمشێوەیە لەکاتێکدا هەر بەرەوباکوور دەجوولان و بەسەر ماسی (ماتاراتا)ی گەرم و ماسی (حەبار)ی تۆقیو و گوڵ و گژوگیای سێبەرەکاندا دەرۆیشتن و لەو شوێنانەدا کەقوڵتربوون درێژەیان بەگەڕاندا، تا ئەوەی ئۆکلیدیس بەو ئەنجامە گەیشت کەخەریکە وەختی خۆیان بەفیڕۆدەدەن و وتی:

-ئەگەر پێم نەڵێی دەتەوێ چی بدۆزمەوە، نازانم چۆن بیدۆزمەوە!

بەڵام فلۆرنتنیۆ هیچی پێنەوت ئەوسا ئۆکلیدیس پێشنیازیکرد کەجلەکانی داکەنێ و تەنانەت ئەگەر بۆ بینینی ئاسمانی زێڕینی جیهانی زۆر قووڵییە مەرجانییەکانیش بووە، لەگەڵیدا بچێتە قووڵاییەوە. بەڵام فلۆرنتینۆ هەمیشە دەیوت خودا بۆ ئەوە دەریای دروستکردووە تا لەودیو پەنجەرەوە لێی بڕوانین و هەرگیز فێری مەلەکردن نەببوو. کەمێ دوای ئەوە، ئێوارە هەوری هێناو دنیا ساردو شێداربوو وەها لەناکاو دنیا تاریکبوو کەناچاربوون بەهۆی رووناکی فانۆسە دەریاییەکەوە بەلەمەکە لێبخوڕن و بەندەرەکە بدۆزنەوە. بەرلەوەی بگەنە دورگە بچووکەکە، کەشتییەکی هەڵمی سپی گەورەی ئۆقیانووسبڕی فەرەنسی لەنزیکیانەوە تێپەڕی کەتەواوی گڵۆپەکانی دەدرەوشانەوەو بەدوای خۆیدا خەتێکی باریکی هەڵمی بەجێدەهێشت کەبۆنی گۆشتی تازەی لێنراوو قەرنابیتی کوڵاوی لێدەهات.

بەمشێوەیە سێ یەکشەممەیان بەفیڕۆدا و ئەگەر فلۆرنتینۆ ئەریزا بڕیاری نەدایە کەئۆکلیدیس لەڕازەکەیدا بەشدار بکات هەموو یەکشەممەکانیان بەو شێوەیە بەفیڕۆدەچوو. لەوە بەدواوە ئۆکلیدیس سەراپای نەخشەی گەڕانەکەی چاککردەوە و بە کەناڵی کۆنی کەشتییەکاندا کەوتنەڕێ واتە زیاتر لەبیست فرسەخی دەریایی بەرەو خۆرهەڵاتی ئەو شوێنەی کە فلۆرنتنیۆ ئەریزا دیاریکردبوو. لەدوو مانگ کەمتر تێپەڕیبوو کە

لەئێوارەیەکی بارانی سەردەریادا، ئۆکلیدیس کاتێکی زۆر لەژێر ئاودا مایەوەو بەلەمەکە ئەوەندە بەسەر ئاوەکەدا ڕێیکرد بۆئەوەی بەبەلەمەکی بگاتەوە دەبوو نزیکەی نیو سەعات بەمەلە بڕوات. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەوە زیاتر نەیدەتوانی بەسەوڵ لیدان لێی نزیکبێتەوە. دواجار کاتێ ئۆکلیدیس هاتە ناو بەلەمەکەوە، دوو پارچە خشڵی ڕازاندنەوەی ژنی لەدەمی دەرهێنا و بەجۆرێ نیشانیدان وەك ئەوەی خەڵاتی کارەکەی بەدەست هێنابێت.

ئەوەی ئۆکلیدیس پاش ئەوە باسیکرد هێندە سەرسوڕهێنەربوو کەفلۆرنتینۆ ئەریزا بەڵێنی بەخۆیدا تا ئەوپەڕادەیە خۆی فێری مەلەو چوونە ژێر ئاوبکات کەبتوانێت بچێتە قووڵاییەوەو ئەوەی هەیە بەچاوی خۆی ببینێ. ئۆکلیدیس وتی لەو شوێنەدا واتە تەنها هەژدە مەتر لەژێر ئاوەکەدا، هێندە کەشتی کۆن لەنێوان گردە ئاوییە مەرجانییەکاندا هەن کە لەژماردن نایەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەناوچەیەکی بەرفراواندا بڵاوبوونەتەوە تاچاوهەتەر دەکات کۆتاییان نایەت. وتی لەوەش سەرسوڕهێنەرتر ئەوەیە بۆدی هیچ کەشتییەکی کەنداوەکە بەقەد بۆدی کەشتییە نقومبووەکان تۆکمە نییە. هەروەها وتی چەند کەشتییەکی چارۆکەدار لەژێر ئاوەکەدان کەچارۆکەکانیان هێشتا وەك خۆیان ماونەتەوەو کەشتییە نقومبووەکان تەنانەت لەو ژێرەشدا بەجوانی لەیەکتری جیادەکرێنەوە. وادیاربوون کە لەگەڵ کات وشوێنی خۆیاندا نقومبوون و دەتگوت هێشتا هەتاوی سەعات یانزەی ڕۆژی شەممەی مانگی حوزەیرانیان لێدەدا، واتە ئەو ڕۆژوسەعاتەی تیایدا نقومبوون. هێزی سەرسوڕهێنەری خەیاڵ وەختەبوو دەیتاساند کەوتی لەهەموویان ئاسانتر بۆ دەستنیشانکردن کەشتی (سان خۆسێ)یە، لەبەرئەوەی پیتی ئاڵتوونی ناوی کەشتییەکە هێشتا بەبەشی دوایەوە بەدیدەکرێت، بەڵام ئەم کەشتییە بەهۆی تۆپەکانی ئینگلیزەوە زۆرترین زیانی بەرکەوتووە، وتی هەشت پێیەکی لەناویدا دیوە کەتەمەنی لەسێ سەدە زیاترە شاخە هەستیارەکانی لەلوولەی تۆپەکانەوە هێناوەتەدەرێ د

وەها لەهۆڵی نانخواردندا پانبۆتەوە کەبۆ رزگارکردنی دەبێت کەشتییەکە تێکبشکێنرێت. هەروەها وتی لاشەی فەرماندەکەی دیوە کەبەجلوبەرگی سەربازییەوە لەژووری فەرماندەیی کەشتییەکەدا کەحەوزێکی ئاوی لێدروستبووە لەسەرلا کەوتووەو وتیشی بۆ هێنانەدەرەوەی هەموو گەنجینەکە لەوە زیاتر نەچۆتە قووڵاییەوە تەنها لەبەرئەوەبووە کەچیتر هەوا لەسیەکانیدا نەماوەو بەڵگەشی بەدەستەوەبوو: گوارەیەك کە زمڕوتی پێوە بوو، میدالیك کەوێنەی پاکیزەی پیرۆزی پێوەبوو، زنجیرێك کە لەئەنجامی خوێوە ژەنگ لێیدابوو.

لەم کاتەدا بوو فلۆرنتینۆ ئەریزا بۆ یەکەمجار لەنامەیەکدا بۆ فێرمینا دازا کەماوەیەك بەرلەوەی لە (فۆنسیکا) بگەڕێتەوە بۆی نارد، ئاماژەی بۆ مەسەلەی گەنجینەکە کرد. چیرۆکی کەشتییە نقومبووەکە بەلای فێرمینا دازاوە نامۆ نەبوو چونکە چەندینجار لەلایەن لۆرینزۆ دازای باوکییەوە بیستبووی کەئەویش هەم کات و هەم پارەشی لەهەوڵیدا بۆ قەناعەتپێکردنی پیاوانی کۆمپانیای ژێردەریاییەکانی ئەڵمان بەفیڕۆدابوو کەدەیەویست سەرنجیان رابکێشێ بۆئەوەی لەدەرهێنانی گەنجینە نقومبووەکەدا یارمەتیبدەن. ئەگەر ژمارەیەك لەئەندامانی کۆلیژی مێژوو قەناعەتیان پێنەکردایە کەئەفسانەی کەشتییە نقومبووەکە یەکێك لەفەرمانڕەوا دزەکانی کۆلۆنییەکان دروستیکردووە کە لەم رێگەیەوە دەستی بەسەر سامانی پاشایەتیدا گرت و جگە لەحیکایەتێکی دەستکرد شتێکی دیکە نییە، لۆرینزۆ دازا سووردەبوو لەسەر ئەوکارە سەرچڵانەیە. بەهەرحاڵ، فێرمینا دازا دەیزانی کەشتییەکە دەستی مرۆڤی پێناگات و بەپێچەوانەی ئەوەوە کەفلۆرنتینۆ باسیکردبوو لەقووڵایی دووسەد مەتردایە نەك بیست مەتر. بەڵام فێرمینا هێندە لەگەڵ هەڵبزرکاندنە شاعیرانەکانی فلۆرنتینۆ ئەریزادا راهاتبوو سەرچڵی دەرهێنانی کەشتییەکەی وەکو یەکێك لەگەورەترین هەڵبزکاندنەکانی دڵدارەکەی نرخاند، کاتی نامەی زیاتری

پێگەیشت کەفلۆرنتینۆ وردترو خەیالاویتر بەدرێژی باسی مەسەلەکەی دەکردو سووربوونی خۆی لەبەلێنی عاشقانەی دووپاتدەکردەوە، ناچاربوو لای هیلدیبراندا دان بەوەدا بنێت کەترسی ئەوەی هەیە دلدارە جادولێکراوەکەی بەتەواوی ئەقلی لەدەستدابێت.

بەدرێژایی ئەم ماوەیە ئۆکلیدیس بەڕادەیەک بەلگەی بۆ پەسەندکردنی چیرۆکەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنابووە دەرەوە کەئیدی مەسەلەی گەمەکردن بەگوارەو مستیلەی پەڕاگەندە لەنێو مەرجانەکاندا لە ئارادانەبوو، بەلکو ئامادەکردنی سەرمایە بەمەبەستی یەک هەنگاوی گەورەو گرنگ بۆ رزگارکردنی باری هەر پەنجا کەشتییەکە کەگەنجینەی بابلییان تێدابوو هاتەئاراوە. پاش ئەوە رووداوێک کەدرەنگ یان زوو دەبوو ڕوویبدایە روویدا: فلۆرنتینۆ ئەریزا داوای یارمەتی لەدایکی کرد بۆئەوەی سەرچلییەکەی بگەیەنێتە سەرەنجامی سروشتی خۆی. تەنها کارێ کەدەبوو دایکی بیکات و کردی، گازگرتن لەخشلی کانزایی و تەماشاکردنی گەوهەرە شووشەییەکان بوو لەبەر رووناکیدا بۆئەوەی تێبگات کەسێک دەیەوێت لەسەرساویلکەیی کوڕەکەی خۆی بژیەنێت. ئۆکلیدیس لەبەرامبەر فلۆرنتینۆ ئەریزادا بەچۆکدا هات و سوێنی خوارد کە فرتوفێڵ لەکارەکەیدا نەبووە. بەلام لەڕۆژی یەکشەممەی داهاتووەوە ونبوو، ئیدی نە لەبەندەری ماسیگرەکان و نەلەهیچ جێگایەکی دیکە کەس چاوی بەچارەی نەکەوتەوەو بۆهەمیشە ونبوو.

تەنها شتێ کەفلۆرنتینۆ ئەریزای لەو سەرچلییە سەرنەکەوتووە رزگارکرد پەناگەی عاشقانەی فانۆسی دەریایی بوو، شەوێک پاش ئەوە لەقوولایی دەریاکەدا لەناکاو رووبەڕووی زریانی دەریا بووەنەوە لەگەڵ ئۆکلیدیسدا بەبەلەمەکەوە پەنایان بۆ پەناگەی فانۆسی دەریایی بردبوو، لەوە بەدواوە ئێواران دەچوو بۆ ئەوێ بۆ قسەوباس لەگەڵ کارمەندی فانۆسی دەریاییدا دەربارەی شتە سەرسوڕهێنەرەکانی دەریاو وشکانی کەکارمەندەکە زانیاری تەواوی لەبارەیانەوە هەبوو. ئەو دۆستایەتییەی

کەبەو شێوەیە دەستی پێکردبوو سەرەڕای گۆڕانکارییە زۆر وزەوەندەکانی دنیا بەزیندوویی مایەوە. پێش راکێشانی وزەی کارەبا بۆمان، فلۆرنتینۆ ئەریزا سەرەتا ئەوە فێربوو کەگڕی فانۆسەکە بەلێژنەدارو پاشان بەبەرمیلی گەورەی نەوت بەرۆشنی بهێڵێتەوە. ئەوەش فێربوو کەچۆن رووناکی فانۆسی دەریایی ئاراستەبکات وبەئاوێنە رووناکییەکەی زیادبکات، چەندانجار کەکارمەندی فانۆسی دەریایی نەیدەتوانی لەقولەی دیدەوانییەوە چاودێری شەوی دەریابکات، فلۆرنتینۆ مایەوە بۆئەوەی ئەمکارەبکات. ئەوەفێربوو کەبەدرێژایی ئاسۆ بەدەنگ و ژمارەی چراکانیاندا کەشتییەکان بناسێتەوە و هەست بەوەش بکات کە لەقولەی رووناکی فانۆسی دەرییاییەوە رووناکی لێیدەدا. لەڕۆژداو بەتایبەتی لەرۆژانی یەکشەممەدا سەرگەرمییەکی دیکەش هەبوو، لەگەڕەکی شازادە نشینەکاندا، واتە ئەوشوێنەی خەڵکە دەوڵەمەندەکانی شار تیایدا دەژیان، بەشی کەناریی دەریای تایبەتی ژنان بەدیوارێکی قوڕین لەکەناری دەریای تایبەتی پیاوان جیادەکرایەوە. کەنارێک لای راستی و ئەوی تریان لای چەپی فانۆسە دەرییاییەکەوەبوو، هەربۆیە کارمەندی فانۆسە دەرییاییەکە دووربینێکی بچووکی دانابوو کەهەرکەسێ بیویستایە دەیتوانی لەوێوە بەیەك سەنتاڤ تەماشای کەناری ژنان بکات، بێئەوەی بزانن تەماشایان دەکرێت، کچەکانی کۆمەڵگای پێشکەوتوو لەو کەنارەدا هەتا لەتوانایاندا بووایە بە نەعل و کڵاوو جلوبەرگی رەنگاو رەنگی مەلەکردنەوە خۆیان دەنواند کەتەقریبەن بەهەمان رادە لەش و لاریانی دادەپۆشی کە لەسەرشەقام دایدەپۆشی و لەمەش بترازێت کەمتر سەرنجراکێشبوون. دایکیشیان بەهەمان جلوبەرگ وکڵاوە پەڕدارەکانی سەریان و ئەوچەترانەوە کەپێوەی دەچوون بۆ رێوڕەسمی عەشای رەببانی لەوشکانیدا لەسەر کورسی حەیزەرانی بزۆز دادەنیشتن لەترسی ئەوەی نەبادا پیاوانی کەنارە نزیکەکان کچەکانیان لەخشتەبەرن، لەناو لمەکانی کەنارەوە وریاییان دەکردن. راستی مەسەلەکە ئەوەبوو کە لەدووربینەکەوە

پیاو نەیدەتوانی شتێکی وروژێنەرتر لەوە ببینێت کە لەسەرشەقام دەیتوانی ببینێت، بەڵام مشتەرییەکی زۆری هەبوو کەهەموو یەکشەممەیەك دەهاتن بۆنەوەی تەنها لەزەتێکی هیچ وپووچ لەبەری میوەی نامۆو قەدەغە بکەن و لەسەروەرگرتنی دووربینەکە شەڕیان دەکرد.

فلۆرنتینۆ ئەریزاش یەکێکبوو لەوانەی کەزیاتر لەبەر دڵتەنگیی دەهاتنە ئێرە تا بۆڕابواردن، لەبەر ئەم ئەنگێزە زیادەیە نەبوو کەبووە هاوڕێیەکی باش بۆ کارمەندی فانۆسی دەریایی، بەڵکو هۆی سەرەکی، ئەوەبوو کەدوای ئەوەی فێرمینای لێدوورکەوتەوە دەیویست بەعیشقێکیتر جێگای خۆشەویستیی ئەو پڕبکاتەوە و لەمکاتەدا گیرۆدەی خۆشەویستیی جۆراوجۆربوو، تەنها لەشوێنی فانۆسی دەریایی دەیتوانی کاتێکی خۆشتر بەسەرببەرێت و لەوێ باشترین دڵدانەوەی بۆ بەدبەختییەکانی چنگدەکەوت. ئەوێ شوێنێك بوو کە لەهەموو شوێنێ زیاتر حەزیی لێیبوو، حەزوو ئارەزووی بۆ ئەوشوێنە ئەوەندە زۆربوو کەساڵەهای ساڵ هەوڵیدا تایەکەمجار قەناعەت بە دایکی و دواتر بەمامی لیۆنی دوانزەهەم بکات کەیارمەتی بدەن لەکڕینی ئەو شوێنەدا. پێویستە بگوترێت کە لەوڕۆژانەدا فانۆسە دەریاییەکانی دەریای کاریبی موڵکی تایبەتی بوون و خاوەنەکانیان کرێی تێپەڕبوونیان بە بەندەرەکەدا بەپێی گەورەیی و بچووکی لەکەشتییەکان وەردەگرت. فلۆرنتینۆ ئەریزا پێی وابووکەئەمە تاکە سەرچاوەی شەریفانەیە بۆ کارێکی گونجاو لەپاڵ شیعردا، بەڵام نەدایکی هاوڕایبوو نەمامی و کاتێ خۆشی توانای کڕینی فانۆسی دەریایی پەیدا کرد، ئیدی فانۆسە دەریاییەکان ببوون بەبەشێك لەموڵکی دەوڵەت.

بەهەرحاڵ، هیچ یەکێ لەم خەونانە بێهوودە نەبوون: حیکایەتی کەشتییە نقوومبووەکەو دواتریش فانۆسی دەریایی لەکەمکردنەوەی ئەو ئازارانەدا یارمەتییان دەدا کە لەدووری فێرمینا دازاوە سەرچاوەیان گرتبوو، لەکاتێکدا کە لەبێخەوە چاوەڕێی نەدەکرد هەواڵی گەڕانەوەی هات و

راستبوو کەلۆرینزۆ دازا دوای مانەوەیەکی دووروودرێژ لە (ریۆ هاچا) بڕیاریدابوو بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی. ئەو وەرزە بەهۆی با ناڵەبارەکانی کانوونی یەکەمەوە، نەگونجاوترین وەرزی سەفەری دەریایی بوو، ئەو کەشتییە کۆنە چارۆکەدارەی کەخۆی لەم سەفەرە دەدا رەنگبوو بەهۆی بای پێچەوانەوە رەوانەی ئەو بەندەرە بکرێتەوە کەلێوەی بەڕێکەوتووە ئەمەش روویدا: فێرمینا دازا شەوێکی پڕ ئازارو ئەشکەنجەی بەسەربرد، رشایەوە و لەتاو ئازار لوولبوو، لەناو کابینەیەکدابوو کەنەك هەر زۆربچووك بوو بەڵکو ئەوەندەش گەرم وبۆگەن بوو کە لەئاودەستخانەی ئوتێلەکانی ئاوڕێ دەچوو، بەقایشی چەرم بەجێگای نووستنەکەیەوە بەسترابۆوە. هێندە خۆی رادەپسکاند کەچەندان جار وای هەستدەکرد قایشەکانی پچڕاندووە. بەسەرسەریەوە قیژەو هاواری غەمگینانەی دەهاتەگوێ وەك ئەوەی هی خنکاوبن، جیڕە جیڕی تەختەی فەرماندەیی کەشتییەکەی وادەهاتە گوێ کەوەختە تێك و پێك دەشکێ، پرخەی پڵنگ ئاسای باوکی لەپێخەفەکەی تەنیشتییەوە ترس وتۆقینی زیاتردەکرد. لەماوەی ئەوسێ ساڵەدا کەبەسەر سەفەرەکەیدا تێپەڕیبوو تەقریبەن بۆ یەکەمجاربوو کەتەواوی شەوەکەی بەبێداری بەسەربردبوو بێئەوەی تەنانەت بۆ ساتێکیش بیر لەفلۆرنتینۆ ئەریزا بکاتەوە. لەهەمانکاتدا فلۆرنتینۆ لەبەشی دواوەی ژوورەکەدا بەبێ ئارامییەوە لەناو جۆلانەکەیدا راکشابوو لەچاوەڕوانیی ئەودا ئەودەقانەی یەکەیەکە دەژمارد کەبەلایەوە بێکۆتاییبوون. تازە بەیانی دابوو کە لەناکاو باکەی خست و دەریا ئارامبۆوە و فێرمینا کە لەتەق وهوڕی زنجیری لەنگەرەکە خەبەری ببۆوە هەستیکرد کەسەرەڕای سەرەگێژەی دەریا خەوی لێکەوتووە. پاش ئەوەی خەبەری بۆوە قایشەکانی شلکردەوە بەهیوای بینینی فلۆرنتینۆ ئەریزا لەپشێوی بەندەرەکەدا بەرەو پەنجەرەی کەشتییەکە چوو، بەڵام تاکە شتێ کە لەپەنجەرەکەوە بەدیکرد بینای کڵاو ئەوروپایی بوو لەنێوان چەتری دارخورماکاندا کەبەهۆی یەکەم تیشکی خۆرەوە ئاڵتوونیی

دەچوونەوە، پاش ئەوە چاوانی تەختە رزیوەکانی شوێنی بارداگرتنی (ریۆ هاچا)ی بینی کەکەشتییە چارۆکەدارەکەی شەو لەوێوە چارۆکەی هەڵدابوو، بەڕێکەوتبوو. باقی رۆژەکە بەلایەوە وەکو خەونێک وابوو: لەناو ئەوخەیاڵەدا ونبوو کەبەشێك لەژیانی دووبارە دەبێتەوە خۆی لەهەمان ماڵدا بینییەوە کەتا دوێنێ تیایدا ژیابوو، خەریکبوو پێشوازیی لەومیوانانە دەکرد کەخواحافیزی لێکردبوون، هەمان ئەوقسانەی دەبیست کەبیستبوونی و ئێستا دووبارەیان دەکردنەوە. ئەم دووبارەکردنەوەیەی رابردوو ئەوەندە بەوردی روویدا کەفێرمینا دازا لەخەیاڵی ئەوەی کەسەفەری کەشتییەکەش دووبارە بێتەوە، مچوڕکە بەلەشیداهات، لەبەرئەوەی یادەوەریی کەشتییەکە دەیتۆقاند. بەهەرحاڵ، لەبەرئەوەی شەڕێکی ناوخۆی تازە لەویلایەتی (کاوکا) لە شاخەکانی (ئەندین) دەستیپێکردبوو، خەریکبوو سەراپای ویلایەتەکانی کاریبی دەگرتەوە، تەنها هۆکارێکی دیکە کەدەیانتوانی پێی بێنەوە بۆماڵەوە دووهەفتە سواربوونی هێستربوو بەشاخەکاندا لەهەلومەرجێکی ترسناکتردا لەوەی پێشوو، بەمپێیە لەسەعات هەشتی ئەو شەوەدا جارێکی دیکە لەلایەن هەمان خزمانی سەرقاڵ و بەهاتوهاوارەوە کەهەمان فرمێسکی ماڵئاواییکردنیان دەڕشت و بەهەمان تێکەڵی وپێکەڵی دیاری و بوخچەکانی دواساتەوە کە لەکابینەکاندا جێگەیان نەدەبۆوە، تابەندەرەکە بەڕێکران. کاتێ بەڕێکەوتن پیاوانی بنەماڵەکە پێکەوە بەتەقەکردن بەئاسماندا کەشتییەکەیان بەرێکرد و لۆرینزۆ دازاش لەسەر کەشتییەکەوە بەتەقاندنی پێنج گوللە بەدەمانچەکەی وەڵامیدانەوە. باری لەباری دەریا کەبەدرێژایی شەو بەردەوامبوو ترسی فێرمینا دازای رەواندەوە. بۆنی خۆشی جۆرەها گوڵ دەهاتە لووت و ئەمەش یارمەتیدا کەبەبێ بەکارهێنانی قایشی سەلامەتی، بەئیسراحەت بخەوێ و خەونی بەفلۆرنتینۆ ئەریزاوە ببینێت. لەخەونیدا ئەوەی بینی فلۆرنتینۆ ئەو دەموچاوەی لادا کەئەم هەمیشە دیبووی و لەڕاستیدا دەمامکبوو، بەڵام

دەموچاوی راستەقینەی خۆشی کتومت لەوەدەمامکە دەچوو کەدەیکرد بەڕوخسارییەوە. فێرمینا کەشەیدای رازی خەونەکەی ببوو، زۆر زوو خەبەریبۆوە لەجێگاکەی هەستا، باوکی بینی کە لەتەنیشت شوێنی کاپیتانی کەشتییەکەوە وەستاوەو قاوەی کێوی و براندی دەخواتەوەو لەئەنجامی زۆر خواردنەوەوە چاوانی چەپ و چیڕ بوون و سەبارەت بەگەڕانەوەیان کەمترین نیشانەی دوودڵییان تێدا بەدیناکرێ.

لەکاتی چوونە ناوەوەی بەندەرەکەدابوون، کەشتییەکەیان بەناو کپی و بێدەنگیی و پێچاوپێچی نێوان کەشتییە چارۆکەدارە لەنگەر هاویشتووەکان و پەناگەی کەناری بازاڕی گشتییدا کەبۆنی ناخۆشی تاچەند فرسەخێکی ناودەریاکە دەهات، دەکشا. بەرەبەیان دەریاو کەنارەکە بەوردەبارانێکی یەك ریتم تێربببوو کەزۆر زوو گۆڕا بەبارانێکی بەلێزمە. فلۆرنتینۆ ئەریزا کە لەهەیوانی تەلەگرافخانەکە گوێ قولاغ وەستابوو، کەشتییەکەی ناسییەوە بەچارۆکەکانییەوە کەباران تەڕی کردبوو ونیشاندبووی بەکەنداوی (لاس ئەنیماس)دا تێپەڕی و لە لەنگەرگای بازاڕ لەنگەری هاویشت. رۆژی رابردوو لەبەیانییەوە تاسەعات یانزەی پێشنیوەڕۆ چاوەڕێی کردبوو تا بەڕێکەوت لەڕێگەی تەلەگرافێکەوە تێگەیشتبوو کەشتیەکە بەهۆی بای پێچەوانەوە دوادەکەوێت ولەسەعات چواری بەیانی ئەمڕۆوە کە کەشتییەکە بەڕێوەبوو دووبارە گەڕابۆوە بۆشوێنی چاوەڕوانیکردن. فلۆرنتینۆ بەردەوام چاوەڕوانیی دەکردو چاوی لەوبەلەمە ماتۆڕیانە نەدەتروکاند کەئەو رێبوارانەیان دەهێنا بۆ کەنارەکە کەسەرەڕای ئەوانەکە بڕیاریاندابوو دابەزن. زۆر لەو بەلەمە ماتۆڕیانە بەرلەوەی بگەنە کەنار لەقوڕدا چەقین و زۆربەی سەرنشینەکانیان ناچاربوون بەلەمەکان بەجێبهێڵن و شڵپ وهوڕ خۆیان لەقوڕ وەربدەن و خۆیان بگەیەننە بەندەرەکە. چاوەڕوانیی بێهوودە بۆخۆشکردنەوەی بارانەکە هەتا سەعات هەشت درێژەی کێشا، دواجارکرێکارێکی رەشپیستی کۆڵبەر کەهەتاکەمەری

لـەناودا نقومببـوو لەقـەراغی کەشـتییەکەوە فێرمینـا دازای خستە سەردەستەکانی و بەوشێوەیە گەیاندییە کەنار. فێرمینا هێندە تەڕببوو کەفلۆرنتینۆ نەیتوانی بیناسێتەوە.

فێرمینا دازا هەستی بەوە نەکردبوو کە لەماوەی ئەو سەفەرەدا چەند پێگەیشتووە و تەنانەت باڵغیش بووە. تاپێی خستە ناو ماڵە دەرگا داخراوەکەیانەوە و بەبێ دوودڵی و ئازایانە دووبارە ئەرکی ڕێکخستنەوەی ماڵەکەی بەشێوەیەك لەئەستۆ گرت کەشایستەی تێدا ژیان بێت ئەم کارەشی بەیارمەتی گالاپلاسیدیای خزمەتکاری رەشپێست ئەنجامدا کەهەر لەگەڵ بیستنی هـەواڵی گەڕانەوەیانـدا لەگـەڕەکی کـۆنی کۆیلەکانـەوە خۆی گەیاندبووە ماڵی فێرمینا. فێرمینا دازا ئیدی ئەوکچە نازدارەی جاران نەبوو کەباوکی هەم دەیچەوساندەوەو هەم نازیشی دەکێشا، بەڵکو کەیبانوو و شاژنی ئیمپراتۆریەتی تـەپوتۆزو و ئـەو تـەونی جاڵجاڵۆکانـەبوو کەتەنها بەهێزی لەشکان نەهاتووی خۆشەویستیی دەکرا پاکبکرێنەوە. فێرمینا سڵی لەم مەملەکەتە نەدەکردەوە، چونکە هەستیدەکرد شەهامەتێکی باڵا چۆتەناو بوونییـەوە کەئـەو هێـزەی پێدەبەخـشێ دنیـا بجوڵێنێـت. لەهـەمان شـەوی گەڕانەوەیاندا، لەکاتێکدا لەسەر مێزی گەورەی موبەقەکە خەریکی خواردنی کولیـچەی گـەرم و پـەنیر بـوون، بـاوکی دەسـەڵاتی بـەڕێوەبرنی ماڵەکـەی پێسپاردو ئەم کارەی بەڕێوڕەسمێکی واوە ئەنجامدا دەتوت ڕێوڕەسمێکی پیرۆز جێبەجێ دەکات و وتی:

—من کلیلەکانی ماڵەوە بەتۆ دەسپێرم.

فێرمینا دازا بە ویقاری ئەوحەڤدە ساڵ تەمەنەوە کەبەڕێیکردبوو، بەدەستێکی قایم و ئاگادارەوە لەوەی کەهەر رادەیەك ئازادی بەدەستهێناوە بەهۆی هێزی خۆشەویستییەوە بووە، دیارییەکەی لـەباوکی وەرگرت. ڕۆژی دوای ئەوە، دوای ئەو شەوەی کەبەخەونی پڕمۆتەکەوە بەسەریبردبوو، کاتێ ئەو پەنجەرەیـەی کردەوە کەبەسـەر هەیوانەکـەدا دەڕوانێت و دووبـارە ورده

بـارانی غـەمیگنی بـینی بەسـەر پارکەکـەدا دەبـاری و پەیکـەری پاڵەوانـە بێسەرەکەو ئەوکورسـییە درێـژە بەردینـە سـپییەی کـەفلۆرنتینۆ ئـەریزا بەکتێبی شیعرەکەیەوە لەسەری دادەنیشت هاتنەبەرچاوی، بەدەست یەکەم هەستی ناخۆشی لەماڵەوە بەندبوونەوە ئازاری چەشت. ئیدی وەکو دڵدارێك کە قابیلی دەستپێگەیشتن نییە بیری لە فلۆرنتینۆ ئەریزا نەدەکردوە، بەڵکو بەلایـەوە مێردێکـی راستـەقینەبوو کـەدڵ و رۆحـی بـەوەوە شـەتەك درابـوو. هەستیدەکرد بەهۆی دوورییەوە لەفلۆرنتینۆ گەلێ دەرفەتی لەکیسداوە، ژیان بەبێ ئەوچەند سەختە و چەند پێویستی بەخۆشەویستییە بۆئەوەی ئەوەندە پیاوەکەی خۆشبوێت، کـەخودا پێیخۆشە. بـەڵام سـەبارەت بـەوەی کـەوەکو جاران لەوێدا نەیبینی کەسەرەڕای باران بارین دەهات بۆ پارکە بچووکەکەو هیچ نیشانەیەکی لێوەر نەگرتبوو تەنانەت بە ئاماژەش سەری سوڕمابوو، ئەوخەیاڵە لەناکاوەی بەمێشکیدا گوزەریکرد کەڕەنگە مردبێ گیانی هێنایە لـەرزین. بـەڵام بەلەبەرچـاوگرتنی ئـەوەی لەسـەراپای بروسـکەکانی ئـەم دواییەیاندا ئەوەیان لەبیرکردبوو دوای گەڕانەوەی فێرمینا کەنزیکبوو، بڕیار لەسەر چۆنێتی پەیوەندی کردن بەیەکترییەوە بدەن، ئەوخەیاڵە شـەیتانییەی لەمێشکی خۆی دەرکرد.

راسـتی مەسـەلەکە لای فلۆرنتینـۆ ئـەریزاوە ئـەوەبوو کـەدڵنیابوو لەوەی فێرمینـا دازا هێشتا نەهاتۆتـەوە تاکارمەنـدی تەلـەگراف (ریـۆ هـاچا) جەختی لـەوەکردەوە کـەفێرمیناو بـاوکی رۆژی هـەینی بەهـەمان کەشـتی بەڕێکـەوتوون کـەڕۆژی پـێش ئـەوە لەبـەربای پێچەوانە نەگەیشتبووەجێ. دوای ئـەوە فلۆرنتینـۆ ئـەریزا رۆژی کۆتـایی هەفتــەی بەچـاودێری و تەماشاکردنی نیشانەی ژیـان لـەماڵی فێرمینـا دازادا بەسـەربردو لـەتاریك و روونـی ئێـوارەی دووشـەممەدا چـرایەکی بـینی کەبەرامبـەر پەنجـەرەکان تێدەپەڕی و بەسـەراپای ماڵەکـەدا دەجـووڵا کـەمێك دوای سـەعات نـۆ لـەو ژووری نووستنەی کەلەسەر هەیوانەکەبوو کوژایەوە. ئەمبارە خەوی لەچاوی

فلۆرنتینۆ تاراندبوو، دووبارە گیرۆدەی ئەودڵەڕاوکێ ترسناکەبۆوە کە لەیەکەمین شەوەکانی خۆشەویستییدا پەرێشانی کردبوو. ترانسیتۆ ئەریزا هەراسان لەوەی کەکوڕەکەی نیوەشەوچووبووە حەوشەو هێشتا نەهاتبۆوە ژوورەوە، لەگەڵ یەکەمین خوێندنی کەڵەشێردا کەقفڵی بێدەنگیی شکاند، هەستاو لەحەوشەکەدا فلۆرنتینۆی نەبینی. چووبوو بۆلای بەندەرەکە بۆئەوەی شیعرە دڵدارییەکانی بدات بەگوێی باداو هەتا بەیانی فرمێسکی تاسەی دووری بڕێژێت. سەعات هەشتی بەیانی هاتەوە سەرخۆی لەکاتێکدا ماندوێتی و بێخەوی لوولیکردبوو لەژێر تاقنمای چایخانەی بارۆکێدا دانیشتبوو، هەوڵیدەدا باشترین ڕێگا بۆ بەخێر هاتنەوەی بدۆزێتەوە کەهەستیکرد مچوڕکەیەکی هەورە بروسکە ئاسا بەدڵیدا هات و هەموو گیانی خستە لەرزین.

خۆی بوو، فێرمینا دازابوو- گالا پلاسیدیا کەشان بەشانی دەڕۆیشت زەمیلەکانی شت کڕینی بەدەستەوەبوو- بەمەیدانی کلێسای گشتییدا تێدەپەڕین و فلۆرنتینۆ بۆ یەکەمجار فێرمینای دەبینی کەجلوبەرگی قوتابخانەی لەبەردانەبوو. لەوکاتە بالآبەرزتربوو کەچوو بۆسەفەر، جوانتر و پێگەشتووتربوو، جوانییەکەی وەك هی ژنێکی ژیر بێگەردبوو. تاقە پرچە هۆنراوەکەی درێژتربوو، بەڵام لەجیاتی ئەوەی لەپشتی سەرییەوە بەریبداتەوە بەسەرشانی چەپیدا بەریدابۆوە و ئەم گۆڕانە سادەیە هەموو نشانەکانی منالیی لە سیمایدا دەسڕییەوە. فلۆرنتینۆ ئەریزا هەروا مات ومەدهۆش لەشوێنی خۆی مایەوە تابووکی خەونەکانی بەبێ ئەوەی تەماشای راست وچەپی خۆیبکات، بەمەیدانەکەدا تێپەڕی. بەڵام هەرکە فێرمینا لەگۆشەی دیواری کلێسای گشتییدا دیارنەماو وەکو دەنگی پێی بەسەر بەردڕێژە ناڕێکەکەدا، لەناو دەنگە دەنگی گوێکەڕکەری بازاڕدا ونبوو، هەمان ئەوهێزە لەبەربەرەکانێ نەهاتووەی ئیفلیجی کردبوو ناچاری کرد کەبەخێرایی دوایبکەوێت.

فلۆرنتینۆ بەبینەوەی خۆی ئاشکرا بکات لەکاتێکدا کەبەدوای فێرمینادا دەڕۆیشت، تەماشای جووڵەو ئاماژەی ئاسایی و ئاسکی و ڕەفتاری و پێگەیشتنی لەناکاویشی دەکرد کەزیاتر لەهەر شتێکی دنیا عاشقیبوو، بۆیەکەمجار لەکەسێکدا بەشێوەی سروشتی دەیبینی. سەری لەوە سوڕمابوو کەدەیبینی فێرمینا بەوئاسانییە بەناو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا ڕێگا بۆخۆی دەکاتەوە، کەچی گالا پلاسیدیا بەزەمیلەکانی دەستییەوە لەناو خەڵکەکەدا گیردەخوات و بۆئەوەی بەفێرمینا بگاتەوە ناچاردەبێت رابکات. فێرمینا چەشنی شەمشەمەکوێرەیەك کەبەتاریکیدا بفڕێت، بێئەوەی بەرکەس بکەوێت، بەناو قەرەباڵغی شەقامەکەدا تێدەپەڕی. تەقریبەن هەمیشە لەگەڵ ئیسکۆلاستیکای پووریدا هاتبوو بۆ بازاڕ و لەولایەنەوە کەباوکی، هەموو شتێکی ماڵەکەی لەئەستۆدەگرت لەکڕینی ئازووقەی ناو ماڵەوە بگرە هەتا کەلوپەلی ناو ماڵ و تەنانەت جلوبەرگی ژنانەش، فێرميناو پووری تەنها هەندێ شتی وردەو مردەیان دەکڕی، هەربۆیە یەکەم گەڕانی دەرەوەی ماڵەوە بەلایەوە مەسەلەیەکی سەرنجراکێشبوو، لەخەونە شیرینەکانی کچێنی بوو.

فێرمینا دازا نەبایەخی بەقیرسچەیی فاڵچییەکان دەدا کەدەیانەویست شەربەتی خۆشەویستیی هەمیشەیی بەسەردا ساغبکەنەوەو نەگوێی بەتکاو رجاو پاڕانەوەی ئەوسوڵکەرانە دەدا کەبەبرینە پڕکێمەکانیانەوە لەبەردەرگاکاندا تەخت ڕاکشابوون، نەبایەخی بەوهندییە ساختەچییەدا کەدەیەویست تیمساحێکی دەستەمۆی پێبفرۆشێت، بێئەوەی ڕێگایەکی دیاریکراوی لەخەیاڵدا بێت درێژەی بەگەڕانی بەرفراوان و دوورو درێژی دەدا و تەنیا ئەنگێزەیەك کەناچاریدەکرد بوەستێت، لەزەت وەرگرتن بوو لەچۆنێتی خودی شتەکان. پێیدەخستە بەرهەر دەرگایەکەوە کەشتێکی بۆ فرۆشتن هەبوو، دەچووە هەرشوێنیکەوە کەئارەزووی بۆ ژیان زیاددەکرد. لەزەتی لەبۆنی خۆشی گوڵ دەکرد کە لەوقوماشانە بەرزدەبۆوە کە لەناو

سندوقدا بوون، قوماشی ئاوریشمی نەخشێنراو بەوێنەی لەخۆیەوە دەئاڵاندو کاتێ لەبەرئاوێنەی بالأنمای (گوڵدن وایەر)دا خۆی بینی کەبەر شانەیەوە کەدابووی لەقژی بە باوەشێنی گوڵدارەوە لەژنێکی مەدریدی دەچوو پێکەنی و بەپێکەنینەکەی خۆی پێکەنییەوە. لەدووکانێك کەخواردەمەنی هاوردەی دەفرۆشت سەری بەرمیلێکی لادا کەشاماسی تێدابوو شەوانی باکووری خۆرهەڵاتی بیرهاتەوە کاتێ کچێکی بچووکبوو، لە(سان خوان دی لاسییناگا) دەژیا. سوسیسێکی دەسکردی (ئەلیکانتێ) یان بۆ هێناو تاقیکردەوەو تامی شیرینی بەیادهاتەوە، بۆبەرچایی شەموان دوو دانە لەوەو چەند ماسیەك و شووشەیەك کشمیشی سووری کڕی. لە دووکانی بەهاراتدا تەنیا بۆنەوەی لەزەت لەبۆنەکەیان بکات گەڵای گوڵ مریەم و پونگەی کێوی کردە سەرلەپی دەستی و هەریەکە لۆیچێکی لەمێخەکی بۆندارو رازیانەو رەگی زەنجەفیل و سەروی کێوی کڕی، لەکاتێکدا بۆنی بیبەری هندی هێنابوویە پژمین و لەپێکەنیندا فرمێسك زابووە چاوانییەوە، سەرقاڵی کڕینی سابوونی رۆتیرو بۆنی ئەلبانی هندی بوو کەدووکاندارێك کەمێك لەو بۆنەیدا لەبناگوێی کەئەو رۆژگارە لەفەڕەنسا بەشێوەیەکی بەربلاو بەکاردەهات، حەبێکی بۆنخۆشکردنی ناودەمی پێشکەش کرد کە لەدوای جگەرە کێشان بەکاردەهات.

گومان لەوەدانییە فێرمینا گەمەی بەشتکڕین دەکرد، بەلام ئەو شتانەی کەپێویستی بوو بەبێ رامان دەیکڕی و بەبالأدەستییەکی واوە ئەم کارەی دەکرد کەس نەیدەتوانی وابیر بکاتەوە کەبۆ یەکەمجارە شتدەکڕێت. هۆی دڵنیایی لەشت کڕیندا ئەوەبوو کەتەنها شتی بۆ خۆی نەدەکڕی بەڵکو شتی بۆ فلۆرنتینۆ ئەریزاش دەکڕی. دوانزەمەتر کەتان بۆ سەرچەفی مێزەکەیان، قوماشێکی لۆکەیی بۆ سیسەمی بووك و زاوایەتییان کەبەجواناوی تەوبڕی بەدەنی جووتبوویان تابەیانی تەڕدەبوو، دڵپەسەندترین شتی دەکڕی بۆئەوەی هەردووکیان لەماڵی خۆشەویستییدا

لێی بەهرەمەندبن. مامەڵەی داشکاندنی دەکردو شتەکانیان بۆ دادەشکاند. بەتاقەت و ویقارەوە مشتومڕی دەکرد تاباشترین شتی دەکڕی، بەجۆرێ بەپارەی ئاڵتوونی پارەی شتەکانیدەدا کەدووکاندارەکان هەربۆ لەزەتی بیستنی زرەی پارەکان لەسەرمێزی مەرمەڕی دووکانەکانیان تاقیانەدەکردەوە.

فلۆرنتینۆ ئەریزا بە سەرسوڕمانەوە چاودێری دەکردو بەشەوق و زەوقەوە بەدوایدا دەڕۆیشت. چەندینجار بەرزەمیلەی خزمەتکارەکە کەوت و خزمەتکارەکەش لەوەڵامی عوزرخوازییەکانیدا بزەی دەهاتێ. فێرمینا دازا لەماوەیەکی هێندە کەمەوە بەلایدا تێپەڕی کەتوانی هەست بەبۆنە خۆشەکەی بکات کەفلۆرنتینۆ ئەریزای نەبینی لەبەرئەوە نەبوو کە لەبەرامبەر ئاراستەی نیگایدا نەبوو بەڵکو لەبەر ئەوشێوە لووت بەرزانەیەبوو کە لەڕێکردنیدا هەیبوو. فێرمینا دازا لەبەرچاوی فلۆرنتینۆ ئەوەندە جوان ودڵفڕێنبوو، هێندە لەخەڵکی ئاسایی جیاوازبوو کەنەیدەتوانی لەوە حاڵیبێت کەبۆچی هیچ کەسێ جگە لەخۆی لەتەقەی پاژنەی پێڵاوەکانی بەسەرشۆستەی شەقامەکەدا پەرێشان نەدەبوو، چۆن دڵی هیچ کەسێکی شێت وشەیدا نەدەکرد بەو شەماڵەی کە لەهەناسەی حەسرەتهێنەری دروستدەبوو، لەچکەکەی دەجولاندەوە. چۆن کەسانی دی لەجووڵەی پرچی هۆنراوەی، لەجوڵەو لەرەی دەستی و لەخەندەی منالانەی شێت نەدەبوون. هیچ جوڵەیەکی فێرمینا لەچاوی بەدوورنەبوو تەنانەت نیشانە دیارەکانی کەسێتیشی. بەلام لەترسی ئەوەی نەبادا زیان ەو دڵفڕێنییە بدات نەیدەوێرا لێی نزیکبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ ێرمینا دازا خۆیکرد بەناو قەرەباڵغیی پڕئاشووبی گوزەری سەرداپۆشراوی ەرزوحاڵنووسەکاندا، فلۆرنتینۆ ئەریزا وای بەخەیاڵداهات ڕەنگە ئەوساتە کیس بدات کەئەو هەمووساڵە حەزو ئارەزووی بووە.

فێرمینا دازا و هاوڕێکانی لەقوتابخانە لەسەر ئەو مەسەلەیە هاوڕابوون کەگوزەری عەرزوحاڵنووسەکان شوێنێکی بەدناوە، بێگومان شایانی ئەوەنییە خانمە بەڕێزو سەنگینەکان بچنە ئەوێ. گوزەری عەرزوحاڵنووسەکان جێگایەکی تاقداربوو کەڕێك بەرامبەر مەیدانی بچووکی وێستگەی گالیسکەو عەرەبانەی کرێبوو کەگوێدرێژ رایدەکێشان. لەم جێگایەدا مامەڵەی ڕۆژانە پڕدەنگە دەنگترو لەناو قەرەباڵغییەکی زیاتردا ئەنجامدەدرا. ئەم بازاڕە ناوەکەی لە سەردەمی کۆلۆنیالییەوە بۆمابۆوە واتە کاتێ عەرزوحاڵنووسە کەمدووەکان کەبەهێلەك و سەرقۆڵی زیادەوە سەرەتای کاریان بەدانیشتن لەوێدا دەستپێکرد کەچاوەڕوانی هەقدەستی وەرگرتن بوون لەخەڵکی ستەمدیدە کەبۆرێکخستنی جۆرەها بەڵگەنامە، سەردانی ئەوشوێنەیان دەکرد: نامەی نارەسمی سکاڵا یان داخوازی، بانگکردنی یاسایی، کارتی پیرۆزبایی، پرسەنامەو نامەی دڵدارییان بۆ هەموو تەمەنێ دەنووسی، هەموو ئەمانەشیان بەپارەیەکی کەم بۆ خەڵك دەنووسی. هەڵبەتە عەرزوحاڵنووسەکان تەنها کەسانێ نەبوون کەئەو ناوبانگە خراپەیان بەوبازاڕە بەخشی، بەڵکو ئەم بازاڕە ناوبانگە خراپەکەی بەهۆی ئەو کەسانەوە پەیداکرد کەبەقاچاغ هەموو شتێکی گوماناوییان تێدا دەفرۆشت، ئەو شتانەی کە لەرێگەی قاچاغچییەکانەوە بەهۆی کەشتییە ئەوروپاییەکانەوە دەگەیشتنە ئەوێ کە لەوێنەی رووتی سۆزانییەکان و مەرهەمی زیادکردنی ئارەزووی سێکسییەوە بیگرە تا لاستیکی زەکەر "کۆندۆم" بۆ بەرگرتن لەسکپڕبوون کە لەکاتی جووتبووندا دەجولا یان ئەو لاستیکانەی گوڵیان پێوەبوو، لەکاتی جووتبووندا پەڕەکانی گوڵەکە دەکرانەوە. فێرمینا دازا کەتاڕادەیەك سەبارەت بەعادەتی بازاڕ بێئەزموون بوو بۆ هەڵاتن لەخۆری سووتێنەری سەعات یانزە لەکاتێکدا بەدوای پەنایەکی سێبەردا وێڵبوو بێئەوەی بزانێت بۆ کوێ دەچێت لەگوزەری عەرزوحاڵنووسەکانەوە سەریدەرهێنا.

فێرمینا لەناو هاواری بۆیاخچییە مێردمناڵەکان و چۆلەکە فرۆش و کتێب فرۆشە گەڕۆکەکان، دکتۆرە جادوگەرەکان و شیرینی فرۆشەکاندا نقومبوو کە لەناو قەرەباڵغی خەڵکەکەدا قیژەیان بەیەکدادەچوو، هاواریان دەکرد. شیرینی ئەناناس بۆ گیانی شیرینت، شیرینی گوێزی هندی زوو فریایکەوە، لەجیاتی شەکری وردە کەللە بەرەوە. بەڵام فێرمینا بێئەوەی گوێ بەدەنگەدەنگەکە بدات بەرەو لای کەلوپەلی قوتابخانە کشا کەمەرەکەبە سیحراوییەکانی خستبووەڕوو. مەرەکەبی سوور رەنگی وەك خوێن، مەرەکەبێ بەرەنگێکی غەمگینانەوە بۆ نووسینی پرسەنامە، مەرەکەبی بریسکەدار بۆ خوێندنەوە لەتاریکیدا، مەرەکەبی نادیار کە لەبەررووناکی دەردەکەوت. فێرمینا هەمووجۆرەکانی دەویست، بۆئەوەی بتوانێت لەگەڵ فلۆرنتینۆ ئەریزادا گەمەبکات و بەو رەنگانە سەراسیمەی بکات، بەڵام دوای چەندانجار خەت لێدان بڕیاریداو شووشەیەك مەرەکەبی ئاڵتوونیی کڕی. پاشان بەرەو لای شیرینی فرۆشەکان چوو کە لەودیو شووشە خڕو گەورەکانیانەوە دانیشتبوون، لەبەرئەوەی لەناو دەنگەدەنگەکەدا دەنگی پێیان نەدەگەیشت لەودیو شووشەکەوە بەدەست شیرینییەکەی نیشانداو لەهەر جۆرەی شەش دانەی کڕی: شەش دانە قژی فریشتە، شەش دانە کونجی، شەش دانە کولیچەی کاساڤا، شەش دانە شوکولاتە، شەش دانە خواردنی شاژن، شەش دانەپسکیتی ناوچەور. شەش دانە لەمەو شەش دانە لەوەو شەش دانە لەهەر شتە، بەسەرنج راکێشانێکی لەبەربەرەکانێ نەهاتووەوە لەکاتێکدا بەتەواوی خۆی لەمێشانە لادەدا کەبەسەر شیلەکاندا دەخولانەوەو گیزەیان دەهات و گوێی بەدەنگەدەنگ و بۆنی ناخۆشی عارەق نەدەدا کە لەوگەرما کوشندەیەدا وەکو کڵافە بەیەکدادەچوو، شیرینییەکانی دەخستەناو یەکێ لەزەمیلەکانی خزمەتکارەکەوە. فەموو لێکردنی ژنێکی رەشپێست کەپارچەیەك قوماشی رەنگاورەنگی لەسەرییەوە ئاڵاندبوو فێرمینای لەوئەفسوونە ورياکردەوە.

ژنێکی گۆشتنی جوانبوو بۆخواردنی پارچەیەك ئەناناس فەرمووی لێکرد کەبەدەمی چەقۆیەکی قەسابییەوەبوو. فێرمینا ئەناناسەکەی لەدەمی چەقۆکە کردەوەو یەکجێ خستییە دەمییەوە و کەوتە جاوینی، لەکاتێکدا کەچاوی بەناو قەرەباڵغییەکەدا دەگێڕاو ئەناناسەکەی دەجاوی ترسێکی لەپڕ لەشوێنی خۆی چەقاندی: لە دوایەوە هێندە لەنزیکی گوێچکەیەوە ی لەوهەرایەدا تەنها خۆی توانی بیبیستێ، گوێی لەدەنگی فلۆرنتینۆبوو کەدەیوت:

-ئێرە شوێنێکی گونجاو نییە بۆ خوداوەندێکی تاج لەسەر!

فێرمینا لایکردەوەو لەدووری دووبست لەچاوییەوە ئەودووچارە ئەبلەقە رەنگاورەنگەو روخساری شینەوەبووی لەترسدا سڕبووی بینی، راست بەهەمان شێوەی کەیەمجار لەهەمان دوورییەوە لەڕێوڕەسمی عەشای رەببانیدا دیبووی، بەڵام ئێستا لەجیاتی مچوڕکەی خۆشەویستیی، هەستی بەڕووبەڕووبوونەوە دەکرد بۆ رزگاربوون لەوتەلیسمەی پێوەی گیرۆدەببوو. یەکسەر هەستی بەگەورەیی ئەوهەڵەیە کرد کەکردبووی و بەترسەوە لەخۆی پرسی چۆن ئەم هەموو ماوەیە توانیوویەتی ئەم خەیاڵپووچییە وەها ستەمگەرانە لەدڵیدا پەروەردەبکات. تەنها لەوکاتەدا توانی بیربکاتەوە " ئەی خودایە، ئەم کورە چەند کلۆڵە!" فلۆرنتینۆ ئەریزا بزەی هاتێ، ویستی شتێ بڵێت و ویستی شوێنی بکەوێت، بەڵام فێرمینا دازا بەدەست راوەشاندنێك ئەوی لەژیانی خۆیدا سڕییەوە و وتی:

-نا، تکا دەکەم، هەمووشتێ لەبیری خۆت بەرەوە!

پاشنیوەڕۆی ئەوڕۆژە، لەکاتێکدا باوکی سەرخەوی نیوەڕۆی دەشکاند، فێرمینا نامەیەکی دوو دێڕی بەگالا پلاسیدیادا بۆفلۆرنتینۆ نارد:

" ئەمڕۆ کاتێ بینیمی، هەستمکرد ئەوشتانەی لەنێوانماندایە جگە لەخەیاڵێکی بێهوودە شتێکی دیکە نییە"

هەروەها خزمەتکارەکە بروسکەو شیعرو گوڵە کامیلیا وشکبووەکانی بۆ فلۆرنتینۆ بردەوەو داوای لێکرد نامەو دیارییەکان، کتێبی دوعاکەی ئیسکۆلاستیکا، گەڵا وشککراوەکان، سانتیمەتر چوارگۆشەکەی پارچە قوماشی ڕۆحانی پیدرۆ کلاڤێر، میدالی قەدیسەکان، پرچی هۆنراوی پانزە ساڵی و پەتی ئاوریشمی جلوبەرگی قوتابخانەی بۆ بنێرێتەوە. لەو ڕۆژانەدا کەپاش ئەوە هاتن و ڕۆیشتن، فلۆرنتینۆ کە لەکەناری شێتیدابوو نامەیەکی زۆری بۆ فێرمینا نووسی کەباسیان لەوەدەکرد دەستی لەخۆی شتووە هەموو جارێ دەستەودامێنی خزمەتکارەکەدەبوو کەبیانبات بۆ فێرمینا، بەڵام گالاپلاسیدیا پەیڕەوی فەرمانە ئاشکراکانی فێرمینای دەکرد کەبریتیبوون لەوەی هیچ شتێك وەرنەگرێت و تەنها دیارییەکانی خۆی بگەڕێنێتەوە. ترانسیتۆ ئەریزا بەسووربوونەوە جەختی لەوە دەکردەوە کەفلۆرنتینۆ ئەریزا هەمووشتەکانی بۆ ڕەوانە بکاتەوە جگە لەپرچە هۆنراوەکەی کەدەبێ خۆی بەدەستی بیداتەوە بەفێرمینا بۆئەوەی بتوانن تەنانەت ئەگەر بۆ یەك دەقەش بووە پێکەوە قسەبکەن. بەڵام فێرمینا ئەمەشی قبوڵنەکرد. ترانسیتۆ ئەریزا لەترسی ئەوەی نەبادا کوڕەکەی بڕیارێکی ناخۆش بدات، نەفس بەرزیی خۆی خستە ژێرپێ و داوای لە فێرمینا کرد کەلوتف بکات و ماوەی پێنج دەقە لەکاتی خۆیبداتێ، فێرمینا بۆ ماوەی یەك دەقە لەبەردەرگا چاوی بەفلۆرنتینۆ کەوت بەبێئەوەی فەرمووی چوونە ژوورەوەو دانیشتنی لێبکات یان کەمترین دوودڵیی لەبڕیارەکەیدا نیشانبدات. دووڕۆژ دوای ئەوە فلۆرنتینۆ ئەریزا پاش مشتومڕێکی زۆر لەگەڵ دایکیدا، لەڕەفەی سەرەوەی ژوورەکەی سندوقێکی شووشەیی ڕەنگکراوی داگرت کەپرچە هۆنراوەکەی وانیشاندەدا یادگارێکی قەدیسەیە، ترانسیتۆ ئەریزا خۆی پرچەکەی خستەناو سندوقێکی قەیفەی نەخشکراوەوە. فلۆرنتینۆ ئەریزا ئیدی هەرگیز دەرفەتێکی بۆ بینین یان تەنیا قسەکردن لەگەڵ فێرمینا ئەریزادا بۆ نەڕەخسا لەیەکتر بینینی

ڕێکەوتی ژیانی زۆر دووروودرێژیاندا تاپەنجاو یەکساڵ و نۆ مانگ و چوار ڕۆژدوای ئەوە، واتە تاکاتێ وەفاداریی هەمیشەیی و خۆشەویستیی بێکۆتایی لەیەم شەوی بێوەژن کەوتنیدا سەرلەنوێ دووپاتکردەوە.

# بەشی سێیەم

دکتۆر خۆڤینالْ ئۆربینۆ، لەتەمەنی بیست و هەشت سالّیدا یەکێك بوو لەو کوڕە عازەبانەی لەبەردڵان بوو. لەدوای مانەوەیەکی دووروودرێژ لەپاریس گەڕابۆوە. لەوێ خوێندنی بالاّی پزیشکیی تەواو کردبوو، لەبواری نەشتەرگەرییدا پسپۆڕیی هێنابوو، لەو ساتەوە کە لە وشکانی دابەزی بەباشی ئەوەی نیشاندا کەیەك دەقەی لەکاتی خۆی بەفیڕۆ نەداوە.دکتۆر ئۆربینۆ کاتێ گەڕایەوە لەوکاتەی کەڕۆیشتبوو وردبینتر بوو، زیاتر بەسەر سروشتی خۆیدا زالْ بوو، وا نەدەهاتە بەرچاو هیچکام لە هاوپۆلەکانی بەقەدەر ئەو جدی بن و هێندەی ئەو زانیارییان وەرگرتبێت، هیچکام لەهاوپۆلەکانی نەیاندەتوانی وەکو ئەو بەباشی لەگەلْ مۆسیقای سەردەمدا سەما بکەن و وەکو ئەویش بەباشی پیانۆ بژەنن. کچانی دەوروبەری کە

شەیدای کەسێتی سەرنج ڕاکێشی و سامانی خێزانەکەی ببوون، لەسەر ئەوەی چ کەسێ دەتوانێت ژوانی لەگەڵ دابنێت، بەدزییەوە تیرو پشکیان دەکرد و ئەویش بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا بێت مەرجی دادەنا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا کاتێ بەبێ بەربەرەکانێ تەسلیمی دڵفرێنییە زبرەکانی فێرمینا دازا بوو، توانی وەك کەسێکی دەست لێنەدراو و فریودەر خۆی بهێڵێتەوە.

دکتۆر ئۆربینۆ حەزی دەکرد بڵێت ئەم خۆشەویستییەی بەرهەمی دەست نیشانکردنێکی هەڵەی پزیشکییە و خۆشی نەیدەتوانی باوەڕی پێبکات، بەتایبەتی لەوماوەیەی ژیانیدا کە سەراپای یەدەکی جۆش و خرۆشی لەسەر چارەنووسی شارەکەی کەڵەکە کرابوو-ئەو شارەی کەچەندین جار بەبێ دوودڵیی وتبووی: لەدنیادا وێنەی نییە. لەپایزێکی درەنگ وەختدا لەپاریس کاتێ قۆڵی لە قۆڵی کچێکدا بوو کەپێکەوە پیاسەیان دەکرد و دەکرا دوایی ببێتە دەزگیرانی، پێیوابوو وێناکردنی بەختەوەریی نایابتر لەوئێوارە ئالتوونییانەی بۆنی دارستانی شاداربەڕووی سەرئاگریان لێدێت و ئاوازی ئۆرکۆدیۆنیان لێدەبیستی ودیمەنی ئەو عاشقانەی چاوتێریان لێناخوات لەکاتێکدا لەهەیوانە کراوەکاندا سەرقاڵی ماچ و مووچن، شتێکی لەچار نەهاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا لەناخی دڵییەوە بەخۆی وتبوو کە ئامادە نییە تەنانەت یەك ساتی نیسانی کاریبی بەهەموو ئەو شتانە بگۆڕێتەوە. لەوە گەنجتر بوو لەوە تێبگات کە تێپەڕبوونی کات هەموو یادەوەرییە خراپەکان دەسڕێتەوەو یادەوەرییە باشەکان گەورە دەکات شکۆیان پێدەبەخشێت، ئێمە بەهۆی ئەم فێڵەوە دەتوانین بەرگەی ڕابردوو بگرین. بەڵام کاتێ هاتەوەو لە پەنجەرەی کەشتییەکەیەوە ڕەبیەی گەڕەکی کۆلۆنیالی و جلوبەرگی هەژارانی بینی کە لە باڵکۆنەکاندا هەڵخرابوون بۆ ئەوەی وشك ببنەوە، ئەوسا هەستیکرد تاچەند قوربانییەکی ئاسان بووە بەدەست فریوی خێرخوازانەی غەمی غوربەتییەوە.

کەشتییەکە بەدرێژایی ڕیزڕەوەکەی بەناوەڕاستی کەنداوەکەدا ڕێگای خۆی دەبڕی، کۆمەڵێ کەلاکی ئاژەڵی نقوومبووی بەجێ هێشت و زۆربەی ڕێبوارەکان کەدەیانەویست لەبۆگەنی کەلاکەکان هەڵبێن، چوونە ناو کابینەکانیانەوە. دکتۆری لاو کەسەراپا جلی(ئەلپەکە)ی پۆشیبوو، بەهێلەک و سەدریەکەوە کە لەبەر تەپوتۆز لەبەر دەکراو، بەڕیشێکی وەکو ریشی لویس پاستورەوە بەگەنجی و بەقژێکەوە کە لەناوەڕاستدا بەخەتێك جیاکرابۆوە، لەکاتێکدا بەخۆڕاگرییەکی تەواوەوە قوڵپی گریانی لەگەروویدا بەندکردبوو کەهۆیەکەی دڵتەنگیی نەبوو بەڵکو ترسبوو، بەتەختەی پردی باریك ودرێژی کەشتییەکەدا هاتەخوارێ. لە بەندەرێکی نیوەچۆڵدا کە کۆمەڵێ سەرباز بەپێی پەتی و بەبێئەوەی بەرگی سەربازییان لەبەردابێت پارێزگارییان لێدەکرد.دایکی و هەردووخوشکەکەی و هاوڕێ هەرە نزیکەکانی کە چاوەڕوانییان دەکرد سەرەڕای ئەو رووکەشەی دەیانەویست بیپارێزن نائومێدو دڵمردە دەهاتنە بەرچاو. بەشێوەیەك باسی گیروگرفتی شەڕی ناوخۆیان دەکرد وەك ئەوەی بابەتێکی سەیرو نامۆو دووربێت، بەڵام لەدەنگی هەموویاندا لەرزینێکی فیلاوی دەخوێنرایەوەو جۆرێك لەگومان لەچاویاندا هێلانەی کردبوو کەدەستی قسەکانی دەخستەڕوو. بینینی دایکی لەوانی تر زیاتر هەژاندی کەهێشتا گەنج بوو. ژنێك بوو بەوردی و ڕوق و هەوڵی لەبواری کۆمەڵایەتییدا خۆی بەسەر ژیاندا سەپاندبوو، ئێستا سەر ئاگرێکی هێواش دەتوایەوە لەناو بۆنی کافوردا کە لە جلوبەرگەکەی ەڵدەسا وەکو جلوبەرگی بێوەژنێك. دایکی کەوای هەست دەکرد هۆکاری ڕشانی کوڕەکەی بێت، یەکسەر بەرگری لەخۆی کرد و لەدکتۆری کوڕی سی بۆچی ڕەنگی پەڕیوەو وەکو ڕەنگی مێوی لێهاتووە.

دکتۆری لاو وتی " بەهۆی ژیانەوە لەوێ دایکە، مرۆڤ لەپاریس گی سەوز دەبێت "

کەمێك پاش ئەوە کە لەناو گالیسکە داخراوەکەدا لەتەنیشت دایکییەوە دانیشتبوو، گەرما پرزەی لێبڕیبوو هەستیکرد لەوە زیاتر بەرگەی ئەو واقیعە دڵڕەقە ناگرێت کە لەودیو پەنجەرەکانەوە هێرشی دەهێنا بۆ ژوورەوە. دەریا وەك خۆڵەمێش دیاربوو، کۆشکی خواپێداوە لێکەوتووەکان ورده ورده دەبووە شوێنی زاوزێی سواڵکەرەکان و جیاکردنەوەی بۆنی تیژی یاسەمینەکان لەناو بۆگەنی زێرابە سەربەتاڵەکاندا کاری کردە نەبوو. هەموو شتێ بچووکترو هەژارترو غەمبارتر لەکاتی رۆیشتنی دەهاتە بەرچاو. لەناو خۆڵ و خاشاکی شەقامەکاندا هێندە جرجی برسی دەخولانەوە کە ئەسپەکانی گالیسکەکە لەترسدا لەناکاو سەرسمیان دەدا. بەدرێژایی رێگا دووروودرێژەکە لە بەندەرەوە بۆ ماڵی خۆیان -لەناو جەرگەی گەڕەکی کاربەدەستاندا- هیچ شتێکی نەهاتەڕێ کەبەهای ئەوغوربەتەی هەبێ کە لەدڵیدا هەبوو بۆ نیشتمانەکەی. بەتێکشکاوییەوە رووی کرد بەولاوە بۆ ئەوەی فرمێسکەکانی لەدایکی بشارێتەوەو بەبێدەنگیی گریا.

کۆشکی پێشووی مارکیز دی کاساڵدویرۆ و شوێنی نیشتەجێبوونی مێژوویی بنەماڵەی ئۆربینۆ دی لاکایی، لە وێرانی سەراپاگیر بەسەلامەتی دەرنەچووبوو. دکتۆر خۆڤینالۆ ئۆربینۆی دڵشکاو کاتێ دەرکی بەمە کرد کە بە هەیوانە مات و کەم ڕووناکییەکەدا تێپەڕی و چووە ناو ماڵەکەوەو لەناو باخەکەی ناوەوەدا فوارەی بێئاوو باخچەیەکی پڕ گیاو هەرزو دڕك و داڵی بینی کە ببووە جۆلانەو شوێنی تەراتێنی مارمێلکە، هەستی بە شوێنی بەتاڵی زۆر بەردی مەڕ مەڕی زەوییەکەی شکانی هەندێ لە پلەی ئەو قادرمە فراوانە کرد کەبە پەیژەی مسین بەژوورە سەرەکییەکانەوە بەسترابۆوە. باوکی ئەو پزیشکەی کەزیاتر لەشارەزاییەکەی فیداکاربوو، شەش ساڵ بەرلەوە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کۆلێرای ئاسیاییدا کەخەڵکی قەتڵ و عام کردبوو، مردبوو، لەگەڵ مردنی ئەودا ژیان لەناو ماڵەکەدا رۆحی دەرچووبوو. دونیابلانکا-ی دایکی لەناو پرسەیەکدا نغرۆ

ببوو که بێکۆتایی دەهاتە بەرچاو، دانیشتنی شەوانەی شاعیرانەو ئاهەنگی مۆسیقاو تەپڵی مێردە ڕەحمەتییەکەی گۆڕیبوو بەدوعای نۆ ڕۆژەی بەردەوام. دوو خوشکەکەشی، وێڕای ئارەزووی زگماکیان بۆ شایی و زەماوەند ببوون بەلەشکری ڕەشپۆشی ئەم تەکێ و خانەقایەی دایکیان.

دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ لە شەوی گەڕانەوەیدا خەو نەچووە چاوی، لەتاریکیی و بێدەنگیی ترسابوو. سێ جار دەستەو دامێنی (روح القدس) بوو، تەواوی ئەو دوعایانەی لەبیری مابوو بۆ دەفعی بەڵاو نەگبەتیی و ماڵوێرانیی و جۆرەها ترسی شەوانە هەمووی خوێند. لەم بگرەو بەردەیەدا کوکوختییەك کە لەپەنجەرە نامکۆمەکەوە هاتبووە ژوورەوە هەموو سەری سەعاتێ دەیخوێند، قیژەی ژنە شێتەکانی نەخۆشخانەی (دیڤین شیفیردێس) کە لێیانەوە نزیکبوو، چکەچکی ئاوی شەربەکە بۆ ناو تەشتەکەی ژێری کەدەنگەکەی بەماڵەکەدا بڵاودەبۆوە، خوێندنی دوورودرێژی کوکوختییەکە کەبەژووری نووستنەکەیدا دەخولایەوە، ترسی زگماکی لەتاریکی و ئامادەگیی نەبینراوی باوکی لەسەراپای کۆشکەکەدا، هەموو ئەمانە ئەشکەنجەیان دەدا. نزیکەی سەعات شەشی بەیانی، کاتێ کوکوختییەکە لەگەڵ خوێندنی کەڵەشێردا دەستی کرد بەخوێندن، دکتۆر ئۆربینۆ کەحەزی نەدەکرد یەك شەوی تر لە نیشتمانی کاولی باوو باپیریدا بەسەر بەرێت، گیان و ڕۆحی بەخودا سپارد. بەڵام سۆزوخۆشەویستیی خێزانەکەی و بەسەربردنی یەکشەموان لەگوند و ماستاوکردنی کچە عازەبەکانی چینەکەی کەخەریك بوو سوێیان دەبۆوە بۆی، تاڵیی یەکەم هەنگاویان لەلا شیرین کردو ناخۆشییەکەیان کاڵکردەوە. وردە وردە لەگەڵ گەرمای تشرینی یەکەم وبۆنی تیژو بڕیاری بەپەلەی هاوڕێکانی و"بەنیازی دیدار تاسبەی دکتۆر نیگەران مەبە" ڕاهات و سەرەنجام تەسلیمی جادووی ڕاهاتن بوو. زۆری نەبرد کە ئاراستەیەکی سادەی بۆ تەسلیمبوونەکەی داڕشت. بەخۆی دەوت ئەمە دنیای منە، دنیایەکی غەمبارو بێڕەحم کەخودا کردوێتی بەنسیبم و من

مەسوولم لێی. یەکەم ئیشی ئەوەبوو دەستی بەسەر عیادەکەی باوکیدا گرت. کەلوپەلە تەختە ئینگلیزییە ناڕەحەت و نائومێدی هێنەرەکەی لەشوێنی خۆیان هێشتەوە کە لە سەرمای زستاندا کەتاسەر ئێسقان دەهات، جیرەیان لێبەرز دەبۆوە. بەڵام نامەکانی پەیوەست بەزانستی پزیشکیی ئەکادیمی سەردەمی پاشایەتی نارد بۆ ئەو ژوورەی لەژێر سەقفە چینکۆییەکەدا بوو، ئەوسا قەفەزی کتێبەکانی کەجامخانەی شووشەیان پێوە بوو پڕکرد لە کتێبی فەڕەنسی نوێ. هەموو وێنە کاڵەوەبووەکانی لێکردەوەو تەنها وێنەی دکتۆرێکی هێشتەوە کە لەبەرامبەر لەشی رووتی ژنێکی نەخۆشدا ململانێ لەگەڵ مەرگی ژنەکەدا دەکرد، سوێندی (ئەبقرات)یشی لەجێگایەکی باشدا هەڵواسی کەبەپیتی ئاڵتوونیی نووسرابوو. بڕوانامە جۆراو جۆرەکانی خۆیشی کە بە بەرزترین ئیمتیاز لەزانکۆ جۆراو جۆرەکانی ئەورووپا وەریگرتبوو لەتەنیشت تاکە بڕوانامەکەی باوکییەوە هەڵواسی. دکتۆر ئۆربینۆ هەوڵیدەدا تازەترین تیۆر لەنەخۆشخانەی (میزرکوردیا) بەکار بهێنێت. بەڵام ئەم کارە وەکو کەفوکوڵی گەنجیی دەیوت ئاسان نەبوو. چونکەماڵی پزیشکیی کۆن توند دەستی بەنەریتە پڕوپووچە کۆنەکانییەوە گرتبوو، لەزۆر شتدا سەرسەختیی نیشاندەدا، وەکو دانانی قاچی قەرەوێڵە لەناو مەنجەڵی ئاودا بۆ ئەوەی نەخۆشی پیایدا سەرنەکەوێت. یان لەبەرکردنی جلوبەرگی ئەتەکێت و لەدەستکردنی دەسکێشی چەرمی بۆ ژووری عەمەلیات لەو رووەوە شیك پۆشییان بەمەرجێکی پێویست دەزانی بۆ خۆپاراستن لەمیکرۆب. ئەوان نەیاندەتوانی کارە تازەکانی گەنجێك کەتازە هاتۆتە ناویانەوە بەئاسانی وەربگرن و ناچاریان دەکرد هەندێ کار بکات وەکو چەشتنی میزی نەخۆش بەمەبەستی دەست نیشانکردنی ئەوەی ئایا شەکرەیەتی یان نا؟ یان پشت بەستن بەبیروڕاکانی (شارکۆت) و (ترۆسو) بەجۆرێك وەك ئەوەی هاکاری بن لەژوورەکەیدا، یان دەرکردنی هەندێ ئاگاداری توند لەژێ مەترسی کوشندەی کوتان لەکاتێکدا خۆی باوەڕێکی

لەقی بەو شتە تازەیە  هەبوو کەپێیان دەوت شاف هەڵگرتن. دکتۆر ئۆربینۆ هەموو شتێکی کۆسپی دەهاتەڕێ. رۆحی نوێخوازانەی، شارستانیبوونی شێتانەی وکەمی حەزوو ئارەزووی بۆ تێگەیشتن لە گاڵتەبازاڕیی لەخاکی گاڵتەبازاڕیی هەمیشەییدا، ئەم سیفەتە باشانەی مایەی ئیرەیی پێبردنی هاوڕێکانی بوون کە لەو بەتەمەنتر بوون و ئەوانەشی کە لەو گەنجتربوون گاڵتەیان پێدەکردو نوکتەیان لەسەر دروستدەکرد.

خەمی گەورەی باری تەندروستیی شار بوو تکای لە کاربەدەستە باڵاکان کرد کە تۆڕی زێرابی سەردەمی کۆڵۆنیالی پڕبکەنەوە کە ببوو بە مێلانەی زاوزێی جرج و تۆڕی زێرابی سەرداپۆشراو دروستبکەن کە لەجیاتی ئەوەی پاشەڕۆکەی بڕژێتەناو چاڵاوی بازاڕەکەوە بڕژێتە جێگایەکی تایبەتی دەرەوەی شارەوە، لەوشوێنەشدا قەتیس بکرێ و بڵاونەبێتەوە. ئاودەستخانەکانی سەردەمی کۆڵۆنیالی چاڵیان هەبوو، بەڵام ژیانی دوولەسەر سێی خەڵکی لەنزیك گواوەکانەوە بوو کە ئەم خەڵکەش لەدەشتدا دەستیان بەئاو دەگەیاند. پیسایییەکانیان وشك دەبۆوە، دوایی دەبوو بە تەپوتۆزو لە شەماڵی فێنك و دڵگیری مانگی کانوونی یەکەمدا لەگەڵ ئاهەنگ و شادی کریسمسدا هەڵیاندەمژی و دەچووە ناو سییەکانیانەوە. دکتۆر خۆڤێناڵ ئۆربینۆ هەوڵیدا ئەنجومەنی شار ناچار بکات  بۆ ئەوەی خولێکی فێرکردنی بەزۆر رێك بخەن و هەژارەکان فێر بکەن ئاودەستخانە بۆ خۆیان دروستبکەن. بێهودە هەوڵیدەدا کەئەو خەڵکە لەڕشتنی خۆڵ لەناو درەختە (مەنگلار)ەکاندا  دووربخاتەوە، کە لە دوای چەند سەدەیەك وەکو زەلکاوی بۆگەنی لێهاتبوو، لەجیاتی ئەوە ناچاریان بکات خۆڵ و خاشاکەکەیان کۆبکەنەوەو بەلای کەمەوە هەفتەی دوو جار لەجێگایەکی چۆڵدا بیسووتێنن.

دکتۆر ئۆربینۆ ئاگای لەهەڕەشەی مەرگهێنەری ئاوی خواردنەوە بوو. تەنها بیرکردنەوە لەدروستکردنی تۆڕی ئاوی خواردنەوە وەکو خەونێك دەهاتە بەرچاو، لەبەرئەوەی ئەوانەی دەیانتوانی پشتیوانی لەم بیرۆکەیە

بکەن خۆیان ئەستێلیان هەبوو کە ساڵ لەدوای ساڵ ئاوی باراناویان تێدا کۆدەکردەوە کە لەژێر سەقفێکی پیسدا بوون. باشترین کاڵای ناومالی ئەو زەمانە مەرکانەی تەختە بوو کە بە شەوو بە رۆژ ئاوی لێدەتکایە ناو گۆزەی گەورەی سرامیکەوە، بۆئەوەی نەیەڵن کەس بەجامی فافۆن ئاو بخواتەوە کەبۆ پڕکردن و ئاولێدەرهێنانی مەرکانەکان بەکاریان دەهێنا، قەراغی جامی فافۆنەکانیان گرنج گرنج دەکردو وەکو تاجی پاشایی لێدەهات کە چوار دەوری دانی تیژی هەبوو. ئاوی گۆزەکان فێنك و وەکو شووشە بێرەنگ بوو، تامی دارستانی دەدا. بەڵام دکتۆر ئۆربینۆ بەم پاك و تەمیزییە رووکەشە هەڵنەدەخەڵەتا. چونکە تەواو ئاگاداری ئەوەبوو سەرەڕای هەموو ورياییەکان ئاو هەموو گۆزەیەك هێلانەیەکی باشە بۆ کرمی ئاوی. چونکە بەسەرسوڕمانێکی سۆفییانەوە سەعاتە دووروودرێژەکانی منالیی خۆی بەتەماشاکردنی ئەم کرمانەوە بەسەر بردبوو، وەکو زۆربەی خەڵکی ئەو رۆژگارە باوەڕی وابوو کە کرمە ئاوییەکان ئەو گیاندارانەن لەبنی ئاوە وەستاوەکانەوە خۆشەویستیی خۆیان بۆ کچۆڵەکان دەردەبڕن و بەهۆی خۆشەویستییەوە دەتوانن تۆڵەیەکی سەخت بکەنەوە. وەکو کورێژگەیەك دیبووی کەچۆن لەماڵی (لازارا کوندێ) ئەو مامۆستا ژنەی کەپرکێشی ئەوەی کردبوو کرمەکان لەناو بەرێت، بە وێرانکردنی ماڵەکەی تۆڵەیان لێکردبۆوە، هەروەها رێگای وەك ئاوی شووشەی پەرشوبڵاوی سەرشەقامەکەو ئەو کۆمەڵە بەردەی بینیبوو کەسێ شەو و سێ رۆژ گرتووبوویانە ماڵەکەی. ئەم مەسەلەیە زۆر پێش ئەوکاتە بوو کە ئەوە فێر بوو کرمی ئاو لەڕاستیدا کرمێکی گەرای مێشوولەیە. بەڵام کاتێ بەمەی زانی، ئیدی لەبیری نەکرد، چونکە لەو ساتە بەدواوە تێگەیشت کە ئەوکرمانە و زۆر کرمی زیانبەخشی تر لەگەڵ رۆحی شەڕانگێزدا دەتوانن بەساغی و بە ئاسانی بەناو سوورێنگی بەردینی( مەرکانە)ی ئێمەدا تێپەڕ بن. لەرۆژگارێکی کۆندا ئاوی ناو ئەستێلەکانیان بەهۆکاری فتق دەزانی کەزۆر لەپیاوانی شار نەك تەنها بەبێ

ناڕەحەت بوون بەڵکو وەکو ئازایەتییەکی نیشتمانپەروەرانەی تایبەتی تەحەمولیان دەکردو بەشتێکی پیرۆزیان دەزانی. کاتێ خۆڤینالْ ئۆربینۆ دەچوو بۆ قوتابخانەی سەرەتایی، نەیدەتوانی خۆی لەڕق و نەفرەتکردن لەو پیاوانە بدزێتەوە کەتووشی فتق ببوون و ئێوارانی گەرم لەبەر دەرگای ماڵەکانیان دادەنیشتن و بەباوەشێن گونە زلەکانیان باوە شێن دەکرد کەوەکو منالی خەوتوو لەناوگەڵیاندا راکشابوو. دەیانوت نەخۆشی قۆڕیی وەکو چۆلەکەیەکی غەمبار لەشەوانی زریاندا دەخوێنێ ئەگەر لەوناوەدا پەڕی باز بسووتێنی بەئازاریکی زۆرەوە دەستی خۆی دەوەشێنێت، بەلام کەس سکالای لەو ئازارە نەدەکرد، چونکە فتقی گەورەو قابیلی هەڵگرتن بەرلە هەرشتێ نیشانەی نەفس بەرزیی پیاوانە بوو. کاتێ دکتۆر خۆڤینالْ ئۆربینۆ لەئەوروپا گەڕایەوە تەواو ئاگای لە پڕوپووچیی ئەم بیروباوەڕانە بوو لەڕووی زانستییەوە، بەلام ئەم بیروباوەڕانە هێندە لەناو پڕوپووچی ناو خەڵکدا رەگیان داکوتابوو زۆربەی خەڵك لە ترسی ئەوەی نەبادا ئاوی سارداوو نەستێلەکان توانای دروستکردنی فتق لەدەست بدەن کەمایەی شانازی بوو دژی ئەوەبوون مادەی کانزایی بکرێتە ناو ئاوەکانیانەوە.

تەنها ئاوی پیس نەبوو کە دکتۆر خۆڤینالْ ئۆربینۆی هەراسان دەکرد. بەهەمان رادەش نیگەرانی گوێنەدان بەتەندروستی بوو لەبازاڕی گشتییدا. ئەم بازاڕە زەوییەکی بەرفران و پاککراوە بوولەو درەختانەی کەبەدرێژایی کەنداوی (لاس ئەميناس) واتە ئەو شوێنەی کە کەشتییە چارۆکەدارەکانی دورگەکانی (ئەنتیل) لەنگەریان لێدەهاویشت، درێژ دەبۆوە. گەشتیارێکی ناسراوی ئەو رۆژگارە ئەم بازاڕەی وەکو یەکێك لە رەنگاورەنگترین بازاڕەکانی دنیا باسکردبوو. ئەم بازاڕە بەڕاستی پڕبوو لەشت و پڕ دەنگەدەنگ، رەنگە یەکێکیش بووبێ لەبازاڕە هەرە پڕ مەترسییەکان. ئەم بازاڕە لەهەمان کاتدا کە لە ژێر پاشماوە زۆرەکانیدا دەینالان و تووشی خێزاو و نیشاوی وەرزی دەبوو، هەروەها جێگایەکیش

بوو كە ئاوەڕۆ پیسەکانی کەنداوی پیسیشی بەخێرایی بەرەو وشکانی دەگەڕاندەوە. پاشماوەکانی قەسابی دەوروبەریش هەر لەوێ لەنگەریان دەگرت. کەللەی سەربڕاو، دڵ و ریخۆڵەی بۆگەن، شیاکەی ئاژەڵەکان کە لەکاتی هەتاوو مانگەشەودا لەناو زەلکاوێکی خوێندا مەلەیان دەکرد. سیسارکە کەچەڵەکان لەگەڵ سەگ و جرجەکاندا لەسەر ئەو کەلاکانە شەڕیان دەکرد، لەمابەینی کەلاکی ئاسک و کەڵەشێرە خەسێوەکانی (سوتافینتۆ)دا کە بەقەراغی مێزەکانی بازاڕەکەدا شۆڕبووبوونەوە لەگەڵ سەوزەی بەهاری (ئەرخونا) کە لەسەر حەسیری بەردەگا دانرابوون، هەمیش شەڕێکی بەردەوام لەئارادا بوو. دکتۆر ئۆربینۆ بڕیاری دابوو ئەم ناوچەیە لەرووی تەندروستییەوە پاکبکاتەوە. داوای دەکرد قەسابخانە لەجێگایەکی تردا دروست بکرێت و سەری بازاڕەکە بگیرێ بە شێوەی بینایەک کە منارەیەکی شووشەی رەنگاوڕەنگی تێدابێت. هەروەکو ئەو بازاڕەی کە لە (بۆکریاس)ی کۆن لەبەرشەلۆنە دیبووی. لەوێ ئازووقە هێندە دیمەنێکی پڕ بریق و باق و پاکوخاوێنی هەبوو کە خواردنی مایەی غەمباری بوو. بەڵام تەنانەت نزیکترین هاورێ پایە بەرزەکانیشی غەمیان بۆهەستە فریوەردەرەکانی دەخوارد. ئەمانە ژیانیان بەبانگەشەکردن بۆ ئەسڵ و فەسڵی پڕ شانازیی و لێوەشاوەیی مێژوویی و بەرهەم و پاڵەوانی و جوانییەکەی شارەوە بەسەر دەبرد، بەڵام ئەو داخورانەیان نەدەبینی کە لە ماوەی ساڵانێکی زۆردا رووبەڕووی دەبۆوە. لەلایەکی ترەوە دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ ئەوەندە شارەکەی خۆشدەویست کە بە چاوی واقیعبینانە تەماشای بکات و دەیوت:

–ئەم شارە دەبێ زۆر شەریف بێت، چونکە ئێمە چوارسەد ساڵمان لەوەدا بەسەر بردووە کە بیدەین بەزەویدا بەڵام تائێستا سەرکەوتوو نەبووین.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، تەقریبەن سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو.بڵاوبوونەوەی کۆلێرا کەیەکەمین قوربانییەکانی، نەگبەتەکانی ئاوی وەستاوی بازاڕ بوون، بەدرێژایی یانزە هەفتە بوو بەهۆی دەنگ لێبەرزبوونەوەی گەورەترین زەنگی مەرگ لەمێژووی ئێمەدا. تائەوکاتە ئەو مردووانەی ناویان هەبوو بە رێوڕەسم لەژێر بەردرێژی کڵێساکاندا، لەدەوری زەوی پاوانی ئەسقەفە گەورەکان و قەشەکان بەخاک دەسپێردران. لەکاتێکدا مردووی چینە کەمدەرامەتەکان لەحەوشەی دێرەکاندا دەنێژران و ئەومردووانەشی هیچیان نەبوو دەنێردران بۆ گۆڕستانی کۆلۆنیالی کە لەسەر گردێك بوو چاك با دەیگرتەوە. ئەم گۆڕستانە چەمێکی بێئاو لە شاری جیادەکردەوە کە لەسەر پردە قوڕینەکەی بەفەرمانی کاربەدەستێکی گەشبین نووسراوێك هەڵکۆڵرابوو:

Lasciate ogni Speranza Voi chentrate

لەدوو هەفتەی یەکەمی کۆلێراکەدا گۆڕستانەکە پڕبوو لەگەڵ ئەوەشدا کە پاشماوەی پزیوی زۆر لە پاڵەوانە گومناوەکانیان ناردبوو بۆ کۆگای گشتیی ئێسکوپروسك بەڵام لە کڵێساکاندا شوێنی بەتاڵ نەمابوو بۆ ناشتن، هەوای کڵێسا بەگشتی لەگەڵ هەڵمی ژێرزەمینەکاندا تێکەڵ دەبوو کە باش کونوکەلەبەرەکانیان نەگیرابوو، دەرگاکانیان هەتا سێ ساڵیتر نەکرایەوە واتە تا ئەوکاتەی فێرمینا دازا لە عەشای رەببانی نیوەشەو دەهاتە دەرەوەو فلۆرنتینۆ ئەریزا لە نزیکەوە بینی. لەگەڵ هاتنی هەفتەی سێیەمدا، سەراپای هەیوانی دێری (سانتا کلارا)ی پیرۆز تا قەراغی سپێدارەکان پڕ ببوو لە گۆڕو ناچاربوون باخی میوەی ئەنجومەن بەکاربێنن بۆ ناشتنی تەرم کە ڕووبەرەکەی دوو ئەوەندەی گۆڕستانێکی ئاسایی دەبوو. لەوێدا قەبرەکانیان ئەوەندە قوڵ هەڵکەندبوو کە دەکرا بۆ دەسگرتن بەکاتەوە مردووەکان بەبێ تابووت بە سێ ڕیز لەسەریەك بنێژرێن. بەڵام ئەم کارەش

نەدەکرا درێژەی پێبدرێت لەبەرئەوەی قەراغی گۆڕەکان وەکو ئیسفنجی لێهاتبوو بەپێ خستنەسەری خوێنی پیس‌و بۆگەنی دەدەلاند. پاش ئەوە بڕیاردرا لە کێڵگەیەکی ڕەشەولاخدا کە بۆ خێرخوازیی تەرخان کرابوو، فرسەخێ کەمتر لە شارەوە دووربوو درێژە بە ناشتنی تەرمەکان بدەن لە ژێر چاودێری خودادا پاشان ئەم شوێنە بوو بە گۆڕستانی گشتیی.

لەوکاتەوە کەبڵاوبوونەوەی کۆلێرا ڕاگەیەندرابوو بەپێی باوەڕێکی پڕوپوچی خۆماڵی کە پێیوابوو بارووت هەوا پاکژ دەکاتەوە، سەربازگەی شارەکە هەرچارەکەی یەك گوللەتۆپی لە قەڵای سەربازییەوە دەتەقاند. نەخۆشی کۆلێرا لەناو ڕەشپێستەکاندا کە ژمارەیان زۆرتر بوو، هەژارتر بوون کوشندەتر بوو، بەڵام لەڕاستیدا کۆلێرا کاری بەسەر ڕەنگی پێست‌و ئەسڵ‌و فەسڵی کەسەکانەوە نەبوو. کۆلێرا هەروەکو چۆن لەناکاو بڵاوبوٚوە، لەناکاویش کۆتایی هات‌و ڕووبەری زیانەکەی هەرگیز ئاشکرا نەبوو، نەك لەبەرئەوەی کە شێوازی سەلماندنەکەی کاری کردە نەبوو، بەڵکو لەبەرئەوەی کە بڵاوترین سیفاتەکانی شاردنەوەی بەدبەختییە تایبەتییەکانە. دکتۆر مارکۆ ئۆربیلیۆ ئۆربینۆ، باوکی خۆڤینال لەو ماوە ناخۆشەدا هەم پاڵەوانێکی کۆمەڵایەتی و هەم دیارترین قوربانی کۆلێراکە بوو. مارکۆ بە حوکمی ڕەسمی بۆخۆی هەنگاوەکانی تەندروستیی گشتیی چاودێریی دەکردو بەڕێوەی دەبرد، بەمەیل‌و دەستپێشخەری خۆی لەهەر مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییدا تا ئەو ڕادەیە دەخالەتی دەکرد کە لەساتەوەختی قەیراندا وانەدەهاتە بەرچاو کە کەناڵێکی بالاتر هەبێت. ساڵەها دوای ئەوە، کاتێ دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ کورتە مێژووی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانەی بەسەر کردەوە، باوەڕی بەوەهێنا کە میتۆدەکەی باوکی زیاتر لە زانستیبوونەکەی فێرخوازانەو لە زۆر لایەنەوە نالۆجیکی بووە، بەجۆرێ کە تاڕادەیەکی زۆر ئیشتیهای کۆلێراکەی زیاد کردبوو. دکتۆر ئۆربینۆ ئەم مەسەلەیەی وەکو ئەو کوڕە دڵسۆزانە پەسەند کرد کە وردە وردە ژیانیان وەکو هی باوکیانی

لێدەهات و بۆ یەکەمجار کە باوکی لەناو هەڵەکانیدا بەتەنیا بەجێهێشتبوو هەستی بە پەشیمانی دەکرد. بەڵام نکۆڵی لە وزەو تواناو لێوەشاوەییەکانی نەدەکرد، بە چالاکی و فیداکارییەکانی لەسەروو هەمووشیانەوە بەوره و ئازایەتییەوە شایانی شانازی جۆراوجۆر بوو کە کاتێ شار لەو نەهامەتییە رزگاری بوو پێی ڕەوا بینرا. کە ناویشی لەگەڵ ناوی زۆر لە پاڵەوانانی دیکەدا دەهات ماف خۆیبوو بەتایبەتی ئەوان لەو شەڕانەدا بەشدارییان کردبوو کە کەمتر مایەی شانازی بوون.

تەمەنی مارکۆ بەشی ئەوەی نەدەکرد تا مەزنیی و شکۆمەندیی خۆی بە چاو ببینێت. کاتێ چەند نیشانەیەکی لە چارەسەرنەهاتووی لەخۆیدا هەست نیشانکرد کە لە کەسانی دیدا دیبووی و خەمی خواردبوون، هیچ هەوڵێکی بێهودەی نەدا، جگەلەوەی خۆی لە خەڵك دوورخستەوە بۆ ئەوەی کەسانی دی تووش نەکات. لە ژوورێکی نەخۆشخانەی (میسریکۆردیا) خۆی حەپس کردو گوێی بەهاواری هاوکارانی و پاڕانەوەی خێزانەکەی نەدا بێتەوەی لە تووشبوون بە نەخۆشی ئەو قوربانییانەی لە داڵانە بەیەکداچووەکاندا لەسەرەمەرگدا بوون زەڕەیەك ترسی هەبێت، نامەیەکی پڕ خۆشەویستیی و سۆزی بۆ ژن و مناڵەکانی نووسی و لەکاتێکدا تیایدا سوپاسگوزاری ئەو تەمەنە بوو کە گوزەراندبووی ئەوەشی باسدەکرد چۆن و بەچ شەوق و زەوقێکەوە ژیانی خۆشویستووە. نامەکەی ماڵئاواییەکی بیست لاپەڕەیی و مایەی ئازار بوو کە دەکرا بەئاشکرا هەست بە خراپبوونی حاڵەتی نەخۆشییەکەی بکەی لەڕێگەی دەستوخەتەکەیەوە کە تا دەهات خراپتر دەبوو، بۆ زانینی ئەوەی کە نووسەرەکەی لەگەڵ دوا هەناسەیدا نامەکەی ئیمزاکردبوو پێویستت بە ناسینی نەبوو. بەپێی وەسێتی خۆی، لاشەی ڕەنگ خۆڵەمێشی لەگەڵ لاشەکانی تردا تێکەڵبوو، برا بۆ گۆڕستانی گشتیی و هیچ کەسێ لەوانەی خۆشیان دەویست، لاشەکەیان نەبینی. سێ ڕۆژ دوای ئەوە لەپاریس، دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ لەگەڵ هاوڕێکانیدا

سەرقاڵی نانخواردنی ئێوارە بوو کە بروسکەیەکی وەرگرت و بەیادی باوکییەوە شەمپانیای خواردەوەو وتی:

-پیاوێکی چاک بوو!

پاشان لەبەر ئەم کارە منداڵانەیەی سەرزەنشتی خۆی دەکرد. بۆ ئەوەی نەگری خۆی لەڕاستی مەسەلەکە دەدزییەوە. بەڵام سێ هەفتە دوای ئەوە نوسخەیەکی نامەکەی باوکی پێگەیشت ئەوسا تەسلیمی راستی مەسەلەکە بوو، یەکسەر بەقووڵی وێنەی پیاوێکی لاناشکرابوو کەبەر لەهەر کەسێ ناسیبووی. پیاوێك کە گەورەی کردبوو، پەروەردەی کردبوو، فێری شتی کردبوو، سی و دوو ساڵ لە باخەڵی دایکیدا خەوتبوو، هەروەها باوکی کەسێك بوو کە پێش ئەونامەیە هەرگیز بەڕاستی و دروستی خۆی دەرنەخستبوو، لەبەرئەوەی پیاوێکی شەرمن بوو. هەتا ئەو کاتە دکتۆر خۆڤیناڵ ئۆربینۆ و خێزانەکەی مەرگیان بە نەگبەتییەك دەزانی کە تەنها روو لە کەسانی تر دەکات: وەکو باوك و دایك و خوشك و براو ژن و مێردی کەسانی دی، بەڵام پەیوەندی بەمانەوە نییە. ژیانی ئەمان بەهێواشی دەکشا و پیریی و نەخۆشی و مردنی خۆیان نەدەبینی، بەڵام وردە وردە کە کاتی هات، ئەو شتانە لەودیو پەردە نادیارەکانی رۆژانی رابردووەوە وەکو یادەوەرییان لێدەهات و دواجا بای فەرامۆشی گۆڕی وندەکردن. نامەکەی باوکی زیاتر لەو بروسکەیەی کە هەواڵی شوومی مردنەکەی تێدابوو، لەبەرامبەر بێچەندوچوونیی مردندا بەسەرسامییەوە هێنایەوە سەرخۆی، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا یەکێ لەکۆنترین یادەوەرییەکانی کەهی تەمەنی نۆ ساڵی یان رەنگە هی تەمەنی یانزە ساڵی بووبێت، تاڕادەیەك نیشانەیەکی پێشوەختی مردنی باوکی نیشاندەدا. لەئێوارەیەکی باراندا هەر هەردووکیان لە نووسینگەکەی ماڵەوەدا بوون، خۆڤیناڵ بەدەباشیری رەنگاورەنگ لەسەر کاشی زەویەکە وێنەی گوڵی گوڵە بەرۆژەو کڵاوکوڕەی دەکێشاو باوکیشی لەبەر ئەو رووناکییەی کە لەپەنجەرەکەوە دەهاتە ژووری دەیخوێندەوە،

تۆپچەکانی هێلەکەی کرابۆوە و بازووبەندەکانی لەسەر قۆڵی کراسەکەی بوون. یەکسەر دەستی لەخوێندنەوە هەڵگرت، ویستی بەو ڕنەیەی بۆ پشت خوراندن دروستکرابوو قۆڵێکی درێژو دەسکێکی زیویینی هەبوو پشتی بخورێنێ، لەبەرئەوەی خۆی نەیتوانی ئەو شوێنە بخورێنێ کەدەیەویست، کوڕەکەی بانگ کرد بۆ ئەوەی بەپەنجە ئەو شوێنەی بۆ بخورێنێ. کاتێ خۆڤینال سەرقاڵی خوراندنی پشتی باوکی بوو، باوك بەشێوەیەکی سەیر هەستیکرد کەهەست بەلەشی خۆی ناکات. دواجار باوکی لەسەر شانییەوە بەزەردەخەنەیەکی غەمبارانەوە ئاوڕی لێدایەوەو وتی:

-ئەگەر ئێستا بمرم، کاتێ تۆ دەگەیتە تەمەنی ئەمڕۆی من، بەقورسی من بەیاد دەهێنیتەوە!

باوك بەبێ هیچ هۆیەك ئەم قسەیە هاتە سەر زمانی، فریشتەی مەرگ بۆ ساتێ لەسێبەرە ساردەکانی نووسینەگەکەدا لەملاوە پەڕی بۆ ئەولاو لەپەنجەرەکەوە فڕی بۆ دەرەوە، لەهەوای زیندەخەوی باوکدا ڕێگایەکی لەپەڕی فڕیو لەدوای خۆی بەجێهێشت کە کوڕە نەیبینی. بیست ساڵ بەسەر ئەوکاتەدا تێپەڕیبوو، بەزوویی خۆڤینال ئوربینۆ دەگەیشتە ئەو تەمەنەی کە باوکی لەو پاش نیوەڕۆیەدا تیایدابوو. خۆڤینال دەیزانی کە ڕێك نوسخەی دووەمی باوکێتی و ئێستا ئەو هەستی هۆشیارییە ترسناکەشی دەچووە یان کە بە هەمان ڕادەش بێبەرگرییە.

کۆلێرا، لەمێشکیدا ببووە مەراقێك. جگە لەوەی کە بە ڕێگەیەکی ئاسایی و لەماوەی خولێکی لاوەکیدا فێری ببوو، شتێکی ئەوتۆی لەبارەیەوە نەدەزانی. کاتێ بەقورسی باوەڕی کرد کەهەر سێ ساڵ بەرلەوە، کۆلێرا لە فەرەنساو بەتایبەتی لەپاریس هۆکاری مردنی سەدو چل هەزار کەس بوو، وەکو تۆبەیەك بۆ ئۆخژنی یادەوەریی تەقریبەن هەموو ئەو شتانەی سەبارەت بەشێوە جۆراو جۆرەکانی کۆلێرا لە ئارا دا بوون، فێربوو، بەهاوکاریی لەگەڵ دیارترین پسپۆڕانی نەخۆشییە سارییەکانی ئەو زەمانە

و داهێنەری پشتوێنەی تەندروستی، پرۆفیسۆر ئەدریان پروستی باوکی مارسیل پروست دەستی بەپشکنین و لێکۆڵینەوە کرد. بەجۆری لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ وڵاتەکەی، هێشتا لەدەریادا بوو کە بۆنی ناخۆشی بازارەکی هاتە لووتی و لەناوەڕۆ پیسە سەربەتاڵەکاندا جرجەکانی بینی و منداڵەکانی هاتە بەرچاو کەبەڕووتی بەیەکدا دەهاتن، نەک تەنها لەوە تێگەیشت کە ئەو غەمنامەیە چۆن ڕوویداوە، بەڵکو لەوەش دڵنیابوو کە لەهەر ساتەوەختێکدا بێت دەتوانێ دووبارە بێتەوە.

ئەو ساتەوەختە بەزوویی هات. هێشتا ساڵێک بەسەر گەڕانەوەیدا تێنەپەڕیبوو کەخوێندکارەکانی لەنەخۆشخانەی (میزرکۆردیا) لەکاتی چارەسەرکردنی نەخۆشێکدا کە سەراپای لەشی بەشێوەیەکی سەیر شین ببۆوە، داوای یارمەتییان لێکرد. بەلای دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆوە ئەوەندە بەس بوو کە لەراڕەوەکەوە تەماشایەک بکات بۆئەوەی دوژمن بناسێتەوە. بەڵام ئەو ڕۆژە بەخت یاریان نەبوو چونکە نەخۆشەکە سێ ڕۆژ بەرلەوە بەکەشتییەک لە(کۆراسۆ)وە گەیشتبووە ئەوێ و خۆی گەیانبووە عیادەی نەخۆشخانەکە، لەبەر ئەوە کەمتر ئەگەری ئەوە هەبوو کەسی تری تووشکردبێت. بەهەرحاڵ، دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ بەهاوکارانی وت هەرچاوێکیان بکەن بەچوارو داوای لەکاربەدەستان کرد کەجواب بۆ بەندەرەکانی دەوروبەر بنێرن بۆ ئەوەی کەشتییە پیسبووەکە ببەنە شوێنێ کە قابیلی کۆنترۆڵکردن بێت و پاکژی بکەنەوە. دکتۆر ناچاربوو بەربە فەرماندەی شار بگرێت، چونکە دەیەویست حاڵەتی نائاسایی رابگەیەنێت و بەتەقاندنی هەر تۆپێک لەماوەی چارەکێکدا تەگبیری دەرمانکردنی شار بکات. ئەو ڕۆژە دکتۆر بەگاڵتەوە پێی وت:

-ئەو بارووتە بۆئەو کاتە هەڵگرە کەلیبراڵەکان دێن، ئێمە ئیدی سەدەکانی ناوەڕاستدا نین!

نەخۆشەکە لەدوای چوار ڕۆژ، لەئەنجامی ڕشانەوەیەکدا کەپڕبوو لەپەڵەی سپی بە ئاسان مرد. لەهەفتەکانی دوای ئەوەدا وێڕای چاودێریی هەمیشەیی حاڵەتێکی دیکە نەدۆزرایەوە. کەمێك پاش ئەوە، ڕۆژنامەی (دیاریودی کومیریسو) هەواڵی مردنی دوو منالی بڵاوکردەوە کە لەئەنجامی کۆلێراوە لەدوو شوێنی جیاوازی شار مردبوون. دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە، ئەوەیان ڕاگەیاند یەکێك لەدوو منالەکە تووشی سکچوونێکی خوێناوی ئاسایی بووە. بەڵام وادەهاتە بەرچاو ئەوی تریان کەکچێکی پێنج ساڵان بوو، بەڕاستی تووشی نەخۆشی کۆلێرا بووبێت. دایکو باوك و سێبرای کچەکە، بەجیاو هەریەکەی لەژوورێکی نەخۆشخانەکەدا بەتەنیا دانران و دەوروبەرەکانیشیان خرانە ژێر چاودێری تەواوی پزیشکییەوە. یەکێك لەکوڕەکانی خێزانەکە کە لەگەڵ قوربانییەکەدا هەڵسوکەوتی نزیکی هەبوو تووشی کۆلێرا بوو بەڵام زوو حاڵی باشبوو و کاتێ مەترسییەکە نەما، هەموو ئەندامانی خێزانەکە چوونەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان. لەماوەی سێ مانگی دوای ئەوەدا یانزە حاڵەتی تریش تۆمارکران و لەمانگی پێنجەمدا بڵاوبوونەوەیەکی هۆشیارکەرەوە هاتە پێشەوە، بەڵام بەرلەوەی ساڵ کۆتایی بێت هەمووان لەو باوەڕەدا بوون کەمەترسی بڵاوبوونەوەی کۆلێرا نەماوە. کەس گومانی لەوە نەبوو کەوردیی تەندروستیی دکتۆر ئۆربینۆ زیاتر لەئەنجامی ڕاگەیاندنی ڕەسمی خۆیەوە موعجیزەکەی کردووە بەکاری کردە. لەوکاتە بەدواوە هەتا سەدەی بیست کۆلێرا نەك لەو شارە بەڵکو بەدرێژایی زۆربەی کەنارەکانی دەریای کاریبی و لەنێوان شاخەکامی (مەجدەلینا)شدا بوو بەنەخۆشییەکی خۆماڵی بەڵام هەرگیز بەتەواوی گیانی بەبەردا نەهاتەوە کەدووبارە بڵاو بێتەوە. بوونی قەیرانەکە بەو مانایەبوو کەئاگادارییەکانی دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ بەجدیەتی زیاترەوە لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە گوێی لێگیراوە. کاربەدەستان پۆلێکی تایبەتیان بەکۆلێراو تازەردە لەکۆلیژی پزیشکی کردووە و هەستییان بەپێویستی

سەرداپۆشینی ئاوەڕۆکان و دروستکردنی بازاڕێك لەدووری خۆڵەعەمەلەکان کرد. بەهەرحاڵ، لەوکاتەدا دکتۆر ئۆربینۆ نەگوێی بەو سەرکەوتنانە نەدا کەپێشان ئاگادارییان کردبۆوە لەبارەیانەوەو نە لەئەرکی کۆمەڵایەتییدا هێندە سووربوون وتاقەتی مابوو، چونکە لەو کاتەدا باڵشکاوو گێژو پەرێشان بوو، پڕ بەدڵ حەزی دەکرد ئەو شتەی کەناوی ژیانە فەرامۆشی بکات. لەبەرئەوەی تیری خۆشەویستیی فێرمینا دازا گیانی سووتاندبوو.

لەڕاستیدا ئەم خۆشەویستییە ئەنجامی هەڵەیەکی دەست نیشانکردنی پزیشکیی بوو. پزیشکێ لەهاوڕێیانی دکتۆر خۆڤینالْ ئۆربینۆ پێیوابوو نیشانە سەرەتاییەکانی کۆلێرای لەکچێکی نەخۆشدا دۆزیوەتەوە کەتەمەنی هەژدە ساڵبوو، داوای لەخۆڤینالْ ئۆربینۆ کرد کچەکە ببینێت. ئەوئێوارەیە دکتۆر ئۆربینۆ کە ترسابوو لەوەی کۆلێرا هاتبێتە ناو چوارچێوەی شارە کۆنەکەوە سەردانی کچەکەی کرد. تا ئەو کاتە تەواوی حاڵەتەکان لەگەڕەکی هەژارنشینەکان و تەقریبەن هەمووی لەناو ڕەشپێستەکاندا سەری هەڵدا بوو. دکتۆر خۆڤینالْ ئۆربینۆ ڕووبەڕووی سەرسوڕمانی تر بۆوە کەهێندەش ناخۆش نەبوون. لەدەرەوە لەسێبەری دارچوالەی تاڵدا پارکی (ئیڤانجیلس)ی ماڵێکی ڕوو لەکاولبوون وەکو باقی ماڵەکانی تری ناوچەی کۆلۆنیالی دەرکەوت. بەڵام لەناوەوە جۆرێك لەهاوسەنگیی و جوانیی و ڕووناکیی سەسوڕهێنەر بەدیدەکرا کە وا دیاربوو لەسەردەمێکی ترەوە هاتبێت. دەرگای چوونە ژوورەوە بەسەر حەوشەیەکدا دەکرایەوە کە بە شێوازی حەوشەی خانووی ئیشبیلی و چوارگۆشە بوو، بەگەچێکی تازە گەچکاریی کرابوو، داری چرۆکردووی نارنج لە هەندێ جێگایدا بەدیدەکرا و کاشی دیوارەکان و زەوییەکە وەکو یەك بوون. دەنگی ژانی ئاو دەهاتەگوێ. سەرچاوەی دەنگەکە بەدی نەدەکراو گوڵدانی ێخەکی سەدپەڕ، لەسەر کەوانەی گەچی سەر دیوارەکان و قەفەزی باڵندەی ـنزاو جۆرو سەیر لەناو کەلێنە تاقدارەکاندا سەرنجیان ڕادەکێشا.

بەمووی سەیر تر سیٚ قەلەڕەش بوو لەقەفەزدا کەهەر جارەی بەباڵە تەپێیان لەناو قەفەزەکانیاندا بۆنێکی سەیریان بەناو حەوشەکەدا بڵاودەکردەوە. لەگۆشەیکی تری حەوشەکەدا چەند سەگێك زنجیر کرابوون و کە لەگەڵ هەستکردنیاندا بەبۆنی کەسێکی نامۆ لەشوێنی خۆیان دەردەپەڕین و و بەردەوام دەوەڕین. ژنێك دەنگی لێکردن کەنەوەڕن و پیشلەیەکی زۆر کە لە دەنگی ناقۆڵای سەگەکان تۆقیبوون بەچوار دەوری حەوشەکەدا کەوتنە هەڵبەزو دابەزو لەبەینی گوڵەکاندا خۆیان ونکرد. پاش ئەوە بێدەنگییەکی یەکسەری وا باڵی کێشا کەسەرەڕای تێکەڵی و پێکەڵی باڵندەکان و خوڕەی ئاو کە بەربەردەکان دەکەوت، دەتتوانی دەنگی شنەی شەماڵی غەمگینی دەریا ببیستی.

دکتۆر خۆڤێنال ئۆربینۆ بەسەراسیمەییەوە لەو راستییەی کەخودایەك بەجەستەیەوە لەوێدا هەیە، لای خۆیەوە بیری کردەوە کەماڵێکی ئاوا دەبیٚ لەبڵاوبوونەوەی کۆلێرا بەدووربیٚ. بەدرێژایی رارەوە تاقدارەکان بەدوای گالاپلاسیدیادا رۆیشت. بەلای پەنجەرەی ژووری درومانەکەدا تێپەڕین- واتە ئەو شوێنەی فلۆرنتینۆ ئەریزا سەروەختیٚ کەحەوشەکە هێشتا پڕبوو لەکەرەسەی خانووبەرە، بۆ یەکەمجار فێرمینا دازای تێدا دیبوو. بەقادرمە مەڕمەڕییەکاندا سەرکەوت بۆ نهۆمی دووەم و چاوەڕیٚ بوو تا بەرلەوەی بچێتە ژووری نووستنی نەخۆشەکە لەهاتنی ئاگاداری بکەنەوە کە گالا پلاسیدیا جارێکی تر بەپەیامێکەوە لەژوورەکە هاتە دەریٚ:

- خانم دەڵێت ئێستا ناتوانیت بچیتە ژوورەوە، لەبەرئەوەی باوکی لەماڵەوە نییە.

بەو شێوەیە دکتۆر بەپێی فەرمانی کچۆڵەکە ئەوێی بەجێهێشت و سەعات پێنجی ئێوارە هاتەوە. لۆرینزۆ دازا خۆی دەرگای مەدخەلەکەی کردەوە و بەرەوژووری نووستنی کچەکەی رێنمایی کرد. لۆرینزۆ دازا ەویٚ مایەوەو لەکاتێکدا بێهوودە هەوڵیدەدا لەکاتی پشکنینەکەدا

هەناسەدانی ناهاوسەنگ و رەقی کۆنترۆڵ بکات، لەگۆشەیەکی تاریکدا دانیشت. زانینی ئەوەی کامیان زیاتر لەژێر فشاردا بوون، ئاسان نەبوو، دکتۆر بەدەست لێدانی شەرمنانەی لە جەستەی نەخۆشەکە یان نەخۆشی لەناو ژێرکراسێکی ئاوریشمی و شەرم و شکۆی کچێتیدا. بەلام کەسیان تەماشای چاوی یەکتریان نەدەکرد. بەپێچەوانەی ئەمەوە، دکتۆر بەدەنگێکەوە کەدەتوت هی خۆی نییە چەند پرسیارێکی دەکردو فێرمیناش بەدەنگێکی لەرزۆکەوە وەڵامی دەدایەوە. هەردووکیان بەتەواوی ئاگایان لەو پیاوە بوو کە لە سێبەرەکەدا دانیشتبوو. سەرەنجام دکتۆر خۆڤێنال ئۆربینۆ داوای لەنەخۆشەکە کرد دابنیشێت و بەوردییەکی وەستایانەوە جلی خەوەکەی هەتا کەمەری هەڵدایەوەو بەر لەوەی فریابکەوێ بەهەردوو قۆڵی کەبەیەکدا چووبوون سینەی بەرزی داپۆشێت، هەردوو مەمکی قوتی و دووگۆی کچانەی مەمکی بۆ ساتێ بینی کە وەکو پریشکی باررووتی ناو تاریکی دەدرەوشانەوە. دکتۆر بە ئارامی و بەخۆین ساردییەوە، بێئەوەی تەماشای بکات دەستەکانی کردەوەو لەسەر سینەی لایبردو بەگوێ نووساندنی راستەوخۆ بەبەشە جیاوازەکانی جەستەی نەخۆشەکەوە گوێی لەدەنگی ناوەوەی نەخۆشەکە گرت، ئەمەی لەقەفەزەی سنگییەوە دەست پێکردو بە نووساندنی گوێی بەپشتییەوە پشکنینەکەی تەواوکرد.

دکتۆر خۆڤێنال ئۆربینۆ هەمیشە دەیوت کاتێ ئەو ژنەی بینی کەژیانی تاکۆتایی تەمەنی لەگەڵدا بەسەربرد، هەستی بەهیچ جۆش وخرۆشێ نەکرد. دکتۆر کراسی خەوی شینی ئاسمانی قەراغ موشەبەك و چاوانی داگیرساوو قژی پەخش و پەرێشانی سەرشانەکانی بەیاد دەهاتەوە، بەلام ئەوەندە نیگەرانی بڵاوبوونەوەی کۆلێرا بوو لەناوچەی کۆلۆنیالیدا کە ئاگای لەخەملینی جوانی فێرمینا نەبوو. چاوانی فێرمینا تەنیا بۆ دۆزینەوەی بچووکترین نیشانەی ئەو مەسەلەیە کە رەنگە قوربانییەکی کۆلێرا بێت، بەکاردەهات. فێرمینا دازا رێك و راست تربوو: ئەو دکتۆرە

کەنجەی کەسەبارەت بەبڵاوبوونەوەی کۆلێرا ئەو هەموو شتەی لەبارەوە بیستبوو، وەکو وەجاخزادەیەك دەهاتە بەرچاو کەچگە لەخۆی جورئەتی خۆشویستنی کەسی تری نەبوو. نەخۆشییەکەی جۆریَ لەئیلتیهابی ریخۆڵە بوو هۆیەکەی خواردن بوو کە بەسیَ رۆژ بەکارهێنانی دەرمان لەماڵەوە چارەسەرکرا. لۆرینزۆدازا ئاسوودە لەوەی کچەکەی تووشی کۆلێرا نەبووە، هەتا لای گالیسکەکەی دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆی رەوانە کردو بۆ سەردانەکەشی یەك پیرۆزی ئاڵتوونی دایە، ئەمەش پارەیەکی وابوو کەئەنانەت بۆ پزیشکێکی لە رادەبەدەر گرانجانیش زۆر دەهاتە بەرچاو. دکتۆر بەدەربڕینی رێزو حورمەتی زۆر ماڵئاوایی کرد. لۆرینزۆ دازا لەشکۆی ئەسڵ و فەسڵی دکتۆر دەستەپاچە ببوو، نەك هەر ئەمەی نەدەشاردەوە، بەڵکو ئامادەبوو بۆ دووبارە بینینی دکتۆر لەهەلومەرجێکی خۆمانەتردا هەرچی لەدەستی بێت بیکات.

دەبوو مەسەلەکە والێکبدەنەوە کە کۆتایی هاتووە. بەڵام لەسیَ شەممەی هەفتەی دوای ئەوەدا دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ بەبێ ئاگادارکردنەوەو بێنەوەی داوایان لێکردبێت، لەکاتێکی نالەبارو لەسەعات سێی پاش نیوەڕۆدا هاتەوە بۆ ئەو ماڵە. فێرمینا دازا لەژووری دروماندکە لەگەڵ دوو هاوڕێیدا سەرقاڵی فێربوونی وێنەبوو بەبۆیەی زەیتی کەدکتۆر بەجلوبەرگی رەسمی سپی و کڵاوە درێژە سپییەکەیەوە لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەدا قوتبۆوە و بەئاماژە بانگی کرد بۆ لای خۆی. فێرمینا شتومەکی وێنەکردنەکەی لەسەر کورسیەك داناو بە رۆیشتنی سەری پەنجە لەکاتێکدا داوێنی تەنوورە چینچینەکەی گرتبوو بۆ ئەوەی لەزەوییەکە نەخشیَ، بەرەو لای پەنجەرەکە رۆیشت. نیوە تاجیَ لەسەری فێرمینادا بوو کە ئاڵتوونەکەی بەتەوێڵیدا شۆڕببۆوە و بەردی درەوشاوەی لەرەنگی چاوانی بوو. هەموو شتیَ لای فرمێناوە بۆنی گوڵی لێدەهات دکتۆر لەوە سەری سوڕمابوو کە دەیبینی فێرمینا بۆ وێنە کێشانیش جلوبەرگێکی وای لەبەرکردووە کەدەڵێی

بۆ ئاهەنگ دەچێت. لەپەنجەرەکەوە لێدانی دڵی گرت و داوای لێکرد زمانی دەربێنێ، بەکەوچکێکی کانزایی فشاری خستە سەرزمانی و تەماشای ناو قورگی کرد، پێڵوەکانی خوارەوەی کەمێك هەڵگێرایەوەو تەماشای ئەودیویانی کردو هەرجارەی بەسەر لەقاندنێ باشبوونی حاڵی دەسەلماند. دکتۆر ئەمجارە کەمتر لەجاری پێشوو هەستی خۆی کۆنترۆڵ دەکرد، بەڵام فێرمینا زیاتر لەبەرئەوەی نەیدەتوانی لەهۆی ئەم پشکینینە چاوەڕواننەکراوە تێبگات، چونکە دکتۆر خۆی وتبووی نایەتەوە مەگەر گۆڕانێك لەحاڵەتی فێرمینادا روویدات و بانگیبکەن. لەوەش گرنگتر خودی فێرمینا دازا بوو کەنەیدەویست دووبارە دکتۆر ببینێ. دکتۆر کاتێ پشکنینەکەی تەواوکرد، کەوچکە کانزاییەکەی خستە ناو جانتا قەرەباڵغ و پڕ لە ئامرازو بتڵە پزیشکییەکانییەوە، دەرگاکەی بەدەنگەوە داخست و وتی:

-تۆ وەکو گوڵەباخێکی تازە کراوەی!

-سوپاست دەکەم!

-سوپاسی خودا بکە!

دکتۆر بەهەڵە قسەیەکی سان تۆماسی بەوشێوەیە وت کە ئەمەیە" ئەوەت لەبیر نەچێت کەهەرشتیکی باش ئەو کاتە باشە کەبێ سەرنجدان لەئەسڵەکەی لە (روح القدس)ەوە سەرچاوەی گرتبێت"

-حەزت لەمۆسیقا هەیە؟

فێرمینا دازا لە وەڵامدا پرسی:

-مەبەستت لەم پرسیارە چییە؟

-مۆسیقا بۆ سەلامەتی مرۆڤ گرنگە.

لەڕاستیدا دکتۆر وابیری دەکردەوەو فێرمینا دازا کەمێك دوای ئەوە بۆ باقی تەمەنی تێگەیشت کەمەسەلەی مۆسیقاکە تەقریبەن یەك بەرنامەی کارکردنی سیحراوی بوو کەدکتۆر بۆ داڕشتنی نەخشەی خۆشەویستیی

بەکاری دەهێنا، بەڵام فێرمینا لەو ساتە وەختەدا، وەکو نوکتەیەک گوزارشتی لێکرد. وێڕای ئەوە، دوو هاوڕێکەی کە لەکاتی قسەکردنی فێرمینا لەگەڵ دکتۆر خوڤێناڵ ئوربینۆ لەپەنجەرەکەوە، خۆیان مژوڵ نیشاندەدا، بەهێواشی پێدەکەنین و دەموچاویان لەپشت بۆردی وێنەکردنەکەوە دەشاردەوە. ئەم کارەیان بوو بەهۆی ئەوەی فێرمینا دازا کۆنترۆڵی خۆی لەدەستبدات و لەتوورەییدا شێتانە، بەتوندی پەنجەرەکە لە دکتۆر دابخات. دکتۆر مات و سەرسام لەدەسکی پەنجەرە داخراوەکە راما، کاتێ ویستی دەرگای چوونە دەرەوە بدۆزێتەوە رێگاکەی ونکردو لە دەسەتەپاچەییدا خۆیدا لە قەفەزی قەلەڕەشە بۆن پرژێنەکان. قەلەڕەشەکان لەکاتێکدا لەترسدا باڵەتەپێیان بوو دەستیان بەقیڕە قیڕێکی ناخۆش کرد کە گوێی کەڕ دەکردو بۆنێکی ژنانەیان بەجلەکانی دکتۆردا پرژاند. دەنگی هەورە بروسکە ئاسای لۆرێنزۆ دازا لەشوێنی خۆی چەقاندی کەوتی:

-دکتۆر لەشوێنی خۆت مەجوڵێ و چاوەڕێمبکە.

لۆرێنزۆ دازا لە نهۆمی سەرەوە هەموو شتێکی بەچاوی خۆی دیبوو. بەڕوخسارێکی هەڵئاوساوو مەیلەو شینەوە لە کاتێکدا کە قۆپچەکانی کراسەکەی دادەخست بەقادرمەکاندا هاتە خوارەوە. ریشی تاسنووری خەتی ریشی هێشتا لەدوای سەرخەوشکاندنێکی نائارام شێوابوو. دکتۆر ویستی بەسەر پەشۆکاویی خۆیدا زاڵبێت.

-بەکچەکەتم وت کەوەکو گوڵەباخێك وایە.

لۆرێنزۆ دازا وتی:

-ئەمە راستییەکە، بەڵام گوڵەباخێکە دڕکی زۆری پێوەیە!

بەبێ چاك و چۆنی بەلای دکتۆر ئوربینۆدا ڕەتبوو، بەتوندی پەنجەرەی ژووری دروومانەکەی کردەوەو بەتوورەییەوە بەسەر کچەکەیدا نەڕاندی:

-وەرە ئێرەو داوای لێبووردن لە دکتۆر بکە!

دکتۆر هەوڵیدا ناوبژی بکات و ڕێگە لە لۆرینزۆ دازا بگرێت، بەڵام ئەو نەیبیست، بەسووربوونەوە وتی:

-خێراکە.

فێرمینا بە نیگایەکی پڕماناوە لەهاوڕێکانی، داوای لێکردن لە هەڵوێستی تێبگەن و بەباوکی وت هیچ ڕوووینەداوە کە داوای لێبوردنی لەسەر بکات. تەنها لەبەر تیشکدانەوەی پەنجەرەکەی داخستووە. دکتۆر ئۆربینۆ بەخۆش خولقییەوە هەوڵیدەدا بەڵگەکانی فێرمینا بسەلمێنێ، بەڵام لۆرینزۆ دازا سووربوو لەسەر ئەوەی قسەکەی بباتە سەر. لەم حاڵەتەدا فێرمینا دازا، بەڕەنگی پەڕیوەوە لە رقدا، لەسەر پێی ڕاستی بەرەو پەنجەرەکە خۆی بەکێشکردو دامێنی تەنوورەکەی بەسەری پەنجە بۆ سەرەوە گرت و بە ڕێز لینانێکی ژنانەوە رووی لەدکتۆر کردو وتی:

-داوای لێبووردنی راستگۆیانەی من قبوڵ بفەرموو، قوربان!

دکتۆر خۆڤینالْ ئۆربینۆ لەکاتێکدا بەکڵاوە درێژەکەی دەیەویست وەك سوارچاکان ڕێز بنوێنێ، بەخۆشییەوە ڕێزی لەبەرامبەر فێرمینا دازا دا نواند، بەڵام لەنواندنی بزەیەکی میهرەبانانەدا کەئاواتی بوو سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. پاش ئەوە لۆرینزۆ دازا بۆ ئاساییکردنەوەی مەسەلەکە دکتۆری بۆ خواردنەوەی قاوەیەك لەنووسینەگەکەی داوەت کردو ئەویش بەوپەڕی ئارەزووەوە پەسەندیکرد بۆ ئەوەی هیچ جۆرە گومانێك لەوەدا نەمێنێ کە تۆسقاڵێ دڵی نەیەشاوە.

راستی مەسەلەکە ئەوەبوو کەدکتۆر خۆڤینالْ ئۆربینۆ جگە لە قاوەیەك کە بەیانیان پێش نانخواردن دەیخواردەوە قاوەی نەدەخواردەوە، مەشروبیشی نەدەخواردەوە لەبۆنەکانی پێشوازییدا نەبێت. بەڵام نەك هەر ئەو قاوەیەی خواردەوە کە لۆرینزۆ دازا پێشکەشی کرد بەڵکو پێکێ عەرەقی رازیانەشی خواردەوە. پاشان قاوەیەکی ترو پێکێکی تریشی خواردەوە لەگەڵ ئەوەشدا کەهێشتا دەبوو سەردانی چەند شوێنێکی تریش بکات،

پاشان هی تر و هی تریشی خواردەوە. لەسەرەتادا بەوردی گوێی لەو عوزرخواییانە دەگرت بۆ هەڵسوکەوتی کچەکەی دەیهێنایەوەو کچەکەی وەکو کچێکی زیرەك و جدی باسدەکرد کەشایانی شازادەیەکی هەرشوێنێکی دنیایەو تەنیا خەوشی کەللەڕەقییە. بەڵام دوای دووەم پێکی عەرەقی رازیانە، پێیوابوو لەوسەری حەوشەکەوە دەنگی فێرمینای دێتە گوێ و هێزی خەیاڵی بەدوایدا ڕۆیشت لەو شەوەدا کەتازە بەسەر ماڵەکەدا هاتبوو چاودێری فێرمینای کرد، لەکاتێکدا چرای داڵانەکانی دادەگیرسان و ژووری نووستنەکانی بەدەرمانی مێش بۆناوی دەکردو سەری مەنجەڵی شۆربای سەر ڕۆپاکەی لادەدا کەدەبوو لەگەڵ باوکیدا بیخۆن. دکتۆر و باوکی فێرمینا بەتەنیا لەسەر مێزەکە بوون، فێرمینا بێئەوەی چاو هەڵبڕێت بێئەوەی لەشۆرباکە بچێژێت، بێئەوەی تەلیسمی ڕق و کینە بشکێنێ درێژەی بەبێدەنگیی خۆیدا تا باوکی ناچار بەتەسلیم بوون بکات و قەناعەتی پێبکات لەسەر تووڕەبوونی ئەو پاشنیوەڕۆیەی داوای لێبووردنی لێبکات.

دکتۆر ئۆربینۆ هێندەی دەربارەی ژنان دەزانی کە لەوە تێبگات تا ئەڕوات فێرمینا دازا نایەت بەلای ژووری نووسینگەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەیزانی بەزوویی ناتوانێت غروری کچەکە نەهێڵێ کە بریندار کرابوو، لەدوای ئەو سووکایەتی پێکردنە لەگەڵیدا ئاشت نابێتەوە، کەچی هێشتا مایەوە. هەڵبەتە وا نەدەهاتە بەرچاوی لۆرێنزۆ دازا کە لەو ماوەیەدا بەتەواوی سەرخۆش ببوو، ئاگای لەخەیاڵ بڵاوی دکتۆر بێت، چونکە تەواو زمانی کرابۆوەو سەرقاڵی قسەکردن بوو، لەکاتێکدا یەکبینە قسەی دەکرد، سیغارە دانەگیرساوەکەی دەجوی و بەکۆکەی قووڵ هەوڵیدەدا قوڕگی پاك بکاتەوە، بەدژوارییەکی زۆرەوە هەوڵیدەدا لەناو کورسییە بزۆزکەکەیدا کەقاچەکانی وەکو ئاژەڵێکی تووڕە دەیاننالاند لەحاڵەتێکی سەقامگیردا خۆی رابگرێت. لۆرێنزۆ دازا تا ئەو کاتە سێ پێك عەرەقی رازیانەی خواردبۆوە کەمیوانەکەشی شانبەشانی ڕۆیشتبوو تەنها کاتێ وازی لە

قسەکردن هێنا کەهەستیکرد ناتوانێت میوانەکەی ببینێت و بۆ داگیرساندنی چرا لەشوێنی خۆی هەستا. دکتۆر ئۆربینۆ لەبەر ئەو رووناکییەی کەتازە روخساری خانەخوێکەی رووناکدەکردەوە تەماشای روخساری کرد، بینی کەچاوێکی وەك چاوی ماسی زەق بووەو لەهەمان کاتدا داگیرساوە لەو وشانەی کە لەزاری دێنە دەرێ لەگەڵ جوڵەی دەمولێویدا نایەنەوە، وای وێنادەکرد کە لەئەنجامی زۆر خواردنەوەدا تووشی ئەو حاڵەتە بووە. لەدوای ئەمە بەو هەستە سیحراوییەوە کە رۆحی چۆتە ناو بەدەنێکی نامۆوە کە هی خۆی نییە و لەسەر کورسییەکی تر دانیشتووە، هەستاو بۆ ئەوەی هۆشی لەدەست نەدات ناچاربوو هەوڵێکی زۆر بدات. سەعات لەحەوت تێپەڕیبوو کە بەدوای لۆرنز دازا دا ژوورەکەی بەجێهێشت. مانگ چواردە بوو، لە ژێر کاریگەریی عەرەقی رازیانەدا حەوشەکە شێوەی دڵگیری حەوزێکی ئاوی لەخۆ گرتبوو کەدکتۆر تیایدا مەلەی دەکرد، قەفەزەکان بەرووکەش قوماش بوون کە لەبەرچاوی چەند تارماییەك بوون لەژێر بۆنی تیژی چرۆی نارنجەکاندا خەوتبوون. پەنجەرەی ژووری درومانەکە کرابۆوە. لەسەر مێزی کارکردنەکەی لۆرینزۆ دازا فانۆسێك رووناکی بەچواردەوری خۆیدا پەخشدەکرد وێنە تەواو نەکراوەکانیان لەسەر سێپاکان بەشێوەیەك رێکخستبوو وەك ئەوەی پیشانگەیەکیان کردبێتەوە. دکتۆر ئۆربینۆ لە کاتێکدا بەلای پەنجەرەکەدا رەتدەبوو وتی:

-هونەرەکەت لێرەیە بەڵام خۆت دیار نیت.

فێرمینا دازا گوێی لەدەنگی نەبوو- نەیدەتوانی گوێی لەدەنگی بێت- لەبەرئەوەی لەژووری نوستنەکەی لەسەردەم خۆیدابوو بەسەر سیسەمەکەیداو روخساری لەسەرینەکەی چەقاندبوو، لە تووڕەییدا دەگریا، چاوەڕێی باوکی بوو بۆ ئەوەی سەبارەت بەو سووکایەتی پێکردنەی پاشنیوەڕۆ دڵی بداتەوە. دکتۆر هێشتا بۆ خواحافیزی لێکردنی ئومێدی لەدەس نەدەدا، بەڵام لۆرینزۆ دازاش پێشنیازێکی وای نەکرد. دکتۆر کە

لەئارەزووی ترپەی دڵی بێگوناهانەو زەمانی پیشیلە ئاساو لەوزەتێنی هەستیاری فێرمینا بێتاقەت ببوو، دواجار بەو بۆچوونەوە کە فێرمینا هەرگیز حەز بەبینینی ناکات و هەرگیز بوار نادات جارێکی تر بێتەوە بۆ سەردانی، دڵی سارد بۆوە. کاتێ لۆرینزۆ دازا پێی خستە ناو دالانی چوونە دەرەوەوە، قەلەڕەشەکان کەهەڵنەنیشتبوون لەژێر ئەو قوماشەدا بوون کەدرابوو بەسەر قەفەزەکەیاندا قیژەیەکی گوێ کەرکەری غەمبارانەیان لێوە هات. دکتۆر کە بیری لە فێرمینا دەکردەوە بەدەنگێکی زل وتی:

-ئەمانە بەدەنووک چاوت هەڵدەکۆڵن!

لۆرینزۆ دازا ئاوڕیدایەوە خۆی کۆکردەوە و لێی پرسی چیت وت، دکتۆر دیسان بۆڵەیەکی لێوە هات و وتی:

من نەبووم، عەرەقەکە بوو قسەی کرد!

لۆرینزۆ دازا هەتا لای گالیسکەکە دکتۆری رەوانە کرد و زۆر هەوڵیدا بۆ سەردانی دووەمیش یەک پیرۆزی ئاڵتوونی لێوەربگرێ بەڵام ئەماتە ژێر بارو بۆ کۆتاییهێنان بەو مەسەلەیە ئاونیشانی تەواوی ئەو دوو نەخۆشەی دا بە عەرەبانچییەکە کەدەبوو سەردانیان بکات. بەبێ یارمەتی عەرەبانچییەکە پێی خستە سەر پلەی گالیسکەکە، خۆی نووشتاندەوەو لەسەر کورسییەکە دانیشت. کاتێ گالیسکەکە کەوتەرێ و بەسەر شەقامە بەردڕێژەکاندا هەڵبەزو دابەزی کرد، دکتۆر هەستیکرد کەمێ ناساغەو بەعەرەبانچییەکەی وت لەڕێگایەکی ترەوە بڕوات. هێشتا بە تەواوی رێگاکەیان نە گۆڕیبوو کە لەپڕ لە ئاوێنەی گالیسکەکەدا تەماشای خۆی کردو بینی هێشتا بیر لەفێرمینا دازا دەکاتەوە. شانی هەڵتەکاند، باوێشکیدا، سەری شۆڕکردەوەو خۆی بەخەو سپارد. لەخەونیدا دەنگی زەنگی پرسەی هاتە گوێ. سەرەتا دەنگی زەنگەکانی کڵێسای گشتیی هاتە گوێ، پاشان دەنگی زەنگی کڵێسای دنیای یەک لەدوای یەک هاتەگوێ،

تەنانەت دەنگی زەنگە شکاوەکانی کڵیسای (سان خوان هوسبتالیریو)شی هاتە گوێ، بەدەم خەوەوە لەژێر لێوەوە بۆڵەیەکی لێوە هات:

-ترحێو! خەڵك مردووە!

دایکی و هەردوو خوشکەکەی لە هۆڵی نانخواردن لەسەر مێزە سەرەکییەکە خەریکی خواردنەوەی قاوەو شیرو کولیچە بوون وەکو نانخواردنی ئێوارە کەبەروخسارێکی ماندوو، حاڵێکی خراپ و بۆنێکی تیژی وەك هی سۆزانییەکانەوە کە قەلەڕەشەکان پیایاندا پرژاند بوو لەناو چوارچێوەی دەرگاکەدا دەرکەوت. درێژترین دەنگی کلێسای گشتی لەوپەڕی ماڵەکەدا دەنگیدایەوە. دایکی بەترسەوە لێی پرسی کە تائێستا لەکوێ بووە، لەبەرئەوەی هەموو شوێنێ بەدوایدا گەڕاون بۆئەوەی بینێرن بۆ سەردانی جەنەڕاڵ ئیگناسیو ماریا، دوا ئەوەی مارکیز دی فاریز دی لاڤیرا، کە ئەم ئێوارەیە لەئەنجامی جەڵتەی مێشکدا مردبوو:" کەواتە زەنگەکان بۆ ئەو لێدەدران" دکتۆر خۆڤینال ئوربینۆ لەکاتێکدا بەچنگ گیرکردن لە چوارچێوەی دەرگاکە هاوسەنگیی خۆی رادەگرت. گوێی لەقسەکانی دایکی گرتبوو بێئەوەی یەك وشەیان ببیستێ. پاش ئەوە هەوڵیدا بۆ گەیشتن بەژووری نووستن، هاوسەنگیی لەدەستدا. نیوە خولێکیدا، رشایەوەو عەرەقی رازیانەی هەڵهێنایەوە و کردیە سەر زەوییەکە دایکی هاواری کرد:

یامرێمی پاکیزە! دەبێ شتێکی سەیرت بەسەر هاتبێ کە بەحاڵ و باڵێکی واوە دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە؟

سەیرترین شت هێشتا روونەدابوو. دکتۆر خۆڤینال ئوربینۆ هەلی سەردانی پیانۆژەنی ناودار رۆمیۆ لوسیچ -ی قۆستەوە، کە لە دوای تەواوبوونی پرسەی ئیگناسیو ماریا لەشارەکەدا راستەوخۆ کۆمەڵێ سوناتای مۆزارتی ژەنی، دکتۆر پیانۆکەی لە قوتابخانەی مۆسیقا دەرهێناو خستییە گالیسکەیەکەوە کەهێستر رایدەکێشا، پیانۆ ژەنەکەشی سوارکرد

رۆیشتن لەبەر دەرگا پارچەیەک (سیرناد)ی مێژوویی پێشکەش بە فێرمینا دازا کرد. فێرمینا کە لەگەڵ یەکەم ئاوازدا خەبەری ببۆوە، بۆ ناسینی خاوەنی ئەو ستایشە نائاساییە، پێویستی بەوە نەبوو کە لە لاوانەی ئاسنی هەیوانەکەوە تەماشای دەرەوە بکات. لەوکاتەدا تاکە شتێ کە دەبووە مایەی غەمخواردنی ئەوەبوو کەنەیدەوێرا وەکو کچە خاوەن ئەزموونەکان رەفتار بکات کەچڵکاویان دەکرد بەسەر ئەو عاشقانەدا کەحەزیان لەچارەیان نەبوو. لەلایەکی ترەوە، لۆرینزۆ دازا لەکاتی ژەنینی پارچە مۆسیقا عاشقانەکەدا، خەریکی خۆگۆڕین بوو، کاتێ تەواو بوو، دکتۆر ئۆربینۆو پیانۆ ژەنەکەی بۆ ژووری میوان داوەتکرد کەبەجلی رەسمی کۆنسێرتەوە هاتبوون، بەپێشکەشکردنی پێکێ براندی ئەوەی نیشاندا بۆ پارچە مۆسیقا عاشقانەکە سوپاسیان دەکات.

فێرمینا دازا زوو لەوە حاڵیبوو کەباوکی بەفرت وفێڵ دەیەوێت دڵی نەرمبکات. رۆژی پاش سازو ئاوازە عاشقانەکە، باوکی لەقاڵبی رێکەوتێکی تەواو دروستکراودا پێیوت:

–بیرلەوە بکەرەوە دایکت چ هەستێکی دەبوو ئەگەر بیزانیایە یەکێک لەبنەماڵەی ئۆربینۆ دی لاکایی داواکارتە؟

فێرمینا بەساردیی و وشکیی تەواوەوە وەڵامی دایەوە:

–لەناو دارەمەیتەکەیدا دووبارە دەمردەوە.

ئەو هاوڕێیانەی کە لەگەڵ فێرمینادا وێنەیان دەکرد پێیانوت ـەخۆڤیناڵ ئۆربینۆ چەند ئاگادارکردنەوەیەکی توندی لەلایەن یانەی ۆمەڵایەتییەوە دراوە بەتەنگەدا لەبەرئەوەی ویستوویەتی یاساکانی یانەکە ـشێل بکات و بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ لۆرینزۆ دازا بۆ ئەوێ داوەت بکات. ـوکاتە فێرمینا لەوە حاڵیبوو کە باوکی چەندانجار داوای کردووە کەببێکەن ـ ئەندامی یانەی کۆمەڵایەتیی هەرجارەی بەژمارەیەکی وا زۆر لەرای دژ ـاکەی رەتکرابۆوە کە بواری دەرفەتێکی تر لەئارادا نەبوو. بەڵام لۆرینزۆ

دازا توانایەکی سەیری هەبوولەقبوڵکردنی سوکایەتییدا بەپەنابردن بۆ چەند رێگایەکی وەستایانە یەکتر بینینی رێکەوتی لەگەڵ خۆڤینال ئۆربینۆدا دروستدەکرد، ئاگای لەوەش نەبوو کەخۆڤینال ئۆربینۆش بەجۆری دەهاتە سەر رێگای کەنەگەری ئەو یەکتر بینینانە بێتە ئاراوە. زۆرجار ئەم دوانە چەند سەعاتێکیان بەقسەکردنەوە لەژووری نووسینەگەکە بەسەر دەبردو لەم کاتانەداماڵەکە دەچووە کەناری کاتێکەوە، وەك ئەوەی لەجووڵە کەوتبێت. لەبەرئەوەی فێرمینا دازا هەتا ئەو کاتەی دکتۆر لەماڵیان بوایە نەیدەهێشت هیچ شتێ رەوتی ئاسایی خۆی تەیبکات. قاوەخانەی باروکێ پەناگەو رایەڵێکی پەیوەندی باشبوو. لەوی لۆرینزۆ دازا وانەکانی سەرەتای یاری شەترەنجی فێری خۆڤینال ئۆربینۆ کرد، ئەوەندە خوێنکارێکی جدی لێدەرچوو کەشەترەنج بەلایەوە بوو بەئارەزوویەکی لەتێرکردن نەهاتوو، حەزێکی بێکۆتایی کەتا دوارۆژی تەمەنی ئازاریداو دەستی لێهەڵنەگرت.

لەشەوێکدا ماوەیەك دوای (سیرناد)ە پیانۆییە تاکە کەسییەکە، لۆرینزۆ دازا لەدالانی مەدخەلی ماڵەکەیدا زەرفێکی نامەی مۆرو ئیمزاکراوی بەمۆم دۆزییەوە کەنامەیەکی تێدا بوو بۆ کچەکەی و لەسەر مۆمەکە پیتی "خ، ئۆ، ك" چاپکرابوو. کاتێ بەلای ژوورەکەی فێرمینادا رەتبوو، لەژێر دەرگاکەوە بەهێواشی نامەکەی کرد بەژووردا. فێرمینا هەرگیز لەوە حاڵی نەبوو کەچۆن نامەکە گەیشتبووە ئەوێ، چونکە ئەوەی بەخەیاڵدا نەدەهات کەباوکی ئەوەندە گۆڕابێ خۆی ببێت بەپەیکی دڵداری کچەکەی. فێرمینا کەنەیدەزانی چی لەنامەکە بکات خستییە سەر مێزەکە. چەند رۆژێکی پێچوو، نامەکە هەروا بە نەکراوەیی لەسەر مێزەکە مایەوە، تا پاشنیوەڕۆیەکی باران خەونی بینی کەخۆڤینال ئۆربینۆ هاتووە بۆ ماڵیان بۆ ئەوەی ئەو کەوچکە تایبەتەی بداتەوە کە بۆ پشکنینی خستبوویە سەر زمانی، کەوچکەکە لەخەونیدا ئەلەمنیۆم نەبوو، بەڵکو لەکانزایەکی بەلەزەت دروستکرابوو کە لەخەونی دیکەدا بەلەزەتەوە تامی کردبوو، ئەوەندەی

ملّچاند تابوو بەدوو کەرتی قەبارە جیاوازەوە، فێرمینا لەتە بچووکەکەی دایەوە بەدکتۆر. کە خەبەری بۆوە نامەکەی کردەوە. نامەیەکی کورت و تەواوبوو. هەموو داخوازییەکەی دکتۆر ئەوەبوو تکای لەفێرمینا دەکرد رێگەی پێبدات تا قسە لەگەڵ باوکی بکات مۆڵەتی بداتێ بۆ سەردانی. فێرمینا کەوتە ژێر کاریگەریی سادەیی و بێڕتووشی نامەکەوەو ئەو هەموو رقەی کە لەو هەموو رۆژەدا لە دڵیدا گلی دابۆوە بەیەکجاری نەما. کاتێ نامەکەی دەخستە باوەڵەکەیەوە ئەوەی هاتەوە یاد کەنامە بۆندارەکانی فلۆرنتینۆ ئەریزاشی کردۆتە ئەو باوەڵەوەو لەبەر ئەوە لەشەرمدا لەرزی ونامەکەی دەرهێنایەوە، بەدوای جێگایەکدا دەگەڕا بۆی. دوای کەمێ گەڕان بیری کردەوە باشترین کار ئەوەیە واخۆی نیشانبدات کە نامەکەی وەرنەگرتووەو دواجار بەگڕی چرا فتیلەکە سووتاندی، لەناو گڕەکەدا تەقینی پارچەی مۆمەکان و گۆڕینی بەگلۆپی شینی تەماشا کرد و بەحسرەتەوە وتی:" ئای پیاوی بەدبەخت "، لەهەمان کاتدا هەستی بەوەکرد کەساڵێك زیاترە دووجار ئەم دەستەواژەیەی بۆ یەك مەبەست بەکارهێناوە. ماوەیەك بیری لەفلۆرنتینۆ ئەریزا کردەوە، سەری لەوە سوڕمابوو لەوەی کە چەند لە ژیانی فلۆرنتینۆ دوور کەوتۆتەوە:"ئای پیاوی بەدبەخت".

سێ نامەی تر لەگەڵ دوا بارانی مانگی تشرینی یەکەمدا یەك لەدوای یەك گەیشتن. یەکەم لەگەڵ پاکەتێکی بچووکدا گەیشت کەحەبی رەنگ وەنەوشەیی تێدابوو لەدێری (فلافیگنی)یەوە. دوونامەکەی تر گالیسکەچییەکەی دکتۆر خوڤینال ئۆربینۆ گەیاندبوویە بەردەرگاو خودی دکتۆریش لەپەنجەرەی گالیسکەکەوە سەلامی لە گالاپلاسیدیا کردبوو. ئەم کارەی دکتۆر بەو شێوەیە لەبەر دوو مەبەست بوو: یەکەم بۆئەوەی گومان لەوەدا نەمێنی کەنامەکان لەلایەن ئەوەوەن و دووەم لەبەرئەوەی ئیدیعای نەگەیشتنی نامەکان نەکرێت. خاڵی یەکەم پێویست نەبوو، چونکە پیتە رەمزەکان لەسەر مۆرەکە بوون و جێگایان بۆ گومان نەدەهێشتەوە،

جگەلەوەش خەتە شەڕەپشیلەکەی کە تەقریبەن نەدەخوێنرایەوە زۆر زۆر ئەوەی لەفێرمینا گەیاند کەدەبێ نووسەرەکەی دکتۆرێ بێت. لەنامەکانی دواییشدا هەمان شت داواکرابوو کە لەنامەی یەکەمدا هاتبوو، باسی هەمان رۆحیەتی کۆیلانەی نووسەرەکەی دەکرد. بەڵام لەپشت ریتمی بەئەدەبانەی نامەکانەوە دەکرا هەست بەجۆرێ لەبێئارامی بکرێ کە لەنامە سەنگینەکانی فلۆرنتینۆ ئەریزا هەرگیز هەستی پێنەدەکرا. فێرمینا لەگەڵ گەیشتنی نامەکاندا دەیخوێندەوە کە بەماوەی دوو حەفتە دەگەیشتن، کاتێ دەیخستن ئاگرەوە، بێئەوەی هۆکەی بزانێت، پەشیمان دەبۆوە. بەڵام هەرگیز بیری لە وەڵامدانەوە نەدەکردەوە.

سێیەم نامەی مانگی تشرینی یەکەم کە لەژێر دەرگای مەدخەلەکەوە کرابوو بەژووردا، تەواو لەگەڵ نامەکانی تردا جیاوازبوو، دەستوخەتەکەی ئەوەندە منالانەبوو کەگومانی لەوەدا نەدەهێشتەوە کەبەدەستی چەپ نووسراوە. بەڵام فێرمینا دازا لەناوەڕۆکی ئەم نامەیەوە کەچڕوودارو ژەهراوی نووسرابوو، تێگەیشت. نووسەری نامەکە لەوباوەڕەدا بوو کە فێرمینا دازا بەدەرمانی میهرو خۆشەویستیی دکتۆر خۆڤینال ئوربینۆ جادوی لێکراوەو سەرسام بووە پێی، لەم بۆچوونەوە ئەنجامی خراپی هەڵهێنجابوو. نامەکە بەهەڕەشەیەک کۆتایی دەهات: ئەگەر فێرمینا دازا دەست لەم کارانەی هەڵنەگرێ و دیسان هەوڵبدات بەسوود وەرگرتن لەخۆشەویسترین پیاوی شارەکە بەپلەو پایەیەک بگات، لەبەردەم خەڵکدا بەگشتیی رووبەڕووی رسوایی دەبێتەوە.

فێرمینا هەستی دەکرد بۆتە قوربانی نا دادپەروەرییەکی گەورە بەڵام کاردانەوەی نەک هەر رق و کینەخوازانە نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە حەزی دەکرد کەنووسەری بێناونیشانی نامەکە بدۆزێتەوە، بەروونکردنەوەی باروردۆخ و هەڵوێستەکە، بۆی بسەلمێنێ کەبەهەڵەداچووە، لەبەرئەوەی دڵنیابوو لەبەر هیچ هۆیەک هەرگیز وەڵامی خۆشەویستیی

دەربڕینی خۆڤینالْ ئۆربینۆ ناداتـەوە. لـە دوو رۆژی دوای ئەوەشـدا دوو نامەی بیْ ئیمزای هەرەشـەئامێزی تریشی بۆ هات کە لـە نامـەی یەکـەم کەمتریان پێنەکردبوو. بەلاّم وا نەدەهاتە بەرچاو کەنووسەری هەرسیْ نامەکە یەك کەس بێت. فێرمینا یان ببووە نێچیری پیلانێك یان شیکردنەوەی درۆی بەسەرهاتی خۆشەویستیی شاراوەی لەو سنوورەی کەبتوانی وێنای بکەی زیاتر رۆیشتبوو. ئەو وێناکردنەی کەهەموو بێسەرەو بەرەبییەکە ئەنجامی گوێپێنەدانیْ بوو لەلایەن خۆڤینالْ ئۆربینۆوە کە تووڕەی دەکرد، ئەوەی بەخەیاڵدا هات کە رەنگـە دکتـۆر ئـەو لێوەشاوەیە نـەبێت کـە رووکەشی نیشانیدەدات. رەنگە لەکاتی سەردانەکانیدا کە بۆ مالاّن دەیکات بوخچەی دڵی بکاتەوەو یان وەکو زۆر لەپیاوانی چینەکەی شانازیی بەسەرکەوتنی خەیاڵییەوە دەکات. جاریْ بیری لەوە کردەوە کە نامەیەکی بۆ بنووسێت و لەبەر ئەتککردنی رێزو حورمەتی و گورز وەشاندن لەمتمانەی سەرزەنشتی بکات. بەلاّم بڕیارەکەی گۆڕی چونکە لەوانەبوونەمە رێك هەمان ئەو شتە بێت کە ئەو دەیەویست. هەوڵیدا لەرێگەی ئەو هاوڕێیانەوە کە لە گەڵیدا لەژووری درومانەکە وێنەیان دەکرد، شتی زیاتر بزانێت، بەلاّم تاکە شتیْ کە لەوانی بیست هەندیْ پڕوپاگەندەبوو دەربارەی (سیرناد)ە پیانۆییە تاکە کەسییەکە. هەستی دەکرد پەرێشان و بێدەسەلاّتە و سووکایەتی پێکراوە. بەپێچەوانەی هەستی یەکەمجارییەوە کـە دەیەویـست رووبـەڕووی دوژمنـە نادیارەکـەی بێتەوەو هەوڵبدات بیسەلمێنیْ کەبە هەڵەدا چووە، ئێستا حەزی دەکرد بەمقەستی باخەوان پارچە پارچەی بکات. شەوانی ئارام بەدەم شیکردنەوەو وردکردنەوەی وردەکاریی و دەربڕینی نامە بیْ ئیمزاکانەوە بەو ئومێدەوە بێخەوی کێشا کەبەڵکو بتوانیْ تۆزیْ مایەی دڵخۆشی و دڵدانەوە پەیدا بکات د پەیدای نەکرد. ئـاواتێکی بێهـوودە بـوو: فێرمینـا دازا، بەشـێوەیەکی سروشتی بەدنیای ناوەوەی بنەماڵەی ئۆربینۆ لاکایی ئاشنا نەبوو، لە بەرامبـەر رەفتـارە باشـەکانیاندا، بـۆ داکـۆکیکردن لـەخۆی چـەکی

بەدەستەوەبوو بەڵام لەبەرامبەر رەفتاری شەڕانگێزانەیاندا هیچ ئامرازێکی داکۆکی لەخۆکردنی بەدەستەوە نەبوو. ئەم باوەڕە لەدوای ئەو ترسەوە کە لە دوای وەرگرتنی بووکەشووشەیەکی رەشەوە سەرچاوەی گرتبوو ناخۆش و دڵ پڕۆێنتربوو کەبەبێ نووسینی تەنانەت یەک وشەش بۆی نێردرا بوو. بەڵام بەئاسانی دەتتوانی هەست بە نێرەرەکەی بکەی: تەنها دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ دەیتوانی بینێرێت. ئەم بووکەشووشەیە جلوبەرگێکی درێژی جوانی لەبەردا بوو، قژی لوول و خوری ئاڵتوونیی بوو. کاتێ لەسەر زەوی پاڵدەخرا چاوانی دەنووقاند، بەپێی ئەو مارکەیەی پێوەیبوو لە (مارتینیک) کڕرابوو. بووکە شووشەکە ئەوەندە دڵفڕێن هاتە بەرچاوی فێرمینا دازا کە بەسەر دڵەڕاوکێکەی خۆیدا زاڵبوو، بەدرێژایی رۆژ دەیخستە سەرسەرینەکەی و وردەوردە لەگەڵ ئەوەشدا راهات کەشەوان لەگەڵ خۆیدا بیخەوێنێ. بەهەرحاڵ، پاش ماوەیەک رۆژێ لە دوای هەستان لەخەونێکی ماندووکەر بەمشێوەیەبووکەشووشەکە گەورە دەبێت. لیباسە درێژەکەی بۆ سەرووی رانی هەڵکشابوو، پیڵاوەکانی لەئەنجامی فشاری قاچییەوە تەقیبوون. فێرمینا دازا دەربارەی جادووی ئەفریقایی زۆر شتی بیستبوو بەڵام هیچیان بەم ترسناکییە نەبوون. لەلایەکی ترەوە نەیدەتوانی وێنای ئەوە بکات کەپیاوێکی وەکو خۆڤینال ئۆربینۆ تائەو رادەیە بێبەزەیی بێت و ناحەقیشی نەبوو: بووکە شووشەکە ماسی فرۆشێکی گەڕۆک کەکەس نەیدەناسی لەجیاتی گالیسکەچییەکەی دکتۆر هێنابووی. فێرمینا دازا لەکاتێکدا هەوڵیدەدا لەهەڵهێنانی مەتەڵەکەدا سەرکەوتن بەدەست بێنی بۆ ساتێ بیری لەفلۆرنتینۆ ئەریزا کردەوە کەپەرێشانیی و غەمباریی دەبووە هۆی ئەوەی سڵ لەویش بکاتەوە. بەڵام ژیان ئەوەی سەلماند کەبەهەڵەدا چووە. ئەم شووکردن و منداڵ بوونیشی سەروەختێ کە وەکو کەسێکی بەختدار حسابی بۆخۆی دەکردو بۆ چوونی وابوو کە بەختەوەرترین ژنی سەرزەمینە، دیسان

دەبووە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ بۆی. دکتۆر نۆربینۆ وەکو دوا هەوڵ پەنای بۆ خوشکە فرانکا دی لالـوز-ی بەڕێوەبـەری قوتابخانـەی (ئامـادەکردنی پاکیزەی پیرۆز) برد. کە لەسەردەمی جێگیربوونی گروپەکەیەوە لە سەراپای قارەی ئـەمریکادا لەلایـەن بنەماڵەکـەی دکتـۆرەوە پـشتوانی لێکرابـوو، نەیدەتوانی داوای بنەماڵەیەکی ئاوا ڕەتبکاتەوە. فرانکا دی لالوز بەیانییەک سەعات نۆ لەگـەڵ خوێنـدکارێکی تـازەدا لـەماڵی لـۆرینزۆ دازا قـوت بـۆوە. هەردووکیان ناچاربوون ماوەی ئەو نیو سەعاتەی مابوو بۆ هاتنە دەرەوەی فێرمینا لـە گـەرماو خۆیـان بـە قەفـەزی چۆلەکەکانەوە مژۆڵ بکـەن. فرانکا ژنێکی ئەڵمانی سروشـت پیاوانـە بـوو نیگایـەکی قـووڵ ودەنگێکی زوڵاڵـی فەرماندارانـەی بـەڵاوە بـوو کـەهیچ پەیوەندییـەکی بەهەسـتی توندوتیـژی منداڵانەیەوە نەبوو. فێرمینا دازا زیاتر لەهەر شتێك لەدنیادا رقی لە فرانکاو لەو شتانەش بـوو کەپەیوەنـدیان بـەوەوە هـەبوو، وێنـاکردنی بەرجەسـتەی یـادەوەریی دینـداریی درۆینـە وەکـو دوپـشك پێـوەی دەدا. بینینـی سـەرو سەکوتی فرانکـا لـەدرزی دەرگـای گەرماوەکـەوە بەسـبوو تـا ئەشـکەنجەی قوتابخانـە. بێزاریـی لـەوزە بـەدەری عەشـای ڕەبـانی رۆژانـە، تـرس لەتاقیکردنەوە، هەوڵی کۆیلە ئاسای خوێندکارە تازەکان و گروپی ئەو جۆرە ژنانەی کە لەپشت بەیاننامەی فەلاکەتی رۆحانی تێکشکاوو کاڵەوە بووەوە بوو، لەیادەوەریدا زیندوو ببنەوە. لەلایەکی ترەوە، خوشکە فرانکا دی لالوز بەچالاکییەکی واوە مامەڵـەی لەگـەڵ کـرد کـە لـەوە راستگۆیانەتر نـەدەبوو. فرانکا سـەبارەت بـە گـەورە بـوون و بـاڵغبوونی فێرمینـا سـەری سـوڕمابوو، وەسفی ئـەو سـەلیقەیەی کـرد کـە لەڕێکخـستنی ماڵەکـەدا بـەکاری هێنـابوو، هەروەها ستایشی زەوقجوانیی نکۆڵی لێنەکراوی فێرمینای کرد سەبارەت بە حەوشەکە، واتـە دانـانی گوڵـدانی پـڕ لەخونـچەی نـارنج تیایـدا. فـەرمانی بەخوێنـدکارە تازەکەیـدا بـەبێ نزیکبوونـەوە لـە قەلەڕەشـەکان کـە ڕەنگبوو لەیەك ساتەوەختدا چـاوی هـەڵکۆڵن چاوەڕێی بکـات و بـەدوای جێگایـەکی

لەباردا گەڕا کە لەوێدا بەتەنیا قسە لەگەڵ فێرمینا دازا دا بکات کە لە ژووری میوان چاوەڕوانی دەکرد.

دیدارێکی تاڵ و کورتبوو. خوشکە فرانکا دی لالوز بەبێ ئەوەی کات بە پێشەکییەوە بکوژێت پێشنیازی بۆ فێرمینا دازا کرد کە لە هەلومەرجێکی ئابڕومەندانەدا بگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە. بەڵگەی دەرکردنەکەی نەک هەر لەئەرشیف بەڵکو لە یادەوەریی ئەنجومەنی قوتابخانەشدا دەسڕایەوە و ئەمەش ئەو دەرفەتەی بە فێرمینا دەدا کەخوێندنەکەی تەواو بکات و بڕوانامەی ئامادەیی ئەدەبی وەربگرێت. فێرمینا کە لەم پێشنیازە گێژ ببوو، داوای کرد هۆیەکەی بزانێت. راهیبە وتی:

-ئەمە داخوازی کەسێکە کەشایانی هەرشتێکە کە ئارەزووی بکات و تەنها ئاواتی خۆشحاڵکردنی تۆیە. دەزانی ئەوکەسە کێیە؟

ئەوسا فێرمینا لە مەسەلەکە حاڵیبوو، لەخۆی پرسی بەچ حەقێ ژنێک کە لەبەرنامەیەکی بێگوناهانە ژیانی تاریک کردبوو ئێستا وەکو پەیکێکی شاراوەی خۆشەویستیی ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام جورئەتی ئەوەی نەبوو ئەو شتەی بیری لێدەکردەوە بەزمان بیڵێت و لەجیاتی ئەو وەڵامەی کەدەبوو بیداتەوە وتی ئەو پیاوە دەناسێت، لەبەرئەوە دەزانێت ئەو مافی ئەوەی نییە دەست لەژیانی ئەم وەربدات.

راهیبە وتی: تەنیا داواکاری ئەوەیە کەمۆڵەتی بدەیتێ بۆ ماوەی پێنج دەقە قسەت لەگەڵ بکات، کەمن دڵنیام باوکت قایل دەبێت.

تووڕەیی فێرمینا لە وێناکردنی ئەوەی کەباوکی وەکو هاوکارێك لەو دیدارەدا ڕۆڵی هەیە، زیاتربوو، وتی:

- کە من نەخۆش بووم دوو جار یەکترمان بینیووەو پێویست ناکات جارێکی تر یەکتری ببینین.

راهیبە وتی:

-بۆ هەر ژنێک کەزەرەیەک هۆش و تێگەیشتنی هەبێت ئەو پیاوە دیارییەکی خودابیە!

راهیبە بەقسەکردن دەربارەی چاکەو فیداکارییەکانی دکتۆر و ئەوەی خۆی تەرخانکردووە بۆ خزمەتی ئەوانەی ئازار دەچێژن درێژەی دایەو لەکاتی قسەکردندا تەزبیحێکی ئاڵتوونی لەگیرفانی دەرهێنا کەئیمامەکەی مەسیحێکی مەرمەڕین بوو، لەبەرامبەر چاوی فێرمینا دازادا رایوەشاند. ئەمە میراتێکی بنەماڵەکەیەتی کەتەمەنی لەسەد ساڵ زیاترە و زەرەنگەرێ لەسیینای ئیتالیا دروستی کردووەو پاپا کلمێنتی چوارەم کردوێتی بە موفەڕک. راهیبە وتی:

-ئەمەش دیارییە بۆتۆ!

فێرمینا کەهەستی دەکرد خوێنی هاتۆتە جۆش غیرەتی دایە بەر خۆی و وتی:

تێناگەم ئەگەر بەلای تۆوە خۆشەویستیی گوناهە، کەواتە چۆن دەتوانیت مۆڵەتی جێبەجێکردنی ئەرکێکی وا بەخۆت بدەیت!

خوشکە فرانکا دی لالوز واخۆی نیشاندا کە مەبەستی سەرنجەکەی تێنەگەیشتووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێلوەکانی داگیرسان و سوور هەڵگەڕا هەروا تەزبیحەکەی لەبەرامبەر چاوانی فێرمینادا رادەوەشاند وتی:

-وا باشترە لەگەڵ مندا پێکبێیت، چونکە لەدوای من جەنابی ئەسقەف مەزن دێت و ئەگەر ئەو بێت مەسەلەکە دەگۆڕێت.

فێرمینا دازا وتی:

-بابێت.

خوشکە فرانکا دی لالوز بە وریایی تەواوەوە تەزبیحە ئاڵتوونەکەی خستەوە گیرفانی و لە گیرفانەکەی تری دەسرێکی پیسی قەد

کراوی دەرهێناو توند لەناو دەستیدا گرتی وەك ئەوەی لەشوێنێکی دوورەوە تەماشای بکات بەبزەیەکی پڕ بەزەییەوە بەحەسرەتەوە وتی:

-چەند گوناهی کچۆڵە داماوەکەم، هێشتا بیر لەو پیاوە دەکەیتەوە.

فیرمینا بێئەوەی چاو بتروکێنێ تەماشای راهیبەی دەکرد، بێئەوەی شەرمی لێبکات بنێشتی دەجاوی و بێئەوەی قسەیەکی بەزماندا بێت ئەوەندە درێژەی بەم هەڵوێستەیدا تابە رەزامەندییەکی بێئەندازەوە بینی کەچاوە پیاوئاساکانی راهیبە پڕبوون لەئەسرین. خوشکە فرانکا دی لالوز بەدەسڕە قەد کراوەکەی چاوانی سڕی و لەکاتێکدا کە لەشوێنی خۆی هەڵدەسا وتی:

-باوکت راست دەکات کەدەڵێ وەکو هێسترەماچە کەللەڕەقی!

ئەسقەف مەزن نەهات. بەمپێیە ئەگەر ئەو رۆژە هیلدیبراندا سانچیز نەهاتایە بۆ ئەوەی کریسمس لەگەڵ پوورزاکەیدا بەسەربەرێ، ئابلۆقەی کۆتایی پێدەهات و ژیانی هەردووکیان دەگۆڕا. سەعات پێنجی بەیانی لەو کەشتییەدا لە (ریۆ هاچا) وە هاتبوو لەناو قەرەباڵغی ئەو کەشتیارانەدا پێشوازییان لە هیلدیبراندا کرد کەبەهۆی سەرە گێژەی ناو دەریاوە حاڵیان شڕ بوو. بەڵام هیلدیبراندا رووگەش و بەویقارەوە لەهەمان کاتدا بە رۆحێکی هەژاوەوە لەئەنجامی بەسەربردنی شەوێکی ناخۆش لەناو کەشتییەکەدا دابەزی. چەند قەفەزێك قەل و تەواوی میوەی زەوییە بەپیتەکانی لەگەڵ خۆی هێنابوو. وەها بەتێروتەسەلی هاتبوو کەبەدرێژایی سەردانەکەی لەخواردنیان کەم نەبێت. (لیسیماکۆ سانچیز)ی باوکیشی پەیامی ناردبوو ئەگەر بۆ ئاهەنگی رۆژانی پشوو پێویستیان بەمۆسیقار هەیە باشترین مۆسیقاری لەلایە و بەڵێنی دابوو کە پاشان هەرچی پێویستی فیشەکەشێتەیە بۆیان بنێرێ. هەروەها لەوەش ئاگاداری کردنەوە کە تاپێش مانگی مارت نایەن بەدوای کچەکەیدا. بەمپێیە کاتێکی زۆریان بەدەستەوە بوو بۆ ئەوەی پێکەوە بەخۆشیی بەسەربەرن.

هەردوو کچەکە پێکەوە ژیانیان دەست پێکرد: هەمان ئێوارە بەڕووتی پێکەوە چوونە گەرماو، هەریەکەیان بەناوی جوڕنەکە یەکتریان دەشۆردو سابوونیان لەیەکتری دەخست و رشکی سەری یەکترییان دەگرت، سمت و مەمکی تورت و رەقیان لەگەڵ یەکتریدا بەراورد دەکرد، هەریەکەیان لەئاوێنەی ئەوی تردا تەماشای خۆی دەکرد بۆ ئەوەی ببینن لە دواجارەوە ی دەرفەتی ئەوەیان بۆ رەخساوە کە بەڕووتی یەکتری ببینن، زەمانە چ دڵڕەقییەکی بەرامبەریان کردووە. هیلدیبراندا قەبە و تۆکمە بوو پێستێکی ئالتوونیی هەبوو، مووەکانی لەشی وەك هی کەسێکی دووڕەگ کورت و لوول بوون وەك تەلاشی پۆڵا. لەلایەکی ترەوە بەدەنی فێرمینا دازا بەڕووتی زەردەڵ بوو، پێستی روون و مووی لەشی خاو. گالاپلاسیدیا دووسیسەمی ڕێك وەکو یەکی لەژووری نووستن بۆ دانان، بەڵام جار بەجارێ لە تاریکیدا هەردووکیان لەسەر یەکێ لەسیسەمەکان رادەکشان و هەتابەرەبەیان قسەیان دەکرد، لەوجگەرە گرنگانەیان دەکێشا کە لە هی ڕێگرەکان بوو هیلدیبراندا لەگیرفانی باوەڵەکەیدا شاردبوویەوە، دوای جگەرە کێشانەکە بۆگۆڕینی بۆنە تیژەکەی کە ژوورەکەی قانگدابوو ناچاربوون کاغەزی ئەرمەنی بسووتێنن. فێرمینا دازا یەکەمجار لە (ڤاییدوپار) جگەرەی کێشابوو، پاش ئەوەش لە (فۆنسیکا) و (ریۆ هاچا) درێژەی پێدابوو، کە لەگەڵ دە کچەکەی خاڵیدا لەژوورێکدا دەرگایان لە خۆیان دادەخست بۆ ئەوەی جگەرە بکێشن و باسی پیاوان بکەن. فێری ئەوەش ببوو کە بەپێچەوانەوە جگەرە بکێشێت واتە سەرە داگیرساوەکەی دەخستە دەمییەوەو ئەوەی دەکرد کەپیاوان لەشەڕدا و لەکاتی جگەرەکێشاندا بەشەو بۆ دەرنەکەوتن لەچاوی دوژمن دەیانکرد. بەڵام هەرگیز بە تەنیا جگەرەی نەدەکێشا. لەگەڵ هیلدیبراندا دا هەموو شەوێ بەرلەخەتن لەماڵی ئەوان جگەرەی دەکێشاو لەوکاتەوە فێری جگەرە کێشان بوو گەرچی هەمیشە دەیشاردەوە، تەنانەت لەمێردەکەی و منداڵەکانیشی، نەك تەنها لەبەرئەوەی کەجگەرە کێشانیان لەشوێنی گشتیدا

بەشتێکی نەشیاو دەزانی بەڵکو لەبەرئەوەی لەزەتی لەوە دەبینی کە بەدزییەوە جگەرە بکێشێ.

سەفەرەکەی هیلدیبراندیش دایک و باوکی بەسەریاندا سەپاندبوو کەهەوڵیان دەدا لە خۆشەویستییە محاڵەکەی دووری بخەنەوە، ئەگەرچی دەیانەویست ئەو وای وێنا بکات سەردانەکەی بۆ ئەوەیە کە یارمەتی فێرمینا بدات لەبڕیاری شووکردنێکی باشدا. هیلدیبراندا بەو هیوایەی کە ئەویش بەلاسایی کردنەوەی کچەکەی پووری سوود لە بێئاگایی دایک و باوکی وەربگرێت سەفەرەکەی قبوڵکردبوو لەگەڵ کارمەندی تەلەگرافی (فۆنسیکا) پێکهاتبوو کە بەوپەڕی نهێنییەوە نامەکانی بۆ بنێرێت، هەر بۆیە کاتێ زانی فێرمینا وازی لە فلۆرنتینۆ ئەریزا هێناوە نائومێدییەکەی زۆر تاڵبوو. سەرەڕای ئەمەش هیلدیبراندا دەربارەی خۆشەویستیی بۆچوونێکی گەردوونیی هەبوو. باوەڕی وابوو ئەوەی بەسەر خۆشەویستییەک بێت کاریگەریی لەسەر هەموو خۆشەویستییەکانی دنیا دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەستبەرداری پڕۆژەکەی نەبوو، بە ئازایەتییەکەوە کەبووە هۆی قەیرانی ترس لای فێرمینا دازا، بەمەبەستی ئەوەی فلۆرنتینۆ ئەریزا چاکەوپیاوەتیی لەگەڵ بکات بەتەنیا چوو بۆ پۆستە.

فلۆرنتینۆ ئەریزای نەناسییەوە، چونکە هیچ خاڵێکی لێکچوون لەنێوان خودی فلۆرنتینۆ و ئەو وێنەیەدا نەبوو کە لەڕێی قسەکانی فێرمیناوە لەخەیاڵی خۆیدا بۆی کێشابوو. لەیەکەم سەرنجدا مەحاڵ دەهاتە بەرچاو کەکچەکەی پووری لەپێناوی ئەو فەرمانبەرەدا کەسەرنجی رانەدەکێشا وەختەبوو شێت دەبوو کەدیمەنی لەهی سەگێکی دارکاریکراو و جلوبەرگەکەشی لەهی حاخامێکی جولەکەی نەگبەت دەچوو، رەفتاریشی هی ئەوە نەبوو بتوانێ دڵی کەس بەلای خۆیدا رابکێشێت. بەڵام هەرزوو لە یەکەم بۆچوونی خۆی پاشگەز بۆوە لەبەرئەوەی فلۆرنتینۆ ئەریزا بێئەوەی هیلدیبراندا بناسێت بەبێ بەبێ کۆت و مەرج خۆی خستە خزمەتییەوە

کەس نەیدەتوانی باشتر لەفلۆرنتینۆ ئەریزا لێی تێبگات. پرسیاری ئەوەشی لێنەکرد کێیە، تەنانەت ناونیشانیشی لێوەر نەگرت، بۆ چارەسەری کێشەکەی رێگایەکی ئاسانی پێشنیاز کرد. دەبوو هەموو رۆژێکی چوارشەموان سەر لەئێوارە هیلدیبراندا سەردانی پۆستە بکات بۆ ئەوەی فلۆرنتینۆ ئەریزا بتوانێ وەڵامەکانی دڵدارەکەی بەدەستی بداتێ، لەمە زیاتر نەبوو، کاتێ فلۆرنتینۆ ئەریزا ئەو بروسکەیەی خوێندەوە کەهیلدیبراندا بۆی هێنابوو، لێی پرسی ئایا دەتوانێت پێشنیازێکی قبوڵ بکات و ئەویش سەری رەزامەندی بۆ لەقاند. فلۆرنتینۆ ئەریزا سەرەتا لەنێوان دێڕەکاندا هەڵەکانی بروسکەکەی راست کردەوەو خەتی بەسەر هەندێ وشەدا هێناو دووبارە ئەو وشانەی نووسییەوە، کاتێ جێگای راستکردنەوە نەما کاغەزەکەی دڕاندو سەرلەنوێ بروسکەیەکی تازەی نووسی کەهیلدیبرندا زۆر بەلایەوە کاریگەر بوو. بۆیە کاتێ لەپۆستە دەهاتە دەرەوە وەختەبوو دەست بکاتە گریان. بەفێرمینای وت:

-ناشیرین و لێو بەبارە، بەڵام یەك پارچە خۆشەویستییە.

ئەوەی لەهەموو شتێ زیاتر هیلدیبراندای نارەحەت دەکرد تەنیایی کچەکەی پووری بوو. پێیدەوت وەکو کچە عازەبێکی تەمەن بیست ساڵ دێتە بەرچاو. هیلدیبراندا لەگەڵ خێزانێکی گەورەوپەرش و بڵاودا راهاتبوو کەدیار نەبوو ئەندامی ئەو خێزانە چەندن و چەند کەسی تریش لەوێ دەژین و پێکەوە نانەخۆن، نەیدەتوانی وێنای ئەوە بکات کەکچێکی هاوتەمەنی ئەو بەگۆشەنشینی و بەرگەگرتنی ژیانێکی گۆشەگیرانە قایل بێت. بەڵام ئەمە راستی بوو. فێرمینا لەسەعات شەشی بەیانییەوە کە لەخەو هەڵدەسا هەتا ئەو کاتەی کەچرای ژووری نووستنەکەی دەکوژاندەوە، جگە لەکات کوشتن کارێکی دیکەی نەدەکرد. لەدەرەوە ژیانی بەسەردا دەسەپێنرا. لەگەڵ دوا خوێندنی کەڵەشێردا، شیرفرۆشەکە لە دەرگای دەداو خەبەری دەکردەوە.

پاشان ژنە ماسی فرۆشەکە بەسندوقێکی پڕ لەماسی (ئەبرمیس)ەوە کە گژوگیای دەریاییان لەژێردا راخرابوو هێشتا گیانیان دەدا دەهات، تەقەی لەسندوقەکەی هەڵدەسان، دواتر میوە فرۆشەکان کەمیوەی چاک و گرانبەهایان دەهێنا دەهاتن کە سەوزەی (ماریای خواروو) و میوەی (سان خاسینتۆ) یان پێبوو. پاشان بەدرێژایی رۆژ هەرچی بهاتایە لەدەرگای دەدا: سواڵکەر، کچە یانسیب فرۆشەکان، راهیبەچاکەکارەکان، چەقۆ تیژکەری هەڵەوەڕو وڕێنەکەر، ئەو پیاوەی بتڵی بەتاڵی دەکڕی، ئەو پیاوەی زێڕو زیوی کۆنی دەکڕی، ئەو کابرایەی رۆژنامەی دەکڕی، ئەو قەرەجە ساختەچییانەی لەرێگەی خوێندنەوەی لەپی دەست و تەماشاکردنی وەرەقەی قوماڕو قاوە گرتنەوەو روانین لەناوی جورنەی گەرماوەوە، دەیانەویست چارەنووسی مرۆڤ دیاری بکەن. گالا پلاسیدیا تەواوی حەفتەکەی بەکردنەوەو داخستنی دەرگای حەوشەوە بەسەر دەبرد. کەبڵێ نەخێر، رۆژێکی تر وەرەوە یان لەهەیوانەوە بەشێوەیەکی ناشیرین هاوار بکات ( وازمان لێبێنن، خوابتان باتەوە! هەرچیمان پێویست بوو کڕیمان ) گالا پلاسیدیا بەگەرموگوڕییەکی زۆرەوە بەچاکی وا جێگای ئیسکۆلاستیکای بۆ فێرمینا پڕ کردبۆوە کە فێرمینا بەهەڵە وایدەزانی پوورێتی و خۆشیدەویست. گالا پلاسیدیا وەکو ئاڵتوونکڕ راڕا بوو. کەمترین دەرفەتی هەبوایە دەچووە ژوورەوەو دەستی دەکرد بەئوتوکردنی جلوبەرگە کەتانییەکان. قەدی دەکردن و بۆنی لێدەدان و لەباوەڵی جلدا هەڵیدەگرتن. تەنها ئەو جلوبەرگانەی ئوتو نەدەکرد کەدەیشۆردن بەڵکو ئەوانەشی دەتەکاند کە لەبەر کەم بەکارهێنان تەپ وتۆزیان گرتبوو، دووبارە ئوتوی دەکردن و قەدی دەکردن و هەڵیدەگرتن. هەروەها بەهەمان وردییەوە ئاگاداری جلوبەرگەکانی فێرمینا سانچیزی دایکی فێرمینای دەکرد کە چواردە ساڵ بەرلەوە مردبوو. بەڵام ئەوەفێرمینا دازا بوو کە بڕیاری دەدا. ئەو بڕیاری دەدا کە دەبووچی بخۆن و چی بکڕن و ئیشەکان بەچ شێوەیەك

ئەنجام بدرێن، هەستیکرد فێرمینا لەماڵەکەدا بڕیاری لە شێوازی ژیان دەدا کە لەڕاستیدا شتێك نەبوو بڕیاری لێبدرێت. فێرمینا کاتێ لە شۆردنی تەفەزەکان و دان و ئاودان بەچۆلەکەکان دەبۆوەو دڵنیا دەبوو کەگوڵەکان پێویستیان بەهیچ نییە، ئیدی کارێکی نەبوو. دوای دەرکردنی لەقوتابخانە پاش نیوەڕۆیان سەرخەوێکی دەشکاند و زۆر جار هەتا رۆژی دوای ئەوە لەخەو هەڵنەدەسا. وانەکانی فێربوونی وێنەکێشانیش تەنها رێگایەکی خۆمژوڵکردنی تر بوو بۆ کات کوشتن.

لەکاتی دەرکردنی پوورییەوە پەیوەندی لەگەڵ باوکیدا هیچ سۆزێکی تێدا نەبوو، هەرچەندە رێگەی پێکەوە ژیانیان بەبێ ئازار گەیاندن بەیەکتری دۆزیبۆوە: کاتێ فێرمینا لەخەو هەڵدەسا، باوکی چووبوو بۆ سەر کارەکەی. لۆرینزۆ دازا بەدەگمەن لە سرووتی نانخواردندا ئامادە نەدەبوو، هەرچەندە تەقریبەن قەت نانی نەدەخوارد، لەبەرئەوەی مەشروب و مەزەی خۆشی (گیلیکی) لە قاوەخانەی باروکێ تێریان دەکرد. نانی ئێوارەی نەدەخوارد. لەگەڵ ئەوەشدا کەدەیانزانی نایخوات خواردنیان بۆ دەکردە قاپێکەوەو قاپێکی تریان دەکرد بەسەریدا ولەسەرمێزی نانخواردنەکە بۆیان دادەنا، رۆژی دوای ئەوە وەکو نانی بەیانی دووبارە گەرمیان دەکردەوە. لۆرینزۆ دازا هەفتەی جارێك بۆ مەسرەفی ماڵەکە پارەی دەدا بەکچەکەی کە بە وردی حسابی دەکردو فێرمیناش بەدەست پێوە گرتنەوە خەرجی دەکرد، فێرمینا هەرچی داوایەکیشی هەبوایە بۆ مەسرەفێکی نائاسایی بەوپەڕی دڵفراوانییەوە پارەی دەدایە. هەرگیز سەبارەت بەخەرجکردنی پارە پرسیاری لێ نەدەکردو داوای روونکردنەوەی نەدەکرد، بەڵام فێرمینا بەشێوەیەك رەفتاری دەکرد وەك ئەوەی ناچاربێت لەبەردەمی دادگای باڵای رۆحانیدا حساب بکات. باوکی هەرگیز دەربارەی بارودۆخ و جۆری کارەکەی قسەی لەگەڵ فێرمینا نەکردبوو، هەرگیز نەیبردبوو بۆ نووسینگەی کارەکەی کە کەوتبووە جێگایەکەوە کەبۆ کچانی گەنج نەدەشیا تەنانەت ئەگەر لەگەڵ

باوکیشیاندا بوونایە. لۆرینزۆ دازا بەر لەسەعات (دە)ی شەو نەدەهاتەوە بۆ ماڵەوە کە بەدرێژایی ئەو ساڵانەی شەڕەکانی ناوخۆ کەمتر قەیراناوی دەهاتنە بەرچاو سەعاتی قەدەغەکردنی هاتوچۆ بوو. تا ئەوکاتە وەختی خۆی لە قاوەخانەی باروکێ بە یاری جۆراو جۆرەوە دەگوزەراند چونکە لە تەواوی یاری یانەکاندا پسپۆڕبوو، مامۆستایەکی باشی ئەم یارییانە بوو. ئەگەرچی کاتێ لەخەو هەڵدەسا یەکەم پێکی عەرەقە رازیانەکەی دەخواردەوە و بەدرێژایی رۆژ سیغارە کوژاوەکەی دەجوی و ژمارەیەك پێکی جیاجیای تری دەخواردەوە، بەڵام هەمیشە هۆشیاربوو، بەبینینەوەی کچەکەی نارەحەت بکات دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە. بەهەرحاڵ، شەوێك فێرمینا هەستی بەدەنگی هاتنە ژوورەوەی کرد بۆ ناو ماڵەکە . تەپەی پێی کە لە هی (قەوزاقیەك) دەچوو لەسەر قادرمەکان، هەناسەدانە قورسەکانی لە داڵانی نهۆمی دووەم و لەدەرگادانی بە لەپی دەستی لەدەرگای ژووری نووستنەکەی هاتە گوێی. فێرمینا دەرگای لێکردەوە بۆ یەکەمجار لەچاوە داگیرساو چەپ و چیرەکانی و وشە بێسەرەو بەرەکانی تۆقی و وتی:

-ئێمە وێران بووین، وێرانبوونی تەواو، ئێستا ئیدی زانیت!

ئەمە تەواوی ئەو شتەبوو کە وتی و هەرگیز دووبارەی نەکردەوەو هیچ شتێکی وا رووینەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکات کەفێرمینا راستی وتووە. بەڵام لەدوای ئەو شەوەوە فێرمینا هەستیکرد لە سەراپای دنیادا بە تەنیایە. لە بەرزەخێکی کۆمەڵایەتییدا دەژیا. هاوپۆلەکانی پێشووی لە بەهەشتێکدا بوون هێندە لەوەوە دوور نەبوو، بەتایبەتی لەدوای رسوایی دەرکردنی لەقوتابخانە. بەنیسبەت دراوسێکانییەوە بەدراوسێیەك لەقەڵەم نەدەدرا لەبەرئەوەی ئەوان بەبێ رابردووی لە کەوڵی تایبەتی قوتابخانەی (ئامادەکردنی پاکیزەی پیرۆز)دا ناسیبوویان. دنیای باوکی، دنیای بازرگانان و کۆڵهەڵگرانی کەشتی و پەنابەرانی جەنگبوو لەپەناگەی گشتیی قاوەخانەی باروکێدا، دنیای پیاوانی تەنیا بوو. ئەمساڵ وانەکانی

وێنەکێشان تاڕادەیەك لەگۆشەگیرییان کەمکردبۆوە چونکە مامۆستاکەیان پێی باشبوو وانەکانی دەستە جەمعی بن و خوێندکاری دیکەشی دەهێنا بۆ ژووری درومانەکە. بەڵام ئەم کچانە لەچینی جیاوازو پلەو پایەی نادیارو جۆراو جۆری کۆمەڵایەتیی بوون و بەلای فێرمیناوە جگە لەهاوڕێتی رووکەش شتێکی دیکە نەبوون کەکاریگەرییان لەگەڵ تەواوبوونی وانەکاندا تەواو دەبوو. هیلدیبراندا دەیەویست دەرگای ماڵەکە بکاتەوەو نموویەکی بداتێ. مۆسیقاژەنەکانی باوکی و فیشەکەشێتە و قەڵای بارووتی بۆ بهێنێ ئاهەنگێکی کەرنەڤاڵی سەما رێك بخات کەشەماڵی جۆش و خرۆشی رۆحی بیابان ئاسای کچە پوورەکەی ببووژێنێتەوە. بەڵام هەرزوو تێگەیشت کەنەخشەکانی بەکەڵکی هیچ نایەن و هیچ سوودێکیان نییە، هۆیەکەشی زۆر ئاسان بوو: کەس نەبوو بانگی بکات بۆ ئاهەنگەکە.

بەهەرحاڵ ئەوە هیلدیبراندا بوو کەشەوق و زەوقی ژیانی لە فێرمینادا زیندووکردەوە. پاشنیوەڕوان و دوای وانەی وێنەکێشان لەگەڵ فێرمینادا دەچوو بۆ بازاڕ بۆ ئەوەی شارەزای شارەکە بێت. فێرمینا دازا لەو رێگایەوە کەرۆژانە لەگەڵ پووریدا پیایدا دەهاتن و دەچوون، تا ئەو کورسییەی کەفلۆرنتینۆ ئەریزا لەسەری دادەنیشت کاتێ چاوەڕوانی فێرمینای دەکرد وا خۆی نیشاندەدا کەکتێب دەخوێنێتەوە، ئەو شەقامە چۆڵ و هۆڵانەی بەدرێژاییان فلۆرنتینۆ بەشوێنییەوە بوو، شوێنی شاردنەوەی نامەکانیان کۆشکی شوومی زینداني (سانت ئەفیسیو) دادگای رۆحانی کەپاشان تازەکرایەوەو بوو بە قوتابخانەی (ئامادەکردنی پاکیزەی پیرۆز) و فێرمینا بەقەد هەموو دنیا رقی لێبوو، هەموو ئەمانەی نیشانی هیلدیبراندا دا. بەگردی گۆڕستانی هەژاراندا سەرکەوتن- ئەو شوێنەی کە فلۆرنتینۆ ئەریزا بە ئاراستەی با کەمانچەی دەژەند بۆ ئەوەی فێرمینا دازا بتوانێت لەسەر سیسەمەکەیەوە گوێی لێبگرێت. ئەم پوورزا وخاڵۆزایە لەوێدا چاویان بە تەواوی شارە مێژووییەکەدا خشاند و چاویان بەسەربانی رووخاو، دیواری

داخوراو، بەردی قەڵا سەربازییەکانی ناو بۆتەکان، کلکەی دوورگەکان لەناو کەنداوە بچووکەکەدا، کۆلیتی هەژاران لە کەناری ئاوەکان و کاریبی بەرفراوان کەوت.

لەشەوی جەژنی لەدایکبوونی مەسیحدا چوون بۆ ڕێوڕەسمی نیوەشەوی عەشای ڕەببانی لە کڵێسای گشتیی. فێرمینا دازا لە شوێنی هەمیشەیی خۆی کە لەوێوە بەڕوونی زیاترەوە دەیتوانی گوێ لەمۆسیقاکەی فلۆرنتینۆ بگرێت، دانیشت. بەوردی شوێنی ئەو شەوەی نیشانی هیلدیبراندا دا کەبۆ یەکەمجار چاوانی ترساوی فلۆرنتینۆی لێوە دیبوو. لەم خاڵۆزاو پوورزایە بێباکانە دووقۆڵی تەواوی گوزەری عەرزوحاڵنووسەکانیان تەی کرد، شیرینیان کڕی و لەو دووکانەدا کە کاغەزی سیحراوی دەفرۆشن مژۆڵ بوون. فێرمینا دازا ئەو شوێنەی نیشانی کچە خاڵەکەیدا کە کەتیایدا لەناکاو هەستی بەوە کردبوو کەخۆشەویستییەکەی جگە لەخەیاڵێکی بێهوودە شتێکی دیکە نەبووە. خودی خۆی هەستی بەوە نەکردبوو کەهەر هەنگاوێکی لەڕێگای ماڵەوە بۆ قوتابخانەوە، هەر جێگایەك لەشارەکەداو هەرساتێ لەڕۆژانی رابردووی نزیکی بەهۆی فلۆرنتینۆ ئەریزاوە نەبێ وجودی نەبووە. هیلدیبراندا ئەوەی بەیادهێنایەوە، بەڵام فێرمینا ئامادە نەبوونەوە بسەلمێنێ، چونکە بەچاك یان بەخراپ، هەرگیز ئەوەی نەدەسەلماند کە مەسەلەی فلۆرنتینۆ تەنها شتێ بوو کە بە تەواوی لەژیانیدا ڕوویدابێ.

لەم ماوەیەدا بوو کە وێنەگرێکی بەلجیکایی هاتە شارەکەو لەکۆتایی گوزەری عەرزوحاڵنووسەکاندا دووکانی دانا، هەموو ئەوانەی پارەیان هەبوو ئەم دەرفەتەیان بۆ وێنە گرتن قۆستەوە. فێرمینا و هیلدیبراندا لەو کەسانە بوون کە زوو چوون. باوەڵی جلەکانی فێرمینا و سانچیزیان بەتاڵ کرد و جوانترین جلوبەرگ و چەترو پێڵاوی میوانی و کڵاویان لەنێوانیاندا بەشکرد و وەکو ژنانی سەدەکانی ناوەڕاست خۆیان

گۆڕی. گالاپلاسیدیا یارمەتیدان لەبەستنی پشتوێن و ئەوەی نیشاندان چۆن لە نێوان ئەڵقە تەلییەکاندا دامێنی ئەڵقەدار بلەرێننەوەو چۆن دەسکێش لەدەست بکەن و قەیتانی پووتە پاژنە بەرزەکانیان چۆن ببەستن. هیلدیبراندا ئەو کڵاوە لێوار پانەی بەلاوە باشبوو کەپەڕی حوشترمەلی پێوەبوو، پەڕەکان هەتا سەرشانی شۆڕدەبوونەوە. فێرمینا مۆدیلێکی تازە تری کردەسەری کە بەمۆم میوەی پێوەلکێنرابوو،بە گوڵی بریقەدار رازابۆوە. دواجار کاتێ لەئاوێنەدا تەماشای خۆیان کرد ئەوەیان بینی کەدیمەنییان لەوێنەی نەنکیان دەچێت، دەستیان کرد بەپێکەنین، بەخۆشحاڵی و بەپێکەنینەوە رۆیشتن بۆ ئەوەی وێنەی عومریان بگرن بۆ یادگاریی. لەکاتی تێپەڕبوونیان بە گۆڕەپانی پارکی بچووکدا، لە کاتێکدا بەپێڵاوی پاژنە بەرزەوە بەملاو بەو لادا دەکەوتن و بەجۆرێ داوێنی ئەڵقەداریان بەدوای خۆیاندا بەکێش دەکرد کە دەتوت منداڵن و تازە پێیانگرتووە، گالاپلاسیدیا تەماشای دەکردن و دوعای خێری بۆ رەوانە دەکردن بۆ ئەوەی خودا لەوێنەگرتندا یارمەتییان بدات.

بەردەمی وێنەگرەکە لەبەرئەوەی (بینی تیتینۆ)ی پاڵەوانی بۆکسینی پەنەمایی وێنەی دەگرت زۆر قەرەباڵغ بوو. کراسی بۆکسێنی لەبەر کردبوو دەسکێشی بۆکسێنی لەدەس کردبوو، تاجی پاڵەوانییەکەی لەسەردا بوو. وێنەگرتنی تیتینۆ ئاسان نەبوو چونکە بەناچاری دەبوو ماوەی یەك دەقەی تەواو لەحاڵەتی هێرش برندا بوەستایەو تا لەتوانایدا بوایە کەمتر هەناسەی بدایە. لەگەڵ هەڵبژاردنی حاڵەتی بەرگریدا، ئەمەش بوو بەهۆی خۆشحاڵی و هاندانی لایەنگرە خوێن گەرمەکانی کەهاواریان کرد، هوهایان کێشا، چەپڵەیان بۆ لێدا، پاڵەوانەکە نەیتوانی لەبەرامبەر خەیاڵی خۆشحاڵکردنی لایەنگرانیدا کە لەئەنجامی نواندنی شارەزایانەی ئەوەوە سەری هەڵدا خۆی رابگرێت. کاتێ سەرەی فێرميناو هیلدیبراندا هات ئاسمان هەور بوو هەڕەشەی باران سات بەسات زیاتر دەبوو. بەڵام ئەم

جووته بەبێ خەمییەوە ماکیاجیان کردو هێندە بەئیسراحەت پاڵیاندایەوە بە ستوونێکی مەرمەڕی سپییەوە ئەوەندە بێجوڵە وەستان کەدرێژی ماوەی بێجووڵە وەستانەکەیان ناماقوڵ دەهاتە بەرچاو. وێنەیەکی نەمربوو. کاتێ هیلدیبراندا لەدوای بەرێکردنی تەمەنی تەقریبەن سەد ساڵە لە کێڵگەی ئاژەڵدارییەکەیدا مرد که بە (فلوریس دی ماریا) ناو دەبرا. وێنەکەیان لەناو سندوقە داخراوەکەی ژووری نووستنەکەیدا دۆزییەوە، لەگەڵ پاشماوەی نامەیەکدا کە ڕۆژگار کاڵی کردبۆوە لەناو چەرچەفێکی بۆنداردا درێژەی بەژیان دەدا. فێرمیناش ساڵانێکی زۆر وێنەکەی خۆی لەلاپەڕەی یەکەمی ئەلبوومێکی خێزانیدا هەڵگرتبوو، بەڵام پاش ماوەیەك ئەو وێنەیە دیار نەما و کەس نەیزانی ئەوە کەی و چۆن روویدا تائەوەی بەهۆی کۆمەڵێ رێکەوتی باوەڕ نەکراوەوە کەوتە دەست فلۆرنتینۆ ئەریزا کەئەوکاتە وەکو فێرمینا تەمەنی لەحەفتاساڵ زیاتر بوو.

کاتی دەرچوونی فێرمیناو هیلدیبراندا لە وێنەگری کابرای بەلجیکی مەیدانی بەرامبەر گوزەری عەرزوحاڵنووسەکان هێندەی ژن لێبوو مەپرسە، تەنانەت هەیوانەکانیش پڕبوون. ئەم خاڵۆزاو پوورزایە ئەوەیان لە یاد کردبوو دەمووچاویان سپیاوی پێوەیەو لێویان وەك لێوی کۆیلەکان رەنگی شوکولاتەی گرتووەو جلوبەرگەکەیان بۆ ئەو رۆژو رۆژگارە گونجاو نییە. بۆیە لەسەر شەقامەکە بوونە مایەی فیکەو هاوارو گاڵتە پێکردنی خەڵك و لەهەوڵیاندا بۆ قوتاربوون لەگاڵتەپێکردنی خەڵك تووشی دەردەسەری ببوون. کاتێ گالیسکەیەك خۆی کرد بەناو قەرەباڵغییەکەدا و رێگای بۆ خۆی کردەوە کە دوو ئەسپی شێی ئاڵتوونیی رایاندەکێشا. فیکە لێدانەکە وەستاو خەڵکەکە بڵاوەیان لێکرد. هیلدیبراندا هەرگیز دیمەنی ئەو پیاوەی لەیاد نەکرد کە بە کڵاوێکی درێژی لووس و چاکەتێکی تان و پۆ ئاڵتوونیی و هەڵسوکەوتی بەویقارانەو چاوانی گەش و ئامادەگیی پڕ نفوزییەوە لەسەر قادرمەی گالیسکەکە دەرکەوت. ئەگەرچی پێشان هەرگیز

ئەو پیاوەی نەدیبوو بەڵام بەخێرایی ناسییەوە. لە ئێوارەی یەکێ لە ڕۆژەکانی مانگی ڕابردوودا بوو کە فێرمینا ئەیویستبوو بەنزیکی ماڵی مارکیز دی کاساڵدویرۆ دا تێپەڕێت لەبەرئەوەی گالیسکە ئەسپ ئاڵتوونییەکەی لەبەر دەرگا وەستابوو، سەبارەت بەو ڕاست و ڕەوان قسەی بۆ کردبوو، وتبووی خاوەنی گالیسکەکە کێیەو هەوڵیدابوو ئەوەی بۆ باس بکات کە بۆچی حەزی لەچارەی نییە، بەبێئەوەی هیچی لەبارەی ئەوەوە بۆ باس بکات کە داوای لێکردووە شووی پێبکات، هیلدیبراندا بیری لێنەکردبۆوە. بەڵام کاتێ وەکو خەونێك لەدنیای واقیعدا لای دەرگای گالیسکەکەوە بینی کە قاچێکی لەسەر زەوی و ئەوی تری لەسەر پلەی گالیسکەکە بوو، نەیتوانی لە ئەنگێزەی کچە پوورەکەی تێبگات. دکتۆر خۆڤینالْ ئۆربینۆ وتی:

-بێزەحمەت سەرکەون، بۆکوێتان بوێ دەتانگەیەنم.

تا فێرمینا دازا دەستی کرد بەهەندێ ئاماژە کە ناڕازیبوونی خۆی نیشانبدات هیلدیبراندا داواکەی قبوڵکردبوو. دکتۆر ئۆربینۆ هاتە خوارەوەو بەسەری پەنجەکانی و تەقریبەن بەبێئەوەی دەستی بەر هلیدیبراندا بکەوێت یارمەتیدا بۆ ئەوەی سواری گالیسکەکە بێت. فێرمینا سەری لێتێك چووبوو لەشەرمدا هیچ چارەیەکی نەبوو جگەلەوەی دوای ئەو سوار بێت. ماڵەکە تەنها چوار بلۆك لەولاترەوە بوو. کچەکان لەوە حاڵی نەبوون دکتۆر خۆڤینالْ ئۆربینۆ کەی تەگبیری لەگەڵ گالیسکەچییەکە کردبوو، بەڵام بێگومان ئەمەی کردبوو چونکە زیاتر لەنیو سەعاتی خایاند تا گەیاندنییە ماڵەوە. کچەکان لەسەر کورسییە سەرەکییەکان دانیشتن و دکتۆر بەرامبەریان ڕووەو پەنجەرەی گالیسکەکە دانیشت. فێرمینا ڕووی کردە پەنجەرەکەو خۆی کرد بەناو دنیایەکی بێسنووردا. بەڵام هیلدیبراندا کەتەواو خۆشحاڵ بوو، دکتۆر ئۆربینۆی خۆشحاڵتر کرد. هەرکەگالیسکەکە بەڕێکەوت هیلدیبراندا هەستی بەبۆنی گەرمی کورسییە چەرمییەکان و گەرموگوڕیی ناو گالیسکە ڕێك و

پێکەکە کرد، وتی پێویایە جێگایەکی لەبار بێت بۆ بەسەربردنی باقی تەمەن. هەر زوو پێکەنین دەستی پێکرد، کارگەیشتە گێرانەوەی نوکتە و کەش و هەواکە وا گەرمو گوڕ بوو کە دەتوت هاوڕێی کۆنن و بەیەك گەیشتوون. زۆری نەخایاند کەپێشبرکێی تاقیکردنەوەی هۆش و زیرەکی دەستی پێکرد و دکتۆرو هیلدیبراندا لەگەمەی سادەی وشەدا کەبریتی بوو لەپێچ و پەنا لە قسەکردن و درێژکردنەوەی هەندێ وشە بۆ ئەوەی مانای نەبێت کە تێگەیشتنی زۆر ئاسانبوو بەشدارییان کرد. ئەم جووتە وا خۆیان نیشاندەدا کەنازانن فێرمینا لە قسەکانیان تێدەگات، لە کاتێکدا کی دەیانزانی فێرمینا نەك تەنیا لێیان تێدەگات بەڵکو تەواوی هۆش و گۆشی لای ئەوانە و گوێیان لێدەگرێت. ئەم دوانە بەهەمان مەبەست ئەوەیان دەکرد. لەدوای پێکەنینێکی زۆر هیلدیبراندا دانی بەوەدا نا کەئیدی ناتوانێت بەرگەی ئازاری پووتەکانی بگرێت. دکتۆر ئۆربینۆ وتی:

-لەوە ئاسانتر نییە، بزانین کاممان زووتر لێدەبینەوە.

دکتۆر لەگەڵ ئەم قسەیەدا دەستی کرد بەداکەندنی پووتەکانی. هیلدیبراندا پێشبرکێکەی قبوڵکرد. ئەم کارە بۆ ئەو ئاسان نەبوو، لەبەرئەوەی پشتوێنەکەی رێگەی نەدەدا زۆر دانەوێتەوە، بەلام دکتۆر بەئەنقەست خۆی دواخست تادواجار هیلدیبراندا لەژێر تەنوورەکەیەوە بەپێکەنینێکی سەرکەوتووانەوە پووتەکانی هێنایە دەرەوە، وەك ئەوەی تازە لەحەوزێ دەریهێنابن. پاشان هەردووکیان تەماشای فێرمینایان کرد نیوەی روخساری پەری ئاسای پڕ شکۆیان لە هەموو کاتێ باشتر بینی کە لەبەرامبەر تیشکی هەتاوەکەدا ئاڵتوونیی دەچۆوە. فێرمینا لەبەر سێ هۆ زۆر تووڕە ببوو: یەکەم لەبەر ئەوهەڵوێستە ناخۆشەی تێیکەوتبوو، دووەم لەبەر رەفتاری ناشیرینی هیلدیبرانداو سێیەمیش لەبەرئەوەی دڵنیابوو گالیسکەکە لەبازنەیەکدا دەخولێتەوە بۆ ئەوەی درەنگ بگەنە ماڵەوە. بەڵام هیلدیبراندا کە کۆنترۆڵی خۆی لەدەسدابوو وتی:

-ئێستا تێگەیشتم، ئەوەی ئازاری دەدام پووتەکان نەبوو بەڵکو ئەم تەفرە تەڵەیە!

دکتۆر ئۆربینۆ تێگەیشت کەمەبەستی لە تەنوورە ئەڵقەدارەکەی ژێرەوەیەو ئەو دەرفەتەی قۆستەوە وتی:

زۆر ئاسانە، دایکەنە.

دکتۆر بەخێرایی جووڵەی جادووگەرێك، دەسرێکی لەگیرفانی دەرهێناو چاوانی پێشاردەوەو وتی:

-من هیچ نابینم!

داپۆشینی چاوەکانی جلوەیەکی زیاتری بەپاکی و ساف لێوەکانیدا کە بە ڕیشە خڕە ڕەشەکەی و سمێلە قەف هەڵگەڕاوەکانی دەورە درابوو، هیلدیبراندا هەستیکرد لەناکاو مچوڕکەیەك بە لەشیدا هات. تەماشای فێرمینای کرد. ئێستا دەیبینی کە فێرمینا ئیدی تووڕە نییەو تەنها ئەو ترسەی هەیە کە ئەم بەڕاستی تەنوورەکەی ژێرەوەکەی داکەنێ. هیلدیبراندا بەشێوەیەکی جدی و بەئاماژە لەفێرمینای پرسی:

-چی دەکەی؟

فێرمینا بەهەمان ئاماژە وەڵامی دایەوە کە ئەگەر یەکڕاست نەڕۆینەوە بۆماڵەوە لەگالیسکەکەوە خۆم هەڵدەدەمە خوارەوە.

دکتۆر وتی: "من چاوەڕوانم"

هیلدیبراندا وتی " ئێستا دەتوانی تەماشا بکەی"

دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ کاتی دەسرەکەی لەسەرچاوی لابردو هەستی بەگۆڕانی روخساری هیلدیبراندا کرد، تێگەیشت کە گەمەکە تەواو بووە، بەڵام باش تەواو نەبووبوو. بەئاماژەیەکی دکتۆر، گالیسکەچییەکە تەواو پێچی کردەوەو راست لەو کاتەدا کە کارمەندی هەڵکردنی چراکان دەستی بەکارەکەی کرد خۆی کرد بەپارکی (ئیڤانجیلس)دا. زەنگی هەموو کڵیساکان زەنگی داوای نوێژی مژدەدەریان لێدەدا. هیلیدیبراندا تاڕادەیەك

لەو خەیاڵە پەرێشان بوو کە کچەکەی پووری رەنجاندووە و بەخێرایی لەگالیسکەکە هاتە خوارەوە بەتەوقەیەکی خێرا خواحافیزی لە دکتۆر کرد. فێرمیناش هەر وای کرد، بەڵام کاتێ ویستی دەستی بەدەسکێشە لووسەکەیەوە لەدەستی دکتۆر دەربێنێ، دکتۆر ئەو پەنجەیەی فێرمینای گوشی کە مستیلەی تێدا بوو، وتی:

-هێشتا چاوەڕوانی وەڵامی تۆم.

فێرمینا بەتوندی دەستی کێشایەوە، دەسکێشەکەی بەبەتاڵی لەدەستی دکتۆردا مایەوەو چاوەڕوانی وەرگرتنەوەی نەکرد. ئەو شەوە فێرمینا بەبێئەوەی نان بخوات چوو بخەوێ. هیلدیبراندا وەك ئەوەی هیچ رووینەدابێ دوای نانخواردن لەموبەقەکە لەگەڵ گالاپلاسیدیادا، چوو بۆ ژووری نووستنەکەو بەزیرەکی زگماکی خۆی رووداوەکانی ئەو ئێوارەیەی لێکدایەوە. بەنیاز نەبوو ئەوەی کە بە دکتۆر ئۆربینۆ سەرسام بووەو رێکوپێکی و دڵفڕێنی ئەو سەرنجی راکێشاوە، بشارێتەوە. فێرمینا خۆی لە رادەربڕین دەدەزییەوەو یەکپارچە تووڕەیی بوو. هیلدیبراندا لە بەشێکی قسەکانیدا دانی بەوەدا نا کەکاتێ دکتۆر خۆڤێناڵ ئۆربینۆ چاوانی شاردەوەو ئەم بریسکەی عاج ئاسای دانە رێکەکانی لەنێوان لێوە گوڵ ئاساکانیدا بینی، ئارەزوویەکی لەبەربەرەکانی نەهاتووی هەست پێکرد بۆ ئەوەی بەماچ هەڵیلووشێت. فێرمینا رووی کردە دیوارەکە بەبێئەوەی مەبەستی رەنجاندنی کچە خاڵەکەی هەبێت، بەپێکەنینەوە بە قسەیەك کە لەناخی دڵییەوە هەڵدەقوڵا کۆتایی بەقسەکان هێناو وتی:

-چەند قەحبەی!

خەوتنی فێرمینا نائارامبوو. دکتۆر خۆڤێناڵ ئۆربینۆ لەهەموو جێگایەکدا بوو.فێرمینا لەکاتی پێکەنین و گۆرانی وتندا، بەچاوانی داخراوەوە لەکاتی بریسکەدانی ئاگری نێوان دانەکانیدا، لەکاتی گاڵتە پێکردنیدا بەهەندێ وشە کەبنەمایەکی جێگیریان نەبوو لەکاتێکدا

لەگالیسکەیەکی نائاسـاییدا بـەرەو گۆڕسـتان دەچـوون، لەهـەموو ئـەم حاڵەتانەدا دکتۆر ئۆربینۆی بینی. پێش بەرەبەیان خەبەری بۆوەو بەچاوانی داخراوەوە، بەراماوی و بێئەوەی بخەوێتەوە راکشا، بیری لەو هەموو ساڵەی داهاتوو کردەوە کەدەبوو بژی. پاش ئەوە کاتێ هیلدیبراندا لەگەرماو بوو، بەکەمترین کات، نامەیەکی نووسی و بەوپەڕی خێراییەوە نامەکەی خستە زەرفێکەوە. بەرلەوەی هیلدیبراندا لەگەرماوەکە بێتە دەرەوە دایە دەست گالا پلاسیدیا بۆ ئەوەی بیبات بۆ دکتۆر خۆڤێنالْ ئۆربینۆ. ئەم نامەیە یەکێك بوو لە نامە تایبەتییەکانی فێرمینا، کەتیایدا نووسیبووی: (بەڵێ دکتۆر، قسە لەگەڵ باوکم بکە)، نە یەك پیتی لەمە زیاتر بوو نە کەمتر.

کـاتێ فلۆرنتینـۆ ئـەریزا زانـی فێرمینـا دازا شـوو بـە دکتـۆرێکی دەوڵەمەندو خانەدان و دەرچووی ئەورووپا دەکات کە لە تەمەنی ئەمدایەو لەو تەمەنەدا ناوبانگێکی بێوێنەی هەیە، ئیدی هیچ هێزێ نەبوو لەدنیادا بتوانێ لەزەلیلی قوتـاری بکـات و لەبـەر بێهێـزی خـۆی بەسـەر پێـوە نـەدەگرت. ترانسیتۆ ئـەریزا هەرچی لەدەسـتی دەهـات دەیکـرد، دیـسان کـاتێ زانـی کوڕەکەی توانـای قسەکردن و نـانخواردنی لەدەسـت داوەو شـەوان بـەردەوام دەگری و فرمێسك دەڕێژێ، هـەموو رێوشـوێنەکانی دڵـدارێکی بۆ دڵدانـەوەی کوڕەکەی بەکارهێنا. دواجار لەکۆتایی هەفتەدا توانی وا لـە فلۆرنیتنۆ بکـات دەم لەخواردن بدات. پاش ئـەوە ترانسیتۆ ئـەریزا  قسەی لەگـەڵ دۆن لیـۆنی دوانزەهەم لوایزای مامی کوڕەکەی کرد کە لەسێ برا ئەویان لەژیـانـدا مـابوو، بێئەوەی هـۆی داواکارییەکـەی ئاشـکرا بکـات داوای لێکـرد بەهـەر رێگایـەك کەشیاوە کارێ لەکۆمپانیای کـاریبی بـۆ کەشـتیوانی رووبـار بـۆ برازاکـەی بدۆزێتـەوە، بـەو مەرجـەی لـە بەنـدەرێکی بـێ ناونیـشان بێـت لەدارسـتانی (مەجدەلینا) کە نەپۆستەی تێدابێت و نە تەلـەگراف و نەکەسێك دەربارەی ئەو شارە نەفرەتییە هیچی پێ بڵێت. مامی فلۆرنتینۆ لەبەر خاتری ترانسیتۆ ئەریزا کە نەیدەتوانی بەرگـەی ئـەوە بگرێـت پێـی بڵـێن کوڕەکـەی زۆڵـە، ئـەو

کارەی نەدا بە فلۆرنتینۆ بەڵام وەکو کارمەندی تەلەگراف لە (ڤییا دی لیڤیا) نیشی بۆ پەیدا کرد کەبەلای ئەمانەوە شاری خەون و خەیاڵبوو، بیست رۆژەڕێ لێیانەوە دوور بوو، نزیکەی سێ هەزار مەتر لەئاستی شەقامی (لاس فینتاناس) بەرزتر بوو.

فلۆرنتینۆ ئەریزا لەبنەڕەتدا هۆشی لای ئەو سەفەرە چارەسەر بەخشە نەبوو. هەمیشە فێرمینای لەیادبوو. هەروەکو چۆن هەموو ئەو شتانەی لەو ماوەیەدا روویاندا لەپشت عەدەسەی ناسکی ئەگبەتی خۆیەوە دەهاتەوە یاد. کاتێ ئەو بروسکەیەی پێگەیشت کە هەواڵی دامەزراندنەکەی تێدابوو، تەنانەت ئەوەشی بەخەیاڵدا نەهات کە بەجدی بیری لێبکاتەوە، بەڵام لۆتاریۆ توگوت بەچەند بەڵگەیەکی ئەڵمانییانە قەناعەتی پێکرد کەئایندەیەکی گەشی هەیە لەفەرمانگەی حکومیدا و پێی وت"تەلەگراف پیشەی ئایندەیە"، جووتێ دەسکێشی لووس کەناوەکەی پێستی کەروێشك بوو لەگەڵ کڵاوێك کەبۆ زەلکاوە بێ درەختەکان گونجاو بوو لەگەڵ پاڵتۆیەکی بەدیاری دایە کەیەخەکەی فەروو بوو، بۆ زستانی سەهۆڵبەندانی (باڤاریا) بەهای تەواو نەدەبوو. لیۆنی دوانزەهەمی مامیشی دووقات جلی خوری و جووتێ پووت کە ئاویان تێنەدەچوو، هی براگەورەکەی واتە هی باوکی فلۆرنتینۆ بوون کرد بەدیاری بۆی وێڕای کرێی سەفەرەکەی کە بە کەشتی دواتربوو. دایکی جلەکانی بۆ قارس کرد چونکە فلۆرنتینۆ لەباوکی لاوازترو لەتوگوتی ئەڵمانی کورتە بالآتربوو، گۆرەوی خوری و جلی ژێرەوەی درێژیشی بۆ کڕی بۆ ئەوەی لەبەرامبەر ساردی و سەرمای ئەو ناوچە کوێستانەدا هەرچی پێویستە هەیبێت. فلۆرنتینۆ ئەریزا کە لەناو ئازارو ئەشکەنجەدا وەکو کەشکی ئاوەسووی لێهاتبوو، لەئامادەکردنی کەلوپەلی سەفەرەکەیدا بەجۆرێ هەستی بەئامادەگیی خۆی دەکرد وەك ئەوەی مردوویەك بێت و لەئامادەکردنی پێویستی کفن ودفنی خۆیدا بەشداری بکات. بەو نهێنی پارێزییە ئاسنینەی خووی پێوە گرتبوو

نەیەکەسی وت بەنیازە سەفەر بکات و نەخواحافیزیشی لەکەس کرد، هەروەکو چۆن رازی سۆزە سەرکوتکراوەکانی لای دایکی نەبێت لای کەس باس نەکرد، ملی رێی سەفەری گرتەبەر. بەلام شەوی پێش سەفەرەکەی بەهۆشیاری تەواوەوە، دواکاری شێتانەی کرد، کارێ کەڕەنگ بوو بەنرخی ژیانی تەواو بێت. نیوەشەو جلوبەرگی یەکشەممەی لەبەرکرد بەتەنیا چوو بۆ ژێر بالکۆنی ژووری نووستنەکەی فێرمینا دازا بۆ ئەوەی لەوێوە ئەو ڤالسی خۆشەویستییەی بۆ لێبدات کە بۆ ئەوی دانا بوو، تەنیا خۆیان دەیانناسییەوەو ماوەی سێ ساڵ ڕەمزی خۆشەویستییە نامرادەکەیان بوو. دەستی بەژەنین کردو کەمانچەکەی کە بە بارانی فرمێسک تەڕ دەبوو، بەهێزێکی واوە ژەنی کە لەگەڵ یەکەم ریتمدا سەگەلی شەقامەکان پاشان سەگەلی تەواوی شار دەستیان بە وەڕین کرد. بەلام زۆری نەبرد کە وردە وردە بە سیحری مۆسیقا ئارامبوونەوە، ڤالسەکە لە بێدەنگییەکی نائاساییدا کۆتاییهات. نەدەرگای سەر بالکۆنەکە کرایەوەو نەکەسیش تەماشای شەقامەکەی کرد. تەنانەت پاسەوانی شەویش نەهات کەبەچرا فانۆسەکەیەوە بۆ سوود وەرگرتنێکی هیچ لە (سیرناد)ی عاشقانە خۆی دەگەیاندە شوێنی (سیرناد)ەکە. ئەم کارە بەلای فلۆرنتینۆوە جۆرێکبوو لەفڕێدانی رۆحی پیس کەسووکنایی بەدڵی دەدا. کاتی کەمانچەکەی کردەوە ناو بەرگەکەی، بێئەوەی ئاوڕبداتەوە بەشەقامە مردووەکاندا کەوتەڕێ. ئیدی هەستی نەکرد کەسبەیینێ ئەو شوێنە بەجێدێلێ. لەو ساتە وەختەدا هەستی ئەوەبوو کەسالانی بەرلەوە بە سووربوونێکی لەگۆڕان نەهاتووەوە لەسەفەرێکی بێ گەڕانەوەدا ئەوێی بەجێهێشتووە.

ئەو کەشتییەی فلۆرنتینۆ سەفەری پێکرد یەکێك بوو لەو سێ کەشتییە هاوشێوەیەی هی کۆمپانیای کاریبی بوو بۆ کەشتیوانی رووبار کەبەناوی دامەزرێنەرەکەیەوە واتە پییوسی پێنجەم لوایزا-وە ناونرابوو. کەشتییەکە خانوویەکی دووقاتی ئامادەی تەختە بوو لەسەر پەیکەرێکی

ئاسنین دانرابوو. زۆرترین ئاوبڕی کەبەلای کەمەوە پێنج پێ دەبوو، توانای ئەوەی دەدایە کەبەقووڵایی جیاوازی رووباردا تێپەڕ بێت. کەشتیە کۆنەکانی ناوەڕاستی ئەم سەدەیە لە(سینسیناتی) لەسەر مۆدێلی ئەفسانەیی ئەو کەشتییانە دروستکرابوون کە لە رووباری (ئۆهایۆ)وە دەچوون بۆ (میسیسیپی) و لەهەر لایەکەوە چەرخێکی پاڵنانیان هەبوو کە بە وزەی مەنجەڵێکی هەڵمی کەبەدار دەسووتا کاریدەکرد. کەشتییەکانی کۆمپانیای کاریبی بۆ کەشتیوانیی رووباریش وەکو ئەوانە مەکینەی هەڵمی، بەلەمی رزگارکردن و سەقفی نزمی تەقریبەن هاوئاستی ئاوەکە و جێخەوی وەک هێلانەی مەلیان هەبوو کەکارمەندەکانی کەشتییەکە جولانەکانیان وەک خاچ بەبەرزی جیاواز هەڵدەواسی. لەسەقفی سەرەوە سەکۆو کابینەی کاپتن و ئەفسەرانی کەشتییەکە هەبوو، تەلاری بەزم و پێشوازییش لەسەرەوە بوو کە رێبوارە دیارەکان بەلای کەمەوە جارێک بۆ نانخواردنی ئێوارەو یاری کاغەز داوەت دەکران بۆ ئەوێ. لەسەر سەقفی ناوەڕاست شەش کابینەی نمرە یەک لەدوولای دالانێکەوە بوون کەوەکو تەلاری نانخواردنی گشتی بەکاردەهات و لەلووتی کەشتییەکەدا ژوورێکی دانیشتن بەپەیژەی تەختەو ستوونی ئاسنەوە هەبوو کەروویان کردبووە رووبارەکە، زۆربەی رێبوارەکان لەوێدا پەردە کوللەیان هەڵدەدا. بەپێچەوانەی باقی کەشتییەکانەوە، لەملاو لای ئەم کەشتییانەوە چەرخی پەڕپەڕەدار نەدەبینرا و لەجیاتی ئەوە، چەرخێکی گەورەی پەڕپەڕە ئاسۆیی لەدوای کەشتییەکەوە رێک لەژێر ئاودەستە ئاسینەرەکاندا واتە لەسەر سەقفی رێبوارەکان هەبوو. فلۆرێنتینۆ ئەریزا کە یەکشەممەیەکی حوزەیران، سەعات حەوتی بەیانی سواری ئەم کەشتییە بوو، وەکو کەسانێ کەبۆ یەکەمجار سەفەردەکەن و تەقریبەن لەرووی خولیاوە سەربەهەموو جێگایەکدا دەکەن، خۆی بەوەوە ماندوو نەکرد. خۆرئاوا، کاتێ بەلای گوندی (کالامار)دا تێپەڕ دەبوون بۆ مێزکردن چووبۆ دواوەی کەشتییەکە و لەکونی ئاو دەستەکەوە چەرخێکی گەورەی

پەرپەرەداری بینی کە لەگەڵ هەڵم و کەف ژێریدا دەخولایەوە ئەوسا هەستی بەو جێگا تازەیە کرد کەتیادا بوو.

فلۆرنتینۆ پێشان قەت سەفەری نەکردبوو. باوەڵێکی تەنەکەی پێبوو کەجلوبەرگی ناوچە کوێستانییەکانی تێکردبوو، باقی باوەڵەکە پڕبوو لەو رۆمانە وێنەدارانەی کەهەرمانگەی بەرگێکی لێدەکرێن لەناو بەرگی مقەباییدا لەتەنیشت یەکەوە ریزیدەکردن هەروەها کتێبی شیعری عاشقانەشی پێبوو کەهەموویانی لەبەربوو هێندەی نەمابوو دوای ئەو هەموو خوێندنەوەیە هەلا هەلا بن و ببن بەخۆڵەمێش. کەمانچەکەی پێنەبوو چونکە بەجمکی بەدبەختیی خۆی دەزانی بەڵام دایکی ناچاری کردبوو پێخەفەکەی کە پێخەفێکی ئاسایی سەفەریی بوو بەکەڵکی دەهات لەگەڵ سەرینێك و لێفەیەك و مەنجەڵێکی تۆتیای بچووك بۆ میز کردن و پەردەکوللەیەك بخاتە ناو حەسیرێکەوە. حەسیرەکەی بە دوو حەبل بەستبوو کە لەکاتی پێویستدا بۆ هەڵخستنی جۆلانەی خەوتن بەکەڵکی دەهاتن، ئەمانە هەموو ئەو کەلوپەلە بوون کەپێیبوون. فلۆرنتینۆ ئەریزا سەرەتا نەیدەویست پێخەفەکەی لەگەڵ خۆیدا ببات، چونکە پێیوابوو لەکابینەیەکدا کەخۆی قەرەوێڵەو پێخەف تێدایە هیچ سوودێکی نییە، بەڵام هەمان شەو سوپاسگوزاری عەقڵی ساغڵەمی دایکی بوو. لەدوا ساتدا رێبوارێك کەجلوبەرگی رەسمیی لەبەردا بوو سواری کەشتییەکە بوو کە بەیانی زووی هەمان رۆژ بەکەشتییەك لە ئەورووپاوە هاتبوو، خودی حاکمی ناوچەکەشی لەگەڵدا بوو، لەگەڵ ژن و کچەکەی و خزمەتکارەکەیدا کەجلی خزمەتکاریی لەبەردابوو، بەحەوت باوەڵەوە کەقەراغەکانیان ئاڵتوونیی بوو، زۆر بەناڕەحەتی بارکران، دەیەویست درێژە بەسەفەرەکەی بدات. کاپتنە زەبەلاحە (کۆراساو)یەکە، بۆ جێکردنەوەی ئەو رێبوارانەی چاوەڕوانی ئەوەی نەکردبوو بێن، سوودی لەهەستی نیشتمانپەروەریی خودی رێبوارەکان وەرگرت. بەزمانێکی تێکەڵی ئیسپانی و شێوەزاری بازاڕیی (کۆراساوی) ئەوەی بۆ فلۆرنتینۆ ئەریزا

وەزیرەو لەبەردایە پرۆتۆکۆلیی جلوبەرگی پیاوەی کەئەو روونکردەوە نوێنەری تازەی بەریتانیایە دەچێت بۆ پایتەختی کۆمار. ئەم پیاوە ئەوەی بەیاد دەهێنێتەوە بەریتانیا چۆن لەخەباتماندا بۆ رزگاربوون لەدەسەڵاتی داگیرکەرانەی ئیسپانیا چەند رێوشوێنێکی بێچەندوچوونی بەکارهێنابوو لەبەرئەوە هیچ فیداکارییەکی زۆر گەورە نییە، ئەگەر دەرفەتی ئەو هەستە بەم خێزانە تایبەتییە ببەخشین کە لەوڵاتی ئێمەدا زیاتر لەوە هەست بەئاسوودەیی بکەن کە لەماڵی خۆیاندا بن. هەڵبەتە فلۆرنتینۆ ئەریزا دەستی لەکابینەکەی هەڵگرت. سەرەتا پەشیمان نەبوو، چونکە لەوکاتەی ساڵدا ئاوی ڕووبارەکە زۆرو کەشتییەکە لە دوو شەوی یەکەمدا بەبێ هیچ کێشەیەك ڕێگەی بڕی. دوای نانخواردنی ئێوارە کە لە سەعات پێنجدا بوو، کارمەندانی کەشتییەکە قەرەوێڵەی سەفەرییان بەسەر ڕێبوارەکاندا دابەش کرد کە دەپێچرایەوەو تەختەکەی پارچە خێمەی زۆر قایمبوو. هەرکەسە لە هەر شوێنێکدا جێگایەکی دەستدەکەوت قەرەوێڵەکەی دەکردەوەو پێخەفی لەسەر ڕادەخستو پەردەکوڵلەی بەسەردا هەڵدەدا، ئەو کەسانەی کە جۆڵانەیان پێبوو لە تەلارەکەدا هەڵیاندەخستو ئەوانەی کە هیچیان پێنەبوو لەسەرمێزی هۆڵی نانخواردن دەخەوتنو سەرمێزەکانیان لەخۆیانەوە دەئاڵاند کەبەدرێژایی سەفەرەکە لەدووجار زیاتر نەدەگۆڕان. فلۆرنتینۆ ئەریزا زۆربەی سەعاتەکانی شەو لەخەیاڵی ئەوەدا کە لەشەماڵی ساردی ڕووبارەکەدا دەنگی فێرمینا دێتەگوێی نەدەخەوت. بەیادەوەریی فێرمینا خەلوەتی تەنیایی خۆی دەڕەواندەوە، لەهەناسەدانی کەشتییەکەدا گۆرانی ئەو ئاژەڵە خەیاڵییە گەورەیەی دەهاتەگوێ کە لە تاریکییدا دەڕۆیشتو بەوشێوەیە شەوی بەسەردەبرد تایەکەم پەڵەی گوڵڕەنگ لەئاسۆوە دەرکەوتو بەیانییەکی دیکە لەودیو زەلکاوی تەماویی و لەوەڕگا چۆڵەکانەوە دەهات. ئەوکاتە سەفەرەکە بەلایەوە بەڵگەیەکیتر بوو لەسەر زیرەکی و دانایی دایکی، هەستی بەسووربوون دەکرد لەسەر لەبیرکردنی شتەکان.

بەهەرحاڵ، دوای سێ ڕۆژ لە لەباریی ڕووبارەکە بۆ کەشتیوانیی، کەشتی لێخوڕین بەناو تەپۆلکەی لمی لەناکاو و لیلیی ئاوەکەدا کە قوڵییەکەی دەشاردەوە، نارەحەتبوو. ڕووبارەکە تەواو لیل بوو، وردە وردە لەناو دارستانێکی گەورەی درەختی تێکچڕژاودا باریک دەبۆوە، ناوبەناو کۆلیتی ڕووشوپەلاش و لیژنەدار دەردەکەوتن کەبۆ مەنجەڵی هەڵمی کەشتییەکە دانرابوون. وادەهاتە بەرچاو کە قیژەی تووتی و هات و هاواری مەیموونەکان گەرمای نیوەڕۆ زیاد دەکەن. شەوان بۆ خەوتن پێویست بوو کەشتییەکە لەنگەر بهاوێ، ئەوکاتەی ئەو ڕاستییە رووتەی کە مرۆڤ زیندووەودەژی، لەحەوسەڵەدا نەبوو. بۆنی ناخۆشی ئەو پارچە گۆشتە باریکانەی خوێ کرابوون و بۆ وشك بوونەوە بە پەیژەکاندا هەڵواسرابوون دەهاتە پاڵ مێشوولەو گەرما. زۆربەی ڕێبوارەکان، بەتایبەتی ئەورووپاییەکان بۆگەنی تاسێنەری کابینەکانیان بەرەڵڵا دەکردو شەویان بەهاتوچۆ لەسەر کەشتییەکەو ڕاونانی جرۆجانەوەر بەو خاولیانەی بەردەوام عەرەقیان پێدەسڕی، بەسەر دەبرد، بەیانی بەتەواوی شەکەت و ماندووبوون و لەئەنجامی پێوەدانی مێرووەوە گیانیان ئاوسا بوو.

وێڕای ئەمە، ئەو ساڵە وەرزێکی تری شەڕی ناوخۆ لەنێوان لیبراڵەکان و محافیزکارەکاندا دەستپێکرد کاپتنی کەشتییەکە بۆ پاراستنی ڕێسای ناوخۆو ئەمن و ئاسایش و پاسەوانیی ڕێبوارەکان ڕێوشوێنی پێویستی گرتبووەبەر. کاپتن لەهەوڵیدا بۆ دووركەوتنەوە لە دژایەتی و تووڕەکردنی یەکتری، گەمەوسەرگەرمیی پێویستی کاتی سەفەریی دەریای قەدەغەکرد کە لەوکاتانەدا بریتیبوو لە تەقەکردن لەو تیمساحانەی لەسەر تەپۆلکەی لمی خۆیان دەدا بەخۆردا. پاشان، کاتێ ژمارەیەك لە ڕێبوارەکان لە ئەنجامی مشتومڕێکدا بوون بە دوو بەرەی دژ بەیەکەوە چەکی لەهەموویان سەندو بەڵێنی شەرەفی پێدان کە لە کۆتایی سەفەرەکەدا چەکەکانیان بۆ دەگەڕێنێتەوە. کاپتن تەنانەت بەرامبەر وەزیرە

بەریتانییەکەش کە لە بەیانی رۆژی دووەمەوە بەجلوبەرگی ڕاوەوە هاتبووە دەرێ‌و غەدارەیەك‌و تفەنگێکی ڕاوی دوو لوولەی پێبوو بەمەبەستی ڕاوکردنی پڵنگ، هیچ نەرمییەکی نەنواند. کۆت‌وبەندەکان حاڵەتێکی جدیتریان بە خۆیانەوە بینی کاتێ بەبەندەری (تینیریفی)دا تێپەڕین واتە لەو شوێنەدا کە دایان بەلای کەشتییەکدا کە ئاڵای زەردی هەڵکردبوو کە نیشانەی کۆلێرا بوو. کاپتن نەیتوانی سەبارەت بەو نیشانە ترسناکە هیچ زانیارییەك بەدەست بهێنێت، لەبەرئەوەی کەشتییەکە وەڵامی ئاماژەکانی ئەمانی نەدایەوە. بەڵام هەمان رۆژ تووشی کەشتییەکی دیکە بوون کە لە (جامایکا)وە ڕەشەوڵاغی بار کردبوو، لەڕێگەی ئەم کەشتییەوە زانیان کە ئەو کەشتییەی ئاڵا زەرکەدەکەی هەڵکردبوو دوو کەسی توشبوو بە کۆلێرای تێدابووە، کۆلێرا زیانی زۆر دەخاتەوە لە بەشێکی ئەو ڕووبارەدا کە کەهێشتا کەشتیەکەی ئەمان پیایدا تێپەڕ نەبووبوو. پاش ئەوە، کاپتن چوونەدەرەوەی ڕێبوارەکانی لە کەشتییەکە قەدەغە کرد نەك لە بەندەرەکانی دواییدا تەنانەت لەو شوێنانەشدا کە چۆڵ بوون و بۆ هەڵگرتنی دار دەوەستان. بەمشێوەیە هەتا گەیشتن بەدوابەندەر، واتە شەش رۆژی دوای ئەوە، ڕێبوارەکان فێری ئەو نەریتانە بوون کە وەکو زیندانیی کات بەسەربەرن. لەو نەریتانەش، تەماشاکردنی گورزەی وێنەی پۆستکارتی ڕووتی هۆڵەندی بوو کە دەستاودەستی پێدەکرا بەبێئەوەی کەس بزانێ لەکوێوە هاتووە، ئەگەرچی هەرکەسێکی خاوەن ئەزموون لە سەفەری ناو ڕووباردا، دەیزانی کە ئەوە تەنها نموونەیەکی بچووکە لە کۆمەڵێ شتی ئەفسانەیی کاپتن. بەڵام کات بەسەربردنەکەش هیچ هیوایەکی نەدەبەخشی و یەك ڕیتمیی‌و بێتاقەتی زیاد دەکرد.

فلۆرنتینۆ ئەریزا بەسەبری ئەیوبەوە بەرگەی سەختیی‌و ناڕەحەتییەکانی سەفەرەکەی گرت کە غەمی دایکی دەخواردو ڕقی لە هاوڕێکانی دەبۆوە. قسەی لەگەڵ کەسدا نەدەکرد، پاڵی بە پەیژەکانەوە

دەدا، تەماشای ئەو تیمساحانەی دەکرد کە لەسەر تەپۆلکە لمییەکان خۆیان دابوو بەخۆرداو بێچوڵە بۆ ڕاوکردنی پەپوولە دەمیان کردبۆوە، هەروەها لەو ماسیگرانە ورد دەبۆوە کە دەسڵەمینەوەو لە زەلکاوەکانەوە هەڵدەفڕین، بە بینینی مانگای دەریایی کە لەسەری گوانە گەورەکانیانەوە شیریان بە بێچووەکانیان دەداو بە قیژەیان کە لە هی ژن دەچوو، ڕێبوارەکانیان ڕادەچڵەکاند، ڕۆژەکان ئاسانتر بەلایەوە تێدەپەڕین. ڕۆژێ سێ تەرمی ئاوساو و شێواوی بەسەر ئاوەکەوە بینی کەژمارەیەک سیسارکەکەچەڵەیان لەسەر نیشتبۆوەو ئاوەکە دەیبردن. تەرمی یەکەمو دووەم هی دوو پیاو بوون کە بەبەردەمیدا تێپەڕین. یەکێکیان سەری پێوە نەبوو، پاش ئەمانە تەرمی کچێکی منداڵ لەگەڵ ئاوەکەدا هات، تاڵەکانی زوڵفی لە خەتی دوای کەشتییەکەدا بەهۆی شەپۆلەکانەوە وەکو قژی میدۆزا کەوتە شەپۆلدان. فلۆرنتینۆو ئەوانیتریش هەرگیز لەوە حاڵی نەبوون کە ئەو تەرمانە قوربانی کۆلێرا بوون یان هی جەنگ، بەڵام بۆگەنی تەرمی کچە منداڵەکە تێکەڵی یادەوەریی ئەم بوو لەگەڵ فێرمینا دازا.

ئەمە حاڵەتی هەمیشەیی بوو: هەر ڕووداوێك باش بوایە یان خراپ، بەجۆرێك لە جۆرەکان بە فێرمینا دازاوە گرێی دەدا. شەوان کە کەشتییەکە لەنگەری دەهاویشت زۆربەی ڕێبوارەکان لەسەر سەقفەکان دەهاتنو دەچوون، لەبەرچرای خەڵوزینی سالۆنی نانخواردنی کەشتییەکەدا کە تاکە چرایەك بوو شەو تا بەیانی دەسووتا، ئەو ڕۆمانە وێنەدارانەی بە وردی دەخوێندەوە کە تەقریبەن هەموویانی لەبەربوو، کاتێ شوێنی پاڵەوانە خەیاڵییەکانی ئەو درامایەی چەندینجار خوێندبوونییەوە دەگۆڕی بەو کەسانەی لە ژیانی واقیعیدا ناسیبوونی، سیحری دراماکان زیاتر دەبوو. بەڵام هەمیشە ڕۆڵی یەکەمی عاشقو مەعشوقی لە خۆشەویستیی محاڵدا بۆ خۆیو فێرمینا دەهێشتەوە. شەوان لە ئەنجامی دڵتەنگییدا، چەند نامەیەکی دەنووسیو دەیدڕاندنو پارچەکانیانی دەدا بەدەم ئەو ئاوەوە کە بەبێ

وەستان دەکشان بۆلای فێرمینا. بەمشێوەیە ناخۆشترین سەعاتەکانی شەوی بەسەردەبرد، جاربەجارێ لە قاڵبی شازادەیەکی ترسنۆك یان پاڵەوانێکی ئەفسانەیی عاشق‌و کاتێکی تر لە کەوڵی سووتەمەرۆی خۆیدا وەکو عاشقێکی فەرامۆشکراو دەردەکەوت، تا یەکەم شەماڵی بەیانی هەڵیدەکرد ئەوسا دەچووە سەر کورسییەکانی تەنیشت لاوانەی کەشتییەکە بۆ ئەوەی بخەوێ.

شەوێك کە زووتر لەکاتی ئاسایی خۆی دەستی لە خوێندنەوە هەڵگرتبوو، گێژو وێژ دەچوو بۆ سەرئاو، لەکاتی تێپەڕینی بە ساڵۆنی نانخواردندا، دەرگایەك کرایەوەو دەستێکی وەك چنگی هەڵۆ، قۆڵی کراسەکەی ڕاکێشاو ڕایکێشایە ناو کابینەیەکەوەو خێرا دەرگاکەی داخست. فلۆرنتینۆ غافڵگیر کرابوو لە تاریکیدا هەستی بە لەشی ژنێکی ڕووت کرد نەیدەزانی تەمەنی چەندە، کە عارەقێکی گەرمی کردبۆوەو هەناسەبڕکێی بوو. پاڵی پێوەناو لەسەر پشت لەسەر جێگاکەی پاڵی خست. قایشی پانتۆڵەکەی کردەوەو پانتۆڵەکەی داکەند، ئەوسا وەك سوارچاکێك چووەسەری، بەبێ هیچ سەروەرییەك پاکیزەیی لێزەوت کرد هەردووکیان شەکەت‌و ماندوو کەوتنەناو بۆشایی حەزێکەوە کە بڕیاریان لێنەدابوو بۆنی زەلکاوی (قریدس)ی لێدەهات. ژنەکە دوای ساتێ لەسەر جێگاکە ڕاکشا، دوایی لە تاریکیدا دیارنەماو بە ئارامی بە فلۆرنتینۆی وت:

-ئێستا بڕۆ هەموو شتێ لەمبارەیەوە لەبیرکە، هەرگیز هیچ شتێ لەنێوانماندا ڕووینەداوە.

هێرشەکە ئەوەندە خێراو سەرکەوتووانە بوو دەتوانرا تەنها وەك نەخشەیەکی زیرەکانە لێکبدرێتەوە کەتەواوی وردەکارییەکانی بە ئاسودەییەوە نەخشەیان بۆ داڕێژرا بوو، نەدەکرا والێك بدرێتەوە بەرهەمی شێتییەکی لەناکاو بووە کە لە بێزارییەوە سەرچاوەی گرتبێ. ئەم ڕاستییە لەزەتبەخشە، شەوق‌و زەوقی زیاتر دەکرد، لەبەرئەوەی لە لوتکەی لەزەتدا

شتێکی وای دۆزیبۆوه که نەیدەتوانی باوەڕی پێبکات تەنانەت ملی بۆ قبوڵکردنیشی نەدەدا. ئەنجامی دۆزینەوەکە ئەوەبوو که هەوەس و ئارەزوویەکی مادی دەیتوانی جێگای خۆشەویستیی گیان پڕوێنی مەعنەوی ئەم بۆ فێرمینا بگرێتەوه، بەمشێوەیە هەستیکرد ناچارە ئەوکەسە بدۆزێتەوە کە ئەو شەوە پەلاماریداو گەیاندییە لوتکەی لەزەت، بزانێ کێیە بەڵکو لە سایەی غەریزەکانی ئەودا چارەسەری بەدبەختیی خۆی بدۆزێتەوە. بەڵام لەم ڕێگایەدا نەك هەر سەرکەوتوو نەبوو، بەپێچەوانەوە، هەرچەندە زیاتر دەگەڕا هەستی دەکرد زیاتر لە ڕاستی دوور دەکەوێتەوە.

هێرشەکە لە دواکابینەدا ڕوویدا بوو، بەڵام ئەم کابینەیە بەدەرگایەك بە کابینەی پێش دواکابینەوە پەیوەست بوو، بەجۆرێك ئەم دوو کابینەیە ببوون بە شوێنی نیشتەجێبوونی خێزانێك کە چوار قەرەوێڵەی تێدابوو. ڕێبوارانی دوو کابینەکە دوو ژنی گەنج و ژنێکی کەمێك بە تەمەن و زۆر جوان و سەرنجڕاکێش بوو لەگەڵ منداڵێکی چەند مانگەدا. ئەمانە لە (برانکۆدی لۆبا) سواربووبوون. لەو بەندەرە بارو ڕێبوارەکانی شاری (مامبۆکس)یان لەوکاتەوە سەردەخست کەئەم شارە لەبەر حاڵەتی ناجێگیریی ڕووبارەکە لەسەر هێڵی کەشتییە هەڵمییەکان لایدا بوو. فلۆرنتینۆ تەنها لەبەرئەوە سەرنجی بەلای ئەوانەدا چووبوو چونکە منداڵەکەیان بەخەوتویی لە قەفەزێکی گەورەی چۆلەکەدا هەڵدەگرت.

شێوەی جل لەبەرکردنیان بە یەخەی موشەبەك و کڵاوی لێوارپان کە گوڵی بریسکەداری پێوەبوو لەگەڵ ئەو ژێر تەنورانەی لەژێر تەنورەی ئاوریشمییەوە لەپێیان دەکرد بەجۆرێ بوو وەك ئەوە وابوو بەکەشتی ئۆقیانوس بڕی ڕازاوە سەفەر بکەن. دوو ژنە گەنجەکە ڕۆژی چەندینجار خۆیان دەگۆڕی و وادیار بوو لەکاتێکدا کە هەناسەی ڕێبوارەکانی دی لەگەرمادا دەرنەدەهات، ئەمان کەشوهەوای بەهاری ناوچەکەی خۆیان لەگەڵدایە. هەرسێ ژنەکە لە بەکارهێنانی چەترو باوەشێنی پەڕدا وەستا

بوون، بەڵام نیازی دڵیان وەکو نیازی دڵی ژنانی دیکەی (مامبۆکس) قابیلی ئاشکراکردن نەبوو. فلۆرنتینۆ ئەریزا تەنانەت نەیدەتوانی ئەوەش دیاری بکات کە ئەم سێ ژنە چ جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ یەکتریدا هەیەو چی یەکترین، ئەگەرچی گومانی لەوە نەبوو کە هەرسێکیان سەر بە یەك خێزانن. سەرەتا وایدەزانی ژنە بەتەمەنەکە دایکی دوانەکەی ترە. بەڵام زۆری نەبرد لەوە تێگەیشت ئەوەندە گەورە نییە کەبتوانێ کچی واگەورەی هەبێ. لەلایەکیترەوە ژنە بەتەمەنەکە بەرگی پرسەی لەبەردابوو، بەڵام دوانەکەیتر لە ماتەمەکەی ئەودا بەشدار نەبوون. نەیدەتوانی وێنای ئەوە بکات کەیەکێ لەو سێ ژنە لەکاتێکدا دوانەکەی تر لەکابینەکەی تەنیشتیدا خەوتبن، جورئەتی کارێکی وای هەبێ. تەنها گریمانەی ماقوڵ ئەوە بوو کە ئەو ژنەی پەلاماری ئەمیدا هەلی ساتێکی بێئاگایی ئەوانیتری قۆستبێتەوە یان بەپێی پێکهاتنی خۆیان ئەویان لە کابینەکەدا بەتەنیا بەجێهێشتبێت. فلۆرنتینۆ تێبینی ئەوەی دەکرد کە جاربەجارێ دوان لە سێ ژنەکە بۆ هەڵمژینی هەوای فێنك تا درەنگ لەدەرەوە دەمێننەوەو سێیەمیش لەبەر ورياییکردنی مناڵەکە کابینەکە بەجێناهێڵێ، بەڵام شەوێك کە دنیا زۆر گەرمبوو هەرسێکیان مناڵەکەیان کردبووە سەبەتەیەکەوەو موشەبەکێکیان پێدادابوو چوونە دەرەوەی کابینەکە.

سەرەڕای تێکەڵی و پێکەڵی سەرەداوەکان، فلۆرنتینۆ ئەریزا زۆر زوو ئەو ئەگەرەی خستەلاوە کە ژنە بەتەمەنەکە ئەو هێرشەی کردۆتەسەری و هەروا بەپەلەش ئەوەیانی تەبرێ کرد کە دوانەکەی تر گەنجترو جوانترو جەسورتر بوو. بۆ ئەم کارەشی بەڵگەی زۆر گرنگی بەدەستەوە نەبوو، بەڵکو تەنها لەبەرئەوە ئەوەی بە خەیاڵدا هاتبوو کە نیگای قووڵی بۆ سێ ژنەکە، قەناعەتی پێکردبوو ئەو ئومێدە زیادەڕەوە وەکو راستی قبوڵبکات کە عاشقە لەناکاوەکەی لە ڕاستیدا دایکی ئەو مناڵەیە کە لە قەفەزدا بەندکراوە. ئەم ئەگەرە ئەوەندە دڵڕفێن بوو کە بیرکردنەوە لێی بەتوندییەکی زیاتر لەوەی

بیری لە فیرمینا دازا دەکردەوە، دەستی پێکردو ئەو ڕاستییە ئاشکرایەی لەبەرچاو نەدەگرت کەئەو ژنەی تازە بووە بە دایک تەنها بۆ ئەو منداڵەی دەژی، جگە لەوەش تەمەنی لە بیست‌وپێنج ساڵ زیاتر نییە، لەڕو لاوازو ڕەنگ ئاڵتوونیی بوو، پێڵوی چاوی پرتەقاڵی بوو کە ساردو سڕتر نیشانی دەدا هەرپیاوێ تەنها کەمێك میهرەبانیی زیاتری سەبارەت بەکوڕەکەی نیشان بدایە دەیتوانی ڕازی بکات. لەکاتی نانخواردنی بەیانییەوە لە هۆڵەکەدا بەکوڕەکەیەوە خەریکبوو، لەکاتێکدا دوانەکەیتر دۆمینەی چینیان دەکرد، کاتێ دەیتوانی دواجار منداڵەکەی بخەوێنێ، سەبەتەی خەوی منداڵەکەی لە شوێنی فێنکی باڵکۆنی کەشتییەکەدا بەسەقفەکەدا هەڵدەواسی. بەهەرحاڵ، ژنەکە چاوپۆشی لە منداڵەکە نەدەکرد. تەنانەت کاتێ منداڵەکە لەخەودابوو لەژێر لێوەوە گۆرانی عاشقانەی دەوت‌و تەفەزەکەی بەملاوبەولادا دەجوڵان لەوحاڵەتەدا بیری بەسەر بەدبەختییەکانی سەفەردا دەفڕی. فلۆرنتینۆ ئەریزا بەو خەیاڵە بێهودەیەوە لکابوو کە درەنگ یا زوو خۆی ئاشکرا دەکات، ئەگەر بە ئاماژەیەکیش بووە. فلۆرنتینۆ تەنانەت جاربەجارێ کەوا خۆی نیشاندەدا دەخوێنێتەوە، لەسەرووی کتێبەکەیەوە لەو قاپی دوعایەی دەڕوانی کە کردبووی بە بلوزەکەیداو گۆڕانی هەناسەدانی دەخستە ژێر چاودێرییەوە یان ئەو بێشەرمییەی دەنواند کە لەپێشدا خۆی ئامادە کردبوو لە هۆڵی نانخواردن جێگاکەی دەگۆڕی‌و دەچووە بەرامبەری ژنەکە دادەنیشت. بەڵام نەیدەتوانی بچووکترین ئاماژە بەدی بکات کە بەڵگەی ئەوەبێ ئەو ژنە بوو ئەو شەوە پەلاماریداوە. تەنها شتێ کە هەیبوو لەوبارەیەوە، ئەوەبوو ناوەکەی دەزانی کە ناوی (ڕۆسالبا) بوو، ئەمەشی کاتێ زانی کە ژنەکەی هاوڕێی بانگی کرد کە لەژنە منداڵدارەکە گەنجتر بوو.

لەڕۆژی هەشتەمدا، کەشتییەکە بەناو تەنگەیەکی پێچاوپێچ و باریکدا کە لەهەردوو لایەوە بەبەرد دەورە درابوو بەسەختی تێپەڕی و دوای

نانخواردنی نیوەڕۆ لە (پیرتۆناری) لەنگەری هاویشت. ئەم شوێنە جێگای دابەزینی ئەو ڕێبوارانە بوو کەبەرەو ناوچەکانی ناوخۆی ویلایەتی (ئەنتیوکیا) درێژەیان بەسەفەردەدا. ئەم وێستگەیە سەر بە یەکێ لە ویلایەتەکان بوو کەخولی تازەی شەڕی ناوخۆ زۆرترین زیانی پێگەیاندبوون. ئەم بەندەرە لە نێودەرزەن کۆلیتی دارخورمایی و یەك دووکانی تەختە پێکهاتبوو کەبانەکەی لەوح بوو، لەلایەن چەندین دەوریەی سەربازی پێ پەتییەوە پارێزگاری دەکرا. لەبەرئەوەی پروپاگەندەی نەخشەی تالانکردنی کەشتییەکە بەدەستی یاخییەکان بەسەر زمانانەوە بوو. لەپشت ماڵەکانەوە ڕووەو ئاسمان لوتکەی ناوچەیەکی شاخاوی دێم کە لە قەراغی هەڵدێرەکەیەوە لاوانەی ئاسنی بۆ کرابوو بەدی دەکرا. ئەو شەوە لە کەشتییەکەدا خەوی ئیسراحەت لەچاوان حەرامبوو، بەڵام هێرش بۆ سەر کەشتییەکە نەکرا. بۆ بەیانی بەندەرەکە ببوو بەشوێنی فێستیڤاڵی یەکشەممەوان، چونکە هندییەکان مت و مووروی جادویی و ئەکسیری خۆشەویستییان دەفرۆشت، ڕابەری کاروانەکانیش بەسواری وڵاخەکانیانەوە ئامادەبوون بۆ سەفەری سەرکەوتن بۆ بەرزاییەکان بەناو دارستانی (گیا سالمە)ی زنجیرە چیای ناوەندیدا کە شەش ڕۆژی دەخایاند.

فلۆرنتینۆ ئەریزا کاتی خۆی بەتەماشاکردنی ئەو ڕەشپێستانەوە بەسەردەبرد کەباری کەشتییەکەیان بەکۆڵ دادەگرت، ئەوانی دەبینی کەسندوقی فەخفوری چینی و پیانۆ دادەگرن کەبە کچە عازەبەکانی (ئەفیگادۆ) دەفرۆشران، زۆر درەنگ هەستی بەوە کرد کە ڕۆسالباو هاوڕێکانی لەو ڕێبوارانەن کە لە بەندەرەکە ماونەتەوە. کاتێ ئەوانی بینی کە پووتی (ئەمازۆنی)یان لەپێدایەو، چەتری ڕەنگی ناوچەی ئیستیوایان بەدەستەوەیەو لەلایەکەوە سواری هێستر ببوون. کارێکی کرد کەڕۆژانی پێشوو نەیوێرابوو بیکات، وەکو نیشانەی خواحافیزی دەستی بۆ ڕۆسالبا ڕاوەشاندو هەرسێ ژنەکە بەدەست ڕاوەشاندن وەها خۆمانە وەڵامیان دایەوە

کەیەکسەر بەخۆیدا هاتەوە کە بۆچی ڕۆژانی پێشوو وەها شەرمی نەشکاوە.
نەوانی بینی لەپێش ئەو هێسترانەوە دەڕۆیشتن کە باوەڵی جل و سندوقی کلاور قەفەزی منالەکەیان لێبارکردبوون. بەدەوری دووکانەکەدا خولانەوەو کەمێ دوای ئەوە وەکو ڕێچکەی مێروولە بەدرێژایی لێواری هەڵدێرەکەدا سەرکەوتن، لەژیانی فلۆرنتینۆ ئەریزا دا سڕانەوەو هەستیکرد لەسەراپای دنیادا تەنیایە، یادەوەری فێرمینا دازا کە لەو ڕۆژانەدا بۆسەی بۆ نابۆوە، هەناسەیەکی مەرگهێنەری کرد بەگەروویدا.

فلۆرنتینۆ ئەریزا دەیزانی شەممەی داهاتوو، لەئاهەنگێکی گەورەدا فێرمینا دازا دەگوێزرێتەوە، پاش ئەوە تەنانەت ماف ئەوەشی نابێت کە لەپێناویدا بمرێت کە بە قەد هەموو دنیای خۆشدەوێ. ئەو ئیرەییەی کەتا ئەو کاتە لەناو فرمێسکدا نقومی دەکرد، ڕۆحی داگیرکرد. لەخودا پاڕایەوە کە هەورە بروسکەی داپەوەریی خودایی لەفێرمینا دازا بدات بەرلەوەی پەیمانی خۆشەویستیی ملکەچی لەگەڵ پیاوێکدا ببەستێ کە فێرمینای تەنها وەك خشڵێکی کۆمەلایەتیی بۆ هاوسەریی دەوێ. لەخەونی ئەو بووکەدا نغرۆ ببوو کە یان دەبوو ژنی خۆی بێت یان هی کەس نەبێت، کە لەسەر سەکۆی کڵێسای گشتییدا ڕاکشاوە، خونچەی پرتەقاڵ وەکو بەفر بەسەریدا دەبارێ و بەشەونمی مەرگ تەڕی دەکات، بەردی مەڕمەڕی گۆڕی ئەو چوارده ئەسقەفەی کە لە بەردەمی میحرابی سەرەکیدا نێژرابوون لافاوی کەفاوی ڕووبەندە موشەبەکەکەی فێرمینا دایپۆشیبوون. لەگەڵ کۆتاییهاتنی تۆڵەسەندنەوەکەدا لە شەڕانگێزیی خۆی پەشیمانبۆوە چونکە وێناکردنی دنیا بەبێ فێرمینا دازا بەلایەوە مەحاڵ بوو بە ڕۆح و ناخێکی ساغەوە، دوور بەلام ڕاستەوخۆ فێرمینای بینی کە هەڵدەستێتە سەرپێ. ئیدی نەخەوت، کە جاربەجارێ دادەنیشت بۆ ئەوەی ناخونەکێ لە خواردنەکەی بدات، بەرمیوایە بوو کە فێرمینا دازاش لەسەر مێزی نانخواردنەکە بێت یان بە پێچەوانەوە، لەبەرخاتری فێرمینا ڕێزی ڕۆژانی ڕەمەزانی لانەبوو،

جاریەجارێ ئەو دڵنیاییە مایەی دڵدانەوەی بوو کە فێرمینا لە ماوەی سەرمەستیی ئاهەنگی شوکردنیدا، تەنانەت لەماوەی شەوانی نائارامی مانگی هەنگوینیدا، کاتێ دیمەنی ئەو دڵدارەی بهێنێتە پێشچاوی کە گاڵتەو سوکایەتیی پێکردووە بەلای کەمەوە بۆ ساتێ، تەنها بۆ ساتێکیش بێت ئازار دەچێژێو تەواوی خۆشحاڵییەکەی هەرەسدێنێ. شەوی بەرلەگەیشتن بە بەندەری (کاراکولی) کە سەفەرەکەیان کۆتاییدەهات، کاپتن بە ئۆرکسترایەکی نامێری هەوایی کە پێکهاتبوون لە کارمەندانی کەشتییەکەو بەرنامەی فیشەکەشێتە لەسەر پردەکە، ئاهەنگێکی ماڵئاوایی نەریتی رێکخست. وەزیرە بەریتانییەکە بە وێنەگرتنی ئەو ئاژەڵانەی کە رێگەی پێنەدرا بە تفەنگەکەی بیانکوژێت، بە ئارامییەکی نمونەییەوە داستانی ئۆدیسەی بەجێهێشت. وەزیر کە هیچ نانخواردنێکی ئێوارە بەبێ جلوبەرگی رەسمی لە سالۆنی نانخواردن نەدەبینرا، بەجلوبەرگی خوری شەترەنجی (ماک تافیج)ی سکۆتلەندابییەوە، هات بۆ ئاهەنگی ماڵئاواییو بۆ خۆشی خەڵکەکە (باک پایپ)ی لێدا، ئەو کەسانەش کە حەزیان لە سەما میللییەکەی ئەو بوو فێری ئەو سەمایەی کردن. بەڵام بەرلەوەی بەیانی بدا، تەقریبەن بە کۆڵ هەتا کابینەکەی بردیانەوە. فلۆرنتینۆ کە لە غەمو خەفەتدا تیامابوو، پەنای بۆ دوورترین کونجی سەقفەکە بردبوو. لەوێ دەنگی بەزمو رەزمی ئاهەنگەکەی نەدەهاتەگوێ، بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو لەرزەدا کە سەرما گەیاندبوویە سەر ئێسقانی، پاڵتۆ دیارییەکەی لۆتاریۆ توگوتی لەبەرکرد. وەك ئەو کەسەی حکومی سێدارەی هەیەو بەیانی زوو خەبەری دەبێتەوە، سەعات پێنجی بەیانی خەبەری بۆوە. بەدرێژایی رۆژەکە دەستی بۆ هیچ کارێ نەبرد، هێنانەبەرچاوی سات بەساتی بەسەرهاتی شووکردنی فێرمینا دازا نەبێت. پاشان، کاتێ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، لەوە حاڵی بوو کە لە حسابی رۆژەکەدا بەهەڵەداچووە، هەموو شتێ لەگەڵ ئەمەی ئەودا وێنای کردبوو، جیاوازبوو، تەنانەت زەوقی ئەوەشی هەبوو بە توانای داڵغەلێدانی پێبکەنێ.

ئەو شەممەیە بەلای فلۆرنتینۆوە رۆژێکی هەژێنەر بوو، کاتێ بیری کردەوە ئەو ساتەوەختە هاتووە کە بووك و زاوا خۆیان لە خەڵکەکە بدزنەوە بۆ ئەوەی خۆیان بدەنە دەست خۆشییەکانی شەوی یەکەمی بووك و زاوایەتی، سەرلەنوێ تای لێهاتەوەو لەرز گیانی داگرت. لەوکاتەدا کە دەلەرزی یەکێك بینی و چوو بە کاپتنی وت. کاپتن کە دەترسا لەوەی حاڵەتێکی کۆلێرا بێت لەگەڵ دکتۆری کەشتییەکەدا ئاهەنگەکەی بەجێهێشت. دکتۆر دوای ئەوەی شروبی (برمور)ی دا بە فلۆرنتینۆ بۆ یەدەگیش ناردی بۆ کابینەی تەندروستی کەشتییەکە. کاتێ لە رۆژی دوای ئەوەدا رووناکییەکانی (کاراکولی)یان لێدەرکەوت، تاکەی دابەزی و ورەی زۆر بەرز بۆوە. لەبەرئەوەی لە ئەنجامی سستی ئاشکرای حەبی نارامبەخشدا، بۆ دواجار ئەو مەسەلەیەی یەکلاکردبۆوە کە ئایندەی پرشنگداری تەلەگراف هیچ بەلایەوە گرنگ نییە، بەهەمان کەشتی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوەو بۆ شەقامە کۆنەکەی واتا شەقامی( لاس فینتاناس).

قایل کردنیان بەوەی مۆڵەتی گەڕانەوەی بدەن لەبەرامبەر ئەو کابینەیەی بەخشیبووی بە نوێنەری شاژنە ڤیکتۆریا هێندە قورس نەبوو. کاپتنیش بە باسکردنی بەڵگەی ئەوەی تەلەگراف زانستی ئایندەیە هەوڵیدا لە بڕیارەکەی پاشگەزی بکاتەوە. قسەکانی ئەوەشی لەخۆگرتبوو کە خەریکن سیستەمێکی تایبەتی تەلەگراف بەمەبەستی دانانی لەناو کەشتیدا دروستدەکەن، بەڵام فلۆرنتینۆ ئەریزا لەبەرامبەر هەموو باس و بەڵگەکاندا بەربەرەکانی کردو دواجار کاپتن بەوە قایلبوو کە بیگەڕێنێتەوە بۆ ماڵەوە، نەك لەبەرئەوەی قەرزاری کرێی کابینەکەی بوو بەڵکو لەبەرئەوەی زۆرباش ئاگاداری پەیوەندی فلۆرنتینۆ بوو لەگەڵ کۆمپانیای کاریبی بۆ کەشتیوانی ڕووبار.

سەفەری گەڕانەوەکەی لە شەش رۆژ کەمتری خایاند، فلۆرنتینۆ ئەریزا لە یەکەم دەقەی ئەو بەیانییەوە کە گەیشتنە ناو دەریاچەی (لاس

میرسیدس)و ڕووناکی چرای سەر بەلەمەکانی ماسیگرتنی بینی کە لە ئاوە شەق کراوەکەدا شەپۆلیان بەخەتی دوای تێپەڕینی کەشتییەکە دەدا. هەستیکرد دووبارە پێی خستۆتە ماڵی خۆیانەوە. هێشتا دنیا تاریک بوو کە لە پەناگەی کەناری (نینۆ پێردیدۆ) واتا دوابەندەر بۆ کەشتییەکانی ڕووبار، لەدووری نۆ فرسەخ لە کەنداوێکی بچووکەوە لەنگەریان گرت کە لەدووری (لاروبی) کەناڵی کۆنی ئیسپانیاوە بوو، سەرلەنوێ بەکار دەهات. ڕێبوارەکان بۆ سواربوونی ئەو بەلەمە خێراو بچووکانەی بەکرێبوون و خەڵکەکەیان دەگەیاندە دواشوێنی مەبەستیان، ناچاربوون هەتا سەعات شەشی ئێوارە چاوەڕێ بکەن. فلۆرنتینۆ ئەوەندە بەپەرۆشبوو کەزووتر لە کەسانی دی پێی خستە ناو بەلەمەکانی پۆستەوە کەکارمەندەکانی وایاندەزانی یەکێکە لەخۆیان. بەرلەوەی کەشتییەکە بەجێبهێڵێت تەسلیمی کەڵکەڵەی کارێکی ڕەمزی بوو: پێخەفە سەفەرییەکەی دابەدەم شەپۆلەکانەوە بەنیگا شوێنی کەوت کە لەگەڵ ڕەوتی ئاوەکەدا بەلای چرای دەریای ماسیگرە نادیارەکاندا تێپەڕی لەدەریاچەکە هاتە دەرەوەو چووە ناو ئۆقیانووسەکەوەو دیار نەما. دڵنیابوو تاکۆتایی تەمەنی هەرگیز پێویستی پێی نابێت، هەرگیزاو هەرگیز دەست لەشارەکەی فێرمینا دازا هەڵناگرێ.

کەنداوە بچووکەکە لەبەرە بەیاندا ئارامبوو. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەسەر تەمی شەپۆلەکانەوە، گومەزی کڵێسای گشتیی بینی کە لەبەر یەکەم تیشکی ڕووناکی تێکەڵی بەرەبەیاندا، ڕەنگی ببوو بەئاڵتوونیی. بەبینینی هێلانە کۆتری سەرسەقفەکان ئەو شوێنەی دیاریکرد کە خۆی لێی وەستابوو، شوێنی خۆی لەگەڵ باڵکۆنی کۆشکی مارکیز دی کاسالدویرۆ لێکدایەوە، وای وێنا کرد کەکچی بەدبەختییەکانی هێشتا لەخەودایەو سەری کردۆتە سەر قۆڵی مێردە تێرەکەی. ئەم وێناکردنە دڵی شکاند، بەڵام نەک هەر هەوڵی بۆ تەسکین نەدا بەڵکو بەپێچەوانەوە لەزەتی لەئازارەکەی

بینی. بەلەمەکانی پۆستە بەنێوانی کەشتییە چارۆکەدارە لەنگەر هاوێشتووەکان و ئەو بۆنەدا کە لەبازاڕی گشتیی و خۆڵەعەمەلە بۆگەنەکانی ناو کەنداوەکە بەرز دەبۆوە کەبەتێکەڵبوونیان بۆگەنێکی کوشندە دروست بوو، ڕێگای خۆیان دەکردەوەو بەرەو پێشەوە دەکشان. هەتاو وردە گەرمدەبوو. لەو بگرەو بەردەیەدا کەشتییەك لە (ریۆ هاچا)وە گەیشتەجێ و کرێکارە بارداگرەکان دەستە دەستە خۆیان کرد بەناو ئاوەکەدا لەکاتێکدا ئاو هەتا پشتوێنەیان دەهات ڕێبوارەکانیان لەباوەش کردو بردیانن بۆ کەنار. فلۆرنتینۆ ئەریزا یەکەم کەس بوو کە لە بەلەمەکەی پۆستەوە خۆی هەڵدایە سەر وشکانی و لەو ساتە بەدواوە لەشارەکەدا هەستی بەبۆگەنی شەپۆلی هەوای کەنداوە بچووکەکە نەکرد، بەهەر جێگایەکدا دەڕۆی هەستی بەبۆنەخۆشە تایبەتەکەی فێرمینا دەکرد، هەمووشتێ بۆنی ئەوی لێدەهات.

ئەچۆوە بۆ تەلەگرافخانە. وادیاربوو غەمی تەنیا بریتییە لەخوێندنەوەی ئەو ڕۆمانانەی دەربارەی خۆشەویستیی بوون کە بەزنجیرە بڵاو دەبوونەوەو دایکی بەردەوام لەکتێبخانەی میللی بۆی دەکڕین. لەناو جۆلانەکەیدا رادەکشاو ئەوەندە ئەو ڕۆمانانەی دەخوێندەوە تا لەبەری دەکردن. ئەدەچوو بەلای کەمانەکەیدا. پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکانیدا دەست پێکردەوەو کاتێ کەدەستی بەتاڵ بوایە لەگەڵ هاوڕێکانیدا بلیاردی دەکرد یان لەچایخانەی سەر شەقامەکاندا لەژێر تاقەکانی مەیدانی کڵێسای گشتییدا قسەیان دەکرد. سەمای شەوانی شەممە بەتەواوی لەبیر کرابوون، لەبەرئەوەی بەبێ ئامادەبوونی فێرمینا کۆڕی بەزمی لەوجۆرە قابیلی ڕێناکردن نەبوو. بەیانی ڕۆژی گەڕانەوەی بەوەیزانی کە فێرمینا مانگی هەنگوینیی لەئەورووپا بەسەر دەبات. دڵی بێئارامی بەبێ چەندوچوون پێیوت کەفێرمینا بۆ هەمیشەش نەبێت، بەلای کەمەوە ساڵانێکی زۆر لە ئەورووپا دەژی. ئەم یەقینە یەکەمین هەوڵی ئومێدی لەبیرکردنی لەبوونیدا جێگیر کرد. خەیاڵی بەلای ڕۆسالبادا چوو. یادی ئەم هاوزەمان لەگەڵ تاریکبوونی یادی

فێرمینادا درەوشاوەتر دەبوو ئەمەش پەیوندی بەسەروەختێکەوە هەبوو کەسمێلی هێشتەوە. ئەو سمێڵەی کەهەردوو سەری چەور دەکرد سەراپای بوونی گۆڕی و هەتا کۆتایی تەمەنی هێشتییەوە. بیرۆکەی جێگرتنەوەی خۆشەویستیی لەشوێنی خۆشەویستییەکی تر چەند ئەزموونێکی سەرسوڕهێنەری بەدواوە بوو بۆ ئەم. وردە وردە بۆنە خۆشەکەی فێرمینا لاوازتربوو، کەمتر هەستی پێدەکراو سەرەنجام تەنها لەیاسەمینە سپییەکان مایەوە.

لەکاتی جەنگدا شەوێك کە فلۆرنتینۆ وەها تێدا مابوو نەیدەزانی چۆن ژیانی بەرێبکات و ببووە یاریی دەستی ڕووداوەکان. نازاریت-ی بێوەژن کە لەکاتی گەمارۆی جەنەڕاڵی یاخی (ریکاردۆ گایتان ئۆبیسۆ)دا ماڵەکەی لەئەنجامی تۆپباراندا وێران ببوو، هانای بۆماڵی ئەمان هێنا. لەم ڕووداوەدا ترانستۆ ئەریزا هەلی قۆستەوەو بەرووکەش بەو بیانووەی کە لەژوورەکەی خۆیدا جێگا نییە بێوەژنەکەی نارد لە ژووری کوڕەکەی بخەوێ. بەڵام لە ڕاستیدا ئومێدی ئەوەبوو کەخۆشەویستییەکی تازە ببێتە دەرمانی دەردی ئەو خۆشەویستییەی کەژیانی لە کوڕەکەی تاڵکردبوو. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەوکاتەوە کە لە کابینەی کەشتییەکەدا ڕۆسالبا بەزۆر سێکسی لەگەڵ کردبوو نەچووبۆوە بەلای ئەو کارانەدا. لەم حاڵەتە ناچارییەدا بەلایەوە ئاسایی بوو کە نازاریتی بێوەژن لەسەر قەرەوێڵەکە و خۆشی لەناو جۆلانەکەدا بخەوێ. بەڵام بێوەژنەکە پێشان لەجیاتی ئەو مەسەلەکەی یەکلایی کردبۆوە. لە کاتێکدا نازاریت لەسەر قەراغی قەرەوێڵەکە دانیشتبوو فلۆرنتینۆ ئەریزاش بە پەشۆکاوییەوە لەسەری پاڵکەوتبوو نەیدەزانی چیبکات، دەستی کرد بەقسە کردن دەربارەی مێردەکەی و ئەو سێ ساڵەی لەدوای مردنی بەخەم و خەفەت بەسەری بردبوو، کەس دڵخۆشی نەدابۆوە. لەهەمان کاتدا دەستی کرد بەداکەندنی جلوبەرگی ماتەم، یەکە یەکە جلەکانی بەناو ژوورەکەدا هەڵداو بڵاویکردنەوە تاخۆی ڕووت و قووت

کردەوەو تەنها ئەڵقە شووکردنەکەی لەپەنجەیدا مایەوە: بلوزە دەست چنەکەی کەبەشێوەی ئەڵقە چنرابوو هەڵدا بۆ سەر کورسیی سووچی ژوورەکە، ستیانەکەشی بەسەر شانیدا هەڵدا بۆ لایەکی تری قەرەوێڵەکە، بەیەك جار تەنوورە فشەکەی و بەتانەی تەنوورەکەی داماڵی کە گێزگوڵەنگی پێوەبوو. پاشان کۆرسییە ئەڵقەدارەکەی و گۆرەوییەکانی داماڵی کە هی پرسە بوون، هەموو ئەمانەشی بەناو ژوورەکەدا بڵاوکردەوە ئیدی ژوورەکە لەوەدەچوو بە بەجلوبەرگی ماتەم ڕاخرابێ، بەخۆشی و جووڵەو وەستانی وا شارەزایانەوە ئەمەی دەکرد،دەتوت گوللە تۆپی هێزە گەمارۆ دراوەکان کەشارەکەیان دەلەرانەوە بەخۆشی جووڵەکانی ئەمەوە دەتەقێنرین. فلۆرنتینۆ ئەریزا هەوڵیدا لەکردنەوەی ئەڵقەی کۆرسییەکەیدا یارمەتی بدات، بەڵام بەجووڵەیەکی شارەزایانەوە دەستی پێشخست و خۆی کردییەوە. خۆدزینەوەی لەیارمەتی فلۆرنتینۆ لەبەر ئەوەبوو لەتەواوی تۆناغەکانی هەڵسوکەوتی پێنج ساڵ ژن و مێردایەتیی دڵسۆزانەدا فێری ئەوە ببوو بەبێ یارمەتی کەس خۆی هەموو شتێك بکات بۆ جووتبوون، بەسەرەتاکەشییەوە. دواجار مایۆ موشەبەکەکەی داکەند، ئەمەشی بەجووڵەیەکی خێرای وەك جووڵەی مەلە بەڕانیدا داماڵی و ئیدی رووت و قووت و ئامادە بوو.

بێوەژنەکە تەمەنی بیست و هەشت ساڵبوو، سێ سکی کردبوو. بەڵام ئەندامی زاووزێی هێشتا وەك ئەندامی کچانی شوونەکردو و دەست لێنەدراو جوان وناسك بوو. فلۆرنتینۆ ئەریزا نەیتوانی لەوەحاڵی بێت چۆن چۆنی چەند پارچە جلێکی تۆبەئامێز دەیتوانی ئارەزووەکانی ئەو ماینە کێوییە بشارێتەوە کەئارەزوو، هەروەسی کەسێ بوون لەبەر حەزی زۆر پکراوی وەها بۆ فلۆرنیتنۆی خستەڕوو ئەگەر بۆ مێردەکەی بخستایەتە ،، وەکو ژنێکی کاڵفام تەماشای دەکرد. بەدەستەپاچەییەکی دوور ساختەکارییەوە هەوڵیدا ئارەزووی پێنج ساڵ وەفاداریی ژن و مێردایەتی

لەهەلمەتێکدا کەئەنجامی دوورەپەرێزییەکی ئاسنینی تەعزیباری بوو، تێر بکات. لەوکاتەوە لەداوێنی دایکی کەوتبووە خوارەوە، بەرلەو شەوە جگە لەگەڵ مێردە رەحمەتییەکەی لەگەڵ هیچ پیاوێکدا بەخەوی ئاسایش لەسەر جێگایەك نەخەوتبوو.

نازاریتی بێوەژن کە خۆی بەوە نەدەزانی شایانی سووکی پەشیمانیی بێت، لەبێداریی ژێر رەحمەتی گیزەو بریسکەی گوللەدا ی بەسەر سەربانەکاندا رەتدەبوو هەتا بەرە بەیان باسی چاکەو پیاوەتی مێردەکەی کرد، بەبێئەوەی لەسەر زەرەیەك خیانەت سەرزەنشتی بکات و تەنیا گلەییەك لەمێردەکەی هەبوو ئەوەبوو کە بەبێ ئەم مردبوو کە ئەمەشی بەباوەڕ بەو مەسەلەیە تەسکینی دەدا کەمێردەکەی هەرگیز بەقەد ئێستا بەوەوە پەیوەست نەبووە. ئێستا کەمێردەکەی لەناو تابووتێکدا راکشابوو کەدەرگاکەی بەدوانزە بزماری سێ ئینجی قەپات کرابوو لەسەر خانووەکەوە سێ مەتر لەژێر زەویدا بوو. وەکو رازیبوون لەحاڵی ئێستای وتی:

-خۆشحاڵم، لەبەرئەوەی ئێستا کە لەماڵەوە نییە دڵنیام لەکوێیە!

نازاریتی بێوەژن ئەو شەوەی بەبێ راکشان بەتوێی بلوزێکی گوڵ خۆڵەمێشیەوە بەسەر برد، بۆ دواجار جلی پرسەی داکەندو ژیانی لەناو ئاوازی عاشقانەی جلوبەرگی هەست بزوێندا کە بە وێنەی تووتی و پەپوولەی رەنگاو رەنگ رازێنرابوونەوە دەستپێکرد، بەخۆشحاڵییەوە جەستەی بەو کەسانە دەبەخشی کەداوایان دەکرد. لەدوای تێکشکانی سەربازەکانی (جەنەراڵ گایتان ئۆبیسۆ) دوای گەمارۆیەکی حەفتاو سێ رۆژە، خانووەکەی دروستکردەوە کە لەئەنجامی گوللەتۆپدا زیانی پێگەیشتبوو، سەکۆیەکیشی بۆ زیاد کرد کە بەسەر ئەوەدا دەیڕوانی کە شوێنی سەرەوەشاندنی شەپۆلە تووڕەکان بوو لەکاتی گەردەلوولدا. سەکۆکە هەروەکو خۆشی بەبێ پەردەو راست و رەوان دەیوت هێلانەی خۆشەویستیی و حەزوو ئارەزووی بوو. لێرەدا پێشوازیی لەو پیاوانە دەکرد

کەحەزی لێیان بوو تەنها لەو کاتانەدا کەحەزی لێبوو، بەو شێوەیە خۆی حەزی لێبوو، بەبێ ئەوەی یەك فلسیان لێوەربگرێ، لەبەرئەوەی بەباوەڕی ئەو ئەوە پیاوەکان بوون کەلوتفیان بەرامبەر دەنواندو چاکەیان لەگەڵدا دەکرد. تەنها لەچەند حاڵەتێکی دەگمەندا و بەو مەرجەی ئاڵتوون نەبێت دیارییەکی قبووڵ دەکرد، وەها لێزانانە هەموو شتێکی رێکدەخست کەهیچ کەسێ نەیدەتوانی سەبارەت بەشێوازی نەشیاوی بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر بەدەست بێنێ. ئەم بێوەژنە تەنیا یەك جار بەڕاستی کەوتە بەر هێرشی رسوایی ئاشکراوە، ئەوەش کاتێك بوو ئەوە بڵاو بۆوە کە ئەسقەف دانتی دی لونا بەهەڵە قاپێ قارچکی ژەهراوی نەخواردبوو کەبووە هۆی مردنی، بەڵکو بەئەنقەست قارچکە ژەهراوییەکەی خواردبوو لەبەرئەوەی نازاریتی بێوەژن هەڕەشەی لێکردبوو ئەگەر سوور بێت لەسەر گەمارۆدانی بەنیازە گڵاوەکانی، خۆی سەردەبڕێت و ئەویش ریسوا دەکات. کەس پرسیاری لێنەکرد کەئەو مەسەلەیە راستەیان نا؟ خۆشی باسی نەدەکرد، هیچ شتێکی لەژیانیدا نەگۆڕی، بەبۆنەو بێ بۆنەوە لەگەڵ قاقای پێکەنیندا دەیوت هەرخۆی تاکە ژنی ئازادە لە سەراپای هەرێمەکەدا.

نازاریتی بێوەژن تەنانەت لەوپەڕی سەرقاڵیشدا لەوەخت و ناوەختدا ژوانەکانی لەگەڵ فلۆرنتینۆ ئەریزادا لەکیسی خۆی نەدەدا. ئەم دوانە هەرگیز وا خۆیان نەدەنواند کە عاشق و مەعشوقی یەکترین، ئەگەرچی هەمیشە ئومێدەوار بوون شتێکی لەبابەتی خۆشەویستیی بەدەس بێنن بەڵام بەبێ کێشەو فەرتەنە. لەوکاتە دەگمەنانەدا کە فلۆرنتینۆ ئەریزا دەچوو بۆماڵیان، حەزیان دەکرد لەسەر سەکۆکە بەرامبەر دەریا دابنیشن و بەپڕیشکی سوێری خێزاو تەڕ ببن و لە هێڵی ئاسۆدا لە رۆژهەڵاتنی دنیا وردببنەوە. فلۆرنتینۆ ئەریزا بەوپەڕی بێشەرمییەوە هەوڵیدەدا ئەوشێوازی وروژاندنەی فێر بکات کە لە کونەکانی ئوتێلی راگوزەرانەوە بەچاوی خۆی بینیبوونی لەگەڵ ئەو هاوکێشە تیۆریانەی لەئەنجامی ئامۆژگارییەکانی

لۆتاریۆ توگوتەوە سەبارەت بەسێکس لەشەوانی رابواردنیدا فێری ببوو.
فلۆرنتینۆ داوای لێکرد قایلبێ لەکاتی جووتبووندا یەکتری ببینن و
شێوازی باوی قەشە بگۆڕن بە شێوازی جووتبوونی پۆڕی دەریا یان
مریشکی سوورەوەکراو یان فریشتەی هەڵواسرا، هێندەی نەمابوو تیابچێ
کاتێ حەبلی جۆلانەکە پچڕا لەکاتێکدا لە هەوڵی ئەوەدا بوون شێوازێکی
نوێی سێکسکردن لەناو جۆلانەدا دابهێنن، بەڵام چەند وانەیەکی نەزۆک
بوون، هیچیان لێبەرهەم نەهات. لەڕاستیدا نازاریتی بێوەژن خوێندکارێکی
چاونەترس بوو بەڵام کەمترین بەهرەی لەجووتبوونی ئاراستەکراودا نەبوو،
هەرگیز لەجوانییەکانی مێشك ساف ناو جێگە حاڵی نەدەبوو، ساتەوەختی
ئیلهامی نەبوو، بەڵکو جۆش و خرۆشە سێکسییەکانی تەنها لەرێگەی
پێستەوە بوون کە لەناوەختدا دەبزوان، ئای کەسێکس کردنێکی
نائومێدانەبوو. فلۆرنتینۆ ئەریزا تاماوەیەکی زۆر بەو خۆ هەڵخەڵەتاندنەوە
دەژیا کەئەم تاکە پیاوە لەگەڵ نازاریتی بێوەژندا ڕادەبوێرێ و بێوەژنەکەش
لێدەگەڕا دڵی بەوە خۆشبێت. بەڵام بەدبەختیی قسەکردن لەکاتی خەودا
سوار شانی نازاریت ببوو، وردە وردە فلۆرنتینۆ ئەریزا بەگوێگرتن لە قسە
پچڕ پچڕەکانی نەخشەی دەریایی نازاریتی بەیەکەوە لکاند، لەناو دوورگە
بێشومارەکانی ژیانی نهێنی ئەودا دەریاوانی کرد سەرەنجام لەوە تێگەیشت
کەبێوەژنەکە بەنیاز نییە شووی پێبکات، بەشوکرانەی ئەوەی فلۆرنتینۆ
ئەریزا لەخراپکردنیدا دەوری هەبووە، هەست دەکات ژیانی بەژیانی
فلۆرنتینۆوە پەیوەستە. زۆر جار پێی دەوت:

—دەتپەرستم، لەبەرئەوەی تۆ منت کرد بە ژنێکی قەحبە!

نازاریتی بێوەژن لەم بارەیەوە لەبەڵگەی کەم نەبوو. فلۆرنتینۆ
لەدەست لێنەدراوی شووکردنێکی ئاسایی و دوورەپەرێزیی رزگاری
کردبوو، کەبارەکەی لەپاکیزەیی سروشتی قورستر بوو. ئەوەی فێرکردبوو
کە هەرچی شتێك کە لەسەر جێگەی نووستن دەکرێ بەدڕەوشتیی نییە،

لەبەرئەوەی بەشداری دەکات لەبەردەوامبوونی خۆشەویستییدا. شتێکی دیکە کە فلۆرنتینۆ فێری کرد و پاش ئەوە بوو بە سەرمەشقی ژیانی ئەوەبوو کە هەر کەسێ بەشێوازێکی لەپێشدا دیاریکراو دێتە ژیانەوە ئەگەر لەبەر هەرهۆیەك، بەویستی خۆی یان بێویستی خۆی ئەو شێوازە بەکارنەهێنێ، بۆهەتا هەتایە لەدەستی دەدات.

بەلای نازاریتی بێوەژنەوە مایەی سەرفرازی بوو کەمتمانە بەقسەی فلۆرنتینۆ بکات و مووبەموو جێبەجێشی بکات، فلۆرنتینۆ لەگەڵ ئەوەشدا کەپێیوابوو لەهەر کەسێ باشتر نازاریت دەناسێ، وەڵامی ئەوەی دەست نەدەکەوت کە ژنێك بەو توانا مادییە ناچیزەوە چۆن دەبێ هێندە خۆشەویست بێت، کە سەرەڕای ئەوەی رەفتاری زۆر منالانە بوو لەناو جێدا هەرگیز دەربارەی خەم و خەفەتی بۆ مێردەکەی دەستی لەقسەکردن هەڵنەدەگرت. تاکە راڤەیەك کە لەم بارەیەوە بەخەیاڵیدا دەهات ئەوەبوو میهرەبانیی وسۆزداریی لەناخی نازاریتی بێوەژندا گەیشتۆتە رادەیەك کە بتوانێ باری کەموکورتی لەهونەری مەیدانیدا راستبکاتەوە.

لەکاتێکدا نازاریتی بێوەژن هەوڵی دەدا ئاسۆی دۆستەکانی فراوانتر بکات، فلۆرنتینۆ ئەریزا بەبەکارهێنانی ئاسۆکانی خۆی بۆ سارێژکردنی زامە کۆنەکەی لەدەرگای دڵانی دیکەی دەدا. هەریەکەیان بەلای خولیای خۆیاندا دەچوون و کەمتر یەکتریان دەبینی تا سەرەنجام بەبێ هیچ خەم و ئەفسووسێ یەکتریان بەفەرامۆشی سپارد.

ئەمە یەکەمین خۆشەویستیی ناو جێگەی فلۆرنتینۆ ئەریزا بوو. بەلام لەجیاتی دروستکردنی پەیوەندییەکی هەمیشەیی لەگەڵ ئەم بێوەژنەدا، بەو شێوەیەی کەدایکی فلۆرنتینۆ ئەریزا بەئاواتی دەخواست بۆیان هەریەکەیان، ئەم پەیوەندیەیان بۆ دەست پێکردنی جۆرێ لەژیانی سیخناخ و رابواردن بەکارهێنا. فلۆرنتینۆ ئەریزا پەنای بۆ چەند شێوازێك دەبرد کە لە کەسێکی لەڕو لاوازو کەمدووی وەك ئەوەوە بەدوور بوو کە چەشنی

پیرەمێردێکی ڕۆژگارێکی دیکە جلوبەرگی لەبەردەکرد. بەهەرحاڵ فلۆرنتینۆ دووفاکتەری باڵاتری تێدابوو کە بەقازانجی ڕابواردنەکەی تەواودەبوون. یەکەمیان چاوانی دووربین ئاسای بوو کەتەنانەت لەناو قەرە باڵغیشدا، یەکسەر ئەو ژنەی دەست نیشان دەکرد کە چاوەڕوانی دەکرد، ئەگەر ناچار بوایە لەهەمانکاتدا نیازی دڵی خۆی بۆ دەربڕێ، بەوریاییەوە ئەم کارەی دەکرد، چونکە هەستی دەکرد هیچ شتێ لەوەڵامی ڕەفز زەلیلکەر ترنییە. دووەمیان ئەوەبوو کەژنان وەکو پیاوێکی تەنیاو تینووی سێکس، وەک سواڵکەرێکی سەرجادە بەزەلیلی سەگێکی تێهەڵدراوەوە کە بەبێ هیچ مەرج و داواکارییەك خزمەت دەکات یەکسەر دەیانناسییەوە، بەبێئەوەی چاوەڕوانی هیچی لێبکەن یان ئومێدیان بەوە بێ شتێکی لێوەربگرن، جگە لەئاسوودەکردنی ویژدانی خۆیان سەبارەت بەوەی لایەکیان لێکردۆتەوە، تەسلیمی دەبوون. ئەمانە تاکە چەکی دەستی ئەو بوون کە بە هۆیانەوە چەند شەڕێکی مێژوویی هەڵگیرساند بەڵام بەنهێنییەکی ڕەهاوە. بەرهەمی کارەکەی وەکو گرێبەستێکی گرنگ لەدەفتەرێکدا تۆمارکرد کەبەشێوەی ڕەمز بوو – دەفتەرێ کە لەناو زۆر دەفتەردا تەنها بەهۆی ناونیشانەکەیەوە کەگەلێ ئاشکرابوو دەناسرایەوە لەسەری نووسرابوو (ژنان). یەکەم یاداشتی دەفتەرەکە پەیوەندی بەنازاریتی بێوەژنەوە هەبوو. پەنجا ساڵ دوای ئەوە واتە کاتێ فێرمینا دازا لەکۆت وپێوەندی ڕێوشوێنی ئاینی ڕزگاری بوو، فلۆرنتینۆ ئەریزا بیست و پێنج دەفتەری هەبووکە باسی شەش سەدو بیست پەیوەندی درێژخایەنی تێدابوو ئەمە جگە لەکۆمەڵێ پەیوەندی بێشوماری سەرپێیی کەتەنانەت بەهای ئەوەشیان نەبوو یاداشتێکی بێبایەخیان لە بارەوە بنووسرێت.

فلۆرنتینۆ، لەدوای شەش مانگ ڕابواردنی گەرموگوڕ لەگەڵ نازاریتی بێوەژندا، لەو باوەڕەدا بوو کە ئازارو ئەشکەنجەی خۆشەویستیی فێرمینای تێپەڕاندووە. جگە لەوەی بۆ ئەم مەسەلەیە قەناعەتی بەخۆی

هێنابوو لەماوەی دووساڵ سەفەری دوای شووکردنی فێرمینا دازا دا، چەندینجار لەگەڵ ترانسیتۆ ئەریزای دایکیدا لەم بارەیەوە قسەی کردبوو، بەهەستکردن بەئازادییەکی زۆرەوە پێی لەسەر قەناعەتی خۆی داگرتبوو، تارۆژی یەکشەممەی شووم، بێئاگا لەهەموو شتێ، فێرمینای بینی قۆڵی لەقۆڵی مێردەکەیدا بوو کە لەنێوان ریایی و حەزی تاقیبکردنی دنیای تازەیدا لەرێورەسمی عەشای رەببانی دەهاتە دەرێ. ژنانی ئەو خێزانە خانەدانانەی کە سەرەتا رقیان لێی بوو، بەگاڵتە پێکردنەوە دەیانوت تازە پیاکەوتوو، بێ ئەسڵ و فەسڵە، ئێستا رێگەیان بۆ چۆڵ دەکرد تا دەرفەتی ئەوەی بدەنێ کە هەستبکات لەخۆیانەو فێرمینا بەدڵفڕێنییەوە سەرمەستی دەکردن. فێرمینا وەها ببووە ژنێکی کامڵی عاقڵ کە فلۆرنتینۆ بۆ ناسینەوەی پێویستی بەساتێ رامان هەبوو. ببووە کەسێکی دیکە: سەنگینی و سەلاری لەتەمەنی زیاتری دەنواند. جووتێ پووتی پاژنە بەرزی لەپێدا بوو، کڵاوێکی موشەبەکی لەسەردابوو کە بە پەڕی رەنگاو رەنگی باڵندەی ئاسیایی رازێنرابۆوە، هەموو شتەکانی باسیان لەبێپەروایی دەکردو وەها تایبەت بوون بەخۆی کە دەتوت هەرلەکاتی لەدایکبوونییەوە هی خۆی بوون.

فلۆرنتینۆ بێنەوەی هۆکەی بزانێ فێرمینا دازای جوانترو تەڕو بڕ تر و لەهەمان کاتدا لەدەست دەرچووتر لەهەر کاتێکی دیکە بینی. بەڵام کاتێ بەرزبوونەوەی سکی لەژێر عەزیەکی ئاوریشمیندا بینی هۆکەی زانی: فێرمینا سکی شەش مانگ بوو. ئەو شتەی کە لەهەمووی زیاتر کاری لەفلۆرنتینۆ کرد ئەوەبوو کەفێرمینا و مێردەکەی جووتێکی شایانی ئافەرینیان پێکهێنابوو، ئەم جووتە وەها ئاسان لەگەڵ دنیادا دەهاتنەوە کەوا دەهاتە بەرچاو بەفڕینەوە بەسەر بەردەکانی واقیعدا تێپەڕ دەبن. فلۆرنتینۆ نەتووڕە بوو نە هەستی بەئیرەیی دەکرد، تەنها لەناخی خۆیدا هەستی بەسووکی و بێبەهایی خۆی دەکرد. ئێستا لەبەرامبەر فێرمینادا نەک تەنها

هەستی بە هەژاریی و دزێویی و نزمی و ناشایستەیی خۆی دەکرد بەڵکو لەبەرامبەر هەر ژنێکی دیکەی سەرزەویدا ئەو هەستەی هەبوو.

کەواتە فێرمینا گەڕابۆوە. گەڕابۆوە بێئەوەی هیچ نیشانەیەکی لێبەدیبکرێ کە بەڵگەی پەشیمانی بێت لەو گۆڕانکارییەی بەسەر ژیانیدا هاتبوو، بەڵام بەپێچەوانەوە بەڵگەیەکی زۆر کەمیش بۆ حاڵەتێکی لەوجۆرە بەنیسبەت فلۆرنتینۆوە لەئارادا بوو. بەتایبەتی لەدوای بەڕێکردنی کێشەکانی ساڵانی سەرەتای ژیانی بەتایبەتی وەزعی شایانی ئافەرین بوو، بەڵام بەنیسبەت فێرميناوە حاڵەکە لەوە باشتر بوو چونکە بەچەند رەگێکی پاکیزەیی و بێگوناهییەوە پێی خستبووە شەوی بووکێنییەوە. کەچی فێرمینا لەکاتی ئەو سەفەرەدا کە بۆ سەراپای هەرێمەکەی هیلدیبراندای خاڵۆزای کردی، دەستی بەلەدەستدانی کردبوو. لە(ڤاییدوپار) سەرەنجام لەوە گەیشتبوو کەبۆچی کەڵەشێرەکان شوێن مریشك دەکەون، دیمەنی درندانەی جووتبوونی نێرەکەرو ماکەری دیبوو، لەدایکبوونی گوێرەکەی دیبوو، گوێی لەگفتوگۆی خاڵۆزاکانی ببوو کە زۆر ئاسایی دەربارەی ئەوە قسەیان دەکرد کام لەژن و مێردەکانی بنەماڵە هێشتا پەیوەندی ژن و مێردایەتیان هێشتۆتەوەو کامیان وێڕای ئەوەی لەژێر یەك سەقفدا دەژین کەی و بۆچی دەستبەرداری ژن و مێردایەتی بوون. بەڵام وێڕای ئەم نەریتە هەڵخەڵەتێنەرەی سەرەتاو لەگەڵ ئەوەشدا کە خاڵۆزاکانی بێپەروا لەم بارەیەوە قسەیان دەکردو بەشتێکی ئاساییان دەزانی، فێرمینا هێشتا لەو باوەڕەدابوو لەدەستدانی پەردەی کچێنی فیداکارییەکی خوێناوییە. لەم کاتەدا بوو کە بە هەستێکی سەیرەوە بۆ ئاشکراکردنی شتێ کە غەریزەی هەمیشە دەیناسی دەستیکرد بە خۆڕەحەتکردن یەکەمجار لەسەر جێگە ئەمەی کرد، لەکاتێکدا نەیدەهێشت دەنگی هەناسەبڕکێی دەرچێت بۆئەوەی لەژووری نووستندا رسوا نەبێ کە لەگەڵ نیو دەرزەن لەکچە خاڵەکانیدا دەخەوت، پاشان بێخەم لە گەرماوەکەدا لەسەردەم دەکەوت و قژی پەرش د

بڵاوده‌بۆوه‌و به‌هه‌ردوو ده‌ستی خۆی ڕه‌حه‌تده‌کرد، هه‌ر له‌م کاتانه‌دا بۆ یه‌که‌مجاریش جگه‌ره‌ی کێشا. هه‌میشه ئه‌م کاره‌ی به‌جۆرێ له‌ئازاری ویژدانه‌وه ده‌کرد، ئه‌و ئازاره‌ی که ته‌نیا دوای شووکردن توانی به‌سه‌ریدا زاڵبێت. به‌ڵام پاش شووکردنیش ئه‌مه‌ی له‌مێرده‌که‌ی ده‌شارده‌وه‌و هه‌میشه به‌دزییه‌وه خۆی ڕه‌حه‌تده‌کرد چونکه له‌زه‌تی له‌به‌نهێنی ئه‌نجامدانی ده‌بینی. له‌کاتێدا کچه‌خاڵه‌کانی له‌نێوان خۆیاندا شانازییان به‌و خۆ ڕه‌حه‌تکردنه‌وه ده‌کرد نه‌ك ته‌نیا به‌و جارانه‌وه که‌ده‌یانکرد به‌ڵکو شانازییان به‌شێوه‌و قه‌باره‌ی ئه‌ندامی زاوزێی خۆشیانه‌وه ده‌کرد.

ته‌نانه‌ت ئاهه‌نگی شووکردنی فێرمینا دازا که گه‌وره‌ترین ئاهه‌نگی کۆتایی سه‌ده‌ی ڕابردوو بوو به‌لایه‌وه سه‌ره‌تایه‌ك بوو به‌ره‌و ترس. نیگه‌رانیی مانگی هه‌نگوینیی زیاتر له ڕسوایی کۆمه‌ڵایه‌تیی کاری تێکرد که له شووکردنی به بێوێنه‌ترین گه‌نجی قۆزی ئه‌و ڕۆژگاره‌وه سه‌رچاوه‌ی گرتبوو. کاتێ هه‌واڵی زه‌ماوه‌ندیان له‌ڕێوڕه‌سمی عه‌شای ڕه‌ببانی کڵێسای گشتیی ڕاگه‌یه‌نرا، فێرمینا دازا جارێکیتر کۆمه‌ڵێ نامه‌ی بێناوی پێگه‌یشت که له هه‌ندێ له‌و نامانه‌دا هه‌ڕه‌شه‌ی کوشتنی لێکرابوو، به‌ڵام زۆر گوێی پێنه‌ده‌دان، چونکه ته‌واوی ترسی ئاراسته‌ی ئه‌و ئه‌تککردنه کردبوو که به‌و نزیکانه له‌باره‌یه‌وه ڕوویده‌دا. ئه‌گه‌رچی نیازی ئه‌وه نه‌بوو، به‌ڵام شێوازی ڕاسته‌قینه‌ی وه‌ڵامدانه‌وه‌ی نامه بێناوه‌کان ئه‌مه بوو، له‌به‌رئه‌وه‌ی نووسه‌ری نامه‌کان له چینێ بوون که به‌هۆی سوکایه‌تییه ئاشکراکانی مێژووه‌وه ڕاهاتبوون له‌به‌رامبه‌ر کاره ئه‌نجامدراوه‌کاندا سه‌ری ڕێزو نه‌وازش دادنه‌وێنن. هه‌رواش بوو، چونکه هه‌رئه‌وه‌نده‌ی زانیان ئه‌و شووکردنه قابیلی هه‌ڵوه‌شانه‌وه نییه، ورده ورده ده‌ستیان له ناڕه‌زایی هه‌ڵگرت. فێرمینا هه‌ستی به گۆڕانی به‌ره‌به‌ره‌یی بۆچوونی ئه‌و ژنانه کرد سه‌باره‌ت به‌خۆی که به‌هۆی ئازارو نه‌خۆشی جومگه‌وه ڕه‌نگیان شین ببۆوه‌و له گه‌وره‌یی که‌وتبوون. ئه‌م ژنانه کاتێ هه‌ستیان به بێهوده‌یی پیلانه‌کانیان

کرد، ڕۆژێ بەدەستو دیاری شووکردنو لیستی خواردنەوە وەھا بێئاگادارکردنەوە لە پارکی بچووکی (ئیڤانجیلس) قوتبوونەوە وەک ئەوەی ماڵی خۆیان بێت. ترانسیتۆ ئەریزا شارەزای ئەو دنیایە بوو، ئەگەرچی ئەوە یەکەمجاربوو کە دەبووە هۆی ئازارو ئەشکەنجەی خودی خۆیو دەیزانی کە مشتەرییەکانی هەمیشە ڕۆژێ پێش میواندارییە گەورەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی بە پاڕانەوەوە داوای لێبکەن ناو گۆزەکانی بگەڕێو لەبەرامبەر وەرگرتنی سوودی زیاتردا تەنها بۆ ماوەی بیستوچوار سەعات، ئەو خشڵانەیان بداتێ کە بە بارمتە لەبری قەرز لەلای دایاننناوە. گۆزەکان بە تاڵ دەبوونەوە تا ئەو خانمانەی نازناوی قەبەو زلیان هەبوو، بتوانن لە خەڵوەتگەی پڕ سێبەریان بێنەدەرێو بە بریقوباقی ئاڵتوونی خوازراویانەوە لەو زەماوەندەدا بەشداریبکەن. ئەم زەماوەندە بەشکۆترین زەماوەندیساڵانی کۆتایی سەدەی ڕابردوو بوو، شکۆو بایەخی سەرەکی زەماوەندەکە لە ئامادەبوونی دکتۆر (ڕافائیل نونین)دا خۆی دەبینییەوە کە سێ خول سەرۆک کۆمار بووەو فەیلەسوفو شاعیرو دانەری سروودی نیشتمانی بووە، هەروەکو لە هەندێ فەرهەنگی تازەدا هاتووە. فێرمینا دازا دەستی لە قۆڵی باوکیدا کە جلوبەرگی ڕەسمی ئەو ڕۆژە، سیمایەکی نادیارو بەویقاری بەقەرز دەدایە، هات بۆ میحرابە سەرەکییەکە. فێرمینا دازا دوای بەجێهێشتنی میحرابی سەرەکی کڵێسای گشتیی، لەگەڵ ڕێوڕەسمی عەشای ڕەببانیدا بە ڕابەری سێ ئەسقەف، لە سەعات یانزەی بەیانی ڕۆژی هەینی (ترنییداد)ی پیرۆزدا بۆ هەمیشە شوویکرد، بێ ئەوەی تەنانەت یەک خەیاڵی بەزەیی پێداهاتنەوەشی هەبێت بۆ فلۆرنتینۆ ئەریزا کە لەوکاتەدا لەبەرئەوەی تاکەی زۆر بوو وڕێنەی دەکرد، لەبەرخاتری ئەو دەمردو بێپشتوپەنا لەناو کەشتییەکەدا گیرۆدە ببوو کە نەیدەتوانی لەبیری بکات، بەدرێژایی ڕێوڕەسمەکەو لە میوانداری دوای ئەوەدا، فێرمینا زەردەخەنەیەکی لەسەرلێو بوو کەوادەهاتەبەرچاو بە سپیاو لە ڕوخساری

دراوە. دیمەنی بێڕۆح بوو کە هەندێ وەکو گاڵتەی سەرکەوتن لێکیان دەدایەوە. بەڵام لەڕاستیدا هەوڵێکی بێگیانبوو بۆ شاردنەوەی ترسی بووکێکی پاکیزە.

بەخت یاری بوو هەندێ ڕێکەوتی پێشبینی نەکراو لەگەڵ تێگەیشتنی مێردەکەیدا کە هەستی بە مەسەلەکە دەکرد، بوونە هۆی ئەوەی سێ شەوی یەکەم بەبێ ئازار تێپەڕێ. کەشتی کۆمپانیای جەنەڕاڵ ترانس ئەتلانتیک کە بەهۆی ئاووهەوای خراپی کاریبییەوە ڕێڕەوی گۆڕیبوو، تەنها سێ ڕۆژ پێش ئەوە ڕایگەیاند کە بیست‌وچوار سەعات بەڕێکەوتنی پێشخستووە. بەجۆرێ کە بەپێی ئەوبەرنامەیەی لە شەش مانگ بەرلەوەوە دانرا بوو، ڕۆژێ پاش زەماوەندەکە بەرەو (ڕۆچێلی) نەدەکەوتەڕێ، بەڵکو ڕێك هەمان شەوی زەماوەندەکە دەکەوتەڕێ. هیچ کەسێ باوەڕی نەدەکرد ئەم گۆڕانە یەکێکی تر نەبێ لەو هەواڵە کتوپڕە خۆشانەی کە لە ئاهەنگەکەدا بڵاودەکرانەوە، لەبەرئەوەی ئاهەنگەکە دوای نیوەشەو، بەئۆرکسترایەکی ڤیەننایی کەتازەترین ڤالسی (جوهان شتراوس)ی کرد بە دەستپێکی ئەو سەفەرە دەریاییە، لەسەر کەشتییەکی هەڵمی ئۆقیانووسبڕی ڕووناك‌و درەوشاوە، کۆتاییهات. لەکۆتاییهاتنی ڕێوڕەسمەکەدا بوو کە ژمارەیەك لە میوانەکان کە بەهۆی هەڵچوون‌و ڕژانی شەمپانیاوە تەڕ ببوون، لەو ئاوازەیان خوێند کە بۆ درێژەدان بە ئاهەنگەکە هەتا پاریس کابینەی بەتاڵیان دەوێت، ژنە پشوودرێژەکانیان ناچار بوون بەزۆر لە کەشتییەکە دایانبەزێنن.

دواکەس کە لە کەشتییەکە دابەزیبوو، لۆرینزۆ دازای دیبوو لە دەرەوەی مەیخانەکانی بەندەر بە جلوبەرگی ڕەسمی چرچ‌ولۆچەوە لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا لەسەر زەوییەکە، لەناو دڵۆپی ئاوێکی پیسدا کە لەشیا گۆمێکی فرمێسك بێت، دانیشتبوو خەریکبوو بە ئاهوناڵەی گیان پچڕێن دەگریا، بەهەمان شێوە کە عەرەبەکان شیوەن وزاریی بۆ مردووەکانیان دەکەن.

ئەو ڕەفتارە دڕندانەیەی کە فێرمینا دازا لێی دەترسا نە لەشەوی یەکەمدا کەدەریا نائارامبوو، نە لەشەوەکانی دوایی کەشتیوانیی لە دەریای ئارامداو نە لەهیچ کاتێکی تری ژیانی دووروودرێژی ژنو مێردایەتیاندا ڕوووینەدا. سەرەڕای گەورەیی کەشتییەکەو ڕازاوەیی ژووری نوستنەکەیان، یەکەم شەو، بریتیبوو لە دووبارەکردنەوەیەکی ناخۆشی سەفەر بەکەشتی دوو ستوونی (ڕیۆ هاچا). مێردەکەی ئەو دکتۆرە بەهیمەتە هەرنەخەوت تا بتوانێ دڵنەوایی فێرمینا بکات، ئەمە تەنیا کارێ بوو کە لەدەست پزیشکێکی زۆر دیار دەهات بۆ سەربەگێژەوەچوونی ناو دەریا. بەڵام لە ڕۆژی سێیەمدا لەپاش بەندەری (گوایرا) زریانەکە نیشتەوە تا ئەو کاتە ئەم دوانە وەك پێویست کاتیان پێکەوە بەسەربردبوو، ئەوەندەیان قسەکردبوو کەهەستیان دەکرد وەك دوو هاوڕێی کۆنیان لێهاتووە، لەشەوی چوارەمدا کاتێ هەردووکیان هەڵسوکەوتی ئاسایی خۆیان دەست پێکردەوە، دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ لەوەی کە دەیبینی ژنە جوانەکەی بەرلەخەوتن دوعا ناکات، سەری سوڕما. فێرمینا لەگەڵیدا ڕاستگۆ بوو: دووڕوویی ڕاهیبەکان جۆرێ لەلاساریيان سەبارەت بە ڕێوڕەسمی خواپەرستیی تێدا دروستکردبوو، بەڵام باوەڕی وەك خۆی بە بەهێزی مابۆوەو ڕێگەی پاراستنی لە بێدەنگییدا فێربببوو، فێرمینا وتی:

-من پێمباشە پەیوەندی ڕاستەوخۆم لەگەڵ خوادا هەبێت.

دکتۆر لەئاراستەکەی فێرمینا حاڵیبوو، لەوکاتە بەدواوە هەریەکەیان بە شێوازی خۆی لە ئاینێکی هاوبەشدا خواپەرستییان دەکرد. ماوەی دەزگیرانیان کورتو سەبارەت بەو ماوەیە ناڕەسمی بوو. دکتۆر ئۆربینۆ هەموو ئێوارەیەك کاتی خۆرئاوابوون بەبێ ئەوەی کەسی لێبێت، فێرمینای دەبینی بەڵام ڕێگەی پێ نەدەدا کە پێش دوعای خێری ئەسقەف تەنانەت دەست لە نووکی پەنجەشی بدات، دکتۆریش ئەو نیازەی نەبوو. لە یەکەم شەوی ئارامی دەریادا کەهەردووکیان بە جلەوە لەسەرسیسەمەکە

ڕاکشابوون، دکتۆر ئۆربینۆ گەمەی بە نەرمیو وریاییەکی واوە دەستپێکرد کەکاتێ داوای لە فێرمینا کرد جلی خەو لەبەربکات، ئەم قسەیەی بەلای فێرميناوە زۆر ئاسایی هاتەبەرچاو. فێرمینا کەبۆ خۆگۆڕین دەچوو بۆ گەرماوەکە سەرەتا چراکانی ژوورەکەی کوژاندەوە، کاتێ بە ژێر کراسێکەوە هاتە دەرەوە درزەکانی چواردەوری دەرگاکەی بە پەڕۆ گرت بۆ ئەوەی لە تاریکایی تەواودا بگەڕێتەوە بۆسەر سیسەمەکە. پاشان بە خۆشخوڵقییەوە وتی:

-چیت دەوێ جەنابی دکتۆر؟ ئەمە یەکەمجارە من لای کەسێکی نامۆوە دەخەوم.

دکتۆر ئۆربینۆ لە تەنیشت خۆیەوە وەکو ئاژەڵێکی بچووکی سڵۆك مەستی بەتلدانی کرد کە هەوڵیدەدا هەتا بۆی بکرێ لەوشوێنی خەوتنەی تورسبوو تیایدا دوو کەس بەبێ بەریەککەوتن جێگەیان بێتەوە، خۆی بەدوور بگرێت. دکتۆر ئۆربینۆ دەستی گرت، دەستی لەترسدا سارد و بێگیان بوو، پەنجەکانی کرد بەناو پەنجەکانیداو تەقریبەن بە چرپە باسی سەفەرەکانی تری بۆ کرد بەناو ئۆقیانووسدا. فێرمینا جارێکی تر تورەبوو شڵەژایەوە، چونکە لەگەڵ گەڕانەوەیدا بۆ سەر سیسەمەکە هەستیکرد کاتێ ئەو لەگەرماوەکە بووە، دکتۆر خۆی ڕووتوقوت کردۆتەوە ترسی ئەو شتە دواجار زیادی دەکرد کە بڕیاربوو ڕووبدات. بەڵام ڕوودانی ئەو شتەی کە بڕیاربوو ڕووبدات، چەندان سەعات درێژەی کێشا. چونکە دکتۆر ئۆربینۆ لەکاتێکدا زۆر بەهێواشی درێژەی بەقسەکردن دەدا، ملیمەتر بە ملیمەتر دڵنیایی و دڵگەرمی جەستەی فێرمینای بەدەست دەهێنا. لەبارەی پاریسەوە قسەی بۆ کرد، سەبارەت بە خۆشەویستیی لە پاریس و عاشقەکانی پاریس دوا کە لەسەر شەقام و ناو پاسەکان و لەدەوری چایخانەی سەرشۆستە جوان و کراوەکان ڕووەو بای گەرم و ئۆرکۆدیۆنی هاوینی گەرم یەکتری ماچ دەکەن، ئەوەشی بۆ باس کردبوو کە عاشقەکان لەکەناری ڕووباری (سێن)

بەپێوە سێکس دەکەن، بێئەوەی کەس هەراسانیان بکات. کاتێ دکتۆر لەتاریکیدا قسەی بۆ فێرمینا دەکرد. بەسەری پەنجەکانی یاری بەنەرمایی ملی کرد، دەستی بە گەندەمووی قۆڵی ئاوریشم ئاسای و بەرزیی ونزمیی سکیدا هێنا. وەختێ هەستیکرد دڵەڕاوکێکەی کەمبۆتەوە بەمەبەستی هەڵدانەوەی کراسی نوستنەکەی یەکەم هەوڵیدا، کەچی فێرمینا بەجوڵەیەکی ئاسایی کە هەر لەخۆی دەهات دەستی ڕاگرت‌و وتی:" خۆم دەتوانم ئەوە بکەم" کراسەکەی داکەندو بێجوڵە مایەوە، بەجۆرێ دکتۆر ئۆربینۆ دەیتوانی واهەست بکات کە فێرمینا هەرلەوێ نییە، ئەگەر جەستەی لە تاریکیدا نەدرەوشایەتەوە.

پاش کەمێك سەرلەنوێ دەستی گوشییەوە، هەستیکرد گەرم‌و گوڕو ئازادە، بەڵام وەك ئەوەی شەونمێکی تازەی لێباریبێ هێشتا کەمێك تەڕە. ساتێکی تر بێدەنگ‌و بێجوڵە مانەوە، دکتۆر دەیویست هەل بقۆزێتەوە بۆ هەنگاوی دوای ئەوە، فێرمینا چاوەڕێی ئەو هەنگاوە دەکرد بێئەوەی بزانێ لەکوێوە بۆی هەڵدەگیرێ، لەکاتێکدا تاریکی لەگەڵ هەناسەبڕکێکەیدا زیادی دەکرد. لەپڕ لە دەستی ترازاو لە بۆشاییدا بازدێکیدا: بەزمانی ئەملاولای قامکی باڵابەرزەی تەڕ کردو بەهێواشی گۆی مەمکە بێئاگاکەی گرت، فێرمینا وەك ئەوەی دەست لەدەمارێکی زیندووی بدرێ، هەستی بەتەزووی مەرگ کرد. پێیخۆشبوو کە لە تاریکیدا بوو تا دکتۆر سوورهەڵگەڕانی ڕوومەتی گەرم داهاتووی نەبینێ کە تا ناو کاسەی سەری هێنابووە لەرزین. دکتۆر بە هێواشی پێیوت:" مەترسە، لەبیرت نەچێت من چاکیان دەناسم". هەستیکرد بزەی دێتێ، دەنگی فێرمینا شیرین و نوێ بوو کە لە تاریکییەکەدا وتی:

-چاك ئەوەت لەبیربێ، تائێستا ڕقم هەڵنەساوە.

دکتۆر هەستیکرد کەڕێگا تەنگەبەرەکەیان بڕیووە، دەستە نەرمونیاکەی خستەوە ناو دەستی‌و یەکلایەنە ماچبارانی کرد، دەستی بەسەر دەستە بەزەبرەکەیدا هێنا، کشا بۆ قامکە درێژو ڕێکەکانی‌و نینۆکە

ڕوونەکانی ئینجا بۆ هێڵە بەیەکاچووەکانی بەختی لەناولەپی عارەق کردوویدا. فێرمینا نەیزانی چۆن دەستی گەیشتە سنگی دکتۆر و بەرشتێ کەوت نەیدەتوانی دیاری بکات. پێی وت:"ئەوە تەلیسمە". یاری بە تووکی سەر سنگی کرد، پاشان بە هەر پێنج پەنجەی مشتێ تووکی گرت و ویستی لەبنا هەڵیکەنێ. دکتۆر وتی:"قایمتر". تا ئەو شوێنەی زانی ئازاری نادات هەوڵیدا، پاشان دەستەکانی فێرمینا لە تاریکیدا بەشوێن دەستە وێڵەکانی دکتۆردا دەگەڕان. بەڵام نەیتوانی پەنجەکانی لەگەڵ پەنجەکانی دکتۆردا تێکبئاڵێنێ، دکتۆر مەچەکی گرت و بەسەر جەستەیدا بەهێزێکی نادیار بەڵام بەوریایی و شارەزاییەوە بردی، هەتا هەستیکرد دەستی بەر شتێکی گەرمی دەستەمۆ کەوت، شێوەیەکی مادی دیاری کراوی نەبوو، بەڵام تامەزرۆ و ڕەپ بوو، بەپێچەوانەی ئەوەوە کە دکتۆر مەزەندەی دەکرد، بەڵکو بەپێچەوانەی ئەوەشەوە کە خودی فێرمیناش مەزەندەی دەکرد، دەستی نەکێشایەوە و بێجوڵەش لەو شوێنەدا نەمایەوە کە داینا، بەگیان و بەجەستەوە خۆی تەسلیمی پاکیزەی پیرۆز کرد، توند ددانەکانی لەیەک گیرکرد لەترسی ئەوەی نەبادا لەو هێستریایەدا پێبکەنێ، وردە وردە بەدەست لێدان کەوتە ناسینی دوژمنە قارەمانەکەی، قەبارەکەی و هێزی سەرەکەی و درێژی باڵەکانی زانی، لەشێوەکەی ترسا بەڵام بەزەیی بە تەنیاییەکەیدا هاتەوە، بەحەزی تاقیبکردنی کەسێکی نزیکەوە بەشێوەیەک گرتی کە ئەگەر کەسێکی کەم ئەزموونتر بوایە لە مێردەکەی وایدەزانی یاری دەکات. هەموو وزەو توانای خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی بەربەرەکانێی ئەو سەربە گێژەوەچوونە بکات کە لەم شەڕە قورسەوە تووشی بووە، تا بە ناسکییەکی منااڵنەوە دەستی لێبەردا وەک ئەوەی فڕێی بداتە تەنەکەی خۆڵەوە، وتی:

- هەرگیز تێناگەم ئەم ئامێرە چۆن چۆنییە.

ئەوسا بەشێوازی خۆی وەکو مامۆستایەک بەجدی لەبارەیەوە هەموو شتێکی بۆ باسکرد، لەکاتێکدا دەستی فێرمینای دەخستە سەر ئەو

شوێنانەی کە باسی دەکردن و ئەویش وەکو خوێندکارێکی نموونەیی بەقسەی دەکرد. لەساتێکدا ئەوەی بە خەیاڵدا هات ئەگەر ڕووناک بێ هەموو شتەکان ئاسانتر دەبێ، بەڵام فێرمینا دەستی ڕاگرت و وتی:" بەدەستم باشتر دەبینم". لەڕاستیدا دەیویست چراکە داگیرسێنێ، بەڵام دەیویست خۆی ئەمە بکات بینەوەی کەس فەرمانی بەسەردابکات، وایکردو ئەوسا لە حاڵەتی کۆرپەلەییدا بینی، کە چەرچەفێ بەخۆیدا دابوو لەبەر ئەو ڕووناکییە کتوپڕەدا. بەڵام دکتۆر بینی کە دیسان دەستی دایەوە لە ئامێرەکەی ئەمدیو و ئەودیوی کرد، بەوردی دەیپشکنی وەک ئەوەی بایەخپێدانەکەی زانستی نەبێ، بەئەنجامێکەوە وتی:"چەند ناشیرینە، دیمەنەکەی لە دیمەنی هی ژن ناشیرین ترە". دکتۆر هاوڕابوو لەگەڵیداو ئاماژەی بۆ کۆمەڵێ کەموکورتی تری کرد کە لە ناشیرینییەکەی زیاتر بایەخیان هەبوو. وتی:"وەکو کوڕەگەورە وایە، مرۆڤ ژیانی بەسەردەبات، لەپێناویدا کاردەکات و قوربانی بەهەموو شتێ دەدات، کەچی کاتێ وەختی جدیی دێتەپێشەوە، چۆنی بوێ وارەفتار دەکات" لە پشکنینی خۆی بەردەوامبوو، پرسیاری کرد ئەمە سوودی چییە، ئەی ئەوە بۆچی باشە، کاتێ زانی زانیاری تەواوی بەدەستهێناوە بەهەردوو دەستی گرتی، بۆ ئەوەی دڵنیابێ کێشەکەشی شایانی باس نییە، پاشان بە قێزوبێزەوە بەرەڵای کردو وتی:

—هەروەها دەبینم زۆر شتی تێدایە پێویست نییە.

بەسەرسامییەوە وەستا. بیرۆکەی سەرەکی بابەتی دەرچوونەکەی ئا ئەمەیە:

چاکیی ئاسانکردنەوەی مرۆڤ. دیارە بەدەنی مرۆڤ شێوازێکی کۆنی هەیەو کۆمەڵێ ئەرکی دووبارەی لەسەرشانە یان سوودیان نییە. لە چاخەکانی تردا بۆ مرۆڤ پێویست بوون بەڵام بۆ ئەم سەردەمەی ئێمە پێویست نین. بەڵێ دەکرێ ئاسانتر بێ و کەمتریش تێکبچێت. دکتۆر لە کۆتاییدا وتی:"بێگومان تەنها خودا دەتوانێ ئەمە بکات، بەڵام خراپ نییە

ئەگەر بەشێوەی تیۆری باسی بکەین". زۆر ئاسایی بەخۆشییەوە پێکەنی، دکتۆر ئەم هەڵەی قۆستەوەو لە ئامێزی گرت و بۆیەکەمجار دەمی خستە ناو دەمی. فێرمیناش وەك خۆی دووبارەی کردەوە، دکتۆر لە ماچکردنی روومەتی و لووتی و پێڵووی چاوی بەردەوامبوو، لەکاتێکدا دەستی دەکشا بۆ ژێر چەرچەفەکە، دەستی لە توکەبەرە خڕو لوس و نەرمەکەیدا: کە لە توکەبەری ژنە ژاپۆنییەك دەچوو، فێرمینا دەستی دکتۆری لانەبرد، بەڵام لەترسی هەنگاوی دوای ئەوە دەستی خۆی خستە حاڵەتی ئامادەباشییەوە.

فێرمینا وتی:

- لە وانەی پزیشکیی بەردەوام نابین؟

دکتۆر وتی:

-نەخێر، وانەی ئێستا سەبارەت بە سێکس دەبێ.

ئەوسا چەرچەفەکەی لەسەرلادا، فێرمینا بەقایلبوون وازی نەهێنا، بەڵکو بە قاچ چەرچەفەکەی فڕێدا، چونکە بەرگەی گەرماکەی نەدەگرت. جەستەی چەماوەو نەرمونیان بوو، لەوە جدیتر بوو وەك بە جلوبەرگەوە بێ، بۆنی ئاژەڵێکی کێوی لێدەهات کە لەناو هەموو ژنانی دنیادا بەو بۆنەدا دەناسرایەوە. لەکاتێکدا لەبەر ڕووناکییەکەدا تەسلیم ببوو، خوێنێکی گەرم کشا بۆ روخساری، بۆ شاردنەوەی ئەمە هیچی بە خەیاڵدا نەهات ئەوە نەبێ خۆی بە ملی مێردەکەیدا هەڵواسێ و بەهەموو هێزییەوە بە قووڵی ماچی بکات بەشێوەیەك کە هەموو هەوایەکیان لەکاتی ئەو ماچەدا بەتاڵکردەوە کە هەڵیانمژیبوو.

دکتۆر ئۆربینۆ دەیزانی کە عاشقی فێرمینا نییە. هێنابووی لەبەرئەوەی حەزی لە تواناو غرورو ویقاری بوو هەروەها لەبەرئەو کەمە لوتبەرزییەی کە تیایدا بوو. بۆیەکەمجار کە فێرمینا ماچی کرد دڵنیابوو لەوەی کەئیدی هیچ ڕێگرییەك لەبەردەم داهێنانی خۆشەویستیی ڕاستەقینەی نێوانیاندا نییە. ئەم دوانە نە لە شەوی یەکەمدا کە دەربارەی

هەموو شتێ لەمبارەیەوە قسەیان کردو لە هیچ کاتێکی دیکەش. بەڵام لە ساڵانێکی دوورودرێژدا، هیچکامیان هەڵەیان نەکرد.

لەبەرەبەیاندا کە خەو بردنییەوە، فێرمینا هێشتا کچ بوو، بەڵام ماوەیەکی زۆر بەوشێوەیە نەمایەوە. لە ڕاستیدا لەشەوی دوای ئەوەی دکتۆر فێرمینای فێرکرد چۆن لەژێر ئاسمانی پڕ ئەستێرەی کاریبیدا سەمای ڤالسی ڤیەننایی بکات، پاش ئەو چوو بۆ گەرماو کاتێ گەڕایەوە بۆ ناو کابینەکە بینی بەڕووتی لەسەر سیسەمەکە چاوەڕێی دەکات. ئەمجارە فێرمینا دەستپێشخەری کردو بێترس و لەرزو بە بێ پەشیمانی بەلەزەت وەرگرتن لەو جووتبوونەی لەسەر شەپۆلەکانی دەریا دروستدەبوو، بێهیچ شوێنەوارێك لەپێشوازیی خوێنین جگە لەگوڵی سووری شەرەف لەسەر چەرچەفی جێگاکە، خۆی تەسلیمی دکتۆر کرد. کاتێ گەیشتنە (لاروچێلێ) ئەوەندە پێکەوە گونجا بوون کە دەتگوت دوو عاشقی دێرینن.

ماوەی شانزدە مانگ لەئەورووپا مانەوە، پاریسیان کرد بە بنکەی خۆیان و چەند سەفەرێکی کورتیشیان بۆ وڵاتەکانی دراوسێی فەرەنسا کرد. لەم ماوەیەدا ڕۆژانە جووتدەبوون، و لە ڕۆژانی یەکشەممەی زستاندا لە جارێك زیاتریان دەکرد، هەتا نیوەڕۆ لەناوجێدا یارییان دەکرد. دکتۆر پیاوێکی بەزەوق و لێزانیش بوو. فێرمیناش کەسێکی وانەبوو بیلێ بەسەریدا زاڵ بێت، بۆیە دەبوو ئەوە قبوڵبکەن کە لەسەر جێگە دەسەڵات دابەشبکەن. لەدوای سێ مانگ جووتبوونی گەرموگوڕ، دکتۆر ئۆربینۆ گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە یەکێکیان نەزۆکەو هەردووکیان لە نەخۆشخانەی (سالپیتۆیێر) کەوتنە ژێر پشکنینی وردەوە. دکتۆر ئۆربینۆ پێشان لەوێ وەکو خوێندکار ماوەی ڕاهێنانی بەسەربردبوو. هەوڵەپڕ زەحمەتەکەیان بێ ئەنجامبوو. بەهەرحاڵ، کاتێ کە لە بنەڕەتدا، چاوەڕوانییان نەدەکرد، بەبێ هیچ دەستوەردانێکی زانستی، موعجیزەکە هاتەدی. کاتێ لەکۆتایی ساڵی داهاتوودا گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان، فێرمینا سکی شەش مانگ بوو، خۆی

بە خۆشحاڵترین ژنی سەرزەوی دەزانی. ئەو کوڕەی هەردووکیان حەزیان پێدەکرد بەبێ هیچ ڕووداوێکی ناخۆش لەژێرنیشانەی بورجی سەتڵدا هاتەدنیاوە بە شانازیی ناوی باپیرییەوە کە بە نەخۆشی کۆلێرا مردبوو، بەناوی ئەوەوە ناونرا. زانینی ئەوەی ئایا جووتبوون بوو یان ئەورووپا هەردووکیانی گۆڕیبوو، کاری کردە نەبوو، ئەگەرچی هەردوو فاکتەرەکە هاوزەمان هاتبوونە ناوەوە. ئەم دوانە لەناخەوە، نەك تەنیا لەگەڵ یەکتریدا بەڵکو لەگەڵ کەسانی تریشدا گۆڕابوون- ڕێك بەهەمان شێوە کە فلۆرنتینۆ ئەریزا لەیەکشەممەی شوومدا، دوو هەفتە پاش گەڕانەوە یان لەکاتی چوونەدەرەوەدا لە عەشای ڕەببانی بەچاوی خۆی دیبووی.

بەوێناکردنێکی تازەی ژیانەوە گەڕانەوە لەگەڵ خۆیاندا تازەترین ئارەزووەکانی دنیایان هێنایەوەو بە ئامادەییەو دەستیانکرد بە فێربوونیان. دکتۆر ئۆربینۆ تازەترین پێشکەوتنەکانی لە ئەدەب و مۆسیقاو لەسەروو هەمووشیانەوە لە زانستەکەی خۆی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە. لە گۆڤاری لۆفیگارۆدا ئیشتراکی کردبوو بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ واقیعدا لەدەست نەدات و لە (ریڤیو دی دو مندوس)یشدا ئیشتراکی کردبوو بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ شیعردا لەدەستنەدات. هەروەها لەگەڵ کتێب فرۆشەکەشیدا لە پاریس پێکهاتبوو ئەو کتێبە تازانەی بۆ بنێرێ کە زۆرترین خوێنەریان هەیە. (ئەناتۆل فرانس) و (پییر لۆتی) لەو نووسەرانە بوون کە زۆر حەزی لە بەرهەمەکانیان بوو، ئەم حەزە بەرهەمەکانی (ریمی دی گۆزمۆنت)و (پۆل بۆرجێ)شی دەگرتەوە. بەڵام لە هیچ هەلومەرجێکدا ئامادە نەبوو شتی (ئەمیل زۆلا) بخوێنێتەوە. چونکە واتەماشای بەرهەمەکانی دەکرد کە تەحەمول ناکرێت، وێڕای ئەوەی زۆلا دلێرانە لە دادگاییکردنی دریفۆسدا مداخەلەی کردبوو. هەمان کتێب فرۆش رازی بوو لەسەر ئەوەی کە سەرنجڕاکێشترین و تازەترین کەتەلۆگی ڕیکۆردی لە ڕێگەی پۆستەوە بۆ بنێرێ، بەتایبەتی مۆسیقا، تا دکتۆر بتوانێ ئەو ئازناوە شایستەیە بپارێزێ

که لەلایەن باوکییەوە وەکو گەورەترین دۆستی کۆنسێرتەکانی شار بەدەست هاتبوو.

بەڵام فێرمینا دازا کە هەمیشە لەبەرامبەر شەپۆلی مۆدەدا بەربەرەکانی دەکرد، شەش باوەڵی جلی وەرزە جیاوازەکانی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە. چونکە مارکە گرنگەکان قەناعەتیان پێنەدەکرد. بۆ ئامادەبوون لە پێشانگەی جلوبەرگی (وورس) ستەمکاری بێچەندوچوونی جلوبەرگی درێژ، رێك لە ناوەراستی زستاندا چوو بۆ (تولیریاس)و تەنها شتێ کە بە نسیبی بوو ئیلتیهابی قورگ بوو کە پێنج رۆژ لەجێدا خستی. (لیفیدیر) کەمتر لوتبەرزو چاوچنۆك هاتەبەرچاوی، بەڵام بریاری ژیرانەی ئەوەبوو کە ئەوەی لەهەمووی زیاتر حەزی لێیەتی لەو دووکانانە بکرێ کە کەلوپەلی دەستی دووەم دەفرۆشن.

سەرەرای ئەوەی مێردەکەی سوێندی بۆ دەخوارد کەئەو جلوبەرگانەی خراونەتەروو هی مردوونو بەمە دەیترساند. بەمشێوەیە چەندان جووت پێڵاوی ئیتالیایی بێمارکەی بەناوبانگی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە کە لە پێڵاوی بەناوبانگی (فێری) پێی باشتر بوون.

چەترێکی (دوپوی) هێنا کە وەکو ئاگری دۆزەخ سووربوو، بابەتێك بوو رۆژنامەنووسانی کۆمەڵگا راچەنیوەکەیان زۆریان لەسەر نووسی. تەنیا یەك کڵاوی مەدام (ریبۆ)ی هێنا. بەڵام لەلایەکیترەوە باوەڵێکی پر کرد لە هێشووی گێلاسی دەستکردو لاسکی تەواوی ئەو گوڵانەی کەدەستی دەکەوت، هەندێك پەری حوشترمل‌و تاوس، پەری کلکی کەڵەشێری ئاسیایی‌و کەڵەشێری بیابان‌و مەلی پەرزێرین‌و جۆرەها باڵندەی خارجی وشك کراوەی لەکاتی فرین‌و خوێندندا لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە، هەرچی کە لە بیست ساڵی رابردوودا بۆ گۆرینی رووکەشی کڵاو بەکاردەهات بۆ بۆنەیەکی تایبەتی بەکاردەهاتن. بۆنێکی سەرنجراکێشی لەناو بۆنە جیاوازەکانی دووکانی بۆن فرۆشی بازاری (دوولا شاریت)دا هەڵبژارد، بەرلەوەی بای

بەهار هەموو شتێ لەگەڵ زەویدا یەکسان بکات لەگەڵ خۆیدا هێنای، بەڵام یەکجار بەکاری هێنا لەبەرئەوەی بەو بۆنە خۆشە تازەیەوە، خۆی ئەدەدۆزییەوە. هەروەها سندوقێکی ئارایشی هێنا کە زۆر سەرنجڕاکێش بوو، لەوکاتانەدا کە خۆجوانکردن لەلای کەسانێتر بەکارێکی نەشیاو لەقەڵەم ئەدرا، بۆ میوانی لەگەڵ خۆیدا دەیبرد.

ئەم شتانەشی وەکو سێ یادەوەریی لەیادنەچوو لەگەڵ خۆیدا هێنا، دەستپێکی بێوێنەی شانۆگەریی حیکایەتەکانی هۆفمان لە پاریس ئاگری ترسناک کە تەقریبەن هەموو مەیدانی سان مارکۆسی لە ڤینیسیا وێران کردو ئەمان بەدڵێکی غەمناکەوە لە پەنجەرەی ئوتێلەکەیان بەچاوی خۆیان دیبوویان، نیگای لەپڕو خێرایان بۆ ئۆسکار وایڵد لەکاتی یەکەم بەفربارینی کانوونی دووەمدا. بەڵام لەناو ئەم یادەوەریانەو یادەوەریی زۆری تردا، دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ یادەوەرییەکی هەبوو کە هەمیشە ئەفسووسی ئەوەی دەخوارد کە بۆچی ژنەکەی لەگەڵیدا هاوبەش نییە. ئەم یادەوەرییە پەیوەندی بەسەردەمانێکەوە بوو کە لە پاریس خوێندکارێکی سەڵت بوو. ئەو یادەوەرییە پەیوەندی بە ڤیکتۆر هۆگۆ وە هەبوو کە لێرە ببووە خاوەنی ناوبانگو خۆشەویستییەکی زۆر. ناوبانگێك کە هیچ پەیوەندی بە کتێبەکانییەوە نەبوو. هۆیەکەی ئەوە بوو کە یەکێك وتی هۆگۆ وتویەتی دەستووری ئێمە بۆ میللەتی دانراوە کە بەرلەوەی مرۆڤ بن فریشتەن.

ئەگەرچی کەسێك نەیدیبوو کە هۆگۆ ئەمە بڵێت، بەڵام پاش ئەمە ڕێزێکی زۆریان لێدەگرتو لەڕادەبەدەر ستایشیان دەکرد، زۆربەی هاوڵاتیانی ئێمە لە سەفەریاندا بۆ فەڕەنسا یەکسەر دەچوونە سەردانی. شەش خوێندکار کە خۆڤینال ئۆربینۆش یەکێك بوو لەوان، لەبەرامبەر ماڵەکەی کە لە شەقامی (ئیلیا) بوو لەو چایخانەیەی کە دەیانوت بێگومان دێتەئەوێ پاسەوانییان دەگرت بەڵام هۆگۆ هەرگیز نەهات. ئەم خوێندکارانەی سەرەنجام داوایەکیان بۆ نووسی بە ناوی فریشتەکانی

دەستووری (ڕیۆنیگرۆ)وە، بەمەبەستی یەکتر بینینێکی تایبەت بۆیان نارد کە هەرگیز وەڵامیان دەستنەکەوت.

ڕۆژێ کاتێ بەڕێکەوت خۆڤینال ئۆربینۆ بە باخەکانی (لۆکسامبۆرگ)دا تێپەڕدەبوو، هۆگۆی بینی کە قۆڵی لە قۆڵی ژنێکی گەنجدا بوو لە ئەنجومەنی پیران دەهاتەدەرەوە. زۆرپیر دەهاتەبەرچاو، بە نارەحەتی ڕێیدەکرد. ڕیش‌وقژی بەقەد وێنەکانی ڕەونەقدار نەبوون پاڵتۆیەکی لەبەردابوو کەوا دەهاتەبەرچاو هی پیاوێکی قەڵەوتر بێ. خۆڤینال ئۆربینۆ نەیدەویست بەسڵاو و مامەڵەیەکی بێشەرمانە ئەو یادەوەرییە تێبکدات. دکتۆر بەوخەونە خۆشحاڵ بوو کە لەگەڵ واقیعی ئەوەدا کە لەبارەی ڤیکتۆر هۆگۆوە دەیزانی نەدەهاتە پاریس‌و لەبارێکدا بوو کە بۆ بینینی هۆگۆ دەبوو هەلومەرجێکی ڕەسمیتری هەبێ، هۆگۆ ئیدی لە ژیاندا نەمابوو.

وەکو دڵدانەوەیەك، خۆڤینال ئۆربینۆ و فێرمینا دازا، یادەوەرییەکی هاوبەشیان سەبارەت بەپاشنیوەڕۆیەکی بەفر لەگەڵ خۆیاندا هێنایەوە کە قەرەباڵغییەکی زۆر لە بەرامبەر دووکانێکدا بوو لەبەرئەوەی ئۆسکار وایڵدی تێدابوو ئەم قەرەباڵغییە سەرنجی ڕاکێشان. کاتێ ئۆسکار وایڵد کە بەڕاستی قۆز بوو، ڕەنگبوو خۆشی ئەمە بزانێ، لەدووکانەکە هاتەدەرێ، خەڵك دەورەیان لێداو داوایان لێکرد ئیمزایان لەسەر کتێبەکانی خۆی بۆ بکات کەبەدەستیانەوە بوو، دکتۆر ئۆربینۆ تەنیا بۆ تەماشاکردن وەستابوو. بەڵام فێرمینا کە زۆر زوو دەهەژا دەیەویست بەپانایی بۆلڤارەکەدا تێپەڕێ و خۆی بگەیەنێتە ناو هەراکە، لەبەرئەوەی کتێبی پێنەبوو تەنیا شتێ کە گونجاوبێ بۆ ئیمزا، دەسکێشە نەرمونۆڵە جوانە پیست ئاسکەکەی بوو، کە لەڕەنگی پێستی خۆی بوو. دڵنیابوو کەپیاوێکی بەڕێزی وەك ئۆسکار وایڵد ڕێزی ئەم هەڵوێستەی دەگرێ. بەڵام مێردەکەی زۆر دژی ئەوەبوو، کاتێ فێرمینا هەوڵیدا سەرەڕای مشتومڕی مێردەکەی خۆی بگەیەنێتە ئەوێ، خۆڤینال ئۆربینۆ کەهەستی دەکرد تاقەتی ئەو پەرێشانییەی نییە پێی وت:

- ئەگەر لەو شەقامە بچیتە ئەوبەرەوە، کاتێ گەڕایتەوە من بەمردوویی دەبینیتەوە.

رووقایمی لە فێرمینادا شتێکی سروشتی بوو. ساڵێ بەرلەوەی شووبکات، بەهەمان روو قایمی و پشت بەخۆ بەستنەوە دنیای دابووە بەرکلکان، بەهەمان شێوە کە وەکو کچێکی بچکۆلە لەبیابانەکانی (سان خوان دی لاسییناگا) ئەم روو قایمییەی لەگەڵدابوو، کەپێیەوە لەدایک ببوو. وەها بەئاسانی لەگەڵ خەڵکی غەریبدا مامەڵەی دەکرد کە زمانی مێردەکەی دەبەستراو توانایەکی سەیری هەبوو لەتێگەیشتن و تێگەیاندنی بەرامبەرەکەی بەزمانی ئیسپانی کۆن لەهەر جێگاو لەهەر کاتێکدا بووایە. بەپێکەنینێکی دەسکردەوە دەیوت:

" مرۆڤ کاتێ دەیەوێ شتێ بفرۆشێت دەبێ زمانی بیانی بزانێ، کاتێ دەچێ شت بکرێ، بەرامبەرەکانی هەرچی پێویست بێت بۆ تێگەیشتنی قسەکانی دەیکەن." بەقورسی دەکرا کەسێ وێنای ئەوە بکات کە توانیبێتی خۆی لەگەڵ ژیانی رۆژانەی پاریسدا بەقەد ئەو و بەخێرایی ئەو بەو هەموو لەزەت و خۆشییەوە بگونجێنێ. فێرمینا کەسێ بوو کە سەرەڕای بارانی بێکۆتایی شارەکە ریگای خۆشەویستیی یادەوەریی پاریس فێربوو. سەرەڕای هەموو ئەمانە، کاتێ بەکۆڵێ ئەزموونەوە، ماندووی سەفەرو خەواڵوو لەبەر سکپڕی گەڕایەوە بۆماڵەوە، یەکەم شت کە لە بەندەر لێیان پرسی، ئەوە بوو کەسەبارەت بە شتە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەورووپا چۆن بیر دەکاتەوە، فێرمینا شانزە مانگی پڕ بەختیاری لە دوو وشەی ئەدەبی کاریبیدا کورت کردەوە.

-بەرلەهەر شتێ ژاوەژاوە.

# بەشی چوارەم

ئەو رۆژەی کە فلۆرنتینۆ ئەریزا، لە هەیوانی پێشەوەی کلێسای گشتییدا، فێرمینا دازای بینی کە سکی شەش مانگ بوو، بەوپەڕی بالادەستییەوە لەپێگەی تازەیدا وەك شاژن خۆی دەنواند، بەوپەڕی توورەییەوە بڕیاریدا سەروەت و سامان و ناوبانگێکی وا بەدەست بێنێ کە شایستەی فێرمینا بێت. تەنانەت خەیاڵی ئەوەی کە فێرمینا مێردی هەیە نەدەبووە کۆسپ لە ڕێگەی بڕیارەکەیدا. بەڵام لە هەمان شوێندا وەك ئەوەی بەدەست ئەو بێت بڕیاریدا دکتۆر ئۆربینۆ دەبێت بمرێت و لەکەڵ ئەوەشدا کەنەیدەزانی چۆن و کەی بەڵام مەسەلەی مردنەکەی وادەبینی کە قابیلی خۆ لێلادان نییە کە سوور بوو لەسەر ئەوەی بەبێ توندوتیژیی و بەدانبەخۆداگرتنەوە، هەتا کات درێژە بکێشێت، چاوەڕوانی بکات.

لە سفرەوە دەستیپێکردەوە. رۆژێك بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەك لەنووسینگەی مامی لیۆنی دوانزەهەم، سەرۆکی دەستەی کارگێڕی

وبەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای کاریبی بۆ کەشتیوانی رووبار قوتبخۆرو ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی مامی. مامی لەبەر وازهێنانی فلۆرنتینۆ لەکارەکەی وەکو کارمەندی تەلەگراف لە (لافییا دی لیبفیا) کەکارێکی باشبوو لێی تووڕە بوو، بەڵام بواری ئەوەیدا باوەڕی لەدایکبوونی ئینسانەکان تەنیا یەکجارو تەنیا ئەو رۆژەی دایکیان دەیانهێنێتە دنیاوە روونادات، لەمێشکیدا زیندوو بێتەوە بەڵکو ژیان چەندینجار مرۆڤ ناچار دەکات سەرلەنوێ لەدایك بێتەوە. براژنەکەی ساڵی رابردوو لەگەڵ بوغزو کینەیدا مردبوو، بەبێ ئەوەی هیچ میراتگرێ لەدوای خۆی بەجێبهێڵێت، هەربۆیە دەبوو کارێ بەبرازا دەربەدەرەکەی بدات.

بڕیاردانێکی وا تەنیا لەدەستی دۆن لیۆنی دوانزەهەم دەهات کەل قەوارەی بزنسمانێکی بێسۆزو شێتێکی خۆش مەشرەبدا خۆی حەشار دابوو. بەهەمان جەربەزەییەوە کەدەیتوانی لەبیابانی (گواجیرا) کانییەکی لیمۆناد لێبدات، بەهەمان شێوەش دەیتوانی بەئاوازی غەمگینی گۆرانی " In Questa tombd oscura لەم گۆڕە تاریکەدا " لە رێوڕەسمێکی سەنگینی ناشتندا یەك لافاو فرمێسك بڕێژێت. کەللەی لیۆن قژێکی لوول دایپۆشیبوو، لێوی ئەستووری لەهی جووتیار دەچوو، تەنیا شتێ کەلێی کەمبوو بۆ ئەوەی بەتەواوی لە(نیرۆن)ی سووتاوی مێژووی ئەفسانەی مەسیحی بچێت قیسارەو تاجە گوڵینەی ئەشکەوت بوو. هەرکاتێ کێشەی بەڕێوەبردنی کەشتییە ماندووەکانی نەبووایە کە رۆژ بە رۆژ پڕ کێشەتر دەبوون و دەستی بەتاڵ بووایە، بەتەواوکردنی شیعرە لیرکییەکانییەوە سەرقاڵدەبوو. بەقەد هەموو دنیا حەزی لە لاواندنەوە بوو لەرێوڕەسمی ناشتندا. دەنگی لەدەنگی کێویی ئەو کۆیلانە دەچوو لەبەلەمدا سەوڵیان لێدەدا کە سەرەڕای ئەوەی ئەکادیمی نەبوو ئەوەی نیشاندەدا توانای وتنی گۆرانی خۆشی هەیە. ئەوەی بیستبووکە دەیانوت "(ئینریکۆ کارویسۆ) دەتوانێت بەهێزی لەرەی دەنگی گوڵدانێك وردو خاش بکات" و ساڵانێکی

زۆری بۆ لاسایی کردنەوەی (ئینریکۆ) تەرخانکردبوو. تەنانەت هەوڵیدابوو بەڵەرەی دەنگی شووشەی پەنجەرە بشکێنێ. هاوڕێکانی جوانترین گوڵدانیان بۆ دەهێنا کە لە سەفەری ئەوپەڕی دنیاوە دەستیان دەکەوت، میوانداری تایبەتییان بۆ رێکدەخست و پێشکەشیان دەکرد بۆ ئەوەی دواجار بەئاواتی خۆی بگات. بەڵام هەرگیز سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا. بەهەرحاڵ، لەقووڵایی هاوارەکانیدا تیشکێکی کاڵی بەزەیی هەبوو لە دڵی بیستەرانی لە جیاتی گوڵدانە شووشەییەکانی (کاروسو)ی مەزن، دەشکاندو هەمان خاسیەت بوو کە لەرێوڕەسمی ناشتنی تەرمدا دەبووە هۆی ئەو هەموو رێزو حورمەتە بۆی، جگە لەیەک رێوڕەسم. لەیەکێ لەم رێوڕەسمی ناشتنانەدا بوو کە بەخەیاڵی خۆی سروودی جوان و هەژێنەری رێوڕەسمی تایبەتی (لویزیانا)ی بەناوی " کاتێ بەسەر فرازییەوە لەخەو هەڵدەسم " بەگونجاو زانیبوو قەشە نەیتوانیبوو بەرگەی ئەو لاپلەرسەنگیە پرۆتستانتییە بگرێت لەکلێساکەیداو بەفەرمانی " بێدەنگبە" لەزەوقی دابوو. بەمشێوەیە بوو کە لەناو داهێنانە ئۆپرایی و (سیرناد)ە عاشقانەکانی ناپۆلیدا، توانای داهێنانی دۆن لیۆنی دوانزەهەم و رۆحی لەشکان نەهاتووی لەپێشڕەوبوونیدا لەماوەی رەونەق و شکۆی کەشتیوانی رووباردا، کردی بەپاڵەوانێکی کەشتیوانیی. ئەمیش وەکو برا رەحمەتییەکانی لەهیچەوە ببوو بە خاوەنی هەمووشتێك. هەموو ئەمانەش وێڕای لەکەی نەنگی منداڵی زۆڵ و لەوەش خراپتر ئەو ئەو منداڵە زۆڵانەی کە هەرگیز ناسنامەیان ئاشکرا نەبوو، هەتا حەزیان دەکرد لەژیاندا پێشڕەوییان کرد. ئەمان سەرگوڵی بەرچینەی چینێ بوون کەئەو رۆژکارە بەخانەدانی دووکانەکان ناودەبران. واتە ئەو کەسانەی کە پیرۆزترین جێگە بەلایانەوە یانەی بازرگانی بوو. لەهەلومەرجێکی وادا کە لیۆن توانای ئەوەی هەبوو وەکو ئیمپراتۆری رۆمانی بژی. لەبەرئەوەی کە بەلایەوە ئاسانتر بوو لەشارێکی کۆندا بەشێوەیەکی دەروێشانەو لەماڵێکی سادەو بێڕتووشدا تەمەنی بەسەر بەرێ، هەرگیز نەیتوانی لەشەڕی ناوبانگی

خەستی بێویژدانانە رزگار بێت. کەلوپەلەکانی خۆشگوزەرانیی بەکورتی چەند شتێکی سادەبوون وەکو ماڵێك لەکەناری دەریا، لەدووری دوو فرسەخ لە نووسنگەی کارەکەیەوە کەئەساسەکەی تەنیا شەش کورسی دەسکرد و کورسیەکی درێژی کون کون بۆ گۆزەی سیرامیك و جۆلانەیەکی هەڵواسراو بوو کەرۆژانی یەکشەممە بتوانێ تیایدا رابکشێت وبیربکاتەوە. کاتێ بەدەوڵەمەندیی تاوانباریان دەکرد هیچ کەسێ لەو باشتر نەیدەتوانی وەسفی خۆی بکات و لەم بارەیەوە دەیوت:

-نا، دەوڵەمەند، نا، من پیاوێکی هەژارم کەپارەی هەیەو ئەمەش زۆر لەگەڵ دەوڵەمەندیدا جیاوازە.

سروشتی سەیری لیۆن کە جارێکیان بێژەرێك لە کۆڕێکی لێدواندا بەشێوەی شێتییەکی راست ودروست ستایشی کردبوو، ئەو توانایەی دایە کە لە چاوتروکانێکدا شتێك لە فلۆرنتینۆدا ببینێ کە هیچ کەسێکی تر نەیدەتوانی بیبینێ. لەو رۆژەوە فلۆرنتینو بەدیمەنیکی غەمبارانەو بیست و حەوتساڵ عومری بێ بەرهەمەوە، بەمەبەستی داواکردنی کار لەنووسینەگەکەی قوتبۆوە، لیۆن بەوردی و سەختی فێرکردن لە بنکە سەربازییەکاندا کەدەیانتوانی بەهێزترین پیاو بەچۆکدا بێنن. بێنەوەی تیر و توانجی لێبدات تاقیکردەوە. ئەوشتەی کەلیۆن هەرگیز بیری لێنەدەکردەوە ئەوەبوو کە جوامێریی برازاکەی لەپێویستی بژێوی ژیان و دان بەخۆداگرتنەوە سەرچاوەی نەگرتبوو کە لەباوکییەوە بەمیرات بۆی مابێتەوە. بەڵکو لەپێویستی شێتانەی خۆشەویستییەوە سەرچاوەی گرتبوو کەنە لەم دنیاو نە لە دنیایەکی تردا هیچ هێزێك نەیدەتوانی تێکیبشکێنێ.

خراپترین ساڵەکانی کارکردن بەلای فلۆرنتینۆوە ساڵانی سەرەتا بوون کەوەکو نووسەری ئیدارەی گشتیی دایانمەزراند، ئەو کارەی کەدەتوت پێشووی لیۆن بوو کارێکی بە برازاکەی سپارد کە سەروکاریی لەگەڵ

نووسیندا هەبێت. هۆیەکەشی ئەوەبوو کە فلۆرنتینۆ بەکاربەرێکی نائاسایی ئەدەب بوو، ئەگەرچی ئەوەی دەیخوێندەوە لە ئەدەبی خراپ دوو ئەوەندەی ئەوەبوو کە لە ئەدەبی باش دەیخوێندەوە. لیۆن گوێی بەقسەکانی توگوت نەدەدا سەبارەت بەبێ زەوقی برازاکەی لەخوێندنەوەدا چونکە توگوت بارەی خودی لیۆنیشەوە رەنگبوو بڵێت دەنگ ناخۆشترین شاگردی بووە، لەکاتێکدا لیۆن دەیتوانی بەرد بهێنێتە گریان. سەرەڕای هەموو ئەمانە دەربارەی ئەو شتەی کەلیۆن کەمتر بایەخی پێدەدا، توگوتی ئەڵمانی لەسەر حەق بوو، لەبەرئەوەی فلۆرنتینۆ ئەریزا هەمووشتێکی وەها بەشەوق و زەوقەوە دەنووسی کەتەنانەت بەڵگە نامە رەسمییەکانیش بۆنی خۆشەویستییان لێدەهات. جاریوابوو ئەو نامانەی کە دەینووسین ئەوەندەی هەوڵ لەگەڵ دەدان قافیەدار دەردەچوون نامە ئاساییە ئیدارییەکانی فلۆرنتینۆ ناوەڕۆکێکی لیریك ئاسایان هەبوو کە لە سەنگ و قورساییانی کەم دەکردەوە. لیۆن رۆژێك بەگورزەیەك نووسراوەوە کەنەیدەوێرا ناوی خۆی لەسەر یان بنووسێت، خۆی کرد بەنووسینگەکەی فلۆرنتینۆدا دواچانسی بۆ رزگارکردنی رۆحی خۆی بە فلۆرنتینۆ دا و وتی:

-تۆ ئەگەر نەتوانی نامەیەکی ئیداری راست و رەوان بنووسیت، لەوحاڵەتەدا ناچاری خۆڵوخاشاکی بەندەرەکە کۆبکەیتەوە.

فلۆرنتینۆ ئەریزا ئەم داوایەی بۆ بەربەرەکانێ قبوڵکرد. بەو ئەزموونەوە کە سەروەختێ بۆ لەبەرکردنی شیعرە دیارەکان سوودی لێوەردەگرت، بەوەی کەچەند نموونەیەکی دۆسێی بەڵگەنامەی رەسمی کرد

گومرگییەکاندا بەکاریان بێنێ. بەڵام لەکۆتایی شەش مانگی هەوڵی سەخت و ئەستەمدا، کارەکە گەیشتە قۆناغێ کەچیتر نەیدەتوانی لەوە زیاتر فشار بخاتە سەرخۆی و کاتێ بۆ جاری دووەم لەلایەن مامیەوە سەرزەنشت کرا بەغوورێکی تایبەتییەوە دانی بەشکستەکەیدا نا و وتی:

-تاکە شتێ کە بەلامەوە گرنگە خۆشەویستییە.

-کێشەکە لەوەدایە کەبەبێ کەشتیوانیی رووبار خۆشەویستییش لەئارادا نابێت.

لیۆنی مامی وێڕای ئەوەی لەسەر هەڕەشەکانی بەردەوامبوو بۆ پاککردنەوەی خۆڵوخاشاکی بەندەرەکە بەڵام بەڵێنی شەرەفیشی پێدا کەپلە بەپلە بەپەیژەی خزمەتی راستگۆیانەدا، سەریبخات تا دەیگەیەنێتە ئەو جێگایەی شوێنی شیاوی خۆیەتی. ئەم کارەشی کرد. هیچ کارێکی سەخت و پڕ سووکایەتیی نەیدەتوانی فلۆرنتینۆ ئەریزا تێکبشکێنێ و هیچ کرێیەک، هەرچەندە کەمیش بووایە، نەیدەتوانی دڵی سارد بکاتەوە، لەبەرامبەر سووکایەتیی لێپرسراوەکانیدا ئەو جورئەتەی کەپێویست بوو بۆ کارەکەی لەدەستی نەدەدا. پێویستە بگوترێ ئەمیش درێغی نەدەکرد. ئەو کەسانەی کەدەهاتنە رێگای، بەدەست ئەنجامی عەزمی لەبەربەرکانێ نەهاتوویەوە دەیانناڵاند کە هیچ شتێکی بە محاڵ نەدەبینی و ئەمەشی لەپشت روخساری داماوییەوە حەشار دابوو. رێک بەهەمان شێوە کەلیۆنی مامی پێشبینی کردبوو، داوای لەبرازاکەی کردبوو کە جفرەیەکی نەکراوە لەهیچ کارێکدا نەهێڵێتەوە، فلۆرنتینۆ ئەریزا لەماوەی سی ساڵ سەرسەختی و راستگۆییدا هەنگاو بەهەنگاو پلەکانی بڕی. لەکاتێکدا تەواوی داوەکانی ریسمانی رەمزیی کەپەیوەندی بەهونەری شیعرەوە هەبوو، بەجدی دەخوێندەوە، هەموو ئەرکەکانی بەشارەزاییەکەوە ئەنجامدەدا کە جێگەی ستایش بوو، بەڵام هەرگیز شانازیی نووسینی نامەیەکی ئیداری بەدەست نەهێنا کەقابیلی قبوڵبێ کە زیاتر لەهەموو شتێ بەتاسەیەوە بوو. فلۆرنتینۆ لەخۆیەوەو بەبێ

مەبەستێکی لەپێشینە، بەژیانی خۆی ئەوەی سەلماند کە باوکی لەسەر حەق بووە تا کاتی دوا ڕۆژەکانی ژیانی چەندینجار دەیوت کە هیچ کەسێ لە شاعیر پراکتیکی ترنییە، نەهیچ بەردتاشێ سەرسەخت ترو نەهیچ بەڕێوەرێ وریاترو مەترسیدار ترە لەشاعیر. بەلای کەمەوە ئەوەی کەلیۆنی دوانزەهەمی مامی لەکاتی دەست بەتاڵیدا کەهەستی دەجولا و لەبارەی باوکییەوە قسەی بۆ دەکرد، بەوشتانەی لەزمانی مامیەوە سەبارەت بەباوکی بیستبووی و ئەم وەسفانە وێنایەکیان سەبارەت بەباوکی دەخوڵقاند کەزیاتر لەوەی لەبازرگانێ بچێت لەپیاوێکی خەیاڵ پڵاو دەچوو.

لیۆنی مامی پێیدەوت پیوی پێنجەم لوایزا نووسینگەکەی بۆ ئەو مەسەلانە بەکار دەهێنا کە لەئیش خۆشتر بوون. بەبیانووی بەڕێکردن یان پێشوازیی لێکردنی کەشتییەوە هەمیشە کارێکی وایدەکرد کەیەکشەموان ماڵەوە بەجێبهێڵێت. بۆ دەرهێنانی ئەو دەنگانەی کەبەهۆی یەکێك لە دۆستەکانییەوە لەگەڵ ئامازەکانی کەشتیوانیدا ئەنجامدەدران مەنجەڵێکی بوخارو شاورێکی بەکاردەهێنا کە لە گەنجینەی حەوشەی نووسینەگەکەیدا دانرابوون، بۆ ئەوەی ژنەکەی گوێی لەو فیکەیە بێت و وابزانێت هی کەشتییە. لیۆنی مامی بەپێی لێکدانەوەی خۆی دڵنیا بوو لەوەی فلۆرنتینۆ ئەریزا لەئێوارەیەکی گەرمیی یەکشەممەدا، لەکاتێکدا کە باوەژنەکەی دەنگی ماڵئاواییکردنی کەشتییەکی دەهاتە گوێ کە لە شوێنی خۆی جووڵەی نەکردبوو، لەسەر مێزێك لەمناڵانی دایکیدا دروستببوو. کاتێ ژنەکەی پیوی پێنجەم لەڕاستی مەسەلەکە تێگەیشت بۆ تاوانبارکردنی مێردەکەی سەبارەت بەو کارە ئابڕووبەرەیە زۆر درەنگبوو، لەبەرئەوەی مێردەکەی مردبوو، ژنەکە لەداخی نەزۆکیی وێڕان ببوو لەکاتێکدا لەدەرگای خودا دەپاڕایەوە بۆ ئەوەی کوڕە زۆڵەکەی مێردەکەی بەرنەفرەتی هەمیشەیی بکەوێت، ساڵانێکی زۆر دوای مردنی مێردەکەی ژیا.

وێنەی باوکی، فلۆرنتینۆ ئەریزای دەشێواند. دایکی وەکو پیاوێکی گەورە باسیدەکرد کەهیچ پیشەیەکی نەبوو کەپەیوەندی بەبازرگانییەوە هەبێت، بەڵام دواجار لەبەرئەوەی برا گەورەکەی هاوکارێکی زۆر نزیکی جان. ب. ئیلبیرس-ی ئەڵمانی کاپیتانی کەشتیی بوو، کە بە باوکی کەشتیوانیی رووبار ناودەبرا، چووە ناو ئەو پیشەیەوە. باوکی فلۆرنتینۆ و براکانی کوڕی زۆڵی دایکێ بوون، کەژنێکی چێشت لێنەربوو لەپیاوی جیاجیا ئەم کوڕانەی خستبۆوە و هەموویان ناوی خێزانیی دایکیان هەڵگرتبوو کەبەرێکەوت لە رۆژژمێری رۆژە پیرۆزەکان هەڵیان دەبژارد، هەڵبەت بێجگە لەلیۆنی دوانزەهەم کەبەناوی پاپایەکەوە ناونرابوو کە لەکاتی لەدایکبوونیدا لەسەرکاربوو. پیاوێك بەناوی فلۆرنتینۆ وە باپیری دایکیان بوو، ئەم ناوە بەبازدان بەسەر یەك نەوەی تەواودا لەکاهینە گەورەکانەوە، بەکوڕەکەی ترانسیتۆ ئەریزا گەیشتبوو.

فلۆرنتینۆ ئەو دەفتەرچەیەی هەڵگرتبوو کەباوکی شیعرە دڵدارییەکانی خۆی تێدا دەنووسی هەندێ لەو شیعرانە ئیلهامیان لەترانسیتۆ ئەریزاوە وەرگرتبوو. لاپەڕەکانی دەفتەرچەکە بەوێنەی چەند دڵێکی شکاو رازێنرابوونەوە. دوو شت فلۆرنتینتۆیان سەراسیمە دەکرد، یەکێکیان دەستوخەتی باوکی بوو کەکتومت لەدەستوخەتی خۆی دەچوو؛ ئەگەرچی فلۆرنتینۆ خۆی شێوازی خەتەکەی هەڵبژاردبوو، چونکە لەناو ئەو خەتە زۆرانەدا کە لەناو نامیلکەیەکدا دیبووی پەسەندی کردبوو. دووەمیان دۆزینەوەی رستەیەك بوو کەپێیوابوو خۆی نووسیوویەتی بەڵام ئەورستەیە زۆر پێش لەدایکبوونی ئەم لەدەفتەرچەکەدا نووسرابوو، بەمشێوەیە تۆمارکرابوو کە" تەنها لەحاڵەتێکدا لەسەرە مەرگدا خەفەت دەخۆم کەمرنم لەپێناوی خۆشەویستییدا نەبێت"

هەروەها فلۆرنتینۆ تەنها دوو وێنەی باوکی بینی، یەکێکیان لە(سانتاق)، کاتێ کەزۆر گەنج بووە گیرابوو، واتە لەهەمان تەمەنی فلۆرنتینۆ

دا بوو کەبۆ یەکەمجار وێنەکەی دیبوو. پاڵتۆ ئەستوورەکەی لەو وێنەیەدا وەکو کەسێ نیشانی دەدا کە بە زۆر خزێنرابێتە پێستی ورچێکەوە و پاڵی بەستاندی پەیکەریکەوە دابوو کەتەنیا قەدی جزمە سەربڕاوەکەی دیاربوو. ئەو کوڕە بچووکەی لەوێنەکەدا لەتەنیشتییەوە وەستابوو لیۆنی دوانزەهەم بوو کڵاوێکی کاپیتانی کەشتیی لەسەردابوو. لەوێنەی دووەمدا باوکی لەگەڵ کۆمەڵێ سەربازدا بوو کە خوا دەزانێ لەکام شەڕ لەو هەموو شەڕەدا گیرابوو. درێژترین تفەنگ بەدەستی باوکییەوە بوو. لە سمێڵە هەڵگەڕاوەکەیەوە بۆنی barووت دەهات کە لە وێنەکەوە دەهاتە دەرێ. باوکی لیبراڵێکی ماسۆنی بوو، رێك وەکو وەکو براکانی و لەگەڵ ئەوەشدا دەیەویست کوڕەکەی بچێتە قوتابخانەی (ئەکلیرس). فلۆرنتینۆ ئەو لێکچوونەی نێوان خۆی و باوکی نەدەبینی کەخەڵك باسیان دەکرد، بەڵام بەقسەی لیۆنی مامی، پیوی پێنجەمیش لەسەر زمانی شیعریی بەڵگەنامە رەسمییەکان سەرزەنشت کرابوو. بەهەرحاڵ، باوکی نەلەوێنەکانیدا لەم دەچوو نەلەو یادەوەرییانەدا کەئەم لەبارەیەوە هەیبوو، نەلەو وێناکردنەدا کەدایکی بەخۆشەویستییەوە بۆی رازاندبۆوە و نەلەو وێنە بێگیانەدا کەلیۆنی مامی بەقۆشمەیی بێڕەحمانەیەوە بۆی کێشابوو. بەمپێیە، فلۆرنتینۆ ئەریزا ساڵەها دوای ئەوە کاتێ خەریکبوو لەبەر ئاوێنە قژی دادەهێنا، ئەو لێکچوونەی هەست پێکردو لەوکاتەدا کە تازە لەوە تێگەیشت پیاو کاتێ پەی بە پیربوونی دەبات کەهەست دەکات بەوەی لە باوکی دەچێت.

لە شەقامی (لاس فینتاناس) یادەوەرییەکی نەبوو لەبارەی باوکییەوە. وای وێنادەکرد کە باوکی دەبێ لەسەرەتای مەسەلەی خۆشەویستییەکەیدا لەگەڵ ترانسیتۆ ئەریزا یەکجار لەوێ خەوتبێ بەڵام لەدوای لەدایکبوونی ئەم ئیدی نەهاتۆتە سەردانی. ساڵەهای ساڵ بەڵگەنامەی لەناو هەڵکێشان (تعمید) تەنیا هۆکاری دیاریکردنی ناسنامە

بوو، تەنیاشتێ کە لەبەڵگەنامە تەعمیدی فلۆرنتینۆ ئەریزا دا لەبەشی (سانتۆ تۆربیو) لەکڵێسای پیرۆز تۆمارکرابوو، دەزانرا ئەوەبوو کە فلۆرنتینۆ کوڕی ئاسایی کچێکی ئاسایییە کەشووی نەکردووە بەناوی ترانسیتۆ ئەریزا. ئەگەرچی پیوی پێنجەم هەتا دوا رۆژی ژیانی بەنهێنی پێویستییەکانی کوڕەکەی دابیندەکرد، بەڵام لەو بەڵگەنامەیەدا ناوی نەنووسرابوو. ئەم بارە کۆمەڵایەتییە دەرگاکانی قوتابخانەی (ئەکلیرۆس)ی بەرووی فلۆرنتینۆدا داخست، بەڵام ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی کە لە ماوەی خوێناویترین قۆناغەکانی ئەو شەڕانەدا کەرووبەڕوومان بۆوە لەباری خزمەتی سەربازی رزگاری ببێت، لەبەرئەوەی تاقە کوڕی ژنێکی شوونەکردو بوو.

فلۆرنتینۆ ئەریزا هەموو رۆژێکی هەینی دوای گەڕانەوەی لەقوتابخانە، لەبەردەم نووسینگەکانی کۆمپانیای کاریبی بۆ کەشتیوانی رووباردا دادەنیشت و چاوی لەوێنەی ئەو ئاژەڵانە دەبڕی کە لەدوو توێی کتێبێکدا بوون. باوکی بەچاکەتێکی خورییەوە کەپاشان ترانسیتۆ ئەریزا بچووکی کردەوە بۆ کوڕەکەی، بەسیمایەکەوە کە لە هی سان خوانی پیرۆز دەچوو، بەبێ ئەوەی تەماشای فلۆرنتینۆ بکات خۆی دەکرد بەژووردا. دوای چەند سەعاتێ کەدەهاتە دەرەوە، سەرەتا تەماشای ئەملاو ئەولای خۆی دەکرد بۆ ئەوەی دڵنیابێت کەس، تەنانەت عەرەبانچییەکەش نایبینێ و دوای دڵنیابوون، بەشی خەرجی هەفتەیەک پارەی دەدایە. هیچ قسەیەکیان پێکەوە نەدەکرد، هەڵبەتە نەک لەبەرئەوەی کەباوکی هەوڵی نەدەدا بۆ قسەکردن، بەڵکو زیاتر کەمتەرخەمییەکە لە فلۆرنتینۆوە بوو کە لە باوکی دەترسا. رۆژێ کە فلۆرنتینۆ زیاتر لەکاتی ئاسایی چاوەڕوانی کردبوو، باوکی پارەکەی دایەو وتی:

ئەمە بگرەو ئیتر مەیەرەوە بەم ناوەدا!

ئەمەدواجاربوو کە فلۆرنتینۆ باوکی بینی. بەڵام لەکاتی خۆیدا لەوەحاڵی بوو لیۆنی مامی کەنزیکەی دە ساڵ لەباوکی بچووکتر بوو پارەی

بۆ ترانسیتۆ ئەریزا دەهێناو پاش ئەوەی پیوی پێنجەم، بەبێ بەجیهێشتنی وەسێتنامە یان بەبینەوەی دەرفەتی ئەوەی هەبێ شتێ بۆ تاقە کوڕەکەی بکات کەمناڵی سەرجادە بوو، لەئەنجامی ژانەسکێکدا کەچارەسەری نەبوو،مرد. لیۆنی مامی تەنیا کەسێ بوو کە یارمەتی ترانسیتۆ ئەریزای دەدا.

نەگبەتیی فلۆرنتینۆ ئەریزا لەکاتێکدا وەکو کاتب لەکۆمپانیای کاریبی بۆ کەشتیوانی رووبار کاری دەکرد ئەوەبوو کەنەیدەتوانی لە لیریک دووریکەوێتەوە. چونکە بەردەوام بیری لە فێرمینا دازا دەکردەوە و تەنیا بەیادی ئەوەوە فێری نووسین ببوو. پاشان کاتێ بەپۆستەکانی دیکەدا سەرکەوت، ئەوەندە خۆشەویستیی لەبوونیدا کۆ ببۆوە کەنەیدەزانی چی لێکات و بەنووسینی نامەی دڵداری بۆ عاشقە نەخوێندەوارەکان لە گوزەری عەرزوحاڵنووسەکان پاشەکەوتی ئەوخۆشەویستییەی بەخۆرایی دەخستە بەردەستی ئەو عاشقە نەخوێندەوارانە. شوێنی فلۆرنتینۆ لەدوای دەوام ئەو شوێنەبوو. بەوریایی تەواوەوە چاکەتەکەی دادەکەندو دەیدا بەکورسییەکەدا، سەرقۆڵەکانی دادەپۆشی بۆ ئەوەی قۆڵی کراسەکەی پیس نەبێت، قۆپچەی هێلەکەکەی دەکردەوە بۆ ئەوەی بیری باشتر کاربکات، جاریوابوو تانیوەشەوی بەنووسینی ئەو نامانەوە بەسەردەبرد کە پڕبوون لەستایشی شێتانەو هیوایان بە کەسانی نائومێد دەبەخشی. جاربەجارێکیش چەند حاڵەتێکی دەهاتە بەردەست وەکو بەسەرهاتی ژنێکی داماو کە لەگەڵ یەکێك لەمناڵەکانیدا کێشەی هەبوو یان سەربازێکی کۆن کە لە دوای جەنگ پێی لەسەر داواکردنی مانگانەکەی دادەگرت یان کەسێك کە دزیی لێکراوەو دەیەوێت سکاڵای خۆی بخاتە بەرچاوی حکومەت، کە بە هەموو هێزو توانای خۆیەوە نەیدەتوانی دڵی ئەمانە رازیبکات، چونکە تەنیا شتێ کە بەدەستییەوەبوو دەیتوانی بەرامبەری پێ قایلبکات نووسینی نامەی دڵداری بوو. یەك پرسیاریشی لەو مشتەریانە نەدەکرد کەبۆ یەکەمجار

دەهاتنە لای چونکە هێندەی بەسبوو کەبەتەماشاکردنی سپینەی چاویان لەمەسەلەکەیان تێبگات و یەک لەدوای یەک لاپەڕەکان بەئەنگێزەی خۆشەویستییەکی محاڵ بنووسێت. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کەجگەلە فێرمینا دازا بیری لە هیچ شتێکی دیکە نەدەکردەوەو تەنیا بەبیرکردنەوە لەو پەیڕەوی لە بنەما سەقامگیرەکەی دەکرد. دوای یەکەم مانگ ناچاربوو نامە نووسینەکانی ڕێکبخاتەوەو سەرە دابنێ. بۆ ئەوەی تووشی قەرەباڵغی عاشقە بەتاسەکان نەبێت. جوانترین یادەوەریی ئەو ڕۆژانەی پەیوەندی بەکچۆڵەیەکی شەرمنەوە هەبوو کەبەترس ولەرزەوە داوای لێکرد وەڵامی ئەو نامەیەی بۆ بداتەوە کەتازە بەدەستی گەیشتبوو، ئەژنۆی شکاندبوو. فلۆرنتینۆ ئەریزا نامەکەی ناسییەوە کەئێوارەی پێش ئەوە خۆی نووسیبووی. بە شێوەیەکی تەواو جیاواز وەڵامی نامەکەی دایەوە، یەکەم بۆئەوەی لەگەڵ هەست و سۆزو تەمەنی کچەکەدا بگونجێت و دووەم بۆ ئەوەی وامەست بکرێ نووسەری نامەکە خودی کچۆڵەکەیە. فلۆرنتینۆ دەیزانی بۆ هەر حاڵەتێك و بەپێی کەسێتی عاشقەکە چۆن دەستوخەتی گونجاو بخوڵقێنێت. ئەوەی دەهێنایە بەرچاوی خۆی کە ئەگەر فێرمینا دازاش بەهەمان ڕادەی ئەو کچۆڵە بەستەزمانەی کەدڵدارەکەی خۆشدەوێت، ئەمی خۆشبویستایە، چ شتێکی لەزمانی فێرمیناوە دەبیست؟ بە هەمان بۆچوونەوە وەڵامەکەی نووسی. هەڵبەتە گومان لەوەدا نەبوو کە دوو ڕۆژێتر دەبوو بە هەمان دەستوخەت و هەمان شێواز و هەمان ئەو خۆشەویستییەی کە لە نامەی یەکەمدا بۆ کوڕەکەی نووسیبوو، وەڵامی نامەکەی ئەمڕۆی بنووسیایەتەوە. بەمشێوەیە فلۆرنتینۆ تووشی نووسینێکی پڕسۆزو خۆشەویستیی ببوو لەگەڵ خۆیدا. هێشتا مانگێکی بەسەردا تێنەپەڕیبوو کە هەردوولای مەسەلەکە بە جیاجیا هاتن بۆ لای بۆ ئەوەی سوپاسی بکەن سەبارەت بەو پێشنیازەی لەنامەی کوڕەکەدا کرابوو، لە وەڵامی نامەی

کچۆڵەکەدا بە گەرموگوڕییەوە پەسەندکرابوو. پەیوەندییەکەیان بەرەو زەماوەند دەچوو.

ئەم جووتە دوای لەدایکبوونی یەکەم منالّیان، بەڕێکەوت لە گفتوگۆیەکی ڕێکەوتدا، بەوەیانزانی کەنووسەری نامەکانیان یەک کەس بووە، بۆ یەکەمجار پێکەوە چوون بۆ گوزەری عەرزوحالّنووسەکان بۆئەوەی داوا لەفلۆرنتینۆ بکەن ببێتە باوکی ڕۆحی منالّەکەیان. فلۆرنتینۆ هێندە لەبەڵگەی راستەقینەی هاتنەدی خەونەکانی دڵخۆشبوو ئەو کاتانەی ناچار نەبوو کتێبی (هاوڕێی عاشقان) بنووسێت بۆ وەلاّمدانەوەی داخوازیی ئەو جووتە بەکاریدەهێنا. (هاوڕێی عاشقان) لەو کتێبانەی کە لەسەری کۆڵانەکاندا بەبیست سەنتافۆ دەفرۆشران و نیوەی خەڵک لەبەریان بوو، گشتی ترو شاعیرانەتر بوو. فلۆرنتینۆ هەموو ئەو حاڵەتانەی کەقابیلی وێناکردن بوو رەنگبوو سەبارەت بە فێرمینا هەیبێت، ریزبەندیی دەکردو بۆ هەریەکێ لەو حالّەتانە ئەو تێزو فۆرمانەی کە بەخەیاڵیدا دەهات، تۆمار دەکرد. کاتێ نووسینی (هاوڕێی عاشقان)ی تەواوکرد. نزیکەی سێ هەزار نامەی لەسێ بەرگدا تۆمارکردبوو کە لەرووی کامڵبوونەوە هیچی لەفەرهەنگی (کوڤارو بیاس) کەمتر نەبوو. بەلاّم هیچ چاپخانەیەک لەشارەکەدا ئامادە نەبوو مەترسی بڵاوکردنەوەی نامەکان لەئەستۆ بگرێت. بۆیە ئەونامانە و کۆمەڵێ نووسینی تریش دواجار خۆیان لەژووری شرەومرەکاندا بینییەوە، لەبەرئەوەی ترانسیتۆ ئەریزاش هەرگیز نەدەچووە ژێرباری ئەوەوە کەدەست بخاتە ناو گۆزە سیرامیکەکانییەوەو پاشەکەوتی تەمەنی خۆی لە ڕێی بڵاوکردنەوەیەکی گێلانەدا بەفیڕۆ بدات. ساڵەهای ساڵ دوای ئەوە، کاتێ فلۆرنتینۆ ئەریزا لەرووی مادییەوە توانای هەبوو کتێبەکانی چاپبکات، بەدژوارییەکی تەواوەوە توانی قەناعەت بەو واقیعە بکات کەنامەی دڵداری مۆدی نەماوە. کاتێ فلۆرنینتۆ ئەریزا لەکۆمپانیای کاریبی بۆ کەشتیوانی رووبار دەست بەکاربوو، بەخۆڕایی لە گوزەری

عەرزوحاڵنووسەکان دەستی بەنووسینی نامەکرد، لای هاوڕێیانی منالْی گومـان لـەوەدا نـەما کـە وردە وردە خـەریکن لەدەسـتی دەدەن و لەمەشدا حەقیان بوو. کاتیْ فلۆرنتینـۆ ئەریزا لەسەفەری رووبار گەڕایەوە، هێشتا هەنـدیْ لـەو هاوڕێیانـەی دەبینی بـەو هیوایـەی غـەمی یـادەوەریی فێرمینا لەسـەر شانی سووک بێت. یـاری بلیـاردی لەگـەڵ دەکـردن. دەچووە کۆڕی سەمایانەوە. رێگەی بەوە دەدا کە کچان پێی سەرسام بن و تیروپشکی بۆ بکەن، دەستی دەدایە هەر کاریْ بۆئەوەی بچێتە قاڵبی کوڕەکەی جارانەوە. پاشان، کاتیْ لیۆنی مامی وەکو کارمەنـد وەریگـرت، لەگـەڵ هاوکارەکانیدا لەیانەی بازرگانی دۆمینەی دەکرد، پاش ماوەیـەک تـوانی قەناعەت بەخۆی بکات کە لەگەڵیاندا تەنیا دەربارەی کۆمپانیای کاریبی بۆ کەشتیوانی رووبار (ك.ك.ك.ر) کە ئەمە کورتەکەی بـوو قسەبکات. هاوکـارانی وردە وردە وەکو یەکێك لەخۆیان قبوڵیان کرد. تەنانـەت شێوازی نـانخواردنی خۆشی گۆڕی. بەپێچەوانەی ئـەوەوە تـا ئـەو کاتـە گـوێی بـە نـانخواردن نـەدەداو بەلایـەوە شێوازی نانخواردن بایەخی نەبوو، پاش ئەوە هەتا کۆتایی تەمەنی شێوازی نانخواردنی بەگران گرت و بەکەمخۆرییەوە رێکیخست: بەیانیان فنجانێکی گەورە قاوەی تـاڵ، نیوەڕۆان پارچەیەک ماسـی کوڵاولەگـەڵ برنجی سپیدا، فنجانیْ قاوە بەشیر و پارچەیەک پەنیر بەرلەخەوتن. لەهـەر جێگایـەک و لەهەر هەلومەرجێکـدا بووایـە بەدرێـژایی رۆژ سـی فنجـانی بـچووک قـاوەی دەخواردەوە. قاوەکەی کەوەکو نەوتی خاو وابوو حەزیدەکرد خۆی ئامادەی بکات، دەیکـردە تەرمۆزەیەکـەوەو لەبـەر دەسـتیدا دایـدەنا. وێـڕای عـەزمی پتەوو هەوڵی تاقەت پڕوکێنی بۆ بەردەوامبوونی ژیانی وەکو پێشان بەر لە رووبەڕووبوونـەوەی مـەرگباری لەگـەڵ خۆشەویـستییدا، کەسـێکی دیکـەی لێدەرچووبوو.

راستی مەسـەلەکە ئـەوەبوو فلۆرنتینـۆ ئـەریزا هـەرگیز نـەبۆوە بەو کەسەی پێشان. تاکە هیوای لەژیانـدا گـەیشتن بـوو بـە فێرمینـا دازاو ئەوەندە

دڵنیابوو کەئەمە درەنگ یان زوو سەردەگرێت کە قەناعەتی بەترانسیتۆ ئەریزا کرد مل بۆ نۆژەنکردنەوەی خانووەکە بدات تا لەکاتی ڕوودانی موعجیزەکەدا بۆ پێشوازییکردن لە فێرمینا ئامادە بێت. ترانسیتۆ ئەریزا بەپێچەوانەی ئەو کاردانەوەیەوە کە لە بەرامبەر چاپکردنی کتێبی (هاوڕێی عاشقان)دا نواندی ئەمجارە زیاتر هەنگاوی ناوخانووەکەی کڕی وسەراپای نۆژەنکردەوە. ژوورێکی میوان لەشوێنی ژووری نووستنەکە دروستکراو نهۆمی سەرەوە بۆ دوو ژووری سیسەمدارو ڕووناک تەرخانکرا، یەکێکیان بۆ بووک و زاواو ئەوی تریان بۆ ئەو منالانەی لەدایکدەبن. جێگەی کارخانەی کۆنی جگەرەکەیان کرد بە باخێکی فراوان کەجۆرەها گوڵی تێدابوو فلۆرنتینۆ ئەریزا لەکاتی دەستبەتاڵیدا کە بەیانیان زوو بۆی ڕێدەکەوت سەرپەرشتی دەکرد. تەنیا شوێنێ کەدەستی لێنەدراو وەکو دەربڕینی وەفا بۆرابردوو مایەوە، دووکانی وردەواڵە فرۆشییەکە بوو. ئەو ژوورەی دواوەش کەپێشان فلۆرنتینۆ لێی دەخەوت دەستی لێنەدرابوو، واتە بە جۆلانەکە و ئەومێزەوە کە بەکتێب و کاغەزی تێکەڵ و پێکەڵ داپۆشرا بوو، وەکو خۆی مایەوەو فەرامۆشکرا. بەهەرحاڵ فلۆرنتینۆ شوێنی خۆی گوێزایەوە بۆ ئەو ژوورەی سەرەوە کە وەکو ژووری نووستنی بووک و زاوا لەبەرچاوگیرا بوو. ئەم ژوورە، گەورەترین وساردترین و خۆشترین ژووری ماڵەکەبوو، باڵکۆنێکی هەبوو کەبەسەر حەوشەکەدا دەیڕوانی کە شەوانە بە هۆی شەماڵی دەریاو بۆنی گوڵەباخەوە تێدادانیشتنی دڵی دەکردەوە، بەلام ئەم ژوورە لەهەمان کاتدا جێگایەك بوو کەتیایدا وردەکاریی و بەگرانهەڵگرتنی ڕەهبانیەتی فلۆرنتینۆ بەباشترین شێوە ڕەنگی دەدایەوە. دیوارە گەچەکانی ناڕێك و لووسبوون بەباشی نەڕازێنرابوونەوە، کەلوپەلی ناوەکەی تەنیا بریتیبوولە قەرەوێڵەیەکی سەفەریی ومێزێکی قاوەیی کاڵ کە بتڵێکی لەسەر بوو بتڵەکەش مۆمێکی تێدا دانرا، لەگەڵ کانتۆرێکی کۆنی جل و مەسینەیەك لەگەڵ کاسەو لەگەندا.

ئیشکردن لەماڵەکەدا نزیکەی سێ ساڵ درێژەی کێشا هاوکات بوو لەگەڵ بووژانەوەی شارەکەدا کە لە ئەنجامی گەشەکردن وپێشکەوتنی گەورە لە بازرگانی و کەشتیوانیی رووباردا هاتبووە ئاراوە. هەمان ئەم فاکتەرانە بوون کە لەماوەی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیدا، گەورەیی و شکۆداریی شاریان هێشتەوەو بۆ ماوەی زیاتر لەدوو سەدە کردیان بەدەروازەیەک بۆ ئەمریکا. لەم ماوەیەدا بوو کە ترانسیتۆ ئەریزا یەکەم نیشانەی نەخۆشییە لەچارەسەر نەهاتووەکەی لێدەرکەوت. مشتەرییە هەمیشەییەکانی هەرکاتێ دەهاتن بۆ دووکانەکەی، پیرترو رەنگ پەرپوترو پەژموردەتر بوون وئەمیش دوای تەمەنێ مامەڵە لەگەڵیاندا، نەیدەناسیینەوە یان کارو کێشەی یەکێکی لەگەڵ کارو کێشەی یەکێکی تردا لێتێك دەچوو کەبارێکی لەمجۆرە لەکارێکی وەك ئەوەی ترانسیتۆ ئەریزادا زۆر سەخت بوو، بەرگەی نەدەگیرا. نووسین و ئیمزا لەکارەکەیدا لەئارادا نەبوو کەپارێزگاریی لەبەڵێنی شەرەفی ئەم و دارایی ئەوانە بکات کەمامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد. یەکێك بەڵێنی شەرەفی دەداو ئەوی تر وەکو گرەنتییەکی تەواو پەسەندی دەکرد. سەرەتا وادەهاتە بەرچاوکە خەریکە کەڕ دەبێت بەڵام زۆری نەبرد کە ئاشکرابوو بەرەبەرە بەتەواوی تووشی لەبیرچوونەوە دەبێت و ناچار بوو واز لەپیشەی بارمتەوەرگرتن بێنێت. بەیارمەتی خەزنەی هەڵگیراوی ناو گۆزەکان، نۆژەنکردنەوەی خانووەکە تەواو بوو، کەلوپەلی موبیلەشی بۆ دانرا. هێشتا زۆر لە بەنرخترین خشڵی کۆنی شارەکەی لامابوو کە خاوەنەکانیان بۆ لەبارمتە دەرهێنانیان پارەی پێویستیان بەدەستەوە نەمابوو.

لەم ماوەیەدا فلۆرنتینۆ ئەریزا کە ناچاربوو لەیەك کاتدا گەلێ بەرپرسیاریی لەئەستۆ بگرێت، بەڵام ئەو کەچەشنی راوچییەکی نهێنی لە بۆسەدابوو، بەردەوام سەرقاڵی فراونکردنی کارە نهێنییەکەی بوو، هەرگیز لەمەدا ورەی بەرنەدا. دوای ئەزموونە ناڕێکەکەی لەگەڵ نازاریتی بێوەژندا کە دەرگای تێرکردنی ئارەزووەکانی لەسەرجادە بۆ خستە سەرپشت، هێشتا

بۆ دۆزینەوەی ئارامبەخشێ بۆ ئازاری فێرمینا دازا، ماوەی چەند ساڵێ درێژەی بەراوکردنی چۆلەکە بەرەڵاکانی شەودا. بەڵام تا ئەوکاتە کارەکەی بەشوێنێ گەیشتبوو کەدڵنیا نەبوو خووی رابواردن لە ساتەوەختی نائومێدیدا لەئەنجامی پێویستییەکی رۆحییەوە بوو یان تەنیا لە خووپێوەگرتنێکی ئاسایی جەستەوە سەرچاوەی دەگرت. کەمتر سەری لەئوتێلی راگوزەران دەدا. نەك لەبەرئەوەی ئارەزووەکانی لەشوێنانی تر تێر دەکرد بەڵکو لەبەرئەوەی حەزی نەدەکرد بەشێوەیەکی جیاواز لە جاران کەپاکبوو، ئەو کارانەی نەدەکرد لەوێ ببینن. وێڕای هەموو ئەمانەش لەسێ حاڵەتی ناچاریدا پەنای بۆ فێڵێکی ئاسان برد کە فێڵەکە پەیوەندی بە ماوەیەك پێش ئەوکاتەوە هەبوو. لەگەڵ ئەو کەسەدا کە لەگەڵیدا بوو هەردووکیان وایان لێکدەدایەوە کە دەناسرێنەوە، رەنگ وروخساری خۆیان دەگۆڕی و هاوڕێکەشی جلی پیاوانەی لەبەر دەکردو وەکو دووپیاوی بەرێزی شیك پۆش خۆیان دەکرد بەئوتێلی راگوزەراندا. سەرەڕای هەموو ئەو وردەکارییەی بەکاریان دەهێنا لە دوو حاڵەتدا یەکێك هەستی بەوەکرد کە فلۆرنتینۆ و هاوڕێکەی کە لەوە دەچوو پیاو بێت لەجیاتی ئەوەی خۆیان بکەن بەبارەکەدا خۆیان کرد بەژوورێکدا. بەمشێوەیە ئابڕووی فلۆرنتینۆ کە خۆی دابەزیبوو گورزێکی کوشندەی بەرکەوت. سەرەنجام نەك بۆ ئەوەی ئەوەی لەدەستی دابوو دەستی بکەوێتەوە، بەڵکو رێك بەپێچەوانەی ئەوەوە، واتە بۆ دۆزینەوەی پەنایەك کە تیایدا بتوانێت لە زیادە رەوییەکانی رابکات، چاوی لەوە پۆشی کە بچێت بۆ ئوتێلەکەو بەو شێوەیەکاری خۆی رێکخست کە سەعات پێنجی ئێوارە لەگەڵ بەجێهێشتنی شوێنی کارکردنیدا وەکو هەڵۆیەك راوی دەست پێدەکرد. سەرەتا بەوە قایلبوو کە بە شەو راوی دەکرد. لەپارکەکاندا بە شوێن کچانی خزمەتکاردا دەگەڕا. لەبازاڕدا بەدوای ژنانی گەنجی ڕەش پێستەوەبوو، لە کەنارە دوورە دەستەکاندا ئەو ژنە گەنجانەی راو دەکرد کە گومڕابوون. لەکەشتییەکانی (نیو ئۆرلیانن)یشدا

بەدوای ژنانی ئەمریکای باکووردا وێڵبوو. دەیبردن بۆ ناو دەریا بۆشوێنی شەڕە قۆچی شەپۆلەکان کەدوای خۆر ئاوابوون نیوەی خەڵکی شارەکە بۆ هەمان مەبەست روویان تێدەکرد. بۆ هەرکوێیەك بیتوانیانە دەیبردن و جاری واشبوو شوێنی دەستنەدەکەوت، ئەوجارانەش کەمنەبوون کە لەناچاردا بەپەلەپروزێ لەناو مەدخەلێکی تاریکی ماڵێکدا شتێکی دەکردو ئەوەی لەدەستی بهاتایەو بۆی رێبکەوتایە لێینەدەگەڕایەوە. فانۆسی دەریایی لەکەشوهەوای ناخۆشدا هەمیشە پەناگەیەکی باشبوو. فلۆرنتینۆ لەو سالأنەدا کە بەرەو قۆناغی پیریی دەچوو، هەموو کاروبارەکانی چووبوونە سەر سکەی خۆیان، بە هەستێکی غەریبەوە ئەو کاتانەی بەیاد دەهاتەوەو یادەوەریی پەلکێشی دەکرد. چونکە ئەو شوێنە بۆ خۆشڕابواردن بەتایبەتی لەشەودا جێگایەکی زۆر لەباربوو. چونکە هەستی دەکرد لەگەڵ هەر خولانەوەیەکی فانۆسەکەدا رووناکییەك لەڕابواردنەکەی ئەوەوە بەسەر کەشتیوانەکاندا دەدرەوشێتەوە. زیاتر لەهەر جێگایەکی دیکە سەری لەوشوێنە دەدا و هاوڕێکەشی کارمەندی فانۆسەکە، کە روخساری گێلانەی باشترین گرەنتی پاراستنی نهێنی ئەو چۆلەکە بچووکانە بوو کەزەندەقیان چووبوو، چێژی لەپێشوازییکردنی دەبینی. لەخوار فانۆسە دەریاییەکەوە لەنزیك دیواری شەپۆل شکێن کە شەپۆلەکان بەر دیوارەکە دەکەوتن و دەنگێکیان لێبەرز دەبۆوە لەسەر تەختە بەردەکانی نشێوی رۆخی دەریاکە، خانوویەك هەبوو کە وەکو کەشتییەکی شکاو دەهاتە پێشچاو رابواردن لەوێدا تام و لەزەتێکی تری هەبوو. بەڵام فلۆرنتینۆ لە سەعاتەکانی سەرەتای شەودا حەزی لە بورجی فانۆسەکە بوو، لەبەرئەوەی لەوێوە سەراپای شارەکەو درێژبوونەوەی رووناکی فانۆسەکان لەسەر بەلەمەکانی ماسیگرتن و تەنانەت زەلکاوەکانیش کە زۆر دوور بوون جوان لەبەرچاودا بوو.

لەو رۆژانەدا بوو کە دەربارەی پەیوەندی نێوان پێکهاتەی جەستەی ژنێك و توانای رابواردنی گەیشتە تیۆرێکی تاڕادەیەك سادە. باوەڕی بەژنانی

مەستیار نەبوو، واتە ئەوانەی واخۆیان نیشاندەدەن کەدەتوانن تیمساحێ
بەکانی قووتبدەن، ئاسایی لەناو جێگادا زۆر خراپ بوون، باشترین نموونە
بەلایەوە پێچەوانەکەی بوو: واتە ئەو بۆقە لەڕو لاوازانەی کە لەسەر شەقام
کەس تاقەتی ئەوەی نییە دووبارە سەرنجیان بداتەوە، کەدوای خۆ
رووتکردنەوەش وادیارە هیچ نین و لە یەکەم باوەش پێداکردندا بەتەقەو
قرچەی ئیسقانەکانیاندا مایەی بەزەیی پێداهاتنەوەن، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا
دەتوانن ئەو پیاوانەش تووڕ بدەنە تەنەکەی خۆڵەوە کەزۆر بەگەڵ وگون و
نێری خۆیانەوە دەنازن. بەمەستی نووسینی پاشکۆیەکی زانستی بۆ کتێبی
(ماوڕێی عاشقان) سەبارەت بەو سەرنجە سەرپێیانە کۆمەڵێ شتی
تۆمارکردبوو، بەلام ئەم تێزەشی رووبەڕووی هەمان چارەنووسی تێزی
پێشوو بۆوە کەئەم مەسەلەیە دوای ئەوەبوو کە (ئوسینسیا سانتادێن)
بەعەقڵی پیرانەی دای بە زەویدا، بەسەرسەرییەوە وەستا گۆڕی و کەسێکی
تری لێ دروستکرد، بەرهەمی تیۆریسینیەکەی بە باداو تەنیا شتێ کە
دەربارەی خۆشەویستیی دەبوو بیزانێ، فێریکرد ئەویش ئەوەبوو کە هیچ
کەسێ ناتوانێ ژیان فێری کەسانی دی بکات.

(ئوسینسیا سانتادێن) ئەزموونی بیست ساڵ شووکردنی ئاسایی
هەبوو. بەرهەمی ئەو شووکردنەی سێ کوڕ بوو کە ئەوانیش ژنیان هێنابوو
ببوونە خاوەنی منداڵ. بەجۆرێ خۆی بەوەوە بادەدا کە ئەنکێکە خۆشترین
شوێنی نووستنی هەیە لەشارەکەدا. ئەو مەسەلەیەی کە ئەم مێردەکەی
بەجێهێشتبوو، یان مێردەکەی ئەمی بەجێهێشتبوو یان هەردوو کیان لە یەک
کاتدا یەکتریان بەجێهێشتبوو هەرگیز ڕوون نەبۆوە، بەلام مێردەکەی
ماڵەکەی بەجێهێشتبوو بۆ ئەوەی بۆ هەتا هەتایی لەگەڵ عەشیقەکەیدا بژی
ر پاش ئەوەبوو کە ئوسینسیا ئازادبوو کە بەئوێژی نیوەڕۆ لەدەرگای
پێشەوە (رۆسیندۆ دی لا رۆسا) بکات بەژوورا کە کاپیتانێکی کەشتی
ڕووباربوو، ئاسایی پێشان نیوەشەوان لەدەرگای دواوە دەیکرد بەژووردا.

کاپیتان رۆژێ بەبێ بیرکردنەوە فلۆرنتینۆی لەگەڵ خۆیدا برد تا بەوژنەی بناسێنێ.

کاپیتان بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ فلۆرنتینۆی لەگەڵ خۆیدا برد. قەرابەیەك عەرەقی خۆماڵی و باشترین پێویستی بۆ ژەمێك خواردنی سەربازی لەگەڵ خۆیدا برد کە تەنیا بەمریشکی ماڵی و گۆشتی ئێسقان ناسك ئامادەبکرێ، بەڵام دەکرا بەگۆشتی بەرازی پەروەردەی خۆڵەعەمبار سەوزەو پاقلەمەنی شارەکانی کەناری رووباریش ئامادەبکرێ. هەر لە سەرەتاوە فلۆرنتینۆ ئەریزا ئەوەندەی شەیدای جوانی ماڵەکە بوو، دەستومەکوجی چێشت لێنانی ژنەکەو لوتفی شەیدای نەکرد. فلۆرنتینز لەبەرجوانی ماڵەکە ژنەکەی بەدڵداچوو. ماڵەکە لە لایەکەوە چوار پەنجەرەی گەورەی هەبوو کە بەسەر دەریادا دەیانڕوانی و لەلاکەی ترییەوە بە تەواوی دیمەنی شارە کۆنەکە بەدیدەکرا. چەندێتی و رەونەقی ئەوشتانەی پێخۆشبوو کە پووکەشێکی ساختە لەهەمان کاتدا وردی بە ژووری میوانەکە دەدا. چەند شتێکی وەك شتی دەستکرد بوون کە کاپیتان (رۆسیندۆ دی لا رۆسا) لە سەفەرە جۆراو جۆرەکانی هێنابووی. هەموو شوێنەکان پڕبوون و لەژوورەکەدا جێگەی یەك پارچەی تر نەمابۆوە. لەباڵکۆنەکەدا کەبەسەر دەریادا دەیڕوانی تووتییەکی کاکۆڵداری مالاسیێ بە پەڕوباڵێکی سپی وەك بەفرو ئارامییەکەوە کەمرۆڤی سەرسام دەکردو دەیخستە دەریای بیرکردنەوەوە لەسەر ئەڵقە تایبەتییەکەی خۆی هەڵنیشتبوو. ئەم تووتییە جوانترین گیانەوەرێ بوو کە فلۆرنتینۆ لەژیانیدا دیبووی.

کاپیتان (رۆسیندۆ دی لا رۆسا) کەشەوق و زەوقی میوانەکەی سەرنجی راکێشابوو بەدوورودرێژی چیرۆکی هەریەکە لە شتەکانی بۆ گێڕایەوە. لەکاتێکدا قسەی دەکرد بەردەوام نیو پێك نیو پێك عەرەقی دەخواردەوە وەك ئەوەی لەچیمەنتۆ دروستکرابێ: کەتەو تووکنبوو جگە لەسەری، بەسمێڵێکی زلی وەك فڵچەی رەسامەوە، بە ئەدەب و نەزاکەتێکی

نائاسایی و دەنگێکی وەك چەرخی لەنگەرەوە کە تەنیا دەیتوانی لەگەڕووی ئەوەوە بێتە دەرێ. بەڵام ئەو لەشە زلەی توانای بەربەرەکانێی نەبوو لە بەرامبەر ئەو هەموو مەشروبەدا کە دەیخواردەوە. بەرلەوەی لەسەر مێزەکە دابنیشێت نیوەی قەڕابەکەی خواردبۆوەو وەکو لادیوارێ کە بە هێواشی بروخێ بەدەما کەوت بەسەر گلاس و بتڵەکاندا. (ئوسینسیا سانتادێر) ناچاربوو بۆنەوەی لاشەی بێهۆشی ئەم نەهەنگە لەقوڕا چەقیوە بباتە سەرجێگای نووستنەکە، داوای یارمەتی لەفلۆرنتینۆ ئەریزا بکات.
کاپیتانیان بردە سەر جێگاکەو جلەکانیان لەبەرداکەند. پاشان لەکاتێکدا کە ئەستێرەی بەختیان جووتبوو، لەژوورەکەی بەرامبەر بەبێنەوەی پێشان پێکهاتبێ یان خۆیان بۆ ئامادەکردبێت یان تەنانەت ئاماژەشیان دابێت خۆیان رووتکردەوە. ماوەی زیاتر لەحەوت ساڵ لەو کاتانەدا کە کاپیتان لەسەفەربوو، کاتەکە دەگونجا درێژەیان بەم خۆ رووتکردنەوەو جووتبوونەدا. هیچ ترسێکیان لەوە نەبووکە کاپیتان لەپڕ بێت بەسەریاندا، چونکە کاپیتان نەریتی کەشتیوانیی بەباشی لەبەرکردبوو کە تەنانەت لەبەرەبەیانیشدا بە فیکەی شاوری کەشتییەکە بەندەرەکەی ئاگادار دەکردەوە کە گەیشتووە. یەکەمجار سێ لوورەی درێژی لەشاورەکە هەڵدەسان بۆ ژنەکەی و نۆ منداڵەکەی پاشان دوو لوورەی کورتی ماخۆلیایی بۆ دەنگەکەی.
(ئوسینسیا سانتادێر) تەقریبەن پەنجا ساڵ تەمەنی بوو، رووخساریشی هەر وای نیشاندەدا، بەڵام ئەوەندە بەجۆشبوو لەمەسەلەی سێکسدا حاڵەتی لەگەڵ تیۆرە زانستی و پراکتیکییەکاندا نەدەهاتەوە. فلۆرنتینۆ ئەریزا بەپێی رێبەری هاتوچۆی کەشتییەکان دەیزانی کەی بچێت بۆ سەردانی و هەمیشە بێئاگادارکردنەوە دەچوو بۆلای. هەرکاتێ بیویستایە لە هەر کاتێکدا بووایە شەوبووایە یان رۆژ دەچوو بۆلای و تەنانەت یەکجاریش رێکنەکەوت کە ئوسینسیا چاوەڕوانی نەبوبێت. بەهەمان

وریاییەوە دەرگای لێدەکردەوە کەدایکی تاتەمەنی حەوت ساڵیی فێری کردبوو: بەڕووت وقووتی دەوەستا. بەڵام پەڕۆیەکی نایلۆنیی دەبەست بەسەرییەوە، نەیدەهێشت یەك هەنگاو بێتە پێشەوە بەرلەوەی جلەکانی لەبەر داکەنێ، چونکە باوەڕی وابوو بوونی پیاو لەناو ماڵدا بەجلەکانییەوە نوقڵانەیەکی شوومە. ئەمەش هۆیەك بوو بۆ ململانێی هەمیشەیی لەگەڵ کاپیتان (روسیندو دی لا رۆسا) لەبەرئەوەی ئەویش باوەڕی بەوە هەبوو کە جگەرە کێشان بەڕووتیی مەسەلەیەکە ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە، هەروەها حەزی لەوەشبوو کە جووتبوونی دوابخات هەتا جگەرە کوبییە ئەسڵەکەی دەکوژێنێتەوە. بەڵام فلۆرنتینۆ ئەریزا، زۆری حەز لەجوانییەکانی خۆ رووتکردنەوە بوو. بۆیە ژنە هەرلەگەڵ داخستنەوەی دەرگاکەدا بێئەوەی بواری ئەوەی بدات سەلام بکات یان چاویلکەو کڵاوەکەی داکەنێ بەلەزەتەوە جلەکانی لەبەردادەکەند، ماچی دەکردو ماچی پەڕاگەندەی بەردەکەوت. لەخوارەوە بۆ سەرەوە دەستی بە رووتکردنەوەی دەکرد، لە زنجیری پانتۆڵەکەیەوە دەستی پێدەکرد، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا ماچێکی دەکرد. ئینجا قایشی پانتۆڵەکەی دەکردەوە. پاشان هێلەك و کراسەکەی. هەتا وەکو ماسییەکی سك هەڵدڕاو دەهاتە ناو دەستییەوە، دواتر لە ژووری میوانەکە دایدەنیشان و پێڵاوەکانی لەپێ دادەکەند. پاشان پانتۆڵ و تراکستوونە درێژەکەی ژێرەوەشی بەیەکجار رادەکێشاو دایدەماڵی. دواجار پوزەوانە مەتاتییەکانی و گۆرەوییەکانی دادەکەند، ئەوسا فلۆرنتینۆ ئەریزا لەماچکردنی دەوەستاو نەیدەهێشت ئەویش ماچی بکات. بۆئەوەی ئەوکارە بکات کە لەو کاتانەدا بەوردی ئەنجامیدەدا: ئەویش بریتی بوولەوەی سەعاتەکەی کە بە زنجیر پێوەی کردبوو لەهێلەکەکەی دەکردەوەو چاویلکەکەی دادەکەند، هەردووکیانی دەخستە ناو پێڵاوەکانییەوە بۆ ئەوەی دڵنیابێت کە لە بیری ناچن. هەرکاتێ لەماڵێکی نامۆدا خۆی رووت بکردایەتەوە هەمیشە بە وردی ئەمەی دەکرد بەبێئەوەی لە یادی بچێت.

هەرکەفلۆرنتینۆ ئەمەی تەواو دەکرد یەکسەر ئوسینسیا پەلاماری دەدا بە بێنەوەی بواری بدات هیچ شتێکی دیکەی بدات، جاریوابوو هەر لەسەر ئەوکورسییەی کە ڕووتیکردبۆوە دەچووە گژی، هەندێ جاری کەیش لەسەر سیسەمەکە دەیخستە ژێرو دەیڕەتاند، بە تەواوی کۆنترۆڵی دەکرد. خۆی گرژ دەکردو چاوانی دەنوقاند، شارەزای هەموو شوێنە هەستیارەکانی بوو، بەئاسانی دەیدۆزینەوە. دەچووە پێشەوەو دەهاتە دواوە، شوێنەکانی لەبەربوو بەبێئەوەی بەچاو تەماشایان بکات، هەوڵیدەدا زیاتر خۆشی بڕەتێنێ بۆئەوەی خۆشی و لەزەتی زیاتری دەسکەوێ. بەدوای شێوازێکی تردا دەگەڕا بەبێئەوەی لەزەلکاوی ژنێتدا نقوومبێت کە پێشکییەوە دیاربوو. وەکو گیزەی مێشێ پرسیاری دەکردو خۆشی وەڵامی خۆی دەدایەوە، دەیپرسی لەناو تاریکییەکەدا ئەو شتە لەکوێدایە کەتەنیا خۆی دەیناسی و حەزیشی دەکرد هەربۆ خۆی بێت و بەشی کەسی تری پێنەبێت. تا لەپەلوپۆ دەکەوت، هەستی بەتەقینەوەی سەرکەوتنێکی گەورە دەکرد کە هەموو دنیای دەهێنایە لەرزەو فلۆرنتینۆ ئەریزاش پرزەی لێدەبڕاو، بە گێژی لەناو گۆمی عارەقدا دەمایەوە، ئەوەی بەخەیاڵدا دەهات ئەوەر جگە لە ئامرازێکی لەزەت شتێکی دیکە نییە. ئەوسا پێیدەوت " تۆ وامامەڵەم لەگەڵدا دەکەی وەك ئەوەی کەسێکی زیاد بم" ئەویش وەك ژنێکی بەرەڵڵا دەیدایە قاقای پێکەنین و دەیوت " بەڵکو وەك ئەوەی کەسێکی کەم بیت" فلۆرنتینۆ دەگەیشتە ئەو باوەڕەی ژنەکە بەچاوچنۆکیی و زاڵییەوە دەست بەسەر هەمووشتێکدا دەگرێت، نەفس بەرزیی لەکەللەی دەدا و لەماڵەکە دەچووە دەرەوە، بڕیاریدەدا جارێکی تر سەر بەو ماڵەدا نەکاتەوە. بەڵام کاتێ لەنیوە شەودا بەتەنیایی لەپڕ خەبەری دەبۆوە بڕیارەکەی لەیاد دەچۆوە. یادەوەریی خۆشەویستیی وێڵی (ئوسینسیا سانتادێر) ڕاستییەکی بۆ ئاشکرا دەکات: داوێکی بەختەوەرییە لەهەمان کاتدا لێی بێزارەو حەزیشی لێدەکات واتە دەشیخورێت و دەشییەشێت بەلام محاڵە بتوانێ

لەدەستی رابکات. لەگەڵ ئەوەدا کە فلۆرنتینۆ ئەریزا لە رۆژی یەکەمەوە لەماڵەکەی نوسینسیادا هەستی بەناسوودەیی دەکرد کە وەکو ماڵی خۆی خۆشیبوێت بەڵام هەرگیز لەدوو سەعات زیاتر لەوێ نەدەمایەوە، هەرگیز لەوێ نەدەخەوت و تەنیا جارێك کە نوسینسیا بەرەسمی داوەتیکردبوو لەوێ نانیخوارد. فلۆرنتینۆ ئەریزا تەنیا لەبەر ئەو شتە دەچوو بۆ ئەوێ کە لە پێناویدا هاتبوو، تەنیا دیارییەك کە لەگەڵ خۆیدا دەیبرد گوڵێکی سوور بوو. لەدوای هەر سەردانێك تاماوەیەك کە پێشبینی نەدەکرا دیار نەدەما. بەڵام لە رۆژێکی یەکشەممەدا، لەدوای دووساڵ لە یەکتر ناسینیان، کاتێ گەیشت یەکەم شت کە نوسینسیا کردی ئەوەبوو لەجیاتی ئەوەی رووتی بکاتەوە، چاویلکەکەی لەچاوی داکەند بۆئەوەی بتوانێ بەباشی ماچی بکات، فلۆرنتینۆ هەستیکرد ژنەکە خۆشی دەوێت. لەبەر ئەم کردەوەیە و لەبەرئەوەی لای ئەم ژنە هەستی بەئارامی دەکرد، لەسەر سیسەمەکەی کاپیتان راکشاو دوای جووتبوونێکی خۆش خەوی لێکەوت پاشان نوسینسیاش لەتەنیشتییەوە راکشاو خەوی لێکەوت. هەموو ئەو پاشنیوەڕۆیەیان بەڕووتی لەسەر سیسەمە فەرەحەکەی کاپیتان بەسەربرد، دوای ئەوەی سەرخەوێکیان شکاند و بەخەبەرهاتن، فلۆرنتینۆ هەستیکرد هێشتا قیژەی ناخۆشی تووتییە سپییەکە لەگوێیدا دەزرنگێتەوە و حاڵی تووتییەکە باش نییە. بێدەنگیی دوای ئەوە لە گەرمای سەعات چواری عەسردا باش هەستی پێدەکرا، لەبەر هەتاوی عەسردا لەپەنجەرەی ژووری نووستنەکەوە دەتوانرا دیمەنی شارەکۆنەکەو گومەزە ئاڵتوونییەکان و دەریا درەوشاوەکەی بەدیبکرێ کە لەدرێژبوونەوەیدا دەچووەوە سەر رێگای جامایکا. نوسینسیا دەستە نەسرەوتەکەی بۆ زەکەری فلۆرنیتنۆ درێژکرد، بەڵام ئەو دەستی ژنەکەی لابردو وتی:

–ئێستا نا! هەستێکی سەیرم هەیە، وەك ئەوەی کەسێ ئێمەی بینیبێ.

ئوسینسیا بەپێکەنینە گاڵتەجارییەکەی تووتییەکەی تووڕە دووبارەکردەوە وتی:

-تەنانەت ژنەکەی یونسیش باوەڕبەم حیکایەتە ناکات.

دیارە ئوسینسیاش باوەڕی نەکرد، بەڵام ئەوەی پەسەندکرد کە سەرنجراکێشە، دوای ئەوە ماوەیەکی زۆر بەبێنەوەی جووتببنەوە، ئەنیشت یەکەوە راکشان. لەسەعات پێنجدا کەهێشتا خۆر بەرز بوو، ژنە بە رووتوقووتی و بەپەڕۆکەی ناوچەوانییەوە لەسەر سیسەمەکە بازدیدایە خوارەوەو چوو بۆ موبەقەکە بۆئەوەی شتێ پەیدا بکات بیخۆنەوە. بەڵام هێشتا هەنگاوێ لە ژوورەکە نەچووبووە دەرەوە کە بە شێوەیەکی ترسناک قیژاندی.

نەیدەتوانی باوەڕ بکات، تەنیا شتێ کە لەماڵەکەدا مابۆوە چرا دیوار کۆکان بوو. باقی کەلوپەل و ئەساسی ناو ماڵەکە، قالیچەی هندی، پەیکەرو پەردەی قاڵی دەستچن، زێڕوزیوی دروستکراو لە کانزاو بەردی گرانبەها و دواجار تەواوی ئەو شتانەی کەماڵەکەی کردبووبە یەکێك لە دڵگیرترین و رازاوەترین ماڵەکانی شار، ببوو بەهەڵم و دیار نەمابوو. تەنانەت تووتییە پیرۆزەکەش هیچ سۆراخێکی نەبوو. لەو باڵکۆنەوە کە بەسەر دەریادا دەیڕوانی هەمووشتەکانی ناو ماڵەکەیان دزیبوو بەبێ ئەوەی لەماچ وموچ و جووتبوونیان بکەن. تەنیا ژوورەکان بەچۆڵیی مابوونەوە بەچوار پەنجەرەی کراوەوە لەگەڵ پەیامێك کە لە سەر دیواری ناو دەستەکە نووسرابوو: " ئەمە شتێکە لە سۆزانێتییەوە بەنسیبی ژنان دەبێت!"

کاپیتان (رۆسیندۆ دی لا رۆسا) هەرگیز ئەو مەتەڵەی بۆ هەڵنەمات بۆچی (ئوسینسیا سانتادێر) سەبارەت بەدزییەکە پۆلیس ئاگادار ناکاتەوە، یان پەیوەندی بەوکەسانەوە ناکات کەشتی دزراو دەکڕنەوەو تەنانەت بواری ئەوەش نادات باسی بەدبەختییەکەی بکرێت.

فلۆرنتینۆ ئەریزا هەروا لەو ماڵە تالانکراوەدا کەشتەکانی کەسبێوە بۆ سێ کورسی چەرم کەدزەکان لە موبەقەکە بەجێیان هێشتبوو لەگەڵ شتەکانی ژووری نووستن کە لەکاتی دزییەکەدا خۆی و ئوسینسیا تیایدا سەرقاڵبوون، درێژەی بە سەردانەکانی دەدا. بەڵام سەردانەکانی فلۆرنتینۆ بەقەد جاران نەبوو، هەڵبەتە وەکو ژنەکە مەزەنەی دەکردو پێیدەوت، لەبەر وێرانی و پەرێشانی ماڵەکە نەبوو، بەڵکو پەیدابوونی کەرەڤانەیەکی تازە بابەت بوو کە هێستر رایدەکێشاو لەسەدەی تازەدا بەشاردا دەخولایەوە، ئاشکرابوو کە هێلانەیەکی سەرسورهێنەرو تازەبوو بۆ فڕینی ئازادانەی چۆلەکەکان. فلۆرنتینۆ رۆژی چوارجار سواری ئەو کەرەڤانەیە دەبوو، دووجار بۆسەر ئیش و دووجاریش بۆ هاتنەوە بۆماڵەوە، جاری واشبوولەناو کەرەڤانەکەدا دەیخوێندەوە، زۆرجاریش خوێندنەوەکەی رووکەشبوو، بەلای کەمەوە یەکەم هەنگاوی بۆ ژوان دادەنا. پاشان، کاتێ لیۆنی مامی گالیسکەیەکی خستە بەردەستی کەدوو هێستری بچووکی بۆرە رایاندەکێشاو بەزین وبەرگی ئالتوونیی رازێنرابوونەوە، رێک وەکو گالیسکەکەی سەرکۆمار رافائیل نونیز وابوو. فلۆرنتینۆ حەزی بەخولانەوە دەکرد لەناو کەرەڤانەکەدا چونکە لەورۆژانەدا بوو کەوەکو هەڵۆیەک بەهۆی ئەو کەرەڤانەیەوە باشترین دەسکەوتی هەبوو. لە مەیاندا فلۆرنتینۆ لەسەر حەقبوو، چونکە هیچ دوژمنێ بۆ رابواردن لەگالیسکەیەکی تایبەتی خراپتر نییە کە لەبەردەرگای ماڵاندا دەوەستێ. لەراستیدا تەقریبەن هەمیشە گالیسکەکەی لەماڵەوە دەشاردەوە و بەپیادە هەڵۆ ئاسا دەستی بەگەڕان دەکرد بۆئەوەی شوێنی تایە لەسەر زەوییەکە بەجێنەهێڵێ. فلۆرنتینۆ لەبەرئەوەی کەرەڤانەی هێستره لات و لاوازو کەفەڵ بریندارەکانی بە هەستێکی دڵتەنگیی گەورەوە بەیاد دەهێنایەوە کە لەناو ئەو هەموو یادەوەرییە هەستیارانەدا، نەیدەتوانی یادی چۆلەکەیەکی بچووکی کۆچەری لەبیری خۆی بەرێتەوە کە هەرگیز ناویشی فێر نەبوو. تەنیا نیوەشەوێکی پڕ

شەوق و زەوق و شێتانەی لەگەڵدا بەسەربرد، بەڵام ئەو شەوەی بەسبوو بۆ ئەوەی هات و هاواری بێئازاری کەرنەڤاڵەکە هەتا کۆتایی تەمەنی لەبەر چاوی بێبایەخ بێت. کچەکە لەبەرئەوەی بێخەیاڵ لەجەنگی جەژنی گشتییدا دەخولایەوە، سەرنجی فلۆرنتینۆی بەلای خۆیدا راکێشا. نەدەبوو تەمەنی لە بیست ساڵ زیاتربێ و وانەدەهاتە بەرچاو کە شەوق و زەوقی هەبێت بۆ کەرنەڤاڵەکە، مەگەر ئەوەی بەدەستی ئەنقەست بچێتە قاڵبی کەسێکەوە کەگوێ بەهیچ نادات. قژی بریقەدار و خاوو درێژی بەسەر شانەکانیدا پەخش و پەرێشان بوو. بەرگێکی کەتانی سادەی لەبەردابوو. کچەکە زۆر بێزار بوو لە پاشاگەردانیی مۆسیقای سەرجادەکان وئەو ئاردە برنجەی بەچنگ لەخەڵکیان دەگرت و ئەو مەرەکەبەی کە بەخەڵکەکەیاندا دەپرشت کە سواری کەرەڤانەکان ببوون و هێسترەکانیان بەئاردی گەنمەشامی سپی ببوون، لە ماوەی ئەوسێ ڕۆژی کەرنەڤاڵەدا کە بەشێتی ناو دەبرا کڵاوی گوڵداریان کردبوو بەهێسترەکانەوە، کچەکە وەتاق کەوتبوو. فلۆرنتینۆ بەسوود وەرگرتن لەقەرەباڵغییەکە لەبەرئەوە داوەتیکرد بۆ بەستەنی خواردن چونکە پێیوابوو ناتوانێ لەوە زیاتری لێداوا بکات. کچەکە بە بینەوەی سەرسامیێ تەماشای فلۆرنتینۆی کردو وتی:

-بەوپەڕی ئارەزووەوە داوەتەکەت قبوڵدەکەم، بەڵام ئاگادارت دەکەمەوە کەمن کچێکی شێتم.

فلۆرنتینۆ ئەریزا بەگاڵتەکەی پێکەنی و لەگەڵیدا چوو بۆ تەماشاکردنی عەرەبانە رازاوەکان لە باڵکۆنی بەستەنیخانەکەوە. کچەکە ئەرشاڵەی دابەخۆیدا کە بەکرێ هێنایان و هەردووکیان لەسەمای مەیدانی دایرەی گومرگدا بەشدارییانکرد، وەکو دووڵدار کە تازە عاشقی یەکتری بوون، بەخۆشی رایانبوارد، بەرەڵایی کچەکە لەئاشووبی ئەو شەوەدا گەیشتە ئەوپەڕی جۆش وخرۆش. وەکو سەماکەرێکی راستەقینە سەمای دەکرد. ئەم کچە بەقەد خەیاڵی لەشادومانیدا ئازاو چاونەترسبوو،

سیحرێکی وێرانکەری تێدابوو. لەکاتێکدا لە گەرموگوڕی کەرنەڤاڵی بەتەواوی هەژابوو پێکەنی وقیژاندی:

-تۆ نازانی لەگەڵ مندا تووشی چ دەردە سەرییەك بووی، من ژنێکی شێتی شێتخانەم!

بەلای فلۆرنتینۆوە ئەوشەوە گەڕانەوەیەك بوو بۆ قۆناغی پڕ یادەرەویی هەرزەکاریی- گەڕانەوەبوو بۆ قۆناغێ کە هێشتا خۆشەویستیی دڵی بریندار نەکردبوو. بەڵام فلۆرنتینۆ زیاتر بەپشتبەستن بەقسەی کەسانی دی نەك ئەزموونەکانی خۆی، دەیزانی کە ئەم خۆشییە بەلاشە زۆر درێژە ناکێشێ، هەربۆیە بەر لەپێچانەوەی رەشماڵی شەو و پێش ئەوەی خەڵاتی باشترین جل و بەرگەکانی کەرنەڤاڵەکە دابەشبکرێن، داوای لەکچەکە کرد بچن بۆ فانۆسی دەریایی و لەوێوە تەماشای خۆرهەڵاتن بکەن. کچەی بەوپەڕی خۆشییەوە داواکەی قبوڵکرد، بەڵام داوایکرد هەتا دوای دابەشکردنی خەڵاتەکان بمێننەوەو ئەوسا بڕۆن.

ئەو دواکەوتنە ژیانی فلۆرنتینۆ ئەریزای رزگارکرد. لەکاتێکدا کچەکە ئاماژەی بۆ دەکرد کەکاتی ئەوە هاتووە رێوڕەسمەکە بەجێبهێڵن و بچن بۆ فانۆسی دەریایی، دووپاسەوان و پەرستارێك لە تیمارستانی شێتەکانی (شیفردس) پەلاماریاندا. ئەمان و تەواوی هێزەکانی پۆلیس، لەسەعات سێی پاش نیوەڕۆوە کە رایکردبوو هەتا ئەم شوێنە بەدوایەوە بوون. کچەکە لەبەرئەوەی دەیەویست بۆ سەماکردن بچێت بۆ کەرنەڤاڵەکە، پاسەوانێکی سەربڕیبوو، بەداسێك کە لە باخەوانەکەی دزیبوو، دوو کەسی تریشی بە سەختی بریندار کردبوو. کەس ئەوەی بە خەیاڵدا نەدەهات کچەکە لەسەر جادەکان سەما بکات.ئەوان وابیریان دەکردەوە کە لە یەکێ لەماڵە زۆرو زەوەندەکانی ئەو دەورووبەرەدا خۆی شاردبێتەوە کە تەنانەت ناو تەنکی ئاوەکانیشیان گەڕابوون.

بردنی کچەکە کارێکی ئاسان نەبوو. بەمقەستێکی باخەوانیی کە لە سینەبەندەکەیدا شاردبوویەوە بەرگری لەخۆی کردو بۆ لەبەرکردنی کراسی تایبەتی شێتەکان شەش پیاو ناچار بوون پەلاماری بدەن. بگرەو بەردە خوێناوییەکە لەکاتێکدا بوو کەخەڵکەکە وایانـدەزانی یەکێکە لەنمایشە پێکەنین هێنەرەکانی کەرنەڤاڵەکە. خەڵکەکە شێتانە فیکەیان لێدەدا، بە هاواری خۆشی ئافەرینکردن، مەیدانی دایرەی گومرگیان داگیریان کردبوو. فلۆرنتینۆ ئەریزا دڵشکاو لەرۆژی چوارشەممەی خۆڵەمێشدا لەبەرخاتری کچەکە، بەپاکەتێ نەستەلەی ئینگلیزییەوە لە شەقامی شێتەکانی (شیفردس)دا پیاسەیدەکرد. لەوێ دەوەستاو لە شێتەکانی تیمارستان رادەما کە لەپەنجەرەکانەوە جۆرەها جوێنیان پێدەداو بەجۆرەها شێوە نازەڵەیان دەکرد. تەماشای ئافرەتە شێتەکانی دەکرد پاکەتی نەستەلەکەی نیشاندەدان بەو ئومێدەی کەبەخت یاری بێت و کچەکەش لەنێوانی شیشەکانەوە تەماشای بکات. بەڵام هەرگیز کچەکەی نەبینی. چەند مانگێ دوای ئەوە لە کاتی دابەزین لەکەرەڤانەیەك کەهێستر رایدەکێشا کچێکی بچووك کە لەگەڵ باوکیدا بۆ گەران هاتبووەدەرێ، داوای یەکێ لە نەستەلەکانی ناو پاکەتەکەی کرد کەهەمیشە بەدەست فلۆرنتینۆوە بوو. باوکی کچەکە بەتوندی سەرزەنشتی کچەکەی کردو داوای لێبووردنی لە فلۆرنتینۆ کرد. فلۆرنتینۆ پاکەتە نەستەلەکەیدا بەمناڵەکە، بەوهیوایەی لەبیرەوەرییە تاڵەکانی رزگاربێت بە هێواشی دەستێکیدا بەپشتی باوکی کچەکەداو ئارامی کردەوەو وتی:

-ئەمەم بۆ خۆشەویستێ هێنابوو کە بەرەو دۆزەخ ملینا.

رەنگە ئەوەش جۆرێ لە تۆڵە بۆ کردنەوەی قەدەر بووبێت کەدیسان فلۆرنتینۆ لەکەرەڤانەیەکدا کە هێستر رایدەکێشا لیۆنا کاسیانی ژنی راستەقینەی ژیانی دۆزییەوە. ئەگەرچی هیچیان لەو مەسەلەیە حاڵی نەبوون و هەرگیز پێکەوە جووتنەبوون. سەعات پێنجی عەسری رۆژێ کە فلۆرنتینۆ

لە کەرەڤانەکەدا دانیشتبوو دەگەڕایەوە بۆماڵەوە، بەر لەبینینی ژنەی هەستی بە قورسایی نیگایەك کرد، ئەو نیگایە وەکو سەری پەنجەیەك وابوو کە بەری کەوتبێت. فلۆرنتینۆ سەری هەڵبڕی و لەوسەری کەرەڤانەکە بەجوانی کاسیانی بینی کە لە باقی نەفەرەکان جیاوازبوو. لیۆنا کاسیانی نەك هەرنیگای لەئاستی نیگای فلۆرنتینۆدا لانەبرد بەڵکو بە پێچەوانەوە وەها بە بێشەرمییەوە تەماشای کرد کە فلۆرنتینۆ نەیتوانی خۆی لەو خەیاڵ دەرباز بکات کە: ئەم رەشپێستە گەنج و جوانە بێگومان سۆزانییە. بەڵام لەژیانی خۆی کردییە دەرەوە، چونکە نەیدەتوانی وێنای شتێ بکات ی سێکسکردن بەپارە دزێو تربێت: هەرگیز شتی وای نەکردبوو.

فلۆرنتینۆ ئەریزا لەمەیدانی گالیسکەکان دابەزی کە کۆتایی خەتەکە بوو. بە پەلە دەیەویست بەپێنج وپەنای کڕین و فرۆشتن قەرەباڵغەکاندا تێپەڕێ و لە سەعات شەشدا خۆی بگەیەنێتە لای دایکی ی چاوەڕوانیبوو، لەوسەری شۆستەکەوە گوێی لە تەقەی پێڵاوەکانی ژنێکی سۆزانی بوو. ئاوڕیدایەوە بۆ ئەوەی جەخت لەوە بکاتەوە کەپێشان دەیزانی. خۆیبوو، جلوبەرگێکی وەك کۆیلەی ناو وێنەی لەبەردابوو. تەنورەیەکی موشەبەکی لەپێدابوو کە بەسەر گۆلاوەکانی سەر شەقامەکاندا دەڕۆی بەجوڵەیەکی جوانی وەك هی سەماکەرێ بەرزی دەکردەوە. بەدیە یەخەکراوەکەی وایدەکرد تەماشای شانە رووتەکانی بکەی، ریزێ ملوانکەی رەنگاورەنگی لەملدا بوو پەڕۆیەکی سپیش بەسەریەوە بوو. فلۆرنتینۆ ئەریزا لە ئوتێلی راگوزەرەکانەوە ئەم سەروسیمایەی دەناسی. جاریوابوو ئەمانە هەتا سەعات شەشی ئێوارە نانی بەیانیان نەدەخوارد، پاش ئەوە تەنیا کارێ کە دەیانتوانی بیکەن سوود وەرگرتن بوو لە یەکەم پیاو کە لەسەر شەقام دەهاتە رێیان و نمایشکردنی وروژێنەری لەش و لاریان بۆ سێکس وەکو خەنجەری رێگرەکان دەخستە سەر ملی ئەو پیاوەی دەهاتە رێیان. فلۆرنتینۆ ئەریزا بۆ دوا دڵنیاکردنەوە رێگاکەی گۆڕی و خۆیکرد بەکۆڵانی

(کاندیلیبیخو)ی چۆڵ و هۆڵدا کچەکە بە دوایدا دەڕۆیشت و سات بەسات زیاتر لێی نزیک دەکەوتەوە. فلۆرنتینۆ وەستاو بەخێرایی ئاوڕیدایەوە لەسەر پیادەڕەوەکە ڕێگەی بە کچەکە گرت و هەردوو دەستی خستە سەر چەترەکەی و پالێپێوەدا. کچەکە بەرامبەری وەستا. فلۆرنتینۆ وتی:

-بە هەڵەداچووی! من ئەو کەسە نیم کەدەتەوێت!

- چۆن، خۆتی، لەناوچەوانت نووسراوە!

فلۆرنتینۆ ئەریزا ئەو دەستەواژانەی بەیاد هاتەوە کە بەمناڵی لە دکتۆری خێزانەکەی و باوکی رۆحیی بیستبوو سەبارەت بە قەبزی هەمیشەیی. ئەو دکتۆرە دەیوت" دنیا لەنێوان ئەو کەسانەدا کە دەتوانن باش گوبکەن و ئەوانەی کە بەخراپی گودەکەن دابەشبووە." دکتۆر لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپە تیۆرێکی تەواوی دەربارەی کەسێتییەکان داڕشتبوو کە لەزانستی ئەستێرەناسیی زیاتر بەڕاست وردی دەزانی. بەڵام فلۆرنتینۆ بەحسابکردن بۆ ئەو شتانەی فێری ببوو لە ساڵانی دوای منالییدا ئەم رستەیەی بەمشێوەیە دەردەبڕی " دنیا لە نێوان ئەو کەسانەدا کە ئەندامی سێکسییان بەرەڵڵا کردووەو ئەوانەی خۆیان بە دوور دەگرن دابەش دەبێت" فلۆرنتینۆ باوەڕی بەو کەسانە نەبوو کەخۆیان بەدوور دەگرت چونکە باوەڕی وابوو کاتێ ئەمانە لەڕێ لادەدەن، ئەم مەسەلەیە هێندە بەلایانەوە چاوەڕوان نەکراوە کە دەربارەی سێکس کردن بەجۆرێ لاف و گەزاف لێدەدەن وەک ئەوەی تازە دایان هێنابێ. لەلایەکی ترەوە ئەوانەی کەزۆر بایەخ بەم مەسەلەیە دەدەن، ژیانیان بۆ ئەمە دەوێت. ئەمانە بەو هەستە جوانەوە کە لەیانە وەکو ئەوە وایە لەبەرد دروست کرابن و قفڵی بێدەنگیی لەدەمیان دەدەن، چونکە دەزانن کە ژیانیان بە دووربینییانەوە بەندە. ئەمانە هەرگیز باسی راوەکانی خۆیان ناکەن و متمانە بەکەس ناکەن تائەو رادەیە لەهەرکەشدا بەگوێپێنەدان زیادەڕەویی دەکەن کە بە بێتوانایی سێکس یان تێرەسووک ناو دەربکەن وەکو فلۆرنتینۆ ئەریزا. بەڵام ئەمانە ئەم هەڵەیەی

خۆیان بەگشتیی دەکەن بۆ ئەوەی پارێزگارییان بۆ دروستبکات. ئەمانە کۆمەڵگایەکی نهێنی دروستدەکەن کە ئەندامەکانی لەسەرانسەری دنیادار بەبێ پێویستیی زمانێکی هاوبەش یەکتری دەناسن و هەست بەیەکتری دەکەن. لەبەر ئەم زانینە بوو کە وەڵامی کچەکە فلۆرنتینۆی سەرسام کرد. کچەکە یەکێك بوو لەئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەو دەیزانی کە فلۆرنتینۆش ئەوە دەزانێ کە ئەم پێگەی خۆی دەزانێت.

ئەمە گەورەترین هەڵەی ژیانی فلۆرنتینۆ بوو ویژدانی هەتا دوا رۆژی ژیانی هەموو سەعاتێ بەیادی دەهێنایەوە. ئەوەی کەکچەکە لەوی دەویست سێکس نەبوو- یان بەلای کەمەوە سێکسێ نەبوو لە بەرامبەریدا پارە وەربگیرێت. داوای کچەکە کارێك بوو، هەرجۆرە کارێك و بەهەر مووچەیەك بێت لە کۆمپانیای کاریبی بۆ کەشتیوانی رووبار. فلۆرنتینۆ لەرەفتاری خۆی هێندە هەستی بەشەرمەزاریی کرد کەبردی بۆلای بەڕێوەبەری کارگێریی کۆمپانیاکەو ئەویش نزمترین ئیشی لەبەشی گشتیی پێسپارد، کچەکە سێساڵی تەواو بەجدییەت و حەزو نەجیبییەوە کارەکەی کرد.

کۆمپانیای ك. ك. ڕ لەکاتی دامەزراندییەوە بەرامبەر لەنگەرگای رووبار بوو، هیچ شتێکی لەبەندەری کەشتییە هەڵمییە ئۆقیانووسبڕەکان نەدەچوو کە کەوتبووە بەرامبەر کەنداوی بچووك یان لەنگەرگای بازاڕ لەکەنداوی (لاس ئینماس) بیناکەی لەتەختەو سەقفە بەرزو نزمەکانی چینکۆ بوو، هەیوانی درێژو پایەی لەرووکاری دەرەوە هەبوو کەبەبەردەمی پەنجەرە موشەبەکەکاندا درێژ دەبوونەوە. لەنێوانی شەبەکە تەلەکانی پەنجەرەکانەوە دیمەنی تەواوی کەشتییەکان لە لەنگەرگاکەدا، وا خۆی دەنواند دەتوت وێنەی هەڵواسراوی قەد دیوارن. دامەزرێنەری کۆمپانیاکە ئەڵمانی بوو فەرمانیدا سەقفی بیناکە بەرەنگی سوور و دیوارە تەختەییەکانی بەڕەنگی سپییەکی بریقەدار بۆیاخبکەن تا لەبەلەمێکی رووبار بچێت. پاشان بیناکە

سەراپا بوو بەشین و کاتێ فلۆرنتینۆ لەکۆمپانیاکەدا دەستبەکاربوو، ئەم بینایە گۆڕابوو بەبینایەکی چەتری خۆڵاوی کەڕەنگێکی دیاریکراوی نەبوو، چینکۆ ژەنگاوییەکانیشی بەتەنەکەی تازە پینەکرابوون. لەپشتی بیناکەوە لەحەسارێکی لم ڕێژکراو و بەتەل دەورگیراو، دوو عەمباری گەورە هەبوون کەبیناکەیان تازەتربوو، لەکۆتایی حەسارەکەدا زێرابێك هەبوو کەگیرابوو، ئەو ناوەی پیس و بۆگەن کردبوو- پاشماوەی کەشتییە مێژووییەکان: لەیەکەم کەشتی تاك دووکەڵ کێشەوە کە لەلایەن سیمۆن بۆلیڤارەوە ناونرابوو بیگرە تا کەشتی زۆر تازە کەپانکەی کارەبایی لەژوورەکانیاندا دانرابوو. زیاتر ئەم کەشتیانەیان هەڵوەشاندبوو بۆ ئەوەی کەلوپەلەکانیان بۆ چاکردنەوەی کەشتییەکانی تر بەکاربێنن. لەنێو ئەم پاشماوانەدا بەشێك لەکەشتییەکان وا بەباشی مابوونەوە کەبە بۆیەکردنێ دەشیان بۆ ئەوەی بخرێنە ئاوەوەو کاریان پێبکرێ، کەمتر هیولای تازەی رووبار مارمێلکەکانی درەختیان دەترساندو چڵ و گەڵای زەردی گەورەیان دەدا بەیەکدا.

بەشی ئیدارە لەنهۆمی سەرەوەی بیناکەبوو. ئەم بەشە لەچەند ژوورێکی بچووك بەڵام خۆش و ئامادەدا بوو کە لەکابینەی کەشتی دەچوون. جوانی ئەم بەشە لەبەرئەوەبوو کە لەجیاتی ئەندازیاری شارەکە ئەندازیارەکانی هێزی دەریایی دروستیانکردبوو. لەکۆتایی داڵانەکەدا، لیۆنی مامی فلۆرنتینۆ وەکو باقی کارمەندەکان کارەکەی لەنووسینگەکەدا ئەنجامدەدا، کە لە هەموو نووسینگەکانیتر دەچوو. تەنیا جیاوازی لیۆن لەگەڵ باقی کارمەندەکانی تردا ئەوەبوو کە هەموو رۆژێ بەیانی گوڵدانێکی شووشەیی پڕ لەگوڵی بۆنخۆش لەسەرمێزەکەی دەبینرا. لەنهۆمی خوارەوە بەشی رێبوارەکان هەبوو کە لە ژوورێکی چاوەڕوانیی پێکدەهات کەکورسی درێژی زبری تێدابوو لەگەڵ مێزێك بۆ فرۆشتنی بلیت و ورپاییکردنی بارەڵەکان. دوابەش بەشی گشتیی بوو کە ناوەکەی بەسبوو بۆ نادیاریی ئەرکەکانی. لێرەدا ئەوکێشانەی کە لەسەراپای نووسینگەکانی کۆمپانیاکەدا

چارەسەر نەکرابوو، بە رسوایی رووبەڕووی مەرگ دەبوونەوە. رۆژێ کە لیۆن خۆی چوو بۆ ئەم بەشە بۆئەوەی بەچاوی خۆی ببینێ ئەگەر وابکات ئەم بەشە بەکەڵك بێت پێویستە چ ناماقوڵییەك بکات، لیۆنا کاسیانی لەنێوان کۆمەڵێ کاغەزو گورزەی بێچارەسەردا کە دەبوو ببرێن بۆ کەشتی لەپشت مێزێکی قوتابخانەدا ون ببوو. لیۆن دوای سێ سەعات باس و لێکۆڵینەوە لەگەڵ کارمەندەکاندا دەربارەی گریمانەوشتە راستەقینەکان، بەپەرێشانییەوە گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی. لە هەوڵیدا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، ئەنجامێکی پێچەوانەی بەدەست هێنابوو. کێشەکان چارەسەریان نەبوو.

رۆژی دوای ئەوە کە فلۆرنتینۆ ئەریزا هات بۆ نووسینگەکەی، یاداشتێکی لیۆنا کاسیانی لەوێ بینی. لە یاداشتەکەدا تکای لێکردبوو کەبیخوێنێتەوە ئەگەر زانی یاداشتێکی گونجاوە نیشانی مامی بدات. کاسیانی تاقە کەسێ بوو کە لەکاتی لێکۆڵینەوەکەی دوێنێدا تەنانەت بەیەك وشەش قسەی نەکردبوو. لیۆنا بەهۆشیاریی تەواوەوە سەبارەت بەوەی وەك فەرمانبەرێکی ساقەسەر چ بەهایەکی هەیە، بێدەنگیی هەڵبژاردبوو. بەڵام لە یاداشتەکەدا ئەوەی بەیاد دەهێنایەوە کە بێدەنگیی بەمانای بایەخنەدان بەمەسەلەکە نییە بەڵکو مەبەستی لە رێزگرتنی ریزبەندیی پلەکانی بەشەکە بووە. ئەم یاداشتە بەهەموو سادەییەکەیەوە وەك ئاگادارکردنەوەیەك وابوو. لیۆن پێشنیازی دەکرد کە سەرلەنوێ رێکخستنەوە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی ئەنجامبدرێ بەڵام لیۆنا لەبەرئەوەی سادەیەی کە لەڕاستیدا بەشی گشتیی لەبنەڕەتدا وجودی نییە، لەگەڵ سەرلەنوێ رێخستنەوەیدا نەبوو. ئەو شوێنە شوێنی سەرە نوێلکی چەند کێشەیەکی بچووکتر بوو کە تەواوی بەشەکان دەیانەویست لەشەڕیان قوتاربن. لە ئەنجامدا، رێگەچارەی کاسیانی ئەوەبوو کە بەشی گشتیی هەڵبوەشێنرێتەوەو کێشەکان ببرێتەوە بۆ ئەو شوێنانەی کەلێیەوە هاتوون. لیۆنی مامی فلۆرنتینۆ کەمترین زانیاریی سەبارەت بەلیۆنا

کاسیانی نەبوو، نەیدەتوانی لەدیداری پاشنیوەڕۆی دوێنیدا کەسێك بەیادی خۆ بهێنێتەوە، کەناوی لیۆنا کاسیانییە، بەڵام کاتێك نووسراوەکەی خوێندەوە، بانگیکرد بۆ ژوورەکەی خۆی و دەرگای داخست و دوو سەعاتی تەواو قسەی لەگەڵ کرد. بەپێی ئەو شێوازەی کەلیۆن بۆ وەرگرتنی زانیاریی سەبارەت بەخەڵك بەکاریدەهێنا، دەربارەی هەموو شتێ قسەیان کرد، ئەو یاداشتە نیشانەی عاقڵی و سادەیی بوو ئەو پێشنیازەی تیایدا کرابوو دەیتوانی ئەنجامێکی باش بەدەستەوە بدات، بەڵام ئەمە بەلای لیۆنەوە مایەی سەرنج نەبوو، بەڵکو خودی نووسەری یاداشتەکە مایەی سەرنج بوو. ئەوەی زیاتر لەهەموو شتێ تیایدا سەرنجی راکێشابوو خوێندنی لیۆنابوو کە لەدوای تەواوکردنی سەرەتایی لەپەیمانگەی دروستکردنی کڵاودا بەردەوام ببوو. جگەلەمەش کاسیانی بەبەکارهێنانی میتۆدێکی خێرا، بەبێ مامۆستا لەماڵەوە زمانی ئینگلیزی دەخوێند. سێ مانگ دەبوو کەسەرقاڵی خوێندنی شەوانەی خولی چاپکردن بوو کە بەکارێکی تازە لەقەڵەمدەدرا کەئاییندەیەکی رۆشنی هەیە. سەبارەت بەمەسەلەی چاپکردنیش هەمان ئەو شتانە دەوترا کەپێشان دەربارەی تەلەگراف و پێش تەلەگرافیش دەربارەی ئامێری هەڵمی وترابوون.

لیۆنی مامی فلۆرنتینۆ لەدوای ئەو کۆبوونەوە دووقۆڵییە، لیۆنای بەناوێکەوە بانگکرد کە ئەم ناوە بۆ هەمیشە لەلایەن لیۆنەوە بەکارهات، هاوناوی من لیۆنا. لیۆن بڕیاریدا بوو بەپێی پێشنیازەکەی لیۆنا کاسیانی بەنووکە قەڵەمێ ئەو بەشە پڕ دەردەسەرییە نەهێڵێ و کێشەکانی رەوانەی بەشەکانی تر بکات بۆئەوەی ئەو کێشانە لای ئەو کەسانە چارەسەربکرێن کەدروستیانکردووە. لیۆن پلەیەکی نوێی بۆ لیۆنا کاسیانی داتاشی کەناونیشان و ئەرکێکی تایبەتی نەبوو، بەڵام بەکردەوە یاریدەدەری تایبەتی خۆی بوو. ئەو رۆژە پاشنیوەڕۆ پاش بەخاکسپاردنی ئەنگینی بەشی

گشتیی، لیۆن لەفلۆرنتینۆی پرسی لیۆنا کاسیانی لەکوێوە هێناوەو ئەویش راستییەکەی پێوت و لیۆن بەفلۆرنتینۆی وت:

-زۆرچاکە، لەم حاڵەتەدا بگەڕێرەوە بۆ لای کەرەڤانەکەو هەر کچێکت بینی کەسیفەتی کاسیانی تێدابوو بۆمبێنە، بەدووسێ کەسی تری وەکو ئەو، ئێمە کەشتی چارۆکەداری تۆ رزگار دەکەین.

فلۆرینتینۆ ئەریزا ئەم قسەیەی وەکو یەکێکی تر لەگاڵتەکانی مامی لێکدایەوە، بەڵام رۆژی دوای ئەوە ئەو گالیسکەیەی کەشەش مانگ لەوەبەر بۆی تەرخانکرابوو لێی سەنرایەوە بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڕان بەردەوامبێ بەدوای توانا شاراوەکانی ناو کەرەڤانەکاندا. لەلایەکی تریشەوە لیۆنا کاسیانیش، بەزوویی بەسەر دڵەڕاوکێکانی سەرەتایدا زاڵبوو، ئەو شتەی کە بەوهەموو زیرەکییەوە لەماوەی سێ ساڵی یەکەمیدا شاردبوویەوە، ئاشکرایکرد. لیۆنا کاسیانی لەماوەی سێ ساڵدا کۆنترۆڵی هەموو شتێکی بەدەستەوە گرت و چوارساڵ دوای ئەوە لەبەردەم پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیاکەدا بوو، بەڵام نەیویست لەوە زیاتر سەرکەوێ، چونکە ئەو پۆستە پلەیەك لەخوار فلۆرنتینۆوە بوو. تا ئەو کاتە فەرمانی لەفلۆرنتینۆوە پێدەگەیشت و دەیەویست بارودۆخەکە بەهەمان شێوە بەردەوامبێت، ئەگەرچی راستی مەسەلەکە ئەوەبوو کەفلۆرنتینۆ بێنەوەی خۆی ئاگای لێبێت فەرمانی لەلیۆناوە پێدەگەیشت و لەدەستەی بەڕێوەبردندا جگەلە پەیڕەویکردنی پێشنیازەکانی لیۆنا کارێکی تری نەدەکرد ئەمە هەمان ئەو شتە بوو کەیارمەتیدا سەرەڕای ئەو تەڵانەی کەدوژمنانی بۆیان نابۆوە، بەرەو سەرەوە بچێت.

لیۆنا کاسیانی کۆمەڵێك توانای شەیتان ئاسای تێدابوو بۆ گەیشتن بەنهێنی و هەمیشە دەیزانی چۆن لەجێگایەکدا بێت کە لەکاتی پێویستدا دەبێ لەوێ بێت. بێدەنگ و پڕ جموجوڵ بوو، شیرینییەکی زرنگانەی هەبوو، بەڵام کاتێك شتێکی دەدۆزییەوە کەچارەسەری نەبوو، بەهەناسە

هەلکێشانێك لەناخی دڵییەوە، دەیخستە بەردەستی کەسێکی سەقامگیرو ئاسنینەوە، هەرگیز بۆ خۆی ئەم کارەی نەکرد. تەنها ئامانجی ئەوەبوو بەهەر نرخێك بێت تەنانەت ئەگەر پێویست بێت بەخوێنیش، پەیژەی بەرزبوونەوەی پلەوپایە لەبەردەمی فلۆرنتینۆ ئەریزا دابنێ بۆئەوەی بتوانێ زیاتر لەڕادەی تواناى خۆی هەتا ئەو پلەیەی کەئامانجی بوو، سەرکەوێ. هەڵبەتە لیۆنا کاسیانی بەهەرحاڵێ بوایە ئەم کارەی دەکرد، چونکە مەیلێکی سەرکەشی هەبوو سەبارەت بەدەسەڵات، بەڵام ڕاستی مەسەلەکە ئەوەبوو کەکاسیانی ئەم کارەی هۆشیارانەو لەبەرقەدرزانینێکی سادە ئەنجامدەدا. ورەی هێندە پتەوو بەرز بوو کەفلۆرنتینۆ ئەریزاش لەڕێوشوێنەکانیدا ڕێگەی لێتێکدەچوو تەنانەت جارێ لەشوێنێکی سەختدا فلۆرنتینۆ ئەریزا بەو مەزەندەیەی کەلیۆنا کاسیانی بووە بەکۆسپ لەبەردەمیدا، ویستی بیخاتە کەنارەوە، بەڵام لیۆنا کاسیانی لەشوێنی خۆی داینیشاندەوەو پێیوت:

-خۆت تووشی هەڵە مەکە، هەرکاتێك بتەوێ من دەست لەهەموو شتێك هەڵدەگرم، بەڵام باش بیری لێبکەرەوە.

فلۆرنتینۆ ئەریزا کە لەڕاستیدا هیچ کاتێك بەجدی بیری لەمەسەلەکە نەکردبۆوە، تازە بەتازە لەو کاتەدا بەوردی بیری لێکردەوەو چەکەکەی تەسلیمکرد. ڕاستی مەسەلەکە ئەوەبوو فلۆرنتینۆ لەناو بگرەوبەردەی ئەو شەڕە پیسەی کۆمپانیاکەدا کێشەیەکی هەمیشەیی هەبوو، شەڕی نەگبەتییەکانیشی وەکو هەڵۆیەکی ڕاوی ماندوونەناس و خەونی نادیارو نادیارتری سەبارەت بەفێرمینا دازا، ئەوکاتەی ڕووبەڕووی نمایشی هەڵخەڵەتێنەری ئەو ژنە ڕەشە دڕندەیە بۆوە کەئالوودەی گلاویی و خۆشەویستیی بوو بەجەستەیەکی پڕ جووڵەوە، بۆ ساتێ ئارامیی دەروونی بەخۆیەوە نەدیبوو. چەندینجار لای خۆیەوە بیری کردبۆوەو ئەفسووسی خواردبوو کەبریا لیۆنا کاسیانی دەبووە ئەو شتەی کە لەپاشنیوەڕۆی

رۆژێکدا لێی شارەزابوو. چونکە لەو حاڵەتەدا دەیتوانی پرەنسیپی ئاکاریی بخاتە کەنارەوەو لەگەڵیدا بخەوێ، تەنانەت ئەگەر بەنرخی چەند پارچە ئاڵتوونێکیش تەواوبووایە. لەبەرئەوەی لیۆناکاسیانی هێشتا هەر ئەو ژنە بوو کە ئەو پاشنیوەڕۆیە لەکەرەڤانەکەدا پێی ئاشنابوو، بەهەمان جلوبەرگی شایستەی کۆیلەیەکی هەڵاتووی بێ ترس و هەمان پەڕۆی سەری گێلانەو هەمان گوارەو گوڵەنگی دروستکراو لەئێسقان و ملوانکەو مستیلەی دروستکراو لەبەردی ساختەوە، وەك شێری مێ کەوتبووە سەرشەقام. تێپەڕینی ساڵان گۆڕانێکی ئەوتۆی لەروخساریدا دروستنەکردبوو ئەو گۆڕانە کەمەش کەتیایدا بەدیهاتبوو باش بەسەریدا شکابۆوە. تەواو پێی خستبووە ناو پێگەیشتن و کامڵبوونەوە، زیاتر سەرنجی پیاوی رادەکێشاو لەش و لاری گەرموگوڕو سووتێنەری ئەفریقایی زیاتر پڕببوو. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەو دەساڵەدا لەبەر پەشیمانی لەهەڵەی یەکەمجاری هیچ پێشنیازێکی نەخستە بەردەستی و کاسیانیش لەهەموو شتێکدا یارمەتیدا لەسێکسدا نەبێ.

فلۆرنتینۆ ئەریزا لەدوای مردنی دایکی زۆرجار تادرەنگ ئیشی دەکرد، شەوێکیان لەدوای چەندین سەعات کارکردن کە بەنیازبوو بچێتە دەرەوە هەستی بەڕووناکییەك کرد لەژوورەکەی لیۆنا کاسیانیدا، بەبێ ئاگاداریی و هات و هەرا دەرگاکەی کردەوە. لیۆنا کاسیانی لەوێ بوو، تەنیاو جدیی، نوقمی کارکردن بوو، چاویلکەیەکی تازەی لەچاودابوو کەسیمای ئەدیبێکی پێدەبەخشی. لەپشت مێزەکەیەوە دانیشتبوو. فلۆرنتینۆ ئەریزا بەترسێکی وروژێنەرەوە بەوەیزانی کەئەم و کاسیانی پێکەوە بەتەنیا لەبیناکەدان. بەندەرەکە چۆڵ و شار لەخەودا بوو. شەوێکی بێکۆتایی بەسەر دەریا تاریکەکەدا رەشماڵی هەڵدابوو، کەشتییەك کە تاسەعاتێکی تریش نەدەگەیشتە بەندەرەکە، بەکەڕەنا ناخۆشەکەی ماتەمی گرتبوو. فلۆرنتینۆ ئەریزا چەترەکەی کرد بەپێگەی دەستی و خۆیدا

بەسەریدا، ڕێک بەهەمان شێوە کەزەمانێ لەکۆڵانی کاندیلییخو ڕێگەی لیۆنا گرتبوو. تەنیا جیاوازییەکەی ئەو لەگەڵ ئەوسادا ئەوەبوو کەئێستا بۆ شاردنەوەی لەرزینی ئەژنۆکانی خۆیدابوو بەسەر چەترەکەیدا تا بتوانێت بڵێت:

-شتێکم پێ بڵێ شێرەژنی ڕۆحی من، کەی دەتوانین کۆتایی بەم بارودۆخە بێنین؟

لیۆنا بێئەوەی بەلایەوە سەیربێت چاویکەکەی لەچاری کردەوەو بەبێنی تەواوو بزەیەکەوە کەوەکو خۆر لەسەر ڕووخساری هەڵهات، بۆ یەکەمجار بەرێتمێکی خۆمانە پێیوت:

-ئاخ، فلۆرنتینۆ ئەریزا، دە ساڵە لێرەدا لەچاوەڕوانیی ئەم داوایەی تۆدا دانیشتووم.

زۆر درەنگببوو، دەرفەتەکە لەوێدابوو، لەو کەرەڤانەیەدا کەهێستر ڕایدەکێشا، کە فلۆرنتینۆ یەکەمجار بینی، هەمیشە لەگەڵیدا بوو کاتێک لەسەر کورسی ئەو کەرەڤانەیە دادەنیشت. بەڵام ئێستا بۆ هەمیشە لەکیس چوو بوو. ڕاستییەکە ئەوەبوو کەلیۆنا دوای ئەو هەموو فرتوفێڵە ناشیرین و سووکیانەی کە لەبەرخاتری ئەو بەرگەی گرتبوو، ژیانی خۆی بردبووە پێشەوەو ئێستا ئیدی سیفەتی کچێکی بیست ساڵەی تێدا نەبوو، کاسیانی بۆ فلۆرنتینۆ زۆر پیرببوو، ئەوەندەی خۆشدەویست کە لەجیاتی فریودانی ئەوەی پێیاشبێت هەرخۆشی بوێت و لەوکاتەدا کەناچار بوو بەشێوەیەکی گێڕیانە مەسەلەکەی تێبگەیەنێ، وتی:

-نەخێر، من لەگەڵ تۆدا ئەو هەستەم هەیە کەلەگەڵ ئەو کوڕەدا هەمخەرم کەهەرگیز نەمبووە.

فلۆرنتینۆ ئەریزا بەو گومانە ئازارارییەوە کەئەم قسەیە، قسەی کۆتایی ئەو نییە، بەتەنیا مایەوە. فلۆرنتینۆ باوەڕی وابوو کاتێک ژنێ دەڵێ نا، چاوەڕێی ئەوەیە کەبۆ بڕیاری کۆتایی قسەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام

فلۆرنتینۆ کەنەیدەتوانی مەترسی دووبارە هەڵەکردن لەبەرامبەر کاسیانی قبوڵبکات، بەبێ ناڕەزایی و تەنانەت بەجۆرێك تەئید کە بەلایەوە ئاسان نەبوو، هاتە کەنارەوە. لەو شەوە بەدواوە هەر تەمومژێك کەڕەنگبوو لەنێوانیاندا بێت، بەبێ تاڵی لەناوچوو، فلۆرنتینۆ ئەریزا دواجار لەوە حاڵی بوو کەدەکرێ لەگەڵ ژنێکدا هاوڕێ بێت بەبێ ئەوەی سێکسی لەگەڵدا بکەی.

لیۆنا کاسیانی تەنیا کەسێك بوو کە فلۆرنتینۆ ئەریزا هەوڵیدا نهێنی فێرمینا دازای لا باسبکات، چەند کەسێك کەئاگایان لەو مەسەلەیە بوو لەبەرچەند هۆیەك کەقابیلی جڵەوکردن نەبوون لەبیریان کردبوو بێگومان سیان لەوانە، لەگۆڕدابوون: دایکی کەزۆر بەرلەمردنی تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەوە ببوو، گالا پلاسیدیا کە لەپیریدا لای کەسێك کەوەکو کچەکەی وابوو خزمەتکاربوو، مردو ئیسکولاستیکا دازا کە لەیادناچێتەوە، چونکە یەکەمین و تاقە نامەی عاشقانە کە فلۆرنتینۆ لەژیانیدا وەریگرت لەناو کتێبێکی دوعادا شاردییەوە و بۆیهێنا، دوای ئەو هەموو ساڵە نەدەکرا هێشتا زیندووبێت، بەڵام لۆرینزو دازای باوکی فێرمینا واتە ئەو کەسەی فلۆرنتینۆ نەیدەزانی مردووە یان ماوە. ڕەنگبوو سەروەختێ کەهەوڵیدا نەهێڵێت فێرمینا بێتەدەرەوە ئەم رازەی لای راهیبە فرانکا دی لالوز ئاشکرا کردبێت، بەڵام بەدوور دەزانرا ئەم رازە لەو رادەیە زیاتر رۆیشتبێت. ئەوەی دەمێنێتەوە بریتییە لەیانزە کارمەندی تەلەگراف لەشارەکەی هیلدیبراندا سانچیز کە تەلەگرافەکانیان بەناوی تەواوو ناونیشانی تەواوەوە دەناردە لەگەڵ خودی هیلدیبرانداو کچە ئامۆزا سەرکێشەکانی.

ئەوەی کە فلۆرنتینۆ ئەریزا نەیدەزانی ئەوەبوو کەدکتۆر خۆڤیناڵ ئۆربینۆ دەبوو بخرێتە سەر ئەو لیستە. هیلدیبراندا سانچیز لەکاتی یەکێك لەدیدارە بێشومارەکانیدا بەدرێژایی ساڵانی سەرەتا، ئەم رازەی بۆ خۆڤیناڵ ئۆربینۆ ئاشکراکردبوو. هیلدیبراندا هێندەی ئەمەی بەسادەیی و لەساتێکی هێندە نالەباردا کرد کەوەکو خۆی بیری لێدەکردەوە ئاواش نەبووە

لەگوێیەکی دکتۆرە رۆیشتبێت و لەگوێیەکی دیکەیەوە چووبێتە دەرەوە، بەڵکو ئەسڵەن نەچوو بەگوێیدا. هیلدیبراندا وەکو شاعیرێکی نەناسراو ناوی فلۆرنتینۆی بردبوو کەبەڕای ئەو شایانی ئەوەبوو لەفێستیڤاڵی شیعردا خەڵات وەربگرێت، دکتۆر ئۆربینۆ نەیتوانی بوو بەیادی بهێنێتەوەو بیناسێت، بەڵام هیلدیبراندا کەناچار نەبوو شتێك لەمبارەیەوە بڵێ، بەبێ ئەوەی بچووکترین نیشانەیەکی خراپەکاریی لەقسەکانیدا بێت، وتبووی کە فلۆرنتینۆ تەنیا عاشقی فێرمینا دازا بووە بەرلەشووکردنی. هیلدیبراندا بەباوەڕ بەوەی کەئەو مەسەلەیە هێندە پاك و خێرابوو کەزیاتر لەبەر جوانی خۆشەویستییەکە مەسەلەکەی بەدکتۆر وتبوو. دکتۆر ئۆربینۆ بەبێئەوەی تەماشای بکات وەڵامیدابۆوە: ئەمدەزانی ئەو کابرایە شاعیر بوو. پاشان ئەوەی لەمێشکی خۆیدا سڕیبۆوە، لەبەرئەوەی باشی ڕێوشوێنی ئاکاری لەبیرکردنیش یەکێك بوو لەو شتانەی کەپیشەکەی فێری کردبوو.

فلۆرنتینۆ هەستی بەوەکرد کەجگە لەدایکی تەواوی ئەو کەسانەی ئاگایان لەڕازەکەیە پەیوەندییان بەدنیای فێرمینا دازاوە هەیە. فلۆرنتینۆ لەدنیای خۆیدا بەقورساییەکی وردوخاشکەری بارێکەوە بەتەنیا مابۆوە کەزۆر پێویستی بەدابەشکردنی هەبوو، بەڵام هەتا ئەوکاتە هیچ کەسێکی وای نەدۆزیبۆوە کەشایانی ئەو هەموو متمانەیە بێت. تەنیا لیۆنا کاسیانی شایانی ئەو متمانەیە بوو، تەنیا شتێ کە فلۆرنتینۆ پێویستی پێیبوو دەرفەت و هۆکاری ئەو مەسەلەیە بوو. لەپاشنیوەڕۆی رۆژێکی گەرمی هاویندا لەکاتێکدا فلۆرنتینۆ بیری لەو مەسەلەیە دەکردەوە، دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ بەقادرمە پلەبەرزەکانی ك.ك.ك.ڕ دا هاتە سەرەوە. عارەق گیانی تەڕکردبوو لەهەر پلەیەکدا دەوەستا بۆئەوەی لەگەرمای سەعات سێدا هەناسەیەکی بەبەردا بێتەوەو دوای چەند ساتێ، بەهەناسەبڕکێوە لەنووسینگەکەی فلۆرنتینۆدا قوتبۆوەو بەدواهەناسە بڕکێوە وتی: پێموایە گەردەلوولێ بەڕێوەیە. فلۆرنتینۆ چەندینجار دکتۆری لەوێ دیبوو کە

بەدوای لیۆنی mامیدا دەگەڕا، بەڵام هەرگیز بەقەدەر ئەم ساتەوەختە ئەوەندە نەهاتبووە بەرچاوی کەئەم میوانە بانگنەکراوە بەجۆرێ لەجۆرەکان پەیوەندیی بەژیانی ئەمەوە هەیە. ئەم مەسەلەیە پەیوەندیی بەسەردەمانێکەوە هەبوو کەدکتۆر خۆڤینالٚ ئۆربینۆ بەسەرکێشە پیشەییەکانی خۆیدا زاڵببوو، تەقریبەن وەکو سواڵکەرێکی کڵاو بەدەست بەمەبەستی داوای یارمەتی بۆ هەنگاوە گرنگە هونەرییەکانی لەدەرگایەکەوە دەچوو بۆ دەرگایەکی تر. لیۆنی مامی فلۆرنتینۆ هەمیشە یەکێك بوو لەبەوەفاترین و بەخشندەترین یارمەتیدەرانی، بەڵام دکتۆر رێك لەوکاتەدا گەیشتبوو کە لیۆن دەستی بەسەرخەوشکاندنی دە دەقەیی نیوەڕۆ کردبوو کەهەر لەسەر کورسییە بزۆزەکەی پاڵی دەدایەوەو سەرخەوەکەی دەشکاند. فلۆرنتینۆ ئەریزا داوای لەدکتۆر کرد لەنووسینگەکەی چاوەڕێی بکات کە لەتەنیشت نووسینگەکەی لیۆنەوە بوو تاڕادەیەك وەکو ژووری چاوەڕوانیکردنیش بەکاردەهات.

فلۆرنتینۆو دکتۆر لەشوێنی جیاجیادا یەکتریان دیبوو، بەڵام هەرگیز وەکو ئێستا رووبەڕووی یەك و چاوبەچاو بەرامبەر یەکتری دانەنیشتبوون. لێرەدا جارێکی تر فلۆرنتینۆ ئەریزا بەبێزارییەوە هەستی بەبچووکی و نزمی کرد. ئەو دە دەقەیە بەلایەوە ئەبەدیەتێ بوو کەتیایدا سێجار بەئومێدی ئەوەی مامی زووتر خەبەری بووبێتەوە، لەشوێنی خۆی هەستاو لەو ماوەیەدا یەك ترمۆزی تەواو قاوەی تاڵی خواردەوە. دکتۆر ئۆربینۆش خۆی لەخواردنی فنجانێکیش دزییەوە. وتی: قاوە ژەهرە. لەبارەی هەموو شتێکەوە قسەیکردو شێروڕێوی دنیای هێنایەوە گوێی بەوەنەدەدا کەکەس گوێی لێدەگرێ یان نا. فلۆرنتینۆ ئەریزا تاقەتی تەحەمولکردنی باڵادەستیی زاتیی و دەروونیی و راشکاوییی قسەکانی و بۆنی هێواشی کافورو فێڵبازی دکتۆری نەبوو، ئەو شێوازە گونجاوو جوانەی کە بەهۆیەوە بێماناترین رستە تەنیا لەبەرئەوەی لەزاری ئەمەوە هاتبووەدەرێ بەگرنگ نیشاندەدا، بەلایەوە

ناخۆش و ناپەسەند بوو. دکتۆر وەك ئەوەی هەستیکردبێت لەپڕ بابەتەکەی گۆڕی و وتی:

-حەزت لەمۆسیقایە؟

فلۆرنتینۆ لەگەڵ ئەوەدا کە لەهەر کۆنسێرت و ئۆپرایەکدا کە لەشارەکەدا بەڕێوەدەچوو ئامادە دەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی هەستی دەکرد ناتوانێ بچێتە ناو باسێکی رەخنەئامێزو دەوڵەمەند بەزانیارییەوە، لەبەرامبەر پرسیارەکەی دکتۆردا دەستەپاچە بوو. فلۆرنتینۆ حەزی لەمۆسیقای باوو بەتایبەتی حەزی لەڤالسە هەست بزوێنەکان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەتوانی لێکچوونی ئەم جۆرە ڤالسە لەگەڵ ئەو ڤالس و شیعرانەدا کەخۆی بەگەنجی دایناوبون ئینکاری بکات. تەنیا ئەوەندە بەس بوو یەکجار گوێی لەو ڤالسانە بێت تاهیچ هێزێ لەئاسمان و زەوی نەتوانێ بۆ شەوانێکی ئێجگار زۆر ئەو میلۆدییە لەیادەوەرییدا بسڕێتەوە. بەڵام لەبەرئەوەی ئەم هێزی یادەوەرییە نەیدەتوانی وەڵامێکی جدی بێت بۆ پرسیارێك کە لەلایەن پسپۆڕێکەوە ئاراستە کرابوو وتی:

-من گاردیلم خۆشدەوێ.

دکتۆر ئۆربینۆ کە لەمەبەستەکەی تێگەیشتبوو وتی:

-بەڵێ، زۆر بەناوبانگە.

دکتۆر لەدوای پرسیارو وەڵام دەستیکرد بەژماردنی بەرنامە تازە هەمەجۆرەکانی کەوەك هەموو کاتێك دەبوو بەبێ پشتیوانیی رەسمی بەدیبێن. سەرنجی فلۆرنتینۆ ئەریزای بەلای نمایشە زۆر خراپەکاندا راکێشا کە لەوکاتەدا بەردەوام بوون و بەردەوام لەگەڵ نمایشە شکۆدارەکانی سەدەی رابردوودا بەنائومێدی بەخش لەقەڵەمیدەدان. ئەوە راستبوو کەدکتۆر یەکساڵی بۆ لەپێشدا فرۆشتنی بلیت تەرخانکردبوو بۆ هێنانی (کورتوت کاسالس-تیباور) بۆ شانۆی کۆمێدی و کەس لەدامودەزگاکانی حکومەتدا نەبوو کەتەنانەت بزانێ ئەوانە کێن، لەکاتێکدا لەهەمان مانگدا بۆ

گرووپی (رامون کارلت) کەشانۆی تاوانی پۆلیسیان پێشکەش دەکرد، بۆ ئۆپەرێت و گرووپی ئۆپەرێتی میللی دۆن مانۆللۆ دی لابریسا، بۆ تیپی لۆس سانتانیلاس- کەلاسایکەرەوەی لەباسکردن نەهاتوو بوون و بەشێوەیەکی سەیر دەقیان دەگۆڕی و ئەندامەکانی لەچاوتروکانێکدا لەسەر شانۆ خۆیان دەگۆڕی، بۆ تیپی دانیس دی ئەلتاین کەوەکو سەماکەرێکی کۆن لەگەڵ فولیس بیرگردا راگەیەنرابوو تەنانەت بۆ ئورسوسی مایەی نەفرەت، ئەو پیاوە شێتەی کەتەنوورەیەکی کورتی ژنانەی لەپێدا بوو بەتەنها دەرەقەتی گایەک دەهات، شوێنی بەتاڵ هەبوو. بەهەرحاڵ، جێگەی گلەیی و گازندە نەبوو سەبارەت بەوەی ئەوروپاییەکان جارێکی تر پێشەکی ناجۆریان بۆ شەڕێکی دڕندانە لەکاتێکدا ئامادە دەکرد کەئێمە ژیانمان لەئاشتیدا لەپاش نۆ شەڕی ناوخۆیی لەماوەی نیوسەدەدا دەستپێکردبوو. ئەو شەڕانەی کەهەموویان یەک شەڕ بوون و هەمیشە هەمان جەنگ دەستی پێکردبۆوە، ئەوەی زیاتر لەهەموو شتێ سەرنجی فلۆرنتینۆی لەو قسە پڕ سیحرەدا بەلای خۆیدا راکێشا، ئەگەری رەواج پەیداکردنەوەی شەوانی شیعر بوو، کەدکتۆر خۆڤیناڵ ئۆربینۆ سەبارەت بەناوبانگی کۆنی ئەو شەوانە لەڕابردوودا چەند بیروبۆچوونێکی هەبوو. فلۆرنتینۆ ناچاربوو زمانی بگەزێ تاناچار نەبێت ئەم مەسەلەیە باس بکات کەبەجدیەتی تەواوەوە هەموو ساڵێ لەپێشبڕکێی شاعیراندا بەشداریی دەکرد، ئەو پێشبڕکێیەی کەسەرەنجام نەک تەنیا سەرنجی شاعیرە ناودارەکانی لەسەراپای وڵاتدا راکێشابوو، بەڵکو سەرنجی شاعیرانی تەواوی نەتەوەکانی کاریبی-یشی بەلای خۆیدا راکێشابوو.

لەگەڵ دەستپێکردنی گفتوگۆکەدا هەوا گەرمەکە لەناکاو فێنک بۆوە و لەگەڵ هەڵکردنی بای پێچەوانەدا گەردەلوولێکی ترسناک دەرگاو پەنجەرەکانی هێنایە لەرزە و بینای کۆمپانیاکە وەکو کەشتییەکی چارۆکەدار کە بەدەم گەردەلوولەوە بێت دەنگی لێبەرز بۆوەو لە بناغەوە لەرییەوە.

ڕاده‌هاته به‌رچاو كه دكتۆر خۆڤینالْ ئۆربینۆ ئاگای له‌خراپی بارودۆخه‌كه نه‌بێت، له‌به‌رئه‌وه‌ی به چه‌ند ئاماژه‌یه‌كی كورت بۆ گه‌رده‌لوولـه شێته‌كانی مانگی حوزه‌یران به‌وپه‌ڕی سه‌رسامییه‌وه باسی ژنه‌كه‌ی كرد. ژنه‌كه‌ی به‌لای ئه‌وه‌وه ته‌نیا گه‌رموگوڕترین هاوكاری نه‌بوو به‌ڵكو ڕۆحی هه‌وڵ و تێكۆشانه‌كانی بوو له‌م باره‌یه‌وه وتی؟" به‌بێ ژنه‌كه‌م من هیچ نیم" فلۆرنتینۆ ئه‌ریزا كه هه‌ست و هۆشی له‌ده‌ستدابوو به‌جوڵه‌ی ساردو سڕی سه‌ری، ئایلبوونی تێده‌گه‌یاندو گوێی لێده‌گرت و له ترسی ئه‌وه‌ی نه‌بادا ده‌نگی ئاشكرای بكات و شتێكی له‌ده‌م ده‌رچێت، نه‌یوێرا ده‌مبكاته‌وه. دووسێ ڕسته‌ی تر بۆ فلۆرنتینۆ به‌سبوو تا تێبگات دكتۆر خۆڤینالْ ئۆربینۆ له‌ناو ئه‌و هه‌موو به‌ڵێنه ده‌ستوپێنگیره‌دا، دیسان به ته‌واوی واته ته‌قریبه‌ن به‌قه‌د خودی فلۆرنتینۆ كاتی هه‌یه بۆ ستایشكردنی ژنه‌كه‌ی. گه‌یشتن به‌م ڕاستییه فلۆرنتینۆی گێژ كردبوو به‌ڵام نه‌یده‌توانی به‌وشێوه‌یه‌ی دڵی حه‌زی لێده‌كرد وه‌ڵامی بداته‌وه، له‌به‌رئه‌وه‌ی له‌وكاته‌دا دڵی په‌نای بۆ یه‌كێك له فێڵه‌كان بردبوو كه ته‌نیا دڵان ده‌توانن په‌ی پێبه‌رن. ئه‌وه‌ی بۆ ده‌ركه‌ت كه ئه‌م و دكتۆر كه هه‌میشه بۆ ئه‌م به دوژمنێ له قه‌ڵه‌م ده‌درا قوربانی یه‌ك چاره‌نووسن وله مه‌ترسییه‌كاندا یه‌ك هه‌ڵچوونی هاوبه‌شیان هه‌یه. ئه‌مان دوو گیانله‌به‌ر بوون كه به یه‌ك ته‌وق ڕاده‌كێشران. فلۆرنتینۆ ئه‌ریزا بۆ یه‌كه‌مجار به‌درێژایی بیست وحه‌وت سالْ چاوه‌ڕوانیی له كۆتایی نه‌هاتوو نه‌یده‌توانی به‌رگه‌ی ئازاری قووڵی خه‌می ئه‌و بیركردنه‌وه‌یه بگرێت كه بۆ به‌خته‌وه‌ربوونی ئه‌بوو ئه‌م پیاوه باشه واته دكتۆر، بمرێت.

دواجار گه‌رده‌لووله‌كه نیشته‌وه، به‌ڵام بای به‌هێزی باكووری خۆرئاوا له‌و پانزه ده‌قه‌یه‌دا ده‌ورووبه‌رو كه‌ناری زه‌لكاوه‌كانی وێرانكردو زیانێكی گه‌وره‌ی له نیوه‌ی شاردا. دكتۆر ئۆربینۆ كه له به‌خشنده‌یی لیۆنی مامی فلۆرنتینۆ خۆشحالْ ببوو چاوه‌ڕێی باشبوونی كه‌ش و هه‌وای نه‌كرد، به بێ وه‌ستان ئه‌و چه‌تره‌ی وه‌رگرت كه فلۆرنتینۆ تاگه‌یشتنی به گالیسكه‌كه

دایە، لەبەرئەوەی گوێی بەوشتانە نەدا و بەپێچەوانەوە لە وێناکردنی ئەوە خۆشحاڵبوو، کە فێرمینا بزانێ خاوەنی چەترەکە کێیە. فلۆرنتینۆ هێشتا بەهۆی کاریگەریی ئەو گفتوگۆ پەراگەندەیەوە لەگەڵ دکتۆردا پەرێشانبوو کە لیۆنا کاسیانی خۆی کرد بە ژووردا. پێیوابوو دەرفەتێکی بێوێنە بۆ قسەکردن و ئاشکراکردنی نهێنییەکەی هاتۆتە پێشەوەو لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرقاڵی تەقاندنی ئەو دوومەڵە بوو کە لە ژیانیدا ئازاری دابوو، بەخۆی وت " یان ئێستا یان هەرگیز" بەو پرسیارە دەستی پێکرد کە لیۆنا چۆن لە دکتۆر ئۆربینۆ دەڕوانێ. لیۆنا بەبێ بیرکردنەوە وەڵامی دایەوە:

-کابرایەکە دەست بۆ زۆر کاردەبات، رەنگە لە زۆریش زیاتربێت، بەڵام پێموایە کەس پەی بەبیرکردنەوەی نەبردووە.

لیۆنا لە کاتێکدا کە لاستیکی قەڵەمێکی بەددانە درێژو تیژەکانی وردورد دەکرد، چەند ساتێ لای خۆیەوە بیریکردەوە، دواجار بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە بابەتێ کە پەیوەندی بەوەوە نییە شانی هەڵتەکاند و وتی:

-رەنگە هۆی ئەوەی کە ئەو هەموو ئیشەی بۆخۆی دۆزیوەتەوە ئەوەبێ کە دەرفەتێ نەهێڵێتەوە کە ناچاربێ تیایدا بیربکاتەوە.

فلۆرنتینۆ کە هەوڵی دەدا لەهەمان شوێندا لای خۆی کاسیانی بهێڵێتەوە وتی:

-ئەو مەسەلەیەی کە من ئازار دەدات ئەوەیە کە دکتۆر دەبێت بمرێت!

لیۆنا وتی: " هەموومان دەبێ بمرین"

-بەڵی، بەڵام دکتۆر لە هەموو کەسێ زیاتر شایانی ئەوەیە بمرێت.

لیۆنا هیچ لەم قسەیە حاڵی نەبوو، بێئەوەی وەڵامێک بداتەوە دووبارە شانی هەڵتەکاند و رۆیشت. فلۆرنتینۆ ئەریزا ئەو ئیلهامەی بۆ

هات کە لە داهاتوودا شەوێك، لەسەر پێخەفێکی پڕشادی و خۆشی لەگەڵ فێرمینا دازا دا، پێیدەڵێت کەڕازی خۆشەویستیی ئەوی تەنانەت لای تاکە کەسێ کە شایانی ئەوەبوو بیزانێ نەدرکاندووە. نەخێر، فلۆرنتینۆ هەرگیز ئەو رازەی نەدرکاند، تەنانەت لای لیۆنا کاسیانیش. هەڵبەتە نەك لەبەرئەوەی کە نەیدەویست سندوقی دڵی بکاتەوە کەبەوپەڕی وریاییەوە نیوەی تەمەنی بۆ پاراستنی بەسەربردبوو، بەڵکو لەبەرئەوەی تازە هەستی بەوەکرد کە کلیلەکەی ونکردووە.

بەهەرحاڵ، ئەوەی لەو پاشنیوەڕۆیەدا زۆرترین کاری تێکرد، ئەو حاڵیبوونە نەبوو. فلۆرنتینۆ هێشتا یادەوەرییەکی مایەی دڵتەنگیی لەبیربوو کە پەیوەندی بە یادەوەریی فێستیڤاڵی شاعیرانەوە هەبوو کە لە پانزەی نیساندا هەموو ساڵێ قریوەی لە سەراپای دورگەکانی ئەنتیلدا دەهاتە گوێ. فلۆرنتینۆ هەمیشە یەکێك بوو لە پێشڕەوانی فێستیڤاڵەکە، بەڵام پێشڕەوێکی نادیاربوو، بەهەمان شێوە کە لە هەموو ئیشەکاندا وابوو. فلۆرنتینۆ چەند جارێ لە سەروەختی دەستپێکردنی پێشبڕکێکەوە بۆ رێوڕەسمی کردنەوەکەی تیایدا بەشداریکردبوو، هەرگیز تەنانەت یەك ئیمتیازی شایستەشی بە دەست نەهێنابوو. بەڵام ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبوو، لەبەرئەوەی بە حەزی خەڵات وەرگرتنەوە نەدەچووە ناو پێشبڕکێکەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی پێشبڕکێکە بەلایەوە زۆر سەرنجڕاکێشبوو. لە یەکەم دانیشتندا، فێرمینا دازا زەرفە داخراوەکانی کردەوە و ناوی ئەو کەسانەی ئاشکرا کرد کە خەڵاتیان وەرگرتبوو، پاش ئەوە بڕیاردرا ساڵانی دواییش ئەو کارە بەفێرمینا بسپێردرێت. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەو تاریکییەدا کە باڵی بەسەر سەکۆی ئۆرکستراکەدا کێشابوو دیارنەبوو. ئەو گوڵە کاملیا تازەیەی کە بە یەخە هەڵگەڕاوەکەیەوە بوو لەگەرموگوڕی تاسەی بینینی فێرمینا ئارامی نەبوو کەلەسەر شانۆی نیشتمانی کۆن لەیەکەم شەوی فێستیڤاڵەکەدا

سێ زەرق نامەی داخراوی دەکردەوە. فلۆرنتینۆ لە خۆی پرسی لەدڵی فێرمینادا چی دەقەوما ئەگەر بیزانیایە ئەوەی خەڵاتی لالەی ئاڵتوونیی وەرگرتووە فلۆرنتینۆیە. دڵنیابوو کە فێرمینا دازا لەگەڵ ناسینەوەی خەتەکەیدا، پاشنیوەڕوانی ئەتەمین چنینی بن دارچوالەی تاڵی پارکە بچووکەکە و بۆنی یاسەمینە ژاکاوەکانی لەگەڵ هەڵکردنی شەماڵی بەیانیاندا بەیاد دەهێنێتەوە. ئەوەی کە فلۆرنتینۆ دەیەوست روویدەدا. تەنانەت لەوەش خراپتر، لالەی ئاڵتوونیی، واتە ئەو خەڵاتەی کە لە نێو شاعیرانی وڵاتدا ئەو هەمووشاعیرە بەتەمایبوون درا بەکۆچەرێکی چینی. ئەم را بێ پێشینەیە، کە رسواکردنی گشتیی وروژاند سێبەری گومانی بێوێنەبوونی پێشبرکێکەی دەهێنایە ئاراوە. بەڵام رای داوەران راست بوو، کۆدەنگیی لەسەر جوانیی شیعرەکە هەبوو.

کە خەڵاتەکەی وەرگرت کەس باوەڕی نەدەکرد نووسەری ئەو شیعرە چینییەک بێت. لە ساڵانی کۆتایی سەدەی رابردوودا ئەو شاعیرە بە هەستی هەڵاتنەوە لە قامچی تای زەرد، لەکاتی دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەری نێوان دوو ئۆقیانووس کە پەنەمای وێران کرد، لەگەڵ زۆر کەسی دیکەدا کەتاکۆتایی تەمەنیان مانەوە، هاتبووە ئێرە. ئەمانە بەچینی دەژیان و بەچینی زاو زێیان دەکرد، ئەوەندەش لەیەک دەچوون کە کەس نەیدەتوانی لە یەکیان جیا بکاتەوە. سەرەتای کارەکە لە دە کەس زیاتر بوون کە هەندێ لەوانە بەژن و منداڵ و سەگەکانیانەوە کەبۆ خواردن رایاندەگرتن، هاتبوون. بەڵام لەدوای چەند ساڵێ چوار شەقامی باریک لەگەڕەکە پیسەکانی کەناری بەندەرەکە پڕبوو لەو چینیانەی بەشێوەیەک کە نەدەچووە عەقڵەوە بەبێ بەجێهێشتنی شوێن پێیەک لەدائیرەی گومرگ و لەبەشی تۆمارەوە هاتبوونە ناو وڵاتەکەوە. هەندێ لە گەنجەکانیان ئەوەندە بەخێرایی دەبوون بە گەورەی بەڕێز کە نە دەکرا ئەوە روون بکرێتەوە چۆن دەرفەتی پیربوونیان بە دەستهێناوە. ئەم

کۆچەرانە لەروانگەی خەڵکەوە بەگشتی بەسەر دوو گرووپی چینییە خراپەکان و چینییە باشەکاندا دابەشدەبوون. چینییە خراپەکان ئەوانە بوون کە لەئوتێلە دڵگیرەکان دەژیان کە بە درێژایی بەندەرەکان درێژ دەبوونەوە. لەو ئوتێلانە دەکرا وەکو شایەك نان بخۆیت و بەهەمان شێوەش دەشیا بە قاپی گۆشتی مشك و گوڵی گوڵەبەرۆژەوە لەسەر مێزێك تووشی مەرگێکی لەناکاو بیت. تەسەوری ئەوە نەدەکرا کەئەم چینیانە جگە لەپێش قەرەوڵانی کۆیلایەتی سپی پێستان و مامەڵەکانی تر شتێکی دیکە بن. چینیە باشەکان شوێنیان لە ئوتوخانەی گەڕەکەکان بوو. ئەم میراتگرانەی زانستی پیرۆز، کراسیان لەکاتی تازەیی پاکتر دەکردەوە و یەخەو سەر قۆڵەکانیان وەکو نانی عەشای رەببانی ئوتو دەکرد. ئەو پیاوەی کە توانی لە پیشبرکێی فێستیڤاڵی شیعردا بەسەر حەفتاو دووکەسی بەتواناکدا سەرکەوێ یەکێك بوو لە چینییە باشەکان. کاتێ فێرمینا دازایەکی گێژ ناوەکەی خوێندەوە، کەس لێی تێنەگەیشت، نەك لەبەرئەوەی کە ناوێکی نائاسایی بوو بەڵکو لەبەرئەوەی کەس نەیدەزانی چینییەکان بەناوی لەو جۆرەوە بانگدەکرێن. بەڵام پێویستی بە بیرکردنەوەی زۆر نەبوو، لەبەرئەوەی چینییە سەرکەوتووەکە لە پشت شانۆکەوە بەو زەردەخەنە مەلەکوتییەوە کە چینییەکان کاتێ زوو دەڕۆنەوە بۆماڵەوە، لەسەر لێویانە، نزیکبۆوە. ئەوەندە لە سەرکەوتنی خۆی دڵنیابوو کەخرقەیەکی زەردی ئاوریشمی، تایبەتی رێورەسمی بەهاری بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە لەبەرکردبوو. لالەی ئاڵتوونیی عەیار بیست و چواری وەرگرت و لەناو قریوەی توانج و گاڵتەپێکردنی ناقایلەکاندا، بەشادییەوە خەڵاتەکەی ماچکردو بەبێ نیشاندانی کاردانەوە، بەبێ لەرزین و بە ئارامی وەکو نێردراوی خوداو بە سیمایەکەوە کە کەمتر نمایشی بوو لە روخساری ئێمە لە ناوەڕاستی شانۆکەدا بە چاوەڕوانییەوە وەستاو هەر کە بێدەنگیی باڵی بەسەر

هۆڵەکەدا کێشا شیعرە سەرکەوتووەکەی خوێندەوە. کەس سەری لە شیعر خوێندنەوەکەی دەرنەکرد. بەڵام کاتێ سەرەی سەرلەنوێ گاڵتەپێکردن و فیکە لێدان تەواو بوو، فێرمینا دازایەکی ئازار قبوڵنەکەر شیعرەکەی بە دەنگێکی گیراوو پڕ دوودڵییەوە خوێندەوەو لە دوای خوێندنەوەی بەیتی یەکەم، سەرسوڕمان و سەراسیمەییەك باڵی کێشا. شیعرێکی دڵداری بەرز بوو بەوپەڕی پلەی جوانییەوە بە شێوازی (پیرناس) کە ئامادەگی قەڵەمێکی بە بڕشتی دەخستە زەینی مرۆڤەوە. تەنیا گوزارشتی شیاو ئەوەبوو کە شاعیرێك بە مەبەستی گاڵتەکردن بە فێستیڤاڵی شاعیران، ئەو تەنزەی خوڵقاندبێ و ئەو چینییە لەو رازەدا بەشداربێ و بڕیاری دابێ ئەو رازە لەگەڵ خۆیدا ببباتە ژێرگڵ. رۆژنامە کۆنەکەی ئێمە (دیاریو دیل کۆمیرسیو)، هەوڵیدا بە وتارێکی زیرەکانەو تاڕادەیەك پرغەش سەبارەت بە سەردەمی کۆن و کاریگەریی رۆشنبیریی چینییەکان لەکاریبی و ئەو مافەی کەبۆ بەشداریی لە فێستیڤاڵی شیعردا بەدەستیان هێنابوو، شەرەفی نیشتمانیی ئێمە رزگار بکات. نووسەری وتارەکە گومانی نەبوو کە نووسەری شیعرە لیریکەکە بەڕاستی هەمان ئەو کەسە بوو کە ئیدیعای دەکرد شیعرەکە هی خۆیەتی و لە وتارەکەیدا بەناونیشانی (هەموو چینییەکان شاعیرن ) زۆر بە راشکاوی و بێپەردە داکۆکی لێدەکرد.

پیلانگێڕان- ئەگەر کەسانێکی وا هەبووبن- بەو رازەوە لە گۆڕەکانیاندا رزان. ئەو شاعیرە چینییەش کە سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو بە بێئەوەی هیچ بڵێت بەگەنجیی مرد، لەگەڵ لالە ئاڵتوونییەکەدا کە خرایە ناو تابووتەکەیەوە نێژرا. تاکە ئاواتی ژیانیشی کە ئەوەبوو بە ڕەسمی دانیپیابنرێ کە شاعیرە، لەگەڵ خۆیدا بردە ژێر گڵ. لەگەڵ مردنی ئەم شاعیرەدا، رۆژنامەکان رووداوی فەرامۆشکراوی فیستیڤاڵی شاعیرانییان زیندوو کردەوەو شیعرەکەیان

کرد بە گۆرانی، بەدەنگی چەند کچێکی قەڵەو کە کاسێتەکەی چڵی ئالتوونیی پڕ گوڵ و میوەی نەخشێنراوی لەسەر بوو لەرێگەی نوێخوازانە بڵاوکردەوە. فریشتەکانی پاسەوانی هونەری شیعر ئەم دەرفەتەیان بۆ روونکردنەوەی بابەتەکە بەکارهێنا. ئەو لیریکەیان بەشێوەیەك لای ئەوەی نویٚ خراپ نیشاندا کەکەس گومانی لەوە نەدەکرد شیعرەکەی لەلایەن ئەو چینییە رەحمەتییەوە نووسراوە.

فلۆرنتینۆ ئەریزا هەمیشە ئەو رووداوە ئابڕووبەرەی لەگەڵ غەریبێکی دەوڵەمەندا بەیاد دەهێنایەوە کە لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو. فلۆرنتینۆ لە سەرەتای مەراسیمەکەدا ئاگای لێبوو بەلاّم لەترسی چاوەڕوانیدا، لەبیریکرد. ئەو کچەکەی تەنیشتی بەسپێتی سەدەف ئاسا بۆنی ژنانەو سینگ و بەرۆکی زلی کە بە گوڵی مانگۆلیای دەستکرد رازاندبوویەوە سەرنجی راکێشابوو. کچەکە قاتێکی تەسکی قەیفەی لەبەرابوو کە وەك چاوانی پڕ سۆزو تامەزرۆی رەشبوو، قژی کەبەشانەی قەرەجەکان لەپشت سەرییەوە بەستبوو، کۆی کردبۆوە لە چاوانی رەشتر بوو. گوارە لالەکانی کە بە گوێیدا ئاوێزان بوون لەو گەردانەیە بوو کە کردبوویە ملی، مستیلەی هاوشێوەی ئەوە لەچەند قامکێکیدا بوو کە نەخشی گوڵی سووری پەرپەرِی درەوشاوەیان لەسەر بوو. خاڵێکی دەسکرد لەسەر گۆنای راستی بوو. کچەکە لەناو هەرا و زەنای دوا چەپڵەدا، بە خەمێکەوە کە لە خەمخۆرییەوە بۆ فلۆرنتینۆ ئەریزا سەرچاوەی گرتبوو تەماشای کردو وتی:

- باوەڕبکە! لەئازارت تێدەگەم و شەریکی غەمتم.

فلۆرنتینۆ ئەریزا گێژببوو. نەك لەبەرئەو دەربڕینی هاوسۆزییە کەبەڕاستی شایانی بوو، بەڵکو لەبەر سەرسامی لەوەی کە دەیبینی کەسێك ئاگای لە رازەکەیەتی. کچەکە وەکو روونکردنەوە وتی:

-بەوەدا دەزانم کاتێ زەرفەکانیان دەکردەوە بینیم چۆن گوڵەکەی یەخەت لەرزی.

کچەکە ئەو گوڵە ماگنولیا قەیفەییەی کەبەدەستییەوە بوو نیشانی فلۆرنتینۆداو لەگەڵیدا دەردەدڵی کرد.

-هەربۆیە گوڵەکەی خۆمم لێکردەوە.

هێندەی نەمابوو کچەکە لەبەر شکستی فلۆرنتینۆ دەست بکاتە گریان. بەڵام فلۆرنتنیۆ بەوەستایی راوچییەکی شەوەوە ورەی دایە بەرو وتی:

-وەرە بابچین بۆ شوێنێ کەبتوانین هەردووکمان پێکەوە بگرین.

فلۆرنتینۆ هەتا بەردەرگایماڵەوە لەگەڵ کچەکەدا چوو. لەوێدا، لەبەرئەوەی نیوە شەو بوو کەس لەسەر شەقامەکان بەدینەدەکرا، قایلیکرد کە بۆ خواردنەوەی گلاسێ براندی و بینینی ئەلبومی وێنەکان و ئەو وێنە جیاوازانەی زیاتر لەدەساڵ رووداوی گشتییان لەخۆدەگرت، داوەتی بکات بۆ ماڵەوە، کچەکە خۆی دەربارەی وێنەکان قسەی بۆکردبوو. ئەم فرت وفێڵە لەو کاتانەشدا شتێکی کۆنبوو. بەڵام ئەمجارە فێڵی لەگەڵدا نەبوو، لەبەرئەوەی کاتێ لەشانۆی نیشتمانیی هاتبوونەدەرێ و پیاسەیان کردبوو کچەکە دەربارەی ئەم شتانە قسەی بۆ کردبوو. پاش چوونەژوورەوە یەکەم شتێ لەژووری دانیشتن سەرنجی فلۆرنتینۆی راکێشا دەرگایەکی کراوەبوو بە تاکە ژووری نووستنەکە کۆتاییدەهات کە سیسەمێکی زۆر گەورەو رازاوەی تێدا بەدیدەکراو لای سەروویەوە تابلۆیەک دیاربوو کە لق و گەڵا بوو لەبرۆنز دروست کرابوو. ئەم مەسەلەیە فلۆرنتینۆی پەرێشاندەکرد، بێگومان کچەکە دەرکی پێکردبوو بەژووری دانیشتنەکەدا رۆیشت و دەرگای ژووری نووستنەکەی داخست، داوای لەفلۆرنتینۆ کرد لەسەر ئەو کورسییە درێژە گوڵدارە دابنیشێت کە پشیلەیەک لەسەری خەوتبوو، ئەوسا ئەو

چەند ئەلبومی وێنەیەی باسیکردبوو لەسەر مێزی قاوە خواردنەوەکە دانا. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەهەمان کاتدا کە زیاتر بیری لەهەنگاوی دوای ئەوە دەکردەوە تا ئەو شتەی کەدەیبینی، بە ئارامی لاپەڕەی ئەلبومەکانی هەڵدەدایەوە. پاش چەند ساتێ چاوی لەسەر وێنەکان هەڵگرت و لەچاوانی کچەکەی بڕی، کە پڕ ببوون لە فرمێسک، پێیوت بەبینەوەی شەرمبکات گرێی دڵی بکاتەوە چونکە هیچ شتێ بەقەد گریان تەسکینی مرۆڤ نادات. بەڵام پێڕاگەیاند بۆ ئەوەی بەئیسراحەت بگری پێویستە ستیانەکەی بکاتەوە. لەبەرئەوەی ستیانەکەی بەدوگمەی راست وچەپ لەپشتەوە توند بەسترابوو هەستا تا لەکردنەوەیدا یارمەتی بدات، بەڵام پێشئەوەی دوگمەکە بکاتەوە بەهۆی فشاری سنگییەوە کرایەوە و هەردوو مەمکە خڕەکەی هەوای ئازادیان هەڵمژی.

فلۆرنتینۆ ئەریزا کە هەمیشە یەکەمجار دەترسا تەنانەت لەو حاڵەتانەشدا کە زۆر ئاسان بوون، قیروسیای لێکردوبەسەری پەنجەکانی یاری بەپشت ملی کرد، ئەویش بێئەوەی ژێر بێتەوە وەکو کچۆڵەیەکی بەناز ئاهێکی بۆ کرد. ئەوسا فلۆرنتینۆ وەك ئەوەی بەپەنجە ماچی بکات هەمان شوێنی ماچکرد، بەڵام نەیتوانی ماچەکە دووبارە بکاتەوە لەبەرئەوەی کچەکە بەهەموو لەشولارە زل و تامەزۆرو گەرمەکەیەوە رووی تێکردو باوەشی پێداکرد، لەسەر زەوییەکە دەستیانکرد بەتەپاوتل. پشیلە خەوتووەکە خەبەریبۆوە، قیژەیەکی ناخۆشی لێوە هات و بەسەریاندا خۆی هەڵدا. وەکو دووکەسی کاڵفامی سەرەڕۆ بەدەستلێدان بەدوای جەستەی یەکدا دەگەڕان و خۆیان چۆنبوون ئاوا یەکدیان بینییەوە، بەجلەوە بەسەر ئەو ئەلبومانەدا تەپاوتلیان دەکرد کە بەرگەکانیان لێببۆوە، گیانیان شەڵاڵی عارەقبوو، هێندەی لە داڵغەی ئەوەدا بوون خۆیان لەچڕنووکی پشیلە تووڕەکە بپارێزن ئەوەندە ئاگایان لە کارەساتی ئەو جووتبوونە نەمابوو کەخەریکی بوون. بەڵام

لەوشەوەوە، بەوزامەیانەوە کەهێشتا خوێنی لێدەچۆڕا، ماوەی چەند ساڵێ بەردەوامبوون لەسەر جووتبوون.

کاتێ فلۆرنتینۆ ئەریزا بەخۆی زانی خەریکە دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی کچەکەوە، ئەو لەلووتکەی چلەکانی تەمەنیدا بوو، فلۆرنتینۆش لەسی ساڵی نزیك دەبۆوە. ناوی سارا نۆریگا بوو لەلاویدا پانزە دەقە لەزەتی ناوبانگی چەشتبوو. ناوبانگی پەیوەندی بە سەروەختێکەوە هەبوو کە بەکۆمەڵە شیعرێك دەربارەی خۆشەویستیی هەژاران، کە هەرگیز چاپ نەکرا، لە پێشبڕکێیەکدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. سارا نۆریگا مامۆستای زانستە کۆمەڵایەتییەکان بوو لەقوتابخانە میللییەکاندا، بەو پارەیەی کە وەریدەگرت، دەیتوانی خانوویەك بەکرێ بگرێ لەگەڕەکی (خەیتسمانی) و تیایدا بژی. جاربەجارێ چەند پیاوێك عاشقی ببوون بەڵام کەسیان بەنیاز نەبوون بیکەن بەهاوسەری خۆیان، چونکە لەو کاتانەدا، بە تایبەتی لەو ناوەندەدا بۆ پیاوێك هێنانی ژنێك کەپەیوەندی سێکسی لەگەڵیدا هەبووبێت کارێکی ئاسان نەبوو. خۆشی دوای یەکەم دەزگیرانی کەبەجێی هێشتبوو ئیدی بیری لەشووکردن نەدەکردەوە. سارا بەتەواوی ئەو شەوق و زەوقەوە کە لە ناخی کچێکی هەژدەساڵەدا خۆی حەشاردابوو دەزگیرانەکەی خۆشدەویست بەڵام ئەو هەفتەیەك بەرلەو مێژووەی کە بۆ زەماوەند دیاریکرابوو دەزگیرانییەکەی هەڵوەشاندەوەو سارا لەبەرزەخی نۆبووکاندا بەرەڵڵابوو، یان بەزمانی ئەو ڕۆژگارە، وەك شمەکی دەستەدوو بەرەڵڵا بوو. سارا بەحسابکردن بۆ ئەزموونی زاڵمانەو تیژ تێپەڕی یەکەمی کەتاڵییەکی ئەوتۆی بۆ بەجێنەهێشت، پێی لەسەر ئەو باوەڕە داگرت کە ژیان بەشووکردن و ژنهێنانەوە یان بێنەوە، بەیاساوە یا بێ یاسا بەهای سەڵتیی نییە. فلۆرنتینۆ ئەوەی پێخۆشبوو کە سارا هەندێ جار وەکو منداڵ لەخەودا مەمکەمژەیەکی منداڵانەی دەمژی، هەربۆیە ژمارەیەکی زۆر مەمکەمژەیان

کڕی بەڕەنگ و قەبارەی جیاوازەوە، لەدووکانەکان هەرچەندیان دەستکەوت کڕییان و سارا نۆریگا بەتەختەیەکدا هەڵیواسین بۆ ئەوەی هەرکاتێ حەزی لێبوو، بەبێ تەماشاکردن دەستی پێیان بگات.

ئەگەرچی ئەویش بەقەد فلۆرنتینۆ ئەریزا ئازاد بوو رەنگە دژی ئاشکرابوونی پەیوەندیەکەشیان نەبووبێت بەڵام فلۆرنتینۆ هەرلەسەرەتاوە وەکو مەسەلەیەکی نهێنی حسابی بۆ پەیوەندییەکەیان کرد. فلۆرنتینۆ تەقریبەن هەمیشە نیوە شەوان لەدەرگای دواوە بەهێواشی خزیدەکرد بەژووردا و بەرەبەیان بەدزییەوە بۆئەوەی تەقەی پێی نەیەت لەسەر نووکە پێ دەچووە دەرەوە. ئەویش وەکو سارا چاک دەیزانی کە لە بینایەکی قەرەباڵغ و بەش بەشی وەك ئەو شوێنەدا، دراوسێکان زیاتر لەوەی خۆیان دەردەخەن دەزانن. گەرچی کارەکەی فلۆرنتینۆ جۆرێك بوو لە وریایی رەسمیات بەڵام لەسەراپای تەمەنیدا ئەم شێوازەی لەگەڵ هەموو ئەو ژنانەدا پەیڕەو کرد کەپەیوەندی لەگەڵیاندا هەبوو. فلۆرنتینۆ نە لەگەڵ ساراو نە لەگەڵ هیچ ژنێکی دیکەدا هەرگیز هەڵەی نەکردو هەرگیز گزی لەمتمانەیان نەکرد، ئەمەی بەزیادەڕەوییەوە نەدەوت. فلۆرنتینۆ بەپێی بەرژەوەندیی تەنیا یەکجار شوێن پێی نووسراوێکی بەجێهێشت کە دەکرا بەنرخی ژیانی تەواو بێت. هەمیشە بەشێوەیەك رەفتاری دەکرد وەك ئەوەی مێردی جاویدانی فێرمینا دازا بێت. مێردێکی بێوەفا، بەڵام سەرسەخت کە بۆرزگاربوونی خۆی لە تەوقی کۆیلایەتی، درێژە بەململانێیەکی بیکۆتا دەدات، بێئەوەی پێویستییەکانی ئازاریی لایەنی بەرامبەر بەهۆی خیانەتەکانییەوە فەراهەم بکات.

ئەم نهێنی پاراستنە نەیدەتوانی بەبێ ئامادەگیی بەدحاڵیبوون گەشەبکات. ترانسیتۆ ئەریزا بەو باوەڕەوە مرد کوڕەکەی کە بەرهەمی خۆشەویستیی خۆی بوو، هەربۆ خۆشەویستیی گەورەی کردبوو، بەهۆی یەکەمین بەدبەختی لاوییەوە، لەبەرامبەر هەر خۆشەویستییەکدا پارێزراوە.

بەڵام ئەو کەسانەی خراپ بیریان دەکردەوەو لەفلۆرنتینۆوە زۆر نزیکبوون ئاشنای کەسێتی پڕ نهێنی و شەیدایی و رەفتارە نهێنییەکانی و ئەوکرنە سەیرەش بوون کە لە پێستی دەدا، لەو بەد گومانییەدا هاوڕابوون کە فلۆرنتینۆ لەبەرامبەر خۆشەویستییدا نەپارێزراوە بەڵکو لە بەرامبەر ژندا پارێزراوە. فلۆرنتینۆ ئەمەی دەزانی و هەرگیز کارێکی نەدەکرد کەپێچەوانەی ئەمە بسەلمێنێ. ئەم رەفتارە سارا نۆریگای نیگەران نەدەکرد.
سارا وەکو ئەو هەموو ژنە بێشومارەی فلۆرنتینۆیان خۆشدەویست و تەنانەت ئەوانەشی کە بەبێ خۆشەویستیی پەیوەندییان لەگەڵیدا هەبوو لەبەر شتێ کە بە راستی لەفلۆرنتینۆدا هەبوو قبوڵیکرد: چونکە پیاوێکی راگوزەربوو.

فلۆرنتینۆ، لەهەر کاتێکدا کە بۆی بگونجایە، بەتایبەتی بەیانیانی یەکشەموان کەبێترسترین کات بوو دەچوو بۆماڵەوە بۆ لای، سارا لێیدەگەڕا هەرچییەکی پێخۆش بێت بیکات و تەواوی جەستەی دەخستە خزمەتییەوە بۆ ئەوەی لەسەر ئەو سیسەمە گەورەو مێژووییە خۆشحاڵی بکات کەهەمیشە بۆی ئامادەکرابوو، هەرگیز نەیدەهێشت بەشێوەیەکی رۆتینی سێکس لەسەربکرێ. فلۆرنتینۆ نەیدەتوانی لەوە حاڵیببێت چۆن ژنێک بەبێ رابردوویەك دەتوانێت ئاوا باش بە حاڵەتەکانی پیاوێك ئاشنا بێت و جەستە دۆلفینییە شیرینەکەی پێشکەش بکات بەو هەموو پەنهانی و سۆزو خۆشەویستییەوە وەك ئەوەی لەژێر ئاودا بجوڵێت. سارا بەوتنی ئەو رستەیە داکۆکی لەخۆی دەکرد کە سەرەڕای فاکتەرەکانی دیکە، سێکس توانایەکی زاتییە. سارا دەیوت" مرۆڤ یان هەر کە لەدایکبوو دەیزانێت یان هەرگیز نایزانێت" فلۆرنتینۆ ئەریزا بەو خەیاڵەوە کە ڕەنگە سارا رابردوویەکی لەوە زیاتری هەبێ کەخۆی دەنواند، لە غیرەکردندا بەسەختی خۆی دەخواردەوە، بەڵام ناچاریش بوو قسەکانی قبوڵبکات. لەبەرئەوەی وەکو ژنانی تر بەویشی وتبوو کە یەکەمین و دواهەمین دەنکێتی. لەوشتانەی کە فلۆرنتینۆ رقی لێیان

بوو، یەکێکیان ئەو پشیلەیە بوو کە ناچاربوو لەماڵەکەدا لەگەڵ بوونیدا هەڵ بکات، هەرچەندە سارا نۆریگا ناردبووی نینۆکەکانی بکەن بۆ ئەوەی لەکاتی جووتبووندا بە چرنوک برینداریان نەکات.

بەهەرحاڵ، سارا هێندەی ئەوەی حەزی لەشیعر بوو، کاتە خۆشەکانی بۆ پەرستنی شیعر تەرخاندەکرد، حەزی دەکرد لەگەڵ دڵدارەکەی واتە لەگەڵ فلۆرنتینۆ ئەریزا دا بێت. سارا مێشکێکی سەرسوڕهێنەری هەبوو بۆ لەبەرکردنی شیعرە رۆمانسییەکانی زەمانی خۆی. ئەو شیعرانەی هەرلەگەڵ نووسینیاندا بەشێوەی نامیلکەی دوو سەنتاڤی لەشەقامەکاندا دەفرۆشران. ئەو شیعرانەشی کە زیاتر حەزی لێیان بوو بەبزمار بەدیوارەکاندا هەڵیدەواسین، بۆ ئەوەی هەرکاتێ ویستی بەدەنگی بەرز بیانخوێنێتەوە. بۆ راڤەکردنی دەقی شارستانی و فێرکردنی شارستانییانەش بە شێوەی ئیملای ئەو شیعرانەی لە خوێندندا بەکار دەهاتن یانزە بەیتی نووسیبوو کە نەیدەتوانی رەزامەندی رەسمییان بۆ بەدەست بێنێ بۆ ئەوەی لەقوتابخانە بخوێنرێن. هێندە حەزی لەخوێندنەوەی شیعر بوو بەدەنگی بەرز کە هەندێ جار لەکاتی جووتبوونیدا لەگەڵ فلۆرنتینۆ بەقیژەوە شیعری دەخوێندەوە، ئەمەش فلۆرنتینۆی ناچار دەکرد مەمکەمژەیەك بخاتە دەمییەوە هەروەکو چۆن بۆ ژێرکردنەوەی منداڵ مەمکەمژە دەخەنە دەمییەوە. لەگەرمەی ئەو پەیوەندییەدا، فلۆرنتینۆ لەخۆی پرسیبوو خۆشەویستیی چییە؟ ئایا ئەوەیە کە لەپێخەفە شەپرێوەکەدا دەیکەن یان قووڵبوونەوەیانە لە ئێوارانی یەکشەممە ئارامەکاندا؟ سارا نۆریگا بەبەڵگەیەکی سادە فلۆرنتینۆی دڵنیا کردەوە کە هەموو ئەوەی بە رووتی دەیکەن خۆشەویستییە. سارا دەیوت ( خۆشەویستیی رۆح لە پشتوێنە بەرەو ژوورە و خۆشەویستیی جەستەش لەپشتوێنە بەرەو خوارە ) ئەم پۆلێنکردنە بەلای ساراوە گونجاو بوو بۆ دابەشکردنی خۆشەویستیی، بۆیە پێکەوە بەچوار دەست لەم بارەیەوە شیعرێکیان نووسی و پێشکەشی

پێنجەمین فێستیڤاڵی شاعیرانیان کرد بەو باوەڕەوە کەهیچ کەسێ تائێستا بەشیعری وا بەشداری نەکردووە، بەڵام ئەم شیعرەش شکستی هێنا.

دوای ئەم شکستە فلۆرنتینۆ ئەریزا لەگەڵ سارا نۆریگادا کەزۆر تووڕە بوو رۆیشتەوە بۆ ماڵەوە. سارا لەبەر چەند هۆیەك کە نەیدەتوانی روونیان بکاتەوە دڵنیابوو لەوەی کە فێرمینا پیلانی لەدژی گێراوە بۆ ئەوەی خەڵاتی یەکەم وەرنەگرێت. فلۆرنتینۆ گوێی بە سارا نەدەدا. لەکاتی بەخشینی خەڵاتەکانەوە لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆر بوو فێرمینای نەدیبوو، ئەو شەوە کە دەیبینی و گومانی دەکرد بەتەواوی گۆڕابێت، تەواو پەرێشان بوو. یەکەمجار بوو کەدەکرا بەنیگایەك بڵێی فێرمینا تەنیا دایکێکە. ئەم مەسەلەیە بەلای فلۆرنتینۆوە لەپڕ نەبوو کە غافڵگیری بکات لەبەرئەوەی دەیزانی کوڕەکەی فێرمینا لە قوتابخانەیە. بەهەرحاڵ، فێرمینا وەك دایکێك هەرگیز بەقەد ئەو شەوە لەبەرچاوی فلۆرنتینۆ ئاشکرا نەبوو.ئەو شەوە ئەستووریی کەمەری فێرمیناو هەناسەبڕکێی لەکاتی هاتوچۆدا، بەهەمان ڕادەی دەنگی گۆڕانی بەسەردا هاتبوو کە لە کاتی خوێندەنەوەی ناوی ئەو کەسانەدا کە خەڵاتیان وەرگرتبوو دەنگی دەگیرا. فلۆرنتینۆ بۆ ئەوەی یادەوەریی بەبەڵگەوە جێگیر بکات، لەو کاتەدا کە سارا نۆریگا سەرقاڵی ئامادەکردنی شتێ بوو بۆ خواردن، تەماشای ئەلبومی فێستیڤاڵەکەی کرد. چاوی بەو وێنە رەنگاو رەنگانەدا خشاند کە لە گۆڤارەکان کرابوونەوە هەروەها ئەو پۆست کارتانەشی بینی کە لە گوزەرەکان وەکو دیاری دەفرۆشران و وەختەبوو زەرد دەبوون، ئەمەش وەکو چاوخشانێکی رۆحی وابوو بە ناڕاستیی ژیانی خۆیدا. تا ئەوکاتە لەسەر ئەو وەهمە وەستابوو کە ئەم دنیایەو خوو و نەریتەکانی بەردەوام لەگۆڕاندان. هەموو شتێ لەگۆڕاندایە جگە لە ئەم. بەڵام ئەو شەوە بۆ یەکەمجار لەهۆشیاریی تەواودا، چۆنیەتی تەمەن و ژیانی فێرمینا دازای بینی و چاوی بەژیانی خۆشیدا خشاندەوە کە لەحاڵەتی گوزەردا بوو، خۆی بینی کەجگە لە چاوەڕوانیی

هیچی نەدەکرد. دەربارەی فێرمینا دازا لەبەرئەوەی دەیزانی بینەوەی یەکێك ئاگای لە ڕەنگپەڕینی لێوەکانی بێت، ناتوانێت ناوی بێنێ، بۆیە قەت لەگەڵ کەسدا قسەی نەکردبوو. بەڵام ئەو شەوە لەکاتێکدا تەماشای ئەلبومەکانی دەکرد- بەسەرنج لێدانێکەوە کە لە کاتی خۆرئاوابوونی زۆربەی یەکشەممەکاندا دەبوونە مایەی تەمەڵیی لێیدابوون- سارا نۆریگا بە وتنی یەکێ لە ڕاقە سادەپەرستییەکانی کەخوێنی وشك دەکرد وتی:

-قەحبەیە.

سارا نۆریگا لەکاتێکدا ئەم قسەیەی کرد کە بەلای فلۆرنیتنۆدا تێپەڕی کە تەماشای وێنەیەکی فێرمینای دەکرد لە کەرنەڤاڵێکدا بە دەمامکێکەوە لە پڵنگێکی ڕەشی دەکرد. پێویستی نەدەکرد ئاماژە بۆ ناوێکی تایبەتی بکات تا فلۆرنتینۆ بزانی دەربارەی کێ قسە دەکات. فلۆرنتینۆ لەترسی ئاشکرابوونی رازێك کە ڕەنگبوو ژیانی بهێنێتە لەرزە، وەکو داکۆکییەکی وریایانە کەوتەخۆی. بەناڕازیبوونەوە وتی دووراو دوور فێرمینا دەناسێت و هەرگیز لە سەلام و هەواڵپرسینی ئاسایی تێنەپەڕیوە و هیچ زانیارییەکی سەبارەت بە ژیانی تایبەتی ئەو نییە، بەڵام دڵنیایە کەژنێکی بەرێزەو لەهیچەوە لەرێگەی توانا زاتییەکانی خۆیەوە بەرز بۆتەوە.سارا نۆریگا بەناڕازیبوونەوە قسەکەی پێبڕی و وتی:

-لەرێگەی شووکردنییەوە بەپیاوێك تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆی کەسوور دەزانێت خۆشی ناوێت، ئەمە سووکترین جۆری سۆزانێتییە.

دایکی فلۆرنتینۆش کاتێ هەوڵیدەدا لەبەرامبەر ئەم بەدبەختییەدا دڵخۆشی کوڕەکەی بداتەوە بەهەمان ڕاشکاوییەوە ئەمەی وتبوو بەڵام نەك بەو ناشیرینییە. فلۆرنتینۆ ئەریزا کە بە سەراپای بوونییەوە هەژابوو، نەیدەتوانی وەڵامێکی گونجاوی توندوتیژییەکەی سارا نۆریگا بداتەوە، هەوڵیدا قسەکەی سارا بەرەو ئاراستەیەکی تر بەرێت. بەڵام سارا نۆریگا هەتا ئەوەی لەدڵیدایە هەڵینەڕشتایە بواری گۆڕینی هیچ شتێکی نەدەدا. لە

ساتەوەختێکی لەوەسفکردن نەهاتووی قسەکردندا، سارا گەیشتە ئەو باوەڕەی فێرمینا ئەو کەسەیە کە بە پیلانگێران لەژی بۆتە هۆی ئەوەی خەڵاتەکە وەرنەگرێت. هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە لە ئارادا نەبوو. ساراو فێرمینا یەکتریان نەدەناسی و هەرگیز پێکەوە قسەیان نەکردبوو، فێرمینا بەهۆشیارییەوە سەبارەت بەڕای داوەران حەقی بەسەر بڕیاری ئەوانەوە نەبوو. سارانۆریگا بەراشکاویی وتی:

-ئێمەی ژنان باشتر هەست بەم شتانە دەکەین.

بە وتنی ئەمە ساراکۆتایی بەباسەکە هێنا.

لەو ساتەوەختە بەدواوە فلۆرنتینۆ ئەریزا بەشێوەیەکی تر لە سارا نۆریگای دەڕوانی. ساڵەکانیش یەک لەدوای یەکتری بەنیسبەت ساراوە دەگوزەران.هەستەکانیشی بەبێ هیچ فەخرو شانازییەک لەژاکاندا بوون. ورده ورده تەڕوبڕیی لەدەست دەداو پێڵووی چاوەکانی بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، ڕەشدەبوون. سارا گوڵی دوێنێ بوو. جگە لەوەش، لە ئەنجامی ئەو تووڕەییەوە کە لە شکستەکەیەوە سەرچاوەی گرتبوو، حسابی گلاسە براندییەکانی لێتێکچووبوو. ئەو شەوە بۆ ئەو شەوێکی باش نەبوو. لەکاتێکدا سەرقاڵی خواردنی برنج بە گوێزی هندی بوون کە گەرم کرابۆوە سارا هەوڵیدا بە دیاریکردنی رادەی شکستی هەر یەکێکیان لە شیعرەکەدا، ژمارەی ئەو گەڵای لالە ئاڵتوونییانە حساب بکات کە لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتدا بەریاندەکەوت. ئەمە یەکەمجار نەبوو کە ئەم جووتە بەمشتومڕی بیزەنتییەوە خۆیان سەرقاڵدەکرد، بەڵام فلۆرنتینۆ ئەم هەلەی بۆ قسەکردن سەبارەت بەو زامەی تازە سەریهەڵدابوو، قۆستەوەو هەردووکیان کەوتنە ناو دەمەدەمێیەکی بازاڕییەوە و رق و کینەی پێنج ساڵ خۆشەویستیی لەتوپەت زیاتر دەیبزواندن.

دە دەقە پێش سەعات دوانزە سارا بۆ ڕێکخستنی سەعاتە باندۆلییەکە چووە سەر کورسییەک و ڕێک لەسەر سەعات دوانزە میقاتی

کرد، ڕەنگە بەم کارەی ویستبێتی ئەوە لە فلۆرێنتینۆ بگەیەنێ کە کاتی ڕۆیشتنێتی. فلۆرێنتینۆ ئەریزاش کە هەستی بەپێویستیی کۆتاییهێنان بەو پەیوەندییە کردبوو کە بەتاڵبوو لەخۆشەویستیی، بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕا بۆ ئەوەی دەست پێشخەری بکات- ئەو کارەی کردبووی بەخوو، هەمیشە دووبارەی دەکردەوە. لە ناخی دڵەوە دوعای دەکرد کە سارا نۆریگا داوای لێبکات لەگەڵیدا بخەوێت بۆئەوەی بتوانێت بڵێت نا، لەبەرئەوەی هەموو شتێ تەواو بووە. کاتێ سارا سەعاتەکەی میقات کرد، فلۆرێنتینۆ داوای لێکرد لەتەنیشتییەوە دابنیشێت. بەڵام سارا پێیباشبوو بەدانیشتن لەسەر کورسییە فەرەحەکە کەتایبەت بوو بەمیوان ماوەیەک لەنێوان خۆی ئەودا بهێڵێتەوە. فلۆرێنتینۆ پەنجەی دۆشاومژەی کە بە براندی تەڕ بوو بۆ لای سارا درێژکرد بۆ ئەوەی بیمژێت، ئەمەش کارێک بوو کە لە ڕابردوودا و لە سەرەتای پەیوەندییەکەشیاندا سارا حەزی لێیبوو. ئەمجارە ڕەتیکردەوەو وتی:

-ئێستا نا، چاوەڕوانی کەسێک دەکەم.

لەو کاتەوە کە فێرمینا دازا بە بێ پێشەکی وازی لێهێنابوو، فلۆرێنتینۆ ئەوە فێرببوو کە هەمیشە ماف بڕیاری کۆتایی بۆ خۆی بهێڵێتەوە. دەیتوانی لە گەمارۆدانی سارا نۆریگا بەردەوامبێ ئەگەر بارودۆخەکە هێندە ناڵەبار نەبووایەو هێندە سوێ نەچوایەتە دڵییەوە، چونکە لەوە دڵنیابوو دواجار دەتوانی ئەمشەویش بیبەتێنێ، چونکە دەیزانی ئەگەر پیاوێک جارێ سواری ژنێک بوو، دەتوانێ چۆنی بوێت درێژە بەو پرۆسەیە بدات، بەمەرجێ هەموو جارێ بزانێ چۆنی نەرمدەکات. لەبەر ئەم باوەڕەی لەبەرامبەر هەموو شتێکدا خۆی ڕاگرتبوو چاوی لەزۆر شت پۆشیبوو، بۆ ئەوەی ناچار نەبێت هەلی بڕیاری کۆتایی بەهیچ ژنێک بدات کە لەداوێنی ژنێکی تر کەوتۆتە خوارەوە، بەڵام ئەو شەوە ئەوەندە هەستی بەڕق و کینەو سووکایەتیی کرد کە لە هەوڵیدا بۆ نیشاندانی توڕەبوونەکەی، براندییەکەی بە یەک پێک

خواردەوەو بەبێ خواحافیزی لێیدا ڕۆیشت. ئەم جووتە هەرگیز جارێکی تر یەکترییان نەدییەوە.

پەیوەندی فلۆرنتینۆ لەگەڵ سارا نۆریگادا یەکێک بوو لە درێژترین و جێگیرترین پەیوەندییەکانی، ئەگەرچی بەدرێژایی ئەو پێنج ساڵە تاکە پەیوەندی فلۆرنتینۆ نەبوو. کاتێ لەوە تێگەیشت لەگەڵ سارادا هەست بەبەختەوەریی دەکات بەڵام هەرگیز جێگەی فێرمینای بۆ پڕ ناکاتەوە، جارێکی تر وەکو ڕاوچییەکی سەڵت دەستی بەچالاکی کردەوە. کارەکانی بەجۆرێك ڕێکدەخست کە بتوانێت هێزو کاتەکانی لەنێوان نێچیرەکانیدا دابەشبکات کە لە زیادبووندا بوون. بەهەرحاڵ، سارا نۆریگا بۆماوەیەك توانی موعجیزەی سارێژکردنی زامەکانی بەدیبێنێ. بەلای کەمەوە کاتێ فلۆرنتینۆ ئەریزا لەگەڵ سارادابوو لەجیاتی ئەوەی هەموو سەعاتێ لە ڕۆژدا دەست لەئیش هەڵبگرێت و بە تاسەی بینینی فێرميناوە کە تەنانەت بۆ ساتێکیش نەیدەهێشت ئارامبگرێ، بەبێئەوەی ڕێگایەکی دیاریکراو بگرێتەبەر بەدرێژایی ئەو ڕاڕەوانەی کە هەستی بەرەو ئەوێ پەلکێشیان دەکرد سەرگەردان بێت و بەدوای هەستە پڕ لەدوودڵییەکانیدا پێش ئەوەی هیچ ڕوویدابێت، لەو شەقامانەدا کەهیچ گومانی ئەوەی لێنەدەکرا فێرمینای لێبێت چونکە شوێنی وەهمی بوون و نەدەکرا فێرمینایان تێدا بەدی بکرێ بەدوایدا دەگەڕا، دەیتوانی بەبێ بینینی فێرمینا بژی. بەهەرحاڵ، تێکدانی پەیوەندی لەگەڵ سارا نۆریگادا دووبارە خەمی خەفەکراوی فێرمینای لەناخی فلۆرنتینۆدا بێدارکردەوەو دیسان ئەو هەستە بەسەریدا زاڵبۆوە کە لە ئێوارانی خوێندنەوەی بێکۆتاییدا لەپارکە بچووکەکەدا، گێژەی کردبوو. بەڵام ئەمجارە بەهەستێکی زۆرەوە کەسەبارەت بەمردنی خۆڤینال ئۆربینۆ هەستی پێدەکرد، توند دەبوو.

زۆر دەمێك بوو دەیزانی ئەوە لە ئەزەلەوە لەناوچەوانی نووسراوە کە دەبێت بێوەژنێك بەختەوەر بکات و ئەو بێوەژنەش ببێتە هۆی

بەختـەوەریی ئـەم. ئـەم مەسـەلەیە نیگـەرانی نـەدەکرد، بەپێـچەوانەوە ئامادەبوو. لەدوای ناسینی ئەو هەموو بێوەژنە لە کاتی تاکە سواریدا وەکو راوچییەکی سەلت هەستی بەو مەسەلەیە کردبوو کەدنیا پڕە لە بێوەژنی خۆشحاڵ. فلۆرنتینـۆ ئـەو بێوەژنانـەی لـە بەرامبـەر لاشـەی مێردەکانیانـدا دیبوو کە شێتانە خەفەتیان دەخواردو بەقیژەو هاوارەوە داوایـان دەکـرد بەزیندوویی بیانخەنە ناو دارەمەیتی مێردەکانیانەوە بۆ ئەوەی ناچار نەبن بەبێ مێردەکانیان رووبەڕووی ئاینده ببنەوە. بەڵام هەر کە خۆیان لەگەڵ واقیع و پێگەی نوێیاندا دەگونجاند، بە هێزێکی دەمەزەرد کراوەوە بۆ ژیان لەناو خۆڵەمێشەوە سەریان بەرز دەکردەوە. لەخانووە گەورەو چۆڵەکانیاندا دەستیان بەژیانی مشەخۆرانەی پڕ پەرێشانیی خۆیان دەکردەوە و دەبوونە مەحرەمی رازونیازی خزمەتکارانیان، دوای ئەو هەموو ساڵەی بێ سەمەری دیلێتی بێئەوەی ئیشێکیان هەبێت بیکەن بەو کارانەوە کە بەر لەوە کاتیان نەبووە بیکەن، کاتی بێئیشی خۆیان دەبردەسەر، وەکو داگرتنەوەی قۆپچەی جلوبـەرگی مێـردە مردووەکانیـان، بـەردەوام ئوتـوکردنی ئەوکراسـانەی کەسەرقۆڵ و ملوانەکانیان لەئوتودا رەقببوو، بۆ ئەوەی هەمیشە بەوشێوەیە بمێننەوە. هـەروەها درێـژەیان بـەدانانی سابوونی مێردە رەحمەتییـەکانیان لەسـەر سـەرینەکانیان دەدا کـەپیتی یەکـەمی ناویـانی لەسـەر بـوو، ئەگـەر بـەقودرەتی قـادر مێردەکانیـان زینـدوو ببوایەتـەوە جێگـەی لەسـەر مێـزی نانخواردن هەمیشە ئامادە بوو، هەروەکو چۆن بەر لە مەرگی حەزی دەکرد ئامادەبێت. بەڵام ئەم بێوەژنانە لەرێوڕەسمەکانی عەشای رەببانیدا کەدەبوو تاک و تەنیا تیایدا ئامادەبن وردە وردە دەرکیان بەوەدەکرد کە دەستیان نەک تەنیا لە ناوبانگی خێزانیی بەڵکو لە شوناسی خۆشیان هەڵگرتووە لەپێناوی ئەمانێکدا کە هێندە لەخەیاڵ پڵاویی نۆ بووکان جیاواز نییە بوونە خانمی تازەی چارەنووسی خۆیان. تـەنیا ئەم بێوەژنانە دەیانزانی ئەو پیاوەی کە تاسنووری شێتیی خۆشیان ویستووە چەند ماندووی کردوون. ئەو پیاوەی

لەوانە بوو خۆشیبوێن، بەڵام ئەمان ناچار بوون هەتا دوا ساتی ژیانی وەکو منداڵێک وریایی بکەن و ئاگایان لەتەڕ کردن و وشککردنەوەی بێت بۆ کەمکردنەوەی ترسی لەچوونە دەرەوەو رووبەڕووبوونەوەی واقیع بە چەند فێڵێکی دایکانە بیری بە لایەکی تردا سەرقاڵبکەن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، کاتێ دەیانبینی هەمان پیاو کەخۆیان بەسوور بوونەوە هانیان دابوو بچێتە دەرەوە، وەختە دنیا هەڵدەلوشێت، دیسان ئەوە خۆیان بوون کە بەترسی ئەوەوە نەبادا هەرگیز نەگەڕێتەوە، بەتەنیا دەمانەوە. خۆشەویستییەك ئەگەر هەبووایە، شتێکی جیاوازو ژیانێکی دیکە بوو.

لەلایەکی دیکەوە، لەبێهوودەیی تاقەت پڕوکێنی تەنیاییدا، بێوەژنەکان لەوە تێدەگەیشتن کە رێگەی شەرەفمەندانەی ژیان لەملکەچکردندایە بۆ فەرمانەکانی جەستە: خواردن تەنیا لەکاتی برسێتیدا، خۆشەویستیی بەبێ درۆکردن، خەوتن بەبێ ئەوەی پێویست بکات بە درۆوە خۆیان بکەن بەخەوتوو تا لە جووتبوونی رەسمی قوتاربن، دواجار کۆنترۆڵکردنی سەراپای سیسەمەکە کە ئیدی چیتر کەسێك بۆ لێفەکەو نیوەی ئەو هەوایەی هەڵیاندەمژی و نیوەی شەوەکەیان لەگەڵیاندا شەڕینەدەکردو پێویستی جەستەیان بەخەو و خەونی تایبەتی خۆیان تێردەبوو، بەکەیفی خۆیان لەخەو هەڵدەسان. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەکاتی راوی دزانەیدا سەعات پێنجی بەرەبەیان کە لە عەشای رەببانی (قوداس) دەهاتنە دەرەوە، دەیبینێن کە رەشپۆش بوون و کونەبەبووی قەدەری بەدبەختیی بەسەر شانیانەوە بوو. ئەم بێوەژنانە لەگەڵ بینینی فلۆرنتینۆ لە ناو رۆشنایی بەرەبەیاندا، بە هەنگاوی کورت و دوودڵانەوە، وەك هەنگاوی چۆلەکە، پانایی شەقامەکەیان تەیدەکردو دەچوونە ئەو بەرەوە، لەبەرئەوەی ئەوەشدا فلۆرنتینۆ باوەڕی وابوو کە بێوەژنێکی دڵشکاو زیاتر لەهەر ژنێکی دیکە دەتوانێت تۆوی بەختەوەریی لەدڵ بهێنێتە بەر.

لەکاتی نازاریت-ی بێوەژنەوە، گەلێ بێوەژن هاتبوونە ژیانییەوەو ئەو دەرفەتەیان دابوویە کەبەچاوی خۆی ببینێ ژنان لەدوای مردنی مێردەکانیان دەتوانن بەختەوەر بن. ئەو شتەی کەتا ئەو سەردەمە خەونێك بوو، لەسایەی ئەمانەوە بوو بەشتێکی وەها کەدەتتوانی وەك بەڵگەیەك دەستی لێبدەی. هیچ بەڵگەیەك بەدەست فلۆرنتینۆوە نەبوو کە فێرمیناش وەکو باقی بێوەژنەکانی تر نەبێت، بێوەژنێك کە هەلومەرجەکان ئامادەیان کردبوو تا ژیان وەك خۆی چۆنە ئاوا قبوڵبکات، بەبێ خەیاڵاتی هەستکردن بەگوناه لەبەر مێردە رەحمەتییەکەی، سووربێ لەسەر ئەوەی دووبارە سەراپای بەختەوەرییەکان لەلای فلۆرنتینۆ بدۆزێتەوە کە بە خۆشەویستیی جەستەیی رۆژانە ببن بەموعجیزەی ژیان و بەخۆشەویستیی و شووکردنێکی دیکە شاد بێت کەتایبەتن بەخۆی ئەو خۆشەویستییەی کە قەڵغانی مەرگ لەبەرامبەر هەموو نەخۆشییەکی کوشندەدا دەیپاراست.

لەو کاتانەدا فێرمینا دازا تازە پەی بە دنیایەك بردبوو کە تیایدا جگەلە سەرشۆڕیی هەموو شتێك پێشبینی دەکرا، ئەگەر فلۆرنتینۆ ئەریزا تەنانەت گومانیشی هەبوایە سەبارەت بەوەی کەفێرمینا دازا لەوکاتانەدا چەند لەو بەراوردە هەڵخەڵەتێنەرانە بەدوور بوو، رەنگە ئەوەندە شەیدا نەبوایە. بێگومان لەو رۆژگارەدا دەوڵەمەندبوون قازانج و زیانی زۆری هەبوو، بەلام نیوەی دانیشتوانی دنیا وەکو باشترین ئەگەر بۆ نەمریی لێیان دەڕوانی. فێرمینا دازا کە لەگەڵ بزوانی یەکەمین پرشنگی باڵغبووندا، دەستی بەرووی فلۆرنتینۆ ئەریزاوە نابوو یەکسەر بەهای ئەمەی بە قەیرانێکی پڕ لە بەزەییەوە دابوو، هەرگیز گومانی لەوە نەکرد، کە بڕیارەکەی راست و دروست بووە. لەو کاتەدا فێرمینا نەیدەتوانی ئەوە روونبکاتەوە کە چ هێزێکی بزوێنەری شاراوە لەهەستیدا، دەرفەتی ئەو بەرچاو ڕوونییەی پێدابوو. بەڵام پاش ساڵەها کە تێپەڕین لەسەرەتای پیریدا، بەڕێکەوت لەکاتی گفتوگۆیەکدا دەربارەی فلۆرنتینۆ ئەریزا لەناکاو

بەبینەوەی بزانێت چۆن، ئەو هێزە بزوێنەرەی دۆزییەوە. هەمووبەشدارانی گفتوگۆکە دەیانزانی کە فلۆرنتینۆ ئەریزا بەدرێژایی درەوشاوەترین ماوەی کارکردنی کۆمپانیای کاریبی بۆ کەشتیوانی رووبار میراتگری راستەقینەی کۆمپانیاکە بووە. هەمووان دڵنیا بوون کەچەندینجار دیبوویان و تەنانەت مامەڵەشیان لەگەڵدا کردبوو، بەڵام کەس نەیدەتوانی ئەوە بەیاد بهێنێتەوە کە فلۆرنتینۆ لە چی دەچێت. ئەم مەسەلەیەش لەهەلومەرجێکدا هاتە ئاراوە کەفێرمینا دازا لە ئەزموونی ئاشکرابوونی پاڵنەرێکدا دەژیا کە لەخۆشەویستیی فلۆرنتینۆ بێبەشی کردبوو لەم بارەیەوە وتی:

-فلۆرنتینۆ وانییە کەکەسێك بێت، بەڵکو تارماییەکە!

فلۆرنتینۆ تارمایی پیاوێك بوو کە هەرگیز کەس نەیناسی. بەڵام فێرمینا دازا لەرۆژگارێکدا کە لەبەرامبەر گەمارۆی دکتۆر خوڤینال ئۆربینۆدا دەوەستایەوە، کە رێك بە پێچەوانەی فلۆرنتینۆوە بوو، هەستکردن بەگوناه دڵی دەگوشی و ئازاری دەچێشت، ئەمەش تاکە هەستێك بوو کە نەیدەتوانی بەرگەی بگرێت. ئەوکاتانەی هەستی پێدەکرد جۆرێك لە تۆقین سەراپای بوونی داگیردەکرد کە تەنیا لەکاتێکدا دەیتوانی کۆنترۆڵی بکات کەکەسێکی بدۆزیایەتەوە تەسکینی ویژدانی بدات. لەوکاتەوە کە لە کچۆڵەیەك زیاتر نەبوو، کاتێ لەمویەق قاپێکی دەشکاند، یان کاتێ دەکەوت یان پەنجەیەکی دەبوو بەدەرگاوە، بەترسەوە رووی لەو کەسە دەکرد کە لەخۆی گەورەتربوو، تاوانباری دەکرد کە "خەتای تۆ بوو" بەڵام لە ڕاستیدا لەو مەسەلەیەدا گوێی بەوە نەدەدا کە کێ تاوانبارە یان باوەڕ بەوە بێنێ کەخۆی بێگوناهە. تەنها بەوە بەسی دەکرد کە لەوێدا وابوترێ.

تارمایی ئەو گرێی گوناهە بەشێوەیەك ئاشکرابوو کەدکتۆر ئۆربینۆ لەدوای هەست پێکردنی هەر کەدەیزانی گونجانی ناو ماڵەکەی لەبەردەم هەڕەشەدایە بە پەلەو بەدەستەپاچەییەوە بەژنەکەی دەوت:

-نیگەران مەبە دڵەکەم، خەتای من بوو.

دکتۆر ئۆربینۆ لەهیچ شتێ بەقەد بڕیارە لەناکاو و بەکلاییکەرەوەکانی ژنەکەی نەدەترسا، باوەڕیوابوو کە بڕیارەکانی ژنەکەی لەهەلومەرجێکی ئاوادا هەمیشە لەهەستکردن بەگوناهێکەوە سەرچاوە دەگرن. بەهەرحاڵ ئەو پەرێشانییەی لەرەفزکردنی فلۆرنتینۆوە سەرچاوەی گرتبوو بە قسەو وشەی دڵدانەوە لانەدەچوو. فێرمینا دازا چەندین مانگ بەیانیان بەردەوام ئەو پەنجەرەیەی دەخستە سەرپشت کە لەسەر باڵکۆنەکە بوو، شوێنی ئەو تارماییە تەنیایەی بەچۆڵی دەبینی، کە جاران لەپارکە بچووکەکەوە تەماشای دەکرد. ئەو درەختەی دەبینی کە لەبنیدا دادەنیشت و سەرنجی نادیارترین کورسی درێژی دەدا کە فلۆرنتینۆ ئەریزا لەکاتی بیرکردنەوەو ئازار چەشتندا لەخۆشەویستیی ئەم لەسەری دادەنیشت و دەیخوێندەوە، دەبوو جارێکی دی پەنجەرەکە دابخات و بەئاهێکی پڕ لەئەفسووسەوە لەژێر لێوەوە بڵێت: "ئای پیاوە بەدبەختەکە!" لە کاتێکدا کە بۆ قەرەبووکردنەوەی رابردوو ئیدی زۆر درەنگ بوو، فێرمینا تەنانەت بەدەست رەواندنەوەی ئەو خەیاڵەشەوە کە فلۆرنتینۆ ئەوەندەش سەرسەخت نەبوو کە ئەم بیری لێدەکردەوە، ئازاری دەچەشت، ئەگەرچی جاربەجارێ هێشتا ئارەزووی گەیشتنی لە ناکاوی نامەیەکی هەست پێدەکرد. ئەو نامەیەی کە هەرگیز نەگەیشت. بەڵام کاتێ بە ناچاریی رووبەڕووی بڕیاری شووکردن بە خۆڤیناڵ ئۆربینۆ بۆوە، بەدەست قەیرانێکی سەختترەوە گیریخوارد ئەوەش لەکاتێکدا بوو کەهەستیکرد لەدوای رەتکردنەوەی بێهۆی فلۆرنتینۆ ئەریزا هیچ بەڵگەیەکی پتەوی بەدەستەوە نییە بۆ پەسەندکردنی دکتۆر ئۆربینۆ. لە راستیدا لە فۆرنتینۆ زیاتری خۆشنەدەویست، لەگەڵ ئەو جیاوازییەشدا کە زۆر کەمتر دەربارەی دکتۆر شتی دەزانی و نامەکانی ئەو شەیدایی و گەرموگوڕییەی تێدا نەبوو کە لە نامەکانی فلۆرنتینۆدا بەدیدەکراو لە بڕیاری نەگۆڕیشیدا بۆ هێنانی فێرمینا بەڵگەی کاریگەریی بەدەستەوە نەبوو. راستی مەسەلەکە ئەوە بوو کە داخوازییەکەی خۆڤیناڵ

ئۆربینۆ هەرگیز بەناوی خۆشەویستییەوە نەخرابووەڕوو، ئەگەر ڕاستیمان بوێت ئەوە لە کاسۆلیکێکی باوەڕداری وەك ئەو نەدەوەشایەوە کە ئاسایشی کار و سیستم و ئەو بەختەوەرییەی کە تەنیا لە سەروەت و سامانەکەیدا بەدیدەکرد پێشکەش بەفێرمینا بکات. ئەو شتە پەیوەستانەی کە ئەگەر پێکەوە کۆتبکردنایەتەوە ڕەنگبوو تەقریبەن لەخۆشەویستیی بچن. بەڵام لە ڕاستیدا خۆشەویستیی نەبوون و ئەم نیگەرانییانە پەرێشانیی فێرمینایان زیاد دەکرد. چونکە ئەویش نەگەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە بەڕاستی خۆشەویستیی ئەو شتەیە کە زیاتر لە هەموو شتێ بۆ ژیان پێویستی پێیەتی.

بەهەرحاڵ، فاکتەری سەرەکی کاریگەر لەدژی دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ ئەوەبوو کە لەڕادەبەدەر لەو پیاوە نموونەییە دەچوو کە لۆرینزۆ دازا بۆکچەکەی لەبەرچاوی گرتبوو، ئەگەرچی لە ڕاستیدا وا نەبوو بەڵام نەدەکرا نکۆڵی لەوە بکرێت کە دکتۆر ئۆربینۆ ببووە نێچیری داوی باووباپیری و نەیدەتوانی خۆی لێدەربازبکات. فێرمینا دازا لە دووەم جارەوە کە دکتۆر هات بۆ ماڵەوە بۆ سەردانی کەبانگیش نەکرابوو، بیری لەپیلانێکی واکردەوەو دواجار دەردەڵکردنی لای هیلدیبراندا زیاتر گێژی کرد. فێرمینا حەزی دەکرد پێگەی تایبەتی هیلدیبراندا وەك قوربانییەك، لەگەڵ پێگەی فلۆرنتینۆ ئەریزا دا بەراورد بکات و ئەو ئەگەرەی لەبیری خۆی دەبردەوە کە ڕەنگە لۆرینزۆ دازا سەردانەکەی هیلدیبراندای ڕێکخستبێت بۆئەوەی بتوانێت سوود لەکارتێکردنی ببینێ بە قازانجی دکتۆر ئۆربینۆ. تەنیا خودا خۆی دەزانێت کە ئەو ڕۆژە بەلای فێرمینا دازاوە چەند سەخت و ناخۆش کۆتاییهات کە هیلدیبراندا بۆ بینینی فلۆرنتینۆ ئەریزا چوو بۆ تەلەگرافخانەو ئەم لەگەڵیدا نەچوو. حەزوو ئارەزووی فێرمینا ئەوە بوو کە دووبارە فلۆرنتینۆ ببینێ و نیگەرانییەکانی بۆ باس بکات و بە قووڵی بیناسێت بۆئەوەی لەوە دڵنیای بکاتەوە کە بڕیارە لووتبەرزانەکەی پەلکێشی ناکات بۆ

ئەوەی بڕیارێکی تر بدات کە مەترسیدار ترە و بەزێنە لەشەڕی تایبەتی خۆی لەگەڵ باوکیدا. بەڵام ئەمەی لەکاتێکی ژیانیدا کرد کە لە تەنگەتاویدا بوو، ئەوەبوو کە گوێی بە جوانیی و سامانی ئەفسانەیی داواکارەکەی نەداو حسابی بۆ شکۆ و گەنجیی و بۆ لایەنە باشە جۆراو جۆرەکانی دیکەی نەکرد. فێرمینا زیاتر لەترسی لەدەستدانی ئەوهەلە و نزیکبوونەوەی لە تەمەنی بیست ویەك ساڵیی، ئەو تەمەنەی باوبوو بۆ تەسلیمبوون بەچارەنووس، گێژبببوو. بۆ فێرمینا ساتەوەختێك بەسبوو بۆ ئەوەی بڕیار لەوە بدات کە لە یاساکانی خوداو مرۆڤدا پیشبینی کرابوو (تا ئەو کاتەی مەرگ لە یەکتان جیا دەکاتەوە) لەدوای ئەو ساتە وەختە بوو کە هەموو گومانەکانی هاتە سەر سفرو بەبێ پەشیمانی توانی حوکمی عەقڵ وەکو شیاوترین کار بگەیەنێتە ئەنجام. بێ ئاهوناڵەو بێفرمێسك، خەیاڵی فلۆرنتینۆی لەسەر دەرکردو بەتەواوی شوێنەکەی سڕییەوەو بواری ئەوەیدا لەو جێگایەدا کە لەمێشکیدا داگیری کردبوو، خاشخاش زاری چرۆ بکات. تەنیا بوارێ کە بەخۆیدا دوا ئاخ بوو، قووڵتر و بەئەفسووستر لەکاتی ئاسایی لەبەر خۆیەوە وتی" ئای پیاوە بەدبەختەکە"

فێرمینا دوای گەڕانەوەی لە مانگی هەنگوینیی، دەسپێکردنی ترسناکترین نیگەرانیی بینی. لەگەڵ کردنەوەی باوەڵ و گوزرەی کەلوپەلی ناوماڵ ئەو یانزە سندوقەی کە بە مەبەستی داگیرکردنی پێگەی کەیبانووی ماڵ و خانمی کۆشکی پێشووی مارکیز دی کاساڵدویرۆ لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، لەئەنجامی سەرەگێژەیەکی کوشندەدا هەستیکرد زیندانی ماڵێکی هەڵەیە. لەوەش خراپتر، لەگەڵ پیاوێکدا دەژیا کە پیاو نەبوو. ئازادبوون لەو زیندانە شەش ساڵی خایاند. ئەو شەش ساڵەی کەخراپترین ساڵەکانی تەمەنی بوو بەهۆی خراپی و توندیی دونیا بلانکای خەسووی و عەقڵ سووکیی هەردوو دشەکەیەکەوە ئەو ساڵانەی لە بێهوودەیی و نائومێدیدا بەسەر برد، کە دشەکانی نەبرابوون بۆ زیندانی دێر تا لەوێدا

بۆگەن بکەن تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە هەر یەکەیان ئەو زیندانەیان لەناخیاندا هەڵگرتبوو.

دکتۆر ئۆربینۆ بەو دڵنیاییەوە کە بە کۆمەکی حیکمەتی خودایی و ئەو توانا بێسنوورەی کە ژنەکەی لەخۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجدا هەیەتی، وەزعەکە چاك دەبێت، دەستی لەستایشکردنی ئەسڵوفەسڵی خۆی هەڵگرت و خۆی لە گلەیی و گازندەکانی ژنەکەی کەڕکرد. لێقەومان و ڕوخانی لەناکاوی دایکی، ئازاری دکتۆری دەدا، ئەو دایکەی کەجوان وجەمێڵی و وتوریایی ئارەزووی ژیانی لای ڕەشبینترین کەس زیندوو دەکردەوە. ڕاستی مەسەلەکە ئەوەبوو کە ئەم ژنە جوان و زیرەکە، بەو هەست و هۆشە مرۆییەیەوە کە هەرگیز لەگەڵ دەوروبەریدا نەدەگونجا، تەقریبەن لە ماوەی چل ساڵی ڕۆح و جەستەدا بەهەشتی کۆمەڵایەتیی ئەو بوو. بەڵام بێوەژنیی هێندە کاریگەرییەکی خراپی لەسەری بەجێهێشتبوو کە مرۆڤێکی گرژو مۆن و دوژمنی هەموو دنیای لەو ژنە کامڵە دروستکردبوو، کەس باوەڕی نەدەکرد کەهەمان ژنی جاران بێت. تاکە گوزارشتی شیاو بۆ لێقەومانی ئەو ڕقە بوو کە لە مێردەکەی هەبوو لەبەرئەوەی کە بەکردەوە خۆی بۆ کۆمەڵێ ڕەشپێست کردبووە قوربانی- عادەتی بەم قسەیەوە گرتبوو- لەکاتێکدا لەڕوانگەی دونیا بلانکاوە تەنیا فیداکاریی شایستە ئەوە بوو کە دەبوو لەبەر خاتری ئەم بژیایە. بەهەرحاڵ، ماوەی بەختەوەریی شووکردنی فێرمینا تەنیا مانگی هەنگوینیی بەردەوامبوو، تەنیا کەسێ کە دەیتوانی ڕێگە لە خراپبوونی باقی ئەو بەختەوەرییەی فێرمینا بگرێت دکتۆر بوو کە ئەویش لە بەرامبەر هێزی دایکیدا گردەنشین ببوو. فێرمینا لەبەر ئەو تەڵەی مەرگەی کە گیرۆدە ببووپێوەی سەرزەنشتی دکتۆری دەکرد نەك خەسووە نیمچە شێت و دشە عەقڵ سووکەکانی. فێرمینا زۆر درەنگ تووشی ئەو بەد گومانییە بوو کە لەپشت متمانەو نفوزی پیشەیی و بەدەنی هەڵخەڵەتێنەریی ئەو پیاوەوە کە شووی پێکردبوو پیاوێکی قرچۆك و لاوازی

نائومێد هەیە، منالۆچکەیەکی داماوبوو کە سەنگینیی باری ناوونا‌وبانگیی خێزانیی تووشی لووتبەرزی دەکرد.

فێرمینا دازا پەنای بۆ کوڕە تازە بووەکەی برد. لەکاتی جیابوونەوەی ئەو مەلۆتکەیەدا لە بەدەنی هەستی بە پشووی قوتاربوون لەشتێك کردبوو کە پەیوەندی بەوەوە نییە، کاتێ گەیشتە ئەو باوەڕەی بچووکترین سۆزی بۆ ئەوگوێرەکەیە نییە کە لە منالانی هاتۆتە دەرەوەو مامانەکە بەتەڕی بەخوڕوخوێن و چەورییەوە بەڕووت وقووتی و بەناوکە درێژەکەیەوە کە لە ملێ ئالابوو نیشانی دابوو، زۆر لەخۆی ترسا. بەلام لەناو غوربەت و دڵتەنگیی کۆشکەکەدا، ڕێگەی ناسینی کوڕەکەی دۆزییەوە. هەردووکیان یەکدیان ناسی و فێرمینا بەشەوق و دڵخۆشییەکی گەورەوە هەستی بەوە کرد کەمرۆڤ تەنیا لەبەر ئەوە منالەکانی خۆش ناوێت کەمنالی خۆین، بەڵکو لەبەر ئەو سۆزوخۆشەویستییەش خۆشی دەوێن کە لەکاتی گەورەکردنیاندا دروستدەبێت. فێرمینا جگە لە کوڕەکەی ئیدی لەماڵی بەدبەختیی خۆیدا هەموو کەسێك و هەموو شتێکی تری دەبوغزان. تەنیایی باخی گۆڕستانەکەو کات بەفیڕۆدان لەژوورە گەورەو بێ پەنجەرەکاندا دڵتەنگ و پەرێشانی دەکرد. لە شەوانی بێکۆتاییدا، کاتێ ژنان لە تیمارستانی نەخۆشییە ئەقڵییەکانەوە کەدراوسێیان بوو دەیانکرد بەقیژە وهاوار، هەستی دەکرد خەریکە ئەقڵی لەدەستدەدات. فێرمینا ئەوەی پێشەرمبوو کە بەپێی نەریتێکی کۆن هەموو ڕۆژێ مێزی میوانداریيان بە سەرمێزی پڕ نەخش ونیگارو تاقمی زیوین و مۆمدانی چەند لقی ڕێوڕەسمی ناشتن دەڕازاندەوەو تەنیا پێنج تارمایی بۆیان هەبوو لەسەر مێزەکە قاوە بەشیرو کولیچەی هێلکەو پەنیر بەسوورەوە کراوی بخۆن. لەتەزبیحاتی لەمەوخۆرناوابوونیان، لە ئەتەکێتزانیی رووکەشیان لەسەر مێزەکە، لەرەخنەی لە بڕانەوە نەهاتوویان سەبارەت بە شێوەی وریاییکردنی لە تاقمە زیوەکە، لە شێوەی جل لەبەرکردنی کە وەکو هی سێرکی باز وابوو، تەنانەت

لەشێوەی هەڵسوکەوتی لادێیانەی لەگەڵ مێردەکەی یان لە کاتی شیرداں بەمناڵەکەی، بەبێ ئەوەی سنگی بە لەچکەکەی داپۆشێت، بێزاربوو. کاتێ یەکەم داوەتی عەسرە چای لە سەعات پێنجی ئێوارەدا بەکێکی بچووکی شاهانەو شیرینی گوڵی بەپێی نەرتی نوێی ئینگلیز ئامادەکرد، دونیا بلانکای خەسووی وەکو نارەزاییەك وتی لەجیاتی پسکیت و پەنیرو نانی خری کاساو، لەماڵەکەیدا، ئەو خواردنەوانە دادەنرێن کە بۆ کەمکرنەوەی (تا) بەکاردێن. تەنانەت خەونەکانیشی لە سەرنج و رەخنەکانی خەسووی دەرباز نەدەبوون. بەیانییەك کە فێرمینا دازا دەیوت لەخەونیدا پیاوێکی غەوارەی رووتی دیوە کە مشت مشت خۆڵەمێشی هەڵدەداو بە هۆڵەکانی کۆشکەکەدا تێدەپەڕی، دونیا بلانکا قسەکەی پێبڕی و وتی:

-ژنێکی بەڕێزو وەجاخزادە نابێ خەونی وابیبنێ!

بەلای فێرمیناوە هەمیشە هەستکردن بەوەی لەماڵێکی نامۆدایە، دوو بەدبەختیی تریشی هاتە سەر. یەکەمیان ئامادەکردنی خواردنی تارادەیەك رۆژانەبوو کەبەشێوە جیاوازەکانی لەباینجان دروستدەکرا و دونیا بلانکا لەبەر رێزی مێردە رەحمەتییەکەی نەیدەگۆڕی، فێرمینا دازاش نەیدەخوارد. فێرمینا لەو کاتەوە کە کچێکی بچووکبوو تەنانەت بەرلەوەی تامی بکات رقی لەباینجان بوو، بۆیە هەمیشە وای بەخەیاڵدا دەهات وەکو زەهر وایە. لە هەلومەرجی تازەدا لەوە تێدەگەیشت لەژیانیدا شتێك باشتر بووە، چونکە لەتەمەنی پێنج ساڵیدا جارێك لەسەر مێزی نانخواردن ئەو قسەیەی کردبوو، باوکی بەزۆر چێشتێکی دەرخوارد دابوو کە بۆ شەش کەس لێنرابوو، ئەو رۆژە لەبەر دوو هۆ هەستی دەکرد خەریکە دەمرێت. یەکەم لەبەرئەوەی رشایەوەو ئەو باینجانەی خواردبووی هەڵیهێنایەوە دووەم لەبەر یەك فنجانی پڕ رۆنگەرچەك کە بۆ چارەسەرکردنی ئەو تەمێکردنە ناچاریان کردبوو بیخواتەوە.باینجان و رۆنگەرچەکەکە بەتێکەڵی وەکو مادەیەکی رەوانکەر لەیادەوەرییدا مابوونەوە، ئایا بەتۆقینی بێت لێیان

وەك زەهر یان بە تامیان، بۆیە لەكاتی نانخواردنە دڵ تێك هەڵهێنەكانی كۆشكی ماركیز دی كاڵسادویرۆدا ناچاربوو روو بكات بەولاوە بۆ ئەوەی ڕشانەوەی رۆنگەرچەكەكەی نەیەتەوە یاد.

بەدبەختیی دووەم قیسارە بوو، رۆژێك دونیا بلانكا بەهۆشیاری تەواوەوە لەو مەبەستەی كەهەیبوو، وتبووی: "من باوەڕم بە لێوەشاوەیی ئەو ژنانە نییە كە نەزانن پیانۆ بژەنن" لە جێبەجێكردنی ئەم فەرمانەدا تەنانەت كورەكەشی هەوڵیدا چەندو چون و ململانێ بكات، لەبەرئەوەی باشترین ساڵانی تەمەنی لەگیانكێشان لەرێگەی فێربوونی وانەكانی پیانۆدا بەسەر بردبوو، ئەگەرچی وەكو پیاوێك سوپاسگوزاری ئەو هەوڵانەبوو. دكتۆر نەیدەتوانی ملكەچیی ژنەكەی لەبەرامبەر ئەو سزایەدا وێنا بكات بەو سروشتە توندەیەوە كە پێیەوە گەورە ببوو گەیشتبووە تەمەنی بیست و پێنج ساڵی. بەڵام تەنیا ئیمتیازێ كە دكتۆر توانی بە زۆر و بە بەڵگەیەكی منالانە لەدایكی وەربگرێت، گۆرینی پیانۆ بوو بە قیسارە بەو بیانووەی كە قیسارە ئامێری مۆسیقی فریشتەكانە. بەمشێوەیە قیسارەیەكی زۆر باشیان لە ڤیەنناوە هێنا كە دەتوت لە ئاڵتوون دروستكراوە وئاوازەكەشی دەتوت لە ئاڵتوون بەرزدەبێتەوە. ئەم قیسارەیە بەرلەوەی مۆزەخانەی شار بەهەموو شتەكانی ناوییەوە بسووتێت یەكێك بوو لە بە بەهاترین شتەكانی ناوی. فێرمینا دازا بۆ ئەوەی رێگە لە بەدبەختییەكانی دیكەو رووخانی كۆتایی بگرێت ملی بۆ دیلی لەم زیندانە بەشكۆیەدا كەچكرد. لەژێر چاودێریی مامۆستای مامۆستایاندا دەستی بەفێربوونی قیسارە كرد. ئەو مامۆستایەی كە بۆ ئەم مەبەستە لەشاری (مومبوكس)ەوە هێنایان تەنیا بیست وپێنج رۆژ پاش هاتنی بۆ ئەو كۆشكە بە شێوەیەكی چاوەڕواننەكراو مردو فێرمینا دازا چەندین ساڵ دوای ئەوە بەیارمەتی باشترین مۆسیقارەكانی دێر درێژەی بەوانەكانیدا كە رۆحی تەرم ئاسای ژێكانی قیسارەكەی دەشێواند.

فێرمینا بۆ خۆشی سەری لەو هەموو گوێڕایەڵیی و ملکەچییەی سوڕمابوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەناخی خۆیدا بەوە رازی نەدەبوو، تەنانەت لەو مشتومڕە بێدەنگەشدا کە پێشان لە کاتەکانی جووتبووندا لەگەڵ مێردەکەیدا دەیکرد، بەڵام خێراتر لەوەی وێنای دەکرد کەوتە ناو تۆڕی نەریتی دنیا تازەکەی و فرت و فێڵەکانییەوە. لە سەرەتادا جۆرە وێردێکی لەسەر زمانبوو کە ئازادی بیروڕای ئەوی دەردەبڕی دەیوت: "لەکاتێکدا شەماڵەکەی خۆشە چ پێویستم بەباوەشێنە" بەڵام پاشان ئیرەیی بەو ئیمتیازانە دەبرد کە دونیا بلانکا بەوردی بە قازانجی خۆی بەدەستی هێنا بوو، لە سەرشۆڕیی و گاڵتەپێکردن دەترسا، سەرەنجام بەو ئومێدەی خوا رەحمبکات و دونیا بلانکا بکوژێت کە بۆخۆی بەردەوام لە نزاکانیدا لە دەرگای خوا دەپاڕایەوە بیباتەوەو بیکوژێت، فێرمینا ئەوەی نیشاندا کە ئامادەیە سووکایەتییش قبوڵبکات.

دکتۆر ئۆربینۆ، بە بەڵگەی بێهێز پاساوی بۆ لاوازیی خۆی دەهێنایەوە، بێئەوەی تەنانەت پرسیار لە خۆی بکات ئایا پاساو هێنانەوەکانی لەگەڵ پرەنسیپەکانی کڵێسادا ناکۆکن یان نا. دکتۆر ئەو مەسەلەیەی نەدەسەلماند کە ئەو کێشانەی باڵیان بەسەر ژیانی خۆی و ژنەکەیدا کێشاوە لە کەشوهەوای گشتیی لێکترازاوی ماڵەکەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵکو مەسەلەکەی وا لێکدەدایەوە کە پەیوەندیی بەسروشتی خودی ژن و مێردایەتییەوە هەیە، ئەمەش داهێنانێکی بێمانابوو کە ئەگەر خودا پشتیوانییان لێنەکات ئەگەری بەردەوامبوونی ژن و مێردایەتیی کاری کردە نییە. بانگەشەکانی دکتۆر دژی هەموو بەڵگە لۆجیکییەکان بوو کە دەیوت دوو کەس بەکەسێتی جیاوازو پەروەردەی جیاواز و رەگەزی جیاوازەوە بەبێ هیچ پەیوەندی ونزیکایەتییەك لەکاتێکدا زۆر باش یەکتری ناناسن، لەناکاو خۆیان ببیننەوە کە پابەندن بەوەی پێکەوە بژین، پێکەوە لەناو یەك پێخەفدا بخەون و لەدوو چارەنووسدا هاوبەش بن کە رەنگە

ئەدەریان وابووبێت بەپێچەوانەی یەکترییەوە هەنگاو بنێن. دکتۆر ئۆربینۆ دەیوت:

-کێشەی ژن ومێردایەتی ئەوەیە کە هەموو شەوێ دوای پێکەوە خەوتن کۆتایی دێت و دەبێت هەموو بەیانییەک پێش بەرچایی دووبارە دروست بکرێتەوە.

ژن ومێردایەتیی ئەم دووانە لەوەش خراپتر بوو. بەیەک گەیشتنێ بوو لەنێوان دوو چینی ناکۆکدا لەشارێکدا کە هێشتا خەونی بەگەڕانەوەی دەسەلاتی داگیرکەرانەوە دەبینی. تەنیا کۆت وبەندی پێکەوەگرێدانی شتێک بوو کە وەکو خۆشەویستیی قورس و ناجێگیربوو. ئەگەر لەبنەڕەتدا شتێک هەبووایە بەناوی خۆشەویستییەوە و سەبارەت بە دکتۆرو فێرمینا لە کاتی زەماوەندیاندا خۆشەویستیی بوونی نەبوو، کاتێ لەبەردەمی دۆزینەوەیدا بوون، تەنیا کارێ کە چارەنووس کردی رووبەڕووکردنەوەیان بوو لەگەڵ شتە واقیعییەکاندا.

ئەمە باری ژیانی ئەم جووتە بوو لەماوەی فێربوونی قیسارەدا. هەندێ رێکەوتی خۆشیان بەڕێکردبوو، وەکو چوونە ژوورەوەی فێرمینا بۆ ناو گەرماوەکە لە کاتێکدا کە مێردەکەی خۆی دەشۆرد، یان لە کاتێکدا دکتۆر خۆڤینالێ ئۆربینۆ، وێڕای مشتومڕەکان و باینجانی زەهراویی و سەرەڕای بوونی دووخوشکە شێتەکەی و دایکی کە ئەم دوانەی خستبۆوە، هێشتا ئەوەندە خۆشەویستیی لە بوونیدا هەبوو کە داوا لەژنەکەی بکات پشتی بشوات. فێرمینا بەو وردە خۆشەویستییەی کەهی ئەو کاتەی ئەورووپابوو، بۆی مابۆوە، دەستی بەشۆردنی پشتی مێردەکەی دەکرد، هەردووکیان جلەویان بۆ یادەوەرییەکان شل دەکردو بێنەوەی بیانەوێ نەرم ونیان دەبوون و بێئەوەی بەقسە بیلێن حەزیان لەیەک بوو، دواجار لە ئەنجامی جووتبووندا نیوەمردوو دەبوون و لەسەر زەوی گەرماوەکە تەخت دەبوون، جەستەیان بە کەفی بۆندار کەفاوی دەبوو، لە هەمان کاتدا دەنگی

خزمەتکارەکانیان دەهاتە گوێ کە لەژووری جل شتن سەبارەت بەمان قسەیان دەکرد: " کە منالّی زیاتریان نابێت لەبەرئەوەیە کەجووت نابن" ناوبەناو، کە لە ناهەنگێکی خۆمالّیی پڕ هات و هەرا دەگەڕانەوە بۆ مالّەوە، دلّتەنگیی بۆ مالّــەوە لــەودیو دەرگاکــەوە بەزرمەیــەک ئــەژنۆی دەشــکاندن، پاشان تەقینەوەیــەکی سەرســوڕهێنەر روویــدەدا و هــەموو شــتێک وەک پێشانی لێدەهاتــەوە. کەچــی لــەماوەی پێــنج دەقــەدا دەبوونــەوە بــە دوو عاشق گەرموگوڕەکەی مانگی هەنگوینی.

بەلاّم جگە لەم حالّەتە دەگمەنانە، لەکاتێکدا دەچوونە سەر جێگای خەوتن هەمیشە یەک لە یەک ماندووتر بوون. فێرمینا دازا لە گەرماوەکەدا کاتی دەکوشت، جگەرەکانی بە سیغاری بۆنـدار دەپێچایەوەو بە تەنیا جگەرەی دەکێشا، وەکو ئەو کاتانەی کە لەمالّی خۆیـان، ئازادو گەنج بوو، خاوەنی جەستەی خۆی بـوو، دەگەڕایـەوە بـۆ ئـەو حـەزووئارەزووەی کە ئۆخـژنی بەجەستەی دەداو بەدەسـت خـۆی رەحـەت دەکـرد. فێرمینا یان هەمیشە سەری دەیەشا یان گەرمای بوو، یان خۆی دەکرد بەخەوتوو یان ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە دیسان بێنوێژە، لە سووڕی مانگانەدایە، هەمیشە لەسووری مانگانەدا بوو. کار گەیشتە ئەوەی دکتۆر لەیەکێک لەوانەکانیدا تەنیا بۆ پشوودەرکردن لە تاسانێ کە باوەڕی پێی نەبوو زاتی ئەوە بکات بلّێت دوای دە سالّ لە شووکردن ژنان حەفتەی سێ جار دەکەونە سووڕی مانگانەوە.

نەگبەتیی لەدوای نەگبەتیی دەهات و لـەخراپترین بارودۆخی ئەوسالاّنەدا، فێرمینا دازا ناچاربوو رووبەڕووی شتێک ببێتەوە، کە درەنگ یان زوو دەبوو رووبەڕووی ببێتـەوە: ئـەویش راستی سـەوداو مامەلّەی تەمومژاویی و هەمیشە نهێنی ئامێزی باوکی بوو. حاکمی شارەکە لەگەلّ دکتۆر خۆڤینالّ ئۆربینۆدا لە نووسینگەکەی دکتۆر کاتی دیاریکرد بۆ ئەوەی لە زیادەڕەوییەکانی خەزووری ئاگاداری بکاتەوە، بەیەک رستە حالّی ئۆربینۆ

دازای ئاوا کورت کردەوە: ( هیچ یاسایەکی خودایی و مرۆیی نییە ئەم کابرایە پێشێلی نەکردبێت) لۆرینزۆ دازا هەندێ لەجدیترین نەخشەو پلانەکانی لەسایەی متمانەو ئابرووی زاواکەیدا جێبەجێکردبوو، ئەوە قورس بوو باوەڕ بەوە بکرێ کە دکتۆرو ژنەکەی هیچ شتێ لەو بارەیەوە نازانن. دکتۆر ئۆربینۆ بە تێگەیشتن لەوەی کە تەنیا ئابڕوویەك کە دەبوو بپارێزرێت ئابڕووی خۆی بوو کە هێشتا نەڕوشابوو. بە هەموو وزەو توانای خۆی و بەبەکارهێنانی نفوزو دەسەڵاتی چووە ناو مەسەلەکەوەو توانی بە بەڵێنی شەرەف ئەو رسواییەی خەزووری دیزە بەدەرخۆنە بکات، کار گەیشتە ئەوەی کە دەبێ لۆرینزۆ دازا بە یەکەم کەشتی وڵات بەجێبهێڵێ و قەت سەر بەدوادا نەهێنێتەوە. بەرەو زادگای خۆی گەڕایەوەو دەتوت دەچێت بۆ سەفەرێکی دڵتەنگکەر کە مرۆڤ جاربەجارێ بۆ نەهێشتنی دڵتەنگیی خۆی ناچار دەبێ ملی بۆ بدات. راستی مەسەلەکە ئەوەبوو کە لۆرینزۆ دازا ماوەیەك زۆر پێش ئەوەش سواری کەشتی دەبوو تەنیا بۆ ئەوەی بتوانێت لە دەستێڵە پڕ باراناوەکانی ئەو گوندەی تیا لەدایکبووە پەرداخێ ئاو بخواتەوە. کاتێ شارەکەی بەجێدەهێشت هێشتا دەستەکەی نەخستبووە روو وەکو بێتاوان خۆی نیشاندەداو دەیەویست زاواکەی واحاڵی بکات کە بووە بەقوربانیی پیلانێکی سیاسی. بە گریانەوە بۆ کچەکەی کە لەوکاتەوە شوویکردبوو بە (مناڵەکەم) ناوی دەبردو بۆ کچەزاکەی و ئەو وڵاتەی کە تیایدا ئازادو دەوڵەمەند ببوو، ئەوێی بەجێهێشت- ئەو شوێنەی کە لەڕێگەی چەند سەوداو مامەڵەیەکی گوماناوییەوە ئەو دەسەڵاتەی پەیداکردبوو کەکچەکەی بکاتە خانمێکی پایەبەرز. لۆرینزۆ دازا بەپیری و بە نەخۆشییەوە رۆیشت، بەڵام دیسان زیاتر لەوەی کە قوربانییەکانی دەیانتوانی بۆی بە ئاوات بخوازن ژیا. کاتێ هەواڵی مردنی بە فێرمینا دازا گەیشت نەیتوانی خۆی لە هەڵکێشانی ئاهێك بپارێزێت کە زیاتر نیشانەی پشوودان و دڵنیایی بوو، نەیتوانی لەبەر قسەی خەڵکیش خۆی بۆ رەشپۆش

نەکات. وێڕای هەموو ئەمانەش چەند مانگێ دوای ئەوە لەو کاتانەدا کەبۆ جگەرەکێشان خۆی لەگەرماوەکەدا حەپس دەکرد، بە تووڕەییەوە بەبێدەنگیی و بەبێ هۆ دەگریا گوایە بۆ باوکی دەگری.

بێماناترین شت لە بارودۆخی ژیانیاندا ئەوە بوو کە لە شوێنە گشتییەکاندا هەرگیز بەقەد ساڵانی بەدبەختیی، بەختەوەر نەدەهاتنە بەرچاو. لەبەرئەوەی ئەو ساڵانە، سەردەمی سەرکەوتنیان بوو بەسەر دوژمنایەتیی نادیاری دەوروبەرێکدا کە لەبەرامبەر قبوڵکردنیدا خۆیان چۆن بوون ئاوا بەربەرەکانێیان کرد واتە جیاواز و نوێخواز بوون و دژی داب و نەریتی کۆن بوون. ژیان لە دنیایەکدا کەبەر لە ئاشنابوون پێی گەلێ شتی نادیاری بۆ فێرمینا ئامادەکردبوو ئەم شتە نادیارانەش جگە لە زنجیرەیەک بڕیاری باوو باپیران و ڕێوڕەسمی بێفەڕو وشەی بڕیارئاسا شتێکی دیکە نەبوون کە بەمەبەستی دووره پەرێزیی لە خۆکوشتن و ڕەفتارکردن لەگەڵ کۆمەڵگاکەی خۆیاندا خەڵکیان پێوە سەرقاڵدەکرد. نیشانەی سەرەکی لەو بەهەشتی بێهوودەییەی ویلایەتەکەدا، ترسبوو لەشتە نادیارەکان.فێرمینا دازا ئەمەی بەدەربڕێنێکی سادەتر وەسفکرد:

-کێشەی ژیانی کۆمەڵایەتیی بریتییە لەزاڵبوون بەسەر ترسدا و کێشەی ژیانی ژن ومێردایەتیش بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی بێتاقەتیی و ناڕەحەتیی.

فێرمینا بەڕاشکاویی ئەم دۆزینەوە لە ناکاوەی لەسەروەختێکدا دەربڕیبوو کەدامێنی بێکۆتای عەزی بووکێنی بەدوای خۆیدا بەکێش دەکردو خۆی دەکرد بە تەلاری یانەی کۆمەڵایەتیدا کە پڕبوو لە بۆنی ئەو هەموو گوڵەی ئاوێتە ببوون لەگەڵ بریسکانەوەی شەپۆلی سەمای ڤالس و هات و هاواری ئەو پیاوانەی گیانیان نیشتبووە سەر عارەق لەگەڵ ئەو ژنە هەراسانانەدا کەچاویان لەم بڕیبوو بێئەوەی بزانن چۆن ئەو هەڕەشە سەرسوورهێنەرە لەخۆیان دوور بخەنەوە کە لە دەرەوە ڕووبەڕوویان ببۆوە.

ئەم کەشە هەناسەدانی قورسدەکرد. فێرمینا تازە پێی خستبووە تەمەنی بیست و یەك ساڵییەوە جگە لەچوونە دەرەوە بۆ قوتابخانە نەچووبووە دەرەوە. بەچاوگێڕانێك بەدەوروبەریدا لەوە تێگەیشت کە نەیارەکانی لەبەر دوژمنایەتی گرژ نەبوون بەڵکو لەترسدا ئیفلیج بوون. ئەگەر پێش ئەوە بووایە هەوڵی دەدا زیاتر بیانترسێنێ، بەڵام ئێستا ئەو خەمخۆرییە لەناخیدا بوو کە لە ئاساندنی خۆیدا بەوان یارمەتییان بدات. ئامادەبووان لەگەڵ ئەو شتەدا کە ئەودەیەویست بن، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو، رێك وەکو شارەکان کە نە باشتر هاتنە بەرچاوی و نەخراپتر. کاتێ دکتۆر و فێرمینا گەیشتنە ئەو شارانە بەهەمان شێوە بوون کە فێرمینا لەخەیاڵی خۆیدا بەرجەستەی کردبوو. وێڕای بارانی هەمیشەیی و بازرگانی چارچنۆك و خاکیبوونی هۆمێرۆسیانەی عەرەبانچییەکانی، فێرمینا پاریسی وەکو جوانترین شاری جیهان دەهاتەوە یاد، نەك لەبەرئەوەی لەراستیدا وابوو یان نا؟ بەڵکو لەبەرئەوەی پەیوەستبوو بە باشترین و شادترین ساڵانی تەمەنییەوە. دکتۆر ئۆربینۆش لەم نێوانەدا بەپەنابردن بۆ چەکە تایبەتییەکانی خۆی لەناو کۆمەڵدا رێزی بۆخۆی پەیدادەکرد، لەتەك ئەو جیاوازییەدا کە دکتۆر بەهۆشیاریی و ویقاری زیاترو تاوتوێکردنی زیاترەوە چەکەکەی دەخستە گەڕ. هیچ رێورەسمێ بەبێ ئامادەبوونی ئەم جووتە بەڕێوە نەدەچوو، سەیرانە مەدەنییەکان، فێستیڤاڵە شیعرییەکان، شەوانی شیعر خوێندنەوە، رووداوە هونەرییەکان، یانسیبە خێرخوازییەکان، ئاهەنگە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و یەکەمین گەشتی ئاسمانی بەباڵۆن، هەموو ئەمانە بەئامادەبوونی ئەم دوانە بەڕێوە چووە تەقریبەن هەمیشەش لە سەرەتاوە ئامادەبوون و لەریزی پێشەوە دانیشتوون. لەو ساڵانەی بەدبەختیدا هیچ کەسێ نەیدەتوانی ژن ومێردێ لەم جووتە بەختەوەرترو گونجاوتر لەژن ومێردایەتییان لەخەیاڵی خۆیدا وێنابکات. بەلای فێرمیناوە ئەو خانووەی لە باوکی بۆی بەجێمابوو پەنایەك بوو بۆ هەڵاتن لە تاسانی

ئەو کۆشکەی تیایدا دەژیان. هەرکە دەیتوانی لەبەرچاوی خەڵک خۆی ون بکات، بەدزییەوە دەچوو بۆ پارکی (ئیڤانجیلس) و لەوێ هاوڕێیانی تازەو هەندێ لە هاوڕێیانی کۆنی قوتابخانە یان دەرسی ڕەسمی دەبینی- جێنشینێکی بێگوناهبوو بۆ بێوەفایی. فێرمینا بە خلتەی یادەوەریی کچێنی وەکو دایکێکی تەنیا چەند کاتێکی ئارامی دەگوزەراند. شوێنی قەلەڕەشە عەتر ڕێژەکانی گۆڕی، چەند پشیلەیەکی لەسەر شەقامەکان پەیدا کردو بە گالا پلاسیدیای سپاردن کە ئیدی پیر ببوو، وێڕای ئەو ڕۆمانتیزمەی لەکاری خستبوو هێشتا دەیەویست ژیان بۆ ئەو ماڵە بگەڕێنێتەوە. دەرگای ژووری بەرگدرووەکەی کردەوە. لەوێدا بۆ یەکەمجار فلۆرنتینۆ ئەریزا ئەمی دیبوو، دکتۆر خوڤینال ئوربینۆ ناچاری کردبوو زمانی دەربێنێ بۆئەوەی بتوانێت رازی دڵی بخوێنێتەوە. ئەوژوورەی کرد بەخەڵوەتگای رابردووی. لەپاشنیوەڕۆیەکی زستانیدا کە کەشوهەوا ئەوەی تێدا دەخوێنرایەوە گەردەلوولێک بەڕێوەیە فێرمینا لەکاتێکدا چوو دەرگای سەر باڵکۆنەکە دابخات، فلۆرنتینۆ ئەریزای بینی لەپارکە بچووکەکەدا لەبن دار چواڵە تاڵەکاندا لەسەر کورسیە هەمیشەییەکەی دانیشتبوو، کتێبێکی کراوە لەسەر رانیبوو، قاتەکەی باوکی لەبەردا بوو کەدایکی بۆی قارس کردبوو. بەڵام ئەمجارە بەشێوەیەکی گۆڕاو نەیبینی کە بەڕێکەوت لەچەند جێگایەکی جیاوازدا دیبووی. ئەمجارە لەتەمەنێکدا بینی کە لە مێشکیدا مابۆوە. ترسا بەخۆی بڵێت ڕەنگە لەگەڵ ئەودا زیاتر هەستی بە بەختەوەریی بکردایە، ئەگەر بەتەنیا لەگەڵ فلۆرنتینۆدا لەم ماڵەدا بژیایە بەهەمان خۆشەویستییەوە بۆ فلۆرنتینۆی نۆژەنکردبۆوە کە ئەویش سەروەختێ ماڵەکەی بۆ فێرمینا نۆژەندەکردەوە. ئەم وێناکردنە سادەیە فێرمینای ترساند، چونکە بووە هۆی ئەوەی کە هەست بەئەوپەڕیی بەدبەختیی خۆی بکات. لەپاش ئەمەبوو کە بەهەموو هێزییەوە مێردەکەی ناچارکرد بەبێ

خۆدزینـەوەو فـرت وفێـڵ قـسەی لەگـەڵ بکـات و رووبـەڕووی بێتـەوە و مشتومڕی لەگەڵ بکات، لەگەڵیدا بگری لەغەمی ئەوەی بەهەشتیان لەکیس چووە، ئەو شـەوە هێنـدە بەربـەرکانێی مێردەکـەی کـرد تـا دواجـار گوێیـان لەخوێنـدنی کەڵەشـێری بـەیانی بـوو، رووناکی لەپـەردە تۆڕییـەکانی کۆشکەکەوە خۆی کرد بەژووردا و خۆر بەرزبۆوە، مێردەکەی کە لە ئەنجامی ئەو هەموو قسەکردنەدا ئاوسابوو، ماندوو و تیاماو لە بێخەویدا بە دڵێکەوە کە لە ئەنجامی ئەو هەموو گریانەوە رەقببوو، قایشی پانتۆڵەکەی بەست، قەیتانی پێڵاوەکـانی گرێـداو هەرچـی پیاوەتییـەکی تێـدابوو خستییەکارو وتی:

-بەڵێ، دڵەکەم، ئێمە بەدوای ئەو خۆشەویستییەدا دەگەڕێین کە لە ئەورووپا ونمانکردووە، لە سبەینێوە بۆ هەمیشە دەستپێدەکەین.

ئەم بڕیارە، هێندە بڕیارێکی تۆکمەبوو کە دکتۆر لەگەڵ " بانکی دی تیـسورو" و بەڕێوەبـەری کاروبـارە داراییـەکانی خـۆی رێکـەوت کـە بەخێرایی سەروەت و سامانی گەورەی خێزانەکەی تەسفیەبکات کە پەرش وبڵاو بوو، هەر لە سەرەتاوە لـە جۆرەها کاری بازرگانیدا بەپێی گرێبەستی دوورودرێژ و متمانەدار خرابووە ئیشەوە، تەنیا دکتۆر دەیزانی ئەو سەروەت و سامانە ئەوەندەش نەبوو کە ئەفسانەیەك بێت و تەنیا ئەوەندە بوو کە مرۆڤ پێویـستی بـەوە نـەبوو هەمیـشە بـیری لێبکاتـەوە. هـەموو سـەروەت و سامانەکەی کرد بە ئاڵتوونی مۆردارو کارێکی وایکرد کە وردە وردە بچێتە سەرحسابی خۆی لە بانکی دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی خۆی و ژنەکەی لەم وڵاتە دڵڕەقەدا خاوەنی هیچ شتێك نەبن، تەنانەت بستێ زەویش بۆئەوەی کە مردن تێیدا بنێژرێن.

بەپێچەوانەی ئەو گومانەوە کە فێرمینا دازا هەوڵیدەدا باوەڕی پێبکات، فلۆرنتینۆ ئەریزا هێشتا لە ژیاندا بوو. کاتێ فێرمینا دازا لەگەڵ مێردەکـەی و منداڵەکەیـدا بـە گالیـسکەیەك گەیـشتنەجێ کـە دوو ئەسـپی

ئالتوونیی رایاندەکێشا، فلۆرنتینۆ ئەریزا لە بەندەرەکە بوو. کەشتی هەڵمیی نۆقیانووسبڕی فەرەنسی لەبەندەرەکە وەستابوو. فلۆرنتینۆ دەرکەوتنی ئەوانی بینی. ئەوان ڕێك بەهەمان شێوە بوون کە لەزۆربەی ڕێوڕەسمە گشتییەکاندا دەرکەوتبوون: زۆر باش بوون، لەگەڵ کوڕەکەیاندا لەسەر سەفەربوون. لە رەفتاری منداڵیی کوڕەکەیانەوە دەکرا ئەوە بهێنیتە بەرچاوی خۆت لەداهاتوودا بە گەورەیی چ کەسایەتییەکی لێدەردەچێت: هەرواش دەرچوو. خۆڤینال ئۆربینۆ بە ڕاوەشاندنی کڵاوەکەی بەخۆشحاڵییەوە، سڵاوی بۆ فلۆرنتینۆ ئەریزا نارد. " ئێمە دەچین بۆ داگیرکردنی فلاندر" فێرمینا دازا سەری دانەواند و فلۆرنتینۆ ئەریزاش کڵاوەکەی داکەندو کەمێك سەری دانەواند. فێرمینا بەبێئەوەی هیچ داخێکی لێبخوات تەماشای سەری کرد کەزوو رووتابۆوە. فلۆرنتینۆ لەو شوێنەدا ڕێك هەمان ئەو شتەبوو کە فێرمینا دەیبینی: تارمایی پیاوێك بوو کە هەرگیز پێی ئاشنا نەبووبوو.

ئەوماوەیە بەلای فلۆرنتینۆ ئەریزاشەوە ماوەیەکی باش نەبوو. وێڕای کارەکەی کە بەردەوام زیاتر دەبوو، یەك ریتمیی راوە ژنەکەی بەدزییەوە، بێدەنگیی مەرگهێنەری ساڵانی کۆتایی پڕ قەیرانی ترانسیتۆ ئەریزای دایکی کە هەست و هۆشی لەدەستدابوو، تەقریبەن یادەوەریی هیچ شتێکی تێدانەمابوو، بەردەوام دەردی گراندەبوو. حاڵی دایکی گەیشتبووە ئاستێك لەکاتێکدا کە فلۆرنتینۆ لەسەر کورسییە هەمیشەییەکەی دانیشتبوو، کتێبی دەخوێندەوە، جار بەجارێ بەسەر سوورمانەوە لێیدەپرسی:" تۆ کوڕی کێی " فلۆرنتینۆ ئەریزا راستییەکەی پێدەوت، بەڵام دایکی دووبارە خێرا قسەکەی پێدەبڕی و دەیوت:

-باشە کوڕەکە گیان کەواتە پێم بڵێ من کێم؟

ترانسیتۆ ئەریزا ئەوەندە قەڵەو ببوو کە نەیدەتوانی بەئاسانی لەشوێنی خۆی بجوڵێت، لەبەیانییەوە کە لەگەڵ خوێندنی کەڵەشێردا لەخەو هەڵدەسا خۆی نغرۆی زێڕو زیوو جلوبەرگی رەنگاورەنگ و بریقەدار دەکردو

سەراپای رۆژەکەی لە ناو دووکانی وردەواڵە فرۆشییەکەدا بەسەردەبرد، کەئیدی هیچی بۆ فرۆشتن تێدانەبوو. زۆر کەم دەخەوت، تاجە گوڵینەی کاغەزی لەسەردەکرد لێوی ئاڵ دەکرد، سپیاوی لەدەست و دەموچاوی دەدا، دوای ئەوەی بەو شێوەیە خۆی دەڕازاندەوە هەرکەسێکی بدیایە لێی دەپرسی:

-من کێم؟

دراوسێکان کەدەیانزانی ترانسیتۆ ئەریزا چاوەڕوانی وەلامە هەمیشەییەکە دەکات دەیانوت:

-تۆ مارتینزی سیسرکی.

ئەم شوناسە کە لەکارەکتەری یەکێك لە پاڵەوانەکانی چیرۆکی منالانەوە وەرگیرابوو، تەنیا شوناسێ بوو کە دایکی فلۆرنتینۆی خۆشحاڵ دەکرد. لەسەر کورسییە بزۆزەکە لەشە زلەکەی دەلەراندەوەو بەپەڕی درێژی رەنگ گۆشتیی خۆی باوەشێن دەکرد، هەموو رۆژێ ئەم بەزمەی دەست پێدەکردەوە: تاجەگوڵینەیەکی کاغەزی، پێڵووی چاوی وەنەوشە، لێوەکانی سوورو دەموچاوی بەتەواوی سپی، دیسان هەرکەسێکی بدیایە لێیدەپرسی:

-ئێستا من کێم؟

شەوێك پاش ئەوەی دایکی ببوو بە گاڵتەجاڕ بەدەست دراوسێکانەوە فلۆرنتینۆ ئەریزا مێزە درێژەکە و ئەو سندوقانەی تێك وپێکدا کە زوو شتەکانی دووکانی وردەواڵەکەی تێدا دادەنرا، دەرگای سەر شەقامەکەی داخست، کۆگاکەشی بەو شێوەیە رێکخستەوە کە بەپێی وەسفێك سەبارەت بە ژووری نووستنی مارتنیزی سیسرك لەدایکی بیستبوو. ئیدی دایکی هەرگیز نەیپرسی " من کێم "

لەسەر پێشنیازی لیۆنی مامی، فلۆرنتینۆ ئەریزا ژنێکی بەتەمەنی بۆ چاودێریکردنی دایکی پەیداکرد، بەلام ژنە داماوەکەش زۆر خەواڵوو بوو زۆر جاربەدەم خەوەوە دەڕۆیشت، جاربەجارێ مرۆڤ وای بەخەیاڵدا دەهات

کە ئەویش شوناسی خۆی لەبیر دەکات. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەو کاتەوە ی لەکۆمپانیا دەگەڕایەوە هەتا ئەو کاتەی دایکی دەکردە خەو، بەناچاریی لەماڵەوە دەمایەوە. ئیدی لەیانەی بازرگانی دۆمینەی نەدەکرد ماوەیەکی زۆر سەردانی ئەو ژنانەی دۆستی نەکرد، کە پێشان سەردانی دەکردن، چونکە لەدوای دیدارە ترسناکەکەی لەگەڵ ئۆلیمپیا زولیتادا لە ناخەوە گۆڕانێکی قووڵی بەسەردا هات.

لەدوای ئەو بەسەرهاتە فلۆرنتینۆ ئەریزا دەتوت کارەبا گرتوێتی. لە یەکێك لەو گەردەلوولانەی تشرینی یەکەمدا کە هەموو شتێکی دەلەرانەوە، تازە لیۆنی مامی گەیاندبووە ماڵەوە کە لەناو گالیسکەکەوە کچێکی باریکەلەی گورج وگۆڵی بینی. کچەکە عەزیەکی لەبەردا بوو کە بەموشەبەکی ئاوریشمین رازێنرابۆوە و لە عەزی بووك دەچوو. فلۆرنتینۆ کچەکەی لە حاڵێکدا بینی کە بە هەراسانییەوە بەرەو ئەولای شەقامەکە بەدوای چەترەکەیدا رایدەکرد کە با لەدەستی فڕاندبوو، بەرەو دەریا راپێچی دەکرد. فلۆرنتینۆ بەهانایەوە چوو، سواری گالیسکەکەی کردو رێگاکەی گۆڕی بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە ماڵەوە. ماڵی کچەکە لەناوچەیەکی کۆن وچۆڵ لەپەنایەکدا بوو کەبەسەر دەریادا دەیڕوانی، حەوشەیەکی هەبوو کە لە شەقامەکەوە بەدیدەکراو پڕ بوو لە قەفەزی کۆتر. بەدەمڕێوە ژنەکە بەفلۆرنتینۆی وت ساڵێك کەمترە شوویکردووەو مێردەکەی بازرگانی چینی و فەخفورییە. فلۆرنتینۆ مێردەکەی دەبینی کە لە کەشتییەکانی کۆمپانیاوە جۆرەها سندوقی پڕ چینی و فەخفوری دادەگرت بۆ ئەوەی لەبازاڕدا بیانفرۆشێتەوە، هەروەها دنیایەك کۆتریشی پێبوو کە لەقەفەزی قامیشیدا بوون لەو قەفەزانەی کە ژنان لەکاتی سەفەردا بەکەشتی منداڵی ساوای تێدەکەن. ئۆلیمپیا زولیتا وادەهاتە بەرچاو کەسەربەخێزانی زەردەواڵە بێت. نەك تەنیا لەبەرئەوەی سمت و کەفەڵی پان و سینەی بچووك بوو، بەڵکو لەبەرهەموو شتەکانی دیکەشی: قژی وەك تاڵی مس، دەموچاوی کونج، چاوانی خڕ و

وریای که لەڕادەبەدەر لەیەکەوە دوور بوون و دەنگی خۆش ئاوازی کە تەنیا بۆ وتنی رستەی هۆشمەندانەو خۆش ڕابواردن بەکاری دەهێنا. فلۆرنتینۆ پێیوابوو زیاتر شۆخە تا ئەوەی سەرنجراکێش و هەست بزوێن بێت، هەر کە لەبەر ماڵەوەیاندا دابەزاند لەبیری کرد کە لەگەڵ مێردەکەی و خەزووی و باقی ئەندامانی خێزانی مێردەکەیدا پێکەوە دەژیان.

چەند ڕۆژێ دوای ئەوە کە مێردی ژنەکەی بینی لەجیاتی ئەوەی باردابگرێ، باریدەکردو کاتێ کەشتییەکە کەوتەڕێ بەروونی لە گوێیدا دەنگی شەیتانی بیست. پاش نیوەڕۆی ئەورۆژە دوای ئەوەی لیۆنی مامی گەیاندە ماڵەوە، کاتێ بەدەستی ئەنقەست نەك بەڕێکەوت بەلای ماڵی ئۆلیمپیا زولیتادا تێدەپەڕی ژنەی بینی کە لەسەر دیواری حەوشەکەوە دان بەکۆترەکان دەدات کە دەنگیان بەرز ببۆوە. لەناو گالیسکەکەوە پێیوت:

-کۆتر تاکی بەچەندە؟

ژنە فلۆرنتینۆی ناسییەوەو بەدەنگێکی خۆشئاوازەوە وەڵامی دایەوە:

-هی فرۆشتن نین!

فلۆرنتینۆ پرسی:

-کەواتە بۆ ئەوەی تاکێکم لەوانە هەبێت دەبێت چیبکەم؟

ژنە هەروا کە دانی بەکۆترەکان دەدا لە وەڵامداوتی:

-دەبێت کاتێ یەکێکیان دەدۆزیتەوە کە لە گەردەلوولدا ونبووە، بیگەڕێنیتەوە بۆ ناو هێلانەکەی!

بەهەربار، ئەوشەوە فلۆرنتینۆ ئەریزا بەدیارییەکی سوپاسگوزارییەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە کە کۆترێکی نامەبەربوو، ئەڵقەیەکی کانزایی لە قاچدابوو.

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دواتر، کۆتربازە شۆخەکە ڕێك لەوکاتەدا کەدانی بەکۆترەکان دەدا کۆترە نامەبەرە دیارییەکەی لەناو هێلانەی

کۆترەکاندابینی، بەخەیاڵی ئەوەی دەشێ بەرەڵڵا بووبێت و هاتبێتەوە گرتی، لەگەڵ بەرزکردنەوەی کۆترەکەدا بینی پارچە کازێک لە ئەڵقەکەی قاچیدایە. دەربڕینی خۆشەویستیی بوو. ئەوە یەکەمجاربوو کەفلۆرنتینۆ ئەریزا شوێنپێی لەدوای خۆی بەجێدەهێشت و دواجاریشی بوو، ئەگەرچی ئەوەندە دووربین بوو کە نووسینەکان ئیمزا نەکات. پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دوای ئەوە کەچوار شەممەبوو، یەکێك لەمناڵە کۆڵانگەڕەکان، هەمان کۆتری دایەوە دەستی کە لەقەفەزێکدابوو، ئەم پەیامە زارەکییەشی پێگەیاند: خانمی کۆترباز ئەمەی بۆ ناردیتەوەو دەڵێت تکایە دەرگای قەفەزەکە دابخە چونکە ئەگەر دەرگاکەی دانەخەیت دووبارە کۆترەکە دێتەوە، ئەمەش دواجارە کەبۆت بنێرێتەوە. فلۆرنتینۆ ئەریزا نەیدەزانی چۆن ئەو کردەوەیەی ژنەکە لێکبداتەوە: یان کۆترەکە لەڕێ نامەکەی ونکردبوو یان کۆتربازەکە بڕیاریدابوو ڕۆڵی کەسێکی بێگوناه وازیبکات و کۆترەکەی گەڕاندبۆوە بۆ ئەوەی ئەم بتوانێت دووبارە نامەکەی بۆ بنێرێتەوە. بەهەرحاڵ، ئەگەر لێکدانەوەی دووەم ڕاست بووایە کاردانەوەی ئاسایی ژنەکە دەبوو ئەوەبێ کە کۆترەکە بەوەڵامێکەوە بگەڕێنێتەوە. بەیانی ڕۆژی شەممە، فلۆرنتینۆ دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، کۆترەکەی بە کورتەنامەیەکی بێئیمزای دیکەوە ڕەوانەکردەوە. ئەمجارە ناچارنەبوو تا ڕۆژی دواتر چاوەڕێبکات. پاشنیوەڕۆ، هەمان کوڕ کۆترەکەی لەقەفەزێکی دیکەدا هێنایەوە، لەگەڵ پەیامێکدا کەدەیوت: "ئەوکۆترە دەنێرێتەوە کە دووبارە بەرەڵڵا بووە" پێرێ وەکو ئەدەب گەڕاندییەوەو ئەمجارە لەرووی دڵسۆزییەوە دەیگەڕێنێتەوە بەڵام ئەگەر جارێکی تر بەرەڵڵا بێت و بێتەوە ئیدی هەرگیز نایینێرێتەوە. ترانسیتۆ ئەریزا هەتا درەنگ یاری بە کۆترەکە کرد، لە قەفەزەکە دەریهێنا و خستییە ناو دەستەکانییەوە، ویستی وەکو مناڵ لایلایەی بۆ بکات کە لەناکاو هەستیکرد نامەیەك لە ئەڵقەی قاچی کۆترەکەدایە. کەتیایدا نووسرابوو: من نامەی بێناو قبوڵ ناکەم. بەخوێندنەوەی نامەکە دڵی

فلۆرنتینۆ پڕبوو لەشادی، وەك ئەوەی لە لووتکەی یەکەم سەرچڵییدا بێت. ئەو شەوە بە ناثارامییەوە هەر تلیدا و خەو نەچووە چاوانی. بەیانی زوو بەرلەوەی بچێت بۆ کۆمپانیا، جارێکی دیکە کۆترەکەی بەنامەیەکەوە کە ئیمزاکەی روون و ئاشکرابوو، بەرەڵلا کردو تازەترین و بۆنخۆشترین و خەملیوترین گوڵەباخی باخچەکەشی کرد بە ئەڵقەکەی قاچییەوە.

ئەم کارە بەو ئاسانییەش هیچی لێ شین نەبوو. دوای سێ مانگ بە دواداچوون، کۆتربازی شۆخ هێشتا وەڵامی دەدایەوە و دەیوت من لەو ژنانە نیم. بەڵام هەرگیز نامەکانی فلۆرنتینۆی رەتنەدەکردەوە، بەردەوام دەهات بۆ ئەو یەکتر بینینانەی کە فلۆرنتینۆ وای رێکدەخستن کەگوایە بەڕێکەوتە. فلۆرنتینۆ لەخۆشەویستییدا هەمیشە کەسێکی تایبەت و جیاوازبوو: عاشقێ بوو کە هەرگیز روخساری خۆی دەرنەدەخست، سوورترین و چاوچنۆکترین کوڕ بوو سەبارەت بەخۆشەویستیی. کوڕێك کە هیچی نەدەداو هەموو شتێکی دەویست، کوڕێك کە رێی نەدەدا شوێنپێی هیچ کەسێك لەدڵیدا بمێنێتەوە. راوچییەك بوو لەبۆسەدا، نامەی ورژێنەرو دیاری بەنرخ و شەوەپڕ جۆش و خرۆشە ناماقوڵەکان لەدەوری ماڵی کۆتربازە شۆخەکە تەنانەت لەدوو حاڵەتدا کەمێردی ژنەکە سەفەری نەکردبوو تەنانەت نەچووبوو بۆ بازاڕیش بەرەو سەرجادە بەکێشیان کرد. بەڵام لە کاتی لاوییەوە ئەمە یەکەمجاری بوو کەهەستی دەکرد تیری خۆشەویستیی لەدڵیداوە.

شەش مانگ دوای یەکەم دیداریان سەرەنجام دووبەدوو خۆیان لەکابینەی کەشتییەکی رووباردا بینییەوە کە لەبەندەرەکەدا بۆ چاککردنەوەو نەخش ونیگار تێدا کردنی راگیرابوو. ئێوارەیەکی خۆشبوو. ئۆلیمپیا زولیتا وەك کۆتربازێکی سەرچڵ خۆشەویستیی و شەوق وزەوقێکی قووڵی هەبوو، حەزیدەکرد چەند سەعاتێك بەڕووت و قووتی و بە ئارامی و دوور لەهەر جوڵەیەك بگوزەرێنێ کە بەقەد خودی خۆشەویستیی، عاشقانەبوو.

کابینەکە نیوەی بۆیە کرابوو، بۆنی کەتیرەی تربانتین لەباربوو بۆنەرەی لەخەیاڵی خۆیاندا بیهێڵنەوە وەکو یادگاریی ئێوارەیەکی بەلەزەت. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەناکاو وەك ئەوەی پەیامێکی بێوێنە هانیبدات، سەری قوتوویەکی بۆیەی سووری هەڵپچڕی کە لە جێگاکەوە نزیکبوو، دۆشاومژەی کرد بە بۆیەکەداو لەسەر بەری کۆتر بازە شۆخەکە تیرێکی دروستکرد کە سەرەکەی بەرەو خوارەوە بوو، پاشان لەسەر سکی ژنە نووسی" ئەم کونە هی منە" هەمان شەو ئۆلیمپیا زولیتا کە نووسینەکەی سەر سکی لەبیرچووبۆوە، لەبەر دەمی مێردەکەیدا خۆی رووتکردەوە. مێردەکەی هیچی نەوت. تەنانەت هەناسەدانیشی گۆڕانی بەسەردا نەهات. بەڵام کاتێ ئۆلیمپیا زولیتا سەرقاڵی لەبەرکردنی جلی خەوبوو، بۆ هێنانی گوێزان چوو بۆ گەرماوەکە و یەکجار گوێزانەکەی دا لە قورتمی و سەریبڕی.

رۆژانێکی زۆر بەسەر ئەو بەسەرهاتەدا تێپەڕی، فلۆرنتینۆ ئەریزا هەتا دەسگیرکردنی مێردە هەڵاتووەکەی و بڵاوبوونەوەی هۆو چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکە لەرۆژنامەکاندا، ئاگای لەمەسەلەکە نەبوو. ساڵانێکی زۆر فلۆرنتینۆ بەترسەوە بیری لەنامەکانی دەکردەوە کە ئیمزای کردبوون. لە رێگای ئەو مامەڵانەوە کە لەگەڵ کۆمپانیادا هەیبوو، بکوژەکەی دەناسی و تاقیبی ماوەی حوکمدانەکەی دەکرد. فلۆرنتینۆ هێندەی لەوبەدبەختییە دەترسا کە فێرمینا بەمەسەلەکە بزانێ و بێوەفایی دەرکەوێ باکی لەو چەقۆ تیژە نەبوو کە لەملی دەدرێ یان لەوەی کە لەبەرچاوی خەڵکی رسوا دەبێت. رۆژێك لەو ساڵانەی چاوەڕوانیدا، ئەو ژنەی وریایی ترانسیتۆ ئەریزای دەکرد ناچاربوو بەهۆی بارانی لەناکاو و بەلێزمەوە زیاتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا لەبازاڕ بمێنێتەوە. کاتێ گەڕایەوە بۆماڵەوە ترانسیتۆ ئەریزای بینی لەسەر کورسییە بزۆزەکە دانیشتووە. وەك هەمیشە ماکیاجی کردبوو، زێڕی زیوی کردبوو بەخۆیەوە. چاوانی هێندە زەق و بزەی هێندە بەدکارانە بوو کە ژنە داماوەکە هەتا دوو سەعات دوای ئەوە نەیزانی مردووە. ترانسیتۆ ئەریزا

کەمێك پێش مردنی ئەو ئاڵتوون و خشڵانەی کە لەناو گۆزەداو لەژێر جێگاکەیدا شاردبوونییەوە، دەریهێنابوون و بەسەر منداڵی دراوسێکاندا دابەشیکردبوو، پێی وتبوون دەتوانن وەکو نەبات بیخۆن. لە بارێکی ئاوادا دەستکەوتنەوەی هەندێ لەگرانبەهاترین ئەو خشڵانە کاری کردە نەبوو. فلۆرنتینۆ ئەریزا دایکی لە کێڵگەی (لامانۆ دی دیوس)ی کۆن ناشت، کە هێشتا بە گۆڕستانی کۆلێرا ناودەبرا، بنچکی گوڵەباخێکیشی لەسەر گۆڕەکەی رواند.

فلۆرنتینۆ دوای یەکەم سەردان بۆ گۆڕستانەکە بەوەیزانی کە ئۆلیمپیا زولیتاش لە نزیك گۆڕی دایکییەوە نێژراوە، گۆڕەکەی کێلی نەبوو. بەخەتێکی ناخۆش و بەپەنجە لەسەر چیمەنتۆی گۆڕەکەی ناو و مێژووی مردنەکەی نووسرابوو. فلۆرنتینۆ بەترس و بێزارییەوە بیری کردەوە کە ئەمەش یەکێکی ترە لە گەمە خوێناوییەکانی مێردەکەی ئۆلیمپیا زولیتا. ئەگەر بنچکی گوڵەباخەکە گوڵی بگرێ، کاتێ کەس ئاگای لێنەبێ گوڵ لەسەر گۆڕەکەی دادەنێ. پاشان قەڵەمێکی لە بنچکی گوڵەکەی گۆڕی دایکی بڕی و لەسەر گۆڕەکەی ئۆلیمپیا زولیتا رواندی. هەردوو بنچکەکە ئەوەندە گەورە بوون و ئەوەندەیان گوڵ گرت کە فلۆرنتینۆ ئەریزا ناچاربوو بە مقەست و ئامرازی تری باخەوانیی چڵ وچێوە زیادەکانیان ببڕێ و رێکیانبخاتەوە. بەڵام فلۆرنتینۆ ئەریزا نەیتوانی تاماوەکی زۆر سەرپەرشتی گوڵەکان بکات، دوای چەند ساڵێ بنچی گوڵەکان تێکەڵی هەرێزی مابەینی گۆڕەکان بوون. لەوە بەدواوە، گۆڕستانی کۆلێرا بەگۆڕستانی گوڵەباخ ناو دەبرا، دواجار فەرمانڕەوایەکی شار کە کەمتر واقیعبین بوو سەبارەت بە رای خەڵك و حیکمەتی میللی سەراپای گوڵەباخەکانی پاکۆڵاو تابلۆیەکی کۆماریی بەناوی گۆڕستانی گەردوونیی، بەتاقی دەروازەی گۆڕستانەکەدا هەڵواسی.

مردنی دایکی جارێکی تر فلۆرنتینۆ ئەریزای ناچارکرد بگەڕێتەوە بۆ رەفتارە شێتانەکانی پێشووی: کۆمپانیا، بینینی ناوبەناوی

دەنکە بەردەوامەکانی، یاری دۆمینە لەیانەی بازرگانی و خوێندنەوەی کتێبی عاشقانە کەپیشەی جارانیبوو لەگەڵ سەردانی گۆڕستان لەرۆژانی یەکشەمواندا. ئەم رۆتین و یەك ریتمییەش زۆر جار دەبووە هۆی بێزاریی و ترس بۆی، بەڵام لە هەستکردن بەچوونە ناو تەمەنەوە دەیپاراست. لەگەڵ ئەوەشدا، لە یەکشەممەیەکی مانگی کانوونی یەکەمدا، لەکاتێکدا بنچکە گوڵەباخەکانی سەر دوو گۆڕەکە مقەستی باخەوانییەکەیان کولکردبوو، پەرەسێلکەی سەرتەلی کارەبای گۆڕستانەکەی بینی کە تازە بۆیان راکێشابوو، لەناکاو هەستیکرد کە چەند بەسەرکاتی مەرگی دایکی و رۆژی کوشتنی ئۆلیمپیا زولیتا دا تێپەڕیووە، هەروەها چەند بەسەر ئێوارەی کۆتایی ئەو کانوونی یەکەمە دوورەداتێپەڕیووە کە فێرمینا دازا نامەیەکی بەم ناوەڕۆکە بۆ ناردبوو بەڵێ بۆ هەتا هەتایە خۆشیدەوێت. هەتا ئەو کاتە بەشێوەیەك رەفتاریدەکرد کە دەتوت کات بەلای ئەوەوە تێناپەڕێت بەڵکو بەلای کەسانی ترەوە تێدەپەڕێت. رێك هەفتەیەك بەرلەوە، بەڕێکەوت یەکێك لەو ژن و مێردە زۆرو زەوەندانەی لەسەر جادە بینی کە بەهۆی نامە نهێنییەکانی ئەمەوە زەماوەندیان کردبوو، کوڕە گەورەکەیانی نەناسییەوە کەخۆی باوکی رۆحی بوو، بەدەربڕینی سەرسامییەکی باوەوە دەستەپاچەیی خۆی شاردەوەو وتی:

" ئەفرەت لەمن، ئەویش پیاوێکی لێدەرچووە!" بەهەمان شێوە درێژەی بەژیاندا و تەنانەت دوای ئەوەی بەدەنی دەستیکرد بەناردنی یەکەم ئاماژەکانی ئاگادارکردنەوە، رێبازەکەی خۆی نەگۆڕی. چونکە پێکهاتەیەکی ئاسنینی هەبوو لەبەرامبەر نەخۆشیدا، ترانسیتۆ ئەریزا هەمیشە دەیوت:

–تاقە نەخۆشی کە تووشی کوڕەکەم بوو کۆلێرابوو.

هەڵبەتە ترانسیتۆ ئەریزا زۆر پێش ئەوەی تووشی لەبیرچوونەوە یێت بەهەڵە خۆشەویستیی وەك کۆلێرا لێکدەدایەوە. بەڵام بەهەرحاڵ ەهەڵەدا چووبوو، لەبەرئەوەی کوڕەکەی بەنهێنی تووشی شەش حاڵەتی

ئازاری سی ببوو، وێڕای ئەوەی دکتۆر دەیوت شەش حاڵەت نییە بەڵکو یەک حاڵەتەو دوای ململانێ و شکستخواردن دەگەڕێتەوە. هەروەها غودەیەکی ئاوساوی لەمفاوی و چوار بالوکەو شەش کانی زەردەبرین لەسەر نەرمایی ڕانی هەبوو، بەڵام ئەمانە نە لە ڕوانگەی ئەوەوەو نە لە ڕوانگەی هیچ کەسێکەوە نەخۆشی نەبوون. تەنیا یادگارییەکانی جەنگبوون.

کاتێ تەمەنی گەیشتبووە نزیکەی چل ساڵ، بەهۆی ئازاری پەراگەندەوە لە بەدەنیدا چووبووە لای دکتۆر. دوای پشکنینی جۆراو جۆر دکتۆر وتبووی: " پەیوەندی بەساڵانی ڕابردووەوە هەیە."گەڕابۆوە بۆ ماڵەوە بێئەوەی تەنانەت لەوە سەرسام بێت کە ئەو مەسەلەیە دەیتوانی چ پەیوەندییەکی بەڕابردوو و تەمەنییەوە هەبێت، چونکە تەنیا خاڵی وەرچەرخان لەڕابردووی ئەودا، مەسەلەی خۆشەویستییەکی زوو تێپەڕبوو لەگەڵ فێرمینا دازا و تەنیا ئەو شتانەی پەیوەندییان بەفێرمینا دازاوە هەبوو سەروکارییان لەگەڵ ژیانی ئەودا هەبوو. لەو ئێوارەیەشدا کاتێ پەرەسێلکەکانی لەسەر تەلی کارەبا بینی، ڕابردووی لەگەڵ بەیادهێنانەوەی یەکەمین یادەوەریدا بەسەرکردەوە، خۆشەویستییە ڕێکەوتەکان، ئەوهەموو داوەی کە لە پێناوی بەدەستهێنانی پلەو پایەو دەسەڵاتدا ناچاربوو خۆی لێیان بەدوور بگرێت، ئەو هەموو ڕووداوە زۆروزەوەندەی کەبوونە هۆی ئەو وورە پۆڵایینە تیایدا کە سەرەڕای هەموو شتێك و لەگەڵ هەموو شتێکدا، فێرمینا دازا بۆ ئەم بێت و ئەم بۆ فێرمینا دازا بێت، تەنیا لەم حاڵەتەدا بوو کە لەوە حاڵی دەبوو ژیان بەلای ئەمیشەوە دەگوزەرێ. لەکاتی ئەم یادەوەرییەدا لەرزێك وەها مچوڕکەی بەلەشیدا هێنا کەهەموو شتێکی لەبیر بردەوەو ناچاربوو ئامێری باخەوانییەکە وازلێبێنێ و پاڵ بە دیواری گۆڕستانەکەوە بدات تا هەڵکردنی باکانی پیریی لەپێی نەخەن. بەترسەوە بەخۆی وت"

-ئەم هەمووشتە نەفرەتییە لەسی ساڵدا ڕوویاندا.

واڕێکەوتبوو، کە سی ساڵیش بەلای فێرمیناوە تێپەڕیبوو. بەلام بەلای ئەوەوە خۆشترین و پڕ جموجۆڵترین ساڵانی ژیانی بوون، ڕۆژانی نەفرەت و ترس لە کۆشکی کاساڵدویرۆ لەسەرەنوێلکی یادەوەرییدا شاردرابوونەوە. فێرمینا لە ماڵە تازەکەیدا لە لامانگا دەژیا، خانمی ڕەهای چارەنووسی خۆیبوو، مێردێکی هەبوو کە ئەگەر دووبارە ناچاربووایە مێرد هەڵبژێرێت لەهەموو پیاوانی دنیا بەلایەوە باشتربوو، کوڕێکیشی هەبوو کە درێژەی بەنەریتی خێزانەکەی دەداو لە کۆلیژی پزیشکیی دەیخوێند، کچێکیشی هەبوو کە هێندە لەخۆی دەچوو کاتێ لەو تەمەنەدابوو، جاری وابوو کەهەستی دەکرد دووبارەبوونەوەی خۆیەتی، پێی بێتاقەت دەبوو. دوای سەفەرێکی غەمگین کە بە نیازبوو هەرگیز سەربەدواوە نەهێنێتەوە بۆ ئەوەی ناچار نەبێت لەناو ترس و دڵەراوکێی هەمیشەییدا بژی، سێجار گەڕابۆوە بۆ ئەورووپا.

بێگومان دواجار خودا گوێی بۆ نزاکانی یەکێك شل کردبوو: خوڤینال ئۆربینۆ و فێرمینا دازا دوای دوو ساڵ مانەوە لەپاریس، لەکاتێکدا کە تازە خەریکبوون پاشماوەکانی خۆشەویستییەکەیان لە وێرانەکاندا دەدۆزییەوە، نیوەشەو تەلەگرافێك لەهەواڵی نەخۆشی سەختیی دونیا بلانکا خەبەری کردنەوەو تەقریبەن بەدوای ئەوەدا، تەلەگرافێکی تر گەیشت کە هەواڵی مردنی لابلانکای تێدا بوو. دکتۆر و فێرمینا بەخێرایی گەڕانەوە. فێرمینا بە بەرگێکی ڕەشەوە کە پڕبوونی بەدەنی نەیدەتوانی حاڵی لەچاو بشارێتەوە، لە کەشتییەکە دابەزی. فێرمینا دیسان سکی هەبوو، بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە بوو بە هۆی هاتنەئارای گۆرانییەکی میللی کەبەسەر زمانی خەڵکەوە بوو گۆرانییەك کە زیاتر شەیتانانە بوو تا ئەوەی داوای شتی خراپ بکات کە ئەوانەی دەیانوتەوە هەتا کۆتایی ساڵ دەنگیان دەهاتە گوێ.

پێت وایە ئەو جوانی سەرزەمینە

لە پاریس چیدەکا
هەر کاتێ بەخێر دێتەوە
منالێك دەخاتەوە

سەرەڕای بازاڕیبوونی وشەکانی ئەم گۆرانییە هەتا ساڵەها دوای ئەوە دکتۆر ئۆربینۆ لەکۆڕی سەمای یانە کۆمەڵایەتییەکاندا داوای وتنەوەی دەکرد تا ئەوە بسەلمێنێ رکابەرێکی باشەو بەئاسانی مەیدان چۆڵناکات.

کۆشکی گەورەی مارکیز کاساڵدویرۆ کە هەرگیز نیشانەکانی رەجاخزادەیی خێزانیی نەسەلمێنرابوو، نەببووە بەڵگەنەویست، بە نرخێکی گونجابوو بە خەزێنەی شارەوانی فرۆشرا و پاش ئەوە سەروەختێ کە توێژەرێکی هۆڵەندی بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئارامگای (کریستۆف کۆلۆمبۆس) لەوێدایە، هەڵکۆڵینی دەستپێکرد- تا ئەوەی پێنجەم جار- ئەم کۆشکەیان بەپارەیەکی زۆر زۆر بەحکومەتی ناوەندی فرۆشت. خوشکەکانی دکتۆر ئۆربینۆ بەبێ ملدان بۆ هیچ ئەزرێك رۆیشتن بۆ ئەوەی لەدێری (لاس سالیسیاناس) بە گۆشەگیریی بژین، فێرمینا داز اش هەتا تەواوبوونی ڤێلاکەی لەلامانگا لەخانووە کۆنەکەی باوکیدا نیشتەجێبوو. فێرمینا بە سەقامگیرییەوە کە ئامادەی فەرمانڕەوایی ناو ماڵەکەبوو، بەو تاقمی موبێلە ئینگلیزییەوە کە لە مانگی هەنگوینییان هێنابوویان و ئەو کەلوپەلی ناوماڵەی کە لەکاتی سەفەری ئاشتبوونەوەیاندا ناردبوویانەوە، چووە ناو ماڵەکەوە. لە رۆژی یەکەمەوە ماڵەکەی پڕ کرد لەئاژەڵی نامۆ کە خۆی بۆ کڕینیان دەچوو بۆ کەشتییەکانی (ئەنتیل)، فێرمینا دازا لەگەڵ مێردەکەی کە تازە بەدەستی هێنابۆوەو کوڕەکەی کە بە ئەدەب پەروەردەی کردبوو، کچەکەی کەچوار مانگ دوای گەڕانەوەیان لەدایکببوو، ناوینابوو ئۆفیلیا، پێی خستە ئەو ماڵەوە. دکتۆر ئۆربینۆ دەرکی بەوە دەکرد کە ئەوە کاری کردەنییە جارێکی تر وەکو کاتی مانگی هەنگوینیی بەتەواوی ژنەکەی بەدەستبهێنێتەوە. چونکە ئەو بەشەی خۆشەویستیی کەداوایدەکرد، هەمان

دا لەگەڵ باشترین کاتی خۆیدا بەمناڵەکانی دەبەخشی.

شتبوو کە فێرمینا دازا لەگەڵ بەو بەشەی کە مابۆوە دڵشادبێ و پێی بژی. ئەو بەڵام دکتۆر فێری ئەوەبوو لە ئێوارە خوانێکدا و لە کاتێکدا کە هاوئاهەنگییەی کە حەزیان پێدەکرد هات بەپیریانەوە. لەو میواندارییەدا خواردنی ئەسڵەن چاوەڕێیان نەدەکرد بۆ میوانەکان دادەنرا کە فێرمینا نەیدەزانی چییە. فێرمینا دازا بە خۆش بەربەلەمێکی پڕ دەستی پێکرد، بەڵام ئەوەندەی بەلاوە خۆشبوو جارێکیتر بەر بەلەمەکەی پڕ کردەوە و خەفەتی لەوەدەخوارد کە ڕێوڕەسمی هەڵسوکەوت ڕێگەی پێنادەن بۆ جاری سێیەم بەر بەلەمەکەی پڕ بکاتەوە کە حاڵیبوو تا ئەوکاتە بەلەزەتێکی ڕاستەقینەوە دووقاپی پڕ باینجانی خواردووە. لەناخی دڵییەوە شکستی خۆی قبوڵکرد، لەوکاتە بەدواوە باینجان لە ڤێلای لامانگادا وەکو کۆشکی کاساڵدویرۆ چەندینجار بەشێوەی جیاواز دەخوراو ئەوەندە هەموویان لەزەتیان لێدەکرد کەدکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ لەکاتی بێکاریی ساڵانی پیرییدا بە گاڵتەوە جەختی لەوە دەکردەوە کەحەز دەکات کچێکی تریان ببێت تا بتوانێت خۆشەویستترین ناوی ماڵەکەی لێبنێت و ناوی بنێت باینجان ئۆربینۆ.

لەم کاتەدا فێرمینا دازا ئیدی دەیزانی کە ژیانی تایبەتی بەپێچەوانەی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، ناجێگیرەو قابیلی پێشبینی نییە. بەلایەوە ئاسان نەبوو کەجیاوازییە ڕاستەقینەکانی نێوان منداڵ و گەورەکان دەست نیشان بکات. بەڵام لە دوا لێکدانەوەودوا شیکردنەوەدا منداڵانی پێباشتربوو، لەبەرئەوەی پێیوابوو داوەریی منداڵان زیاتر قابیلی پشت پێبەستنە. تازە ڕۆژگاری کامڵبوونی بەجێهێشتبوو، لەدەست خەیاڵاتی خاو ڕزگاری ببوو کە هێواش هێواش ڕووبەڕووی چەند بەدحاڵیبوونێکی وەکو نەگەیشتن بە ئاواتەکانی ڕۆژگاری لاوی و ڕۆژگاری پارکی (ئیڤانجیلس) بۆوەو ئەم خەیاڵاتانە وەها لە بوونیدا زیندووبوونەوە کەتەنانەت لەلای خۆشییەوە بەتەنیا نەیدەوێرا باوەڕ بکات کە چ بوونەوەرێکی لێدەچووە:

خزمەتکارێکی ڕێکوپێک. فێرمینا لەکۆمەڵدا خۆشەویستترین و خۆشگوزەرانترین ژن و بەمپێیەش ترسناکترین ژنبوو. بەڵام هیچ شتێکی بەقەد بەڕێوەبردنی ماڵەکە بەلاوە قورس نەبوو، هیچ شتی بەقەد ئەمە بێزاری نەدەکرد. هەمیشە ئەو هەستەی هەبوو کە ژیانی بۆ مێردەکەی تەرخان کردووە: شاژنی ڕەهای ئیمپراتۆریایەکی بەرینی پڕ بەختیاری بوو کە لەلایەن مێردەکەیەوە و بۆ مێردەکەی دروستکرابوو. فێرمینا دەیزانی کە مێردەکەی لە هەموو کەسێ زیاتر خۆشیدەوێت، بەڵام تەنیا لەبەر دڵی خۆی: فێرمینا ببوو بەخزمەتکاری مێردەکەی.

تەنیا شتێ کە فێرمینای تووڕە دەکرد زنجیرەی بێکۆتایی خواردنی ڕۆژانە بوو. خواردنەکە نەك تەنیا دەبوو لەکاتی خۆیدا دابنرایە، بەڵکو دەبوو باشبوایەو ڕێك هەمان ئەو شتە بووایە کە دکتۆر حەزیدەکرد بیخوات. ئەگەر فێرمینا لە یەکێك لە ڕێوڕەسمە بێشومارە مەزهەبییەکاندا کە لە ماڵەوە بەڕێوە دەچوو لێی بپرسیایە حەزی لەچ خواردنێکە، دکتۆر بێئەوەی سەر لەسەر ڕۆژنامەکە بەرزبکاتەوە وەڵامی دەدایەوە " گرنگ نییە، هەرچییەك بێت" دکتۆر بەشێوازە خۆشەویستەکەی ڕاستی دەوت، لەبەرئەوەی وێناکردنی مێردێکی خوڵق و خوو باشترو سەرڕاستر لەو کاری کردە نەبوو. بەڵام لەکاتی نانخواردندا، نەدەبوو هیچ شتێك ئامادەکرابێ جگە لەوەی دکتۆر حەزی لێدەکرد، بەبێ هیچ کەموکورتییەك: گۆشت نەدەبوو تامی گۆشت بدات، ماسی نەدەبوو تامی ماسی بدات، گۆشتی بەراز نەدەبوو تامی ئالف بدات و گۆشتی مریشك نەدەبوو تامی پەڕوباڵ بدات. بەهەر نرخێ بوایە و لەهەر وەرزێکدا بووایە دەبوو خۆراکی ڕەگی گیایان بۆ پەیدا بکردایە بۆ ئەوەی بتوانێت لەزەت لە هەڵمی میزە بۆندارەکەی خۆی ببینێ. فێرمینا لەجیاتی گلەییکردن لە مێردەکەی گلەیی لەژیان دەکرد کە دکتۆر لەو ژیانەدا پێشڕەوێکی دڵڕەقبوو. بە کەمێك دوودڵییەوە بەربەلەمەکەی دەخستە لاوەو دەیوت: " ئەم خواردنە بەبێ خۆشەویستیی دروستکراوە."

دکتۆر لەناو ماڵەکەدا توانای دەربڕینی چەند حاڵەتێکی ئیلهامی خەیاڵی هەبوو. جارێکیان تۆزێکی لە چای بەیبوون چێشت و لەکاتێکدا لەخۆی دوور دەخستەوە وتی:

-ئەم شتە تامی پەنجەرە دەدات!

فێرمیناو خزمەتکارەکان بە سەرسامییەوە بیریان لەم نارەزاییەی دکتۆر کردەوە، چونکە تا ئێستا شتی وایان نەبیستبوو کەکەسێك پەنجەرەی لێنابێ و خواردبێتی، بەڵام کاتێ بۆ سەردەرکردن لەتامی چاکەی چێشتیان، ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە بەڕاستی تامی پەنجەرە دەدات.

دکتۆر مێردێك بوو بەتەواوی ماناوە. هەرگیز شتێکی لەسەر زەوی هەڵنەدەگرتەوە، چرایەکی نەدەکوژاندەوە یان دەرگایەکی دانەدەخست. لە تاریکی بەرەبەیاندا ئەگەر یەکێك لە قۆپچەکانی کراسەکەی کەم بووایە، فێرمینا گوێی لەدەنگیبوو کەدەیوت:" پیاو دەبێت دوو ژنی هەبێت یەکێکیان بۆ ئەوەی خۆشیبوێت و ئەوی تریان بۆ ئەوەی قۆپچەکانی بۆ دابگرێتەوە" هەموو رۆژێ لەگەڵ یەکەم قومی قاوەو یەکەم کەوچکی شۆربای گەرمدا قیژە کاریگەرەکەی بەرزدەبۆوە کەچیدی کەسی نەدەترساند، بۆ سووککردنی باری شانی خۆی دەیوت" رۆژێ کە لەم ماڵە رۆیشتم تێدەگەی لەبەر ئەوە بووە کە هەمیشە لە سووتانی دەمم ماندوو بووم و رامکردووە" دکتۆر دەیوت فێرميناو خزمەتکارەکان هەرگیز وەکو ئەو رۆژانە خواردنی هەمەجۆرو بەلەزەت و پڕ ئیشتیهایان دروستنەدەکرد کە ئەم بۆ پاککردنەوەی گەدەی حەبی رەوانیی دەخواردو نەیدەتوانی نانبخوات، هێندە باوەڕی بەم فرت وفێڵانەی ژنەکەی هەبوو کە سەرەنجام حەبی رەوانیی نەدەخوارد مەگەر فێرمینا دازاش ئەو حەبەی بخواردایە.

فێرمینا کە لەوە ماندووببوو دکتۆر رێزی کارەکانی ناگرێ بەبۆنەی رۆژی لەدایکبوونییەوە داوای دیارییەکی نائاساییکرد. داوای لێکرد کە بۆیەك رۆژ ئیشەکانی ماڵەوە لە ئەستۆ بگرێت. دکتۆر وەکو

گاڵتەیەك پەسەندیکردو بەڕاستی لە بەرەبەیانەوە کارەکانی لە ئەستۆ گرت. بەرچاییەکی باشی ئامادەکرد بەڵام هەرلەم بەرچایی دروستکردنەدا ئەوەی لەبیرچوو کە فێرمینا حەزی لەهێلکەو ڕۆن نییە و قاوە بەشیرەوە ناخواتەوە. لەدوای بەرچایی خزمەتکارەکانی راسپارد بۆ نیوەڕۆ خواردنی هەشت کەس دروستبکەن بۆ میوانانی رۆژی لەدایکبوونی فێرمیناو فەرمانیپێدان ماڵەکە خاوێن بکەنەوە کەدەبوو ئەم کارە بەدوودڵییەکی زۆرەوە ئەنجامبدرێت، بۆ ئەمانە تەواوی هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆئەوەی لەفێرمینا باشتر ئیشەکان رێکبخات. بەڵام پێشنیوەڕۆ بەوپەڕی جدییەتەوە بەبێ هیچ نیشانەیەکی پەرێشانی بە ناچاری چۆکیدادا. لەیەکەم ساتەوەختەوە هەستی بەوەکرد کە شوێنی هیچ کام لەشتەکان نازانێت لەمویەقەکەدا، خزمەتکارەکان کە لە یارییەکەدا بەشداربوون لێدەگەڕان بۆ دۆزینەوەی شتێك کە بەشوێنیدا دەگەڕا هەموو شوێنەکان تێك وەکان بدات. سەعات دەی بەیانی بوو بەڵام هێشتا بڕیاری کۆتایی سەبارەت بەوە نەدرابوو کە دەبێ بۆ نیوەڕۆ چی لێبنێن، چونکە لەوکاتەدا هێشتا پاککردنەوەی ماڵەکە تەواو نەببوو. ژووری نووستن بەتەواوی بەیەکدادرابوو، گەرماو و ئاودەستخانەکە هێشتا پاك نەکرابوونەوە. ئەوەی لەبیر چووبۆوە دەسڕی کاغەزی ئاودەستخانەکە بخاتەوە شوێنی خۆی، سەرچەفەکان بگۆڕێ و گالیسکەچییەکە بنێرێ بەدوای مناڵەکاندا. مەسەلەیەك کە لەم پشێوییەدا تێکەڵ و پێکەڵ ببوو بەهەڵە تێگەیشتن بوو لە ئەرکی خزمەتکاران. بەچێشتلێنەرەکەی وت کەپێخەفەکان رێکبخات و خزمەتکاری تری راسپارد بۆ چێشتلێنان. لەسەعات یانزەدا کەکاتی گەیشتنی میوانەکان نزیکبۆوە، بێسەرەوبەرەیی و پاشاگەردانیی ماڵەکە بەڕادەیەکبوو کە فێرمینا دازا لە هەمان کاتدا کە قاقا پێدەکەنی، نەك وەك سەرکەوتوویەك بەڵکو لەبەزەییهاتنەوەیدا بەدەستەپاچەیی مێردەکەی لەکاروباری ناوماڵدا پێکەنی و فەرمانی بۆ

خزمـەتکارەکان دەسـتپێکرد. دکتـۆر ئۆربینـۆ بەپـەنابردن بـۆ بیـانووە هەمیشەییەکانی لەتەریقیدا هەناسەی هەڵکێشاو وتی:

-ئەگەر تۆش هـەوڵت بدایە دکتـۆریی بکـەی، بارەکـە زۆر لـەوەی من خراپتر دەبوو.

بەگشتیی ئەو دیاری جەژنی لەدایکبوونە بەلایانەوە وانەیەکی پڕ دەرس و پەندبوو. پاش ساڵەهای ساڵ، ئەم جووتە لەدوو ڕێبازی جیاوازەوە بەیـەك ئـەنجامی ژیرانـە گەیـشتن: خۆشەویـستیی یـان ژیـانی هاوبـەش بەشێوەیەك بۆ ئەمان کاری کردە نەبوو، لەوە تێگەیشتن کە لەدنیادا هیچ شتێ لەخۆشەویستیی پڕ گرێ وگۆڵتر نییە. فێرمینا دازا لـە لوتکەی کامڵی ژیانە تازەکەیدا لە ڕێوڕەسم و بۆنەجیاوازەکاندا فلۆرنتینۆ ئەریزای دەبینی و ئەویش کەسەرقاڵی قایمکردنی پلەوپایـەی خۆیبـوو وەکـو کاربەدەستێك زیاتر فێرمینای دەبینی و وا ڕاهـاتبوو کـەوەها سروشـتی مامەڵەی لەگەڵدا بکـات کـە چـەندین جـار لەبـەر سـەرقاڵیی و پـەرش وبڵاویـی خـەیاڵ و بیرکردنـەوەی لـەبیری دەچـوو سـەلامی لێبکـات. فێرمینـا دازا زۆرجار گـەلێ شتی لەبارەیەوە دەبیست، چونکە لەدنیای بازرگانیـدا، پێشکەوتنی زرنگانە بـەڵام سەرسـەختانەی فلۆرنتینـۆ لـە "ك.ك.ك.ر" بابـەتی هەمیـشەیی قسەو باسـەکانی دنیـای کـاربوو. فێرمینـا دەیبینی کـە فلۆرنتینـۆ ڕەفتـاری چاك دەکـات و شـەرمنی و کـەمڕوویی نەهێـشتووە کەسـیفەتێکی خراپبـوو. زیـادبوونی کێـشی بـەدەنی چەشـنی خـاویی ڕەوتـی تەمـەنی جوانبـوو، لێیـدەهات. دەیزانـی چۆنـچۆنی رووتانـەوەی سـەری کـە هـەموو کەللـەی گرتبۆوە بە گـەورەیی و ویقارەوە بشارێتەوە. تاکـە مەیـدانێ کە فلۆرنتینۆ لەدژی کات و مۆدیلی باوی ڕۆژ ململانێی تێدادەکرد و پێی لەسـەردادەگرت، شەڕی لەبەرکردنی جلە ڕەشەکانی و چاکەتە بێقەوارەکانیبوو کە مۆدیلیان نەمابوو، کڵاوە بێوێنەکـەی، بۆینباخـە باریکـەکانی کـە لەپـەڕۆی دووکانی وردەواڵەکەی دایکی دروستیدەکردن و چەترە شوومەکەی ئەو شتانەبوون کە

لەم شەڕەدا بینموودیان دەکرد. فێرمینا وردە وردە راهاتبوو کە بەچاوێکی دیکە تەماشای بکات و سەرەنجام ئیدی لەسیمای فلۆرنتینۆدا نیشانەیەکی ئەولاوە پەرێشان و لەپرلاوازەی نەدەبینی کە لەبەر شەپۆلی توندی گەڵا زەردەکانی پارکی (ئیڤانجیلس)دا دادەنیشت و هەناسەی بۆ ئەم هەڵدەکێشا. بەهەرحاڵ، فێرمینا هەرگیز بەخوێنساردییەوە لە فلۆرنتینۆی نەدەڕوانی و هەمیشە بەو هەواڵە باشانەی لەبارەیەوە دەیبیست خۆشحاڵدەبوو، چونکە ئەمە لە هەستکردنیدا بەگوناە لەبەرامبەریدا یارمەتیدەدا و ئۆخژنی پێدەبەخشی.

سەرەڕای ئەمانە، لەکاتێکدا فێرمینا پێیوابوو کە فلۆرنتینۆ بەتەواوی لەیادەوەرییدا سڕاوەتەوە، دووبارە لەجێگایەکدا سەریهەڵدایەوە کە هەرگیز چاوەڕوانی نەدەکرد. لە کاتی هەستکردنیدا بە غوربەت تارماییەك یان وێنەیەکی خەیاڵیی بوو ئەویش لە کاتی هەڵکردنی یەکەم شەماڵی پیرییدا بوو، واتە لە کاتێکدا کە فێرمینا وردە وردە هەستیکرد هەر جارێ دەنگی هەورە گرمەی پێش بارانی بێتەگوێ، شتێك لە ژیانیدا روودەدات کە قابیلی گێڕانەوەو خۆبواردن نییە. ئەو زامە بێچارەسەرە، هەورە گرمەیەکی قورسبوو کە لە پاشنیوەڕوانی تشرینی یەکەم و لەسەعات سێدا، لەدووری ئاسمانی شاخەکانی (ڤییانویڤا) دەتەقی و دەنگی دەهاتەگوێ، یادەوەرییەك بوو کە لەگەڵ تێپەڕبوونی ساڵاندا روون و ئاشکراتر دەبوو. لە زەمانێکدا کە رووداوە تازەکان لەماوەی چەند رۆژێکدا دیارنەدەمان و دەسڕانەوە، یادەوەریی سەفەرە ئەفسانەییەکەی فێرمینا لەسەراپای ویلایەتەکەی هیلدیبراندای خاڵۆزایدا، ئەوەندە بەڕوون و ئاشکرایی زیندوو بۆوە کە دەتوت دوێنێ بووەو بە سووربوونێکی راشکاوانەوە هەستی سۆزو غوربەتی دەبەخشی. فێرمینا شارۆچکەی (ماناور)ی شاخاوی و راستە جادە سەرسەوزەکەی و چۆلەکە جوان و خۆش مژدەکانی دەهاتەوە یادو ئەوماڵە قەرەباڵغە لە چاوی ون نەدەبوو کە تیایدا

کاتێ لەخەو هەڵدەسا کراسی نووستنەکەی دەبینیەوە کە بەفرمێسکە بیکۆتاییەکانی پیترا موراليس تەڕبووە. فێرمينا هەمان ئەو کەسەبوو کە ساڵەها پێش ئێستا لەسەر هەمان سیسەم کە لەسەری دەخەوت بۆ خۆشەویستیی مردبوو. فێرمینا تامی گەوافەی هاتەوە یاد کە ئیدی هەرگیز وەك جاران تامی خۆشنەبوو، ئەو هەورەگرمەیەش بەخەیاڵیدا گوزەریکرد کە گرمەکەی لەگەڵ خوڕەی باراندا تێکەڵدەبوو، ئێوارانی وەك یاقوت زەردی بەیاد هاتەوە کە لە (سان خوان دی لاسییناگا) بە دڵزاری لەگەڵ کچەخاڵە بەهات و هاوارەکانیدا دەچوون بۆ پیاسەو لەکاتێکدا لە نووسینگەی تەلەگراف نزیکدەبوونەوە توند ددانەکانی دەخستە سەریەك بۆ ئەوەی دڵی لەدەمییەوە دەرنەپەڕێت. ناچاربوو خانووەکەی باوکی بفرۆشێت چونکە نەیدەتوانی لەباڵکۆنەکەوە بەرگەی ئازاری ساڵانی گەنجیی و دیمەنی پارکە بچووکە چۆڵەکە بگرێ، هەروەها نەیدەتوانی لەبەرامبەر ژانی بۆنی خۆشی ونی یاسەمینەکانی شەوانی گەرم و روخساری ترسناکی ژنێکی بەساڵاچوو لەئێوارەیەکی مانگی شوباتدا خۆی رابگرێت، واتە ئەوکاتەی چارەنووسی یەکلایی بۆوە. هەرکاتێ لاپەڕەی یادەوەریی ئەو رۆژگارەی هەڵدەدایەوە، خۆی لەبەرامبەر فلۆرنتینۆ ئەریزادا دەبینیەوە. بەڵام فێرمینا هێندە خاوەنی ئارامی و دڵگەرمیی بوو کە بزانێت ئەوە یادگاریی خۆشەویستیی یان پەشیمانیی نەبوو، بەڵکو وێنەی غەمێك بوو کە رێچکەیەکی خۆشەویستیی لەسەر گۆناکانی بەجێهێشتبوو. بێئەوەی ئاگای لێبێت بەرەو هەمان ئەو داوی رەحم یان بەزەیی پێدا هاتنەوەیە دەڕۆیشت کە لە رێیدابوو، جێگای کەوتنی ئەو هەموو قوربانییە بێبەرگرییە فلۆرنتینۆ ئەریزا بوو.

فێرمینا دازا هانای بۆ مێردەکەی بردو پێیەیەوە لکا ئەمەش رێك لەو کاتەدابوو کە خۆڤینال ئوربینۆ زۆر پێویستی پێیبوو چونکە لەناو تەم ومژی پیرییدا هەڵدەنورتی و خۆی بەتەنیا دەبینییەوە و بەدەست کێشەی ئەوەوە کە دە ساڵ لە فێرمینا گەورە تربوو، وێڕای پیاوێتی وەکو پیاوێکی

لاوازو قرچۆك دەینالاًن. دواجار، ئەم جووتە سەروەختێ کە سێ ساڵ بەسەر ژن و مێردایەتییاندا تێدەپەڕی ئەوەندە باش یەکتریان دەناسی کە چەشنی یەکەیەك وابوون کە کرابێت بەدوو لەتەوە، سەبارەت بە زۆری دووبارەبوونەوەی هەستکردن بە بیروڕای یەکتری بەبێئەوەی بیانەوێ، یان ڕێکەوتی پێکەنیناویی پێشکەوتنی یەکێکیان لەو شتەدا کە ئەوی تریان بەنیازبوو بیڵێ هەستیان بە ناخۆشی دەکرد. ئەم جووتە پێکەوە توانیبوویان بەسەر بەدحاڵیبوونی ڕۆژانەو بێزاریی کاتیی و دڕنۆیییەکانی بەرامبەرو درەوشانەوەی شکۆی ئەفسانەیی بەختەوەریی ژیانی ژن ومێردایەتیدا زاڵبن، ئەمەش زەمانێ بوو کە بەبێ هەڵپە یان زیادەڕەویی لە هەموو کاتێ زیاتر یەکتریان خۆشدەویست و هەردووکیان زیاتر لەهەرشتێ سوپاسگوزاری سەرکەوتنەکانیان بوون بەسەر دوژمنایەتی و فەلاکەتدا. هەڵبەتە ژیان هێشتا ئەزموونی مەرگهێنەری دیکەی دەخستە بەرچاویان، بەڵام ئەمە ئیدی بایەخی نەبوو: چونکە ئەمان ئیدی لەکەناری ئەوبەری دەریاکە بوون.

# بەشی پێنجەم

بەبۆنەی ئاهەنگ گێرانی دەسپێکی سەدەی نوێوە، بەرنامەیەکی پڕ چالاکی گشتیی ئامادەکرا، ئەوەی لەهەموو چالاکییەکان زیاتر شایانی باسە یەکەم سەفەرە بەبالۆن، کە بەرهەمی دەستپێشخەرییەك بوو لەدەستپێشخەرییە لەبن نەهاتووەکانی دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ. زۆربەی خەڵکی شارەکە لەکەناری (ئەرسینال) کۆببوونەوە بۆ ئەوەی سەرسامی خۆیان لەهەستانی بالۆنێکی زەبەلاح نیشان بدەن کە بەقوماشی حەریر لەڕەنگەکانی ئالای نیشتمانیی دەورەدرابوو، یەکەم پۆستەی ئاسمانی دەگەیاندە (سان خوان دی لاسییناگا) کە بەخەتێکی ڕاست نزیکەی سی فرسەخ لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە دوور بوو. دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ و ژنەکەی کە هەژان و خۆشیی فڕینیان لەپیشانگای جیهانیی پاریس تاقیکربۆوە، یەکەمین کەسانێ بوون پێیان خستە ناو ژووری بالۆنەکەوە کە بەقامیش دروستکرابوو، بالۆنەوانەکەو شەش میوانی دیکەش سەرکەوتن کە

نامـەی ڕەسمییـان پێبـوو لـە فـەرمانڕەوای ناوچـەکەوە بـۆ کاربەدەسـتانی شارەوانیی (سان خوان دی لاسییناگا) کە لەو نامانەدا یەکەمین پۆستەی ئاسمانی بۆ مێژوو تۆماردەکرا. یەکێك لە ڕۆژنامەنووسەکانی (دیاریو دی کۆمێرسیۆ) لە دکتۆر ئۆربینۆی پرسی ئەگەر لەم کارە سەرچڵییەدا تیابچێت وەکو دوا وتە چی هەیە بیڵێت، دکتۆر بۆ بیرکردنەوە لە وەڵامێك کەبووە هۆی ئەو هەموو جوێن و قسە ناشیرینە بۆی، تەنانەت یەك دەقەشی نەبرد کە وتی:

بەبڕوای من، سەدەی نۆزدە بەڵای هەموو دنیاوە لە تەواوبووندایە جگە لەئێمە! فلۆرنتینۆ ئەریزا لەناو قەرەباڵغیی گێلانەی وتنەوەی سروودی نیشتمانییدا ون ببوو کە هاوزەمان لەگەڵ دوورکەوتنەوەی باڵۆنەکەدا لە زەوی دەنگی بەرزدەبۆوە. لەناو بەیەکداچوونی دەنگەکان و ئەو قەرەباڵغییەدا دەنگی نارەزایی کەسێك هاتە گوێی فلۆرنتینۆ کە دەیوت بۆ ژنێك، بەتایبەتی ژنێك لەتەمەنی فێرمینا دازادا ئەو کارە لەڕادەبەدەرە لەبنەڕەتدا گونجاو نییە. فلۆرنتینۆ هەستیکرد رای لەگەڵ بۆچوونی قسەکەرە نارازییەکەدایە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی ئەوەندەش مەترسیدار نەبوو یان بەڵای کەمەوە دەکرا بگوترێ هێندەی مایەی بێزاریی بوو مەترسیدار نەبوو. باڵۆنەکە لەدوای گەشتێکی ئارام بەئاسمانی شین و ساف ئەفسانەییدا بەبێ هیچ ڕووداوێك گەیشتە شوێنی مەبەست. ئەوان زۆر بەباشی بە هێواشی و ئاراستەی با بەسەرکەوتوویی و بەشێوەیەکی لەبار فڕین. سەرەتا بە درێژایی لوتکە تیژەکانی شاخەکان کە بەفر دایپۆشیبوو، پاشان بەسەر زەلکاوی (سیناگاگراندی) پان و پۆڕدا فڕین.

ئەوانەی ناو باڵۆنەکە دەیانتوانی لەئاسمانەوە وێرانەکانی شاری قارەمان وزۆر کۆنی (کارتاخینا دی ئینیدیاس) واتە جوانترین شاری دنیا ڕێك بەو شێوەیەی کە خوا دەیبینی ببینن. ئەو شارەی کە دانیشتوانی لەدوای سێ سەدە بەربەرەکانێ و بەرگریی لەبەرامبەر گەمارۆی ئینگلیزەکان

و تالان وبڕۆی بیکۆتایی دزانی دەریادا، بەهۆی ترسی بێبنەمای کۆلێراوە چۆڵیانکردبوو. ئەوان لەو سەرەوە دیوارە بەساغی ماوەکان، دڕك ودالی شەقامەکان، ئەوسەنگەڕانەی وەنەوشەی ئەوروپایی دایپۆشیبوون، کۆشکە مەرمەڕییەکان، میحرابی ئالتوونیی و قەدەری ئەو دەسەلاتدارە داگیرکەرانەیان بینی کە لەناو قەڵغانەکانیادا بەهۆی کۆلێراوە رزیبوون.

بەسەر کۆلیتەکانی (تروخاس دی کاتاکا)ی شوێنەواریدا فڕین کە لە ناوەڕاستی ئاودا دروستکرابوون و بەشێوەیەکی شێتانە بۆیەکرابوون، خەڵکە دەریاچەیان بۆ بەخێوکردنی تیمساح دروستکردبوو، ئەو تیمساحانەی کە بۆ خواردن و پێستەکەیان کەڵکیان لێوەردەگرتن. سەرنشینانی باڵۆنەکە باخچەی پڕ سێوی سوورو گوڵی رەنگاورەنگیان بینی کەبەسەر دیوارەکانەوە بوون. سەدان منالی رووت ورەجالّ کە لەئەنجامی تیژەو هاواری بەکۆمەڵدا هاتبوونە جۆش وخرۆش بۆ گرتنەوەی بوخچەی پڕ جلوبەرگ و شووشەی شروبی سنگ و بتڵی خۆراکی ئەو خانمە جوانەی کەبەکڵاوی پەڕدارەوە وەك چاکەکارێك لەباڵۆنەکەوە بۆی فڕێدەدانە خوارەوە، لەپەنجەرەکانەوە رایاندەکرد بۆ دەرەوە، لەسەربانەکان دەهاتنە خوارەوەو لەناو ئەو بەلەمانەوە کە بە شارەزاییەکی سەرسوڕهێنەرانەوە لێیان دەخوڕین دەهاتنە دەرێ و بۆ دەرهێنانەوەی شتەکان وەکو ماسی چاوڕەش خۆیان دەکرد بەژێر ئاوەکەدا.

بەسەر ئۆقیانووسی سێبەری کێڵگەی مۆزدا فڕین کەبێدەنگییەکەی وەکو هەڵمێکی مەرگهێنەر دەگەیشتە لایان، فێرمینا دازا خۆی لەتەمەنی سێ چوار ساڵیدا هاتەوە یاد کە دەستی لەدەستی دایکیدا بوو ئەویش خۆی لەکچۆڵەیەك زیاتر نەبوو، لەناو دارستانێکی پڕ سێبەردا پیاسەیان دەکرد، ژنانێ لەدەوریان بوو کە ئەوانیش رێك وەکو دایکی فێرمینا جلوبەرگی مۆزلین لەبەردا، چەتری سپی بەدەستەوەو کڵاوی

بالۆنەوانەکە کە لەدووربینێکەوە تەماشای دنیای تۆرپیان لەسەردابوو. دەکرد وتی:

-لەوە دەچێ ئەوانە مردبن!

لەگەڵ وتنی ئەم رستەیەدا دووربینەکەی دایە دەست دکتۆر ئۆربینۆ. دکتۆر لەناو دارودرەختەکاندا ئەو عەرەبانانەی بینی کە گامێش رایدەکێشان و چاوی بە تەلی دیاریکردنی سنووررو هێڵی شەمەندەفەرو جۆگەی ئاودێریدا خشاند کەبەستبووی. تەماشای هەر جێگایەکی دەکرد لاشەی مرۆڤێکی دەبینی، دەنگێك وتی پەتای کۆلێرا وەختە لە گوندەکانی ناوچەی (سیناگاگراندی) دەتەنێتەوە. دکتۆر ئۆربینۆ کە هەروا بەدووربینەکە تەماشای دەکرد وتی:

-باشە، ئەمە دەبێت جۆرێکی تایبەت بێت لە کۆلێرا، لەبەرئەوەی قورتمی یەکە بە یەکەیان گوللەیەکی رەحمەتی پێوەیە.

کەمێك دوای ئەوە، بەسەر دەریایەکی پڕ جۆش وخرۆشدا تێپەڕین و بەبێ هیچ رووداوێك لەکەنارێکی فراوانی گەرم نیشتنەوە کە ڕووی خاکەکەی لە ئەنجامی خوێی زۆردا قڵیشابوو، وەکو ئاگر گەرمبوو. چەند کاربەدەستێ لەوێدا ئامادەبوون کەتەنیا هۆکاریان بۆ خۆپاراستن لەتیشکی خۆر چەتری ئاساییبوو. قوتابیانی قوتابخانە سەرەتاییەکان ئاڵای بچووکیان بەدەستەوە بوو کە لەگەڵ ئاوازی سروودی نیشتمانیدا دەیانشەکاندنەوە شاژنەکانی جوانیش بەو گوڵانەی دەستیانەوە کە گەرما سووتاندبووی و بە تاجی ئاڵتوونیی مقەباو دەستەی مۆسیقا بەسازو ئامێری مۆسیقاوە لەشاری ئاوەدانی (گایرا)وە بەشدارییان لەم ڕێوڕەسمەدا کرد. ئەم شارە لەو رۆژگارەدا ئاوەدانترین شاری کەنارەکانی دەریای کاریبی بوو. تەنیا شتێ کە فێرمینا بەدڵ حەزی لێیبوو دووبارە بینینەوەی شوێنی لەدایکبوونی بوو. دەیەویست بەبینینی یەکەمین یادەوەریی منالیی بیربکەوێتەوە، بەڵام لەبەر مەترسی کۆلێرا رێگە بەهیچ کەسێ نەدەدرا بچێتە

ئەو شوێنە. دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ نامەیەکی مێژوویی تەسلیمکرد کەپاشان لەناو نامەو کاغەزەکانی تردا ونبوو، هەرگیز کەس نەیدۆزییەوە، ئەو سستییەی لەیەك ریتمیی و گەرمی وتارە حەماسییەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو وەختبوو تەقریبەن هەموو ئەندامانی وەفدە نێردراوەکە بتاسێنی. بالۆنەوانەکە نەیتوانی جارێکی تر بالۆنەکە بخاتە فڕین و ئەندامانی وەفدەکە ناچاربوون بەسواری هێستر خۆیان بگەیەننە (پوییلۆ بیخۆ) کە زەلکاوی (سیناگاگراندی) لەوێدا لەگەڵ دەریادا یەکیدەگرتەوە. فێرمینا دازا دڵنیابوو لە کاتێکدا کە منداڵبوو لەگەڵ دایکیدا بە عەرەبانەیەك کەجووتێ گامێش رایاندەکێشا بەو رێگایەدا تێپەڕیووە. کاتێ گەورە تربوو چەندانجار ئەم چیرۆکەی بۆ باوکی گێڕابۆوە و باوکی کە بە سەرسەختییەوە باوەڕی وابوو فێرمینا بەهیچ جۆرێ توانای بەیادهێنانەوەی سەفەرێکی وای نییە، دەیوت: من زۆر باش ئەو سەفەرەم لە یادە، وەسفەکانی تۆ راستە بەڵام ئەو سەفەرە بەلای کەمەوە پێنج ساڵ بەرلەوەی تۆ لەدایکبیت کراوە. ئەندامانی وەفدەکەی کە بەبالۆن رۆیشتن دوای سێ رۆژ گەڕانەوە هەمان بەندەر کەلێیەوە دەرچووبوون، پاشئەوەی شەوێکی پڕ گەردەلوولیان بەسەربرد لەبەندەرەکە وەکو پاڵەوان پێشوازییان لێکرا. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەناو قەرەباڵغییەکەدا ون ببوو. وێڕای ئەوەی نیشانەکانی ترسی لە روخساری فێرمینادا خوێندبۆوە بەڵام ئێوارەی هەمان رۆژ کە جارێکیتر لە نمایشی پاسکیل سواریدا بینییەوە کەئەویش هەر لەژێر چاودێریی مێردەکەیدا بەڕێوەچوو، نیشانەی ماندووبوونی بەسیمایەوە نەبینی. فێرمینا سواری پاسکیلێك ببوو کە بێوێنە دەهاتە بەرچاو و زیاتر لە ئامێری سێرك دەچوو. تایەی پێشەوەی پاسکیلەکە زۆر بەرز بوو، تایەی دواوەی هێندە بچووکبوو کەحسابی هیچی بۆ نەدەکرا. فێرمینا پانتۆڵێکی سووری دەڵبی لەپێدابوو کە خانمانی بە تەمەنتری رسواو پیاوانی تووشی دوو دڵیی دەکرد، بەڵام کەس گومانی لە شارەزایی فێرمینا نەبوو. ئەو دیمەنە لەگەڵ دیمەنی تیژ

تێپەڕی تردا بەپێی ئارەزووی چارەنووس لە خۆیانەوە لەبەرچاوی فلۆرنتینۆ ئەریزا زیندوو دەبوونەوە، بەهەمان شێوەش وندەبوون و تاسەوئارەزووی دڵیان دەخستە تەپە تەپ. بەڵام پاشماوەیەکیان لەسەر ژیانی بەجێدەهێشت، کە لەڕێگەی دیمەن و سەروسیمای خۆیەوە هەستی بەدڵڕەقیی رۆژگار نەدەکرد لەسەر خۆی هێندەی ئەوەی هەستی بەگۆڕانکارییەکانی فێرمینا دازا دەکرد هەرکاتێ چاوی پێی بکەوتایە.

فلۆرنتینۆ ئەریزا شەوێك چوو بۆ چێشتخانەی (دۆن سانچۆ) کە چێشتخانەیەکی سەنگینی پاشماوەی سەردەمی کۆلۆنیالیزم بوو، وەکو عادەتی خۆی بۆ خواردنی ژەمێکی سووك وەك هی چۆلەکە پەنای بۆ لاچەپترین گۆشەی چێشتخانەکە برد، لەناکاو لەئاوێنە گەورەکەی چێشتخانەکەدا بۆ ساتێ فێرمینای چاوکرد کە لەگەڵ مێردەکەی و دوو ژن ومێردی دیکەدا لەسەر مێزێك دانیشتبوون. فێرمینا لەگۆشەیەکدا دانیشتبوو کەفلۆرنتینۆ دەیتوانی وێنەکەی بەهەموو جوانی و رەونەقێکەوە ببینێ. فێرمینا دازا بێ کۆتوبەند وەها لێو بەخەندەو بەجوانیی سەرقاڵی قسەکردن بوو کە پێکەنین و قسەکانی وەکو فیشەکەشێتە دەوروبەرەکەی رووناکدەکردەوە و جوانییەکەی لەژێر ئەو سورەیا گەورەیەدا کەپارچەکانی کریستاڵیی بوون جوانتر خۆیدەنواند.

فلۆرنتینۆ ئەریزا هەناسەی لەخۆی بڕی و بەوپەڕی لەزەتەوە چاوی تێبڕی. دەیبینی کەنانی دەخوارد، کە بە هێواشی دەستی بۆ شەرابەکەی دەبرد، کە بەزمان لووسییەوە گاڵتەی لەگەڵ چوار کەسەکەی سەرمێزەکە دەکرد. فلۆرنتینۆ لە مێزە تاك و لاچەپەکەی خۆیەوە لە ساتەوەختێکی تیژ تێپەڕدا لە ژیانی فێرمینادا بەشدار بوو، زیاتر لە سەعاتێك بەبێ ئەوەی بەدیبکرێ لەزەوییە قەدەغەکراوەکەی ئەودا پیاسەی کرد. بۆ کاتکوشتن هێندە درێژەی بەخواردنەوەی چوار فنجان قاوەدا تا بەچاوی خۆی بینی فێرمینا لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵیدا بوون ئامادەی رۆیشتن

بوون. ئەوەنده لە نزیکەوە بەلای فلۆرنتینۆدا تێپەڕین کە توانی بۆنەخۆشەکەی فێرمینا لەناو ئەو بۆنانەدا کە ئەوانیتر لەخۆیان دابوو، جیابکاتەوە.

پاش ئەو شەوە تەقریبەن تا ماوەی یەک ساڵ فلۆرنتینۆ بۆ فرۆشتنی ئەو ئاوێنەیە زۆر بەتوندی خاوەنی چێشتخانەکەی هەراسانکردبوو. لەبەرامبەر ئەوەدا ئامادەبوو هەر بەهایەک بدات لەپارەوە بیگرە تایارمەتی یان هەر شتێکی دیکە کە کابرای خاوەن چێشتخانە ئارەزووی دەکرد. ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو لەبەرئەوەی دۆن سانچۆی پیر باوەڕی بەو ئەفسانەیە هەبوو کە چوارچێوە جوان و بەنرخەکەی کاری نەبەنوسکارانی ڤیەننابوو، تاکی چوارچێوەیەکی دیکە بوو کەهی ماری ئەنتوانێت بوو، بەبێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی لێ بەجێمابێ ون ببوو: دوو توحفەی بێوێنە بوون، سەرەنجام کاتێ دۆن سانچۆ کۆڵێدا، فلۆرنتینۆ نەک لەبەر چوارچێوە بەنرخەکەی بەڵکو لەبەر بەشێک لەناوەکەی کەبۆماوەی دووسەعات وێنەی خۆشەویستەکەی داگیری کردبوو ئاوێنەکەی کڕی و بەدیواری ماڵەکەیدا هەڵیواسی. فلۆرنتینۆ تەقریبەن هەمیشە فێرمینا دازای وادەبینی کەقۆڵی لەقۆڵی مێردەکەیدایە. ئەو جووتە هاوئاهەنگییەکی تەواویان هەبوو بەگونجاوییەکی سەرسوڕهێنەرەوە وەکو پشیلەی سیامی لەدنیای تایبەتی خۆیاندا رەوتیان دەکرد، تەنیا کاتێ ئەم هاوئاهەنگییە دەبڕا کە تەوقەیان لەگەڵ فلۆرنتینۆ دەکرد. لە راستیدا دکتۆر خوڤێناڵ ئۆربینۆ بە گەرموگوڕییەوە دەستی فلۆرنتینۆی دەگوشی و لەکاتێکدا پێویستی بکردایە تەنانەت رێگەی بەخۆی دەدا بەهێواشی دەستی نەوازش بخاتە سەرشانیشی. لەلایەکی دیکەوە فێرمینا دازا پەیوەندی خۆی لەگەڵ فلۆرنتینۆدا لەسنووری چاودێریکردنی هەڵسوکەوتی رەسمی و بەشێوەیەکی گشتیی دەپاراست، هەرگیز بچووکترین جووڵەی لێنەدەوەشایەوە کە ببێتە هۆی وێناکردنێکی وا لای فلۆرنتینۆ کە فێرمینا

یادی ئەوکاتانە دەکاتەوە کە هێشتا شووی نەکردبوو. ئەم دوانە لەدوو دنیای جیاوازدا دەژیان و هەرکاتێ فلۆرنتینۆ تەواوی هەوڵی خۆی دەخستە گەڕ بۆ ئەوەی دووری نێوانیان کەمبکاتەوە، فێرمینا دازا هەنگاوێکی پێچەوانەی هەڵدەگرت. ئەمە زۆر پێشنەوە بوو کە فلۆرنتینۆ جورئەتی خەیاڵێکی وا بەخۆی بدات کە گوێپێنەدانی فێرمینا سوپەرێکە لەبەرامبەر کەمڕوویی ئەمدا. ئەم خەیاڵە بەبێ پێشەکی لە ڕێوڕەسمی ناونانی یەکەم کەشتی کارخانەی خۆماڵیی دروستکردنی کەشتیدا بەمێشکیدا هات. لەم ڕێوڕەسمەدابوو کە فلۆرنتینۆ یەکەم پلەی ڕەسمی وەرگرت. کە تیایدا لیۆنی مامی وەکو جێگری سەرۆکی (ک.ک.ک.ر) ناساندی. ئەم ڕێکەوتە باشە شکۆیەکی بەڕێوڕەسمەکە دەبەخشی و تەواوی کەسە ناسراوو خاوەن پلەوپایەکانی شار تێیدا ئامادەبوون.

فلۆرنتینۆ ئەریزا لەتەلاری سەرەکی کەشتییەکەدا کە هێشتا بۆنی قیرو بۆیەی تازەی لێدەهات سەرقاڵی پێشوازیکردن بوو لەمیوانەکانی کە لەناکاو دەنگی چەپڵەو ئافەرینی لە شوێنی باردانگرتنەکانەوە هاتەگوێ. تیپی مۆسیقا مارشێکی حەماسی دەستپێکرد، ئەم کاتێ ژنی خەونە جوانەکانی بینی قۆڵی لەقۆڵی مێردەکیدایە، بەویقارو درەوشانەوەی تەواوەوە، بە هەنگاوی درێژ چەشنی شاژنێکی ئەفسانەیی لەبەرامبەر پاسەوانانی شەرەفدا کەجلوبەرگی ڕێوڕەسمیان لەبەردابوو بەژێر بارانێک لەکاغەزی ڕەنگاورەنگ و پەڕەی ئەوگوڵانەدا ڕێیدەکرد کە لەپەنجەرەکانەوە تێیاندەگرتن، ناچاربوو بەر بەولەرزینەی بگرێ کە تەقریبەن لەگەڵیدا لەدایکببوو. فێرمیناو مێردەکەی بەدەست راوەشاندن وەلامی چەپڵەی خەڵکەکەیان دەدایەوە. فێرمینا دازا بەبەرگی رازاوەی ئاڵتوونییەوە، لە کڵاوی زەنگوڵەیی و یەخەی کلکە ڕێوییەوە بیگرە تا پێڵاوە پاژنە بەرزەکانی ئەوەندە جوان و سەرنجراکێش و سەرسوڕهێنەر بوو کە وا دەهاتە بەرچاو لەناو ئەو قەرەباڵغییەدا تاک و بێوێنەیە.

فلۆرنتینۆ ئەریزا لەگەڵ کاربەدەستانی ناوچەکەدا لەناو هات و هاواری مۆسیقاو فیشەکەشێتەو سێ شووت-ی گەورەی کەشتییەکەدا کە شوێنی بارداگرتنەکەیان بەهەڵم تەرکرد، لەسەر پردەکە چاوەڕوانی دەکردن. خۆڤینالْ ئۆربینۆ بەو زەردەخەنە سروشتییەوە کە تایبەتبوو بەخۆی ئەو هەستەی لای بەرامبەر دروستدەکرد کە بەتایبەتی و بەگەرمی تەوقەت لەگەڵ دەکات، تەوقەی لەگەڵ هەمووان کرد: سەرەتا تەوقەی لەگەڵ کاپیتانی کەشتییەکە کرد کە بەرگی ڕێوڕەسمی لەبەردابوو، پاشان لەگەڵ ئەسقەفی مەزن، پارێزگار، فەرمانڕەوای ناوچەکە، سەرۆکی شارەوانی و ژنەکانیان، دواتر تەوقەی لەگەڵ فەرماندەی سەربازیی ناوچەکە کرد کە تازە هاتبووە ئەوێ و خەڵکی ناوچەشاخاوییەکانی (ئەندین) بوو. فلۆرنتینۆ بەجلوبەرگی ڕەشەوە لە دوای کاربەدەستانەوە وەستابوو، لە نێوان ئەو هەموو میوانە پایەبەرزەدا تەقریبەن نەدەبینرا. فێرمینا دازا دوای تەوقەکردن لەگەڵ فەرماندەی سەربازییدا لەبەرامبەر دەستی فلۆرنتینۆدا کە بۆی درێژکردبوو دوودڵبوو کە فەرماندەکە وەك ئامادەکارییەك بۆ بەیەکتر ناساندنیان لە فێرمینای پرسی یەکتری دەناسن؟ فێرمینا نە وتی بەڵێ و نە وتی نەخێر، بەڵام بە زەردەخەنەیەکی دەسکردەوە دەستی بۆفلۆرنتینۆ درێژکرد. ئەم حاڵەتە لە پێش ئەوەشدا دووجار هاتبووە پێشەوە و دواتریش ڕوویدەدایەوە، فلۆرنتینۆ ئەریزا هەمیشە ئەم حاڵەتەی وەك ڕەفتارێك پەسەنددەکرد کە لە سروشتی فێرمیناوە هەڵقوڵاوە. بەڵام ئەو ڕۆژە ئێوارەکەی بە توانا بێسنوورەکەی سەبارەت بە خەون و خەیاڵی بێهوودە، لە خۆی پرسی ئەم پشتگوێخستنە بێڕەحمانەیە خۆدزینەوەو هەڵاتنە بۆ شاردنەوەی ئازارو ئەشکەنجەی خۆشەویستیی.

ئەم وێناکردنە بۆخۆی ئارەزووەکانی سەردەمی گەنجیی فلۆرنتینۆی دەبزواند. پردەبوو لەوتاسەیەی کە لەکاتی خولانەوەی بەپارکی بچووکی (ئیڤانجیلس) دا هەستی پێدەکرد، جارێکیتر دەستیکرد بەخولانەوە

بـەدەوری ماڵەکـەی فیرمینـا دازادا. فلۆرنتینـۆ ئـەریزا بـەدوای ئامـانجێکی بەرنامە بۆ دارێژراوەوە نەبوو بۆ ئەو مەبەستەی فیرمینا ببینێ بەڵکو زیاتر مەبەسـتی ئـەوەبوو فیرمینـا ببینـێ و بزانـێ کـە هێـشتا لـەم دنیایەدایـە. بەهـەرحاڵ، ئێستا ئیدی بەلایەوە قورسبوو کە نەکەوێتە بەرچاو. گەڕەکی لامانگا ناوچـەیەکی نیمچەچۆڵی دورگەیـەك بـوو کـە جۆگـەی ئـاوی سـەوز لەشـارە کۆنەکـەی جیـا دەکـردەوە. ئـەم جۆگەیـە لـەناو چـڕی و زەبـەنگی دارهەڵوژەدا دیار نەمابوو کە لەیەکشەموانی سـەردەمی کۆلۆنیالیدا عاشقان لە کاتی ژواندا خۆیان تێدا حەشاردەدا. لەم ساڵانەی دواییدا ئەو پردە کۆنە بەردینـەی کـە بەدەسـتی ئیـسپانییەکان دروسـتکرابوو رووخـاو لەشـوێنی پردێـك لەخـشت دروسـتکراو بـەپێزێ گڵۆپـەوە، بـوو بـە شـەقامێك بـۆ ئـەو گالیسکە تازانەی هێستر رایدەکێشان. لەسـەرەتادا خـەڵکی گـەڕەکی لامانگا ناچاربوون ئـازارێ بـچێژن کـە لـەکاتی دروسـتکردنی پردەکـەدا پێـشبینی نـەکرابوو. ناچاربوون لـە نزیکـی یەکـەم وێـستگەی بەرهـەمهێنانی کارەباوە بخـەون کـە زرمـەی لەبڕانـەوە نـەهاتووی بوومەلەرزەیـەکی هەمیـشەیی بـوو. تەنانەت دکتۆر ئۆربینۆ بە تەواوی متمانەو نفوزی خۆیەوە نەیتوانی قایلیان بکات وێستگەکە بگوێزنەوە بۆ جێگایەك کە نەبێتە مایەی ئازار بۆ خەڵك، تا ئەوەی چاودێریی خودایی کەهەمیشە پشتیوانی بوو بەهۆی شەفاعەت بۆی. شـەوێك بۆیلـەری بەرهـەمهێنانی کارەبـای وێـستگەکە تەقییـەوەو ناڵەیـەکی ترسـناکی کـرد، پارچـەکانی بەسـەر خـانووە تازەکانـدا پـەڕی و نیـوەی شارەکەی خستە ژێـر رەحمـەتی خۆیـەوە، گـەورەترین راڕەوی دێـری (سان خولیـان هۆسبیتالاریۆ)ی کـۆنی وێرانکـرد. ئـەو دێـرە لەسـەرەتای ساڵەوە چۆڵکرابوو بەڵام تەقینەوەی بۆیلەرەکە بـوو بـەهۆی گیـان لەدەسـتدانی چوار زیندانی کەهـەمان شـەو و کـەمێك پێش رووداوەکە لە بەندیخانەی ناوچەکە رایانکردبوو، لەدێرەکەدا خۆیان شاردبۆوە.

بەهەرحاڵ، ئەو کەناری شارە بەنەریتی جوانی عاشقانەیەوە، کاتێ بوو بەگەڕەکێکی کەمونە، ئیدی جێگایەکی لەبارنەبوو بۆ عاشقە نامرادەکان. شەقام وکۆڵانەکانی هاوینان تەپوتۆزاوی و زستانان قوڕ بوو بەدرێژایی ساڵیش چۆڵبوو. خانووە پەرش وبڵاوەکانی لەودیو باخە پڕ لق و گەڵاکانییانەوە بەدینەدەکران، لەجیاتی باڵکۆنی مۆدیلی کۆن باڵکۆنی بەمۆزاییك رووکەش کراویان دروستکردبوو کەدەتوت بەمەبەستی دڵساردکردنەوەی ئەو عاشقانە دروستکراون کەبەدزییەوە دەچوونە ئەوێ. ئەمەش بۆخۆشبەختیی لەکاتێکدا بوو کە گەڕان بە گالیسکەی کرێی دووکەسی ببوو بە شتێکی باو کە گۆڕانی بەسەردا هاتبوو ئیدی گالیسکەکە یەك ئەسپ رایدەکێشا، لەئێوارانی گەرمیشدا گەشت وگەڕان هەبوو. گەڕان بەم گالیسکانە لەسەر گردێك کۆتاییدەهات کە لەوێوە باشتر لە بورجی دەریایی دەتتوانی ستایشی رەنگی خوێنینی ئاسۆی مانگی تشرینی یەکەم بکەی کەدەبووە مایەی غەمباریی، ماسی قرشی باریکەلەشت دەهاتە بەرچاو کە لەکەناری کۆمەڵگەی (ئەکلیرکی) لەبۆسەدا بوون، هەروەها کەشتی گەورەی هەڵمی ئۆقیانووسبڕی پێنج شەموانیشت چاودەکرد کە لەکاتی تێپەڕینی بەکەناڵی بەندەرەکەدا تەقریبەن دەتتوانی دەستی لێبدەی. فلۆرنتینۆ ئەریزا دوای بەسەر بردنی هەموو رۆژێکی تاقەتپڕوکێن لەکۆمپانیا، گالیسکەیەکی دووکەسیی بەکرێ دەگرت و لەجیاتی لوولکردنی چادری سەری گالیسکەکە کە لە مانگە گەرمەکاندا باو بوو، خۆی لەقوڵایی ناوگالیسکەکەدا حەشاردەدا بەشێوەیەك کە لە تاریکیدا بەدی نەدەکراو هەمیشە تەنیابوو، داوای لەعەرەبانچییەکە دەکرد لیخوڕێ بۆ شوێنی چاوەڕواننەکراو تا نەبێتە مایەی ورووژاندنی خەیاڵاتی خراپ لەمێشکی کابرادا. لەراستیدا لەم گەشتی گالیسکە سوارییەدا تەنیا شتێ کەبەلایەوە گرنگبوو ئەو ماڵە رووکەش مەڕمەڕی گوڵگوڵییە نیمچە نادیارە بوو لەنێوان درەختی مۆزو داری پڕ چڵ و چێو و گەڵای مانغادا کە نەریتێکی

بەدبەختانەی ماڵی جووتیاری پەموو بوو لەلویزیانا. مناڵەکانی فێرمینا دازا بەر لەسەعات پێنجی ئێوارە دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوەو فلۆرنتینۆ ئەریزا دەیبینین کە بەگالیسکەی ماڵەکە دەگەڕانەوە. پاشان دکتۆر ئۆربینۆی دەبینی کە وەکو هەمیشە بۆ چارەسەری نەخۆش دەچوو بۆ ماڵان، بەڵام لە نزیکەی ساڵێ خولانەوەدا بینینی هیچ ئاماژەیەکی نەبینی کەبەڵگەی ئەوەبێ ئەوکەسەی ئەم بەتاسەوەیە بۆ دیتنی لەماڵەوە بێت.

لە ئێوارەیەکدا سەرەڕای یەکەم بارانبارینی وێرانکەری مانگی حوزەیران سوور بوو لەسەر ئەوەی بەگالیسکەی تاك ئەسپی بچێت بۆ گەڕان، ئەسپەکە سەرسمیداو لە قوڕا چەقی. فلۆرنتینۆ ئەریزا بەترسەوە هەستیکرد کە رێك بەرامبەر ڤێللاکەی فێرمینا دازایە. بێئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە رەنگە عەرەبانچییەکە گومانی لێبکات بەپاڕانەوەو لاڵانەوەوە هاواری لێکرد:

– لێرەدا نا، تکادەکەم، لەهەرجێگایەکیتر تەنیا لێرەدا نا.

عەرەبانچییەکە کە لە بێئارامیی و پەلە پەلی فلۆرنتینۆ دەستەپاچە ببوو، هەوڵیدا ئەسپەکە هەڵسێنێتەوە بێئەوەی بیکاتەوە کە لەئەنجامدا نیلی گالیسکەکە شکا. فلۆرنتینۆ توانی لەبەر رێژنەی باراندا لەگالیسکەکە خۆی فڕێبداتە خوارەوەو تا گەیشتنی راگوزەری گالیسکەسوارێك کە سواری بکات و لەگەڵ خۆیدا بیبات، بەرگەی پەرێشانی خۆی خۆی بگرێت. لەکاتی چاوەڕوانییدا یەکێك لە خزمەتکارانی بنەماڵەی ئۆربینۆ فلۆرنتینۆی دیبوو کە سەراپای تەڕو هەتا ئەژنۆشی قوڕاویبوو. چەترێکی بۆ هێنا تا بتوانێت خۆی بداتە پەنای باڵکۆنەکە. فلۆرنتینۆ ئەریزا لە کاتی خراپترین وڕێنەشیدا هەرگیز خەونی بەڕێکەوتی واوە نەدیبوو، بەڵام لەو ئێوارەیەدا حەزیدەکرد بمرێت و فێرمینا دازا بەو حاڵە شڕەوە نەیبینێت.

کاتێ خۆڤینالْ ئۆربینۆ و خێزانەکەی لەشارە کۆنەکە دادەنیشتن بۆ بەشداریکردن لەعەشای رەببانیدا سەعات هەشتی بەیانی یەکشەموان لەماڵی

خۆیانەوە تا کڵێسای گشتیی بەپێ دەڕۆیشتن کە بەلایانەوە زیاتر ڕێوڕەسمێکی دنیایی بوو تا ئاینیی. پاشان کە چوونە خانووە تازەکەیانەوە چەندین ساڵ بەگالیسکە دەچوون بۆ کڵێسای گشتیی و جاربەجاری لەبن دارخورمای پارکەکەدا دۆست و ناسیاویان دەبینی. بەڵام کاتێ پەرستگای قوتابخانەی زانیاری مەزهەبی لەگەڵ کەنارو گۆڕستانێکی تایبەتیدا لە لامانگا دروستکرا، ئیدی ئەمان جگە لە بۆنە ڕەسمییە شکۆدارەکان نەدەچوون بۆ کڵێسای گشتیی. فلۆرنتینۆ بێئەوەی بەم گۆڕانکارییە بزانێت چەند یەکشەموانێك لەسەر شۆستەی چایخانەی باروکێ دەوەستاو چاوەڕوانیی دەکردن و تەماشای ئەو خەڵکەی دەکرد، کە لەو سێ ڕێوڕەسمەی عەشای ڕەببانی دەچوونە دەرەوە. ماوەیەك ئاوا گوزەرا تا دواجار هەستی بەهەڵەی خۆیکرد، چوو بۆ کڵێسا تازەکە کە چەند ساڵێ بەرلەوەش ئەو جۆرە ڕێوڕەسمەی تێدا ئەنجامدەدرا، لەوێ سەعات هەشتی ڕێك چوار یەکشەممەی مانگی ئاب دکتۆر ئۆربینۆ و منداڵەکانی بینی کە فێرمینا دازایان لەگەڵ نەبوو. لەیەکێك لەو یەکشەممانەدا چوو بۆ گۆڕستانە تازەکەی تەنیشت کڵێساکە. دانیشتوانی گەڕەکی لامانگا لەوێ گۆڕستانی خێزانیی شکۆدارییان بۆ کەسە ناودارەکانییان ئامادەدەکرد. کاتێ لەبن سێبەری درەختی سیبای زەبەلاحدا شکۆدارترین گۆڕستانی بەدیکرد، دڵی لەناو سنگیدا لەرزی. ئەم گۆڕستانە تەواو ببوو پەنجەرەکانی شووشەیی ڕەنگی گۆتیك و وێنەی فریشتەی مەرمەریی لەسەربوو، کێلەکانی ناوی هەموو خێزانەکەی بەپیتی ئاڵتوونیی لەسەربوو. ناوی دونیا فێرمینا دازا دی ئۆربینۆ دی لاکایی-ش لەناو ناوەکاندا بوو. لەتەنیشتییەوە گۆڕی مێردەکەی هەبوو کە ئەمەی لەسەر نووسرابوو: هێشتا پێکەوەن لەپەنای ڕەحمەتی خودادا.

باقی ئەو ساڵە فێرمینا دازا لە هیچ ڕێوڕەسمێکی شارستانی و کۆمەڵایەتیی و تەنانەت لە ئاهەنگی سەری ساڵیشدا ئامادە نەبوو کەخۆی

ومێردەکەی هەمیشە لەم جۆرە ئاهەنگانەدا رۆڵی سەرەکییان دەبینی. ئامادەنەبوونی فێرمینا دازا لە هەمووی زیاتر لە وەرزی ئۆپێرادا هەستی پێدەکرا، لەپشووی نێوان دوو بەشەکەدا بەڕێکەوت فلۆرنتینۆ ئەریزا لەگەڵ گروپێکدا بوو کە بەبێ ئەوەی ناوی فێرمینا دازا بێنن باسیان دەکرد. دەیانوت لە نیوەشەوێکی حوزەیرانی رابردوودا فێرمینایان دیووە کە سواری کەشتی ئۆقیانووسبڕی (گۆنارد) بووەو بەرەو پەنەما کەوتۆتەڕێ، دەموچاویشی بە پەچەیەکی رەش داپۆشیووە تا نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە ئابڕووبەرە بشارێتەوە کە وردە وردە دەیکرۆشت و لەمردن نزیکی دەکردەوە. یەکێك پرسی: ژنێك بەو هەموو دەسەڵات و توانایەوە کە هەیبوو، دەبێ تووشی چ نەخۆشییەکی ترسناك بووبێت؟ ئەو وەڵامەی لەم پرسیارە دەستی کەوت تاڵاوێکی رەشی پێوەبوو.

- ژنێکی دیاری وەك فێرمینا جگە لەسیل تووشی هیچ نەخۆشییەك نەبووە.

فلۆرنتینۆ ئەریزا دەیزانی دەوڵەمەندانی نیشتمانەکەی تووشی نەخۆشی کورتخایەن نابن، بەڵکو تووشی نەخۆشی کتوپڕ دەبن و بەزوویی دەیانکوژێت، تەقریبەن هەمیشە ئەمەش لەکاتی ئاهەنگێکی گەورەدا دەبێت کە پرسەکە تێکیدەدات، یان تووشی نەخۆشی ترسناکی درێژخایەن دەبن کە سەرەنجام هەموو خەڵك بەنهێنیترین وردەکارییەکانی نەخۆشییەکەیان دەزانێ، کە وردە وردە دەیانکوژێت. هەڵبژاردنی گۆشەگیریی لە پەنەما تەقریبەن نەریتێکی تۆبەکردنی ناچارییبوو لەژیانی دەوڵەمەندەکاندا. ئەوان لەوێ لەنەخۆشخانەی (ئەدڤێنتیست) واتە ئەوانەی باوەڕیان بەهاتنەوەی مەسیح هەبوو، کە بینایەکی سپی و گەورە بوو لەبەر شەستە بارانی ئەفسانەیی ناوچەی (دارێین) ون ببوو، تەسلیمی ویستی خودا دەبوون. لەوێ نەخۆشەکان حسابی ئەو ژیانە کەمەیان وندەکرد کە بۆیان مابۆوە و لەژوورە لەبیرکراوەکانیدا کەپەردەی پەنجەرەکانیان ئەستوور بوو، کەس

توانای ئەوەی نەبوو بۆنی ئەسیدی فینیک لەنێوان بۆنی ژیان و مردندا جیابکاتەوە. ئەوانەی کەچاکدەبوونەوە بەدیاریی بەنرخەوە دەگەڕانەوەو بەدەست بڵاویی و جۆرێک لە تاسەی پڕنازارەوە دابەشیان دەکرد بۆ ئەوەی بکەونە بەررەحمەتی لێبووردنی کۆمەڵ، سەبارەت بەوەی تائێستا بە ووتبەرزیی ژیاون. هەندێکیان بەسکی پڕ تەقەڵەوە دەگەڕانەوە کەبەشێوەیەکی شاش و شەش تەقەڵ دووراببۆوە و وادەهاتە بەرچاو بەبەنی خوری دوورابنەوە. کاتێ خەڵک سەردانیان دەکردن کراسەکانیان هەڵدەدایەوەو تەقەڵەکانیان نیشاندەدان و لەگەڵ برینی ئەو کەسانە بەراوردیان دەکرد کە لە ئەنجامی بەختەوەریی لەڕادەبەدەردا مردبوون، ئیدی باقی تەمەنیان لەدووبارەو چەند بارە گێڕانەوەی حیکایەتی خەونی فریشتەییدا بەسەردەبرد کە لەژێر کاریگەریی کلۆرۆفۆرمدا دیبوویان. لە لایەکی دیکەوە لەبەرامبەر ئەمەدا هەرگیز کەس دەربارەی خەونی ئەوکەسانەی نەگەڕانەوە هیچ حاڵی نەبوو، بە تایبەتی غەمگینترینیان: ئەوانەی کە هەروەکو دوورخراوەکان لە قاوشی گەورەی سیلاوییەکاندا زیاتر لە ئەنجامی بێئومێدیی لە نەخۆشییەکە مردن نەک لەئەنجامی کوشندەیی نەخۆشییەکەدا.

ئەگەر فلۆرنتینۆ ناچاربووایە بۆ هەڵبژاردن، نەیدەزانی چ چارەنووسێک بۆ فێرمینا دازا هەڵبژێرێت. بەر لەهەرشتێ حەزیدەکرد راستی مەسەلەکە بزانێت بەهەموو تاڵییەکانییەوە بەڵام هەرچەندە لێیدەکۆڵییەوە، کەمتر دەستیدەکەوت. بەلایەوە قابیلی وێناکردن نەبوو کە کەس نەتوانێت تەنانەت ئاماژەیەکیش بۆ ئەو حیکایەتە بکات، کە بیستبووی. لەدنیای کەشتی رووباردا، کەدنیای خۆی بوو، نە کەسێکی ئاشکرا نەکراوو نە رازێکی پشت پەردە بە نەزانراوی دەمایەوە. وێڕای ئەمەش هیچ کەسێ دەربارەی ئەو ژنەی پەچەیەکی رەشی پۆشیبوو شتێکی نەبیستبوو. لە شارێکدا کە هەموویان، هەموو شتێ دەزانن، واتە لەجێگایەکدا کە خەڵک

زۆر شت بەر لەڕووداني دەزانن، بەتايبەتي ئەگەر دەربارەی دەوڵەمەندەکان بێت، کەچی هیچ کەسێ لەبارەی ونبووني فێرمیناوە هیچي نەدەزاني. فلۆرنتينۆ ئەريزا بەبێ حەزو ئارەزووی گوێگرتن لە ڕێوڕەسمەکاني عەشای ڕەبباني لەبينا درێژەکاني قوتابخانەی زانستە مەزهەبييەکان و لەڕێوڕەسم و پێشوازييەکاني تري شاردا ئامادەدەبوو، بەبێئەوەی هيچ کام لەمانە سەرنجي رابکێشن لەبەرئەوەی لە بارێکي دەروونيي خراپدابوو، بەمشێوەيە لە لامانگادا درێژەی بەگەشت و گەڕان و تاقيب دەدا، بەلام تێپەڕبووني ڕۆژگار تەنيا ڕاستيي ئەو حيکايەتەی دەسەلماند کە بيستبووی. هەموو شتێ لە ناو خێزانەکەی دکتۆر ئۆربينۆدا ئاسايي دەهاتەبەرچاو، جگەلە ديارنەماني ژني ماڵەکە. هەروا کە درێژەی بە تاقيب دەدا لە هەندێ ڕاستي تر ئاگاداربۆوە کە يان هيچي لەبارەوە نەدەزانين يان تاقيبي نەکردبوون. لەوانەش مردني لۆرينزۆ دازا لە شوێني لەدايکبووني واتە گوندی (کانتبرينێ). ئەوەی بەيادهاتەوە کە ساڵانێکي زۆر لۆرينزۆدازای لە جەنگي قورسي شەترەنجدا لە چايخانەی باروکێ دەبيني کە بەدەنگێکي گڕ زۆر قسەی دەکردو گەردي پيريي لێدەنيشت، دەيبيني کە قەڵەوتر و تووڕەتر دەبوو. بەلام لەو بەيانييە شوومەی سەدەی رابردووەوە کە فلۆرنتينۆ عەرەقي رازيانەی لەگەڵ باوکي فێرمينا خواردبۆوە ئيدی هەرگيز هيچ قسەيەکيان پێکەوە نەکردبوو، فلۆرنتينۆ دڵنيابوو کە تەنانەت دوای ئەوەی لۆرينزۆ دازا بەرايي ئەو شووکردنە سەرکەوتووەی بۆ کچەکەی فەراهەمکرد کەتەنيا ئامانجي ژياني بوو، هێشتا بەهەمان رق و کينەی جارانەوە بير لەم دەکاتەوە، ئەوەی فلۆرنتينۆش بيری لێدەکردەوە چەپي لەوەی ئەو کەمتربوو. بەلام فلۆرنتينۆ ئەوەندە سووربوو لەسەر ئەوەی ڕاستي ناديياری سەلامەتيي فێرمينا بزانێت هاتبوو بۆ چايخانەی باروکێ بۆئەوەی پرسيار لەباوکي بکات، ئەمەش ڕێك لەکاتي ئەو پێشبرکێ مێژووييەدا بوو کە تيايدا جيرميا دی سانت ئامور بەتاقي تەنيا ڕووبەڕووی چل ودوو رکابەر دەبۆوە

بەشێوەیە زانی کەلۆرینزۆ دازا مردووەو لەناخی دڵییەوە پێی خۆشبوو، هەرچەندە رەنگبوو خۆشییەکەی بەنرخی ئەوە تەواوبێت کە هەتا لەژیانیدایە نەگاتە راستیی ونبوونی فێرمینا. دواجار فلۆرنتینۆ حیکایەتی خەستەخانەی ئەو نەخۆشانەی وەکو راستیی وەرگرت کە دەستیان لەچاکبوونەوە شۆردووە و تەنیا ئارامکەرەوەی ئەو پەندە کۆنە بوو کە دەڵێت " ژنی نەخۆش ژنێکی نەمرە" لەو رۆژانەدا کە هەستی بەنائومێدیی و دڵساردبوونەوە دەکرد، خۆی دەدایە.دەست ئەو بۆچوونەی کە ئەگەر فێرمینا دازا بمرێت هەواڵی مردنی بەمدەگات، بەبێئەوەی ناچاربێت بەدوایدا بچێت.

بەڵام هەرگیز ئەم هەواڵەی پێنەگەیشت، لەبەرئەوەی فێرمینا دازا زرت و زیندوو بوو، لەو کێڵگەیەدا دەژیا کە نیو فرسەخ لەگوندی (فلۆریس دی ماریا) وە دووربوو، واتە لەهەمان شوێن کە هیلدیبراندای خاڵۆزای لەدنیای فەرامۆشکراوی خۆیدا رۆژگاری بەرێدەکرد. فێرمینا دازا بە بێ بگرەو بەردەو رسوایی بەڕای هەردوولا، مێردەکەی بەجێهێشتبوو، هەردووکیان وەکو گەنجی تازە پێگەیشتوو گیرۆدەی ئەو تاکە قەیرانە جددییە ببوون کە بە درێژایی بیست و پێنج ساڵی ژن ومێردایەتییان بەدەستییەوە ناڵاندبوویان. ئەم قەیرانە لەکاتی ئاسوودەیی تەمەنی کامڵبووندا لەپڕ هاتبووە رێیان. ئەم قەیرانە لە کاتێکدا بەرۆکی گرتن کە منداڵی گەورەیان هەبوو، بە باشترین شێوە پەروەردەیان کردبوون، ئایندەیەکیان دروستکردبوو کە بێ تاڵیی و ناخۆشی تەمەنی پیریی بەرێبکەن و هەردووکیان وایاندەزانی لەبەرامبەر دزەکردنی هێرشی بەدبەختییدا لە ئەماندان. ئەم کێشەیە ئەوەندە بەلایانەوە چاوەڕواننەکراو بوو کە نەیانەویست وەکو نەریتی باوی کاریبی بە قیژە قیژو فرمێسک ڕشتن و نابژیوانیی کەسانی تر چارەسەری بکەن، بەڵکو بەشێوەی ژیرانەی میللەتانی ئەورووپا رووبەڕووی بوونەوەو لەخۆیان نەپرسی کە ئایا درێژەدان

بەوەفاداریی بەلایانەوە لەئارادا هەیە یان ئەو شتەی کە لەدواهەنگاوی کارەکەیاندا کۆتاییپێهات و لە هەڵوێستێکی منالانەدا گیرۆدەیکردن کە پەیوەندی بەهیچ شوێنێکەوە نەبوو. دواجار فێرمینا دازا کە لە تووڕەییدا بەرچاوی تاریکببوو بڕیاری ڕۆیشتنیدا، بێئەوەی بزانێت بۆچی دەڕوا و بۆ کوێ دەچێ، مێردەکەشی نەیدەتوانی لەو بڕیارە پاشگەزی بکاتەوە، چونکە هەستکردن بە گوناه کۆسپ بوو لەبەردەمیدا سەبارەت بەم مەسەلەیە.

ڕاستی مەسەلەکە ئەوەبوو کە فێرمینا دازا لەنیوەشەودا زۆر بەنهێنی لەکاتێکدا بەپەچەیەکی ڕەش ڕوخساری داپۆشیبوو بە کەشتی هەڵمی ئۆقیانوس بڕی (گۆنارد) بەرەو پەنەما بەڕێنەکەوتبوو، بەڵکو بە کەشتییەکی ئاسایی بەرەو (سان خوان دی لاسییناگا) کەوتبووەڕێ تابگاتە ئەو شارەی کە تیایدا هاتبووە دنیاوە و هەتا تەمەنی باڵغبوون تیایدا ژیابوو. ئێستا ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دڵی بۆ ئەوێ تەنگدەبوو، هەروا کە ساڵان بەدوای یەکدا تێدەپەڕین سەختتر دەیتوانی بەرگەی ئەو دڵتەنگییە بگرێت. سەرەڕای ویستی مێردەکەی و خوو ونەریتی ڕۆژگار، تەنیا ئەو کچە پانزە ساڵەیە یاوەری بوو کە کچی (تەعمید)ی بوو و وەکو خزمەتکاری ماڵەکە لەماڵی دکتۆردا گەورە ببوو، بەڵام کاپتنی کەشتییەکان و کاربەدەستانی بەندەر لە ڕێڕەوی سەفەرەکەی ئاگادار کرابوونەوە. فێرمینا کاتێ بڕیارە بێچەندوچوونەکەیدا و بەمناڵەکانی وت کە بۆ گۆڕینی کەشوهەوا بۆ ماوەی نزیکەی سێ مانگێ دەچێت بۆ ماڵی هیلدیبراندا، لەڕاستیدا بەنیازی گەڕانەوە نەبوو. دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ زۆر باش تەبیعەت توندی و سەرسەختیی ژنەکەی دەناسی و ئەوەندە پەرێشانبوو کە بڕیارەکەی فێرمینای وەکو سزایەکی خودایی لەبەرامبەر باری قورسی گوناهەکانیدا بەسنگ فراوانییەوە وەرگرت. بەڵام هێشتا گڵۆپەکانی ستوونی کەشتییەکە لەچاو ون نەببوون کە هەردووکیان بەلاوازیی تەواوەوە هەستیان بەپەشیمانی کرد.

ئەگەرچــی نووســینی نامــەی ئاســایی ســەبارەت بەمناڵــەکان و کاروبارەکـانی تـری ماڵەکـە لـە نێوانیانـدا هـەبوو، بـەڵام نزیکـەی دوو سـاڵ تێپەڕی و هـیچ یـەکێکیان نـەیانتوانی ڕێگەیـەك بـۆ گەڕانـەوە بدۆزنـەوە کـە گورزێك لە نەفس بەرزیی نەوەشێنێ. لە ماوەی ساڵی دووەمدا، مناڵەکانیان بۆ بەسەر بردنی پشووی قوتابخانە چوون بۆ (فلۆریس دی ماریا) و فێرمینا ئەوەی کاری کردە نەبوو کردی بە کردە و واخۆی نیشاندا کە لەژیانی تازەی ڕازییە و ئەمەش بەلای کەمەوە شتێك بوو کە خۆڤینال ئوربینۆ لەنامەکانی کوڕەکەیەوە هەڵیدەهێنجا. وێڕای ئەمەش لەو کاتەدا ئەسقەف (ریوهاچا) لـە ژێر چەترێکدا کە لە گەرما دەیپاراست سواری هێستره سپییەکەی ببوو کە بەزین و بەرگی ئاڵتوونیی ڕازێنرابۆوە بۆ گەشتێکی کەشیشانە چووە ئەوێ. لەدوای ئەسقەفیشەوە حـاجی ناوچە جیاجیاکـان بـەڕێوە بـوون و کۆمـەڵێ مۆسـیقاژەنیش ئۆکۆردیۆنیـان لێـدەدا، فرۆشـیارە گەڕۆکـەکان خـواردن و نوشـتەو تەلیـسمیان دەفرۆشـت و لـەماوەی سـێ ڕۆژدا کێڵگەکـە پڕبـوو لـە کەسانی ئیفلیج و ئەو نەخۆشانەی لەچارەسەر نائومێد ببوون کە لە ڕاستیدا بۆ ئامۆژگاریی زانایانـەو تۆبـەی ئاسـایی نـەدەهاتن، بـەڵکو بـۆ بینینـی ئـەو پیاوی خوایە دەهاتن کە دەوترا کەراماتی هەیە. ئەسقەف لە سەروەختێکەوە کە قەشەیەکی ئاسایی بوو پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ بنەماڵەی ئوربینۆ دی لاکایی دا هـەبوو، لەسـەروەختی ئەسقەفیـشدا نیـوەڕۆی ڕۆژێـك خـۆی لـە ئێستیڤاڵەکەی دزییەوە بـۆ ئـەوەی نـانی نیـوەڕۆ لـە کێڵگەکـەی هیلدیبرانـدا بخوات. پـاش نـان خـواردن کەتیایـدا تـەنیا باسـی مەسـەلە دنیاییەکان کـرا، فێرمینا دازای بردەلایەکەوەو داوای لێکرد ئیعتراف بۆ بکات. فێرمینـا دازا بـە زمانێکی شیرین بـەڵام تۆکمـە سەرپێـچی لەتۆبە کردو بەڕاشکاویی بەڵگەی ئەوەی هێنایەوە کە شتێکی وای نییە تا تۆبەی لێبکات. هەرچەندە مەبەستی لەوە نەبوو کە کەموکورتییەکی وای نییە کە شایانی تۆبەکردن بێت بەڵام لەو

ساتەوەختەدا نەیدەتوانی مەبەستێکی لەوە هۆشیارانەتری هەبێت، چونکە دڵنیا بوو وەڵامەکەی بەو کەسە دەگات کە پێویستە پێیبگات.

دکتۆر ئۆربینۆ واڕاهاتبوو بەجۆرێك لە ڕەشبینییەوە سەبارەت بەحەقیقەتی مرۆڤ بڵێت ئەوە خۆی نەبوو کە دەبوو بۆ ئەو دوو ساڵەی ژیانی تاڵیان سەرزەنشت بکرێت، بەڵکو خەتای خووی خراپی ژنەکەی بوو کە هەمیشە وایلێدەکرد بۆنی جلە لەبەرداکەنراوەکانی ئەندامانی خێزانەکەی و تەنانەت خۆشی دەکرد. فێرمینا بۆنی جلەکانی دەکرد هەرچەندە پاکیش دەهاتنە بەرچاو بۆ ئەوەی لەئەنجامی بۆن کردنیانەوە بزانێت پێویستییان بەوە هەیە بشۆرێن یاننا. فێرمینا لەکاتێکەوە کچبوو ئەم کارەی دەکردو هەرگیز ئەوەی بە خەیاڵدا نەهاتبوو کە ئەم مەسەلەیە بەهای ئەوەی هەیە باس بکرێت تا ئەوەی لەشەوی بووك و زاوایەتیاندا مێردەکەی هەستی پێکرد. هەروەها مێردەکەی دەیزانی فێرمینا بەلای کەمەوە ڕۆژی سێجار لە کەرماوەکەدا خۆی بەنددەکات بۆ ئەوەی جگەرە بکێشێت بەڵام ئەم مەسەلەیە هێندە بەلایەوە گرنگ نەبوو لەبەرئەوەی دەیزانی ژنانی چینەکەی ئەو ئەو عادەتەیان هەیە کە بەکۆمەڵ لە ژوورێکدا خۆیان بەندبکەن، دەربارەی پیاوان قسەبکەن و جگەرە بکێشن، دوو لیتر عەرەقی بە قوەت و هەرزان بخۆنەوە دواجار وەکو وەستای بینا سەرخۆشبن، بکەون بەزەویداو تەختبن. خووی بۆنکرنی هەر شتێك کە دەستی بکەوتایە، بەلای دکتۆر ئۆربینۆوە بۆ فێرمینا نەك تەنیا جوان نەبوو بەڵکو لەرووی تەندروستییەوە زەرەریشی هەبوو. فێرمینا ئەم مەسەلەیەی وەکو گاڵتەیەك لێکدەدایەوە. چونکە تاقەتی باسکردنی هەر شتێکی نەبوایە بەگاڵتە دەیگرت و دەیوت خودا ئەو لووتە ڕێك وجوانەی تەنیا بۆ جوانی لەروخسارمدا دروستنەکردووە. بەیانییەك لە کاتێکدا فێرمینا لە بازاڕبوو. خزمەتکارەکان بەدوای کوڕە سێ ساڵەکەیدا کە لە ماڵەکەدا هیچ سۆراخێکی نەبوو تەواوی گەڕەك گەڕان و نەیاندۆزییەوە. فێرمینا لەکاتی ترس ولەرزەکەدا گەیشتە ماڵەوە و وەکو سەگی پۆلیسی

بەناو ماڵەکەدا دوو سێ جار خولایەوەو کوڕەکەی دۆزییەوە کە لەناو تاکی یەکێ لە کانتۆرەکاندا خەوتبوو کە بەخەیاڵی کەسدا نەدەهات لەوێدا خۆی شاردبێتەوە، کاتێ مێردەکەی بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسی چۆنت دۆزییەوە؟ وتی:

-بەبۆنی گوەکەیدا.

راستی مەسەلەکە ئەوەیە کە هەستی بۆنکردنی فێرمینا تەنیا سەبارەت بەشۆردنی جلوبەرگ و دۆزینەوەی منداڵی ونبوو بەکەڵکی نەدەهات. ئەمە هەستێك بوو کە لەهەموو ئاستەکانی ژیان و بەتایبەتی لەژیانی کۆمەڵایەتییدا، ئاراستەکانی بۆ دەستنیشان دەکرد. خۆڤینال ئۆربینۆ لەسەراپای ژیانی ژن ومێردایەتییاندا ئەوەی بەدیکردبوو. بە تایبەتی لەسەرەتای ژیانی فێرمینا دازا لەناو ئەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەدا کە بەلایەوە تازەبوو، ئەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەی کە سێسەد ساڵبوو پابەندی نەریتە کۆنەکانی بوو، بەمەش گورزی لە فێرمینا وەشاندبوو وێڕای ئەمەش فێرمینا بە وزەوتوانایەکەوە کە تەنیا دەیتوانی لەئیرادەیەکی لەڕادەبەدەرەوە سەرچاوە بگرێت، توانی وەك چەقۆیەکی تیژ لەنێوان چڵوچێوە تێکچرژاوە مەرجانییەکانی ئەو دنیایەدا رێگای خۆی بکاتەوە. ئەو توانا زیهینییە ترسناکەی کە رێك بەهەمان رادە دەیتوانی لەعەقڵێکی تەمەن هەزار ساڵەوە سەرچاوە بگرێت لەدڵێکی رەقی وەك بەردەوە سەرچاوەی دەگرت لەیەکشەممەیەکی شوومدا بەرلەڕێوڕەسمی عەشای رەببانی لەگەڵ ساتەوەختی بەدبەختیی فێرمینادا بەریەککەوتن، لە کاتێکدا کە فێرمینا دازا وەك خووی هەمیشەیی خۆی ئەو جلانەی بۆنکرد کەشەوی پێشوو مێردەکەی لەبەری کردبوو تووشی ئەو هەستە ناخۆشە بوو کە شەو لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا خەوتووە واتە مێردەکەی خیانەتی لێکردووە. سەرەتا لەکاتێکدا کە زنجیری ئاڵتوونیی سەعاتەکەی دەکردەوە چاکەت و مێلەکەی بۆنکرد و قەڵەم وجزدانی پارەو پارەوردەکانی لەگیرفانەکانی

دەرهێناو هەموو شتەکانی لەسەر مێز تەوالێتەکە دانا، پاشان لە کاتێکدا کە دەرزی بۆینباخەکەی و قۆپچەی یاقووتیی سەرقۆڵەکانی و قۆپچەی ئاڵتوونیی یەخەکەی دەکردەوە کراسە چمکدارەکەی بۆنکرد، دوای ئەوەش لەکاتێکدا کە مەدالیای کلیلەکانی بەیانزە کلیلەوە لێدەکردەوە و قەڵەمبڕە دەسک سەدەفییەکەی لەگیرفانی دەردەهێنا پانتۆڵەکەی بۆنکرد، دواجار جلەکانی ژێرەوەی و گۆرەوییەکانی و دەستەسڕەکەشی کەپیتی یەکەمی ناوی هەردووکیانی لەسەر چنرابوو بۆنکرد. بەبێ هیچ گومانێك هەریەك لەم شتانە بۆنێکیان لێدەهات کە بەدرێژایی ژیانی هاوبەشییان وجودی نەبووە. بۆنێك کە وەسفکردنی کاری کردە نەبوو چونکە بۆنی گوڵ و بۆنی دەسکرد نەبوو بەڵکو بۆنی سروشتیی مرۆڤێك بوو. فێرمینا دازا لە بنەڕەتدا بەسەرخۆی نەهێناو نەیدا لەڕووی. هەموو رۆژێ هەستی بەو بۆنە نەدەکرد بەڵام ئیدی لەبەرئەوە جلەکانی مێردەکەی بۆن نەدەکرد کە بزانێت ئایا پێویستیان بەشۆردنە یان نا، بەڵکو بە شڵەژانێکی لە توانا بەدەرەوە کە گەرد گەرد ریشەی بوونیی دەکرۆشت جلەکانی مێردەکەی بۆندەکرد. فێرمینا دازا نەیدەزانی بۆنی جلەکانی مێردەکەی لە کوێی بەرنامەی رۆژانەی مێردەکەیدا دابنێت. نەیدەتوانی لەنێوان دەرسەکانی بەیانی تا نیوەڕۆیدا جێگایەکی بۆ بدۆزێتەوە لەبەرئەوەی وێنای ئەوەی نەدەکرد هیچ ژنێکی ژیر هەبێت لەو ساتانەی رۆژدا حەزی لە جووتبوونی خێرا بێت ئەویش لەگەڵ میوانێکداو لەکاتێکدا هێشتا ماڵ و سیسەمەکانی ناو ماڵەکە ناڕێکە، دەبێت بچێتە بازاڕ شت بکڕێت و مشوری دروستکردنی خواردنی نیوەڕۆ بخوات، رەنگە ئەو نیگەرانییەش بێتە ئاراوە کە دەشێ یەکێك لەمناڵەکانی بەردی تێگیرابێت، سەری شکابێت و زوو لە قوتابخانەوە بینێرنەوە، ئەوسا سەعات یانزە مناڵەکە لەناو جێگایەکی ناڕێکدا ببینێت دایکی رووتەو دکتۆرێکی بەسەرەوەیە، بەو شێوەیە داوێن پیسیی ژنەکە ئاشکرابێت. هەروەها لەئەنجامی ئەزموونەدا ئەوەشی دەزانی کە دکتۆر ئۆربینۆ تەنیا لەشەودا

حەزی لەجووتبوونە ئەویش لە تاریکی تەواودا، هەندێ جاریش بەیانیان لەگەڵ جریوەی یەکەم چۆلەکەدا پێش بەرچایی خواردن. بەڵام پاش ئەوە هەروەکو خۆی دەیوت: جگە لەو کاتانە جلداکەندن و لەبەرکردنەوەی زۆر ناخۆشترە لە لەزەتی جووتبوونی وەك کەڵەشێریش. کەواتە پیسبوونی جلەکانی دەکرا تەنیا لە کاتی یەکێ لە سەردانە پزیشکییەکانیدا بۆ ماڵان یان لەو کاتانەدا کە بۆ یاری شەترەنج یان بۆ سینەما خۆی دەدزییەوە روویدابێت. چوونە بنج و بناوانی دوا گومان بەلای فێرمیناوە قورسبوو چونکە بەپێچەوانەی زۆربەی دۆستانییەوە لەوە نەفس بەرزتر بوو کە تاقیبی مێردەکەی بکات یان داوا لەکەسێکی دیکە بکات ئەوەی بۆ بکات. وادەهاتەبەرچاو کە لیستی سەردانە پزیشکییەکانی دکتۆر ئۆربینۆ بۆ ماڵان لەهەموو شتێ زیاتر لە گەڵ خیانەتەکەیدا دێتەوەو لە هەمان کاتیشدا ئاسانترین رێگاشبوو بۆ تاقیبکردنی. لەبەرئەوەی دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ لە یەکەم سەردانی نەخۆشەکانییەوە تا ئەوکاتەی بەوێنەکردنی خاچێکی کۆتایی و چەند قسەیەك بۆ ئازادکردنی رۆحیان بۆ ئەودنیا رەوانەی دەکردن، هەموو ئەمانە و باری تەندروستی نەخۆشەکەی بەدووروورێژی تۆماردەکرد لەگەڵ حەقی سەردانەکانیشیداو هەڵیدەگرت. لەوسێ هەفتەیەدا کە دوای ئەوە تێپەڕین فێرمینا دازا ماوەی چەند رۆژێك لەجلەکانی مێردەکەیدا هەستی بەو بۆنە نەکردو لەکاتێکدا هیچ چاوەڕوانی نەدەکرد دووبارە هەستی بەبۆنەکە کردەوە. پاش ئەوە چەند رۆژێك بەدوای یەکدا بەتینتر لە هەموو کاتێ هەستی پێکرد، هەرچەندە یەکێك لەو رۆژانە یەکشەممەیەك بوو کە خێزانەیەکەیان پێکەوە کۆبوونەوەو ئەم جووتە بۆیەك ساتیش لە یەکتری جیانەبوونەوە. فێرمینا دازا بەپێچەوانەی عادەت و ویستی خۆیەوە رۆژێك خۆی لەنووسینەگەکەی مێردەکەیدا بینیەوە. وەك ئەوەی ئەوە فێرمینا نەبێت، کارێکی دەکرد کە هەرگیز لێینەدەوەشایەوە، بەزەڕەبینێك کەشتەکانی زۆر گەورەدەکرد تەماشای ئەو یاداشتە ئاڵۆزانەی

مێردەکەی دەکرد کە لەماوەی چەند مانگێکدا و لەکاتی سەردانی پزیشکیی مالأنــدا تۆمــاریکردبوو. ئەمـــە یەکـــەمجاربوو کەبەتـــەنیا چـــووبووە نووسینگەکەیەوە. ئەو نووسینگەیەی کە بە پریشکی مەرەکەبی ڕەش تێر ببوو، سیخناخ بوو لەکتێبی بەرگ تێگیراو بەبەرگی پێستەی ئاژەڵی نادیار، وێنەی تیکەڵ وپیکەڵی قوتابخانە، بڕوانامەی دبلۆمی فەخری، ئیسترلاب و خەنجەری گرانبەها کە بەدرێژایی چەندان ساڵ کۆکرابوونەوە. نووسینگەی خەلوەتگایەکی نهێنی بوو کەفێرمینا دازا هەمیشە وەکو بەشێك لەژیانی تایبەتی مێردەکەی لەقەڵەمیدەدا. بەشێکبوو کەجێگایەکی تێدانەبوو بۆ فێرمینا لەبەرئەوەی بەشێکنەبوو لە خۆشەویستیی نێوانیان. چەندجارێك كە لەگەڵ مێردەکەیدا چووبووە ئەوێ بەڵام ئەو سەردانانە هەموویان کورتبوون. فێرمینا دازا هەرگیز بیری لەوە نەکردبۆوە کەمافی ئەوەی هەبێت بەتەنیا بچێتە ئەو نووسینگەیە چجای ئەوەی دەستبداتە کارێك کە بەخۆتێهەڵقورتاندنێکی ناشایستە بێتەبەرچاو. بەڵام ئێستا لەوێبوو، دەیەویست ڕاستی مەسەلەکە ئاشکرابکات و بەجۆرێك لەدڵەڕاوکێوە کەتەقریبەن لەبەر گەورەیی ترسە مەترسیدارەکەی بوو لەئاشکرابوون، بەدوای ڕاستیدا دەگەڕا. گەردەلوولێکی لەبەربەرەکانیێ نەهاتوو کەتەنانەت لە نەفس بەرزی و تۆکمەیی تەبیعەتی فێرمینا بەهێز تربوو، بەرەو پێشەوە پاڵپێوەدەنا. گەردەلوولێك کە لەویقاری بەهێزتربوو، ئەشکەنجەیەك بوو کەجادوی لێدەکرد. فێرمینا دازا دەیتوانی بەبێ ئەنجام ئەوێ بەجێبهێڵێت لەبەرئەوەی نەخۆشەکانی مێردەکەی، جگە لەوانەی دۆست و ناسیاوی هەردووکیان بوون، بەشێکبوون لەقەڵەمڕەوی تایبەتی مێردەکەی. کەسانێکی بێشوناس بوون کە بەروخساریاندا نەدەناسرانەوە بەڵکو بە هۆی ئێش و ئازارەکانیانەوە دەناسرانەوە، کۆمەڵێ ئادەمیزاد بوون کە بە ڕەنگی چاویاندا یان بەهۆی فرت وفێڵەکانی دڵیانەوە نەدەناسرانەوە بەڵکو لەرێگەی قەبارەی جگەرو باری زمان و خوێنی ناو میزەکەیان و خەیاڵاتی

ئەو شەوانەوە کەتایان لێدەهات قابیلی ناسینەوە بوون. ئەمانە کەسانێك بوون کە باوەڕیان بەمێردەکەی هەبوو، لەو باوەڕەدابوون بەیارمەتی دکتۆر نۆربینۆ دەژین و لەراستیشدا بۆ ئەو دەژیان و دواجار بەم رستەیەی کە بەدەستی ئەو نووسرابوو تیادەچوون و ونەبوون: ئارامبە، خودا لای دەرگاکەوە چاوەڕێت دەکات. فێرمینا دازا دوای دووسەعات کات بەفیڕۆدان بەهەستێکی ناخۆشەوە کەرێگەی ئەوەی دابوو ئەو کارە ناشیرینە لەخشتەی بەرێت بەبێئەنجام ژووری ئیشکردنی مێردەکەی بەجێهێشت. فێرمینا لەژێر کاریگەریی هێزی خەیاڵی خۆیدا وردە وردە هەندێ گۆڕانی لەمێردەکەیدا دەدۆزییەوە. دکتۆر لەسەر مێزی نانخواردن و لەسەر سیسەمەکە بیانووی دەگرت و ئیشتیهای کەمببۆوە، هەمیشە بۆ تێکدانی وەزعەکەو وەڵامی پڕتانەوتەشەر ئامادەیی تێدابوو، ئەوکاتانەی لەماڵەوە بوو ئیدی ئەو پیاوە هێمنەی جاران نەبوو بەڵکو وەکو شێرێك وابوو کە لەناو قەفەزدا عاسی بووبێت. بۆ یەکەمجار لەوکاتەوە کە زەماوەندیان کردبوو، فێرمینا دازا دەستیکرد بە تاقیبکردنی ئەوکاتانەی درەنگ دەهاتەوە بۆ ماڵەوەو حسابی دەقە بەدەقەی دواکەوتنەکانی بۆ دەکردو درۆی لەگەڵ دەکرد بۆ ئەوەی راستی لێوە دەستبکەوێت بەڵام دوای ئەوە هەستی بە زامێکی قووڵدەکرد کە دەیزانی قسەکانی ئەو لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەمدا نایەنەوە. شەوێك بەشڵەژاوییەوە لەخەو راپەڕی و بەبینینی دیمەنی مێردەکەی زارەترەك بوو، لەبەرئەوەی مێردەکەی لە تاریکی ژوورەکەدا بەچاوانی پڕ لە ڕق و کینەوە تەماشایدەکرد. فێرمینا لەگەنجیشدا بەدەست تۆقینێکی واوە ئازاری چەشتبوو ئەویش کاتێ بوو کە فلۆرنتینۆ ئەریزای لای سیسەمەکەیەوە دیبوو. بەو جیاوازیەشەوە کە ئەو دیمەنەی تریان لێوان لێو بوو لەخۆشەویستیی نەك رق و کینە. ئەمێستاو ئەمجارە وەهم و خەیاڵ نەبوو، بەڵکو مێردەکەی لەسەعات دووی دوای نیوەشەودا لە خەو هەستابوو بۆ

ئەوەی لەکاتی خەوتندا تەماشای ئەم بکات، بەڵام کاتێ فێرمینا لێی پرسی بۆچی وادەکات نکۆڵی لێکردو سەری خستەوە سەر سەرینەکەی و وتی:

-بێگومان خەوت دەبینی.

دوای ئەو شەوەو پاش رووداوی تری لەو بابەتە لەو کاتەدا کە فێرمینا نەیدەتوانی راستی و خەیاڵە بێهوودەکانی خۆی لێکجیابکاتەوە، ئەو ئیلهامە لەبەربەرکانێ نەهاتووەی بۆهات کە خەریکە عەقڵی لەدەستدەدات. سەرەنجام زانی کەمێردەکەی لە عەشای رەببانی پێنج شەممەی جەژنی دەرکەوتنەوەی عیساو لە رێورەسمی عەشای رەببانی یەکشەموانی ئەم هەفتانەی دواییدا بەشداریی نەکردووە، بۆ ئارامی رۆحیی ئەو ساڵەش کاتی پەدەستەوە نەبووە، کاتێ هۆی ئەم گۆڕانکارییە نائاساییانەی لەتەندروستی رۆحییدا لێپرسی، دکتۆر وەڵامێکی تەمومژاویی دایەوە و ئەمەش سەرەداوێکی یەکلاییکەرەوە بوو. دکتۆر لە کاتی یەکەمین بەشداریکردنییەوە لەعەشای رەببانیدا کە تەمەنی هەشت ساڵان بوو، درێغی لەبەشداریکردن لە هیچ یەکێ لەرێورەسمەکانی عەشای رەببانی و جەژنە ئاینییە گرنگەکاندا نەکردبوو، لەم رێگایەوە فێرمینا دازا لەوە حاڵیبوو کە مێردەکەی گوناهێکی گەورەی کردووە و لەو سۆنگەیەوە کە بۆ داوای یارمەتی و دانپێدانان نەدەچووە لای قەشە ئاشکرابوو کە مێردەکەی بە نیاز نییە تۆبە بکات. فێرمینا دازا هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوو لەبەر شتێك كە تەواو ناكۆك بوو لەگەڵ خۆشەویستییدا ئەوەندە ئازار بچێژێت. بەڵام ئازاری دەچێشت و بڕیاریدا پەنا بۆ ئەو تاکە رێگایە بەرێت کە لەدیقی مەرگ رزگاریدەکرد واتە سووتاندنی کونی ئەو تیرە مارەی کەخەریکبوو رۆحی ژەهراوی دەکردو هەرواشی کرد. پاش نیوەڕۆی رۆژێك کەمێردەکەی بەپێی بەرنامەی رۆژانەی دوای سەرخەوشکاندنی نیوەڕۆ دەیخوێندەوە، فێرمینا لەباڵکۆنەکە دانیشت و سەرقاڵی چنینەوەی گۆرەوی بوو پاش کەمێك

لەناکاو وازی لەکارەکەی هێناو چاویلکەکەی بەرز کردەوە بۆ سەر تەوێڵی و بەبێ هیچ نیشانەیەکی توندوتیژیی داوای روونکردنەوەی کرد:

- دکتۆر!

دکتۆر سەرقاڵی خوێندنەوەی رۆمانی (دورگەی بەتریقەکان)ی ئەناتۆل فرانس بوو کە لەو رۆژگارەدا بەناوبانگ بوو بەبێ ئەوەی سەر بەرز بکاتەوە وەڵامی دایەوە:

- بڵێ!

فێرمینا بەسووربوونەوە وتی:

- سەیرمکە.

ئەوەیکرد کە فێرمینا وتی. بەبێنەوەی لەودیو تەڵخی چاویلکەی خوێندنەوەکەیەوە فێرمینا بەجوانی ببینێ تەماشایکرد ناچارنەبوو چاویلکەکەی داگرێ تا لەناو ئاگری تووڕەیی چاوانیدا بسووتێ. دکتۆر خوڤێناڵ ئوربینۆ پرسی:

- مەسەلە چییە؟

- خۆت لەمن باشتر دەزانیت.

ئەمە تەنیا شتێ بوو کە فێرمینا وتی و چاویلکەکەی داگرتەوەو دەستیکردەوە بەچنینەوەی دڕاویی گۆرەوییەکان. ئەوسا دکتۆر خوڤێناڵ ئوربینۆ زانی کە سەعاتە دوورودرێژەکانی ترس و دڵەڕاوکێ کۆتاییان هاتووە، بەڵام بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەوەوە ئەو ساتەوەختە ئەوە نەبوو کەپێشبینی دەکرد. لەجیاتی ئەو لەرز ومچوڕکە بوومەلەرزە ئاسایەی کە دەبوو کۆنترۆڵی دڵی بکات، ئەو حاڵەتە تەنیا شەماڵێکی لەباربوو، ئەو دڵنیاییەی کەدەبوو درەنگ یان زوو بێتە ئاراوە، زووتر هاتە ئاراوە نەك درەنگتر: تارمایی خانم باربارا لینچ دواجار خۆی کردبوو بەناو ماڵەکەیدا. تارمایی مرۆڤێك کە دکتۆر خوڤێناڵ ئوربینۆ چوار مانگ بەرلەوە ناسیبووی، واتە کاتێك باربارا لینچ لە عیادەی خەستەخانەی (میسریکۆردیا) چاوەڕێی

ئەوەبوو سەرەی بێت و دکتۆر ئۆربینۆ لە هەمان کاتدا بەخێرایی لەوە تێگەیشت شتێك لەچارەنووسیدا روویداوە کە ناتوانێت خۆی لێلابدات.

باربارا لینچ کچێکی گەنم رەنگ و بالأبەرزو و ئەندام رێك و ئێسقان ئەستوور بوو، رەنگی روخساری وەك هەنگوینی رەش وابوو پاوپوزیشی هەمان رەنگ، ئەو رۆژە بەیانییەکەی عەزیەکی سووری لەبەردابوو کەخاڵی سپی تێدابوو، شەپقەیەکیشی لەهەمان قوماش لەسەردابوو کە سێبەرەکەی هاتبووە سەر برژانگەکانی. وادەهاتەبەرچاو کە رەگەزەکەی لەرەگەزی سەراپای ئینسانەکان دیارترە. دکتۆر ئۆربینۆ لە عیادە چارەسەری نەخۆشی نەدەکرد، بەلأم هەرکاتێ لەوێوە رەتبوایەو کاتی زیادی بەدەستەوە بوایە، سەرێکی دەداو بۆ ئەوەی ئەوە بە یادی خوێندکارە ئاست بالأکانی بهێنێتەوە کە هیچ دەرمانێ لەدەست نیشانکردنێکی باش باشترنییە. دکتۆر بەجۆرێ کارەکانی رێکخست کە لەپشکنینی چاوەڕواننەکراوی کچەکەدا ئامادەبێت. دکتۆر بەزەحمەت تەماشای کچەکەی دەکرد و وریای ئەوەبوو خوێندکارەکانی هەست بەجموجوڵەکانی نەکەن کەهیچ کامێکیان بەڕێکەوت نەبوون. بەوردی ناوو ناونیشانی کچەکەی لەبەرکردو ئێوارەی ئەو رۆژە، پاش دواسەردانی پزیشکیی مالأن بە گالیسکە بەوناوچەیەدا رەتبوو کەکچەکە لە عیادەکە ناونیشانەکەی دابوو، لەراستیدا کچەکە لەوێ بوو، هەوای فێنکی هەڵدەمژی.

ماڵەکە خانوویەکی ئەنتیلی ئاساییبوو کە سەراپای بەرەنگی زەرد بۆیەکرابوو، بەسەقفە چینکۆکانیشییەوە. پەنجەرەکانی بەقوماشێکی لۆکەیی روکەشکرابوون و لەراڕەوەکاندا گوڵدانی سەرخەس و مێخەك هەڵواسرابوون. خانووەکە لەناو زەلکاوی (مالاکریانزا) لەسەر پایەی تەختە دروستکرابوو. چۆلەکەیەکی تروپیالێ لەناو قەفەزێکدا دەیخوێند کە بەسەقفەکەدا هەڵواسرابوو. لەو سەری شەقامەکەوە قوتابخانەیەکی سەرەتایی هەبوو کە قوتابییەکانی بەدەنگەدەنگ و راکەڕاکەوە دەرپەڕین و

قەرەبانچییەکەیان ناچارکرد رەشمەی ئەسپەکەی توند بگرێت بۆ ئەوەی هەڵنەتیزێنێ، ئەمەش چانسێکی بێوێنەبوو، چونکە خانم باربارا لینچ ئەو هەلەی بۆ رەخسا کە دکتۆر ئۆربینۆ بناسێتەوەو بەجۆرێك دەستی بۆ رابوەشێنێ وەك ئەوەی هاورێی کۆن بن، داوەتی بکات تا ئەمانی قەرەباڵغی و هات و هاوارەکە پێکەوە قاوەیەك بخۆنەوە، دکتۆر وێرای ئەوەی ئەو عادەتەی نەبوو کە قاوە بخواتەوە، داوەتەکەی قبوڵکرد. چونکە دەیتوانی گوێ لە قسەکانی بگرێت دەربارەی خۆی، واتە ئەو شتەی کە لەبەیانییەوە تا ئێستا بەلایەوە خۆش و سەرنجڕاکێش بوو پاشانیش تا چەندان مانگ پاش ئەوە بەبێ ساتێ ئارامی، هەروا بەلایەوە بەخۆشی و سەرنجڕاکێشی مایەوە. کەمێك پاش ژنهێنانی، هاورێیەکی لەبەردەمی ژنەکەیدا پێیوتبوو درەنگ یان زوو تووشی سۆزو خۆشەویستییەکی توندو شێتانە دەبێت کە دەتوانێت هەرەشە لەپایەی مکومی ژیانی خێزانیی بکات. لەو کاتەدا دکتۆر کەپێیوابوو خۆی و هێزی رەگ و ریشەی ئاکاریی خۆی باش دەناسێت، بەو پێشبینییە پێکەنیبوو، ئێستا ئەو پێشبینییە دەهاتەدی.

خانم باربارا لینچ کچە تاقانەی قەشە جۆناسان ب لینچ بوو، دکتۆرای هەبوو لەلاهوتدا. جۆناسان ب لینچ قەشەیەکی رەش پێستی لەڕو لاوازی گرووپی پرۆتستانت بوو. سواری هێسترەکەی دەبوو، بەناو خانووی بێنەوایانی زەلکاوی مالاکریانزدا دەگەڕا و لەکاتێکدا کە کەلامی یەکێ لەخودا جۆراوجۆرەکانی بڵاودەکردەوە دکتۆر ئۆربینۆ بەپیتی ورد تۆماری دەکردن بۆ ئەوەی لەخوداکەی خۆی جیایان بکاتەوە. باربارا خان زۆر بەباشی بە ئیسپانی کۆن قسەیدەکرد بەڵام لەڕووی رێزمانییەوە هەندێ لەنگیی لە وشەکانیدا هەبوو ئەمەش وشەکانی لەسەر زمانی خۆشتر دەکرد. لەمانگی کانوونی یەکەمدا تەمەنی دەبوو بەبیست و هەشت ساڵ و ماوەیەك پێش ئێستا، دوای دووساڵ ژن و مێردایەتی سەرنەکەوتوو لە قەشەیەك

جیابووە کە خوێندکاری باوکی بوو، هیچ حەزی لەوە نەبوو هەڵەکەی دووبارە بکاتەوە. دەیوت:

- جگە لە چۆلەکەکەم ترویپال هیچ کەسێکی دیکەم خۆشناوێت.

بەڵام دکتۆر ئۆربینۆ لەوە جدیتربوو کە بیر لەوە بکاتەوە دەبێ باربارا لە قسەکانیدا مەبەستێکی تایبەتی هەبێت و بەپێچەوانەوە بەسەرلێشێواوییەوە لەخۆی دەپرسی رەنگە ئەم هەموو هەلە رەخساوە یەکێك بێت لەداوەکانی خوداوەند. ئەو داوەی پاشان زۆر قورس لەسەری رەکەوت، بەلام یەکسەر ئەو خەیاڵەی لەمێشکی خۆی دەردەکرد کە لەدەستەپاچەییەوە سەرچاوەی دەگرت.

دکتۆر لەگەڵ بەجێهێشتنی ئەو شوێنەدا بەحسابکردن بۆ ئەوەی هیچ شتێ نەخۆشەکان بەقەد باسکردنی نەخۆشییەکەیان خۆشحاڵ ناکات، دەربارەی راوێژی پزیشکیی بەیانی رای خۆی دەربڕی و کچەکە هێندە لە قسەکردن سەبارەت بە ئازارەکانی خۆی خۆشحاڵبوو کە دکتۆر بەڵێنیدا رۆژی دوای ئەوەش سەعات چواری رێك بێتەوە و بەوردییەکی زیاترەوە فەحسی بکات. باربارا هێندە ئومێدی بەهاتنەوەی دکتۆر نەبوو چونکە دەیزانی پارەی سەردانی دکتۆرێکی وەك ئەم بەناوبانگ و زیرەك لە توانای دارایی ئەمان بەدەرە، بەلام دکتۆر ئۆربینۆ ورەی دایە بەرکچە و وتی ( لەم پیشەیەدا ئێمەی پزیشکان هەوڵدەدەین بەشێوەیەك کارەکانمان رێکبخەین کەدەوڵەمەندەکان کرێی هەژارەکان بدەن ) و لەدەفتەری یاداشتەکەیدا نووسی: خانم باربارا لینچ، زەلکاوی (مالاکریانزا) شەممە، چواری عەسر.

چەندین مانگ دوای ئەوە، فێرمینا دازا وێڕای ئەو یاداشتە وردەکاریی دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەو چارەسەرەکەی و رەوتی کاملبوونی نەخۆشییەکەی خوێندەوە، ئەم ناوە سەرنجی راکێشا و لەناکاو ئەوەی بەخەیاڵدا هات کە ئەم ژنە یەکێکە لە هونەرمەندە هەڵخەڵەتێنەرەکان کە بەکەشتی میوەی (نیو ئۆرلیانز) دێن، بەلام ناونیشانەکەی بوو بەهۆی ئەوەی

وابیر بکاتەوە ئەم ژنە دەبێت لەجامایکاوە هاتبێت، بێگومان ژنێکی رەشپێستە. بەبینەوەی زیاتر بیری لێبکاتەوە تەنیا لەبەرئەوەی مێردەکەی خواردنی ئەو نییە فەراموشیکرد.

دکتۆر خوڤینال ئوربینۆ دە دەقە زووتر چوو بۆ شوێنی ژوانەکەی رۆژی شەممە. لەکاتێکدا خانم باربارلینچ هێشتا بەتەواوی خۆی نەگۆڕیبوو تا پێشوازیی لێبکات. دکتۆر ئوربینۆ لەوکاتەوە کە لەپاریس ناچاربوو لەتاقیکردنەوەیەکی زارەکیدا بەشداریی بکات هەتا ئێستا ئەوەندە نەشڵەژابوو. جوانیی خانم باربارا لینچ لە رادەبەدەر بوو کە بە کراسێکی خەوی ئاوریشمینەوە لەسەر سیسەمەکەی راکشابوو. هەموو شتێکی رەونەق و جوانییەکی زیاتری هەبوو، پووزەکانی کە وەك پووزی بووکی دەریا وابوون، پێستی گەنم رەنگی، مەمکە سەرنجڕاکێشەکانی، پووکی رۆشن و ددانەکانی رێك و جوان، لە سەراپای جەستەیەوە پرشنگێکی لەشساغیی بەرزدەبۆوە کەهەمان بۆنی مرۆڤی لێدەهات کە فێرمینا دازا لە جلەکانی مێردەکەیدا دۆزیبوویەوە. باربارا چووبوو بۆ عیادەکەی لەبەرئەوەی ئازارێکی هەبوو کە خۆی بە ئازێکی جوانەوە بە ژانی پێنج پێداهاتن لە قەڵەمیدەدا، دکتۆریش گومانیکرد کە ئەم حاڵەتەی لەئەنجامی کەم خواردنەوەی شلەمەنیدا تووشبووبێ، دکتۆر زیاتر بەدەستی ئەنقەست دەستی لەئەندامەکانی لەشیدەدا نەك لەبەر پێویستی پشکنینەکە، لەوکاتەدا کەدەپشکنی زانیارییە پزیشکییەکانی لەبیر دەچۆوەو بە سەرسامییەوە هەستی بەوە دەکرد کە ئەم بوونەوەرە سەیرە لەناویشەوە هەروەکو دەرەوە جوان وشۆخە، ئەوسا خۆیدایە دەست لەزەتی دەستلێدان و ئیدی دیارترین دکتۆری کەنارەکانی دەریای کاریبی نەبوو، بەڵکو پیاوێکی نەگبەتی ئاسایی بوو بەدەست هەڵچوون و ئاشووبی غەریزەوە دەیناڵاند. بەرلەوە لە ژیانی پیشەیی دووروودرێژیدا تەنیا جارێك شتێکی لەم بابەتەی لێقەومابوو ئەوڕۆژەش رۆژی گەورەترین ئابڕووچوونی تەمەنیبوو کە نەخۆشەکە بە

زووير بوونەوە دەستى لابردبىوو، لەسەر جێگاكە راستببۆوەو دانيشتبوو، پێى وتبوو: " ئەوەى تۆ دەتەوێت رەنگە كارى كردەبێت، بەڵام نەك بەو شێوەيە" لەلايەكى ديكەوە خانم باربارا لينچ بە تەواوى خۆيدابەدەستەوەو كاتێ دڵنيابوو دكتۆر ئيدى بير لەكارەكەى ناكاتەوە، وتى:

– وامدەزانى ئەمە لە ئاكارى پزيشكييدا رێگەى پێنەدراوە!

دكتۆر بەجۆرێ شەلاڵى عارەقبوو كە دەتوت هەمان دەقە بەجلەوە لەحەوزێك ناو هاتۆتە دەرەوە. بەخاولييەك دەست و دەموچاوى وشك كردەوەو وتى:

– ئاكارى پزيشكيى وا وێنامان دەكات كە ئێمەى دكتۆر لەتەختە دروستكراوين.

خانم لينچ دەستى بۆ درێژ كردو وتى:

– ئەوەى وايلێكردم وابير بكەمەوە ئەوە نەبوو كەتۆ ئەو مافەت نييە شتى وابكەى، بەڵكو تەنيا بۆ ئەوەبوو ئەوە بهێنيتە پێش چاوى خۆت كەدەبێ حاڵى ژنێكى رەشپێستى وەك من چۆن بێت كاتێ پياوێكى ناودارى وەك تۆ بايەخى پێدەدات.

– من تەنانەت ساتێكيش لەبيركردنەوە لەتۆ غافڵ نەبووم.

ئەم دانپيانانە ئەوەندە هەژێنەربوو تا ئەو رادەيەى وايلێكرد شايانى بەزەيى پێداهاتنەوە بێت. بەڵام خانم لينچ بەخەندەيەك كە ژوورى نووستنەكەى رووناككردەوە دكتۆرى لەو هەموو ئازارە قوتاركرد كەبەدەستييەوە دەيناڵاندو وتى:

– من لەوكاتەوە كە لە نەخۆشخانەكە تۆمدى هەستم بەوە كرد. رەشپێستم بەڵام گێل نيم.

مەسەلەيەكى ئاسان نەبوو، خانم لينچ دەيەويست شەرەفى بەپاكى بپارێزێ، هەربۆيە داواى خۆشەويستيى و ئەمانى دەكردو لەو باوەڕەدابوو شايانى ئەوەيە. ئەو دەرفەتەى بەدكتۆردا بۆ ئەوەى لەخشتەى بەرێت، بەڵام

بەبینەوەی بۆی هەبێت بێتە ژووری نووستنەکەی لە کاتێکدا بەتەنیا لەماڵەوەیە. لەمەش زیاتر تا ئەو رادەیە رێگەی بەدکتۆردا کەجارێکیتر هەست بکاتەوە بە دووبارەکردنەوەی دەستلێدان و گوێگرتن و هەموو دەست درێژییەکی ئاکارییەوە کە دکتۆر پێی خۆشبوو، بەلام بەبینەوەی رووتی بکاتەوە. دکتۆریش لەلای خۆیەوە نەیدەویست ئەو پارەوەی لەکیس بچێت پاش ئەوەی چنگی لێی گیربوو، درێژەی بەهێرشی رۆژانەی دەداو سەبارەت بەو ئابلوقەیەش کە لینچ بۆی دانابوو پشووی درێژبوو. بەهۆی کارەکەیەوە پەیوەندییەکی بەردەوامی رۆژانە لەگەڵ لینچدا، بۆ دکتۆر تەقریبەن کاری کردە نەبوو، بەلام دکتۆر لەوە لاوازتربوو کە بتوانێت دەستی لێهەڵبگرێ و فەرامۆشیبکات، هەروەکو چۆن دواتر لەوەش لاوازتربوو کەبتوانێت درێژە بەو پەیوەندییە بدات. لینچیش سنووری خۆی هەبوو.

ژیانی قەشە لینچ رێك وپێکی و رێسایەکی تایبەتی تێدانەبوو، چونکە سواری هێسترەکەی دەبوو، ئینجیل و نامە پرۆتستانتییەکانی دەخستە تایەکەوەو توێشوو وخواردەمەنیشی دەخستە تاکەی تریەوەو بەبینەوەی کاتێکی دیاریکراوی هەبێ دەردەچوو، کاتێ دەهاتەوە کە بەخەیاڵی کەسدا نەدەهات. گرفتی دووەم ئەو قوتابخانەیەبوو کەبەرامبەر ماڵەکەیان بوو، چونکە قوتابیەکان لەکاتێکدا لەپەنجەرەوە تەماشای دەرەوەیان دەکرد و بە ئاوازەوە وانەکانیان دەوتەوە ئاشکراترین شتێ کە دەیانبینی ماڵەکەی ئەو بەری شەقامەکەبوو، بەدەرگاو پەنجەرەکانییەوە کە لەسەعات شەشی بەیانییەوە لەسەرپشتبوون. قوتابییەکان خانم لینچیان دەبینی کە قەفەزی چۆلەکەکەی بەگوێسوانەی سەربانەکەدا هەڵدەواسی بۆ ئەوەی (تروپیال)ەکە بتوانی ئەو دەرسانە فێربێت کە قوتابییەکان دەیانوتەوە. قوتابییەکان خانم لینچیشیان دەبینی کە بە پێچە رەنگاو رەنگەکەی سەرییەوە بە دەنگە خۆش و زوڵاڵە کارییبییەکەی لەکاتی

ئیـشکردنی ناومالّـدا گـۆرانی دەوت، پاشــان ئێـواران دەیـانبینی کـە لەبالّکۆنەکەدا دانیشتووەو بەتەنیا بەئینگلیزی لەبەر سروود دەلّێتەوە.

دکتـۆر ناچاربوو کاتێـك هەلّبـژێرێت کـە قوتابییـەکان لـەویّ نـەبن، ئەمـەش تـەنیا بـەدوو شـێوە دەکـرا: یـان لـەکاتی پـشووی نـانخواردنی نیوەڕواندا واتـە سـەعات دوانـزە بۆ دوو کـە ڕێـك هـەمان کـاتبوو کـە دکتـۆر تیایدا نانی نیوەڕۆی دەخوارد یان ئێوارە، واتـە دوای داخستنی قوتابخانەو ڕۆیشتنەوەی قوتابییەکان کە ئەمەیان هەمیشە باشترین کـاتبوو، چونکە تا ئەوکاتـە دکتـۆر هـەموو سـەردانە پزیـشکییەکانی تـەواوکردبوو، تـەنیا چەند دەقەیەك کاتی بەدەستەوە دەما بۆ نـانخواردنی ئێـوارە لەگـەلّ خێزانەکەیدا.

مەسـەلەی سێیەم و لـە هـەمووی جدیتر بـەلای دکتـۆرەوە، وەزعـی خۆیبوو. بەبیّ ئەو گالیسکەیەی کە هـەموو بـاش دەیانناسـی و هـەمیشە دەبوو لەبەر دەرگاری مالّی نەخۆشـەکان چاوەڕوانیبکات، نەیـدەتوانی بچێـت بـۆ ئـەویّ. دەیتـــوانی وەکـــو زۆربـــەی هاوڕێکـــانی لەیانـــەی کۆمەلاّیـــەتیی لەگـــەلّ عەرەبانچییەکەدا پێکبێت، بەلاّم ئەمە لە سروشتی ئـەو بـەدەربوو. لەڕاستیدا کاتیّ سەردانەکانی بۆ لای خانم لینچ زۆر ئاشکرابوو، عەرەبانچی خێزانەکە ڕۆژیّ غیرەتـی دایەبـەرخۆی کەبپرسـیّ ئایـا باشـتر نییـە بـڕوات و دووبـارە بگەڕێتەوە تا گالیسکەکە ئەوەنـدە لەبەردەرگای ئـەو ژنـە نەوەسـتیّ! دکتـۆر ئۆربینۆ بە وەلاّمێکی توندوتیژ کە لای باو نەبوو قسەکەی پێبڕی و وتی:

– لـەو کاتـەوە کـە تـۆ دەناسـم ئەمـە یەکـەمجارە کـە دەبیـستم قسـەیەك دەکەی کە نەدەبوو بیکەی، زۆرباشە، وایدادەنێم کە قەت شتی وات نەوتووە.

مەسـەلەکە قـابیلی چارەسـەر نـەبوو. لەشارێکی وەکـو ئـەم شـارەدا ئەوە قورسبوو کەنەخۆشییەك بشاریتەوە، ئەویش کـاتیّ گالیسکەکەی دکتـۆر لەبەر دەرگای مالّەکە وەستابێت. جاربەجاریّ دکتـۆر خـۆی دەسـتپێشخەریی لە ئیزندانی گالیسکەکەدا دەکرد، ئەگـەر شـوێنەکە زۆر دوور نەبووایە بەپیّ دەچـوو، ئەگـەر حەوسـەلّەشـی نەبووایـە بەگالیـسکەیەکی کـریّ، خـۆی

ڕەگەیاندە ئەویٚ بۆ ئەوەی لەو ئەگەرە بەپەلەو ئەنجام خراپانە خۆی بەدوور بگرێت، بەڵام بەهەربار ئەم فرت وفێڵانە زۆر سەرکەوتوو نەبوون لەوێوە کە نوسخەی مۆڵەتپێدراوی دەرمانەکان لەدەرمانخانە پەردەیان لەسەر ڕاستییەکان لادەدا. دکتۆر ئۆربینۆ هەمیشە لەگەڵ دەرمانی ئەسڵیدا ڕێگەی بەدەرمانی ساختەش دەدا بۆ ئەوەی ئەو مافە پیرۆزە بۆ نەخۆشەکانی بهێڵێتەوە کە بەبێ نیگەرانیی و بە ڕازی نەخۆشییەکانیانەوە بمرن. بەهەمان شێوە دەیتوانی سەبارەت بە وەستانی گالیسکەکەی لەبەر دەرگای ماڵی خانم لینچدا چەند هۆیەکی ڕاستەقینە باسبکات، بەڵام نەیدەتوانی بۆ ئەو ماوەیەی کەدڵی حەزی پێدەکرد، واتە تاکۆتایی تەمەنی بیەڵێ گالیسکەکە لەبەر دەرگاکە بمێنێتەوە. دنیا بەلایەوە بوو بەدۆزەخێك. چونکە لەگەڵ دامرکانەوەی یەکەمین زەوق و ئارەزوویاندا هەردووکیان هەستیان بەو مەترسییە کرد کە ڕەنگبوو ببێتە هۆی قەستی سەریان، دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ لە بنەڕەتدا توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ڕسواییەکی نەبوو. لە لوتکەی وڕێنەکانیدا لە کاتی هەژان و دەربڕینی هەستیدا بەڵێنی هەموو شتێکی پێدەدا، بەڵام لە کاتی تەواوبوونیدا هەموو شتێکی دوادەخست بۆ دوایی. لەبەرامبەر ئەمەشدا، هەرکاتێ شەوق وزەوقی بۆ بینینی زیادیدەکرد ترسی لەدەستدانیشی لەناخیدا زیادیدەکردو کار بەشوێنێ گەیشت کە ژوانەکانیان خێراترو قورستربوو. دکتۆر ئیدی بیری لەهیچ شتێکی دیکە نەدەکردەوەو بەشەوق و زەوقێکی تەحەمولنەکراوەوە چاوەڕوانیی ئێوارانی دەکرد، بەڵێنەکانی تری لەبیری خۆی دەبردەوەو جگە لە باربارا هەموو شتێکی فەرامۆشدەکرد، بەڵام هەرکە گالیسکەکەی لە زەلکاوی (مالاکریانزا) نزیکدەبۆوە لەخوا دەپاڕایەوە کە کۆسپێکی چاوەڕواننەکراو ببێتە ڕێی گالیسکەکەو ناچاری بکات بەبەردەمی ماڵی لینچدا تێپەڕێ. دکتۆر بەحاڵەتێکی وانیگەرانەوە لەوێوە دەڕۆی کە جاریوابوو دوای ئەوەی لەسەری شەقامەکەوە خۆی پێدادەکرد، سەری قەشە لینچی بەقژە لوولەکەیەوە

دەبینی کە لە باڵکۆنەکەدا دانیشتبوو دەیخوێندەوە لەکاتێکدا کچەکەی لەهۆڵەکەدا بەئاوازەوە منداڵانی گەڕەکی فێری ئینجیل دەکرد، خۆشحاڵ دەبوو. ئەوسا بەخەیاڵێکی ئاسوودەوە کە چارەنووس رووبەڕووی مەترسی نەکردۆتەوە دەڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام پاشان هەستی دەکرد کە خەریکە لەتاسەی ئەوە شێت دەبێت کە پڕ بەدڵ حەزدەکات ئەمڕۆو سەراپای رۆژەکان سەعات پێنجی ئێوارە بن.

بەمجۆرە کاتێ وەستانی گالیسکەکە لەبەر دەرگای ماڵی لینچ زۆر لەبەرچاوان بوو، خۆشەویستییەکەیان بەرەو شتێکی محاڵ ملینا، کە لەدوای سێ مانگ هیچ نەبوو جگە لە کارێکی پێکەنیناوی. لینچ دەچووە ژووری نووستنەکە بێنەوەی کاتێکی زۆریان هەبێ بۆ قسەکردن. خانم لینیچ هەرکە گوێی لەدەنگی پێی دکتۆر ئۆربینۆ دەبوو کە لە دەرگاکە نزیکدەبۆوە بە خێرایی بەرەو رووی دەچوو. لینچ لەو رۆژانەدا کە چاوەڕوانی دکتۆری دەکرد جوانترین جلوبەرگی خۆی کە تەنوورەیەکی چین چینی جامایکایی بوو، تەختەکەی گوڵی رەنگاو رەنگی تێدابوو لەبەردەکرد، بەبێ هیچ شتێکی دیکەو بەبێ جلی ژێرەوە بەتەنیا تەنوورەکەی لەبەردەکرد، چونکە باوەڕی سادەیی یارمەتیدەدا بۆ زاڵبوون بەسەر ترسدا. بەڵام دکتۆر بە هەڵسوکەوتی هەموو نەخشەکانی لینچی بۆ خۆشحاڵکردنی بەبادەدا. بە شپرزەییەوە کە سەراپای گیانی شەڵاڵی عارەقبوو خۆی دەکرد بەژووری نووستنەکەدا، ئینجا خۆی لە هەموو شتەکانی قوتار دەکردو بەناو ژوورەکەدا پەرش و بڵاوی دەکردنەوە کەبریتی بوون لەگۆچانەکەی، جانتاکەی، کڵاوە پەنەماییەکەی، تا سەرپێیی خۆی پێبگەیەنی و خۆی پێڕەحەت بکات، بەپانتۆڵێکی چرچەوە کە تا قوولە پێی دایدەماڵی، هەربە پێڵاوەکانی و چاکەتێکەوە کە تۆپەڵی دەکرد بۆ ئەوەی کەمتر هەراسانی بکات و بەزنجیرێکی ئاڵتوونەوە کە بەسەدرییەکەیەوە بوو بەهەموو شتێکەوە تێیدەنیشت، ئەوەی زیاتر بەلایەوە گرنگبوو رۆیشتن بوو بەزووترین کات

نەك تەواوكردنی لەزەتەكە لای بەرامبەر. لینچیش بێدەنگ دەبوو، كاتێ بە زەحمەت دەگەیشتە بەردەمی تونێلی تەنیایی خۆی، دكتۆر هەروا بە هەڵواسراوی دەیهێشتەوە، پاشان بەماندووییەوە پانتۆڵەكەی هەڵدەكێشایەوەو زنجیرەكەی دادەخستەوە، وەك ئەوەی لە نێوان هێڵی جیاكەرەوەی نێوان مەرگ و ژیندا سێكسی رەهای كردبێ، لەكاتێكدا لەراستیدا هیچی نەكردبوو جگە لە كارێكی میكانیكی كەتەنیا بەشێك بوو لەشاكاریی جووتبوون. بەڵام لەكاتی خۆیدا ئیشەكەی كردبوو: واتە كاتێكی پڕاوپڕ بۆ دەرزی لێدانێكی دەمار لەچارەسەرێكی رۆتینیدا. پاشان بەشەرمەوە لە بێتوانایی خۆی كەمەرگی بەئاوات دەخواست دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، نەفرەتی لەخۆی دەكرد كە ئەو جورئەتەی نییە داوا لە فێرمینا بكات پانتۆڵەكەی دابكەنێت و لەسەر پشكۆ دایبنیشێنێ و لەسەر خیانەت پشتی داخ بكات.

دكتۆر هیچی نەدەخوارد، دوعاكانی بەبێباوەڕ دەكرد، ژنەكەی بەردەوام لەناو ماڵەكەدا هەڵدەسوڕاو بەرلەوەی بخەوێ هەموو شتێكی رێكدەخست، ئەمیش لە سەر سیسەمەكە رادەكشاو واخۆی نیشاندەدا كە لە خوێندنەوەی دوای سەرخەوشكاندنی نیوەڕوان بەردەوامە لە كاتێكدا كە كتێبەكەی بەدەستەوە بوو وەنەوزی دەداو وردە وردە لەناو دارستانی خانم لینچدا نغرۆ دەبوو كە نەیدەتوانی خۆی لێدەربازبكات، لەبۆنی لینچدا نقوم دەبوو كە بۆنی دارستانێكی لێدەهات كە لەسەر سیسەمەكەی راكشابێ كە وەك سیسەمی مەرگ وابوو، ئیدی نەیدەتوانی بیر لەهیچ شتێ بكاتەوە جگە لەبەیانی و سەعات پێنج دەقەی بوێت بۆ پێنجی ئێوارە و خانم لینچ كە لەسەر سیسەمەكەی بەلەشە نەرمونۆڵ و رەشەكەیەوە بە تووكی تەنورە جامیكاییەكەیەوە كەپیاوی شێت دەكرد چاوەڕێدەكرد: ئەمە بازنەیەكی دۆزەخی بوو.

لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا دکتۆر پەی بە لەشقورسیی خۆی بردبوو، نیشانەکانی دەستنیشاندەکرد. سەبارەت بەم نیشانانە دکتۆر لە کتێبی دەرسیدا خوێندبووی و لەژیانی واقیعیشدا لای نەخۆشە بەتەمەنەکانی ئەم نیشانانەی دیبوو. ئەو نەخۆشانەی بەبێ پێشینەیەکی نەخۆشیی لەناکاو باسی تەواوی نیشانەکانی ئەو نەخۆشیانانەیان دەکرد کە راستەوخۆ لەکتێبی پزیشکییەوە سەرچاوەیان دەگرت و لەگەڵ ئەوەشدا خەیاڵ نەبوون و نەخۆشیی بوون. رۆژێکیان مامۆستای پزیشکیی منالان لە زانکۆی (لا سالپێترییێر) پسپۆڕیی پزیشکیی منالانی وەکو پیرۆزترین پسپۆڕیی بۆ باسکردبوو، لەبەرئەوەی منالان تەنیا کاتێ نەخۆشدەکەون کە بەڕاستی نەخۆشن و ناتوانن بە زاراوەی پزیشکی قسە لەگەڵ دکتۆردا بکەن، تەنیا بەنیشانەکانی نەخۆشییەکەیان دەدوێن. بەهەرحاڵ، گەورەکان لەدوای تەمەنێکی دیاریکراو یان بەبێ نەخۆشی هەندێ نیشانە نیشاندەدەن یان لەوەش خراپتر، نەخۆشی قورسیان هەیە بەنیشانەکانی نەخۆشی کەمبایەخەوە. دکتۆر ئوربینۆ بەدەرمانی ئارامبەخش مژۆڵیدەکردن بۆ ئەوەی فێری هەستنەکردن بەنەخۆشییەکانیان ببن و بتوانن لەناو خەرمانی شتە پرپوورچەکانی پیرییدا لەگەڵ نەخۆشییەکانیاندا ژیان بەسەرببەن. دکتۆر خۆڤیناڵ ئوربینۆ هەرگیز پێیوانەبوو دکتۆرێک لەتەمەنی ئەودا کە لەو باوەڕەدا بوو هەموو شتێکی دیووە، توانای ئەوەی هەبێ بەسەر ئەو هەستە خەیاڵییە پەرێشانکەرەدا زاڵبێ کە نەخۆشەو لەراستیشدا وانییە یان لەوەش خراپتر، لەکاتێکدا کە رەنگە بەڕاستی نەخۆشبێ بەپشتبەستن بە دەمارگیریی زانستی رووت باوەڕ بەوە نەکات کە نەخۆشە. لەتەمەنی چل ساڵیدا، دکتۆر بەنیوە گاڵتەو نیوە راستییەوە لە کلاسدا وتبووی:

– تەنیا شتێ کە لەژیانمدا پێویستم پێیەتی ئەوەیە کە یەکێك لێم تێبگات.

بەڵام کاتێ لەناو تونـاوتوونی خانم لینچدا وەك ونبوویـەك هەستی بەخۆی کرد، ئیدی گاڵتـەی نـەدەکرد. هـەموو نیشانە راستەقینەو وەهمییەکانی نەخۆشە پیرەکانی خۆی لە بەدەنیدا دەرکەوتن. وەها بەروونی هەستی بە شێوەی جگەری دەکرد کەدەیتوانی بەبێ دەستلێدان، قەبارەکەی بڵێت. هەسـتی بـەمرە مـری پـشیلە ئاسـای گورچیلەکانی و درەوشـانەوەی پەلە زێرینەیی زراوی و فشەفشی خوێن دەکرد لەناو دەمارەکانیدا. جاری وابوو بەحاڵێکی واوە لەخەو هەڵدەسا وەکو ماسییەك کە لە ئاو دەرهێنرابێ هەناسەبڕکێی بوو. واهەستی دەکرد کە ئاو لەدڵیدابێ. جاریوابوو هەستی دەکرد دڵی بۆ ماوەیەك لە لێدان دەکەوێ یان لێدانی وەکو ریتمی رۆیشتنی گروپی مۆسیقای رۆژانـی قوتابخانـەی لێـدێت. یـەك دوو جـار وایلێـدێت پاشان لەبەرئەوەی خودا گەورەیە بەرەحمی ئەو هەستی دەکرد لێدانی دڵی ئاسایی دەبێتەوە. بەڵام لەجیاتی ئەوەی پەنا بۆ ئەو چارەسەرانە بەرێت کە رێگەی بە نەخۆشـەکانی دەدا بـەکاریببێنن، لەترسـا شـێتدەبوو، ئـەوەش راستبوو تـەنیا شـتێ کـە دکتـۆر لەژیانیـدا پێویـستی پێیبـوو، تەنانـەت لەتەمەنی پـەنجاو هەشـت ساڵیدا، کەسێك بوو کە لێی تێبگات، هەربۆیە رووی لـە فێرمینـا دازا کـرد چـونکە ئـەوی لەهــەموو کەسـێك زیـاتر خۆشدەویـست و فێرمینـاش لـە هـەموو شـتێ زیـاتر لـەدنیادا دکتـۆری خۆشدەویـست و لەبەرامبەریـدا دکتـۆر تـازە توانیبـووی ویـژدانی خـۆی ئاسوودە بکات.

ئەم رووداوە دوای ئەوەی فێرمینا دازا خوێندنەوەی پاشنیوەڕۆی بڕی و داوای لێکرد تەماشای بکات روویدا، کەدکتۆر وەکو یەکەم ئامارەی ئاشکرابوونی بازنە دۆزەخییەکەی گوزارشتی لێکردبوو. بەڵام نەیدەزانی ئەم ئاشکرابوونە چۆن روویدا، چونکە بەلایەوە وێناکردنی ئەوەی کەفێرمینا تەنیا لەرێی بۆنکردنەوە پەی بەمەسەلەکە بردبێت محاڵبوو. بەهەرحاڵ، ئەم جارە جێگایەکی باشنەبوو بۆ پاراستنی نهێنی تا ماوەیەکی دووردرێژ.

دوای ئەوەی بۆ یەکەمجار تەلەفۆنی مالان دانراو کەوتەکار بەزوویی چەندان خێزان کەسەقامگیرو تۆکمە دەهاتنەبەرچاو بەهۆی ئەو تەلەفۆنانەوە کە لەلایەن کەسانی نادیارەوە دەکران لەبەریەك هەڵوەشان و ژمارەیەك لەو خێزانانەی لەمە ترسان یان بڕیاری دانانی تەلەفۆنەکانیان هەڵوەشاندەوە یان تا ساڵانێکی زۆر دەستەبەرداری خێری تەلەفۆنبوون. دکتۆر ئۆربینۆ دەیزانی کەژنەکەی لەوە نەفس بەرزترە کەرێگە بە کەسێکی نەناسراو بدات لەرێگەی تەلەفۆنەوە نهێنی بۆ ئاشکرابکات و وێنای ئەوەشی نەدەکرد کەکەسێك جورئەتی ئەوەی هەبێت بەناوی راستەقینەی خۆیەوە کارێکی وابکات. بەڵام گومانی لە شێوازە کۆنەکە هەبوو. واتە کەسێکی نادیار نامەیەکی کردبێت بەژێر دەرگاکەیاندا کەدەشیا کاریگەر بێت، هەڵبەتە نەك تەنیا لەبەرئەوەی کەنادیاریی نێرەرو وەرگری دابیندەکرد بەڵکو لەبەرئەوەی کۆنیی رەگوڕیشەی ئەم شێوازە ئەو بوارەی بەمرۆڤدەدا وەکو جۆرێك لە پەیوەندی متافیزیکی بەپێی ئیرادەی خودا لێکیبداتەوە.

لەماڵی دکتۆر ئۆربینۆدا غیرەکردن جێگایەکی نەبوو: لەماوەی زیاتر لەسی ساڵی ئارامی ئاسایشی ژن ومێردایەتییاندا، دکتۆر ئۆربینۆ بە ئاشکرا شانازیی بەم مەسەلەیەوە دەکرد، تا ئەو کاتەش راستبوو کەدکتۆر وەکو شقارتەی سویدی وایە کەتەنیا بەپاکەتەکەی خۆی دادەگیرسێ و گڕ دەگرێ. بەڵام نەیدەزانی ژنێك بە نەفس بەرزی و کەسێتی و ویقارێکی وەکو هی ژنەکەی ئەوەوە لەبەرامبەر بێوەفاییەکی بەڵگەنەویستدا چ کاردانەوەیەکی دەبێت. بەمپێیە کاتێ تەماشای فێرمینای کرد، هەروەکو داوای لێکردبوو، هیچ شتێکی بەمێشکدا نەهات جگە لەوەی بۆ شاردنەوەی شەپڕێوی و نائارامیی خۆی، سەردابخات و واخۆی بنوێنێ کە لەناو پێچاوپێچەکانی رووباری دورگەی (ئەلکا)ی شیریندا ونبووە تا پاشان بتوانێت بیرێکی دیکە لە مەسەلەکە بکاتەوە. فێرمینا دازاش لەوە زیاتر هیچ شتێکی تری نەوت. کاتێ چنینەوەی گۆرەوییەکانی تەواوکرد، شتەکانی

بەناڕێکی کردە ناو سەبەتەی خەیاتییەکەوە، لەموبەق فەرمانیدا کەدەست بە ئامادەکردنی خواردنی ئێوارە بکەن و چوو بۆ ژووری نووستن.

دکتۆر ئۆربینۆ پاش ئەوە، ئەو بڕیارە بێچەندو چوونەی دا سەعات پێنجی ئێوارە نەچێت بۆ لای خانم لینچ کە لەو حاڵەتەدا بەڵێن و پەیمانی خۆشەویستییەکی هەتا هەتایی و خەونی ماڵێکی سەربەخۆ بە تەنیا بۆ خانم لینچ- واتە جێگایەك کە دکتۆر دەیتوانی بەبێ کۆسپی چاوەڕواننەکراو لەوێ بیبینێت- هەروەها خۆشبەختیی شێنەیی پێکەوەبوون هەتا لە ژیاندا بن و هەموو ئەو شتانەی کە دکتۆر ئۆربینۆ لە کاتی هەژان و گەرموگوڕیی سێکس و راموساندا بەڵێنی دابوو بۆ هەمیشە هێڵێکی راست و چەپی بەتاڵ کردنەوەیان بەسەردا دەهات. دواشت کەخانم لینچ لە دکتۆرەوە بەدەستی گەیشت چەپکێ گوڵی زمڕوت بوو کە وەها کرابووە ناو پاکەتێکی بچووکەوەو کاخەزی دەرمانخانەی تێوە پێچرابوو عەرەبانچییەکەش وایدەزانی دەرمانێکی بەپەلەیەو بەبێ هیچ راسپاردەو نامەو نووسینێ دایە دەستی خانم لینچ. دکتۆر ئۆربینۆ هەرگیز چاوی بەچارەی نەکەوتەوە، تەنانەت بەڕێکەوتیش، تەنیا خودا دەزانێت ئەم بڕیارە قارەمانانەیە بە بەهای چ غەم و چ ئەسرینێکی ناخۆش و تاڵ لای دکتۆر تەواوبوو کەناچاربوو بۆ لەیادکردنی ئەنجامی کارەساتنامێزی ئەم چیرۆکە تایبەتەی بچێتە ناودەستخانەوە دەرگا لەسەر خۆی دابخات و بەکوڵ بگری و فرمێسك بڕێژێت. سەعات پێنجی ئێوارە لەجیاتی ئەوەی بچێت بۆ لای خانم لینچ دەستی دایە کارێکی قووڵ و ژیرانە، چوو بۆ لای قەشەو دانی بەهەموو شتێکدانا، پەشیمانیی دەربڕی و داوای تۆبەی کرد، یەکشەممەی دوای ئەوە بەدڵێکی شکاوەوە بەڵام بەڕۆحێکی ئارامەوە بەشداریی لە عەشای ڕەببانیدا کرد.

ئەو شەوە، لەدرێژەی بەربەرەکانێی لەگەڵ نەفس و ئارەزووی خۆیداو لەکاتێکدا خۆی رووتدەکردەوە بۆ ئەوەی بچێتە سەر سیسەمەکەو

بخەوێ دوعاو لاوانەوەی بێخەویی بەرەبەیانی، ئازارە لەناکاوەکانی، حەزی بێپایانی لەگریان لەو پاش نیوەڕۆیەدا کە وازی لەدۆستەکەی هێنا یەك یەك بۆ فێرمینا دازا باسکرد، بەدەربڕینێکی دیکە نیشانە رەمزییەکانی خۆشەویستیی نادیاریی بەشێوەیەك دەژمارد دەتوت بەدبەختییەکانی سالانی پیرین. دکتۆر بۆ ئەوەی بەو دەردەوە نەمرێ دەبوو مەسەلەی بەکەسێك بلێت و راستییەکە لای کەسێك ئاشکرابکات. بەمپێیە هەم ویژدانی ئاسوودە دەبوو هەم لەناخەوە رێوڕەسمی خۆشەویستیی ناومالەکەی پاکژدەبۆوە. فێرمینا دازا بە تەواوی گوێی بۆ شلکرد، بەلام نەتەماشای کردو نەهیچی وت، لەهەمان کاتدا هەر پارچە جلێکی بۆندەکرد کەدکتۆر دایدەکەند، پاشان بێئەوەی ئاماژەیەك بکات یان گۆڕانێك لەڕوخساریدا بەدیبکرێت کە تووڕەییەکەی ئاشکرابکات جلەکانی لوولدەکردو هەلیدەدایە ناو ئەو سەبەتە حەسیرییەوە کەهی جلی چڵکنبوو. فێرمینا ئەوشەوە هەستی بەو بۆنە نەکرد، بەلام ئەمە هیچ کارێکی لەمەسەلەکە نەکرد. سبەی رۆژێکی دیکەبوو. دکتۆر ئۆربینۆ بەرلەوەی بۆ نزاو پاڕانەوە لەبەرامبەر میحرابی ژووری نووستندا بەچۆکابێت، بە ئەفسووسێکی دلسۆزانەوە غەمبارانە کۆتایی بەباسی بەدبەختیی خۆی هێنا و وتی "پێموایە دەمرم!" فێرمینا لەوەلامدا تەنانەت چاویشی نەتروکاندو وتی:

- ئەمە باشترین رێگایە. لەو حالەتەدا هەردووکمان هەدا دەدەین!

سالانێ بەرلەوە دکتۆر ئۆربینۆ لەکاتی قەیرانی نەخۆشییەکی ترسناکدا، سەبارەت بەئەگەری مردنی قسەیکردبوو، فێرمینا دازاش هەمان وەلامی بێڕەحمانەی دابۆوە. دکتۆر ئۆربینۆ بەوە دلخۆشیی خۆی دایەوە کە ئەمە لەدلرەقیی ژنانەوە سەرچاوەی گرتووە کە وادەکات خولانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا بەردەوامبێت. چونکە ئەوکاتە نەیدەزانی کە فێرمینا دازا بۆ شاردنەوەی ترسەکەی هەمیشە دیوارێك لەتووڕەیی بەدەوری خۆیدا

دروستدەکات لەم حاڵەتەدا ترسناکترین ترس لە ئارادا بوو واتە ترسی لە دەستدانی مێردەکەی و مانەوەی بێ ئەو.

لەلایەکی ترەوە، فێرمینا دازا ئەو شەوە بەوپەڕی دڵڕەقییەوە مردنی دکتۆری بەئاوات خواست، ئەم یەقین و بنچەندوچونییە دکتۆر ئۆربینۆی تۆقاند. پاش ئەمە کاتێ گوێی لەپرمەی گریانی فێرمینابوو کە تەپی کردبوو بە سەرینەکەیدا بۆ ئەوەی ئەم گوێی لە دەنگی گریانەکەی نەبێت، سەری سوڕما چونکە دەیزانی فێرمینا لەبەرامبەر هەر ئازارێکی جەستەیی یان رۆحیدا بە ئاسانی ناگری. فێرمینا تەنیا لە تووڕەییدا دەگری، بەتایبەتی ئەگەر تووڕەییەکە لە کەمتەرخەمییەوە سەرچاوەی بگرتایە، ئیتر هەرچەندە زیاتر بگریایە زیاتر تووڕە دەبوو، لەبەرئەوەی هەرگیز نەیدەتوانی بێدەسەڵاتیی خۆی لەگریاندا نیشانبدات. دکتۆر ئۆربینۆ نەیوێرا دڵخۆشیی بداتەوە، لەبەرئەوەی دڵخۆشییدانەوەی وەکو دڵخۆشییدانەوەی بەورێك وابوو کەقەمەی لێدرابێت. جورئەتی ئەوەی نەبوو پێی بڵێت هۆی گریانەکەی لە پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆوە لەرەگوڕیشەوە هەڵکەنراوەو نەماوە، تەنانەت لەیادەوەرییشیدا!

دکتۆرماوەی چەند دەقەیەك خۆی دایە دەست کفتیی و شەکەتیی، کاتێ چاویکردەوە، فێرمینا چراکەی تەنیشت سیسەمەکەی داگیرساندبوو بە چاوانی کراوەوە بێئەوەی بگری راکشابوو. لەکاتێکدا ئەم خەو بردبوویەوە لای فێرمینا شتێکی یەکلاییکەرەوە روویدابوو: ئەو خڵتەیەی کەساڵەهای ساڵ لە قوڵایی ژیانیدا کەڵەکە ببوو لەگەڵ ئازاری غیرەکردندا هەڵچووبوو، وەکو بورکان تەقیبوو، هاتبووە دەرێ و بەیەك ساتەوەخت پیری کردبوو. دکتۆر ئۆربینۆ کە لە چرچولۆچە لەپڕەکەی دەموچاوی فێرمیناو لێوی رەنگ هەڵبزرکاوی و قژە ماش وبرنجییەکەی تۆقیبوو، ورەی دایە بەرخۆی و پێیوت دەبێ هەوڵبدات بخەوێ: سەعات لە دووی شەو تێپەڕیبوو. فێرمینا بێئەوەی تەماشای بکات، بەبێ هیچ

نیشانەیەکی تووڕەبوون لە دەنگیدا کەوابکا دەنگی بلەرزێ، تەقریبەن بە دەنگێکی هێمنەوە وتی:

- ماڵ ئەوەم هەیە بزانم کێیە!

پاشان دکتۆر لەنوکەوە هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە، هەستیکرد کۆڵێکی لەسەرشانی داگرتووە کە بەقەد هەموو دنیا قورسبووە، چونکە دڵنیابوو فێرمینا هەموو شتێك دەزانێت و تەنیا دەیەوێت وردەکارییەکانی بۆ روون بێتەوە. بەڵام بێگومان مەسەلەکە بەو جۆرە نەبوو، چونکە لەوکاتەدا کە دکتۆر قسەی دەکرد فێرمینا سەرلەنوێ دەستی بەگریان کردەوە، بەڵام نەك وەك گریانەکەی پێش ئەوە کە بەشەرمەوە هەنسکی هەڵدەدا، بەڵکو بەفرمێسکێکی بەخوڕ وسوێرەوە کەبەسەر گۆناکانیدا دەخزاو جلی نووستنەکەی دەسووتاندو ئاگری لەژیانی بەردەدا، لەبەرئەوەی دکتۆر ئەوەی نەکرد کە فێرمینا بە دڵەڕاوکێوە ئومێدەواربوو بیکات و پیاوانە رووبەڕووی مەسەلەکە نەبێوە. دکتۆر دەبوو هەتامردن نکۆڵیی لەهەموو شتێك بکردایە و بیوتایە ئەم مەسەلەیە ئەسڵ وئەساسی نییە، لەو تۆمەتە ناڕەوایە تووڕە بووایە و بینەڕانایەو جوێنی بە خەڵکی ئەم گۆمەڵگا کوڕی قەحبەیە بدایە کە لەپێشێلکردنی نامووسی ئینسانەکان ناسڵەمێتەوە، دەبووایە دکتۆر وەك پیاو بەوپەڕیی تۆکمەیی و سەقامگیرییەوە رابوەستایە تەنانەت لەکاتێکدا کە بەبەڵگەی سەلمێنراویشەوە رووبەڕووی خیانەتەکەی دەبۆوە. پاشان کەوتی ئەم ئێوارەیە لای قەشەبووە، فێرمینا ترسا لەوەی لەتووڕەییدا بەرچاوی خۆی نەبینێ. فێرمینا لەکاتی قوتابخانەوە لەو باوەڕەدابوو کە ژنان و پیاوانی کڵێسا هیچ فەزڵێکیان نییە کە لە خوداوە وەکو ئیلهام بۆیان هاتبێت، ئەم کردەوەیەی دکتۆر ناکۆکییەکی گەوهەری بوو لە پێکەوە گونجانی ناوماڵدا چونکە پێشان هەر کێشەیەکیان هەبووبێت توانیبوویان بەبێ رووداوی ناخۆش چارەسەری بکەن. بەڵام ئەوەی کە دکتۆر تا ئەورادەیە رێگەی بە قەشەی دانپیانان دابوو خۆی لەمەسەلەیە

هەڵقورتێنێ کە بە تەنیا موڵکی خۆی نەبوو، بەڵکو موڵکی فێرمیناش بوو، شتێك بوو هەموو سنوورێکی بەزاندبوو:
- ئەگەر بە مارگرێکی لاکۆڵانیشت بوتایە هەمان شتبوو.
بەلای فێرمیناوە ئەمە کۆتایی هەموو شتێکبوو. دڵنیابوو کەشەرەف و ئابرووی تەنانەت بەرلەوەی مێردەکەشی کۆتایی بە دەربڕینی پەشیمانی بهێنێت بۆتە بنێشتە خۆشەی سەرزاری خەڵکی و ئەو هەستی سووکایەتیی پێکردنەی کە ئەم مەسەلەیە لەناخی ئەودا دروستیکردبوو لە شەرمەزاریی و تووڕەیی و ئەو ئازارەوە کە لە بێوەفاییەوە سەرچاوەی دەگرت، قورس تربوو. لە هەمووی خراپتر، ئەفرەت، لەگەڵ ژنێکی رەشپێستدا.

دکتۆر قسەکەی بۆ راستکردەوە: (لەگەڵ دوورەگێکدا) ئێستا ئیدی زۆر درەنگبوو بۆ وردیی و راستی و دروستی: فێرمینا گەیشتبووە کۆتایی. وتی (جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. ئێستا تێدەگەم ئەو بۆنە بۆنی ژنێکی رەشپێست بوو.)

ئەم رووداوە دووشەممەیەك روویداو رۆژی هەینی سەعات حەوت کاتی خۆرئاوابوون، لەگەڵ ئەو کچە بچکۆلەیەدا کە خزمەتکاریان بوو تەنیا بەیەك باوەڵ کەلوپەلەوە لە کاتێکدا بۆ خۆلادان لەهێنانە ژێر پرسیاری خۆی ر مێردەکەی دەمووچاوی بە پەچەیەکی رەش داپۆشیبوو، بەکەشتییەکی ئاسایی بەرەو (سان خوان دی لاسییناگا) بەڕێکەوت. دکتۆر خۆڤینال ئوربینۆ بەپێی رێکەوتنێکی دوو قۆلی، لەگەڵیدا نەچوو بۆ بەندەر کە پێکەوە دوای مشتومڕێکی پڕوکێنەر کە سێ رۆژی خایاند بڕیاریان لەمە دابوو، فێرمینا دازا، تا ئەو ماوەیەی بۆ بیرکردنەوە بەباشی پێویستیبوو، بەرلەوەی بڕیاری کۆتاییبدات، دەبوو لەکێڵگەکەی هیلدیبراندا سانچیزی خاڵۆزای لە گوندی (فلۆریس دی ماریا) بمێنێتەوە. منداڵەکانی بێنەوەی هۆی سەفەری دایکیان بزانن وەکو سەفەرێکی ئاسایی لە قەڵەمیانداو بەدڵ

سافییەوە داوایان لێکرد چەندی پێخۆشە لەوێ بمێنێتەوە. دکتۆر ئۆربینۆ بەجۆرێ کارەکانی ڕێکخست کە هیچ کەسێ لە دەورووبەرە غەدارەکەیدا نەتوانێت لێکدانەوەی خراپ بۆ سەفەری ژنەکەی بکات، ئەوەندە زیرەکانە ئەم کارەیکرد کەئەگەر فلۆرنتینۆ ئەریزا نەیدەتوانی سەبارەت بە سەفەرەکەی فێرمینا دازا سەرداوێکی دەست بکەوێت، لەبەرئەوە نەبوو کە ئامرازی لێکۆڵینەوەی تەواوی لەبەردەستانەبوو، بەڵکو لەراستیدا لەبەر ئەوەبوو کە لەبنەڕەتدا سەرەداوێك لە ئارادا نەبوو. مێردەکەی فێرمینا دازا گومانی لەوە نەبوو کەژنەکەی لەگەڵ نیشتنەوەی رقەکەیدا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. بەڵام فێرمینا دازا بەو دڵنیاییەوە کە هەرگیز رقەکەی کۆتاییناپەت، ماڵەکەی بەجێهێشت.

بەهەرحاڵ، فێرمینا دازا زۆر زوو دەرکی بەوە کرد کە بڕیارە تۆکمەو یەکلاییکەرەوەکەی هێندەی ئەنجامی هەستکردن بەغوربەت بوو بەرهەمی تووڕەیی ودڵڕەنجان نەبوو. لەدوای سەفەری مانگی هەنگوینیان، سەرەڕای دە رۆژ ململانێ لەگەڵ دەریادا چەندین جار چووبۆوە بۆ ئەوروپا و هەمیشە کاتێکی زۆری بۆ سەفەرەکانی تەرخانکردبوو بۆ ئەوەی بتوانێت چێژیان لێوەر بگرێت. فێرمینا ئاگای لەدنیابوو، ئەوە فێر ببوو کە بەپێی هەلومەرجی ئەمڕۆ بیر بکاتەوەو بژی، بەڵام دوای ئەو گەشتە بێئەنجامەی بەباڵۆنەکە کردی هەرگیز نەگەڕابۆوە بۆ (سان خوان دی لاسییناگا). بەڕای فێرمینا رەگەزێکی ئازادی بەخشی درەنگ وەخت لە گەڕانەوەیدا بۆ هەرێمەکەی هیلدیبراندای خاڵۆزایدا هەبوو، وەڵامبوو بۆ هەموو ئەو نەهامەتییەی لە ژیانی خێزانیدا هاتبووە رێی: بیروباوەڕێکی وا لەم قسانە کۆنتربوو. لەم رووەوە تەنیا بیری نوێکردنەوەی دیدار لەگەڵ شوێنی سەردەمی لاویدا ئۆخژنێك بوو بۆ بەدبەختییەکەی.

کاتێ لەگەڵ کچەخزمەتکارەکەیدا لە(سان خوان دی لاسییناگا) لە کەشتییەکە دابەزین، پەنای بۆ پاشماوە زۆر زەوەندەکانی ئاخی بردو

سەرەڕای هەموو نیشانە گۆڕاوەکانی، شارەکەی ناسییەوە. فەرماندەی سەربازی و مەدەنی شارەکە کەپێیواترابوو بایەخی پێبدات هەرکە زانی فێرمینا هاتۆتە شارەکە داوای لێکرد هەتا شەمەندەفەرەکە بەرەو (سان پیدرۆ ئەلیخاندرۆ) بەڕێدەکەوێ بە گالیسکەی دوونەفەریی حکومی گەشتێك بەناو شاردا بکەن. فێرمینا دازا دەچوو بۆ (سان پیدرۆ ئەلیخاندرۆ) تا بەچاوی خۆی ئەوە ببینێت کە ئایا ئەو قسەیە راستە کە ئەو قەرەوێڵەیەی پاڵەوانی ئازادیی (واتە سیمۆن بۆلیڤار ڕزگارکەری ئەمریکای باشوور) ی لەسەر مردووە هێندەی قەرەوێڵەی منداڵێك دەبێت. فێرمینا لەبێدەنگیی سەعات دووی پاشنیوەڕۆدا چاوی بەدیمەنەکانی ئەو شارە روونبۆوە کەشوێنی لەدایکبوونی خۆیبوو، بەو شەقامانەوە کە زیاتر لەزەلکاوێك دەچوون کە سەری گۆمەکانی بەکەف داپۆشرابێت، بەو خانووانەشەوە کە بە شێوازی پرتوگالییەکان دروستکرابوون و پەنجەرەکانیان دوولایی و برۆنزی بوو و دروشمی وەجاخزادەکان لەسەر دەرگاو پەنجەرەکان هەڵکەنرابوو، ئەو شوێنەشی لەیادیدا زیندووکردەوە کە تیایدا دایکی کە تازە شوویکردبوو کچی ماڵە دەوڵەمەندەکانی فێری پیانۆ ژەنین کردبوو بەشێوەیەکی غەمبارانەو پڕ دوودڵیی کە لەناو تاریکی کۆشك و تەلارەکاندا دەنگیان دەدایەوەو گاڵەیان دەکرد. مەیدانە چۆڵەکەی بینی کە هیچ درەختێك لەناو پشکۆی نیتراتی سۆدیۆمیدا نەڕوابوو، ریزی عەرەبانچییەکانی بەکڵاوی دڵتەنگکەرو ئەو ئەسپانەوە بینی کە بەپێوە خەوەنووتکەیان بوو، شەمەندەفەرە زەردەکەی (سان پیدرۆ ئەلیخاندرۆ)ی بینی، لەگۆشەیەکی کڵێسای گشتییەوە گەورەترین و جوانترین خانووی شارەکەی هاتە بەرچاو بەڕاڕەوێکی تاقدارەوە کە بەبەرد دروستکرابوو رووەکی سەوز دایپۆشیبوو، بەدەرگایەکی گەورەی وەك هی دێرو پەنجەرەی ئەو ژووری نووستنەوە کە ساڵەها دوای ئەوە واتە کاتێ ئیدی فێرمینا یادەوەرییەکی نەمابوو بەیادی بهێنێتەوە تیایدا ئەلفارۆ لەدایکدەبوو. بیری لەپوورە ئیسکۆلاستیکا کردەوە

کە لەزەوی و ئاسماندا ئائومێدانە سۆراخیدەکرد، وەك ئەو حاڵەتە دەگمەنانەی کە سەردەمی قوتابخانە ناخۆشەکەی بیردەهاتەوە هەستیکرد بیر لە فلۆرنتینۆ ئەریزا دەکاتەوە بەو جلوبەرگە ئەدیبانەیەوە و بەکتێبی شیعرەکەیەوە کە لەبن دارچواڵەی تاڵی پارکە بچووکەکەدا دادەنیشت. دەوران دەوری شار گەڕا بەڵام نەیدەتوانی خانووە کۆنەکەی ماڵی باپیری بدۆزێتەوە، چونکە لەو شوێنەدا کە پێیوابوو ماڵی باپیری لێیە تەنیا تەویلەیەکی بەرازی لێبوو کە لەپێچەکەیەوە شەقامی قەحبەخانەکان درێژ دەبۆوە کە ژنە سۆزانییەکان لە سەرانسەری دنیاوە لە چاوەڕوانیی گەیشتنی پۆستەدا لەراڕەوەکاندا سەرخەوی نیوەڕۆیان دەشکاند، بەڵکو پۆستە شتێکی بۆ هێنابن. ئەم شوێنە ئیدی ئەو شارەی جاران نەبوو.

فێرمینا دازا لە سەرەتای گەشتەکەیەوە بەسواری گالیسکە، بەلەچکەکەی بەشی خوارەوەی دەموچاوی داپۆشی هەڵبەتە ئەمە لەترسی ناسینەوەی نەبوو لەناوچەیەکدا کەکەس نەیدەناسی، بەڵکو لەبەر لاشەی ئەو مردووە ئاوساوانە بوو کە لەهەموو جێگایەکدا لە وێستگەی شەمەندەفەرەکەوە تا گۆڕستانەکە لەبەر هەتاوەکە بەدیدەکران. فەرماندەی سەربازیی ومەدەنی شارەکە پێیوت "کۆلێرایە!" فێرمینا دازا خۆی ئەمەی دەزانی لەبەرئەوەی تلۆقی سپی بەدەمی لاشە خۆر لێدراوەکانەوە دیبوو، بەڵام هەستی بەوە کرد کەهیچ کام لەم لاشانە وەکو ئەو لاشانەی کە بەسواری باڵۆنەکەوە دیبوونی فیشەکی رەحمەت بە قورتمیانەوە نەبوو. ئەفسەرەکە پێی وت:

- وایە، خوداش شێوازەکانی چاکدەکات.

ماوەی نێوان (سان خوان دی لاسییناگا)و شارۆچکەی (سان پیدرۆ ئەلیخاندرۆ) تەنیا نۆ فرسەخ بوو بەڵام شەمەندەفەرە زەردەکە تەواوی ئەو رۆژەی بەڕێوە بەسەربرد، لەبەرئەوەی سایەقی شەمەندەفەرەکە لەگەڵ موسافیرە هەمیشەییەکانیدا دۆست وهاوڕێ بوون و ناوبەناو داوایان

ێدەکرد کەمێك بوەستێ بۆ ئەوەی لە گۆڕەپانەکانی یاری گۆڵفدا کە سەریەکۆمپانیای مۆزبوون پیاسە بکەن و تەزووی قاچیان دەرکەن. یان بۆ ئەوەی هەندێ لە پیاوەکان لەچەمە سازگارو ساردەکاندا بەڕووتی مەلەبکەن کە لە شاخەکانەوە سەرچاوەیان دەگرت و دەهاتنە خوارێ، هەرکاتێکیش برسییان بوایە لە شەمەندەفەرەکە دادەبەزین و ئەو مانگایانەیان دەدۆشی و شیرەکەیان دەخواردن کە لە گێلگەکاندا دەلەوەڕان. کاتێ گەیشتنەجێ، فێرمینا دازا تۆقیبوو، چونکە ئەوەندەی کات نەبوو کە بە بینینی درەختی تەمر هندی هۆمیری سەراسیمە بێت کە پاڵەوانی ئازادیی جۆلانەکەی پێدا هەڵواسیبوو، گیانی پاکی سپاردبوو، هەروەها بەچاوی خۆی ببینێ کە وەك ئەوەی دەوترا ئەو جێگایەی پاڵەوانی ئازادیی گیانی لەسەر سپاردبوو نەك تەنیا بۆ پیاوێکی وەك ئەو بەو گەورەیی و شکۆمەندییەوە بەڵکو بۆ منداڵێکی حەوت مانگیش بچووك بوو. بەهەرحاڵ، گەشتیارێکی دیکە کەوادەهاتە بەرچاو کەسێکی بە ئاگابێت وتی ئەو پێخەفە جگەلە پاشماوەیەکی ساختە شتێکی دیکە نییە، لەبەرئەوەی راستی مەسەلەکە ئەوە بوو کە باوکی نیشتمان لە سەرەمەرگدا بەڕووتی لەسەر زەوییەکە بەجێهێڵرابوو. فێرمینا دازا لەو کاتەوە کە لەماڵ دەرچوو بوو لە ئەنجامی ئەوشتانەوە کە بیستبووی و بینیبووی هێندە غەمباربوو، تائەوڕادەیەی لەم سەفەرەدا هەستی بەو بەختەوەرییە نەکرد کە هەمیشە بەتاسەوە بوو بۆی، بۆیە خۆی لەتێپەڕین بەناو ئەو گوندە پڕ یادەوەریانەدا دزییەوە کە بیری دەکردن و دڵی بۆیان تەنگ ببوو، تا بەوشێوەیە دیسان بتوانێت لەیادەوەریی خۆیدا هەڵیان بگرێ و لەوە زیاتر تووشی نائومێدی نەبێت. فێرمینا کاتێ لە نائومێدی هەڵدەهات بەدەم ڕێوە ئاوازی ئۆکۆردیۆن و قیژەوهاواری لەمەیدانی شەڕی کەڵەشێرەکانەوە دەهاتەگوێ، هەروەها دەنگی تەقەشی دەبیست کە دەکرا نیشانەی جەنگ بێت یان تەقەی خۆشی و شادی بێت، کاتێ چارەیەکی دیکەی نەدەما جگە لەوەی بەناو گوندێکدا رەت بێت، بەلەچکەکەی

دەموچاوی دادەپۆشی بۆ ئەوەی بتوانێت ئەوگوندە بەهەمان ئەو شێوەیەی کە لە یادەوەرییدا هەیە، بهێڵێتەوەو ئەو یادەوەرییە بپارێزێت.

دواجار شەوێك، دوای خۆدزینەوەیەکی دووروودرێژ لە ڕابردوو، گەیشتە کێڵگەکەی هیلدیبراندای خاڵۆزای و کاتێ بینی لەبەردەرگا چاوەڕوانیی دەکات، وەختەبوو لەهۆش خۆی بچێت. چونکە دەتوت لە ئاوێنەی راستیدا خۆی دەبینێت. هیلدیبراندا پیرو قەڵەو بەدەست منداڵ لاسارو عەجولەکانییەوە پرزەی لێبڕابوو کە لەو پیاوە نەیخستبوونەوە کە هێشتا بە بێئومێدییەوە خۆشیدەویست، بەڵکو لەو ئەفسەرە خستبوونییەوە کەخانەنشینییەکی باشی هەبوو، هیلدیبراندا لەرقی شکستهێنانی لەخۆشەویستییەکەیدا شوویپێکردبوو، ئەم کابرایە هەتا سنووری شێتی هیلدیبراندای خۆشدەویست. بەڵام لەبەدەنی وێرانی ئەم ژنەدا هێشتا خۆشەویستەکەی هێلانەی مابوو. فێرمینا دازا تەنیا پاش چەند ڕۆژێ ژیان لەناو سروشتداو بەیادهێنانەوەی چەند یادەوەرییەکی شیرین، ئەوشۆکەی یەکەم ساتی گەیشتنی لێیدابوو، بەریدا، بەڵام وێڕای ئەمەش جگەلە یەکشەموان کەدەچوو بۆ رێورەسمی عەشای رەببانی کێڵگەکەی بەجێنەدەهێشت. فێرمینا لەگەڵ کوڕەزاو کچەزای هاوڕێ سەرکەشەکانی ساڵانی پێشوویدا دەچوو بۆ رێورەسمی عەشای رەببانی کەکوڕانی سوارچاکبوون، بەسواری ئەسپی جوان و رەسەن دەهاتن لەگەڵ کچانی شەنگ وشۆخ بەجلو بەرگی جوانەوە کەرێك وەك دایکیان وابوون لەو تەمەنەدا، سەراپای رێگاکە تا کڵێسای گروپی مژدەدەران کە لەقوڵایی دۆڵێکدابوو لەناو ئەو گالیسکانەدا کەگامێش رایدەکێشان، بە پێوە دەوەستان و پێکەوە گۆرانییان دەچڕی. فێرمینا تەنیا بەناوگوندی (فلۆریس دی ماریا)دا رەتدەبوو کە لەسەفەری یەکەمیدا نەچووبووە ئەوێ چونکە پێیوانەبوو حەزی لەو گوندە بێت، بەڵام کاتێ بینی شەیدای بوو. بەدبەختیی فێرمینا یان بەدبەختیی گوندەکەبوو کە هەرگیز نەیتوانی خۆی چۆن بووە

ئاوا بەیادیبهێنێتەوە و تەنیا بەشێوەیەک بەیادی دەهێنایەوە کە بەر لەبینینی هێنابوویە بەرچاوی خۆی.

دکتۆر خۆڤینال ئۆربینۆ دوای ئەوەی راپۆرتێکی لە ئەسقەف (ریو هاچا)وە پێگەیشت، بڕیاریدا بچێت بەدوای ژنەکەیدا، کە تیایدا ئەسقەف بەو ئەنجامە گەیشتبوو مانەوەی درێژخایەنی فێرمینا لەبەرحەزنەکردنی بەگەڕانەوە نییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کەناتوانێ ڕێگایەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ غروری نەفس بەرزی خۆیدا بدۆزێتەوە. بەمپێیە دوای ئاڵوگۆڕکردنی چەند نامەیەک لەگەڵ هیلدیبراندا کە لەئەنجامیدا ئەوەی بۆ دەرکەوتبوو ژنەکەی بەکپارچە بریتییە لە دڵتەنگیی، بەبێئەوەی ئاگاداریان بکاتەوە چوو بۆ ئەوێ. فێرمینا ئیدی تەنیا بیری لەماڵەکەی دەکردەوە. سەعات یانزەی پێشنیوەڕۆ، فێرمینا دازا لە موبەق سەرقاڵی ئامادەکردنی یاپراخی باینجان بوو کە هات و هاواری وڵاغدارەکان و حیلەی ئەسپەکان و دەنگی تەقەی هاتەگوێ کە بە ئاسماندا دەکرا. پاشان دەنگی پێی قورسی پیاوێکی لە دەرخەلەکەدا هاتەگوێ کە دەیوت:

- مرۆڤ لە کاتی خۆیدا بگاتەجێ لەوە باشترە چاوەڕێی بانگهێشت بێت.

فێرمینا دازا هەستیکرد وەختە لەخۆشحاڵیدا دەمرێت. بەبێ ئەوەی کاتی بیرکردنەوەی هەبێت هەرچۆنێ بێت دەستی شۆردو لەژێر لێوەوە وتی " سوپاس بۆتۆ خوایە، سوپاس، تۆ چەند میهرەبانی" لای خۆیەوە بیری لەوە کردەوە لەبەرئەو باینجانە نەفرەتییەی کەهیلدیبراندا بێئەوەی پێی بڵێت بۆ نیوەڕۆ کێ میوانیانە داوای لێکردبوو ئامادەیبکات، خۆی نەشتووە و بەچڵکنی چەند ناشیرین و پیر دێتەبەرچاو، دەموچاوی هەتاو سووتاندوێتی و ئەوەندەی توێ هەڵداوە کەمێردەکەی بەبینینی لەهاتن پەشیمان دەبێتەوە: لەبەرخۆیەوە وتی "بە نەفرەتبی" بە بەرکۆشەکەی باش دەستی سڕی و دەستێکی بە سەرو گوێلاکیدا هێنا،

سەراپای ئەو غروورو نەفس بەرزییەی پێیەوە لەدایک ببوو خستە خزمەتی ئارامکردنەوەی دڵی پەرێشانییەوە و بە ڕەوت و لەنجەولاری مامز ئاسایەوە، بەسەری بەرزو چاوانی گەشەوە، لووتی ئامادەی نەبەردبوو سوپاسی قەدەری کرد کە ئەو دڵنیاییەی پێبەخشی بگەڕێتەوە بۆماڵەوە، بەم حاڵەوە چوو بۆلای مێردەکەی، بەڵام نەک بەو نەرم و نیانییەش کە دکتۆر بیری لێدەکردەوە. وەک ئەوەی هیچ رووینەدابێ بەخۆشحاڵییەوە لەگەڵیدا دەڕواتەوە، لای خۆیەوە بڕیاریدا بەبێدەنگیی تۆڵەی ئەو تاڵی و سوێرییەی لێبکاتەوە کە بەدەستییەوە چەشتبووی و ژیانی بەوحاڵە گەیاندبوو.

تەقریبەن دووساڵ دوای دیارنەمانی فێرمینا بوو یەکێ لەو رووداوە رێکەوتە دەگمەنانە روویدا کە ئەگەر ترانسیتۆ ئەریزا لە ژیاندا بووایە وەکو یەکێك لەگاڵتەکانی خودا لەقەڵەمیدەدا. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەهیچ هەل ومەرجێکدا نەکەوتبووە ژێر کاریگەریی داهێنانی سینەماوە، بەڵام بێئەوەی نارەزایی دەربپڕێت لیۆنا کاسیانی بردی بۆ ئاهەنگی گەورەی نیشاندانی فیلمی (کابیریا) کە ناوبانگی بە هۆی ئەو دیالۆگەوە بوو کە گابرییل دانۆنزیۆی شاعیر نووسیبووی. هۆڵی گەورەی سینەمای دۆن گالیلۆ داکونتێ کە سەری بەتاڵبوو، هەندێ شەو دەکرا لەخۆشەویستیی بێدەنگیی سەرشاشەی سینەماکە زیاتر لەزەت لە جوانی و درەوشاوەیی ئەستێرەکانی ئاسمان ببینی، پڕبوو لە کەسی دیار و هەڵبژاردە. لیۆنا کاسیانی بە سەرسامی و دەم داپچڕاوییەوە متابەعەی رووداوەکانی فیلمەکەی دەکردو لەلایەکی ترەوە فلۆرنتینۆ ئەریزا لە ئەنجامی یەك ریتمی چیرۆکی فیلمەکە وەنەوزیدەدا لەدوایەوە دەنگێکی ژنانە کە وادەهاتە بەرچاو خەیاڵی ئەمی خوێندبێتەوە وتی: خودایە! چەند بابەتێکی یەك ریتمە!

ئەم رستەیە تەنیا شتێ بوو کە وتی و رەنگە دەنگدانەوەی دەنگی لەناو تاریکییەکەدا بووبێتە هۆی ئەوەی جگە لەو رستەیە هیچی تر نەڵێت، چونکە هێشتا ئەوە نەببوو بە عادەت کە فیلمی بێدەنگ ئاوازی پیانۆی

لەگەڵدا بێت و لەناو تاریکیی هۆڵەکەدا تەنیا دەنگی ئامێری نیشاندانی فیلمەکە دەهات کە وەك هاژەی باران دەهاتەگوێ. فلۆرنتینۆ ئەریزا تەنیا لە هەلومەرجە سەختەکاندا بیری لەخودا دەکردەوە، بەڵام ئەمجارە لەناخی ناخییەوە سوپاسی خودای کرد، چونکە لەو نیوەڕۆیەوە کە ئەم دەنگە خۆش و ناسکەی بیستبوو کە لەناو گێژەلووکەی گەڵای زەردی پارکێکی چۆڵدا وتی " ئێستا برۆ و هەتا جوابت لێنەگێرمەوە نەیەیتەوە" ئەم دەنگەی لەناو دڵ ورۆحیدا هەڵگرتبوو تەنانەت ئەگەر لە قوڵایی چل مەتریشدا بووایە لەناو خاکدا یەکسەر دەیناسییەوە. فلۆرنتینۆ ئەریزا دەیزانی بێگومان لە کورسییەکەی دوای خۆیەوە لەگەڵ مێردەکەیدا دانیشتووە. دەیتوانی هەست بە گەرمی ئامادەگیی و تەنانەت بە هەناسەکانیشی بکات.
بەخۆشەویستییەوە ئەو هەوایەی هەڵدەمژی کە بە هەناسەی ئەو پاگژ ببۆوە. لە جیاتی ئەوەی لەبەردەم هێرشی کرمی ناو گۆڕدا بیهێنێتە بەرچاوی خۆی- وەك ئەو وێنەیەی کە لەم چەند مانگەی دواییدا لە نائومێدیدا دیهێنایە پێش چاوی خۆی- لە تەمەنێکی خۆشحاڵ و درەوشاوەدا، بەسکێکی بەرزەوەبوو بە ئاولەمەی کوڕە نۆبەرەکەیەوە لە ژێر عەزی مینیرڤادا هێنایە بەرچاوی. فلۆرنتینۆ ئەریزا کە گوێی بەو کارەساتە مێژووییانە نەدەدا کە لە شاشەکەوە نیشان دەدران، ناچار نەبوو ئاوڕبداتەوە بۆ ئەوەی فێرمینا ببینێت وەك ئەوەی وێنای دەکرد. بەبۆنی خۆشی بۆشنای دار چوالەی تاڵ کە لە بەدەنی فێرمیناوە دەهاتە لووتی مەست دەبوو حەزی دەکرد بزانێت فێرمینا دەربارەی ئەوەی ژنان لەفیلمەکاندا دەبێ چۆن عاشق بن بۆ ئەوەی خۆشەویستییەکەیان کەمتر لەژیانی ئاسایی ئەوانەی ئازارو ژانبێ، چۆن بیردەکاتەوە. ڕێك پێش ئەوەی فیلمەکە تەواو بێت، فلۆرنتینۆ لە ساتەوەختێکی پڕ شەوق وزەوقدا هەستی بەوەکرد کە هەرگیز تا ئەم رادەیە و هێندەی ئەم کاتەی ئێستا لەو کەسە نزیکنەبۆتەوە کە بە ڕادەبەدەر خۆشیدەوێت.

کاتێ گڵۆپەکان داگیرسان، فلۆرنتینۆ ئەریزا چاوەڕێیکرد تا ئەوانیتر هەستان، پاشان بە ئارامی لەکاتی داخستنەوەی قۆپچەکانی هێلەکەیدا کە هەمیشە لەکاتی بینینی فیلمدا دەکرانەوە، هەستایە سەرپێ و بەگێژییەوە ئاوڕیدایەوە، هەرچواریان لووتیان بە لووتی یەکتریدا تەقی و ناچاربوون سڵاو لە یەکتری بکەن و هەواڵی یەکتری بپرسن تەنانەت ئەگەر کەسیشیان حەزی بەمە نەبووایە. سەرەتا خوڤینال ئوربینۆ تەوقەی لەگەڵ لیۆنا کاسیانی کرد کە زۆر چاکی دەناسی و دواتر بەخۆنواندنەوە کەخووی هەمیشەیی بوو دەستی فلۆرنتینۆی گوشی. فێرمینا دازا بە دڵپاکییەوە تەنیا بە دڵپاکییەوە رووبەڕوویان بزەی هاتێ، بەڵام بزەی کەسێك کە چەندان جار ئەم جووتەی دیبوو، دەیناسین و پێویستی بەناساندنی رەسمی نەبوو. لیۆنا کاسیانی وەك دووڕەگێك بە ویقاری تایبەتییەوە وەڵامی فێرمینای دایەوە. بەڵام فلۆرنتینۆ ئەریزا کە بینینی فێرمینا سەرسامی کردبوو نەیدەزانی دەبێ چیبکات.

فێرمینا دازا کەسێکی دیکەی لێدەرچووبوو. هیچ نیشانەیەکی ئەو نەخۆشییە ترسناکەی پڕوپاگەندەی وا بڵاوببۆوە کە تووشی بووەو نیشانەی هیچ نەخۆشییەکی دیکە بەروخسارییەوە بەدینەدەکرا، بەدەنی رێکی و قەدباریکیی مامناوەندی جارانی پاراستبوو، بەڵام جوان دیاربوو کە ئەم دووساڵەی دوایی بەقەد دووساڵی دژوار بەسەختی گوزەراندووە. قژە کورتەکەی زۆر جوان لێدەهات کە دوو پەرچەمی لار هاتبوونە سەر هەردوو گۆنای. بەڵام رەنگەکەی لە هەنگوینییەوە ببوو بە خۆڵەمێشییەکی بریقەدار، چاوە نێزەئاساو جوانەکانیشی لەودیو چاویلکەی ئەنکانەیەوە نیوەی تەمەنی رووناکییان لەدەست دابوو. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەناو خەڵکەکەدا کە لەهۆڵی سینەماکە دەچوونەدەرێ فێرمینای بینی قۆڵی مێردەکەی گرتبوو، ئەمما لەوە سەرسامبوو کەبینی بە لەچکی ژنانی هەژارو نەعلی ناوماڵەوە هاتووە بۆ شوێنێکی گشتیی. بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێ زیاتر کاری تێکرد

ئەوەبوو کە بینی مێردەکەی ناچاربوو قۆڵی بگرێ بۆ ئەوەی دەرگای چوونە دەرەوەی نیشانبدات لەگەڵ ئەمەشدا دیسان باش حسابی بۆ بەرزی پلەی قادرمەکانی دەرگای چوونە دەرەوە نەکردو قاچی خزا هێندەی نەمابوو بکەوێت.

فلۆرنتینۆ ئەریزا سەبارەت بەهەنگاوی لەرزۆك و نوچدانی پیریی زۆر هەستیاربوو. تەنانەت وەکو گەنجێکیش لەپارکەکاندا خوێندنەوەی شیعری دەبڕی بۆ ئەوەی تەماشای ئەو ژن ومێردە بەساڵاچووانە بکات کە لەپەڕینەوەی شەقامەکەدا یارمەتی یەکترییان دەدا. لەبەرئەوەی ئەم پیرەمێردو پیرەژنانە لە ژیاندا بۆ ئەم چەند دەرس و پەندێ بوون کە لەکشفکردنی یاساکانی پیرییدا یارمەتییان دەدا. لە شەوانی نیشاندانی فیلمدا، ئەو پیاوانەی لەتەمەنی دکتۆر خۆڤیناڵ ئۆربینۆدا بوون، بەجۆرێ لە گەنجیی پاییزی تەمەن دەکرانەوە و قۆزو سەرنجراکێش بوون، بەتایبەتی لەچاوی ژنانی گەنجەوە تاڵەکانی قژی خۆڵەمێشییان ویقارو کەسایەتییەکی دیارتری پێدەبەخشین، لەکاتێکدا ژنە گرمۆڵە بووەکانیان ناچاربوون بەتوندی پڕ بەقۆڵیاندا بکەن بۆ ئەوەی نەکەون بەسەر سێبەری ئەماندا. بەهەرحاڵ، چەند ساڵێ دوای ئەم مێردانە بەبێنەوەی بەخۆیان بزانن لەرووی بەدەنی و رۆحییەوە بەرەو هەڵدێری پڕ سووکایەتیی پیریی دەکەوتنەخوارەوە ئەوسا ژنەکانیان دەهاتنەوە سەر خۆیان و بەجۆرێ قۆڵیان دەگرتن و رێگایان پیشاندەدان وەك ئەوەی یارمەتی پیاوانی کوێربدەن، بۆ ئەوەی نەفس بەرزی و غروری پیاوانەیان بریندار نەبێت دەیانچرپاند بەبن گوێیاندا کە دەبێ ئاگایان لەخۆیان بێت، چونکە قادرمەکەی بەر پێیان سێ پلەیە نەك دوو، لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا گۆلاوێك هەیە، ئەوشتەی لەسەر شۆستەکەی بەرامبەر کەوتووە لاشەی گەدایەکی مردووە، بەزەحمەتێکی زۆر یارمەتی مێردەکانیان دەدا کە لەشەقامەکان بپەڕنەوە، بەشێوەیەك وەك ئەوەی شەقامەکە تەنیا بواری دوا رووباری ژیان بێت. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەم

ئاوێنەیەدا ئەوەندە خۆی دیبوو کەهێندەی لەوە دەترسا پێ بخاتە ئەو تەمەنە پڕ سووکایەتییەوە، واتە ئەوکاتەی ناچارە پشت بە قوڵی ژنێک ببەستێت، ئەوەندە لەمردن نەدەترسا. لەو ڕۆژەدا، تەنیا لەو ڕۆژەدا، فلۆرنتینۆ دەیزانی کە ناچار دەبێت چاو لە ئومێد بە فێرمینا دازا بپۆشێت.

ئەم یەکتربینینە خەوی لەچاوانی فلۆرنتینۆ تۆراند. لەجیاتی ئەوەی بەگالیسکە لیۆنا کاسیانی بگەیەنێت، بەپیاسە بەشەقامەکانی شارەکۆنەکەدا بەرەو ماڵی کاسیانی کەوتنەرێ. تەقەی پێی کاسیانی وەک هی سمی ئەسپ لەسەر شۆستەکان دەنگیدەدایەوە. جاربەجارێ لەدەرگای کراوەی باڵکۆنەکانەوە پاشماوەی هەندێ قسەی تیژ تێپەڕ دەهاتنەدەرێ: کە بریتی بوون لە ڕازونیازەکانی سەرسیسەمی نووستن، نرکەوناڵەی کاتی جووتبوون کە لەژێر کاریگەریی دەرمانی خەیاڵیی هەستی بیستندا گەورە دەبوون، بۆنی یاسەمینی گەرم لەشەقامە تەنگەبەرو خەوتووەکاندا. جارێکی تر فلۆرنتینۆ ئەریزا ناچاربوو تەواوی وزەو تواناى خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی لای لیۆنا کاسیانی پەردە لەسەر ڕازی خۆشەویستیی ناکامی لەگەڵ فێرمینا دازا دا لانەدات. ئەم جووتە وەک دوو دەزگیرانی کۆن، لەتەنیشت یەکترییەوە بە ئارامیی و بەهەنگاویی ڕێک دەڕۆیشتن بەهێواشی لەناو خۆشەویستییدا نغرۆببوون. لیۆنا کاسیانی لەخەیاڵی ڕووداوەکانی فیلمەکەی (کابیریا)دا بوو، فلۆرنتینۆش لە خەیاڵی بەدبەختییە تایبەتییەکەی خۆیدا. لە مەیدانی گومرگ پیاوێک لە باڵکۆنێکدا گۆرانی دەوت، لەسەراپای ئەو شوێنەدا دەنگی وەک زنجیرەیەک دەنگدانەوە دەنگی دەدایەوە: ( کاتێ بە ناو شەپۆلە بێسنوورەکانی دەریادا دەڕۆیشتم).

لە شەقامی (لۆس سنتۆس) فلۆرنتینۆ ئەریزا لەبەردەم ماڵی لیۆنا کاسیانی لەکاتێکدا دەبوو خواحافیزیی لێبکات داوای لێکرد داوەتی بکات بۆ خواردنەوەی پێکێ براندی. ئەمەش دووەم جار بوو کە فلۆرنتینۆ لە هەلومەرجێکی لەو جۆرەدا داوایەکی وای لە لیۆنا کاسیانی کرد. یەکەم

جار ده ساڵ پێش ئەوە بوو لیۆنا پێی وتبوو ( ئەگەر لەم سەعاتەدا بێیتە ژوورەوە دەبێت بۆ هەتا هەتایی تیایدا بمێنیتەوە) کاتی خۆی نەچووە ژوورەوە بەڵام ئێستا ئامادەبوو بچێتە ژوورەوە، تەنانەت ئەگەر ناچاربووایە پاشان بەڵێنەکەشی نەباتە سەر. لەگەڵ ئەوەشدا، لیۆنا کاسیانی فەرمووی لێکرد بەبێئەوەی داوای هیچ بەڵێنێکی لێبکات.

بەمشێوەیە فلۆرنتینۆ ئەریزا لە کاتێکدا بێئەوەی چاوەڕوانی کردبێ خۆی لەخەڵوەتگای خۆشەویستییەکدا دۆزییەوە کە پێش ئەوەی لەدایک بێت مردبوو. دایك و باوکی لیۆنا کاسیانی مردبوون، تاقە براکەی لە (کۆراساو) سامانێکی پێکەوە نابوو، کاسیانی بە تەنیا لەخانووە کۆنەکەی ماڵی باوکیدا دەژیا. ساڵانێ پێش ئێستا، سەروەختێ کە فلۆرنتینۆ ئەریزا هێشتا چاوپۆشیی لەو ئومێدە نەکردبوو کە بیکات بە عەشیقەی خۆی، بەڕەزامەندیی دایك وباوکی ڕۆژانی یەکشەمموان سەردانی کاسیانی دەکرد، جاری وابوو هەتا نیوەشەو پێکەوەبوون و ئەوەندە لە پرۆسەی چاکردنەوەی خانووەکەدا بەشداریی کردبوو کە بەماڵی خۆی دەزانی. بەڵام ئەو شەوە دوای ئەوەی لەسینەما گەڕانەوە ئەو هەستەی لادروستبوو کە یادەوەریی ئەم لەژووری میواندا سڕاوەتەوە. تاقمی میوانەکە جێگۆڕکێی پێکرابوو. چەند وێنەیەکی تازە بەدیوارەکانیدا هەڵواسرابوون و فلۆرنتینۆ پێیوابوو هەموو ئەم گۆڕانکارییانەی کە بەدڵڕەقییەوە ئەنجامدرابوون بەو مەبەستەبوو کە جەخت لەو یەقینە بکەنەوە کە ئەم هەرگیز لەو ماڵەدا نەژیاوە. پشیلەکەش نەیدەناسییەوە فلۆرنتینۆ کە لەم فەرامۆشکردنەوە دڵی شکابوو وتی:

- ئەو ئیدی منی لەیاد نییە.

لیۆنا لە کاتێکدا کەپێکەکانی تێدەکرد پشتی تێکردو وەڵامیدایەوە کە ئەگەر لەم مەسەلەیە نیگەرانە دەتوانێت دڵنیا بێت لەبەرئەوەی پشیلە کەسی لەیادنییە. ئەم جووتە لەسەر قەنەفەکە

کەپێکـەوە لکـابوون پاڵیـان دابـۆوەو باسـی خۆیـان دەکـرد. دەربـارەی ئەوشتانە قسەیان دەکرد کەپەیوەندی بەو ئێوارەیەوە هەبوو کە لەناو ئەو کەرەڤانەیـەدا یـەکتریان ناسـی کەمێستر رایدەکێشا، خـوا دەزانێـت چەند ساڵ بەرلەوە بوو. ژیانیـان لـەژووری کارکردنیانـدا بەسەربردبوو کەنزیکی یەك بوون و تائێستا جگە لە کارەکەیان دەربارەی هیچ شتێ قسەو باسیان نەکردبوو. لەکاتی قسەکردندا فلۆرنتینۆ دەستی خستە سەرڕانی و وەکو لەخشتەبەرێکی بە ئەزموون دەستی پێدادەهێناو یاری پێدەکرد، کاسیانی لێگـەڕا وابکـات، بێئـەوەی هـیچ کاردانەوەیـەکی هـەبێت و بـۆ خۆشـیش مـچوڕکەیەکی پێـدابێت. کـاتێ فلۆرنتینـۆ ویـستی لـەوە زیـاتر بـڕوات، کاسیانی دەستە ئەسرەوتەکەی گرت و ناولەپی ماچکردووتی:

– ئاگات لە رەفتارت بێت، من زۆردەمێکە لەوە حاڵیبووم تۆ ئەو پیاوە نیت کەمن بەشوێنیدا وێڵم.

لە رۆژگارێکدا کەهێشتا لیۆنا کاسیانی کچۆڵەبوو، کابرایەکی بەهێزو کارامە کەئەم هەرگیز چاوی بەچارەی نەکەوتەوە، لەکەناری دەریا لەسـەر دیـواری بەربەسـتی شـەپۆلەکان لـەپڕ پەلاماریـداو پاڵیخـست، جلـەکانی لەبـەرا دڕانـدو رووت و قـووتی کـردەوە ئەوسـا بەشـێوەیەکی سەرپێی و شێتانە لاقەی کرد، کاسیانی لەکاتێکدا لەسەر بەردەکان تەخت ببوو، هەموو گیانی زامدارببوو، پڕ بەدڵ حەزی دەکرد هەتا هەتایە ئەو پیاوە بەسەرییەوە بێت، بۆ ئەوەی لەخۆشیدا لەباوەشیدا بمرێت. ئیدی هەرگیز ئەڕوخساری بینییەوەو نە دەنگی هاتەوە گوێی، بەڵام دڵنیابوو کە بە سیماو قەبارەو شێوەی سواربوونەکەیدا دەتوانێت لەناو هەزاران پیاودا بیناسێتەوە. لەوە بەدواوە هەر کەسێ گوێی بۆ شل بکردایە واڕاهاتبوو پێی بڵێت:

– ئەگەر رۆژێ پیاوێکی کەتەت تووشبوو کە لە پانزەی تشرینی دووەمدا سەعات نزیکەی یانزەونیوی شەو لەکەناری دەریا لەسەر بەردی

دیواری خنکاوەکان کچێکی نەگبەتی رەشپێستی لاقە کردووە، پێی بڵێ دەزانێ لەکوێ بمدۆزێتەوە.

لیۆنا وەکو خوویەك ئەم قسەیەی دەکردو ئەوەندەی وتبۆوە ئیدی ئومێدێکی پێی نەمابوو. فلۆرنتینۆ ئەریزا چەندانجار ئەم بەسەرهاتەی لێبیستبوو لەلای وەك شووت-ی ماڵئاوایی ئەو کەشتیانەی لێهاتبوو کە شەو لەکاتی بەڕێکەوتندا لێیاندەدا. کاتێ زەنگی سەعات سێی بەیانی لێیدا، هەریەکەیان سێ پێك براندیان خواردبۆوە، فلۆرنتینۆ ئەریزا دەیزانی ئەو پیاوە نییە کە لیۆنا بەدوایدا وێڵە، پێی خۆشبوو ئەمەی زانی. کاتێ هەستا بۆ ئەوەی بڕوات پێیوت:

- دەستخۆش لیۆنا، من و تۆ ئەو پڵنگە ترسناکەمان کوشت.

ئەمە تەنیا بابەتێ نەبوو کە ئەو شەوە ئاشکرابوو و کۆتاییهات، بەڵکو ئەو درۆ خراپەش دەربارەی ئەو پەچەیەی فێرمینا دازا دابووی بە روخساریدا کەتایبەت بوو بە سیلاوییەکان ئاشکرابوو، چونکە نەخۆشی فێرمینا، خەونی فلۆرنتینۆ ئەریزای شێواندبوو، لەوە دەترسا فێرمینا پێش دکتۆر بمرێت، بەڵام دوای یەکتر بینینی ئەوشەوە، سەرەڕای ئەوەی فێرمینا لەکاتی چوونەدەرەوەیدا لە سینەماکە قاچی هەڵەنگووت، دووبارە گەیشتە ئەو باوەڕەی کە بە زرت و زیندوویی دەمێنێتەوە، بە ئیرادەی تەواوەوە بەرەو قووڵایی دۆزەخی ئەو تێگەیشتنە لەناکاوە هەنگاوینا کە ئەوە خۆیەتی رەنگە لەپێشدا بمرێت نەك فێرمینا. ئەمەش ترسناکترین جۆری هەستکردنی پێش ڕوودانی رووداوێك بوو، لەبەرئەوەی لەسەر راستییەك بنیات نرابوو. فلۆرنتینۆ ساڵانێکی زۆری بە چاوەڕوانیی بە پشوودرێژیی و پڕ ئاواتی بەختەوەرییەوە بەسەربردبوو بەڵام لە ئاسۆی ژیانیدا جگەلە دەریای ئەو نەخۆشییە خەیاڵییانەی کە نەیدەتوانی لێی بپەڕێتەوە، میزە چۆرکێی شەوانی بێخەویی و مردنی رۆژانە لەپاش نیوەڕۆاندا هیچ شتێکی دیکە بەدینەدەکرا. هەستی دەکرد هەموو

ساتەکانی رۆژ کەسەروەختێ هاوپەیمان و دۆستی راستەقینەی بوون ئێستا پیلانی لەدژ دەگێڕن. سالانێ بەرلە ئێستا چووبوو بۆ ژوانێکی پڕ مەترسی و لەناخی دڵەوە دەترسا لەوەی شتێکی ناخۆش روو‌بدات، تەماشای کردبوو دەرگاکە کراوەتەوەو ئەنجامەکانی چەورکراون بۆ ئەوەی بتوانێت بێدەنگ خۆی بکات بەژووردا. بەڵام لەدوا ساتدا ئەوەی بەخەیاڵدا هات کە ئەگەر لەسەر جێگای ژنێکی مێرددار بمرێت چ رسواییەکی گەورە بۆ خۆی و ئەو ژنە بەجێدەهێڵێت. هەربۆیە پەشیمان ببۆوەو بەڕێی خۆیدا گەڕابۆوە. لە ژێر کاریگەریی بیرکرنەوەیەکی وا ژیرانەدا بەو ئەنجامە گەیشت کە ئەو ژنەی لە هەموو شتێکی ئەم دنیایە زیاتر خۆشیدەویست و بەبێ بچووکترین نیشانەی بێزاریی لە سەدەیەکەوە تا سەدەیەکی دیکە چاوەڕوانی کردبوو، رەنگە ئەو دەرفەتەی لەکیس بچێت بۆ یارمەتیدانی لە بە سەلامەتیی گەیشتنی بە ئەودیوی تری مەرگ، قۆڵی بگرێت و لەو شەقامە بیپەڕێنێتەوە کە پڕە لەتەنەکەی پڕخۆڵ وقوڕی قەبرو بنچکی خاشخاش کە با هێناوێتی.

راستی مەسەلەکە ئەوەبوو کە بەپێی پێودانگەکانی ئەو سەردەمە فلۆرنتینۆ ئەریزا پێی خستبووە سنووری پیرییەوە. تەمەنی پەنجاو شەش ساڵێك بوو کە باش مابۆوەو پێیوابوو ئەو ساڵانە باش ژیاوە، لەبەرئەوەی ئەو ساڵانە ساڵانی خۆشەویستیی بوون. بەڵام هیچ پیاوێك لەو تەمەنەی ئەودا نەرووبەڕووی گاڵتەجاریی خۆ بەگەنج نیشاندان دەبۆوە، تەنانەت ئەگەر واش بهاتایەتە بەرچاو یان پێی وابووایە وادێتە بەرچاو نەجورئەتی ئەوەی هەبوو دان بەوە بنێ کە هێشتا بەنهێنی بۆ رەفزێك دەگری کە لە سەدەی رابردوودا وەریگرتبوو. دەورو زەمانێکی باش نەبوو بۆ گەنجیی: هەر تەمەنێك شێوازی جل لەبەرکردنی تایبەتی خۆی هەبوو، بەڵام شێوازی تەمەنی کامڵیی یەکسەر دوای تەمەنی باڵغبوون دەستی پێدەکردو هەتا لێواری گۆڕ بەردەوام دەبوو. زیاتر لە

تەمەن، مەسەلەی شان وشەوکەت و پایەی کۆمەڵایەتییش لەئارادابوو، حسابی بۆ دەکرا.

پیاوانی گەنج وەکو باپیریان جلیان لەبەردەکرد. ئەمانە بەلەچاوکردنی ئەو چاویلکانەوە کە بۆ تەمەنیان زوو بوو خۆیان بەویقار نیشاندەداو دوای تەمەنی سی ساڵیی بۆ ڕێڕۆیشتن داریان بەدەستەوە دەگرت و بەشتێکی باشیان دەزانی. سەبارەت بەژنان تەنیا دوو تەمەن هەبوو: تەمەنی شووکردن کە لە بیست و دوو ساڵیی تێنەدەپەڕی و تەمەنی قەیرەیی هەتاهەتایی: ئەوانەی کەبەجێمابوون. باقی ژنان، مێردداران، دایکان، بێوەژنەکان و نەنکەکان جۆرێکی دیکە بوون کە تەمەنیان بەپێی ژمارەی ئەو ساڵانە حساب نەدەکرا کە تیایدا ژیابوون، بەڵکو بەپێی ئەو ماوەیەی کەتامردن لەبەردەمیاندا مابۆوە، حسابیان بۆ دەکرا.

لەلایەکی دیکەوە، فلۆرنتینۆ ئەریزا بەبێپەروایییەکی بێڕەحمانەوە رووبەڕووی غەدرەکانی پیریی بۆوە، ئەگەرچی دەیزانی چارەنووسی سەیرو سەمەرەی ئەوەبووە کە لەمناڵییەوە بەڕواڵەتی پیرییەوە دەربکەوێت، لەسەرەتاشدا دەستکورتیی وایکرد کەوادەربکەوێت. ئەو جلوبەرگانەی باوکی فلۆرنتینۆ بڕیاریدەدا فڕێیان بدات، ترانسیتۆ ئەریزای دایکی هەڵیدەوەشاندن و بۆ کوڕەکەی قارسی دەکردن. بەمشێوەیە بەچاکەتێکەوە دەچوو بۆ قوتابخانەی سەرەتایی کە لەکاتی دانیشتنیدا دامێنەکەی لەزەوی دەخشا، کڵاوی رەسمیی وای لەسەر دەکرد کە سەرەڕای ئەوەی لاکانی بەمەبەستی بچووککردنەوەی لۆکەی تێدەکرا هێشتا گوێچکەکانی دادەپۆشی. لەتەمەنی پێنج ساڵیشەوە لەبەر نزیکبینیی چاویلکەی کردە چاوی و قژیشی وەك قژی دایکی هندیانەبوو کە وەکو یاڵی ئەسپ زبرو رەقبوو. روخساری هیچ سیمایەکی ئاشکرای پێوە دیارنەبوو. بۆ خۆشبەختیی دوای ئەو هەموو پێشێویی و ئاژاوەیەی

حکومەتەکان کە لە شەڕە ناوخۆییە داسەپاوە لەژمارە نەهاتووەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، سیستم و ڕێوشوێنەکانی خوێندن لە جاران کەمتر هەڵبژاردە بوون و لەناو قوتابخانە حکومییەکاندا بارێکی پشێوو تێکەڵ وپێکەڵ هەبوو کەبەپرەنسیپ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی ئاخنرابوو. ئەو منالأنەی دەهاتن بۆ قوتابخانە بۆنی بارووتیان لێدەهات بەجلی سەربازیی و نیشانە سەربازییەکانی ئەو ئەفسەرە یاخییانەوە دەهاتن کە بەزەبری چەک لەشەڕە بێنەنجامەکاندا بەدیل گرتبوویانن، بە ئاشکرا و بە بەرچاوی هەمووانەوە چەکی سووکیان دەکرد بە لاقەدیانداو لەسەنگەری سەرشەقامەکانەوە دەهاتن بۆ قوتابخانە. لەسەر بچووکترین کێشەو ناکۆکی لەکاتی پشوودا تەقەیان لەیەکتری دەکرد، ئەگەر لەتاقیکردنەوەدا نمرەیان کەم بهێنایە هەڕەشەیان لەمامۆستای وانەکە دەکرد. یەکێك لەو قوتابییانە کە قوتابی پۆلی سێی ناوەندی قوتابخانەی (لاسال) بوو بە هاوکاریی سەرهەنگێکی خانەنشینی میلیشیا تەقەیان لە خوان ئەریمیتای بەڕێوەبەری قوتابخانە کردو کوشتیان لەبەرئەوەی لە وانەی بنەماکانی ئاییندا وتبووی " خودا ئەندامێکی چالاکی حزبی پارێزگارانە." لە لایەکی دیکەوە، کوڕانی خێزانە گەورە نەگبەت و لەبەریەك هەڵوەشاوەکان، وەکو شازادەکانی کۆن جلیان لەبەردەکردو کوڕی هەژارەکانیش بەپێی پەتی دەچوون بۆ قوتابخانە. لەناو ئەو هەموو سەیرو سەمەرەیەدا کە لە زۆر شوێن و لایەنەوە سەرچاوەی دەگرت، فلۆرنتینۆ ئەریزا لەو ناوەدا سەیرترین پێگەی هەبوو، بەلاّم نەك تا ئەو شوێنەی کە سەرنجێکی لەڕادە بەدەرو ماندووکەر رابکێشێت. قورسترین شت کە دەربارەی خۆی بیستی ئەوە بوو یەکێك لەسەر جادە قیژاندی بەسەریدا " ئەم دەعبا هەژارو رەزا قورسە ژیان بەئاواتەخوازییەوە دەگوزەرێنێ"

بەهەرحاڵ، لەو ڕۆژە بەدواوەو هەتا ئاخری عومری، ئەو جلوبەرگەی کەدەستکورتیی بەسەریدا سەپاندبووی باشترین وگونجاوترین

جلوبـەرگ بـوو بـۆ سروشـتی تەمومـژاویی و میـزاج و کەسـێتییە خەمۆکەکەی. کاتێ لە کۆمپانیای ك.ك. ر یەکەم پلەی گرنگی بەدەستهێنا، لەسەر مۆدیلی جلوبەرگەکانی باوکی کە ئەم وەکو پیرەمێردێ چەشنی حەزرەتی مەسیح کـە لەتەمـەنی بـەویقاری سـی و سـێ ساڵیدا کۆچـی دواییکردبوو، یادی دەکردەوە. جلوبەرگی بەدووریندا. لەبەر ئەمـەبوو کە فلۆرنتینۆ ئـەریزا هەمیشە زۆر پیرتـر لـە تەمـەنی خـۆی دەهاتـە بەرچاو. لەڕاسـتیدا، (بریجیـدا زولیتـا)ی دەمـشڕ کەیـەکیکبوو لـە دەنکـە سـەرپێییەکانی کـە راستییە سەلمێنراوەکانی بـێ پێچ و پـەنا پێدەوت، هەرلە یەکەم رۆژەوە پێیـوت بەڕووتی زیـاتر پێـی سەرسامە، لەبەرئـەوەی کـاتێ خـۆی رووت دەکاتـەوە بیـست سـاڵ گـەنجتر دیـارە. بەهـەرحاڵ، فلۆرنتینـۆ ئـەریزا هـەرگیز نەیـدەزانی حـاڵی خـۆی لـەرووی جلوبـەرگ پۆشینەوە چۆن چاکبکات، یەکەم لەبەرئەوەی زەوق و سەلیقەی تایبـەتی رەنگەی پێنـەدەدا بەشێوەیەکی دیکە خـۆی بگۆڕێت و دووەم لەبەرئـەوەی لەو چەرخەدا لەتەمەنی بیست ساڵیدا کەس نەیـدەزانی دەبێت چۆنچۆنی وەکو مرۆڤێکی گەنجتر خـۆی جلوبەرگ لەبەربکات بێجگە لـەوەی دووبارە پانتۆڵە کورتەکـەی و کـڵاوە مەلەوانییەکـەی لـەباوەڵی جلـەکانی دەربێنێ. لەلایـەکی دیکەشـەوە، فلۆرنتینـۆ خۆشـی نەیـدەتوانی لـەژێر بـاری ئـەو بیروباوەڕانـەی لـەو رۆژگـارەدا دەربـارەی پیریـی لـەبرەودابوون بێتـەدەرێ، هەربۆیـە ئاسـاییبوو کـاتێ هـەڵنووتانی فێرمینـای بـینی ئەودەمـەی لەسینەماکە دەچووە دەرێ، تەزووی ئـەو تـرس ولـەرزە مچوڕکە بەلەشیدا بێنێ کە ئەم مردنە قەحبەیـە دواجار بەدڵنیاییـەوە بەسەریدا زاڵدەبێت و نایـەڵێت لـەو جەنگـە سـەختەدا کـە لـەپێناوی خۆشەویـستییدا بـەرپای کردووە سەرکەوتن بەدەست بێنێت.

تـا ئەوکاتـە گـەورەترین جـەنگێ کـە بەچـنگ و ددان بـەرپای کردبوو، بـەبێ هـیچ سـەروەرییەك دۆڕانـدبووی، بریتیبوو لـە ململانێـی و

شەڕی بێنامانی لەگەڵ سەرپووتانەوەدا. لەو کاتەوە کە هەندێ تاڵە مووی لەناو دانەکانی شانەدا بینی بەو ئەنجامە گەیشت قەدەری ئەوەیە لەناو دۆزەخێکدا تل بدات کە ئەوانەی گیزۆدەی نین هەست بە ئازارو ئەشکەنجەکەی ناکەن. فلۆرنتینۆ ئەریزا ساڵەها هەوڵیدا. بۆ بەرگریکردن لە تاڵ بە تاڵی قژی لە بەرامبەر وێرانییەکانی سەرپووتانەوەدا رۆن و پاکژکەرەوەو مووبەهێزکەر ئەما کەتاقی نەکردبێتەوەو بیروباوەڕێکی پڕوپووچ نەمابوو قبوڵی نەکردبێ و فیداکارانە بەرگەی نەگرتبێت. تەواوی ئەو رێنماییانەی لەبەربوو کە رۆژژمێریی (بریستۆل) لەبارەی کشتوکاڵەوە بڵاویدەکردەوە چونکە ئەوەی بیستبوو کە رووانەوەی قژ پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە سووڕانی وەرزە کشتوکاڵییەکانەوە هەیە. وازی لەسەرتاشە تایبەتییەکەی خۆی هێنا کە هەر لەئەزەلەوە لای ئەو سەری چاکدەکرد لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی ترسناک سەری رووتابۆوە و گۆڕی بە سەرتاشێکی تر کە تازە هاتبووە شارەکە، سەری چاک نەدەکرد هەتا مانگ لە ئاسمان نەبووایە بەچوارده. سەرتاشە تازەکە لەوەدابوو ئەوە نیشانبدات دەستێکی پڕ پیت و بەرەکەتی هەیە کە دەستەکەی کەوتەڕوو لەبەرئەوەی چەندین خوێندکاریی کچی منداڵی ئەتک کردووە پۆلیس لەچەند شارۆچکەیەکی ئەنتیلیدا بەشوێنییەوەیە، تا دواجار کەلەپچەیان کردو بردیان.

تا ئەوکاتە فلۆرنتینۆ ئەریزا تەواوی ئەو ریکلامانەی دەبڕی و هەڵیدەگرتن کە لەرۆژنامەکانی دۆڵی کاریبیدا دەربارەی رووانەوەی قژ بڵاودەبوونەوە. لەو ئاگادارییانەدا دوو وێنەی پیاوێک بەتەنیشت یەکەوە بڵاودەبوونەوە. یەکەمیان بەسەرێکی تاس و لووسی وەک کاڵەکەوە، دووەمیشیان بەسەرێکی قژنی پڕتر لە هی شێرەوە: واتە وێنەی پێش و پاش ئەو دەرمانەی کە بە گرەنتییە. شەش ساڵ تێپەڕی و لەو ماوەیەدا فلۆرنتینۆ ئەریزا سەدوحەفتاودوو دانەی لەو ریکلامانە تاقیکردبۆوە. جگە

لەمانە پەنای بۆ ئەو دەرمانە تەواوکەرانەش برد کە لەسەرمارکەی شووشەکان بڵاودەبوونەوە و تەنیا شتێ کە لەم بارەیەوە بەدەستی هێنا ئیلتیهابێکی بۆگەنی بەخورو بوو لە ناوەڕاستی سەریدا، کە گروپی پزیشکیی (مارتینیک) لەبەرئەوەی لە تاریکیدا تیشکێکی فۆسفۆری لێبەرزدەبۆوە ناویاننا تا ڕەشەی باکوور. وەکو دواچارەسەر بۆ سەرڕووتانەوەکەی پەنای بۆ هەموو گیا پزیکشییەکان برد کە هندییەکان بەجاردانەوە لە بازاڕی گشتیدا دەیانفرۆشت و هەموو ئەو دەرمانە خۆرهەڵاتی و جادووییانەشی بەکارهێنا کە بەتایبەتی لەگوزەری عەرزوحاڵنووسەکان دەفرۆشران، بەڵام کاتێ لەوە تێگەیشت کە کڵاویان کردۆتە سەر کە تەوقی سەری وەکو هی قەشەکان رووتایەوە. لە ساڵی هەزارو نۆسەددا کە شەڕی ناخۆی هەزار رۆژە، وڵاتی لە خوێندا دەگەوزاند، ئیتالیاییەك هاتەشار کە بە قەبارەی سەری کڕیارەکانی لەقژی سروشتی باروکەی دروستدەکرد. ئەو باروکەیەی دروستی دەکرد زۆر گرانبوو، وەستاکەشی دوای سێ مانگ بەکارهێنان، هیچ بەرپرسیارییەکی لەئەستۆ نەدەگرت. بەهەرحاڵ، گەلێ پیاوی دەوڵەمەندی سەر رووتاوە تەسلیمی ئەو کەڵکەڵەیە بوون. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەو کەسانە بوو کەزوو پەنیان بۆ برد. باروکەیەکی کردەسەری ئەوەندە لەقژی خۆی دەچوو کە ترسی ئەوەی هەبوو لەگەڵ تێکچوونی میزاجیدا تاڵەکانی رەقبن، بەڵام بەوە رازی نەدەبوو کە قژی پیاوێکی مردووی بە سەرەوە بێت. تەنیا بەوە دڵخۆشی خۆی دەدایەوە کە سەرتاسیی زۆر ئەو مانایەشی هەیە کە سەرسپی بوونی خۆی نابینێت. رۆژێك لەو رۆژانە یەکێك لەسەرخۆشە خۆش مەشرەبەکانی لەنگەرگای رووبار فلۆرنتینۆ ئەریزای بینی کە لەکۆمپانیا دەهاتە دەرەوە بەشەوق و زەوقێکی زۆرەوە باوەشی پێداکردو کڵاوەکەی لەسەری لاداو لەناو پێکەنینی گاڵتەئامێزی کۆڵبەرەکاندا، بەشڵپەوە ناوەڕاستی سەری ماچکردو هاواری کرد:

- سەیروسەمەرەی بێموو.

لەو شەوەدا، کەتەمەنی ببوو بەچل و هەشت ساڵ، ئەو چەند تاڵەموو و گەندەمووەشی تاشی کە بەلاجانگ و پشت ملییەوە مابوونەوە، بە باوەڕی تەواوەوە چارەنووسی سەرڕووتانەوەی رەهای خۆی قبوڵکرد. ئیدی هەموو بەیانییەك بەرلەخۆشتن سابوونی تەنیا لەڕیشی نەدەدا بەڵکو تەواوی سەریشی بەکەف سابوونی ریش تاشین سواغدەدا کە تاڵ تاڵ مووی تێدا بەدیدەکرا کەتازە سەریان دەرهێنابۆوە، ئەوسا بەگوێزان سەرو ریشی وەکو رانی منداڵ ساف و لووس دەکرد. بەرلەوە نەیدەتوانی تەنانەت لەناو کۆمپانیاشدا کڵاوەکەی لەسەری داکەنێ، لەبەرئەوەی سەرڕووتانەوەکەی جۆرێ هەستی رووتبوونەوەی پێدەبەخشی کە وایدەهاتە بەرچاو بێنەزاکەتی بێت بەڵام کاتێ بەباوەڕی تەواوەوە بەسەرڕووتانەوەکەی رازیبوو، فەزڵێکی پیاوانەی دایە پاڵی کە لەبارەی سەرڕووتانەوەوە بیستبووی، ئەو فەزڵەی جگەلە خۆشخەیاڵیی پیاوێکی سەرڕووتاوە شتێکی دیکە نەبوو. پاشان پەنای بۆ جۆرێکی تازە لە داپۆشینی سەرڕووتانەوە برد کە بریتی بوو لەوەی قژی لایەکی سەری دەدایەوە بەسەر تەوقی سەریداو هەرگیز ئەم شێوازەی نەگۆڕی. بەڵام لەم حاڵەتانەشدا لەسەر کڵاولەسەرکردن بەردەوامبوو، هەمیشە هەمان کڵاوی مۆدیلی رێوڕەسمی ناشتنی لەسەردەکرد تەنانەت دوای ئەوەش لەسەر ئەمە بەردەوامبوو کە (تاتارینا) بوو بەمۆدیل کە ناوی خۆماڵی کڵاوی حەسیریی بوو.

لەلایەکی دیکەوە لەدەستدانی ددانەکانی لە بەڵایەکی سروشتییەوە سەرچاوەی نەگرتبوو بەڵکو ئەنجامی کارێکی بێفەڕی دانسازێکی گەڕۆکبوو کە دەیەویست ئیلتیهابێکی ئاسان بە رێگایەکی ئاسان ریشەکێش بکات. ترسی زۆری فلۆرنتینۆ ئەریزا لە درێلی کونکردنی ددان، سەرەڕای ئەوەی بەشێوەیەکی هەمیشەیی دان ئێشەی

هەبوو، دەبووە رێگری ئەوەی کەبچێت بۆ لای دکتۆری ددان. فلۆرنتینۆ هەتا ئازاری دانی وای لێنەهات کە قابیلی بەرگەگرتن نەبوو، گوێی بەدانی نەدەدا، شەوێکیان دایکی لە ژوورەکەی بەرامبەرییەوە ناڵەناڵێکی بێکۆتایی هاتەگوێ کە تۆقاندی: وادەهاتە بەرچاوی کە ئەو ئاهوناڵەیە لەرۆژگارێکی دیکەوە دێن کە لە ژێر تەپوتۆزی یاوەرییدا دیار نەمابوون، بەڵام کاتێ داوای لە فلۆرنتینۆ ئەریزا کرد دەمی بکاتەوە تا ببینێت خۆشەویستیی ئازار بەکوێ دەگەیەنێ، هەستی بەوەکرد کە کورەکەی بووە بە قوربانی زامی پووکی کەلێی پیسکردبوو.

لیۆنی دوانزەهەمی مامی ناردی بۆلای دکتۆر فرانسیس ئەدوناي. دکتۆر نەرەدیۆیێکی رەشپێست بوو پانتۆڵێکی تایبەتی ئەسپ سواریی لەپێدەکرد، هەموو کەلوپەلەکانی عیادەی ددانەکەی دەکردە توورەکەوەو لەگەڵ خۆیدا هەڵیدەگرت. بەکەشتی رووبار سەفەری دەکردو لەگوندەکانی کەناری رووبار زیاتر وەك نوێنەرێکی گەڕۆکی ترس و تۆقاندن دەهاتە بەرچاو. ئەدوناي تەنیا بەتەماشا کردنێکی ناودەمی فلۆرنتینۆ ئەریزا بڕیاریدا سی و دوو دانەی بۆ بکێشێ بەساغ و نەخۆشەوە بۆ ئەوەی لەمەینەت و ئازاری زیاتر رزگاری بکات. بەپێچەوانەی سەر رووتانەوەکەیەوە، ئەم چارەسەرە بنەڕەتییە جگە لەترسێکی ئاسایی لە قەتڵوعامێك بەبێ دەرمانی بێهۆشکردن، ئەسڵەن نەدەبووە هۆی ترساندنی فلۆرنتینۆ ئەریزا. مەسەلەی تاقمی دانیش تووشی پەرێشانیی نەدەکرد، یەکەم لەبەرئەوەی کە یەکێك لەخۆشترین یادەوەرییەکانی منداڵیی سەبارەت بەجادوگەرێکی کەرنەڤاڵ بەیاددەهێنایەوە کەدانەکانی سەرەوەو خوارەوەی دەردەهێناو بەهەمان شێوە کە بەریەکدەکەوتن و جیڕەیان لێوەدەهات لەسەر مێزێك دایدەنان و دووەم لەبەرئەوەی لەو ئازاری دان ئێشەیە رزگاریدەکرد کە هەر لەمنداڵییەوە تەقریبەن وەکو بێرەحمیی ئازاری خۆشەویستیی ئەشکەنجەی

دابوو. بەڵام بەپێچەوانەی سەرپووتانەوەکەیەوە مەسەلەی دانی بەلایەوە هێرشێکی نادیاری پیریی نەبوو، لەبەرئەوەی باوەڕی وابوو سەرەڕای بۆنی ناخۆشی ئەو مادانەی گۆگردیان تێکەڵبوو، روخساری بەزەردەخەنەیەکی جوان و ڕێك وپێك جوان دەبێت و بەمپێیە بەبێ بەربەرەکانێ تەسلیمی پلایسە خوێناوییەکانی دکتۆر ئەدوناى بوو بە دانبەخۆداگرتنی کەرێکی ژێر بارەوە بەرگەی ئازارەکانی چارەسەری گرت.

لیۆنی دوانزەهەمی مامی وەها بایەخی بەوردەکارییەکانی مەسەلەی ئەشتەرگەرییەکە دەدا دەتوت لەسەر بەدەنی خۆی ئەنجامدەدرێت. بایەخی زۆری لیۆن بە تاقمی دان لەیەکێك لەسەفەرەکانی سەرەتایەوە بەناو رووباری مەجدەلینادا سەریهەڵدابوو، لەخۆشەویستیی شێتانەیەوە بۆ گۆرانی (بلکانتو) سەرچاوەی گرتبوو. شەوێك کەمانگەشەوبوو، لەدەروازەی بەندەری (گامارا) گرەوی لەگەڵ مەساحێکی ئەڵمانی کرد کە دەتوانێت بەوتنی گۆرانییەکی رۆمانسی ناپۆلی لەسەر پەیژەی کاپیتانی کەشتییەکەوە هەرچی رۆحلەبەری دارستانەکەیە لەخەو هەڵسێنێت، وەختەبوو گرەوەکە بباتەوە، لەناو تاریکی رووبارەکەدا دەتتوانی شەقەی باڵی شینەشاهۆ لەناو زەلکاوەکە ببیستی، هەروەها شەقەی کلکی تیمساحەکان و دەنگی هەناسەدانی ماسییە چاوڕەشەکانت دەهاتە گوێ کە لەترسا دەیانەویست خۆیان هەڵبدەنە سەر وشکانی. بەڵام لە بەیتی کۆتایی گۆرانییەکەدا، لەوێدا کە گوێگران دەترسان دەمارەکانی گۆرانیبێژ لەبەر بەهێزی دەنگەکەی بتەقێ، تاقمی دانەکە لەگەڵ دوا هەناسەی تێهەڵکردنەکەیدا لەدەمی پەڕی و کەوتە ناو ئاوەکەوە و نقومبوو.

لەهەمان کاتدا کە بەخێرایی تاقمێکی دانی تریان بۆ لیۆن دروستدەکرد کەشتییەکە ناچاربوو سێ رۆژ لە بەندەری تینیریفی بوەستێت. تاقمەکە رێك بە قەبارەی دەمی بوو. بەڵام لەرێی گەڕانەوەدا،

لەکاتێکدا لیۆن دەیەویست ئەوە بۆ کاپیتانی کەشتییەکە باسبکات کە چۆنچۆنی تاقمی دانەکەی پێشووی لەدەستداوە، سییەکانی پڕبوون لەهەوای سووتێنەری دارستانەکە و هەتا هێز لە قوڕگیدا بوو تینی دایە خۆی و گەورەترین دەنگی لەگەرووییەوە دەرکرد، هەتا هەناسەی تێداماو هەتا توانی درێژەی بەو دەنگەدا چونکە هەوڵیدەدا ئەو تیمساحانە بترسێنێ کەلەبەرهەتاو درێژبیبوون، بە قووڵی لە ڕەوتی کەشتییەکەیان دەڕوانی، لەم کاتەدا تاقمە تازەکەش لەدەمی پەڕی کەوتەناو ئاوەکەو نقومبوو. لەوە بەدواوە هەمیشە تاقمێکی دانی یەدەکی پێبوو، جگەلەشوێنە جیاوازەکانی وەکوماڵەوە، چاوی مێزی کارکردنەکەی و هەرسێ کەشتی کۆمپانیاکە هەمیشە تاقمی دانی یەدەکییان تێدابوو.

سەرەڕای ئەمانەش، کاتێ لەدەرەوە نانی بخواردایە تاقمێ دانی زیادەی دەخستە ناو پاکەتی شروبی کۆکەوەو ئاسایی لەگیرفانیدابوو.

لەبەرئەوەی جارێکیان لەمیواندارییەکی خواردنی لادێیانەدا کاتێ دەیەویست لایەکی وشکی گۆشتی بەراز بجوێ، یەکێ لەدانەکانی شکابوو، لەترسی ئەوەی نەبادا برازاکەشی ببێتە قوربانی حاڵەتی لەناکاوی لەمجۆرە. بەدکتۆر ئەدونای وت هەر لەسەرەتاوە دووتاقمی دانی بۆ دروست بکات: یەکێکیان لەمادەی هەرزانبەها بۆ بەکارهێنانی لەناو کۆمپانیاداو ئەویتریان بۆ یەکشەموان و ڕۆژانی پشوو، کە کەڵبەی زەردەخەنەی وەك ئاڵتوون بدرەوشێتەوەو وەك ئاڵتوونی ڕاستی وابێت.

سەرەنجام لەڕۆژێکی یەکشەممەدا کە زەنگی ڕۆژی پشوو لەهەموو شوێنێ دەنگیدایەوە. فلۆرنتینۆ ئەریزا بەشوناسێکی تازەوە لەکاتێکدا زەردەخەنە بێوێنەکەی ئەو هەستەی پێدەبەخشی کە کەسێکی تر لەدنیادا جێگەی گرتۆتەوە، هاتە سەرجادەو ئەمەش ڕێك لەکاتێکدا بوو کە دایکی مردبوو، فلۆرنتینۆ ئەریزا لەماڵەوە بەتەنیا مابۆوە، ماڵەکە بۆ ئەو مێبازیانەی مەبەستی بوو وەکو بەهەشتی لێهاتبوو، وێڕای ئەو مەسەلەیەی کەبوونی

پەنجەرە لەژمارە نەهاتووەکان لەشەقامەکەیاندا ئەو خەیاڵەی دەهێنایە ئاراوە کە چاوێکی زۆر لەودیو پەنجەرەکانەوە تەماشا بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا جێگایەکی ئەمین بوو. بەڵام ئەم ماڵە تەنیاو تەنیا بۆ بەختەوەرکردنی فێرمینا دازا دروستکرابوو نەک بۆ کەسێکی دیکە، بەوجۆرە بوو کە فلۆرنتینۆ ئەریزا حەزی دەکرد لە پڕ پیت و بەرەکەتترین ساڵانی تەمەنیدا زۆر هەلی زێڕین لەدەستبدات بەڵام ماڵەکەی بەمێبازییتر گلاّونەکات. بۆ خۆشبەختیی هەر پلە بەرزکردنەوەیەکی لە - ک. ک.ک. ر- بۆ ئەم کۆمەڵێ ئیمتیازی تازەی لەگەڵدابوو، بەتایبەتی ئەو ئیمتیازە نهێنییەی کە یەکێك لە بەسوودترینیان دەسەڵاتی بەکارهێنانی ئۆفیسەکان بوو لەشەوانی یەکشەممەو رۆژانی پشوودا، دیارە لەگەڵ پاسەوانانی کۆمپانیاکەدا. جارێکیان کاتێ جێگری یەکەمی سەرۆکی کۆمپانیابوو، لە کاتێکدا لەگەڵ یەکێك لەو کچانەدا کەرۆژانی یەکشەموان دەوامی دەکرد بەشێوەیەکی سەرپێی و بەپەلە سێکسی دەکرد، لەپڕ دەرگای ژوورەکەی کرایەوە، فلۆرنتینۆ لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو کچەکەش لەسەر کۆشی بوو، دوای کردنەوەی دەرگاکە لیۆنی دوانزەهەمی مامی وەك ئەوەی ژوورەکەی لێتێکچووبێت، سەرێکی کێشا، وەستاو لەسەرووی چاویلکەکەیەوە لە برازاکەی وردبۆوە کەشڵەژابوو. بەبێ هیچ سەرسوڕمانێك وتی: " جوانە! ئەمە هەمان نەفرەتەکەی باوکتە!" بەرلەوەی دووبارە دەرگاکە دابخاتەوە، لە کاتێکدا نیگای لە بۆشاییدا ماندووبوو وتی:

- لەگەڵ تۆمە کچێ، بێترس بەردەوامبە لەدان. بەشەرەفم سوێندت بۆ دەخۆم چاوم بەچارەت نەکەوت.

لیۆن قەت باسی ئەم مەسەلەیەی نەکردەوە. بەڵام لەهەفتەی دوای ئەوەدا کارکردن لەژوورەکەی فلۆرنتینۆ ئەریزا دا مەحاڵبوو: رۆژی دووشەممە کارمەندانی کارەبا بۆ دانانی پانکەیەکی سەقفی

بێئاگادارکردنەوە خۆیان کرد بەژوورا، وەستاکانی دانانی کێلونیش بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەك هاتن و دەنگەدەنگ و هەرایەکی وایان دروستکرد کەدەتوت بۆ شەڕ دەچن ئەمە گوایە سورگییەکیان بۆ ژوورەکەی دادەکوتا کە لەدیوی ناوەوە دادەخرا. دارتاشەکان بەبێئەوەی بزانن بۆ چ کارێ هاتوون هەر لەخۆیانەوە دەستیان کرد بەپێوانی ژوورەکان و قەنەفە فرۆشەکانیش چەند نموونەیەکیان لەقوماشی سەر قەنەفەکان هێنا بۆ ئەوەی بزانن کام قوماشە لەگەڵ ڕەنگی دیوارەکاندا دەگونجێت. هەفتەی دوای ئەوە تاکە قەنەفەیەکی گۆشەی وا گەورەیان هێنا بۆ ژوورەکەی قوماشەکەی نەخشی گوڵی تێدابوو لەبەرئەوەی بەردەگاکەوە نەدەچوو ناچاربوون لەپەنجەرەوە بیبەنە ژوورەوە. وەستاو کرێکارەکان وەها بەبێشەرمییەوە کاریاندەکرد کە لەوە نەدەچوو کارکردنەکەیان بەدەستی ئەنقەست نەبێت وەها وەڵامی ناڕەزاییەکانی فلۆرنتینۆ ئەریزایان دەدایەوە کە فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی جێبەجێدەکەن. فلۆرنتینۆ ئەریزا هەرگیز نەیتوانی لەوە تێبگات کە ئەو دەخالەتە جۆرێك بوو لەدڵسۆزیی لەلایەن لیۆنی مامییەوە یان شێوازێکی زۆر تایبەتی بوو بۆ ناچارکرنی کە بەخۆیدا بچێتەوە سەبارەت بەو ڕەفتارە ناشیرینەی لەژووری کارکردنەکەیدا نواندبووی. ئەو ڕاستییەی کە هەرگیز بەخەیاڵیدا نەهات ئەوەبوو کە لیۆنی مامی برازاکەی هاندەدا بۆ ئەوەی لەگەڵ ژناندا پەیوەندی باشتر دروستبکات، لەبەرئەوەی ئەویش ئەو پڕوپاگەندەیەی بیستبوو کە خووڕەوشتی فلۆرنتینۆ ئەریزا لەگەڵ خووڕەوشتی باقی پیاواندا جیاوازەو ئەم کۆسپە بۆ دانانی وەکو جێنشینی خۆی ببووە هۆی پەرێشانییەکی گەورە بۆ لیۆن.

لیۆن لوایزای دوانزەهەم بەپێچەوانەی براکەیەوە لەڕووی خێزانییەوە ژیانێکی ئارامی هەبوو کەماوەی شەست ساڵبوو لەگەڵ ژنێکدا دەژیاو هەمیشە شانازیی بەوەوە دەکرد کەڕۆژانی یەکشەممە ئیشی نەدەکرد. چوار کوڕو کچێکی هەبوو، دەیەویست هەموویان وەکو میراتگری

ئیمپراتۆرییەتەکەی خۆی ئامادە بکات، بەڵام لەئەنجامی کۆمەڵێ رووداودا کە هاوزەمان لە حیکایەتەکانی ئەو زەمانەدا باوبوون و لەژیانی واقیعیدا هیچ کەسێ باوەڕی پێنەدەکردن، هەر چوار کوڕەکەی لەکاتێکدا کەدەبوونە خاوەنی پلەو پایە، یەک لەدوای یەک مردن و کچەکەشی کە هیچ پەیوەندییەکی بە کەشتیوانی رووبارەوە نەبوو، حەزی دەکرد لەکاتێکدا بمرێت کە لە پەنجەرەیەکی بەرزەوە بە بەرزایی پەنجا مەتر تەماشای کەشتییەکانی کەنداوی (هۆدسۆن) دەکات. تەنانەت هەندێ کەس باوەڕیان بەو حیکایەتە هەبوو کە فلۆرنتینۆ ئەریزا بە روخسارە شومەکەی و چەترەکەیەوە کە لەهی خوێنمژەکان دەچوو بەڕێگایەک لەڕێگاکان سەبەبکاری ئەو هەموو رووداوە ناخۆشە هاوکاتە بووە.

کاتێ بەپێی فەرمانی دکتۆر لیۆن ناچاربوو بەخانەنشینی قایلبێت، فلۆرنتینۆ ئەریزا بەتەواوی ویست و ئارەزوویەوە دەستی بە وازهێنان لە هەندێ لە چالاکییە سێکسییەکانی رۆژانی یەکشەممەی کرد. فلۆرنتینۆ بەیەکێ لە ئۆتومبیلەکانی شار کە هندلەکەی وەها بەقوەت دەگەڕایەوە شانی یەکەم شۆفێری لەبنادەرهێنابوو، هەتا خەڵوەتگای هاوینە لەگەڵ مامیدا چوو. فلۆرنتینۆ و مامی لەکێڵگەی کۆنی کۆیلەکان کەئێواران لە هەیوانە پڕ لە گیا مۆردە سەوزەکانییەوە دەتوانرا لوتکەی ئەو زنجیرە چیا سەختانە بەدیبکرێت کەبەفر دایپۆشیبوون، چەندین سەعات قسەیانکرد. لیۆنی پیرەمێرد لەکاتێکدا قسەیدەکرد دوور لەهەموو شتێک و پشتی لەدەریا لەناو جۆلانەیەکدا راکشابوو کەناوی خۆی بە داوی ئاوریشمی لەسەری چنرابوو. بەلای فلۆرنتینۆ ئەریزاو مامییەوە هەمیشە قورسبوو کە جگە لە کەشتیوانیی رووبار دەربارەی مەسەلەیەکیتر قسەبکەن، ئەمەش لەوئێوارە ساردو سرو بێڕۆحانەبوو کە مەرگ بەردەوام میوانێکی نەبینراوبوو. یەکێک لە کۆڵکەڵەکانی لیۆن هەمیشە ئەوەبوو کە کەشتیوانیی رووبار نەکەوێتە دەست ئەو خاوەن کۆمپانیایانەی کەوابەستەی کۆمپانیا ئەوروپاییەکانن.

لیۆن دەیوت: " ئەمە پیشەیەکە هەمیشە لەلایەن ئەوکەسانەوە بەڕێوەبراوە کە نیشتەجێی کەنارەکانی دەریا بوون و ئەگەر خەڵکی سەراپای وڵات خۆیانی تێهەڵقورتێنن و دەستی تێوەربدەن دیسان تەسلیمی ئەڵمانییەکانی دەکەنەوە." خەیاڵ و کەڵکەڵەی لیۆن لە بیروباوەڕێکی سیاسییەوە سەرچاوەی گرتبوو کەحەزی دەکرد تەنانەت لەوکاتانەشەدا کەنەدەچووەوە سەری و کاتیشی نەبوو دووبارەی بکاتەوە و دەیوت:

- من تەقریبەن تەمەنم سەد ساڵەو هەموو شتێکم دیووە، تەنانەت جێگۆڕکێی ئەستێرەکانی ئاسمانیش، بەڵام هێشتا نەمدیوە شتێ لەم وڵاتەدا بگۆڕێت، لێرە کاربەدەستان هەرسێ مانگ جارێ یاسای تازە دادەنێن، جەنگی تازە هەڵدەگیرسێنن، دەستووری نوێ دادەڕێژن، کەچی ئێمە هێشتا لە قۆناغی کۆلۆنییەکاندا دەژین.

لیۆن هەمیشە بەوە وەڵامی برا ماسۆنییەکانی دەدایەوە کە هەموو شکستەکانیان دەدایە پاڵ فیدراڵیزم " جەنگی هەزار رۆژە بیست ساڵ بەرلە ئێستا بەرلەوەی هەڵبگیرسێت لەجەنگی هەزارو هەشت سەدوحەفتاو شەشەوە شکستی هێنا"

فلۆرنتینۆ ئەریزا کە فەرامۆشکردنی سیاسەت لەلای سنووری رەهای تێدەپەڕاند بەجۆرێ گوێی بۆ ئەم قسە دووبارەو دووردرێژو ماندووکەرانەی مامی دەگرت کە دەتوت گوێ بۆ دەنگی شەپۆلەکانی دەریا شلدەکات، بەڵام کاتێ دەگەیشتە سەر سیاسەتی کۆمپانیا دژێکی سەرسەختبوو. بەپێچەوانەی بیروبۆچوونی مامییەوە پێیوابوو دواکەوتنی چالاکی کەشتیوانیی لەسەر ئاستی رووبار کە هەمیشە لەبەردەم بەدبەختیدایە، بەچاوپۆشییەکی ئیختیاریی لە پاوانکاریی کەشتیوانیی رووبار نەبێت، چارەسەر ناکرێت کە کۆنگرەی نیشتمانیی بۆ ماوەی نەوەدو نۆ ساڵ و رۆژێك بەکۆمپانیای کاریبی بۆ کەشتیوانی رووباری بەخشیبوو. مامی دژی دەوەستایەوەو دەیوت:

- (لیۆنـا) کاسـیانی کـه ناوەکـەی وەك نـاوی منـه بـه بۆچـوونه پڕ ئاژاوەگێڕیی و بێبەهاکانییەوە ئەم خەیاڵەی خستۆتە مێشکتەوە.

بـەڵام ئەمـە تـەنیا نیـوەی راسـتی بـوو، بیروبۆچـوونی فلۆرنتینۆ ئـەریزا لەسـەر بنـەمای ئـەزموونی کاپیتـانی ئـەڵمانی یۆهـان. ب. ئـەلبێرس فۆرمەڵـە ببـوو. کەدەسـەڵاتخوازیی لـە رادەبـەدەری تێـڕوانینی خانەدانانـەی لـەناو بردبـوو. بەهـەرحاڵ، لیـۆنی مـامی بـاوەڕی وابـوو کـە سـەرنەکەوتنی ئەلبێرس لەبەر لەدەستدانی چەند ئیمتیازێکی تایبەتیی نەبووە بەڵکو لەبەر لەئەسـتۆگرتنی چـەند بـەڵێنێکی نـاواقیعی بـووە کەتەقریبـەن بەلایـەوە لـەحوکمی قبـوڵکردنی لێپرسـراوێتی جوگرافیـای سـەراپای نیشتمانداڕبوو: ئـەلبێرس لێپرسـراوێتی پاراسـتنی کەشـتیوانیی رووبـار، دروسـتکردنی پرۆژەودامەزراوی کـەنار، رێگـای وشـکانی بـۆ سـەر کـەنارەکان و ئۆتـومبیلی گواستنەوەی کەلوپـەل و تەفەریشی گرتـە ئەسـتۆ. وێـڕای ئەمـەش دەیـوت دژایەتی توندی سمیۆن پۆلیڤاری سەرۆك کۆمـار ئـەو کۆسـپە نییـە کەمایـەی پێکەنین بێت.

زۆربـەی پـشکداران لـە کۆمپانیـا بەچـاوی نـاکۆکی نێـوان ژن ومێـرد لـەم ناکۆکییـەیان دەڕوانـی کەتیایـدا هـەردوولا لەسـەر حـەقن. کەللەڕەقیی پیرەمێردەکە بەلایانەوە ئاسایی بوو، نەك لەبەر ئەو شتەی کە وتنی زۆر ئاسان بوو، نەك لەبەرئەوەی پیریـی وایلێکردبوو کەمتر خـەون و خەیاڵی هەبوو وەك لەجاران کەهەمیشە خـەون و خـەیاڵی زیـاتربوو، هەروەکو وا راهاتبوو لەبارەی خۆیەوە وا قسە بکات بەڵکو لەولایەنـەوە کـە چاوپۆشین لـە ئیمتیـازی پاوانکـاریی وەکـو فەرامۆشـکردنی سـەرکەوتنەکانی شـەڕێکی مێژوویی دەهاتـە بەرچاوی کـە خـۆی و براکـانی لـە رۆژگـاری قارەمانانـەی رابـردوودا لـەدژی چـەند رکابـەرێکی بـەهێز لەسـەراپای جیهانـدا بـەبێ هـیچ یارمەتییەك کردبوویان. هەربۆیە کاتێ ئەوەندە بەتوندی بەمافەکانی خۆیەوە نووسـابوو، کەدەسـتی هـیچ کەسـێ نەیـدەتوانی بەرلەتـەواوبوونی مـاوەی

یاسایی پێی بکات، هیچ کەسێ دژی نەوەستایەوە. بەڵام لەناکاو، کاتێ فلۆرنتینۆ ئەریزا لەو ئێوارە پڕ قووڵبوونەوەیەی کێڵگەکەدا چەکەکەی تەسلیمکرد، لیۆنی دوانزەهەم قایلبوو چاوپۆشیی لەئیمتیازی تایبەتی سەد ساڵە بکات، بەو مەرجە ئابڕوومەندانەیەی کە ئەم کارە بەرلەمردنی ئەنجام نەدرێت.

ئەمە دواکاری بوو. ئیدی باسی کاری نەدەکردو تەنانەت رێگەی بەکەس نەدەدا راوێژیشی پێبکات. یەک تاڵ مو لەسەری بەشکۆی شاهانەی نەوەریبوو، زەرەیەکیش لەڕەونەقی روخساریی کەمنەببۆوە، هەرچی لەدەستی بهاتایە بۆ دوورکەوتنەوە لەو کەسانەی کە رەنگبوو رەحم و بەزەیی بۆ نیشان بدەن دەیکرد. رۆژانە لە باڵکۆنەکە لەناو کورسییە بزۆزەکەیدا دادەنیشت و کورسییەکەی دەجوڵاندو لە بەفری هەمیشەیی شاخەکان رادەما، وردە وردە لە قاوەی گەرم و بێشیری ئەو قۆرییەی دەخواردەوە کەخزمەتکارەکان هەمیشە لەسەر مێزەکەی تەنیشتی بۆیان دادەنا. جگە لە قاوە پەرداخێ ئاوی پاکژ کەرەوەش لەسەر مێزەکە هەبوو کەتاقمێ دانی تێدابوو لیۆن تەنیا لەکاتی هاتنی میواندا دەیکردە دەمی. تەنیا چەند کەسێ لەهاورێکانی دەبینی و تەنیا باسی رابردووی دووری پێش کەشتیوانیی لەگەڵ دەکردن. بەڵام هێشتا باسێك بۆ قسەلەسەرکردن لەلای مابوو: ئەویش ئەو ئاواتەبوو کە فلۆرنتینۆ ئەریزا ژن بێنێت. چەندین جار ئاواتی خۆی بە فلۆرنتینۆ وت و ئەویش بەوتنەوەی وشەکانی جارانی تر:

– ئەگەر من پەنجاساڵ لە ئێستا گەنجتر بوومایە هاوناوەکەی خۆم لیۆنام دەهێنا. ناتوانم وێنای ژنێکی لەو باشتر بکەم.

فلۆرنتینۆ ئەریزا لەوێناکردنی ئەوەی کە رەنج و زەحمەتی ئەو هەموو ساڵەی لەدوا ساتەکانیدا بەو شێوە چاوەڕوان نەکراوە و بە هیچ و پووچ بەفیڕۆ بڕوات، گیانی دەکەوتە لەرزین، فلۆرنتینۆ حەزی دەکرد واز لە

هەموو شتێك بێنێ، هەموو شتێك تووڕ بدات، بمرێت، بەڵام لەبەرامبەر فیرمینا دازادا بەئەمەکداریی بمێنێتەوە. خۆشبەختانە لیۆنی دوانزەهەمی مامی زۆر سوور نەبوو لەسەر ئەم مەسەلەیە. کاتێ تەمەنی بوو بەنەوەدو نۆسالێ، بەرەسمی دانی بەبرازاکەیدانا وەکو تاکە میراتگرو لەکۆمپانیا دوورکەوتەوە.

شەش مانگ دوای ئەوە، بەکۆی دەنگی پشکداران فلۆرنتینۆ ئەریزا وەکو بەڕێوەبەری دەستەی بەڕێوەبردن و بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیا هەڵبژێردرا. ئەو ڕۆژەی کە ئەم پۆستەی وەرگرت دوای خواردنەوەی شەمپانیا، شێری پیری خانەنشین داوای کرد کەڕێگەی پێبدەن بەدانیشتنانەوە و لەسەر کورسییە بزۆزەکەی وتەیەك پێشکەش بکات کە زیاتر لە لاواندنەوە دەچوو. لە قسەکانیدا وتی: ژیانی بەدوو ڕووداوی خودایی دەستی پێکردووەو کۆتاییهاتووە. ڕووداوی یەکەمیان ئەوەبوو کاتێ لە سەفەرە شوومەکەیدا بەرەو مەرگ دەچوو لەگوندی توربـاکۆ پاڵەوانی ئازادیی بەباوەش هەڵیگرتبوو، ڕووداوی دووەمیشیان ئەوەبوو کە سەرەڕای ئەو هەموو کۆسپەی هاتبوونە ڕێگای توانیبووی جێنشینێکی شایستە بۆ کۆمپانیا پەیدا بکات. سەرەنجام لەکاتێکدا هەوڵیدەدا نواندنەکە کارەساتبار نەکات، بەمشێوەیە کۆتایی بەقسەکانی هێنا:

– تەنیا ئاواتێ کە لەگەڵ خۆمدا دەیبەمە ژێر خاك ئەوەیە لە ڕێوڕەسمی ناشتنی زۆر کەسدا لاوانەوەم پێشکەش کردووە، جگەلە ڕێوڕەسمی ناشتنی خۆم.

بۆ کۆتاییهێنان بە ئاهەنگەکەش، بۆ نەیلێ، بە تەنیا گۆرانی– ماڵئاوا لە ژیان– ی وت، کە گۆرانی ئۆپەرێتی (توسکا) بوو. هەروەکو خۆی حەزی پێدەکرد بە ئاوازێکی کەنیسەیی وتی، بە دەنگێك کە هێشتا قایم و سەقامگیربوو. فلۆرنتینۆ ئەریزا کەوتبووە ژێر کاریگەرییەوە، بەڵام لەو کاتەدا کارگەرییەکەی پێوە دیارنەبوو کە سوپاس و پێزانینی دەربڕی

هەرچەندە کەمێك دەنگیشی لەرزی. فلۆرنتینۆ تەنیا لەبەر ئەو ورەو باوەڕە تۆکمەیەی تا لەسایەی فێرمینا دازا بەواقیعی دەژی و درێژە بەچارەنووسی خۆی دەدات حەزی دەکرد بەزیندوویی و ساغ و سەلامەتیی بمێنێتەوە، بەهەمان ڕێگە کە لەژیانیدا بیری لەهەر شتێ کردبۆوەو کاری بۆ کردبوو بەرەو بەرزیی بۆی سەرکەوتبوو.

بەهەرحاڵ، ئەوە تەنیا یادەوەریی فێرمینا دازا نەبوو لەو ئاهەنگەدا کە ئەو شەوە لیۆنا کاسیانی بانگ کردبوو بۆ ئەوەی یاوەریی بێت، بەڵکو یادەوەریی هەموو ئەو کەسانەی ئاسیبوونی ئەو شەوە هاوڕێی بوون: بە ئەوانەشەوە کە لەگۆڕدا ڕاکشابوون و لەنێوان ئەو گوڵە سوورانەوە کە ئەم لەسەر گۆڕەکانیان ڕواندبووی بیریان لەم دەکردەوە، ئەوانەش کە بەقژی ئاڵتوونیی وەك قۆچەوە لەژێر تریفەی مانگە شەودا، سەریان کردبووە سەر ئەو بالیفانەی کەمێردەکانیان سەری کردبووە سەر. فلۆرنتینۆ ئەریزا جگە لەیەکێکیان کەلێی بێبەشبوو حەزی دەکرد لەیەك کاتدا لەگەڵ هەموویاندا بێت. دڵی فلۆرنتینۆ هەمیشە لەکاتی ترسدا ئاوا گڕوی لێدەگرت. چونکە لە سەختترین کات و ناخۆشترین ساتیشیدا لەو هەموو ساڵەدا هەمیشە ڕایەڵێکی پەیوەندیی لەگەڵ عەشیقە بێشومارەکانیدا هێشتبۆوە هەرچەندە ئەو ڕایەڵەیە لاوازیش بووبێت. هەمیشە ئاگای لەڕێڕەوی ژیانیان بوو. بەمپێیە ئەوشەوە ڕۆسالبای هاتەوە یاد، واتە یەکەم کەس کە سێکسی لەگەڵ کردبوو یادی ئێستاش وەکو یادی یەکەم ڕۆژ تاڵ و ناخۆشبوو. هێندە بەسبوو کە چاوانی دابخات تا بە عەزیەکی مۆزلینی تەنك و کڵاوێکەوە کە ڕیشووی ئاوریشمی پێوە بوو بیبینێ لەکاتێکدا لەسەر قەراغی کەشتییەکە ئەو زەمیلەیەی ڕادەژەند کەمناڵەکەی تێدابوو. لەساڵانی بێشوماری تەمەنیدا چەندین جار خۆی کۆکردبۆوە بۆ ئەوەی بەدوایدا بگەڕێت، بێئەوەی بزانێت دەبێت کوێی بۆ بگەڕێت، بێئەوەی ناوی خێزانەکەی بزانێت، بێئەوەی تەنانەت ئەوەش بزانێت ئایا ئەو ئەو کەسەیە

که ئەم بەدوایدا دەگەڕێت. بەڵام دڵنیابوو لەناو بێشەیەکی پڕ لەگوڵی سەحلەبدا دەیدۆزێتەوە. هەموو جارێ سەفەرەکەی لە دواساتدا لەئەنجامی کێشەیەکی راستەقینەوە یان بەهۆی کەمتەرخەمیی خواست وویستی خۆیەوە، رێك لە کاتێکدا کە تەختەی پردی کەشتییەکە لە کاتی بەرزکردنەوەدا بوو، دوادەکەوت: هەمیشەش هۆکاری راستەقینەی دواکەوتنەکە پەیوەندی بەفێرمینا دازاوە هەبوو. نازاریتی بێوەژنی بەیادهێنایەوە، واتە تەنیا کەسێ کە لەگەڵیدا بێحورمەتیی بەماڵی خۆیان کردبوو لەشەقامی ( لاس فینتاناس). ئەگەرچی ئەوە ترانسیتۆ ئەریزای دایکی بوو کە بانگهێشتی کردبوو بۆ ماڵەوە نەك ئەم، فلۆرنتینۆ ئەریزا لەگەڵ نازاریتی بێوەژندا زیاتر لەوانی دیکە تێگەیشتنی هەبوو چونکە تاکە ژنێك بوو سەرەڕای بەربادیی لەجێگەی نووستندا، بۆ پڕکردنەوەی شوێنی فێرمینا دازا بەتەواوی میهرەبانیی و لەخۆبردوویی نیشاندەدا. بەڵام نازاریتیش وەکو پشیلەی بەرەڵڵاو ماڵیی نەکراو حەزوئارەزووی بەسەر هێزی خۆشەویستییدا زاڵبوو، ئەمەش ناچاریکردن کەخیانەت لەیەکتری بکەن. وێڕای ئەوەش نزیکەی سێ ساڵ ناوبەناو درێژەیان بەپەیوەندییەکەیاندا لەسایەی ئەم دروشمە سوارچاکییەی فلۆرنتینۆدا کە دەڵێ : خیانەتمان لەیەکتری دەکرد بەڵام یەکتریمان هەڵنەدەخەڵەتاند. هەروەها نازاریت تاکە ژنێکیش بوو کە فلۆرنتینۆ ئەریزا لەبەرامبەریدا لێپرسراوییەکی لەئەستۆ گرت، کاتێ هەواڵی مردنی بیست کەبڕیاربوو لەگۆڕستانی بێنەوایان بینێژن، خەرجی ناشتنی گرتە ئەستۆی و تاکە کەسیش بوو کە لەناشتنەکەیدا ئامادەبوو.

فلۆرنتینۆ گەلێ بێوەژنی خۆشەویستی بەیادهێنایەوە، پرودینسیا پیترا کە لەهەموویان کۆنتربوو، هێشتا لەژیاندابوو لای هەموان بەبێوەژنی خودا ناسرابوو، لەبەرئەوەی دووجار بێوەژن کەوتبوو لەهەردوو مێردەکەی زیاتر ژیابوو، هەروەها پرودینسیای دووەمی ژنی ئەربیانۆی

بەیادهێنایەوە کەشەیدای ببوو، قۆپچەی جلەکانی فلۆرنتینۆی لێدەکردەوە بۆ ئەوەی ناچاربێت هەتا دایاندەدورێتەوە لای بمێنێتەوە، خۆسیفای ژنی زۆنیگای بەیادهێنایەوە، کەشێتی ببوو، وەختەبوو لەکاتی خەوتندا بەمقەست زەکەری ببڕێت بۆ ئەوەی بۆخۆی نەبێ بۆ کەسی تر نەبێت. ئەنخیلس ئەلفارۆی بەیادهێنایەوە کەبەخێرایی ونبوو، لەهەموویان زیاتری خۆشدەویست. بۆ ماوەی شەش مانگ هاتبوو تا لەقوتابخانەی مۆسیقا فێری ئامێرە ژێدارەکانیان بکات. ئەلفارۆ لەسەرسەربانی ماڵەکەی خۆی بەرووت وقووتی وەکو کاتی لەدایکبوون شەوانی مانگەشەوی لەگەڵ دەگوزەراندو بەئامێری (بیولونچیلۆ) جوانترین مۆسیقای بۆلێدەدا کەدەنگەکەی دەگۆڕا بۆ دەنگی کەسێك کە لەنێوان هەردوو رانە ئاڵتوونییەکەیدا بێت. لە یەکەم مانگەشەوەوە، دڵی هەردووکیانیان بە خۆشەویستییەکی تینوو و نەشارەزاوە شکاند. بەڵام ئەنخیلس ئەلفارۆ هەروەکو چۆن هاتبوو ئاوا رۆیشتەوە: بەئەندامی ناسك وئامێرە مۆسیقییە تاوانبارەکەیەوە سواری ئەوکەشتییە هەڵمییە ئۆقیانووسبڕە بوو کەئاڵای فەرامۆشکردن بەسەرییەوە دەشەکایەوە. تەنیا شتێ کە لەسەرسەربانی پڕ مانگەشەو لە ئەلفارۆ بەجێما ماڵئاواییەکی پڕسەرسوڕمان ودەسڕێکی سپی بوو کە لەئاسۆدا وەکو کۆترێکی تەنیای غەمبار بەدیدەکرا. دەتوت شیعرێکە لە فێستڤاڵی شاعیراندا. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەگەڵ ئەم ژنەدا فێری شتێکبوو کە چەندانجار تاقیکردبۆوە بێئەوەی لێی تێبگات. دەرکی بەوەکرد کەمرۆڤ دەتوانێت لەیەککاتدا چەندان کەسی خۆشبوێت و لەگەڵ هەریەکێکیاندا هەست بەخەم وخەفەتێکی وەك یەك بکات بێئەوەی کلاوبکاتە سەر هیچیان. لەکاتێکدا لەناو قەرەباڵغی و ئاپۆرەی سەربەندەرەکەدا بەتەنیا وەستابوو بەتووڕەییەوە وتی" دڵ لە ئوتێلی قەحبەکان زیاتر ژووری تێدایە" لە غەمی لێکدابران فرمێسکێکی باشی رشت، بەڵام هەر کەکەشتییەکە لەئاسۆدا دیار نەما، جارێکی تر یادی فێرمینا دازا تەواوی بوونی داگیرکردەوە.

ئەندریّ بارونی بەیادهێنایەوە کە هەفتەی رابردوو بە بەردەم
ماڵەکەیانـــدا تێپــەڕیبوو، بــەڵام رووونـــاکی پرتـــەقاڵیی گەرماوەکــە ئاگادارکردنەوەیەکبوو بەو مانایەی ناتوانیّ بچێتە ژوورەوە: کەسێك پێش ئەو خۆی پێداکردبوو. کەسێکبوو، ئیدی گرنگ نەبوو پیاوبوو یان ژن، چونکە ئەندریّ بارون کاتیّ ئارەزووی تووشی پشێوی دەبوو خۆی بەم وردەکارییانەوە ماندوو نەدەکرد بزانیّ ئەوەی هاتۆتە سەردانی پیاوەیان ژن. لەناو هەموو ئەوانەی لەلیستەکەی فلۆرنتینۆدا بوون، ئەندریّ تەنیا ژنبوو ی لەرێگەی جەستەیەوە پارەی پەیدا دەکرد، بەڵام ئەم کارەی بەبیّ دەڵاڵ دەکردو هەربۆ لەزەتی خۆیبوو. لەساڵانی خۆشییدا کەبەنهێنی خەریکی پیشە هەرە کۆنەکە بوو، وەکو قەحبەیەك پلەو پایەیەکی ئەفسانەیی هەبوو. فەرمانڕەواو دەریاساڵارەکانی تا قۆناغی شێتی بەکێشدەکرد، پیاوە دیارەکانی ئەهلی قەڵەم و یاسای دەبینی کەهێنەدەی لەخۆیان رازیبوون خاوەنی ناووناوبانگ نەبوون، تەنانەت ئەوانەشی دەبینی کە بەڕاستی خاوەنی ناووناوبانگ بوون، کاتیّ دەستیان دەکردە ملی و بەسەرشانیدا دەگریان. بەهەرحاڵ، ئەوە راستبوو کەسەرکۆمار رافائیل رییس لەیەکێك لەسەردانە بەپەلەکانیدا کەنیوسەعات لەشاردا مایەوە لەبەرامبەر ئەوخزمەتە گەورەیەی ئەندریّ بەوەزارەتی دارایی کردبوو خانەنشینییەکی هەتامردنی بۆ بڕییەوە، ئەمەش لەکاتێکدابوو کە ئەم سۆزانییە تەنانەت یەك رۆژیش فەرمانبەر نەبوو. هەتا دەستی بگەیشتایە و لەتوانایدا بووایە، دیاری رابواردنەکانی تەخشانوپەخشان دەکرد، ئەگەرچی هەمووان لە رەفتاریی بێشەرمانەی ئاگاداربوون بەڵام هیچ کەسیّ نەیدەتوانی بەڵگەیەکی بێچەندوچوونی لەسەربخاتەروو. چونکە دۆستە کاربەدەستەکانی وەك ئەوەی داکۆکی لەخۆیان بکەن داکۆکییان لێدەکرد، لەبەرئەوەی دەیانزانی لەکاتی دەرکەوتنی رسواییەکدا خۆیان لە ئەندریّ زیاتر زیانیان بەردەکەوێت. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەبەرخاتری ئەندریّ پرەنسیپە پیرۆزەکەی

خۆی شکاند کەهەتا ماوە پارە بەرابواردن نەدات و ئەویش لەبەرخاتری فلۆرنتینۆ پرەنسیپەکەی خۆی پێشێلکرد کەهەرگیز بەبێ پارە لەگەڵ کەسدا رانەبوێرێ، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ مێردەکەشیدا بێت. هەردووکیان بۆ هەرجارەی لەسەر یەك پیزۆ پێکهاتن کەنەفلۆرنتینۆ دەیدایە دەستی و ئەندرێش وەریدەگرت. فلۆرنتینۆ پیزۆکەی دەکردە ناو دەغیلەیەکەوە کە لەشێوەی بەچکەبەرازدا بوو تا ئەوەندەی لێدەهات بتوانی لەگوزەری عەرزوحاڵنووسەکان کە لەوسەری دەریابوو شتێکی جوانی پێبکڕێ. ئەندرێ ئەوەی لەبەرگرانبوو کە فلۆرنتینۆ لەکاتی قەبزیدا شاف بەکاردێنێ بۆیە وەکو هاودەردییەك قایلیکرد کە پێکەوە شاف بەکاربێنن، ئیدی لەو ئێوارانانەدا کە شێتانە پێکەوە بەسەریاندەبرد وەکو داهێنانێکیتر لە سێکسدا هەردووکیان شافیان بەکاردەهێنا. فلۆرنتینۆ ئەریزا وەکو خۆشبەختییەك ئەوەی لێکدەدایەوە کە لەنێوان ئەو هەموو ژوان و مامەڵە پڕ مەترسییەدا تەنیا ژنێ کەتامی دڵۆپێ تاڵیی پێچەشت سارا نۆریگای هەڵخەڵەتێنەرو بێباربوو کەدواجار لە تیمارستانی (شیفردس) نەخۆشییە ئەقڵییەکان سەریدەرهێنا. سارا بەبێشەرمییەکی لە ڕادەبەدەری پیرانەوە لەبەر شیعری قۆڕی بۆ ئەوانەی تیمارستانەکە دەخوێندەوە، کاربەدەستانی تیمارستانەکە ناچاربوون جیایبکەنەوە بۆ ئەوەی باقی ژنە ئەقڵ سووکەکان بەتەواوی شێت نەکات. بەهەرحاڵ، کاتێ فلۆرنتینۆ ئەریزا لێپرسراوێتیی ك. ك. ك. ر لە ئەستۆگرت ئیدی نەکاتی ئەوەی هەبوو نەحەزیشی دەکرد جێگەی فێرمینا دازا بەکەسێکی تر پڕبکاتەوە: دەیزانی کە فێرمینا دازا لەوێنەی نییە. وردە وردە سەردانەکانی بۆ لای ئەو ژنانە کەمکردەوە کە دەیناسین، ئیدی بەپێی دەرفەتی خۆیان لەگەڵیان دەخەوت یان بەپێی دەرفەتی خۆی، یان بەپێی ئەوەی لەژیاندا بۆیان دەگونجا. لەیەکشەممەی جەژنی پەنجاهەمیندا کاتێ خۆڤینال ئۆربینۆ مرد، تەنیا یەك کەسی بۆ مابۆوە. تەنیا یەك کەس، کە تازە پێی خستبووە تەمەنی چواردە ساڵییەوە

خاوەنی هەموو ئەو شتانەبوو کە بۆ شێت و شەیداکردنی فلۆرنتینۆ ئەریزا تائەو کاتە کەس نەیبوو.

ناوی ئەمریکا ڤیکونیا بوو، دوو ساڵ پێش ئەوە لە (پۆیرتوپاردێ) شارۆچکەی دەریاییەوە هاتبوو خێزانەکەی کە خزمی فلۆرنتینۆ بوون ناردبوویان بۆ لای و بەویان سپاردبوو کە ببێتە بەخێوکەری، بەپێی یارمەتییەکی حکومەت هاتبوو بۆ ئەوەی خوێندن تەواو بکات و ببێت بەمامۆستا. لەگەڵ خۆیدا حەسیرێك و باوەڵێکی بچووکی تەنەکەی هێنابوو کەمێندە بچووکبوو لە هی بووکەشووشە دەچوو، لەوکاتەوە کە بەپێڵاوی پاژنەبەرزی سپی و پرچی ئاڵتوونییەوە لەکەشتی دابەزی، فلۆرنتینۆ ئەریزا ئەو هەستە پێشوەختە ترسناکەی لەلا دروستبوو کەئەمان زۆر سەرخەوی نیوەڕوانی یەکشەمموان پێکەوە دەشکێنن. ڤیکونیا بەمانای تەواوی وشەکە هێشتا منداڵێکبوو. بەزەردی ددانەکان و رووشانی سەرئەژنۆکانی بەهۆی زرمە زلێی قوتابخانەی سەرەتاییەوە، بەڵام فلۆرنتینۆ ئەریزا بە تەماشاکردنێکی لەوە حاڵیبوو بەزوویی چۆن ژنێکی لێدەردەچێت. لەماوەی یەك ساڵدا بەرەبەرە رایهێنا بۆخۆی شەموان دەیبرد بۆ سێرك، یەکشەموان دەیبرد بۆ پارك و بۆ ساردەمەنی خواردن، بە ئێوارانی منداڵان پەروەردەی کردو متمانەو سۆزو خۆشەویستیی بەدەستهێنا، بەزیرەکی ئابڕوومەندانەی باپیرێکی میهرەبانەوە بەرەو قەسابخانە نهێنییەکەی خۆی بەکێشی کرد. بەلای ئەمریکاوە زۆر خێرا بوو: دەرگاکانی بەهەشت بەڕوویدا کرانەوە. بەیەکجاری وەکو گوڵ کرایەوەو ئەمەش لەبەرزەخی بەختەوەرییدا ئازادی کردو بوو بە هاندەرێکیش بۆ خوێندنەکەی چونکە بۆ لەدەستنەدانی گەشت و گەڕانەکانی کۆتایی هەفتە لەپێش خوێنکارەکانەوە بوو. بەلای فلۆرنتینۆ ئەریزاوە نهێنیترین گۆشەو پەنابوو لەکەنداوی بچووکی پیریی ئەمدا، دوای ئەو هەموو ساڵەو دوای ئەو هەموو خۆشەویستیی و مێبازییە حەپسکراوە، هەستی بەلەزەتی ئەو پاکی و بەرائەتە کرد کەپیسکرابوو، شێوێنرابوو.

هەردووكیان تەواو پێكهاتبوون. ئەمریكا خۆی چۆنبوو بە هەمان شێوە رەفتاریدەكرد، كچێك بوو ئامادەی فێربوونی شێوازی ژیانبوو لە ژێر رێنمایی پیرەمێردێكی بەڕێزدا كە هیچ شتێ نەیدەترساندو بەشێوەیەكی وریایانە رەفتاریدەكرد، لەوە دەترسا ژیان بەرەو ئەوەی بەرێت كەبیری لێدەكردەوە: واتە ببێتە دەزگیراندارێكی پیر. فلۆرنتینۆ ئەریزا هەرگیز ئەمریكای لە گەنجی فێرمینا دازادا نەدەبینییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا كە لێكچوونی نێوانیان لەڕووكەش زیاتربوو، تەنیا بنەمای تەمەن و جلوبەرگی قوتابخانەو پرچ و هەنگاوی گورج وگۆڵانەبوو بەڵكو تەنانەت كەسایەتی لووت بەرزانەو پێشبینی نەكراویان هەبوو. وێڕای ئەوەش بیری گۆڕینی خۆشەویستییەكەی كەپێشان هاندەرێكی باشبوو بۆ ئەوەی خۆشەویستیی تر بكات، بەتەواوی لەمێشكیدا سڕابۆوە. فلۆرنتینۆ ئەمریكای وا خۆشدەویست كە هەبوو، هەروەها بۆیە خۆشیدەویست لەبەرئەوەی لەبێئارامی خۆشییەكانی ئاسۆدا لەگەڵیدا بوو، ئەمریكا تاكە ژنێ بوو كە فلۆرنتینۆ بۆ رێگرتن لە بەڕێكەوت سكپڕبوونی وردەكاریی زۆری بەكار دەهێنا. لە دوای كۆمەڵێ ژوان ئیدی بەلای هیچ یەكێكیانەوە جگە لەژوانی ئێوارانی یەكشەموان خەونێكی دیكە لەئارادا نەبوو.

لەو لایەنەوە كە فلۆرنتینۆ ئەریزا تەنیا كەسێ بوو كەمۆڵەتی پێدرابوو لەبەشی ناوخۆیی بیباتە دەرەوە، جاریوابوو بە ئوتومبیلێكی هیدسۆنی شەش سلندەر دەچوو بەدوایدا كە هی (ك.ك.ك.ر) بوو، جاری واشبوو ئەگەر هەتاو نەبووایە چادری سەقفەكەی لوولدەكرد، دەیبرد بۆ گەڕانی كەناری دەریا، فلۆرنتینۆ ئەریزا بەكڵاوی رێوڕەسمی ناشتن و ئەمریكاش كە وەختەبوو لەپێكەنیندا دەبوورایەوە توند هەردوو دەستی بە كڵاوی مەلەوانییەكەیەوە دەگرت بۆ ئەوەی با نەیبات كە بەشێك بوو لەجلوبەرگی قوتابخانەی. یەكێك بەئەمریكای وتبوو كەزیاد لەپێویست كاتی خۆی لەگەڵ بەخێوكەرەكەیدا بەسەرنەبات و ئەوشتەی ئەو لێی چەشتووە

نەیخوات و دەموچاوی زۆر لەدەم و چاوی نزیک نەخاتەوە لەبەرئەوەی پیریی نەخۆشییەکە قابیلی تووش بوون و تەنینەوەیە. بەڵام ئەمریکا گوێی بەوە نەدەدا. هەردووکیان ئەوشتانەیان فەرامۆشدەکرد کە ڕەنگبوو خەڵکی بیری لێبکەنەوە لەبەرئەوەی هەمووان ئاگاداری خزمایەتییان بوون، لەمەش گرنگتر جیاوازیی تەمەنیان کە زۆر زۆر بوو لەهەرجۆرە گومانێک بەدووری دەگرتن.

لەیەکشەممەی جەژنی پەنجاهەمیندا کە زەنگەکان لەسەعات چواری عەسردا بەدەنگێکی هاوڕیتم دەنگیان لێبەرزبۆوە، فلۆرنتینۆ و ئەمریکا پێکەوە بوون و کردبوویان. فلۆرنتینۆ ئەریزا ناچاربوو بەسەر تەپە تەپی شێتانەی دڵیدا زاڵ بێت. لەگەنجی ئەمدا، کرێی لێدانی زەنگەکان دەچووە سەر خەرجی ناشتنی مردووەکەو تەنیا هەژارانی نەدەگرتەوە. بەڵام دوای دواجەنگی ئێمە، ڕێک لەگەڵ سەرەتای سەدەی نوێدا، ڕژێمی محافیزەکار باجی کۆڵۆنی چەسپاندو ڕێوڕەسمی ناشتن ئەوەندە گران تەواو دەبوو کەتەنیا ئەوانەی زۆر دەوڵەمەندبوون دەیانتوانی خەرجییەکەی بدەن. کاتێ ئەسقەف گەورە (ئەرکولی دی لونا) کۆچی دواییکرد، زەنگەکان لەسەراپای هەرێمەکەدا نۆ ڕۆژو نۆ شەو بەردەوام دەنگیان لێبەرزبۆوە، نارەزایی گشتیی ئەوەندە زۆربوو کەجێنشینەکەی، زەنگی کڵێسای بۆ مردوو قەدەغەکردو تەنیا بۆ مردووە دیارەکان هێشتییەوە. لەبەرئەوە کاتێ فلۆرنتینۆ ئەریزا لە سەعات چواری عەسرداو لەیەکشەممەی جەژنی پەنجاهەمیندا گوێی لەدەنگی زەنگی کڵێسای گشتیی بوو، هەستێکی وای لادروست بوو کەدەتوت ڕۆحی گەنجێکی لەدنیادەرچوو هاتۆتە سەردانی. هەرگیز واوێنای نەدەکرد ئەو زەنگانە هەمان ئەو زەنگانەبن کەئەو هەمووساڵە حەزی بەبیستنیان دەکرد واتە ڕێک لەو یەکشەممەیەوە کەفێرمینا دازای بەسکی شەش مانگییەوە لەکاتی چوونەدەرەوەیدا لەڕێوڕەسمی مەزنی عەشای ڕەببانی دیبوو. فلۆرنتینۆ لەتاریکیدا بەخۆی

وت " ئەم ئەفرەتییە، دیارە کەسێکی کەللەزل و نەهەنگێکی قەڵەو بووە وا زەنگی کڵێسای گشتی بۆ لێدەدەری" ئەمریکا ڤیکونیا کەتازە لەخەو هەستابوو وتی:

- بێگومان لەبەر جەژنی پەنجاهەمینە.

فلۆرنتینۆ ئەریزا لە بنەڕەتدا شارەزایی لەکاروباری کڵێسەو ئەوجۆرە شتانەدانەبوو لەو کاتەوە کە لەبەردەستی کابرای ئەڵمانیدا زانستی تەلەگرافیشی فێرکردبوو ڤیۆلۆنی لێدابوو، دەربارەی چارەنووسی ئەو کابرا ئەڵمانییە هەرگیز نەیتوانیبوو هەواڵێکی بێچەندوچۆن بەدەست بێنی ئیدی نەچووبوو بۆ ڕێوڕەسمی عەشای ڕەببانی. بەڵام بەبێ هیچ گومان و دوودڵییەك دەیزانی کە زەنگەکان لەبەر جەژنی پەنجاهەمین لێنادرێن. راستی ئەوەبوو کە لەشاردا، پرسەی گشتیی رادەگەیەنراو فلۆرنتینۆ ئەوەی دەزانی. ژمارەیەك لە پەنابەرە کاریبییەکان ئەو ڕۆژە بەیانییەکەی هاتبوون بۆ ماڵەوە بۆ لای بۆ ئەوەی پێیڕابگەیەنن جێرمیا دی سانت ئاموریان لەشوێنی وێنەگرتنەکەیدا بەمردوویی دۆزیوەتەوە. ئەگەرچی فلۆرنتینۆ ئەریزا لە هاوڕێیانی نزیکی نەبوو بەڵام لە زۆر پەنابەری دیکەیانەوە نزیکبوو ئەوانیش هەمیشە بۆ ڕێوڕەسمەکانی خۆیان، بەتایبەتی بۆ ناشتنی مردووەکانیان بانگیاندەکرد. بەڵام فلۆرنتینۆ کەدڵنیابوو زەنگەکان بۆ جێرمیادی سانت ئامور لێنادەن کەجەنگاوەرێکی بێباوەڕو ئەنارشیستێکی سەرسەختبوو، جگە لەوەش بەدەستی خۆی خۆی کوشتبوو وتی:

- نەخێر، بەمشێوەیە کەئەم زەنگانە لێدەدەن، بەلای کەمەوە دەبێت بۆ فەرمانڕەوایەك یان کەسێکی باڵاتر بێت.

ئەمریکا ڤیکونیا، بە بەدەنێکی زەردەوە لەبەرئەو ڕووناکییەی لەنێوانی ئەو پەردانەوە دەهاتە ژوورەوە کە بەبێ موبالاتییەوە دایاندابوونەوە، ڕاکشابوو. لەتەمەنێکدا نەبوو کەبیر لەمەرگ بکاتەوە. ئەم جۆرە دوای نانخواردنی نیوەڕۆ لە ئارامیی سێکسیش تێر ببوون و ئێستا

لـەكۆتايى سەرخەوشـكاندنى نيوەڕۆدابـوون لـەژێر پانكەيـەكى سـەقفيدا بەرووتيى راكشابوون كەزيكە زيكەكەى نەيدەتوانى دەنگى تـەرزە ئاساى دەنووك ليدانى شمقارەكان لەسەر لەوحە گەرمـەكانى سەقفەكە داپۆشێت. فلۆرنتينۆ ئەريزا وەكو زۆربەى ئەو ژنانەى كەبەرێكەوت هاتبوونە ناو ژيانە دووردريژەكەيـەوە، ڤيكونيـاى خۆشدەويـست. بـەلام خۆشەويـستيى ئـەم ئازارو سۆزێكى زياترى لەگەلدا بوو، لەبەرئەوەى دلنيابوو هـەتا ئـەمريكا خانەى بالاى مامۆستايان تـەواو دەكـات پيريـى ڕێگـەى ژيـانى پێنـادات و دەمرێت.

ژوورەكە لە كابينەى كەشتييەك دەچوو. ديوارەكانى لەتەختەيەك دروستكرابوون وەكـو ديـواريى كەشـتى رووبـار چەندينجار بۆيـەكرابوون و رەنگە ئەسلييەكەى خۆيان ديار نـەمابوو. بەلام لەسـەعات چوارى عەسـردا سـەرەڕاى ئـەو پانكـە سـەقفييەى كـە لەسـەر سيـسەمەكەيان دەخولايـەوە، گەرماى ژوورەكە لەكابينەى كەشتى زياتر بوو. ئەمـەش لەبەر ئـەو گەرمييە بوو كەسەقفە لەوحەكە دەيدايەوە. ئەم ژوورەى كەفلۆرنتينۆ ئەريزا بەبێ هيچ مەبەستێك جگەلـە پەنايـەكى بچووك بـۆ رابـواردنى پيريـى خـۆى لەپـشت نووسينگەكەى خۆيەوە دروستيكردبوو، ئەوەندەى ديمـەنى كابينەيـەكى نـاو وشـكانى هـەبوو ديمـەنى ژوورێكـى نووسـتنى نـەبوو. لـەرۆژانى ئاسـاييدا خـەوتن لـەم ژوورەدا بـەهۆى هـات وهـاوارى حـەمالى كەشـتييەكان و هـاڕەو جيڕەى رافيعەكانەوە مەحالبوو. بەهـەرحال، ئـەم ژوورە بۆ ئـەمريكا ڤيكونيا بەهەشتێكى يەكشەموان بوو.

ئـەم جووتـە بەتـەمابوون جـەژنى پەنجاهـەمين هـەتا كـاتێ دەبـوو كچەكە بگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە واتە تاپێنج دەقە پێش دوعـاى ئـەنجيلوس پێكـەوەبن، بـەلام دەنگـى زەنگـەكان بەلێنەكـەى هێنايـەوە يـادى فلۆرنتينـۆ كـەدەبوو لـەڕێوڕەسمى ناشتنى جێرميـادى سـانت ئـاموردا ئامـادە بێـت و خێراتـر لـەكاتى ئاسايى جلـەكانى لەبـەركردەوە. سـەرەتا وەكـو هەميـشە،

پرچەکانی ئەمریکای هۆنییەوە کەخۆی پێش ئەوەی لەگەڵیدا جووتبێت کردبوونییەوە و لەسەر مێزەکە داینیشاند بۆ ئەوەی قەیتانی پێلاوەکانی قوتابخانەی بۆ ببەستێتەوە کەخۆی هیچ کاتێ نەیدەتوانی بەباشی بیانبەستێ. فلۆرنتینۆ ئەریزا بەبێئەوەی لاساری بکات یارمەتی دەداو کچەکەش لەم یارمەتیدانەدا هاوکاریی دەکرد، وەك ئەوەی ئەرکێك بێت. ئەم جووتە هەر لەدیدارەکانی سەرەتایانەوە جیاوازیی تەمەنیان لەبیری خۆیان بردبۆوە، وەکو ژن ومێردێکی هۆگری یەکتری بەمتمانەوە هەڵسوکەوتیان دەکردو گەلێ شتیان لەیەکتری شاردبۆوەو تەقریبەن هیچ شتێکیان نەمێشتبۆوە کەبەیەکتری بڵێن.

نووسینگەکانی کۆمپانیا بەهۆی ئەوەی رۆژی پشوو بوو داخرابوون و تاریکبوون و لەبەندەرە چۆڵەکەدا تەنیا یەك کەشتی بەمەنجەڵە بوخارە کوژاوەکانییەوە بەدیدەکرا. هەوای گەرم و کپ هەواڵی یەکەمین بارانی ساڵی دەگەیاند بەڵام رۆشنایی هەواو ئارامیی یەکشەممە وادەهاتە بەرچاو هی مانگێکی دڵگیرتر بێت. لەدەرەوە دنیا لەکابینە تاریکەکە خۆش ولەبارتربوو. زەنگەکان دەبوونە هۆی غەمێکی زیاتر. فلۆرنتینۆ وکچۆڵەکە چوونەخوارەوە بۆ ناو ئەو حەوشەیەی بەخوێی باروووت سوێر ببوو کە ئیسپانییەکان وەکو بەندەرێ بۆ کۆیلە رەشپێستەکان بەکاریاندەهێنا. پاشماوەی باروووت و قەوانی ژەنگاوی تێدامابوو. ئوتومبیلەکە لەبن سێبەری کۆگاکاندا چاوەڕێی دەکردن. هەتا سوار نەبوون و بەباشی لەناو ئوتومبیلەکەدا جێگای خۆیان نەگرت شۆفێرەکەیان خەبەر نەکردووە کە سەری لارکردبۆوە بۆ سەرسوکانەکەو خەو بردبوویەوە. ئوتومبیلەکە لە پشت کۆگاکانەوە کە بەسیاجی تەلی وەك هی پەنجەرەی کولانە مریشك دەوریان گیرابوو پێچی کردەوە، بەناوەڕاستی بازاڕی کۆندا تێپەڕی کە کەوتبووە کەنداوی بچووکی (لاس ئەنیماس)ەوەو کۆمەڵێ گەنج بەجلی نیوەڕووتەوە تۆپێنیان تێدا دەکرد. ئوتومبیلەکە لەکاتێکدا رەشاییەکی پڕ لە

تەپ وتـۆزی بـەدوای خۆیـدا بەجێدەهێـشت لـە لەنگەرگاکـە چووە دەرەوە. فلۆرنتینۆ ئەریزا دڵنیابوو کەئەو ڕێزنواندنە ناشێ بۆ ڕێوڕەسمی ناشتنی جێرمیا دی سانت ئامور بێت، بـەڵام دەنگـی پڕ لەسووربوونی زەنگـەکان ئاخی پڕدەکرد لەگومان. دەستی خستە سەرشانی سایەقەکەو لەکاتێکدا کەدەیقڕاند بەگوێیدا پرسی " زەنگەکان بۆ کێ لێدەدرێن؟" شۆفێرەکە وتی:

– بۆ دکتۆرە بەناوبانگەکە ... ناوی چییە؟

فلۆرنتینۆ ئەریزا پێویستی بەبیرکردنەوە نەبوو بۆ ئەوەی بزانێت کـابرا مەبەسـتی لەکێیـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـاتێ کـابرای سـایەق پێیـوت چۆنچۆنی مردووە، بۆ ساتێ ئومێدەکەی نەما لەبەرئەوەی نەیدەتوانی باوەڕ بەوە بکات کەگوێی لێبوو. هیچ شتێك هێندەی شێوازی مردنی مرۆڤ لەیەك ناچێت و هیچ مردنێ نەیدەتوانی لەوە کەمتر لەمردنی ئەو پیاوە بچێت کە بیری لێدەکردەوە، بـەڵام ئـەوە خۆیبـوو، بەوشـێوەیەش مردبوو، ئەگەرچی بێمانـا دەهاتـە بەرچـاو: بەتەمـەنترین و لایـەقترین پزیـشکی شـار بـەهۆی چالاکییە دیارەکانییەوە لەبواری کۆمەڵایەتییداولەبەر گـەلێ هۆی شایستەتر دیـارترین پیـاوی شـارەکە لەتەمـەنی هەشـتاو یـەك سـاڵیدا لەکاتێکـدا کـە هەوڵیـداوە تووتییـەك بگرێـت لـەداری مانغا کـەوتبووە خـوارەوەو لەئەنجامی ئەوەی بڕبڕەی پشتی شکابوو گیانی سپاردبوو.

تـەواوی ئەوکارانـەی فلۆرنتینـۆ ئـەریزا لـەکاتی شـووکردنی فێرمینـا دازاوە کردبوونی لەسـەر بنـەمای ئومێـدی بـوون بـەم ڕووداوە. بـەڵام کەڕووداوەکـە ڕوویـدابوو، ئـەو هـەموو مچوڕکـەو لـەرزینی خۆشـی و شـادی و سـەرکەوتنەی کـە لـەکاتی بێدارییەکانیـدا وێنـای کردبـوو، ئێـستا هەسـتی پێنـەدەکرد. بەپێـچەوانەوە، تـرس سـەراپای بـوونی داگیرکردبـوو: سـەبارەت بەو خـەیاڵەی کەئەو زەنگـی مەرگە هەروەها دەشێ بەهەمان شێوە بۆ ئەمیش لێبدرێت. ئەمریکا ڤیکونیا کە لەتەنیشتییەوە لەئۆتۆمبیلەکەدا دانیشتبوو کەبەدرێـژایی شـەقامە چەوریژەکە هەڵبـەزو دابـەزی دەکـرد لـەڕەنگ پـەریبوو

فلۆرنتینۆ ترساو پرسی مەسەلە چییە؟ فلۆرنتینۆ ئەریزا بەدەستی ساردی توند دەستی ئەمریکای گرت، هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی:

- ئاخ، خنجیلەکەم، پێویستم بەپەنجا ساڵیتر هەیە بۆ ئەوەی پێت بڵێم مەسەلە چییە!

فلۆرنتینۆ ئەریزا ناشتنی تەرمی جێرمیا دی سانت ئاموری لەبیر چۆوە. ئەمریکای لەبەردەمی قوتابخانە دابەزاندو بەخێرایی بەڵێنی ئەوەی پێدا کەشەممەی داهاتوو دێت بەشوێنیدا، بە سایەقەکەی وت بیبات بۆ ماڵی خۆڤینال ئۆربینۆ. لەشەقامەکانی دەوروبەر رووبەڕووی قەرەباڵغی و هۆڕنی ئوتومبیل و تەقەو رەقەی گالیسکەی کرێ و لەناو ماڵەکەشدا رووبەڕووی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی خۆتێهەڵقورتێن بۆوە. میوانەکانی دکتۆر لاسیدیس ئۆلیڤیا کە لە لوتکەی ئاهەنگەکەدا ئەم هەواڵە ناخۆشەیان پێگەیشتبوو، بەپەلە هێرشیان بۆ ناوماڵەکە دەبرد. بەهۆی قەرەباڵغییەوە لەناو ماڵەکەدا هاتوچۆ ئاسان نەبوو، بەڵام فلۆرنتینۆ ئەریزا توانی خۆی بگەیەنێتە ژووری نووستنە سەرەکییەکە. لەسەر نووکەپێ لەسەر سەری ئەو خەڵکەوە کەبەر دەرگاکەیان گرتبوو بەوردی تەماشای کردو خۆڤینال ئۆربینۆی لەسەر سیسەمە دوو کەسییەکە بینی، بەهەمان شێوە کەیەکەمجار ناوی بیستبوو حەزی دەکرد بیبینێت، واتە وەك ئێستا بێجوڵەو بە مردوویی بیبینێت. دارتاشەکان تازە ئەندازەیان گرتبوو بۆ ئەوەی تابووتی بۆ دروستبکەن و لەتەنیشتییەوە، فێرمینا دازا بەدڵشکاویی و خۆراگرییەوە وەستابوو، هێشتا ئەوجلوبەرگەی لەبەردابوو کە بۆ ئاهەنگەکە لەبەری کردبوو سیمای دایە گەورەیەکی نۆبووکی پێدەبەخشی. فلۆرنتینۆ ئەریزا ئەم ساتەوەختەی بەتەواوی وردەکارییەکانییەوە لە تاڤ لاوییەوە، واتە لە هەمان ئەو رۆژانەوە کە بە تەواویی خۆی بۆ خۆشەویستییە بێباکەکەی تەرخانکردبوو، هێنابووە بەر چاوی خۆی. لەبەر خاتری فێرمینا دازا ناوبانگ و سەروەت و سامانی بەدەست هێنابوو بێئەوەی زۆریش حەزی لەشێوازی کارەکەی خۆی بێت،

لەبەر خاتری ئەو بەورپایی و دنیا بەگران هەلگرتنێکەوە کە بەچاوی پیاوانی ئەو رۆژگارە زۆر پیاوانە نەدەهاتە بەرچاو ئاگاداری سەلامەتی و رووکەشی خۆی بوو، بۆ رۆژێکی ئاوا وەها چاوەڕوانیی کردبوو کە هیچ کەسێکی دیکە لەدنیادا بۆ هیچ شتێك و هیچ کەسێکی تر نەیدەتوانی بەو شێوەیە چاوەڕانیی بکات: بەبێ یەك سات دڵساردبوونەوە. ئەو راستییەی کەمەرگ دواجار لە بەرژەوەندیی ئەم دەستی لەمەسەلەکە وەردابوو، ئەو گیانی ئازایەتییەی پێدەبەخشی کە بۆ دووبارەکردنەوەی پەیمان و وەفاداریی هەمیشەیی و خۆشەویستیی بێکۆتایی بۆ فێرمینا داژا لەیەکەم شەوی بێوەژن کەوتنیدا پێویستی پێیبوو. لەبەرامبەر ویژدانی خۆیدا نکوڵیی لەوە نەدەکرد کە لەترسی ئەوەی نەبادا هەرگیز ئەو دەرفەتە دووبارە نەبێتەوە، ئەوەی کردبووی کارێکی سەربەخۆیانەو بێوردەکاریی بووە، بەدەستەپاچەییەوە بووە و لەکاتێکی گونجاودا نەبووە. فلۆرنتینۆ پێیباشبوو کردەوەیەکی لەوە نەرمتری لێبوەشێتەوە، کردەوەیەك کەبەجوانیی لەخەیاڵی خۆیدا بەرجەستەی کردبوو، بەلام چارەنووس هەڵبژاردنی هیچ رێگەیەکی بۆ نەهێشتبۆوە. بە ئازارەوە ماڵی پرسەکەی بەجێهێشت لەبەرئەوەی هەستی دەکرد فێرميناشی لەحاڵەتێکدا بەجێهێشتووە کەوەکو ئەم لەئازارو ژاندا بووە. بەلام بۆ رێگرتن لەوە هیچ کارێکی لەدەستنەهات چونکە هەستی دەکرد ئەم شەوە دڕندانەو بێڕەحمانە لەچارەنووسی هەردووکیاندا تۆمارکراوە.

فلۆرنتینۆ ئەریزا لە ماوەی دوو هەفتەی دوای ئەوەدا تەنانەت شەویش خەو نەچووە چاوی. بە نائومێدییەوە لەخۆی دەپرسی فێرمینا داژا بەبێ ئەم دەبێ لەکوێ بێت، دەبێت بیر لەچی بکاتەوە، لەو ساڵانەی تەمەنیدا کە بۆی ماوەتەوە بە باری قورسی پەرێشانی و ئەو ترسەی کە لەناو دەستەکانیدا هەستی پێکردبوو، دەبێ چیبکات. بە دەست قەبزییەکی سەختەوە دەینالاندو سکی وەکو تەپڵ ئاوساندبوو، ناچاربوو پەنا بۆ چەند

چارەسەرێکی ناخۆشتر لەشاف بەرێت. هەموو ئازارەکانی پیرییش بەیەکجار هێرشیان بۆ هێنا کە ئەم لەهاوتەمەنەکانی زیاتر بەرگەی دەگرتن لەبەرئەوەی هەر لەگەنجییەوە باش ناسیبوونی. دوای ئەوەی هەفتەیەک لەماڵەوە مایەوە رۆژی چوارشەممە چوو بۆ کۆمپانیا، لیۆنا کاسیانی کاتێ بەو رەنگ زەردی و پەرێشانیی و بێحەواسییەوە بینی، تۆقی. بەڵام فلۆرنتینۆ ئەریزا ورەی دایە بەرو وتی: وەکو هەمیشە، هی بێخەوییە. جارێکی تر لێوی خۆی گەست بۆ ئەوەی راستیی لەنێوان زامە خوێنینەکانی دڵییەوە فیچقە نەکات. باران مۆڵەتی ساتێ هەتاوی بۆ بیرکردنەوە پێنەدا. هەفتەیەکی نائاسایی دیکەی بەسەربرد، توانای ئەوەی نەبوو تەرکیز لەسەر شتێك بکات. خراپ نانی دەخواردو لەوەش خراپتر دەخەوت و هەوڵی دەدا هەست بە ئاماژەی نهێنی بکات بۆ دۆزینەوەی رێگای رزگاریی. بەڵام لەرۆژی هەینیدا ئارامیی و دڵنیاییەکی بێهۆ داگیریی کرد، ئارامییەك کەئاوا گوزارشتی لێکرد: هیچ شتێکی تازە روونادات، هەرچی لەژیانیدا کردبووی هیچ و بێهوودە بوو، ناتوانێت لەوە زیاتر بچێتە پێشەوە: ئەمە خاڵی کۆتایی بوو. بەهەرحاڵ، لەرۆژی دووشەممەدا کاتێ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە کە لەشەقامی (لاس فیناتاس) بوو، لەناو گۆمیچکەیەکی بارانی ئەودیو دەرگاکەدا رووبەڕووی نامەیەك بۆوە کە لەئاوەکەدا مەلەی دەکرد، یەکسەر دەستوخەتە زاڵەکەی سەرزەرفی نامەکەی ناسییەوە و تەنانەت پێیوابوو دەتوانێت هەست بەیاسەمینی وشکەوەبووی شەوانەش بکات، چونکە لەدوای یەکەم ترپە دڵی هەموو شتێکی پێوت: ئەمە ئەو نامەیە بوو کەبەبێ یەك سات وەستان، ماوەی زیاتر لەنیو سەدە چاوەڕوانی کردبوو.

# بەشی شەشەم

فێرمینا دازا پێیوانەبوو نامەکەی کە لەتووڕەییەکی کوێرانەوە سەرچاوەی گرتبوو لەلایەن فلۆرنتینۆ ئەریزاوە وەکو نامەیەکی خۆشەویستیی لێکبدرێتەوە. فێرمینا دازا هەرچی تووڕەییەك لەناخیدابوو لەرێگەی بەکارهێنانی بێڕەحمانەترین و بریندارکەرترین وشەو بێزڤانانەترین تۆمەتی ناشیرینەوە ترجاندبوویە نامەکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پێیوابوو کەمە لەبەرامبەر ئەو خراپەیەدا کەفلۆرنتینۆ بەرامبەری کردبووی. نامەکە بەلای فێرميناوە لوتکەی نەهامەتییەك بوو کەماوەی دوو حەفتەی خایاند، ئیدی بەوشێوەیە هەوڵیدەدا خۆی لەگەڵ ئەو هەلومەرجە تازەیەدا بگونجێنێ کەهاتبووە پێشەوە. دەیەویست دیسان خۆی بێت، دەیەویست تەواوی ئەو شتانەی کە لەماوەی نیو سەدەدا بەزۆرو بەناچاریی لەدەستی دابوو بەدەست بهێنێتەوە، ئەگەرچی بێگومان ئەو خزمەتە

بەختەوەری کردبوو بەڵام مێردەکەی بەمردنی تۆسقاڵێ شوناسی بۆ ئەم نەهێشتبۆوە. ئەم رۆحێ بوو لەماڵێکی نامۆدا، ماڵێک کە شەوانە گەورە دەبوو دوور دەکەوتەوەو ئەمیش لەم رووبەرە بەرفراوانەدا بێئامانج دەگەڕاو بە نەهامەتییەوە لەخۆی دەپرسی کامیان مردووە: مێردەکەی کەمردووە یان ئەم کە لە ژیاندایە.

نەیدەتوانی خۆی لەرق وکینە بەرامبەر بەمێردەکەی بدزێتەوە لەبەرئەوەی لەدەریای تاریکیدا بەتەنیا بەجێیهێشتبوو، هەرشتێک کەپەیوەندی بەوەوە هەبووایە فرمێسکی پێهەڵدەڕشت: بیجامەکانی لەژێر سەرینەکەیدا، نەعلەکانی کەهەمیشە لەروانگەی فێرمیناوە وەکو نەعلی نەخۆشێک وابوون، یادی وێنەکەی لەو ئاوێنەیەدا کەبەرلەخەوتنی فێرمینا قژی لەبەردادەهێنا، جلەکانی دادەکەندو بۆنی خۆشی بەدەنی کەتاماوەیەکی زۆریش دوای مردنی هێشتا ئەو بۆنە لەبەدەنی فێرمینادا مابۆوە. جاری وابوو فێرمینا وازی لەوکارە دەهێنا کەپێیەوە سەرقاڵبوو، بەدەست دەیکێشا بەتەوێڵی خۆیدا، چونکە لەناکاو شتێکی بەیاددەهاتەوە کە لەبیری چووبوو بەمێردەکەی بڵێت. لەهەر ساتەوەختێکدا پرسیاری بێشوماری ئاسایی بەمێشکیدا دەهات کەتەنیا ئەو دەیتوانی وەڵامیان بداتەوە. جارێکیان شتێکی بەفێرمینا وتبوو کەوێناکردنی بەلای ئەمیشەوە قورسبوو. دکتۆر وتبووی: ئەو کەسانەی ئەندامێکی بەدەنیان بەنەشتەرگەریی دەبڕێتەوە، بەدەست ئازارو خوران و گرژبوونی، بۆنموونە ئەو قاچەوە کەئیدی نەماوە، ئازار دەچێژن، ئێستا ئەمە ئەوهەستەبوو کەفێرمینا بەبێ ئەو هەیبوو، لەجێگایەکدا کەئامادەگیی نەبوو هەستی بەبوونی دەکرد.

لەبەیانی یەکەم رۆژدا کەوەکو بێوەژنێک خەبەری بۆوە، بێئەوەی چاوبکاتەوە، بۆ ئەوەی حاڵەتێکی خۆشتر بۆ درێژەدان بەخەوەکەی بەدەست بێنێ، لەسەرجێگاکەی تلێکیدا و لەم ساتەوەختەدابوو کەخۆڤیناڵ ئۆربینۆ بەلای ئەوەوە مرد. چونکە ئەوکاتە یەکسەر هەستی بەوە کرد بۆیەکەمجار

بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە شەوی لەدەرەوەی ماڵەوە بەسەربردووە. ئەو شوێنەی دیکە کەهەستێکی لەوبابەتەی بەفێرمینا دازا دەبەخشی سەرمێزەکە بوو، نەك لەبەرئەوەی هەستی بە تەنیایی دەکرد- کە لەڕاستیدا تەنیاش بوو- بەڵکو لەبەر ئەو هەستە سەیرەی کە لەکاتی نانخواردندا لەگەڵ کەسێکدایە کەئیدی وجودی نییە. ئەم مەسەلەیەش کاتێ روویدا کەئۆفیلیای کچی لەگەڵ مێردەکەیدا بەخۆیان و هەرسێ کچەکەیانەوە لە(نیوئۆرلیانز)ەوە هاتن و فێرمینا دازا بۆ نانخواردن دووبارە لەسەرمێزەکەی دانیشتەوە، بەڵام لەجیاتی مێزە هەمیشەییەکە، بەبێئاگاییەوە فەرمانیدا مێزێکی بچووك لەداڵانەکە رێکبخرێت. هەتا ئەو رۆژە نانخواردنی بەرنامەیەکی رێکوپێکی نەبوو، هەرکات و سەعاتێ برسی بوایە لەناو موبەقەکەدا دەهات ودەچوو، چەتاڵەکەی دەکرد بەناو مەنجەڵی خواردنەکاندا، بەبێئەوەی بەربەلەم بەکاربێنێ لەهەرشتێ کەمێکی دەخوارد، لەبەردەم وەجاخی خواردن دروستکردندا لەگەڵ ژنە خزمەتکارەکاندا قسەی دەکرد کەتەنیا کەسانێ بوون لەگەڵیاندا هەستی دەکرد باشەو ژیانی ئاساییە ولەکەسانی دی باشتر لەگەڵیاندا دەگونجا. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەند هەوڵیدەدا نەیدەتوانی خۆی لەئامادەگیی مێردە رەحمەتییەکەی بدزێتەوە: بۆ هەرکوێ دەچوو، لەهەر شوێنێ دەگەڕایەوەو هەرکارێکی دەکرد، رووبەڕووی شتێك دەبۆوە کەمێردە مردووەکەی بەیاددەهێنایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کەخەفەت خواردن بۆ مێردەکەی تەنیا کارێکی راست و گونجاوبوو کەدەیتوانی بیکات بەڵام دەستی دەدایە هەرکارێ بۆئەوەی لەزەت لەخەم و خەفەت نەبینێ. لەهەلومەرجێکی ئاوادا بوو کە بەڕاستی بڕیاریدا هەموو ئەو شتانەی مێردە رەحمەتییەکەی دەهێنایەوە یادی لەماڵەکەدا نەهێڵێت، ئەمە تەنیا رێگایەك بوو کە بۆدرێژەدان بە ژیان بەبێ بوونی ئەو بەخەیاڵیدا هات.

ڕێوڕەسمی ئەو شەوە ڕێوڕەسمی لەڕەگ وڕیشەوە هەڵکێشانبوو.
کوڕەکەی ئەوەی پەسەندکرد کتێبخانەکە ببات تا فێرمینا دازا بتوانێت نووسینگەی کارکردنی مێردەکەی بگۆڕێت بەژووری بەرگدروویی کە لەماوەی ژیانی ژن ومێردایەتیدا هەرگیز ژووری وای بۆ تەرخان نەکردبوو.
کچەکەی هەندێ کەلوپەلی ناومالْ و بڕێ لەو وردەومردە بێشومارانەی لەگەڵ خۆیدابرد کەپێیوابوو تەنیا بەکەڵکی ئەوەدێن لەمەزادخانەی کۆنەو ئەنتیکەی (نیو ئۆرلیانز)دا بفرۆشرێنەوە بەلای فێرمینا دازاوە ئەمە ئارامییەکی بەدواوە بوو، لەبناغەوە لەزانینی ئەوە خۆشحاڵنەبوو کە ئەوشتانەی لەسەفەری مانگی هەنگوینییدا کڕدرابوون ئێستا لای ئەنتیکەناسان وەك ئەنتیکەیان لێهاتبوو. لەبەرامبەر سەرسامی وسەرسوڕمانی بێدەنگی خزمەتکارو دراوسێ و ئەو ژنانەی کەوەکو هاوڕێ لەوماوەیەدا دەهاتنە سەردانی لەکەلاوەیەکی پشت ماڵەکەیاندا ئاگرێکی گەورەی کردەوەو تەواوی ئەو شتانەی لەوێدا سووتاند کەمێردەکەی بەبیردەهێنایەوەو ئەمانەبوون: گرانبەهاترین جلوبەرگی مێردەکەی کە لەسەدەی ڕابردووەوە تا ئەوکاتە لەشاردا بەدیکرابوون وبەباشترین شێوە دوورابوون، جوانترین پێڵاوو ئەو کڵاوانەی کە لەوێنەکانی زیاتر لەدکتۆر دەچوون، کورسییە بزۆزەکەی سەرخەوشکاندنی نیوەڕوانی کەدکتۆر دواجار لەسەری هەستابوو، بەرەوپیری مەرگ چووبوو، لەگەڵ کۆمەڵێ شتی بێشوماریی دیکە کەوەها بەژیانی فێرمینا دازاوە پەیوەستبوون ئیدی بەشێکیان لە شوناسی فێرمینا پێکدەهێنا. فێرمینا بەبێ تۆسقاڵێ دوودڵیی ئەم کارەی دەکردو دڵنیابوو ئەگەر مێردەکەی زیندوو بووایە ئەم ئیشەی ئەمی بەلای کەمەوە لەبەرهۆی تەندروستی پەسەنددەکرد. چونکە مێردەکەی چەندینجار وتبووی حەزدەکات لەدوای مەرگی لاشەکەی لەجیاتی ئەوەی لەتاریکی یەکپارچەی سندووقێکی دارسەرووڕدا بەندبکرێت، بسووتێنرێت. هەڵبەتە مەزهەبەکەی ڕێگەی بەمە نەدەدا: دکتۆر تەنانەت جورئەتی ئەوەشی

کردبـوو کەمەسـەلەکە وەکـو ئەگـەرێك لەگـەڵ ئەسـقەفی مەزنـدا باسـبکات، لەوەڵامیشدا ئەخێرێکی بێچەندوچوونی وەرگرتبوو. ئەم خواستەی دکتـۆر خـەیاڵێکی خـاوبوو لەبەرئـەوەی کلێـسا رێگـەی نـەدەدا لەگۆڕسـتانەکانی ئێمـەدا، تەنانـەت بـۆ ئـەو دینانـەی کاسـۆلیکیش نـەبوون، کـوورەی مـرۆڤ سووتاندن هـەبێت و سیفەتە باشەکانی دروستکردنی کوورەی لـەم شێوەیە تەنیا بەخـەیاڵی دکتـۆر خۆڤینـاڵ ئۆربینـۆدا دەهـات. فێرمینـا دازا کەترسـی مێردەکـەی لـەیاد نـەبردبۆوە، لـەو هەراوهۆریایـەی سـەعاتەکانی سـەرەتای مردنـی مێردەکەیـدا ئـەوەی لـەیادبوو بەدارتاشـەکە بڵێـت کڵاوڕۆژنەیـەك لـە تابووتەکەدا دروستبکات بۆ ئەوەی رووناکیی بچێتە ناویەوە.

بەهـەرحاڵ، سـووتاندنی هەمووشـتێك کـارێکی بێهوودەبـوو. زۆری نەخایانـد کـەفێرمینا دازا لـەوە تێگەیـشت کـەوادیارە یـادەوەریی مێـردە رەحمەتییەکـەی بەهـەمانڕادە کەبەربـەرەکانێی تێپـەڕبوونی کـات دەکـات بەربەرەکانێی ئاگریش دەکات. تەنانـەت لـەوەش خراپتر، دوای سووتاندنی جلـەکان، دیـسان نـەك تـەنیا دڵـی بـۆ زۆر شـت تەنگـدەبوو کـە لـەودا خۆشیدەویست، بەڵکو دڵی بۆ شتێکیش تەنگدەبوو کەزۆر ئازاریدەدا: بۆ ئـەو ژاوەی کەبـەیانیان لـەکاتی لەخـەو هەسـتاندا دەینایـەوە. ئـەو یادەوەرییانـە یارمەتیانـدەدا بۆئـەوەی لـەناو زەلکاوەکـانی غـەم وخەفـەتی ماتەمینی بێتەدەرێ و لەدەستیان رابکات. بەرلەهەر شتێك، خۆی تـەیارکردو بڕیارێکی یەکلاییکەرەوەیدا کەبە یادو شێوازێکی ئاواوە بژی، وەك ئەوەی مێردەکەی هـەر نـەمردبێت. دەیزانـی بـەیانیان زوو لەخـەو هەستان بەلایـەوە قورسە. بەڵام وردە وردە لەگەڵ ئەوەدا راهات.

لـە کۆتـایی حەفتـەی سێیەمدا، وردە وردە بینـینی یەکـەم تیشکی رووناکی دەسـتپێکرد. بـەڵام لەهەمانکاتـدا کەتیـشکەکە زیـاتر و روونـاکتر دەبوو، لەوە تێگەیشت کەتارماییەکی شەڕانگێز لەژیانیدا هەیە کە بۆ یەك ساتیش نایەڵێ ئارامبگرێت. تارماییەکە ئیدی ئەو تارماییەنەبوو کەمایەی

بەزەیی پێداهاتنەوەبوو و بەردەوام بەمەستی بینینی ئەم دەهات بۆ پارکی (ئیڤانجیلس) و فێرمینا دوای ئەوەی چووە ساڵەوە بە سۆزێکی تایبەتییەوە بەیادیدەهێنایەوە، بەڵکو تارماییەك بوو مایەی نەفرەتبوو بەچاکەتێکی جەللاد ئاساو ئەو کڵاوەوە کە لەسەرسنگی دەیگرت و ئەو بێشەرمییە گێلانەیەوە کەوەها فێرمینای شڵەژاندبوو کە بەهیچ کلۆجێ نەیدەتوانی بیری لێنەکاتەوە. لەوکاتەوە کە لەتەمەنی هەژدەساڵیدا رەفزی کردبوو، ئەو باوەڕەی لاپەیداببوو کە لەدوای خۆیەوە تۆوی رق وکینەیەکی چاندووە کە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا گەورەتر دەبێت. فێرمینا دازا هەمیشە حسابی بۆ ئەم رق و کینەیە کردبوو، لەوکاتانەدا کەتارماییەکە نزیکبوو لەهەوادا هەستی بەبوونی دەکرد، بە بینینی تێکدەچوو وەها دەترسا کەهەرگیز نەیتوانی شێوازێکی سروشتی بۆ رووبەڕووبوونەوەی بدۆزێتەوە. لەو شەوەدا کەهێشتا ماڵەکە سیخناخبوو لەبۆنی گوڵەکانی بۆنەی مەرگی مێردەکەی تارماییەکە جارێکی تر خۆشەویستیی خۆی بۆ فێرمینا دازا دووپات کردبۆوە، فێرمینا دازا نەیتوانی باوەڕ بەوە بکات کەنواندنی ئەو بێشەرمییە جگە لەهەنگاوی یەکەمی تۆڵەسەندنەوەیەکی شووم شتێکی دیکە بێت کە کەس ماوەکەی نازانێت.

بەردەوامیی یادی فلۆرنتینۆ ئەریزا بەردەوام تووڕەیی فێرمینای زیاددەکرد. رۆژی دوای ناشتنی مێردەکەی کاتێ بەیادی ئەوەوە خەبەری بۆوە، بەئاسانی توانی بەهێزی ئیرادەی لەمێشکی خۆیدا دەریبکات. بەڵام هەمیشە تووڕەییەکەی دەهاتەوە سەرینی، زۆر زوو لەوە حاڵیبوو کەئارەزووی بۆ لەبیرکردنی، بەهێزترین پاڵنەرە بۆ لەیادا هێشتنەوەی. پاشان لەکاتێکدا کەدڵتەنگیی خانووە کۆنەکەیان بەسەریدا زاڵبوو، ئەو گیانی ئازایەتییەی دایە بەرخۆی بۆ یەکەمجار رۆژە هەڵخەڵەتێنەرەکانی ئەو خۆشەویستییە ناواقیعییە بەیادبهێنێتەوە. هەوڵیدا پارکە بچووکەکەو دار چوالە پیرەکان و ئەو کورسیە بەیادی خۆی بهێنێتەوە کەفلۆرنتینۆ لەسەری دادەنیشت،

هەرلێدا لەمێشکی خۆیدا ئەو یادە زیندووبکاتەوە کە لەوکاتەدا بەڕاستی شێوەیان چۆنبووە، چونکە ئێستا هیچیان وەکو ئەوکاتە نەبوون. هەموو شتێکیشیان لەوشوێنەدا گۆڕیبوو: درەختەکانیان هەڵکەندبوو، بەگەڵا زەردەکانیانەوە کەدەوەرین وەکو فەرشیان لێدەهات، لەوێ نەیانهێشتبوون، لەشوێنیان پەیکەری بێسەری پاڵەوانێك و پەیکەرێکی تریان بەبەرگی سەربازییەوە دانابوو کەئەمەی دووەمیان ناوی هەبوو نەمێژووی لەسەربوو نەمۆی دانانیشی نووسرابوو. پەیکەرەکان لەسەر پایەیەکی گەورەو زەبەلاح دانرابوون کەزۆر بەرچاوبوو، کۆنترۆڵی کارەبای گەڕەکەکەش لەناو پایەکەدابوو.ماڵی باوکی فێرمینا دازا کەساڵەها بەرلەوە فرۆشرابوو لەگەڵ ئەوەدا کەببووە موڵکی پارێزگا بەتەواوی وێرانببوو، بەلای فێرمیناوە هێنانە بەرچاوی فلۆرنتینۆ بەشێوەو سیمای ئەوسا کارێکی ئاسان و سادەنەبوو، چجای ئەوەی باوەڕ بەوەبکات کە ئەوکوڕە کەمدووەی کە لەبەرباران ئەوەندە داماوو نەگبەت دەهاتە بەرچاو هەمان پیریی ماڵوێرانی مۆرانە لێدراو بێت کەبەبێ لێکدانەوەی بارودۆخی، بێ نیشاندانی هیچ ڕێزوحورمەتێ بۆ ئازارەکەی وەك تازیەبارێ لەبەرامبەریدا وەستاوەو بەسووکایەتییەکی دووروردرێژەوە کەهێشتا هەرسکردنی بەلایەوە زەحمەتبوو ڕۆحی ئازاردابوو.

هیلدیبراندا سانچیزی خاڵۆزای کەمێك دوای گەڕانەوەی فێرمینا دازا لە کێڵگەی (فلۆریس دی ماریا) کە بۆ قوتاربوون لەبەدبەختییەك بەناوی خانم لینچەوە پەنای بۆ بردبوو، بەسەردان هاتبوو بۆلای فێرمینا. هیلدیبراندا کەپیرو قەڵەوبوو، بەختەوەر دیاربوو لەگەڵ کوڕە گەورەکەیدا هاتبوو، کوڕەکەی کتومت چووبۆوە سەر باوکی کەپێشان سەرهەنگی سوپابوو بەڵام لەبەر ڕەفتاری قێزەونی لەکاتی قەتڵو عامکردنی کرێکارانی مۆزدا لە (سان خوان دی لاسییناگا) لەسوپا دوورخرابۆوە. ئەم خاڵۆزاو پوورزایە زۆرجار یەکتریان دەبینی و پێکەوە کاتێکی بێکۆتاییان بەهەستکردن بەدڵتەنگییەوە بۆ ئەو کاتەی یەکەمجار بەیەك ئاشنابوون

دەگوزەراند. هیلدیبراندا لەدیداری ئەم دواییەدا لەهەموو کاتەکانیتر زیاتر بە سۆزو تاسەبوو، زۆر کەوتبووە ژێر باری پیرییەوە. بۆ زیندووکردنەوەی یادەوەرییەکانیان هیلدیبراندا نوسخەکەی خۆی لەو وێنەیە لەگەڵ خۆیدا هێنابوو کەوێنەگرێکی بەلجیکی ئێوارەیەك بۆی گرتبوون، هیلدیبرانداو فێرمینا لەوێنەکەدا وەکو دوو خانمی زەمانی زوو دەرکەوتبوون، هەر لەو ئێوارەیەدا خۆڤینالْ ئۆربینۆی گەنج دواگوورزی خۆی لە فێرمینا دازای کەللەرەق وەشاندبوو. نوسخەکەی فێرمینا ونببوو، نوسخەکەی هیلدیبرانداش تەقریبەن کاڵ ببووەو رەنگی پێوەنەمابوو. بەڵام ئەم جووتە لەناو غوباری بێهوودەییدا توانیان خۆیان بناسنەوە، دووکچە عازەبی شەنگ وشۆخ بوون کەچیدی هەرگیز ئەو گەنجی و جوانییەیان بۆ نەدەگەڕایەوە. هیلدیبراندا قەت نەیدەتوانی لەکاتی بینینی فێرمینادا لەبارەی فلۆرنتینۆ ئەریزاوە قسەنەکات، لەبەرئەوەی هەمیشە چارەنووسی ئەوی لەگەڵ چارەنووسی خۆیدا بەیەك شت دەزانی. هیلدیبراندا لەکاتی یادەوەریدا ئەو ڕۆژەی دەهاتەوەیاد کەیەکەم تەلەگراف خۆی ناردبوو، هەرگیز نەیدەتوانی یادی ئەو باڵندە بچووکە غەمگینە لەدڵی خۆی دەربکات کەقەدەری فەرامۆشکردنبوو. فێرميناش وەکو خۆی زۆرجار فلۆرنتینۆی دەبینی- هەڵبەتە بێئەوەی قسەی لەگەڵبکات، نەیدەتوانی وێنای ئەوە بکات کە ئەو هەمان ئەوکەسەیە کەیەکەم جار عاشقیبووە. بەهەمانشێوە کەگەلێ شتی لەبارەی کەسە جیاوازەکانی شارەوە دەبیست، درەنگ یان زوو گەلێ شتیشی لەبارەی فلۆرنتینۆوە دەبیست. دەگوترا فلۆرنتینۆ لەبەرئەوەی کۆمەڵێ خوو ورەوشتی نائاسایی هەیە ژنی نەهێناوە بەڵام فێرمینا گوێی بەم مەسەلەیە نەدەدا. گوێپێنەدانی فێرمینا، لەلایەکەوە لەبەرئەوەبوو کەهەرگیز پروپاگەندە سەرنجی رانەدەکێشاو لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەبوو شتی لەوبابەتە سەبارەت بەو کەسانەش کە لەهەموو جۆرە بەدگومانییەك بەدووربوون، دەگوترا. لەلای سێیەمەوە بەپێی بۆچوونی فێرمینا سەیربوو

فلۆرنتینۆ ئەریزا کەجلوبەرگی سۆفییانەی لەبەردەکرد، بۆنێکی تایبەتی لەخۆیدەدا هێشتا خۆی لەپشت رووکەشێکی تەمومژاوییەوە حەشاردەدا، پاش سەرکەوتنێکی بەرچاو کە لەرێگایەکی شەرەفمەندانەوە لەژیاندا بەدەستیهێنابوو، هێشتا کەسایەتییەکی پڕ رەمزوڕازی هەبێت. بەلای فێرميناوە باوەڕهێنان بەوەی فلۆرنتینۆ هەمان ئەوکەسەی جارانە قورسبوو، هەمیشە کاتێ هیلدیبراندا بەئەفسووسەوە دەیوت " ئای لەوکوڕە داماوە، چەندی ئازار چەشت!" سەری دەسوڕما، لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆربوو بێ هیچ غەم وخەفەتێك دەیبینی: سێبەرێك بوو کەکاڵبۆوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، رێك شەوی دوای گەڕانەوەی بوو لە (فلۆریس دی ماریا) کە لەسینەما فلۆرنیتنۆ ئەریزای بینی وشتێکی سەیر لەناودڵیدا هەرەسیهێنا. ئەوە سەرسامی نەکرد کە لەگەڵ ژنێکداو ئەویش لەگەڵ ژنێکی رەشپێستدا بینی. ئەوەی سەرسامیکرد ئەوەبوو زۆرباش مابۆوە و بەباوەڕی تەواوەوە بەخۆی رەفتاریدەکرد. لەوساتەوەختەدا ئەوە بەخەیاڵی فێرمينا دازادا نەهات کەئەوە خودی خۆی بوو کە لەدوای دەرکەوتنی لەناکاوو پڕ دەردەسەریی خانم لینچ لەژیانی تایبەتییدا گۆڕانی بەسەرداهاتبوو نەك فلۆرنتینۆ ئەریزا. لەوکاتە بەدواوە، زیاتر لەبیست ساڵدەبوو فێرمينا فلۆرنتینۆی بەچاوی پڕ لەمیهرەبانییەوە دەبینی، لەشەوی پرسەی مێردە رەحمەتییەکەیدا، ئامادەبوونی فلۆرنتینۆ نەك تەنیا وەکو شتێکی مەبەستدار دەهاتەبەرچاوی بەڵکو تەنانەت فێرمينا وەکو کۆتاییەکی ئاسایی رق و کینە لێکیدایەوە: گوایە هەنگاوێکبوو بۆ لەبیرکردن وبەخشین. بەتێگەیشتنێکی ئاواوەبوو کەفێرمينا هێندە لەدووپات کردنەوەی خۆشەویستیی فلۆرنتینۆ ئەریزا واقی وڕما- خۆشەویستییەك کەبەلای ئەمەوە هەرگیز وبوونی نەبوو، ئەویش لەتەمەنێکدا کەهەردووکیان نەیاندەتوانی چاوەڕوانییەکی زیاتر لەژیان بکەن.

ئەو تووڕەییە بێسنوورەی کە لە لێدانی گورزی یەکەمەوە هەستی پێدەکرد، دوای سووتاندنی رەمزیی تەرمی مێردەکەی، هێشتا وەکو خۆی بە بەهێزی مابۆوە، بەرەبەرە هەستی دەکرد کەمتر دەتوانێت کۆنترۆڵی بکات، تووڕەییەکەی زیادی دەکردو دەتەنییەوە. تەنانەت لەوەش خراپتر: چەند بەشێك لەمێشکی کەتوانیبووی یادەوەریی مێردە رەحمەتییەکەی تێدا جێگیر بکات، هێدی هێدی بەلاَم دڵرەقانە شوێنی خۆی بۆ تووڕەیی چۆڵدەکرد- واتە ئەو شوێنەی کەیادەوەرییەکانی فلۆرنتینۆی تێدا ناشتبوو. بەمشێوەیەبوو بێئەوەی بیەوێت بیری لەفلۆرنتینۆ دەکردەوەو هەرچەندە زیاتر دەربارەی فلۆرنتینۆ بیری دەکردەوە زیاتر تووڕەدەبوو، هەرچەندە زیاتریش تووڕەبووایە زیاتر بیری لێدەکردەوە کار گەیشتبووە ئاستێك کەنەیدەواتوانی بەرگەی ئەوبارە بگرێ و لەمێشکیدا جێگەی نەدەبۆوە. لەبارێکی ئاوادابوو کە لەسەر مێزی نووسینی مێردە رەحمەتییەکەی دانیشت نامەیەکی سێ لاپەڕەیی پڕ لەقسەی قۆڕی بۆ فلۆرنتینۆ ئەریزا نووسی و لەنامەکەدا ئەوەندەی وشەی ناشیرین و پڕ لەسووکایەتیی بەکارهێنا کەبەلایەوە ئارامییەکی هۆشیارانەبوو بۆ سووکترین کردەوە کە لەژیانی دوورو درێژیدا لێیوەشابۆوە.

ئەو هەفتانەی کەبەوشێوەیە تێدەپەڕین بەلای فلۆرنتینۆ ئەریزاوە رۆژانێکی پڕ ئازارو ئەشکەنجەبوون. ئەوشەوەی کەخۆشەویستیی خۆی بۆ فێرمینا دازا دووپاتکردەوە بێئەوەی بزانێت بۆ کوێ ملدەنێت بەو شەقامانەدا پیاسەی کردبوو کەلافاوی ئەوئێوارەیە وێرانی کردبوون، لەوحاڵەدا بەترسەوە لەخۆی پرسیبوو: دەبێ چی لە پێستی ئەو بەورە بکات کەدوای نیو سەدە لەبەربەرەکانێ و گەمارۆ، کوشتبووی. شار لەئەنجامی شەستەباراندا بارێکی نائاسایی بەخۆیەوەدەبینی. لەهەندێ ماڵدا ژنان و پیاوان بەبەدەنی نیوە رووتەوە هەوڵیاندەدا ئەوەی خوا دەیەویست رزگاریبکەن. فلۆرنتینۆ ئەریزا هەستیدەکرد تەواوی کارەساتەکان بەجۆرێ

بەجۆرەکان بەکارەساتەکەی خودی ئەمەوە پەیوەستدەبن. باکەی خستبوو، ئەستێرەکانی کاریبی لەشوێنی خۆیان کوژابوونەوە. لەبێدەنگییەکدا کە لەناکاو بەبڕینی هەموو دەنگەکان باڵی کێشابوو بەسەرشاردا، فلۆرنتینۆ ئەریزا دەنگی ئەوپیاوەی ناسییەوە کەساڵەها پێش ئەوە ئەم و لیۆنا کاسیانی لەسات وکاتێکی ئاوادا، لەهەمان کونجدا گوێیان لەدەنگی ببوو بەگۆرانی وتبوو، دیسان گۆرانی دەوت: (کاتێ لەپردەکە پەڕیمەوە بارانی ئەشك لەچاوانم دەباری.) گۆرانییەکبوو، کە ئەوشەوە تەنیا بەلای ئەمەوە بەجۆرێك لەگەڵ ئاوازی مەرگدا ئاوێتە دەبوو.

لەم ساتەوەختەدا زیاتر لەهەموو کاتێکی دیکە پێویستی بە ترانسیتۆ ئەریزابوو، پێویستی بەقسە ژیرانەکانی و سەری بوو کەچەشنی شاژنێکی ساختە بەگوڵی کاغەزیی رازێنرابۆوە. رێگایەك نەبوو بۆ هەڵاتن: هەرکاتێ کارەساتێ رووبەڕووی دەبۆوە، پێویستی بەیارمەتی ژنێك دەبوو. لەگەڕان بەدوای ئەو ژنانەدا کەدەیتوانی دەستی پێیان بگات بەلای خانەی مامۆستایانی کچاندا تێپەڕی لەناو ریزی پەنجەرە دووورودرێژەکاندا لەشوێنی نووستنی ئەمریکا ڤیکونیا رووناکییەکی بەدیکرد. بەڵام هەوڵێکی زۆری لەگەڵ خۆیدا بۆئەوەی وەکو باپیرێکی خڵەفاو کارێکی گێلانەی لێنەوەشێتەوە، بەو سەعات دووی پاش نیوەشەوە بانگی بکاتە دەرەوەو لەگەڵ خۆیدا بیبات، کەهێشتا بۆنی لاسارییەکانی بێشکەی لێدەهات و وەکو منداڵی ساوا بەشێوەی قومات دەخەوت و خۆی دەدایە دەست خەونەکانی. لەلایەکی دیکەی شارەوە لیۆناکاسیانی بەتەنیا بوو، ئازادیش بوو، بێگومان پێویستی بەوەبوو خەمەکانی لەگەڵ کاسیانیدا بەشبکات. لەسەعات دوو یان سێی دوای نیوەشەودا بووایە یان لەهەر کاتێکی دیکەدا بووایە، لەهەر ھەلومەرجێکدابووایە دەچوو، ئەمە یەکەمجاری نەبوو لەزەوی بەیارو وشکی شەوانی نائارامیدا لەدەرگاکەی بدات، بەڵام فلۆرنتینۆ دەیزانی لیۆنا کاسیانی لەزیرەکیدا وەك شەیتان وایەو یەکتریان زۆر خۆشدەوێت،

حەزدەكات فلۆرنتینۆ بەدڵی پڕ غەم وكەسەرەوە پەنا بۆ داوێنی بەرێت، بێنەوەی پێویستی بەوە بێت هۆی دڵتەنگییەكەی خۆی پێبڵێت. پاش ئەوەی سەراپای شارە چۆڵەكەی دابەپێوە، زۆرباش بیریكردەوە تا ئەوەی بەخەیاڵداهات كەهیچ كەسێك بۆ ئەمشەوی ناتوانێت لە پرودینسیا پیترای بێوەژنی خودا باشتربێت كەدەساڵ لەم مناڵتربوو. لەسەدەی رابردوودا بۆ یەكەمجار یەكتریان دیبوو، كە لەسەر ژوانەكانیان بەردەوام نەبووبوون لەبەرئەوەبوو پرودینسیا حەزی نەدەكرد كەس بەوحاڵەوە بیبینێت نیمچە كوێرو لەكەناری پیریدا. فلۆرنتینۆ هەركەپرودینسیای بەخەیاڵداهات یەكسەر گەڕایەوە بۆ شەقامی (لاس فینتاناس) و دوو بتڵ شەراب و هەندێ خەیاری سوێركراوی كردە عەلاگەیەكی ئەستوورەوە، بێئەوەی بزانێت ئایا ئێستاش هەرلەخانووە كۆنەكەی دەژی، ئایا ئێستا بەتەنیایە، یان ئەسڵەن لەژیاندا ماوە، چوو بۆ سەردانی.

پرودینسیا پیترا بەپەنجە لەدەرگادانەكەی لەیادمابوو كەفلۆرنتینۆ سەروەختێ كەپێیانوابوو هێشتا گەنجن و لەكاتێكدا هێندەش گەنج نەبوون وەكو نیشانەیەك بۆ ئەوەی بزانێ ئەمە بەكاریدەهێنا. بەم نیشانەیە بەبێ هیچ پرسیارێك دەرگاكەی لێكردەوە. شەقامەكە تاریكبوو، فلۆرنتینۆ بەجلی رەش و كڵاوە رەق وتەقەكەی و چەترە شەمشەمەكوێرەییەكەیەوە كەكردبووی بەقۆڵیدا، بە زەحمەت بەدیدەكرا، لەگەڵ ئەوەشدا كەچاوانی پرودینسیا لەوە كزتربوون بتوانێت لەرووناكی تەواودا نەبێت فلۆرنتینۆ بناسێتەوە، بەڵام لەئەنجامی تیشكدانەوەی كزی رووناكی گڵۆپی دارتەلی شەقامەكە لەسەر چوارچێوەی كانزایی چاویلكەكەی، ناسییەوە. فلۆرنتینۆ لەپیاوكوژێك دەچوو كەهێشتا دەستەكانی بەخوێن سوورن.

فلۆرنتینۆ وتی:

– داڵدەیەكە بۆ هەتیوێكی نەگبەت.

ئەمە تەنیا شتێ بوو کە بۆوتن بەخەیاڵیداهات، تەنیا بۆئەوەی شتێکی وتبێ بەزمانیداهات. فلۆرنتینۆ لەوەی کەدەیبینی لەدواجارەوە کەپرودینسیای دیووە چەند پیرتربووە سەراسیمەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کەدەیزانی ئێستا ئەویش بەهەمان شێوە لەبارەی ئەمەوە بیردەکاتەوە، بەو خەیاڵە دڵخۆشی خۆیدەدایەوە کەپاش ساتێکیتر، هەردووکیان پاش ئەوەی ساتەوەختی یەکەم پێکەوە بەسەردەبەن دێنەوە سەرخۆیان، وردە وردە کەمتر هەست بەکاریگەریی تەمەن دەکەن لەسەریەکتری، وایلێدێت کەدووبارە هێندە گەنج بێنەوەبەرچاو وەکو یەکەمجار کەیەکتریان ناسی و گەنج بوون. پرودینسیا وتی:

- بەم حاڵەوە وا دێیتە بەرچاو دەڵێی دەچیت بۆ تەرمناشتن.

قسەکەی راستبوو. ئەویش تەقریبەن لەگەڵ تەواوی خەڵکی شاردا لەسەعات یانزەوە لەبەر پەنجەرە دانیشتبوو تەماشای گەورەترین و رازاوەترین کەژاوەی رێورەسمی ناشتنێکی کردبوو کە لەکاتی مردنی ئەسقەف مەزن دی لۆناوە هەتا ئێستا لەمشارەدا بەدینەکرابوو. دەنگی هەورەگرمەئاسای تۆپخانە کەزەوییەکەی دەلەرانەوە، نارێکی ئاوازی تیپی مۆسیقای سەربازیی، تێکەڵی وپێکەڵی سروودەکانی ناشتن و دەنگی زەنگەکان کە لەدوێنێوە هەتا ئێستا یەکبینە لەتەواوی کڵێساکاندا دەنگیاندەدایەوە، هەموو ئەمانە پرودینسیایان لەسەرخەوشکاندنی نیوەڕۆ خەبەرکردبۆوەو خەویان لەچاوانی تارکردبوو. لەباڵکۆنی ماڵەکەی خۆیەوە رێڕۆیشتنی هەموو ئەمانەی بەچاوی خۆی دیبوو: سەربازی سوارە بەبەرگی سەربازیی تایبەتی رێورەسمەوە، ئەندامانی گروپە ئایینییەکان، خوێندکارانی قوتابخانە، سەیارەی لیمۆزنی رەش و دووروودرێژی ئەو کاربەدەستانەی نابینرێن، گالیسکەیەکی بەپەڕەوەنەقی تایبەتی ناشتن کە ئەو ئەسپانەی رایاندەکێشا سەروکەللەیان بەپەڕ رازێنرابۆوە، تابووتێکی زەرد کەئاڵایەکی تێوەپێچرابوو بەسەر عەرەبانەی تۆپێکی مێژووییەوەبوو،

لەدوای هەمووشیانەوە ریزێ گالیسکەی ڤیکتۆریای کۆنی سەرکراوە بوو کە لەبەرئەوەی چەپکە گوڵی تەرمیان پێهەڵدەگرتن مابوونەوەو ئەفەرزز نەکرابوون. دوای نیو سەعاتێ لەتێپەڕینی کەژاوەکە بە بەردەم باڵکۆنی ماڵەکەی پرودینسیا پیترادا گێژەدەی باران و لافاوبوو، بەهەموو لایەکدا بڵاوەی پێکرد.

پرودینسیا وتی: "مردن چەند شێوازێکی هیچ و پووچی هەیە"

فلۆرنتینۆ وتی:" مردن هیچ قەشمەرییەکی تێدا نییە! بەخەمەوە بەردەوامبوو " بەتایبەتی لەتەمەنی ئێمەدا"

ئەم جووتە لەسەرسەکۆکە رووەو دەریا دانیشتن و تەماشای کەوانەی مانگیان کرد کەنیوەی ئاسمانی داگیر کردبوو هەروەها بەدرێژایی هێڵی ئاسۆ لە گڵۆپی رەنگاورەنگی کەشتییەکانیان روانی، لەزەتیان لەشەماڵی بۆنداروڵەباری پاش لافاو بینی، شەرابیان ئابەسەریانەوەو نۆشیان و خەیارە سوێرکراوەکەشیان بەپاچەیەك نانەوە خوارد کە پرودینسیا لە موبەق بڕیبووی و هێنابووی. ئەم جووتە دوای ئەوەی پرودینسیا لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا ببووە بێوەژنێکی بێمناڵ شەوانێکی زۆریان بەمشێوەیە بەسەربردبوو. فلۆرنتینۆ سەروەختێ ئەم ژنەی ناسیبوو کە ئەم هەرپیاوێ حەزی لێبیبووایە دەستی نەدەنا بەڕوویەوە، تەنانەت بەشێوەی بەکرێگرتنیش بووایە بەسەعات. لەو هەلومەرجەدا ئەم جووتە پەیوەندییەکی جدیترو بەردەوامتریان لەوەی کە لەتوانادا بوو، دروستکرد.

ئەگەرچی پرودینسیا هەرگیز تەنانەت ئاماژەیەکیشی بۆ ئەم بابەتە نەکرد بەڵام ئامادەبوو رۆحی خۆی بەشەیتان بفرۆشێت بەڵام بۆ دووەمجار شوو بەفلۆرنتینۆ ئەریزا بکات. هەرچەندە دەیزانی کەتەسلیمبوون بە بەرچارتەنگیی یان گێلیی بەپێی تەمەنی و رووخساری نەگونجاوی، یان هەستی شێتانەی وابکەو وامەکەی و حەزی داواکردنی هەموو شتێك

لەبەرامبەر هیچ ئەدانیدا ئاسان نییە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بۆ هەمنشینی هیچ پیاوێ لەفلۆرنتینۆ باشترنەبوو، ئەمەش لەبەرئەوەبوو کە هیچ پیاوێ لەدنیادا بەقەدەر فلۆرنتینۆ پێویستی بەسۆزو خۆشەویستیی نەبوو. بەڵام هیچ پیاوێکیش نەبوو کە بەقەد فلۆرنتینۆ خۆی هەڵەبکات و خۆی بدزێتەوە، خۆشەویستیی و ئارەزوویان هەرگیز لەوڕادەیە تێنەدەپەڕی کە فلۆرنتینۆ پێویستی پێیبوو: ئەویش تا ئەوڕادەیەبوو کە لەپەیمانەکەی لانەدات و لە پێناوی خۆشەویستیی فێرمینا دازا بەئازادی بمێنێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دۆستایەتی و پەیوەندییەکەیان سالانێکی زۆر درێژەی کێشا. تەنانەت دوای ئەوەی فلۆرنتینۆ شووکردنی بەپیاوێکی فرۆشیار بۆ رێکخست کەسێ مانگ لەماڵەوە بوو، سێ مانگیش لەسەفەر. پرودینسیا لەوماوەیەدا کەژنی ئەو فرۆشیارە بوو، بوو بەخاوەنی کچێك و چوار کوڕ سوێندی دەخوارد کەیەکێك لەمناڵەکانی لە فلۆرنتینۆیە.

ئەم جووتە بێنەوەی ئاگایان لەکات بێت قسەیانکرد لەبەرئەوەی عادەتیان وابوو لەو شەوانەوە کەگەنج بوون و خەویان لێنەدەکەوت ببنە هاوغەم و هاوبەشی یەکتری، ئێستا لەبێخەویی پیریدا شتێکی ئەوتۆیان نەمابوو لەدەستیبدەن. فلۆرنتینۆ ئەریزا ئەگەرچی تەقریبەن هیچ کاتێ لەدوو پێك زیاتری نەدەخواردەوە، سێیەم پێکی خواردبووەوە، هێشتا بۆی نەوەستابوو، هەناسەی بۆ نەدابوو. دڵۆپ دڵۆپ عەرەقی دەردەداو بێوەژنەکە چەندجارێ پێیوت ئەگەر حەزدەکات دەتوانێ جلەکانی داکەنێ و خۆی ڕووتبکاتەوە، فلۆرنتینۆ وتی کاتێ خۆی ڕووتدەکاتەوە کەئەویش خۆی ڕووتبکاتەوە.بەڵام پرودینسیا قایلنەبوو: ماوەیەك پێش ئەوە لەئاوێنەی کۆمەدیدا تەماشای لەشی خۆی کردبوو، لەناکاو دەرکی بەوە کردبوو کەئیدی جورئەت ناکات، نەڕێگە بەفلۆرنتینۆ ونە بەهیچ کەسێکی دیکە بدات بەڕووتیی لەشی ببینن، فلۆرنتینۆ کەدوای خواردنەوەی چوار پێك شەراب هێشتا نەیتوانیبوو بەسەر شڵەژاویی خۆیدا زاڵبێت، بە درێژیی دەربارەی

رابـردوو، یادەوەرییـەکانی رابـردوو قـسەیدەکرد. فلۆرنتینـۆ لەدۆزینـەوەی رێگایـەکی نادیـار بـۆ نـاو ڕابـردوو کەدەشیا نۆخـژنێکی لەگەڵدابێت، تـەواو نائومێدببوو. ئەوشتەی کەفلۆرنتینۆ پێویستی پێیبوو، ئەوەبوو کەلێبگەڕێ رۆحـی لەزارییـەوە بێتـەدەرێ. کـاتێ هـەنگاوە سـەرەتاییەکانی بەرەبـەیانی لەخـەتی ئاسـۆدا بـینی، هەوڵیـدا لەرێگایـەکی قـەدبڕەوە بـچێتە نـاو مەسەلەکەوە. بەڕێتمێك کەبەڕێکەوت دەهاتەبەرچاو پرسـی " ئەگەر کەسێك رێك ئاوا بەم تەمەنەی ئێستاتەوە پێشنیازی بۆ بکردیتایە شووی پێبکەی، چیت دەکرد؟" پرودینسیا بە پێکەنینی پڕ چرچ ولۆچی تایبەتی پیرەژنانەوە بەپرسیارێك وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە:

– دەربارەی ژنەکەی ئۆربینۆ قسە دەکەی؟

فلۆرنتینۆ ئەریزا هەمیشە ئەوەی لەبیردەکرد کەنابێ بیـەڵێ ژنان، لەپێش هەمووشیانەوە پرودیسنیا پیترا، لەخودی پرسیار زیاتر بیر لەمانای شاراوەی پرسیار بکەنەوە. ترسێکی لەناکاو لەنیشانەگرتنەوەی شارەزایانەو دڵـساردکەرەوەی پرودینـسیا سـەراپای بـوونی داگیرکـرد، ویـستی خـۆی بدزێتەوەو لەدەرگای دواوە بۆی دەرچێت:

– مەبەستم لەخۆتە، تۆ دەڵێم!

پێکەنییەوەو وتی:

– برۆ گاڵتە بەدایکە قەحبەکەت بکە، بەڵکو رۆحی ئارامبێت.

چـەند سـاتێ دوای ئـەوە جـەختی لـەفلۆرنتینۆ کـرد کـەپێی بڵێـت مەبەسـتی لـەهاتنی چییبووە؟ چونکە دەیزانـی فلۆرنتینـۆ یـان هـەرپیاوێکی دیکـە دوای ئـەو هـەموو سـاڵە کەیـەکتریان نـەدیووە لەسـەعات سێی دوای نیوەشـەودا خەبەری ناکاتـەوە تـەنیا لەبەرئـەوەی پێکـەوە شـەراب بخۆنـەوەو خـەیاری سوێرکراو بـەنانی لادێییانـەوە بخـۆن. پرودینـسیا بەسـووربوونەوە وتی:

- تۆ تەنیا کاتێ ئەمە دەکەی کەبەدوای کەسێکدا دەگەڕێی تا لەگەڵتدا بگری!

- بۆ جارێکیش بێت دەبێت پێت بڵێم بەهەڵەدا چوویت، هۆی هاتنم ئەمشەو تەنیا پەیوەندی بەحەزو ئارەزوومەوە هەیە بۆ گۆرانی وتن!

- کەواتە باگۆرانی بڵێین!

پرودینسیا بەدەنگێکی خۆش گۆرانییەکی دەستپێکرد کە لەو کاتەدا بەناوبانگبوو: (رامونا، ناتوانم بەبێ تۆ بژیم) شەو کۆتاییهاتبوو فلۆرنتینۆ نەیتوانیبوو گەمەی قەدەغە لەگەڵ ئەو ژنەدا بکات کەچەندینجار ئەوەی سەلماندبوو دیوە تاریکەکەی مانگیش دەبینێت. فلۆرنتینۆ هاتە دەرەوەو خۆیکرد بەناو ئەوشارەدا کەجیاوازبوو، پڕبوو لەبۆنی گوڵە دالیای مانگی حوزەیران، پێیخستە سەرشەقامی گەنجیی لەدەستچووی، واتە ئەو شەقامەی کەبێوەژنەکان بەسێبەری دوورودرێژیانەوە لە عەشای رەبیانی سەعات پێنج دەهاتنەدەرێ. بەڵام ئێستا ئەمبوو کەبەشەقامەکەدا تێدەپەڕی نەك ئەوان بۆ ئەوەی ئەو فرمێسکانەی نەبینن کەچیتر نەیدەتوانی رایانبگرێت، ئەو فرمێسکانەی کەهاوڕێك لەگەڵ وێناکردنی خۆیدا فرمێسکی نیوە شەو نەبوون، بەڵکو فرمێسکی دیکەبوون، ئەو فرمێسکانەبوون کەپەنجاو یەك ساڵ و نۆ مانگ و چوار رۆژ بە ڕقەوە گیرابوونییەوە، نەیهێشتبوو وەك باران دابکەن.

بەتەواوی ئاگای لەکات وسات نەمابوو، کاتی رووەو پەنجەرەیەکی گەورەی پڕ رووناکیی خەبەریبۆوە نەیدەزانی لەکوێیە. دەنگی ئەمریکا ڤیکونیا کە لەباخەکەدا لەگەڵ کچە خزمەتکارەکاندا بەتۆپ یاریدەکرد، گەڕاندییەوە بۆ ناو دنیای واقیع: لەسەر قەرەوێڵەکەی دایکی بوو، دەستی لەژووری نووستنەکەی دایکی نەدابوو وەکو خۆی هێشتبوویەوە، چەند جارێکی تریش کە تەنیایی گیانی هێنابووە کونە لووتی بۆ خەوتن چووبووە

ئەویّ بۆ ئەوەی کەمتر هەست بەتەنیایی بکات. ئاویّنە گەورەکەی چێشتخانەی (دۆن سانچۆ) بەرامبەر قەرەویّلەکەی دایکی بوو. فلۆرنتینۆ تەنیا کاتیّ ناچاردەبوو تەماشای ئەو ئاویّنەیە بکات کە لەگەڕان بەدوای ڕەنگدانەوەی وێنەی فێرمینا لەناو قوڵایی ئاویّنەکەدا خەبەری دەبۆوە.

دەیزانی ڕۆژی شەممەیە لەڕۆژی شەممەدا سایەقەکە بۆ هێنانەوەی ئەمریکا ڤیکونیا دەچوو بۆ خانەی مامۆستایان و دەیهێنایەوە بۆ ماڵی فلۆرنتینۆ. بێئەوەی بیەوێت خەوتبوو، خەونیشی دیبوو- خەونێك کە ئامادەگیی ڕوخساری تووڕەی فێرمینا دازا شێواندبووی، بوارینەدابوو بەباشی لەسەر خەونەکەی بەردەوامبێت. لەوحاڵەدا بەسەراسیمەییەوە کەهەنگاوی دوای ئەوە دەبێت چیبێت، خۆی شۆرد، بە ئارامیی باشترین جلوبەرگی لەبەرکرد، قۆڵۆنیای لەخۆیدا، سەری سمێڵی چەورکرد، لەراڕەوی نهۆمی دووەمەوە ئەمریکای بەجلوبەرگی قوتابخانەوە بینی کە سەرقاڵی گرتنەوەی تۆپەکەبوو بەو شەیدایی و جوانییەی جارانی ڕۆژانی شەممە هێنابوویە جۆش وخرۆش بەڵام ئەم شەممەیە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو و بۆی بێتاقەت نەبوو. فلۆرنتینۆ ئاماژەی بۆ کرد کە لەگەڵیدا بڕوات، بەرلەوەی سواری سەیارەکە بێت لەگەڵ ئەوەشدا کە هیچ پێویست نەبوو پێی وت "ئەمڕۆ هیچ ناکەین!"

بردی بۆ ساردەمەنی فرۆشێکی ئەمریکایی کە لەوکاتەدا پڕبوو لەو دایك و باوکانەی کە لەژێر پەرەی گەورەی پانکە سەقفییەکاندا، لەگەڵ مناڵەکانیاندا ساردەمەنییان دەخوارد. ئەمریکا ڤیکونیا داوای پەرداخێکی گەورەی بەستەنی ڕەنگاورەنگی کرد، کەزۆر حەزی لێدەکرد. ئەمجۆرە بەستەنییە لەبەرئەوە خوازیاری زۆری هەبوو چونکە بۆنێکی سیحراویی لێبەرزدەبۆوە. فلۆرنتینۆ ئەریزا قاوەیەکی تاڵی خواردەوە، لەو ماوەیەدا کەکچۆڵەکە بە کەوچکێکی درێژ کەدەگەیشتە بنی پەرداخەکە بەستەنییەکەی دەخوارد، بەبێئەوەی یەك وشەش بێتە سەرزاری تەماشای کرد. فلۆرنتینۆ هەروا کە لەکچۆڵەکە رامابوو بەبێ پێشەکی وتی:

- ژن دەهێنم.

کچەکە بێئەوەی باوەڕی پێبکات تەماشای ناوچاوی کرد. بۆ ساتەوەختێ کەوچکەکەی دەستی لە هەوادا مایەوە بەڵام زۆر زوو هاتەوە سەرخۆی و بەزەردەخەنەوە وتی:

- گاڵتە دەکەی! پیرەمێردەکان ژن ناهێنن!

ئەو ئێوارەیە دوای ئەوەی پێکەوە لەپارک نمایشی بووکەڵەیان بینی لەکۆشکێکی ماسی بژاندن لەکەناری دەریا بۆ نانی نیوەڕۆ ماسی برژاویان خواردو ئەو ئاژەڵە درندانەیان لەقەفەزی سێرکدا بینی کەتازە هێنابوویانە شارەکەوە، لەدووکانی لاکۆڵانەکان شیرینی زۆریان کڕی بۆ ئەوەی کچەکە لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ خوێندنگە بە ئۆتومبیلەکە سەربەتاڵەکە چەندجارێك بەناو شاردا سووڕانەوە بۆئەوەی کچەکە ئەو دەرفەتەی هەبێت و بەلایەوە ئاسایی بێت کەفلۆرنتینۆ سەرپەرشتیارو بەخێوکەرێتی و دڵداری نییە. ڕێك لەکاتێکدا کەزەنگەکان بۆ نزای ئەنجلوس دەنگیان دەدایەوە، فلۆرنتینۆ ئەمریکای لەبەردەمی خوێندنگەکەیدا دابەزاند. ڕۆژی یەکشەممە ئۆتومبیلەکەی نارد بەشوێنیدا بۆ ئەوەی ئەگەر حەزبکات لەگەڵ هاوڕێکانیدا بچن بۆ گەڕان، بەڵام جوابی بۆ نەنارد کەخۆشی ببینێت لەبەرئەوەی لەهەفتەی ڕابردووەوە سەبارەت بەجیاوازیی تەمەنیان تەواو هۆشیاربېۆوە. ئەوشەوە بڕیاریدا نامەیەك بۆ فێرمینا دازا بنووسێت و تیایدا داوای لێبووردنی لێبکات، ئەوەش باسبکات کەبەنیاز نییە وا بەزوویی نائومێد بێت و هێشتا نائومێدنەبووە، بەڵام نووسینی نامەکەی خستە بەیانی. فلۆرنتینۆ ئەریزا ڕۆژی دووشەممە کەباران تەڕیکردبوو ڕێك دوای سێ حەفتە ئازارو ئەشکەنجە خۆیکرد بەماڵداو نامەکەی فێرمینای لەزییەوە. سەعات هەشتی شەوبوو. دووکچە خزمەتکارەکە خەوتبوون و گڵۆپی ڕاڕەوەکەیان نەکوژاندبۆوە کەتاکە گڵۆپی داگیرساوی ماڵەکەبوو بۆئەوەی فلۆرنتینۆ بەئاسانیی بچێتە ژووری نووستنەکەی. فلۆرنتینۆ

دەیزانی خواردنە سادەکەی لەسەرمێزی موبەقەکەئامادەیە. بەڵام ئەو برسێتییەی دوای کۆمەڵێ خواردنی بێبەرنامەی ئەوچەندرۆژە هەستی پێدەکرد بەبینینی نامەکە نەما. دەستی وەها دەلەرزی کەبەزەحمەت توانی لەژووری نووستنەکەیدا گڵۆپەکەی سەرسەری داگیرسێنێت. نامەکەی لەسەر سیسەمەکەی دانا کەباران تەڕیکردبوو. گڵۆپی کۆمادیەکەی داگیرساند، بەئارامییەکی دەسکردەوە کەئاسایی بۆ ئارامکردنەوەی خۆی سەرەتا پەنای بۆدەبرد چاکەتە تەڕەکەی داکەندو دای بەسەرکورسییەکەدا، بەوردی هێلەکەکەی قەدکردو خستییە سەرچاکەتەکەی، بۆینباخە سیمییە ئاوریشمییە رەشەکەی و یەخە رەقەکەی داکەند کەئیدی لەهیچ جێگایەکی دنیادا باوی نەمابوو. هەتا کەمەری قۆپچەکانی کراسەکەی کردەوە و قایشەکەی شلکردەوە بۆئەوەی ئاسانتر هەناسەبدات، دواجار کڵاوەکەی داکەندو لای پەنجەرەکەوە داینا بۆئەوەی وشکبێتەوە. لەپڕ گیانی کەوتەلەرزین لەبەرئەوەی نەیدەزانی نامەکەی لەکوێ داناوە. بەتوندی مێشکی ورووژا و کاتێ لەسەرسیسەمەکەی نامەکەی دۆزییەوە سەری سوڕما، لەبەرئەوەی بەیادی نەدەهاتەوە کەی لەسەرسیسەمەکە داینـاوە. پێش کردنەوەی نامەکە بەدەسڕ وشکی کردەوەو وریای ئەوەبوو ئەو مەرەکەبە لەکەدار نەکات کەناوی خۆی پێنووسرابوو، لەکاتێکدا نامەکەی وشکدەکردەوە ئەوەی بەمێشکداهات کەئێستا ئیدی ئەوانەی ئاگایان لەم رازەیە تەنیا دوو کەس نین، بەڵکو بەلای کەمەوە بوون بەسێ کەس چونکە ئەوکەسەی نامەکەی هێناوە دەبێ ئاگای لەوە بێت ژنەکەی ئۆربینۆی رەحمەتی کەتەنیا سێ حەفتەیە مێردەکەی مردووە نامەی بۆ کەسێك ناردووە کەپەیوەندی بەدنیای ئەوەوە نییە. فێرمینا دازا بۆ ناردنی نامەکە ئەوەندەی پەلەبووە کەپۆستی ئاسایی بەکارنەهێنابوو، بۆئاشکرانەبوونی رازەکە فەرمانیدابوو نامەکە نەدرێتە دەست کەس بەڵکو وەکو نامەیەکی بێناو لەژێر دەرگاوە بخرێتە ژوورەوە. فلۆرنتینۆ پێویستی بەوە نەبوو زەرفی

نامەکە بکاتـەوە لەبەرئـەوەی ناوی بارانەکە کەتیرەکـەی تـەڕکردبوو. بـەڵا
خودی نامەکـە تەڕنـەبوو: بـەبێ سـڵاو بەخـەتێکی ورد سـێ لاپـەڕەی بـ
نووسیبوو کەبەپیتی یەکەمی ناوی دوای شووکردنی ئیمزای کردبوو.

فلۆرنتینۆ لەسەرسیسەمەکەی دانیشت، بەخێرایی یەکجار نامەکەی خوێنـدەوە. شـێوازی نووسـینی نامەکـە زیـاتر سەرسـامی کـرد تـا ناوەڕۆکەکـەی، بەرلـەوەی بگاتـە لاپـەڕەی دووەم دەیزانـی لەراستیدا ئـەوە هەمان ئەو نامە پڕ لە سووکایەتییەیە کەچاوەڕوانی دەکرد بەدەستیبگات. بێنەوەی نامەکە قەدبکات خستییە بەر رووناکیی گلۆپی کۆمەدییەکە، پێڵاوە گۆرەوییە تەڕەکانی لەپێداکەند، گلۆپی سەقفەکەی کوژاندەوە کەپلاکەکەی لای دەرگاکـەوەبوو، بـە شـامۆایەکی پێستە بزن سمێڵی داپۆشی، هـەروا بەپانتۆڵ وکراسـەکەیەوە سـەری کردەسـەر دوو سـەرینی گـەورە کـە بـۆ پاڵدانـەوە لـەکاتی خوێندنـەوەدا بەکاریـدەهێنان، بەڕاکشاوییەوە دووبـارە دەسـتیکردەوە بەخوێندنـەوەی نامەکـە، ئـەمجارە بەدیقەتـەوە بەحونجـە وشەکانی خوێندەوە بۆئەوەی ئەگەر رازێکی تێدا بێت لەبەرچاوی شاراوە نـەبێت و بیزانێـت. چـوارجاری تـریش نامەکـەی خوێنـدەوە، ئەوەنـدە لـە وشەکان وردبـۆوە کـە لەوشـەکان تێربـوو، وشـەکان وردە وردە ماناکـەیان لەدەستدا. سەرەنجام نامەکەی بەبێ زەرفەکە خستە چاوی کۆمەدییەکەوە، هەردوو دەستی لەپشت سەریەوە کرد بەیەکداو لەسەرپشت راکشا چواردانە سەعات لەفـەزای بـێ رەسمـی ئـەو ئاوێنەیـە راما کـەڕۆژێ لـەرۆژان وێنـەی رۆخساریی فێرمینـای نوانـدبوو، بەقورسـی هەناسـەی دەداو لـەمردوو مردووتربوو، چـاوی نەتروکانـد، راسـت نیوەشـەوبوو کەچووە موبەقەکـەو فنجانێ قـاوەی ئامـادە کـرد کـەوەکو نـەوتی خـاو خەسـتبوو، بـردی بـۆ ژوورەکـەی، تـاقمی ددانەکـەی خـستە نـاو پـەرداخی ئەسیدی بۆریکـەوە کەهەمیشە لەسـەرکۆمەدییەکە ئامـادەبوو، دووبـارە شـێوەی پەیکـەری مەڕمەڕی چەماوەی بـەخۆوە گرت و بۆ قومدان لەقاوەکە نـەبێت نەدەبزوا،

هەتا سەعات شەشی بەیانی کەکچە خزمەتکارەکە هات و بەفنجانێ قاوەی تازەوە خۆی کرد بەژووردا، بەو شێوەیە مایەوە.

لەم کاتەدابوو کەفلۆرنتینۆ ئەریزا زانی هەنگاوی دوای ئەوەی چیدەبێت. لەراستیدا، ئەوسووکایەتییانە نەبووە هۆی دڵڕەنجانی، تۆمەتە ناڕەواکانی فێرمینا دازا هیچ نیگەرانیان نەکردبوو کەدەشیا لەوەش توندتر بوونایە لەبەرئەوەی باش شارەزای سروشتی فێرمینابوو، دەیزانی مەسەلەکە گرنگە. تەنیا شتێ کەبەلایەوە گرنگبوو ئەوەبوو کەنامەکە خۆی لەخۆیدا ئەو دەرفەتەی دەهێنایە پێشەوەو تەنانەت ئەومافەشی پێدەبەخشی کەوەڵامی بداتەوە. تەنانەت لەوەش باشتر: داوای وەڵامی لێدەکرد. بۆیە ئێستا ژیان لەو قۆناغەدابوو کەهەمیشە ئەم دەیەویست وابێت. هەموو شتێ بەندبوو بەفلۆرنتینۆوە، گەیشتبووە ئەوباوەڕەی کەدۆزەخە تایبەتییەکەی ویڕای ئەوەی زیاتر لەنیو سەدە درێژەی کێشاوە پڕە لەئەزموون، دیسانیش خەباتێکی سەخت و قورستری لێ داوادەکات کە لەم بوارە دڵگەرمتر لەجاران و بەغەم و خۆشەویستییەکی زیاترو ئەزموونی زیاترەوە دەتوانێت بجوڵێت و ئامادەی بەربەرەکانیی سەرسەختانەتر بێت، لەبەرئەوەی ئەم بەربەرەکانێیە دەکرێ دوا قۆناغ بێت.

فلۆرنتینۆ پێنج رۆژ دوای گەیشتنی نامەکەی فێرمینا کاتێ چوو بۆ کۆمپانیا، هەستیدەکرد لەبێدەنگیی نائاسایی و لەناکاودا کە بەبڕینی دەنگی تایپی تایپێستەکان هاتۆتە ئاراوە، بەهەڵواسراویی ماوەتەوەو قاچی لەزەوی بڕاوە. ئەو تەقە تەقەی کەوەکو شەستەباران لەبێدەنگییەکەی زیاتر سەرنجی رادەکێشا. دوای بێدەنگیی و ئارامییەك کەیەکسەر باڵی کێشاو دووبارە دەستیپێکردەوە، فلۆرنتینۆ چوو بۆ ژوورەکەی لیۆنا کاسیانی، وەستاو تەماشایکرد کەئیشیدەکرد. لیۆنا کاسیانی لەپشت ئامێری چاپەکەیەوە دانیشتبوو کەوەکو مرۆڤێ وەڵامی جووڵەی سەری پەنجەکانی دەدایەوە. لیۆنا دەیزانی تەماشایدەکەن بەزەردەخەنەیەکی رۆژئاساو پڕ

جورنەتـەوە تەماشـای لای دەرگاکـەی کـرد. بـەڵام بەرلـەوەی ئەورسـتەیە نەواویکات کەدەینووسی وازی لەتایپ نەهێنا. فلۆرنتینۆ ئەریزا لێی پرسی:

- شێرەژنی ڕۆحی من پێم بڵێ، چ هەستێکت دەبوو ئەگەر نامەیەکی عاشقانەت بەدەست بگەیشتایە کە بەئامێرێکی ئاوا نووسرابێت.

سیمای لیۆنا کە بەهیچ شتێ سەراسیمە نەدەبوو بەم قسەیە سەرسام بوو، بەسەرسوڕمانەوە هاواری کرد:

- خودایە، قەت شتی وام بەسەرنەهاتووە!

لەحاڵەتێکی ئاوادا بەڕاستی لیۆنا نەیدەزانی وەڵامێکی دیکەی هەبێت. فلۆرنتینـۆ ئـەریزاش تـا ئەوساتەوەختە بیری لێنـەکردبۆوە، تـەنیا بڕیاریـدابوو بـەبێ هـیچ قەیدوشـەرتێ شان بداتەبەر ئـەم ململانێیە. لـەناو هەرای ئـەو کەسـانەدا کـە لەبەردەسـتیدا ئیشیاندەکردو بەخەندەوگاڵتـەوە دەیانوت " تـووتی پـیر نـاتوانێ فێـری قـسە بێـت" یـەکێك لـە تابیعـەکانی نووسینگەکەی بردەوە بۆماڵەوە، لیۆنا کاسیانی کەشـەیدای شتی نـوێ بوو پێشنیازیکرد لەماڵەوە فێری تایپی بکات. بەڵام فلۆرنتینۆ ئەریزا لەوکاتـەوە کەلۆتاریۆ توگوت ویستبووی بە بەکارهێنانی نۆتە فێری کەمانی بکات دژی فێرکردنی مەنهەجی بوو، چونکە توگوت پێی وتبوو بەلای کەمەوە ساڵێکی بۆ فێربوونی پێشەکی پێویـستە، ئەگـەر بشیەوێت لـە تیپێکی ئۆرکسترای پرۆفیشناڵدا ببێتە ژەنیار بۆ شارەزابوون پێنج دانە ساڵی پێویستە، دەبێت هەموو ژیانیـشی تـەرخانبکات ئەگـەر بیـەوێ ببێتـە ژەنیـارێکی بـاش دیـارە بەرۆژی شەش سەعات ڕاهێنانەوە. بەڵام وێڕای هـەموو ئەمانەش توانیبووی قەناعەت بەدایکی بکات کە کەمانی پیاوێکی کوێری بۆ بکڕێت، بەفێربوونی پێنج یاسای بنچینەیی کـەلۆتاریۆ توگوت خستبوویە بەردەستی لـەماوەی کەمتر لەساڵێکدا جورنەتی ئەوەی کردبوو لەتیپی سروودی ئایینی کڵێسای گشتییدا کـەمان بژەنێ و لەگۆڕستانی بێنـەوایان بەئاراستـەی بـا مۆسیقای عاشقانە بۆ فێرمینا دازا لێبدات. ئەگـەر لەتەمەنی بیست ساڵیدا کەمان ژەنین

بەو سەختییەوە کاری کردە بووبێت هۆیەکی نەدەبینی کە لەتەمەنی حەفتاو شەش ساڵیدا فێربوونی تایپ بەئامێری چاپ کاری کردە نەبێت بەتایبەتی کەئەمەیان سازێکبوو بەیەک پەنجەش لێدەدرا.

هەر وایکرد، پێویستی بەسێ ڕۆژ بوو بۆئەوەی شارەزای شوێنی پیتەکان بێت لەسەر تابلۆی شوێنی پیتەکان، بۆ فێربوونی بیرکردنەوەش لەکاتی نووسینی نامەکەدا پێویستی بەشەش ڕۆژ هەبوو، سێ ڕۆژی تریشی پێویستبوو بۆئەوەی بتوانێ نامەکەش بەبێ هەڵە تایپبکات دوای ئەوەی نیو سەتڵ وەرەقەی لوولکراوی فڕێدا توانی یەکەم نامە بەتایپکراوی بنووسێت. لەنامەکەدا بەڕێزەوە سڵاوی لێکردبوو بەوشەی خانمەکەم دەستی پێکردبوو، بەیەکەم پیتی ناوی خۆی نامەکەی ئیمزا کردبوو، واتە هەمان ئەوکارەی کە لەنامە بۆندارەکانی کاتی گەنجیدا دەیکرد. نامەکەی کردە ناو زەرفێکی ڕازاوەوە کەنەخش و نیگاری تایبەتی پرسەو سەرەخۆشی لەسەر بوو، شایستەی تازە بێوەژن کەوتوویەک بوو، بێئەوەی لەسەر زەرفەکە ناونیشانی نێرەر بنووسێت پۆستیکرد. بەپێچەوانەی ئەو نامانەوە کەپێشان نووسیبوونی، ئەم نامەیە نامەیەکی شەش لاپەڕەیی بوو کەڕیتم و شێوازو تەنانەت ڕەوانبێژیی ساڵانی سەرەتای خۆشەویستیی نەبوو، بەڵگەهێنانەوەی فلۆرنتینۆ لەم بوارەدا ئەوەندە ماقوڵ و هەڵسەنگێنراو بوو کەهەستکردن بەبۆن و بەرامەی یاسەمین تیایدا بەجێ نەبوو. ئەم نامەیە تاڕادەیەکی زۆر لەناوەڕۆکی نامەی بازرگانیی دەچوو کەهەرگیز نەیتوانی فێری نووسینی بێت. ساڵانێ دوای ئەوە، نامەیەکی تایبەتی تایپکراو، تەقریبەن وەکو سوکایەتییەک لێکدەدرایەوە. بەڵام لەو زەمانەدا ئامێری چاپ تەنیا ئاژەڵێکی نووسینگەبوو کەیاسایەکی ئاکاریی نەبوو بۆی،ماڵیکردنی بۆ بەکارهێنانی تایبەتی لەبەرنامەکانی شارستانیدا هێشتا پێشبینی نەکرابوو. کارەکە زیاتر وێنەی تازەگەرییەکی بێشەرمانەبوو، بێگومان مامەڵەی فێرمینا دازاش لەمە زیاتر نەدەکرا شتێکی دیکە بێت. لەبەرئەوەی

لەنامەی دووەمیدا کەدوای ئەوەی زیاتر لەچل نامەی ئەمی پێگەیشتبوو بۆ فلۆرێنتینۆی نووسیبوو بەداوای لێبووردن دەستی پێکردبوو سەبارەت بە ناخۆشی خەتەکەی لەبەرئەوەی جگەلە پاندانی ئوچ پۆلاین هیچ ئامرازێکی دیکەی پێشکەوتووتری نووسینی شکەنەبردووە. فلۆرێنتینۆ ئەریزا لەنامەکەیدا تەنانەت ئاماژەشی بۆ ئەو نامە ترسناکە نەکرد کەفێرمینا دازا بۆی ناردبوو. هەر لەسەرەتاوە پەنای بۆ شێوەیەکی نوێ لە گومڕاکردن و هەڵخەڵەتاندن برد، ئاماژەی بۆ خۆشەویستیی رابردوو، تەنانەت بۆ خودی رابردووش نەکرد: رابردووی سڕییەوەو لاپەڕەیەکی تازەی هەڵدایەوە. لەجیاتی ئەوە لەنامەکەدا لەژیان وردبۆوە کە لەئەنجامی ئەزموون لەپەیوەندی نێوان ژن و پیاوەوە بەدەستی هێنابوو، سەروەختێ بەنیازبوو وەکو تەواوکەری (سکرتێری عاشقان) بینووسێت، ئەوسا ئەینووسی و ئێستا بەشێوازی داڕشتنی بەویقاری پاتریارکی وەکو بیرەوەریی پیرەمێردێك داڕشتەوە بۆئەوەی وایلێبێت کەزۆر ئاشکرانەبێ بەڕاستی بەڵگەنامەیەکی خۆشەویستییە. بەرلەوەی نامەکە تەواوبکات هەر بەشێوازی کۆن رەشنووسی زۆری نووسی کەخوێندنەوەیان بەخوێنساردییەوە، لەوە زیاتر درێژەی نەدەکێشا کەبیانخاتە ناو ئاگرەوەو بیانسووتێنێ. دەیزانی هەر هەڵەیەك و بچووکترین لەزمە کەپەیوەندیی بەسۆزی رابردووەوە هەبێت تامی ناخۆشیی رابردوو لای فێرمینا دازا زیندوودەکاتەوە، لەم حاڵەتەدا سەدنامەی ئەم دەگەڕێنێتەوە بەبێئەوەی بوێرێ یەکێکیان بکاتەوە، بۆیە فلۆرێنتینۆ پڕبەدڵ حەزیدەکرد یەکجاریش ئەوە روونەدات، هەربۆیە وەها بەوردی نەخشەی هەموو شتێکی کێشا وەك ئەوەی بۆ دواجەنگ و نەبەرد خۆی ئامادەبکات: هەموو شتێك دەبێت تازە بێت بۆ ئەوەی ئومێدو حەزی تاقیکردن لە ژنێکدا بجووڵێنێت کەبەیەکجاریی ئەزموونی ژیانێکی تاقیکردبۆوە. بێگومان خەونێکی ئاڵۆزبوو کەدەبوو ورەو ئازایەتی بەفێرمینا ببەخشێت بۆ ئەوەی دەمارگیریی ئەو چینە تووڕبدات کەهەرگیز سەربەوان

نەبوو بەڵام زیاتر لەهەر کەسێکی دیکە وابەستەببوو پێیانەوە. دەبوو فێری ئەوەیبکات کەوەکو شتێکی زیندووی ئاسمانی لەخۆشەویستیی بڕوانێت نەك وەکو هۆکارێك بۆ گەیشتن بەئامانجێکی تایبەتی کەخاڵی کۆتایی خۆی بێت.

فلۆرنتینۆ ئەریزا بایی ئەوە ئاقڵبوو کەچاوەڕوانیی وەڵامێکی خێرا نەکات و بەوە قایلبێت کەنامەکەی بەرەو دواوە نەگەڕێنرێتەوە نامەکەی نەگەڕێنرایەوە، نامەکانی تریشی بەهەمان شێوە نەگەڕێنرانەوە. لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژەکاندا هەژان و نیگەرانیی زیاتر دەبوو هەرچەندە ڕۆژانی زیاتر بەبێ گەڕاندنەوەی نامەکان تێپەڕینایە، ئومێدی بەوەرگرتنی وەڵامی نامەکان زیاتردەبوو. لەسەرەتادا، ژمارەی نامەکانی پەیوەندی بەڕاهاتنی پەنجەکانییەوە هەبوو: یەکەمجار هەفتەی نامەیەکبوو دواتربوو بەدوو نامەو دواجار ڕۆژی نامەیەکی بۆ دەنووسی. بە بەراورد لەگەڵ ئەو کاتەدا کەئەم لەفەرمانگەی پۆستە ئاڵای رادەوەشاند بەوپێشکەوتنەی لەبواری پۆستەدا هاتبووە ئاراوە خۆشحاڵبوو، چونکە ناچارنەبوو خۆی بخاتە ئەو مەترسییەوە کەهەموو ڕۆژێ لەفەرمانگەی پۆستە ببنرێت لەکاتێکدا نامە بۆ کەسێکی دیاریکراو دەنێرێت یان لەرێگەی کەسێکەوە نامەکە بنێرێت کەرەنگە قسەیەکی لەدەم دەرچێت. لەلایەکی دیکەوە، زۆر ئاسانبوو دەیتوانی بەردەستێك بنێرێت و پوولی یەك مانگی بۆ بکڕێت، دوایش نامەکەی بخاتە یەکێك لەوسێ سندوقەی پۆستەیەوە کە لەشارە کۆنەکە دانرابوون. ئەم خووە بەزوویی بوو بە بەشێك لەبەرنامە هەمیشەییەکانی فلۆرنتینۆ ئەریزا: ئەو کاتانەی شەو کەخەوی لێنەدەکەوت بۆ نووسینی نامە بەکاریدەهێنا، ڕۆژی دوای ئەوە لەڕێی خۆیدا بۆ کۆمپانیا بەسایەقەکەی دەوت دەقەیەك لای سندوقی چوارپیانەکە بوەستێ، خۆی دادەبەزی و نیشەی بۆ بکات، تەنانەت ئەو بەیانییەی بارانیش بوو شۆفێرەکە ویستی

ئەم کارەی بۆ بکات. جاربەجاریٚ هەربۆ یەدەك، لەجیاتی نامەیەك چەند نامەیەکی لەگەڵ خۆیدا دەبرد تا مەسەلەکە شێوەیەکی سروشتیی بەخۆیەوە ببینێت. هەڵبەتە شۆفێرەکە هەرگیز هەستی بەوە نەکرد کەنامە زیادەکان چەند لاپەڕەیەکی سپیبوون، فلۆرنتینۆ ئەریزا بۆ ناونیشانی خۆی پۆستی رەکردن، فلۆرنتینۆ بەتایبەتی نامەی بۆ کەس نەدەنارد، جگە لەدایك وباوکی ئەمریکا ڤیکونیا کەکۆتایی هەموو مانگیٚ سەبارەت بە وریاییکردنی کچەکەیان و رەفتارو بارودۆخی دەروونیی و بەدەنی و پێشکەوتنی لەوانەکانیدا، لەقوتابخانە نامەیەکی راپۆرت ئاسای بۆ دەناردن. دوای مانگی یەکەم، لەترسی ئەوەی نەبادا فێرمینا دازا هەست بەوە بکات نامەکان بەجۆریٚ پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە دەستیکرد بەژماردنیان و لەسەرەتای هەرنامەیەکدا کورتەیەکی نامەی پێشووی نووسی- رێك وەکو ئەو رۆمانانەی بەزنجیرە لەرۆژنامەکاندا بلاوەکرێنەوە. وێڕای ئەمە کاتیٚ نامەکان بوون بەرۆژانە، زەرفی درێژو سپی بەکاردەهێنا لەجیاتی ئەو زەرفانەی نەخش و نیگاری پرسەو سەرەخۆشییان لەسەربوو ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی نامەکان وادیاربن کەنامەی تایبەتی نین بەڵکو نامەی بازرگانین.

لەکاتی دەستپێکردنی ناردنی نامەکاندا، ئامادەبوو دانبەخۆداگرتنی بخاتە بەردەم ئەزموونێکی گەورەترەوە، بەلای کەمەوە هەتا ئەو کاتەی ئەوە بسەلمێت کەخەریکە کاتی خۆی بەتەنیا پەیوەندییەکی نویٚ کەبەخەیاڵیدا دێت بەفیڕۆدەدات. لەراستیدا چاوەڕوانیی دەکرد، بەلاّم نەك بەو ئازارو ئەشکەنجەیەوە کە لەکاتی گەنجیدا چاوەڕوانیی پێی دەچێشت، بەڵکو بەسەرسەختیی پیرەمێردێکی کۆنکرێتییەوە چاوەڕوانیی دەکرد کە لەکۆمپانیای کە شتیوانییدا نەشتێکی هەبوو بیری لێبکاتەوە، نەئیشێکی هەبوو کەبیکات. ئەو کۆمپانیایەی تا ئەوکاتە بە بێئەوەی پێویستی بەیارمەتی ئەو بێت لەگەڵ بای لەباردا بەرەوپێشەوە دەچوو. هەروەها، پیرەمێردیٚ بوو باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کەسبەینێش زیندوو دەبێت و

دەژی تا ئەو کاتەی فێرمینا دازا سەرەنجام درەنگ یان زوو دەگاتە ئەو باوەڕەی بۆ چارەسەری ترس و تەنیاییەکەی وەکو بێوەژنێ هیچ چارەسەرێکی لەبەردەستدا نییە جگەلەوەی پردی بزۆزی ئابلۆقەکەی بۆ فلۆرنتینۆ ئەریزا دابداتەوەو تا ئەوکاتەش ئەم کۆنترۆڵی تەواوی هێزی پیاوانەی خۆی دەکات.

فلۆرنتینۆ لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا درێژەی بەژیانی ئاسایی خۆی دەدا، لەچاوەڕوانیی وەڵامێکی لەباردا بۆ جاری دووەم دەستی بەنۆژەنکردنەوەی خانووەکەی کرد تا شایستەی ژنێك بێت کە لەرۆژی کڕینییەوە دەکرا وەکو خانم و خاتوونی ئەم ماڵە تەماشابکرێت. فلۆرنتینۆ هەروەکو بەڵێنی دابوو چەندین جاریتر سەردانی پرۆدینسیا پیترای کرد بۆ ئەوەی بۆی بسەلمێنێ کەسەرەڕای وێرانییە کاریگەرەکانی تەمەن خۆشیدەوێت، بەرۆژی رووناك و لەو کاتانەدا کەدەرگاکان لەسەرپشتن نەك تەنیا لەشەوداو لەوکاتانەدا کەخەوی لێدەزڕاو خەوی لێنەدەکەوت، لەگەڵیشیدا خەوت. هەروەها زوو زوو بەلای ماڵی ئەندرێ باروندا تێدەپەڕی هەتا گڵۆپی گەرماوەکەیانی بەکوژاوەیی دەبینی، هەوڵیدەدا خۆی لەناو دڕندەیی پێخەفەکەی ئەودا ونبکات ئەگەر تەنیا لەبەرئەوەش بێت کەتوانای سێکسی خۆی بسەلمێنێت چونکە بەردەوامبوون لەسەر جووتبوون و بەکارهێنانی ئەندامی سێکسی بەپێی یەکێکی تر لەو وەهمانەی بیستبووی دەبێتە هۆی ئەوەی توانای سێکسی خۆی لەدەست نەدات.

تەنیا کێشە لەبەردەمیدا، پەیوەندی بوو لەگەڵ ئەمریکا ڤیکونیادا. فەرمانی بەشۆفێرەکە دەدا کەرۆژانی شەممە سەعات دە-ی بەیانی بچێت بەشوێنیداو لەقوتابخانە بیهێنێتەوە. بەڵام نەیدەزانی لەپشووی کۆتایی هەفتەدا چی لێبکات. بۆ یەکەمجاربوو کەبایەخی پێنەدەدا، کچەکەش سەبارەت بەم گۆڕانکارییە تووڕەبوو. فلۆرنتینۆ ئەریزا ئەمریکای بەکچە خزمەتکارەکان سپاردو ئاچاریکردن بیبەن بۆ کۆنسێرتەکانی تیپی مۆسیقا

و یاری بووکەڵە لەپارکی منالآن، بیبەن بۆ بازاڕی یانسیب، یان ئێواران بیبەن بۆ سینەما، جاربەجارێکیش لەرۆژانی یەکشەممەدا خۆی هەندێ بەرنامەی بۆ کچەکەو هاوپۆلەکانی ڕێکدەخست، بۆ ئەوەی ناچار نەبێت ئەمریکا ببات بۆ بەهەشتی پەنهانی پشت ئۆفیسەکەی کەکچەکە دوای یەکەمجار هەمیشە حەزیدەکرد بگەڕێتەوە بۆ ئەوێ. فلۆرنتینۆ ئەریزا کەگێڕۆدەی خەیاڵاتە تازە بێسەروبنەکانی بوو، ئاگای لەوە نەمابوو کەکچان لەماوەی سێ ڕۆژدا خۆیان دادەڕێژن و پێدەگەن، ئەمێستا سێ دانە ساڵ بەسەر ئەوڕۆژەدا تێپەڕیبوو کەئەمریکا ڤیکونیای لە (پویرتوپاردێ) بینیبوو بەسواری کەشتییەکی چارۆکەدار کەماتۆڕیشی لەسەربوو هاتبوو. هەرچەندە فلۆرنتینۆ هەوڵیدەدا ئەوگورزە لەناکاوە لەسەرشانی کچۆڵەکە سووکتر بکات کەچی بۆ کچە دەبووە گۆڕانێکی بێرەحمانەترو نەیدەزانی هۆکەی چییە.

ئەوڕۆژەی کەفلۆرنتینۆ لەبەستەنییەکە پێیوت بەنیازە ژن بێنێ و راستییەکەی بۆ ئاشکراکرد، بەدەم ترسێکی لەناکاوەوە تووشی سەرەگێژە بوو، بەڵام پاشان لەبەرئەوەی شتەکە بەلایەوە نەگونجاوبوو لەبیری خۆی بردەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەمریکا لەماوەیەکی کەمدا هەستی بەفرت وفێڵ و خۆدزینەوەکان کرد لەڕەفتاری فلۆرنتینۆدا کەهیچ هۆیەکیان نەبوو، وەك ئەوەی مەسەلەی ژنهێنانەکەی راستبێ، دەتوت فلۆرنتینۆ شەست ساڵ لە ئەمریکا گەورە ترنییە بەڵکو شەست ساڵ لەو منالّترە.

ئێوارەی ڕۆژێکی شەممە، فلۆرنتینۆ کچەکەی بینی کە لەژووری نووستنەکەی ئەم لەتابیعەکەی دەڕوانی تاڕادەیەك باشیش شتی چاپدەکرد، لەبەرئەوەی لەقوتابخانە چاپکردنیان لەسەر ئامێری چاپ دەخوێند، زیاتر لەنیو لاپەڕەی چاپکردبوو، بەڵام بەڕێکەوت جیاکردنەوەی دەستەواژەیەك کەپەردە لەسەر حاڵەتی دەروونیی کچەکە لابدات، کارێکی هێندە قورس نەبوو. فلۆرنتینۆ بەسەرشانی کچەکەدا دانەوییەوە بۆ ئەوەی ئەوە بخوێنێتەوە کەنووسیبووی. ئەمریکا لەتاو گەرموگوڕیی پیاوانەی فلۆرنتینۆ

و هەناسەبڕكێ و بۆنی جلوبەرگەكانی كەهەمان بۆنی جێگای نووستنەكەی بوو شەرمیكرد. ئەمریكا چیدی ئەو منداڵەنەبوو كەتازە هاتبوو، ئەم بەهەڵخەڵەتاندنی منداڵانە هەڵیدەخەڵەتاند، پڕزۆڵ پڕزۆڵ جلەكانی پێدادەكەندو رووت و قووتی دەكردەوە، پێیدەوت: یەكەم ئەم پێڵاوانە هی ورچە دایكەنە، ئەم بلوزەش هی سەگە دایكەنە، ئەم دەرپێ كورتە رەنگاورەنگە هی كەروێشكە دایماڵە... ئێستاش بابە ماچێكی شیرینی ئەم بێچووە كۆترە دەكات.(مەبەستی ئەندامی سێكسییەتی). نەخێر: ئەمێستا تەواو پێگەیشتووەو ژنێكی تەواوە حەزدەكات خۆی دەستپێشخەریی بكات. بەقامكێكی دەستی راستی درێژەی بەچاپكردنەكەیدا، بەدەستەكەی تریشی دەستی بەرانی فلۆرنتینۆدا هێناو بۆ زەكەری گەڕا، دۆزییەوە، هەستیكرد وردە وردە دەبووژێتەوە، گەشەدەكات، لەخۆشیدا سەربەرزدەكاتەوەو هەڵدەسێت، فلۆرنتینۆ لەخۆشیدا كەوتە هەناسەبڕكێ، وەكو پیرێك هەناسەبڕكێكەی زیادیكردو هەناسەدانی قورسبوو، ئەمریكا چاكی دەناسی: دەیزانی فلۆرنتینۆ لەم كاتەدا كۆنترۆڵی خۆی لەدەستدەدات... جومگەكانی لەیەك دەترازێن... دەكەوێتە ژێر رەحمەتییەوە، بەرلەوەی رەحەت بێت و تەواوبێت هیچ رێگایەك بۆ پاشەكشێ و پاشگەزبوونەوە شكنابات. وەك ئەوەی لەسەرجادە دەستی كوێرێكی داماو بگرێت دەستیگرت، پەلكێشی كرد بۆ ناوجێگاكە، بەنەرم و نیانییەكی زۆڵانەوە یەك یەك جلەكانی لەبەرداكەندو رووت و قووتی كردەوە. خوێی پێوەكرد، بەهاراتی بۆنداری بەسەرا رژاند، قاشێ سیریشی خستەسەر، شەربەتی لیمۆی پێدا پرژاند، گەڵای ژاڵەشی خستەسەر، هەتا بەتەواوی لەناو دەفرەكەدا تەڕوبڕی كرد، فڕنەكەی لەپلەیەكی گەرمای گونجاودا بۆ ئامادەكرد. كەس لەماڵەوە نەبوو، كچە خزمەتكارەكان چووبوونە دەرێ، وەستاو كرێكارو دارتاشەكانیش كەڕۆژانە خەریكی نۆژەنكردنەوەی ماڵەكەبوون شەموان ئیشیان نەدەكرد: دنیا بەكەیفی ئەم جوڕتەبوو. بەڵام لەكاتێكدا لەكەناری خلیسكاندابوو لەپڕ

مۆشیهاتەوە دەستی کچەکەی لابرد بەدەم هەڵسانەوە بەدەنگێکی ترساوەوە وتی:

- ئاگات لێبێت، حەبی مەنعی لێنییە.

ئەمریکا ماوەیەکی زۆر لەسەرپشت تەخت لەسەر سیسەمەکە ڕاکشاو بیریکردەوە، کاتێ سەعاتێ زووتر لەکاتی خۆی گەڕایەوە بۆ بەشی ناوخۆیی زۆر حەزیدەکرد بگری، هەستی بۆنکردنی خۆی بوژاندەوە تێنۆکەکانی تیژ کردەوە بۆ ئەوەی بتوانێت شوێن پێی ئەو کەروێشکە کێوییە واتە ئەو سۆزانییە هەڵبگرێت کەخۆی حەشارداوەو سەراپا ژیانی ئەمی لنگەوقوچ کردۆتەوە، لەلایەکی دیکەوە فلۆرنتینۆ هەڵەیەکی دیکەی کرد لەوانەی پیاوان دەیکەن: پێیوابوو کچەکە پەی بەپووچی و بێهوودەیی ئارەزووەکانی بردووەو بڕیاریداوە فەرامۆشیبکات.

فلۆرنتینۆ ئەریزا گەڕابۆوە ناو کاروبارە ئاساییەکانی خۆی. شەش مانگ تێپەڕیبوو هێشتالای فێرمیناوە هیچ ئاماژەیەکی بەدی نەکردبوو، لەبیابانێکی وشک وبرنگی نوێدا شەکەت و ماندووبوو، لەبێخەویدا شەو تابەیانی لەناوجێدا ئەمدیوو ئەودیوی دەکرد. پێیوابوو فێرمینا دازا دەبێ لەبەر رووکەشی نامەکە نامەی یەکەمی کردبێتەوە لەبەرئەوەی پیتی ئەو ناوەی دیووە کە لەنامەکانی رابردووەوە دەیناسی. پاشان نامەکەی توورداوە بۆئەوەی لەگەڵ باقی خۆڵ و خاشاکەکانی تردا بسووتێت، تەنانەت زەحمەتی ئەوەشی نەداوەتە بەرخۆی کەنامەکە بدڕێنێت و بینینی، زەرفی نامەکانیتر بەسبووە بۆئەوەی تەنانەت بێئەوەی بیانکاتەوە بەهەمان شێوە تووڕیان بدات و هەتا کۆتایی تەمەنی لەسەر ئەم ڕەفتارە بەردەوامبێت، فلۆرنتینۆ لەکاتێکدا بەمحاڵەوە دەگەیشتە کۆتایی وردبوونەوە نووسراوەکانی، باوەڕی نەدەکرد ژنێک هەبێت لەبەرامبەر ئەو حەزی سەراداچوونەی لەونامانەوە سەرچاوەی گرتووە کەرۆژانە بەدەستی نەیشتووەو شەش مانگ بەردەوامبووە بتوانێت بەربەرکانێ بکات، تەنانەت

هەوڵنەدات ڕەنگی مەرەکەبەکەی بزانێت، بەڵام ئەگەر ژنێکی ئاوا هەبێت، جگەلە فێرمینا دازا کەسێکی دیکە نییە.

فلۆرنتینۆ ئەریزا هەستی دەکرد پیریی ئەو لافاوێکی پڕ جۆش وخرۆش نییە، بەڵکو چاڵاوێکی گەورەیە کەدڵۆپ دڵۆپ یادەوەریی لێدەتیکێت و وشکدەبێت، لێزانیی و زیرەکیی پەرپوت دەبوو، متمانەی پێنەدەکرا دوای چەندین ڕۆژ خولانەوە بەدەوری ڤێلای لامانگادا لەوە تێگەیشت کەشێوازەکانی سەردەمی گەنجیی هەرگیز ناتوانن ئەودەرگایانە بشکێنن کەپرسە کلۆمی دابوون. لەسەرلەبەیانی ڕۆژێکدا کە لەناو ڕێبەری تەلەفۆنەکەدا بۆ ژمارەیەك دەگەڕا، بەڕێکەوت چاوی بەژمارەکەی فێرمینا دازا کەوت. تەلەفۆنی بۆکرد. تەلەفۆنەکە زۆر زەنگی لێدا و سەرەنجام دەنگی کزو نووساوی فێرمینای ناسییەوە کەدەیوت: هەلەو؟ بێئەوەی ورتەی لەدەم بێتە دەرەوە تەلەفۆنەکەی داخستەوە، بەڵام دەنگدانەوەی بێسنووری ئەو دەنگە تەمومژاوییە ورەی بەرزکردەوە.

لەوڕۆژانەدابوو کەلیۆنا کاسیانی یادی جەژنی لەدایکبوونی کردەوەو ژمارەیەك لەهاوڕێیانی داوەتکرد. فلۆرنتینۆ ئەریزای خەیاڵ پەرشوبڵاو شۆربای مریشکی بەخۆیدا ڕشت، لیۆنا بەقەراغی دەسرێکی سفرەکە کە لەپەرداخێ ئاو تەڕیکردبوو یەخەی فلۆرنتینۆی پاککردەوە، پاش ئەوە وەکو منالێك لەملیدا بەروانکەکەی بۆ گرێدا تا جارێکیتر شت نەڕێژێت بەخۆیدا: فلۆرنتینۆ وەکو منالێکی پیری لێهاتبوو، لیۆنا کاسیانی ئاگای لەوەبوو کەفلۆرنتینۆ ئەریزا لەکاتی دانانی خواردندا چەندینجار چاویلکەکەی داکەند، بەدەسرِ پاکیکردەوە لەبەرئەوە وایکرد چونکە ئاو بەچاوانیدا دەهاتەخوارەوە. لەکاتی دانانی قاوەدا، فنجانەکەی بەدەستەوە بوو خەوی لێکەوت، لیۆنا هەوڵیدا بێئەوەی خەبەری بکاتەوە فنجانەکەی لەدەست بگرێت، بەڵام وەڵامی بەپەلەی فلۆرنتینۆ ئەمەبوو " تەنیا ویستم

پشوویەك بەچاوم بدەم." ئەوشەوە لیۆنا کاسیانی بەسەرسامییەوە لەوەی فلۆرنتینۆ چۆن پیریی لێدەرکەوتووە خەوی لێکەوت.

لەیەکەم ساڵرۆژی مردنی خوڤینال ئوربینۆدا، خێزانەکەی بۆ بەشداریکردن لەیادەکەدا کە لەکڵێسای گشتیی بەڕێوەدەچوو کۆمەڵێ داوەتنامەیان دابەشکرد. فلۆرنتینۆ ئەریزا کەهێشتا وەڵامێکی بەدەست نەگەیشتبوو لەگەڵ ئەوەشدا کەبانگ نەکرابوو وەکو هێزێکی بزوێنەر بۆ مەنگاوی ئازایانەو بەشداریکردن لەرێورەسمی یادەکەدا سوودی لەو مەلومەرجە وەرگرت، ئەم رێوڕەسمە رووداوێکی کۆمەڵایەتیی بوو کەزیاتر بۆ خۆنواندنبوو وەك لەوەی شتێکی کاریگەر بێت. کورسیی ریزەکانی پێشەوە بۆ میراتگری نازناوە زلەکان گیرابوو کەناوی هەریەکەیان لەسەرتابلۆیەکی مس لەپشتی کورسییەکان نووسرابوو. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەوکەسانەبوو کەیەکەم ساتی رێوڕەسمەکە ئامادەبوون و مەبەستی لەمە ئەوەبوو کە لەجێگایەکدا دابنیشێت فێرمینا دازا نەتوانێ بەبێ بینینی ئەو بەوێدا تێپەڕێت. بیریکردەوە باشترین شوێنی دانیشتن دەبێت دوای کورسییە گیراوەکان بێت کە لەناوەڕاستدا دایاننابوون. بەڵام ئامادەبووان ئەوەندە زۆر بوون کەنەیتوانی لەوێدا جێگایەك بۆخۆی پەیدابکات بۆیە ناچاربوو لەو ریزەدا دابنیشێت کەتایبەتبوو بەدۆستە هەژارەکانی بنەماڵەکە. لەوێوە فێرمینا دازای بینی کەقۆڵی کوڕەکەی گرتبوو هاتە ژوورەوە. عەزیەکی قەیفەی رەشی قۆڵدرێژی ئاودامانی لەبەردابوو کەوەکو خیرقەی قەشەکان لەیەخەیەوە هەتا قولەپێی قۆپچەبوو، هیچ خشڵێکی پێوە نەبوو، لەجیاتی کڵاوی موشەبەك کەبێوەژنان و تەنانەت ئەو ژنانەش کەحەزیان لەوە دەکرد بێوەژن بکەون لەسەریاندەکرد شاڵێکی تەنکی موشەبەکی ئیسپانی دابوو بەسەریدا، روخساری بەئاشکرا وەکو مەڕمەڕی سپی دەدرەوشایەوە، چاوە گەشەکانی لەبن سورەیا گەورەکانی سەقفی راڕەوی ناوەڕاستی کڵێساکەدا پرشنگی تیشك و جوانییان پەخشدەکرد، لە کاتی رێکردندا ئەوەندە بەڕێ

رێك و قیت و پتەوبوو ئەوەندە بەسەرخۆیدا زاڵبوو كە لەكوڕەكەی بەتەمەنتر نەدەهاتە بەرچاو. فلۆرنتینۆ كەبەپێوەبوو ناچاربوو بەسەری پەنجەكانی خۆی بەكورسییەكەی پێشییەوە رابگرێت تا بەسەر سەربەگێژەوەچوونەكەیدا زاڵبێت لەبەرئەوەی هەستیكرد ئەوە تەنیا شەش هەنگاو نییە كە لەیەكیان جیادەكاتەوە بەڵكو لەدوو زەمەنی جیاوازدا دەژین.

تەقریبەن لەتەواوی رێوڕەسمەكەدا، فێرمینا دازا بەوشۆخی و جوانییەوە كە لەئۆپێرادا بەشداریی دەكرد، لەسەر كورسی خێزانەكەی لەبەردەمی میحرابی سەرەكیدا كەم كەم دانیشت و زۆربەی كات بەپێوەبوو. بەڵام لەگەڵ كۆتاییهاتنی رێوڕەسمەكەدا كە بەپێی نەریتی ئەو رۆژگارە دەبوو لەشوێنی خۆی نەجووڵێ بۆئەوەی سەرەخۆشی لێبكەن و هاودەردی بۆ دەربڕن وازی لەنەریتی پێشوازیی هێناو هاتەناو خەڵكەكەوە بۆئەوەی یەكەیەكە سوپاسی ئامادەبوونیان بكات: رەفتارێكی جوانبوو كەزۆر لەگەڵ كەسایەتی فێرمینادا دەهاتەوە. یەكە یەكە سوپاسی میوانەكانی كرد تا سەرنجام گەیشتە كورسی خێزانە هەژارەكان. لەوێدا چاوێكی بەملاولای خۆیدا گێڕا بۆئەوەی دڵنیابێت لەو كەسانەی دەیانناسێت كەسی فەرامۆش نەكردووە. لەو ساتەوەختەدا فلۆرنتینۆ ئەریزا هەستیكرد كەلافاوێكی كۆنترۆڵ نەكراو لەناخی خۆیەوە بەرزیدەكاتەوە و دەیهێنێتە دەرەوە: فێرمینا دازا ئەمی دیبوو. بەهەمان دڵنیایی و گەرموگوڕییەوە كە بەهەموو شتێكی دەبەخشی لەیاوەرانی جیابۆوەو بەزەردەخەنەیەكی شیرین و ناسكەوە دەستی تەوقەی بۆ درێژكردو وتی:

– سوپاس بۆ ئامادەبوونت.

فێرمینا دازا نەك تەنیا نامەكانی فلۆرنتینۆی وەرگرتبوو، بەڵكو بەحەزێكی زۆریشەوە خوێندبوونییەوە و فاكتەری راستەقینەی لەتەك ئەندێشەیەكدا بۆ درێژەدان بەژیان لەنامەكاندا بەدیكردبوو. كاتێ یەكەم نامەی وەرگرت لەگەڵ كچەكەیدا لەسەرمێزی نانخواردنی بەیانی

رانیشتبوون. لەبەرئەوە نامەکەی کردەوە چونکە تازە بە تایبەت نووسرابوو کاتێ پیتەکانی یەکەمی ئیمزاکەی ناسییەوە لەپڕ روخساری سوورهەڵگەڕاو گەرمبوو. بەڵام یەکسەر کۆنترۆڵی خۆی کرد، نامەکەی خستە گیرفانی پێشەوەی تەنوورەکەیەوەو وتی " نامەیەکی دەربڕینی پرسەو سەرەخۆشییە لەلایەن حکومەتەوە نێردراوە" کچەکەی بەسەرسامییەوە وتی " بەڵام ئەو نامانە هەموویان گەیشتوون" فێرمینا دازا بێئەوەی تێکبچێت وتی " ئەمەش نامەیەکی ترە" فێرمینا نیازی وابوو لەگەڵ رزگاربوونیدا لەپرسیارەکانی کچەکەی نامەکە بسووتێنێت. بەڵام نەیتوانی لەبەرامبەر ئەو کەڵکەڵەیەدا کەچاوێکی پێدا بخشێنێت خۆی رابگرێت. چاوەڕوانیی وەڵامێکبوو کە شایانی نامە پڕ سووکایەتییەکەی بێت. ئەو نامەیەی کە لەیەکەم ساتی ناردنییەوە لەنووسینی پەشیمان ببۆوە، بەڵام لەناردنی سڵاوی بەشکۆو بابەتی پەرەگراف یەکەمەوە تێگەیشت کە لەم دنیایەدا شتێك گۆڕاوە. ئەوەندە شەیدابوو کەخۆی لەژووری نووستندا بەندکرد بۆئەوەی بەرلەسووتاندنی بەئیسراحەت بیخوێنێتەوە، بەبێ کەمترین وەستان سێجار نامەکەی خوێندەوە.

ئەم نامەیە وردبوونەوەیەك بوو لەژیان، خۆشەویستی، پیریی و مردن: بریتیبوو لەو بیروبۆچوونانەی وەك چۆلەکەی شەو چەندینجار بەسەرسەری فێرمینادا فڕیبوون بەڵام کاتێ ویستبووی بیانگرێت، مشتێ پەڕ لەناو دەستیدا مابۆوە، ئێستا لەو نامەیەدابوون- سادە و راشکاوانە- رێك بەهەمان شێوە کەحەزیدەکرد دەریانبڕێت و جارێکیتر لەوە دڵتەنگبوو کەمێردەکەی نەماوە تاپێکەوە گفتوگۆی لەبارەوە بکەن، هەروەکو چۆن خوویان بەوەوە گرتبوو بەرلەوەی بخەون باسی هەندێ کاروباری رۆژانەیان دەکرد.

بەمشێوەیە لای فێرمینا دازا پەردە لەرووی فلۆرنتینۆ ئەریزای نادیار لادەبرا، فلۆرنتینۆ ئەریزا ئیدی بە بەرچاوڕوونییەکی تایبەتی واوە

بوو کە لەبنەڕەتدا پەیوەندی بەنامە عاشقانە پڕ سۆزەکانی گەنجییەوە یان بەڕەفتاری دڵمردووانەی سەراپای تەمەنییەوە نەبوو. وشەکانی ئاڕادەیەك وشەی پیاوێك بوون کەبەڕای ئیسکۆلاستیکای پووری فێرمینا ئیلهامیان لە(روح القدس) ەوە وەرگرتبوو ئەم ئەندێشەیەش ئێستا بەقەد یەکەمجار فێرمینا دازای مات و حەیران دەکرد. بەهەرحاڵ، ئەوەی لەهەمووشتێ زیاتر رۆحی ئارامدەکردەوە، ئەوەبوو ئەو نامەیە لەلایەن پیرەمێردێکی ژیرەوەبوو نەك هەوڵێك بێت بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو بێشەرمییەی لە شەوی مەرگی ئوربینۆدا روویدابوو، بەڵکو هەوڵێکی زۆر مەزنبوو بۆ سڕینەوەی رابردوو.

نامەکانی دوایی ئارامیی تەواویان لەگەڵدابوو. لەگەڵ ئەوەشدا، دوای ئەوەی بەحەزو تاسەیەکی ئاشکراوە دەیخوێندنەوە دەیسووتاندن، خۆڵەمێشەکەیان هەستکردن بەگوناهێك بوو کەبۆی دەمایەوە نەیدەتوانی بیشارێتەوە. کاتێ ژمارەدانان لەسەرنامەکان دەستپێکرد فێرمینا دازا بیانوویەکی ئاکاریی بۆ لەناو نەبردنیان لەلا دروستبوو. بەهەربار، مەبەستی سەرەکی فێرمینا ئەوە نەبوو کەنامەکان هەڵبگرێت بۆخۆی بەڵکو چاوەڕوانیی دەرفەتێکی دەکرد بۆئەوەی بیانگەڕێنێتەوە بۆ فلۆرنتینۆ ئەریزا بۆئەوەی ئەو شتەی کەوادیاربوو بەهایەکی مرۆییانەی هەیە، لەناو نەچێت. کێشەکە لەوەدابوو کەکات تێدەپەڕی و بەدرێژایی ساڵەکە هەرسێ چوار رۆژ جارێ نامەیەك دەگەیشت، فێرمینا نەیدەزانی چۆنچۆنی بیانگەڕێنێتەوە تاناچار نەبێت لەنامەیەکدا هەموو شتێك روونبکاتەوە، کە غروری مۆڵەتی نووسینی نەدەدا یان بەپێچەوانەی حەزوئارەزووییەوە نامەکان پەسەندنەکات.

ساڵی یەکەم ماوەی تەواوی لەبەردەستدابوو بۆئەوەی خۆی لەگەڵ ژیانی بێوەژنیدا بگونجێنێت. یادەوەریی پاکژی مێردەکەی کەئیدی لەڕەفتاری رۆژانەو بیروڕای تایبەتی وسادەترین نیازیدا بەکۆسپ لەقەڵەم نەدەدرا، ئامادەگییەکی چاودێرئاسای هەبوو کەڕێنماییدەکرد بەڵام ڕێی

پێنەدەگرت. لەو هەڵوێستانەدا کەبەڕاستی پێویستی پێیبوو دەیبینی، بەڵام نەك بەشێوەی خەیاڵێك، بەڵکو بەگۆشت وخوێنەوە دەیبینی. ئەم یەقینە فێرمینای دڵگەرمدەکرد کەمێردەکەی هێشتا زیندووە، لەوێیە بەڵام بەبێ هەواو هەوەسی پیاوانەو داخوازیی پاتریارکییانە و پێویستی زۆر بەوەی فێرمینا دازا بەکەش وهەوای ماچی نەگونجاو و وشەی پڕسۆزەوە خۆشیبوێت کەبەمانەوە فێرمینای خۆشدەویست. ئێستا لەوکاتە باشتر هەستی بەمێردەکەی دەکرد کە لەژیاندا بوو تاسەی بۆ خۆشەویستیی، پێویستی بێچەندوچوون و زۆری بە ئارامی و ئاسایش لە ناخی فێرمینادا هەستی پێدەکرا. ئەو ئارامی و ئاسایشەی وادیاربوو کۆڵەکەی ژیانی کۆمەڵایەتییەتیی بوون، لەڕاستیدا هەرگیز بەدڵنیاییەوە هەستی بەبوونی نەکردبوو. ڕۆژێ لە لوتکەی نائومێدیدا، فێرمینا قیژاندبووی بەسەریدا: " تۆ تێناگەی من چەند بەدبەختم!" بێئەوەی خۆی تێکبدات لەگەڵ جووڵەیەکدا کەتایبەتبوو بەخۆی چاویلکەکەی داکەندبوو، فێرمینای نغرۆی ئاوی ڕوونی چاوە بێڕیاو بێگوناهەکانی کردبوو بەیەك دەستەواژە قورسایی ئەقڵی نەحەمولنەکراوی خستبووە سەرشانی فێرمیناو وتبووی: " هەمیشە ئەوەت لەیاد نەچێت کەگرنگترین شتی ژن و مێردایەتییەکی باش، بەختەوەریی نییە، بەڵکو سەقامگیریی و بەردەوامییە!" فێرمینا لەگەڵ یەکەمین تەنیایی وغەریبی ژیانی بێوەژنیدا لەوە تێگەیشتبوو کە ئەودەستەواژەیە ئەو هەڕەشە داماوانەیە ناشارێتەوە کەئەوڕۆژە مێردەکەی دابوویە پاڵی بەڵام مۆرگناتیسێك بوو بۆ ماوەیەکی زۆر و خۆش بەلای یەکدا بەکێشی کردبوون.

فێرمینا دازا لەسەفەرە زۆرەکانیدا بۆ سەراپای دنیا هەر شتێکی تازەداهاتوو کەسەرنجی رابکێشایە دەیکڕی. لەگەڵ یەکەم پاڵنەریدا لەپڕ حەزی لەو شتانە دەکرد. ئەو پاڵنەرەی کەمێردەکەی بەڕووی خۆشەوە زۆر لۆجیکیانە ئاراستەی دەکرد. ئەو شتانە تا زەمانێ شتی جوان و بەسوود بوون کە لەوڵاتی زادگای خۆیان دەمانەوە، واتە لەناو جامخانەکانی ڕۆما،

پاریس، لەندەن، یان لەنیویۆرك لەوكاتە شلۆقەدا لەچارلستۆن، واتە لەو شۆێنەدا کەبینا هەوربڕەکان پەرەیان دەسەند، بەڵام نەیدەتوانی بەرگەی ئەزموونی ڤالسەکانی شتراوس و بەزی ناخۆشی بەراز بگرێت یان حەوسەڵەی فێستیڤاڵی شیعری نەبوو لەکاتێکدا پلەی گەرما لەسێبەردا دەگەیشتە چل. بەمشێوەیە فێرمینا دازا بەنیو دەرزەن باوەڵی گەورەوە کە لە لەوحی بریقەدار دروستکرابوون، وەکو تابوت قەراغیان رازابۆوە و قفڵی مسیان پێوەبوو، وەکو خانمی تازەترین نموونەی شتە سەیروسەمەرەکانی جیهان بەکۆمەڵێ دیارییەوە دەگەڕایەوە کە نرخیان بەئاڵتوون دیاری نەدەکرا، بەڵکو بەهایان لەوساتەدا خۆی حەشاردابوو کە کەسێك لەدنیای دەوروبەرەوە بۆ یەکەمجار چاوی پێیاندەکەوت، چونکە ئەم شتانە لەبەر هەمان هۆ دەکڕدران: واتە بۆئەوەی کەسانیتر بیانبینن. فێرمینا دازا بەرلەوەی پیر بێت بەماوەیەکی زۆر دەرکی بەبێهودەیی وێنەو دیمەنی گشتیی خۆی کردبوو زۆرجار لەماڵەوە دەنگی دەبیسترا کەدەیوت" دەبێت خۆمان لەدەست ئەم تورەهاتانە دەربازبکەین کەجێگایەك بۆ ژیان ناهێڵنەوە!"

دکتۆر ئۆربینۆ بەکۆششە بێهوودەکانی فێرمینا پێدەکەنی. چونکە دەیزانی کەشوێنە بەتاڵەکان دووبارە پڕدەبنەوە. بەڵام فێرمینا دووبارە پێیدادەگرت، چونکە ئەوە راستبوو کەئیدی ژوورێك نەبوو بۆ شتێك، هیچ شتێك لەهیچ جێگایەکدا بەکەڵکی هیچ نەدەهات، نەکراسی هەڵواسراو بەدەسگیری دەرگاکانەوە، نەپاڵتۆی زستانی ئەوروپایی کە لەقەفەزەکانی موبەق ئاخنرابوون. فێرمینا ئەو رۆژانەی بەکەیفەوە لەخەوهەڵدەسا شوێنی جلوبەرگەکانی دەدا بەیەکدا، باوەڵەکانی هەڵدەڕشت. شتە ئەنتیکەکانی لەیەك جیادەکردەوە، شەڕێکی جیاکردنەوەی رادەگەیاند- جەنگێك لەدژی ئەوکۆمەڵە جلوبەرگەی کەسەروەختێ چەندینجار دەهێنرانە بەری مەیدان، ئەوکڵاوانەی هەرگیز بەکاری نەهێنابوون لەبەرئەوەی کاتێ مۆدەیانبوو

دەرفەتی بۆ ڕێنەکەوتبوو لەسەریانبکات، ئەو پێڵاوانەی هونەرمەندانی ئەورووپا لەسەر لاساییکردنەوەی مۆدیلی پێڵاوی ئەو شاژنانەی لەڕێوڕەسمی تاج لەسەرکردندا لەپێیان دەکرد دروستیانکردبوو و لەپێیان دەکرد، بەڵام لێرە خانمە وەجاخزادەکان بەعەیبەیان لەقەڵەمدەدا چونکە ڕێك لەو پێڵاوانە دەچوو کەژنە ڕەشپێستەکان لەبازاڕ دەیانکڕی بۆ ئەوەی لەناو ماڵدا وەکو نەعل بیکەن بەسەرپێوە. تەواوی سەرلەبەیانی سەکۆی ناوەوە دەشێواو لەبارێکی خراپدابوو لەبەر بۆنی تیژی نەفتالین بەزەحمەت دەتتوانی لەو ماڵەدا هەناسە بدەیت. بەڵام لەماوەی چەند سەعاتێکدا دووبارە سیستم و ڕێکوپێکی دەگەڕایەوە بۆ ماڵەکە چونکە سەرەنجام فێرمینا دڵی بەو هەموو ئاوریشمە پەرشوبڵاوەی سەرزەوییەکە و ئەو هەموو قوماشە ئاڵتوونییە پاشماوەیەو پارچەی بەکارنەهاتووی بەنەخشونیگار چنراو و ئەو هەموو کلکە ڕێوییە زیوییینە دەسووتا کە دەبوو بسووتێنرێن و دەیوت:

- کاتێ ئەو هەموو خەڵکە خواردنی تەواوەتییان دەستناکەوێ بیخۆن سووتاندنی ئەمانە گوناهە.

بەمشێوەیە سووتاندن دوادەکەوت، هەمیشە دوادەکەوت و تەنیا شتەکان لەشوێنی تایبەتی خۆیانەوە دەگوێزرانەوە بۆ تەویلە کەببووە کۆگای سندوقی پاشماوەکان، لەکاتێکدا ئەو شوێنانەی بەتاڵکرابوون، وەکو پێشبینییەکەی خۆڤینالێ ئۆربینۆ دووبارە پڕدەکرانەوە، لەوشتانە دەئاخنران کەتەنیا بۆ یەکجار دەژیان و دەخرانە سندوقی جلەکانەوە بۆئەوەی بمرن: تا جارێکیتر. فێرمینا دازا دەیوت " دەبێت کەسێك شتێك دابهێنێت تابەهۆیەوە بتوانرێت شتێك لەو کەلوپەلانە بکرێت کەئیدی سوودیان نییەو لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ ناتوانێت فڕێیان بدات" ئەو ڕاستییەی کەفێرمیناشی ترساندبوو ئەو سووربوون و تەماعەبوو کەدەبووە هۆی ئەوەی شتەکان هێرش بۆ ئەو شوێنانە بهێنن کەمرۆڤ بەکاریاندەهێنێ و تیایاندا دەژی و

ورده ورده تەنگ بەمرۆۋ هەڵبچنن و بیخەنە کەنارەوە، دواجار ئەم ترسە ببووە هۆی ئەوەی فێرمینا شتەکان بخاتە پەناو پاسارەوەو لەبەرچاو ونیان بکات، چونکە وەکو وێنادەکرا ئەوەندەش بە تەرتیب نەبوو، بەڵکو ڕێگای نائومێدانەی خۆی درێژە پێدەدا بۆئەوەی واخۆی نیشانبدات بەتەرتیبە: لەڕاستیدا فێرمینا پەرشوبڵاوی و ئاژاوەکەی دەشاردەوە. ئەوڕۆژەی خۆڤینال ئۆربینۆ مرد، لەرووی ناچارییەوە نیوەی ژووری خوێندنەوەکەیان بەتاڵکرد، کەلوپەلەکانیان پەستایە ژووری نووستنەکانەوە بۆئەوەی جێگای تەواو هەبێت بۆتەرمەکە.

گوزەری مەرگ بەماڵەکەدا، چارەسازی کارەکەبوو. فێرمینا دازا لەکاتی سووتاندنی جلوبەرگی مێردەکەیدا هەستیکرد دەستی نالەرزێ، بەهەمان پاڵنەرەوە ناوە ناوە بەرێکوپێکی درێژەی بەشت سووتاندن داو بێنەوەی بیر لەبەرچاوتەنگی دەوڵەمەندان بکاتەوە یان رق و کینە و ئازاری هەژاران لەبەرچاو بگرێت کە لەبرسا دەمردن هەموو شتێکی کۆن و نوێی خستە ئاگرەوە. دواجار فەرمانیدا دار مانغاکەش لەڕەگوڕیشەوە هەڵبکەنن، بۆئەوەی هیچ شوێنەوارێکی نەگبەتییەکە نەمێنێتەوە، تووتییەکەشی بەخشی بەمۆزەخانەی شارەکە کەتازەکرابۆوە، ئەوسا ئیدی هەناسەیەکی پشووی هەڵکێشا- ئەویش لەماڵێکدا کەهەمیشە حەزیدەکرد هەیبێت: گەورە و فەرەح هەموو شتێکیش هی خۆی بێت.

ئۆفیلیای کچی دوای ئەوەی سێ مانگ لەگەڵی ژیا گەڕایەوە بۆ (نیو ئۆرلیانز). کوڕەکەی ڕۆژانی یەکشەممەو ئەوڕۆژانەیتر کەبۆی دەگونجا لەگەڵ ژنەکەیدا بۆ نانخواردن دەهاتن بۆ ماڵیان. هاوڕێ نزیکەکانی فێرمینا دازا لەگەڵ کۆتاییهاتنی پرسەو غەم و خەفەتی پرسەکە سەردانییان دەستپێکرد. رووەو حەوشە وشک وچۆڵەکە دادەنیشتن و یاری کاغەزیان دەکرد. بەتاقیکردنەوەی ڕێوشوێنە تازەکانی خواردن دروستکردن و چێشتلێنان

کاتیان بەسەردەبردو لەبەسەرهاتی تازەترین بابەتی ژیانی پەنهانی ئەو دنیایە ئاگاداریان دەکردەوە کەتێر نەدەبوو و بەبێ ئەویش لەڕەوتدا بوو.

یەکێك لە بەوەفاترین هاوڕێکانی لوکریسیا دل ریال دل ئۆبیسپۆی ئورستۆکراتی بوو بەشێوازە کۆنەکەی، هەمیشە هاوڕێیەکی باشبوو بۆ فێرمینا و دوای مردنی خۆڤینال ئۆربینۆ زیاتر لەیەکتری نزیکبوونەوە. لەورۆژانەدا کەلوکریسیا لەئەنجامی نەخۆشی ئازاری جومگەکانییەوە شل و شێواو بوو هەستی بەپەشیمانی دەکرد لەو ژیانەی کەبەپێچەوانەی ئارەزووەکانییەوە تیایدا ژیابوو. لوکریسیا نەك تەنیا باشترین هاودەمی بوو بەڵکو سەبارەت بەو پرۆژە مەدەنی و دنیاییانەی لەشارەکەدا خۆی بۆ ئامادەدەکرا راوێژی بەفێرمینا دەکرد، ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی کەهەست بکات ئەوە خودی خۆیەتی کەبەهۆی ئامادەگییەوە بەهای پەیداکردووە نەك بەهۆی سێبەری پشتیوانیی مێردەکەیەوە وەکو کەسێکی باش دەرکەوتبێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز ئەوەندە بەمێردەکەیەوە پەیوەست نەبوو وەك ئێستا چونکە ئیدی بەناوی سەردەمی کچێنییەوە بانگ نەدەکرا بەڵکو بەناوی ژنەکەی ئۆربینۆوە ناسرابوو، بەوناوەوە ناودەبرا.

فێرمینا دازا نەیدەتوانی وێنای مەسەلەکە بکات بەلام لەگەڵ نزیکبوونەوەی ساڵرۆژی مردنی مێردەکەیدا هەستیدەکرد بەچوست و چالاکییەوە پێدەخاتە سێبەری ناوچەیەکی ساردو ئارامەوە: واتە پێدەخاتە دارستانێکی ناچارییەوە. هێشتا ئەمەی نەدەزانی و هەتا چەند مانگێ دوای ئەوەش هیچی لێحاڵی نەبوو کە بیروبۆچوونە نووسراوەکانی فلۆرنتینۆ ئەریزا لەنامەکانیدا چەند یارمەتیاندا بۆئەوەی جارێکیتر خەیاڵی ئاسوودە بێت. بیروبۆچوونەکانی فلۆرنتینۆ وەکو ئەزموونی تایبەتی بەکەڵکی هاتن و بوونە پایەی ئەو دەرفەتەی کە لەڕێگەیانەوە توانی دەرك بەژیانی خۆی بکات، بەئارامی و دڵشادییەوە چاوەڕێی ڕێوشوێنەکانی پیریی بکات. یەکتربینینیان لەڕێوڕەسمی ساڵرۆژی مردنی مێردەکەیدا بۆ فێرمینا

دەرفەتێکی خوداییبوو تائەوە لە فلۆرنتینۆ بگەیەنێ کە لەئەنجامی نامە دڵگەرمکەرەکانی ئەوەوە، هاتووە بۆ ئەوەی رابردوو بەفەرامۆشیی بسپێرێت.

دوو رۆژ دوای ئەوە فێرمینا نامەیەکی فلۆرنتینۆی پێگەیشت کە لەشێوازی نامەکانی پێشووی تری جیاوازبوو: دەسنووسێکبوو لەسەر کاغەزێکی کەتانی بەناوی تەواوەوە کەزۆر روون و ئاشکرا لەسەر زەرفی نامەکە نووسرابوو. نامەکە وەکو نامەکانی تاڤ گەنجیی پڕ سۆزوتاسەبوو بەهەمان شێوەی ئەوسا تیایدا هەست بە شیعرییەت دەکرا، بەڵام رستێ سوپاسی ئاسایی تێدابوو سەبارەت بەبایەخپێدانی بەپێشوازیی لێکردن و هەواڵپرسینی لەکڵێسای گشتیی لەلایەن فێرميناوە. فێرمينا دازا چەند رۆژێ دوای خوێندنەوەی نامەکە بەخەیاڵێکی پەرێشانەوە بیری لێکردەوە- بەڵام بەویژدانێکی ئەوەندە پاکەوە کەپێنج شەممەی دوای ئەوە بەبێ هیچ بۆنەیەك لەناکاو لەلوکریسیای پرسی فلۆرنتینۆی ئەریزای خاوەنی کەشتییەکانی رووبار دەناسێت؟ لوکریسیا دوای وەڵامدانەوە بە بەڵێ وتی" وادێتەبەرچاو هەتیوبازێکی سەرگەردان بێت!" لەدرێژەیٛ قسەکانیدا ئەو پروپاگەندەیەی دووبارەکردەوە کەوێڕای ئەوەی هەیەتی و تێروپڕە هەرگیز ژنێك لەژیانیدا نەبووە، باسی ئەوەشی کرد کەژوورێکی نهێنی هەیە، شەوان شوێن هەتیو مەتیوی دەوری بەندەرەکە دەکەوێت و دەیانبات بۆئەوێ.

فێرمينا دازا تا ئەو شوێنەی بەیادی دەهاتەوە هەمیشە ئەم حیکایەتەی بیستبوو، هەرگیز باوەڕی پێنەکردبوو، بایەخی پێنەدابوو. بەڵام کاتێ وەك باوەڕێکی پتەو ئەمەی لەزمانی لوکریسیاوە بیست کەسەروەختێ لەبارەی خودی لوکریسیاشەوە پروپاگەندەیەکی وا لەئارادابوو گوایە ئارەزوو و خووی سەیرو سەمەرەی هەیە، نەیتوانی لەبەرامبەر مەیلی لەوکاتەوە کەکوڕێکی گەنج بووە فلۆرنتینۆ ئەریزا دەناسێت، ئەوەی بۆ روونکردنەوەی راستی مەسەلەکە خۆی رابگرێت، وتی روونکردەوە کەدایکی فلۆرنتینۆ لەشەقامی (لاس فیناتاس) دووکانێکی

وردەواڵەفرۆشیی هەبوو کراس و پەڕۆکۆنی دەکڕی و لەفاق لێدروست دەکردن، لەکاتی شەڕە ناوخۆییەکاندا وەکو لەفاق برینپێچی دەیفرۆشتن بەقورسییەکەوە وەکو ئەنجامی قسەکانی وتی:

- پیاوێکی شەریفە چونکە خۆی خۆی دروستکردووە.

فێرمینا ئەوەندە بەجەخت و دڵنیاییەوە قسەیکرد کە لوکریسیا لەقسەکانی خۆی پەشیمانبۆوە و وتی:

- با واز لەم قسانە بێنین چونکە لەم جۆرە شتانە دەربارەی منیش دەوترێن.

فێرمینا دازا ئەوەندە لاپەلەرسەنگ (فزول) نەبوو تا لەخۆی بپرسێت چۆن بەو گەموگوڕییەوە داکۆکی لەپیاوێك دەکات کە لەژیانی ئەودا لەسێبەرێك زیاتر نەبووە. هێشتا بیری لەفلۆرنتینۆ دەکردەوە، بەتایبەتی لەوکاتەی پۆستە دەگەیشت بێنەوەی نامەیەکی دیکەی لەلایەن ئەوەوە بۆ هاتبێت. دوو هەفتە بارودۆخەکە بەئارامی گوزەرابوو کەڕۆژێك یەکێ لەکچە خزمەتکارەکان لەسەرخەوشکاندنی نیوەڕۆ خەبەریکردەوە، بەسرتەیەکی وریاکەرەوەوە پێیوت:

- خانمەکەم دۆن فلۆرنتینۆ لێرەیە!

فلۆرنتینۆ لەوێبوو. یەکەم کاردانەوەی فێرمینا دازا هێندەیەکی ترس بوو. لەلای خۆیەوە بیریکردەوە. نەخێر ئەو دەبێت ڕۆژێکیترو لەکاتێکی گونجاوتردا بگەڕێتەوە، لەبارێکدا نیم بتوانم پێشوازیی لەمیوان بکەم، هیچ قسەیەکیشم نییە تا لەگەڵیدا بیکەم. بەڵام زۆر زوو هاتەوە سەرخۆی، بەکچەکەی وت ڕێنمایی بکات بۆ هۆڵی پێشوازیی لەمیوان، تائەم دەستێ بەخێرایی دێنێت قاوەیەکی بۆ ببات. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەبەردەرگا لەبەر لێتاوی سووتێنەری سەعات سێدا، بەکۆنترۆڵی تەواوە بۆ پێگەی خۆی، لەسەرجادەکە چاوەڕوانیی دەکرد. خۆی بۆ ئەوە ئامادەکردبوو ڕێینەدەن بچێتە ژوورەوە، تەنانەت بەعوزرخواییەکی دۆستانەوە دڵنیادەبوو،

خوێنساردیی خۆی دەپاراست. بەڵام بێچەندوچوونیی وەڵامەکەی فێرمینا هەتا ناو مۆخی ئێسقانەکانی گیانی هێنایە لەرزین، کاتێ پێیخستە ناو مۆلی فێنکی پێشوازییەوە بواری ئەوەی نەبوو بیر لەو موعجیزەیە بکاتەوە، کەخەریکبوو روویدەدا. چونکە ریخۆڵەکانی لەناکاو لەئەنجامی جۆش وخرۆشێکی بەئازارەوە دایانبەیەکدا، بەوریایی تەواوەوە هەناسەی خۆی گرت ودانیشت، یادی ڕیقنەی ئەو باڵندە شوومەی هێنایە بەرچاوی خۆی کەڕیقنەی کرد بەیەکەم نامەی عاشقانەیدا. لەم ساتەوەختەدا ئامادەبوو هەر رووداوێکی ناخۆش قبوڵبکات جگە لەم بەدبەختییە بێویژدانانەیە. لەو سێبەرەدا کەبەلای تاریکیدا دەیڕوانی بێجووڵە مایەوە، تایەکەم هێرشی لەرزوتا کۆتاییهات. فلۆرنتینۆ چاك خۆی دەناسی. سەرەڕای ئەو قەبزییەی لەمناڵییەوە لەگەڵیدابوو، لەماوەی ئەو هەموو ساڵەدا سێ چوار جار لەشوێنی گشتییدا سکی چووبوو، خیانەتی لێکردبوو، ئەوسێ چوار جارەش دەستی تەسلیمبوونی بەرزکردبۆوە. تەنیا لەوحاڵەتانەو حاڵەتی تری واخێرادا، هەستی بەڕاستی ئەوقسەیە دەکرد کەحەزیدەکرد بەگاڵتەوە دووبارەی بکاتەوە" باوەڕم بەخودا نییە بەڵام لێیدەترسم"

هیچ دەرفەتێکی بۆ گومان و دوودڵیی لەبەردەمدا نەبوو. هەوڵیدا هەر دوعایەك بخوێنێ کەبێتەوە بیری، بەڵام تەنانەت یەك دوعاشی نەهاتەوەبیر. کاتێ مناڵبوو، مناڵێکی دیکەی هاوڕێی بۆ لێدانی باڵندەکان بەبەرد چەند وشەیەکی سیحراوی فێرکردبوو " نیشان، نیشان، بەردم وەشان، دام لە نیشان، گەر لێمنەدا، لۆمەم بکەن" فلۆرنتینۆ کاتێ بۆ یەکەمجار بەتیروکەوانێکەوە چوو بۆلادێ، ئەو قسەیەی وتەوە، چۆلەکەکە بەمردارەوەبوویی کەوتە سەرزەوی. بەشێوەیەکی تێکەڵ وپێکەڵ وای وێنادەکرد کەمەسەلەکان بەجۆرێ لەجۆرەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، نێستا بەشەوق و زەوقێکەوە ئەو قسەیەی وەکو دوعایەك لەژێر لێوەوە دەوتەوە، بەڵام کاریگەریی پێویستی نەبوو. پێچێك بەسکیدا هات و وەك

ئەوەی درێلێکی گەورەی لەژێردا بێت لەکورسییەکە بەرزیکردەوە جموجوڵی ناوسکی، سکی رێکترکردەوە و ئازاری زیاتربوو سکی قۆڕەیەکی لێوەهات، سەراپای بەدەنی عارەقێکی ساردی کرد. ئەو کچە خزمەتکارەی قاوەی بۆ هێنابوو لەروخساریی رەنگ پەڕیوی ترساو ئەمیش بە ئاهێکەوە کە لەناخەوە هەڵیکێشا وتی " هی گەرمایە!" کچەکە بۆئەوەی ئەم زیاتر هەست بەئیسراحەت بکات پەنجەرەکانی کردەوە، بەڵام هەتاوی پاشنیوەڕۆ بەتوندی دای لەروخساری فلۆرنتینۆ بۆیە کچەکە ناچاربوو دووبارە پەنجەرەکان دابخاتەوە. لەساتەوەختێکدا کەدەیزانی ناتوانێ یەك دەقەی تریش خۆی رابگرێت، فێرمینا دازا لەناو تاریکییەکەوە وەکو شەبەنگێکی نادیار، خۆی کرد بەژوورداو بەبینینی فلۆرنتینۆ لەو حاڵەدا ترساو وتی:

-دەتوانیت چاکەتەکەت داکەنیت.

فلۆرنتینۆ لەتاو ئازاری کوشندەی پێچی ناوسکی کەمتر بەو خەیاڵەوە دەتلایەوە، کەفێرمینا گوێی لە قۆڕەی سکی بێت. بەهەر دەردەسەرییەك بوو توانی، تەنیا بۆ یەك دەقە بەقەد کاتی وتنی ئەم رستەیە خۆی رابگرێت، کەپرسی کەی دەتوانێت بێتەوە بۆ سەردانی. فێرمینا دازا کەهێشتا بەپێوەبوو بەپەرێشانییەوە وتی:

- " باشە تۆ ئێستا لێرەیت!" داوای لێکرد بچنە سەرسەکۆکە کەجێگایەکی فێنك تربوو. فلۆرنتینۆ بەدەنگێکەوە کەبەلای فێرميناوە وەکو ئاهێکی پڕ ئەفسووس وابوو وتی:

- تکات لێدەکەم بەڵکو دانیشتنەکەمان بخەیتە سبەینێ.

فێرمینا دازا ئەوەی هاتەوەیاد کەبەیانی پێنج شەممەیە، واتە ئەو رۆژەی کەلوکریسیا وەکو وادەی هەمیشەیی دەهات بۆ لای. بەلاَ، بەهەرحاڵ رێگا چارەیەکی زۆر باشی دۆزییەوە: "زۆر باشە دوسبەی سەعات پێنج"

فلۆرنتینـۆ ئـەریزا سوپاسـیکرد، بەراوەشـاندنی کڵاوەکـەی بـەخێرایی خواحـافیزی لێکـرد، بێئـەوەی دەم لەقاوەکـە بـدات ئـەوێی بەجێهێشت. فێرمینا گێژو سەراسیمە لەناوەڕاستی ژووری میوانەکـەدا وەستا. نەیـدەتوانی هیچ لـەوە هـەڵکڕێنێ کەڕوویـدابوو، هـەتا دەنگـی مەکینەی سەیارەکەی فلۆرنتینۆ وردە وردە لـەکۆتایی شـەقامەکەدا نـەما.

فلۆرنتینۆ ئەریزا لەکورسی دواوەی ئوتومبیلەکـەدا خۆی جوڵاند تا بە بەئیسراحەتر دانیشێت. چاوانی خستە سەریەك، ماسولکەکانی سست کردو تەسلیمی ئیرادەی بەدەنی بـوو. وەك ئـەوە وابوو دووبارە لـەدایك بێتـەوە. شۆفێرەکەی دوای ئەو هـەموو ساڵە کە لەخزمەتیدا بوو ئیدی لەهیچ شتێکی سەراسیمە نـەدەبوو، خوێنساردی خۆی پاراست. بەڵام کاتێ لەبەردەرگای ماڵەوە دەرگای ئوتومبیلەکەی بۆ کردەوە، پێیوت:

-دۆن فلۆرۆ ئاگات لەخۆت بێت، لەوانەیە کۆلێرابێت.

بەڵام مەسەلەکە وەکو جاران حاڵـەتێکی ئاساییبوو. فلۆرنتینۆ ئەریزا رۆژی هـەینی سوپاسی خوایکرد کاتێ کچە خزمەتکارەکە لـەژووری میوانەوە بەرەو سەکۆکەی حەوشە رێنماییدەکرد. لەوێ فێرمینا دازای بینی لەسەر مێزێکی بچووك دانیشتووە، کە بۆ دوو کەس رێکخرابوو. فێرمینا دازا لێیپرسـی چیی دەخـوا "چـا، قـاوە، نەسـتەلە؟" فلۆرنتینـۆ ئـەریزا داوای قاوەیەکی زۆر گەرم و خەستی کرد. فێرمینا بەخزمەتکارەکەی وت:

-بۆ منیش ئەوەی هەمیشە.

ئەوەکەی هەمیشەی فێرمینا چایەکی تێکەڵی جۆرەها چای ئاسیایی بـوو کـەدوای سەرخەوشـکاندنی نیـوەڕۆ بـاری دەهێنایـەوە سـەرخۆی. ئاەوکاتەی فێرمینا قۆریەکەی و فلۆرنتینۆ جزوەی قاوەکـەی خاڵیکردەوە لەلایەن هەردووکیانـەوە سـەبارەت بەهەندێ مەسـەلە قسەکرا کەهەریەکـەیان بابەتەکـەیان لەجێگایەکـدا بڕییـەوە، نـەك لەبەرئـەوەی ئەومەسـەلانە زۆر بەلایانـەوە سەرنجراکێشبوو بـەڵکو لەبەرئـەوە قسـەیان لـەبارەوە کـردن تـا

خۆیان لە مەسەلەیتر بدزنەوە کەهیچ کامیان جورئەتی ئەوەیان نەبوو خۆیانی لێبدەن، هەردووکیان چاویان ترسابوو. ئەم جووتە نەیاندەتوانی لەوە حاڵیبن دوای تەمەنی گەنجیی کەبەسەرچووە لەوێدا چییان دەکرد. لەویٚ لەسەر سەکۆیەك کەخشتی دیوارەکانی وەك داشماڵی شەترەنج وابوون و لەماڵیکدا کەهی هیچ کەسێکیان نەبوو، هێشتا بەتوندی بۆنی گوڵەکانی گۆڕستانی لێدەهات. ئەوە یەکەمجاربوو لەدوای نیو سەدە چاوەڕوانیی ئەوەندە لەنزیکی یەکەوە دانیشتبوون و بەئارامی و سەفاوە کاتی تەواویان بۆ تەماشاکردنی یەکتری هەبوو، خۆیان چۆن بوون ئاوا یەکتریان دەبینی: دوو پیربوون کەمەرگ لەبۆسەدابوو بۆیان هیچ شتێکی هاوبەشیان نەبوو جگەلە رابردوویەکی زووتێپەڕ کەئیدی موڵکی ئەمان نەبوو، بەڵکو هی دوو گەنجی تیاچووبوو کەدەشیا کوڕەزاو کچەزای ئەمان بن. فێرمینا دازا پێیوابوو فلۆرنتینۆ بەلای کەمەوە پەی بەناواقیعیبوونی خەونەکانی دەبات و دەستبەداریی بێشەرمییەکەی دەبێت.

بەمەبەستی خۆلادان لەبێدەنگیی ناخۆش و باسکردنی هەندێ بابەت کەحەزی لێی نەبێت، فێرمینا دازا دەربارەی کەشتی رووبار کۆمەڵێ پرسیاری دەکرد کەوەڵامی زۆر روون و ئاشکرایان هەبوو. نەدەچووە ئەقڵەوە فلۆرنتینۆ ئەریزا خاوەنی کەشتییەکانی رووبار بێت کەبۆخۆی تەنیا یەکجار بەناو رووباردا سەفەریکردبوو ئەویش پەیوەندی بەساڵانی پێشووەوە هەبوو واتە بەرلەوەی لەکۆمپانیا کاربکات. فێرمینا دازا نەیدەزانی فلۆرنتینۆ ئەریزا بۆچی بۆتە خاوەنی کۆمپانیاکە ئەگەر بیتوانیایە هۆیەکانی پێبڵێت حەزی دەکرد گیانی بکات بەفیدای ئەو قسانە. فێرمیناش هیچی لەبارەی رووبارەوە نەدەزانی. مێردەکەی هەمیشە رقی لەهەوای زنجیرە چیای (ئەندین) بوو، ئەم رقەی بە بڕوبیانووی جیاواز دەشاردەوە: وەکو مەترسی شوێنە بەرزەکان بۆ دڵ، مەترسی تووشبوونی سیل، دووڕوویی خەڵکەکەی، نادادپەروەرییەکانی حکومەتی ناوەندی. بەمشێوەیە ئەمان نیوەی دنیایان دەناسی بەڵام

ولاتەکەی خۆیان نەدەناسی. لەو رۆژانەدا فڕۆکەیەکی دەریایی جۆری (جنکرز) کەجێگەی ستافە دووکەسیەکەی و شەش مسافیر و ژمارەیەك گونییەی پۆستەی تێدادەبۆوە چەشنی کوللەیەکی فافۆن بەدرێژایی بەندەرەکانی مەجدەلینا گوند بەگوند دەفڕی، فلۆرنتینۆ ئەریزا لەبارەیەوە وتی:

- لە تابووتی باڵندەیەك دەچێت بەئاسمانەوە.

فێرمینا دازا لەیەم فڕیندا بەباڵۆن بەشداریيکردبوو، هیچ ترسێکی لەدڵدا نەبوو، بەڵام ئێستا بەسەختی دەیتوانی باوەڕبکات ئەم هەمان ئەو کەسەیە کەجورئەتی سەرچڵییەکی وا پڕمەترسی هەبووە. مەبەستی لەو قسەیەی دەیوت " ئێستا هەموو شتێ گۆڕاوە" ئەوە بوو کەخۆی گۆڕاوە نەك هۆیەکانی گواستنەوە.

هەندێ جاردەنگی فڕۆکەکان فێرمینایان رادەچڵەکاند کە لەسەدەهەمین ساڵرۆژی مردنی پاڵەوانی رزگاییدا دیبوونی لەنمایشێکی هەواییدا زۆر بەنزمی دەفڕین. یەکێ لەو فڕۆکانە کەوەکو سیسارکەکەچەڵەیەکی گەورە وابوو، خۆیدا لەسەربانەکانی لامانگا، پارچەیەك لەباڵەکەی بە درەختێکەوە بەجێما بەرلەوەی لاشەکەی لەتەلی کارەبا گیربێت. بەڵام تەنانەت ئەم مەسەلەیەش نەدەبووە هۆی ئەوەی فێرمینا دازا باوەڕ بەوە بکات کەبەڕاستی فڕۆکە بوونی هەیە. لەساڵانی دواییدا تەنانەت ئەو حەزەشی نەبوو کەبچێت بۆ کەنداوی (مانزانییۆ) لەوێ دوای ئەوەی بەلەمەکانی پۆلیسی ئێشکگری بەندەرەکان بەلەمەکانی ماسیگرتن و بەلەمی خۆشی ورابواردنیان دوور دەخستەوە فڕۆکە دەرياييەکان دەستیان بەفڕین دەکرد. کاتێ چارلز ليندبيرگ بە چەند نیازێکی باش بەفڕۆکەکەیەوە بۆ فڕین هاتە ئەوێ لەبەر خاتری تەمەنی و فێرمینا نەیدەتوانی لەوە حاڵیبێت چۆنچۆنی پیاوێك بەوکەتەیی و بەو قژە

زەردەو بەو قۆزییەوە دەتوانێت بەسواری ئامێریک کەوادەهاتە بەرچاو لەتەنەکە شکاو دروستکرابێت بفڕێت و بچێتە ئاسمان. لەو فڕینانەدا دەبوو دوو میکانیکیش بۆ یارمەتیدانی بەرزبوونەوەی فرۆکەکە پاڵیان بەکلکییەوە بنایە. لەبنەڕەتدا ئەوە بەئەقڵی فێرمینادا نەدەچوو کەفرۆکەی کەمێ لەوە گەورەتر هەبێ بتوانێ هەشت کەس هەڵبگرێ. لە لایەکی دیکەوە ئەوەی بیستبوو، سەفەر بەکەشتی رووبار خۆشە لەبەرئەوەی وەکو کەشتی ئۆقیانووسبڕ جۆلانە ناکات، ئەگەرچی کەشتی رووبار مەترسی زیاتری تێدایە لەبابەتی ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی چەتەی دەریا و کۆسپی لمین کەدێتەرێی. فلۆرنتینۆ ئەوەی روونکردەوە کەئەوانە ئەفسانەکانی رۆژانی رابردوون: ئێستا کەشتییەکانی رووبار هۆڵی سەماو کابینەی واگەورەیان تێدایە کەهێندەی ژووری میوانی گەورەو رازاوە دەبن، گەرماوی تایبەتی و پانکەی کارەباییان تێدایە، لەدوا قۆناغی شەڕی ناوخۆوە هەتائێستا هیچ هێرشێکی چەکدارانە نەکراوەتە سەر کەشتییەکانی رووبار. هەروەها فلۆرنتینۆ بەدڵنیاییەکەوە کە لەسەرکەوتنی تایبەتی خۆیەوە سەرچاوەی دەگرت، ئەوەشی روونکردەوە کەئەم پێشکەوتنانە بەرلەهەرشتێك ئەنجامی ئازادی کارکردنە لەبواری کەشتیوانیدا کەئەم بانگەشەی بۆ کردبوو، ئەمەش ببووە هۆی زیادبوونی رکابەریی: لەجیاتی ئەوەی وەکو جاران تەنیا یەك کۆمپانیا هەبێت، ئێستا سێ کۆمپانیای زۆر چالاك و گەشەکردو هەبوون کەبەتەواوی هەوڵیانەوە دیسان پێشکەوتنی خێرایی فرۆکەوانیی بۆ هەموویان وەکو هەڕەشەیەکی راستەقینە حسابی بۆدەکرا. فێرمینا دازا ویستی دڵخۆشیی بداتەوەو وتی: هەمیشە کەشتی بوونی دەبێت لەبەرئەوەی ئەوەندە مرۆڤی شێت نییە سواری شتێکی داهێنراوبن کەوادیارە بەپێچەوانەی رەوتی پێشکەوتنی سروشتەوە دەڕوات. فلۆرنتینۆ ئەریزا بۆ ئەوەی فێرمینا رابکێشێتەوە ناو تەوەری قسەکردن لەسەرنامەکان، سەبارەت

بەگەشەکردن و چاکسازیی خزمەتگواریی پۆستە وڕێگاوبان وگواستنەوە قسەیکرد، بەلاّم سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا.

بەهەرحاڵ، کەمێ دوایئەوە، مەسەلەکە خۆی لەخۆیدا هاتەپێشەوە. ئەمان زۆر لەمەسەلەکە دوور کەوتبوونەوە کەخزمەتکارێك قسەکەی پێبڕین بۆئەوەی نامەیەك بداتە دەست فێرمینا کەماوەیەك پێشئەوە بەپۆستەی تایبەتی شارگەیشتبوو. ئەم پۆستەیە داهێنانێکی تازەبوو کەتیایدا هەمان شێوازی دابەشکردنی تەلەگراف بەکاردەهێنرا. فێرمینا وەکو هەمیشە نەیتوانی چاویلکەی خوێندنەوەکەی بدۆزێتەوە. فلۆرنتینۆ ئەریزا پاش ماوەیەك کەئارام ببۆوە وتی:

- پێویستی بەچاویلکە نییە، نامەی منە.

ڕێك وابوو. فلۆرنتینۆ رۆژی رابردوو لەپەرێشانییەکی زۆردا نووسیبووی لەبەرئەوەی نەیدەتوانی بەسەر ئەوپەرێشانییەدا زاڵبێت کە لەسەردانە بێئەنجامەکەیەوە سەرچاوەیگرتبوو. لەونامەیەدا داوای لێبووردنی لەفێرمینا کردبوو لەبەرئەوەی بەبێ ئاگادارکردنەوە لەپێشداو مۆڵەتی سەردان هاتبووە سەردانی و بەڵێنی دابوو قەت نەیەتەوە. فلۆرنتینۆ بەبێ بیرکردنەوە نامەکەی خستبووە سندوقی پۆستەوە، پاشئەوە کاتێ زیاتر بیری لەمەسەلەکە کردبۆوە کەئیدی بۆ چاکرنەوەی هەڵوێستەکە زۆر درەنگببوو. بەلاّم پێیوانەبوو ئەو هەموو روونکردنەوەیە پێویستبێت بەوەندە بەسیکرد داوا لەفێرمینا بکات نامەکە نەخوێنێتەوە. فێرمینا دازا وتی:

- هەڵبەتە، هەرچییەك بێت دواجار نامە هی ئەو کەسەیە کەدەینووسێت، تۆ پێت وانییە؟

فلۆرنتینۆ ئەریزا بەجوڵەیەکەوە کەپێیوابوو بێشەرمانەیە پێیوت:

- بەڵێ پێموایە، هەربۆیە دوای روودانی هەر دابڕانێك نامەکان یەکەم شتن کەدەگەڕێنرێنەوە.

فێرمینا دازا واخۆی نیشاندا کە لەمەبەستی تێنەگەیشتووە، لەکاتێکدا کەدەیوت " جێگای داخە کەناتوانم بیخوێنمەوە لەبەرئەوەی نامەکانی پێشووترت زۆر یارەمەتییان داوم و دەستیانگرتووم" نامەکەی دایەوە دەستی. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەوەی کەدەیبینی فێرمینادا دازا لەخۆیەوە مەسەلەیەکی باسکرد زۆر لەوە زیاتربوو کەهیوادرابوو گوێی لێبێت، راچڵەکی و بەهەناسەیەکی قووڵەوە کە لەسینەیەوە بەرەڵایکرد وتی:

– ناتوانی وێنای ئەوەبکەیت کەچەند بەبیستنی ئەم مەسەلەیە خۆشحاڵم.

بەڵام فێرمینا بابەتەکەی گۆڕی، فلۆرنتینۆ نەیتوانی لەباقی ئەو ئێوارەیەدا دووبارە ئەو بابەتە بهێنێتەوەئارا. فلۆرنتینۆ دوای سەعات شەش کەئەوان وردە وردە خەریکبوون گڵۆپەکانی ماڵەکەیان دادەگیرساند لەوێ رۆیشت. بەڵام زۆر خەیاڵی خاوی لەسەردا نەبوو، لەبەرئەوەی نەیدەتوانی کەسێتی ناجێگیرو کاردانەوە پێشبینی نەکراوەکانی فێرمینا دازا لەتەمەنی بیست ساڵیدا فەرامۆشبکات بەڵگەیەکیش لەبەردەستدانەبوو کەوابیربکاتەوە فێرمینا گۆڕاوە. لەبەرئەوە بەزەلیلییەکی ئاشکراوە وێرای بپرسێ ئایا دەتوانێت جارێکیتر بێتەوە سەردانی و جارێکیتر وەڵامەکەی فێرمینا دازا سەرسامیکرد کەوتی:

– هەرکاتێ ویستت وەرەوە، من تەقریبەن هەمیشە بەتەنیام.

چوار رۆژ دوای ئەوە، سێشەممە، بێئاگادارکردنەوە هاتەوە، فێرمینا دازا بۆ وتنی ئەوەی نامەکانی ئەم چەند یارەمەتیان دابوو تەنانەت چاوەڕوانی ئەوەشینەکرد تاچایان بۆ دابنێن. فلۆرنتینۆ ئەریزا وتی لەراستیدا نامەکانی بەمانای تەواوی وشەکە نامەنین، بەڵکو چەند لاپەرەیەکن لەکتێبێك کەحەزدەکات بینووسێت. مامەڵەی فێرميناش لەگەڵ نامەکاندا هەر هەمان شتبوو. لەراستیدا فێرمینا بەنیازبوو ئەگەر فلۆرنتینۆ وەکو سووکایەتییەك لێکینەداتەوە نامەکانی بۆ بگەڕێنێتەوە بەڵکو بۆ

مەبەستێکی باشتر بەکاریانبهێنێت. فێرمینا دازا ئەوەندە بەگەرمی قەدرزانی و ڕەنگە ئەوەندە بەهەست وسۆزیشەوە بووبێت دەربارەی ئەوەی ئەو نامانە لەو ماوە سەخت ودژوارەدا چەند یارمەتییان داوە قسەی کرد کەبووە هۆی ئەوەی فلۆرنتینۆ بوێرێت بەدڵنیاییەوە چەند هەنگاوێکیتر بچێتە پێشەوە، واتە بازدیداو بازدێکی تەواویدا کەوتی:

– ئێمە پێشان بەڕاشکاویی بە (تۆ) یەکترمان بانگدەکرد!

(پێشان) وشەیەکی قەدەغەبوو. فێرمینا هەستی بەفڕینی فریشتەی خەیاڵی ڕابردوو کرد بەسەرسەریداو ویستی خۆی لەڕێڕەوەکەی بدزێتەوە. بەڵام فلۆرنتینۆ زیاتر پێیداگرت و وتی " واتە لەو نامانەدا کەپێشان ئاڵوگۆڕمان کردووە" فێرمینا کە لەم قسەیە دڵی ڕەنجابوو دەبوو بۆ حەشاردانی دڵڕەنجانەکەی هەوڵێکی زۆریبدایە. بەڵام فلۆرنتینۆ دەیزانی وتێگەیشت کەدەبێت بەشارەزایی و لێزانی زیاترەوە ڕەفتاربکات. هەرچەندە هەرزەگۆیی فلۆرنتینۆ ئەوەی نیشاندا کەسروشتی فێرمینا وەکو سەردەمی گەنجی توندوتیژبوو. فلۆرنتینۆ بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵوێستەکە وتی:

– مەبەستم لەوەیە کەئەم نامانە کۆمەڵێ شتی تەواو جیاوازن.

– هەموو شتێك لەدنیادا گۆڕاوە.

– من نەگۆڕاوم، ئەی جەنابت؟

فێرمینا کەخەریکبوو فنجانی چاکەی دەبرد بۆ دەمی دەستی ڕاگرت، بەچاوانێکەوە سەرزەنشتی کرد کەسەرەڕای دڵڕەقیی هێشتا ژیان لێیانەوە دەدرەوشایەوەو وتی:

– ئێستا ئیدی مەسەلەکە یەکشتە. زۆر نییە حەفتاودووساڵم تەواوکردووە.

فلۆرنتینۆ ئەریزا ڕاست لەناوەڕاستی دڵیدا هەستی بەو تیرە سەختە کرد. حەزیدەکرد وەڵامێکی وای دەسکەوێ کەوەکو تیرێك

بەخێرایی لەنیشانبدات، بەڵام باری قورسی پیریی شکستی پێهێنا. هەرگیز گفتوگۆیەکی واکورت ئەوەندە ماندووی نەکردبوو، هێندە پرزەی لێنەبڕیبوو. لەناو دڵیدا هەستی بەئازارێك دەکرد، هەر لێدانێکی دڵی وەکو بروسکەیەك لەناو شاخوێنبەرەکانی دڵیدا وەکو بروسکەیەك رەنگیدەدایەوە. هەستیدەکرد پیرێکی بێکەس و بێفەرە، زۆر ئارەزووی لەگریانبوو تەنانەت نەیدەتوانی بشگری. ئەم جووتە دووەم فنجانی چایان بەبێدەنگیی پڕ لەهەستی پێشڕوودانی شتێکەوە خواردەوە کاتێ فێرمینا دووبارە هاتەوەقسە داوای لەخزمەتکارەکە کرد دۆسێی نامەکان بهێنێت. وەختەبوو فلۆرنتینۆ داوایلێبکات نامەکان لای خۆی بهێڵێتەوە لەبەرئەوەی نوسخەی کاربۆنی هەموویانی هەیە. بەڵام بیری لەوە کردەوە کەڕەنگە ئەم یەدەککارییەی بەلای فێرمیناوە ناجوامێرانە بێت. بەرلەڕۆیشتنی ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کەسێ شەممەی داهاتوو لەهەمان کاتدا دێتەوە. فێرمینا کە لەخۆی دەپرسی چۆن دەبێت ئەوەندە خۆی بەدەستەوە بدات وتی:

– تێناگەم ئەم هەموو سەردانە دەتوانێ چ مانایەکی هەبێت.

– پێموانەبوو دەبێ مانایەکی هەبێت.

سێ شەممەی داهاتوو سەعات پێنجی ئێوارە هاتەوە، دوای ئەوەش هەموو سێ شەممەیەك هات و ئاگادارکردنەوەی فێرمینای سەبارەت بە هاتنی فەرامۆشدەکرد لەبەرئەوەی لەکۆتایی مانگی دووەمدا، دیداری هەفتانە وەکو بەشێکی لێهاتبوو لەبەرنامەی ئاسایی هەردووکیاندا. فلۆرنتینۆ ئەریزا لەگەڵ خۆیدا پسکیتی ئینگلیزی دەهێنا بۆئەوەی بەچاوە بیخۆن، هەروەها شابەرووی شیرین و زەیتوونی یۆنانی و شتی بەلەزەت و بچووکی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا کە لەمۆڵی پێشوازیی کەشتییە هەڵمییە ئۆقیانووسبڕەکان، دەستیدەکەوت. لەسێ شەممەیەکدا نوسخەیەکی لەو وێنەیە بۆ فێرمینا هێنا کەلەگەڵ

هیلدیبراندابوو، پێش زیاتر لەنێو سەدە وێنەگرێکی بەلجیکی گرتبووی، فلۆرنتینـۆ لـەگوزەری عەرزوحاڵنووسـەکان بـەپانزە سـەنتافو لـە هەراجییەکی پولی پۆستەدا کڕیبووی. فێرمینا دازا نەیدەتوانی لـەوە حاڵیبێت چۆن ئەو وێنەیە گەیشتبووە ئەو شوێنە و فلۆرنتینۆ دەیتوانی تـەنیا وەکـو موعجیزەیـەکی خۆشەویـستیی لێکیبداتـەوە. ڕۆژێـک سـەرلەبەیانی فلۆرنتینـۆ کـاتێ لەباخەکـەی حەوشـەدا گوڵیدەچـنی، نەیتوانی لەبەرامبەر کەڵکەڵەی ئەوەدا خۆی ڕابگرێت کە لەسەردانی داهـاتوودا یـەکێ لـەو گوڵانـە ببـات بـۆ فێرمینـا. لـەزمانی گوڵـدا پێشکەشکردنی گـوڵ بـەژنێك کـە تـازە بێـوەژن کـەوتبێ مەسـەلەیەکی قورسـبوو. گـوڵی سـوور نیـشانەی گـەرموگوڕی و جـۆش وخرۆشـبوو، لەوانەبوو لەبەرئەوەی پرسەی هەیە دڵی برەنجاندایە، گوڵی زەردیش کە بـە زمانێـك گـوڵی خۆشـبەختییە، لەفەرهـەنگی میللیـدا گوزارشـتی لـە ئیرەیی دەکرد. فلۆرنتینـۆ دەربارەی گـوڵی رەشـی تـورکی کۆمـەڵێ شـتی بیستبوو رەنگبـوو ئەمـەیان گونجـاوتر بووایـە، بـەڵام نـەیتوانیبوو ئـەم جـۆرە گوڵـە لەگـەڵ ئاووهـەوای حەوشـەکەیدا بگـونجێنێ. دوای بیرکردنەوەیـەکی زۆر گـوڵی پەڕپـەڕی سپـی هەڵبـژارد کەلەبـەر لاتیـی و بێرۆحیـی لەگوڵـەکانی دیکـە کـەمتر خۆشیدەویـست: هـیچ مانایـەکی تایبەتی نەبوو. لەدواساتدا بەو خەیاڵەوە کەرەنگە فێرمینا دازا ئەوەنـدە بەدگومان بێت مەبەستێکی تایبـەتی لێبـار بکات، درکـەکانی گوڵەکـەی لێکردەوە.

وەکو دیارییەك بەبێ مەبەستێکی تایبەتی بەباشی پێشوازیی لەگوڵەکە کراو ڕێوڕەسمی پەرستنی سێ شەموان کامڵبوو، لەوە بەدواوە کاتێ فلۆرنتینـۆ بەگوڵـە سپییەکەوە دەگـەیشتەجێ گوڵـدانێکی پڕ لـەئاو لەسەرمێزی چاخواردنەکە ئامادەبوو. سـێ شـەممەیەك، کـاتێ فلۆرنتینـۆ گوڵەکەی دەخستە ناو گوڵدانەکەوە بەڕێکەوتێکی دەسکردەوە وتی:

- لە زەمانی ئێمەدا کەس گوڵی ڕۆزی نەدەکرد بەدیاری بەڵکو گوڵی یاسەمینیان ئاڵوگۆڕدەکرد.

- ڕاستە، بەڵام مەبەست شتێکی دیکە بوو، خۆت ئەوە دەزانیت.

هەمیشە ئاوا بوو کە فلۆرنتینۆ هەوڵیدەدا بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو فێرمینا ڕێگاکەی دادەخست. بەڵام ئەمجارە وێڕای وەڵامی ئامادەی فێرمینا دازا، فلۆرنتینۆ ئەریزا تێگەیشت کە لەنیشانی داوە، لەبەرئەوەی فێرمینا ناچار بوو ڕوو بکات بەولاوە بۆ ئەوەی فلۆرنتینۆ هەستنەکات کە وەکو منداڵ گۆنای سوور هەڵگەڕاوە. گۆنا سوورهەڵگەڕانێکی ئاشکراو منالانەبوو لەبەرامبەر ئاواتەکانی و ئازایەتییەکەیدا کەدەبووە هۆی ئەوەی ڕقی لەخۆی بێتەوە. فلۆرنتینۆ زۆر وریابوو خۆی لەو مەسەلانە نەدات کەدەبنە هۆی ناڕەحەتیی، بەڵام جوامێریی ئەوەندە ئاشکرابوو کەفێرمینا دازا زانی ڕازەکەی ئاشکرابووە و ئەو هەستیپێکردووە، ئەمەش زیاتر تووڕەی دەکرد. سێ شەممەیەکی شوومبوو. هێندەی نەمابوو فێرمینا دازا داوای لێبکات کەئیدی نەیەتەوە، بەڵام وێناکردنی شەڕێکی عاشقانە لەتەمەن و هەلومەرجی ئەماندا ئەوەندە پێکەنیناوی بوو کەبەتەواوی دەبووە مایەی پێکەنین. لەسێ شەممەی دوای ئەوەدا کاتێ فلۆرنتینۆ گوڵەکەی دەخستە ناو گوڵدانەکەوە. فێرمینا دازا ویژدانی خۆی تاقیکردەوە، بەخۆشحاڵییەوە هەستی بەوەکرد کەهیچ پاشماوەیەکی ڕق لێبوونەوەی هەفتەی پێشووی تێدانەماوە.

سەردانەکانی فلۆرنتینۆ ئەریزا زۆر درێژەی نەکێشا کەگۆڕا بەخڕبوونەوەی خێزانیی و دەست وپێگیر، لەبەرئەوەی دکتۆر ئۆربینۆ دازا و ژنەکەی، گوایە بەڕێکەوت، جاربەجارێ دەهاتن بۆ ئەوێ و بۆ یاری کاغەز دەمانەوە. فلۆرنتینۆ یاری کاغەز فێرنەبووبوو، بەڵام فێرمینا تەنیا لەیەک دانیشتندا فێریکردبوو، هەردووکیان بۆ سێ شەممەی هەفتەی داهاتوو بەنووسین داوایان لەدکتۆر ئۆربینۆ دازاو ژنەکەی کرد کە لەیارییەکەدا ببنە

ڕکابەریان. دانیشتنی یارییەکان ئەوەندە بەلای هەموویانەوە خۆشبوو کەزۆر زوو سەردانەکانی فلۆرنتینۆ شێوەیەکی ڕێکوپێکیان بەخۆیانەوە گرت، بڕیاریاندا بۆ هەر سەردانە هەریەکەیان شتێك لەگەڵ خۆیدا بێنێ بۆئەوەی لەکاتی یارییەکەدا بیخۆن. دکتۆر ئۆربینۆ وژنەکەی کە لەدروستکردنی شیرینیدا زۆر شارەزابوون، هەرجارەی جۆرێك کولیچەی زۆر باشیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنا. فلۆرنتینۆش هەروا بەردەوامبوو لەسەرهێنانی شتی بەلەزەتی کەشتییە ئەوروپاییەکان و فێرمیناش کارێکی وایدەکرد کەهەرجارەی شتێکی خۆش ئامادەبێت. وارێکەوتن کەسێیەم سێ شەممەی هەرمانگێ بۆ یاریکردن تەرخانبکەن. ئەگەرچی لەسەر پارە یارییان نەدەکرد بەڵام دۆڕاو ناچاربوو بەتایبەتی بۆ دانیشتنی داهاتوو شتێك ئامادەبکات.

سروشتی دکتۆر ئۆربینۆ دازا لەگەڵ ڕوخسارە کۆمەڵایەتییەکەیدا گونجابوو: کابرایەکبوو خاوەنی توانایەکی کەمبوو، شێوازێکی ناشیانەی هەبوو لەژیاندا و بەخۆشیی و ناخۆشیی وەکیەك تووشی نیگەرانیی لەناکاو دەبوو، هەرلەخۆیەوە سوور هەڵدەگەڕا کەئەمەش وایدەکرد مرۆڤ هەست بکات کەسێکی تۆکمە نییەو دەروونێکی فشۆڵی هەیە. هەر لەیەکەم بینینەوە بێگومان دەبووە ئەوشتەی کەفێرمینا دازا دەترسا خەڵکی بەوشێوەیە بانگی بکەن: پیاوێکی باشە، فلۆرنتینۆش لەوە دەترسا دکتۆر بەهەمان چاوەوە تەماشایبکات. لەلایەکی تریشەوە، ژنەکەی چوست و چالاکبوو، زیرەك و بەوێڵ و وسوڵبوو ئەمەش جوانی و نەرم ونیانی زیاتری پێدەبەخشی و ڕوخساریی ئینسانیانەی زیاتر ئاشکرادەکرد. لەم ژن ومێردە باشتر بەخەیاڵی فلۆرنتینۆدا نەدەهات بۆئەوەی یارییان لەگەڵدابکات، پێویستی لەتێربوون نەهاتووی فلۆرنتینۆ بۆ خۆشەویستیی بەوە سەرڕێژدەبوو کەهەستی دەکرد لەناوەندێکی خێزانیدایە.

شەوێکیان کەهەموویان پێکەوە دەچوونەدەرەوە دکتۆر ئۆربینۆ دازا فلۆرنتینۆی داوەتکرد پێکەوە نانی نیوەڕۆ بخۆن " سبەینێ سەعات دوانزەو

نیو لەیانەی کۆمەڵایەتیی" خواردنی داوەتەکە خواردنێکی باشبوو لەگەڵ شەرابی نایابدا دانرا: یانەی کۆمەڵایەتی ئەومافەی هەبوو کە لەبەر گەلێ هۆی جۆراوجۆر رێگەی دانیشتن و نانخواردن بەهەندێ کەس نەدات و یەکێك لە گرنگترینی ئەو هۆیانەش ئەوەبوو ئەوکەسە زۆڵ بووایە. لیۆنی دوانزەهەمی مامی فلۆرنتینۆ لەمبارەیەوە ئەزموونێکی تاڵی هەبوو، خودی فلۆرنتینۆش بەدەست ئەم سووکایەتی پێکردنەوە ئازاری چێشت کەداوایان لێکرد یانەکە بەجێبهێڵێت و ئەمەش لەکاتێکدابوو وەکو میوانی یەکێك لەئەندامانی دامەزرێنەری یانەکە کە لەبواریی بازرگانیی رووباردا گەلێ یارمەتیدابوو لەسەرمێزێك دانیشتبوو، دکتۆر ئۆربینۆ دازا هیچ چارەیەکی نەبوو جگەلەوەی بۆ داوەتەکە بیبات بۆ جێگایەکیتر بۆ روونکردنەوەی هەڵوێستەکە پێی بڵێت:

– ئێمەمانان کە رێساکان دادەنێین دەبێت خۆمان یەکەم کەس بین کەجێبەجێی بکەین.

بەمپێیە فلۆرنتینۆ ئەریزا خۆی دایەدەست دکتۆر ئۆربینۆ دازا، ئەگەرچی داوایان لێنەکرد کەدەفتەری ئاڵتوونیی تایبەت بەمیوانانی دیار ئیمزا بکات، بەڵام بەرێزێکی تایبەتییەوە مامەڵەیان لەگەڵداکرد. داوەتێکی تایبەتیبوو، تەنیا دووکەس بوون و بە هێواشی قسەیاندەکرد. ترسی ئەم دیدارە کە لەئێوارەی رۆژی رابردووەوە فلۆرنتینۆی شڵەژاندبوو بەخواردنەوەی سەرو پێکی (ئۆبورتۆ) کەبۆ ئیشتیهاکردنەوەبوو نەما.

دکتۆر ئۆربینۆ دازا دەیەویست لەبارەی دایکییەوە قسەی لەگەڵبکات. بەهەر وشەیەك کەدەیوت فلۆرنتینۆ ئەریزا تێدەگەیشت کە فێرمینا دازا سەبارەت بەم لەگەڵ کوڕەکەیدا قسەیکردووە، لەوەش سەرسوڕهێنەرتر ئەوەبوو کەفێرمینا دازا لەبەرخاتری ئەم درۆی کردبوو. فێرمینا بەکوڕەکەی وتبوو کەخۆی و فلۆرنتینۆ لەو کاتەوە کە لە (سان خوان دی لاسییناگا)وە هاتبوونە ئێرە، هاوڕێی منداڵیی یەکتریبوون، پێکەوە یارییان کردووە و

یەکەمجار فلۆرنتینۆ بەخوێندنەوەی ئاشناکردووە، بۆیە سەبارەت بەم چاکەیەی لەکۆندا لەگەڵی کردووە قەرزارێتی. هەروەها وتبووی لەدوای دەوامی قوتابخانە لەگەڵ دایکی فلۆرنتینۆ لەدووکانی وردەواڵەفرۆشییەکەیدا کاتێکی زۆریان بەچنینی ئیشی جوان و شاکارەوە بەسەربردووە، لەبەرئەوەی دایکی فلۆرنتینۆ لەم بوارەدا مامۆستایەکی دیاربووە، ئەگەر وەکو جاران لەگەڵ فلۆرنتینۆدا سەردانی یەکتربیان نەکردووە بەدەستی ئەنقەست نەبووە، بەڵکو ژیانیان لەیەکەوە دووربووە.

دکتۆر ئۆربینۆ دازا بەرلەوەی بچێتەسەر بابەتە سەرەکییەکە، چەند گەشتێکی بەناو مەسەلەی پیریداکرد. بەوباوەڕەوە کەدنیا بەبێ لەکۆڵکردنی باری لێپرسراوێتی پیرەکان خێراتر بەرەو پێشەوە دەچێت، وتی" مرۆڤایەتی وەکو سوپا وایە لەمەیدانی جەنگدا بەرەو پێشەوە چوونی بەستراوە بەخێرایی کەسە خاوو خلیچکەکانییەوە" دکتۆر پێشبینی ئایندەیەکی ئینسانییترو شارستانییتری دەکرد. ئایندەیەک کەتیایدا ئەومرۆڤانەی کەئیدی ناتوانن پشت بەخۆیان ببەستن لەکەسانی دی جیادەکاتەوە، ئەوانە لەشارە کەنارییەکاندا نیشتەجێدەکات بۆ ئەوەی بەدووربێ لەسوکایەتیی و دڵڕەنجان و هەستکردن بەغوربەتی ترسناکی پیریی. بەباوەڕی ئەو لەڕووی پزیشکییەوە رادەی تەمەنی گونجاو حەفتا ساڵە. بەڵام کاتێ پیرەکان دەگەنە ئەو ئاستەی پێویستە چاکەیان لەگەڵ بکرێ، تاکە رێگەچارە خەڵوەتگای پیرییە. واتە ئەو شوێنەی کەتیایدا پیرەکان دەتوانن دڵخۆشی یەکتری بدەنەوە، لەغەم و شادی و خووی باش و خراپی یەکتریدا ببنە شەریک، لەدەست جیاوازی سروشتیی خۆیان لەگەڵ گەنجەکاندا رزگاربن. وتی:" کۆبوونەوەی پیرەکان لەگەڵ یەکتریدا وایان لێدەکات کەمتر پیردیاربن" باشە: پاشان دکتۆر ئۆربینۆ دازا دەیەویست سوپاسی فلۆرنتینۆ ئەریزا بکات سەبارەت بە هاوڕێیەتیکردنی دایکی لەکاتی تەنیایی بێوەژن کەوتنیدا و داوای لێکرد بۆ بەرژەوەندیی هەردووکیان و ئارامیی و ئاسایشی هەمووان

درێژە بەم هاوڕێیەتییە بدەن، لەبەرامبەر میزاجی حولحولی و پیرانەی دایکیدا پشوودرێژ بێت. ئەنجامی گفتوگۆی ئەو ڕۆژە ئۆخژنی بەفلۆرنتینۆ بەخشی، وتی " دڵنیابە، من چوار ساڵ لەدایکت گەورە ترم، ئەمەش نەک تەنیا ئێستا، بەڵکو لەمێژە، زۆر بەرلەوەی تۆ لەدایک بیت" فلۆرنتینۆ پاشان خۆی دایە دەست ئەو کەڵکەڵەیە کە بەچزویەکی ئاسنین ڕێگایەک بۆ دەربڕینی هەستی خۆی بکاتەوە، بەمجۆرە کۆتایی بەقسەکانی هێنا:

– لەکۆمەڵگای ئایندەدا، دەبێ تۆ بێیت بۆ گۆڕستان بۆئەوەی چەپکێ گوڵی سەوسەن بۆ نانخواردنی نیوەڕۆی من و ئەو بێنی.

هەتا ئەو ساتەوەختە دکتۆر ئۆربینۆ دازا هەستی بە بێ ئاستیی پێشبینییەکانی سەبارەت بەئایندە نەکردبوو، بۆیە خۆی تووشی کۆمەڵێ ڕوونکردنەوەی دوورودرێژکرد کەتەنیا مەسەلەکانی زیاتر ترشاند. بەڵام فلۆرنتینۆ یارمەتیدا بۆئەوەی خۆی لەدەست ئەو تەڵەزگەیە قوتاربکات. فلۆرنتینۆ شادمانبوو چونکە دەیزانی درەنگ یان زوو دیدارێکی تری وەکو ئەمەی لەگەڵ دکتۆر ئۆربینۆ دازادا دەبێت لەپێناوی تەواوکردنی مەرجێکی کۆمەڵایەتییدا کەناتوانێت خۆی لێلابدات: واتە بەرەسمی داخوازیکردنی دایکی. نانخواردنەکە نانخواردنێکی زۆر دڵگەرمکەر بوو، نەک تەنیا خودی نانەکەو ئەوماوەیەی کەتیایدا دادەنرا، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەوەی نیشانی فلۆرنتینۆدا ئەو داخوازییە نەکراوە چەند سادەو ئاسانەو چەند بەباشی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. ئەگەر بیتوانیانە ڕازیبوونی فێرمینا دازا بەدەست بهێنێت، ئەم یەکتربینینە دەیتوانی گونجاوترین کاتبێت. جگەلەوە دوای گفتوگۆ لەکاتی ئەو نانخواردنە مێژووییەدا، ڕەسمیبوونی داواکردنەکە تەقریبەن شتێکی زیادبوو.

فلۆرنتینۆ ئەریزا تەنانەت لەکاتی گەنجیشدا بەوریاییەکی تایبەتەوە بەقادرمەدا سەردەکەوت و دەهاتەخوارەوە، چونکە هەمیشە لەو باوەڕەدا بوو کەپیریی بەیەکەم پێهەڵخلیسکان دەستپێدەکات کەهیچ

بایـەخێکی نییـە، مـردنیش بـەدووەم پێهەڵخلیـسکان دێـت. قادرمـەی نووسینگەکەی لەهەموو قادرمەکان خراپتر دەهاتە بەرچاوی لەبەرئەوەی زۆر باریک ونیمچەڕەپ بوو. ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی ناچارنەبوو بەتەقەلا قاچی بەسەر زەویدا رابکێشێت، لەکاتی سەرکەوتندا چاوی لەقاچی دەبڕی و بەهەردوو دەستی توند لاوانەی قادرمەکەی دەگرت. چەندینجار پێشنیازی ئەوەکرابوو کە لەجیاتی ئەو قادرمەیە، قادرمەیەکیتر دروستبکەن کەمەترسی کـەمتر بێـت. بـەڵام فلۆرنتینـۆ هەمیـشە ئەمـەی دەخـستە مـانگی دوایـی، لەبەرئەوەی باوەڕی وابوو رازیبوون لەسـەر گـۆڕینی قادرمەکـە، بەخشینی ئیمتیازێکـە بـەپیریی. لەگـەڵ تێپـەڕینی سـاڵانی زیـاتردا، سـەرکەوتنی بەقادرمەکانـدا زیـاتری دەخایـاند، نـەک لەبەرئـەوەی بەلایـەوە قورسـتردەبوو، هـەروەکو خـۆی هەوڵیـدەدا بـەخێرایی روونیبکاتـەوە، بـەڵکو لەبەرئـەوەی بەوریاییـەکی زیـاترەوە سـەردەکەوت. وێـڕای ئـەوە، لـەو ئێوارەیـەدا کـە لەداوەتەکـەی دکتـۆر ئۆربینـۆ دازا دەگەڕایـەوە، دوای خواردنـەوەی پێکێـك لـە(ئۆبۆرتـۆ) کـەپێش نـانخواردن خواردیـەوەو نیوپێـك شـەرابی سـوور، لەهەمووشـی گـرنگتر پـاش گفتوگـۆی سـەرکەوتوانەی، هەوڵیـدا واگەنجانـە بەسـەمای پـێ بگاتـە پلـەی سـێیەم کەقنگـە پاژنـەی پێـی چـەپی سـوڕا، بەپشتاکەوت و کەخۆی بەکوشت نـەدا تـەنیا موعجیزەیـەك بوو. لـەو کاتـەدا کەدەکەوتە خوارەوە ئەوەندە ئاگای لەخۆیبوو بیرلەوە بکاتەوە لەم رووداوەدا بەسەلامەتی دەردەچێت، لەبەرئەوەی لۆجیکی ژیان رێگـەی بـەوە نـەدەدا دوو پیاو کەئەوهـەموو ساڵەو ئەوەنـدە یـەك ژنیـان خۆشـبوێت بەیـەك شـێوەو بـەجیاوازیی ساڵێکی رووداوەکـە بمـرن: راسـتی دەکـرد. لـە پێیـەوە هـەتا ئـەژنۆیان لەگەچگرت وناچـاریانکرد بێجووڵـە لەجێـدا بمێنێتـەوە. بـەڵام فلۆرنتینـۆ لـەپێش کەوتنـەخوارەوەی زیـاتر بەسـەر زینـدووبوو. لەکاتێکـدا دکتۆر فەرمانیدا شەست رۆژ پشوو بدات تاچاك دەبێتەوە، نەیتوانی باوەڕ بەو بەدبەختییە بکات کە تووشی بووەو بەپاڕانەوەوە پێی وت:

- ئەمەم لەگەڵ مەکە دکتۆر گیان، دوومانگ بۆ من وەکو دە ساڵ وایە بۆ جەنابت.

فلۆرنتینۆ چەندینجار بەهەردوو دەستی لاقی خۆی گرت کەوەکو لاقی پەیکەرێك وابوو، هەوڵیدا هەڵسێت، بەڵام هەمیشە واقیع شکستی پێدەهێنا و کاتێ دواجار کەوتەوە رۆیشتن کەهێشتا پاژنەی ئازاری هەبوو، لەئەنجامی زۆر راکشاندا توێخی پشتی داماڵابوو بەڵگەی زۆری بەدەستەوەبوو بۆ ئەوەی باوەڕ بەوە بکات کەبەکەوتنێکی نابەجێ چارەنووس پاداشتی سەرسەختیی و سەقامگیریی داوەتەوە.

یەکەم دووشەممەی پاش قاچ شکانەکەی خراپترین رۆژی بوو. ئازارەکەی کەمببۆوە، پێشبینییە پزیشکییەکان زۆر ئومێدبەخش بوون. بەڵام فلۆرنتینۆ ملی بۆ قایلبوون بەو قەدەرە لەچارەسەرنەهاتووە نەدا کەدوای چوارمانگ بۆ یەکەمجار سبەینێ ئێوارە فێرمینا دازا نەبینێ. لەگەڵ ئەوەشدا، دوای خەوێکی کەم ملی بۆ قەزاوقەدەر داو تەسلیمی واقیعبوو، ئاگادارییەکی بۆ فێرمینا دازا نووسی داوای لێبووردنی لێکرد. ئاگادارییەکەی لەسەر کاغەزێکی بۆندارو بەمەرەکەبی فۆسفۆریی نووسی بۆ ئەوەی لەتاریکیشدا بخوێنرێتەوە، بۆ جووڵاندنی هەست و سۆزی فێرمینا بەبێ هەستکردن بەشەرم بە شێوەیەکی دراماتێکی باسی ئازارو قورسی رووداوەکەی بۆکرد. دوورۆژ دوای ئەوە فێرمینا زۆر دڵسۆزانەو زۆر بەلوتفەوە، بەبێ وشەیەکی زیادو رێك وەکو سەردەمی زۆرباشی خۆشەویستیی نێوانیان، وەڵامی نامەکەی دایەوە. فلۆرنتینۆ ئەو دەرفەتەی قۆستەوە کە لەبەردەستیدابوو، دووبارە نامەی بۆ فێرمینا نووسییەوە. کاتێ فێرمینا بۆ دووەمجار وەڵامیدایەوە، فلۆرنتینۆ بڕیاریدا زۆر زیاتر لە بەرەی گفتوگۆ رەمزییەکانی سێ شەموانیان پێڕابکێشێت، بەبیانووی کۆنترۆڵکردنی کاروباری رۆژانەی کۆمپانیاوە، داوایکرد لەتەنیشت قەرەوێڵەکەیەوە تەلەفۆنێکی بۆ دابنێن. پاش دانانی تەلەفۆنەکە، دوای

لەبەدالەی ناوەندی کرد ئەو تەلەفۆنە سێ ژمارەییەی بۆ وەربگرێت کە لەیەکەمجارەوە کەتەلەفۆنی بۆ کردبوو ژمارەکەی لەبەرکردبوو. لەوسەری خەتەکەوە، دەنگە خۆشەویستەکە، ئەو دەنگە ئارامەی کەڕازی دووریی رایدەکێشا، وەڵامیدایەوە، دەنگی فلۆرنتینۆی ناسییەوەو دوای سێ رستەی رەسمی هەواڵپرسین،ماڵئاواییکرد. گوێپێنەدانی فێرمینا بەلای فلۆرنتینۆوە وێرانکەربوو: هەستیکرد سەرلەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی سەرەتا.

لەگەڵ ئەوەشدا، دوو رۆژ دوای ئەوە نامەیەکی لەفێرميناوە پێگەیشت کەتیایدا تکای لێدەکرد ئیدی تەلەفۆنی بۆ نەکات. بەڵگەکانی فێرمینا بەهێزبوون. لەشاردا ئەوەندە تەلەفۆن کەمبوو کەتەواوی تەلەفۆنەکان لەرێگەی بەدالەی ناوەندییەوە وەردەگیران و تەلەفۆنچی بەدالەکەش هەموو بەشدارەکان و موعجیزە و ژیانیانی دەزانی و ئەگەر لەماڵیشەوە نەبوونایە کێشەی نەبوو، لەهەر جێگایەك بوونایە، بەتەلەفۆن دەیدۆزینەوە. لەبەرئەم توانایەی هەمیشە ئاگای لەقسەو باسەکانیانبوو، پەردەی لەسەر رازو نهێنی ترین رووداوەکانی ژیانی تایبەتییان لادەدا، بەلایەوە بڕینی قسەی دووکەس بۆ دەربڕینی رای تایبەتی خۆی یان ئارامکردنەوەی تووڕەیی کارێکی نائاسایی نەبوو. ئەوساڵە، لەو رۆژانەدا رۆژنامەی- دادپەروەریی- دامەزراو دەستی بەدەرچوون کرد. ئەم رۆژنامەیە رۆژنامەیەکی ئێوارانبوو تاکە ئامانجی رەخنەگرتن بوو لەخێزانە خاوەن نازناوە قەبەکان، بەناوی تەواوی خۆیانەوە بەبێ حسابکردن بۆ هیچ شتێك. خاوەنی رۆژنامەکە دەیەویست بەمە تۆڵەی خۆی بکاتەوە لەبەرئەوەی کوڕەکانی وەکو ئەندام لەیانەی کۆمەڵایەتیی وەرنەگیرابوون. فێرمینا دازا لەهەر کاتێکی دیکە زیاتر ئاگای لەقسەو هەڵسوکەوتەکانی بوو، تەنانەت لای نزیکترین هاوڕێکانیشی، بەجۆرێك کەپەیوەندی لەگەڵ فلۆرنتینۆ ئەریزادا لەرێگەی ئەو زنجیرە نامەیەوە کە لەدەرەوەی زەمانە بوون، دەپاراست.

نامەنووسین لەهەردوو سەرەوە ئەوەندە زۆر و بەهێزبوو کەفلۆرنتینۆ قاچشکاویی و گردەنشینیی و سزای لەجێدا مانەوەی فەرامۆشکرد. فلۆرنتینۆ هەموو شتێکی لەبیری خۆی بردەوە و خۆی تەرخانکرد بۆ نامەنووسین لەسەر جۆرە مێزێک کە لەنەخۆشخانەکاندا بۆ نانخواردنی نەخۆش بەکاردێت.

ئەم جووتە دیسان رەسمیاتیان لەنێوانی خۆیاندا هەلگرت، بەیەکتریان دەوت تۆ. جارێکیتر سەبارەت بەرووداوەکانی ژیانیان بیروڕایان ئالوگۆڕدەکرد- واتە هەمان کار کەکاتی خۆی لەنامەکانیاندا دەیانکرد. دووبارە فلۆرنتینۆ دەیەویست زۆر بەخێرایی بجولێتەوە: ناوی فێرمینای بەنووکە دەرزییەک لەسەر گەلاکانی یەکێ لەگولە یاسەمینەکان نووسی و لەنامەیەکدا بۆینارد. دووڕۆژ دوای ئەوە بەبێ هیچ پەیامێك نامەکەی بۆ هاتەوە. فێرمینا دازا ئەمەی بەدەستی ئەنقەست نەکرد: چونکە هەموو ئەوشتانە بەلای ئەوەوە وەکو یاری منالان وابوون، لەکاتێکدا فلۆرنتینۆ سووربوو لەسەر گەڕاندنەوەی یادەوەریی ئێوارانی شیعرە غەمناکەکانی پارکی (ئیڤانجیلس) و ئەو نامانەی لەڕێی قوتابخانەی فێرمینادا دەیشاردنەوە لەگەلْ ئەو وانانەی فێرمینا سەبارەت بە نەخش و ئەتەمین لەبن دارچوالەی تالْدا دەیخوێند، فێرمینادازا بەدلْشکاویی، بەرستەیەك کەوادیاربوو لەناوەڕاستی رستەباوەکاندا ئیدی وەك رێکەوت خۆی دەنواند، سەرزەنشتی دەکردو دەیوت: " بۆچی تۆ سووری قسە لەسەر شتێك بکەی کەوجودی نییە" دواتر فێرمینا لەسەر سووربوونی بێهوودەی لەوەدا کەبواری بەخۆی نەدەدا بەشێوەیەکی سروشتیی گەورە بێت لۆمەی فلۆرنتینۆی دەکرد. بەباوەڕی فێرمینا هۆی پەلەپەل و کاری هەرزەکارانەی هەمیشەیی فلۆرنتینۆ لەکاتێکدا دەیەویست رابردوو بگەڕێنێتەوە هەرئەوەبوو. فێرمینا نەیدەتوانی لەوە تێبگات کەچۆن پیاوێك خاوەنی ئەو ئەزموونانە بێت کەبەپەیڕەوکردنیان لەلایەن فێرميناوە توانییان وایلێبکەن

بەرگەی باری قورسی بێوەژن کەوتنی بگرێت کەچی ئەم پیاوە خۆی گیرۆدەی شێوازی وامنالانە بێت. ئەو رۆڵەی کەئەو بیربۆچوونانە وازییان دەکرد پێچەوانەببوو. ئێستا ئیدی ئەوە فێرمینابوو کەهەوڵیدەدا ورەو گیانی ئازایەتییەکی نوێ بەفلۆرنتینۆ ببەخشێت بۆئەوەی رووبەڕووی ئاینده ببێتەوە، ئەویش بەدەستەواژەیەك کەفلۆرنتینۆ لەبەر پەلەپەلی بێپەرواییدا نەیدەتوانی سەری لێدەربکات: لێگەڕێ با کات تێپەڕێ ئەوسا دەبینین چی لەژێر سەردایە. لەبەرئەوەی فلۆرنتینۆ ئەریزا هەرگیز قوتابییەکی باشنەبوو وەکو فێرمینا. لەجێداکەوتنی ناچاریی و هۆشیاریی تەواوی سەبارەت بەوەی کەکات وەکو با تێپەڕدەبێ، ئارەزووی شێتانەی بۆ بینینی فێرمیناو هەموو شتێ ئەوەی بۆ سەلماند کەترسی لەکەوتنی کارەسات ئامێزتر لەوەبوو کەپێشبینی کردبوو. بۆ یەکەمجار بە رێگایەکی عەقڵانی بیری لە حەقیقەتی مردن کردەوە.

لیۆنا کاسیانی رۆژ نەپۆژێ لەخۆشتن و گۆڕینی بیجامەکانیدا یارمەتیدەدا،هەروەها شاق قەبزی پێهەڵدەگرت، میزی پێدەکرد، قەعدەی بۆ دادەنا، پونگەی گەرمی لەجێگای روشان و سووتاوی پشتی دەنا، هەروەها بەپێی رێنماییەکانی دکتۆر دەیشێلا بۆئەوەی بەبێجووڵە مانەوەی لەجێدا نەبێتە هۆی نەخۆشی سەختتر بۆی. شەموان و یەکشەموان ئەمریکا ڤیکونیا ئەم ئەرکانەی جێبەجێدەکرد کە لەمانگی کانوونی یەکەمی ئەوساڵەدا خانەی مامۆستایانی تەواودەکرد. فلۆرنتینۆ ئەریزا بەڵێنی بە ڤیکونیا دابوو کە لەسەر خەرجی کۆمپانیای کەشتوانیی رووبار بۆ تەواوکردنی دەورەیەکی باڵای خوێندن بینێرێت بۆ (ئالاباما) کەئەمەش تاڕادەیەك بەمەبەستی ئاسوودەکردنی ویژدانیبوو، لەهەمووشی گرنگتر لەبەرئەوەبوو نە بیانخاتەڕوو، نە رووبەڕووی ئەو گلەیی و رەخنانە ببێتەوە کەکچەکە نەیدەزانی چۆنچۆنی رووبەڕووی ئەو گلەیی و رەخنانە ببێتەوە کەکچەکە نەیدەزانی چۆنچۆنی هەرگیز وێنای ئەوەی نەکرد کەڤیکونیا شەوانی بێخەوی قوتابخانەو پشووی

کۆتایی هەفتەی بەبێ ئەم چۆن بەسەر بردووەو چەندە ئازاری چەشتووە، لەبەرئەوەی هەرگیز وێنای ئەوەی نەدەکرد ڤیکونیا چەندی خۆشدەویست. فلۆرنتینۆ لەرێگای نامەیەکی رەسمی قوتابخانەکەوە ئاگادارکرابۆوە کەئەمریکا لەرووی زیرەکییەوە لەپلەی یەکەمەوە دابەزیووە بۆ پلەی کۆتایی، لەتاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵدا تەقریبەن کەوتووە، فلۆرنتینۆ وەکو سەرپەرشتیارێك چاوپۆشیی لەئەرکی سەرشانیکرد: هەستکردن بەگوناهێك کەدەیەویست لەژێر باری بێتەدەرێ، دەبووە رێگر لەبەردەمیدا کەدایك و باوکی ڤیکونیا ئاگاداربکاتەوەو لەبەر ترسی ئاشکرای لەوەی کە لەخراپبوونی لەدەرس و دەورەکەیدا ئەم بە سەبەبکار بزانێت، لەگەڵ خودی ڤیکونیاشدا مەسەلەکەی باسنەکردو بەمشێوەیە مەسەلەکانی وەکو خۆی هێشتەوە، بەبێئەوەی ئاگای لەوە بێت بەهیوای ئەوەی کەمەرگ رێگە چارەی لەگەڵدا دەبێت، تەگەرەی لەکێشەکانی ڤیکونیا دەدا.

، نەك تەنیا کاسیانی و ڤیکونیا کەخزمەتی فلۆرنتینۆیان دەکرد لەو گۆڕانەی کەبەسەریدا هاتبوو سەریان سوڕمابوو بەڵکو خودی فلۆرنتینۆش بەو گۆڕانە سەراسیمەببوو. کەمتر لەدەساڵ بەرلەوە لەپشت قادرمەی سەرەکی ماڵەکەیەوە پەلاماری خزمەتکارێکی دابوو کەهەربەجلەکانییەوە بەپێوە وەساتبوو، لەماوەیەکی کەمتر لەوەی کە کەڵەشێرێکی فلیپینی پێویستی پێیەتی سکی پڕکردبوو. بۆئەمەش ناچاربوو ماڵێکی راخراوی پێشکەش بکات بۆ ئەوەی ناچاری بکات سوێند بخوات کەئەوەی ناموسی لەکەدار کردووە ئەو هاوڕێیەی بووە کەرۆژانی یەکشەموان لەگەڵیدا دەچێتە دەرەوە، ئەمش لەکاتێکدا بوو هاورێکەی تەنانەت ماچیشی نەکردبوو. باوك و مامی کچە خزمەتکارەکە کەباشترین پاڵەی دروێنەی قامیشی شەکربوون بە کەرەنتو کچەو هاوڕێکەیان ناچارکرد زەماوەندبکەن. ئێستا لەوەنەدەچوو فلۆرنتینۆ هەمان پیاو بێت. ئێستا کاسیانی و ڤیکونیا ئەمدیو وئەودیویان دەکرد، سابوونیان لەسەروو خوارووی کەمەری دەدا، بەخاولی میسری

وشکیاندەکردەوە، تەواوی جەستەیان مشتومالْ دەکردو دەیانشێلا، کەچی فلۆرنتینـۆ مچوڕکەیەکیـشی پێدانـەدەهات و زەوقـی هەڵنەدەسـا. هەریەکـە لەکاسیانی و ڤیکونیا روونکردنەوەی جیاوازیان هەبوو بۆ نەمانی هـەوەس و ئارەزووی فلۆرنتینـۆ. کاسیانی پێیوابوو ئەم بێزەوقییەی سـەرەتایەکە بـۆ مـردن. ئـەمریکا ڤیکونیـا پێیوابـوو لەمەسـەلەیەکی پەنهانـەوە سەرچاوەی گرتـووە کـە لەبـەر ئـاڵۆزیی سـەری لێدەرنـەدەکرد. تـەنیا خـودی فلۆرنتینـۆ راستییەکەی دەزانی و ئەوراستییەش تـەنیا یـەك نـاوی دیاریکراوی هـەبوو، بـــەڵام بەهـــەرحاڵ ئـــەوەش چەوســـانەوەبوو: ئـــەوەبوو ئـــەم جووتـــە لەخزمەتکردنیدا زیاتر لەخۆی ئازاریان دەچێشت کاتێ بەوباشییە خزمەتیان دەکرد.

فێرمینـا دازا پێویـستی بـە سـێ سێـشەممە زیاترنـەبوو بۆئـەوەی هەست بەوەبکات چەند دڵـی بـۆ دیـدارەکانی فلۆرنتینـۆ تـەنگبووە. هـاوڕێ نزیکەکانی کـەمیوانی هەمیشەیی بوون سـەردانیان دەکـرد، کـاتیش لـە خوو ورەوشتی مێردەکەی دووری دەخستەوە بۆئەوەی زیاتر لـەزەت لـەم دیدارانـە ببینێت. لوکریسیا دل ریـال دل ئۆبیسپۆ بـۆ چارەسـەری ئـازاری گـوێی کـە هـیچ شـتێ نەیـدەتوانی ئارامیبکاتـەوە چووبوو بـۆ پەنـەما، پـاش مـانگێ بـەحاڵێکی باشـترەوە گـەڕابۆوە، بـەڵام کـەمتر لـەجاران شـتی دەبیـست و هێدفۆنی بـەکاردەهێنا. فێرمینـا دازا لەبەرامبـەر پرسیارو وەڵامـە تێکـەڵ و پێکەڵەکانیـدا بەحەوسـەڵەترین هـاوڕێی بـوو ئەمـەش بـەلای لوکریـسیاوە ئەوەنـدە مایـەی دڵگـەرمیی بـوو کەهـەموو رۆژێـك و هـەرکاتێ بەخەیاڵیـدا بهاتایە سەردانی فێرمینای دەکرد، بەڵام بەلای فێرمینا دازاوە هیچ کەسێك نەیـدەتوانی جێگـای ئێوارانـە ئارامبەخـشەکان لەگـەڵ فلۆرنتینـۆ ئـەریزادا بگرێتەوە.

یادەوەریی رابردوو، بەو شێوەیەی کەفلۆرنتینۆ سووربوو لەسەر باوەڕ پێکردنی نەیدەتوانی ئایندە بکات بەواقیع. بەپێچەوانەوە، هێزی بـەو بـاوەڕە

هەمیشەییەی فێرمینا دازا دەبەخشی کەجۆش وخرۆشی بێنارامیی تەمەنی بیست ساڵیی شتێکی زۆر مەزن و زۆر جوانبوو، بەڵام خۆشەویستیی نەبوو. فێرمینـا دازا سـەرەڕای ئـەوەی زۆر قـسە لـەڕووبوو بـەنیاز نـەبوو ئەمـە نەلەنامەداو نەلەبەردەمی فلۆرنتینۆدا ئاشکرابکات، نەئەوەشی لەخەیاڵدابوو کـەپێی بڵێـت دوای ئـەو زنجیرە نامەیـەی بیروڕای خـۆی تێدا دەردەبڕی و یارمەتیـدەری ئـەمبوون هەسـت و سـۆزی نـاو نامـەکانی ئـەم دواییـەی چـەند دەسـکرد دێنەبەرچـاو، درۆ شـیعر ئامێزەکـانی چـەند لەگـەورەیی ئـەو کەمدەکەنـەوە، سـووربوونی بێهوودەوشێتانەی لەسـەر گێڕانـەوەی رابـردوو چەند زیانی پێدەگەیەنێ. نەخێر: نەیەکدێڕ لە نامە کۆنەکانی و نەساتێك لە سـاتەکانی گـەنجیی سـووکایەتی پێکـراوی خـودی فێرمینـا ئـەو کـەیف و خۆشییەی پێنەبەخشیبوو کەئێوارانی سێ شـەموان بـەبوونی فلۆرنتینـۆوە پێیبەخشیبوو، بەبێ ئەویش پڕبوون لەغوربەت و یەك ڕیتمیی و بێتاقـەتیی، کە لەڕاستیشدا وابوون.

فێرمینـــا دازا لەیـــەکێك لەهەڵمەتـــەکانی کەمکردنـــەوەی شـــتی ناوماڵەکـەدا، ئـەو رادیۆیـەی نـاردبوو بـۆ ژووری شـتە زیـادەو بێکەڵکـەکان کەمێردەکەی وەکو دیاریی ساڵرۆژی زەماوەندکردنیان پێشکەشی کردبوو، هەردووکیان بەنیازبوون وەکو یەکەم رادیۆی شارەکە پێشکەشی مۆزەخانەی بکەن، لەناخۆشی و پەرێشانیی کاتی ماتەمینییدا بڕیاریدابوو ئیدی رادیۆکە بەکارنەهێنێ، لەبەرئـەوەی بێـوەژنێکی بەنامێی وەکو ئـەم بـەبێ رەنجانـدنی دڵی مێردەکەی نەیدەتوانی گوێ لەمۆسیقا بگرێت، تەنانەت ئەگەر بەتەنیاش ئەمـەی بکردایـە. بـەڵام پـاش سـێیەمین سـێ شـەممەی تـەنیایی داوایکـرد رادیۆکە بهێننەوە بۆ هۆڵی میوان. نەك بۆ ئەوەی وەکو جاران گوێ لەگۆرانی سۆزداریی ئیزگەی (ریوبامبا) بگرێت، بەڵکو بۆئەوەی لەکاتی بێئیشیدا گوێ لە رۆمانی زنجیرەیی گریاناوی ئیزگەی (سانتیاگۆ دی کوبا) بگرێت. ئەمەش بیرۆکەیـەکی باشـبوو، لەبەرئـەوەی دوای لـەدایکبوونی کـچەکەی وردە وردە

خەریکبوو وازی لە نەریتی خوێندنەوە دەهێنا کەمێردەکەی لەسەروەختی مانگی هەنگوینییانەوە بەو هەموو هەوڵ وکۆششە و بەزۆر رایهێنابوو لەسەری، لەگەڵ لاوازبوونی ئاشکرای چاویدا بەتەواوی لەخوێندنەوە دوور کەوتبۆوە. بەجۆرێ چەند مانگێ تێدەپەڕی بەبێنەوەی بزانێت چاویلکەی خوێندنەوەکەی لەکوێ داناوە.

ئەوەندەی حەز لە رۆمانە رادیۆییەکانی رادیۆی (سانتیاگۆ دی کوبا) بوو، کەبۆ هەر زنجیرەیەکی رۆژانە بەبێئارامییەوە چاوەڕوانیی دەکرد. جاربەجارێ گوێی لەهەواڵەکانیش دەگرت بۆ ئەوەی بزانێت لەدنیادا چ باسە و ئەو کاتانەی بەتەنیا لەماڵەوە دەمایەوە دەنگی رادیۆکەی زۆر کز دەکرد، گوێی لەمۆسیقای (میرنیگی) رادیۆی (سانتۆ دۆمینگۆ) و مۆسیقای (پلینای) رادیۆی (پۆرتەریکۆ) دەگرت کەدەنگی هەردووکیان سافبوو. شەوێکیان هەرلەخۆیەوە خستییە سەرئێزگەیەکی نەناسراو کەدەنگەکەی ئەوەندە بەهێز و سافبوو دەتگوت لەماڵە دراوسێکەیانەوە قسەدەکات، لەو ئێزگەیەوە هەواڵێکی ناخۆشی گوێ لێبوو: پیرەمێردێک و پیرەژنێک کەبەدرێژایی چل ساڵ لەسەر ئەوە راهاتبوون هەموو ساڵێ لەهەمان جێگای مانگی هەنگوینیی یەکەمجاریان یادی ئەو مانگە بکەنەوە بەدەستی بەلەمەوانێك بەسەوڵی بەلەمە بچووکەکەی کوژرابوون کەسواری کردبوون بۆ گەشت و گەڕان، هەموو ئەو پارەیەشی کەپێیانبوو لەلایەن بەلەمەوانەکەوە دزرابوو کەچوارده دۆلار بوو. کاریگەریی ئەم هەواڵە کاتێ لەسەر فێرمینا لەرۆژنامەیەکی ناوخۆدا بڵاوببۆوە. پۆلیس ئەوەی ئاشکراکردبوو کەپیرەمێردو پیرەژنە کوژراوەکە - پیاوەکە تەمەنی هەشتاو چوار ساڵ و ژنەکەش تەمەنی حەفتاو هەشت ساڵ بوو- دووعاشقی نهێنی یەکدیبوون کەچل ساڵبوو کاتی پشوویان پێکەوە بەسەردەبرد بەڵام هەریەکەیان وەکو زیاترو وێرانکەرتربوو کەلوکریسیا تەواوی حیکایەتەکەی بۆ گێڕایەوە کە نۆر لەخێزانە گەورەکان هاوسەریان هەبوو، بەڕێزو بەختەوەرو

بەردەوامیشبوون. فێرمینا دازا کەهەرگیز بەدیار زنجیرە رادیۆییەکانەوە نەدەگریا کاتێ فلۆرنتینۆ لەنامەی دواییدا هەواڵەکەی بەبێ هیچ لێدوانێك بۆ نارد لەلاپەڕەی ئەو رۆژنایەی کردبۆوە کەهەواڵەکەی بڵاوکردبۆوە، قوڕگی پڕبوو لەگریان و بە زۆر بەری بەگریانەکەی گرت.

ئەو فرمێسکانەی کەفێرمینا دازا دەبوو بیانڕێژێ دوا فرمێسك نەبوون کەناچاربوو بەربەرشتنیان بگرێت. هێشتا فلۆرنتینۆ ماوەی شەست رۆژەکەی لەجێگەدا تەواو نەکردبوو کەرۆژنامەی دادپەروەریی لەلاپەڕەی یەکەمیدا چیرۆکێکی تەواوی دەربارەی مەسەلەی دەنگۆی عەشقی نهێنی نێوان دکتۆر خۆڤینالْ ئۆربینۆ و لوکریسیا دل ریال دل ئۆبیسپۆی بەوێنەی هەردووکیانەوە بڵاوکردەوە. ئەم چیرۆکە وردەکاریی تەواوی تێدابوو سەبارەت بەماوەی پەیوەندییەکەو شێوازەکەی، هەروەها سەبارەت بەپیلانگێرانی مێردەکەی لوکریسیا کەخووی داوەتە لادانی بازاڕیی لەگەڵ کرێکارە رەشپێستەکانی کارگەکەیدا کارگەی پاکردنەوەی شەکر زانیاری تێدابوو. ئەم چیرۆکە کەبەپیتی زۆر گەورەو درشت، بەمەرەکەبێك کەرەنگەکەی لەرەنگی خوێن دەچوو بڵاوبۆوە، لەناو چینی ئەرستۆکراتی ناوخۆدا کەبەرەو هەڵوەشانەوەو نەمان دەچوو وەکو کارەساتێك بروسکە ئاسا دەنگیدایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا یەك وشەی ئەم چیرۆکە راستنەبوو: خۆڤینالْ ئۆربینۆ و لوکریسیا لەرۆژگارێکەوە کەهێشتا هەردووکیان سەڵت بوون هاوڕێی نزیکبوون، دوای ئەوەی هەریەکەشیان ببوونە خاوەنی هاوسەر درێژەیان بەهاوڕێیەتییان دابوو، بەڵام هەرگیز دڵ و دڵخوازی یەکتری نەبوون. بەهەرحاڵ، لەوە نەدەچوو کەمەبەستی ئەو چیرۆکە ئازاراندنی خۆڤینالْ ئۆربینۆ بووبێت، کەیادی لای هەمووان بەرێزو حورمەت بوو، بەڵکو مەبەستی چیرۆکەکە لەکەدارکردنی مێردەکەی لوکریسیابوو کەهەفتەی پێشوو بۆ سەرۆکی یانەی کۆمەڵایەتیی هەڵبژێردرابوو. لەماوەی چەند سەعاتێکدا ئاگری ئەم چیرۆکە رسوایی ئامێزە دامرکێنرایەوە. بەڵام

چیدی لوکریسیا نەهات بۆ سەردانی فێرمینا دازا لەبەرئەوەی سەردانەکەی وەکو داننان بە تاوانەکەدا لێکدایەوە.

بەهەرحاڵ، زۆر زوو ئەوە ئاشکرابوو کەفێرمینا دازا بەسەلامەتی لەمەترسییەکانی چینەکەی خۆی دەرباز نابێت. ڕۆژنامەی دادپەروەریی لەو قوڵەوە کەخاڵی لاوازی فێرمینابوو واتە لەمامەڵەو کڕین وفرۆشتنی باوکییەوە هێرشی بۆ کرد. کاتێ باوکیان ناچارکرد بگەڕێتەوە بۆ زادگەی خۆی، فێرمینا تەنیا ئاگای لەیەك مامەڵەی گوماناوی باوکی بوو کە گالا پلاسیدیا لەبارەیەوە قسەی بۆ کردبوو. پاشان کاتێ دکتۆر ئۆربینۆ دوای قسەکردن لەگەڵ فەرمانڕەوای شارەکەدا ئەو بەسەرهاتەی تەئیدکرد، فێرمینا دازا گەیشتە ئەو باوەڕەی باوکی بۆتە قوربانیی پیلانێکی دارێژراو. ڕاستی مەسەلەکە ئەوەبوو دوان لەپیاوانی پۆلیس کەفەرمانی پشکنینی خانووەکەی پارکی (ئیڤانجیلس) یان پێبوو هاتبوون و ماڵەکەیان پشکنیبوو، ئەوەی بەشوێنیدا گەڕابوون دەستیان نەکەوتبوو دواجار فەرمانیان دابوو کانتۆرەکەیان بۆ بکەنەوە کەدەرگاکەی ئاوێنەبوو، لەژووری نووستنی فێرمینابوو. گالاپلاسیدیا بەتەنیا لەماڵەوەبوو پەنای بۆ هەموو ڕێگایەك دەبرد بۆئەوەی بەریان لێبگرێت کانتۆرەکە نەکەنەوە، بەوبیانووەی کەگوایە کلیلی پێنییە خۆی لەکردنەوەی کانتۆرەکە دزیبۆوە. پاشان یەکێك لەپۆلیسەکان بەمسکی دەمانچەکەی ئاوێنەی دەرگاکەی شکاندبوو، بۆشاییەکی لەنێوان ئاوێنەو تەختەکەدا دۆزیبۆوە کەپڕبوو لەسەددۆلاریی تەزویر. ئەمە لوتکەی زنجیرەی لێکۆڵینەوەیەك بوو کەوەکو دوا ئەڵقەی پەیوەندی پرۆسەیەکی دەولی بەرفراوان بەلۆرینزۆ دازا کۆتاییدەهات. تەزویرەکە زۆر زیرەکانە کرابوو. سەددۆلارییە تەزویرەکان هەموو سیفەتێکی سەددۆلاریی ئەسڵیان هەبوو: کۆمەڵێ یەك دۆلاریان هێنابوو بەمادەیەکی کیمیایی سیحراوی ڕەسم ونووسینەکانی سەریان سڕیبوونەوەو ڕەسم و نووسینی سەددۆلاریان لەسەر چاپکردبوون. لۆرینزۆ دازا ئیدیعای ئەوەی

کردبوو کەماوەیەکی زۆر دوای شووکردنی کچەکەی ئەو کانتۆرەی کڕیوەو ئەو سەددۆلاریانەی تێدابووە کەتیایدا شاردراوەتەوە، بەلام پۆلیس ئەوەی سەلماند لەوکاتەوە کەفێرمینا دەچوو بۆ قوتابخانە ئەو کانتۆرە لەوێدابووە، ناکرێ جگەلە لۆرینزۆ دازاش هیچ کەسێکی دیکە ئەو پارە تەزویرانەی لەپشت ئاوێنەکەدا شاردبێتەوە. ئەمە تەواوی ئەو شتەبوو کەدکتۆر ئوربینۆ بەژنەکەی وت پاشنەوەی کەبەلێنی بەپارێزگاردا بۆ پەردەپۆشکردنی رسواییەکەی خەزووری ڕەوانەی شوێنی لەدایکبوونی خۆی بکاتەوە. بەلام رۆژنامەکە زۆر لەمە زیاتری نووسیبوو.

لە رۆژنامەکەدا هاتبوو کەبەدرێژایی یەکێ لەشەڕە زۆرو زەوەندە ناوخۆییەکانی سەدەی رابردوو، لۆرینزۆ دازا ببووە دەلاڵ لەنێوان حکومەتی لیبراڵی سەرکۆمار ئەکلیۆ پاراو کەسێکی بەرەگەز پۆلۆنیدا کە بە جۆزیف ک. کورزینۆفسکی ناودەبرا، چەند مانگێ لەگەڵ ستاف کەشتی بازرگانی (سان ئەنتۆن)دا کەئالای فەرەنسی هەڵکردبوو بەمەبەستی ئەنجامدانی مامەڵەیەکی ئالۆزی چەك، لێرە مایەوە، کەس نازانێ کورزینۆفسکی کەپاشان لەجیهاندا بە جۆزیف کۆنراد ناوی دەرکرد چۆن پەیوەندی بەلۆرینزۆ دازاوە کرد، کەبە بەڵگەنامەی رەسمی وەجبە چەکەکەی لێکڕی بۆ حکومەت و نرخەکەشی بەئاڵتوونی راستەقینەدا. بەپێی گێڕانەوەی رۆژنامەکە، لۆرینزۆ دازا باسی ئەوەی کردووە گوایە لەهێرشێکی لەناکاودا وەجبە چەکەکە براوەو پاشان بەدووئەوەندەی نرخەکەی چەکەکانی بەمحافیزەکاران فرۆشتۆتەوە کە لەدژی حکومەت لەشەڕدابوون.

هەروەها لەرۆژنامەی -دادپەروەریی-دا ئەوە هاتبوو کەهاوزەمان لەگەڵ دامەزراندنی هێزی دەریایی لەلایەن جەنەڕاڵ رییسەوە، لۆرینزۆ دازا بارێکی پۆستاڵی زیادەی سوپای ئینگلیزی بەنرخێکی زۆر هەرزان کڕی، ئەم مامەڵەیە بەسبوو بۆئەوەی لەماوەی شەش مانگدا سامانەکەی بکات بەدوو ئەوەندە. بەپێی ئەوەی لەرۆژنامەکەدا هاتبوو، کاتێ بارەکە گەیشتە بەندەر

لۆرینزۆ دازا وەرینەگرت لەبەرئەوەی تەواوی بارەکە پۆستاڵی قاچی راستبوو، بەڵام کاتێ دایرەی گومرگ بەپێی یاسا بارەکەی خستە زیادکردنەوە ئەو تەنیا کەسبوو کەچووە ناو زیادکردنەکەوەو بەسەد پیزۆ بارەکەی کڕی. لەهەمان کاتداو لەهەلومەرجێکی لەو بابەتەدا یەکێك لەشەریکەکانی بارێك پۆستاڵی قاچی چەپی کڕی، کەگەیشتبووە گومرگی (ریوهاچا). لەگەڵ جووتبوونی پۆستاڵەکاندا لۆرینزۆ دازا سوودی لەو پەیوەندی خزمایەتییە وەرگرت کە لەگەڵ خێزانی ئۆربینۆ دی لاکایی-دا دروستببوو، پۆستاڵەکانی بەقازانجی لەسەدا دووهەزار بەهێزی دەریایی نوێ فرۆشتەوە.

چیرۆکەکەی رۆژنامەی دادپەروەریی بەباسکردنی ئەم بابەتە کۆتاییدەهات کەلۆرینزۆ دازا هەروەکو خۆی حەزیدەکرد بڵێت لەکۆتایی سەدەی رابردوودا لەپێناوی گەڕان بەدوای دەرفەتی باشتردا بۆ ئایندەی کچەکەی (سان خوان دی لاسییناگا)ی بەجێنەهێشتبوو، بەڵکو لەبەرئەوەی دەستەکەی ئاشکراببوو لەو ساختەکارییەدا کەتووتنی هاوردەی لەگەڵ وردە کاغەزدا تێکەڵدەکرد. لۆرینزۆ دازا ئەوەندە بەشارەزایانە ئەم ساختەکارییەی دەکرد کەتەنانەت شارەزاترین جگەرە کێشیش هەستی بەم فریودانە نەدەکرد. هەروەها پەیوەندی لۆرینزۆ دازا لەگەڵ کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی نهێنیدا ئاشکرابوو کە لەکۆتایی سەدەی رابردوودا بەسوودترین کاری بریتیبوو لەئامدیوکردنی چینییەکان لەپەناماوە بۆ وڵات بەرێگای نایاسایی. بەهەرحاڵ، وادەهاتەبەرچاو بازرگانیی گوماناوی هێستر کەزۆر زیانی بەناووناوبانگی گەیاند تەنیا کارێکی ئابڕوومەندانە بووبێ کە لەهەموو ژیانیدا کردبێتی.

کاتێ کەفلۆرنتینۆ ئەریزا بەپشتی سووتاوو رووشاوەوە لەجیاتی چەتر دارشەقی بەدەستەوەگرت و بۆ یەکەمجار جێگای بەجێهێشت، یەکەم گەڕانی رۆیشتنبوو بەرەو ماڵی فێرمینا دازا. فێرمینا دازا نامۆیەکبوو

کەپیریی هێرشی بۆ هێنابوو، تالانی کردبوو دەردو ئازار ئارەزووی ژیانی تێدا کوشتبوو. دکتۆر ئۆربینۆ دازا لەو دووجارەدا کە لەکاتی لەجێدا بەدوو چیرۆکەکەی رۆژنامەی دادپەروەریی پەرێشان و بێتاقەت ببوو، قسەی کەوتنی فلۆرنتینۆدا سەردانی کردبوو، دەربارەی ئەوەی کەدایکی چەند بۆ کردبوو. چیرۆکی یەکەم رقێکی وەها شێتانەی سەبارەت بە بێوەفایی مێردەکەی و خیانەتی هاوڕێکەی تێداچاندبوو کەنیدی وازی لەچوون بۆ سەر گۆڕی مێردەکەی هێنا کەرۆژانی یەکشەممەی هەموو مانگێ دەچوو. لەبەرئەوەی لەوە بێتاقەتبوو کەخۆڤینال ئۆربینۆ لەناو تابووتەکەی و لەناوگۆڕەکەیدا راکشابوو نەیدەتوانی گوێی لەو نەفرەتانە بێت کەفێرمینا دازا پڕبەدڵ حەزیدەکرد لێیبکات. شەڕی فێرمینا لەگەڵ پیاوێکی مردوودا بوو. فێرمینا حەزیدەکرد لەرێگای هەر کەسێکەوە کەدەتوانێت قسەکە بگەیەنێت ئەم قسەیە بەلوکریسیا بگاتەوە، کەدەبێت لوکریسیا بەخۆیەوە بنازێت لەبەرئەوەی لەناو ئەو هەموو پیاوەدا کەبەلای جێگای نووستنەکەیدا رەتبوون بەلای کەمەوە پیاوێکی پیاوانەی تێدابووە. سەبارەت بەچیرۆکەکەی لۆرینزۆدازا نەتدەتوانی لەوە حاڵی بیت کەکامیان زیاتر کاریان تێکردووە. خودی چیرۆکەکە، یان ئاشکرابوونی درەنگوەختی کەسێتی راستەقینەی باوکی، بەڵام چ ئەمیان بێت و چ ئەویان هەردووکیان، کاولیان کردبوو. قژی کەرۆژگارێ رەنگی چەشنی رەنگی پۆڵای دژی ژەنگبوو، زیاتر سیمای خانەدانانەی بەرۆخساری دەبەخشی، ئێستا وەکو ریشووی گەنمەشامی زەرد تاڵ تاڵ دەهاتە بەرچاو، چاوەجوانە پڵنگ ئاساکانی وەکو جاران پرشنگیان نەدەدا سەرەڕای ئەوەی تووڕەبوون تیایاندا جوانبوو. بڕیاری فێرمینا لەدرێژە نەدان بەژیان لەهەموو جووڵەیەکیدا دەخوێنرایەوە. دوای ماوەیەکی زۆر کەوازی لەجگەرەکێشان هێنابوو لەحەمام و لەشوێنەکانی تردا، دووبارە دەستیپێکردەوە، کاربەوە گەیشت کە بۆیەکەمجار بەئاشکراو لەشوێنی گشتییدا بەتامەزرۆییەوە جگەرەکەی تەواودەکرد. سەرەتا بەو

جگەرانە دەستیپێکرد کەخۆی دەیپێچایەوەو هەمیشە حەزیدەکرد ئەو کارە بکات پاشان دەستیدایە کێشانی جگەرەی ئاسایی کە لەدووکانەکاندا دەفرۆشران، لەبەرئەوەی ئیدی کات و حەوسەڵەی ئەوەی نەبوو خۆی جگەرە بپێچێتەوە. هەرکەسێکی دیکە بووایە لەجێگای فلۆرنتینۆ ئەریزا لەخۆی دەپرسی دەبێ ناینده چ شتێکی لەهەگبەدا بێت بۆ پیرەمێردێکی شەلی پشت سووتاو کەپشتی وەك پشتی کەر سووتاوەتەوە لەتەك ژنێکدا کەجگە لەمردن ئارەزووی هیچ بەختەوەرییەکیتر ناکات، بەلام فلۆرنتینۆ ئەریزا لەوەی نەدەپرسی. چونکە فلۆرنتینۆ لەناو وێرانەکانی کارەساتدا، لاوازترین تروسکەی هیوای بەدیدەکرد. لەبەرئەوەی لەڕوانگەی فلۆرنتینۆوە بەدبەختیی شکۆیەکی دیکەی بەفێرمینا دەبەخشی، تووڕەیی جوانیدەکرد، رق و کینەی لەدنیا سەرکەشی تەمەنی بیست ساڵەی بۆ دەگەڕانەوە.

فێرمینا دازا هۆیەکی دیکەی هەبوو کەدان بەچاکەی فلۆرنتینۆ ئەریزادا بنێت. لەبەرئەوەی فلۆرنتینۆ لەبەرامبەر ئەو چیرۆکە ئابڕووبەرانەدا نامەیەکی بێوێنەو جوانی سەبارەت بەلێپرسراوێتی ئاکاریی رۆژنامە و رۆڵی لەپاراستنی شەرەف و کەرامەتی کەسانی دیدا بۆ رۆژنامەی دادپەروەریی ناردبوو. رۆژنامە نامەکەی بلاونەکردەوە بەلام نووسەر کۆپییەکی نامەکەی نارد بۆ رۆژنامەی (دیاریو دل کومیرسو) کەکۆنترین و جدیترین رۆژنامەی کەناری کاریبی بوو، لەوێدا نامەکە بەبایەخەوە لەلاپەڕەیەکدا بلاوبۆوە. نامەکە کەبەناوی خوازراوی -جوپیتر- ەوە بلاوبۆوە، ئەوەندە لۆجیکی و جوان و سەنگین نووسرابوو کەزۆرکەس بەهی یەکێ لە نووسەرە هەرە دیارەکانی هەرێمەکەیان دەزانی. ئەونامەیە، دەنگێکی بێوێنەبوو لەناوەڕاستی ئۆقیانووسدا بەلام لەدوورترین و قووڵترین شوێنەوە بیسترا. فێرمینا دازا بێئەوەی پێویستی بەپرسیارکردن بێت دەیزانی نووسەری نامەکە کێیە، لەبەرئەوەی هەندێ لەبیروبۆچوونەکانی فلۆرنتینۆی تێدابوو تەنانەت رستەیەکی تێدابوو کەڕاستەوخۆ لەوردبوونەوە ئاکارییەکانی

فلۆرنتینۆوە وەرگیرابوو، لەبەرئەوە لەناو پاشاگەردانیی نائومێدیی خۆیدا بەگەرم و گوڕییەوە پێشوازیی لەنامەکەکرد. هەرلەو ڕۆژانەدابوو کەئەمریکا ڤیکونیا لە ئێوارەیەکی یەکشەمواندا کە لەژووری نووستنی شەقامی (لاس ڤینتاناس)دا بەتەنیابوو، بێئەوەی بەدوایدا بگەڕێ و تەواو بەڕێکەوت، نووسخەیەکی لەبیروبۆچوونە چاپکراوەکانی فلۆرنتینۆ و دەستنووسی نامەکانی فێرمینا دازای لەچەکمەجەیەکی بێ کلیلدا دۆزییەوە.

دکتۆر ئۆربینۆ دازا خۆشحاڵبوو بەوەی کەدووبارە سەردانەکانی فلۆرنتینۆ دەستیپێکردەوە. ئەو سەردانانەی ئەو هەموو دڵگەرمییەیان بەدایکی دەبەخشی. بەڵام ئۆفیلیای خوشکی، هەرکەبیستی دایکی هاوڕێیەتییەکی سەیری لەگەڵ پیاوێکدا دروستکردووە کەهەڵگری سیفاتی ناکاریی باش نییە، بەسواری یەکەم کەشتی میوە لە (نیو ئۆرلیانز)ەوە هاتەوە. لەماوەی هەفتەی یەکەمدا، کاتێ بینی فلۆرنتینۆ چەند خۆمانەو بەدەسەڵات و زاڵییەوە دێت بۆ ماڵیان و لەکاتی سەردانەکانیدا کەهەتا شەوێکی درەنگی دەخایاند هەستی بەچپە چپ و ململانێی زووتێپەڕیان کرد کە لەچپەچپ و ململانێی دوودەزگیرانی دەکرد، هەراسانی و ناڕەحەتییەکەی ڕەهەندێکی رەخنەگرانەی بەخۆیەوە بینی. ئەوەی کەبەلای دکتۆر ئۆربینۆ دازاوە هۆگرییەکی راستبوو لەنێوان دوو پیری تەنیادا بەلای ئۆفیلیاوە شێوازێکی ناشیرینبوو بۆ پەیداکردنی هاوڕێیەکی نهێنی. ئۆفیلیا ئۆربینۆ هەمیشە ئاوابوو، وەکو دونیا بلانکای نەنکی (دایکی باوکی) وابوو، ئەوەندە لە نەنکی دەچوو کەتەنانەت واهەستدەکرا کچێتی، وەکو ئەو بەشەخسییەت و لووتبەرز وەکو ئەو بەدەمارگیرییەوە دەژیا. ئۆفیلیا تەنانەت لەتەمەنی پێنج ساڵیشدا نەیدەتوانی وێنای هاوڕێیەتییەکی پاك وبێگەرد بکات لەنێوان کوڕ و کچێکدا، چجای ئەوەی ئەو هاوڕێیەتییە لەنێوان ژن و پیاوێکی تەمەن هەشتا ساڵیدا بێت. ئۆفیلیا لەمشتومڕێکی تونددا بەبراکەی ڕاگەیاند تەنیا ئیشێ کەمابێت فلۆرنتینۆ ئەریزا بۆ دڵدانەوەی دایکم بیکات

ئەوەیە وەکو بێوەژنێك بچێت لەناو جێگادا لەگەڵی بخەوێت. دکتۆر ئۆربینۆ دازا وەکو هەمیشە نەیدەوێرا رووبەڕووی بێتەوە، بەڵام مێردەکەی بەبیانووی ئەوەوە کەداکۆکی لەخۆشەویستیی دەکات لەهەر تەمەنێکدا بێت خۆی لەباسەکە هەڵقورتاند، ئۆفیلیا لەناکاو کۆنترۆڵی خۆی لەدەستداو قیژاندی:

- خۆشەویستیی لە تەمەنی ئێمەماناندا گاڵتەجارییە، بەڵام لەتەمەنی ئەواندا مایەی نەفرەتە.

ئۆفیلیا بەنیازی دەرکردنی فلۆرنتینۆ لەماڵی دایکی وابەتوندی پێی لەسەر مەسەلەکە داگرت کەباسەکە بەفێرمینا گەیشتەوە. فێرمینا بانگی کرد بۆ ژووری نووستنەکەی - هەرکاتێ بیویستایە خزمەتکارەکان گوێیان لەقسەکانی نەبێت وایدەکرد- داوای لەئۆفیلیا کرد ئەو قسە ناشیرینانەی کردوێتی لەبەرچاوی دووبارەی بکاتەوە، ئەویش بەهەمان توندوتیژییەوە قسەکانی دووبارە کردەوە: ئۆفیلیا دڵنیابوو فلۆرنتینۆ ئەریزا کەبەناوبانگە خراپەکەیەوە لای کەس شاراوەنییە، دەیەوێت پەیوەندییەکی ناشیرین لەگەڵ دایکیدا دروستبکات، زیاتر لەخراپەکارییەکانی لۆرینزۆدازاو سەرەڕۆییە گێلانەکانی خۆڤینالْ ئۆربینۆ ئابڕووی خێزانەکە بەرێت. فێرمینا دازا بەبێئەوەی تەنانەت یەك وشەی لەدەم بێتەدەرێ، بێئەوەی چاوبترووکێنێ گوێی لەقسەکانی گرت، کاتێ قسەکانی تەواوبوو، فێرمینابوو بەکەسێکی دیکە، گەڕابۆوە بۆ ژیان. لەبەرامبەر ئۆفیلیادا کەبێڕەچاوکردنی هیچ شتێك قسەکانی کردبوو وتی:

- تاکە شتێ کەئازارم دەدات ئەوەیە ئێستا ئەو توانایەم نییە لەسەر ئەو بەدگومانی و بێحەیاییەت بەو شێوەیە لێتبدەم کەشایانتە، بەڵام هەر ئێستا لت دەشکێنیت و لەم ماڵە دەچیتە دەرەوە، بەگۆڕی دایکم هەتا لەژیاندا بم ایەڵم جارێکی تر پێبخەیتە ئەم ماڵەوە.

هیچ هێزێك نەبوو فێرمینا لەبڕیارەکەی پاشگەز بکاتەوە. ئۆفیلیا بوو بۆ ماڵی براکەی، لەوێوە جۆرەها تکاورجای بەکەسانی دیاردا نارد بۆ

دایکی بەڵام هیچ سوودی نەبوو، نەناوبژیوانی کوڕەکەی و نەدەخالەتی هاوڕێکانی نەیانتوانی رای فێرمینا بگۆڕن. سەرەنجام بەدەنگی زوڵاڵی رۆژانی گەنجیی لەبەردەمی بووکەکەیدا کە هەمیشە لەجیاتی پەیوەندی رەسمی جۆرێك پەیوەندی هاوڕێیانەیان لەنێواندا بوو، دانی بەنهێنییەکدا ناو وتی: " سەدەیەك بەرلە ئێستا ژیانی من و ئەم پیاوە داماوەیان تێکدا لەبەرئەوەی هێشتا منداڵبووین، ئێستاش دووبارە دەیانەوێ ژیانمان لێتێکبدنەوە لەبەرئەوەی پیربووین" ئینجا جگەرەیەکی بەجگەرەکەی دەستی داگیرساندو هەموو ئەو ژەهرەی فرێدایە درەوە کەگەرد گەرد بەناخیدا دەگەڕاو وتی:

– سەریان بەگۆڕی بابیان، ئەگەر ئێمەی بێوەژنان دەسکەوتێکمان هەبێت، ئەوەیە کەس نییە ئەمرمان بەسەردا بکات.

هیچ جێگایەك بۆ ئاشتبوونەوە نەمابۆوە. ئۆفیلیا کاتێ بینی رێگایەکی دیکەی لەبەردەمدا نییە، گەڕایەوە بۆ (نیوئۆرلیانز). دوای داواکاریی وپاڕانەوەیەکی زۆر دایکی ئەوەی قبوڵکرد کەخواحافیزی لێبکات، بەڵام رێگای پێنەدا بێتە ماڵەوە: چونکە سوێندی بەگۆڕی دایکی خواردبوو کەبەلایەوە لەوڕۆژگارە ناخۆشەدا، تەنیا شتێکبوو کەهێشتا بەپاکژیی مابۆوە.

فلۆرنتینۆ ئەریزا لەیەکێ لەسەردانەکانی سەرەتایدا کاتێ باسی کەشتییەکانی خۆی دەکرد بەڕەسمی داوەتی فێرمینا دازای کردبوو بۆ خۆشی وکات بەسەربردن گەشتێکی دەریایی بکات. لەگەڵ سەفەرێکی یەك رۆژەدا بەشەمەندەفەر فێرمینا دەیتوانی پایتەخت ببینێت کەئەمانیش وەکو کارییەکانی ئەوەی خۆیان هێشتا بەوناوەوە ناویاندەهێنا کەتا سەدەی رابردوو هەیبوو واتە: (سانتاڤێ) بەڵام فێرمینا بیروبۆچوونی مێردەکەی پاراستبوو نەیدەویست سەردانی ئەوشارە ساردو تاریك ونووتەکە بکات. ئەو شارەی کەتیایدا ژنان جگەلەوەی سەعات پێنجی بەیانی بۆ

بەشداریکردن لەعەشای ڕەببانیدا دەهاتنەدەرەوە ئیدی نەدەهاتنەدەرەوە، هەروەکو پێیان وتبوو ژنان ناتوانن بچنە گازینۆی ساردەمەنیی وفەرمانگە گشتییەکان، ئەو شوێنەی کەتیایدا کەژاوەی جەنازە لەهەرکاتێکی شەو یان ڕۆژدابوایە هاتوچۆی رادەگرت و خراپتر لەپاریسی سالّی ۱۹۰۱ بەردەوام وردە بارانی لێدەباری. بەلاّم لەلایەکی ترەوە حەزێکی زۆر فێرمینای بۆلای دەریا بەکێشدەکرد. حەزیدەکرد ئەو تیمساحانە ببینێت کە لەقەراغی رووبارەکان خۆیان هەڵدەخەن و خۆیاندەدەن بەخۆردا. حەزیدەکرد نیوەشەو بەدەنگی مانگای دەریایی خەبەریبێتەوە کەدەنگی لەگریانی ژن دەچوو، بەلاّم وێناکردنی سەفەرێ بەودژوارییەو لەو تەمەنەدا و وەکو بێوەژنێکی تەنیا بەلایەوە واقیعیانە نەدەهاتەبەرچاو.

پاشان کاتێ بڕیاریدا بەبێ مێردەکەی درێژە بەژیان بدات، فلۆرنتینۆ داوەتەکەی دووبارەکردەوە. ئەمجارە بیرۆکەکە واقیعیتربوو. دوای شەڕی لەگەڵ کچەکەی، تالاّوچەشتنی لە سووکایەتییکردن بەباوکی، رقی لەمێردەکەی و تووڕەبوونی لەڕیایی وماستاوی لوکریسیا دل ریال-ی دووڕوو کەسالأنێکی زۆر وەکو باشترین هاوڕێی خۆی لێیدەڕوانیی، باری خراپبوو لەماڵەکەدا خۆی بەشتێکی زیاد دەزانی. ئێوارەیەک کەشەرابە تایبەتییەکەی خۆی دەخواردەوە کە لەگەڵ چایەکی جیهانییدا ئامادەدەکرا، لەزەلکاوی ناو حەوشەکە راما، کەدرەختی بەدبەختی ژیانی هەرگیز بۆ جاری دووەم تیایدا چرۆی نەکرد، ئەوسا وتی:

– حەزدەکەم لەم ماڵە بڕۆم، بڕۆم، بڕۆم و هەرگیز نەگەڕێمەوە بۆی.

فلۆرنتینۆ ئەریزا وتی:

– بەکەشتی دەریایی بڕۆ.

فێرمینا دازا تەماشای فلۆرنتینۆی کردو هاوبەشی بیرۆکەکەیکرد وتی:

– دەتوانی باوەڕبکەی کەشتی وادەبێ!

دەقەیـەک بەرلـەوەی ئـەو قـسەیەبکات، ئـەم خەیاڵـە تەنانـەت بەمێشکیـشیدا نـەهاتبوو، بـەڵام تـەنیا کـارێ کـەدەبوو بیکـات ئـەوەبوو کەپێشنیازەکە قبوڵبکات بۆئەوەی سەفەرەکە ببێت بەڕاست. کوڕەکەی و بووکەکەی بەبیستنی ئەم هەواڵە خۆشحاڵبوون. فلۆرنتینۆ ئەریزا بەخێرایی دووپـاتیکردەوە کـەفێرمینا دازا میـوانێکی ئـازیزو بـەڕێز دەبێـت لەکەشتییەکەیدا، کابینەیـەکی رێـک وەکـو ماڵێـک لەبەردەسـتیدا دەبێـت، بەباشترین شێوە خزمەتی دەکرێت و خودی کاپیتانی کەشتییەکە ئاگای لەسەلامەتی و حەسانەوەی دەبێت. فلۆرنتینۆ بۆ هاندانی فێرمینا نەخشەی رێگاکانی سەفەرەکە، پۆستکارتی کاتی خۆرئاوابوون، کۆمەڵێ شیعری بۆ هێنـا کەگەڕیـدە ناودارەکـان دەربـارەی بەهەشـتی رووبـاری مەجـدەلینا نووسیبوویان و بەبۆنەی ئەو شیعرانەوە ناوبانگیان پەیداکردبوو، فێرمینا ئەگەر تاقەتی هەبووایە چاوێکی پێدادەخشاندن و دەیوت:

– تـۆ ناچارنیت وەکـو منالێـک مـن هەڵخەڵـەتێنی، ئەگـەر بـچم لەبەرئـەوە دەچـم کەبڕیارمـداوە نـەک لەبـەر بایەخـدان بەدیمـەنی سروشت.

کاتێ کوڕەکەی فێرمینا پێشنیازیکرد کەوەکو هاوڕێیەک ژنەکەی ئەمیش لەگەڵ خۆیدا ببات، فێرمینا بەخێرایی قسەکەی پێبڕی و وتی:

– من لەوە گەورەترم کەپێویستم بەچاودێر هەبێت.

خۆی هەموو شتێکی رێکخست. هەستی بەخۆشییەکی زۆر دەکرد کەبیری لەوە دەکردەوە سەفەرەکەی بەناو دەریادا هەشت رۆژی پێدەچێت و پێنج رۆژیشی دەوێت بۆ گەڕانەوە. جگە لەکەلوپەلی زۆر پێویست پێویستی بەهیچ شتێکی دیکە نەبوو، نیودەرزەن جلوبەرگی خوری، شمەکی ماکیاج و پاک وخاوێنی، جووتێ پێڵاو بۆ سواربوونی کەشتییەکەو کاتی دابەزین، جووتێ نەعل بۆ ناو کەشتییەکەو هیچیتر... ئەمە خەونی ژیانیبوو.

لەمانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٢٤دا کەشتیوان خوان بیرناردۆ ئەلبێرس، دامەزرێنەری کەشتیوانیی رووبار، ئاڵای یەکەم کەشتی هەڵمی بۆ رێکردن بەناو رووباری مەجدەلینادا هەڵکرد کە کەشتییەکی کۆن بوو، تواناکەی بریتیبوو لەهێزی چل ئەسپ و ناوی " وەفا" بوو. دوای تێپەڕبوونی زیاتر لەسەدەیەك پاش ئەوە سەعات شەشی ئێوارەی حەوتی تەموز دکتۆر ئۆربینۆ دازا و ژنەکەی هەتا لای ئەو کەشتییە فێرمینا دازایان بەڕێکرد کەبڕیاربوو بیبات بۆ یەکەم سەفەری دەریایی بەناو رووباردا. ئەم کەشتییە، یەکەم کەشتی دەسکردی کارخانەی دروستکردنی کەشتی خۆماڵیبوو، بۆ ئەوەی یادی شکۆداری کەشتییە کۆنەکە بەنەمریی بهێڵتەوە فلۆرنتینۆ ئەریزا ناوی نابوو " وەفای نوێ" فێرمینا دازا هەرگیز نەیتوانی باوەڕ بەوە بکات کەئەو ناوە پڕمانایە بۆ هەردووکیان بەڕاستی تەنیا رێکەوتێکی مێژوویییە و یەکێکیتر نییە لەشتە عەنتیکەو خۆشەکانی فلۆرنتینۆ ئەریزا کە لەهەموو تەمەنیدا هەمیشە کەسێکی رۆمانسی بووە.

بەهەرحاڵ، وەفای نوێ بەپێچەوانەی باقی کەشتییە کۆن و تازەکانەوە، شانازیی بەو کابینەیەوە دەکرد کە لەتەنیشت کابینەی کاپیتانەوە بوو، کابینەیەکی خۆش و فەرەح بوو. بریتیبوولە ژوورێکی دانیشتن کەکورسی و مێزو کەلوپەلەکانیتری ناوی لەقامیشی جوان و رەنگ کراوەبوون، ژوورێکی نووستن کەبەزەخرەفەی چینی زەخرەفەکرابوو، گەرماوێك کەبانیۆ ودوشی تێدابوو، باڵکۆنێکی داخراو و زۆر گەورەشی تێدابوو کەپڕبوو لەڕووەکی زینەی هەڵواسراو لەوێوە پێشەوەو ئەملاو ئەولای کەشتییەکە دەبینرا، هەروەها کابینەکە ئامێری فێنککەرەوەی ێدەنگی تێدابوو هەمیشە هەوای بەهاریی ناوەوەی دەپاراست و لەگەرمای ەرەوەی دادەبڕی. ئەم بەشە شاهانەیە بەناوی کابینەی سەرۆکایەتییەوە اسرابوو، چونکە تائێستا سێ سەرۆك کۆمار تیایدا سەفەریان کردبوو، ئەم ابینەیە بۆ هیچ مەبەستێکی بازرگانیی نەبوو، تەنیا بۆ کاربەدەستانی باڵاو

میوانانی زۆر تایبەت تەرخانکرابوو. فلۆرنتینۆ ئەریزا هەرکەبوو بەسەرۆکی کۆمپانیای کاریبی بۆ کەشتیوانیی رووبار بڕیاریدا بۆ ئەو مەبەستە دروستی بکەن، بەلام دلنیابوو کەدرەنگ یان زوو ئەوشوێنە دەبێتە پەناگەی بەختەوەریی بۆی پاش ئەوەی لەگەل فێرمینا دازادا زەماوەنددەکات.

کاتێ بەڕاستی ئەو رۆژە چاوەڕوانکراوە هات، فێرمینا وەکو خانمی کابینەی سەرۆکایەتی، چووە ناو کابینەکەوەو جێگای خۆیگرت. کاپیتانی کەشتییەکە بەشەمپانیاو ماسییەخاتوونەی دوکەلاویی پێشوازیی لەدکتۆر ئۆربینۆدازاو ژنەکەی و فلۆرنتینۆ ئەریزا کرد. کاپیتان ناوی دیگۆ سامارتیانۆ بوو قاتێکی کەتانی سپی لەبەردابوو، قاتەکەی پڕ بەبەری بوو، لەپێلاوەکانییەوە هەتا کلاوەکەی بەپێی رێسا نیشانەی ك.ك.ك.ر پێوەبوو کەبەدەزووی ئالتوونیی لەسەر جلوبەرگەکەی چنرابوو، وەکو باقی کاپیتانەکانی دیکەی کەشتی رووبار چەشنی درەختی سیبا کەتە بوو، دەنگی زولال و هەلسوکەوتی لەهەلسوکەوتی کاردینالە فلۆرەنسییەکان دەچوو.

سەعات حەوتی شەو یەکەم شووتی بەڕێکەوتن دەنگی لێبەرزبۆوە، فێرمینا دازا هەستیکرد لەرەی دەنگی شووتەکە ئازارێکی زۆری گوێی چەپی دەدات، شەوی پێشوو خەونەکانی پڕبوون لەگوزارشتی شووم کەنەیدەوێرا رەمزەکانی ئەو گوزارشتانە ئاشکرابکات. بەیانی زۆر زوو داوای لەسایەقەکە کردبوو بیبات بۆ گۆڕستانی گروپی ئیکلێرکی کەئیدی بەناوی گۆڕستانی لامانگاوە دەناسرا. کاتێ لەبەردەمی گۆڕی مێردەکەیدا وەستا، لەڕێگەی مەنەلۆجەوە، ئازادانە هەموو گلەییەکانی دلی بۆ هەلڕشت و لەگەلیدا ئاشتبۆوە. پاشان وردەکارییەکانی سەفەرەکەی پێوت و بەشێوەیەکی کاتیی مالئاوایی لێکرد. ئامادەنەبوو لەبارەی سەفەرەکەیەوە هیچ بەکەس بلێت، بەمەبەستی خۆدزینەوە لەخواحافیزیکردنی پڕوکێنەر کاتێ سەفەری ئەورووپاشی دەکرد هەروایدەکرد. سەرەڕای ئەو هەموو سەفەرەی کردبووی،

هەســـتیدەکرد ئەمـــە یەکـــەم ســـەفەرێتی. لەگـــەڵ نزیکبوونـــەوەی ڕۆژی سـەفەرەکەیدا زیـاتر نیگـەران دەبـوو. هەرکەسـواری کەشـتییەکە بـوو، هەستیکرد غەمگین و تەنیایە و حەزیدەکرد بەتەنیا بێت و بگری.

کـاتێ دوا شـووتی بەڕێکـەوتنی کەشـتییەکە هاتـەگوێ، دکتـۆر ئۆربینۆ دازاو ژنەکەی بەڕووخۆشییەوە خواحافیزییان لەفێرمینا دازا کردو فلۆرنتینۆ ئەریزا هەتا پردی دابەزین بۆ سەروشکانیی لەگەڵیاندا ڕۆیشت. دکتـۆر ئۆربینـۆ هەوڵیدا لەلایەکـەوە بوەسـتێت بۆئـەوەی فلۆرنتینـۆ ئـەریزا بتوانێت لەدوای ژنەکەیەوە بڕوات، لەوکاتـەدا دەرکی بەوە کـرد کـەفلۆرنتینۆ ئـەریزاش دەچێت بـۆ ئـەم سـەفەرە. دکتـۆر ئۆربینـۆ دازا نـەیتوانی بەسـەر سەرسوڕمانی خۆیدا زاڵبێت وتی:

– بەڵام ئێمە لەمبارەیەوە قسەمان نەکردبوو!

فلۆرنتینۆ ئەریزا وەکو بەڵگەیەکی تەواوی نیازپاکیی خۆی کلیلی کابینەکەی نیشاندا: کابینەیەکی ئاساییبوو لەقوڵی ڕێبوارە ئاساییەکاندا. بەلای دکتۆر ئۆربینۆ دازاوە ئەو کلیلە بەڵگەی تـەواوی بێگوناهیی نـەبوو. بەسەرسـوڕمان و چـاوانی خنکاوێکـەوە کـەبۆ یارمـەتی بگـەڕێ تەماشـای ژنەکـەیکرد بـەڵام چـاوانی ژنەکـەی هـیچ یارمەتییـەکیان نـەدا. ژنەکـەی بەدەنگێکی زۆر هێواش و تووڕەوە پێیوت " تۆش؟" بەڵێ، ئەویش وەکو ئۆفیلیای خوشکی بیریدەکردەوە کەتەمەنێك هەیە بۆ خۆشەویستیی و لەو تەمەنە بەدواوە خۆشەویستیی شتێکی ناقۆڵایە. بەڵام توانی یەکسەر بێتەوە سەرخۆی و بەدەستڕاوەشاندنێك کەزیاتر نیشانەی ملدانبوو تاسوپاسکردن خواحافیزی لەفلۆرنتینۆ ئەریزا کرد.

فلۆرنتینـۆ ئـەریزا لەمابـەینی لاوانـەی سـاڵۆنەکەوە کـە لەلایـەوە وەسـتابوو ئـەوانی بـینی لەکەشـتییەکە دابـەزین، ڕێـك بەوشـێوەیەی کەئومێدەواربوو و بەدڵ بەئاواتی دەخواست، دکتۆر ئۆربینۆ دازاو ژنەکەی پێشنەوەی سواری ئوتومبیلەکەیان بن ئاوڕیاندایەوەو تەماشای ئەمیان کرد

ئەمیش وەکو نیشانەی خواحافیزی دەستی بۆ راوەشاندن. ئەوانیش بەدەستڕاوەشاندن وەڵامیاندایەوە. فلۆرنتینۆ ئەریزا ئەوەندە لای لاوانەکەوە مایەوە هەتا ئۆتومبیلەکە لەناو تەپوتۆزی دەوری بارداگرتنەکەدا لەچاوونبوو. پاشان چوو بۆ کابینەکەی بۆ ئەوەی جلوبەرگێکی گونجاوتر بۆ یەکەم نانخواردنی ئێوارە لەبەربکات، کە لەژووری کاپیتان دادەنرا.

شەوێکی خۆشبوو، کاپیتان دیگۆ سامارتیانۆ بەگێڕانەوەی چیرۆکی خۆشی ئەو چل ساڵەی لەناو کەشتیوانی رووباردا بەسەریبردبوو هەمووانی خۆشحاڵدەکرد، بەڵام فێرمینادازا ناچاربوو زۆر هەوڵبدات بۆ ئەوەی خۆی خۆشحاڵ نیشانبدات. لەگەڵ ئەوەشدا کەدوا شووت لەسەعات هەشتدا لێدرابوو و بەرێکەرانی کەشتییەکە بەناچاریی چووبوون پردە تەختەکەیان هەڵدابۆوە بەڵام هەتا کاپیتان نانخواردنەکەی تەواونەکردو بۆ رێنماییکردنی بەرێکەوتنی کەشتییەکە نەچووە ژووری سەرکردایەتی، کەشتییەکە نەکەوتەڕێ. فێرمینا دازا و فلۆرنتینۆ ئەریزا لای لاوانەی هۆڵی گشتییەوە وەستابوون و دەیانڕوانی. لەگەڵ رێبوارەکانیتردا تێکەڵببوون کەکردبوویان بەهەرا، لەسەرئەوەی کەکامیان باشتر دەتوانێت گڵۆپەکانی شار بناسێتەوەو گرەویاندەکرد. فلۆرنتینۆ ئەریزاو فێرمینا دازا هەتا کاتی دەرچوونی کەشتییەکە لەکەنداو و ئارامگرتنی لەڕێڕەوە نادیارەکانی ئەو زەلکاوانەدا کەپڕبوون لەڕووناکی شەپۆلاویی ماسیگرەکان و جووڵەی بەناو هەوای ئازادی رووباری مەجدەلینای مەزندا، لای لاوانەکە وەستابوون.پاش ئەوەی گروپی مۆسیقا دەستیان بەلێدانی پارچە مۆسیقایەکی میللی ئاستنزم کرد. شەپۆلێکی کەیف وخۆشی باڵی بەسەر رێبوارەکاندا کێشاو سەمایەکی شێتانە دەستپێکرد.

فێرمینادازا وای بەباشزانی پەنا بۆ کابینەکەی بەرێت. لەسەرەتای خۆرئاوابوونەوە تەنانەت یەك وشەشی لەدەم نەهاتبووە دەرەوە. فلۆرنتینۆ ئەریزا لێیگەڕا تا لەناو خەیاڵاتی خۆیدا بێت، تەنیا لەبەردەم دەرگای

کابینەکەیدا شەوباشی لێکرد، بەڵام فێرمینا ماندوونەبوو تەنیا کەمێك هەستی بەسەرما دەکرد، پێشنیازیکرد کەمێك لەبالکۆنی کابینەکەیدا دابنیشن و تەماشای رووبارەکە بکەن. فلۆرنتینۆ دوو کورسی قامیشی راکێشا، لەقەراغی لاوانەکە داینان، گڵۆپەکانی کوژاندەوە، بەتانییەکی خوری دابەشانیداو لەتەنیشتییەوە دانیشت. فێرمینا دازا بەشارەزاییەکی سەرسوڕهێنەرەوە لەوقووتوە بچووکەی کەفلۆرنتینۆ پێشکەشیکردبوو سیغارێکی دەرهێناو پێچایەوە. سەری داگیرساوی جگەرەکەی خستەدەمییەوەو بەئارامی و بەبێ قسەکردن، دەستیکرد بەکێشانی، دووانی تریشی پێچایەوەو ئەوانیشی یەك لەدوای یەك کێشا. فلۆرنتینۆ ئەریزاش قوم قوم دوو تەرمۆزە قاوەی تاڵی خواردەوە.

گڵۆپەکانی شار لەپشت هێڵی ئاسۆوە دیارنەمابوون. لەبالکۆنە تاریکەکەوە بینینی رووبارە ئارامەکەو لەوەرگاکانی هەردوولای کەناری رووبارەکە، لەبەر تریفەی مانگەشەوەکەدا کەمانگی چواردەبوو وەکو دەشتێکی فسفۆری خۆیان دەنواند. جاربەجارێ دەتوانرا کۆلیتێکی حەسیریی لەتەنیشت ئاگری گەورەوە بەدیبکرێت کەگوزارشتیان لەوە دەکرد داری فرۆشتن هەیە بۆ کەشتییە هەڵمییەکان. فلۆرنتینۆ ئەریزا هێشتا چەند یادەوەرییەکی تاڵی سەبارەت بەسەفەرەکەی کاتی گەنجیی هەبوو، رووناکی ناو رووبارەکە وەها ئەو بیرەوەرییانەی بووژاندەوە وەك ئەوەی دوێنێ رووياندابێت. بەو خەیاڵەی وورەی بدەنەبەر هەندێکیانی بۆ فێرمینا گێڕایەوە. بەڵام فێرمینا یەکبینە جگەرەی دەکێشاو لەناو دنیا تایبەتەکەی خۆیدابوو. فلۆرنتینۆ وازی لەگێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی هێناو لێگەڕا فێرميناش لەگەڵ بیرەوەرییەکانی خۆیدا بەتەنیابێت. لەمکاتەدا فلۆرنتینۆ سیغاری دەپێچایەوە، دایدەگیرسان و دەیدایە دەست فێرمینا، هەتا قوتووی سیغارەکە هیچی تیانەما. دوای نیوەشەو مۆسیقا وەستاو دەنگەدەنگی رێبوارەکان نەما، بووبەچپە چپی خەواڵوانە. لەناو بالکۆنە تاریکەکەدا تەنیا

دوودڵ مانەوە کەهاوزەمان لەگەڵ هەناسەی کەشتییەکەدا لێیاندەدا. دوای

ماوەیەك فلۆرنتینۆ ئەریزا لەبەر رووناکی رووبارەکەدا تەماشای فێرمینای کرد. وەکو خەیاڵێك هاتە بەرچاوی. نیوەی رووخساری کەوەك هی پەیکەرێ وابوو لەبەر تیشکێکی شینی کاڵدا جوانتر خۆیدەنواند. فلۆرنتینۆ هەستی بەگریانی بێدەنگی فێرمینا کرد. بەڵام لەجیاتی ئەوەی دڵخۆشی بداتەوە یان چاوەڕێبێت کەفوکوڵی دڵی دابمرکێنێتەوە- ئەمەش ئەوشتەبوو کەخودی فێرمینا حەزی پێدەکرد- ترس بەسەریدا زاڵبوو، بەدەستەپاچەییەوە پرسی:

- حەزدەکەی بەتەنیا بیت؟

- ئەگەر بمویستایە بەتەنیابم پێمنەدەوتی وەرە ژوورەوە!

ئەوسا فلۆرنتینۆ پەنجە ساردەکانی درێژکردو لەناو تاریکییەکەدا بۆ دەستێکیتر گەڕا. ئەو دەستەی دۆزییەوە کەچاوەڕوانیدەکرد. هەردووکیان تەواو هۆشیاربوون کە لەوساتەوەختە تیژ تێپەڕەدا دەرك بەوەبکەن ئەودەستانەی عومرێکی درێژیان بەڕێکردبوو ئەو دەستانە نەبوون کەبەرلەوەی بەیەك بگەن لەخەیاڵی خۆیاندا لێکیاندەدایەوە، بەڵکو دوودەستی پیری دەماراوی بوون- بەهەرحاڵ لەساتەوەختی دوای ئەوەدا بەوشێوەیە بوون کەدەیانویست- فێرمینا بەزمانی حاڵیحازر دەستیکرد بەقسەکردن دەربارەی مێردە رەحمەتییەکەی، وەك ئەوەی لەژیاندابێت. فلۆرنتینۆ ئیدی دەیزانی بۆ فێرميناش کاتی ئەوە هاتووە کە بەویقارو گەورەیی و شەوق و زەوقێکی رامنەکراوەوە بۆ ژیان، لەخۆی بپرسێت دەبێ چی لەگەڵ ئەو خۆشەویستییەدا بکات، کە بەبێ خاوەن بەجێیهێشتووە.

فێرمینا دازا بۆئەوەی ئەو دەستەی لەکیس نەچێت کەهێشتا لەناو دەستیدابوو، دەستی لەجگەرە کێشان هەڵگرت. وێڵ و سەرگەردان حەزیدەکرد دەرك بەو مەسەلەیە بکات کەبۆچی ناتوانێت وێنای مێردێکی باشتر لەوەی خۆیبکات، بەوحاڵەشەوە کاتێ ژیانی خۆیانی بیردەهاتەوە

زیاتر لەوەی خۆشیی بەدیبکات، کێشەو بەدحاڵیبوونی دوولایەنەومشتومڕی بێسوودو رق و کینەی لەبن نەهاتووی دەبینی. لەناکاو ئاهێکی هەڵکێشاو وتی " ناتوانم باوەڕبکەم کەچۆنچۆنی مرۆڤ دەتوانێت ئەو هەمووساڵە لەناو ئەو هەموو بگرەو بەردەو ئەو هەموو کێشەیەدا، بەختەوەربێت، بەڕاستیش نەزانێت ئایا ئەو نەفرەتییە خۆشەویستیی بوو یان نا." کاتێ دەردەدڵی تەواوبوو، مانگ ئاوابوو. کەشتییەکە بەخێراییەکی یەک ریتم بەرەوپێشەوە دەکشا. هەنگاو بەهەنگاو: چەشنی ئاژەڵێکی زەبەلاح و وریا. فێرمینا دازا کەهاتبۆوە سەرخۆی، وتی:

- ئێستا بڕۆ.

فلۆرنتینۆ دەستی فێرمینای گوشی، بەلایدا چەمییەوەو ویستی رووەمەتی ماچبکات، بەڵام فێرمینا بەدەنگێکی گیراوو ناسکەوە بەری لێگرت و پێیوت:

- نا، ئێستا نابێت .. بۆنی پیرەژنم لێدێت.

فێرمینا دازا هەستیکرد بەناو تاریکییەکەدا چووەدەرێ گوێی لەتەپەی پێی و تەقەی هەنگاوەکانی بوو لەسەر قادرمەکان، هەستی بەنەمانی کرد هەتا رۆژی دوایی. جگەرەیەکی دیکەی داگیرساند، لەکاتێکدا دوکەڵەکەی بەبادەکرد دکتۆر ئۆربینۆ بەجلوبەرگە سپییە کەتانییەکەی و توندوتۆڵیی پیشەیی و لوتفی سەرسوڕهێنەرانەی و خۆشەویستیی رەسمییەوە هاتەبەرچاوی. بەکڵاوەسپییەکەی لەکەشتییەکی دیکەوە کە لەرابردوودا بوو خواحافیزی لێکرد. رۆژێ لەرۆژان پێیوتبوو " ئێمەی پیاوان هیچ نین جگە لەکۆیلەی بەدبەختی وەهم. بەڵام کاتێ ژنێك بڕیاردەدات لەگەڵ پیاوێکدا بخەوێت، بەربەستێك نییە کەبەسەریدا سەرنەکەوێت، قەڵایەك نییە وێرانی نەکات، هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی نییە کەئامادەنەبێت لەڕەگ وریشەوە پێشێلی بکات، هیچ خودایەك نییە پۆلێ بێنێ" فێرمینا دازا هەتا بەرەبەیان بێجووڵە دانیشت، لەکاتێکدا بیری لەفلۆرنتینۆ دەکردەوە نەك وەکو

پاسەوانێکی نەگبەت لەپارکی (ئیڤانجیلس) کەیادەوەریی تەنانەت تۆسقاڵێ هەستی دڵتەنگیی بۆ ئەو ڕۆژگارە تێدا بێدار نەدەکردەوە، بەڵکو هەروەکو ئێستا چۆنبوو ئاوا بیری لێدەکردەوە واتە پیرو لەنگ، بەڵام واقیعی: پیاوێك بوو کەهەمیشە حازرو ئامادەو لەبەردەستدا بوو، ئەم هەرگیز نەیتوانی بیناسێت. هەروا کە کەشتییەکە بەشەکەتییەوە بەرەو شکۆی یەکەمین شکۆفەکانی ڕۆژی دەبرد، تەنیا شتێ کە لەخوای داوادەکرد ئەوەبوو کە فلۆرنتینۆ بزانێت ڕۆژی دوای ئەوە چۆنچۆنی دووبارە دەست پێبکاتەوە.

فلۆرنتینۆ دەیزانی کەفێرمینا دازا بەگەرسۆنەکەی وتبوو لێیگەڕێ هەتا خۆی خەبەری دەبێتەوە بخەوێت. کاتێ خەبەریبۆوە گوڵدانێکی لەسەر کۆمەدییەکە بینی کەگوڵێکی سپی تازەی تێدابوو، هێشتا دڵۆپی شەونم لەسەر پەڕەی گوڵەکە بەدیدەکرا. هەروەها نامەیەکی فلۆرنتینۆشی لەگەڵدا بوو لەچەند لاپەڕەیەك پێکهاتبوو کە لەوکاتەوەی خواحافیزی لێکردبوو نووسیبووی. نامەیەکی ئارامبوو ئەوحاڵەتە دەروونییەی دەردەبڕی، کەشەوی پێشوو دیلی کردبوو. بەهەمان رادەی هەموو نامەکانی تری شیعرییەتی تێدابوو بەهەمان رادەش ڕەوانبێژیی تێدابوو بەڵام واقیعی بوو. فێرمینا دازا لەبەرتریەی ئاشکرای دڵی بەهەندێ شەرم و پەرێشانییەوە نامەکەی خوێندەوە. نامەکە بەو داخوازییە کۆتاییدەهات کە بەگەرسۆنەکە بڵێت کەی ئامادەدەبێت، لەبەرئەوەی کاپیتان لەژووری سەرکردایەتی کەشتییەکە چاوەڕوانییان دەکات بۆئەوەی چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کاروباری کەشتییەکەیان بۆ باسبکات.

فێرمینا سەعات یانزە ئامادەبوو، خۆی شۆردبوو، بۆنی سابوونی گوڵبۆی لێدەهات. عەزیەکی بێوەژنانەی خۆڵەمێشیی زۆر سادەی لەبەردابوو، هیچ پەرێشانیی و ناڕەحەتییەکی شەوی رابردووی پێوە دیارنەبوو. داوای لەو گەرسۆنە کرد بەرچاییەکی سادەی بۆبێنێت کەبەرگێکی سپی لەبەردابوو، خزمەتکاری تایبەتیی کاپیتان بوو، بەڵام

جوابی نەنارد کەس بێت بەشوێنیدا. لەکاتێکدا بەئاسمانی سایەقەی سامانڵ سەراسیمە ببوو بەتەنیا سەرکەوت بۆ ژووری سەرکردایەتی کەشتییەکە، لەوێ فلۆرنتینۆی بینییەوە کە لەگەڵ کاپیتاندا قسەیدەکرد. فلۆرنتینۆ جیاوازبوو، نەك لەبەرئەوەی ئەم بەدووچاوی جیا لەڕۆژانی ترەوە لێیدەڕوانی، بەڵکو لەبەرئەوەی هەر بەڕاستی جیاوازبوو، لەجیاتی جل وبەرگی پرسە کە لەهەموو تەمەنیدا لەبەریدەکرد، جووتێ پێڵاو و گۆرەوی سپی لەپێدابوو، پانتۆڵ و کراسێکی کەتانی یەخەکراوەی قۆڵ کورتیشی لەگەڵدا لەبەرکردبوو، یەکەم پیتی ناوی خۆی لەسەر سنگی لەسەرگیرفانی کراسەکەی چنرابوو. کڵاوێکی سپی سکۆتلەندایيشی لەسەردابوو، لەجیاتی چاویلکەی نزیکبینی هەمیشەیی چاویلکەیەکی عەدەسە تاریکی لەچاوکردبوو. دیاربوو ئەم هەموو شتانەی کەبۆ یەکەمجار بەکاردەهێنران، تەنیا بۆ سەفەرەکە کڕاون، جگە لەقایشی پانتۆڵەکەی کەقاوەیی وکۆنبوو، لەیەکەم نیگادا واسەرنجی فێرمینای راکێشا وەك ئەوەی مێشێك بێت لەسەر قاپێ شۆربا. فێرمینا بەبینینی فلۆرنتینۆ بەوشێوەیە، کە لەبەرخاتری ئەم بەوشێوە تایبەتییە خۆی گۆڕیبوو، نەیتوانی بەرلەو سوورهەڵگەڕانە ئاگرینەی کوڵمەکانی بگرێت کەگۆناکانی تەنییەوە. فێرمینا کاتێ تەوقەی لەگەڵ کرد ئەبڵەقبوو. فلۆرنتینۆ لەفێرمینا زیاتر ئەبڵەقبوو، لەوەی کەبەشێوەیەك رەفتاریاندەکرد وەك ئەوەی دەزگیرانی یەکدی بن هەردووکیان زیاتر سەرسامبوون، هۆشیارییان سەبارەت بەوەی سەرسامن تا ئەو رادەیە سەرسامیکردن کەکاپیتان سامارتیانۆ وەك مچوڕکەی خۆشەویستیی نێوانیان هەستی بەمەسەلەکە کرد. بۆئەوەی لەو تەنگەتاوییە دەربازیان بکات، دوو سەعاتی لەکاتی خۆی تەرخانکرد تا سیستمی کۆنترۆڵ و میکانیزمی گشتیی کەشتییەکەیان بۆ روونبکاتەوە. بەئارامی لەناو رووبارێکی بێکەناردا لەجوولەدا بوون کە لەنێوان کۆمەڵێ تەپۆلکەی لمی وشك وبرنگدا کە تاهێڵی ئاسۆدرێژ دەبۆوە، وەك مار پێچاوپێچی دەکرد.

بەڵام بەپێچەوانەی ئاوی لێڵی سەرچاوەی رووبارەکەوە، ئاوەکە لەوێدا ئارام و روونبوو، لەبەر هەتاوی سووتێنەردا وەکو کانزایەک دەدرەوشایەوە. فێرمینا دازا هەستیدەکرد ئەوێ زەوییەکی سێگۆشەیە لەنێوان دوو سەرچاوەی رووبارەکەدا کەپڕە لەدورگەی لمی. کاپیتان پێیوت:

– ئەمە سەراپای ئەو رووبارەیە کەلێیەوە بەڕێکەوتووین!

فلۆرنتینۆ ئەریزا بەڕاستی لەو گۆڕانکارییانە سەرسام ببوو، رۆژی دوای ئەوە کە کەشتییەکە بەدژوارییەکی زیاترەوە دەکشا، زیاتر سەری سوڕما، هەستیکرد کە مەجدەلینای رووباری باوک و یەکێك لەڕووبارە گەورەکانی جیهان، هیچ نییە جگە لە دالغەیەك لەدالغەکانی یادەوەریی.

کاپیتان سامارتیانۆ ئەوەی بۆ روونکردنەوە کەچۆن برینی گێلانەی درەختی دارستانەکان لەماوەی پەنجا ساڵدا، رووبارەکەی کاولکردووە. مەنجەڵی گەورەی کەشتییەکان دارستانی درەختە زەبەلاح و تێکچرژاوەکانیان سووتاندبوو کە لەیەکەم سەفەری دەریاییدا فلۆرنتینۆیان تووشی هەناسەبڕکێ کردبوو. فێرمینا دازا ئەو ئاژەڵانەی نەدەبینی کە ئاواتی بوو بیانبینێ: راوچییەکانی پێستەی دەباخانە کە لە(نیو ئۆرلیانز)ەوە هاتبوون بەتەواوی ئەو تیمساحانەیان لەناو بردبوو کەچەندین سەعات وەك ئەوەی باوێشك بدەن دەمیان دەکردەوەو لەسەر لمی کەناری رووبارەکە بەمەبەستی راوکردنی پەپوولەکان رادەکشان وخۆیان دەکرد بەمردوو. تووتییە دەم بەهاوارەکان و ئەو مەیموونانەی وەك شێت دەیانقیژاند لەگەڵ نەمانی لق وپۆپەکاندا، لەناوچووبوون، مانگا دەریاییەکان کە بەگوانە گەورەکانیان شیریان بەبێچووەکانیان دەداو لەکەنارەکان وەکو ژنی داماو دەگریان، لەوجۆرە ئاژەڵە لەناوچووانەبوون کەبەگوللەی راوچییەکان هەر بۆ خۆشی و کات بەسەربردن کوژرابوون.

کاپیتان سامارتیانۆ جۆرێك لەسۆزی نیمچە دایکانەی هەبوو بۆ مانگا دەریاییەکان لەبەرئەوەی لەڕوانگەی ئەوەوە ئەوخانمانەبوون کەبەهۆی

هەڵـەی خۆشەویـستییەکەوە کـەکردبوویان بەنـەفرەت کرابـوون. کاپیتـان باوەڕی بەو ئەفسانەیە هەبوو کە لەشانشینی ئاژەڵاندا مانگا دەریاییەکان تەنیا مێیەن کەنێرەیان نییە. هەمیشە دژی ئەوەبوو کە لەکەشتییەکەیەوە تەقەیان لێبکرێت کەسەرەڕای ئەوەی لەرووی یاساییەوە قەدەغەبوو، شتێکی باوبوو. جارێکیان راوچییەکی کارۆلینای باکوور کەمۆڵەتی رەسمی پێبوو سەرپێچی رێوشوێنەکانی ئەمی کردبوو، بە گوللەیـەکی تفەنگە سپرینگ فیڵدەکەی سەری مانگایـەکی دەریـایی داغـان کردبوو، لەکاتێکدا ئاژەڵەکە بەناڵەوە تەخت ببوو بێچووەکەی بەسەریدا دەگریـاو دەیقیژاندو شێتببوو. کاپیتان فەرمانیدا بێچووی مانگا دەریاییەکە بێنن بۆ ناوکەشتییەکە چونکە بێدایک مـابۆوە بۆئەوەی بەخێوی بکـات، راوچییەکەشی لـەو کـەنارە وشـك وبرنگـە لای کـەلاکی مانگـا کوژراوەکـە بەجێهێـشت. لەئـەنجامی نـاڕەزایی دیپلۆماسییەوە کاپیتان شەش مـانگ فڕێدرایە زیندانەوە، هێنـدەی نـەمابوو مۆڵەتی کارکردنیشی وەکو دەریاوانێك لەدەستبدات. بەڵام کـاتێ لەزینـدان هاتـەدەرەوە دیـسان ئامـادەبوو هـەرکاتێ پێویـستیکرد ئـەوکارە دووبـارە بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە وەك رووداوێکی مێژوویی لێهاتبوو: مانگا دەریاییە بێدایکەکە گەورەبوو، ساڵانێکی زۆر لەباخچەی ئاژەڵانی دەگمەن لە(سان نیکۆلا دی لاس بارانکاس) ژیا دوا ئاژەڵی لەوجۆرەبوو کەبەدرێژایی رووبارەکە بەدیکرا.

کاپیتان وتی:

– هـەرجارێ کەبـەم کـەنارەدا تێپـەڕدەبم لـەخوا دەپاڕێمـەوە ئـەو ئەمریکییە سوار کەشتییەکەم بێت بۆئەوەی لەو شوێنەدا بەجێیبهێڵمەوە.

فێرمینا دازا کەسەرەتا زۆر حەزی لەچارەی کاپیتان نەبوو ئەوەنـدە کەوتە ژێر کاریگەریی ئەم نەڕەدێوە دڵناسکەوە کە لەورۆژە بەدواوە لـەدڵی خۆیـدا جێگایـەکی تایبـەتی بـۆ تـەرخانکرد. فێرمینـا لەمـەدا بەهەڵـەدا

نەچووبوو: چونکە تازە سەفەرەکە خەریکبوو دەستپێدەکرد، هەڵوێست و بۆنەی زیاتر دەهاتنە پێشەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بێت بەهەڵەدا نەچووە.

فێرمینا دازا و فلۆرنتینۆ ئەریزا تاکاتی نانخواردنی نیوەڕۆ لەژووری سەرکردایەتی کەشتییەکە مانەوە. کەمێک پاشئەوەی بەشارۆچکەی کالاماردا تێپەڕین، خواردنی نیوەڕۆ دانرا. ئەو شارۆچکەیە کە لەکەنارەکەی بەرامبەریانبوو تاچەند ساڵێ بەرلەوە لەجەژنێکی هەمیشەییدا دەژیا بەڵام ئێستا بەندەرێکی وێران و چەند شەقامێکی چۆڵ و هۆڵی لێمابۆوە. تەنیا بوونەوەرێ کەئەمان لەکەشتییەکەوە تیایدا بینیان، ژنێکبوو بەجلی سپییەوە کەبەدەسرێک ئاماژەی بۆ دەکردن. فێرمینا لەوە تێنەدەگەیشت لەکاتێکدا ئەو ژنە ئەوەندە داماو وکارەساتبار دەهاتەبەرچاو بۆچی سواری ناکەن، بەڵام کاپیتان ئەوەی روونکردەوە کەئەوە رۆحیانەتی ژنێکی خنکاوە کەئاماژە فریودەرەکانی بەمەبەستی لەرێگا دەربردن و خستنەداوی کەشتییەکانە بۆ ناو ئەوگێژاوە ترسناکانەی لەکەنارەکەی ئەولادان. هێندە نزیک بەلای تارمایی ژنەکەدا تێپەڕین کەفێرمینا بەروونی لەبەرتیشکی هەتاو روخساری بینی، گومانی نەبوو کەبەڕاستی وجودی نییە، بەڵام روخساری بەلایەوە ئاشنابوو.

رۆژێکی درێژو گەرمبوو، فێرمینا دوای نانخواردنی نیوەڕۆ بۆ کابینەکەی، بەڵام لەبەرئەو ئازاری گوێچکەیەی کەتووشی ببوو باش نەخەوت. ئازاری گوێچکەی کاتێک چەند فرسەخێ لەدووری (بارانکا بییخا) بەلای کەشتییەکی کۆمپانیای کاریبی بۆ کەشتیوانی رووباردا تێپەڕین زۆر زیادیکرد لەبەرئەوەی دوو کەشتییەکە بەشووتێکی بەهێز سەلامیان بۆ یەکتریکرد. زۆربەی رێبوارەکان بەشێوەیەك لەهۆڵی سەرەکی خەوتبوون سەرخەوشکاندنی نیوەڕۆ کەقابیلی خۆلێبواردن نەبوو گەڕایەوە بۆ دەتگوت نیوەشەوە. فلۆرنتینۆ ئەریزاش لەهۆڵەکە سەرخەوێکی شکاند، لەو شوێنەدا کەرۆسالبای دیبوو لەکەشتییەکە دابەزیبوو بۆسەر وشکانی خەوی

پێوەدی. لەخەونەکەیدا رۆسالبا بەتەنیا سەفەریدەکردو جلوبەرگی سەدەی رابردووی لەبەردابوو، لەجیاتی منالەکە رۆسالبا لەناو ئەو قەفەزە حەسیرییەدا خەوتبوو کەبەقەراغی لایەکی بەلەمەکەدا هەڵواسرابوو. ئەو خەونە بۆ فلۆرنتینۆ ئالۆزو لەهەمانکاتدا لەزەت بەخشبوو، تەواوی ئەو پاشنیوەڕۆیە کاتێ لەگەڵ کاپیتان و دووکەس لەڕێبوارەکان کەهاوڕێی بوون دۆمینەی دەکرد لەزەتی لێدەبینی.

لەگەڵ خۆرئاوابووندا دنیا فێنکتر دەبوو، ژیان دەگەڕایەوە بۆناو کەشتییەکە. رێبوارەکان وادەهاتنە بەرچاو وەك ئەوەی لەسووڕی متبوونێکی درێژ بێنەدەرێ. تازە خۆیان شۆردبوو، جلوبەرگی خاوێنیان لەبەرکردبوو لەسەر کورسییە حەسرییەکان دانیشتبوون، چاوەڕوانی خواردنی ئێوارە بوون. خواردنی ئێوارە سەعات پێنجی رێك لەلایەن گەرسۆنێکەوە راگەیەنرا کە لەلایەکی کەشتییەکەوە دەچوو بۆ لایەکیترو لەناو چەپڵەی خەڵکەکەدا زەنگی (شماسی) لێدەدا. کاتێ دەستیان بەنانخواردن کرد، تیپی مۆسیقا دەستی بەلێدانی مۆسیقای فانداگۆی سەما کرد، هەتا نیوەشەو سەما بەردەوامبوو.

فێرمینا دازا کە لەبەر ئازاری گوێی نەیدەتوانی نانبخوات، تەماشای هەڵگرتنی کۆمەڵی یەکەمی ئەو دارانەی کرد کەدەهێنران بۆ مەنجەڵی کەشتییەکە، لەئاوەڕێیەکی چۆڵ دەکران کەهیچی لێنەبوو جگە لەدارەبڕاوەکان وپیاوێکی زۆر پیر کەسەرپەرشتی ئەوبازرگانییەی دەکرد. وانەدەهاتەبەرچاو تاچەند فرسەخێ لەدەوری ئەو شوێنە کەسی لێبێت. بەلای فێرمیناوە، وەستانی کەشتییەکە درێژخایەن و بێزارکەربوو کەشێوەی ئەم وەستانە لە کەشتییە هەڵمییە ئۆقیانووسبڕەکانی ئەورووپادا پێشبینی نەدەکرا، گەرماکەی ئەوەندە زۆربوو کەتەنانەت لەناو بالکۆنی فێنکی دیدەوانیشیدا هەستپێدەکرا. لەشارۆچکەی (سیتیۆ نویڤۆ)وە تەنیا رووناکییەك لەپەنجەرەی تاقە ماڵێکەوە بەدیدەکراو نووسینگەی بەندەر

ئەنامازەی بۆ بارێك نەبۆ كۆمەڵێ ڕێبوارکرد تا کەشتییەکە هەڵیانبگرێت. لەبەرئەوە کەشتییەکە بەبێ شووتی سەلامکردن ڕەتبوو.

فێرمینا دازا تەواوی ئەو پاشنیوەڕۆیەی لەو بیرکردنەوەیەدا بەسەربرد کەداخۆ فلۆرنتینۆ ئەریزا بۆ بینینی ئەم بەبینەوەی لەدەرگای کابینەکەی بدات چ فێڵێك بەکاردێنێ، کاتێ شەوداهات ئیدی نەیدەتوانی لەبەرامبەر شەوق و تاسەی بینینی فلۆرنتینۆدا خۆی ڕابگرێت. بەئومێدی بینینی بەشێوەیەك کەوەکو ڕێکەوتێ بێتەبەرچاو چوو بۆ ڕاڕەوەکە، ناچار نەبوو زۆر دووربکەوێتەوە: فلۆرنتینۆ لەڕاڕەوەکەدا بەهەمان کزی و بێدەنگیی پارکی (ئیڤانجیلس)ەوە لەسەر کورسیەك دانیشتبوو، زیاتر لەدوو سەعاتبوو لەخۆی دەپرسی چۆنچۆنی دەتوانێت فێرمینا دازا ببینێت. هەردووکیان بەشێوەیەك سەرسوڕمانی خۆیان لەوە نیشاندا کەچۆن بەڕێکەوت یەکتریان دیوە کەهەردووکیشیان دەیانزانی ڕەفتارەکەیان دەسکردە، چوون بۆ ئەوشوێنەی تایبەتبوو بەڕێبوارە پلەیەکەکان کە سیخناخبوو لەو گەنجانەی دەنگە دەنگیان بوو، زۆربەیان خوێندکاربوون و بەنیگەرانییەوە بەمەبەستی ئەوپەڕی سوودوەرگرتن لەدواپاشەلەقەی مۆڵەتیان گەشتیان کردبوو، ئەوەندە خۆیان ماندووکردبوو هەناسەیان لەخۆیان بڕیبوو. لەهۆڵی پشوو فلۆرنتینۆ ئەریزاو فێرمینا دازا وەك ئەوەی خوێندکاربن لای بارەکەوە لەتەنیشت یەکەوە دانیشتن و سەرو بتڵ ساردەمەنییان خواردەوە، لەپڕ فێرمینا خۆی لە هەڵوێستێکی ترسناکدابینی و وتی " چەند ترسناکە."

فلۆرنتینۆ پرسیاری لێکرد بیری لەچی دەکردەوە کەئەوەندەبووە هۆی پەرێشانی و ناڕەحەتی بۆی فێرمینا وتی:

- ئای لەو دووپیرە داماوەی لەناو بەلەمەکەدا بەسەوڵ کوژران.

دوای گفتوگۆیەکی دووروودرێژو ئارام لەبالکۆنی تاریکی دیدەوانی کاتێ مۆسیقاکە تەواوبوو هەردووکیان بڕیاریاندا بچنە ژوورەوە، ئاسمان

هەوربوو، مانگ دیارنەبوو، لەهێڵی ئاسۆدا لەناکاو بروسکە بەبێ هەورەگرمە ناوەناوە ئەوێی رووناکدەکردەوە. فلۆرنتینۆ سیغاری بۆ پێچایەوە، بەڵام فێرمینا لەچواردانە زیاتری نەکێشا، چونکە بەدەست ئەو ئێشەوە ئازاری دەچێشت کەچەند ساتێ ئارامدەبۆوە، پاشان کاتێ کەشتییەکە بەلای کەشتییەکی دیکەدا یان بەلای گوندێکی خەوتوودا رەتدەبوو شووتی لێدەدا یان کاتێ جوولەی هێواش دەکردەوە بۆ ئەوەی قوڵایی رووبارەکە تەی بکات، دووبارە ئازارەکەی دەستی پێدەکردەوە. فلۆرنتینۆ پێیوت لەفێستیڤاڵی شیعردا یان لەوکاتەدا کەسواری باڵۆنەکەبووە یان کاتێ سواری پاسکیلی ئەکرۆبات بووە بەچ شەوق و زەوقێکەوە تەماشایکردووە، بەچ تاسەیەکەوە بەدرێژایی ساڵەکە چاوەڕوانی فێستیڤاڵی شیعری کردووە تەنیا بۆئەوەی بتوانێت ئەم ببینێت. فێرميناش لەزۆر بۆنەدا ئەوی دەبینی بەڵام وێنای ئەوەی نەدەکرد کەتەنیا بۆئەوە هاتووە تا ئەم ببینێ. بەهەرحاڵ، لەساڵێ کەمتربوو کەفێرمینا نامەکانی فلۆرنتینۆی دەخوێندەوە، سەری لەوە سوڕمابوو کەچۆن دەشێت هەرگیز لەبەشی پێشبرکێی فێستیڤاڵی شیعردا بەشداری نەکردبێت: گومان لەوەدانەبوو کەئەگەر بەشداریبکردایە خەڵاتی بەدەستدەهێنا. فلۆرنتینۆ درۆی لەگەڵکرد کەوتی تەنیا بۆ ئەو دەنووسێت، هەموو شیعرەکانی بۆئەوە، جگەلە فێرمینا کەسیتر نایانخوێنێتەوە. ئەوسا ئەوە فێرمینابوو کە لەتاریکییەکەدا بەدوای دەستی فلۆرنتینۆدا دەگەڕا، بەڵام بەو شێوەیەی کەشەوی رابردوو خۆی چاوەڕوانی دەستی فلۆرنتینۆ بوو، وادەستی ئەوی نەبینی کەچاوەڕوانی دەستی ئەم بکات. بەپێچەوانەوە لەناکاو دەستیگرت، دڵی فلۆرنتینۆ بەستی و وتی:

– ئای لەسەیروسەمەرەیی ژنان!

فێرمینا دەستیکرد بەپێکەنین، پێکەنینێك لەناخی دڵەوە وەك پێکەنینی منداڵێك. پاشان دووبارە بیری لەدوو پیری بەلەمەکە کردەوە. ئەو وێنەیە لەمێشکیدا چەسپیبوو: وێنەکە هەمیشە بەشوێنییەوەبوو. بەڵام ئەو

شەوە دەیتوانی بەرگەی بگرێت لەبەرئەوەی هەستی بە دڵنیایی و ئارامیی دەکرد، هەمان ئەو هەستەی کەچەند جاریٚ لەژیانیدا دەرکی پێکردبوو: هەستیکرد هیچ گوناهێکی نەکردووە. فێرمینا پڕبەدڵ حەزیدەکرد هەتا بەیانی لەوێدا بمێنێتەوە. بێدەنگبوو، دەستی فلۆرنتینۆ لەناو دەستیدا عارەقی ساردی کردبوو، بەڵام نەیدەتوانی بەرگەی ئازاری گوێچکەی بگرێت. بەجۆرێك کاتیٚ مۆسیقاکە نەماو دەنگە دەنگی ڕێبوارە ڕەشۆکییەکان نەما کە لەهۆڵەکەدا جۆلانەکانیان هەڵدەخست، فێرمینا هەستیکرد ئازاری گوێی لەئارەزووی مانەوە لەگەڵ فلۆرنتینۆدا زیاترە. لەگەڵ ئەوەشدا کەدەیزانی ئەگەر لای فلۆرنتینۆ باسیبکات ئازارەکەی سووکتر دەبێت، بەڵام ئەمەی نەکرد لەبەرئەوەی نەیدەویست فلۆرنتینۆ نیگەرانبکات. چونکە ئێستا وایدەهاتە بەرچاو ئەوەندە چاك فلۆرنتینۆی دەناسی و پێیوابوو ئەگەر سەراپای تەمەنیشی لەگەڵیدا بژیایە، هەرئەوەندەی دەناسی، لەوباوەڕەدابوو بۆ سووککردنی ئازارەکەی ئەم تەنانەت ئامادەیە فەرمان بەکەشتییەکە بدات بەرەو دواوە بگەڕێتەوە.

فلۆرنتینۆ ئەریزا کەپێشبینی ئەوەی کردبوو بارودۆخی ئەوشەوە بەوشێوەیە بەرەوکوێ دەچێت خۆی کێشایە دواوە، لەبەردەرگای کابینەکەدا ویستی بەماچ خواحافیزی لەفێرمینا بکات، بەڵام فێرمینا گۆنای چەپی بۆ هێنایە پێشەوە، فلۆرنتینۆ بەهەناسە بڕکێوە زیاتر پێیداگرت، فێرمینا بەنازو عیشوەیەکەوە کەفلۆرنتینۆ لەوکاتەشدا کە ئەم کچێکی مەکتەبلی بوو شتی وای لێنەدیبوو، گۆناکەی تری بۆ هێنایە پێشەوە. پاشان دیسان فلۆرنتینۆ پێیداگرت، فێرمینا لێوەکانی بۆ هێنایە پێشەوەو بەمچوڕکەیەکی قووڵەوە باوەشی پێداکرد کەدەیەویست بەخەندەیەك بیشارێتەوە کە لەشەوی شووکردنییەوە لەبیری کردبوو. فێرمینا وتی:

- خودایە، لەناو کەشتیدا من چەند شێتم!

فلۆرنتینۆ مچوڕکەی پێداهات: فێرمینا هەروەکو خۆی وتبووی بۆنی پیری لێدەهات. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ بەناو پێچاوپێچی جۆلانەی ڕێبواره خەوتووەکاندا بەرەو کابینەکەی دەچوو، بەو خەیاڵە دڵخۆشی خۆی دەدایەوە کەبێگومان خۆشی هەمان بۆنی لێدێت، بەو جیاوازییەشەوە کەئەم چوارساڵ لەو گەورەترە فێرمیناش دەبێ بەهەمان کاریگەرییەوە هەستی بەبۆنی ئەم کردبێت. ئەم بۆنە بۆنی جۆش وخرۆشی ئینسانبوو کەفلۆرنتینۆ لەدەنکە پیرەکانیدا هەستپێکردبوو، ئەوانیش لای ئەم هەستیانپێکردبوو. نازاریتی بێوەژن کەهیچ شتێکی لەدڵی خۆیدا نەدەهێشتەوە ڕۆژێک بەشێوەیەکی ناشیرین پێیوتبوو " ئێستا ئێمە بۆنی مریشکە بەکڕمان لێدێت" ئەو دوانە بەرگەی بۆنی یەکتریان دەگرت لەبەرئەوەی جووتێکی یەکسانبوون: بۆنی من لەبەرامبەر بۆنی تۆدا. لەلایەکیترەوە، فلۆرنتینۆ زۆر وریای بۆنی ئەمریکا ڤیکونیا بوو لەبەرئەوەی بۆنی قوماتی مناڵانەی غەریزەی دایکانەی تێدا زیندوودەکردەوە، بەڵام ئەو خەیاڵەی کەکچەکە حەزی لەبۆنی ئەم نەدەکرد بێزاریدەکرد: واتە بۆنی پیرەمێردێکی هیچ. بەڵام هەموو ئەمانە پەیوەندییان بەڕابردووەوە هەبوو. مەسەلەی گرنگ ئەوەبوو کە ئەو بەختەوەرییەی ئەو شەوە فلۆرنتینۆ هەستپێکرد، لەدوای ئەو کاتەوە کەئیسکۆلاستیکای پووری فێرمینا لەسەرمێزی نووسینگەی تەلەگراف کتێبی نوێژەکەی بەجێهێشتبوو، هەستی پێنەکردبوو: زۆری بەختەوەرییەکە دەیترساند.

ورده ورده خەوەنووتکەیبوو، کەپەیامنێری کەشتییەکە سەعات پێنج لەبەندەری (زامبرانۆ) خەبەریکردەوە بۆئەوەی بروسکەیەکی بەپەلەی بداتەدەست. بروسکەکە ئیمزای لیۆنا کاسیانی لەسەربوو، هی ڕۆژی پێشووبوو، هەموو ترس و تۆقاندنەکەی لەڕستەیەکدا کورت کردبۆوە: ئەمریکا ڤیکونیا دوێنێ مرد، هۆی مردنەکەی نەزانراوە. لەسەعات یانزەی بەیانیدا فلۆرنتینۆ لەڕێگەی پەیوەندییەکی تەلەگرافییەوە لەگەڵ لیۆنا

کاسیانیدا خۆی وردەکاریی مەسەلەکەی زانی، لەوکاتەوە کە تەلەگرافچیبوو ئەمە یەکەمجاربوو جارێکیتر ئامێری تەلەگراف بەکاربهێنێتەوە. ئەمریکا ڤیکونیا لەئەنجامی ئەوەی لەتاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵدا کەوتبوو تووشی تێکشکانببوو، شووشەیەك دەرمانی (لودانومی) خواردبۆوە کە لەخەستەخانەی قوتابخانەکەی دزیبوو. فلۆرنتینۆ لەقوڵایی رۆحیدا دەیزانی کەئەم چیرۆکە ناتەواوە.بەڵام نا. ئەمریکا ڤیکونیا هیچ یاداشتێکی بەجێنەهێشتبوو بەهۆیەوە سەرزەنشتی کەسێك بكات کەپاڵیپێوەناوە ئەو بڕیارەبدات. خێزانەکەی کە لەرێگەی لیۆنا کاسیانییەوە ئاگادارکرابوونەوە لە(پۆیرتوپادری)ەوە گەیشتبوون. سەعات پێنجی ئێوارە تەرمی ڤیکونیا دەنێژرێت. فلۆرنتینۆ ئەریزا هەناسەیەکی هەڵکێشا. تەنیا کارێ کەدەیتوانی بۆ درێژەدان بەژیان بیکات ئەوەبوو کەرێگە بەخۆی نەدات بۆ ئەو یادەوەرییە ئازار بچێژێت. مەسەلەکەی لەمێشکی خۆیدا سڕییەوە، هەرچەندە لەوساڵانەدا کە لەتەمەنی مابۆوە جاربەجارێ لەخۆوە، لەناکاو وەکو ئازارێکی سەخت و کتوپڕ وەك ئەوەی دەرزییەك بێت و بدرێت لەدوومەڵێك، هەستی بەبووژانەوەی دەکرد.

ئەو رۆژانەی پاش ئەوە هاتن گەرم و درێژ بوون. رووبارەکە لێڵ بوو، باریکدەبۆوە لەجیاتی درەختی گەورەو تێکچرژاو کە لەیەکەم سەفەریدا فلۆرنتینۆی سەرسامکردبوو، دەشتی تەختی گەچیبوو بێشەلانی تەواوو بێدرەخت هیچی نەمابوو، مەنجەڵی کەشتیی رووبار هەمووی هەڵلووشیبوو، پاکیکردبۆوە، پاشماوەی ئەو گوندانە بەدیدەکرا کەدرابوونە دەست خوا و شەقامەکانیان تەنانەت لەخراپترین وشکەساڵیشدا دەبوون بەژێر لافاوەوە. شەو دەنگی پەری ئاسای مانگای دەریایی کەنارەکان خەبەری نەدەکردنەوە بەڵکو بۆگەنی هێڵنجهێنەری ئەو لاشانە خەبەری دەکردنەوە کە لەرووبارەکەدابوون و سەرئاو کەوتبوون. وێڕای ئەوەی ئیدی نەجەنگێ لەئارادابوو، نە نەخۆشییەکی بەربڵاو، بەڵام هێشتا لاشەی ئاوساو سەرئاو

کەوتبوون. کاپیتان جارێکیان خاکییانە وتی: "فەرمانمان پێدراوە کەبەرێبوارەکان بڵێین ئەوانە لاشەی کۆمەڵێ کەسی خنکاون"

لەجیاتی قیژە قیژی تووتی و دەنگە دەنگی پڕناشووبی ئەو مەیموونانەی بەچاو نەدەبینران کەسەروەختێ گەرمای تاقەت پڕوکێنی نیوەڕۆ زیادیدەکرد، تەنیا بێدەنگیی قورسی خاکێکی وێرانکراو بەجێمابوو.

بەمەبەستی دارکردن کەشوێنەکانی کەمبوون و لەیەکەوە دوور بوون، -وەفای نوێ- لەرۆژ چوارەمی سەفەرەکەیدا کەسووتەمەنییەکەی تەواوببوو، ناچاربوو بوەستێ. لەوماوەیەدا کەکرێکارەکانی کەشتییەکە بەشوێن پاشماوەی دوا درەختە پەڕاگەندەکاندا زەلکاوەکان دەگەڕان، تەقریبەن کەشتییەکە بۆ ماوەی یەك هەفتە لەنگەریگرت. ئیدی نەدرەخت و نەکەس لەوناوەدا نەمابوو: داربڕەکان لەترسی دەرەبەگەکان، لەترسی کۆلێرای نەبینراو، لەترسی جەنگی ژێربەژێر هەڵاتبوون و کارەکەیان بەجێهێشتبوو کەحکومەتەکان بەفەرمانی گێژو وڕکەر هەوڵیاندەدا دیزە بەدەرخۆنەی بکەن. لەمکاتەدا، رێبوارەکان کەبێتاقەت دەبوون پێشبڕکێی مەلەیان رێکدەخست یان گروپیان بۆ راو پێکدەهێناو بە مارمیلکەی گەورەی زیندووەوە دەگەڕانەوە. ئەوسا سەراپا مارمێلەکانیان هەڵدەدڕی و هێلکە نەرم و نیوە روونەکانیان دەردەهێنان، بە بەن هەڵیاندەواسین بەلاوانەی کەشتییەکەدا تا وشك دەبوونەوە دواجار بەدەرزی و دەزوو دەیاندوورینەوە. ژنە سۆزانییە داماوەکانی گوندەکانی دەوروبەر، رێگای گروپە راوچییەکەیان هەڵدەگرت و لەقەراغی رووبارەکە چادریان هەڵدەدا، مۆسیقایان لێدەداو خواردنەوەیان رێکدەخست، لەبەرامبەر کەشتییە لەنگەر گرتووەکەدا فێستیڤاڵیان سازدەکرد.

زۆر پێش ئەوەی فلۆرنتینۆ ئەریزا ببێتە بەڕێوەبەری کۆمپانیای کاریبی بۆ کەشتیوانی رووبار گەلێ راپۆرتی ترسناکی سەبارەت بەحاڵی رووبارەکە بەدەستگەیشتبوو، بەڵام کەمتر ئەو زەحمەتەی دابووەبەرخۆی

کەبیانخوێنێتەوە. فلۆرنتینۆ بەمشێوەیە شەریکەکانی ئارامدەکردەوە " خەمتان نەبێت، هەتا دار تەواو دەبێت کەشتی وادروستدەکرێت کە بەنەوت کار بکات" فلۆرنتینۆ لەبەرئەوەی سەرقاڵ و سەراسیمەی خۆشەویستیی فێرمینابوو تەنانەت ئەو زەحمەتەشی نەدایە بەرخۆی بیر لەم مەسەلەیە بکاتەوە، کاتێکیش لەڕاستی مەسەلەکە تێدەگەیشت ئیدی کات تێپەڕیبوو هیچی لەدەستنەدەهات، مەگەر ئەوەی رووبارێکی تازەیان بدۆزیایەتەوە. تەنانەت لەو کاتانەشدا کەئاستی ئاوەکە بەرزبوو لەشەودا کەشتییەکان ناچاربوون لەنگەر بهاون و ئەوسا تەنانەت ئەو راستییە سادەیەی کەزیندوون ودەژین مەسەلەیەکبوو بەرگەی نەدەگیرا. زۆربەی رێبوارەکان، بەتایبەتی ئەوروپاییەکان بۆگەنی کابینەکانیان بەرەڵادەکردو شەویان بە پیاسەکردن لەسەر کەشتییەکە بەسەردەبرد بەهەمان ئەو خاولییانەی کەبەردەوام عارەقی لەشیان پێدەسڕی جۆرەها جرۆجانەوەریان لەخۆیان دووردەخستەوە، شەو هەتا بەیانی بەدەست ئازاری پێوەدانی مێرووەوە دەیاننالاندو گیانیان دەئاوسا. لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا رێبوارێکی ئینگلیزی سەبارەت بەسەفەرکردن کەسەرەتا بە بەلەمبوو، دواتر بەهێستر کەجاریوابوو پەنجا رۆژی دەخایاند، ئاوای نووسیبوو:" ئەمە یەکێکە لەناخۆشترین و سەختترین ئەو سەفەرانەی کەمرۆڤ دەتوانێت بیکات." ئەگەرچی ئەم مەسەلەیە بەدرێژایی هەشتا ساڵی یەکەمی کەشتیوانیی کەشتی هەڵمی راستنەبوو بەڵام پاشان بۆ هەمیشە راستبوو، ئەمەش لەکاتێکدابوو کەتیمساحەکان دوا پەپوولەیان قووتدابوو، مانگا دەریاییەکان دوایان بڕابوو، تووتی و مەیموون و گوندەکان لەناوچووبوون و هەموو شتێ کۆتاییهاتبوو.

کاپیتان پێکەنی و وتی:

– کێشە نییە، چەند ساڵێکیتر بەئۆتومبیلی مۆدیل بەرز بەناو رووبارە وشکەکاندا هاتوچۆ دەکەین!

لەسێ ڕۆژی یەکەمدا فێرمینا دازاو فلۆرنتینۆ ئەریزا سوودیان لەهەوای بەهاریی باڵکۆنی دیدەوانیی وەرگرت کەداخراوبوو، بەڵام کاتێ دار کەمبۆوە، دابەشکردنی بوو بەمووچەو سیستمی فێنککەرەوە بەرە بەرە توانای خۆی لەدەستدا کابینەی سەرکردایەتی کەشتییەکە وەکو ساونای لێهات. بەهەر دەردەسەرییەکبوو فێرمینا شەوی بەڕێدەکرد، لەبەرئەوەی لەپەنجەرە کراوەکانەوە شەماڵی ڕووبارەکە دەهاتەژوورەوە، مێشوولەشی بەخاولی لەخۆی دووردەخستەوە لەبەرئەوەی لەکەشتییە لەنگەر گرتووەکەدا بەکارهێنانی دەرمانی مێرووکوژ بێسوودبوو. ئازاری گوێچکەی وایلێهاتبوو بەرگەی نەدەگیرا بەڵام بەیانییەك کاتێ لەخەو هەڵسا هەرلەخۆیەوە ئازاری گوێچکەی نەمابوو- وەکو دەنگی زیکزیکەیەکی پانکراوە- بەڵام هەستی بەوە نەکرد کەگوێی چەپی توانای بیستنی لەدەستداوە. کاتێ لەمەسەلەکە حاڵیبوو کە ئەو شەوە کاتێ فلۆرنتینۆ لەلای چەپییەوە قسەیدەکرد، ناچاربوو سەری بسووڕێنێ بۆ ئەوەی گوێی لەوە بێت کەئەودەیوت. فێرمینا ئەم مەسەلەیەی بەکەس نەوت، لەبەرئەوەی ملی بۆ ئەو ڕاستییەدابوو کەئەمە یەکێکە لەدەردە زۆرو زەوەندەکانی پیریی کەچارەسەریان نییە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دواکەوتنی کەشتییەکە بەلای فێرمیناوە مەینەتییەکی پیرۆزبوو. فلۆرنتینۆ جارێکیان لەجێگایەکدا ئەوەی خوێندبۆوە ( خۆشەویستیی لە کاتی مەینەتییدا گەورەترو پیرۆزتر دەبێت) شێی کابینەی سەرکردایەتی کەشتییەکە دەیخستنە ناو سووڕی متبوونێکی ناڕاستەقینەوە کەتیایدا خۆشەویستیی بەبێ پرسیارکردن قورستردەبوو. ئەم جووتە ئەوەندە کاتیان بەیەکەوە بەسەردەبرد کەسەعاتەکانی لەوێناکردن نەدەهات، دەستیان دەخستە ناودەستی یەکتری و لەسەر کورسییەکانی باڵکۆنەکە دادەنیشتن، بەهێواشیی یەکتریان ماچدەکرد، بەبێئەوەی کۆسپی تووڕەبوون بێتەڕێیان دەستبازییان دەکرد. لەسێیەم شەوی سووڕی متبووندا فێرمینا بەیەك بتڵ عەرەقی ڕازیانەوە کەسەروەختێ بەدزییەوە

لەگەڵ هیلدیبراندای خاڵۆزای و داروەستەکەیدا دەیخواردەوە چاوەڕوانی فلۆرنتینۆی دەکرد، پاشانیش کەشوویکرد بوو بەخاوەنی منالْ لەگەڵ هاوڕێیانی دنیای رووکەشی خۆیدا لەودیو دەرگا داخراوەکانەوە دەیخواردەوە. فێرمینا بۆئەوەی بەهۆشیاریی تەواوەوە بیر لەچارەنووسی خۆی نەکاتەوە پێویستی بەوەبوو کەتاڕادەیەك مەست وخومار بێت، بەڵام فلۆرنتینۆ پێیوابوو فێرمینا بۆیە پێویستی بەخواردنەوەیە بۆ ئەوەی گیانی ئازایەتی پێببەخشێت تاهەنگاوی کۆتایی هەڵبگرێت. فلۆرنتینۆ کەئەم خەیاڵە پاڵنەریبوو، وێرای بەهێواشی سەری پەنجەکانی بەملی چرچ ولۆچی فێرمینادا بێنیْ و بیپشکنیْ، ئینجا دەستی کشا بۆ سینەی کە لەودیو بەرگێکی خشڵ ومتوموورووی کانزاییەوەبوو تێیدا جووتیْ مەمکی پووکاوەی دۆزییەوە، پاشان دەستی برد بۆ هەردووڕانی کەوەك هی ئاسکێکی پیر وابوون. فێرمینا بەنەشئەوە لەکاتێکدا چاوەکانی خستبووە سەریەك پێشوازیی لەم دەستبازییەی فلۆرنتینۆ کرد، بەڵام بێئەوەی مچوڕکەی پێدابێت. لەهەمان کاتدا جگەرەی دەکێشاو ناوە ناوە پێکێکی هەڵدەدا. دواجار کاتیْ دەستبازییەکە گەیشتە سکی و بڕی عەرەقەکەش لەبەردڵیدا بەسبوو، وتی:

– ئەگەر دەمانەویْ کاری گێلانە بکەین، بابیکەین، بەڵام بەو مەرجەی وەك هی دووکەسی بەساڵاچوو بێت.

فێرمینا پێشیکەوت بۆ جێگای نووستنەکە، لەبەر رووناکییەدا بەبیْ هیچ شەرمێکی دەسکرد دەستیکرد بەخۆڕووتکردنەوە. فلۆرنتینۆ لەسەر سیسەمەکە لەسەرپشت راکشا، هەوڵیدەدا کۆنترۆڵی خۆی بکاتەوە، بەبێئەوەی دیسان بزانێت چی لەپێستی ئەو پڵنگە بکات کەکوشتوویەتی. فێرمینا پێی وت " تەماشامەکە" فلۆرنتینۆ بەبێئەوەی نیگای لەبنمیچە لووسەکە هەڵبڕیْ پرسی بۆچی؟

فێرمینا وتی:

- لەبەرئەوەی نابمە مایەی سەرسامیت.

ئەوسا فلۆرنتینۆ تەماشایکرد، ڕێك هەروەکو بیری لێدەکردەوە بینی هەتا ناوقەدی ڕووتە. قۆڵەکانی چرچ و مەمکەکانی پووکابوونەوە، پەراسووەکانی بەپێستێکی زەردو ساردی وەك هی بۆق داپۆشرابوون، سینەی بەو بلوزەی داپۆشی کە لەداکەندنی ببۆوە، گڵۆپەکەی کوژاندەوە. ئەوسا فلۆرنتینۆ لەسەرسیسەمەکە راستبۆوە، لە تاریکییەکەدا دەستیکرد بەداکەندنی جلەکانی، هەرچیشی دادەکەند فڕێیدەدا بۆ لای فێرمینا ئەمیش بەقاقای پێکەنینەوە فڕێیدەدایەوە بۆ لای ئەو.

ماوەیەکی زۆر لەسەرسیسەمەکە لەسەرپشت راکشان، فلۆرنتینۆ سات لەدوای سات زیاتر مەستدەبوو، سات لەدوای سات پەرێشانتردەبوو، فێرمیناش تەواو ئاسوودەو تەقریبەن بێئیرادە راکشابوو بەڵام لەخودا دەپاڕایەوە وەکو هەمیشە کە لەخواردنەوەی عەرەقی رازیانەدا زیادەڕەویی دەکرد، دەستنەکات بەپێکەنینی گێلانە. ئەم جووتە قسەیانکرد بۆئەوەی کات تێپەڕێ، سەبارەت بەخۆیان و ژیانی جیاوازیان و ئەو ڕێکەوتە باشە قسەیاندەکرد کە لەکابینەیەکی تاریکی کەشتییەکی وەستاودا لەکاتێکدا لەتەنیشت یەکەوە راکشاون کەئەقڵ پێیاندەڵێت ئەمان تەنیا بۆ مردن کاتیان هەیە. فێرمینا هەرگیز ئەوەی نەبیستبوو کەژنێك لەژیانی فلۆرنتینۆدا هەیە، تەنانەت یەك ژنیش، ئەویش لەشارێکدا کەخەڵکی ئاگایان لەهەموو شتێکە، پێشنەوەی ڕوودبات. فێرمینا بەڕێتمێکی وەك ڕێکەوت ئەم بابەتەی هێنایە ئاراوە، فلۆرنتیۆ بەبێوەستان و بەدەنگێکی زوڵاڵ وتی:

- لە پێناوی تۆدا وەکو کوڕە عازەبێ ماومەتەوە.

بەهەرحاڵ، فێرمینا باوەڕی بەوە نەدەکرد تەنانەت ئەگەر راستیش بووایە، لەبەرئەوەی نامە عاشقانەکانی فلۆرنتینۆ لەچەند دەربڕینێك پێکهاتبوون کەبەهایان لەماناکانیاندا خۆی حەشارنەدابوو بەڵکو لە توانای سەرسامکردنیاندا خۆی حەشاردابوو. بەڵام لەدەربڕینی ئەو

مەسەلەیەدا شێوازی ئازایانەی فلۆرنتینۆی پێخۆشبوو. فلۆرنتینۆش بەشبەحاڵی خۆی لەناکاو شتێکی لەخۆی پرسی کەهەرگیز پێش ئەوە نەیوێرابوو بپرسێت: ژیانی تایبەتی فێرمینا دازا لەدەرەوەی ژن و میردایەتیی چۆن بووە؟ هیچ شتێ بەلایەوە نەیدەتوانی کتوپڕ بێت، لەبەرئەوەی دەیزانی لەبەسەرهاتە تایبەتییەکاندا ژنانیش وەکو پیاوانن: پەنا بۆ هەمان فرت وفێڵ و هەمان تەڵەوداوی لەناکاو دەبەن، بەهەمان شێوەی بێڕەحمانەش خیانەتەکەیان ئاشکرادەبێت. بەڵام هێندە ئاقڵبوو کەپرسیارێکی لەوجۆرەی بەزماندا نەیەت. لەماوەیەکدا کەپەیوەندی فێرمینا لەگەڵ کلێسادا زۆر خراپبوو قەشەی دانپیانان بەبێ پێشەکی لێیپرسی ئایا تائێستا خیانەتی لەمێردەکەی کردووە، فێرمینا بەبێ وەڵام، بەبێ هیچ ئەنجامێك و بەبێ خواحافیزی هەڵسابوو، رۆیشتبوو، هەرگیز جارێکیتر بۆ دانپیانان نەچووبووە لای ئەو قەشەیە و هیچ قەشەیەکیتر. بەڵام ژیریی فلۆرنتینۆ بەقازانجی بەکاردانەوەیەکی چاوەڕواننەکراو شکایەوە: فێرمینا لەتاریکییەکەدا دەستی درێژکرد دەستی بەسکی فلۆرنتینۆدا هێنا، ئینجا دەستی کشا بۆ کەمەری، بۆ تووکەبەری کە نیمچە رووتەن بوو، وتی: "پێستت وەکو پێستی منالێکی ساوا وایە." ئینجا دوا هەنگاوی هەڵگرت: بەدوای زەکەریدا گەڕا نەیدۆزییەوە، بێخەیاڵ دووبارە بەشوێنیدا گەڕایەوە، دۆزییەوە سیس بوو.

فێرمینا وتی:

- رۆحی تیا نییە.

هەمیشە لەیەکەمجاردا ئەمەی لێدەقەوما، لەگەڵ هەموو ژنێکداو هەمیشەش وابوو، تافێربوو مامەڵە لەگەڵ ئەو وەهمەدا بکات: هەموو جارێکیش دەبوو سەرلەنوێ فێربێتەوە، وەك ئەوەی یەکەمجاری بێت. فلۆرنتینۆ دەستی فێرمینای گرت و خستییە سەرسنگی: فێرمینا هەستی بەدڵێکی پیرو ماندوونەناس کرد کەوەختەبوو لەسنگی دەهاتەدەرەوە، دڵێك

کەبەهێزو خێرایی و بێنەزمییەوە وەك دڵی گەنجێك لێیدەدا. فلۆرنتینۆ وتی: " خۆشەویستیی زیادیش وەك ئەوەی هەر لەبنەڕەتدا خۆشەویستیی نەکەی هەمان کاریگەریی خراپی هەیە بۆ سەردڵ" بەڵام ئەمەی وت بەبێئەوەی تۆسقاڵێ باوەڕی پێی بێت: شەرمەزاربوو، ڕقی لەخۆی دەبۆوە، حەزی دەکرد بیانوویەك بدۆزێتەوە کە لەسەر بێتوانایی خۆی سەرزەنشتی فێرمینا بکات. فێرمینا ئەمەی دەزانی و دەستیکرد بەیاریکردنی توندوتیژ بەجەستەی بێدەسەڵاتی فلۆرنتینۆ وەك ئەوەی جەستەی پشیلەیەکی تیسکن بێت کە لەزەت لەتوندوتیژیی دەبینێت. تائەوەی فلۆرنتینۆ ئیدی نەیتوانی بەرگەی ئەو ئەشکەنجەیە بگرێت و گەڕایەوە بۆ کابینەکەی خۆی. فێرمینا کەدواجار باوەڕی بەخۆشەویستیی خۆی هێنابوو بۆ فلۆرنتینۆ هەتا بەرەبەیان بیری لێکردەوە، هەروا کەمەستیی عەرەقی رازیانەکە کەمێك بەریدا ئەو ترسە گەورەیە بەسەریدا زاڵبوو کەفلۆرنتینۆ تووڕە بووە هەرگیز نایەتەوە.

بەڵام فلۆرنتینۆ بەچوست وچالاکی و جۆش وخرۆشەوە سەعات یانزەی هەمان رۆژ گەڕایەوە. لەبەردەمیدا وەستاو بەخۆهەڵکێشانەوە دەستی کرد بەخۆڕووتکردنەوە. فێرمینا خۆشحاڵبوو بەوەی کە لەبەرڕووناکییەکەدا بەهەمان شێوە دەیبینی کە لەتاریکیدا وێنای کردبوو. پیاوێکبوو بەبێ ئەوەی تەمەنێکی دیاریکراوی هەبێت، پێستێکی رەشی بریقەداری هەبوو کەوەك چەترێکی کراوە پتەوبوو، هیچ تووکێك بەگیانییەوە نەبوو جگە لەبن باخەڵی و بەری، زەکەری هەستابوو، فێرمینا هەستی بەوە کرد کەبەڕێکەوت پیشانی نادات بەڵکو وەکو بۆسەیەك دەیخاتەڕوو بۆئەوەی ورەو ئازایەتی بەگیانیدا بڵاوبکاتەوە. بواری فێرمینای نەدا تەنانەت ئەو جلی خەوە دابکەنێت کە لەگەڵ شەماڵی بەرەبەیاندا لەبەری کردبوو، پەلەکردنی سەرەتای بوو بەهۆی مچوڕکەی بەزەیی لای فێرمینا بەڵام هەراسانی نەکرد، چونکە لەحاڵەتی ئاوادا بەلایەوە ئاسان نەبوو بەزەیی و خۆشەویستیی

لەیەك جیابكاتەوە. بەهەرحاڵ، كاتێ تەواوبوو، فێرمینا هەستی بەخاڵیبوونەوە كرد.

بەدرێژایی زیاتر لەبیست ساڵ ئەمە یەكەمجاربوو فێرمینا لەگەڵ پیاودا جووتبێت، ئەوەی كەپاڵنەربوو بۆ ئەم جووتبوونە ئەوەبوو كەحەزی دەكرد بزانێت دوای ئەو هەموو دابڕانە جووتبوون لەتەمەنی ئەودا چ هەستێكی پێدەبەخشێت، بەڵام فلۆرنتینۆ بواری ئەوەی نەدابوو لەوە تێبگات ئایا جەستەشی حەزی لێیەتی یان نا. غەمگین و بەپەلەبوو لەدڵی خۆیدا وتی " ئێستا ئێمە هەموو شتێكمان پیسكرد" بەڵام بەهەڵەدا چووبوو، وێڕای دڵشكاویی ونائومێدیی كەهەریەكەیان هەستیان پێدەكرد، سەرەڕای پەشیمانی فلۆرنتینۆ لەگێلێتی خۆی و سەرزەنشتی فێرمینا بۆ خودی خۆی بەهۆی شێتیی عەرەقی رازیانەكەوە، لەڕۆژانی دوای ئەوەدا، ئەم جووتە تەنانەت بۆ یەك ساتیش لەیەك جیانەبوونەوە. بۆ چەند ساتێكی كەمی نانخواردن نەبێت لەكابینەكە نەدەهاتنەدەرەوە. كاپیتان سامارتیانۆ كە بەغەریزە هەر رازێكی ئاشكرادەكرد كەیەكێك بیویستایە لەكەشتییەكەیدا بیشارێتەوە هەموو بەیانییەك گوڵێكی سپی بۆ دەناردن، فەرمانیدەدا مۆسیقای عاشقانەو هی سەردەمی خۆیانیان بۆ لێبدەن، بەگاڵتەشەوە دەیوت خواردنی باش و هەژێنەریان بۆ ئامادەبكەن. هەتا ماوەیەكی زۆر دوای یەكەمجار هەوڵیان نەدا جووتببنەوە تا ئەوكاتەی ئیلهامیان بۆهات بەبێئەوەی بەدوایدا بچن. تەنیا بەختەوەریی پێكەوە بوونیان بەسبوو. ئەگەر كاپیتان جوابێكی بۆ نەناردنایەو لەوە ئاگاداری نەكردنایەتەوە كەدوای نانخواردنی نیوەڕۆ كەشتییەكە دەگاتە بەندەری (لادورادا)ی ئاڵتوونیی واتە دوای سەفەرێكی یانزە رۆژە دەگاتە دوا بەندەر لەبێخەوە ئەم جووتە بیریان لەوە نەكردبۆوە لەكابینەكە بێنەدەرەوە.

فێرمینا دازاو فلۆرنتینۆ ئەریزا لەكابینەكەوە بەرزایی خانووەكانیان بینی كەهەتاوێكی كز رووناكی دەكردنەوە، پێیانوابوو هۆی

ئەوە دەزانن کەبۆچی شارۆچکەکەیان بەئالتوونیی ناوناوە، بەلام کاتێ هەستیان بەو گەرمایە کرد کەوەك هی مەنجەڵی کەشتی وایە و قیری شەقامەکانیان بینی هەڵدەچێت مەسەلەکە کەمتر بەلایانەوە روونبوو. وێڕای ئەمەش کەشتییەکە لەوێ لەنگەری نەهاویشت بەڵکو لەکەنارەکەی بەرامبەری لەنگەری هاویشت، واتە لەو شوێنەی وێستگەی کۆتایی شەمەندەفەری (سانتافێی) لێبوو.

هەر کەرێبوارەکان دابەزین بۆ وشکانیی، ئەمانیش پەناگاکەی خۆیان بەجێهێشت. فێرمینا دازا لەهۆڵە چۆڵەکەدا هەوای پاك وبێزیانی هەڵمژی، لەقەراغی کەشتییەکەوە هەردووکیان تەماشای قەرەباڵغی خەڵکەکەیان کرد کەبارگەوبنەی سەفەرەکەیان لەفارگۆنی ئەو شەمەندەفەرەدا کەڵەکەدەکرد کە لەشەمەندەفەری یاری منالان دەچوو. مرۆڤ وایدەزانی ئەمانە لەئەورووپاوە هاتوون. بەتایبەتی ئەو ژنانەی پالتۆی باکووریان لەبەردابوو، کلاوی سەدەی رابردوویان لەسەردابوو کەدژی گەرمای وشك و پڕوکێنەربوون. هەندێ لە ژنەکانیش گوڵی جوانی پەتاتەیان دابوو لەسەریان بەلام گوڵەکان لەگەرمادا وەختەبوو سیس دەبوون. ئەم ژنانە لەدەشتەکانی (ئەندیز)ەوە پاش سەفەر بەشەمەندەفەر بەناو بیابانە خەواڵووەکاندا هاتبوون، هێشتا دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخسابوو خۆیان بگۆڕن و ئەو جلوبەرگانە لەبەربکەن کە لەگەڵ کەش وهەوای کاریبیدا دەگونجێت.

لەناوەڕاستی بازارە پڕژاوەژاو وقەرەباڵغەکەدا پیاوێکی زۆر پیر بەسیمایەکی نائارامەوە لەگیرفانی پالتۆکەی کە لەهی سواڵکەردەچوو چەند جوچکێکی دەردەهێنا. ئەم کابرایە لەپڕدەرکەوتبوو بەپالتۆیەکی کۆن وشڕەوە کەدیاربوو هی کەسێکی بالابەرزترو قەڵەوتربوو لەخۆی، لەناو قەرەباڵغییەکەدا رێگەی خۆی دەکردەوە. کلاوەکەی داکەندو لەسەرشوێنی بارداگرتنەکە داینا بۆئەوەی خەڵکەکە پارەی بۆ تێبکەن، پاشان دەستیکرد بەدەرهێنانی کۆمەڵێ جوچکی زەردی کاڵ کەوادەهاتەبەرچاو لەناو دەستیدا

زاوزێدەکەن. لەماوەی دەقەیەکدا شوێنی بارداگرتنەکە پڕبوو لەوجوچکانەی جیکەجیکیانبوو کەبەناو ڕێبوارە بەپەلەکاندا قونەیاندەکرد، ڕێبوارەکان بەبێئەوەی ئاگایان لەخۆیان بێت دەیانکردن بەژێرپێوە. فێرمینا دازا لەبەرئەوەی ئەو دیمەنە سەرسوڕهێنەرە سەرنجی ڕاکێشابوو کەوادەهاتەبەرچاو بۆ خۆشیی ئەو ڕێکخرابێت، چونکە تەنیا ئەو تەماشایدەکرد، ئاگای لەوە نەبوو ئەو ڕێبوارانەی بەنیازبوون بەکەشتییەکە بگەڕێنەوە کەی سواربوون. گەمەکەی تەواوببوو: فێرمینا لەناو ئەو ڕێبوارانەدا دەموچاوی ئاشنای زۆری بینی، هەندێ لەوانە لەو هاوڕێیانەی بوون کەتاماوەیەکی کەم پێش ئەوە هاوبەشی غەمی بوون، بەپەلە پەنای بۆ کابینەکەی برد، فلۆرنتینۆ ئەریزا لەوێ فێرمینای بەتۆقیوی بینی. فێرمینا حەزیدەکرد بمرێت نەك ئەوخەڵکەی دەیناسین وازوویەزوو لەدوای مردنی مێردەکەی لەگەشتێکی خۆشیی و رابواردندا بیبینن. ئەم گیرۆدەییەی فێرمینا ئەوەندە کاری لەفلۆرنتینۆ کرد کەبەڵێنیدا لەبەرخاتری ئەو ڕێگەچارەیەك بدۆزێتەوە تاناچار نەبێت لەناو کابینەکەیدا خۆی بەندبکات.

لەکاتێکدا کە لەژووری نانخواردنی تایبەتی نانی ئێوارەیان دەخوارد لەناکاو بیرۆکەیەکی بەمێشکداهات. کاپیتان مەسەلەیەك هەراسانی کردبوو کەماوەیەکی زۆربوو دەیەویست لەگەڵ فلۆرنتینۆدا باسیبکات و فلۆرنتینۆش هەمیشە بەبیانوویەکی ئاسایی خۆی لێدەدزییەوەو دەیوت " لیۆنا کاسیانی لەمن باشتر دەتوانێت ئەو مەسەلەیە چارەسەربکات" بەهەرحاڵ، ئەمجارە گوێی لێگرت. ڕاستی مەسەلەکەش ئەوەبوو کەشتییەکان لەکاتی دەرچوونیاندا باریان هەڵدەگرت بەڵام لەگەڕانەوەیاندا بەتاڵیی دەگەڕانەوە، کەچی سەبارەت بە ڕێبوارەکان بەپێچەوانەوەبوو. کاپیتان وتی " باشی بارەکە لەوەدایە کەکرێی زیاتری لێوەردەگری و خواردنیشی نادەیتێ" فێرمینا دازا کە لەقسەوباسی فلۆرنتینۆ وکاپیتان سەبارەت بەپارەو کرێ بێزاربوو، بێئەوەی حەزی لێبێت نانیدەخوارد.

فلۆرنتینۆ هەتاکۆتایی گوێی لەکاپیتان گرت، ئەوسا پرسیارێکیکرد کەکاپیتان وایلێکدەدایەوە بیرۆکەی رزگاربوون بێت، کەوتی:

- لەرووی تیۆرییەوە دەتوانین، راستەوخۆ سەفەرێ بکەین بەبێ بارو بەبێ رێبوارو بەبێوەستان لەهیچ بەندەرێکدا، بەبێ هیچ شتێك؟

کاپیتان وتی ئەمە تەنیا لەرووی تیۆرییەوە کاری کردەیە، لەبەرئەوەی کۆمپانیای کاریبی بۆ کەشتیوانی رووبار چەند بەڵێنێکی کارکردنی هەیە کەفلۆرنتینۆ ئەریزا لەهەموو کەسێ باشتری دەزانێت، کۆمپانیاکە بەڵێنیداوە بارو رێبوار و پۆستەو کۆمەڵێ شتی دیکە باربکات و بگوێزێتەوە کەناکرێ چاوپۆشی لەزۆربەیان بکرێت. تاکە رێگا بۆئەوەی بازد بەسەر هەموو ئەمانەدا بدرێت بوونی کەسێکە لەناو کەشتییەکەدا کەتووشی کۆلێرا بووبێت. لەبەرئەوەی لەوکاتەدا واسەیری کەشتییەکە دەکرێت کە لەرووی تەندروستییەوە قۆرغکراوە، ئالای زەرد بەرزدەکاتەوەو وەکو حاڵەتی کتوپڕ سەفەرەکەی دەکات. کاپیتان سامارتیانۆ لەبەر زۆر حاڵەتی نەخۆشی کۆلێرا کەبەدرێژایی رووبارەکە هەبوو، چەندینجار ناچاربووو وابکات، هەرچەندە پاشان کاربەدەستانی تەندروستی، دکتۆرەکانیان ناچارکردبوو بەڵگەنامە دەربکەن سەبارەت بەوەی حاڵەتەکە جگەلە خوێن بەربوونی ئاسایی شتێکی دیکەنەبووە. پاشان لەمێژووی رووبارەکەدا زۆرجار بەمەبەستی خۆدزینەوە لەباج ئالای زەردی کۆلێرا هەڵکراوە، یان بۆ خۆقورتارکردن لەسوارکردنی رێبوارێك کەحەزیان لەچارەی نەبووە، نەیانویستووە سواریبکەن، یان بۆ خۆدەربازکردن لەپرۆسەی پشکنینی ناوەخت و نالەبار. فلۆرنتینۆ لەژێر مێزەکەدا بۆ دەستی فێرمینا دازا گەڕاو وتی:

- زۆر باشە، وەرە بائەمە بکەین.

کاپیتان لەقافا گیرابوو، بەڵام یەکسەر بەغەریزەی رێوییەکی پیر کەهەیبوو، هەمووشتێکی بەڕوونی بینی، وتی:

- لەم کەشتییەدا من فەرماندەدەم، بەڵام تۆ فەرمانم پێدەکەی، لەبەرئەوە ئەگەر بەڕاستیتە فەرمانێکی نووسراوم بدەرێ، هەرئێستا دەکەوینەڕێ.

هەڵبەتـە فلۆرنتینـۆ بەڕاسـتیبوو، فەرمانەکـەی ئیمزاکـرد. سـەرەڕای هەموو ئەو ئامارە دڵخۆشکەرانەی کاربەدەستانی تەندروستی دەیانخستەڕوو دواجـار هـەمووان دەیـانزانی نەخۆشـی کـۆلێرا هێـشتا کۆتاییـنـەهاتووە. سـەبارەت بەکەشـتییەکە هـیچ کێـشەیەک لەئارادانـەبوو. ئـەو بـارە کەمـەی پێیـانبوو داگیرا بـۆ ئـەوەی لەکەشتی تـر بـاربکرێ، بەڕێبوارەکانیشیان وت کێشەیەکی هونەریی لەئارادایە، بەیانی زوو دەیاننێرن بۆ کەشتییەکی دیکە کەسـەربەکۆمپانیایەکی تـرە. ئەگـەر ئـەم شـتانە لەبـەر هـۆی نائاکـاریی و تەنانەت فێزەونیش ئەنجامدرابوون، فلۆرنتینۆ ئەریزا هۆیـەکی بەدینـەدەکرد کەئەمە لەپێناوی خۆشەویستییدا رەوا نەبێت. تـەنیا شتێ کەکاپیتان داوای کرد ئـەوەبوو کـە لـە(پویرتۆنـارێ) بوەسـتن بـۆ سـوارکردنی کەسـێک کـە لـەم سەفەرەدا لەگەڵیدا دەبێت. کاپیتانیش رازی دڵی خۆی هەبوو.

بەمشێوەیە لەبەرەبەیانی رۆژی دوای ئەوەدا بەبێ بارو بێ رێبوار بە ئاڵای زەردی کۆلێراوە کەسەرکەوتوانە بەستوونی ناوەنـدی کەشتییەکەوە دەشـەکایەوە وەفـای نـوێ کەوتـەڕێ. لـەنیوەڕۆدا لەبەنـدەری (پویرتۆنـارێ) ژنێکیـان سـوارکرد کـە لـەکاپیتان باڵابـەرزترو بـەخۆوەتربوو. جوانییـەکی نائاسایی هەبوو تـەنیا یەک ریشی دەویست بۆئەوەی لەسێرکدا نیشبکات. ناوی زینایدا نیڤیس بوو بـەڵام کاپیتـان بە"ژنـە پەتیارەکـەم" بانگیـدەکرد دۆستێکی دێرینی کاپیتانبوو کە لەبەندەرێ سواری دەکـردو لەبەنـدەرێکیتر دایدەبەزاند، کەسێکبوو کەشەماڵی خۆشی و شادی لەگـەڵ خۆیـدا دەهێنایـە ناو کەشتییەکەوە. لەو شوێنەدا کەمرۆڤی دڵتەنگ دەکرد، فلۆرنتینۆ دووبارە رۆسـالبای هاتــەوەیاد، لەوکاتــەدا کەشــەمەندەفەری ئــەنڤیگادۆی بــینی کەبەناڕەحەتییـەوە هەوڵیـدەدا بـەو رێگایـەدا سـەرکەوێ کەپێـشان رێگـای هێستربوو. شەستەبارانی ئەمازۆنی دایکرد کەجگە لەهەندێ وەستانی کـەم

هەروا تاباقی سەفەرەکە بارانەکە بەردەوامبوو، بەڵام کەس گوێی بەمە نەدەدا: چونکە شوێنی ئاهەنگی گشتی سەقفی خۆی هەبوو. ئەو شەوە فێرمینا دازا وەکو بەشداریی تایبەتی لەوشادییەدا، بەناو شادی و پێشوازیی گەرمی ستاف کەشتییەکەدا چوو بۆ موبەق و خواردنێکی بۆ هەموان دروستکرد، فلۆرنتینۆ بەئەنقەست ناوینا باینجانی خۆشەویستیی. فێرمینا دازاو فلۆرنتینۆ ئەریزا بەڕۆژ یاری کاغەزێنیان دەکرد، ئەوەندەیان دەخوارد کەخەریکبوو شەقبەرن. پاش نیوەڕوانیان بەخەوی دوورودرێژ بەسەردەبرد کاتێ لەخەو ماندوودەبوون و هەرکەخۆر ئاوادەبوو مۆسیقا دەستپێدەکرد، دەستیاندەکرد بەخواردنەوەی عەرەقی رازیانە بەماسییە خاتوونەوە هەتا ئەوکاتەی ئیتر توانای خواردن و خواردنەوەیان نەدەما.
سەفەرەکە سەفەرێکی خێرابوو: کەشتییەکە سووکبوو، رەوتی ئاوەکەش لەبار، تەنانەت ئەو لافاوانەی دوای هەفتەیەك بارانبارین لەشاخەکانەوە دەهاتنەخوارەوە، رەوتی ئاوەکەیان باشتردەکرد. لەهەندێ لەگوندەکانەوە تۆپی رەحمەتیان بۆ دەتەقاندن بۆ راونانی کۆلێرا، ئەمانیش بەشووتێکی غەمگین سوپاسیان پێڕادەگەیاندن. ئەو کەشتییانەی بەلایاندا رەتدەبوون سەر بەهەرکۆمپانیایەك بوونایە نیشانەی هاودەردییان بۆ بەرزدەکردنەوە.
لەشارۆچکەی (ماگنگێ) واتە لەو شوێنەی نادیا لەدایکبووە، داری تەواویان بۆ باقی سەفەرەکەیان بارکرد.

فێرمینا دازا کاتێ بەگوێ ساغەکەی گوێی لەشووتی کەشتییەکەبوو ترسا، بەڵام لەڕۆژی دووەمدا بەهۆی عەرەقی رازیانەوە دەیتوانی بەهەردوو گوێی باشتر ببیستێ. هەستیکرد کەگوڵە سپییەکان لەڕۆژی پێشوو بۆنخۆشترن، چۆلەکەکان بەیانیان لەڕۆژانیتر باشتر دەخوێنن، خودا مانگایەکی دەریایی خولْقاندبوو، لەکەناری (تامالامیکی) دایناوبوو تەنیا بۆ ئەوەی بتوانێت فێرمینا خەبەربکاتەوە. کاپیتان دەنگی مانگا دەرییاییەکەی ناسییەوە. ڕێگای کەشتییەکەی گۆڕی و دواجار مانگایەکی دەریایی

زەبەلاحیان بینی خەریکبوو شیری بە بێچووەکەی دەدا کە لەناودەستیدابوو.
ئەفلۆرنتینۆ و ئەفێرمینا هیچیان ئاگایان لەوەنەبوو کەچەند باش لەیەکتری تێدەگەن و چەندپێکەوە گونجاون: فێرمینا لە لەبەرکردنی چاکەتەکەیدا یارمەتیدەدا، لەپێش فلۆرنتینۆدا لەخەو هەڵدەسا بۆئەوەی تاقمی دانەکەی بۆ پاکبکاتەوە کەئەو کاتی خەوتن دەیکردە پەرداخێ ئاوەوە، کێشەی چاویلکەکەشی چارەسەربوو لەبەرئەوەی چاویلکەکەی فلۆرنتینۆ بۆ خوێندنەوەو دروومانیش زۆر بۆ چاوی باشبوو. بەیانییەک کاتێ لەخەو هەڵسا تەماشایکرد فلۆرنتینۆ لەتاریکیدا خەریکە قۆپچەیەکی کراسەکەی دادەدورێتەوە بەخێرایی لێیوەرگرت، هەوڵیدا زوو بۆی تەواوبکات بەرلەوەی ئەوقسە رۆتینییە بکات سەبارەت بەوەی پێویستی بەدوو ژنە. لەلایەکی ترەوە تەنیا شتێ کەفێرمینا پێویستی پێیبوو ئەو بۆیبکات ئەوەبوو بۆ ئازارەکەی پشتی کەڵەشاخی بۆ بگرێت.

فلۆرنتینۆش دەستیکرد بەزیندووکردنەوەی یادی کۆن بەوکەمانەی کە لەتیپی مۆسیقای کەشتییەکەی وەرگرت لەدوای نیوەڕۆژ راهێنان لەسەر کەمانەکە توانی ڤالسی (خواوەندی تاج لەسەر) بۆ فێرمینا بژەنێ، چەندین سەعات درێژەی بەمۆسیقاکەیدا هەتا بەزۆر ناچاریانکرد بوەستێ. شەوێکیان، بۆ یەکەمجار لەژیانیدا، فێرمینا دازا لەناکاو لەبارێکدا خەبەریبۆوە کەگریان قوڕگی گرتبوو، نەک لەقینندا بەڵکو ئەو دووپیرەی هاتبۆوەیاد کە لەبەلەمێکدا بەدەستی خاوەنی بەلەمەکە بەسەوڵ کوژرابوون. لەلایەکیترەوە بارانی بەردەوام کاری لەفێرمینا نەدەکردو زۆر درەنگ ئەوەی بەخەیاڵداهات کەوەک دەهاتە بەرچاوی، رەنگە پاریس ئەوەندەش مایەی دڵتەنگیی نەبووبێ، هەروەها(سەنتاڤ) شاری ئەو تەرمە زۆرە نییە کەبەشەقامەکانیدا ببرێن بۆ گۆڕستان .خەونی سەفەری دەریایی دیکە لەگەڵ فلۆرنتینۆدا لەئاسۆی مێشکیدا دەردەکەوتن: سەفەری شێتانە، بەبێ جانتاو بەبێ ملکەچیی کۆمەڵایەتیی، سەفەری خۆشەویستیی و بەس.

شەوی بەرلەگەیشتن بەشوێنی مەبەست ئاهەنگێکی گەورەیان سازکرد، گوڵدانی کاغەزی و چرای رەنگاورەنگیان هەڵواسی، کاتی خۆرئاوابوون بارانەکە خۆشیکردەوەو ئاسمان سافبوو. کاپیتان و زینایدا کەپێکەوە نووسابوون یەکەم کەسبوون سەمای (بولێر)یان کرد، ئەو سەمایەی ئەو رۆژگارە تازە خەریکبوو دڵانی داگیردەکرد. فلۆرنتینۆ وێرای پێشنیازی ئەوە بۆ فێرمینا بکات کەپێکەوە سەمای ڤالسی پێکەوەگونجان بکەن بەڵام فێرمینا قایلنەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوشەوە بەسەری و پاژنەی پێڵاوەکانی لەگەڵ ریتمی مۆسیقاکەدا دەڕۆی، تەنانەت لەوساتەوەختانەدا کەکاپیتان لەسایەی سەمای (بولێر)دا لەگەڵ ژنەپەتیارەکەیدا دەبوون بەیەك جەستە، فێرمینا بینەوەی بەخۆی بزانێت بەدانیشتنانەوە سەمایدەکرد.

ئەوەندەی عەرەقی رازیانە خواردبۆوە کەبۆسەرکەوتن بەپلەکاندا پێویستی بەیارمەتیبوو، پێکەنینێ گرتی کەدواجار بەگریان کۆتاییهات ئەمەش بووبەهۆی نیگەرانی هەمووان. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ لەناو کابینە بۆنخۆش و هێمنەکەدا ئارامبۆوەو باری ئاسایی خۆی بەدەستهێنایەوە، لەگەڵ فلۆرنتینۆدا یەکێکی ئارام و خۆش و تەندروستیانکرد. جووتبوونەکەیان جووتبوونی ئەنك و باپیرێکی بەئەزموونبوو کەفێرمینا وەکو جوانترین یادگاریی ئەو سەفەرە هەنگوینییە لەمێشکی خۆیدا تۆماریکرد.

بەپێچەوانەی ئەوەی کاپیتان و زینایدا لێکیاندەدایەوە، ئەم جووتە ئیدی هەستی دوو دەزگیرانی تازە بەیەکگەیشتوو، تەنانەت هەستی دووعاشقی درەنگ بەیەکگەیشتووشیان نەبوو. بەڵکو واهەستیاندەکرد کەکۆسپە سەختەکانی ژیانی ژن و مێردایەتییان بڕیوە و بەبێ پێچ و پەناو راستەوخۆ ڕۆن و کارامە بەئارامیی و بێدەنگیی پێکەوەدەژیان، لەودیو داوەکانی هەواو ودیو فرت وفێڵی خەیاڵە سەختەکان و سەرابی ئائومێدییەوە، ودیو خۆشەویستییەوە. لەبەرئەوەی ئەم جووتە ئەوەندە پێکەوە ژیابوون

کـەبزانن خۆشەویـستیی لەهــەموو کاتێـک و لەهــەموو جێگایەکــدا هەرخۆشەویستییەو خۆشەویستیی هەتا لەمەرگ نزیکبێتەوە سەقامگیرترو تۆکمەتردەبێت. فێرمیناو فلۆرنتینۆ سەعات شەش خەبەریانبۆوە. فێرمینا ژانەسەرێکی گرتبوو کەبۆنی عەرەقی رازیانەی لێدەهات دڵی بەو هەستە سستبیوو کـەدکتۆر ئۆربینـۆ قەڵـەوترو گـەنجتر لەوکاتـەی کـە لەدارەکـە کـەوتبووە خـوارەوە گەڕاوەتـەوە، لەسەرکورسـییە بزۆزەکـەی لەبـەردەرگا دانیشتووەو چاوەڕوانی ئەمدەکات. بەهەرحاڵ، فێرمینا ئەوەندە هۆشیاربوو کە لەوەتێبگات ئەو وێناکردنە ئەنجامی خواردنـەوەی عـەرەقی رازیانـە نـەبوو بەڵکو لەبەرئەوەبوو کەبەو نزیکانە دەگەڕایەوە بۆماڵەوە. وتی:

– ئەم گەڕانەوەیە وەکو مەرگ وایە.

فلۆرنتینۆ راچڵەکی لەبەرئەوەی وشەکانی فێرمینا گوزارشتی لەو بیرۆکەیـە دەکـرد کـە لەوکاتـەوەی سـەفەری گەڕانـەوەیان دەسـتپێکردبوو مێشکی دەکرۆشت و نەیدەهێشت بژی. هیچ کامیان نەیانتدەتوانی وێنای ئەوە بکەن جگە لەکابینەکە لەماڵێکی دیکەدا بژین، یان جگە لەخواردنی ناو کەشتییەکە بەشێوازێکیتر نانبخۆن، یان لەژیانێکدا پێکەوەبن کەهەتا هەتایە بەلایانـەوە نامۆیـە. بەڕاسـتی ئەمـە وەکـو مـردن وابـوو. فلۆرنتینۆ نـەیتوانی بخەوێتـەوە. لەسەرسیسـەمەکە لەسەرپشت راکشاو خاچ ئاسا دەستەکانی خستە ژێرسـەری. لەسـاتەوەختێکی دیـاریکراوی غـەمبارییدا یـادی ئـەمریکا ڤیکونیا لەئازاردا لوولیکرد، ئیدی لەوەزیاتر نەیتوانی ئەوڕاستییە لەبەرچاو نـەگرێ. لەگەرماوەکـەدا خـۆی حەپـسکرد، بـەئارامیی هـەتا دوادڵـۆپی فرمێـسکی وشـکبۆوە گریـا. لەوکاتـەدابوو کـەوێرای لای خۆیـەوە دان بەوەدابنێت کەچەندی خۆشویـستووە. کـاتێ فێرمینـا و فلۆرنتینـۆ خۆیـان گۆڕی لەبەرئەوەی لەبەندەرەکە نزیکببوونەوە، کەشتییەکە لەدوای خۆیەوە رێڕەوە ئاوییـەکان و زەلکاوەکـانی کـەناڵی کـۆنی ئیـسپانی بەجێهێـشتبوو، خـەریکبوو بـەلای کەشـتییە شـکاوەکان و سـەکۆی بـارکردنی نـەوتی

کەنداوەکـەدا رێیـدەکرد. پێنج شـەممەیەکی درەخـشان لـەودیو گومـەزە ئاڵتوونییەکانی شاری (فیریس)ی ئاڵتوونییەوە خۆی دەنواند، بەڵام فێرمینا کە لەباڵکۆنی کەشتییەکەوە تەماشای شارەکەی دەکرد، نەیدەتوانی بەرگەی بۆگـەنی سـەروەرییەکانی و لووتبـەرزیی قـەڵاکانی بگرێـت کەمارمێلکـەی درەخت بێحورمـەتی کردبوو: لەترسی ژیانی واقیعی تۆقیبوو. هیچکامیان ورتـەیان لـەدەم نەدەهاتـە دەرەوە بەڵام هیچیشیان هەستیان بـەوە نـەدەکرد کەبتوانن بەو ئاسانییە تەسلیم بن.

فێرمینـا و فلۆرنتینـۆ لـەهۆڵی نـانخواردن بەشـێوەیەك کاپیتانیـان بـینی کـە لەگـەڵ سـیماو دیمـەنی هەمیـشە رێکیـدا نەدەهاتـەوە: ریـشی نەتاشیبوو، چاوانی لەبێخەویدا سوورهەڵگەڕابوون، جلوبەرگەکـەی هێشتا عارەقی شەوی رابردوویـان پێوەبوو، قسەکانی بەقرقێنـەی عـەرەقی رازیانـە دەپچڕان. بەڵام زینایدا هێشتا خەوتبوو. ئەمان بەبێدەنگیی تازە دەستیان بە نـانخواردنی بـەیانی کردبـوو، بەلـەمێکی سـەربە وەزارەتـی تەندروسـتی کەبەنـەوت ئیشیدەکرد داوای لەکەشـتییەکەیان کـرد بوەسـتێت. کاپیتـان بەدەنگی بەرز لـەژووری سەرکردایەتی کەشتییەکەوە وەڵامـی پرسیارەکانی دەورییـە چـەکدارەکەی دایـەوە. ئـەوان دەیانەویـست جـۆری پـەتای نـاو کەشـتییەکە، ژمـارەی رێبوارەکـان، ژمـارەی تووشـبووان و ئەگـەری بڵاوبوونـەوەی پەتاکـە بزانن. کاپیتـان وەڵامیدایـەوە کـە کەشتییەکە سـێ رێبـواری تێدایـە، هەرسـێکیان تووشـی کۆلێرابـوون بـەڵام بەتـەواوی جیاکراونەتـەوەو کـەس لێیـان نزیکناکەوێتـەوە، چ لـەرێبوارەکان بێـت کـە لـە(لادورا)دا سـواری کەشـتییەکەبوون یـان لەسـتاف کەشـتییەکە. بـەڵام فەرماندەی دەورییەکە باوەڕی بەمە نەکرد، فەرمانیپێدان لەبەندەرەکە بچنە دەرەوەو هـەتا سـەعات دووی پاشـنیوەڕۆ لـەزەلکاوی (لاس میرسـیدس) چـاوەڕێبکەن. تاخۆیـان ئامادەدەکـەن بۆئـەوەی رێوشـوێنی دابـڕینی تەندروستی لـە کەشـتییەکەدا بگرنەبـەر. کاپیتـان دەنگێکـی وەك دەنگـی

عەرەبانچی لێبەرزبۆوەو بەئاماژەی دەستی فەرمانی بەکارمەندی دەفەی کەشتییەکەدا پێچ بکاتەوەو بگەڕێتەوە بۆ زەلکاوەکە.

فێرمینا دازاو فلۆرنتینۆ ئەریزا هەرکە لەسەرمێزی نانخواردنەکە دانیشتبوون هەموو شتێکیان بیستبوو، بەلام لەوە نەدەچوو بەلای کاپیتانەوە بایەخێکی هەبێت. بەبێدەنگیی لەسەر نانخواردنەکەی بەردەوامبوو، پشێوی کاپیتان تەنانەت لەو شێوازەشدا کە لەپێشێلکردنی یاساکانی مەدەنییەتدا بەکاریدەهێنا، ئاشکرابوو، ئەو یاسایانەی مەدەنییەت کەجەختیان لەناووناوبانگی ئەفسانەیی کاپیتانی کەشتییەکانی رووبار دەکردەوە. بەنووکی چەقۆ چوارهێلکەی کولاوی پاککردو کردیە ناو قاپەکەیەوەو لەگەڵ مۆزی سەوزدا تێکەڵیکرد، کردی بەپارووی زل و دڕندایە دەیهاڕی. فێرمینا دازاو فلۆرنتینۆ ئەریزا بەبێ قسە تەماشای یەکتریان دەکرد، وەك ئەوەی لەسەرمێزی قوتابخانەبن و چاوەڕێی نمرەی تاقیکردنەوەی کۆتایی بن. لەکاتی گفتوگۆی کاپیتان لەگەڵ دەروییەی تەندروستیدا ئەم جووتە نەوشەیەکیان بەیەکتری وتبوو نەکەمترین بۆچوونیان دەربڕیبوو کەچیی بەسەرژیانیان دێت، بەلام هەردووکیان دەیانزانی کەکاپیتان بیرلەحاڵی ئەمان دەکاتەوە: ئەمەش لەجووڵە جووڵی هەردوو لاجانگیدا بەئاشکرا دیاربوو.

لەکاتێکدا کاپیتان هێلکەی کوڵاوو مۆزەسەوزەکەی هەڵدەلووشی و فنجانێ قاوەبەشیری دەکرد بەسەردا، کەشتییەکە کەمەنجەڵەکانی کوژابۆوە لەبەندەرەکە دەرچوو، بەناو رێڕەوە ئاوییەکانیدا بەسەرفەرشی قەوزەو نیلۆفەری ئاویدا کەگوڵەکانی ئەرخەوانی و گەلاکانی وەکو دڵ وابوون رێگەی خۆیدەکردەوە، گەڕایەوە بۆ ناو زەلکاوەکان. ئاوەکە بەهۆی دنیای ئەو ماسیانەوە بریقەی لێوەدەهات کەبەدینامیتی راوچییەکان کوژرابوون و سەرئاوکەوتبوون، باڵندەکانی دەریاو وشکانی بەسەریاندا دەخولانەوە، قیژەیەکیان لێبەرزدەبۆوە کەدەنگیدەدایەوە. بای کاریبی لەگەڵ قیژو هوڕی

باڵندەکانـدا دەیـدا لەپەنجـەرەکان، فێرمینـا دازا لای چـەپپیەوە هەسـتی بەتەپەتەپی دڵی کرد چونکە نیگەرانی ئازادییەکەی بوو. لەلای راستیشیەوە دەروازەی لیڵ و سادەی رووباری مەجدەلینای گـەورە هـەتا لاکـەی دیکـەی جیهان دەکشا.

کاپیتان کاتێ قاپەکانی گسکداو هیچی تێدا نەهێشتنەوە، بەقەراغی چەرچەفی مێزەکە دەموچلی سڕی، بەزمانێکی بازاڕیی دەستی بەقسەکرد کەبۆ هەتاهەتایـە کۆتـایی بـەناووناوبانگی ئـەدەبی قسـەکردنی کاپیتانـەکانی کەشـتی رووبـار هێنـا. نەلـەبارەی فێرمینـاو فلۆرنتینـۆ و نەلـەبارەی هـیچ کەسـێکی دیکـەوە قسـەیدەکرد، بـەڵکو هەوڵیـدەدا لەگـەڵ تووڕەبوونەکەیـدا خـۆی بـسازێنێ. دوای رسـتێ جـوێنی ناشـیرین گەیـشتە ئـەو ئەنجامـەی کـەناتوانێت هـیچ رێگایـەکی قوتـاربوون بـۆ ئـەو تەڵەزگەیـە بدۆزێتـەوە کەبـەهۆی هـەڵکردنی ئـاڵای کۆلێراکـەوە تێیکـەوتوون. فلۆرنتینـۆ ئـەریزا بەبێنەوەی چاوی لێبتروکێنێ گوێی لێگرت. پاشان لەپەنجەرەکەوە تەماشای بازنـەی سـەعاتی ئـامێری کەشتیوانی و ئاسـۆی روونـی کـرد، لـە ئاسمـانی سامالّی کانوونی دووەم و ئەو ئاوانەی روانی کەدەکرا هەتاهەتایە کەشتیان پێدا لێبخوڕی ئینجاوتی:

– وەرن با درێژە بەڕۆیشتن بدەین، قۆناغ بەقۆناغ بڕۆین و بگەڕێینەوە بۆ (لادوردا).

فێرمینـا دازا لـەرزی، لەبەرئـەوەی دەنگـی کـۆنی فلۆرنتینـۆی ناسییەوە ئەو دەنگەی بە بەرەکەتی (روح القدس) درەوشابۆوە، تەماشای کاپیتانی کرد: چونکە ئەو قەدەریان بوو. بەڵام کاپیتان نەیبینی لەبەرئەوەی لە ئاستی توانای ئیلهام بۆ هاتنی ترسناکی فلۆرنتینۆدا ئەبڵەقببوو. کاپیتان وتی:

– ئەمەی کە دەیڵێی بەجدیتە؟

فلۆرنتینۆ وتی:

- لەوکاتەوەی لەدایکبووم وشەیەکم نەوتووە بەجددیم نەبووبێت.

کاپیتان تەماشای فێرمینا دازای کرد، لەسەر برژانگەکانی یەکەم تیشکی شەونمی زستانەی بینی. پاشان لەفلۆرنتینۆ ئەریزاو لەتوانای لەشکاننەهاتووی و عەشقی سەقامگیرو بێباکی راما، لەناو ئەو گومانە درەنگ وەختەدا نغرۆ بوو کەزیاتر لەمەرگ ئەوە ژیانە کەسنووری نییە.

کاپیتان پرسی:

- پێتوایە ئێمە تاکەی دەتوانین درێژە بەم هاتوچۆ نەفرەتییە بدەین؟

فلۆرنتینۆ کەپەنجاو سێ ساڵ و شەش مانگ و یانزە شەووڕۆژبوو وەڵامەکەی ئامادەکردبوو وتی:

- هەتا هەتایە.

# ناواخن

ناونیشان                    لاپەڕە


پێشەکی ........................................ ٣
بەشی یەکەم ........................................ ٧
بەشی دووەم ........................................ ٨٧
بەشی سێیەم ........................................ ١٧١
بەشی چوارەم ........................................ ٢٦٧
بەشی پێنجەم ........................................ ٣٦٩
بەشی شەشەم ........................................ ٤٦١

سەرچاوە:

* سەرچاوەی بنەڕەتیی یان ناونیشانی رۆمانەکە بە ئیسپانی

Gabriel Garcia Marquez
El Amor en Los Tiempos del Colera

* ئەو سەرچاوە ئینگلیزییەی فارسییەکەی لێوە وەرگێڕدراوە.

Love in the Time of Cholera
by Gabriel Garcia Marquez
translated from Spanish by
Edith Grossman
Alfred A. Knopf
New York ١٩٨٩

*سەرچاوەی فارسی:

عشق سالهای وبا

نویسنده: گابریل گارسیا مارکز

مترجم: مهناز سیف طلوعی

ناشر: انتشارات سیف طلوعی

نوبت چاپ: چاپ پنجم پائیز ١٣٧٨

*سەرچاوەی عەرەبی:

اسم المولف : غابرييل غارسيا ماركيز

عنوان الكتاب : الحب في زمن الكوليرا

ترجمة : صالح علماني

الناشر : دار المدى للثقافة والنشر

المجمع الثقافي / ابوظبي

الطبعة الاولى ١٩٩٨

## بەرهەمەکانی تری وەرگێڕ

١- سێ دڵۆپە خوێن ١١ چیرۆکی سادقی هیدایەت، وەرگێڕان، ١٩٩٩.

٢- باڵە سیاسیەکان لەئێرانی ئەمڕۆدا، نووسینی حجت مرتجی، وەرگێڕان، ٢٠٠١.

٣- بەرەو مەدەنیەتی نوێ، نووسینی، ئەلڤین تۆفلەرو هایدی تۆفلەر، وەرگێڕان، ٢٠٠٢.

٤- کافکا، کتێبی گیرفان، نووسینی، سادقی هیدایەت ویوسف حاجی میرزایی، وەرگێڕان، ٢٠٠٢.

٥- تیۆری رۆمان، نووسینی، کۆمەڵێ نووسەر، وەرگێڕان، ٢٠٠٣.

٦- ساڵی ئاشووب، رۆمانی عەباسی مەعروف، وەرگێڕان، ٢٠٠٥.

٧- عەقڵ و هەست، کۆمەڵێ بابەت، نووسینی، کۆمەڵێ نووسەر، وەرگێڕان، ٢٠٠٥.

٨- نیتشەو فێمینیزمی هاوچەرخ، کتێبی گیرفان، نووسینی، نوشین شاهندە، وەرگێڕان، ٢٠٠٦.

٩- فەیلەسوفە مەزنەکان، نووسینی، برایان ماگی، وەرگێڕان، ٢٠٠٦.

١٠- خەونی سپی، کۆمەڵە چیرۆك، نووسین، ٢٠٠٦.

١١- پۆلێ چیرۆکی ئاوەکی، نووسینی، کۆمەڵێ نووسەر، وەرگێڕان، ٢٠٠٧.

لە رۆژگارێکدا کە هێشتا لیۆنا کاسیانی کچۆلە بوو، کابرایەکی بەهێزو کارامە کە ئەم هەرگیز چاوی بەچارەی نەکەوتەوە، لە کەناری دەریا لەسەر دیواری بەربەستی شەپۆلەکان لەپڕ پەلاماریداو پالیخست، جلەکانی لەبەرا دڕاندو رووت و قووتی کردەوە ئەوسا بە شێوەیەکی سەرپێی و شێتانە لاقەی کرد، کاسیانی لەکاتێکدا لەسەر بەردەکان تەخت ببوو، هەموو گیانی زامدارببوو، پڕ بەدڵ حەزی دەکرد هەتا هەتایە ئەو پیاوە بەسەرییەوە بێت، بۆ ئەوەی لەخۆشیدا لەباوەشیدا بمرێت. ئیدی هەرگیز نەڕوخساری بینییەوەو نەدەنگی هاتەوە گوێی، بەڵام دڵنیابوو کە بە سیماو قەبارە و شێوەی سواربوونەکەیدا دەتوانێت لەناو هەزاران پیاودا بیناسێتەوە. لەوە بەدواوە هەر کەسێ گوێی بۆ شل بکردایە واڕاهاتبوو پێی بڵێت:

- ئەگەر رۆژێ پیاوێکی کەتەت تووشبوو کە لە پانزەی تشرینی دووەمدا سەعات نزیکەی پانزەونیوی شەو لەکەناری دەریا لەسەر بەردی دیواری خنکاوەکان کچێکی نەگبەتی رەش پێستی لاقە کردووە، پێی بڵێ دەزانێ لەکوێ بمدۆزێتەوە.